سەرجەمی بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانی

# شاکر فەتاح

کتێبی چوارەم



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناونیشان:
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# سەرجەمی بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانی

# شاکر فەتاح

## کتێبی چوارەم

ڕێکخستن و لێکۆڵینەوەی
ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی



ناوی کتێب: سەرجەمی بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانی شاکر فەتاح – کتێبی چوارەم
دانانی: شاکر فەتاح
ڕێکخستن و لێکۆڵینەوەی: ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٥١٣
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە و بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: دڵشاد مستەفا
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر– ٢٠٠٦
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٧٥٧)ی ساڵی ٢٠٠٥ی دراوەتێ

# زرنگكاری

# کۆماری ئەفلاتون

ئەو نووسراوە کە ٢٣٠٠ ساڵ پتری بەسەردا تێپەڕ بووە، کەچی هێشتا نرخ و گرنگی خۆی ون نەکردووە. هێشتا لە زانستکۆکانی جیهاندا ئەخوێندرێ و کراویشەتە سەرچاوە بۆ لێکۆڵینەوەی هەموو بابەتێکی گرنگ.

ئەم نووسراوە

(کۆمار) نووسراوێکی زۆر گەورەیە. زۆر ناوازە و بەنرخە. بریتییە لە دە نووسراو لەلایەن ڕاستی پەرستی هەرە گەورەی یونان (ئەفلاتون)ەوە دانراوە. ئەم نووسراوەیش کە من گۆڕیومەتە سەر زمانی کوردی و پێشکەشی خوێندەوارانی کوردی ئەکەم پوختەی ئەو نووسراوە گەورەیەیە کە لەلایەن پسپۆڕێکی تایبەتییەوە کورت کراوەتەوە.

ئەمە یەکەم خەباتە لە هەموو مێژووی مرۆڤایەتیدا کە ڕاستی پەرستێک ڕەنگی (کۆمارێکی دادپەروەری پێشکەوتوو) برێژێ بۆ ئازادکردنی مرۆڤ لە زۆرداریی و بۆ پێکهێنانی کامەرانیی. هەروەها هۆی پێکهێنان و دامەزراندنی ئەو کومارەیشی پێشان دابێ کە بریتییە لە (ڕەوشت و خووی چاک).

ئەم نووسراوە، ئەمەندە پڕ لە زانست و هونەرە، ئەمەندە لە شێوەیەکی تەڕ و تازە و هومەرمەندانەدا ڕاستی پەرستیی تیا پێشان دراوە دەربارەی گیروگرفتەکانی جیهان هەتا ئێستاکەیش کە (٢٣٠٠) ساڵ پتری بەسەردا تێپەڕیوە هێشتا نرخ و گرنگیی خۆی ون نەکردووە.

هێشتا لە زانستکوکانی جیهاندا ئەخوێندرێ و کراوەتە سەرچاوە بۆ لێکۆڵینەوە لە یاسایانی (دیموکراتی) و (ئەریستوکراتی) و (سوسیالیستی) و (کومونیستی)دا، هەروەها لە بابەتانی (شیکردنەوەی دەروون) و (بەرهەمهێنانی مرۆڤی بێ هاوتا) و (بەربەستکردنی سک و زا) و (ئازادکردنی ئافرەت) و (زرنگکاریی) و (خواناسی) و (فێرکردن و پەروەردەکردنی ئازاد) و (وێژە) و [هونەر] و [نیشتمانپەروەری]دا...

سەیر ئەوەیە هەتا ئێستاکەش هیچ زانا و ڕاستی پەرستێک نەیتوانیوە شتێکی تازە بخاتە سەر ئەم بابەتانە یاخود هەڵە و چەوتییەک لەناو بیروباوەڕەکانی [ئەفلاتون]دا بدۆزێتەوە.



تەنانەت: (ئەمەرسن) ئەڵێ «هەرچی نووسراوێک هەیە بیسووتێنن کۆماری ئەفلاتون بەتەنیا جێگای هەموویان ئەگرێتەوە».

لەگەڵ ئەمەیشا پێویستە پێی لێ بنێین کە هەندێ لە بیروباوەڕەکانی (ئەفلاتون) تا ئەم دەمەیش ناسازێن لەگەڵ ڕەوشت و سروشتی مرۆڤدا لەبەرئەوە بەکارهێنانیان یەجگار سەخت و گرانە. ئەگەر بەکاریش هێنران ئاژاوەیەکی گەورەیان لێ پەیدا ئەبێ.

بەواتایەکی تر هێشتا مرۆڤ ئەمەندە ئامادە نەبووە کە ئەو بیروباوەڕانە بەسەر خۆیدا بەکاربهێنێ.

بەڵام ئەوی هەموو کەس ئەخاتە سەر ئەوەی پشتی ئەفلاتون بگرێ ئەوەیە کە پیاوێکی ڕاستی پەرست و زانا و وێژەوان و دەروون ئازاد بووە خەوی بەدامەزراندنی فەرمانڕەواییەکی واوە بینیوە کە مرۆڤ لەژێر سێبەریا بحەسێتەوە و لەوەی دوور بکەوێتەوە و ژینێکی پڕ لە دادپەروەریی و خۆشەویستی و یارمەتییش بژی. بەکورتی نیشتمانێکی ئاوەدان و نەتەوەیەکی کامەرانی بۆ مرۆڤ هێناوەتە پێش چاوی خۆی و ڕێگای دامەزراندنی ئەو (کۆمار)ە و ئەو (کۆمەڵایەتی)یشی پێشان داوە.

(ئەفلاتون) لە نووسراوی (کۆمار)ەکەی بایەخێکی زۆری بەدادپەروەریی و خوێندەواریی و ڕاستی پەرستی و یاسا ڕاگرتن و تەندروستی داوە کۆمارەکەی ئەفلاتون لەسەر بنچینەی (دیمۆکراتی)یەک دامەزراوە کە لە شێوەی (ئەریستوکراتی) دایە.

بەلای (ئەفلاتون)ەوە ئەبێ سەرکۆمار و فەرمانداراکان لەو پیاو و ژنە ژیر و تێگەیشتووانە هەڵبژێرێن کە تا پەنجا ساڵ ژیانیان بەخوێندن و تاقیکردنەوەی کاروبارەکانی ژیان و ڕاستی پەرستییەوە بەختکردووە کە لە تاقیکردنەوەکانی خوێندەواریی و ژیانی دا دەرچوون. ئەو سەرکۆمارانە نابێ زێڕ و زیو بێتە ناو ماڵیانەوە. تەنانەت لە خواردن و نوستنیشدا ئەبێ هاوبەش بن لەگەڵ کەسانی تردا.

ئەبێ هەموو خۆشەویستییەکی خۆیان بۆ نەتەوە تەرخان بکەن.

لەبەر کەڵک و چاکەی گشتی یاسا و فەرمانڕەوایی بپارێزن تا نەتەوە بەئازادیی و کامەرانییەوە بژی. پێویستە ئاگاشمان لەوە بێ کە هەموو دەم دادپەروەریی لەناو (کۆمار)ەکەدا فەرمانڕەوا بێ هەروەها ئەبێ فەرمانیش بەپێی هێز و توانا و لێهاتوویی لەناو تاک و تەراکانی کۆمەڵایەتیدا دابەش بکرێ. ئەبێ مافی ژن و پیاو وەک یەک بێ ئەبێ منالانی نەتەوە، لەلایەن فەرمانڕەواییەوە بەخێو بکرێن و پێ بگەیێنرێن تا هەر لە

سەرەتاوە هەست بەبرا و خوشکێتیی یەکتر بکەن. ئەمە چەند بابەتێکە لە ناوەڕۆکی نووسراوە بەنرخەکەی ئەفلاتون.

بەڵام داخەکەم تا ئێستاکەیش مرۆڤ نەگەیشتوەتە ئەو پلەی پێشکەوتنە تا ئەو ئاواتە بەرز و پیرۆزانەی ئەفلاتون بەتەواوەتی بهێنێتەدی. هێشتا ئەو دەرد و نەخۆشی و ئازارەی کە لە سەردەمی ئەفلاتوندا، لە ئەنجامی زۆرداریەوە لەناو کۆمەڵایەتیدا داکەوتبوون، هەر ماون. ڕۆژ بەڕۆژ بەچاوی خۆمان لە هەموو کەنار و قوژبنێکی جیهاندا ئەیانبینین. ئەوەندە هەیە بەهەزاران ڕوشنبیران و پەیڕەوانی (ئەفلاتون)یش لە ئارادان خەبات ئەکەن و تێ ئەکۆشن بۆ هێنانەدیی ئاواتەکانی ئەفلاتون. ڕۆشنبیرانی کوردیش لەو خەباتە جیهانییە دوورودرێژەدا بەشدارن. تا ئەندازەیەکی کەمیش ئەو ئاواتانە هێنراونە دیی. لەبەرئەوە نابێ ئێمە وەرس ببین و، ورە بەربدەین. ئەبێ خەبات بکەین، ئەبێ دڵنیاش بین لەوەی کە هەر ڕۆژێک دێ و جیهان لە پەنای دادپەروەرییدا بحەسێتەوە و کوردەواریی ئێمەیش لەو دادپەروەرییە کەڵک وەربگرێ.

[ئەفلاتون] لە ساڵی (٤٢٧)ی پ.ز. دا لە خاکی (یۆنان)دا لە دایک بووە. شاگردی ڕاستی پەرستی بەناوبانگ و مەزنی یونان (سوکرات) بووە. لە لەشدا بەهێز و هەڕەت و جوان و شەنگوشۆخ، لە بیروباوەڕیشدا زیرەک و بلیمەت و کامەرانە، لە کردەوە و ڕەوشتیشدا زۆر بڵندبووە. هەرچەندە دەوڵەمەند بووە بەڵام لاوێکی هەڵکەوتوو بووە و بەهۆی هونەرمەندیی (سوکرات)ەوە بووە بەزانا و خوێندەوار و ڕاستی پەرستێکی تەواو لە نیشتمانەکەی خۆیدا. لە دایک و باوکیشەوە ڕەسەن و نەژاد بووە و، بنەماڵەکەیان جێگایەکی گەورەی بووە.

(ئەفلاتون) نەژنی بووە، نەمناڵ. هەرچی ڕەگەزی مرۆڤ هەیە بەخێزانی خۆی داناوە. پیاوێکی مرۆڤپەروەر و خواناس و نیشتمان دۆست بووە. ئەم نووسراوەیش نموونەی ئەو هەستە پیرۆز و بەرزەیەتی کە هەتا ما لە زانستکوکەی خۆیدا کە ناوی نابوو (ئاکادیمی) و بەیەکەم زانستکۆی جیهان دائەنرێ لە مێژوودا، ئەو بیروباوەڕانەی خۆی فێری لاوەکانی (ئەثینا) ئەکرد.

ئەفلاتون گەشتێکی زۆری کرد بەناو (سجلیا) و (ئیتالیا) و (مصر) و (فەلەستین)دا. ئازار و ئاوارەییی زۆری دیی. بەڵام دوایی گەڕایەوە نیشتمانەکەی خۆی و دەستی دایە وریاکردنەوەی و پێگەیاندنی هاونیشتمانەکانی خۆی، یەکێک لە شاگردەکانی



(ئەرەستوو) بوو کە لەپاشی خۆی بوو بەڕاستی پەرستی هەرە گەورەی یونانستان. ئەمەندە و بام دەست بکەین بەخوێندنەوەی نووسراوە نایابەکەی ئەفلاتون. کە هەتا جیهان مابێ سەرچاوەی چاکە و فەڕ ئەبێ بۆ ڕۆشنبیرانی هەموو جیهان. هیواداریشم بەخوا کە زرنگکارەکانی کورد کەڵکێکی زۆری لێ وەربگرن و نیشتمانەکەیشمان کەڵکیان زۆر لێ وەربگرێ.

شاکر فەتاح

سلێمانی/ ١٩٦٩

## ژیانی ئەفلاتون

(٤٢٧ پێش زایین–٣٤٧ پێش زایین)

ئێمە ئێستا لە شاری «ئەثینا»ی کۆن داین لە ساڵی «٤٠٧»ی پێش لە دایک بوونی عیسادا. بوێژی ئەثینا «ئەجاثون»، خوانێکی ڕازاندۆتەوە بۆ هاوڕێ هەرە دڵسۆزەکانی خۆی ئەویش بەبۆنەی ئەوەوە کە پاداشتی هەرە گەورەی وەرگرتووە لە گرەوی دانانی چیرۆکی مەرگەساتی لاسایی کردنەوەدا.

لە ناوەند گفتوگۆکانی ناو ئاهەنگەکە و نۆشکردن لەگەڵ یەکتردا، قسە هاتە سەر خۆشەویستترین بابەت بەلای ئاهەنگکەرەکانەوە. بابەتەکەیش کە لێی ئەدوان بریتیی بوو لە: «دڵداریی» !...

هەر کەسێک لەوانە بیروباوەڕی خۆی دەرئەبڕێ لە بابەت «دڵداری»یەوە،... (فیدراس) گوتی:

«دڵداریی کۆنترین خوایە لە خواکان. لە هەمووشیان گەورەتر و بەهێزتر و دەسەڵاتدارترە. هەر ئەوە کە مرۆڤی ئاسایی وا لێ ئەکات کە ببێتە پاڵەوان ئەوەیش سەبارەت بەوەیە کە دڵدارەکە شەرم ئەکات ترسنۆکی پیشان بدات لەبەردەم خۆشەویستەکەی خۆیدا. ئەگەر ئێوە لەشکرێکم لە دڵداران بدەنە دەست، من ئەتوانم هەموو جیهانتان بۆ بگرم!...».

(بوسانیاس)یش لە دوای ئەوەوە لەو بابەتەوە گوتی:

«بەڵێ ئەمە ڕاستە بەڵام ئەبێ ئێوە دڵداریی سەر زەوی و دڵداریی ئاسمان لە یەکتر جیابکەنەوە. دڵکێشکردن بەهۆی دوو لەشەوە دڵکێشکردن بەهۆی دوو گیانەوە جوێ

بکەنەوە چونکە لە کاتی وشکبوونی گوڵی کوڕێنی دا ئەو دڵدارییەی کە بەهۆی جوانیی لەشەوە پەیدابووە باڵ ئەگرێ و ئەفڕێ ئیتر نایەتەوە. کەچی ئەو دڵدارییەی کە بەهۆی جوانیی گیانەوە پەیدا ئەبێ، واتا گیانی سەربەرز و ئازاد و نەژاد، هەرگیز لەناو ناچێ و هەر ئەمێنێتەوە».

لەم کاتەدا بوێژی قسەخۆش و گاڵتەوگەپکەر. (ئەریستوفان) هاتە ناو کۆڕی قسەکردنەوە. لە بابەت دڵدارییەوە، پێشبینییەکی تازەی پێشان دا. گوتی:

(لە پێشدا وابووە، هەردوو ڕەگەزەکە پێکەوە نووساون لەشێکیان لێ پەیدابووبوو. لەشەکە وەک هەڵمات خڕبوو. چوار دەست و چوار پێ و دوو دەموچاوی هەبوو. ئەم لەشە لە ئەندازە بەدەر گورجوگۆڵ بوو. کە هەشت پەلوپۆکەی خۆی بەکار ئەهێنا ئەتگوت چەرخە و هەموو دەم ئەسووڕێتەوە. هێزێکی سامناکی هەبوو. ئاواتێکی بێ ئەندازەی هەبوو. خەریکبوو ڕێوشوێنێک دابنێ بۆ چوارلا گرتنی ئاسمان و هورژم بردنە سەر خواکان!. بەڵام (زیوس)، کە گەورە خوای خواکانی شاخی ئولیمپ بوو، هەستی کرد، خەریکن ئەکەونە تەنگوچەڵەمەوە لە پاش بیرکردنەوەیەکی زۆر بڕیاری وادا کە مرۆڤەکانی ئەو ڕەگەزە، یەک بەیەکیان بکات بەدوو کەرتەوە. کەرتێکیان پیاو بێ و، کەرتێکیشیان ژن. ئەمەیش بۆ ئەوەی کە هێزی ڕەگەزەکە کز ببێ و هەر کەرتە هەر خەریکی ئەوەبێ کە بەکەرتەکەی تر بگات و دەستی هیچی تری نەپەرژێ گەلەکۆمەکی لە خواکان بکات!.

ئەو بڕیارە جێبەجێ کرا ئیتر لەو ڕۆژەوە هەردوو کەرتەکە بەپەرۆشەوەن و بەدڵ تێ ئەکۆشن کە ببنەوە بەیەک. جا ئەم ئارەزووەیە کە هەردوو ڕەگەزەکە کێش ئەکات بۆ یەکتری و ئێمە پێی ئەڵێین: دڵداری!.

لە دوای ئەم لێکدانەوە پێکەنین هێنەرەوە، لە بابەت دڵدارییەوە بیروباوەڕانی سەیر سەیری تر پێشان دران، تا گەیشتە سەر میوانی خاوەن ڕێز و سەربەرزی: (سوکرات). ئەویش لەسەر خواستی ئاهەنگگەرەکان خۆیان بیروباوەڕی خۆی نواند. گوتی:

[پاش ئەم هەموو قسانە کە پڕبوون لە زمان پاراوەیی، هیچم بەبیردا نایێ بیلێم. گێژوویژێکی وەک من چۆن دەمەقاڵێی پێ ئەکرێ لەگەڵ ئەم تێگەیشتووانەدا!]



## دڵداریی و جوانی بەلای سوکراتەوە

لەپاش ئەمەی (سوکرات) لەم شێوە ملکەچییەی تیز پێکردنەدا ئەم ئەرکەی لەکۆڵ خۆی کردەوە... دەستی کردەوە بەقسەکردن بۆ ئەمەی بەگێژوویژەییەکەی خۆی تێگەیشتوویی ئاهەنگگەرەکان تێک و مەکان بدات.

بەڵگە کزەکانی ئەوانی بەرێزە پرسێکی سەر لە پیاو تێکدەر، کە کەس نەتوانێ وەرامیان لەسەر بداتەوە، ونجڕ ونجڕ کرد... خۆ دیارە کە ئەم جۆرە پرسکردنانەش لە کاتی دەمەقاڵێ و گفتوگۆکردندا هەر باوی خۆی بوو دای هێنابوو... ئەم شێوەی پرسکردنە، ئیمڕۆ بۆتە بنچینەیەک لە بنچینەکانی فێرکردن و پەروەردەکردن. جا کە سوکرات ڕووخاندنی خانووە لاربووەکەی ئەوانی بۆ چووە سەر دەمودەست لەسەر جێ کەلاوەی خانووەکەی ئەوان، دەستی کردەوە بەدامەزراندی کۆشکەکەی خۆی، ئەمە بوو پێشبینیە تازەکەی ئەو لە بابەت دڵدارییەوە. سوکرات گوتی: [خۆشەویستی بریتییە لە برسێتییەکی دەروونی مرۆڤ بۆ جوانی خوایی. دڵدار هەر بەوەندە وازناهێنێ کە ئارەزووی دۆزینەوەی جوانی بکات. هەروەها ئارەزووی ئەوەیش ئەکات کە جوانی (بهێنێتە بەرهەم) و تا سەریش ئەو (جوانییە بهێنێتەوە بەهۆی فرێدانی تۆووی زیندوویتیی تا سەرەوە بۆ ناو لەشی لەناوچوودا. جا ئەمە تا ڕازی خۆشەویستیی هەردوو ڕەگەزەکە بۆ یەکتر. هەردوولایان ئارەزوو ئەکەن خۆیان سەرلەنوێ دروست بکەنەوە، تا تەمەنیان تا دواییی جیهان درێژببێتەوە. هەروەها ئەمە ڕازی خۆشەویستیی باوکانە بۆ منداڵەکانیان. چونکە هەروەک لەشی باوکەکە ئەوەی پێ خۆشە کە منداڵەکەی دروست ئەکات، هەروەها گیانی باوکەکەیش ئەوەی پێخۆشە کە گیانێکی تازە ئەهێنێتە بەرهەم، کە لەپاش خۆی شاپلێتەی نەمری گەڕان بەدوای جوانیدا هەڵبگرێ!).

(بەڵام ئەم جوانییە چییە، کە ئێمە هەموومان بەهۆی خۆشەویستییەوە ئەمانەوێ هەموو دەم لەبەرچاومان دابێ و نەبڕێتەوە؟ ئەم جوانییە بریتییە لە: ژیریی و تێگەیشتن، کردەوەی چاک و پەسند، سەربەرزیی ئازایەتی، دادپەروەریی، خواناسین و باوەڕکردن بەخوا.

بەکورتی جوانی بریتییە لە ڕاستی و دروستی و مافپەروەریی، مافپەروەریش ڕێگەیەکە ڕاستەوڕاست ئەتگەیێنێ بەخوا).

کە سوکرات قسەکانی خۆی تەواوکرد، ئاهەنگگەرەکان دەستیان کرد بەچەپڵەڕێزان بۆ ڕاستی پەرستە پێخواسەکەیان. ئنجا دەستیان کردەوە بەبەزموڕەزمی خۆیان. دەستیان

کردەوە بەگرەوکردن لە مەی خواردنەوەدا تا شەوگار بەسەرچوو. پاش ئەوە یەکەبەیەکە، لە گرەوەکە[1] خۆیان کێشایەوە و چوونە ماڵەوە. سێ کەسیان نەبێ: (ئەریستۆفان) و (ئاجاثون) و (سوکرات). ئەم سێ کەسە، بەهەرسێکیان جامێکی گەورەیان لەناو خۆیان دا ئەگێڕا و مەییان تیا ئەخواردەوە... زۆری پێناچێ، (ئەریستۆفان) خەو ئەیباتەوە. دوای ئەو خاوەن ماڵیش، (ئاجاثون) ئەنوێ.

(سوکرات) بەهێواشی هەردووکیان هەڵئەگرێ و ئەیانباتە سەر جێگاکانی خۆیان. پاشە جار دوا جامی خۆی لە مەی نۆش ئەکا و ناوی خوای سەرخۆشی، (دیونیسوس) ئەهێنێ. پاش ئەوە، ئەویش ئەچێتە دەرەوە، بۆ ئەمەی دەست بکاتەوە بەگەڕانی ڕۆژانەی خۆی بەناو شاری (ئەثینا)دا؛ تا بەری ژیریی خۆی بەناو دانیشتوانی ئەوێدا بڵاو بکاتەوە!.

یەکێک لەو میوانانەی کە لەناو ئاهەنگەکەدا بوون، کە بەئاهەنگێکی مێژوویی دائەنرێ؛ شاگردێکی لاوبوو، لە شاگردەکانی سوکرات خوا لە چارەی نووسی بوو کە لە دواڕۆژدا گەورەییی لەش و هۆشی مامۆستاکەی خۆی بەزیندوویێتی بهێڵێتەوە تا سەر. ئەو لاوە ناوی: (ئەفلاتون) بوو!

## مرۆڤێکی خوا پێداو!

«ئەفلاتون»یش وەک «گۆتە» وابوو، یەکێک بوو لەو کەسانەی کە ئاسمان هەموو بەخششێکی خوایی پێ دابوون. لەلایەکەوە ڕەگەز نەژادیی و خانەدانیی پێ بەخشی بوو، لەلایەکی تریشەوە سامانی دایک و باوک وە جوانیی لەش و ڕوو و، مێشک ڕوونی و، هێز و هەرەتی لەشی پێدابوو... لە ڕاستیدا ناوی خۆی «ئەریستوکل» بوو. بەڵام لەبەرئەوەی چوار شانە و بەهێز و هەرەت بوو، ناویان نابوو «ئەفلاتون» واتا شان پان!...

بەڵام لە هەموو بەخششێکی خوایی گەورەتر کە دابووی بە «ئەفلاتون» ئەوەبوو کە یەجگار بەپەرۆش بوو بۆ ئاگاداریی و تێگەیشتن و فێربوون. جا ئەم ئارەزووە بەهێزە بوو کە «ئەفلاتون»ی کێش کرد بۆ ئەوەی ببێتە شاگردێکی بەردەستی مامۆستای هەرە گەورە «سوکرات»... تا لەبەر دەستی ئەوا بخوێنێ و پێ بگا و تێ بگات... ئەو کاتە تەمەنی «ئەفلاتون» بیست ساڵان بوو.

تەمەنی «سوکرات»یش خۆی ئەدا لە شەست و دوو ساڵ!...

هەر لە سەرەتاوە، «ئەفلاتون» هۆگری «سوکرات» بوو.

(١) راستتر: لە ئاهەنگەکە.



ئەویش خۆی فڕێدایە ناو شاگرد و دەروێشە ڕۆشنبیرەکانی سوکراتەوە. سوکرات لە شاری «ئەثینا»دا بۆ هەر کوێیەک ئەچوو ئەویش لەگەڵ ئەوانی تردا دوای ئەکەوت.

وەک سێبەریان لێهاتبوو، لە سوکرات جیا نەئەبوونەوە، هەموو دەم گوێیان لە گفتوگۆی ئەگرت، بیروباوەڕەکانیان لێ ئەبیست.

هەموو دەم گوێیان لەم پرسە گرانانەی ئەبوو کە بەگران وەرام ئەدرانەوە و بڕانەوەیشیان نەبوو: کردەوەی چاک چییە؟ ئازایەتی چییە؟ دەسپاکی چییە؟ خۆپاراستن چییە؟ دیموکراتی چییە؟ دادپەروەریی چییە؟ ماف چییە؟ چییە چییە چی ئەزانیت...؟

جا بەهۆی ئەم جۆرە پرسانەوە، کە سوکرات ئەیکردن و ئەیکردنەوە بۆ ئەمەی ڕاستیی بۆ دەربکەوێ، سوکرات، ئاوێنەی ڕاستیی دانا... ئەثینایییەکان لە ئەنجامدا ترس پەرییە دڵیانەوە!...

چونکە لە ئاوێنەکەی سوکراتدا کە ئەیخستە بەرچاویان، وێنەی خۆیان وەک مرۆڤ نەئەهاتە پێش چاو. وەک دڕندەیان ئەهاتە پێش چاو!... ئەثینایییەکانیش دڕندانە دەستیان کرد بەئازاردان و تەنگەتاوکردنی سوکرات... تا دوایی وایان لێهات سوکراتیان بەوەوە تاوانبار کرد کە (لاوەکانی ئەثینا بەدخوو ئەکات).

پاش ئەوە، دادگا بڕیاریشی دا بەسەریا کە دەرمان خوارد بکرێ، تا ئەمرێ!...

هەندێک لە شاگردەکانی سوکرات، کە ئەفلاتونیش لەناویاندا بوو توانیان بەرتیل بدەن بەیاساوڵی بەندیخانە. بۆ ئەوەی ڕێگای سوکرات بدات لە بەندیخانە دەرباز ببێت. بەسوکراتی مامۆستای خۆشییان گوت، کە ئەم هەلە لە دەست نەدات و خۆی دەرباز بکات... بەڵام سوکرات بەسەربەرزییەکەوە بەرپەرچی دانەوە... بەلای سوکراتەوە وابوو کە کاتی مردنی هاتووە. کەواتە بام بەئازایەتییەکی وەهاوە بەرامبەری بوەستێ، کە لە هەموو تافێکی ژیانیا بەرامبەری وەستاوە و بەرەنگاری کردووە!... وا چاکترە کە ئێستا بمرێ، کە لەوپەڕی هێز و هەرەتی خۆی دایە. نەک ئەو کاتە بمرێ کە پیریی و پەککەوتەیی دایبرزێنێ...

خۆ ئەو بەبێ هێز و هەرەت و تەندروستی و چالاکی، هەرگیز ناتوانێ بژی!. بۆچ لە خۆی بەولاوە کێی تر هەیە، ئەوەندە بەهێز بێ لەناو دانیشتوانی شارەکەدا، کە لە ڕۆژی هەرە ساردوسۆڵەی زستاندا بتوانێ بەپێی ڕووتەوە بەسەر بەفردا بسووڕێتەوە؟!.

کە ڕۆژی ژەهر دەرخواردانی هاتە پێشەوە؛ چەند کەسێک لە شاگردە دڵسۆزەکانی هاتنە

بەندیخانە بۆ سەرلێدانی. کە تەماشایان کرد ئەوا سوکرات لەسەرخۆ و بەبێ تێکچوون؛ بەڕوویەکی خۆشەوە. لە مردن ئەدوێ.

گوتی: [هاوڕێکانی خۆم! خەفەت بۆ مردنی من مەخۆن، ڕەنجەڕۆیش مەبن لە مردنم. کاتێ کە ئێوە ئەمخەنە گۆڕەوە، حەز ئەکەم ئەوە بزانن کە هەر لەشم ئەنێژن. گیانم نانێژن!).

کاتی ژەهر پێدانی سوکرات هات. بانگی شێوان بوو. کارگێڕی بەندیخانەکە ژەهری بۆ کردە ناو هەنگوینەوە و دایە بیخواتەوە: بەڵام ڕووی خۆیشی وەرگێڕا و دەستی کرد بەگریان. ئەفلاتون ئەڵێ: (هەر چەندمان کرد، خۆمان بۆ نەگیرا، گریاین کەسمان تیا نەمایەوە نەگری سوکرات خۆی نەبێ. سوکرات دەستی کرد بەگلەیی کردن، گوتی: «ئەم کردەوە پڕوپووچە چییە ئێوە ئەیکەن؟ من بۆیەکا ڕێم نەدا بەژنان بێنە لام، تا لە دەست بینینی ئەم جۆرە کردەوەیە ڕزگارم ببێ. هاوڕێکان، تکا ئەکەم خۆتان بگرن شیوەن و گریانم بۆ مەکەن بهێڵن بام بەبێ دەنگییەوە کۆچ بکەم لە جیهان!».

«جامی ژەهرەکەی نۆشی و بەسەر گازی پشتا پاڵ کەوت بەسەر جێگاکەی دا. کەوتە گیانەڵاوە... لەناو ئازار گینگڵەی ئەدا. دوایی گیانی دەرچوو!. بەڵێ ئەمە بوو دوارۆژی مامۆستاکەمان. کە لە کانی دڵمەوە ئەیڵێم: ژیرترین و چاکترین مرۆڤ بوو کە لەسەر زەویدا دیبووم!».

## لە میسر و دراوسێکانیا زانیاریی و تێگەیشتن کۆدەکاتەوە

کە «سوکرات» لە ساڵی ٣٩٩ی پێش زاییندا مرد، ئەفلاتون وای بەچاکزانی «ئەثینا» بەجێ بهێڵێ. چونکە ڕەنج و تەقەلاکانی بۆ ڕزگارکردنی (سوکرات)، دڵی کاربەدەستانی شارەکەیان لێ ڕەش کردبوو!. لەبەرئەوە (ئەفلاتون) دەستی کرد بەگەشتێک بەناو جیهانی ناسراوی ئەو سەردەمەدا، چاوی بە (ئیتالیا) و (سجلیا) کەوت. ئەو ژیانە پڕ ئاڵۆش و خرۆش و شێت و وێتییەی کە دانیشتوانی ئەو خاکانە تیا ئەژیان، ئەفلاتونی سەرسام کردبوو. پاش ئەوە چوو بۆ گەشتی «مصر» و «فەلەستین» کە بە بێشکەی شارستانێتیی کۆن دائەنران. کاتێ کە گەڕایەوە (ئەثینا) لە ساڵی ٣٨٧ی پێش زاییندا دوانزە ساڵی پێ چووبوو. بەڵام ژیریی و تێگەیشتنی هەموو جیهانی کۆنی چووبووە مێشکەوە. خوێندنگایەکی کردەوە بۆ پێ خوێندنی ڕاستی پەرستی (فلسفە) لەناو باخچە جوانەکانی (ئەثینا)دا. چوار لای جێگاکەی پڕبوو لە پەیکەر و درەخت و پەرستگا کۆنەکانی. ناوی



نا (ئەکادیمی). یەکێک لە شاگردەکانی ناوی (ئەرستو) بوو، کە لەپاش خۆی، بوو بەڕاستی پەرستی (فەیلەسوف) و جێی ئەوی گرتەوە. لە دڵی خۆیشیدا بڕیاری دا، کە بەهۆی ئەم خوێندنگایەوە، بیروباوەڕەکانی مامۆستا هەرە گەورەکەی خۆی (سوکرات) بڵاوبکاتەوە. کە لەسەر بنچینەی (دادپەروەریی) دامەزرا بوون!.

جا لە پێناو دامەزراندن و بنج بەستنی واتای (داد) پەروەرییدا، لە دڵی هەموواندا، «ئەفلاتون» ڕێزە وتارە زیندووەکانی خۆی نووسییەوە کە (ئەمەرسن)ی ڕۆشنبیریان خستۆتە سەر ئەوەی بڵێ:

[بام هەرچی نووسراوخانەیەک هەیە لە جیهاندا بیان سوتێنین، چونکە ئەم نووسراوەی ئەفلاتون -کۆماری ئەفلاتون- ناوەڕۆکی ئەو هەموو نووسراوانەی تیایە!]. لە ڕاستیدا، کەم هەڵ ئەکەوێ، بابەتێک هەبێ لە بابەت مرۆڤایەتییەوە و ئەفلاتون لێی نەدوابێ. چونکە تا مرد هەر بەدوای دادپەروەرییدا ئەگەڕا، چونکە ئەفلاتون، لە هەر (٥٦) نووسراوەکانی خۆیدا کە داینابوون لەم بابەتانەوە دوابوو:

«هاوبەشی (الإشتراکیە)، برایەتیی ناو مرۆڤ، چاککردنی نەوە و سنووردانان بۆ سک و زاکردن، سەربەستی لە دڵدارییدا، سەربەستی لە وتارداندا، نەمردنی گیان، سروشتی زانیاریی، سروشتی جیهانی کەرەستە؛ ئەندازەی ڕەوشت و خوو، ساماندارییی گشتی لە گەنجدا. ساماندارییی گشتی لە ئافرەت و مناڵدا. هتد» بەڵام کە ئەفلاتون لەم کەینەوبەینە و گیروگرفت و بابەت و تەنگوچەڵەمانەی ئەکۆڵییەوە، هەموو مەبەسی یەک ئامانج بوو پێی بگات: ئەویش ئەوەبوو کە سەر زەوی ببینێ بەکەڵک و چاکە و باشییەوە دامەزرابێ. ئەیویست فەرمانڕەواییەکی وا ببینێ کە (سوکرات) نەکوژێ، بەڵام سوکرات هەڵبژێرێ و بیکات بە شا!. ئەفلاتون، بەهەشتەکەی خۆی کە بەڵێنی دابوو بۆ مرۆڤایەتی بێتە بەرهەم، لە گەورەترین بەشی گفتوگۆکانیا پێشانی داوە، کە ئەویش ناوی: «کۆمار»ە. (کۆماری ئەفلاتون) یەکەم فەرمانڕەواییی بێ هاوتای بەنرخ و بایەخدارە لە مێژوویی مرۆڤایەتیدا. یەکەم (یۆتۆبیا)ی جیهانە کە بۆ دوارۆژی مرۆڤایەتی ئاواتی بۆ خواستووە و هێناویەتە پێش چاوی خۆی. کە (ئەفلاتون)، ئەم کەشیشە[١] هەرە گەورەیەی (ئایینی جوانی)یە، لە خەوە ڕاستی پەرستییە نایابەکەی بووەوە و خستیە ناو پەڕاوەوە کە ڕەنگی شاری (مرۆڤی هەرە پێشکەوتوو بڵند)ی ڕشت لە مێشک و دڵ و دەروونی خۆیدا و خستیە ناو

(١) کەشیش: پیاوی ئایینی لە کەنیسەدا = قسیس.

نووسراوەکەیەوە، «کۆمار»، نووسراوە خۆشەویستەکەی خۆی پێشکەشی شوانی پەرستگاکەی خۆی کرد کە ناوی (ئەپۆللو) بوو، کە بەخوای ڕووناکی دائەنرا، ئاواتەکەیشی ڕەوانە کرد بۆ ئاسمان بۆ ڕێبازی ئەستێرەکان. لەوەیش مەبەسی ئەوەبوو کە ئەندازیارەکانی دوارۆژ، ڕۆشنبیرەکان و یاسا دامەزرێنەرەکان چاوێکی پیابخشێنن، بەناوی ئەوەوە کە ئەویش نموونەیەکی بێ هاوتایە بۆ ئەو ڕەنج و تێکۆشانە تایبەتییەی خۆیان کە لە دەمێکەوە پێوەی خەریکن، بۆ ئەمەی (زەوی و ئاسمان لە یەکتر نزیک ببنەوە!).

## زرنگکاریی و تەنگوچەڵەمەکانی!

لەگەڵ ئەمەشا «ئەفلاتون» بەم ڕەنگ ڕشتنی سەر پەڕاوە وازی نەهێنا ویستی ئاواتەکەی بهێنێتە دیی. لەمەدا ئەویش وەک ڕاستی پەرستەکەی چین وابوو کە ناوی [کونفو چیوس][١] بوو،

ئەیویست پێشبینییەکانی خۆی بهێنێتە کایەوە، بەکاریان بهێنێ و لە ئەنجامی کار پەند وەربگرێ. ئنجا کە شازادە تازەکەی «سجلیا»، «ئەفلاتون»ی بانگ کردە لای خۆی بۆ ئەمەی خاکەکەی ببینێ، هەروەک لەوەپێش شازادەکەی پێشوو لە گەشتەکەی پێشووی ئەفلاتون دا چاوی پێی کەوتبوو، «ئەفلاتون» دەستی کرد بەتاقیکردنەوەی بیروباوەڕەکانی خۆی لەوێدا... لەوێدا دەستی کرد بەپیشاندانی بیروباوەڕەکانی خۆی بۆ (شازادەی سجلیا)، تا ئەویش لە دوورگەکەی خۆیدا فەرمانداریییەکی وا بێ وێنە بکات...

بەڵام زۆری پێنەچوو، شازادەکە، دڵی لە ئەفلاتون کرمێ کرد و مەبەس و بیروباوەڕەکانی ئەوی بەجۆرێکی ئاوەژوو لێکدایەوە... دوایی بڕیاری دا کە «ئەفلاتون» بکوژن!... بەڵام باش بوو، هەندێ لە دۆستەکانی خۆی کەوتنە ناوەوە و شازادەیان خستە سەر ئەوەی کە لە بڕیارەکەی خۆی بێتە خوارەوە و کوشتنەکە بکات بەفرۆشتنی (ئەفلاتون) بەبازرگانەکانی بەندە و نۆکەران!... شازادە بڕیارەکەی خۆی بەسەر ئەفلاتوندا سەپاند. دوایی فرۆشتی بەیەکێک لەو بازرگانانە بەڵام خوا و ڕاستان، ئەو بازرگانە دۆستی زانست و تێگەیشتوویی و دادپەروەریی بوو، خۆی بەدووی ئەو شتانەدا ئەگەڕا... نەیکردە

(١) کۆنفۆشیۆس، دەوروبەری ٥٥١-٤٧٩ پ.ز: فەیلەسوفێکی چینی بووە، ڕێبازی کۆنفۆشیانی دانا؛ کە ڕێبازێکی فەلسەفی و ئەدەبی وایە بڕوای بەبوونی خوا نییە، بەڵکو بانگەشە بۆ پێکەوە ژیانێکی نموونەیی ناو خێزان و کۆمەڵ دەکات.



نامەردیی، ئەفلاتونی کرد بەمامۆستای منداڵەکانی خۆی... پاش ئەوە بەماوەیەک، گەردنی ئەفلاتونیشی ئازادکرد و ڕێیشی دا بگەڕێتەوە «ئەثینا»!...

ئیتر لەوساکەوە (ئەفلاتون) هاتە سەر ئەو بیرەی کە هەر کەسێک خاوەن دەروون بێت، دەست لە زرنگاکاریی (سیاست)یەوە نادات کە بزانێت ئەوانەی فەرماندارن لە هەرچی و پەرچی و بێ مێشکەکانن!... ئیتر هەر بەوەندە وازی هێنا کە هەروەک پێشوو دەست بداتەوە و وتاردانە لەسەرخۆیەکەی خۆی. بیروباوەڕە ڕاستی پەرستییەکانی خۆی بڵاوبکاتەوە بەناو گوێگران و شاگردانڎا لەناو باخچەی خوێندنگاکەی دا... ئەو بیروباوەڕانەی کە ئەفلاتون دەری ئەبڕین لە «ئەکادیمی»یەکەیدا، ئەمەندە بەرز و پیرۆز بوون، ئەمەندە پڕبوون لە هەستی مرۆڤایەتیی نەژاد، یەکێک لەو گوێگرانە پڕ بەدڵ ئەیگوت: «خۆ ئەگەر پێغەمبەرێک لە ئاسمانیش بهاتایە خوارەوە، هەر ئەوەندەی ئەفلاتون گفتوگۆی جوان و بەنرخی ئەکرد!».

ئەوەندە هەبوو (ئەفلاتون) پێغەمبەرێک بوو، لە مرۆڤ یاسای مرۆڤایەتیی بەسەردا ئەچەسپا، لە کاتێکا کە لە جەژنی لە دایک بوونی خۆی دابوو، لە تەمەنی هەشتا و یەک ساڵیدا، یەکێک لە شاگردەکانی خۆی ئاهەنگێکی ژنهێنانی گێڕابوو ئەفلاتونیش بۆ ئەو ئاهەنگە بانگ کرابوو. کە ئەفلاتون چووە ناو ئاهەنگەکەوە. دەنگە دەنگ و قیژەقیژی ئاهەنگکەرەکان وەرسی کردبوو. لەسەر ڕێدانی ئەوان، چووبووە ژوورێکی تر، تاوێک بنوێ...

کە تەماشایان کرد ئەفلاتون هەر دیار نەبوو بێتەوە لایان، زاواکە چووە ناو ئەو ژوورەوە کە ئەفلاتونی مامۆستای تیا نوستبوو. تا بزانێ سرەوتی باشە یان نا.

کەچی ئەفلاتون دیی نوستنێکی وا نوستووە کە تا سەر خەبەری نەبێتەوە، ئیتر لەوە دوا دەنگە دەنگی پڕوپووچی جیهان نەی ئەتوانی ڕاستی پەرستە تێگەیشتووەکەمان وەرس بکات. دوایی بانگ کرایە ناو «کۆماری مەرگ»ەوە کە تێر لە ئارام و بێدەنگ و سەنگی بخوات[١]!...

ئێستایش هەستە، لەگەڵما وەرە، پێکەوە گەشتێک بەناو کۆمارەکەی ئەفلاتون دا بکەین:

(١) بەڵکو (تێر ببێت) نەک (بخوات).

## گفتوگۆ و دەمەقاڵێ چۆن دەستی پێکرد

١

ئێمە لە شاری (بیرێ) داین. کە بەندەرێک بوو بۆ (ئەثینا)ی کۆن... ئێوارەیەکیشە لە ئێواران. کۆمەڵەی ئاهەنگی جەژنی «دیانا»[*]یش

کە خوای یونانییەکان بوو، هەموو (دارستان و ڕاوکردنێک) بەو سپێرابوو، بەکەنار زریی (ئیجە)دا تێ ئەپەڕێ کە ئاوێکی ڕوونی پاکی شینی هەبوو... یەکێک لەوانەی کە ڕوویان کردبووە شار، پیاوێکی چوارشانەی زەلام بوو. خاوەنی تەمەنێکی مام ناوەندیی بوو. سەر و شێوەی ناشیرین بوو. دوو برۆی پانی هەبوو، هێز و هەڕەتی کەسایەتییەکەیان پێشان ئەدا.

دەموچاوێکی پانیشی پێوە بوو، کە نیشانەی ئەوەبوو پیاوێکی زمان شیرین و ڕووخۆش بێ... ئەم پیاوە ناوی (سوکرات) بوو کە بەپیاوێکی گەورەی تێگەیشتووی (ئەثینا) و پەرستراوێکی لاوەکانی (ئەثینا) دائەنرا... بەڵام خۆیان ئەیانگوت:

(پێشەوا و ڕاستی پەرست و دۆست)مانە...

بەتەنیشت (سوکرات)یشەوە یەکێک لە شاگردەکانی خۆی ئەڕۆیشت ناوی (گلاوکون) بوو...

چەند لاوێک لە دوورەوە چاویان پێکەوت... بڕیان بەڕێبوارانداو بەهەڵەداوان خۆیان گەیاندێ... چوارلایان لێ گرت و وایان لێ کرد کە نەتوانێ بڕوات. یەکێک لەوانە کە ناوی (بۆلیمارکس) بوو، (سوکرات) و (گلاوکون)ی خستەسەر ئەوەی کە لەگەڵیاندا بگەڕێنەوە ماڵێ بۆ ماڵی باوکی، بۆ ئەمەی هەردووکیان کۆڕێک بگێڕن و دەست بکەنەوە بەگفتوگۆ و دەمەتەقێ خۆشەکانیان.

---

(*) بەپێی چیرۆکە پڕوپووچەکانی یونانیەکان (دیانا) کچی گەورەی خواکان بووە کە ناوی (زیوس) بووە لە (لاتونی) ژنی... باوکەکەی ئامۆژگاریی کردبوو کە هەرگیز شوو نەکات. کەوانێک و هەندێ تیری دایە... پاش ئەوە کردی بەشاژنی «دارستان»ەکان. کاری سەرەتایی ڕاوکردن بوو. ڕۆژێکیان خۆی ڕووت کردبووەوە؛ لەسەر شۆرکەکەی خۆیدا خۆی ئەشت، لەپڕ لاوێک کە ناوی (ئاکتیۆن) بو هات بەسەریا. (دیانا)یش بەچاوبەست کوڕەکەی کرد بەمامزێک، پاشان سەگەکانی خۆی تێبەردا؛ خواردیان!. کەچی لەپاش ئەوە ڕووی کردە شوانەکەی دۆستی خۆی، کە ناوی (ئەندیمیۆن) بوو، دەستی کرد بەدەستبازی لەگەڵیا!. (ش.ف).



لەوێ لە ماڵی باوکی کوڕەکەدا، کە بریتیی بوو لە خانوویەکی دەشتەکیی ناوازە، لەناو ئەو هۆڵە گەورەیەدا کە ستوونی گەورە گەورەی تیابوو و ئەیڕوانی بەسەر ئەو زرێ پان و فراوانەدا کە لە بن نەئەهات... (ئەفلاتون) وای هێناوەتە پێش چاوی خۆی کە مامۆستا مەزنەکەی خۆی (سوکرات) لەوێدا دانیشتووە و شاگردەکانی و دەروێشەکانیشی کە تینووی زانست و هونەر بوون بەهەر چوارلایدا دانیشتوون گوێی لێ ئەگرن ئەویش لە بابەت فەرمانڕەواییەکی بێ هاوتاوە بیروباوەڕە زیندووەکانی خۆی ئەدا بەگوێیاندا. ئیتر بام چیرۆکەکە بەجێ بهێڵین بۆ (ئەفلاتون) کە لەسەر زمانی (سوکرات) تەواوی بکات:

### دەردی پیریی و کەڵکی دەوڵەمەندی!

خانەخوێ بەڕووخۆشییەکی ڕاستەقینەی دۆستانەوە بەپیرمانەوە هات هەرچەندە پیاوێکی پیربوو، بەڵام گەش و ڕووخۆش بوو... بەلای ئەوەوە پیرێتی دەرد و ئازاری تیا نابێ ئەگەر ئێمە بەهەستێکی چاک و گیانێکی خۆشەوە بەپیریەوە بچین... کابرا خۆی پێی لێ ئەنێ، کە دەوڵەمەندیی، بەڕاستی کار لە مرۆڤ ئەکات، کە بەچاوی جوێ جوێ سەیری پیریی بکەن... دەوڵەمەندیی بیروباوەڕیان ئەگۆڕێ دەربارەی پیری و جیاوازییشیان ئەخاتە ناو... بەڵام هۆی جوێ جوێیی بیروباوەڕ دەربارەی پیریی هەر دەوڵەمەندیی نییە... کەڵکی هەرە گەورەی دەوڵەمەندیی ئەوەیە کە وات لێ ئەکات بتوانیت خۆت دوور بخەیتەوە لە تاوانکردنێکی وا کە خواکان تووڕە بکەیت و خۆت تووشی سزا بکەیت لەپاش مردن... بۆ وێنە:

سامان دوورت ئەخاتەوە لە درۆ و لە هەموو کردەوەیەک کە خواکان و مرۆڤەکان لێپرسینەوەت لێ بکەن. جا ئەم هەستەی کە وات لێ ئەکات بزانیت لەسەر ڕاستی ئەڕۆیت و دەس بۆ مافی کەس و هیچ لایەک نابەیت کە پیاوێکی دادپەروەر و ڕاست و دروستییت. ئەم هەستە لە هەموو شتێک زۆرتر دڵت خۆش ئەکات و دەروونت ئەحەسێنێتەوە.

گوتم: «بەڵام مافپەروەریی چییە؟. ئاخۆ هەر ئەوەیە کە هەموو دەم ڕاستگۆ بێت و مافی هەموو کەسێک بدەیتە دەست خۆی؟»

لێرەدا خانەخوێ پیرەکە جیابووەوە و دەمەتەقێکەی بۆ کوڕەکەی خۆی بەجێهێشت. ئەم گفتوگۆیەش کێشی کردینە سەر دەمەقاڵێیەک لە بابەت سروشتی مافپەرستی و دادپەروەرییەوە. لەوێدا «گلاوکون» هاتە پێشەوە و دەستی کرد بەقسە ئارایی. لەپاش

چەند دەمەتەقێیەکی سەرەتایی لەگەڵ یەکێک لەوانەدا کە لەوێدا بوون، سەرکردەییی گفتوگۆکەی گرتە دەست خۆی.

گوتی: «ئەگەر ئێمە گوتمان دادپەروەریی و مافپەرستی هەموو کەس حەزیان لێ ئەکات. ئایا هەر لەبەر خۆیان حەزیان لێ ئەکەن. یاخود لەبەر بەرهەمەکانیان. یان لەبەر هەردوو هۆیەکە حەزیان لێ ئەکەن؟هەموو جیهان ئەو دوو شتە لە پلەی دووەمدا دائەنێن. ئەویش بەپێویستێکی ناچاری ئەزانن کە وایان دابنێن!. ئەوە دیارە کە زۆرداریی لێ کردن خراپە. بەڵام بێدەسەڵاتەکان خۆیان لەم خراپەیە ئەپارێزن. ئەویش بەسایەی یەکبوون و هۆگرییانەوە لەگەڵ یەکتردا، لەگەڵ هاوارکردنیاندا بۆ دادگەریی!.

بەڵام ئەگەر هاتوو ئەموستیلەی (گایگس)[*] کەوتە دەست کەسێک، کە بتوانێ بەئارەزووی خۆی، خۆی بشارێتەوە و کەس

نەیبینێ هەر شتێکیش ئارەزوو کرد بیکات، بێ ئەمەی تەگەرە یاخود بەرهەڵستێکی بێتەبەر، ئەم پیاوە لە هیچ کۆناکاتەوە، کە هەرچی شتێکی بوێ لە خۆشی ژیان دەست خۆی بخات. هەرگیز لەوەیش بیرناکاتەوە کە ئاخۆ ئەو ڕەوشت و کردەوانەی خۆی، لەگەڵ دادپەروەریی و مافپەرستیدا ڕێک ئەکەون، یان ناگونجێن!.

کەواتە دادپەروەریش و زۆرداریش، هەر کامێکیان هەلیان بۆ هەڵکەوت زۆرداریی ئەکەن!. واتا لەم ڕووەوە جیاوازییان نییە!.

(*) گایگس: شوانێکی مەڕ بووە. ڕۆژێکیان ئەموستیلەیەک ئەدۆزێتەوە کە پیاو ئەیکاتە پەنجەی، لەبەرچاو ون ئەبێ، کەس نایبینێ!. ئەویش لە پێش هەموو شتێکا ئەوەی بەبیردا دێ، بیکات، کە یەکسەر بچێتە ناو کۆشکی خونکارە زۆردارەکەیانەوە و ژنەکەی لێ هەڵبگێڕێتەوە و خۆیشی بکوژێ!. جا لەپاش ئەمەی ئەو هەردوو ئاواتەی خۆی پێکهێنا گەڕایەوە جێی خۆی، نەکەس چاوی پێکەوت، نەکەس گرتی جا لەو ڕۆژەوە (ئەموستیلەی گایگس) کراوە بەنیشانەی ئەو چەکە نەنگەویستەی کە دادپەروەریی لەناودا ناهێڵێ!. ئەم ئەموستیلەیە، چیرۆکی هەڵبەستە. هەروەک چیرۆکی کڵاوی خۆ ونکردن وایە ڕاستەقینە نییە!.[1] (ش. ف).

(١) *کڵاوی خۆ ونکردن: لە چیرۆکە فۆلکلۆرییەکانی کوردیدا باسی هاتووە، بەڵام بە (کڵاوی سەفری جن) ناودەبرێ و هەر شتێکە لەم بابەتی ئەموستیلەیە.*



## سامان خراپە ئەشارێتەوە

پاش ئەمە، ئەم پیاوە بهێنەرە پێش چاوی خۆت، کە لە ڕاستیدا هەرچی بەدیی و پیسییەک هەیە لە کردەوە و ڕەوشتیا دەرکەوت، لەگەڵ ئەو بەدکردارییەیشیا کە هەیەتی بەخۆی وا ڕەوابیبینێ، کە هەرچی کردەوەیەکی بەرز و پیرۆز هەیە بیدەنە پاڵی، لەگەڵ ئەمەیشدا هەرچی بابەتێکی کامەرانی هەبێ هەیبێ و بەخۆشییەوە تیا بژی... ئەم پیاوە لەلایەکەوە دابنێ... لەلایەکی تریشەوە، پیاوێکی تر بهێنەرە پێش چاوی خۆت، کە هەرچی کردەوەیەکی هەیە ڕاست و دروست بێ، بەڵام وای بۆ هاتبێ کە هەموو لایەک بەگوناهباری بزانێ!. تۆیش وات نایەتە پێش چاو، کە ئەم پیاوەی دواییان کەنەفت بکرێ و ئازار بدرێ و هەڵبواسرێ بەداردا! کەچی پیاوەکەی یەکەمیان هەر لە خۆشی و کامەرانییی خۆیدا بمێنێتەوە، کەڵک لە سامان و لە پایەبڵندیی و گەورەیی هەموو شتێک ببینێ و ئەوەندەیشی دەست بکەوێ کە بتوانێ لەگەڵ خواکاندا ڕێک بکەوێ و دڵیان خۆش بکا و بەدڵیشیان دابچێ؟!

لێرەدا «ئەدیمانتس»یش هاتە ناو کۆڕی قسەکردنەوە بۆ ئەمەی بیروباوەڕی براکەی خۆی بەهێز بکات.

گوتی: «بوێژەکان دەم لەوەوە ئەدەن، کە کردەوەی چاک چ لەم ژیانەدا، چ لەپاش ئەم ژیانە پاداشی ئەدرێتەوە بەڵام ئێمە ئەوە ئەبینین کە کردەوەی خراپ پەرە ئەسێنێ و بەهێز ئەبێ و سەرکێشی ئەکات. ئەوانەی کە ئاینیشیان گرتووە بەدەست خۆیانەوە، خوازەڵۆکێیی پێوە ئەکەن، خۆیان ئەڵێن ئامادەین بەمەرجێکی سووک و ئاسان «بەخشین لە گوناه» و «چاوپۆشی لە گوناه»تان پێ بفرۆشین تۆ هەر کوڕێکی ڕۆشنبیر بگریت، ئامادەیە کە دەمەقاڵێت لەگەڵدا بکات لەسەر ئەوەی کە پیاو بۆ ئەمەی دەوڵەمەند ببێ، هەر ئەمەندەی پێ ئەوێ کە ڕووکەشی مافپەرستی لە خۆی بدات هەرچی خواکانیشە هەرگیز لەوە ئاسانتر نییە کە بەپارەیەکی کەم دەمکوت بکرێن و بکرێن بەدۆست!.

جا ئەم خۆکوتانە بۆ دەستکەوتنی پاداشی دەمودەستی لە تۆڵەی مافپەرستیدا، لەباریا هەیە کە بەرەو سەرگەردانیمان ببات. ئێمەیش هەر ئەوەندمان ئەوێ لە تۆ کە نرخی ڕاستەقینەی «ماف» خۆمان تێ بگەیێنێ، نەک نرخی ڕووکەشی ماف؟!.

## ٢

منیش گوتم: «تۆ چاک بوو ئەمەت گوت. چونکە خۆت بەدەمی خۆت بەرپەرچی خۆت دایەوە. منیش هەر ئەوەندەم پێ ئەکرێ کە خەریک بم وەرامی پرسەکەت بدەمەوە.

بام جارێ لەو «مافپەرستی» و «دادپەروەریی»یە بدوێین کە ئەبێ لەناو فەرمانڕەواییدا بن. پاش ئەوە لەناو تاک تاکەکانی نەتەوەیشدا لێیان ئەدوێین. ئەوەیش سەبارەت بەوەیە کە ئەم (دادپەروەریی)یە یاخود ئەم (مافپەرستی)یە، کردەوەیەکی چاکە ئەبێ فەرمانڕەواییش بەچەشنی تاک تاکەکانی گەل، بەخۆیەوە بنووسێنێ جا هەر چەند ئەم کردەوەیە زۆر بوو لەناو فەرمانڕەواییدا، کەم بێ یان زۆر، لەناو تاکە تاکەکانی گەلیشدا ئەیبینین!. بام لە سەرەتاوە، چیرۆکی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و فەرمانڕەوایی بگێڕینەوە، لەو کاتەوەی کە دامەزراون.

بەجۆرێکی تێکڕایی، کۆمەلایەتی کاتێ پەیدا ئەبێ، کە بەشی خۆی کەسانی شارەزا لە هەموو بابەتێکی ژیانیدا، کۆببنەوە و ڕێک بکەون لەناوخۆیاندا، کە فرمان دابەش بکەن بەسەر خۆیاندا و بەرهەمی فرمانەکانیشیان لەگەڵ هی یەکتردا بگۆڕنەوە، بۆ ئەمەی هەرکەسەیان بەشی خۆی پێویستیی ژیانی خۆی دەست بکەوێ. جا هەر کاتێ پێویستییەکان زۆریان لێهات و، کۆمەڵایەتیش بەو پێیە گەشەی کرد و پەرەی سەند، ئەوساکە نەتەوە دەست ئەکات بە گۆڕینەوەی بەرهەمەکانی خۆی لەگەڵ بەرهەمەکانی بێگاناندا.

ئیتر لەوەوە دەستەی بازرگانان پەیدا ئەبن و ئەچنە ناو دەستەکانی بەرهەم پێکهێنەرانەوە. لە هەر شوێنێکیشدا بازرگان پەیدا بوو، بازاڕیش دائەمەزرێ. ئیتر لەوەوە کاروبار دێتە کۆڕەوە و بەگورجوگۆڵی ڕائەپەڕێ. ئاشنایەتی و پەیوەندیی لەناو گەلاندا پەیدا ئەبن. لەمەیشەوە پێشکەوتن و شارستانێتی گەشە ئەکەن. جا کە وای لێهات مرۆڤ بەهۆی دەسوپێوەند و پیاوی بەکرێگیراوەوە کاروباری خۆی ببات بەڕێوە، ئەوساکە ئێمەیش شارێک یاخود فەرمانڕەواییەکی تەواومان بۆ پەیدا ئەبێ...





«جا هەرچەند، شارەکەمان گەورەتر ببێ و گەشە بکا و پەرە بسێنێ ئێمەش ئەوەندە خۆش ڕابواردنمان دەست ئەکەوێ کە ئەوانە بەری شارستانێتین... بەڵام لەوەوە چاوچلێسی[1] پەیدا ئەبێ، کە بەناو شارەکەی خۆمان و شارەکانی دراوسێماندا بڵاوئەبێتەوە... لەوەیشەوە وای لێ دێ کە هەر شارە چاو ببڕێتە زەوییەکانی شارەکەی تر!... کە گەیشتە ئەم ڕادەیەیش، ناچار ئەبین لەشکر کۆبکەینەوە، چاکترین سەرباز و پاسەوانانیش ئەو کەسانەن کە لەناو ئەو کەسانەدا هەڵبژێرین کە خاوەنی دڵ و دەروونی چاک بن و مەشقێکی تەواویشیان هەبێ لە «کار و فرمانی سەربازیدا... ئەوەیش بۆ ئەمەی لەگەڵ دوژمنەکانماندا دڵڕەق بن، لەگەڵ دۆستەکانماندا دڵنەرم بن! ئەوانەیش ئەبێ وەک سەگ وابن، کە ئەوەندە ئەزانێ: دۆست لە دوژمن، بەتەواوەتی جوێ بکاتەوە. لەوەدا ڕاستی پەرستییەکی ڕاستەقینەی هەیە کە لەسەر بنچینەی تاقیکردنەوە دامەزراوە هەر کەسێکی ناسی بەدۆستی دائەنێ. هەر کەسێکیش نەناسی بەدوژمنی دائەنێ!. ئنجا کە لە ئامادەکردنی سەربازەکانمان بووینەوە. بام بەجێیان بهێڵین بارەگای خۆیان دابمەزرێنن بۆ پاراستنی شارەکەمان. پێویستە سەربازەکان ئەوە بزانن کە کار و پیشەیان تەنیا سەربازیی ئەبێ، نەک پارە کۆکردنەوە... پێویستە هەموویان پێکەوە بژین، بەمەرجێ فەرمانڕەوایی مووچەی تەواویان بۆ ببڕێتەوە، بەڵام نەهێڵێ سامانی تایبەتی بۆ خۆیان پێکەوە بنێن!.

سەردارەکانی ئەم فەرمانڕەواییییە بێ هاوتایەمان، یاخود بڵێین شوانەکانمان و سەرپەرشتیکەری کاروبارمان، پێویستە زۆر خوێندەوار و تێگەیشتوو بن، زۆر شارەزای کاروباری جیهان بن. کەواتە پێویستە خوێندەواریی نەتەوەکەی خۆمانیان فێر بکەین و تێیان بگەیێنین: بە هی هۆش و بە هی لەشەوە. واتا فێری ساز و ئاواز و گۆرانی و وەرزشیان بکەین. هەروەها لە پێش هەموو شتێکا بایەخ بەوێژە بدەین. لە ڕاستیدا ئێمە وا ڕاهاتووین کە لە پێش فێرکردنی ڕاستیدا، شتی ناڕاست فێری منداڵەکانمان بکەین. شتی هەڵبەستراوی پڕ درۆیان فێر بکەین، ئنجا شتی ڕاست و دروست!. جا بۆ ئەمەی لەو زیان و خراپەیە منداڵەکانمان بپارێزین پێویستە سەرپەرشتییەکی تەواو و بەزەبروزەنگ بکەین بەسەر ئەو خوێندنگایانەدا، کە منداڵەکانمان تیایاندا ئەخوێنن. بۆ ئەمەی هەرچی شتی هیچوپووچە و چرووکە لە مێشکی شاگردەکانمانی دووربخەینەوە...

---

(١) کورد دەڵێ: چاوچنۆکی، چلێسی لەمە جیایە.

## پێرەویی خوێندن و پەروەردەکردن لە کۆمارەکەدا

لەبەرئەوە نابێ بهێڵین، چیرۆک و بابەتی وا بڵاو بکرێتەوە کە لە ڕێز و پایەی خواکان کەم بکەنەوە. ئەبێ «خوا» وەک هەیە، وای پێشان بدەین: کە هەموو دەم چاکە و کەڵکی لێ ئەوەشێتەوە، نەک خراپە... کە خوایەکی وایشە هەرگیز ناگۆڕێ، هەرگیز تێک ناچێ هیچیشی لێ نایەت... ئەو خوایە پێویستیی بەوە نییە کە لە شێوەیەکی ناڕاستدا پێشان بدرێ، کە لە شێوەی خۆی نەکات... ئەو خوایە حەز لە درۆ ناکات. چەواشەکردن و فڕوفێڵی پێ خۆش نییە... هیچ جۆرە کلکە لەقێ و زمان لووسی و پشی پشی کردنێکیشی[1] بەلاوە جوان نییە، وەک هەندێ جار مرۆڤەکان ئەیکەن و بەشتێکی بێ تاوان و خۆشەویستی دائەنێن. بەکورتی پێویستە لەسەرمان کە (خوا)، هەموودەم لە شێوەیەکی ڕاستیی بەرجەستە و مافی ڕووتدا پیشان بدەین!.

هەروەها نابێ بهێڵین ئەو چیرۆکانەیش بڵاوبکرێنەوە کە ترس ئەخەنە دڵی پیاوەوە لە مردن. هەروەها نابێ پاڵەوانەکانیشمان -لەپێش ئەواندا خواکانیشمان- لە شێوەیەیەکی وادا پێشان بدەین کە ترس و لەرزیان هەبێ و یا شین و گریان. یان دڵناسکیی خۆیان زاڵ بێ بەسەریاندا و تووشی هەڵەیان بکات، یان بەبێ هۆ بیانخاتە پێکەنینێکی بێ ئەندازەوە! پێویستە هەموودەم وایان پێشان بدەین، کە مەند و لەسەرخۆن، تا هەموو دەم ڕێزیان لێ بگیرێ!.

هەروەها پێویستە ڕاستی پەرستی لە هەموو دڵ و دەروونێکدا بچەسپێنین. چونکە ئەو درۆیانەی کە لەش خاو ئەکەنەوە و بۆ ئەوەیش بەکار ئەهێنرێن کە دڵ و دەروون ئارام بگرن، هەر ئەبێ لەلایەن سەردارەکانمانەوە بەکاربهێنرێن، نابێ لەوان بەولاوە کەسی تر بەکاریان بهێنێ!.

مام ناوەندێتییش، کە بریتییە لە زاڵبوون بەسەر دڵ و دەرووندا لەگەڵ ملکەچکردن بۆ خونکار، نابێ هەر خواکان و پاڵەوانەکان هەیانبێ، وەک «هۆمیرۆس» گوتویەتی، پێویستە هەموو کەس ئەو کردەوەیەی هەبێ! لەبەرئەوە پێویستە زۆر بابەتی وا پڕوپووچ لە مێشکمان دووربخەینەوە.

جا لەبەرئەوەی کە تا ئێستا نەگەیشتووینەتە ئەوەی واتای (ماف) و «داد» پێشان

(١) ئەم سێ ئیدیۆمەیە: کلکە لەقێ، زمان لووسی، پشی پشی: یەک مانا دەبەخشن کە (تملق)ە و مامۆستا سەرکەوتووانە لەجێی خۆیاندا بەکاری هێناون.



بدەین. پێویستە هیچ بڕیارێکیش نەدەین لە بابەت ئەو شێوانەوە کە سەرڕاستی پێشان ئەدەن لە بەرگی گەورەیی و سەرکەوتووییدا!.

هەرچی چیرۆکێکیشی هەیە پێویستە لە شێوەی هۆنراوەدا دایان بڕێژین، شێوەی هەرە ئاسانیش ئەوەتا کە کردەوەکان دەربخەین، یاخود وێنەکان پێشان بدەین، یان ئەو دوو شێوەیە یەک بخەین. واتا ئەو چیرۆکە مەرگەساتانە، یاخود ئەو چیرۆکانەی گفتوگۆکردنیان تیابێ. وا هەڵئەگرێ سەردارەکانمان یاخود کاربەدەستەکانمان، خۆیان لە چاولێکەریی، بەتەواوەتی، دووربخەنەوە. یان هەر هیچ نەبێ، بام هەر چاولێکەریی لەوەدا بکەن کە چاکە و بەرزە و پیرۆزە و نەژادە... چونکە چاولێکەریی لە خراپەکردن و بەدخوییدا، ئەبێتە هۆی تێکچوونی ڕەوشت و خووی مرۆڤ... لەبەرئەوە پێویستە لە سنوورێکی زۆر تەنگ و تەسکدا ماوە بەچاولێکەریی و لاسایی کردنەوە بدرێ!.

بەڵام... ئەوانەی کە بەڕاستی هەڵئەگرن بیانکەین بەسەرداری خۆمان کێن؟

سەردارکانمان ئەبێ لەو پیاوە پیرانە بێ کە لە بەرامبەر هەموو تاقیکردنەوەیەک و فڕوفێڵ و چەواشەکردنێکا خۆیان ڕاگرتبێ و لە ڕێگای ڕاستی خۆیان لایان نەدابێ.

ئەوانەن کە ئەتوانین پێیان بڵێین «سەرپەرشتیکەر»، یاخود «چاودێریکەر»، یان «کاربەدەست».

بەڵام ئەوانەی کە لە تەمەندا لەوان بچووکترن، ئەبێ پێیان بڵێین «یارمەتیدەران».

هەروەها لەسەریشمان پێویستە کە بیچەسپێنینە دڵی هەموو کەس و هەموو هاونیشتمانێکەوە، کە هەموویان برا و خوشکی یەکترن، ئەوەندە هەیە کە هەریەکەیان بریتییە لە کانێکی جوێ... هی وایان تیایە لە زێڕ داڕێژراوە. هی وایشیان تیایە لە زیو. هی وایشیان تیایە لە مس دروستکراوە. یان لە ئاسن، ئەوەیش پێویست نییە کە هەموودەم کوڕەکان و کچەکان لەو کانە داڕێژرابن کە باوک و دایکیان لێی داڕێژراون. بەهەموو ڕەنگ پێویستە هەر کەسە بەپێی ئەو کانەی کە لێی دروستکراوە فرمان و پایەی بدرێتێ.

## ماف و داد و هەرچوار کردەوە چاکەکە

بام ئێستا لە «ماف» بدوێین... جا بۆ ئەمەی بەتەواوەتی بۆمان دەربکەوێ، پێویستە لە پێشدا لەو سێ کردەوە چاکانەوە بدوێین کە بەتەنیشت ئەوەوە وەستاون:

یەکەمی ئەو سێ کردەوە چاکانە «تێگەیشتوویی»یە.

که ئەبێ بەجۆرێکی تایبەتی ئەو سەردارانە هەیانبێ کە پاراستنی فەرمانڕەواییەیان پێ سپێراوە!. جا ئەگەر ئەوانە هەموو «تێگەیشتوو» بن، تێگەیشتوویی بەناو هەموو لایەکی فەرمانڕەواییەکەدا بڵاوئەبێتەوە!. کردەوە چاکەکەی دووەمیان (ئازایەتی)یە. ئەم کردەوەیە ئەبێ هەموو سەربازێک هەیبێ. چونکە «ئازایەتی» بریتییە لە هەڵسەنگاندنێکی ڕاست و دروستی تەنگوچەڵەمە و تەنگانە. ئەمەیش بەهۆی خوێندەواریی فێرکردن و پەروەردەکردنەوە ئەخرێتە دڵ و دەروونیانەوە.

کردەوە چاکەکەی سێیەمیش «مام ناوەندێتی»یە واتا زاڵبوون بەسەر دڵ و دەرووندا. ئەم کردەوەیەیش لە ڕاستیدا بریتییە لە زاڵبوونی کردەوە چاکەکان بەسەر کردەوە خراپەکاندا. ئەمیش لەوە ئەکات کە چینی زیرەک و وریای فەرمانڕەواییەکەمان، دەسەڵاتدارە بەسەر چینی نازیرەک و گێژوویژەکەماندا...

وا دەرئەکەوێ کە «مام ناوەندێتی» لەوەدا ئەبێ کە لە ناوەند چینەکانی نەتەوەدا هەر ئاشنایەتی و پەیوەندییەک هەبێت لە شێوەیەکی ڕێکوپێکدا ساز بووبێت...

جا لەمەوە دەرئەکەوێ کە ئەو کردەوە چاکەی ماوەتەوە لە کردەوە چاکەکان کە فەرمانڕەوایی پێویستە خۆی پێوە برازێنێتەوە – ئەوەیە کە هەر کەسە، پێویستە لەسەری، بەهەموو کوڵی دڵیەوە خەریکی فرمانی خۆی بێت لە فەرمانڕەواییدا، نەک خۆی خەریک بکات بەفرمانی دراوسێکەی، یان بەهی کەسێکی ترەوە.

## هەست، هۆش، خرۆش

بام سەرنجێ بدەین، بزانین، ئەم کردەوە چاکانە لەناو کەسانی ناو کۆمەڵدا چۆن دەرئەکەون. ئێمە لە هەموو کەسێکدا سێ کردەوەی جوێ جوێ ئەبینین هەریەکەیان بەجیا، فرمانی خۆیان بەجێ ئەهێنن. ئەو کردەوانە ئەمانەن: کردەوەکانی «هۆش»، کردەوەکانی «هەست یاخود گیان»، کردەوەکانی «ئاڵۆش و خرۆش» کە پەیوەندییان بەخۆش ڕابواردن و ئاڵۆشدامرکاندنەوە هەیە.

پێویستە هەر یەکێک لەم بەشانە، جوێ بێ لە دوو بەشەکەی تر، چونکە هیچ شتێک نییە بتوانێ دوو فرمانی پێچەوانەی یەکتر لە یەک کاتدا بکات. چونکە ئاڵۆشەکانت پاڵت پێوەئەنێن کردەوەی وا بنوێنیت کە هۆشت لێی بەربەست ئەکات. هەستە گیانییەکانیشت، پێچەوانەی (ئاڵۆش) و (هۆش)ن لە ئارەزوو و ئامانجیاندا. ئەوەندە هەیە لە (هۆش) نزیکترن تا لە (ئاڵۆش)...



جا ئەگەر هاتوو کردەوەکانی فەرمانڕەواییمان بەسەر کەسێک لە کەسەکانی نەتەوەدا چەسپاند، بۆمان دەرئەکەوێ کە (تێگەیشتوویی) و (ئازایەتی)، بەرامبەر بەکردەوەکانی (هۆش) و «گیان» ئەوەستنەوە. (مام ناوەندێتی)یش بەرامبەر ئەوە ئەوەستێتەوە کە «هۆش» و «گیان» هەردووکیان پێکەوە زاڵ بین بەسەر (ئاڵۆش و خرۆش)دا!. بەڵام (مافپەرستی) یاخود «دادپەروەریی»، کردەوەیەکی گەورەیە لە کردەوە چاکەکان، هەموو لک و لۆکانی (گیان) ئەگرێتەوە بەجۆرێکی تێکڕایی هەر سێ جۆرە کردەوەکانیش بەکاری ئەهێنن بەتەنیشت فرمانەکانی خۆیانەوە.

بەم ڕەنگە هەر پرسێک بکرێ لە بابەت ئەوەوە کە: دادپەروەریی چاکترە بۆ پیاو یاخود زۆرداریی؟، بەقسەیەکی هیچوپووچ دائەنرێ.

## کۆنترین هاوار بۆ یەکسانیی ژن و پیاو

لێرەدا (گلاوکون) و (ئەدیمانتس) قسەیان پێ بریم، پرسییان لە بابەت پایەی ئافرەتەوە لەناو فەرمانڕەواییەکەماندا. لێرەدا وای بەڕەوا ئەزانین کە ڕەگەزێک لە ڕەگەزەکانی گیانلەبەران بهێنینەوە بۆ نموونە: کە ئەویش ڕەگەزی سەگە. لە کاتی ڕاودا نێرومێی سەگ هەردوولایان پێکەوە، پەلاماری نێچیر ئەدەن. هیچ جیاوازییەک لە ناوەندیاندا نییە!. منیش هیچ تەگەرەیەک نادۆزمەوە لەبەردەم ئافرەتاندا کە ئەوانیش فرمانەکانی پیاوان ببینن و ڕایان پەڕێنین، بەمەرجێ بتوانن بەرگەی ئەرک و کێشەی ئەو فرمانانە بگرن. تەنانەت بۆ ئەوەیش دەربەست نیم کە ئافرەتیش لەگەڵ پیاواندا لە هەوارگای سەربازەکاندا، فێری هونەری شەڕ و کوشتار بکرێن، پاش ئەوە ئافرەتیش لە کۆڕی شەڕدا چەک بگرێ بەدەستەوە و وەک پیاو شەڕ بکات.

## گوایە بۆچ وانەبێ؟!

جیاوازیی ناوەند ئافرەت و پیاو لەوەدا پەیدا بووە کە ئافرەتەکان مناڵەکان لەناو منداڵدانیاندا ئەمێنێتەوە تا لە دایک ئەبن، بەڵام پیاوەکانیان کە تۆوی ئەو مناڵانە ئەخەنە منداڵدانی ئافرەتەکانەوە، لەوە بەولاوە، ئەو جیاوازییانەی لە ناوەند پیاوان و ئافرەتان دایە، هەر ئەوەندەیە کە پەیوەندیی بەکەمی و زۆری هێز و تواناوەیە. تەنانەت ئەم جیاوازییانەیش لەناو پیاوەکان خۆیشیاندا هەن!. هەروەها لە ڕووی خوێندەواریی و تێگەیشتنیشەوە کە پێشکەشی هەردوو ڕەگەزەکەی ئەکەین جیاوازییەک هەیە. بەڵام ئەم کارە بەدەست خۆمانە چارەی بکەین.

ئەویش بەوە ئەبێ کە بەئافرەتیش ماوە بدەین وەک پیاو، فێری خوێندەواریی بابەتی لەش و هۆش ببێ و، پەروەردەیش بکرێ... بەکورتی ئەو جیاوازییانەی کە لە ناوەند هەردوو ڕەگەزەکە دان، جیاوازییەکی سەرەتایی، یاخود سروشتیی گرنگ نین... جا لەبەر ئەمەی کە سروشتی ئافرەتیش هەروەک سروشتی پیاو وایە، ئەویش وەک پیاو مافی هەیە ئەو جۆرە خوێندەوارییەی کە بە پیاو فێر ئەکرێ، فێری ئەویش بکرێ. هەروەها مافی ئەوەیشی هەیە، کە بەچەشنی پیاو ماوەی بدرێتێ، بۆ ئەمەی وەک پیاو، فرمانی پیاوان ببینی و ڕای پەڕێنێ!.

## ئاشنایەتیی ڕەگەزەکان و زاڵبوون بەسەر منداڵبووندا

منداڵەکانی «کۆمار»، ئەبێ لەو دایک و باوکانە پەیدا بن کە فەرمانڕەوایی ئەیانکات بەژن و مێردی یەکتری. ئەویش بەم جۆرە پێکدێ، کە فەرمانڕەوایی بەهێزترین پیاوان و ژنان هەڵ ئەبژێرێ لە لەش و هۆش و دڵ چاکیدا. پاش ئەوە، سەرپشک ئەبێ و بۆ هەر پیاوە ژنێک هەڵ ئەبژێرێ بۆ ئەمەی منداڵێکی ناوازەی لێبی ببێ.

ژنەکە بۆ ماوەیەک لای مێردەکەی خۆی ئەمێنێتەوە، تا سکی پڕ ئەبێ و منداڵەکەی ئەبێ. واتا ژنهێنانی تاکوتەرایی نامینێ، خێزانی تایبەتیش هەر نامێنێ!... هەر ئەوەندە منداڵەکان لە دایکبوون، لە باوک و دایکیان ئەسێنرێن و ئەدرێن بەدایەنگای هەمووان[1] بەخێویان بکات... ئەم دایەنگایە بەدەست فەرمانڕەواییەوەیە ئەو کاروباری ئەبات بەڕێوە. «ئەوەندە هەیە، نابێ لەوە پاشتر باوک و دایکی خۆیان بناسنەوە!» چونکە هەر بەهۆی ئەم کردەوەیەوەیە کە ئەتوانرێ «برایەتیی جیهانی پێک بهێنرێ نەک وەکو ئێستا کە هەر بریتییە لە پێشبینییەک، یاخود چیرۆکێکی ناڕاست و هەڵبەستراو.

ئا بەم ڕەنگە منداڵەکانی کۆمار پێ ئەگەیێنرێن، کە لەسەر ئەو بنچینەیەیە کە «هەموویان» برا و خوشکی یەکترین ماوەیش نادرێ کە خۆهەڵکێشان بە باوک یاخود بە دایکەوە، ئەو برایەتییەیان لێ تێک بدات!... هەروەها کە خۆهەڵکێشان بە (کوڕی من) و (کوڕی تۆ)یشەوە نەما، هەستەکانی خۆپەرسی و چاوپیسی و بەربەرەکانی نامێنن لە ئارادا کە ناوەندی باوکەکان و دایکەکان، بەجۆرێکی تێکڕایی تێک بدەن جا بەهۆی ئەوەوە گیروگرفت و ناکۆکی و چەواشەکردن و سووکی و هەستە ناپوختەکانیش کە لەو شتانەوە پەیدا ئەبن، لە ئارادا نامێنن!.

(١) دانگەی گشتی.



## سەربەستی لە دڵدارییدا

ئەوەندە هەیە، باوک و دایکەکان، زۆریان لێ ناکرێ کە پەیوەندیی ڕەگەزایەتییان هەر ئەوەندە بێ، کە لەگەڵ ئەو هاوسەرانەی خۆیاندا بوون لە ئەنجامی سەرپشکیان و هەڵبژاردنەکەیان دا. ئەوانە، لەپاش منداڵ دروستکردن بۆ فەرمانڕەوایی، ئەتوانن لە کەینەوبەینەی ڕەگەزایەتیدا سەربەستیی خۆیان وەربگرنەوە، ئەتوانن لەگەڵ هەر کەسێکا ئارەزوو بکەن. تێکەڵی و ژن و مێردیی بکەن. بەڵام بەمەرجێ، بەڵێن بەفەرمانڕەوایی بدەن، کە هەر کاتێ سکی ئافرەتەکە پڕبوو لە ڕێگەی ئەم ژن و مێردییە سەربەستانەوە، کە جیاوازە لە ژن و مێردییە (هەڵبژێراو)ەکەی لەمەڕ فەرمانڕەوایی، ئەو منداڵە لەبار بدەن و نەهێڵن بژی!.

بەم ڕەنگە کەینەوبەینەی ئەم (دڵدارییە سەربەست)ە بەڕەڵڵا ئەکرێ بۆ زیرەکی و هۆشمەندیی ژن و پیاوەکان خۆیان. چونکە فەرمانڕەوایی، دەست لە ژیانی تایبەتیی هاونیشتمانەکان نادات. فەرمانڕەوایی، هەر ئەوەندەی ئەوێ لە هاونیشتمانێک، کە لەو کاتەدا تێ ئەکۆشی بۆ کامەرانیی تایبەتیی خۆی، ئازاری هاونیشتمانەکانی تر نەدات!.

## پێڕەوییەکی خوێندەواریی بۆ منداڵان تا تەمەنی بیست ساڵی

بام بگەڕێینەوە لای ئەو منداڵانەی کە لەو باوک و دایکە هەڵبژێراوانە بوون.

هەروەکو لەمەوپێش گوتمان، ئەو منداڵانە هەرکە لە دایکبوون ئەدرێنە دەست فەرمانڕەوایی، بۆ ئەمەی لەژێر چاودێریی خۆیدا دایەنگایەکانی خۆی پەروەردەیان بکات و پێیان بگەیێنێ، پاش ئەوان، خوێندنگاکانیشی پێیان بخوێنێ و پەروەردەکردنەکە تەواو بکات. جا ئەو منداڵانە هەموویان پێکەوە، بەکوڕ و کچەوە، بێ جیاوازیی، هەر لەسەر یەک پێڕەویی خوێندنیان فێر ئەکرێ، و پەروەردەیش ئەکرێن تا تەمەنیان ئەگاتە بیست ساڵی. لە پێڕەویی فێرکردن و پەروەردەکردنی سەرەتاییدا دوو بابەتی گرنگ هەیە. یەکێکیان وەرزشە، یەکێکیشیان ساز و ئاواز و گۆرانییە، وەرزش بۆ ئەوەیە کە ئەندامەکانی لەشیان بەڕێکوپێکی و جوانییەوە گەورە بن و ساز و ئاواز و گۆرانییش بۆ ئەوەیە کە دەروون و گیان لەنگەر بگرن و ڕێکوپێک بن. (چونکە ئەو پیاوەی لەناو دەروونیا «ساز و ئاوازێکی ناوەوە»ی نەبێ، هەرگیز پشتی پێ نابەسترێ و باوەڕیشی پێ ناکرێ). چونکە هۆشی بەلەنگی ئەمێنێتەوە، هەستەکانی بێ لەنگەر ئەبن، پێزانینیشی بەڕاستی و چەوتی تا سەر بەخواروخێچی ئەمێنێتەوە!.

بەلای (ئەفلاتون)یشەوە، ساز و ئاواز بریتییە لە هەموو ڕێکوپێکی و لەنگەرێک؛ لە هەموو سازبوون و کۆکییەک. ئەو شتە ببیسترێ یان نەبیسترێ جیاوازیی نییە!. بەلای ئەوەوە ساز و ئاواز هۆی هەرە گەورە، یاخود بیروباوەڕی پاراستنە، جیهان ئەپارێزێ لەوەی کە بکەوێتە گێژاوێکی ئاژاوە و پەشۆکاویی ئاودامانەوە. بەلای ئەفلاتونەوە وایە، کە ساز و ئاواز، گیانی هەموو جیهانە. ئەستێرەکانیش لەشی جیهانن بەبێ ساز و ئاواز زەوی ئەبێتە پشکۆیەکی کوژاوە و دامرکا و. ئاسمانیش ئەبێتە مشتێک خۆڵەمێشی لە پاش بەجێماو!.

کەواتە ساز و ئاواز بابەتێکی بنچینەییە کە فێری هەموو کەسێک بکرێ لە «کۆمار»ەکەدا. ئەو خوێندنگایانەیش کە ئەوانە تا ئەخوێنن لە هەردوو ڕەگەزەکەی تیایە، لە کوڕ و لە کچ، بەتەنیشت یەکەوە ئەخوێنن، لەگەڵ یەکتریشدا یاریی و وەرزشەکانیان ئەکەن. لە کاتی مەشقکردنی وەرزشەکانیاندا، ئەبێ کچەکانیش چەشنی کوڕەکان، خۆیان بەتەواوەتی ڕووت بکەنەوە!

«چونکە کوڕ و کچەکانی فەرمانڕەواییە بێ هاوتاکەمان ڕەوشت و خووە چاکەکانیان لەشیان دائەپۆشێ!». پێویستە، هیچ کوڕ و کچێک هەست بەشوورەیی نەکات، لەوە چونکە هەستی وا نابەجێیە. هەروەها نابێ گاڵتەیش بەیەکتر بکەن، یاخود دەست بکەن بەقسەی لاقرتی و پڕوپووچ، کاتێ کە ئەو لەشی مرۆڤانە ئەبینن کە خوا دروستی کردوون.

## فێرکردن بۆ دڵخۆش کردنە نەک بۆ ئازاردان

جا هەروەک ئەبێ پەروەردەکردنی مناڵ لە شەرمی دەستکرد دوور بخرێتەوە، هەروەها ئەبێ لە ئەرک و ئازاریش دوور بخرێتەوە چونکە فێرکردن ئەبێ بۆ دڵخۆش کردن بێ، نەک بۆ ئازاردان، هەر کاتێ مامۆستای چاک دەست کەوت، ئەبێ مناڵێکی ئاسایی خۆشی وەربگرێ لە وەرزشی هۆش و لە وەرزشی لەشی. کەواتە ئەبێ خوێندنگا وەک یاریخانەیەکی هۆشی لێ بێ، وەک کۆڕێکی گرەوخانەی مێشکی لێ بێ، شاگردەکان گرەوی تیا بکەن بۆ گەیشتن بەسەرکەوتن، لە وەرزشە خۆشەکەیاندا: واتا وەرزشی بیروباوەڕ گۆڕینەوە.

ئەمانە لە بابەت پێڕەویی پەروەردەکردنی مناڵەوە بوون لە خاکی (کۆمار)ەکەدا، تا تەمەنی بیستساڵی. لەپاش ئەم بیست ساڵییە جوێکردنەوەیەکی گەورە لەناو شاگردەکاندا دەست پێ ئەکرێ. ئەوانەی کە لە توانایان دانابێ خوێندەواریی بڵند تەواو



بکەن لائەدرێن. لەوانە چینی (خوارەوە) لە نەوەی تازە. دروست ئەبێ. واتا: چینی جوتیار و کرێکار و خاوەن کاروبارەکان. شاگردەکانی تریش لەسەر خوێندنی خۆیان ئەڕۆن تا دە ساڵی تر. واتا. تا ئەگەنە تەمەنی ٣٠ سی ساڵی لەم دە ساڵەدا، سێ جۆرە زانستیان پێ ئەخوێندرێ: ژمێر (حساب) و ئەندازە (هندسە) و ئاسمانناسی (فلک).

کە لەم خوێندنی زانستانەیش بوونەوە و گەیشتنە تەمەنی ٣٠ سی ساڵی بژارێکی تریش لەناو شاگردەکاندا ئەکرێ. ئەوانەی ناتوانن لەوە زۆرتر بخوێنن. لائەدرێن. لەمانەیش چینێکی ناوەڕاست دروست ئەکرێ. واتا: چینی (سەربازەکان) کە پاراستنی فەرمانڕەوایی بەوان ئەسپێرێ. سەربازەکانیش. لە (کۆمار)دا فرمانێکی یەجگار گرنگیان ئەبێ. ئەوانە بەهێزێکی دوژمنایەتی دانانرێن. بەهێزێکی خۆپاراستن دائەنرێن. چونکە (کۆمار) حەز لە شەڕوشۆڕ ناکات. لە ڕاستیدا کۆمار لەشکری پێویست نەئەبوو. ئەگەر ئارەزووی ئەوەی نەبوایە کە بیکات بەهۆیەک بۆ پاراستنی سنوورەکەی خۆی لە هەڕەشەی هورووژم هێنەرە چاوبرسییەکان.

## ئامادەکردنی چینی سەردارەکان

٤

وا ئەگەڕێینەوە لای ئەو چینە ناوازەیەی کە تەمەنیان گەیشتوەتە سی (٣٠) ساڵی. ئەوانەی هونەرێکی وایان نواندووە کە بتوانن لەپاش ئەم تەمەنەیشەوە لە خوێندن دەست هەڵ نەگرن. ئەوانە، ئێستاکە، دەست ئەکەن بەخوێندنی لقێکی هەرە بڵندی زانستەکان کە پێی ئەڵێن: ڕاستی پەرستی!.

ئەمەیش بۆ ئەوەیە کە لە دواڕۆژدا کاروباری فەرمانداریی، لە فەرمانڕەواییەکەدا بگرنە دەست خۆیان. ئەوە بوو چاومان پێکەوت، کە لە یاساییی کۆمارەکەدا، ژن و پیاو بەتەواوەتی مافیان وەک یەکە. ئەم یەکسانییە، لە فێرکردن و هەل دەستکەوتندا، لە ئارادایە، بۆ پڕکردنەوەی پایە گەورەکانی فرمانە گشتییەکانی فەرمانڕەوایی کە هیچ جیاوازییەک لە ناوەند ژن و پیاودا بەکارناهێنرێ. جا هەر کاتێ ئەو ژن و پیاوە هەڵکەوتووانە پێنج ساڵیان تێپەڕاند بەخوێندنی ڕاستی پەرستییەوە ئیتر ئەتوانن وازبهێنن لە خوێندنی ناو خوێندنگاە. ئیتر لەوە دوا پێویستە لە کاروباری جیهانیدا شارەزا بکرێن. بۆ ئەوەیش بەشێکی تایبەتی لە دەزگاکانی فەرمانڕەواییدا ئامادە کراوە.

پێویستە، ئێستاکە، ئەوانەی لە پۆپەی بیرکردنەوە و لێکۆڵینەوەکانی خۆیان بێنە خوارەوە، بۆ جیهانێکی ژیانی ڕۆژانەی پڕ لە دەنگەدەنگ و قیرەقیر... پێویستە لە نزیکەوە لە ڕاستییەکانی جیهانەکەی خۆیان تێ بگەن، ئنجا ماوە بدرێن کە هاوبەش بن لە هەڵسوڕاندنی کاروباری کۆمارەکەدا. کەواتە ئەبێ چەند ساڵێک بمێننەوە لەم ماوەیەدا، تا ئەو فرمانەی لە دوارۆژدا پێیان ئەسپێری، تیا قاڵ بن و تیا شارەزا بن؟ ئەبێ بەلای کەمەوە پانزە ساڵ بەوەوە خەریک بن،! لەپاش تەمەنێکی سیی و پێنج ساڵییەوە، پانزە ساڵ بەمەشقکردنەوە خەریک ئەبن لە کاروباری گشتیدا. تا دوایی لە تەمەنێکی پەنجا ساڵیدا، بەجۆرێکی وا دەربچن، کە چاکترین کەس بن بۆ هەڵسووڕاندنی کاروباری (سەرداره ڕاستی پەرستەکان) ئەویش لەبەرئەوەیە کە هەر تەنیا، ڕاستی پەرستە، کە هەڵ بگرێ بخرێتە جێگای سەرۆکی فەرمانداریی لە کۆمارە بێ هاوتاکەماندا!. (چونکە تا ڕاستی پەرستەکان نەبنە سەردار، یاخود سەردارەکان ڕاستی پەرستی نەخوێنن، ئازار و هاواری مرۆڤ لەبن نایەت، یاخود لە ئەندازەیەکدا ناوەستن!».

بەم ڕەنگە ڕاستی پەرستەکانی فەرمانڕەواییە بێ هاوتاکە، بڵندترین چینی ڕۆڵەکانی دەرئەچن، چ لە ڕووی خوێندەواریی و تێگەیشتووییانەوە چ لە ڕووی هێز و توانای لەش و هۆشیانەوە کە کردوونی بەخاوەنی ئەم خوێندەوەوارییە هەرە بەرزە... ئەوانە پوختەی ئەو پیاو و ژنە ناوازانەن کە فەرمانڕەوایی توانیوێتی بیانهێنێتە بەرهەم و پێیان بگەیێنێ. لەبەرئەوە، لەسەر هەردوو چینەکەی تر -چینی خواروو و چینی ناوەڕاست- پێویستە کوێرانە فەرمانیان بەجێ بهێنن و بەقسەیان بکەن.

جا بەرامبەر ئەم مافەی کە فەرمانڕەوایی داوێتی بەڕاستی پەرستە سەردارەکان، فرمانێکی گران و گرنگی داوە بەسەریاندا: ئەویش ئەوەتا کە تا لە جێگای فەرمانداریی خۆیاندان ببنە وێنەیەک بۆ سەر ڕاستی و دەسپاکی و دڵسۆزیی و خۆ دوورخستنەوە لە سامان کۆکردنەوە!.

ئاخۆ فەرمانڕەوایی چ ڕێگەیەکی دۆزیبێتەوە بۆ گەیشتن بەم ئامانجە ئەو فەرمانبەرە گشتییانەی لە مافی ساماندارییی تایبەتی بێبەش هێشتۆتەوە ئەوانە هەر شتێکیان هەبێ لەگەڵ گشتا هاوبەشن، تەنانەت نانخواردنیشیان لەگەڵ گشتایە کە لەناو هۆڵە گشتییە فراوانەکاندا ئەیخۆن. ئەوانە و هەموویان لە هۆڵە گشتییەکاندا پێکەوە ئەنوون. جا لەبەرئەوەی ئەو سەردارانە بۆ کەڵکی تایبەتیی خۆیان تێناکۆشن، بەرتیل خواردن و



دەسەڵات بەکارهێنان بۆ کەڵکی خۆلەوانەوە دوورە. ئەوانە هەر مەبەسێکیان ئەبێ هەبێ لە جیهاندا: ئەبێ تا ئەتوانن، لە هەموو دەمێکا دادپەروەریی دابمەزرێنن و گەشەی پێ بکەن و پەرەی پێ بدەن لەناو هاونیشتمانەکانی خۆیاندا!.

## ڕازی گێژووێژیی ڕاستی پەرستەکان و ناسازییان

بەڵام ڕەنگە کەسێک بپرسێ: کە ڕاستی پەرستەکان وا بەم جۆرە هۆشێکی ناوازە و پەسندیان هەبێ و بەکاری بهێنن لە هەڵسووڕاندنی کاروباری فەرمانداریی‌دا، ئەی بۆچ زۆرجار، کار و کردەوەی ناشییانە و شێتە پەتەرییانەیان لێ ڕووئەدات، لە بابەتی زۆر سادە و سووک دا!.

وەرامی ئەم پرسەیش ئاسانە: ئەو کەشتییەوانەی کە لەوە تێ ناگات هونەری کەشتییەوانی شارەزاییەکی تەواوی پێ ئەوێ دەربارەی ئەستێرەکان و ناوەڕۆکی ئاسمانەکان سەرکردەی کەشتییەکەی، بەشێت و گێژ و وێژ دێتە پێش چاو، کاتێ کە کار ڕەندینیی خۆی دەرئەخات و چاو ئەبڕێتە ئەستێرەکان و بەکاریان ئەهێنێ لە هاتوچۆکردنی کەشتییەکەیدا...

ئەگەر دەستی ببوایە، کاری لە دەست سەرکردەکەی خۆی ئەکێشایەوە هەروەها ناشی و نەزانەکانیش کردەوە و کاری ڕاستی پەرستەکان بەشتێکی ناساز و نەگونجاو، بەگێژووێژەی دائەنێن، کاتێ کە پەیبردنی ئەو بەڕاستییەکانی جیهان وای لێ ئەکات کە ئەو کردەوانە بنوێنێ. ئەوانە ئەوە نازانن، کە ئەوەی ڕاستی پەرست پەیی پێ ئەبات، ئەوان تێی ناگەن و هەستی پێ ناکەن!.

جا بۆ ئەمەی جیاوازییە گەورەکەی ناوەند پەی پێ بەڕاستی بردنی ڕاستی پەرستێک و ناشی و نەزانێک تێ بگەین، بام ئەم وێنەیە بهێنینەوە.

بام وای دابنێین: کە ئێمە، کۆمەڵی مرۆڤایەتی، هەموومان، لەناو ئەشکەوتێکی تاریکا ئەژین. لەوێدا کۆکراوینەتەوە و پێوەندیش کراوین. پشتیشیان کردۆتە سەرچاوەی ڕووناکی. بەڵام لە پشتمانەوە لەودیو ئەشکەوتەکەوە ئاگرێک کراوەتەوە، گڕەکەی گڵپەی دێ جا لەم جۆرە ڕێوشوێنەدا، ئێمە ناتوانین کەس ببینین لەوانەی لەودیو ئەشکەوتەکەوە تێ ئەپەڕن بەناو ئەو ڕێگایەدا کە کەوتۆتە ناوەند ئەشکەوتەکە و گڕی ئاگرەکەوە.

تەنیا (سێبەر)ەکانیانمان بەرچاو ئەکەوێ کە ئەدەن لەو دیوارەی بەرامبەرمانە! بەڵام ئەگەر هاتوو هەندێک لە ئێمە، بۆیان لووا ڕوویان وەرگێڕا و چوونە دەرەوە بەرامبەری

ڕووناکییەکە وەستان و سەر و شێوە و بەژن و باڵای ئەو پیاوانەیان بەڕاستی دیی، بێگومان ئەو دەمە لە سەرەتادا. ڕووناکییەکە لە چاویان ئەدا و چاویان ڕێشکە و پێشکە ئەکات، بەڵام لەپاش تاوێک چاویان ڕوون ئەبێتەوە و هەموو شتێکی بەتەواویی ئەبینن، ئیتر لەوساکەیشەوە خۆشی لە شت بینینی ڕاستەقینە ئەبینن!.

بەڵام ئەگەر جارێکی تر ڕووی ئەوانە وەربگێڕێتەوە ناو ئەشکەوتەکە، ئەوانە لە هاوڕێکانی خۆیان کەمتر ئەبینن لەناو تاریکییەکەدا واتا لەوانەی کە هێشتا ڕوویان نەکردووەتە ڕووناکییەکە!. هەروەها لە کەڵکی ئەوەش ئەکەون کە لەگەڵ هاوڕێکانی خۆیاندا بسازێن و هەڵ بکەن لە هەڵسان و بزووتن و کردەوە و کاریاندا.

لەبەرئەوە نابێ سەرمان لەوە سووڕمێنێ، کە ئەوانەی ڕووناکییەکەیان دیوە -واتا ڕاستی پەرستەکان- نایانەوێ بچنەوە ناو ئەشکەوتە تاریکەکەیانەوە (واتا ژیانی گشتیی جیهانیمان)ەوە. هەروەها لە کەڵکی ئەوەیش ئەکەون کە بسازێن و هەڵ بکەن لەگەڵ ئەو برایانەیاندا کە پەیوەندی ناشێتی و نەزانی و ئاڵۆشەکانی لەش بەستوونیەتەوە لەناو ئەشکەوتەکەدا و (پشت)یشی پێ کردوونەتە ڕووناکی -ڕووناکیی زانست و زانیاریی!.

کە مەگەر هەر سێبەری ڕاستی ببینن. جا ئەگەر هاتوو پێوەندی ئەوانە پچڕێنرا و ڕوویان کردە ڕووناکییەکە. ئەوانیش وەک ڕاستی پەرستەکان هەموو شتێک بەڕاستی ئەبینن. ئەوانیش ئەبن بەڕاستی پەرست. ئەوانیش وەک ڕاستی پەرستەکان خۆشی لە ژیان ئەبینن!.

کەواتە ڕاستی پەرستەکان، بەرزترین چینی مرۆڤایەتین. هەر ئەوانن کە توانیویانە خۆیان لە دەست پێوەندی ناشێتی و نەزانی و ئاڵۆش و خرۆشی لەشیان ڕزگار بکەن و ڕووی خۆیان وەربگێڕن بۆ ڕووناکی (بۆ ڕووناکیی زانست و تێگەیشتن و مافپەرستی و دادپەروەریی). بەمەندیی و بێدەنگی و ڕاگیراویی و ئازایەتیی خۆیانەوە توانیویانە بەرەنگاریی بیروباوەڕە باو و ناسراوەکان بکەن لە ناوچەکانی خۆیاندا!.

## بەرەنگاری کردنی شتی پڕوپووچ

ئێستا کەوا لە دامەزراندنی (کۆمارە بێ هاوتا)کەمان بووینەوە. ئیتر بام لەسەر دەرگاکانی بنووسین: [فەرمانڕەوایی دادپەروەر لێرە دایە!.]

بام ئێمەیش بچینە ناویەوە، تا ئاشنایەتی لەگەڵ هەندێ لە ڕۆڵەکانی تردا پەیدا بکەین. لە پێش هەموو شتێکا ئەوەمان بەرچاو ئەکەوێ، کە سەردارە ڕاستی پەرستەکانی



کۆمارەکە بوێژە خوانەناسەکەی خۆیان دەرکردووە کە ناوی (هۆمیرۆس)ە لەگەڵ چیرۆکە داستانەکانیدا کە پڕن لە بت پەرستی و قسەی پڕوپووچ!. چونکە ئەوە بۆ زیرەکیی ئەوان سووکییە کە باوەڕ بەو چیرۆکە منداڵانانە بهێنن دەربارەی خواکانی شاخی (ئۆلیمپ)، کە بە کەشوفشێکەوە وەک تاووس بەسەر لاپەڕەکانی (ئەلیادە)وە خۆیان ئەنوێنن و بەکردەوە نەنگەکانی مرۆڤایەتییانەوە خۆیان هەڵئەکێشن: وەک کوشتن و برین و، بەربەرەکانێ و، داوێن پیسی و، تۆڵەسەندنەوە و، چاوبرسێتی...

لەکاتێکا کە ئەبێ ئایین لەم هەموو چیرۆکە پڕوپووچە دڕندانانە و، کارە بێ هاوتاییە هەڵبەستراوە بێ جێیانە بەدوور بێ! بێجگە لەوە ئەبێ ئایینێکی وایشمان هەبێ، کە لەگەڵ هۆش و تێگەیشتنی مرۆڤایەتیدا ڕێک بکەوێ!.

کاتێ کە لەناو پەیوەندییەکانی و خواکانیان هاتینە دەرەوە بۆ ناو پەیوەندییەکانی ناو مرۆڤایەتی، خۆیان ئەم پەیوەندییانەی دواییمان وا دێتە پێش چاو، کە هەموویان لەسەر بنچینە چاودێریکردنی بیروباوەڕی سەربەرزیی و گەورەیی دامەزراون، هیچ کەمتەرخەمییەکیان تیا پێشان نادرێ!.

جا لەبەرئەوە خاوەن پیشەکان، وا دانراون لەناو (کۆمارە)کەدا کە لە چینی خواروون، چینی نزم و پەست. کارەکانیشیان وا دانراون کە نەنگی ئەبەخشن بەوانەی هەڵیان ئەسووڕێنن. (چونکە پیاوی خاوەن کار و فرمان هەرگیز بۆی نالوێ، سەر ڕاستیش بێ و سەریش بکەوێ لە یەک کاتدا!.)

## تاوانبار سزا نادرێ... چارەی ئەکرێ

تاوانبارەکانیش لە (کۆمار)ەکەدا خۆشەویستی و دڵسۆزییان بەرامبەر ئەنوێنرێ، نەک توانج و پلا و جوێن!. ئەوانە سزا نادرێن. بەڵام نایشهێڵرێ جارێکی تر گوناه بکەنەوە!. ئەویش لەبەرئەوەیە کە فەرمانڕەوایی پەیی بەوە بردووە، کە بەدکرداریی ئەوانە لە هیچەوە پەیدا نەبووە، لە نەزانین و کەم خوێندن و کەم پەروەردە کردنیانەوە نەبێ. کە ئەو کەموکوڕییانە بوون بەهۆی ئەوەی ئەوانە ببن بەگیانلەبەرێکی کلۆڵ و هەناسە ساردی وا کە نەبزانن چاکە و کەڵکی خۆیان لەچی دایە، نەیشزانن چاکە و کەڵکی براکانی سەر زەوییان لەچی دایە! جا هەروەک ناتوانین ئەسپێکی سەرکێش بەوە ڕام بکەین[1]، کە

(١) ڕامکردن: ڕاهێنان.

پشتی بدەینە بەر شوولّ. یاخود توندیی و تیژیی و دووره و پەرێزیی کەسێکی دڵشکاو و سەرکز بەوە کەم بکەینەوە، کە وەک کەنەفتێک لەگەڵیا بجووڵێینەوە. هەروەها گوناهباریش، پێویستە بەژییری و تێگەیشتنەوە لەگەڵیا بجووڵێنەوە نەک بەتوندیی و تیژییەوە. چونکە ئەگەر بەشێتی دابنێین، پێویستە چاکی بکەینەوە لە شێتی. خۆ ئەگەر بەناشی و نەزانیشی دابنێین پێویستە لەسەرمان بیکەین بەخوێندەوار!. جا لەبەرئەوە، لەم ڕووەوە، کۆمارەکەمان، پێڕەوییەکەی وایە کە: تاوانباریی بەدەرمانی ژیریی و تێگەیشتوویی بکوژێ، نەک تاوانبارەکە، خۆی بداتە بەرداری تۆڵەسەندنەوە و ئازاردان!.

## کوشتنی دڵسۆزانە

نەخۆشی لەشیش وەک نەخۆشیی ڕەوشت یاخود نەخۆشیی دەروونی لە نەزانینەوە پەیدا ئەبێ!. جا هەر کاتێ خوێندەوارییەکی ڕاستەقینە و بەکەڵک هاتە بەرهەم، نەخۆشییەکان تا ئەندازەیەکی گەورە کەم ئەبنەوە.

بەڵام ئەوەی چاک بوونەوەیان لێ چاوەڕوان ناکرێ، پێویستە بەشێوەیەکی دڵسۆزانە یارمەتی بدرێن تا بمرن چونکە مردنێکی گورجوگوڵانە چاکترە بۆ ئەوانە کە ماوەیەکی دوورودرێژ لەناو ئازار و ئێشی نەخۆشیدا بمێننەوە!.

(کۆمار) پێویستی بەپشتیوانەکان (محامی) نییە. چونکە بەدەستەیەکی خراپ و زیانبەخشیان دائەنێ!. هەر کاتێکیش زانست و هونەر هەموو لایەکیان گرتەوە، ئیتر شەڕ و ناکۆکی ئەوەندە ڕوونادەن. ئەو یاسایانەیش کە پەیوەندییەکانی ڕۆڵەکانی کۆمارەکە ڕێکوپێک ئەخەن ژمارەیان کەمە و ڕۆشنکردنەوەیان ئاسانە چونکە سەردارەکانی فەرمانڕەوایی، پیاوانی تێگەیشتوون، پەییان بەوە بردووە کە هەموو یاسایەکی تازە، دەستەیەکی تازەی لێ پەیدا ئەبێ، کە هەموویان بەرەنگاری ئەکەن سەردارەکانیش ئەمە بەوە چارە ئەکەن، کە هاونیشتمانەکانیان فێری ئەوە ئەکەن کە خۆیان فەرمانداریی بەسەر خۆیاندا بکەن کە ئەوانیش وایان لێهات، ئیتر چاو تێبڕینی باڵبازەکان هەتا بێت، لێی کەم ئەبێتەوە.



## کاری گرنگی فەرمانڕەوایی ئەوەیە: نەتەوە بخاتە کامەرانییەوە

کاری گرنگی (کومار)ەکە ئەوەتا: کە نەتەوە بخاتە کامەرانییەوە، واتا تەندروستی و دڵخۆشی و کاتی حەسانەوەیان بۆ بەرهەم بهێنێ... (ئەمەرسۆن) لەم بابەتەوە ئەڵێ: (تۆ تەندروستی و ڕۆژی حەسانەوەن بۆ جێبەجێ بکە، منیش بەڵێنت ئەدەمێ کە خۆنواندنی (شا و خونکارە گەورەکان بخەمە بەر توانج و پلاری هەمووان) ئەم (ئەمەرسۆن)ە شاگردێکی ئەم چەرخەی ئەفلاتونە. (تەندروستی) و (دڵنیایی) و (ڕۆژی حەسانەوە) – ئەو ڕۆژە درێژەی کە پڕە لە جوانی و دواییی نایەت – ئەمانە بەلای (ئەفلاتون)ەوە پوختەی کامەرانیی مرۆڤن. چونکە لە فەرهەنگی (ئەفلاتون)دا ئەم سێ وشەیە؛ (ژیانی پڕ لە جوانی) و (ژیانی پڕ لە دادپەروەری) و (ژیانی پڕ لە خۆشەویستی) هەرسێکیان یەکن. واتای ئەو خەوە دەرئەخەن کە (ئەفلاتون)، خۆی بۆ مرۆڤی دوارۆژی بینیووە.

هەروەها، بەلای (ئەفلاتون)ەوە، وشەکانی: (کامەرانی) و (چاکە)یەکن. لەبەرئەوە، بەلای ئەوەوە «پیاوی چاک» و «پیاوی کامەران»، هەردووکیان «پیاوی دادپەروەر»ن. بەلای ئەفلاتونەوە، (پیاوی دادپەروەر) ئەو کەسەیە کە دەروونێکی وای هەبێ ئاوازەکانی ناوی لەگەڵ یەکتردا ڕێک بکەون و بسازێ. کە کەسایەتییەکی وەهایشی هەبێ، تەواو و تەندروست و بێ وەی بێ، هەموو دەمێکیش ئاوازێکی ڕاست و دروست لێ بدات لە (ئاواز)ی یارمەتیدانی کۆمەڵایەتیدا!.

جا ئەم پیاوە بێ هاوتایەی کە لەناو (کۆماری ئەفلاتون)دا ئەژی، خۆی تەرخانکردووە بۆ دروستکردن و بەرهەمهێنانی (جوانی): جوانی لە منداڵە زیندووەکانیا، جوانی لە کردەوە هونەرییەکانیا، جوانی لە کردەوە و ڕەوشتە نەژادەکانیا. چونکە «جوانی» بریتییە لە «وشەی نهێنی»، یاخود (ڕێدان بەڕۆیشتن و تێپەڕبوون بۆ زیندەگانی چونکە ئێمە کە شتێکی جوان دروست ئەکەین، یاخود بەرهەمی ئەهێنین، لە ڕاستیدا هورووژم ئەبەینە سەر (مردن)، خۆی!.

وا ئێمە گەیشتینە دەرگای چوونە دەرەوە لە (کۆمارەکەی ئەفلاتون)دا بام بگەینەوە ئەو جێیەی کە لێوەی هاتووین. بام لەو شوێنەوە لێی بچینە دەرەوە کە لێوەی هاتینە ژوورەوە.

ئەویش بۆ ئەمەی دەست بکەینەوە بەگەڕانە پڕ ئەرک و ئازارەکەمان، کە هەر بێ ئەنجام دەرئەچێ!. هەروەها دەست بکەینەوە بەلێکۆڵینەوە، بێهودە گرانەکەمان، کە بابەت ئەم ئاواتە کۆنەوە: (ئاواتی جیهانێکی بێ هاوتا)!.

## نامەی هاونیشتمانێکی باش

ئەفلاتون بۆ ئەمەی فرمانی سەرشانی هاونیشتمانێکی باش لە کۆمارەکەیدا پێشان بدات، ئەم وێنەیەی زۆر بەجوانی و ڕەوانی هێنایەوە. گوتی، گێڕاویانەتەوە کە: چەند گیانێک لە جیهانەکەی ترەوە هاتوونە ناو جیهانی ئێمەوە. بۆ ئەمەی بچنە ئەو شێوە و لەشەوە کە خۆیان پێیان خۆشە، ئەو کار و فرمانانەیش بکەن کە بەلایانەوە جوانە. ڕۆژێکیان گیانی «ئۆلس» هات کە پاڵەوانی داستان (ئۆدیسە) بوو هەرچەندێکی کرد بەئاواتی خۆی نەگەیشت بەبۆڵەبۆڵێکەوە گوتی: «هەرچی لەشی جوان و کردەوەی گەورە هەیە دەست کەسانی تر کەوتوون، کەواتە بۆ من هیچ نەماوەتەوە.

دەنگێکی نەناسراویش لەولاوە وەرامی دایەوە پێی گوت:

(لە ڕاستیدا باشترین بەش بۆ تۆ ماوەتەوە، لە لەشی جوان و کردەوەی گەورەدا.

تۆ ئەوەت بۆ ماوەتەوە کە بچیتە شێوەی هاونیشتمانێکی ئاساییەوە بۆ ئەمەی فرمانێکی ئاسایی جێبەجێ بکەیت تا پاداشێکی ئاساییت بەربکەوێ!).

## سەرگەردانی ڕاستی پەرست دروست ناکات

(سوکرات) لە ژیانی ژن و مێردیدا هەناسە سارد و سەرگەردان بوو ژنەکەی زۆر دڕ و زمان درێژ بوو. (سوکرات) بەدەست ژنەکەیەوە کەوتبووە ناخۆشی و تەنگانەیەکی واوە هەرگیز ڕزگاری نەئەبوو! جا لەو ژیانەوە (سوکرات) ئەم پەندە بەنرخە ناوازەیەی وەرگرت کە ئەویش دای بەکوڕێک کە نەی ئەویست ژن بهێنێ. سوکرات پێی گوت: (هەرچی چۆنێک بێ ژن بهێنیت باشترە: ئەگەر هاتوو ژنێکی چاکت بەرکەوت ئەوا ئەبیتە پیاوێکی کامەران. خۆ ئەگەر ژنێکی بەدخوویشت بەربکەوێ، ئەوا ئەبیتە ڕاستی پەرست. جا هەردوو ئەنجامەکە بۆ مرۆڤ بەکەڵکن!.)

## ژنهێنان پڕە لە خراپی... لەگەڵ ئەوەیشا هەر ئەبێ بهێنرێ

جارێکیان لە سوکراتیان پرسی: ئاخۆ وا باشترە پیاو ژن بهێنێ، یاخود بەبێ ژن بمێنێتەوە؟ ئەویش وەرامەکەی ئەمەبوو: «هەر ڕێگایەک ئەگرێ، بام بیگرێ، ئارەزووی خۆیەتی. بەڵام لە هەر ڕێگایەکیانەوە بڕوات پەشیمان ئەبێتەوە!.».

# یۆتوپیا یاخود بەهەشتی سەرزەمین

خاکی فەرمانڕەواییەکی هاوتایە کە ئەندێشەی پیاوێکی چاکەخواز دروستی کردووە
نووسەری: تۆماس مۆر

## ئولیسی تازە

(تۆماس مۆر) ئەڵێ:

«ڕۆژێکی هاوینی لە ساڵی ١٥١٥دا کاتێ کە لە کلێسای کچی شوو نەکردوو (مەریەم)[1] کە لە شاری (ئەنتوێرب) دایە چووبووە دەرەوە لە هەوارگەی (باڵوێزخانە)کەیدا کە لە خاکی (فلاندە) یاخود (هۆڵەندە)دا بوو، لەوپەڕی شەقامەکەوە هاوڕێیەکی خۆی چاوپێکەوت ناوی (پیتەر جیلز) بوو. ئەم هاوڕێیەی لەگەڵ پیاوێکی بەساڵداچوودا گفتوگۆی ئەکرد، کە بەهۆی تیشکی ڕۆژەوە ڕەنگی گۆڕابوو، بووبوو بەبۆرێکی تاریک ، فەرەنجییەکی شڕوپڕی لەبەردابوو، وای پیشان ئەدا کە زرێوانە...

پاشان بەڕاستی بۆی دەرکەوت، کە ئەو زرێوانەیش یەکێکە وەک (ئولیس)، کە پاڵەوانی چیرۆکی (ئۆدیسە) بووە لە دەمی یۆنانی کۆندا. چونکە هەر خووی دابووە ئەوە کە بەناو حەوت زریکەدا بگەڕێ و گەشتوگوزار و جەربەزەیی بکات. دەنگوباسی سەیر سەیری ئەو شوێنە نەناسراوانەیش کۆبکاتەوە!...

(تۆماس مۆر)یش ئەو زرێوانە و هاوڕێکەی خۆی، (پیتەر جیلز)ی برد بۆ ماڵی خۆیان. زرێوانەکەیش لەوێ، لەبن درەختێکی گەورەدا، کە لەناو باخچەکەی (تۆماس مۆر)دا بوو، دەستی کرد بەگێڕانەوەی سەرگوروشتەیەکی هەرە سەیری ناو زرێ، کە ناوی (چیرۆکی دوورگەی (یۆتۆپیا)ی بەختیار بوو):

(هیتلودای) گوتی:

«دوورگەی (یۆتۆپیا) لە شێوەیەکی کەوانەیی دایە. لەناو هەردوو نووکەکانیدا بەندەرێکی سروشتیی تیایە، ئاوی زرێ بەبێدەنگی دێتە ناویەوە، بەمەنگی، هیچ گێژ و شەپۆلێکی تیا پەیدا نابێ، بەڵام لە دەرەوەی بەندەرەکەدا ئاوەکە خوڕە، بەتیژیی ئەڕوات، هەتا بلێیت سامناکە، بەناو چەند کەلەبەرد و تاوێرێکا تێپەڕ ئەکات دانیشتوانی

(١) مەبەستی لە: (كنيسة مريم العذراء)ە.



دوورگەکە نەبێ کەس لە ڕێگا بێوەیەکانی ئەو جێگایانە شارەزا نییە!... شێوەی ئەم دوورگەیەیش کەوا باش و جوان هەڵکەوتووە، بەسایەی «یۆتۆپاسی»ی خونکاری کۆنییەوە پێکهاتووە کە کاتێ داگیری کردووە، دانیشتووە دڕندەکانی لە تاریکیی نەزانیین ڕزگار کردووە و خستوونییە ناو ڕۆشناییی شارستانێتی و پێشکەوتنی مرۆڤایەتییەوە دوایی بەم ڕەنگە ئەو خاکەی کردووە بەدوورگە: هێناوێتی ئەو باسکە زەوییە بەرزەی کە پانزە پەرسەنگ درێژ ئەبووەوە و ئەو خاکەی ئەنووساند بەخاکە گەورە و فراوانەکەی دراوسێیەوە، لێ دابڕییەوە.

## دانیشتوانی دوورگەکە

دانیشتوانی دوورگەکەیش نەتەوەیەکی باڵابەرزی، پێست سپیی، قژ زەردی، چاوشین... لەناو شارە جوانەکانی دوورگەکەدا دانیشتوون... ئەو هەموو شارانەیش کە لە دوورگەکەدان، لە شێوە و ڕەنگڕێژ (تخصیص) و یاسای فەرمانڕەواییدا لەیەک ئەچن... ئەوەندە هەیە لە یەکترەوە دوورن. هەر شارە لە شارێکی ترەوە بیست و چوار پەرسەنگ (میل) دوورە. هیچ شارێکیش لەو شارانە بیر لەوە ناکاتەوە کە لەو سنوورەی بۆی کێشراوە تێپەڕ بکات. واتا خۆی پان و فراوانتر لێ بکات: زەویی کێڵگەکانی گەنم داگیر بکا و بیخاتە سەر خۆی، یاخود پاوانەکان لە کەڵک بخات و ساختمانی تیا دروست بکەنەوە، یاخود چەریێن لە ئاژاڵەکان ببەنە بەست...

جا لەناو ئەو کێڵگە و پاوانانەدا خانووی پاک و جوان دروستکراون. خاوەنی کشتوکاڵ و ئاژاڵەکان تیایاندا دائەنیشن. هەروەها کشتوکاڵی ئامادەکراویش هەن، دانیشتوانی شارەکان تیا دائەنیشن. ئەویش بەم جۆرە کە هەر جارە چل کەسێکیان بێنە ناویان، بەڵام لەژێر سەرپەرشتیی چاودێری کشتوکاڵەکە و ژنەکەیدا. چونکە یاسای «یۆتۆپیا» وایە، کە هەر کەسێ لەو دوورگەیەدا نیشتەنی بێ، ئەبێ بەتەواوەتی شارەزای کاروباری چاندن و ڕواندن و بابەتی کشتوکاڵ بێ ئەبێ فێری بەخێوکردنی ئاژاڵ و پەڕندەی ماڵی ببێ. چونکە ئەگەر چەند پشتێک بەنەزانی بمێننەوە لەو کاروبارانەدا، دوورگەکە ئەکەوێتە تەنگوچەڵەمەی بێ نانی و گرانییەوە، ژیانی تیا سەخت و تاڵ ئەبێ...

یەکێک لەو بابەتە سەیرانەی کە دانیشتوانی دوورگەکە دایان هێناوە، ئەوەیە کە جووجەڵە مریشک چۆن ئەهێننە بوون. لای ئەوان جووجەڵە هەڵهێنان لەسەر شێوە سروشتییەکەی کۆن پێک نایەت، کە مریشک بەسەر هێلکەدا کڕ بکەوێ. ئەوان ئەچن لە

خانووی جووجەڵە هەڵهێناندا ئەوە پێک ئەهێنن کە لە شێوەیەکی دەستکرد دایە. دانیشتوانی دوورگەکە شارەزان لە ئامادەکردن و کاروبار هەڵسووڕاندنی ئەو خانووانەدا کە بەدەستکرد جووجەڵەی تیا هەڵئەهێنن بیانوویشیان لەمەدا ئەوەیە، کە ئەگەر مریشکێک چوار هێلکەی کردیان شتێک لەوە زۆرتر، ئیتر هێلکە ناکات بۆ ئەمەی لەسەر ئەو چەند هێلکەیە کڕ بکەوێ. ئەمەیش ئەبێ بەهۆی ئەوەی کە هێلکەکەم ببێتەوە، هەروەها مریشکیش کەم ببێتەوە...

گەنم و جۆیش هەر بۆ دروستکردنی نان بەکارئەهێنرێن چونکە دانیشتوانی «یۆتۆپیا» حەز لە بییرە ناکەن. خواردنەوەی هەرە خۆش لای ئەوان، ئاوی ترێ و سێو و هەرمێیە... ئەویش کاتێ ئەوانە ئەخۆنەوە، کە ئاوەکەیان بەدڵ نەبێ و پێی تێک بچن و خواردنەوەی ئاویان پێ باش نەبێ.

هەر کاتێکیش دروێنە هاتە پێشەوە، بەشی زۆری دانیشتوانی شارەکان بۆی دێن تاکو زووبەزوو دانەوێڵەکان هەڵبگیرێن و، بارانیان لێ نەدات بیانڕزێنێ.

بەڵام گۆشت، بەتایبەتی گۆشتی گا، لە دوورگەکەدا ئەوەندە حەز لە خواردنی ناکەن. ئەمەیش سەبارەت بەوەیە کە گایەکان لەناو کێڵگەکاندا بەکار ئەهێنرێن بۆ جووتکردن و گێرەکردن و فرمانەکانی تر... ئێرە وەک ئینگیلتەرە نییە کە بارگیر بەکاربهێنن لە فرمانەکانی کشتوکاڵیاندا. جا لەبەرئەوە گۆشت گا لەپاش سەربڕینی گایەکە یەجگار ڕەق ئەبێ، بۆ جوون دەست نادات... ئەمەندە پیاو ماندوو ئەکات...

## ئاموری... پایتەختی فەرمانڕەواییەکەیە

جا لەبەرئەمەی کە شارەکانی «یۆتۆپیا» لەسەر یەک شێوە دروستکراون، تەنیا شارێکیان پیشان بدرێ وەک پایتەختی دوورگەکە، کە ناوی (ئاموری)یە، بەسە بۆ ئەمەی لەباری ژیانی هەموو دانیشتوانی دوورگەکە تێ بگەین...

هەموو ساڵێ، لە هەر شارێکی دوورگەکەوە سێ کەس ڕەوانە ئەکرێ بۆ پایتەخت بۆ گرتنی کۆنگرەیەک، کە لەوێدا دەست ئەکەن بەوتووێژ و گفتوگۆ و بیروباوەڕ پیشاندان بۆ یەکتر لە بابەت زرنگکاری نەتەوایەتی و کاروباری فەرمانداریییەوە... هەرسێ کەس لەو سێ کەسانە نوێنەری شاری خۆیەتی. پێویستە هەریەکەیشیان لە تێگەیشتووترین و کارامەترینی پیاوە پیرەکانی شاری خۆی بێ.

پایتەختیش کەوتۆتە سەر گردێک کە ئەڕوانێ بەسەر ڕووباری (ئالانایدەر)دا، کە پانیی



ئاوەکەی لەبەردەم پایتەختتا نیو پەرسەنگ (مییل) ئەبێ بەرەبەرە ئاوەکە پانتری لێ دێ، تا ئەگاتە سەر دەلیا و ئەڕژێتە ناویەوە، لەپاش ڕێگا بڕینێکی چل پەرسەنگی لە (ئاموری)یەوە. لەوێدا پانیی ئاوەکە ئەگاتە پەرسەنگێکی تەواو. کەواتە پایتەخت لە گیروگرفت و زیان و پاڵا و تەسوێرەکەی بن ئاوی زرێ کە دوور ئەبێ. ئاوی ڕووبارەکەیش لەبن دیوارەکانی پایتەختدا پاک و ڕوون و شیرین. بەسەر ڕووبارەکەوە پردێکیش کراوە، پایتەخت و لادێکەی بەرامبەری بەیەکەوە ئەبەستێ. شارەکە دیواری بەهێز و بەرزیشی بۆ کراوە کە لە بەردی سەخت دروستکراون. بەسەر ئەو دیوارانەیشەوە چەند باڵاخانەیەک کراوە بۆ پاراستنی شارەکە بەهۆی ئەو پاسەوانانەوە کە تیایاندا دائەنیشن. لەودیو ئەو دیوارانەیشەوە، لای ڕووبارەکەی لێ دەرچێ چاڵێکی گەورەی قووڵ هەڵکەندراوە کە هەموو لایەکی شارەکەی گرتۆتەوە. شەقامەکانی ناو شارەکەیش ڕاستن، پاک و خاوێن ڕائەگیرێن. خانووەکان لە یەکەوە نزیک، هەر خانووەیش بریتییە لە سێ نهۆم. لە پشت هەر خانوویەکیشەوە باخچەیەکی پان و فراوان هەیە...

## ماڵەکان داناخرێن!

سەیر ئەوەیە دەرگای خانووەکانی (ئاموری) نەکلیلیان هەیە نەکلۆم. هەر کەسێ بیەوێ بچێتە ناو ئەو خانووانەوە ئەتوانێ بچێ، کەس ڕێی لێ ناگرێ... گوایە بۆچ ڕێی لێ بگیرێ؟ خۆ هەرچی لە خانووەکە دایە هی خاوەنەکەی نییە. هەر کەسێکیش بێتە ناو خانوویەک لەو خانووانەوە، لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە دێتە ناوی. ئەم هەڵبژاردن یاخود سەرپشک ناندیش هەر بە دە ساڵ جارێک ئەکرێ. ئەوساکە هەر کەسە ماڵ و ناو ماڵ پێکەوە ئەگۆڕێتەوە لەگەڵ ئەو کەسەدا کە خانووەکەی بۆ دەرچووە، تیا بحەوێتەوە!... باخچەکانی ناو ئەو خانووانەیش، لە جیهاندا وێنەیان نییە، ئەمەندە پڕن لە میوە و لە دارمێو و گوڵ و سەوزەوات. چونکە دانیشتوانی (یۆتۆپیا) لە جیهاندا وێنەیان نییە لە شارەزاییدا، لە بابەت باخ پەروەردەکردنەوە.

## فەرمانڕەواییەکی بێ هاوتا

هەموو شارێکیش لە شارەکانی فەرمانڕەوایی لەلایەن چەند ئەفسەرێکەوە فەرمانداریی بەسەردا ئەکرێ، کە پێیان ئەڵێن (سیفوگرانت). ئەمانە لەلایەن نەتەوەوە هەڵ ئەبژێرێن. سەرداری دوورگەکەیش ئەو هەڵبژاردنانە پەسند ئەکات. سەردار، خۆیشی، لەلایەن (سیفوگرانت)ەوە هەڵ ئەبژێرێ لەو چوار کەسەی کە نەتەوە بەگشتی هەڵی بژاردوون و

بەپیـــاوی چاکی داناون و پاڵاوتوونی بۆ ئەو پایە گــەورەیە. هەر کــارێکیش پەیوەندیی بەچاکەی گشتییەوە هەبێ، تا (سیفوگرانت)ەکان هەموویان کۆنەبنەوە و لەناوخۆیاندا بەلای کـەمـەوە تا سێ ڕۆژێک وتووێژی لەسـەر نەکـەن، نابێ بڕیاری لەسـەر بدرێ. نابێ دەرگای گفتوگۆیش لەسەر ئەو کارە گرنگە دابخرێ تا هەموو کەسێک کە گفتوگۆی لەسەر ئەکات دواقسـەی خۆی بکات... هەر بابەتێکیش خرایە ڕوو، لە یەکەم ڕۆژیا مـقۆمـقۆی لەسـەر ناکرێ. ئەمـەیش لە ترسی ئەوەیە نەوەک یەکـێک لە ئەندامـەکـان پەلە بکات لە پێشاندانی بیروباوەڕی خۆیدا و لەدواییشدا پێی شوورەیی بێ کە لەبەر لووتبەرزیی خۆی، پاشگەز ببێتەوە لە بیروباوەڕەکەی خۆی و پێ لە هەلەی خۆی بنێ!... لەگەڵ ئەمەیشدا، ڕەوشت و خــووی زرنگکاریی لە (یۆتۆپیـــا)دا ئەمـــەندە بەرزبۆتەوە، کـــە هیچ هاونیشـتمانێک، بەتایبەتی ئەو کەسەی کاری گشـتیی پێ سپێراوە، بیر لەوە ناکاتەوە لەخۆبایی بوون و کەشوفشی خۆی لە ژوور چاکەی گشتییەوە دابنێ.

## کار و پیشە

هەرچەندە شینایی کردن، وەک لەمەوپێش گوتمان، پیشەیەکی گشتی بوو، هەر کەسێ لەناو دوورگـەکـەدا دائەنیـشـیـت ئەبوو زۆر تیـا شـارەزا بوایە، بەژن و پیـاوەوە، بەڵام پیشەیەکی تریش هەیە کە لەسەر هەموو پیاوێک پێویستە بیبێ و هەڵی بژێرێ لەناو پیـشـەکـاندا. واتا ببێ بەبەرگ دروسـتکەر، یان بەئاسنگەر یان بەدارتاش، یاخـود بەساختمان دروستکەر. بەڵام هەروەک دێتە بەرچاو پیشەکان هەموویان ئەوەندە زۆر نین. هەمـوویشـیـان بەندن بەچاکـەکـانی ژیان و پێویسـتـیـیـەکـانی گـوزەرانەوە. وەک شارستـانێتییەکەی ئێمە نییە کە پڕبووبێ لە کار و پیشەی وەها کە لەسەر بنچینەی لەخۆبایی بوون و پڕوپووچی و ڕووکەشیی چەواشەکەر دامەزرابێ...

## هەموویان بەرگیان یەک ڕەنگە!

دانیشتووەکانی دوورگەی (یۆتۆپیا) ئەمەندە ڕقیان لە شتی ڕووکەش ئەبێتەوە، تەنیا یەک ڕەنگە بەرگیان داناوە بۆ خۆیان. واتا بەرگی هەموویان یەکە لە تانوپۆدا، لە ڕەنگ، لە بڕییندا... بەرگەکەیشیان، بەرگێکی خۆشە بەلەشیان، بەدڵی خۆیانە، هەموو ئەندامەکانی لەشیش بەئاسانی پێوەی ئەجوولێنەوە. لە ناوەند بەرگەکانیشا هیچ جیاوازییەک نییە، مەگەر لەناو بەرگی ژن و بەرگی پیاودا ئەو جیاوازییە هەبێ... هەروەها لە ناوەند جلوبەرگی کچان و بەرگی ژنانیشدا جیاوازییەک هەیە...



بەڵام ڕەنگیان یەکە: بەرگێکی سپی ڕەنگی بێگەرد لە هاویندا لەبەر ئەکەن کە لە لۆکە دروستکراوە. بەڵام لەزستاندا بەرگەکەیان خورییە بەڕەنگی سروشتیی خۆیەوە، کە بەپاکی و خاوێنییەوە پارێزرابێ. چونکە لەو خاکە شادمانەدا بایەخ بەپاک و خاوێنی زۆر ئەدەن، نەخوازەلا لە کۆڕی خۆڕازاندنەوەدا...

جا ئەم لەیەکچوونی جلوبەرگەیان بووەتە هۆی لەناوبردنی هەستی بەربەرەکانێ و چاوهەڵهێنان بەیەکتری، کە زۆریی ژمارەی ڕەنگی پۆشەنییەکان و جیاوازیی بابەتەکانی جلوبەرگ ئەیان ورووژێنێ. تەنانەت پیاوەکان وا لێ ئەکەن کە ماڵی خۆیان کاول بکەن بەپارە بەختکردنی لە ئەندازە بەدەر، بۆ ئەمەی لە کەسانی تر کەمتر نەبن. ئافرەتەکانیش مێردەکانی خۆیان بەپارە بەختکردنی لە ئەندازە بەدەربارگران ئەکەن هەر بۆ ئەمەی لە ئافرەتەکانی تر کەمتر نەبن، کە لەگەڵ تاووسەکاندا بەربەرەکانێ ئەکەن لە جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگ پۆشیندا و خۆنواندن و کەشوفشکردن بەو پۆشەنییانەوە!...

بەڵام لە «یۆتۆپیا»دا، هەموو خێزانێک جلوبەرگی خۆی بەدەستی خۆی دروست ئەکات. بۆیەکا لەوێدا نە ژن، نە پیاو کەس دوورومان ناکات بۆ کەس. واتا پیشەی دوورومان نییە بەرگچنین و دوورومانیش، بەچەشنی شینایی و کشتوکاڵن، کەس نییە لە پیاوان و ژنانی دوورگەکە کە نەیانزانن.

## هیچ ژن و پیاوێک نابێ بێ فرمان بێ!

فرمانیش لەو فەرمانڕەواییـیە چاکەدا، بەپێویست دانراوە لەسەر پیاو و ژن، وەک یەکتری!... پیشەکانیش بەند نەکراون بەچینی دانیشتوانی دوورگەکەوە. واتا: زۆر لە کوڕ ناکرێ کە لە پیشەی باوک و باپیری خۆی بەولاوە هیچ پیشەیەکی تر نەگرێ. هەموو کەس سەربەستە بۆ فرمانکردن، چ پیشە و کارێکی بوێ، ئەتوانێ بەئارەزووی خۆی بیکات، سەردارەکان هەر ئەوەندە بەتەنگەوەن کە کەس بێ فرمان و کار نەمێنێتەوە، کەس بەتەمەڵی نەژی. هەروەها بەتەنگ ئەوەیشەوەن کە کەس یەجگار خۆی ماندوو نەکات بەفرمانەوە، هەر لەبەیانییەوە هەتا ئێواری کار بکات و خۆی بچەوسێنێتەوە. چونکە ئەو خۆماندووکردن و خۆچەوساندنەوەیە، وا لە مرۆڤ ئەکات کە وەک بەندەی لێ بێ. نیشتەنییەکانی (یۆتۆپیا)یش ئازاد و سەربەستن لە واتای بەندەیی تێ ناگەن!... جا لەبەرئەمە بیست و چوار کاتەکەی شەووڕۆژێکیان بەم جۆرە دابەشکردووە: شەش کاتی بۆ کار و فرمانکردن. هەشت کاتی بۆ نووستن. دە کاتەکەی تریشی، بێ فرمانییە، مرۆڤ

هەرچۆنێ حەز بکات وای بەکارئەهێنێ. ئەوەندە هەیە، مرۆڤەکە لەم دە کاتی بێ فرمانییەدا هەرچییەک ئەکات، ئەبێ بۆ گیان و هۆش و لەشی بەکەڵک بێ. لە دوورگەکەدا گەلێک هۆڵ هەیە، دانراون بۆ وتاردان، بۆ ئەمەی مێشکی گوێگرانی پێ ڕوون بکەنەوە. هەروەها گەلێک نووسراوخانەی گشتییش هەن... بەڵام هەموو جۆرە قومارێک نابێ بکرێ. بەتەنیا یارییەک هەیە کە هەر لە شەترەنج ئەکات، لەبەرئەمەی مێشک وریا ئەکاتەوە، ڕێ بەکردنی دراوە. کەمیی کاتەکانی فرمانکردنیش نابێتە هۆی بەرهەم کەمی و هەژاریی فەرمانڕەوایی. چونکە هۆی ئەوەی کە فەرمانڕەواییە تێکچووەکانی تری خستۆتە سەر چەوساندنەوەی کرێکارەکانی بەفرمانەوە، پێویستیی بەرهەم پێکهێنان نییە، بابەتێکی ترە. ئەم بابەتەیش ئەوەیە کە ژمارەی تەمەڵ و بێکارەکان زۆرە. هەندێکیش لەمانە بەزۆر وایان لێهاتووە، هەندێکیشیان بەئارەزووی خۆیان. چونکە لە چینی دەوڵەمەندان و بەزمورەزمخوازنن!... جا ئەگەر بێتو هەموو کەسێک کار بکات، لەهەر فرمانڕەواییەکدا ببێ، پێویستیان بەچەند کاتێکی زۆر کەم ئەبێ بۆ فرمانکردن، بۆ ئەمەی چ بەرهەمێکیان پێویستە دەری بهێنن و لێیشیان بمێنێتەوە...

ئەمەیش ئەوە ناگەینێ کە (یۆتۆپیا) هیچ کەسێکی وای تیا نییە بێکار و فرمان بێ. چونکە پیرەکان و پەککەوتە و نەخۆشی و منداڵەکان فرمان نابینن... هەرچی ئەمانەن لەبارێکی ناوازەدان. ئەمانیش وەک ئەو کەشیش و خانەدان و خوازەڵۆک و کوڕە دەوڵەمەند و دەسەلاتدارانە وان کە لەناو کۆمەڵایەتییە تێکچووەکاندا ئەژین... جا ئەگەر بهاتایە ئەم جۆرە کۆمەڵانە کە بەبێکاری ئەژیین فرمانێکی چاکیان بکردایە بەپیشە بۆ خۆیان، لە هەر فەرمانڕەواییەکدا بوونایە، بەرهەمی ئەو فەرمانڕەواییە چەند هێندەی لێ ئەهات بێجگە لەوە هەموو دانیشتووەکانیش بەشێکی زۆرتریان لە سرەوت و حەسانەوە بەر ئەکەوت، بەشێکی کەمتریشیان لە کاتەکانی فرمانکردن بۆ ئەمایەوە...

پێویستە ئەوەیش بزانیین کە لەناو دوورگەی «یۆتۆپیا»دا هەر کار و فرمانێک هەبێ، چاک و پاکە، ڕێ بەفرمان و پیشەی خراپ نادرێ.

هەرچی فرمانی پەردەدارو مفردی و دەسوپێوەند و دەستەودایەرە و ژێردەستیش هەیە، نەناونە نیشانیان لەناو ئەو فرمانڕەواییە بێ هاوتایەدا نییە...



## ژمارەی خێزان لە ناوەند دە کەس و شانزە کەس دایە

(یۆتۆپیا)، بەتەنگ ئەوەوەیە کە ژمارەی دانیشتوانی دوورگەکە هەموو دەم، لەگەڵ دەرامەدی سروشتیی ڕێک بکەوێ. نابێ ژمارە سەری خێزان لە دە کەس کەمتر و، لە شانزە کەس زۆرتر بێ... هەموو خێزانێکیش بریتییە لە باوک و دایک و کوڕەژندارەکان و براکان. هەموو دەمێکیش ئەم دوو ژمارەیە ئەپارێزرێ. ئەو منداڵانەی لە ژمارەکە تێپەڕ ئەکەن ئەدرێن بەوخێزانانەی کە ژمارەکەیان کورتی هێناوە...

جا ئەگەر ژمارە سەری شارێک لە ئەندازەی خۆی تێپەڕی کرد، ئەوەندەی لە ئەندازەکە تێپەڕیوە، ئەنێرێ بۆ شارێکی تر کە ژمارە سەری کورتی هێنابێ... جا ئەگەر شارێکی وا دەست نەکەوت کە ئەوانە بگرێتە خۆی شارێکی تازە یان بۆ دروست ئەکرێ کە دراوسێیە بەو فرمانڕەواییە، بەمەرجێ زەویەکە بەرەڵلاکرابێ و هیچ شینایییەکی تیا نەکرابێ، لەبەر کەمیی جووتیاران. جا ئەگەر فرمانڕەواییەکەی دراوسێ، ئەم ڕێککەوتنە خۆشەویستانەیەی نەویست، (یۆتۆپیا) بەزۆری چەکی کوشندە ناچاری ئەکات پەیماننامەکە پەسند بکات! چونکە هیچ فەرمانڕەواییەک، ڕێی پێ نادرێ کە زەوییەک بەرەڵلا بکات و بەکاری نەهێنی بۆ بەرهەم پەیداکردن. کەچی لەو دیویشیەوە فەرمانڕەواییەک هەبێ دانیشتووەکانی پەکیان کەوتبێ لەسەر زەوییەکی کشتوکاڵ تا فرمان تیا بکەن... لە ڕاستیدا ئەمە هەر لەوە ئەکات کە ئەو نەتەوەیە بێبەش بهێڵرێتەوە لەو خۆرشتەی کە ئاهی سکی خۆی پێ بشکێنێ... ئەمیش گوناهبارییەکە، تاوانێکە، پێویستە سزای لەسەر بدرێ، چاوی تاوانباری پێ بشکێنرێ...

## خواردن و پۆشین بەخۆڕاییە!

شارەکە کراوە بەچوار گەڕەک. لە هەر گەڕەکێک لەم گەڕەکانەدا بازارێکی گشتی هەیە هەروەها کۆگای زۆریش هەیە کە هەموو پێویستییەکی تیایە. سەرۆکی هەموو خێزانێک ئەتوانێ چیی پێویست بێ بۆ تاک تاکەکانی خێزانەکەی لێیان هەڵگرێ. بەرامبەر ئەو کەلوپەل و شتومەکانەیش هیچی لێ ناسێنرێ، نە پارە، نە شت!... لەو شوێنانەدا هەموو شتێک هەیە و زۆریش هەیە. کەسیش لە پێویستیی خۆی زۆرتر لەم کۆگایانە شت هەڵناگرێ. ئەمەیش سەبارەت بەوەیە کە ئەزانێ، هەر کاتێ شتێکی ویست، دەستی ئەکەوێ و لەسەری پەکی ناکەوێ... هەروەها ئەیشزانی کە ئەگەر شتێکی دەستکەوت ناتوانێ بیفرۆشێتەوە... کوشتیخانەی گشتیش لەودیو شارەوە ئەبێ. لەپاش ئەمەی ئاژاڵی

تیا سەر ئەبڕێ گۆشتەکان دابەش ئەکرێن بەسەر بازاڕەکانی شارەکەدا کە لە هەر چوار گەڕەکەکەدا. بەڵام پیشەی گیان لەبەر سەربڕین هەر لەلایەن کوشتی کوژەکانی بێگانانەوە بەکار ئەهێنرێ. چونکە ئەوە پیشەیەکی وا نییە کە بشێ بۆ ئەوەی یۆتۆپیاییەکی ئازاد بەکاری بهێنێ. ئەمەیش لەبەرئەوە وا دانراوە کە ئەم پیشەیە لەوانەیە بەرەبەرە چاکترین کردەوە و ڕەوشتی باش لە مرۆڤدا نەهێڵێ وەک (بەزەیی پیاهاتنەوە) و، (کردەوەی شیرین) و، (خۆشەویستی) و (لالێکردنەوە)!...

خەستەخانەکانیش زۆرن و جوێ جوێن. لە دەرەوەی هەموو شارێکدا چوار نەخۆشخانە هەیە، کە دوورن لە چڕی و پڕیی دانیشتووەکانەوە. ئەمەندەیش گەورە و فراوان و ڕێکوپێکن لە پیاو وایە شاری بچکۆڵە بچکۆڵەن. تەختی نوستنەکانی نەخۆشەکان، لە یەکترەوە، دوور دائەنرێن بۆ ئەمەی نەخۆشی لە یەکێکەوە نەگات بەیەکێکی تر. هەروەها بۆ ئەمەی کە نەخۆشەکان سرەوتی تەواویان دەستکەوێ. ئەو نەخۆشیانەیش کە کاریگەرن و وەک دەرد بڵاوئەبنەوە، خانووی تاک و تەنیا و دوور لە ئاواییبیان بۆ تەرخانکردوون. لە چاککردنەوەی نەخۆشیدا پارەناسێنرێ، خۆڕاییە. چ لەناو نەخۆشخانەکاندا بێ چ لە دەرەوەی نەخۆشخانەکاندا بێ.

## پێکەوە نان دەخۆن!

لەناو دوورگەکەیشدا، وا ڕاهاتوون، کە پێکەوە نان بخۆن، لەناو هۆڵە گشتییەکاندا، لە چەند کاتێکی دانراوی ڕێکوپێکدا. کاتێکیش دەست ئەکەن بەکۆبوونەوە بۆ نانخواردن کە زەنگێکی گەورەی مس لێدرێ، یاخود بۆڕەیەکی بڵند لە کەرەنایەکەوە بکرێ. دانیشتووەکان ئەمەیان پێ خۆشترە لە خواردنی ناومالْ. چونکە لە کۆبوونەوەدا خۆش ڕابواردنیش هەیە و کەڵک وەرگرتنیش. ئەم چێشتخانانەیش بۆ هەردوو ڕەگەزەکەیە، بۆ پیاویش و بۆ ژنیش ئەوەندە هەیە هەر ڕەگەزە لەلایەکی خوانەکەوە دائەنیشێ. ئەو دایکانەیش کە منالی شیرەخۆرەیان هەیە، هەموویان لەسەر خوانێک کۆئەبنەوە بۆ نانخواردن، کە لە هۆڵێکی تایبەتی دایە و پڕیشە لە بێشکە و لانک و جۆلاند و ئاگردان و پلوسکی ئاو. ئەو منالانەیش لەگەڵ ئەو دایکانە دائەنیشن بۆ نانخواردن کە تەمەنیان لە پێنج ساڵان کەمترە.

ئەو منداڵانەیش کە تەمەنیان لە پێنج ساڵان زۆرتر تێکەڵ بەگەورەکان ئەبن و لەسەر خوانی ئەوانیش نان ئەخۆن. ئەمەیش بۆ ئەوەیە کە لە ژیریی و تێگەیشتن و بیروباوەڕی ئەو پیاوانە کەڵک وەربگرن.



هەروەها بەگیانە سووکەکانیان و تریق و هووڕەکانیشیان شوێنەکە خۆش بکەن... دانیشتوانی (یۆتۆپیا)، ڕەوشتیان وایە: کە لە پێش خواردندا لە نووسراوێکی بەنرخدا کەمێک بخوێننەوە بۆ هەمووان. دوای خوێندنەوەکەیش، لە شێوەیەکی سەربەستانەدا مقۆمقۆیەکی لەسەر بکرێ، کە بەگەورە و بچووکەوە تیا هاوبەش بن. دوای ئەوە خواردن بدرێ بەهەرە گەورە و بەهەرە بچووک. هەروەک سەرنج ئەدرێ، نانخواردنی چێشتەنگاو، کەمتر کاتی پێ ئەوێ، لە نانخواردنی شێوان. ئەمەیش سەبارەت بەوەیە کە ئێواران ماوە زۆرە بۆ قسەکردن و دەست پەرژان چونکە فرمان لە ئارادا نامێنێ. لەبەرئەوە لەگەڵ شێودا هەندێ ساز و ئاوازی ناسک و ناوازەیش بەگوێدا ئەدرێ. هەروەها هەندێ دووکەڵی بۆنخۆش و ئاوی بۆنخۆشیش بەکار ئەهێنرێن... ئەم ڕەوشتانەیش لەگەڵ پێشبینی (نظریە)یەکەی خۆیاندا ئەگونجێن، کە ئەڵێ: نابێ کەس خۆی بێبەش بهێڵێتەوە لە خۆش ڕابواردن و خۆشی، بەمەرجێ بێگەرد و بەجێ بن...

لە (یۆتۆپیا)دا، یاسایەک هەیە. بەپێی ئەو یاسایە هەموو نیشتمانییەک مافی هەیە لە پشووی ساڵانەکەی خۆیدا بچێ بۆ گەشتوگوزار بۆ شارەکانی تر. بەڵام ئەبێ لەلایەن فەرمانڕەوانی شارەکەی خۆیەوە ڕێ بدرێ. ئەمیش بۆ ئەوەیە کە ڕێکوپێکیی فرمانکردن تێک نەچێ و شپرزەییی تیا پەیدا نەبێ. فەرمانڕەواییش گەشتوگوزارکەرەکان بەگالیسکەیەک ئەگوێزێتەوە بۆ ئەو شوێنانەی ئەیانەوێ. پارەیشیان لێ ناسەنێ. بەخۆڕایی ئەم یارمەتییەیان ئەدات. ئەوانەیش خۆرشت لەگەڵ خۆیاندا نابەن. چونکە بۆ هەر جێگایەک بچن خواردنیان بەخۆڕایی ئەدرێتێ، هەر هیچ نەبێ لە یەکەم ڕۆژیاندا... بەڵام لە دوای ئەو ڕۆژە پێویستە لەسەریان، هەر ڕۆژە نیوە ڕۆژێک فرمان بکەن لەو پیشەیەدا کە لە نیشتمانی خۆیاندا دەیکەن...

لە دوورگەی یۆتۆپیادا، نە مەیخانە هەیە، نە چایخانە، نە جێگای داوێن پیسی... چونکە کردەوەی پاک و بڵند لەلایەن هەموو دانیشتوویەکەوە ڕاگیر ئەکرێ و ئەپارێزرێ. خۆشگوزەرانی و بێدەنگ و سەنگی لە هەموو دوورگەکەدا باوە.

هەروەها لە دوورگەکەدا نەهەژاری هەیە، نەدەسکورتی نەخوازەلۆکییش هەیە، نەدزی، نە تاوانباری؛ واتا ئەوانەی کە بەهۆی برسێتی یاخود چاوبرسێتییەوە ڕووئەدەن!...

## نه زێڕ هەیە و نه زیو!

بەپێی یاسا بەرهەم پێکهێنانیش لە (یۆتۆپیا)دا وای پێ ئەوێ کە ئەگەر لە یەکێک لە ناوچەکانی دوورگەکەدا، کەموکوورییەک پەیدابوو لە بەرهەمی کشتوکاڵ یاخود پیشەسازیدا، ئەو کەموکوورییە لە بەرهەمەکانی ناوچەیەکی ترەوە پڕ ئەکرێتەوە، تا دوورگەکە هەمووی وای لێدێ کە ئەوەندەی پێویستی بێ بەرهەمی دەستکەوێ و لەسەر هیچ شتێک دانەمێنێ و بەبەشی خۆیەوە بەکامەرانییەوە ڕابوێرێ... جا هەر کاتێ پێویستیی خاکی (یۆتۆپیا) لە هەموو جۆرە دانەوێڵە و خۆرشت و بەر هەموو بەرگ و پۆشەنییەک تەواو بوو بۆ ساڵەکەی دوایی، هەرچی لە خۆیان ئەمێنێتەوە ڕەوانە ئەکرێ بۆ خاکەکانی دەرەوە، کە لەو شوێنانەدا حەوت یەکی ئەو بابەتانە دابەش ئەکرێ بەسەر هەژاراندا. پاشماوەکەیشیان ئەگۆڕێتەوە بەئاسن، ئەوەندەی (یۆتۆپیا) پێویستی بێ چونکە کانی ئاسنی نییە. ئنجا ئەویتریشیان ئەگۆڕێتەوە بەزێڕ و زیو کە هەر بۆ ئەوە بەکارئەهێنرێن سەربازە مووچەخۆرەکانیان پێ ڕابگرن لەوانەی کە لە هەرە پێشکەوتوو و هەرە کارگوزارەکان بن. ئیتر ئەمەی لێ دەرکەی نەزێڕ نەزیو هیچ کامێکیان لای دانیشتوانی (یۆتۆپیا) نرخیان نییە... تەنانەت، گوارە زێڕینەکانیش لای ئەوان بەدخویی و ئاژاوە و تیگچوون و خراپییە، کە هەر بەکاری ئەوەی ئەهێنن: ئەو کەسانەی پێ داخ بکەن کە هەڵئەگرن لەلایەن هەمووانەوە سووک و ڕیسوا بکرێن!... ئەمانیش لەم ڕووەوە لەسەر ڕاستی پەرستییەکی دروست ئەڕۆن. کەوا تاکەی ئەمەیە: سروشت خۆی وەک دایکێکی دڵسۆز وایە بۆ هەموو مرۆڤێک، کەرەستەی هەرە چاک و گرنگەکانی خۆی کە بریتین لە با و ئاو و زەوی تەرخانکردووە بۆ هەموو کەسێک... ئەم کەرەستانەیشی دەرخستووە، هەموویان لەبەرچاودان... کەچی ئەو شتانەی پڕوپووچن و بێ فەڕن، وەک زێڕ و زیو و بەردە بەنرخەکان، لەناو چینە هەرە قووڵەکانی زەویدا شاردوونیەوە، بۆ ئەمەی دووربن لە چنگی مرۆڤەوە!...

## لەش بزواندن و زانست و بیروباوەڕە ئاینییەکان

دانیشتوانی (یۆتۆپیا) حەز بەکوشتنی گیانلەبەرە ماڵییەکان ناکەن. کە بەبیانووی ڕاوکردنەوە ئەیکەن!... چونکە نێچیرەوانی بەلای ئەوانەوە، کارێکی یەجگار دڕندانەیە. دڕندانەتریشە لە پیشەوەریی مەڕ سەربرین. چونکە هەرچی ئاژاڵ سەربڕینە بەمەبەستی خواردنی گۆشتەکانیان، ڕەنگە بیانوویەکی بۆ بدۆزرێتەوە کە مرۆڤ بۆ ژیانی خۆی



پێویستیی پێی هەیە. بەڵام کوشتنی گیانلەبەرێک لە کاتی ڕاوکردندا، هەر بەو مەبەسەی کە خۆشی لە کوشتنەکەی ببینرێ، کارێکی دڕندانەیە، هیچ بیانوویەکی بۆ ناهێنرێتەوە کە پاکانەی بۆ بکرێ!... لەگەڵ ئەمەیشدا، وەرزشکردن لە کەس بەربەست نەکراوە. هەر کەسێ بیەوێ ئەتوانێ لەشی خۆی ببزوێنێ بەمەرجێ کەڵکی بۆ لەشی هەبێ وەییشی بۆ کەسی تر تیا نەبێ. بۆ وێنە ئەتوانێ مەلە و ڕاکردن و ئەو جۆرە یارییانەی بکات...

کاتێکیش کە دانیشتوانی (یۆتۆپیا) لە کار و فرمانی دەستیی خۆیان ئەبنەوە، بەشی هەرە گرنگی کاتی بۆ فرمانی یان بۆ فێربوونی زانست و خۆشارەزاکردن دائەنێن. جا لە پێش ئەمەدا کە گەشتوگوزارکەر، (هیتلودای) ڕاستی پەرستیی (گریبک)ەکانیان بگێڕێتەوە، ئەوانە هەر لەخۆیانەوە گەلێک بەندیان لە بەندەکانی تێگەیشتوویی (حکمت) و زانیاری (معرفت) دۆزیبووەوە. بەتایبەتی لە بابەت زانستی ئاسمان (علم الفلك)ەوە. هەندێ کەلوپەلیشیان داهێنابوو بۆ تەماشاکردنی بزووتنەوەی ئەستێرەکان. هەرچی ئەستێرە خوێندنەوە و هەڵهێنانی ڕووداوی دواڕۆژیش هەیە، دانیشتوانی (یۆتۆپیا) نەبەکاری ئەهێنن، نەئارەزوویشی ئەکەن هەروەها بڕوایان بەزۆر لە بیروباوەڕی ڕاستی پەرستە کۆنەکان هەیە، کە لە بابەت دروستکردنی جیهان و ئاسمان و مرۆڤەوە نواندوویانە... بڕوایان بەخوا هەیە بەمانەوەی گیانیش هەیە لەگەڵ سزا و پاداشی ڕۆژی دوامیندا... بەڵام بەوە بڕوا ناکەن کە ئازاردانی لەش لە جیهاندا بەکاری گیان بێ لە جیهانەکەی دواییدا... بەلایشیانەوە وایە کە هاتوو سروشت ئامۆژگاریی کردیین بەزەییمان بەکەسانی تردا بێتەوە، ئەمە ئەوە ناگەیێنێ کە ئەبێ ئازاری لەشی خۆمان بدەین!... جا چونکە دڵڕەقی بەرامبەر کەسانی تر پەسند نییە و بەکارێکی تەنگ دائەنرێ، پێویستە پێیش لەوە بنێین کە دڵڕەقی نواندن بەرامبەر خۆیشمان، لەوە کەمتر نییە!...

بەلای ئەوانەوە وایە، مرۆڤ نابێ خۆی بێبەش بهێڵێتەوە لە بابەتی کامەرانی. لێرەدا هەر ئەوەندە مەرجەکە ئەو بابەتە زیان بەخۆی یاخود بەکەسی تر نەگەیێنێ. نەخوازەڵا کە کامەرانی بەلای ئەوانەوە، هەر لەو سەرچاوانەوە هەڵئەقوڵێ کە بەجێ و دروستن... لەبەرئەوە هەر کەسێ خۆی بێبەش بهێڵێتەوە لە بابەتی کامەرانی بەگەوج و مێشک پڕوپووچی دائەنێن!

دانیشتووەکانی دوورگەکە، ئەمەندە بەچاوی سووکە وە سەیری دڵڕەقی و کردەوە نەنگی ئەکەن، سزایان وا بۆ داناون کە هەر کەسێ بیانکات، لە هەموو مافێکی زرنگکاری بێبەش بهێڵنەوە بێجگە لەوە پایەیشی نزم بکەنەوە تا ئەگاتە ئەندازەی دەسوپێوەند!...

دەسوپێوەند یاخود کرێکارانیش، کە کار و فرمانی سووکیان پێ ئەسپێرێ وەک پیشەی مەڕ سەربڕین و بابەتی تر، وە نەبێ لەو بەندی و دیلانە بن کە لە ئەنجامی شەڕێکدا گیرابن. ئەوانە هەموو لەو تاوانبارانەن کە بڕیاریان بەسەردا دراوە پایەیان نزم بکرێتەوە و بخرێتە ئەم چینەوە، لە سزای ئەو تاوانە نەنگانەدا کە کردوویانن هەروەها هی وایشیان تیایە کە لە خاکەکانی ترەوە هاتوونەتە ئێرە و لە دەست زۆرداریی فەرمانڕەواییی خاکەکانی خۆیان هەڕایان کردووە. هەر بەخۆشیی خۆیشیان ویستوویانە ببنە کارگەر بۆ دانیشتوانی (یۆتۆپیا). ئەوانە لە هەر ڕەگەزێک بن، دانیشتوانی (یۆتۆپیا) لەگەڵیاندا یەجگار ڕووخۆش و کردەوە شیرینن... هەر کەسێک لەو کرێکار یاخود دەسو پێوەندانە، بیەوێ بڕوات، ڕێگای ئەدەن بڕوات، تەگەرە لە ڕۆیشتینی نادەن. تەنانەت لە کاتی ڕۆیشتنیا هەندێ دیارییشی پێ ئەدەن!... ڕەوشتیان وایە کۆڕانی ئەوانە وەک باوکەکانیان ناکەن بەدەسوپێوەند یاخود بەبەندە. چونکە لەو باوەڕەدان کە هەموو کەسێک لەم سەرزەمینەدا بەئازادی لە دایک ئەبێ!... جا ئەگەر لە سەردەمی ژیانی خۆیدا کارەساتێکی وای لێ ڕووبدات کە هەڵ بگرێ سزابدرێ و بکرێ بەبەندە یاخود بەمفردی، ئەوە بابەتێکی ترە...

## ڕەوشتیان لە دەمی دەزگیرانی و ژن و مێردیدا

لە (یۆتۆپیا)دا، کچ تا تەمەنی هەژدە ساڵی تەواو نەکات، شوو ناکات... پێویستە پیاوەکە چوار ساڵ لە کچەکە گەورەتر بێ. بەڵام ئەگەر پیاوێک لە پێش مارەکردندا چووە باخەڵی کچەکەوە و لنگبازیی لەگەڵدا کرد. ئەوە دیارە کە تووشی توندوتیژترین سزا ئەبێ. بێجگە لەوە سەرۆکی خێزانەکەیشی لەگەڵدا سزا ئەدرێ، چونکە کەمتەرخەمیی نواندووە لە تەماشاکردنی هەڵسان و دانیشتنیا!... بەڵام شێوەی دەزگیرانییان سەیرە. پیاو سەری لێ سوڕئەمێنێ چونکە ژنە گەورەی خێزانەکە ئەچێ کچە شووکەرەکە[1] ئەباتە ژوورێکەوە کە کەسی تیا نەبێ. ئنجا ڕووت و قووتی ئەکاتەوە لە هەموو جلوبەرگێک. پاش ئەوە بەو ڕەنگە کچەکە پێشانی دەزگیرانەکەی ئەدات!...

پاش ئەوە پیاوە گەورەی خێزانی کوڕەکە، ئەچێ دەزگیرانەکە ئەباتە ژوورێکی چۆڵەوە، ڕووت و قووتی ئەکاتەوە لە هەموو بەرگێک. پاش ئەوە کوڕەکە بەو ڕەنگە پێشانی کچەکەی دەزگیرانی ئەدات!...

---

(١) کچە شووکەرەکە: کچە بەشووەکە.



دانیشتوانی (یۆتۆپیا) لەمە سەریان سوڕماوە کە نەتەوانی وا هەن[1] کە هەر کەسێک لەناویاندا چوارپێیەک بکڕێ لەپێشدا لێی وردئەبێتەوە و ئەیپشکنێ. کەچی کە هاوسەرێک بۆ خۆی ئەدۆزێتەوە خەمی ئەو لێوردبوونەوەیە و ئەو پشکنینە ناخوات تا لە پاشەڕۆژدا لە ژنهێنانەکەی خۆی پەشیمان نەبێتەوە. کوڕەکە لە هاوسەرەکەی دواڕۆژی هەر دەموچاو و جلوبەرگەکەی ئەبینێ و هیچی تر!...

جا ئەم یاسایە کە لەناو دوورگەکەدا بەکار ئەهێنرێ، بووەتە هۆی پاراستنی کردەوە چاکی. چونکە ژن و مێردەکە هەردووکیان کە یەکتری هەڵئەبژێرن، لە کەموکوڕیی یەکتری ئاگادار ئەبن، هەر ئەو کەسەیش ئەکەن بەهاوسەری خۆیان کە لە لەشدا وەک خۆیان بێ و بەدڵیان بێ...[2]

## چاولێکەریی بەڕەڵلاکردن و سزای داوێن پیسی

پیاو لە (یوتۆپیا) هەر ئەبێ ژنێکی هەبێ. نابێ ژنی زۆری ببێ. بەڕەڵڵاکردنی ژنیش هەر بەبۆنەی داوێن پیسییەوە دروستە یاخود لەسەر کردەوە و ڕەوشتی زۆر ناهەموار کە لە یەکێکیان ڕووبدات. هەر گوناهبارێکیش بووبێتە هۆی بەڕەڵڵاکردن ڕێی نادرێ جارێکی تر ژن بهێنێتەوە. هەروەها پیاو ڕێی نادرێ ژنەکەی خۆی بەڕەڵڵا بکات، لەسەر پیری، یاخود لەش تێکچوویی. چونکە ئەو ژنەی وای لێ بێ، زۆرتر پێویستیی بەخۆشەویستی و چاودێری هەیە... تاوانی داوێن پیسییش لە (یوتۆپیا)دا سزاکەی ئەوەیە کە داوێن پیسەکە بهێنرێتە خوارەوە بۆ پایەی مفردی و بەندە. ئەویش وەک یەکێک لە تاوانبارەکانی تر دائەنرا، بام ماوەی سزاکەیشیان جوێ جوێ بێ. هۆی ئەمەیش ئەوەیە کە یاسای دوورگەکە سزای کوشتنی تیا نییە. ئەمیش لەبەر دوو بیری ژیرانە: یەکەمیان لەبەرئەوەیە کە بەندەیی تاڵ و ناخۆشترە لە مردن... دووەمیشیان لەبەرئەوەیە کە خەریککردنی تاوانبارەکە بەکار و فرمانی مفردی و بەندەوە کەڵکی هەیە بۆ پەرەسەندنی بەرهەمی نەتەوەیی. دیارە کە ئەمەیش بەپێچەوانەی ئەوەوەیە کە تاوانبارەکە بکوژرێ و لەناوببرێ...

بەڵام هەروەک دانیشتوانی دوورگەکە سزای تاوانباری ئەدەن، لە کۆڕە گشتییەکانیشدا پەیکەر دائەمەزرێنن بۆ پیاوە چاکە گەورەکان. چونکە کردەوەی چاک بەلای ئەوانەوە لە

---

(١) نەتوانی وا هەن: نەتەوەی وا هەیە...

(٢) لێرەدا نووسەر، (تۆماس مۆر)ی بەڕێز، ئەوەی لەبیرچووە کە چارەی شارەزابوونی دەزگیرانەکان لە (بیروباوەڕ) و (ڕەوشت و کردار) و (دڵ و دەروون و سروشتی) یەکتری بکات. (ش.ف)

هەمـوو شـتـێـک پایەی بەرزترە... هەرچی دلێـریی سـەربازانەیش هەیە، بەلای ئەوانەوە نرخێکی نییە. چونکە ئەوان حەز لە شەڕکردن ناکەن. تا ناچاریش نەبن ناچنە جەنگەوە... کە ئەوەیش لە دوو کـاتدا تووشیـان ئەبێ: یەکـەم لەو کـاتەدا کـە ناچار ئەبن بەرەنگاریی دوژمنی داگیـرکەر بکەن. بۆ پاراستنی نیشـتـمانەکەی خۆیان. دووەمـیش لەوکـاتەدا کە تووشی جەنگێک ئەبن بۆ پاراستنی نەتەوەیەکی داگیـرکراو لە دەست ئەوانەی زۆرداریی لێ ئەکەن، ئەویش لە پاش ئەمەی کە هاواریان بۆ هێنابن.

ئەوان کەس بەزۆر نانێرن بۆ جەنگ، چونکە لەو باوەڕەدان کە سەربازی ترسنۆک یاخود دڵخـوڕپاو، لە جـەنگا بەکـار نایەت. مـەگـەر هەر بـۆ ئەوە دەست بدات کـە بڕسـتـبـڕان و ترسنۆکی بەناو سەربازەکانی هاوڕێیدا بڵاوبکاتەوە.

کـاتێ کـە شـەڕیش هەڵگیـرسـا و ناچاربوون بیکەن، ژنەکـان بەپاڵ مـێـردەکـانیـانەوە ئەوەستن. منداڵەکانیشیان بەتەنیشتیانەوەن. چونکە ئەوان لەو باوەڕەدان کە هەر کەسانێ بەسایەی سروشتەوە بەتوندی پەیوەندی یەکتر بوون، پێویستە لەسەریان کە لە کاتی تەنگانەدا هەموو یەک بگرن و یارمەتیی یەکتر بدەن.

پیـاوەکانی (یۆتـۆپیا) هەمـوو ئازا و جەنگاوەرن لە شەڕا هەمـوو پاڵەوانن. چونکە ئەو ترسەی کە لەناو فەرمانڕواییەکانی تردا ئەچێتە دڵی سەربازەکانەوە و کزی ئەکات، ترسی ئەوەی ژن و منداڵەکانیـان تووشی هەژاری بێن، دەسەڵاتی بەسەر ئەواندا نییە. ئەمەیش لە سـایەی یاسـاکـەیانەوەیە کە لە ڕووی ئابووری و کـۆمـەڵایەتییـەوە خـەمی ژیانی هەمـوو نەتەوەکەی خـواردووە!... (یۆتۆپیـا)ییـیـەکـان زۆر پێـیـان نـەنگە کـە دوژمنێکی بێ چەکی خـۆیان بکوژن. مـەگەر لەوانە بێ کە قـسـە ئەدزن (جاسـوس)... کـاتێکیش کـە لە جـەنگا سەرئەکەون زۆر لە نیشـانەی بەزەیی پیاهاتنەوە و خۆشەویسـتییان بەرامبـەر مرۆڤایەتی، بەتەواوەتی، دەرئەکەوێ...

## بەربەستکردنی جەنگ... هەتا بەکوشتن!

یەکێک لەو ڕێیـانەی کـە گرتوویانە، بەتەواوی، ئەوەیە کە هەرگیـز پەیماننامـەیان نییـە لەگەڵ فەرمـانڕواییەکانی بێگانەدا لە بابەت یارمەتیدانی سەربازییەوە. چونکە ئەوان لەو باوەڕەدان کە هەر فەرمـانڕەواییەک لەگەڵ فـەرمـانڕەواییـیـەکی تردا پەیوەندیی برایەتی و خـۆشـەویسـتـیی نەبێ، لە توانای هیچ سـوێندخـوارییـەکی سـەربازانەدا نییـە کـە بەفەرمـانڕەواییـەوە ببەستێ یاخود پەیوەندیی پێوە پەیدا بکات. چونکە سوێندخواریی



سـەربازانە هەمـوودەم بەئاسـانی بەندەکـانی تێکومـەکـان ئەدرێن!. لەگـەڵ ئەمـەیشـدا، بەجۆرێکی تێکڕایی، (یۆتۆپیا) و دراوسێکانی پەیوەندییان باشـە و خۆشەویستی زاڵە بەسەریاندا. بازرگانی لەناویاندا دێتودەچێ... پەیوەندیی خوێندەوارییش لە گەشەکردنایە... بەڵام بەمـەیشـەوە دانیـشـتـوانی دوورگـەکـە وازیان نەهێناوە. بەناوی دووربینیـیـەوە، کـارگـێـڕییـەکی دەنگوباس کـۆکـردنەوەی ناوازەیان دامـەزراندووە. خـۆیشـیـان ئەپارێزن لە دراوسێکانیـان. هەروەها بەتەنگ ئەوەیشـەوەن کە کامـەرانی و خۆشگوزەرانیی خۆیان لە هەمـوو دەسـدرێژییـەک بپـارێزن... لەگـەڵ ئەمـەیشـدا، ئەوان ئەمـەیان پێ خـۆشـتـرە کـە بەفرۆفێڵی زرنگکارانە خۆیان بپارێزن لە خراپەی دوژمنەکانیان، نەک بەخوێنڕشتن... خۆ ئەگەر هەر پێویست بێ خوێنڕشتن، ئەوا کوشتنی پێشەوای فەرمانڕەواییی دوژمنەکەیان پێ باشترە لەوەی کە بکەونە شەڕێکی گشتییەوە لەگەڵیاندا. چونکە کوشتنی پێشەوایەکی شەڕ هەڵگیرسێن، نەنگی و ناشیـرینیی کـەمـتر تیایە لە کوشتنی هەزاران کـەس لەژێر دەسـتە بێگوناهەکـان، کـە ئەو پێشـەوایە بەنابەدڵی خـۆیان کـێشیـان ئەکـات بۆ مـردن و لەناوچوون!

## سەربەستی لە باوەڕکردن و لە کردەوە ئاینییەکاندا

دانیشـتـوانی (یۆتۆپیا)، باوەڕیان وایە کـە خواناسی و باوەڕکردن ئەبێ سەربەست بێ. گەلێک ئاین لەناو دوورگەکەدا هەیە. بەڵام خاونەکانی هەموویان لەگەڵ یەکدا بەخۆشییەوە ئەویین. هەندێکیـان ڕۆژ ئەپەرستن، هەندێکیشیـان مانگ، هەندێکیشیان گەورەیەک لەو گـەورانە ئەپەرستن، کـە ڕۆژێک لە ڕۆژان لەسـەر زەویدا ژیاون... ئەوەندە هەیە پیـاوە تێگەیشـتـووەکـانی ناو دوورگـەکە باوەڕیان هەیە بەبوونی هێـزێکی نەناسراو کـە هەر لە سەرەتای دروستبوونی جیهانەوە هەبووە و هەر هەیە. ئەو هێزە لە توانای کەسدا نییە کە بیهـێنێتـە پێش چاوی خۆی. کەچی چاکەکـانی ئەو هەمـوو جیـهـانی گرتۆتەوە. ئەو هێزە (خوایە)یە، کە هەمـوو جیـهـان و ئاسـمـان و هەمـوو شـتـێک ئەو دروستی کـردوون. بەڵام دانیشتوانی دوورگەکە پێی ئەڵێن (میـترا) کە زمانەکەیان هەر لە زمانی فارسی ئەکات!... هەروەها هەندێکیشیـان چوونەتە سەر ئاینی مەسیحی. بەڵام ئەو بیروباوەڕەی دانیشتوانی (یۆتۆپیا) لەسەری ئەڕۆن ئەمەیە: «کە لە ئایندا زۆرلێکردن نییە»!...

لەناو هەمـوو خاوەن ئاینەکـانیشدا، بەهەمـوو جۆرێکیـانەوە ئەم کردەوانە باون: (بەزەیی پیاهاتنەوە)، (خۆشەویستی)، (یارمەتیدان).

لەناو دانیشتوانی دوورگەکەدا کۆمەڵێک هەیە، نە ژن ئەهێنن نە گۆشتیش ئەخۆن. کەچی کۆمەڵێکی تریش هەیە ئەو دوو شتە ئەکەن. پیاوە ئاینییەکانیشیان زۆر خواناس و بێ وەی و کردەوە پاکن. لە هیچ شارێکا، ژمارەیان، لە سیانزە کەس تێپەڕ ناکات. ئەوانە زۆر بەتەنگ ئەوەوەن کە مناڵان و لاوان بخەنە سەر ڕێگای ڕاست. بۆ ئەمەی کە گەورەبوون ببنە هاونیشتمانی باش.

ئەگەر ئەو پیاوە ئاینییانە ئارەزووی ژنهێنان بکەن، ئەتوانن بیهێنن... چەند کەسێکیش هەیە لە ئافرەتە بێوەژن و پیرێژنەکان، ئاینیان کردووە بەپیشە بۆ خۆیان و بەچەشنی پیاوان فرمانەکانی ئاینییان گرتۆتە ئەستۆی خۆیان...

دانیشتوانی دوورگەکە، ڕۆژی یەکەم و ڕۆژی دواییی هەموو مانگێک و هەموو ساڵێک بەپیرۆز دائەنێن. ئەوانە لە کاتی خواپەرستن! بابەتە خاوەن دووکەڵە بۆنخۆشەکان دائەگیرسێنن و ئەسووتێنن. هەروەها ساز و ئاوازیش لێ ئەدەن. مەبەسیشیان لەمە ئەوەیە کە دەروونیان لەسەروو پوول پەرستییەوە بمێنێتەوە!... پەرستگاکانیشیان تا ئەندازەیەک گەورە و فراوان و تاریک و نووتەکن. چونکە باوەڕیان وایە کە ئەگەر ڕووناکییەکە بەهێزبێ، خواپەرستەکان بیریان پەرتوبڵاو ئەبێتەوە ئەگەر، بەپێچەوانەی ئەوە، ڕووناکییەکە کز بێ، بیریان نووچ ئەگرێ لەسەر ئەو شتەی کە پێوەی خەریکن. لەناو ئەو پەرستگایانەیشدا هیچ وێنەیەک، یاخود هیچ نیشانەیەکی وا دانەنراوە کە فڕی بەسەر ئاینێکی تایبەتییەوە هەبێ. ئەمەیش بۆیەکا دانراوە کە هەموو خواپەرستێک وەک خۆی ئەیەوێ و ئاینەکەی فەرمانی پێ ئەدا، خوای خۆی وابهێنێتە پێش چاوی خۆی!...

کاتێ زرێوانەکە گەیشتە ئەم شوێنە لە گێڕانەوەی سەرگوروشتەکەیدا کە لە بابەت دوورگەی (یوتۆپیا)وە بوو، بەبیانووی ماندووبوونەوە، ڕێی لە هاودەمەکەی خۆی خواست کە لێرەدا چیرۆکەکەی بوەستێنێ. بەڵام بەڵێنیشی دایە کە لە هەلێکی تردا چیرۆکەکەی بۆ تەواو بکات بەڵام ئەو هەلە هەر هەڵ نەکەوتەوە. چونکە لەپاش چەند ڕۆژێک (تۆماس مۆر) گەڕایەوە ئینگیلتەرە. لەوێدا دەستی کرد بەنووسینەوەی ئەو چیرۆکەی کە لە کابرای بیستبوو لەوێدا ئەوەی بیرکەوتەوە، کە لەبیری نەبوو لە زرێوانە کە بپرسێ ئەو دوورگە بەختیارە کەوتۆتە کوێوە. لەبەرئەوە بڕیاریدا هەردەمێ چاوی پێکەوتەوە ئەوەی لێ بپرسێ. بەڵام کە گەڕایەوە (هولەندە)، زانی کە زرێوانەکە دیسانەوە دەستی کردۆتەوە بەگەڕان بەناو هەر حەوت زرێکەدا!...



ئەمە بوو، گرنگترین شت، کە بەپێی قسەی (تۆماس مۆر) لەو زرێوانە پیرەی بیستبوو کە ناوی (ڕافائییل هیتلودای) بوو. ئەمیش هێنای ئەو شتانە هەموویانی لەناو نووسراوە نەمرەکەی خۆیدا تۆمارکرد کە ناوی نا «یوتۆپیا» (تۆماس مۆر) لە نووسراوەکەیدا، کە پڕە لە نرخدانانێکی تێگەیشتووانە بۆ بەدکاری و ناهەمواریی چەرخەکەی خۆی، کۆمەڵایەتییەکی بێ هاوتای پیشانداوە، بەو جۆرەی کە خۆی هاتووەتە پێش چاوی...

تەنانەت، هەرچەندە چوارسەد ساڵی خشتیش تێپەڕییوە بەسەر ئەودەمەدا کە ئەم نووسراوەی تیا نووسییوەتەوە، توانج و پلار تێگرتنەکانی (تۆماس مۆر) و نرخدانانەکانیشی خواروخێچی و بەدخوویی و کردەوە خراپەکانی ئەم چەرخەی ئێمەیشی گرتۆتەوە!...[1]

(١) ئەم بابەتە لە گۆڤاری (الحكم الذاتی)دا بڵاوکراوەتەوە ژمارە (٤) ساڵی (٣) ١٩٧٨

## زرنگکاری

ئەم نووسراوە

نووسراوی(زرنگکاری) یاخود (سیاست) کە هی ڕاستی پەرستی، هەرە بەناوبانگی (یۆنانستان)، (ئەرستوو)ە و، ئیمڕۆ پێشکەشی خوێندەوارانی کورد)ی ئەکەم، یەکێکە لەو نووسراوە نایابانەی کە مرۆڤی پێشکەوتوو، هەتا ئێستاکەش کە نزیکەی (٢٣٠٠) ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە لە زانستگاکانی جیهاندا، وەک سەرچاوەیەکی بەنرخ و گرنگی زانستی کەڵکی لێ وەرئەگرێ و خۆشیی لێ ئەچێژێ.

(ئەرەستوو) کە ڕۆڵەی سەدەی چوارەمی پێش زایینە لە پاش ئەمەی هەرچی زانیارییەکی پێش خۆی هەبووە وەری گرتووەو خوێندوویێتییەوە و، لێی وردبۆتەوە و، لێکۆڵینەوەی تیا کردووە، ئەم نووسراوە ناوازەیەی پێشکەشی شارستانێتیی (یۆنان) و (جیهان) کردووە، کە هەتا جیهان مابێ، ئەتوانن بەکاری بهێنن و لە کۆڕی زرنگکاری و فەرمانداریيشدا کەڵکی لێ وەربگرن.

هەروەکو خوێندەواری خۆشەویست چاوی پێ ئەکەوێ (ئەرەستوو) لە نووکەوە لە (کۆمەڵایەتی) و لە پەیوەندیی کۆمەڵایەتییەوە بەفەرمانداری (حکم) دواوە، هەروەها بیروباوەڕەکانی خۆیشی دەربارەی جۆری (فەرمانداریيەکان) و (شێوەی فەرمانڕەوایی)یەکان و یاساکانی (کۆمونیستی) و (دیموکراتی) و (ئەرستۆکراتی) و (ئۆلیگارکی) و (دەستووری) و (خونکاریی بەڕەڵڵا) و ئافرەت و (شێوەی پەروەردەکردنی مناڵ و فێرکردنیان)بەئاشکرا دەربڕییوە هەرچەندە لە هەندێ ڕووەوە، کە (کۆمۆنیستی) یەکێکە لەوانە بەرپەچی هەندێ لە مامۆستاکانی خۆی وەک (سۆکرات) و (ئەفلاتون)ی داوەتە و بەڵام ئەویش لەگەڵ ئەماندا هەریەک ئامانجی بووە، کە ئەویش ئاراستەکردنی (مرۆڤ) بووە بۆ ژیانێکی پاکتر و چاکتر و خۆشتر، کە دووریی لە (زۆرداری) و (هەژاری) و (نەخۆشی) و (نەخوێندەواری)یەوە (ئەرەستوو) مامۆستا و ڕاوێژکار و هاوڕێی خویکار (ئەسکەندەری گەورە) بووە، کە ئەیویست هەموو ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای پێشکەوتووی ئەو سەردەمە لەژێر ئاڵای مرۆڤایەتیدا یەک بخا و کۆبکاتەوە و ئاراستەی ژیانێکی پڕ لە برایەتی و خۆشەویستی و ئازادی و کامەرانییان بکات، (ئەرەستوو) گەلێک نووسراوانی تری هەن لە کۆڕی (زرنگکاری) و (وێژە) و (هۆنراوە)



(پەروەردەکردن) و (فێرکردن) و (هونەر)دا... کە ئێستایش جێگای گرنگ و بەنرخیان داگیرکردووە بۆ خۆیان لە گەنجینەی (زانست) و (هونەر) و (وێژە)ی جیهانیدا، جا هیوادارم بەخوا ئەم نووسراوە کە لە شێوەیەکی کورتکراوە بە (کوردی) کەڵک و فەڕ و خۆشیی خۆی بە (خوێندەوار) و (زرنگکارەکانی کورد) ببەخشێ.

شاکر فەتاح
١٩٦٥/١١/٢٩

## خێزان ناووکی فەرمانڕەواییيە

سروشتی دەستوورە گشتییەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە باش دەرناکەوێ کەواتە بۆ ئەمەی جیاوازییە بنچینەییيەکانی ئەو دەستوورانەمان بۆ پیشان بدرێ، پێویستە لە نووکەوە تێ هەڵبچنەوە... واتا لە سەرەتای پەیدابوونی فەرمانڕەواییيەوە دەست پێ بکەین ئەمەیش ناچارمان ئەکات کە بگەڕێینەوە سەر دامەزراندنی خێزان... لە دامەزراندنی خێزاندا سێ جۆرە پەیوەندیمان دێتە بەرچاو پەیوەندیی دایک و باوک بەمناڵەکانەوە پەیوەندیی مێرد بەژنەکەیەوە. پەیوەندیی گەورەیش بەدەس و پێوەندەکانیەوە دەسوپێوەندەکانیش یاخود نۆکەرەکان بریتین لە جۆرە کەلوپەلێک یاخود سامانێک!... ئەوانیش هەروەک کەلوپەلێکی زیندوو کە بۆ فرمان بەکارئەهێنرێن!...

کە ناوی سامانیش هاتە پێشەوە ئەبێ لە بابەت کۆکردنەوەیشییەوە بدوێین لە بابەت بەکارهێنانیشەوەقسە بکەین چونکە لە بنچینەدا وایە: کە هەموو شتێکی پێویست لە ڕێگای بەجێهێنانی و چەند کردەوە و کارێکەوە دەست ئەکەوێ کە بەئاسانی پێک دێن وەک ڕاوی پەلەوەر و گیانلەبەر و ماسی وەک پەروەردەکردنی ئاژاڵ بەڵام بێجگە لەوە ڕێگایەکی تریش هەیە بۆ سامان کۆکردنەوە کە لەو ڕێگایانەی پێشوو ناکات ئەوەیش ئەوەیە کە سامان بەهۆی کەلوپەل گۆڕینەوەوە پەیدا بکرێ کاری کەلوپەل گۆڕینەوەی پێویستیش کە لە شێوەی هەرە ساکاردا بەجێ بهێنرێ کارێکی ئاساییيە ئەویش یەکێکە لەو کارە ساکارە بنچینەییيانەی کە سامانیان پێ کۆئەکرێتەوە بەڵام گۆڕینەوە وەک خۆی بەساکاری نەماوەتەوە چونکە ئێستاکە بەهۆی شتێکی مام ناوەندییەوە جێبەجێ ئەکرێ کە نرخی دیاریکراوە کە ئەویش (پارە)یە جا سامان دەستکەوتنێک کە بەهۆی ڕێگا ساکارە بنچینەیییەکانەوە بێ سنووری بۆ دانراوە. هەروەها بۆ بەکارهێنانیشی ئەو سنوورە هەیە بەڵام دەستکەوتنی (پارە) هیچ سنوورێکی بۆ دانەراوە جا لەبەرئەوە (زانستی سامان) لە

کۆکردنەوەی ئەم جۆرە سامانە ئەدوێ کەچی (زانستی ئابووری) هەر بایەخ بەسامانە ڕاستەقینەکە ئەدات کە بریتییە لە کەلوپەل، جا لەبەرئەوە ئێمە (زانستی سامانمان وا دێتە پێش چاو کە زانستێکی ئاسایی نییە واتا لە زانستە بنچینەییی گەورەکان نییە بەتایبەتی کە دەم لە بابەت فڕی پارەدان و سوودەوە ئەدات!. کەچی دەستکەوتنی سامان لە شێوەی هەرە ساکاریا کارێکی ئاسایی و سروشتییە هەر ئەوەندەی پێ ئەوێ کە مرۆڤ شارەزای بەرهەمهێنانی شینایی و پەروەردەکردنی ئاژاڵ بێ!... ئەمە لەلایەکەوە لەلایەکی تریشەوە (زانستی سامان) ڕوو ئەکاتە بازرگانی هۆی هەرە گەورەیشی ئەوەیە کە خەریکی ئەوە ئەبێت سەرچاوەکانی خواردەمەنی و کەلوپەل و کەرەستە بخاتە ژێر چنگی خۆیەوە.

## ژیانی کۆمۆنیستی ئەفلاتون!...

بام لە بابەتی سامانەوە بگەڕێینەوە سەر بابەتی خێزان کە سەرنج ئەدەین، ئەبێ سەرداری خێزان یاخود گەورەی خێزان خاوەنی کردەوە و ڕەوشتی باش بێ. ئەمەیش وا ناگەیێنێ کە ئەندامەکانی تری خێزانەکە، وەک ئافرەت و نۆکەرەکان نابێ خاوەن کردەوە و ڕەوشتی باش بن. ئەوەندە هەیە ئەو جۆرە کردەوە و ڕەوشتە باشانەی لەوان داوا ئەکرێ، لە هی گەورەی خێزانەکە ناکات. هەروەها فرمانی کردەوە باشەکانی ئەوان، لە فرمانی کردەوە باشەکانی ئەم ناکات.

لێرەدا دەری ئەبڕین، کە یەکەم کەموکوورییەک لە ئاینی (ئەفلاتون) ئەبینین لە بابەت «فەرمانڕەوایی»یەوە ئەوەیە، کە ئەفلاتون بۆ ئەوە ئەگەڕێ کە (سازبوون) و (لە یەکچوون)ێک بهێنێتە ناوەوە واتا ئەیەوێ: یاساکان هەموویان، بکات بەیەک ئەمەیش کارێکی وایە لەوانەیە کە فەرمانڕەوایی لەناوببات چونکە فەرمانڕەوایی لەسەر ئەوە بەندە کە ئەو کار و فرمانانەی ئەکرێن لەناویدا، جوێ جوێن و لە یەکتر ناکەن. جا هەر لەبەر ئەم هۆیەیە، کە ئێمە ئەو جوێ جوێییە و و ئەو جۆر جۆرییەمان پێ باشە بێن لەو کار و فرمانانەدا. جا لەبەرئەوە کۆمۆنیستیی ئەفلاتونمان وا دێتە پێش چاو، بەتایبەتی ئەوەندەی پەیوەندیی بە ژن و منداڵەوە هەیە، کە بەکەڵکی مەبەسێکی ئاشکرا و دیار نەیەت. چونکە سامانداریی گشت لایی سازبوون و ڕێککەوتن بەرهەم ناهێنی بەپێچەوانەوە ناکۆکی و بەربەرەکانێ ئەخاتە ناوەوە. بێجگە لەوە تاکەکان «افراد»ی نەتەوەیش لە کار و فرمان بینین سارد ئەکاتەوە. چونکە تاکەکانی نەتەوە، وایان لێ دێ کە هەست بەوە ناکەن، ئەو شتەی بەدەستیانەوەیە هەر هی خۆیانە جا لەبەرئەوەی کە ئەزانن کەسانی تریش هەن، لەو



سامانەدا لەگەڵیاندا، هاوبەشن، ئەوەندە خەمی ئەو شتە یاخود ئەو سامانە ناخۆن. ئەنجامی ئەمەیش بەوە ئەگات، کە پەیوەندی و ئاشنایەتیی گیانیی ناوەند ئەندامەکانی خێزانەکان، کز و بێ هێز ئەبن لەناو ئەچن. جا لەبەرئەوە زۆر کارەساتی گەنگ و نەنگ و ناپەسند هەن، کە لە ژمارە نایەن، دوور نییە لەمەوە ڕووبدەن کە پەیوەندییەکانی ناوەند ئەندامەکانی خێزان و خزمایەتی بخرێتە پشتگوێ و بایەخیان پێ نەدرێ!.

خاوەن سامانیی پێکەوەیش، بۆ کەلوپەلەکانی تر دیسانەوە لەباریا هەیە کە ئەم ئەنجامە پێک بهێنێ. چونکە ئەوە بەجۆرێکی گشتی، ئەبێتە هۆی دووبەرەکی پەیدابوون و ناکۆکی . ئەم بیروباوەڕە ، ئەگەر بەکەڵک بهاتایە، یاخود لە توانادا بوایە بهێنرایەتە دی، ئەبوو نەتەوەیەکی تریش لەپێش ئێمەدا تاقیی بکردایەتەوە.

بێجگە لەوە پێشبینییەکانی (ئەفلاتون) و بیروباوەڕەکانی (سوکرات) ماوەی ئەوە دەرناخەن کە تا چەند ئەندازەیەک هاونیشتمانە ئاساییەکان و، سەرپەرشتیکەرەکانیش کە کاروباری فەرمانڕەواییان لەژێر دەستا ئەبێت، ملکەچی بۆ ئەو (دەستوور و بڕیارە یەکسانییانە) ئەنوێنن. هیچ شتێکی وایش لە ئارادا نییە کە ئەو یەکێتییەی هەردوولایان دیاری بکات پێشان بدات. بێجگە لەم کەموکوورییانە، سێ کەموکووڕی تریش پێشان ئەدرێن. بەڵام ئەمانە لە دوای ئەوانەی پێشووەوە دێن. یەکێک لەمانە ئەوەیە کە (ئەفلاتون) ژمارەی سەربازە ڕێکوپێکەکانی کۆمارەکەی بەپێنج هەزار کەس داناوە. ئەم ژمارەیەیش زۆرترە لەو ژمارەیەی کە پەسند بکرێ بۆ (کۆمار)ێکی وەها کە هەڵ بگرێ ئەفلاتون ئەو ناوەی لێ بنێ... هەروەها ئەفلاتون لە پەیوەندییەکانی دەرەوەی نەکۆڵیوەتەوە... هەروەها هیچی لە بابەت ئەوەیشەوە نەگرتووە، کە نیشتەنییەکانی ناو فەرمانڕەواییەکە، چۆن لەناو چوارچێوەی ئەو سنوورەدا ئەمێننەوە کە بۆی داناون، یان بەواتایەکیتر چۆن لە ناوچەی یاسادا ئەژین؟!)

لە پێشبینییەکەی ئەفلاتوندا، بەجۆرێکی تێکڕایی مەگەر هەر بگەینە ئەو ئەنجامە کە بڵێین، لە بریتی ئەوەی یاسایەکی (کۆمار)یمان دەست بکەوێ یاسایەکی مام ناوەندیمان دەست ئەکەوێ لە ناوەند (دیمۆکراتی) و (زۆرداری)دا. تەنانەت نزیک بەیاسایەکی وایە کە هەر چەند کەسێک فەرمانداریان بەدەستەوە بێ و هیچی ترا!...

## پەیدابوونی دەسەڵاتی ئافرەت لەناو فەرمانڕەواییدا ئەبێتە هۆی ڕووخاندنی!

ئەگەر بێتو لە پێشبینییەکانەوە، بگوێزینەوە ناو یاسا ناسراوە بەکارهێنراوەکان، وەک ئەو یاسایەی کە لە (ئیسپارتە)دا بەکار ئەهێنرا، بۆمان دەرئەکەوێ کە ئەو بیرەی لە بابەت کاتی (دەست پەرژانەوە) دانراوە کە بۆ هاونیشتمانە ئازادەکان بهێنرێتە بەرهەم تا بەخۆشی تیایا ڕاببوێرن، بەهۆی ئەوەوە کە فەرمانڕەواییەکە، ژمارەیەکی گەورە دانیشتوانی تیا کۆبکرێتەوە، مەترسیی ئەوەیشی تیایە کە چینی خواروو کە کار و فرمان بەدەست ئەوانەوەیە سەرکێشی بکەن و فەرمانڕەواییە کە بخەنە تەنگوچەڵەمەوە!... بێجگە لەوە ئەو سەربەستییەیش کە دراوە بەئافرەت کە ئەوانە بەشێکی گرنگن لە هەموو فەرمانڕەواییەکی سەربازیدا، دەسەڵاتێی وایان ئەداتێ کە زیان بەخشێ بەکۆمارەکە هەر لەبەرئەمەیش بوو، کە دەسەڵات کەوتە چنگ چەند کەسێکەوە کە بەشی زۆریان لە ئافرەت بوون، دانیشتوانی فەرمانڕەوایی (ئیسپارتە) بەرەبەرە کەم بوونەوە، تا وایان لێهات بەرەو نەمان بچن!... بەتەنیشت ئەمەیشەوە ئەمان دی. فەرمانبەرەکانی فەرمانڕەوایی، کە سەرداری ڕاستەقینە ئەوان بوون، بەشێوەیەکی منداڵانە، لەو پیاوە ئازادانە هەڵبژێران کە بەشێک بوون لە هەموو دانیشتوانی فەرمانڕەواییەکە. هەروەها ئەندامانی (کۆڕی ڕیش سپی = مجلس الأعيان)یانی نەتەوەییش هەروا هەڵئەبژێران!.

لەلایەکی تریشەوە، دەوڵەمەندەکان و هەژارەکان هەردوو لایان پێکەوە، وەک یەک ئەبوو هاوبەش بوونایە لە ئامادەکردنی ژەمە نان خواردنەکاندا، کە هەموو کەس تیا بەش درابوو. ئەوەیش دیارە کە لەمەدا هەژارەکان زۆرداریيان لێ ئەکرێ. خۆ ئەگەر لە گۆشەیەکی تریشەوە سەیری یاسای فەرمانداری بکەین لە (ئیسپارتە)دا ئەوەمان دێتە پێش چاو کە (گیانی سەربازێتی) ئامانجی تاکانەی هەموو یاساکەیان... هەروەها ئەو یاسایانەیشیان کە پەیوەندییان بەسامانەوە هەیە، پڕە لە هەژاری و دەست قووچاوی.

بەپێی زانیارییە کۆنەکان، یاسای زرنگکاری (ئیسپارتە) لە یاسای دوورگەی (کریت)ەوە وەرگیراوە، کە لە هەندێ ڕووی کەم بایەخەوە نەبێ هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ئەودا نییە. یاسای دوورگەی (کریت)یش، لە ڕاستیدا، بەجۆرێکی تێکڕایی، پڕە لەو کەموکووڕییانەی کە لە یاسای (ئیسپارتە)دا هەن هەروەها یاسای فەرمانداریی (کارتاجە)یش لەم دوو یاسایەی ئەکرد. تەنیا لە چەند ڕوویەکەوە لێیان جیاواز بوو. یەکێک لەوانە ئەوەبوو کە هەندێ ڕێوشوێنی دانابوو کە هێز و توانایی، نرخی خۆی



بدرێتێ. هەروەها هەندێکیش لە دەسەڵاتی بەخت و بۆ هاتن کەم بکرێتەوە لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا!... کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا لەسەر بنچینەی سامان و هێز و توانایی، نرخی پێ ئەدرا، کە ئەوە تاڕادەیەکی وابوو، مەترسیی ئاژاوە و تەنگوچەڵەمەی لێوە ئەکرا!.

بەڵام لە (ئەسینا)دا. ئەو یاسایەی کە (سۆلۆن)ی ڕاستی پەرست دایئابوو، جێگای یاسای فەرمانداریی تەنیای گرتبووەوە، بەهۆی ئەو دەستوورانەیشەوە کە بۆ هەڵبژاردنی فەرمانبەرانی فەرمانڕەوایی دایئابوون پشتی دەستەی (ئەریستۆکرات)ەکانی ناو نەتەوەی قایم کردبوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا، بەشێکیش لە (دیموکراتی) خستبووە ناو یاسای فەرمانداریيەوە. ئەوەیش بەهۆی یاسای دادگاوە جێبەجێ کردبوو. (یاسای سۆلۆن)یش نەگەیشتە ئەو شێوە دیموکراتییە ئاشکرایەی ئێستای تا یاساناسەکانی دوای خۆی دەستکارییان تیا کرد!...

## ئایا یەکسانی لەگەڵ دادپەروەریدا ڕێک ئەکەوێ؟

## یاخود دادپەروەری لەوەدایە کە یەکسانی نەبێت؟

هیچ هاونیشتمانێکی باش، لە هاونیشتمانێکی باشی تر جوێ ناکرێتەوە، بەوە نەبێ کە تەماشای پەیوەندیی بکرێ بەیاسای فەرمانڕەواییەوە. کەواتە هیچ ڕێگایەک نامێنێتەوە بۆ یەکسانی و لە یەکچوونی تەواو ئەوەیش سەبارەت بەوەیە کە فەرمانڕەوایی لە چین، چین پەیدابووە، کە هەر لەبەرئەوەیشە کە ژێردەستەکان لە یەکتر ناکەن. (سەردار)یش لە هەموو کەسێکی باش بەوە جوێ ئەکرێتەوە، کە بێجگە لەوەی هەموو کردەوە و ڕەوشتێکی چاکی ئەو کەسە باشەی هەیە، جیاوازیی (ژیری) یاخود تێگەیشتووییشی هەیە. ئەم جیاوازییەیش، مەرج نییە هەموو کەسێک هەیبێ. چونکە ئەو هاونیشتمانەی کە فرمانێکی گەورەی فەرمانداری نەبات بەڕێوە زۆر پێویست نییە کە ژیر و تێگەیشتوو بێت ئەمە ڕاستە کە هاونیشتمان ئەبێ توانای هەبێ فەرمانداریيش بکات، توانایشی هەبێ ملکەچییەکەی ملکەچیی بەندە و نۆکەرێک بێ، ئەبێ ملکەچیی خاوەن بیروباوەڕێکی سەربەست و ئازاد بێ!... لەگەڵ ئەمەیشا ئەو کردەوە و ڕەوشتە چاکانەی کە ئەبێ لە کاتی فەرمانداریدا ببیبێ جیاوازن لەو کردەوە و ڕەوشتانەی کە هەر تەنیا هاونیشتمانێک بێ و ببیبێ، ئاینە زرنگکارییەکانیش بەوپێیە دابەش ئەبن کە فەرمانداری لە دەست یەک کەس دابێ یاخود لە دەست چەند کەسێک دابێ، یان لە دەست نەتەوە هەموویدا بێ. جۆرە ئاساییەکانی فەرمانداریيش، واتا ئەو فەرمانداریانەی کە

ئامانجیان چاکەی گشتییە ئەمانەن.

خونکاری (الملکیە) (ئەریستۆکراتی)، یاخود فەرمانداریی کۆمەڵێک لەو باشانەی کە لە باشەکانی نەتەوە هەڵبژێرراون فەرمانداریی (دەستووری).

ئەو فەرمانداریییانەیش کە ئاسایی نین و جیاوازن، ئەوانەن کە بۆ کەڵکی سەردارەکان خۆیان هەڵئەسووڕێن. ئەمانەیش چەند جۆرێکن: فەرمانداریی (زەبربەدەستانە). فەرمانداریی (ئۆلیگارکی)، واتا ئەو فەرمانداریییەی کە بەدەست چەند دەوڵەمەندێکەوە بێ. فەرمانداریی (دیمۆکراتی)!. فەرمانداریی (ئۆلیگارکی) یاخود دەوڵەمەندانە ئامانجی ئەوەیە کە دەوڵەمەندەکان دەسەڵاتداربن بەسەر هەژارەکاندا. بەڵام فەرمانداریی دیمۆکراتی، یاخود هەژارانە ئامانجی ئەوەیە کە هەژارەکان دەسەڵاتداربن بەسەر هەژارەکاندا!.

جا ئەم یاسایانە، وەک یەک سەیری یەکسانی ناکەن. بەلای یەکێکیانەوە یەکسانی لەگەڵ دادپەروەریدا ڕێک ئەکەوێ. کەچی لای یەکێکی تریان دادپەروەری لەوەدایە کە یەکسانی نەمێنێ!. فەرمانداریی (دیمۆکراتی) یاخود هەژارانەیش لەگەڵ بیروباوەڕەی یەکەم لایاندا ڕێک ئەکەوێ نەک لەگەڵ هی دووەم لایان. بەڵام فەرمانداریی ئۆلیگارکی یاخود دەوڵەمەندانە، لەگەڵ بیروباوەڕی دووەمدا ڕێک ئەکەوێ نەک لەگەڵ هی یەکەم!.

لە ڕاستیدا، دەسەڵاتداری لە ساماندا، ئەوە ناگەیەنێنی کە دەسەڵاتداری لە هەموو شتێکا پەیدا ئەکات...

هەروەها یەکسانی هەیە. کەچی هەندێک بەهەڵە وا ئەزانن کەوایە! جا لەبەرئەوە، بێجگە لە کردەوەی چاک و ڕەوشتی پاک و زیرەکی و زرنگی و توانایی نابێ هیچ شتێکی تر زاڵ ببێ بەسەر دابەشکردنی دەسەڵاتی زرنگکاریدا!...

## کامیان دەسەڵاتیان پێ ڕەوایە: بەشی زۆریان بەشی کەم؟!

لێرەدا، دوورنییە ئەم پرسە بەناوبانگەمان لێ بکرێ: کامیان دەسەڵاتیان پێ ڕەوایە: بەشی زۆر یان بەشی کەم؟!

هیچ لەوەدا گومان نییە کە ئەوە باشترە، فەرمانداریییەکە زۆربەی نەتەوە پەسندی بکەن، نەک بەشی کەمی نەتەوە. فەرمانداریی وەها بێ وەی تر ئەبێ بەتایبەتی لەبەرئەوەی کە زۆربەی نەتەوەکە خاوەنی بەشی هەرە گەورەی کەڵک و چاکەی هەموو نەتەوەکەن. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە نەتەوە هەمووی بخرێتە سەر تەختی فەرمانداری، نەچنگی بەسەردا



بگرێ و نەچەندوچوونیشی لەگەڵ بکرێ. بەڵام واتاکەی ئەوەتا کە پێویستە نەتەوە هەمووی ئەو کەسەی لا پەسند بێ کە هەڵ ئەبژێررێ بۆ تەختی فەرمانداری. هەندێ کردەوە و ڕەوشت هەن کە ئەبن بەهۆی ئەوەی هەر کەسێ ئەوانەی ببێ، ئەبێتە فەرماندار. بەڵام پێویستە ئەویش بزانین کە بوونی هەندێ کردەوە و ڕەوشتی بەرز لە یەکێکا واتای ئەوە نییە کە ئەو کەسە لە هەموو کردەوە و ڕەوشتێکا بەرز و پیرۆزە: وەک ئەوەی ئەو کەسە لە بنەچەیەکی باشەوە لە دایکبووبێ. یاخود سامانێکی باشی هەبێ!. هەروەها سەرکەوتوویی هەندێ (چین)یش لە هەندێ کردەوە و ڕەوشتا، ئەوە ناگەیێنێ کە مافی هەیە فەرمانداری هەر بەدەست خۆیەوە بێ. بەتایبەتی لەبەرئەوەی کە نەتەوە ئەگەر هەمووی پێکەوە بێ لە هەر چینێک لە چینەکان سەرکەوتووترە لەو کردەوە و ڕەوشتانەدا!.

(خونکاریی یونان)یش هەروەک لە ئیسپارتەدا دیارە ئەوە ناگەینێ کە تاکە کەسێک زەبربەدەستی بنوێنێ لە فەرمانداریدا بەڵکو ئەوە ئەگەینێ کە سەرکردەییی باڵای سەربازی لەژێر سەرکردەیەکدا جێگیر بێ و بمێنێتەوە. خونکارییش لە فەرمانداری زەبربەدەستانە جیاوازە. چونکە ئەو هێزانەی کە لەژێر دەستی فەرمانداردان، لەو سەربازانەن کە سەربازییان کردووە بەپیشە بۆ خۆیان. کەچی ئەو هێزانەی کە لەژێر دەستی خونکاردان لەژێر دەستە چەکدارەکان پێک دێن... بەتەنیشت خونکاریی یۆنانەوە، گەلێک جۆری تر هەیە لە یاسای خونکاری وەک ئەو خونکارییەی کە پشت بەپشت خونکارییەکە ئەمێنێتەوە بۆ کوڕی خونکاریان خزمێکی وەک ئەو خونکارییەی کە لە ئەنجامی هەڵبژاردنی یەکێکدا پەیدا ئەبێ ئەگەر ئەمیش پشت بەپشت بهاتەیە خوارەوە، ئەبوو بەخونکاریی تەواو دابنرایە لەگەڵ ئەمەیشا، لە ڕووی مێژووەوە، وامان دێتە پێش چاو کە (ئەریستۆکراتی) جێگای (خونکاری)ی گرتۆتەوە (ئۆلیگارکی)یش جێگای (ئەریستۆکراتی) گرتۆتەوە. فەرمانداریی (دیمۆکراتی)یش جێگای فەرمانداریی (یەک کەسی) گرتۆتەوە. دوای ئەمانە هەمووی فەرمانداریی خونکاری بەرەڵڵایش هاتۆتە ناوەوە.

## کردەوە و ڕەوشتە باشەکانی مرۆڤ بنچینەی فەرمانداریی بێ هاوتان!

یاسای فەرمانداریی بێ هاوتایش، بەندە بەبوونی بێ هاوتایی و ئەندازەی بێ هاوتاییی مرۆڤەوە لە ژیانی خۆیدا. هەروەک لەوەپێش گوتمان خۆش ڕابواردنی مرۆڤ لەوەدا نییە کەلوپەلی هەبێ؛ خۆش ڕابواردنەکەی لەوەوە پەیدا ئەبێ کە کردەوە و ڕەوشتی چاک و هێز و تونای و کارگوزاریی هەبێ و بەکاریان بهێنێ. جا ئێمە هەر لەسەر ئەوە ئەڕۆین و

ئەڵێین: کە کردەوە و ڕەوشتە چاکەکانی فەرمانڕەوایی دوایی کامەرانی و خۆش ڕابواردنیشی بەندن بەکردەوە ڕەوشتە چاکەکانی و مرۆڤەوە. بەڵام ئایا مرۆڤ، هەر لەبەر کردەوە و ڕەوشتە چاکەکانی پێی خۆشە، کە بەزۆر هاوبەشیی پێ بکرێ لە هەڵسووڕاندنی کاروباری فەرمانڕەواییدا؟

ئاخۆ فەرمانڕەواییش پێی خۆشە کە هەموو تاکەکانی نەتەوە هاوبەش بن لە هەڵسووڕاندنی کاروبارەکانیا؟!

لە ڕاستیدا (ئارەزووی ڕووت) بۆ گەورەیی نواندن بەسەر کەسانی تردا، بەشتێکی دروست دانانرێ، چ لەلایەن مرۆڤەوە بێ، چ لەلایەن فەرمانڕەوایەوە... بەڵام فرمان خستنە سەر ئەستۆی خۆ تا ئەندازەیەک لە ڕێگای هاوبەشی کردن وە لە ئاراستەکردنی کەسانی تردا و دەسەڵات پەیداکردن بەسەریاندا، کارێکی جیاوازە لەوە ئەم کارەیش لەلایەن کەسەکانی ترەوە جۆرە خۆ ئامادەکردنێکی پێ ئەوێ، تا بتوانن ئەو ئاراستەکردن و دەسەڵات بەسەردا بوونە پەسند بکەن!. فەرمانڕەواییش بەچەشنی مرۆڤ پێویستیی بەوە هەیە کە ئەبێ و کورت ئەهێنێ... ئەوەیش هەیە، کە نابێ ماوە بدرێ بەبێگانەکان، کە لە هەموو بەندەرێکدا هەن، کارێکی خراپ بکەنە سەر هاونیشتمانەکان. خۆشبەختانە خاکی یۆنانییەکان، کەوتووەتە شوێنێکی واوە، کە بتوانێ تا سەر، لە بازرگانی و خوێندەواریدا پێش بکەوێ. کەچی ئاسیاییەکان هەر لە پێشکەوتنی خوێندەوارییدا بەختیارن نەک بازرگانی هەروەها دڕندەکانی ئەوروپایش لە بازرگانیدا بەختیارن، نەک لە خوێندەواریدا!.

## فەرمانڕەوایی پێویستی بەخۆ بەخێوکردن هەیە

پێویستە فەرمانڕەوایی، ئەوەندە خواردەمەنی بەرهەم بهێنێ کە بەشی بکات. ئەمەیش بەوە پێک دێ کە کەسانێکی وا ئامادە بکات بۆ کشتوکاڵ و شینایی و ئاژاڵ بەخێوکردن کە لەو پیشانەدا شارەزابن... هەروەها هونەری ماکینەکارییشی تیا دابمەزرێ کە ئەمەیش شارەزایانی پێ ئەوێ لە میکانیکدا... هەروەها ئەبێ لەشکر و، چینێکی دەوڵەمەند و، فەرمانڕەواییەک و، دەزگایەکی یاسادانان و، دەزگایەکی ئاینیشی تیا دابمەزرێن... کەس نابێ لە سامان پەیداکردن بەربەست بکرێ، بێگانەکان نەبن. چونکە جوێکردنەوەی هاونیشتمانەکان لە بێگانەکان کارێکی پێویست و گەورەیە. بەڵام جوێکردنەوەی چینەکانی ناو هاونیشتمانەکان لە یەکتر، لە مافدا، کارێکی نەنگ و ناپەسندە.

ڕەنگە لە یاسای نانخواردنی گشتیدا کە فەرمانڕەوایی دای ئەنێ بۆ هەمووان، هەندێ



کەڵک دەست بکەوێ. بەڵام سامان نابێ هی هەمووان بێ، یاخود هەمووان تیا بەشداربن. پێویستە بەشێک لە زەوی بۆ هەمووان دابنرێ بەگشتی کەڵکی لێ وەربگرن. بەشەکەی تریشی بۆ زەویی تایبەتی دابنرێ. بەڵام ئەوانەی زەوییەکان ئەکەن بەکشتوکاڵ و شینایی، پێویستە لە بەندە و نۆکەرەکان بن!.

پێویستە جێگەی شارەکە ئاو و بای سازگاری هەبێ واتا شوێنێکی تەندروستانە بێت. هەروەها جێگاکەیشی گرنگ و بایەخداربێ وا هەڵ بکەوێ کە لەشکرەکەی بتوانێ بیپارێزێ. هەروەها لە شێوەیەکی باشدا، چوار لای کرابێ بەدیوار و کەڵاتی بۆ کرابێ بۆ پاراستنی. پێویستە ڕێوشوێنی نانخواردنی گشتیی پێکەوە، لەگەڵ ڕەنگرێژیی ساختمانە گشتییەکاندا، بەجۆرێکی وا کرابن کە هەموو چینەکانی هاونیشتمانەکان بتوانن فرمانە گشتییەکانی خۆیان بەباشی ببین.

هەروەها پێویستە بۆ ئەوەیش تێ بکۆشرێ، کە کاروباری دەرەوە، یارمەتیی کامەرانیی ناو شار بدات. جا ئەگەر ئەم کاروبارانە ئامادەکران، ئەوا کامەرانی هەر لەم سەرچاوانەوە پەیدا ئەبن: لە ڕاهاتن بەکار و فرمانی بەکەڵکەوە لە نواندنی ڕەوشت و خووی چاکەوە، لەخۆ پێگەیاندنێکی سروشتییانەوە، لە مەشقکردن و ڕاهێنانی دەروون و هۆشەوە بەشتی چاکەوە. ئەمەیش بەندە بەخوێندن و پەروەردەکردنەوە ئەو دووانەیش، لەبەر هەندێ هۆی ئاشکرا، لە پارێزگاریی لەشەوە دەست پێ ئەکەن، لەگەڵ بایەخدان و خەمخواردنی ئەو بابەتی مرۆڤایەتییەی کە فرِی بەسەر هۆشەوە نییە. پاش ئەوە، لە شێوەیەکی شینەیی و هێواشدا بەرەبەرە، خەمخواردنی ئەو بابەتەی مرۆڤایەتی کە فڕی بەسەر هۆشەوە هەیە، یاسادانانیش ئەبێ لە پێشەوە لە ژنهێنانەوە دەست پێ بکات. ئەبێ ژنهێنان بخرێتە شێوەیەکی ڕێکوپێکی واوە کە هەموو جووتێکی ئامادە بۆ مناڵ بەرهەم هێنان، بپارێزێ لەوەی و لە نەخۆشی و لە ناخۆشی. ئەویش بۆ ئەمەی ژن و مێردەکان مناڵی پەککەوتە و لەش تێکچوو و ژاکاویان نەبێت. پێویستە هەر کەسێکیش مناڵی پەککەوتەی ببێ، هیچ یارمەتییەکی نەدرێ، تا مناڵەکەی نەمێنێ!.

## گرنگیی ساز و ئاواز لە پەروەردەکردنی مناڵدا!.

ئاخۆ پێویست بەوە ئەکات کە پێ خوێندن لەسەر پێڕەوییەکی دامەزراو بڕوات بەڕێوە؟

ئاخۆ ئەبێ دەزگاکانی تایبەتی، بیبەن بەڕێوە یان ئەبێ لە ژێردەستی فەرمانڕەوایی دەبێ؟... ئەی چی پێویستە لە پێڕەوییەکەدا هەبێ؟...

بۆ ئەمەی بتوانین وەرامی ئەم پرسانە بدەینەوە بۆ ئێمە وا چاکترە لەبیرمان نەچێت، کە ئامادەکردنی هاونیشتمانەکان بەشێوەیەکی وا کە لەگەڵ یاسای فەرمانداریی فەرمانڕەواییدا بگونجێ، کارێکی یەجگار گرنگ و بایەخدارە. جا لەبەرئەوە پێویستە پێ خوێندن و پەروەردەکردن لە دەست فەرمانڕەواییدا بن. نەک بدرێنە دەست ئەوانەی پرۆژەی تایبەتییان هەیە، بەئارەزوو هەوەسی خۆیان بیانبەن بەڕێوە بەڵام دیاریکردنی چاکترین شێوە لە پێ خوێندن و پەروەردەکردندا، بابەتێکە وتووێژی لەسەر ئەکرێ . ئایا مەبەسی پێ خوێندن ئەبێ هەر ئەوە بێ کە بابەتی بەکەڵک فێری منالاّن بکات، یاخود مەبەسی ئەوە بێ کە پەروەردەیان بکات بەڕەوشت و خووی باشەوە، یان مەبەسی ئەوە بێ کە گەشە بەمێشک و بیرکردنەوەیان بکات؟...

ئەوە دروستە، کە بابەتە بەکەڵکەکان فێری منالّەکان بکرێن. بەڵام بەمەرجێ تەگەرە لە کاری هۆش نەدەن و، بەرپەچی کردەوە و ڕەوشتی باشیش نەدەنەوە. ئەو بابەتانەیش کە پەسندکراون فێری منالّ بکرێن ئەمانەن (خوێندنەوە)، (نووسین)، (وێنەکێشان)، (لەش بزواندن)، (ساز و ئاواز) چوار بابەتەکەی پێشەوە وەک بنچینەی خوێندەواری دانراون لەبەرئەوە پێویستن کەچی پێنجەمیان، بۆ ئەوە بەکاردێ، کە منالّی پێوە ڕابهێنرێ بۆ ئەمەی کاتی بێ فرمانیی خۆی باش بەکاربهێنێ، بێجگە لەوە چوار بابەتەکەی پێشەوە، سنووریان هەیە پێویستە دیاری بکرێن. چونکە بەوێنە: لەش بزواندن ڕەنگە بەهەڵە منالّ وا لێ بکات کە حەز لە درندەیی و پیاوکوشتن و ئازاردان بکات. ئەمەیش لەگەڵ ئازایەتی و مەردایەتیدا ڕێک ناکەوێ. هەرچی ساز و ئاوازیشە بێجگە لەوەی کە بابەتێکی خۆش ڕابواردنە، بۆ ئەوەیش دەست ئەدات کە کاتی بێ فرمانیی پێ پڕ بکرێتەوە و دەروونی پێ شادمان بکرێ، هەروەها لە ڕووی ویژەییشەوە ڕاستە و ڕاست کار لە دڵ و دەروون و ڕەوشتی منالّ ئەکات. کەواتە بۆ منالّ باشە کە لە ساز و ئاوازدا شارەزایی پەیدا بکات. هەروەها فێری ئەوەیش بکرێن کە کاتێ گوێیان لە ساز و ئاواز و گۆرانی بوو چۆن هەڵیان بسەنگێن و نرخی تەواوی خۆیان بدەنێ. بەڵام ئەوەندەیش هەیە، نابێ ئەوەندە مەشقیان پێ بکرێ بەکەلوپەلی ساز و ناوازەوە کە خۆیشیان وەک کەلوپەلیان لێ بێت!... پێویستە لە پێڕەوییەکانی فێرکردندا، ئەو جۆرە ئاوازانە دابنرێن کە یارمەتیی گیان و دەروون ئەدەن لە بەرزبوونەوەدا!.



## پێویستە هەڵبژاردنی یاسای فەرمانداریی باش بەپێی باری فەرمانڕەوایی بێ!

لێکۆڵینەوەی (زانستی زرنگکاری) و خوێندن بۆ ئەوە ئەگەڕێ کە چاکترین یاسای فەرمانداری وە نزیکترینیان بەیاسای فەرمانداریی بێ هاوتا، تاقی بکاتەوە. هەروەها باشترین یاسای فەرمانداریش بدۆزێتەوە: بۆ فەرمانڕەواییەکی دیاریکراو، بۆ بارێکی پێش چاو هاتوو دیاریکراوی وایش کە بگونجێ بێتەدی. لەمەوپێش لە بابەت بیروباوەڕی نموونەیی فەرمانڕەواییەکانەوە دواین، کە بریتییە لەوەی فەرمانداری بەدەست پیاوی چاکەوە بێت ئەو فەرماندارە کەسێک بێ یان چەند کەسێک جیاوازیی نییە. مەرج هەر ئەوەتا باش بن. هەر ئەوەندەی ماوە کە هەموو جۆرە یاساکانی فەرمانداریی ئۆلیگارکی (دەوڵەمەندانە) و دیمۆکراتی (هەژارانە)، لەگەڵ یاساکانی فەرمانداریی زەبربەدەستانە (استبدادی)دا بیشکێنن و تاقی بکەینەوە ئەم هەموو جیاوازییانەی کە لەم ڕووەوە پەیدا ئەبن سەبارەت بەوەیە کە دەستە (حزب)ەکان، یاخود چینەکانی ناو فەرمانڕەواییە کە لەگەڵ یەکتردا جوێ جوێن، لەگەڵ ئەمەیشا، ئەو فەرمانڕەواییانەی کە لەم جۆرانەن بەجۆرێکی تێکڕایی بریتین لە دوو بەش: فەرمانڕەواییە دیموکراتییەکان، کە فەرمانڕەواییە خاوەن دەستوورەکانیشیان تیایە. فەرمانڕەواییە ئۆلیگارکییەکان کە فەرمانڕەواییە ئەریستۆکراتییەکانیش ئەگرنەوە. لە بەشی یەکەمیاندا، دەسەڵاتی بەشی زۆری نەتەوە کە هەژارن بەسەربەشی کەمی نەتەوەدا کە دەوڵەمەندن، دەسەڵاتی ئەبێ بەسەر بەشی هەژاردا. چینەکانی نەتەوەیش کە پەنجەمان بۆ کێشان ئەمانەن: جووتیارەکان پیشەسازەکان بازرگانەکان کرێکارەکان سەربازەکان پیاوە ئاینییەکان. خاوەن زەوییەکان ئەندامانی دەزگای ڕاپەڕاندنی کاروباری فەرمانڕەوایی واتا فەرمانبەران خاوەن بیرەکان خاوەن پیشە ئازادەکان دادگەر (حاکم، قازی)ەکان یاسادانەرەکان دوور نییە کە ئەم دوو بەشە یەک بگرنەوە کەسانی وایش ببینین کە سەر بەدوو چین بن.

بیروباوەڕی بنچینە لە یاسای دیمۆکراتیدا ئەوەیە کە یەکسانی هەبێ و هەندێ شێوەی دیمۆکراتیەکان ئەوە بەمەرج دائەنێن کە مرۆڤ کەمێک سامانی هەبێت ئنجا مافی یەکسانیی پێ ئەبڕێ. بەڵام جیاوازییە گەورەکانی ناوەند جۆرەکانی دیمۆکراتی لەوەوە پەیدا ئەبن کە یاساکانیان کەم و زۆر دەسەڵاتیان ئەگۆڕێ. چونکە لە هەندێ فەرمانڕەوایی دیمۆکراتیدا، دەسەڵاتی هەرە گەورە ئەدرێ بەیاسا. کەچی لە هەندێ فەرمانڕەوایی تردا، یاسا ئەخرێتە ژێر چنگی یاسادانەرەکانەوە، کە بەئارەزووی خۆیان دەسکاریی ئەکەن. یان

بەواتایەکی تر ئەخرێتە ژێر چنگی یاساناس و یاسادانەرەکانەوە دانراون بیروباوەڕی نەتەوە پیشان بدەن و نوێنەری نەتەوەن بەڵام ئەم جۆرە فەرمانڕەواییییە دیمۆکراتییانە، بەهیچ کلۆجێ بەفەرمانڕەوایی خاوەن دەستوور دانانرێن.

بەڵام لە هەر کوێیەکا بایەخی زۆرتر بەسامان بدەن. فەرمانڕەواییییانی ئۆلیگارکی دائەمەزرێ. لەم جۆرە فەرمانڕەوایییانەدا، هی وایان تیایە کە مافی دامەزران لە فرمانە گەورەکانی فەرمانڕەواییدا، بۆ خزمانی دەزگای فەرمانداەرەکان تەرخان ئەکرێ... هی وایشیان تیایە کە فەرمانەکان پشت بەپشت بەجێ ئەمێنن بۆ نەوەکانی فەرمانبەرە گەورەکان: هی وایشیان تیایە کە دەزگای ڕاپەڕاندنی کاروباری فەرمانڕەوایی دەسەڵاتێکی وایان ئەبێ، کە زاڵ ئەبێ بەسەر دەسەڵاتی یاسادا!

بەڵام ڕەوشتی کۆمەڵایەتی وایە کە یاسای فەرمانداریی دیمۆکراتی بگۆڕێ و بیکات بەیاسایەکی ئۆلیگارکی... هەروەها پێچەوانەی ئەمەیش ڕاستە... لە زۆربەی فەرمانڕەواییییە دیمۆکراتییەکاندا ئەوەمان دێتە پێش چاو کە لەبەر هەندێ هۆ ماوەی پاڵاوتن بۆ پایەکانی فەرمانداری کەم ئەبێتەوە... هەندێ فەرمانڕەوایانی ئۆلیگارکییش هەن کە بەهەڵە پێیان ئەڵێن (ئەریستۆکراتی) کەچی لە ڕاستیدا ئەوانە لە دیمۆکراتییەوە نزیکترن!.

ئنجا کە هاتینە سەر ئەوەی لە فەرمانڕەوایی خاوەن دەستوور بدوێین، وامان دێتە پێش چاو. کە لە هەردوو یاساکەی دیمۆکراتی و ئۆلیگارکی، یاخود لە مام ناوەندیی هەردووکیان پەیدابووبێ... چونکە لەلایەکەوەی ماوە ئەدات بەیەکسانی: لە سەربەستی و ساماندا، لە پایەبەرزەکانی فرمانی فەرمانڕەواییدا... لەلایەکی تریشەوە، لە هەندێ ڕووەوەلە فەرمانداریی ئەریستۆکراتی نزیک ئەبێتەوە.

بەهەموو ڕەنگ چاکترین بار بۆ فەرمانداریی خاوەن دەستوور ئەوەیە، کە ئەم فەرمانداربیە لە ناو فەرمانڕەواییییەکی وادا دابمەزرێ، کە بەشی زۆری هاونیشتمانەکان مام ناوەندی بن لە ساماندا، نەدەوڵەمەندین، نەهەژار ئەمانەی لێ دەرچێ، ئیتر هەرچی فەرمانڕەواییییەک ئەمێنێتەوە پەیوەندیی سەردارەکانیان بەژێردەستەکانیانەوە بەجۆرێکی تێکڕایی وەک پەیوەندیی گەورە بەنۆکەرەوە وایە!...

جا لەبەرئەوە بوونی چینێکی گەورەی مام ناوەندی لە ساماندا باشترە بۆ پشتگرتنی یاسای دەستووری. هەر کاتێ ئەم چینە کزبوو، زاڵبوون لە ناوەند یاسای ئۆلیگارکی و



دیمۆکراتیدا هەر جارە بۆ لایەک دەبێ واتا جارێکیان بۆ ئەمیان دەسەڵات پەیدا ئەبێ، جارێکیشیان بۆ ئەو لایان، وایشمان دێتە بەرچاو، کە جارێکیان فەرمانڕەوایی ئارەزووی ئەوە ئەکات دەوڵەمەندەکان تیژ بکاتە سەر ئەوەی بەشێک لە فرمانەکانی فەرمانداری بخەنە ئەستۆی خۆیان جارێکیشیان ڕێ بۆ هەژارەکان دەکاتەوە و ئاسانی ئەکات کە بەشێک لە کاروباری گشتیی ژیان بگرنە ئەستۆی خۆیان جا هەرە دەستوورە کە بتوانێ ئەو دوو ئارەزووە لەگەڵ یەکتردا ساز بکات. ئەتوانێ هەردووکیان لە جێیەکدا کۆبکاتەوە بۆ دەوڵەمەندەکان و هەژارەکانیش هەریەکە سنوورێک دائەنێ بەڵام دەستووری گشتی ئەوەیە کە ئەو دیوارانەی چوار لای سامانیان گرتووە، نزم بکرێنەوە بۆ ئەمەی زۆربەی نەتەوە بتوانن بەسەریاندا باز بدەن.

## سەربەستی بنچینەی دیمۆکراتییە

هەموو فەرمانڕەواییییەک ئەبێ سێ جۆرە دەزگای هەبێت: دەزگای یاسادانان (هيئة تشريعية) دەزگای یاسا بەجێ هێنان (هيئة تنفيذية) دەزگای دادگەری (هيئة قضائي) جا دەزگای یەکەم سەرپەرشتیی شەڕ و ئاشتی ئەکات لەگەڵ هەڵبژاردنەکان و یاسادانان و یاسا دەرهێناندا. لە یاسای دیمۆکراتیدا، هەموو هاونیشتمانەکان یاخود ئەو نوێنەرانەی کە هەموو بەشەکانی نەتەوە ئەنوێنن دەزگای یاسادانانیان لێ پەیدا ئەبێ. جا ئەگەر هات و ئەندامێتیی ئەم دەزگایەیان وا لێ کرد کە تا ئەندازەیەک خاوەنی سامان بێت یاساکەبەرەو فەرمانداریی دەوڵەمەندانە (ئولیگارکی) ئەچێت. لەم کاتەدا پێویستە نەتەوە مافی (هەڵوەشاندنەوە) و (بەرپەچدانەوە) یاسا بەکاربهێنێ بەڵام بەمەرجێ ئاژاوە و شەڕوشۆڕی لێ پەیدا نەبێ.

هەرچی (دەزگای یاسا بەجێ هێنان)یشە، ئەبێ هەندێ پایەی فرمانی وا گەورەی تیا بێ، کە بتوانێ یاسا دابنێ، بڕیار بدات فەرمان دەربکات سەرکردەیش بکات. لە فەرمانڕەواییییەکی بچووکیشدا. ئەتوانرێ گەلێک فرمانی پێویست بدرێ بەفەرمانبەرێک ڕاپیەرێنێ هەروەها دابەشکردنی کاروبار هەڵسووڕاندنی فەرمانڕەواییش بەپێی جێگا ئەگۆڕێ.

(دەزگای دادگەری)یش کاروباری دادگەری دابەش ئەکات بەسەر چەند کۆڕێکی دادگەری یاخود دادگادا.

فەرمانداریيە دیمۆکراتییەکان بەپێی ئەوە جوێ جوێیان لێ دێ کە هاونیشتمانەکان لە

کشتوکاڵدا فەرمان بکەن یان لە پیشەسازیدا یاخود کرێکار بن یان لە هەموویان بن بیروباوەڕی گشتییش لە هەموو فەرماندارییە دیمۆکراتییەکاندا ئەوەیە کە سەربەستی بۆ هەموو کەسێک بهێنرێتە بەرهەم لە ڕێگای بەرهەم هێنانی سەربەستیی تاکەکانی گەلەوە هەروەها بەهۆی هاوبەش بوونی تاکەکانی گەلەوە لە فەرمانداریدا. بۆ ئەمەیش بێتەجێ پێویستە مرۆڤ هەم سەردار بێ هەم ژێردەست بێ چونکە هەموو کەسێک مافی هەیە هەڵبژرێ بۆ ئەمەی لە فەرمانداریدا هاوبەش بێ هەروەها هەموو کەسێکیش مافی هەیە کەسانی تر هەڵبژێرێ. بەهۆی سەرپشک دانانیشەوە، بۆ پایەکانی فەرمانداری فەرماندار دائەمەزرێنرێ.

کەواتە یەکسانی لە ناوەند کەسان و زۆریی ژمارەی سەرپەرشتیکەران بەسەر فەرمانڕەواییە دیمۆکراتییەکان بەندن بەزۆربەی ژمارەی ئەو ئەندامانەوە کە دەری ئەهێنن بەڵام لە فەرمانڕەواییی دەوڵەمەندانە (ئۆلیگارکی)دا، بڕیارەکان بەندن بەزۆربەی ژمارەی دەوڵەمەندەکانەوە، هەرچەند دەوڵەمەند و هەژاریش تێک بچن دادگاە ناوبژییان ئەکات و ناکۆکییەکەیان ئەبڕێنێتەوە.

دیمۆکراتی لەناو فەرمانڕەواییە کشتوکاڵییەکاندا گەشە ئەکات

چاکترین گەلانی دیمۆکراتی ئەو گەلانەن کە بەکشتوکاڵ و شینایییەوە خەریکن هەروەها بەئاژاڵ بەخێو کردنە چونکە کەمتر سەرکزی ئەنوێنن لەو نەتەوانەی کە لە فەرمانڕەواییە پیشەسازییەکان یاخود لە بازرگانییەکان، یان لە کرێکاران و ڕەنجبەراندان!.

جا بۆ ئەمەی دیمۆکراتی هەر لە برەودابێ، پێویستە دەوڵەمەندەکان واز لە مانگانە وەرگرتن بهێنن بۆ ئەمەی ئەو مانگانانە لەوەدا بەکاربهێنرێن کە باری هەژارەکانیان پێ سووک بکرێ و دووریش بخرێنەوە لەسەر کێشی هەروەها پێویستیشە دەوڵەمەندەکان لە تەنگەتاوکردنی ناڕەوا بپارێزرێن.

ئەگەر لە فەرمانڕەوایی دەوڵەندانەدا (ئۆلیگارکی) زۆربەی پایە گەورەکانی فرمانی فەرمانڕەوایی بەرەڵڵا بکرێن بۆ هەمووان، ئەو فەرمانڕواییە لە فەرمانڕوایی خاوەن دەستوور نزیک ئەبێتەوە هەرچەندێکیش ئارەزووی فەرمانڕەواییەکە بەرەو ئەوە بچێ کە ئەو جۆرە فرمانە گشتییە گەورانە هەر بۆ دەوڵەمەندەکان بمێنێتەوە فەرمانداریەکە بەرەو یاسای زەبربەدەستانە (استبدادی) ئەڕوات!.[1]

(١) ئەم بابەتە لە گۆڤاری «الحكم الذاتی»دا بڵاوکراوەتەوە. ژ (٥)ساڵی (٣) ١٩٧٨



**فەرهەنگی نووسراوەکە**

زرنگکاری = السياسة
ڕاستی پەرست = الفيلسوف
ڕاستی پەرستی = الفلسفة
دەزگای یاسادانان = الهيئة التشريعية
دەزگای یاسا بەجێ هێنان = الهيئة التنفيذية
دەزگای دادگەری = الهيئة القضائية

سلێمانی ١٩٦٥/١١/٢٩

# بیروباوەڕی سەربەست لە زرنگکاریدا

نووسینی: بەرناردشۆ

ئەم نووسراوە

ئەم نووسراوە کە ناوی نراوە (بیروباوەڕی سەربەست لە زرنگکاریدا) هی نووسەر و ڕاستی پەرستی بەناوبانگی ئینگلیزی (بەرناردشۆ)یە.

یەکێکە لە نووسراوە هەرە بەکەڵک و گرنگ و خۆشەکانی. چونکە ڕێگایەکی ڕاست و ڕەوان پیشانی کاربەدەستانی جیهان دەدات، بۆ دامەزراندنی فەرمانڕەواییەکانیان لەسەر بنچینەیەکی پتەوی (سۆسیالیستی) و(دیموکراسی) و (خوداناسی) و (دادپەروەری)؛ بۆ ئەمەی نەتەوەکانی جیهان تاسەر لە زۆر و ستەم و نەخۆشی و نەخوێندەواری و هەژاری ڕزگاریان بێ و، ژیانێکی خۆش و گوزەرانێکی پڕ جۆش و خۆشەویستی و برایەتی ڕاببوێرن. نە فڕوفێڵبازی و نە جەنگ و نە پەنگی داگیرکەری لە جیهاندا بمێنێ و، نە ئازار و هاوار، بۆ ئەمەی ئەمەیش سەربگرێ، پێویستە لەسەر بنچینەیەکی زانست و هونەرمەندی، ئەندام هەڵبژێرەکانی کۆڕی گشتی و، پاڵێوراوەکان بۆ کۆڕی گشتی و، سەرۆکەکان و، سەردارەکان و کاربەدەستەکان، لەو پیاوە دیاریکراوانە هەڵبژێررێن، کە لەپاش تاقیکردنەوەیەکی تەواو بۆ هەموو لایەک دەربکەوێ، کە ئەو کەسانە توانایی بەڕێوەبردنی ئەو کاروبارە گشتییانەیان هەیە کە پێیان دەسپێررێ. کۆڕی نەتەوەش ئەو دەسەڵاتەی بدرێتێ کە لە جیاتی نەتەوە چەندوچوون و، لێپرسینەوە و، سزادان، بەرامبەر هەموو کاربەدەست و فەرمانبەرێکی خۆی بەکار بهێنێ، بۆ ئەمەی کەڵک و چاکەی گشتی بەڕێکوپێکی و خۆشییەوە بپارێزرێ. هەرچی (یاسا)کانیشە لەلایەن پسپۆڕانی یاساوە دابنرێن، نەک لەلایەن کۆڕی نەتەوە خۆیەوە.

منیش کە پوختەی ئەم نووسراوەم بەزمانی عەرەبی دی لە گۆڤاری (کتابي)دا کە لە (قاهیرە) دەردەچوو، بەجوانم زانی بیکەم بەکوردی و پێشکەش خوێندەوارە بەڕێزەکانی کوردی بکەم. هیوادارم کەڵک و خۆشی لێ وەربگرن...

(بەرناردشۆ) خۆی لە خاکی (ئیرلەندە)دا لە دایک بووە. بەڵام لە بەریتانیادا، لە شاری (لەندەن)دا جێگیر بووە، لە سەرەتای ژیانیدا ئەرک و ئازاری داگیرکەرانی ئینگلیزی لە



نیشتمانەکەی خۆیدا چێشتووە بەڵام هەروەک دڵسۆزی نیشتمانەکەی خۆی بووە دۆستی هەموو دانیشتوانی جیهانیش بووە. هەمووده‌م خەوی بەجیهانێکی ئازاد و شادمانەوە دیوە، تا نەتەوەکەی خۆشی و هەموو نەتەوەکانی جیهانیش بەئاسوودەیی و خۆشگوزەرانی و کامەرانییەوە بژین.

هەرچەندە لەسەر ئەم بیروباوەڕە سەربەستانەی تووشی گەڕوگێچەڵ و تەنگوچەڵەمەی زۆر بووە لەلایەن پیاوخراپانەوە، بەڵام کۆڵی نەداوە و، ورەی بەرنەداوە، هەر دڵسۆزیی خۆی نواندووە، چ بەرامبەر نیشتمانەکەی خۆی و چ بەرامبەر هەموو جیهان. تا وای لێ هات، بەیەکێک لە گەورەترین نووسەران و ڕاستی پەرستانی جیهان دانرا.

ئیتر ئەمەندە و بۆ خوێندنەوەی نووسراوە بەنرخەکەی (بەرناردشۆ) تکا دەکەم.

شاکر فەتاح

(خاوەنی پڕۆژەی خوێندەواری کورد)

سلێمانی - ١٩٦٧-٣-٢٨

## نووسەر و ڕاستی پەرستییەکەی نووسەر

ئەوانەی (بەرناردشۆ) دەناسن و هەڵی دەسەنگێنن، کاروکردەوەی پەسند دەکەن یاخود پەسندیان ناکەن، هەر کەسەیان بەپێی سروشت و تێگەیشتن و ئارەزووی خۆی دەجووڵێتەوە. هەریەکەیشیان لەگەڵ ئەوی تردا، لەم ڕووەوە جیاوازە... ئەوانەی نووسراوەکانی (بەرناردشۆ)یش دەخوێننەوە بوون بەدوو دەستەوە. دەستەیەکیان پشتی (بەرناردشۆ) دەگرێ و پێشبینی و بیروباوەڕەکانی بڵاو دەکاتەوە. وایش باوەڕ دەکات کە بەرناردشۆ پیاوێکی هەڵکەوتوو و بلیمەتە، کەم هەڵدەکەوێ ڕۆژگار پیاوی وا بدات بەدەستەوە... کەچی دەستەکەی تریان بەپێچەوانەوە، بەرناردشۆی وەک لۆتییەک دێتە پێش چاو کە بزانێ چۆن چاووڕاو بۆخۆی بکات، لە ڕێگای وتار و کرداری سەیر پیشاندانەوە، یاخود لە ڕێگای دەربڕینی بیروباوەڕی سەربەستانەوە کە کۆمەڵانی نەتەوە ببزوێنێ و لەگەڵ هەستی گشتیشدا بجەنگێ.

مەبەستیشی لەوانە ئەوەیە کە مقۆمقۆیەک لە بابەت خۆیەوە بهێنێتە ناوەوە، هەروەک لۆتییەکان دەیکەن لە کاتی ڕۆیشتنی کاروانەکەیاندا، کە بەهۆی لێدانی دەهۆڵ و زوڕناوە ڕووی کەسانی تر وەردەگێڕن بۆ لای خۆیان! بەرناردشۆ بەلای ئەوانەوە یاریکەرێکی ناو (سێرک)ە کە یاری بەگیانلەبەران دەکەن!. بەرناردشۆ دێنێ لەسەر گوریسێکی وشە و

واژەی پڕ لە واتای جوێ جوێی پرشنگدەر و بریسکەدار، یاری دەکات، کە بەهەموو هونەرمەندی و شارەزاییەتی خۆیەوە دایڕشتوون... پاش ئەوە ئەو وشە و واژانە ئاراستەی مێشکی خوێندەواران دەکات، بەچەشنی ئەو ئەستێرە گەشانەی دەکشێن بەناو جەرگی ئاسماندا، چاوبەست و گەشکەداریان دەکات!.

هەروەها چ لەڕووی پەسندکردنی (شۆ)وە، چ لە ڕووی بێزارییانەوە لەو، ئەو کەسانە لەیەک ناچن. هەر ئەو کردەوانەی (شۆ)یە کە لە لای هەندێکیان پەسندە، ئەوانی توانجیان تێ دەگرن. یاخود ئەو کردەوانەی ئەوان توانجی تێ دەگرن ئەمانیتر پەسندیان دەکەن!. هەندێ کەسی وا هەیە ڕاز و نهێنییەکانی (شۆ) کە ئاشکرایان ناکات و، بابەتە نەبینراو و نەبیستراوەکانی لێک دەداتەوە کە بریتین لە ڕاستی پەرستی و بیرکردنەوەیەکی قووڵ، بەجۆرێکی وا لە ژوور تێگەیشتنی بۆرە پیاوانەوەن. هەندێ کەسی وایش هەن کە ئەوانەی (شۆ) بەخۆنواندن بەڕاستیی پەرستییەوە دادەنێن، نەک بەڕاستی پەرستی. هەروەها بەخۆنواندن بەبیرکرنەوەی قووڵەوە دادەنێن، نەک بەبیرکردنەوەیەکی قووڵی ڕاستەقینە... هی وایشان تێدایە، کە لە ئەندازەبەدەر توانجی تێ دەگرن. پێی دەڵێن بۆیەکا بە(مەبەس) نووسینەکانی خۆی وا لێ دەکات کە کەس تێی نەگات، چونکە خۆی لە خۆی تێ ناگات!.

هەندێکی وایش هەن ئەوەی لێ دەگرن بەخەوش و کەموکوڕی، کە هەرچی کەسانی تر پێیان باش بێ و ڕێزی لێ بگرن و خۆشیان بوێ، چ لە کۆڕی زرنگکاریدا بێ، چ لە کۆڕی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئاییندا، (شۆ) دەچێ توانج و پلار لەوە دەگری و، بەتەوسەوە قسە لەوە دەکات... هەروەها دەچێ تیژ بەفەرمانڕەواییەکان و دەستوورەکان کۆڕی نەتەوەکان و یاسای دەستە (حزب)ەکان دەکات، بەهەموو ڕەنگێکیانەوە... تەنیا بەوەیش واز ناهێنێ، دەچێ گاڵتە بەزرنگکارەکان خۆیان و پیاوە ئایینییەکان دەکات. تەنانەت هوروژم دەباتە سەر بیروباوەڕەکان و ئایینەکان خۆیشیان!. کەچی هەندێکی تریش هەن (بەرناردشۆ)یان لەبەر ئەمانە خۆش دەوێ.



## زمانلووسی بۆ خونکارەکان و زمانلووسی بۆ ئەندام هەڵبژێرەکان[1]

بۆ وێنە: کەسانی وا هەن گلەیی ئەوەی لێ دەکەن کە بەتەوسەوە لە نیشتمان و گەلەکەی خۆی دەدوێ، وەک دەڵێ: (ئینگلیزەکان هەرگیز نابن بەنەتەوەیەکی لە بەندە پێکهاتوو. چونکە (سەربەست)ن لەوەدا هەرچی فەرمانڕەوایی و چاولێکەری (ڕێ دەدا) بیکەن!)... یاخود گاڵتە بەهەموو جۆرە نیشتمانپەروەرییەک دەکات کە دەڵێ: (هەرگیز ئاشتیی و ئاسایش لەسەر زەویدا جێگر نابێ، تا بیری نیشتمانی لەناودا هەڵدەگیرێ!)...

جاری وایش هەیە بەوە تووڕە دەبن لە بەرناردشۆ کە بەچاوێکی تیژ پێکردنەوە سەیری یاساکانی دیموکراتی و هەڵبژاردن دەکات. لەم ڕووەوە دەڵێ:

«ئەو زرنگکارەی کە جاران دەبوو فێری زمانلووسی ببێ بۆ خونکارەکان، ئێستاکە وای لێ هاتووە فێری ئەوە دەبێ چۆن زمانلووسی بکات بۆ ئەندام هەڵبژێرەکان، چۆن دڵیان خۆش بکات، چۆن دڵیان کێش بکات!...».

یاخود کە دەڵێ: «ئەی ئەمە بەس نییە، بۆ ئەوەی کە بڵێین سەرەک کاربەدەستی ئەم سەردەم لە (یۆلیۆس سزار) زۆرداری کەمترە کە ببینین ئەم ئۆتۆمۆبیل لێ دەخوڕێ، لەبەر ڕۆشنایی کارەبایش تەلگرافەکانی خۆی دەنووسێ، فەرمانەکانی خۆیشی بەتەلەفۆن دەدا بەسەر ڕێ پیشاندەرەکانیدا، لە شوێنی پارە گۆڕینەوەدا؟!...».

ڕەنگە هەندێکیش قسەکەی پەسند بکەن، یاخود ڕقیان لێی ببێتەوە کە گوێ لەم قسەیەی بگرن کە لە بابەت شارستانێتی تازەوە گوتوویەتی:

«ئێمە لە ڕاستیدا شارستانێتییەکەمان ڕەنگێکی درۆی لێ دەدەین. بەشێوەیەکی بەزەیی پێداهاتنەوە و کردەوە دڵڕەقانەکانمان ڕایدەپەڕێنین. بەدەنگێکی ناسکیشەوە قسەی تاڵ و ترش دەکەین. کە بشمانەوێ دۆستەکانمان ونجڕ ونجڕ بکەین، دەرمانیان دەدەینێ تا لە هۆش خۆیان بچن!»... یاخود کە دەڵێ: «چونکە هەموو دەم جیهان لە بزووتنەوەدایە، هەموو بەرەیەک وا دەزانێ کە جیهان لە پێشکەوتندایە. ئەی چەرخی کاتژمێر چی لێ دەکەیت؟. خۆ ئەویش هەر لە بزووتنەوەدایە!».

یاخود کە دەڵێ: «هەرچی مرۆڤی دڕندەیە، بۆ خودایەک سەر دادەنوێنێ کە لە تەختە و بەرد دروست کراوە... هەرچی شارستانیشە بۆ خودایەک سەر دادەنەوێنێ کە لە گۆشت دروست کراوە!»... کە توانجیش دەگرێتە پیاوە گەورەکان ئەم دەڵێ: «ئەگەر پیاوێکی

(١) زمانلووسی: مامۆستا بەرامبەر (دبلوماسیە) بەکاری هێناوە.

گەورە بیتوانیایە وامان لێ بکات تێی بگەین، دەمودەست دەمانکرد بەپەتدا!». کە گاڵتەیش بەباری کۆمەڵایەتی دەکات، دەڵێ: «تۆ هەر بتوانە سامانێک کۆ بکەیتەوە، هەرچی نەتەوە هەیە و، بەیەک زمان پێت دەڵێ: (پیاوێکی جوامێریت)!».

یاخود دەڵێ: «ئەو پیاوە دەوڵەمەندانەی خودا ناناسن، لە ڕاستیدا بۆ کۆمەڵایەتی نوێ، لە ئافرەتە هەژارە داوێن پیسەکان زیانیان زۆرترە!!».

یان کە دەڵێ: «پایەی فەرمانڕەوایی و پاش ناو[1]، پیاوی ناونجی بەرز دەکەنەوە. پیاوی باڵا، تەنگەتاو دەکەن. هەرچی پیاوی نزمیشە ئابڕوویان دەبەن!».

یاخود دەڵێ: «ئەو کەسانەی کە سەر بەچینی نزمن، لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە سەر بەچینی باڵان لە یەک شتدا لە یەکتر دەکەن: ئەویش ئەوەتا کە هەموویان نە خاوەن کردەوەی چاک و ڕەوشتی چاک و ڕەوشتی پاکن، نە دڵ کرمێییشیان لەگەڵدایە... هەرچی چینی پەستە، لە کردەوە و ڕەوشتی چاک نزمترن. هەرچی چینی باڵایشە لە کردەوە ڕەوشتی چاک بەرزترن!...». هەندێکیش وا دەزانن (بەرناردشۆ) گاڵتە بەکردەوەی چاک و ڕەوشت و خووی پاک دەکات کە دەڵێ: «ئەمە بۆ تۆ زۆر خراپە کە دڵسۆز بیت. لە مەترسی ڕزگارت نابێ. مەگەر لەگەڵ دڵسۆزییەکەتدا گەوجیش بیت!. یاخود ئەو کاروبارانە زۆرتربن کە مرۆڤ شەرمیان لێ دەکات، کەسانی تر زۆرتر ڕێز لەو مرۆڤە دەگرن!». ڕەنگە لەم قسانەی (شۆ)دا کە دەینووسین گەلێک کەس هەست بەداشۆری (هجو) و لە ئەندازەبەدەری بکات، لەگەڵ هەندێ ڕووی ڕاستی و تەماشاکردنێکی ورددا کاتێ کە تیز بەمرۆڤ و سروشتی مرۆڤ و ڕاستییەکانی ژیان دەکات؛ (شۆ) دەڵێ: «لە ڕاستیدا مرۆڤ هەموو بیانوویەک دەهێنێتەوە بۆ دروستیی ڕەوشتی خۆی، بیانوویەک نەبێ... شاڵاو بۆ هەموو هۆیەکیش دێنێ کە خۆی پێ دەرباز بکات لە مەترسی، هۆیەک نەبێ... بۆ هەموو کەتنێکیش کە دەیکات بیانوویەک دەهێنێتەوە، بیانوویەکی ڕاستەقینە نەبێ، کە ئەوەیش ترسنۆکییە!.»... یاخود دەڵێ: «خۆبەختکردن دەسەڵاتمان دەداتێ کەسانی تریش بەخت بکەین، بێ ئەمەی شەرم بکەین!.»... یان کە دەڵێ: «لە ڕاستیدا کردەوە چاکەکانی تۆ بریتین لە خووەکانی خۆت. کەواتە بەکەسانی تر مەڵێ کردەوە چاک نین، هەر لەبەرئەوەی کە خووی ئەوان پێچەوانەی خووی خۆتن».

یاخود: «خاوەن زەوی لە بەهەشتدا بایەخی پێ نادرێ!.»... یان: «سزای درۆزن ئەوە نییە کە کەس باوەڕی پێ نەکات. سزاکەی ئەوەیە کە خۆی ناتوانێ بڕوا بەکەس بکات!»...

(١) پاشا ناو: نازناو، لەقەب.



یاخود کە دەڵێ: «دووڕوویی بریتییە لە سڵاوێکی ڕێزگرتن کە ڕەوا (حق) پێشکەشی ناڕەوا (باطل)ی دەکات!».

یان: «نرخدانەر (ناقد)ەکانیش بەچەشنی هەموو کەسێک ئەوە دەبینن کە دەیانەوێ بیبینن، نەک ئەوەی کە بەڕاستی لە بەردەمیاندایە!.»... یاخود: «کەس لەو کەسە هیچوپووچتر نییە کە هەر سکاڵای دڵی خۆی دەکات، بۆ هاوڕێکانی خۆی، لە دەست ژیان. کەچی ئەوانە ئەم زۆر باش دەزانن، کە ئەو کەسە ئەگەر بەڕاستی بووایە کە ئەو بۆڵەبۆڵە دەکات، دەیتوانی خۆی لە ژیان بەئاسانتر ڕزگار بکات، لەوەی کە لەناو پێوەندەکەیدا بمێنێتەوە!.)...

## وێنەی باڵا خۆبەختکردنی دەوێ

دوایی، هەندێ کەس وەک (بەرناردشۆ) بڕوایان وا بێ، یاخود وا نەبێ کە: (وێنەکانی باڵامان، وەک خوداکانی پێشینان، هەندێ کوشتی و مەڕ سەربڕینی تریان پێویستە)... هەروەها ڕەنگە لەوەشیدا لەگەڵیدا بن یاخود لەگەڵیدا نەبن، کە بەتەوسەوە، شێوەی کۆمەڵایەتی هەڵدەسەنگێنی لە سزادانی تاوانبارەکاندا کە دەڵێ: «لە هەموو کەس دڵتەنگتر لە بەندیخانەدا کارگێڕی بەندیخانەکە خۆیەتی!...». یاخود کە دەڵێ: «ئێمە هەر ئەوەندە بەندیخانەمان هەبێ، بەسمانە. ئیتر کێ لە ئێمە لەناو زیندانەکەیدا بێ بایەخی نییە!...».

ئێمەش ئەوە دەڵێین کە ڕەنگە کەسانی تر ئەم قسانەی (شۆ)یە، هەمووی، یاخود هەندێکی بەدڵدا بچێ، یاخود لەبەر ئەم بیروباوەڕە، یان ئەو بیروباوەڕە قینی لێ هەڵبگرێ... بەڵام ئەوەی کە بەڕاستی ئاشکرا بووە، ئەوەیە کە هەرچەندە بەرناردشۆ نووسراوێکی تازە دەردێنێ، لە هەموو لایەکەوە بەپەرۆشەوە پەلاماری دەدەن. لە هەر چوار لاوە دەست دەکرێ بەمقۆمقۆ و واتە وات لە بابەت نووسەری نووسراوەکەوە... دەست دەکرێ بەپرس و پاسخ... بەپەسندکردن و بێزار بوون لە نووسراوەکە و، لە خاوەنی نووسراوەکە!.

## نووسراوەکە

ئەم نووسراوەیش کە ئیمڕۆ لە بەردەستماندایە، لە نووسراوە هەرە خۆشەکانی (بەرناردشۆ) دەژمێررێ. پوختەی بیروباوەڕەکانی (شۆ)ی تێدایە لە بابەت زرنگکارییەوە. بەری شارەزاییە درێژەکەی ئەوی تێدایە کە لەم کۆڕەدا بۆی کۆبۆتەوە. (شۆ) لەپێش

شەست و پێنج ساڵدا بۆ یەکەم جار کەوتە ناو ئەم کۆڕەوە. ئەو کاتە کەوتبووە گێژاوی بیـروباوەڕی هاوبەشی (سۆسیالیستی)یەوە ئەوساکە دەستی کردبوو بەدەرخستنی بیروباوەڕە سەربەستەکانی خۆی، لەگەڵ قسە نەستەقەکانیدا کە پڕ بوون لە تەوس و توانج و پلار. جا هەروەک نووسەرەکە خۆی دەڵێ: بیروباوەڕەکانی ناو نووسراوەکە، هەموویان تازە نین. زۆریان لەلایەن خۆیەوە لەمەپێش ئاشکرا کراون و دووبارەیش کراونەتەوە.

لەم ڕووەوە (شۆ) دەڵێ: «بەڵام ئەم بیروباوەڕانە، پێویستە لە هەموو هەلێکدا دووبارە بکرێنەوە. هەروەک بزماریش پێویستی بەچەند لێدانێک هەیە، بەچەکوش، تا بەتەواوەتی دەچەقێ هەروەها ئەو بیروباوەڕانەیش دەبێ چەند جارێک دووبارە بکرێنەوە بۆ هاونیشتمانە بۆرە پیاوەکان تا بەتەواوەتی بچێتە مێشکیانەوە!»...

تەنانەت کە (شۆ) ئەم نووسراوەیش پێشکەش بەخوێندەواران دەکات، وازی لە سروشتە توانج هاوێژەکەی خۆی نەهێناوە... بەنووسراوەکەی خۆی دەڵێ: «یاریدەدەرێکە بۆ منداڵان لە زرنگکاریدا!.) کەچی بلاوکەرەوەی نووسراوەکە، بەلایەوە وایە و لەسەر ڕاستیشە، کە نووسراوەکە هەڵدەگرێ لێکۆڵینەوەیەکی زۆری تێدا بکرێ و بەوردیش بخوێندرێتەوە، نەک هەروا بەسەرپێیەکەوە. پێویستە لەلایەن زرنگکارە هەرە شارەزا و توانا و بەکارەکانیشەوە بخوێندرێتەوە، نەک لەلایەن هەرزەکاران و منداڵانەوە!...

## توانای زرنگکاری و نیازپاکی

هەر کەسێ ئەم نووسراوە بخوێنێتەوە بەناچاری هەست پێ دەکات کە نووسەرەکە کاروبار لە شێوەیەکی وا دا وێنە دەکێشێ کە مرۆڤ خەریک بێ ڕەنجەڕۆ ببێ. هەرچەندە ئەوەیشی لەبیر ناچێ کە دەرگای هیوا تۆزێک بکاتەوە!. لە بەشی یەکەمی نووسراوەکەدا کە بەم ناوەوەیە: (تۆ بڵێی سروشتی مرۆڤ ئەمەندە گەندبێ، بەهیچ کلۆجێ چارەی نەکرێ؟). نووسەرەکە وەرامی ئەم پرسە وا دەداتەوە: (ئەگەر وا بووایە و، سروشتی مرۆڤیش وا خراپ بووایە، پێویستی بەخوێندنەوەی ئەم نووسراوە نەدەکرد. لە جیاتی ئەوە، خوێندەوارەکە چیرۆکێکی باڵبازی، یاخود سەرگوروشتەیەکی ویژەی کۆنی بخوێندایەوە گەلێک باشتر بوو... چونکە هەرچەندە ئەم نووسراوە بریتییە لە خەباتێک بۆ دۆزینەوەی هەندێ لەو هەڵانەی ئێمەیان تووشی دوو جەنگی جیهانی کرد لە چارەکە چەرخێکدا. بەڵام ئەگەر ئێمە دەسەڵاتی زرنگکارانە و نیازی پاکمان ئەوەندە نەبێ کە بەشی چارەکردنی ئەو هەڵانە بکەن، بەڕاستی هەر ئەوە باشترە بۆ ئێمە کە خۆمان بەخۆڕایی ئازار نەدەین کە



خۆمان وریا بکەینەوە و ئاگاداری بکەین لە شوێنی ئەو هەڵانە!)... دوای ئەوە نووسەرەکە هەر لەسەر قسەکانی خۆی دەڕوات.

ئنجا وردە وردە دەرگای هیوامان بۆ دەکاتەوە. ڕێگای چارەکردن و هەنگاوەکانی چارەکردنەکەمان تێ دەگەیێنێ... ئینجا کە دەگەینە دوایی نووسراوەکەی، دەرگای هیوامان بەتەواوەتی بۆ دەخاتە سەرپشت کە دوارۆژی مرۆڤایەتی لە دوورەوە ببینین!...

## ناشێتی زرنگکارەکان و ئەلفوبێی زرنگکاری

پوختەی بیروباوەڕی (شۆ) لە بابەت دۆزینەوەی نەخۆشییەکە و دەرمانی نەخۆشییەکەوە ئەمەیە: کە ئەم هەموو سەرنەگرتنەی یاسا دیموکراتییانە،کە بوون بەهۆی سەرگەردانییمان، یەک هۆی بچووکیان هەیە، کە ئەویش ناشێتی منداڵانەی زرنگکارەکانە لە زانستی زرنگکاریدا!... دەرمانی ئەم نەزانییەیش خوێندەوارییە لە زرنگکاریدا، یاخود قاڵ بوون و شارەزا بوونە لە زرنگکاریدا!... چونکە ئێمە هەروەک (شۆ) دەڵێ لە بابەت پیتەکانی (ن) و (و) و (هـ)ی زرنگکارییەوە، تووێژ دەکەین و، مقۆمقۆ دەکەین، کەچی لە (أ) و (ب) یەکەی هیچ نازانین. یاخود هەر پەی بەوە نابەین کە (أ) و (ب) لە ئارادا هەن... جا هەرچی کردەوەیەکی فەرمانڕەواییە دیموکراتییەکان هەیە، کە هەموو کەس ڕقی لێیان دەبێتەوە، کە لە شێوەی هەڵەی زرنگکاریدا دەردەکەون، هەموویان بەهۆی (نیازپاکی)یەکی بێ هاوتاوە لە دەست دەرچوون. هەموویشیان لەلایەن ئەو کەسانەوە کراون کە لە هەرە پێشەوا گەورەکان و خاوەن بیروباوەڕە سەرکەتووەکان دەژمێرێن!. هۆی ئەمەیش ئەوەیە کە ئەو جۆرە پیاوانە لە هیچ زانستێکی زرنگکاری سووک و ئاسان وەک زانستی سروشت و، ژمێرکاری و، گیانلەبەران شارەزا نەبوون. یاخود هەروەک (هەربەرت سپەنسەر) ناویان لێ دەنێ لە (بارە دامەزراوەکانی کۆمەڵایەتی) شارەزا نەبوون... چونکە پێشەواکانی فەرمانڕەواییە دیموکراتییەکان فەرمانداریییەکەیان لەناو خاکەکەی خۆیاندا، هەر لە کردەوەی ئەو پیاوانە دەکات کە کاروباری فڕۆکەخانەکان هەڵدەسووڕێنن، بەڵام ئەوە نازانن کە زەوی خڕە، هەروا دەزانن کە تەختە!. یاخود هەر لە کردەوەی ئەو ئاسمان ناسانە دەکات کە دەچن خۆیان خەریک دەکەن بەدابەشکردنی ساڵەوە بەسەر وەرز (فصل)ەکان و مانگەکاندا، کەچی ئاگایان لەوە نییە کە ساڵی وایش هەیە لە ساڵەکانی تر درێژترە و پێی دەڵێن ساڵی (تەواو)!. ئەو ساکەیش دەچن ڕۆژژمێر (تقویم)ێکی وامان بۆ دادەنێن کە لەسەر بنچینەی بزووتنەوەی مانگ دامەزرابێ!...

## فەرمانی کۆڕی نەتەوە و تۆماری پیاوانی زرنگکاری

پیاو هەر لە خوێندنەوەی نووسراوەکەوە تێدەگات کە نووسەرەکەی دیموکراتییە و بڕوای بەدیموکراتییەکەی خۆی هەیە... ئەمە فرێ بەسەر ئەوەوە نییە کە بەرناردشۆ هەتا بلێیت بەچاوی سووکەوە سەیری (کۆڕی گشتی) دەکات، کە لەژێر سێبەری یاسای دەستە (حزب)ییدا پێکهاتووە. هەروەها کە بەچاوی سووکەوە سەیری ئەو فەرمانڕەواییەیش دەکات کە لەلایەن ئەو بۆرەپیاوانەوە هەڵدەبژێرێن، کە زۆربەیان (ئەلف و بێی زرنگکاری) نازانن. ئەی دەبێ لە زانستی زرنگکاری چی بزانن کە ئەو هەموو پێشبینییە قووڵانەی تێدایە؟ بەم بۆنەیەوە (شۆ) بیروباوەڕی خۆی وا دەنوێنێ، کە فەرمانی کۆڕی نەتەوە (پارلەمان) دەبێ بریتی بێ لەوەی: ڕێگای چارەکردن دابهێنێ، دەرمانی دەرد پیشان بدات، کاربەدەستییەکان هەڵبسەنگێنێ... بەڵام نابێ دەست لە (یاسادانان) بدات!...
چونکە ئەم فەرمانە هەر دەبێ بۆ ئەو دادگەرانە دابنرێ، کە لەناو دادگەرە توانا و بەکارەکاندا هەڵدەبژێررێن، کە سروشت بەدەست بڵاوییەکی واوە بەخشیونی بەمرۆڤایەتی، کە ئەندام هەڵبژێر ماوەیەکی فراوانی بەدەستەوە دەمێنێتەوە بۆ ئەمەی هەڵیان ببژێرێ... فەرمانڕەوایی تازەیش پێویستی بەسەرەک کاربەدەستانی وا هەیە کە لە (زانستی زرنگکاری)دا بەتەواوەتی قاڵ بووبن و ئاگانامە(شهادە)ی وایشیان بەدەستەوە بێ لە زاستی زرنگکاریدا، کە هەڵبگرن لەناو تۆمارێکی تایبەتیدا ناویان تۆمار بکرێ... لەمەدا ئەوانیش بەچەشنی پزیشکەکان و پشتیوانەکان (پارێزەرەکان) ناویان تۆمار دەکرێ! جا ئەگەر ئەمە نەکرێ، بەهیچ کلۆجێ جیهان ڕزگاری نابێ لە دەست ئەو فەرمانڕەواییانەی کە ناشێ و نەزانە خۆنوێنەکان سەرداریییان بەسەردا دەکەن.

ئەمانیش هەر ئەو کردەوانەیان لە دەست دێ، کە سەرۆکەکانی چەشنی خۆیان لەوەپێش کردوویانن. ئەمانیش بەهۆی ناشێتی و نەزانی و بەدکرداری خۆیانەوە، هەل، هەڵدەخەن بۆ ئەو زۆردارانەی لە چەشنی (ناپلیۆن) و (هەتلەر)ن، تا فەرمانڕەوایی لە دەست ئەو مۆتەکەی بێ کاری و بێ بازاڕییە ڕزگار بکەن، کە ئەو پیاوە دیموکراتییە نەخوێندەوارانە بۆیان بەجێ هێشتوون!...

## دەسەڵاتی ڕاستەقینە لە فەرمانڕەواییدا

پاش ئەوە نووسەر ئەوەمان بیردەخاتەوە کە فەرمانداریی لە ئینگلتلەرەدا بۆ وێنە هەر بەتەنیا لە دەست کۆڕی نەتەوەدا نییە. تەنانەت جاری وا هەیە، کۆڕی نەتەوە هیچ



دەسەڵاتێکی نییە. لەڕاستیدا دەسەڵاتی ڕاستەقینە لەژێر چنگی هەندێ کۆمەڵی خاوەن دەسەڵاتی تەواودا هەیە کە لە پشت پەردەوەن، کاردەکەن؛ وەک یەکێتییەکانی بازرگانی و پیشەسازی و کۆڕە تایبەتییەکان و، دامەزراوە تایبەتییەکانی خاوەن پیشەکان. چونکە ئەم یەکێتی و دامەزراوانە لەگەڵ گەلێک کۆمەڵی تردا، ئەندام هەڵبژێرەکان هیچ چاوتێبڕین یاخود سەرپەرشتییەکیان بەسەریانەوە نییە!...

لە بابەت جەنگیشەوە (شۆ) دەڵێ: «بەپێی شارەزایی خۆی جەنگ، تێکڕا، کاتێ دەقەومێ کە سوودی سەرمایە بێتە خوارەوە بۆ ٢,٥ ٪. بەڵام کە سەرگەردانیی هەموان ئەو ئەندازەیە بەرز دەکاتەوە و، دەیگەیێنێتە ٥ ٪ جەنگەکە لە خۆیەوە دەوەستێ!. چونکە ئەندازەی سوودەکەی گەیشتۆتەوە سەر دۆخی جاران!»... ئەمەیش شێوەیەکی لێکدانەوەی تیز پێکەرە لەلایەنی (شۆ)وە، کە دەیەوێ لە خوێندەوار بگەیێنێ، کە سەرمایەداری، سەرچاوەی هەموو جەنگێکە و، ئۆباڵی هەموو خەڵکێکیش بەئەستۆی ئەوە!...

ئەمە بەکورتی و گورجی نواندنێکی هەندێ لەو بیروباوەڕانەیە کە لەناو نووسراوەکە دایە، (بەرناردشۆ) دەگەڕێ بۆ چەند چارەکردنێکی بەکەڵک بۆ گرنگترین تەنگوچەڵەمەی زرنگکاری لە جیهاندا... وا لەمەودوایش بەشەکانی نووسراوەکە بەکورتکراوەییەکی درێژ پیشان دەدرێن، کە لەوانەدا (بەرناردشۆ) بیروباوەڕەکانی خۆی لە بابەت (دیموکراسی) و (یەکسانی) و (نەهێشتنی یاسای چینەکان) و (فەرمانداریییەکی پاک و بێگەرد) و (تێکچوونی فەرمانڕەوایی) و گەلێک بابەتانی ترەوە پیشان دەدات...

## ئامادەکردنی بەرەیەکی بەکەڵک لە هاونیشتمانان و فەرمانداران

بەلای (شۆ)وە شارستانێتی پێنج ڕووی هەیە، کە هەموو گەورەن. لە هەموو ڕووەکانیشدا تووشی هەڵە و ڕاستی دێت. ئەو ڕووانەیش ئەمانەن:

ئابووری، زرنگکاری، زانست، فێرکردن، ئایین.

هەروەها بەلای(شۆ)وە وایە کە بەرەی ئەم سەردەمە لە هەموو ڕووەکانی شارستانێتیدا دواکەوتوون. بێجگە لەوە لەچاو ڕەوتی ڕۆژگاردا گەلێک شوێن لەپاشەوەن. ئەمەیش هەرەشە لە پێشکەوتوویی ئیمرۆمان دەکات، کە هەروەک پێشکەوتوویییەکانی پێشوو لەناو بچێ، بێتو ئەگەر کاربەدەستان دەست لە یاساکانی نەدەن، جار بەجارێک چاکی بکەنەوە... لێرەدا ئەم پرسە بەمێشکدا دێ: بەلای کێوە وایە کە بەرەی ئێمە شان بەشانی ڕۆژگار ناڕوات بەڕێوە؟... بۆ ئەمەیش هەر وەرامێک هەیە. ئەویش ئەمەتا: بەلای

هاونیشتمانی ئاسایی و ژنەکەیەوە وایە. چونکە زۆری نیشتەنییەکان یان نەخوێندەوارن، یاخود فێرکراون، بەڵام لەسەر بنچینەیەکی نادروست.

کە ئەمەیش لە ڕووی ئابوورییەوە بێ، یان لە ڕووی زرنگکارییەوە، لە ڕووی زانستەوە بێ، یاخود لە ڕووی ئایینەوە، جیاوازی نییە!. مەبەس لە ناشیێتی و نەخوێندەواریش ئەوەیە کە دەسەڵاتی ئەوەیان نییە فەرمانداری بەسەر خۆیاندا بکەن، یاخود کە فەرمانداەرکانی خۆیان هەڵدەبژێرن ژیری تێدا بەکار بهێنن!. ئەو سەردارەیش کە لە هەڵبژاردنیدا ژیری بەکار نەهێنرێ، دوور نییە گەوجیی وا بنوێنێ، کە نەتەوە ناچار بکات، لە تاو بێزاری و هەراسانی خۆی، خۆی فڕێ بداتە بن دەستی ئەو زۆردارانەی کە ڕۆژگار خستوونیەتە سەر ڕێگای... ئەو سەرداره زۆردارانەیش، زۆری پێ ناچێ دەسەڵاتە بێ ئەندازەکەیان بۆژۆیان دەکات و دەیانخاتە سەر ئەوەی کە کەلوپەلی فەرمانداری پیس بکەن و، یاری بەپاکی و بێ لایەنییەکەی بکەن... تا ڕۆژیان تەواو دەبێ و دەمرن... بەندەکانی خۆیشیان بەجێ دەهێڵن بۆ ڕەنجەڕۆیی و هەناسەساردی، کە بەهیچ کلۆجێ، ڕزگاریان نەبێ بەوە کە چارەنووس سەرلەنوێ جەربەزەیەکی تازەیان بۆ بڕەخسێنێ، تا ئەوانیش سەرلەنوێ دەست بکەنەوە بەپەرستنی!. ئەم دەردەیش هەر یەک دەرمانی هەیە، کە بەتەواوەیی چاکی بکاتەوە. ئەویش ئەوەیە کە ماوە بەهەموو هاونیشتمانەکان بدرێ، هەرچەندێکیان پێویست بێ بخوێنن و فێر ببن!. بەڵام دەبێ ئەوەیش لەسەر پێڕەوییەکی تازەبێ کە لەگەڵ گیانی ئەم چەرخە و گەشەکردن و گۆڕانی ڕۆژگاردا بگونجێ... ئەوەندە هەیە دەبێ ئەم فێرکردن و پێ خوێندنە (بەزۆر)بێ تا چەند ساڵێکی دیاریکراو لە تەمەنی مرۆڤەکەدا. بەڵام لەدوای ئەوە، ئەو فێربوون و خوێندنە بدرێتە دەست ئارەزووی مرۆڤەکە خۆی، بەمەرجێ لەگەڵ هۆشدا بگونجێ، لە سنووری ئەوەدا کە دەسەڵاتی مرۆڤ هێزی بەسەریدا بشکێ.

جا ئەم سنوورەیش بۆ هەموو هاونیشتمانێک وەک یەک نییە. زۆر لەیەک جیاوازن، کە بەپێی ئەمە، ئەگەر بێتو خوێندنی باڵا، بەو کەسانە بخوێندرێ کە تێگەیشتنیان لە پلەی ناوەڕاستدایە -بێ ئەمەی کەس لە کەس جوێ بکرێتەوە- بێجگە لەوەی کاتی خۆمان بەفیڕۆ دەدەین، زیانێکی دڵڕەقانەیش لەو کەسانە دەدەین. ئەمە هەروەک ئەوە وایە کە منداڵێکی بچکۆلە، لەگەڵ چەند شاگردێکی زانکۆدا بخرێنە ناو یەک گرەوی بەلەم لێخوڕینەوە!. هەروەها بێ بەشکردنی خوێندنی باڵایش لە هاونیشتمانێک کە مێشکی وەک مێشکی (ئینشتاین) بێ، زۆرداریيەکە لە زیرەکی و بلیمەتییەکی وا دەکرێ کە لە



نرخ نایەت بۆ کەڵکی شارستانێتی!... کەواتە چارەی هەرەباش بۆ ئەمە ئەوەیە کە خوێندن بخرێتە بەردەست هەموو هاونیشتمانێکەوە، بێ ئەمەی بەزۆر بسەپێنرێ بەسەر هەموو کەسێکدا. بەم ڕەنگە هەر کەسێ بەپێی تێگەیشتنی خۆی خوێندنی تەواو کرد، ئەو جێیەی دەست دەکەوێ کە بەپێی سروشت و ئارەزووی خۆی بێ. جا ئەم جۆرە کەسانە لە پێش هەموو کەسێکدا ددان بەهەڵە و چەوتیی ئەو بیرەدا دەنێن کە دەیەوێ (هەموو) هاونیشتمانێک وا ئامادە بکات کە لە دوارۆژدا ببێتە زانایەکی بێ هاوتا، یاخود بوێژێکی باوداهێنەر، یان سەرۆکێکی کاربەدەستی، یاخود سەرلەشکرێکی لەشکرشکێن، یان دادگەرێکی دادگەران... چونکە ئەمە ئەگەر بەتەواوەتی ڕاست دەربچێ، کەس لەناو فەرمانڕەواییەکەدا نامێنێ لە ئەندام هەڵبژێران کە ئەوانە هەڵبژێرێ!... لە ڕاستیدا فەرمانداران پێویستە لەو کەسانە بن، کە هەر لە لەدایکبوونیانەوە چەند هێز و توانایەکی دیاریکراویان هەبێ.

دوای ئەوە بەجۆرێکی وایش پەروەردە بکرێن کە هەروەک دارتاش و چێشتکەر خەریک بن لە هونەرەکانی خۆیاندا شارەزا بن، ئەمانیش بەو جۆرە لە هونەری فەرمانداریدا خەریک بن و شارەزایی دەست خۆیان بخەن بەم ڕەنگە پێویستە لە هەموو هەنگاوێکی پلەکانیاندا، لە تۆماری ئەو سەرکەوتووانە هەڵبژێررێن، کە لە تاقیکردنەوە هەرە سەختەکان دەرچوون، کە زیرەکی و بلیمەتیان پیشان دەدەن... نابێ ئەو فەرماندارانە، هەروەها لە گۆترە هەڵ ببژێررێن، لەناو ڕێبەری تەلەفۆنەکاندا، یاخود لەناو ئەو ڕستانەدا کە فڕیان بەسەر هەڵبژاردنەوە هەیە و، ناوی هەموو باجدەرەکانی تێدایە!...

## خەمخۆریی شەیتان

بەڵام ئاخۆ فەرمانڕەوایی بەشی خۆی لەو پیاوە بلیمەتە ناوازانە بەئاسانی دەست دەکەوێ؟... (شۆ) پڕ بەدڵ وەرامی ئەم پرسە دەداتەوە، دەڵێ: (بەڵێ). چونکە سروشت، هەموو دەمێ، بەدەست بڵاوییەکی زۆرەوە کە پیاو سەری لێی سوڕدەمێنێ، ژمارەیەکی تەواو لە بلیمەت و هەڵکەوتووان پێشکەش دەکات. ئەمەیش دەبێتە هەلێکی گەورە و ماوەیەکی فراوان بۆ ئەندام هەڵبژێرەکان کە بەئارەزووی خۆیان لەوانە پیاوی هەرە باشیان هەڵبژێرن.

دیموکراسیی ڕاستەقینەیش بەمە دەڵێن. کەچی ئێستاکە، بەپێچەوانەی ئەوە ڕێگای خوێندنی تەواو لە ٩٠٪ی هاونیشتمانەکان بڕاوە!. جا ئەم چاکە تایبەتییە کە لە سروشت

دەوەشێتەوە، هەڵدەگرێ پێ بگوترێ: (خەمخۆریی خودا)... ئەم خەمخۆریی خودایەیش بەدرێژایی سەدەی دوامین، زانا خاوەن پیشەکان دانیان پێدا نەدەنا و گوێیان نەدەدایە. ئەوانە دەیانویست چەواشەمان بکەن کە گوایا سروشت لە تونایییدا نییە ئەو جۆرە پیاوە بلیمەت و هەڵکەوتووانە بەئاسانی بەرهەم بهێنێ!.

هەرچی (خەمخۆریی شەیتان)یشە، جیهان چەند گەوجی پێویست بووبێ پێی بەخشیوە. بەڵام ئەویش لەلایەن دیموکراتییەکانەوە، خاوەن ئایین و داهێنەرانی پێش بینییەکان، خرایە پشتگوێ و ددانی پێ دانەنرا. وا دیارە ئەوانە هەموو کەسێکیان وا داناوە کە لە بارستایی تێگەیشتن و پەی پێ بردنی خۆیاندان. بۆیەکا لەسەر ئەم بنچینەیە، پێش بینیی وایان داهێناوە کە بۆرە پیاوان لە توانایییاندا نییە بەکاریان بهێنن!.

## ئەو دەستەیەی کە زۆربەی دەنگی وەرگرتبێ ئەوە ناگەیێنێ کە بۆ فەرمانداری لێهاتوو بێ

ئەوەندە هەیە هەرچەندە (خەمخۆریی خودا) لەلایەن چەند زانایەکی خاوەن پیشەوە خراوەتە پشتگوێ، بەڵام پیاوانی دەستە (حزب)ەکان لە ئینگیلتەرە و ئەمریکای یەکگرتوودا بڕوایان پێی هەیە و، دەیشی پەرستن... ئەوانە ئەمەندە بەپەی پێ بردنی بۆرەپیاوان پشت دەبەستن، بڕوایان وایە کە ئەندامانی دەستەی خاوەن زۆربەی ئەندام لە کۆڕی نەتەوەدا، هەموویان لە تێگەیشتندا وەک یەکن هەموویان تا ئەندازەیەکی گەورە خاوەنی ژیری و ڕاستی پەرستیی کۆمەڵایەتین. بێجگە لەوە هەمووشیان ئەندام هەڵبژێرێکی وان کە دوورن لە هەڵەوە!.

دیارە ئەم قسانەیش هەموو پڕوپووچن. چونکە خۆبەستنەوە بەوەوە کە فەرمانداری بدرێتە دەست ئەو دەستەیەی کە زۆربەی ئەندامانی لەگەڵدایە لە کۆڕی نەتەوەدا، هەر ئەوە دەگرێتەوە کە لە شێوەیەکی (بێ وەی)دا ئەو پێشبینییە بەکاربهێنێ کە دەڵێ سەرکەوتوویی بۆ ئەو دەستەیە کە ئەندامی هەرە زۆری هەیە لە کۆڕی نەتەوەدا، نەک ئەندامانی هەرە تێگەیشتوو!. بەڵام سروشت، یاخود خەمخۆریی خودا، یان هەرچی پێ دەڵێی بڵێ، هەمووده‌م ئارەزووی ئەوە دەکات کە فەرمانداری بەدەست بەشی کەمەوە بێ!. بەڵگەیش بۆ ئەمە ئەوەیە کە ژمارەی ئەو کەسانەی بەکەڵکی ئەوە دێن کە ببنە کاربەدەستانی پسپۆر لە کاربەدەستییەکانی خۆیاندا، کەمترە لە ژمارەی ئەو کەسانەی کە بەکەڵکی بەرگدروون، یاخود ڕابەری کەلوپەل فرۆشتن (سمكرية) دێن. هەر



فەرمانڕەواییەکیش ڕۆشنبیر بێ، دەبێ هەموو کاربەدەستێکی لە پیشەی کاربەدەستییەکەی خۆیدا پسپۆڕ و شارەزا بێ. بۆ وێنە: کاربەدەستی دادپەروەری پشتیوان (پارێزەر)ێک بێت. کاربەدەستی (کار) ئەندازیارێک بێ. کاربەدەستی تەندروستی پزیشکێک بێ. هەر دیموکراتییەکیش ئەم ڕاستییە نەزانێ (شۆ) لە نووسراوەکەیدا، بەچاوێکی سووکەوە سەیری دەکات!.

(شۆ) بەوانە دەڵێ: «زرنگکاری سرەوت لە پیاو تێکدەر»!.

## کۆڕی نەتەوەی بێ هاوتا

بەلای (شۆ)وە وایە کە ئەگەر خوێندەوارەکان خۆیان، بەتەنیا، نەتوانن پێشەواکان و سەردارەکان هەڵببژێرن و، لە جێ و دەمی خۆیدا لە قسەی خۆیان پاشگەز ببنەوە، بەپێی ئەو ئەنجامەی هاتۆتە پێش چاویان لەپاش تاقیکردنەوەی شێوەی فەرمانداریی ئەو فەرماندارانەی کە هەڵیان بژاردوون، یاسای فەرمانداری هەروەک خۆی دەمێنێتەوە، هەر بریتی دەبێ لە سەرکێشییەکی تەواو، تەنیا کەڵک و چاکەی چەند کەسێکی دیاریکراو دەهێنێتەوە دی لەو چین یاخود کۆمەڵانەی کە دەزانن چۆن بۆرەپیاوان ئاڕاستەی بکەن!... جا هەتا دەستوورەکان لە (گشتێتیی مافی هەڵبژاردن) کەم نەکەنەوە، ناشێتی لە زرنگکاریدا و، پەرستنی کەسان، زووبەزوو پیاوانی سەرکێش و زۆردار بۆ فەرمانڕەوایی دەهێننە کایەوە، لە چەشنی (هتلەر)، تەنانەت دەستەی کەتنکارانیش بۆ فەرمانداری، دەهێننە ناوەوە، کە درۆزنان و شێتان سەرکردەییان دەکەن!. کەواتە مافی ئەندام هەڵبژاردن هەر دەبێ بەو کەسانە بدرێ کە لە چەند تاقیکردنەوەیەکی تایبەتیدا دەردەچن. دەبێ بەشێوەیەکی وەهایش بێ کە بتوانین باوەڕ بەژیری و ڕاوێژدروستی و، چاک هەڵسەنگاندنیان بکەین. بێجگە لەوە دەبێ ئەو کەسانە خاوەن خوێندەواری و، چست و چالاکیش بن. بەڵام مافدان بەهەموو کەسێکی خاوەن تەمەنی تێگەیشتن کارێکی نابەجێ و نادروستە. چونکە هەر نەتەوەیەک بگریت، لە ئەندازەیەکی کەم بەولاوە کەسانی تێدا نییە کە خاوەن زیرەکی توانایی و خوێندەواریی تەواو بن، تا بتوانن ئەم مافە بەکاربهێنن. ئەوەندە هەیە لەبەر هەندێ هۆی تر کە هەن، پێویستە کۆڕێکی نەتەوە دابمەزرێنرێ، کە ژمارەی ژن و پیاو لەناویدا وەک یەک بن. کاروفەرمانی ئەم کۆڕی نەتەوەیەیش ئەوە دەبێ کە لێپرسینەوە لەگەڵ کاربەدەستەکاندا بکات. کار و کردەوەی فەرمانڕەوایی دەربخات بەچاکی و خراپییەوە، واتا هەڵیان بسەنگێنێ. دەنگ بدات بۆ پشتبەستن بەکاربەدەستی.

دەنگ بدات بۆ کێشانەوەی باوەڕپێکردنی خۆی لە کاربەدەستی. پاش ئەوە هەندێ ڕێگای تازەیش پیشـان بدات بۆ چارەکـردن و، چاککردنەوەی کـەمـوکـوڕییـەکـانی دەسگای فەرمانڕەوایی... هەر کۆڕی نەتەوەیەکیش لەسەر ئەم بنچینەیە هەڵبژێررابێ، هەڵدەگرێ پێی بگوترێ نەتەوە... بەڵام نابێ هیچ دەسەڵاتێکی ڕاستەوخۆی هەبێ لە پێڕەوی دانان و یاسا دامـەزراندندا چونکە توانایی یاسـادانان و پیـڕەوی دامـەزراندن هەر لە دەست چەند کەسێکی تایبەتی دێن، کە سروشت چەند کەسێکی دیاریکراویان لێ دەبەخشێ بەنەتەوە، هێز و تواناییەکانیان ئامادەیان دەکەن بۆ ئاراستە کردن و، لێکۆڵینەوە و، دانانی هەندێ بەندی یاسا، بەتەنشت هەر (دە ئامۆژگاری)یەکەوە، یاخود سەرپەرشتی کردنی جێبەجێ کردنی ئەو ئامۆژگارییانە. بەڵام گیروگرفتی لەمە دایە کە (بۆرەپیاوان)، ئەگەر هەڵبژاردنی ئەو (پیـاوە تایبـەتیـیـانە) نەگـرنە دەست خـۆیان و، بەئارەزووی دڵی خـۆیان لەسـەر تەختـەکـانیـان لایان نەبەن، ئەو (پیـاوە تایبـەتیـیـانە) هەست بەوە ناکـەن، کـە دەبێ بە(ئارەزووی نەتەوە) و دڵخۆشیی نەتەوە هەڵسن و دابنیشن!... هەست بەوە ناکەن، کە لە ژێردەستی نەتەوەدان!. جا لەبەر ئەوەیە کە ئەو (پیاوە تایبەتییانە) دەبینین، دەست دەکەن بەسـەرکـێـشی و ئاژاوەنانەوە و چاووڕاوکـردن!. بەڵام هەروەکـو لەوەپێش گـوتمان، خۆشبـەختـانە، سروشت لە کاتی وەهادا ژمـارەیەکی تەواو لەو کەسە نایابانە دەبەخشێ بەنەتەوە، تا چارەی ئەو پێویستـییـانە بکەن!. نزیکتـرین وێنەیش کـە ئەم ڕاستـییـە لە مێشکی مرۆڤ نزیک بخاتەوە ئەوەیە: کە هێلکەی ماسی مەگەر لەناو هەزار هێلکەیدا بتـوانێ لەناو ئاوی دەریادا بەزیندوویی بمێنێـتـەوە، بەڵام سروشت بەملیـۆن لەو هێلکانە دەبەخشێ بۆ ئەمەی ماسییەکان بمێننەوە و لەناو نەچن. جا ئەگەر ئەم ڕاستییە لە کۆڕی زرنگکاریدا بەکار بهێنین، وامان دێتە پێش چاو: کە هەر کاتێ نەتەوەیەکی داما لەسەر سـەرەک کـاربەدەسـتـێک، یاخـود سـەرەک فـەرمـانڕەوایەک کـە دەسـتـەیەک لە ڕازنووسـان یارمـەتی بدەن (وەک خـاکـە یەکگرتووەکـانی ئەمریکا)، یاخـود دامـا لەسـەر سـەردارێکی زەبربەدەست و بەچنگ کە هەر قسەی خۆی کار بکات... وامان دێتە پێش چاو کە سروشت لە جیـاتی سـەردارێک سـەد سـەرداری بۆ ئامـادە دەکـات. مـەگـەر بەرهەڵسـتـێک بێـتـە بەردەمی، وەک هەژاری و نەخـوێندەواری، کـە لە توانایدا نابێ چارەیان بـکات، ئەگـینا سروشت لە هەمـوو شـوێن و لە هەمـوو دەمێکدا کاری خۆی هەر دەکات. چونکە ئەندازەی ژمـارەی ئەو کەسـانەی هێز و توانایییـان هەیە بۆ یاسادانان، یاخـود پیرەوی دامەزراندن، لەناو نەتەوەیەکی خـوێندەواری تەواودا هەمـوودەم گـەورەتر لەوەی بەش بکات بۆ ئەو



پێویستییە. ئەمەیش سەبارەت بەوەیە کە سروشت دەیەوێ ماوەیەکی گەورە و فراوان بداتە دەست ئەندام هەڵبـژێرەکـان تا بەچاکی و دروستـیـیـەوە ئەو کـەسـانەی دەیانـەوێن هەڵیـان ببـژێرن. جـا ئـەم سـەربەسـتـیـیـە فـراوانەی کـە سـروشت بەخـشـیـوێتی بەنەتەوە بۆ پیـاو هەڵبـژاردن، هەر ئەوەندە پێویسـتـە بەئەندام هەڵبژێر تا بتـوانێ تا ئەندازەیەکی تەواو چاو ببڕێتە کار و کردەوەی فەرمانڕەواییەکەی خۆی و سەرپەرشتیشی بکات.

## فەرمانداریش پیشەیەکە

جا بۆ ئەمەی لە شێوەیەکی ڕاست و دروستدا بگەین بەم ئامانجە پێویستە مرۆڤە توانا و بەکارەکان تاقی بکرێنەوە. پاشان ناوەکانیان تۆمار بکرێن لە تۆماری تایبەتیدا، بەمەرجێ هەر کەسە بەپێی پلەی سەرکەوتنی خۆی بخرێتە ڕستەوە لەگەڵ هاوپلەی خۆیدا. ئەو ساکە فەرمانداریش دەبێتە پیشەیەک لە پیشەکان. بۆ وێنە: یاسادانەرێک یاخود کارگێڕێکی توانا و بەکار کە ناوی لەناو ئەو تۆمارەدا بێ، هەر لەو پشتـیـوان (محـامی)ە دەکات کە لەناو تۆماری کۆمەڵەکەی خۆیدا ناوی تۆمار کرابێ. هەروەها لەو پزیشکەیش دەکات کە لەناو تـۆمـاری پزیشکاندا نـاوی تۆمـار کـرابێ. یاخـود لـەو شـاگـردە دەکـات کـە لـە زانکۆ دەرچووبێ و نـاوی لە تـۆمــارەکــانی زانکۆدا بێ. بەڵام ئەوانەی ئاژاوە دەنێننەوە و شــەڕ هەڵدەگیرسێنن و، لەناو تۆمارەکانی یاسادانەرەکان و کارگێڕەکان و سەردارەکاندا ناویان نییە، ئەو هەوڵەیان بەدەستەوە دەیێنێ کە ببن بەئەندامی کۆڕی نەتەوە... ڕەنگە بتوانرێ ڕێگایەک بدۆزرێتـەوە بۆ وازهێنان لەم تاقیـکردنەوانە، یاخـود ئەم بەسـەرهاتانە. ئەوەیش لەم ڕێگایەوە دەبێ کـە ئەم جـۆرە هێـز و توانایی و بەکـارییـانە لە شـێـوەیەکی پلەی بێ تاقــیکردنەوەوە، واتا بەنـاوی ڕێزگـرتنەوە ددانیــان پێــدا بنرێ بـۆ ئەو کـەسـانەی کـە لە کارەسات و بەسەرهاتی ژیانیاندا دەرکەوتبێ کە لێهاتوون و هەڵدەگرن ئەو سەرکەوتنەیان پێ ببەخشرێ بەڵام ئەم دەسەڵاتە لە ئەندازەبەدەر هەر دەبێ بەو سـەردارە ببەخشرێ کە لە تاقــیکردنەوەکــەدا بەســەرکــەوتوویی دەرچووبێ!... هەروەها دەبێ ناوبەناو شــێــوەی تاقیکردنەوەکان و بابەتەکانیان ڕاست بکرێنەوە، تا لەگەڵ هۆشی ئەم چەرخەدا بسازێن. بەواتایەکی تر دەبێ هەموودەم شێوەی تاقیکردنەوەکان و بابەتەکانیان بەشتێکی دەم دەمی دابنرێن، کە هەڵدەگرن بگۆڕرێن. نەک بەشتێکی بەرز و پیرۆز دابنرێن و هیچ دەستیان لێ نەدرێ!.

## ئەو کەموکوڕییەی کە هەر دەمێنێ

هەرچی یاسای دەستە (حزب)ی بەریتانیایە، بەلای (شۆ)وە دەبێ لە بنەڕەتەوە تێک بدرێ. چونکە لەبەر هیچ هۆیەک (دانەهێنراوە) لە دووسەد و پەنجا ساڵ لەمەوپێشەوە، لەبەر ئەوە نەبێ، کە ئەمیش بکرێ بەهۆیەک بۆ پووچکردنەوەی هەستی کۆڕی گشتی. ئەویش بەم ڕەنگە کە خونکار ناچار بکرێ کاربەدەستەکانی خۆی لەو دەستەیە هەڵبژێرێ کە زۆربەی ئەندامانی کۆڕی نەتەوە سەر بەئەون. هەر کاتێکیش ئەو دەستەیە لەسەر کەینەوبەینەیەکی گرنگ و سامناک دووبەرەیەکی تێ کەوت، خونکار ناچار بکرێ کۆڕی نەتەوە هەڵبوەشێنێتەوە و ئەندامانی کۆڕەکەیش ناچار بکرێن دووبارە خۆیان بهاوێژنەوە ناو جەنگی هەڵبژاردنێکی تازەوە. ئینجا کە کار گەیشتە ئەم ڕادەیە، ئەندامەکانی کۆڕی نەتەوە دەبینین دەنگی خۆیان بۆ ئەوە نادەن کە ئەو کارە دروستە و ڕاستە، هەمووەدەم بۆ ئەوە دەنگ دەدەن کە دەستەی خاوەن زۆربەی ئەندام لەسەر تەختی فەرمانداری بهێڵنەوە... ئەو ئەندامانە ئەوەیان پێ خۆشترە لەوەی کە تەختەکانی خۆیان ون بکەن. هەروەها ئەوەیان پێ خۆشترە لەوەی کە ئەگەر هات و فەرمانڕەواییەیان شکاند، خۆیان تووشی ئەرک و ئازارێکی زۆر و پارە بەختکردنێکی زۆر بکەن!...

جا بۆ ئەوەی چارەیەکی ئەم دەردە بکرێ، (شۆ) وا پێشنیاز دەکات، کە لە یاسای کۆڕی نەتەوەدا، پێڕەوی یاسای شارەوانییەکان بکرێ.

چونکە بەپێی ئەم یاسایە ئەندامەکانی کۆڕی شارەوانی هەموویان لەمەدا سەربەستن کە بەپێی بڕیاری دڵ و دەروونی خۆیان دەنگ بدەن. ئەمەیش سەبارەت بەوەیە کە ئەگەر ئەندامەکە دەنگی دا بۆ لایەک، نە کەڵکی بۆ خۆی تێدایە، نە زیان. هەروەها بەرپەرچدانەوەی هیچ پرۆژەیەک نابێ بەهۆی ئەوەی کە کۆڕی شارەوانی هەڵبوەشێنرێتەوە و، سەرلەنوێ دەست بکرێتەوە بەهەڵبژاردنی ئەندامانی کۆڕی شارەوانی!.

ئێمە ئێستا لەوە تێگەیشتین کە بیروباوەڕی (شۆ) دەربارەی (کۆڕی نەتەوەی بێ هاوتا) چییە، هەروەها لەوەیش تێگەیشتین کە مافی ئەندام هەڵبژاردن هەر دەبێ بەوانە بدرێ کە خوێندەواری تەواون و بیروباوەڕی تێگەیشتووانەیان هەیە. بێجگە لەوە ئەوەیشمان زانی کە (شۆ) ئەمە بەپێویست دەزانێ کە سەردارەکان و یاسادانەرەکان لەو پیاوە (ناوازانە) هەڵبژێررێن کە لە ئەنجامی تاقیکردنەوەی زانستی و کردەوە و کاردا، لێهاتوویییان دەرکەوتبێ بۆ سەرکردەیی بەسەر نەتەوەکانەوە.



دەبێ ناوی ئەم پیاوانەیش بەپێی ڕاوێژی شۆ لەناو ڕستە و پەڕاوە تایبەتییەکاندا تۆمار بکرێن. هەر بەو ناوەوە کە ئەوانیش خاوەن پیشەن و، پیشەکەیشیان پیشەیەکی سەربەخۆیە، کە پێی دەڵێن (پیشەی زرنگکاری) یاخود (کارگێڕی)، یان (یاسا دانان). ئەوانیش وەک پشتیوان و پزیشکەکان وان، کە ناویان لە ڕستەیەکی تایبەتیدا هەیە و کۆمەڵانی خۆیشیان هەیە!. پاش ئەوە (شۆ) ئەوەیشی پیشان داین لە هۆی سەرنەکەوتنی دیموکراتییەکانی ڕۆژئاوا لە پاراستنی ئاشتی و ئاسایش لەناو خۆیاندا ئەوەیە کە تووشی (دەردی ناشێتی بوون لە ئەلفوبێی زرنگکاری)دا.

یاخود وەک خۆی دەڵێ، تووشی ناشێتی بوون لە (ئەلف)ی زرنگکاری و (ب) و (ن)ەکەیدا!. ئێمەش لەمەودوا هەندێ لەو (ئەلف و بێ)ی زرنگکارییانە ڕوون دەکەینەوە، کە (شۆ) لە نووسراوەکەیدا پیشانی داوە.

### د: دیموکراسی

جارێ لەپێش هەموو شتێکدا دیموکراسی چییە؟... بەپێی قسەی (شۆ) دیموکراسی بریتییە لە (ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی لەسەر شێوەیەکی وەها کە کەڵک و چاکەی هەموو هاونیشتمانێکی تێدابێ، هەروەها لەسەر ئەرکی هەموو هاونیشتمانێکیش بێ. بەڵام نابێ کەڵک و چاکەکە هەر بۆ چینێکی دیاریکراوی خاوەن بەخت بێ!). جا لێرەدا پێویستە ڕاستییەکی سەرەتایی ڕۆشن بکەینەوە. ئەمیش ئەوەیە کە هاونیشتمانێکی ئاسایی یاخود بۆرەپیاوێک، هەروەک (ڤۆڵتێر) ناویان لێ دەنێ پێویستە ئیمڕۆیش ئەمانەی بخەینە سەر: (ژنێکی هاونیشتمان) و (کچێکی هاونیشتمان) پڕ بەدڵ حەز لەوە ناکات کە فەرمانداریی بەسەردا بکرێ. نایەوێ باجی لێ بسێنرێ. پێی ناخۆشە فەرمانی بەسەردا بدرێ. ئەوەیشی ناوێ کە بەرامبەر هیچ فەرمانڕەوایەک لێی بپرسرێتەوە. تەنانەت ئەگەر ئەم سروشتەی بیکات بەبەندەی چەند کەسێکی لێ نەپرسراوی وەک خۆی، هەر لە قسەی خۆی نایەتە خوارەوە!. کاتێکیش هۆشی لە توانایی دابێ لە ئەندازەی سنووری کەسایەتی خۆی و خێزانەکەی و، فەرمانەکەی، دەرباز بێ و، بسوورێتەوە بەئاسمانەوە، هەر لە خۆیەوە دڵی پڕ دەبێ لە خۆشەویستی بەرامبەر جەنگ و سوارچاکی. هەروەها ئەندێشەکەیشی پڕ دەبێ لە پەرستنی پاڵەوان... سا ئەو پاڵەوانانە لەو وتاربێژانە بن کە زۆر چوون بەدڵیدا، یاخود لەو سەرکردە جەنگی و دەلیاییانەبن کە گەورەترین ژمارەیان کوشتووە لە دوژمنان، بەلای ئەو بۆرەپیاوانەوە جیاوازیی نییە!.

ئەمەیش ئاشکرایە کە ئەو پیاوی کۆڵانە، هەر لە خۆیەوە پشتی ئەو یاسایە دەگرێ کە ڕێ نادا بەوەی ملکەچ بکات بۆ هێز و دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی. کە ئەوەیشی بۆ ئامادە دەکات: خۆشی لە سەربەستیی وتاردان و، نووسین و، کۆبوونەوە ببینێ. ئەم کابرایە باکی ئەوەی نییە کە کەسانی تریش خۆشی لەو سەربەستییانە بچێژن، بەڵام بەمەرجێ لەسەر بیروباوەڕ و پێشبینیی خۆی بن. لە ڕاستیشدا تەنیا هۆیەک ئەگەر هەبێ بۆ فەرمانداریکردن بەسەر هاونیشتمانێکدا و، بۆ ملکەچکردنی بۆ فەرمانڕەوایی، ئەوەیە کە چەواشە بکرێ و، مرۆڤ خوێشی وا بنوێنێ کە بەپێی ئارەزووی و، هەوەسی ئەو دەڕوات بەڕێوە!... کابرایش بەهەمموو هەوەس و ئارەزووی هەرزەکارانەی خۆیەوە، بەهەمموو بیروباوەڕی پڕوپووچ و، ئەو ڕێژگاوییانەوە کە دەیانپەرستێ، دەزانێ بەتەواوەتی چۆن دەنگی خۆی بدات، چۆن مافی خۆیشی بپارێزێ لە دەنگداندا، لەوانەی کە دەیانەوێ ئەو مافەی لەژێر چنگ دەربهێنن. بەڵام ئاخۆ ئەم کۆڕی نەتەوەیەی کە هاونیشتمان دەیەوێ بەدڵ پشتی بگرێ و بیپارێزێ، بەتەنیا بەشی ئەوە دەکات کە دیموکراسییەکی ڕاستەقینەی پێ دابمەزرێ؟!...

## بام هەمموو فەرمانڕەواییەک دوو کۆڕی نەتەوەی هەبێ: یەکێکیان زرنگکاری و، یەکێکیشیان کۆمەڵایەتی

(سیدنی) و (بیاتریس ویب) کە هەردووکیان خاوەن لیکۆڵینەوەن و، لە چاکترین سەرچاوە دەژمێررێن کە لەم بابەتەوە گوێ لە قسەیان بگیرێ، بەلایانەوە وایە کە شارستانێتییەکی پڕ گیروگرفتی وەک ئەم شارستانێتییەی ئێمە، بەهۆی تاکەیەک (کۆڕی نەتەوە)وە سەرپەرشتی ناکرێ!... پێویستە دوو (کۆڕی نەتەوە)ی بۆ دابنرێ، یەکێکیان زرنگکاری و، یەکێکیشیان کۆمەڵایەتی!... ئەمەیش بیروباوەڕێکی بەجێیە. چونکە تەنیا کۆمەڵێک بەکاری ئەوە نایەت کە هەمموو گیروگرفتەکانی کۆمەڵایەتی پێ بسپێرێ.

زرنگکاری و، بازرگانی و، یاسایی و، خوێندەواری و، هونەری... جا چونکە ئەو دەنگەی بەشدارە لە هەڵبژاردنی ئەم کۆمەڵەیەدا، هێز و هەڕەتی ئەوەی هەیە کە بۆ ماوەی چوار پێنچ ساڵی تەواو کار بکات، بێگومان ئەندام هەڵبژێر هیچی بۆ نامێنێتەوە ئەوە نەبێ، کە بۆ ئەمەی بەپاڵێوراوێکی دیاریکراو دەنگ بدات، تەماشای گەلێک هۆی پێچەوانەی یەکتر بکات، کە لە ئەنجامدا هیچ کەڵکێکی بۆ نیشتمان تێدا نامێنێ!. جا بۆ ئەمەی گیروگرفتەکە لە مێشکی مرۆڤ نزیک بخەینەوە، وا چاکە خۆمان لە جێگای خاوەن دەنگەکە دابنێین، تا تێبگەین ئەو ئەندام هەڵبژێرە تا چ ئەندازەیەک تووشی شڵەژان و سەرگێژی دەبێ. بۆ وێنە: ئەمە پاڵێوراوێکە لەلایەن دەستەیەکەوە، کە باوەڕی بەوە هەیە



دەبێ ڕۆژانەی کرێکار زۆر بکرێ... ئەو کەسەی تریش سەر بەدەستەیەکی ترە، کە یەکێ لە بیروباوەڕەکانی ئەوەیە: باجی سەرمایە کەم بکرێتەوە، یاخود باجی سەر سوودی لە ئەندازەبەدەر زۆر بکرێ، یان زەویی کشتوکاڵ دابەش بکرێ بەسەر جووتیارە بچووکەکاندا، یاخود دەستکەوتی بازرگانی سەروو دەستکەوتی کڕیارەکان بخرێ، یان بەپێچەوانەی ئەوەوە ڕەفتار بکرێ... بێجگە لەوانە پاڵێوراوێکی تریش هەیە، سەر بەدەستەیەکی تر، کە لە زرنگکاریی دەرەوەدا کردارێکی دیاریکراوی هەیە یاخود لە دادخوازیی کۆمەڵایەتیدا ئایینێکی تازەی هەیە، یاخود ئارەزوویەکی ناسراوی هەیە بەرەو سۆسیالیستی، یان بەرەو سەرمایەداری... یاخود... بەدەیان بابەتانی تر دێنە گۆڕێ، کە ئەندام هەڵبژێر سەریان لێ دەرناکات ئەندام هەڵبژێریش یان جووتیار دەبێ، یان فەرمانبەر، یان بازرگان.

خاوەن سەرمایە دەبێ، یاخود کارگەر... جا لەبەر ئەوە، بێگومان، ئەو، ئەو پاڵێوراوە هەڵدەبژێرێ، کە مەبەسەکانی، یاخود بیروباوەڕەکانی دەستەکەی لەگەڵ چاکە و کەڵکی خۆیدا ڕێک دەکەوێ. ئەم چاکە و کەڵکەیش جاری وا هەیە ئابووری دەبێ، جاری وایش هەیە، کۆمەڵایەتی، یاخود زرنگکاری دەبێ!.

ئا بەم ڕەنگە چاکە و کەڵکی نیشتمان، بەشێکی ئەوتۆیان بۆ نامێنێتەوە لەناو ئەم هەمموو شەپۆڵە لێکدەرانەدا کە هەریەکە لە ڕوویەکەوە دەنوێنێ.

## ڕێکخستنی ناوەند دەستکەوتی ئەندام هەڵبژێر و دەستکەوتی نیشتمان

تەنیا چارەیەک ئەگەر هەبێ بۆ ئەم پشێوی و ئاژاوەیە هەر ئەوەیە کە (کۆڕی نەتەوەکان) ژمارەیان زۆر بکرێ، بەڕەنگێکی وا کە هەریەکەیان فڕی بەسەر ڕوویەکەوە هەبێ لە ڕووەکانی زرنگکاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی. ئەوساکە هەر کاتێ بۆ یەکێک لەو کۆڕی نەتەوانە هەڵبژاردن دەستی پێ کرد، خاوەن دەنگ، دەنگی خۆی بەو پاڵێوراوە دەدات کە لەسەر بیروباوەڕەکانی ئەو دەڕوات و ئاواتەکانی ئەو دەهێنێتە دی. ئیتر وەک ئێستا لە ئارادایە ناچار نابێ کەسێکی وا هەڵبژێرێ کە بیروباوەڕە ئابوورییەکانی بەدڵی بێ، کەچی بیروباوەڕە زرنگکارییەکانی دەستەکەی بەدڵی نەبێ... یاخود بیروباوەڕە زرنگکارییەکانی ئەوی بەدڵ بێ، بەڵام بیروباوەڕە کۆمەڵایەتییەکانی ئەوی بەدڵ نەبێ. بەواتایەکی تر چارەی ئەمە هەر ئەوەتا کە واز لە یاسای (یەک دەنگ بۆ یەک پاڵێوراو) بهێنرێ، کە یاسای ئێستای دەستەکان وایە، لە جیاتیی ئەوە یاسای (یەک دەنگ بۆ یەک بابەت) بەکار بهێنرێ کە هەر ئەمەیە یاسای دیموکراسیی بێ وێنە.

## ل: لێهاتوویی بۆ گەشەکردن

بەڵام پێش ئەمەی وێنەیەک لە وێنەکانی گەشەکردن و گۆڕرانی زرنگکاریی پێویست بخەینە پێش چاو و بیکەین بەپێشنیازی خۆمان، پێویستە (لێهاتوویی مرۆڤ بۆ گەشەکردن و گۆڕران) بخەینە ژێر لێکۆڵینەوەی خۆمانەوە، تا ڕێگا بۆ ئەو پێشنیازە تەخت بکەین. ئێمە ئەم (ئارەزووی گەشەکردن)ە لە دڵی هەموو کەسێکدا نابینین. واتا لەناو ئەوانەدا کە گەیشتوونەتە تەمەنی پێگەیشتن. جا لەبەر ئەوە زیانی ئەو بیروباوەڕەی کە مافی هەڵبژاردن بەرەڵڵا دەکات بۆ ئەو جۆرە کەسانە، هەموویان بەئاشکرا دیارە. باری ڕاستیش ئەمەیە کە سروشت تا ئەندازەیەکی دیاریکراو، پیاوی تێگەیشتوو و لێهاتوو ئامادە دەکات بۆ ڕێکخستن و هەڵسووڕاندنی کاروباری فەرمانڕەوایی. ئەمیش هەروەک ئەوە وایە کە سروشت هەرچەند بەچەند کەسێک ئەو مێشک و هۆشە دەبەخشێ کە بتوانن هۆنراوە بهۆننەوە، یان وێنە بکێشن، یاخود ساز و ئاواز لێ بدەن، یان یاسا دابنێن، یاخود پزیشکایەتی بکەن، یان خەریکی خوداناسین بن، یان جەنگاوەری و، وەرزش و کەتن بکەن!. هەروەک سەرنج دەدرێ، هەر لە سەردەمی (کۆنفۆچیۆس) و (سۆکرات) و (ئەفلاتوون)ەوە تا دەگاتە سەردەمی (مەسیح) و (محەمەد) و (لووتەر) و (کەلڤن) و (ڕۆبەرت ئووین) و (لاسال) و (کارڵ مارکس)و (بنیتام) و (ڕیچارد فاگنەر) و (رسکن) و (ستیوارت میل) و (لینین) و (ترۆتسکی) و (ستالین)، پێغەمبەران و پیاوچاکان، یەک بەدوای یەکدا هەر هاتوون، بۆ ئەمەی ئارەزووی شۆڕشگێڕانەی خۆیان بخەنە کار، بۆ کەڵکی گشتی و ڕاستکردنەوە و چاککردنەوەی کاروباری هەمووان... بەڵام هەرچەندە ئەو پیاوە گەورانە لە ئایین و بیروباوەڕ و پێشبینیدا شۆڕشیان بەرپا کردووە، هەرچەندە هی وایشیان تێدا بووە کە شارستانێتییەکی نوێی دامەزراندووە، وەک ئایینی مەسیحی و ئایینی ئیسلام... هەرچەندە هی وایشیان تێدا بووە کە تا ماوەیەک فەرمانداریيان کردووە وەک (کەلڤن) لە شاری (جنێف)دا... هەرچەندە ئەمە وا بووە، بەڵام زۆربەی ئەو گەشەکردن و گۆڕانانەی بەرپایان کردووە، هەر بەناو بووە!. چونکە ئەو فەرمانڕەواییيانەی لەدوای ئەو کەسانەوە هاتوون هەروەک پێشووی خۆیان ماونەتەوە، دڕندەییيان بەکارهێناوە!... هەروەک لە مێژوودا چاومان پێ دەکەوێ، لەناو پەرستکارەکانی (مەسیح)دا کەسانی وا هەبوون کە (دادگاکانی پشکنین)یان لە ئیسپانیادا دامەزراندووە، هەر بۆ مەبەسی ئازاردانی کەسانی تر!. هی وایشیان تێدا



هەبووە کە بەناوی (مەسیح)ەوە جەنگێکیان بەرپاکردووە کە پێی دەڵێن (جەنگی سی ساڵە)!... هەروەها سەربازە نازییەکانی ئەڵمانیامان دی، هەروا لە خۆیانەوە، خۆیان وا دەهاتە پێش چاو کە سەر بە(نیتشە)ن. پێشەواکەی خۆیشیان بەشاگردی (فاگنەر) دادەنا... بەم ڕەنگە ڕێ دۆزینەوەی دڕندەکان بۆ مەسیحێتی، گۆڕرا و بوونە پاشگەزبوونەوە لە مەسیحێتییەوە بۆ دڕندەیی!...

## گ: گوێرەکەی زێڕین

جا (بەرناشۆ) هیچ ڕێگایەکی بۆ نادۆزرێتەوە کە خۆی و نەتەوەکەی لە دەست ئەم گیروگرفتانە ڕزگار بکات، تا پێشەواکانی دیموکراسی هەر لەسەر بیری خۆیان بمێننەوە کە ئەندام هەڵبژێر پاکە و دوورە لە هەڵەوە، تا لەسەر کەللەڕەقیی خۆیان بمێننەوە و، ماوە نەدەن بەوەی کە جارێکی تر چاو بخشێنرێتەوە بەیاسای بەرەڵڵاکردنی مافی هەڵبژاردندا بۆ هەموو کەسێک.

تا لەسەر بنچینەی ئەو ڕاستییانەی لە ئەنجامی بەسەرهات و تاقیکردنەوەدا بۆیان دەرکەوتوون، لەگەڵ تێگەیشتنێکی دروست و بێ وەیدا، ئەو یاسا هەڵبژاردنە ڕاست بکەنەوە. کەچی ئەگەر بهاتایە ئەو پێشەوایانە تۆزێ دووربین بوونایە و لە شت ورد ببوونایەتەوە، بێگومان دەیانتوانی پەی ببەن بەوەرامی ئەم پرسیارە گرنگانە: ئاخۆ هاونیشتمان تا چ ئەندازەیەک پێویستی بەچاوتێبڕین هەیە لەسەر کار و کردەوەی فەرمانڕەوایی، تا خۆی لە دەست سەرکێشی فەرمانداران ڕزگار بکات؟... ئاخۆ تا چ ئەندازەیەک ئەو هاونیشتمانە لە دەستی دێ مافی خۆی لە هەڵبژاردندا بەکاربهێنێ، بەڵام بەمەرجێ: نە خۆی لەناوبەرێ، نە هاونیشتمانەکانی، نە شارستانێتییەکە، خۆیشی.... ئەمەیە جێگای بەستنەوەی ئەسپ، بەلای (شۆ)وە. لە ڕاستیدا (شۆ) ناڵێ هاونیشتمان مافی ئەوەی نییە کە سەردارەکانی خۆی هەڵبژێرێ. بەپێچەوانەوە دان بەو مافەدا دەنێ. بەڵام ئەو لەسەر ئەوە مقۆمقۆ دەکات کە ئەو مافە تا چ ئەندازەیەک ماوەی دەبێ ببێ. (شۆ) لە خۆی دەپرسێ: (دەبێ تا چ ئەندازەیەک مافی سەردار هەڵبژاردن بدرێ بەخاوەن دەنگ؟ ئاخۆ دەبێ ماوەی ئەوەی بدرێ کە (گوێرەکەیەکی زێڕین) هەڵبژێرێ، تا بی پەرستێ، وەک لە بیابانی (سینا)دا کردی؟... یاخود (پشیلە)یەک هەڵبژێرێ و بیکات بەخودای خۆی وەک باووباپیری کردیان لە خاکی (میسر)ی کۆندا؟ یاخود پیرێکی بێ گوناه هەڵبژێرێ بەچەشنی هەندێ هۆزی سەرەتایی کە تا ئیمڕۆیش دەیکەن؟... دیارە

نەء... نابێ ئەوەندە ماوەی هەڵبژاردنی پێ بدرێ... ئەگینا ئێمەش هەر ئەو هەڵەیە دووبارە دەکەینەوە، کە منداڵانی ساوا بەرەڵلا بکەین لەناو دەرمانخانەیەکدا، یاری بکەن بەشووشەی ژەهرەکان!... یاخود دەرگاکانی لانەکان لە دڕندەکان بکەینەوە لەناو باخچەیەکی گیانلەبەراندا!... کەواتە ڕێگای هەرە چاک بۆ پاراستنی نەتەوەکان لەم جۆرە تەنگوچەڵەمانە، هەر ئەوەیە کە مافی هەڵبژاردن هەر بەو خوێندەوارانە بدەین کە خاوەنی بیروباوەڕی تێگەیشتووانەن. لەمەیشدا تا ئەندازەیەکی تەواو چاوتێبڕین و سەرپەرشتیکردن دەست نەتەوە دەکەوێ، کە بەسەر فەرمانڕەواییدا بەکاریان بهێنێ. ئێمە نابێ ئەوەیشمان لەبیر بچێ کە کاتێ فەرمانڕەوایییە دیموکراتییەکان دەستیان دایە تاقیکردنەوەی کۆڕەکانی نەتەوە، نەتەوەکان لە پاڵێوراوەکانی خۆیاندا تەماشای ئەوەیان دەکرد کە هەریەکەیان تا ئەندازەیەکی دیاریکراو خاوەن زەوی بن. جا بەهۆی ئەمەوە، بەلای کەمەوە، (یاسادانەرەکانمان) لەوانە دەردەچوون کە خاوەنی هەندێ خوێندەواریی سەرەتایی بن!... بەڵام ئەوانە دەسەڵاتەکەی خۆیان خراپ بەکاردەهێنا، ماڵی نەتەوەیان کاول دەکرد!. هەر هەڵپەی ئەوەیان بوو، بۆ کەڵک و چاکەی خۆیان و چینە دەوڵەمەندەکەی خۆیان تێ بکۆشن!. نەتەوەکانی ئەوانەیش بەلایانەوە وا بوو، کە چاکترین ڕێگا بۆ ڕزگاربوون لە دەست ئەم تەنگوچەڵەمەیە ئەوەیە کە ئەو مەرجە لاببەن کە پاڵێوراو دەبێ خاوەن سامان بێ، تا ئەندازەیەکی دیاریکراو. بێجگە لەوە پێویستە هیچ مەرجێکیش دانەنرێ بۆ هەڵبژاردنی پاڵێوراو کە بەلێهاتوو دابنرێ بۆ ئەندامێتی کۆڕی نەتەوە... بەڵام ئەم چارەکردنە، گیروگرفتەکانی خراپتر لێ کرد، کە ئێستایش ئێمەی نەتەوە هەر بەئاگری ئەو ئاژاوەیەوە دەسووتێین!.

## پێویستە مافی هەڵبژاردن هەر بەڕۆشنبیران بدرێ

ڕەنگە (مێژووی سروشت) لێکدانەوەی ئەم کارەساتە بخاتە سەر ئەستوی خۆی.

مێژووی سروشت تێمان دەگەیێنێ کە مرۆڤ تاکەکانی لە توانایی زرنگکاریدا بەتەواوەتی لە یەک جیاوازن. تەنانەت لە ناوەند تەمەنێکی تری کەسێکدا ئەو جیاوازییە بەئاشکرا دەبینرێ. جا لە بەرامبەر ئەم ڕاستییە ڕووتەدا، بەناشێتی و شێتی دادەنرێ کە هەر لەسەر ئەو قسەیە بڕۆین کە دەڵێ: (دەنگی نەتەوە دەنگی خودایە). (ڤۆڵتێر)یش ئەگەر بەسەرهاتێکی هەڵبژاردنی گشتی بدیایە، نەیدەگوت: (پیاوی ناو کۆڵان) لە هەموو کەسێک قسەی دروستترە! جا کە جیهان دروست بووبێ لە چەند کۆمەڵێکی مرۆڤ، کە



هێز و توانایان جیاوازبن لە یەکتری، بێگومان ئێمە بۆ ئەمەی شارستانێتی جیهان بپارێزین لە نەمان، پێویستە چەند بەشێک لە مرۆڤایەتی بکوژین بەچەشنی کوشتنی سەگی هار. هەروەها بەهەندێ بەشی تری مرۆڤیش فەرمانی فەرمانداری بسپێرین لە فەرمانڕەواییدا! جا هەتا دەتوانین ئەندازەیەکی زانستی بدۆزینەوە و بەکاربهێنین بۆ جوێکردنەوەی ئەم بەشانە لەو بەشانە، لەناو کۆمەڵی مرۆڤدا، ڕاپەڕاندنی کاروباری هەڵبژاردن، کە لەسەر بنچینەی لێپرسینێکی زانستی بکرێ و، مافی هەڵبژاردن بەکەس نەدرێ بەوانە نەبێ کە هەڵدەگرن ئەو مافەیان بدرێتێ، بۆ ئێمە جێبەجێ نابێ و سەرناگرێ. چونکە بەبێ (پرسینی زانستی)، هەر تێکۆشینێک بکرێ بۆ ئەمەی (دیموکراسیی ڕاستەقینە) هەموو لایەکی جیهان بگرێتەوە – بەچەشنی ئیمڕۆ و دوێنێ سەرناگرێ!... کەواتە ڕیزکردن و بژارکردنی تاکەکانی ناو نەتەوە لەسەر بنچینەی ئەندازەیەکی زانستی ڕاستەقینە، یەکەم هەنگاوە بەرەو دیموکراسییەکی پاک، بێ گەرد و ئازاد دەنرێ.

## ی: یەکسانی

هەروەک تەماشامان کرد دیموکراسی واتاکەی ئەوەیە کە یەکسانی تێدابێ. ئاخۆ مەبەس لە یەکسانی چی بێ؟ ئەمە شتێکی ئاشکرایە کە مەبەس لە یەکسانی ئەوە نییە کە ئێمە هەموومان لە توانایی زرنگکاری، یاخود لە توانایی تردا وەک یەک بین. چونکە سروشت هەر لەسەر ئەم ڕەوشتە ڕۆیشتووە کە دابەشمان بکات بەچەند کۆمەڵێکەوە، کە لە لێهاتوویی و تواناییدا لە یەک جیاواز بین. تا ئەندازەیەکی دیاریکراو گەوج و گێژ و وێژمان تێدا هەڵبکەوێ، تا ئەندازەیەکی دیاریکراوی تریش پیاوی بلیمەت و هەڵکەوتوومان تێدا هەڵبکەوێ.

بەڵام لەبەر ئەوەی پێویستی لەشی هەموویان وەک یەکە، بۆ وێنە ئەوە دەگونجێ کە خۆرشت و پۆشەنی و خانوویان وەک یەک بەسەردا دابەش بکرێ.

چونکە ئەوانە هەموویان پێویستیان بەو سێ شتە هەیە. ناتوانن دەستیان لێ هەڵبگرێ. جا لێرەدا مفردیی ناو کەشتی یاخود زرێوانێکی لاو دەهێنینەوە بەوێنە، کە تەماشا دەکەین ئەمیان لەسەرکردە پیرەکەی کەشتییەکە پێویستی زۆرتر هەیە بەخواردەمەنی. کەچی کەشتی پێویستی بەهەردووکیان وەک یەک هەیە.

کەچی لەگەڵ ئەمەیشدا دەستکەوتی هەردووکیان لە یەک جیاوازە. لە لایەکی تریشەوە

دەبینین هەموو سەرکردەکانی گەلەکەشتییەکان کە لە پلەی (سەرداری ئاو)دا بن مووچەکانیان وەک یەکە. بام وەک (بینجس)گەوج بن، یاخود وەک(نیلسون) بلیمەت بن ، مووچەکانیان وەک یەکە؛ هەروەها زرێوانەکانیش بەچست و چالاک و، سست و شل و شێواوییانەوە، بەزیرەک و گەوجیانەوە هەموویان مووچەیان وەک یەکە؛ هەموو کۆمەڵایەتییەکی پێشکەوتوویش لە چەند چینێک پەیدادەبێ. لەناو هەموو چینێکدا مزی ڕۆژانە یاخود مووچەی مانگانە وەک یەکە. هەرگیز تەماشای ئەوە ناکرێ کە تاکەکانی ئەو چینە لە هێز و توانایی و کردەوە و لێهاتووییدا لە یەک جیاوازن. ئەم جیاوازییەش بەجۆرێکی تێکڕایی، بەپارە نرخی بۆ دانانرێ. بۆ وێنە کەس ناتوانێ ئەوە بڵێ: کە لەبەر ئەمەی دەستکەوتی پاڵەوانی جیهان (جولویس) لە زۆرانبازیدا بۆ ماوەی یەک سات، لە دەستکەوتی زانای بەناوبانگ (ئینشتاین) زۆرترە، کە لە ماوەی پانزە ساڵدا کۆی کردبێتەوە، کەواتە نرخی ڕەنجدانی پاڵەوانەکە و تێکۆشانەکەی، لە نرخی ڕەنجدانی زاناکە و تێکۆشانەکەی (١٨٠) هەزار ئەوەندە زۆرترە!. بێگومان کەس ناتوانێ ئەوە بڵێ. هەر کەسێکیش فەرمانی بەسەردا بدرێ کە بەپێی هەڵگرتن دەستکەوت بۆ هەردووکیان دابنێ، هەر ناتوانێ ئەوە بڵێ. ئەگینا ئەوساکە ئەو کەسە کردەوەکەی هەر لەو کەسە دەکات کە بەپێی گرنگی بەلای خێزانەوە نرخ دابنێ، بەپارە لە ناوەند (تاوەی چێشت لێنان) و (نووسراوی پیرۆز)دا!...

## نووسراوێکی پیرۆز لە شووشەیەک مەی هەرزانترە!

ئەمەیش سەبارەت بەوەیە کە نرخی تاوەکە و نووسراوە پیرۆزەکە لەسەر ئەو بنچینەیە دیاری نەکراون، کە هەڵدەگرن ئەوەندەیان پێ بدرێ. لەسەر ئەوە دیاری کراون کە ئەوەندەیان تێ چووە، یاخود ئەوەندەیان تێدا بەخت کراوە. جا لەبەر ئەوە، چاوت پێ دەکەوێ، کە نووسراوێکی پیرۆز بەنرخێکی کەمتر دەفرۆشرێ لە شووشەیەک مەی!. کراسێکیش بەهەرزانتر دەفرۆشرێ لە ئەموستیلەیەکی ئەڵماس!. کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا کەڵکی نووسراوە پیرۆزەکە و کراسەکە بۆ مرۆڤ گەلێک زۆرترە لە کەڵکی شووشە مەیەکە و ئەموستیلە ئەڵماسەکە!... چارەکردنی ئەم جۆرە پێچەوانەیش بەوە دەبێ کە فەرمانڕەوایی سەرپەرشتیی بەرهەم بکات، بەجۆرێکی وا کە نرخی شتەکە بەپێی پێویستیی کۆمەڵایەتی بێ بۆ ئەو... بێجگە لەوە فەرمانڕەوایی ڕێیش نەدات بەکەس ئەموستیلەی ئەڵماس بکرێ، لە کاتێکدا کە منداڵانی برسی و ڕووت لە ئارادابن!... هەروەها کەسیش ئەو نرخە نەدات



بەشت، کە لە ئەندازەی ناوەڕاستی ئەرکی بەرهەمهێنانەکەی پتر نەبێ!. بەڵام پێش ئەمەی بگەینە ئەم ئەندازەیە، ئەندازەی سۆسیالیستی، یاخود شارستانێتی، یان مرۆڤایەتی هەرچی پێ دەڵێی پێی بڵێ پێویستە فەرمانڕەوایی ژمارەیەکی تەواو لە سەرۆک و ژێردەستی لێهاتوو و بەکار بۆ نیشتمانەکە ئامادە بکات. هەروەها مووچەی ئەوانەیش دیاری بکات. جا لێرەدا زرنگکارێکی دیموکراتی ئەوە بەئاسان دەزانێ کە لەم قسانەوە باز بداتە سەر ئەنجامێک، کە پوختەکەی ئەمەیە: ئێمە هەرچەندە لە لێهاتوویی و بەکاریدا لە یەک جیاوازین، ئەگەر هات و هەمووومان لە پارە بەختکردندا بۆ ژین و گوزەران، وەک یەک وەستاینەوە چاکترین چارە بۆ ئەمە ئەوەیە کە هەر کەسەمان بەشێکی وەک یەک لە دەرامەتی نەتەوەیی فەرمانڕەوایی وەربگرێ. ئەوەندە هەیە ئەم جۆرە ئەنجام دەرخستنە، بێگومان، خاوەنەکەی خۆی وا لێ دەکات کە لە ڕاستییەکی تر لاری بێت. ئەو ڕاستییەیش ئەوەیە کە ئەو پارەیەی لە ئامادەکردنی (سەردارێکی ئاو)دا بەخت دەکرێ، گەلێک زۆرترە لەو پارەیەی لە ئامادەکردنی زرێوانێکی ئاساییدا بەخت دەکرێ. کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا هەردووکیان وەک دوو مرۆڤ، پێویستییان یەکە.

کەواتە ئەگەر هات و مانگانەی هەردوو چینەکەمان وەک یەک لێ کرد، زرێوان ئەمەندە زۆر دەبن لە ژمارە نایەن. هەروەها سەرکردەکانیش هیچیان لە ئارادا نامێنن!.

هەروەها لە ئامادەکردنی یاسادانەر و، پشتیوان و، پزیشک و، کەشیش و هونەرمەند و، ڕاستی پەرستەکانیشدا پارە بەختکردن هەر زۆر دەبێ.

کاتێ کە ڕووسیای سۆڤێتیش بیری لەوە کردەوە کە هەموو کارگەرەکان وەک یەک مووچەیان بدەنێ لە دەرامەتی نەتەوەیی، کە بەرهەمی ئەوانە پێکی دەهێنێ بۆ فەرمانڕەوایی، وای بۆ دەرکەوت کە بەرهەمی ئەوانە ئەوەندە نییە کە بەشی ئەوە بکات، کە بۆ هەریەکەیان مووچەیەک ببڕێتەوە کە لە مووچەی پچووکترین کرێکاری سەردەمی چارەکان پتر بێ!.

## یەکسانی لە دەرامەتدا سەرناگرێت

کەواتە یەکسانی لە دەرامەتدا سەرناگرێت، پێویستە وازی لێ بهێنین، تا دەگەینە ئەو کاتەی کە دەتوانین بەشی هەموو کەسێک لە دەرامەتی فەرمانڕەوایی زۆرتر بکەین تا دەگاتە بارستایی ژیانی تەواو بۆ هەمووان. ئەمەیش بارستاییەکی ئەوتۆیە کە دەتوانین لە داوڕۆژدا پێی بگەین. بەڵام ئێستاکە، تەنانەت لە ڕووسیا خۆیشیدا یاسای چینایەتی هەر

له ئارادایه. چینێکیش هەیە لەناو خاوەن پیشەکاندا، دەرامەتیان لە دەرامەتی چینی تەخت دروستکەرەکان دە ئەوەندە زۆرترە!. ئەو پیاوە زرنگکارەیش کە دەیەوێ یەکسانی پێک بهێنێ لە دابەشکردنی دەرامەتدا، بۆی دەردەکەوێ کە پێویستە لە سەری ژمارەیەک دابنێ بۆ دەسکەوتی هەموو کەسێک کە تا ئەندازەیەک زۆر بێ، ژمارەیەک دابنێ بۆ دەسکەوتی هەموو کەسێک کە تا ئەندازەیەک زۆر بێ، بەشێوەیەکی وا کە هیچ ماوەیەک نەدات بەوەی کە لە هیچ لێهاتوویی، یاخود بلیمەتییێک، ئەوپەڕی کەڵک و چاکە دەست نەخرێ، بام هۆی بەکارهێنانی ئەو بلیمەتی و هەڵکەوتووییش کەموکوڕی تێدا هەبێ. جا لەبەر ئەمەی ئەم ژمارەیە لە سەرەتای کاردا زۆرتری لێ دێ، لەو ژمارەیەی کە لە دابەشکردنی دەستکەوتی فەرمانڕەواییەوە پەیدا دەبێ، بەسەر ئەو کەسانەدا کە یەکسانی بەشی خۆیان وەردەگرن، کەواتە لەسەر پیاوی زرنگکاری پێویستە کە دەستکەوتی خاوەن پیشەکان لەم ژمارە بەرزەدا بپارێزێ، دوای ئەوە هەرچییەک مایەوە لە دەستکەوتەکە دابەشی بکات بەسەر کەسەکانی تردا. بەڵام دەبێ لە دوارۆژدا هەر هەلێکی دەست کەوت یاخود هەر فێڵێکی بۆ دۆزرایەوە، تێ بکۆشێ بۆ پەرەپێدان بەدەستکەوتی نەتەوەیی.

لە دوای ئەوەیش دەست بکات بەبەرزکردنەوەی کەمترین ڕۆژانە بۆ ئەو پلەیە لە دوایەوە دێ. ئا بەم ڕەنگە، تا هەموو لایەک دەگەنە بارستایی ژمارەی هەرە بەرزی دیاریکراو. ئنجا ئەوساکە بەشێوەیەکی ڕووداو و یەکسانی پێک دێ و دێتە دی، بام لە ژمێرکارییشدا وا نەبێ.

## ج: جیاوازیی ناو چینەکان

ئەمەیش سەبارەت بەوەیە کە یەکسانی ژمێرکاری لە خۆیدا بەئامانج دانەنراوە. چونکە هەرچەندە جیاوازییەکە یەجگار گەورە و ناسۆر بێ لە ناوەند چینی پیشەسازەکان و کرێکاران کە دەستکەوتی ساڵانەیان خۆی دەدا لە دووسەد پاوەند و چینی دەوڵەمەندە شل و شێواوەکاندا کە دەستکەوتی ساڵانەیان خۆی دەدا لە پێنج هەزار پاوەند ئەم چینەی کە لووتیان ئەمەندە بەرزە، تێکەڵ بەچینی کرێکاران نابن و، ژنخوازییان لەگەڵدا ناکەن... بەڵام ئەو جیاوازییە، ماوە و گرنگیی کەم دەبێتەوە لە کاتی پەرەسەندنی دەستکەوتی چینەکاندا... بۆ وێنە جیاوازییەکە کەم دەبێتەوە لە ناوەند ئەو چینەی دەستکەوتی ساڵانەی پێنج هەزار پاوەندە و، چینەی دەستکەوتی ساڵانەی پەنجا هەزار پاوەندە چونکە ئەوەندە نامێنێ کە ئەندامانی هەردوو چینەکە یەکسان بوەستنەوە لە بارستایی ژیان و خۆشیی



ژیاندا... چونکە هەر کەسێ لەوانە پێنج خانووی هەبێ، هیچ لەوانە باشتر ناژی کە دوو خانوویان هەیە. چونکە هیچ کامێکیان لە خانوویەک زۆرتری پێویست نابێ بۆ حەوانەوە و حەسانەوەی خۆی.

هەروەها هەردوولایشیان پەنا دەبەنەبەر یەک پزیشک و، یەک پشتیوان و، یەک بازرگان... بێجگە لەوە کەسانی هەردوو چینەکەیش ژن و ژنخوازی دەکەن و تێکەڵ بەیەکتریش دەبن. ئینجا کە لەمە تێگەیشتین، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە هەر کاتێ بارستایی دەستکەوتی هەموو کەسێک لەناو نەتەوەدا بەرزکرایەوە بۆ ڕادەی پێنج هەزار پاوەند، مەبەسی بنچینەیی لە یەکسانی لە دەستکەوتدا لە خۆیەوە دێتە دی... ئیتر ئەوساکە، هەرچەندە فەرمانڕەوایی بەپەرۆشی ئەوەوە دەبێ کە هیچ چینێک لەم بارستایی ژیانە نەیێتە خوارەوە، بەڵام پێویست بەوە ناکات کە ڕێ بەکەس نەدات خۆی دەوڵەمەندتر بکات. پێویستە هەر کەسێ توانی خۆی دەوڵەمەندتر بکات، یاخود زانی ئەو دەوڵەمەندبوونە تازەیە هەڵدەگرێ خۆی بۆ ماندوو بکات، فەرمانڕەوایی ڕێی لێ بەربەست نەکات. بێجگە لەوە هەر کەسێک وا بکات هەڵدەگرێ لەلایەن فەرمانڕەواییەوە پشتی بگیرێ، تا زۆرتر خەریکی بەرهەم زۆرکردنی خۆی بێ.

تەنانەت ڕووسیایش لە ئەنجامی تاقیکردنەوەدا بۆی دەرکەوت کە پەرەدان بەبەرهەم، یاخود هەر پاراستنی بارستاییەکەیشی، بەهیچ کلۆجێ سەرناگرێ تا بەپێی زۆربوونی بەرهەمەکە، مانگانەکان زۆرتر نەکرێن.

پوختەی لێدوانەکەیشمان ئەمەیە: هەر کاتێ سۆسیالیستیی دیموکراسی توانی هۆیەکانی بەرهەم پێکهێنان بۆ هەموو کەسێک ئامادە بکات، یاخود یەکسانیان بۆ دابمەزرێنێ لە هەل بۆ هەڵکەوتندا، پاش ئەوە ژن و ژنخوازی لەناو هەموو لایەکدا بخاتە سەر ئەستۆی خۆی، کە بەئاسانی پێک بێن، ئەو فەرمانییە بێگومان بەمەبەسی خۆی گەیشتووە و فەرمانی سەرشانی خۆی بەجێ هێناوە.

چونکە ئەم بابەتانە هەموویان نەک یەکسانی ژمارەیی، ئامانجی ڕاستەقینەی ئەون... ئەوساکە بارستایی کۆمەڵایەتی مرۆڤ دەگاتە پلەیەکی وەها کە هیچ کەسێک تووشی مردن نەبێ، لە برساندا... بەڵام ئەوساکەیش وەک هەموو دەمێک هەر بەمرۆڤی دەمێننەوە. مرۆڤی ناوازەیشیان تێدا پەیدا دەبێ و، مرۆڤی مام ناوەندیش و مرۆڤی گەندیش! بەڵام ئەوانە، هەموویان خۆشی لە خواردنی تەواو دەچێژن. هەتا مێشکیشیان هێزی پێ بشکێ

دەتوانن بخوێنن و فێربن و بەوەیش دڵشاد بن. هەروەها خۆشی لەوەیش دەبینن کە ژن و ژنخوازی لە ناوەند هەموو چینەکاندا پێک دێ. ئیتر لەمەندە زۆرتر یەکسانی لە توانایدا نابێ هەنگاوێکی تر بچێتە پێشەوە!...

## د: ئەندازەی جوێکردنەوە لە ناوەند مرۆڤی هەڵکەوتوو و مرۆڤی شل و شێواودا

دوای ئەوە (شۆ) دەڵێ: کە لەپێش چەند ساڵێکەوە دەستی کردووە بەلێکۆڵینەوە لە بابەت (ئەندازە)یەکی واوە، کە بەپێی ئەو ئەندازەیە توانا و خاوەن کردەوە نایابەکان لەناو مرۆڤدا، هەر یەکە پلەی خۆی بدرێتێ. لەم بابەتەوە پرسی لە (ستانلی) ناوێک کردووە کە ڕۆژنامەکارێکی ئەمریکایی بووە.

ئەم پیاوە بەناو ئەفریکادا گەڕابوو لەگەڵ چەند نێرراوێکدا کە خۆی سەرۆکیان بوو. گەڕابوون بەدوای (لیڤنگستۆن)، ئازادی کارێکی بەندەکاندا، بیدۆزنەوە. (شۆ) ئەوەی لە (ستانلی) پرسیبوو کە کاتێ ناچاربوو تا ماوەیەکی تەواو ئەو دەستەی نێرراوانە بەجێ بهێڵێ و بڕوا، لەناو ئەو نێرراوانە تا چ ئەندازەیەک پیاوانی وای دۆزیبووەوە کە بتوانن لە جێی ئەو دابنیشن و پێشەوایەتیی ئەو نێرراوانە بکەن و، کاروباری ئەو کۆمەڵە نێرراوانە ڕابپەڕێنن؟... ڕۆژنامەکارەکەیش دەمودەست بەدڵنیاییەکەوە وەرامی دابووەوە، گوتبووی: (٥ ٪!). (شۆ)یش بێ ئەو هەر تەنیا یەکێکی دەدۆزییەوە کە بەکاری ئەو کارە بێ، لەناو هەموو سەر زەویدا. ئەویش کەس نەبوو (ژۆل سزار) خۆی نەبێ!... یاخود بەواتایەکی تر کەسی تری بۆ نەدۆزرایەوە... مێژوویش پڕە لەم جۆرە وێنانە. بۆ وێنە: (پاپا یۆلیۆسی دووەم) دەیتوانی ژمارەیەکی زۆر لە وێنەکێشەکان بدۆزێتەوە بۆ ئەمەی کڵێسای (سیستین)ی بۆ بڕازێننەوە بەوێنە و نیگار. بەڵام هەر (مایکل ئەنجێلۆ)یەکی تێدا دەدەین!. هەروەها خونکار (جێمسی یەکەم)یش دەیتوانی بەدەیان لە ڕێکخەرانی چیرۆکی لاسایی بدۆزێتەوە لە سەردەمی خۆیدا، کەچی لەناو هەموویاندا هەر دڵی بە(شکسپیر)ێکدا چووبوو!.

## بام هەر هاونیشتمانە بەپێی لێهاتوویی خۆی جێگای بدرێتێ

جا لەم جۆرە بارانەدا، کە لەناو هەموو پانزە پشتێکدا، یان نزیکی ئەو ماوەیە یەک پیاوی ناوازەی تێدا دەدۆزرێتەوە کە پێی دەڵێن: (سوپەرمان)... هەروەها لەم بارانەیشدا کە یەکێکی وەک (ستانلی)، هەڵبژاردەکانی خۆی بە ٥ ٪ی کۆمەڵی نێرراوەکان داناوە،



کە هەموو ڕۆژێک دەست دەکەون... لەناو ئەم جۆرە بارانەدا پلەکانی هێز و توانایی و بەکاری لە هەموو کار و پیشەیەکدا، زۆر دەبن... لێرەدا (شۆ)، وێنە لەسەرخۆی دەهێنێتەوە دەڵێ: «من ئەوە ناڵێم کە لە هەموو نووسەرەکانی لاساییکردنەوەی ئینگلیز هونەرمەندترم. بەڵام من خۆم وا دێتە پێش چاو کە یەکێکم لەو دە کەسانەی، کە هەموویان یەکی یەکین لەم هونەرەدا». پاش ئەوە دێتە سەر ئەمەی کە گەورەترین پیاوی هەڵکەوتوو لە پیشەیەکی دیاریکراودا، دوور نییە کە لە کار و پیشەی تردا سەری لێ دەرنەچێ و، هۆشی پێی نەشکێ. ئەو هەرچەندە هێز و توانایەکی تەواوی هەیە لە نووسینی چیرۆکی لاساییدا، بەڵام ئەگەر هات و لە پیشەیەکی وەک(تەماشاکردنی ئاسمان)دا فەرمانی کرد، دوور نییە هەر لە یەکەم هەفتەدا دەستی لەو فەرمانە بکێشنەوە... یاخود دوور نییە هەر ئەوەندە فەرمانی پێ بسپێرن لەو پیشەیەدا، کە کەلوپەلی دووربینە گەورەکان بسڕێ و پاکیان بکاتەوە! تەنانەت لەم فەرمانە بچکۆلەیەیشدا لە مفردییەکی خاوەن پیشەی هەرە گەوج بێ دەسەڵاتتر دەنوێنێ. کەواتە سەرکەوتنی هەموو کارێک بەندە بەوەوە کە کەسانی لێهاتووی بۆ هەڵببژێررێ، کە ڕایبپەڕێنن واتا لەوانە بن کە بتوانن ئەو فەرمانە جێبەجێ بکەن. هەروەها پێویستیشە ئەو کەسانە لەو شوێنانەدا دابنرێن کە بەکاریان دێن. هەر پەیمانگاییێکی ساز و ئاواز، کارگێڕەکەی کەڕ بێ و، گوێی ساز و ئاوازخوازی نەبێ، هەرگیز لە فەرمانەکەی خۆیدا سەرناکەوێ و، بەئامانجی خۆیشی ناگات!. هەروەها پەیمانگای وێنەکێشانیش هەرگیز کاروباری سەرناگرێ، ئەگەر کارگێڕەکەی کوێر بێ، یان ڕەنگەکانی بۆ لە یەکتری جیا نەکرێتەوە!...

جا کە کار لەم ئەندازەیەدا بێ، گەورەترین کار و، سەختترین فەرمان لە جیهاندا، هەمووی، ئەوەیە کە کاروباری فەرمانڕەواییەکی دیموکراسیی تازە هەڵبسووڕێنرێ و، ڕێکوپێک بخرێ! فەرمانڕەوایی دیموکراسیی تازە، لە سەری پێویستە بۆ هەموو هاونیشتمانێک ڕێ بکاتەوە، فەرمانێکی بەکەڵک بۆ خۆی بدۆزێتەوە، کە دەستکەوتی لێ دەست بکەوێ، بەمەرجێ ئەو فەرمانە بەپێی هێز و توانایی و لێهاتوویی خۆی بێ. بەڵام ئەگەر بێتو کاروباری فەرمانڕەوایی بەم جۆرە هەڵبسووڕێنرێ کە کەسانی خاوەن بلیمەت لەو فەرمانانەدا دابنرێن کە لەگەڵ هێز و توانایی خۆیاندا ناگونجێن، هەروەها کەسانی لێ نەهاتوو لەو فەرمانانەدا دابنرێن کە لەگەڵ بێ دەسەڵاتی خۆیاندا ڕێک ناکەون، بێگومان ئەنجامی ئەو فەرمانڕەواییە بەوە دەگات کە سەرئەنگرێ ببێ. بێجگە لەوە بشکەوێتە ژێردەست یەکێک لەو پیاوە جەربەزە و سەرلێشێواوانەوە، یەکێکی وەک

(ناپلیۆن)، کە ئەمەندە گەوج بێ، ئاواتی گەورە گەورە بۆ خۆی دابنێ، کە هەرگیز بۆی سەرنەگرێ. هەروەها ئەمەندەیش خاوەن هێز و توانایی بێ هەروەک جارێکیان (موسۆلینی) گوتی کە بتوانێ (تەویلە)یەک ڕێک بخات!...

## ئاخۆ لە ناوەند سەرکەوتن و توانایدا پەیوەندییەک هەیە؟

ئا لێرەدا (بەرناردشۆ) خۆی پێ ناگیرێ، جیاوازییەکی تریش دەردەخات، لە ناوەند (توانایی کار) و (توانایی پێشبینی)دا. (شۆ) دەڵێ: «شەست ساڵێک لەمەوپێش بەناو (باخچەی هایدپارک)دا دەگەڕام، کە لەوێدا هەر چاکەخوازێکی کۆمەڵایەتی، یاخود ئامۆژگاریکەرێکی ئایینی بیەوێ، دەتوانێ کۆمەڵێکی گەورە لە گوێگران کۆ بکاتەوە لە خۆی، هەر بۆ ئەوەی کە بچێتە سەر تەختێکی دانیشتن و قسە لەگەڵ بادا بکات. لەوێدا بەپیاوێک گەیشتم ناوی(کاپتەن ویلسون) بوو، کە ئێستاکە کەس نایناسێ، ئەم پیاوە مژدەی (ئینجیل)ێکی دەدا، پێی دەگوت: «پەی بردنی بێ وەی» یاخود «پەی بردنی دروست»، هانەی گوێگرەکانی خۆیشی دەدا کە (چاک پەی بەشت ببەن) تا لە ژیانیاندا سەربکەون!». بەڵام بەلای (شۆ)وە جوان هەڵسەنگاندن و تێگەیشتنی تەواو، لەگەڵ لێهاتوویی لە کاردا، زۆر جیاوازە. چونکە پیاوە خاوەن کارەکان، کەم تێیاندا هەڵدەکەوێ، لە بیرکردنەوەدا، تێگەیشتنیان دروست بێ!.

کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا هەموویان سەرکەوتوون!. جیهانیش پڕە لەو جۆرە پشتیوان (محامی)ە هەڵکەوتووانە کە بێ هاوتان، کەچی لە یاسای نووسراوەوە ناشی و نەزانن. ناشێتییەکەیشیان لە تەواوییەوە نزیک دەبێتەوە!.

هەروەها جیهان پڕە لەو پزیشکانەی کە هیچ لە زانستی گیانلەبەران نازانن، پڕە لەو ئامۆژگاریکەرانەی کە لە ئایین شارەزا نین، پڕە لەو پیاوە کارگێڕانەی، کە ئەوە دووبارە دەکەنەوە، کە لەوەپێش کردوویانە، پڕە لەو کارگەرە هونەرمەندانەی کە لە بابەت فەرمانەکەی خۆیانەوە هەر ئەوەندە دەزانن کە مەکینەکەی ژێر دەستیان، کە دەیگێڕن، لێی دەزانێ!... تەنانەت ئەو پیاوە زرنگکارانەیش یەجگار زۆرن کە ئەمەیان خوێندەوە: (هەرچەندە فرۆشیاریی نەتەوە زۆر ببێ، سامانی زۆرتر دەبێ). دەستبەجێ ئەوە بەبیریاندا دێ، کە بەپێی ئەم واتەیە، ڕێگای هەرە کورت بۆ خۆشگوزەرانی نەتەوە ئەوەیە کە هیچ بەرهەم نەهێنێ بۆ بەکارهێنانی لەناو نیشتماندا، هەر بەرهەمێکی پێک هێنا، ڕەوانەی بکات بۆ بازاڕەکانی دەرەوە!...



## هەر تۆزێکیش بێ چاکترە لەوەی نەبێ

بەڵام هەروەک بەرەڵڵاکردنی ئەو ناشییە سەرکەوتووانەی لە سەرەوە ناومان بردن، لەسەر پیشەی خۆیان بڕۆن، بەجۆرێکی تێکڕایی کارێکی خراپە، هەروەها ئەوەیش بەکارێکی هەڵە و خراپ دادەنرێ، کە پێچەوانەی ئەوە ڕەفتارێکی وا بکرێ کە لە ئەندازەبەدەر بێ، واتا ڕێ نەدەین بەهیچ کەسێک پیشەیەک بگرێتە دەست بۆ خۆی، تا بەتەواوەتی تێی نەگات. ئەمە هەر لەوە دەکات کە بڵێین، نابێ منداڵ لە شیری مەمکی دایکی خۆی بمژێ، تا شارەزای ئەو کەرەستانە نەبێ کە شیری لێ پێک دێ!. لە ڕاستیدا، زۆر فەرمانی وا هەیە کە دەبێ بەناچاری بدرێتە دەست ئەوانەی کە نازانن چی دەکەن، کەچی بێ ئەمەی تێیشی بگەن دەتوانن ئەو فەرمانە ڕاپەڕێنن!. ئەمە ڕاستە ئەوانە بەتەواوی ئەو فەرمانە جێبەجێ ناکەن. بەڵام هەرچی چۆنێک بێ فەرمانەکە دەکەن.

ئەوانە هەرچەندێکیش فەرمانەکە بەناتەواوی جێبەجێ بکەن، بەڵام هەر لەوە چاکترە کە فەرمانەکە جێبەجێ نەکرێ. ئەمەیش هەر لەوە دەکات کە دایکێک بەناچاری خورشتێکی ناتەواو بدات بەمنداڵەکەی خۆی. ئەو ئەوە بەباشتر دەزانێ لەوە کە بەبرسێتی بیهێڵێتەوە و بمرێ!. کەواتە دیموکراسی لە سەری پێویستە لەکاتی ڕێکخستنی فەرمانڕەواییدا، لەسەر بنچینەی جیاوازیی کار و پیشە لە ناوەند تاکەکانی ئەو گەلەدا فەرمانی خۆی بەجێ بهێنێ. هەروەها لەسەر بنچینەی جیاوازی لە لێهاتوویی و تواناییدا لە ناوەند ئەوانەدا کە پیشەیەکیان هەیە، فەرمانەکەی خۆی بەجێ بهێنێ.

جا هەروەک لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی گەیشتە ئەو ئەنجامەی دایکەکان بکات بە سێ کۆمەڵەوە:

١- ئەو دایکانەی هەر لە خۆیانەوە وا هەڵکەوتوون کە منداڵ باش پێ بگەیێنن و بەخێو بکەن.

٢- ئەو دایکانەی دەتوانن منداڵەکانیان پەروەردە بکەن، بەڵام بەیارمەتی هەندێ ئامۆژگاری و ڕێ پیشاندانی کەسانی ترەوە.

٣- ئەو دایکانەی پەروەردەکردنی منداڵیان لە دەست ناوەشێتەوە، دوایی وایان پێ دەگەیێنن کە هەر لە خۆیانەوە ببن بەدز و داوێن پیس، ئابڕووی خۆیان بەپارە بفرۆشن!.

هەر بەم ڕەنگەیش ئەم جیاوازییە لە ناوەند خاوەن پیشە و کارەکان هەموویاندا هەیە. هەروەک لە پزیشکەکاندا هی هونەرمەند و تێگەیشتوو دەبینین، هەروەها هی وایشیان

تێدایە کە چووە ناو ژووری نەخۆشەکەوە، هیچ هیوایەک بۆ چاکبوونەوەی نەخۆشەکە لە دڵدا نامێنێ! هەروەک لە پشتیوانەکاندا هی وا دەبینین پەتی سێدارە لە گەردنی تاوانبارەکان دەکەنەوە کەسانی وایشیان تێدایە کە بەوە ناوبانگیان دەرکردووە، هەریەکەیان چەند بێ تاوانێکی گەیاندۆتە بن سێدارە!. لەناو بازرگانەکان و سەرکردەکان و ئەندازیار و پیشەسازەکانیشدا هەر بەم جۆرە جیاوازی هەیە لە ناوەند تاکەکانیاندا... لە ڕاستیدا لە هەموو پیشەیەکدا پیاوی سەرکەوتوو هەیە. لە دەست هیچ کەسێک یاخود هیچ هێزێکیش نایەت کە ئەم جۆرە جیاوازییە سروشتییانە بگۆڕێ، یاخود بیگۆڕێتەوە لە ناوەند مرۆڤدا، کە هەن لە ڕووی لێهاتوویی و کارگوزارییەوە.

## ب: بەرهەڵستی کۆمەڵایەتی

ئەوەندە هەیە، ئێمە بەزۆرداری دادەنێین کە هۆی جیاوازی لە هێز و توانایی و لێهاتووییدا، هەر خۆی بەتەنیا، ئۆباڵی ئەوەی بەئەستۆبێ کە ئەو مرۆڤە لە پیشەکەیدا سەربکەوێ، یاخود سەرنەکەوێ. چونکە کۆمەڵایەتییەکەمان پڕە لە وێنەی ئەو سەرنەکەوتنانەی لە کەموکورییەکی سروشتی کەسەوە پەیدا نەبوون، لە ڕووی هێز و توانایی و لێهاتوویەوە. لە تەنگەتاوکردنی کۆمەڵایەتییەکەوە پەیدا بوون، کە ئێستایش هەر لەو هەڵەیەدایە کە (مێخی چوارگۆشە بەناو کونی خڕدا دەکوتێ!) (شۆ) لەسەر ئەمە دوو وێنە دەهێنێتەوە لە باپیرانی خۆی. یەکێکیان ئەوەندە شارەزا بووە لە پیشەسازیی دەستکرددا، گەمێی ڕاوکردنی بەدەستی خۆی دروست دەکرد. بەڵام پایەی کۆمەڵایەتییەکەی وەک دەوڵەمەندێکی خاوەن زەوی و دێهاتی فراوان و دەرچوونی ناوبانگی بەپیاوێکی جوامێر (جینتلمان)، بێ بەشی هێشتەوە لە وەی کە ببێتە ئەندامێکی بەکەڵک بۆ کۆمەڵەکەی خۆی، لە ڕێگای پیشەسازییەوە کە تەواو تێیدا شارەزا بوو. هەروەها لەوەیش بێ بەشی هێشتەوە کە لە سایەی بەکارهێنانی دەستە ڕەنگینەکانیەوە پارە بۆ خۆی پەیدا بکات. کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا باپیرم ئەوەی پێ خۆشتر بوو کە دێهاتەکانی خۆی بداتە دەست سەرکارەکەی خۆی و، ڕەو بکات بۆ ناوچەیەکی تر، ژیانێکی بێ بەر و هیچ و پووچ بژی، هەر خۆی بەڕاوی گیانلەبەرە دڕندەکان و ماسییەوە خەریک بکات!. بێینەوە سەر سەرکارەکەیشی کە کردبووی بەجێنشینی خۆی، زۆری پێ نەچوو لات و نابووتی کرد!... لە ڕاستیدا ئەم باپیرەم لە هێز و توانایی و دەسەڵاتدا کەموکوڕیی نەبوو. هەروەها لە چست و چالاکیشدا بێبەش نەبوو.



بەپێچەوانەوە لەم ڕووانەوە زۆر باش بوو. بەڵام گوناهەکەی ئەو هەر ئەوە بوو کە لەناو کۆمەڵایەتییەکی وادا دەژیا، کە هۆگری ڕووکەشی درۆ و ڕووالەتی درۆ بوو. هەروەکو لەوەپێشیش گوتمان مێخی چوارگۆشەی لە کونی خڕ دەدا!. ئەگەر باپیرم لەناو کۆمەڵایەتییەکی ڕێکخراودا بژیایە، دوارۆژێکی گەش و ڕووناکی بۆ خۆی پێک دەهێنا لە شێوەی پیشەسازێکی سەرکەوتوو و بەکەڵکدا. باپیرەکەی تری (شۆ)یش جۆرە (چەواشەکردنێکی کۆمەڵایەتی)ی کردبوو بەپیشە بۆ خۆی. ئەو هەرچەندە لە ڕووکەشدا خۆی زۆر بەڕێز پیشان دەدا، سەبارەت بەوەی کە خوێنی شین بەدەماریدا هاتوچۆی دەکرد، لەناو خاکی (ئیرلەندە)دا، بەڵام هیچ شەرمێکی لە خۆی نەدەکرد، بەدزییەوە پارەی بەسوو دەدا بەهەژارەکانی گەڕەکێک کە لە هەموو گەڕەکەکانی تری شاری (دوبلین) هەژارتر بوون! بەڵام ئەوەی سەری پیاوی لێ سوڕدەمێنێ ئەوەیە، کە نەوەیەکی وەک (بەرناردشۆ)ی لێ بکەوێتەوە، کە خودا لەم کردەوەیەی بێ بەش هێشتۆتەوە!...

ئینجا (شۆ) لە کۆڕی تیزپێکردندا دەڵێ: «ئەگەر ئەو پارەیەی باپیرم نەبووایە کە بەسایەی (سوو) وەرگرتنەوە بۆی کۆ بووبووەوە و، لە پاشی بەجێ مابوو بۆ من، هەرگیز لە دەست ئەو ساڵە نابووتیانەی تافی کوڕێنییەم ڕزگارم نەدەبوو، کە هەرچی نووسراوێکم پێشکەش بەچاپگەرەکان دەکرد بۆیان بڵاو نەدەکردمەوە، تا شتێکم دەست بکەوێ و پێی بژیم!.».

جا ئەمانە و وێنەی ئەمانە، هەموویان بریتین لە بەرهەڵستانی کۆمەڵایەتی، هەر کاتێ کۆمەڵایەتی کەوتە سەر ئەو ڕێیەی کە خۆی باشتر ڕێک بخات هەر لە خۆیانەوە نامێنن و لەناو دەچن... ئیتر ئەوساکە پێویست بەوە ناکات کە کونی چوارگۆشە بۆ مێخی چوارگۆشە بدۆزرێتەوە. چونکە تەنگەتاوکردنی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆیەک بۆ هاوێشتنی ئەو مێخانە بۆ ناو کونەکان، هیچ بەرهەڵستێکیشیان وەک ئێستا نایەتە بەر. بەڵام ئەمە ئەوە بەرپەرچ ناداتەوە کە ئەندازەیەکی وا دەمێنێتەوە لە جیاوازیی ناوەند هەموو خاوەن کار و پیشەکان لە هونەرمەندی و دەستڕەنگینیدا، کە هەرگیز لێی کەم ناکات. یەکێک لەو درزە سامناکانەی پێویستە کۆمەڵایەتی چاکی بکاتەوە، یاخود چارەیەکی بۆ بدۆزێتەوە، لەم وێنەیەدا بەتەواوەتی دەردەکەوێ: دوور نییە پیاوێکی وا هەبێ لە بازرگانیدا یەجگار شارەزا و کارگوزار بێ. دەستی دابێتە کارێکی زۆر گەورە کە بەهەزاران کارگەران، تێیدا کار بکات، بەو مەبەسەی کەلوپەل یاخود فەرمانی ناوازە بەکەڵک پێشکەشی کۆمەڵایەتی بکات. پاش ئەوە ئەم پیاوە دەمرێ و ئەو فەرمانە گەورەیەی خۆی بۆ کوڕەکەی خۆی،

یاخود خزمێکی بەجێ دەهێڵێ، کە لەو جۆرە فەرمانەدا توانایەکی ئەوتۆی نابێ کە ئەو فەرمانە ببات بەڕێوە!. لەبەر ئەوە فەرمانەکە پووچ دەبێتەوە و لەناو دەچێ! خۆشبەختانە فەرمانەکانی فەرمانڕەوایی و دامەزراوە گشتییەکان بەم جۆرە بەجێ ناهێڵرێن بۆ کەسانی تر! هەرچی تەختی شاهیشە بۆیەکا بەم جۆرە دامەزرێنراوە کە لە باوکەوە بۆ کوڕ بمێنێتەوە کە نیشتمانەکە تووشی جەنگی ناوخۆ نەبێ، چونکە ئەگەر هات و خاکی نیشتمان بەرەڵڵا کرا بۆ ئەوەی بەربەرەکانێ و گرەوی لەسەر بکرێ، بێگومان جەنگی ناوخۆ لە خۆیەوە هەڵدەگیرسێ!.

## هـ: هەڵبژاردنی پێشەواکان

گیروگرفتێکی تریش ماوە. ئەویش ئەمەتا کە هەڵبژاردنی خاوەن دەنگەکان هەر دەبێ لەناو ئەوانەدا پێک بێ کە پێشەوا و زرنگکاری بەکار و کارگوزارن!.

بەڵام پێش ئەمەی بگەینە چارەیەک بۆ ئەم گیروگرفتە، پێویستە هێز و توانایی و لێهاتوویی زرنگکاری ڕۆشن بکەینەوە و، ئەو ڕەوشت و کردارانەیش دیاری بکەین کە هەڵدەگرن بیانبێ. یاخود بەواتایەکی تر پێویستە ئەوە بزانین کە کەی پێشەوا بەلێهاتوو دادەنرێ و، کەی بەلێهاتوو دانانرێ.

لەپێش هەموو شتێکدا، پێویستە، بۆ ئەم مەبەسە گەلێک تۆمار یاخود ڕستە ئامادە بکەین، کە هەریەکەیان ناوی ئەو کەسانەی تێدا نووسرابێ، کە لە ڕووی هۆشەوە بەهێز و توانا بن، بەجۆرێکی وا کە بتوانن بەتەواوەتی کاروباری ڕاوێژکەران یاخود کارگێڕان، یان کاربەدەستانی کاروباری ناوەوە یاخود کاربەدەستانی کاروباری دەرەوە، یان کاروباری سامان ببەن بەڕێوە. بەڵام گەیشتن بەم ئەنجامەیش ستەمە، تا هەندێ ئەندازەی زانستی دەدۆزینەوە و، چەند تاقیکردنەوەیەکی تایبەتی دادەمەزرێنین. بۆ ئەمەی لە هەموو فەرمانێکی فەرمانڕەواییدا، لێهاتووەکان و لێنەهاتووەکان جوێ بکەینەوە. شێوەی ئێستای فەرمانڕەواییەکان لە تاقیکردنەوەی لێهاتوویی ئەو کەسانەدا کە دەیانەوێ کاروباری یاسادانان هەڵبسوورێنن ئەوەیە کە بەهۆی هەڵبژاردنەوە پێک دێ، بەمەرجێ ئەو کەسانە زۆربەی دەنگیان لە ناوچەکاندا دەست بکەوێ. بەڵام ئەو ناوچانە زۆر لە یەک جیاوازن. تێگەیشتن و ڕەوشت و خووی دانیشتووەکانیان هیچ لە یەک ناکەن.

جا لەپێش هەموو شتێکدا ئەوەی سەرنجی پیاو ڕادەکێشێ لەم جۆرە (تاقیکردنەوەیەدا بەهۆی هەڵبژاردنەوە) ئەوەیە کە نامانگەیێنێتە سەر ئەندازەیەکی گشتی بۆ تاقیکردنەوەی



لێهاتووییەکان، کە دروست بێ لێی دڵنیا بین.

هەرچی پایە بەرزەکانیشە لە فەرمانڕەواییدا هەتا ئێستاکەیش هەر لەسەر ئەم شێوەیە دەڕوات بەڕێوە: سەرەکی کاربەدەستان چەند کەسێک دەپاڵێوێ، خونکاریش بۆ هەر پایەیە یەکێکیان هەڵدەبژێرێ. کەموکوڕیی ئەم شێوەی هەڵبژاردنەیش ئەوەیە، کە پاڵێوراوەکان هەر ئەوانەن کە سەرۆکی کاربەدەستان دەیانناسێ لە لێهاتووەکان، نەک لەوانەن کە هەن لەناو کۆمەڵایەتییەکەدا!... ئەمەیش خۆ دیارە کە مقۆمقۆی پێ ناوێ هەرچی ماوەی یەکەمیانە، تەنگە، هەڵبژاردنەکەیش بەندە بەڕێکەوت و ناسیاوی سەرەک کاربەدەست خۆیەوە.

هەرچی ماوەی دووەمیشیانە فراوانە، هەموو لایەک دەگرێتەوە، دادپەروەریشی تێدایە!. بەڵام پڕکردنەوەی فەرمانە پچکۆلەکانی فەرمانڕەوایی وا نییە.

چونکە ئەو هەزاران کەسانەی کە بۆ ئەو فەرمانانە هەڵدەبژێررێن لەسەر شێوەی (چینی) هەڵدەبژێررێن کە بریتییە لە تاقیکردنەوە بەنووسین، یاخود لە تاقیکردنەوە بەزمان، لەگەڵ پشکنینی لەشدا لەلایەن چەند پزیشکێکەوە. یاخود ئەگەر لەسەر (باو)ی ئیمڕۆ ڕۆیشتین، ئەوانە بەهۆی (تاقیکردنەوەی زیرەکی)یەوە هەڵدەبژێررێن، کە ئاسانترە و، زووش جێبەجێ دەبێ.

سا ئەگەر لەسەر ئەم شێوەیە، ئەو فەرمانبەرە پچکۆلانە، هەڵببژێررێن، یان بەشێوەیەکی تر، لە هەردوو باردا ئەوانە کەسیان، سەرەکی کاربەدەستان نایانناسێ.

## د: دیسانەوە جیاوازیی چینەکان

ئەوەبوو لە بەشی (یەکسانی)دا دیمان کە بەدیهێنانی یەکسانی لە ناوەند مرۆڤدا هەموویان، لە بابەت دەستکەوت یاخود دەرامەتەوە، هەرگیز سەرناگرێ. هۆی ئەمەیش ئەوەیە کە لە بابەت بەرهەمهێنانەوە یەکسانییان سەرناگرێ. ئەمەیش سەبارەت بەوەیە کە یەکسانی هەرگیز ڕوو نادات لە ناوەند مرۆڤدا، لە بابەت توانایی و لێهاتوویی سروشتییەوە، نەک توانایی و لێهاتوویی دەستکەوتەوە... بەڵام ئێستاکە لە گەلێک ڕووی ترەوە گفتوگۆ لەسەر بیری نەهێشتنی یاسای چینەکان دەکەین. ئێمە دەڵێین: بێگومان شارستانێتی لەسەر ئەو ڕێیە دەڕوات کە فەرمان دابەش بکات بەسەر هەموو کەسێکدا لەناو نەتەوەدا، تا هەر کەسە بەشی خۆی فەرمان بکات، بیری یارمەتیش هەموو لایەک

بگرێتەوە، نەک تەنیایی. چونکە لەم چەرخە تازانەدا پیاوی تەنیا جێی بۆ نامێنێتەوە. ئەگەر لە سەردەمی خۆیدا لە (ڕۆبنسن کرۆزۆ) بپرسرایە: (تۆ چیت؟)، پرسەکە بەپڕوپووچ دادەنرا. چونکە وەرامەکەی ئەو ئەمە دەبوو کە بڵێ: من هەر مرۆڤم! ئەم وەرامەیش هی هەموو کەسێک دەبوو کە ئەو پرسەی لێ بکرایە. بەڵام لە کۆمەڵایەتیی تازەدا مرۆڤ یان بەرگدروو، یان سەربازە، یان زریوانە، یان پیاوێکی دەوڵەمەندە، یان هەژارە، یان دزە... هەر کەسە بەپێی پیشەی خۆی وەرام دەداتەوە. هەر کۆمەڵێکیش بگریت لەوانە، چ کەسایەتی، چ دەرامەتی ناوەڕاستی، ئەوە پیشان دەدات کە چ پیشەیەکی هەیە، هەروەها بەپێی جێگای کۆمەڵایەتیش لە چ چینێکدایە. جا لەبەر ئەمەی پیاوی ناو کۆڵان سروشتی وایە بەچاوی سووکەوە سەیری خاوەن دەستکەوتی کەم بکات و خاوەن دەستکەوتی گەورەیش بپەرستێ، بێگومان بەجۆرێکی تێکڕایی لەگەڵ هەژاراندا لووتبەرزی دەکات، لەگەڵ دەوڵەمەندانیشدا کز و بێ دەسەڵات خۆی دەنوێنێ!. جا ئەم جۆرە کردەوە نەنگانە، هەردووکیان بریتین لە وێنەیەکی تەواو کە بۆ چینی ناوەڕاستی کۆمەڵایەتی کێشراون. هەرچی میکانیکی هونەرمەندە، بەچاوی سووکەوە سەیری کارگەرێکی پچووک دەکات.

کەچی بەچاوی ڕێزەوە سەیری سەرۆکەکەی خۆی دەکات. فەرمانبەری گەورەیش بەچاوی سووکەوە سەیری بازرگانێک دەکات. کەچی بۆ خاوەن زەوییەکان کڕنووشی نەوازش دەکێشێ! واتا لە توانای لنگەکانی زۆرتر دەنوشتێتەوە! کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا جیاوازییەکانی چینەکانی، کە جیاوازیی دەستکەوت دروستیان دەکات، زوو بەزوو پێ شوێنی سەربەخۆ بەجێ دەهێڵن. جاری وایش هەیە بەپێچەوانەی کار دەکەن.

ئینجا (شۆ) بەرگدروویەک بۆ ئەمە بەوێنە دەهێنێتەوە، کە جلوبەرگی بۆ دروست دەکات. بەرگدرووەکە هەرچەندە لە باوکی دەوڵەمەندتر بوو، بەڵام لەگەڵ (شۆ)دا هەڵدەسا و دادەنیشت، وەک لە خۆی بەگەورەتر بزانێ، لە پایەی کۆمەڵایەتیدا وا بووە. هەروەها کوڕە سەردارێکیش بام لات و نابووت بێ و نەتوانێ دەستیاوی پەنیرفرۆشەکەی بداتەوە، بەڵام ئەم کابرایە هەرچەندی دەوڵەمەند بێ بیر لەوە ناکاتەوە کە باری کۆمەڵایەتی لە بیر خۆی بباتەوە و خۆی تێنەگەیێنێ. کاتێ کە تێکڕایی مزی هەفتانەی فەرمانبەرێکی نووسین لە (لەندەن)دا پانزە (شیلین) بوو، مزی هەفتانەی میکانیکییەکی شارەزا چل شیلین بوو. کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا باوکەکان کوڕەکانی خۆیان بۆ ئەوە ئامادە دەکرد کە ببنە نووسیار، نەک خانوو دروستکەر و دارتاش و ئاسنگەر. چونکە چاکەت و ملیوانی دەقگرتوو لەگەڵ پێنووس یاخود پەڕی نووسیندا، بەلای ئەوانەوە زۆرتر هەڵیاندەگرت



ڕێزیان لێ بگیرێ، لە چاکەتە شینەکەی کارگەر و بڕنگ و چەکوشەکەی!.

خۆ ڕزگارکردنیش لەم جۆرە جوێکردنەوانە، گرانترە لە خۆ ڕزگارکردن لە جیاوازیی چینەکان خۆیان، کە هەر لەوەوە پەیدا دەبن کە بارستایی دەستکەوتی دەوڵەمەند و هەژار لەیەک جیاوازن. ئەو جیاوازییانەیش هەرگیز لەناو ناچن، ئەو کاتە نەبێ کە بەشی هەموو کەسێک لە دەستکەوتی نەتەوەیی -واتا مزی هەرە کەم- زۆرتری لێ بێ، بەڕەنگیکی وەها کە خواردەمەنی و، خانوو و، بەرگ و پۆشەنی و، خوێندنی ئەو کەسە، کە شان بەشانی زۆربوونی دەستکەوتەکەی دەڕۆن بەڕێوە، ئیتر لەوە بەولاوە لە جێی خۆیان نەبزوون... تەنانەت ئەگەر ئەم زۆربوونی مووچەی ساڵانەیە بگاتە دە هەزار پاوەندیش ئەو خواردەمەنی و، خانوو و، پۆشەنی و، خوێندنە، پێویست بەگۆڕانیان نەکات! تەنانەت ئەم جیاوازییانە کاتێ لەناو دەچن، کە دەستکەوتی هەموو کەسێک بگاتە ئەندازەیەکی وەها، کە هەرچەندێکی تری بێتە سەر، لە توانایدا نەبێ فەرمانی بەکەڵکی ڕۆژانە، لە کۆڵ ئەو کەسە بکاتەوە کە بۆ نیشتمانەکەی خۆی دەیکات.

## لابردنی جیاوازیی چینایەتی ناکۆکی لەناو نابات

ئەمەیش هەڵەیە یەکێک وا بێتە پێش چاوی کە بەلابردنی جیاوازیی چینەکان کە لەسەر بنچینەی جیاوازیی دەستکەوت دامەزراوە: هۆیەکانی ناکۆکی و شەڕوشۆڕیشی لەناو مرۆڤدا لەناو بچن. لە ڕاستیدا ناکۆکی و شەڕوشۆڕ، هەرگیز لە ناوەند کەسانی ناو یەک چیندا نابڕێتەوە، کە لە دەستکەوتیشدا وەک یەک بن. چونکە ئەگەر هۆیەکانی سەر بەسامانیش کە شەڕ هەڵدەگیرسێن لەناودا نەمێنن، گەلێک هۆی تر دەمێننەوە، وەک هۆی زرنگکاری، کە ئەو شەڕە هەڵدەگیرسێننەوە.

تەنانەت جیاوازیی ناوەند ئارەزووەکانی دڵ و، دڵتەڕیش دەبنە هۆی ناکۆکی و تێکچوون. جا ئەم هۆیانە هەموویان بەشی ئەوەندە دەکەن کە جەنگی ناوخۆ هەڵبگیرسێنن و، ئەوپەڕی دڵڕەقی و دڕندەییش تێدا ڕوو بدات تەنانەت لەناوچوونی چینایەتی لەوانەیە ماوەی ناکۆکی و جەنگ فراوانتر لێ بکات. چونکە دوو تیرە لەناودا هەن کە بریتین لەو هەژارانەی هیچیان نییە و لەو دەوڵەمەندانەی کە بەخۆشگوزەرانییەوە دەژین. ئێستاکە ئەوانە بۆیەکا خۆیان بەشەڕوشۆڕی زرنگکارییەوە خەریک ناکەن، کاروباری تر مێشکی داگیر کردوون. ئەم کاروبارانەیش، بەلای تیرەی هەژارانەوە، خەمی نان پەیداکردن و، ئەرک و ئازاری فەرمانکردنە. بەلای دەوڵەمەندە بەناز و جیازەکانیشەوە، خەمی ئەو گێژی

و لەش خاوییە کە لە ئەنجامی خۆشڕابواردن و بەزموڕەزمی زۆرەوە تووشی لەش و هۆشیان هاتووە. هەروەها لە ئەنجامی ئەوەیشەوەیە کە هەموو ڕۆژێک حەوت ژەم نان دەخۆن و سکیان پێی تێک چووە! جا لەناوچوونی چینایەتی، لەناو ئەم دوو تیرەیەدا هەر لە خۆیەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەندامانی ئەو دوو تیرەیە بێنە ناو کۆڕی جەنگی دەمەقاڵێ زرنگکارییەوە، دەست بکەن بەبەربەرەکانێی دەستایەتی و کۆمەڵی، هەروەها تا بێت شەڕوشۆڕیش لە ناویاندا زۆرتری لێ بێ! دوور نییە کە شێر بەتەنشت بەرخەوە بنوێ. یان هەر هیچ نەبێ واز لە خواردنی بهێنێ. بەڵام شێری وا هەر دەمێنێ، کە پەلاماری بەرخ بدات!... ناکۆکی و شەڕوشۆڕیش هەر لە برەودا دەبێ، هەروەها تا دێت بەهێزتری لێ دێ لە ناوەند (کۆمۆنیستەکان) و (ئاژاوەخوازەکان)دا، یاخود لە ناوەند (خونکارخوازەکان) و (کۆمارخوازەکان)دا، یاخود لە ناوەند (لایەنگیرانی داگیرکەران) و (داواکەرانی سەربەخۆیی)دا، لە ناوەند (موسوڵمانەکان) و (هیندۆسەکانی هیندستان)دا، لە ناوەند (ڕووتی خوازەکان) و (ئەوانەدا کە لە ئەندازەبەدەر خوداناسی دەنوێنن). جا ئەم جۆرە جیاوازییانە، ئێستاکە تۆوەکەیان لە ئارادایە. بەڵام لەژێر (جەنگی چینایەتی)دا کە داهێنراوەی ئایینی (مارکس)ییە، شارراوەتەوە. ئەم جەنگی چینایەتیش کەوتۆتە ناوەند (سەرمادارا‌ن) و (کارگەران)ەوە. کەوتۆتە ناوەند (سامانداریی تاییەتی) و (سامانداریی گشتی) یەوە. ئەوەندە هەیە تۆوی ئەم ناکۆکییانە زۆریان پێ ناچێ، گەشە دەکەن و پڕ دەبن لە تەنگوچەڵەمەی مەزن. بەڵام ئەوە کاتێ پێک دێ کە ئەم جەنگەی ئێستایە کە لە ناوەند هەژاری و دەوڵەمەندیدا هەیە بکوژێتەوە. ئیتر ئەوسا کە ئەو ناکۆکییانە زۆریان پێ ناچێ لەپڕ ڕاست دەبنەوە و سەر دەردەهێنن و جەنگی سەخت و ناهەمواریش هەڵدەگیرسێننەوە!.

## ی: یاسای جیهانی نوێ

شەست ساڵ(*) لەمەوپێش، (شۆ) لە منداڵێکی پچکۆلەی پرسی (کە لەوەدوا بوو بەبوێژ) کە گەورە بوو دەیەوێ ببێ بەچی؟. منداڵەکەیش پڕبەدڵ وەرامی دایەوە گوتی: (کاتێ کە سۆسیالیستی هەموو لایەکی داگیر کرد، هەرچی پیشە و کارێک هەیە لە خۆیەوە نامێنێ!) منداڵەکەی لە وتاری پێشەوایەکی سۆسیالیستەوە ئەمە تێگەیشتبوو!. (شۆ)یش تێیگەیاند کە لەناو فەرمانڕەوایی هەرە سۆسیالیستەکانیشدا کەسانی وا هەن کە ئێسکیان دەشکێ و پێویستییان بەنەشتەرکارێک هەیە چاکیان بکاتەوە. هەروەها



خانووەکانیش لە خۆیانەوە دروست ناکرێن، دەبێ وەستا و ئەندازیاریان بۆ پەیدا بکرێ، منداڵەکانیش بۆ ئەمەی لە دایک ببن، پێویستییان بەپزیشک و مامان هەیە! بەکورتی لەژێر سێبەری سۆسیالیستیدا، کار و پیشە ئەگەر زۆرتریشیان لێ نەیەت، هەر هیچ نەبێ وەک خۆیان دەمێننەوە!.

بەڵام (شۆ) هەرچەندێکی کرد منداڵەکەی نەهاتە سەر قسەکەی ئەو. منداڵەکەی لە سۆسیالیستی وا تێگەیشتبوو کە یاسایەکی وایە، کە لەژێر سێبەری ئەودا کەس هەست بەنەخۆشی و، سەرما و، برسێتی و، هیچ جۆرە ماندوێتییەک ناکات!

لە جیاتی ئەمەی فەرمانڕەواییەکی وەها بهێنێتەوە پێش چاوی خۆی، کە هەموو کەسێک لەوێدا بەشی فەرمان دەکات، فەرمانڕەواییەکی وەهای هێنابووە پێش چاوی خۆی کە کەس فەرمانی تێدا ناکات!...

جا وەنەبێ هەر ئەم منداڵە وەها بێ. زۆر کەسی تریش هەن کە لەم بیروباوەڕەدان یەکێک لەوانە ئەو مقۆمقۆیەیە کە لە بابەت (یاسای تازە)وە دەکرێ، کە گوتوویانە لە دوای جەنگی جیهانیی دووەمەوە دادەمەزرێ.

لەم ڕووەیشەوە (بەرناردشۆ) دواڕۆژی ئەو یاسایەی وەها پیشان داوە، کە ئەوەیش بەچەشنی یاسای کۆن، تووشی یاسا سروشتییەکان دێ کە هەر هەبوون و دەبن. ئەم یاسا سروشتییانەیش هەرچەندە لە توانایدا هەیە کە ڕەنگی دیموکراسییان لێ بدرێ، بەڵام لەناوبردنیان و نەهێشتنیان هەرگیز سەرناگرێ!. ئەو گیروگرفتە کەڵەکانەیش کە سۆسیالیستی دەیەوێ چارەیان بکات، هەر ئەو گیروگرفتانەن، کە لەمەوپێش یاسای سەرمایەداری و، یاسای زەویداری ویستیان چارەیەکی بۆ بدۆزنەوە و، ڕەنجیان بەبا چوو!. لەبەر ئەوە (شۆ) دەیەوێ و بەپێویستیشی دەزانێ کە ئەم ڕاستییانە، هەر لە ئێستاکەوە. بخاتە بەردەمی جیهان. هەروەها ئەوەیش بەپێویست دەزانێ کە فەرمانداراەکانی جیهان واتا سەرۆک و کاربەدەست و سەردارەکانیان، لەوانە بن کە لەم ڕاستییانە تێ بگەن، نەک لەو جۆرە ناشییانە بن کە هەر ئەوەندە دەستیان کرد بەخوێندنەوەی ئەم نووسراوە، لە یەکەم لاپەڕەیدا خراپ خەویان لی بکەوێ!...

پەرچڤەی ئەم نووسراوە لە ١٩٦٧/٣/٢٨دا تەواو بوو.

(*): کورتکەرەوەی ئەم نووسراوە لە ساڵی ١٩٥٢دا ئەمەی نووسیوە.

# ئایینی کردەوە نەنگەکان

نووسەری: عباس محمود العقاد

سەرنجێک لەم وەرگێڕاوە:

مامۆستا شاکر فەتاح هەر لەسەر ئەو پەیڕەو و ڕێبازەی خۆی لە بیرکردنەوە و نووسینیدا، ئەم کتێبەی نووسەری (میسری) ناودار (عباس محمود العقاد)ی هەڵبژاردووە و گۆڕیویە بۆ کوردی.

کتێبەکە (مذهب ذوي العاهات)ە کە بەرپەرچدانەوەیەکی ساکارانەی بیری مارکسی و حزبە شیوعییەکانە کە لەناو عەرەبەکاندا کاریان دەکرد و پابەندی ئەو ڕێبازە بوون هەتا رادەی رەرویشی.

هەرچەندە کتێبەکە زیادەڕۆیی و گرێدانی ناهەقی تێدایە لە نێوان مارکسییەت و زایۆنیدا، چونکە بەلای خوێنەرەوە ئاشکرایە کە ئەگەر بەردێک لەو ئاسمانەوە بکەوێتە خوار، عەرەب خەتاکەی دەخەنە ملی (جوولەکە و زایۆنییەت)، ئەوەش بۆ داپۆشینی هەڵوێستی چەوت و نالەباریی سیاسەتە دووڕووییەکانی خۆیان بەرامبەر مەسەلەی فەلەستین... ئەو مەسەلەیەی شاعیرێکی ئەو وڵاتەی هەڵناوە کە ڕوو بکاتە عەرەب و بڵێ: «فلسطين... دجاجة كبيرة، من بيضها تأكلون) هەروا تێکەڵییەک لە نێوان مەسەلە نێودەوڵەتییەکان و ئەو بیرەدا، جا بۆیە ئەمە لە نرخی کتێبەکەی وەک (ڕەخنەگرتن لە بیرێک)دا بەزاندووە.

چونکە وەک ئاشکرایە (بیروباوەڕ) لەگەڵ (کاری دەوڵەت) و دەسەڵات لە نێوەندە سیاسی و پەیوەندییەکانیدا لەگەڵ وڵاتانی تردا جیاوازە و زۆر جار ئەو جیاوازیەش بەزەقی دەردەکەوێ.

وەرگێرانەکەی مامۆستا، بەداخەوە نا تەواوە، چونکە لە سێ دەفتەردایە، ئێمە تەنیا دەفتەری (٣.١)مان لە کتێبخانەکەیدا بەردەست کەوت.

هەرچۆنێ بێ، پاشماوە و بەرهەمێکی بەپێزی مامۆستایە و پێخۆشحاڵین بیخەینە بەردەستی خوێنەرانی هێژا.

بیروبۆچوونەکانی (دانەر)یش، ئەوە ڕووداوەکانی دوای دانانی ئەم کتێبە و هەرەسی



یەکێتی سۆڤیەتی جاران، وابزانم باشترین وەرامن بۆ ڕەخنەگرتن لەو ڕێبازە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەلسەفییەی کە لە دوا ساڵەکانی چەرخی بیستدا کاتی بەسەرچوو و ئاوابوو... ئەوەی پێویستیشە بیڵێین:

مامۆستا پەراوێزەکانی خۆی بە(ژمارە) داناوە، ئێمە (*)مان کردووە بەنیشانەی ئەوانەی خۆمان.

ئەحمەد
٢٠٠٣/٢/٢٣

## ئایینی کردەوە نەنگەکان

ئەو کەسانەی کە بەلایانەوە وایە هۆگریی بۆ (کۆمۆنیستی)، هەر بۆ ئەوانە ئەشێ - یاخود پێویستە هەر بۆ ئەو دانەبشێ- کە هەژار و دەستکورتن، یەکێک لە هەڵەکانیان ئەوەیە، کە باوەڕیان وایە: (کۆمۆنیستی) بانگەوازێکە بۆ لابردنی زۆرداری و بەزەیی هاتنەوە بەکرێکاران و ڕەنجبەراندا.

ئەمەیش هەڵەی هەرە گەورەیە کە لە بابەت تێگەیشتنی ئەم ڕەوشت (مذهب)ەوە ئەکرێ.

سەهیۆنییەکی سووخۆریش کە لە هەموو کەس کەمتر خەمی هەژار ئەخوات و کەمتر بیر لەوە ئەکاتە کە بەزەیی بەکز و بێ دەسەڵاتدا بێتەوە هەندێ کەس سەریان لێی سوڕئەمێنێ کە ئەبیەوە (کۆمۆنیستی) بڵاو ئەکاتەوە. هەروەها سەریان لەوەیش سوڕئەمێنێ کە ئەبیەوە دەوڵەتێکی خۆشگوزەران، لە پێناوی بڵاوکردنەوەی (کۆمۆنیستی)دا بەرەنگاری (یاسای کۆمەڵایەتی) ئەکات. هەروەها لەوەیش سەریان سوڕئەمێنێ کە ئەبیەوە کچێکی سۆزانی و ڕووبازی و جرپن لەسەر (کۆمۆنیستی) ئەکاتەوە.

سەرچاوەی ئەم سەرسوڕمانانەیش کە لە سەرەوە پێشانمان دان لەوەوەیە کە مەبەسی ڕاستەقینە لە (کۆمۆنیستی) باش تێ نەگەیشتوون. ئەوانە وا ئەزانن کە مەبەسی ڕاستەقینەی (کۆمۆنیستی) بریتییە لە بەزەیی هاتنەوە بەکرێکار و کارگەردا و پاراستنی مافیان.

هەرچی بەزەیی هاتنەوە بەکارگەر و کرێکاردا، هیچ کاتێ مەبەستێکی ڕەسەنی بانگەوازی (کارڵ مارکس) نەبووە. چونکە ئەو خۆیشی کە بریتی بووە لە

(سەهیۆنی)یەک، هەرگیز لێی نەبینراوە کە لە ژیانی خۆیدا بەزەیی بەکەسێکدا هاتبێتەوە، یاخود سۆز (عاطفە)ێکی مرۆڤایەتی کاری لە دڵی کردبێ.

ئەو لە ڕاستیدا مەبەسی ڕاستەقینەی ئەوە بوو کە (باوەڕی پوولپەرستی)[1] بچەسپێنێ لە مێشکی هەمووواندا و، هەموو باوەڕێکی وێژەیی و گیانیش لە مێشکیان بکاتە دەرەوە. جا لێرەوە ڕەوشتەکەی ناوی دەرکرد و لەناو ئایینە ڕاستی پەرستییەکاندا ناونرا (پوولپەرستی دوویی)[2].

جا لەبەر ئەمە کە (سەهیۆنی)یەکان دەستیان داوەتە بڵاوکردنەوەی (کۆمۆنیستی). هەر لەبەر ئەمەیشە کە هەموو بەدسروشتێکی خوێڕی و بەرەڵڵا و داوێن پیس، کە هەر حەز لە خراپە بکات بوونەتە پشتیوانی (کۆمۆنیستی). هەروەها هەر لەبەر ئەم هۆیەیشە کە هەموو جیهان دوژمنەکان بوونەتە پشتیوانی (کۆمۆنیستی)، واتا ئەوانەی کە ئەیانەوێ جیهان تێکومەکان بدەن لە قینی ئەو نەنگی و ناشیرینییەی کە لە لەشیاندا پەیدا بووە، یاخود لە دەروونیاندا، کە خراپترە لە هی لەشیان. جا کە (کۆمۆنیستی) بریتی بێ لەمە، ئیتر سەرسوڕمانی پێ ناوێ کە (سەهیۆنییە سوخۆرەکان) بڕوای پێ بکەن، کە خۆیان لەپێش دەوڵەمەندەکاندا خوێنی هەژارەکان ئەپژێنن. چونکە لەناوبردنی (باوەڕیی ئایین) و (باوەڕی نیشتمان پەرستی) و دامەزراندنی (باوەڕی پوول پەرسی) لە جێگای ئەوان، ڕاستەوڕاست جڵەوی جیهان ئەداتە دەست (سوخۆرەکان) و (پارە بازەکان)، ئەو ساکەیش (جیهانی مرۆڤایەتی) ئەگۆڕێ و ئەبێتە (جیهانی سەهیۆنی) و ئەچێتە ژێر دەستی (سەهیۆنی)یەکانەوە.

ئەوەیش سەرسوڕمانی پێ ناوێ کە (هەرزەکاری داوێن پیس) و (کچی داوێن پیس) دوای (ئایینی کۆمۆنیستی) بکەون، چونکە ئەم ئایینە ڕێگای ئەو داوێن پیسییەیان ئەدات کە تووشیان هاتووە، ئەو بێجگە لەوەی ئەو سەرشۆڕییەیشیان بۆ دائەپۆشێ، ناویشیان ئەنێ: (پێشکەوتووە سەربەستەکان)[3] ئەمەیش کاتێ پێویست بەو ناولێنانە ئەکات، کە مرۆڤ باوەڕی مابێ بەئایین و ڕەوشتی باش. ئەگینا پێویست بەو ناولێنانەیش ناکات!... ئەوەیش سەرسوڕمانی پێ ناوێ کە کەسانی وا دوای (ئایینی کۆمۆنیستی) بکەون کە گرفتاری ژیانی جیهانی و کەسانی جیهان بن، نەوەک بەتەنگ چاکی جیهان و

(١) العقيدة المادية.

(٢) المادة الثنائية.

(٣) التقدميين الأحرار.



تێکچوونیەوە بن، بەتایبەتی سەروسەکوت تێکچووەکان و خاوەن نەنگییەکان و لەش ناشیرینەکان و نەنگەویستەکان. چونکە ئاڵۆشی تێکدان کە لەناو دەروونیاندا بنجی بەستووە، هەموو بانگەوازێکی وایان لا شیرین ئەکات کە جیهان سەر بەرەوژێر بکات و تێکومەکانی بدات و دانیشتوانی جیهانیش سەرگەردان بکات.

چونکە (کۆمۆنیستی)، لە ڕاستیدا، بریتییە لە ئایینی تۆڵەسەندنەوە و، ڕقەبەری و، داوێن پیسی و ئاژاوە و تێکدان. جا لەبەر ئەوە بۆتە مەڵبەندی ئاژاوەگەران و ڕووخێنەران و ئەوانەی خاوەنی نەنگی لەش و نەنگی دەروونن. جا لەبەر ئەوە سەرسوڕمانی پێ ناوێ کە (کۆمۆنیستی) ئاژاوەگەران و سەرنوشوستان لە هەموو سەرچاوەیەکەوە کێش بکات بۆ خۆی، چ لە وانەی دەوڵەمەند و خۆشگوزەرانن، چ لەوانەی هەژار و نابووتن.

لە پێش هەموو کەسێکا (کۆمۆنیست)ەکانن لەوە تووڕە ئەبن و هەست بەپەستی و نوشوستی ئەکەن، کە کاروباری هەژاران و کرێکاران ڕاست ببێتەوە و بکەوێتە چاکییەوە، لە سایەی ئاینێکەوە کە (ئایینی پارەپەرستی)[1] نەبێ.

ئەمەیش سەبارەت بەوەیە کە دامەزراندنی (باوەڕی پارەپەرستی) مەبەسی ڕاستەقینە و ڕووکاری یەکەمە، کە (کارڵ مارکس)، لە بانگەوازە پیسەکەیدا، خەباتی بۆ ئەکات.

جا هەر لەبەر ئەوەیە کە کۆمۆنیستەکان لە بەرەنگاریی کردنی هەموو فەرمانڕەواییەکدا خۆیان ئەدەن بەکوشت، کە بەتەنگ چاکەخوازی و ئاسانکردنی هۆی گوزەرانەوەبێ.

خۆ ئەگەر هات و کرێکاران و هەژاران کەوتنە سرەوت و حەسانەوەوە لەپێش هەموو کەسێکا کۆمۆنیستەکان دڵتەنگ و ڕەنجەڕۆ ئەبن. چونکە ئەوان ئەیانەوێ کرێکاران و هەژاران هەموو دەم لە بۆڵە بۆڵ کردن و وەڕس بوون دابن، تاکو بەزوویی بەدەم بانگەوازی تێکدان و داوێن پیسی و بەرەڵڵایی و سەرکێشییەوە بچن دژی ئایینەکان و ڕەوشت و خووە چاکەکان. هەرچەندە ئەو کرێکار و هەژارانە هەست بەدڵنیایی و خۆشگوزەران و دڵخۆشی بکەن، کۆمۆنیستەکان خەم و خەفەت دڵیان دائەگرێ و هەست بەڕەنجەڕۆیی خۆیان ئەکەن.

دوا وشەیش لە بڵاوکراوەکەی (کارڵ مارکس)دا، کە بە(مانیفیستۆ) ناوبانگی دەرکردووە ئەوەبوو:

«... ئێوەیش ئەی ڕەش و ڕووتەکانی جیهان هیچتان لە دەست ناچێت».

(١) ئایینی پارەپەرستی: العقيدة المادية.

واتای ئەمەیش ئەوەیە کە (کارڵ مارکس)، ئەیەوێ هەموودەم قسە بۆ ئەو کەسانە بکات کە بەتەنگ کاولبوونی جیهانەوە نەیەن، چونکە ئەگەر کاولیان کرد هیچی وایان نییە کە لە دەستیان بچێت.

مەبەسی تەواویش هەر کاول کردنە. چونکە جیهانێک کە هەموو لایەکی برووخێ و پایەکانی کۆمەڵایەتی و ڕەوشت و خووی بڵندی برمێن و هەپروون بەهەپروون بن، هەر ئەو جیهانەیە کە شت پەرستەکان[1]

و پارە بازەکان دەستی بەسەردا ئەگرن، بێ ئەمەی لەوێژە[*]

و ڕەوشت و خووی پاک و ئایین بەرهەڵستێکیان بێتەڕێ. ئەو بیروباوەڕەیش کە بەدرۆ هاتۆتە ناو مێشکی هەندێ کەسانەوە، وا ئەگەیێنێ کە بانگەوازی کۆمۆنیستەکان هەر بۆ بەزەیی هاتنەوەیە بەکرێکاراندا، بێ گومان لەوەوە هاتووە کە ئەوان هەموو شتێک، لە ناو کۆمەڵایەتی مرۆڤدا، بوون و نەبوونی، ئەبەستنەوە بە(پارە)وە و هیچیتر.

بەلای ئەوانەوە وایە کە (پارە)یە ئایین و هونەر و کردەوە و ڕەوشتە باشەکانی هێناوەتە کایەوە، بۆ ئەمەی بەکەڵکی چینی کاربەدەستان بێن.

هەر (پارە)یشە کە چینی (شۆڕەسواران)[2]، پاش ئەوانیش چینی (زەویداران)[3] و، ئینجا چینی (دەوڵەمەندان)[4]، پاش هەموویشیان چینی کارگەران و کرێکارانی هێناوەتە بوون. بەلای ئەوانیشەوە وایە کە کەینەوبەینەی کارگەران و کرێکاران هەر لە ئەنجامی بەکارهێنانی ڕاستی پەرستی[5]ی شتومەک و هۆیەکانی ئابوورییەوە پەیدا بوون.

ئەمانە هەموویان لە کلکی (ئایینی کۆمۆنیستی) ئەژمێررێن، نەک لە سەر و کەللەی ڕاستەقینەی وەک خۆیان ئەیلێن. چونکە لە ڕاستیدا سەری ڕاستەقینەی ئایینەکە بریتییە لە سەرۆکایەتی (باوەڕی شتومەرک)[6] و پووچ کردنەوەی (باوەڕی وێژەیی و گیانی).

(١) شت پەرستەکان: (الماديون) –وەرگێڕ–.

(*) لێردا مامۆستا (وێژە)ی بەرامبەر (أدب = أخلاق = فكر) داناوە، نەک فەرهەنگ و ڕۆشنبیری و...

(٢) شۆڕەسواران: الفرسان

(٣) زەویداران: أقطاعيين.

(٤) دەوڵەمەندان: بورجوازيين.

(٥) ڕاستی پەرستی: فەلسەفە.

(٦) باوەڕی شتومەک: العقيده الماده.



جا لەبەر ئەوە سەرسوڕمانی پێ ناوێ، کە (سەهیۆنی)یەک ببینین (کۆمۆنسیتی) بڵاوبکاتەوە، کە قین لە دڵێک ببینین کۆمۆنیستی بڵاو بکاتەوە، یاخود جرپن و شێتە پەتەرییەک ببین کۆمۆنیستی بڵاو بکاتەوە. چونکە ئایینەکە لە خۆیدا، ئایینی ناشیرینییەکە لە لەشیاندا پەیدابوون، یاخود لە دەروونیاندا.

## ئەوان مێژوو وا لێک ئەدەنەوە

هەرچەند باڵبازەکان هورووژم ئەبەنە سەر کولانەی کۆمۆنیستەکان هەندێ بڵاوکراوە یاخود نووسراوانی بچووکیان بەردەست ئەکەوێ، کە کۆمۆنیستەکان ناویان ناون: (لێکدانەوەی مێژوو لەسەر بنچینەی شتومەک)[11].

ئەمە بەلای ئەوانەوە بنکی ئەو بنکانەیە کە پشتگیریی (ئایینی کارڵ مارکس) و پەیڕەوەکانی ئەکات. پوختەی ئەمەیش ئەوەیە کە کاروباری ئابووری – یاخود کاروباری بەرهەمهێنان و بەرهەم بەکارهێنان – تەنیا هۆیەکە بۆ پەیدابوونی شارستانێتیی مرۆڤ و هەرچێکی تیایە لە بابەت یاسا و ئایین و وێژە و هونەرەوە.

(کارڵ مارکس) بەلایەوە وایە کە ئەم (باوەڕ)ە ڕاستییەکی زانستییە. لە ڕاستییەکانی مێژووی مرۆڤەوە دەری هێناوە، کە لە سەرەتای دامەزراندنیا بووە، لەناو کۆمەڵە دڕندەکاندا.

ئەم (باوەڕ)ەیش لە پێش چاوی نەزان و نیوە نەزاندا لە شێوەی ڕاستییەکی زانستیدا دەرئەکەوێ. چونکە ئەوانە هەرئەوەندە لە مێژوو ئەخوێننەوە کە بریتییە لەم جۆرە پوختە تێکدراوە ناتەواوانە. ئەوانە لە کارەساتەکان و ڕازەکانی مێژووەوە پەی بەوەی نابەن کە ئەم جۆرە لێکدانەوە هیچ و پووچە بەدرۆ ئەخاتەوە، چونکە بەهیچ کلۆجێک لەگەڵ زانستدا یەک ناگرێتەوە و ڕێک ناکەوێ.

(کارڵ مارکس) ئەڵێ: کۆمەڵەکانی سەرەتایی مرۆڤ هاوبەشی یەکتربوون لە زەویداریدا. ئەوان ئەوساکە نە ئایینیان هەبووە، نە باوەڕێ. بەڵام کاتێ کە زەویدارییە تاکەکان داهات، ئەم ئایین و باوەڕانە پەیدابوون، ئەویش بۆ ئەمەی کەڵک و چاکەی ئەو زەوییانە بۆ خاوەن زەوییەکان بپارێزرێ کە چنگیان گرتووە و بەسەر سامان و بەرهەمهێنانی ساماندا. ئەمە بانگەوازی یەکەم بوو.

(١١) لێکدانەوەی مێژوو لەسەر بنچینەی شتومەک = (التفسيرات المادى للتأريخ).

ئەم بانگەوازەیش هیچ و پووچە. چونکە باری هیچ نەتەوەیەکی دڕندەیش کە پاشماوەیان تا ئەم سەردەمە ماوە پشتگیریی ئەم بانگەوازە ناکات.

ئەوە هیچ دەرنەکەوتووە، کە باری (زەویداریی پڕ لە بەش)[1] لە پێش ئایینەکان و باوەڕەکاندا پەیدا بووە. (کارڵ مارکس)یش هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی پێشان نەداوین کە پشتی ئەم جۆرە ڕیزکردنە وانە بگرێ.

کەواتە (کارڵ مارکس) باوەڕە شتەکی[2] یەکەی خۆی لە مێژووەوە وەرنەگرتووە. ئەو لە پێش لێکۆڵینەوەی مێژوودا، ئەم باوەڕە شتەکییەی لە مێشکی خۆیدا بڕیار داوە. کەچی لە دوای ئەوە بەبێ بەڵگە ئەو باوەڕە شتەکییەی سەپاندووە بەسەر مێژوودا.

(کارڵ مارکس)، بەلایەوە وایە، کە یاساکانی. بەرهەمهێنان یاسایانی زەبر بەدەستن. لەسەر یەک شێوە یەک لەدوای یەکەوە دێن. کۆمەڵەکانی مرۆڤیش لە هاوبەشبوون لە زەویدارییەوە ئەگوێزنەوە بۆ داگیرکردنی پارچە زەویی دەوڵەمەندانە، یاخود فەڕ[3]ی بازرگانی شارەکان، ئینجا بۆ یاسای سەرمایەداریی داگیرکەری، پاش ئەوە بۆ یاسای سەرمایەداریی پیشەسازی لە شێوەی هەرە دوایدا، دوای ئەوە بۆ (شۆڕشی کۆمۆنیستی) کە دوامین هەنگاوی مێژووییە هەتا بڕانەوەی ڕۆژگار، ئەگەر ڕۆژگار بڕانەوەی هەبێ!

ڕاستییەکانی ناو مێژوو، ئەم جۆرە ڕیزکردنە بەتایبەتی لە شارستانێتییەکانی کۆندا، پشت ناگرێ. لە مێژووی ئەم شارستانێتییانەوە هەر ئەوەندە دەرکەوتووە کە هەرچەندە بەرزبوونەتەوە و نزم بوونەتەوە و شێواون، هەر لەسەر یەک یاسای بەرهەمهێنانی و بەرهەم بەکارهێنان ڕۆیشتوون.

بۆ وێنە لە خاکی چیندا یاسای زەویداری پەیدا بووە. هەروەها شارە بازرگانییەکان لەسەر لێواری زرێکان و لەناو خاکەکەدا پەیدا بوون. کەڵک و چاکەی چینییەکانیان، بەیاسای زەویداریی ئاشنا بووە. هەروەها بەیاسای سەرمایەدارییش ئاشنا بووە. تەنانەت بەداهێنانی باروتیش ئاشنا بووە، کە (کارڵ مارکس) کردوێتی بەهۆیەکی مێژوویی بۆ ڕووخاندنی کەڵاتەکانی[*] شۆڕەسوارەکان و خاوەنی زەوییەکان. پەیدابوونی باروت

(١) زەویداری پڕ لە بەش: (الملكية المشتركة).

(الملكية) تەنیا (زەویداری) ناگرێتەوە بەڵکو ڕاستتر (خاوەنێتی)یە.

(٢) شتەکی = (مادی).

(٣) فەڕ = (مصالح).

(*) کەڵات: قەڵا (حصن، قلعة).



نەبووە هۆی ئەوەی کە سەرمایەدارەکان شۆڕش لە دژی دەسەڵاتدارە زەویدارەکان بەرپا بکەن. شۆڕشی ئەم دواییەش لەبەر ئەوە بەرپا نەبوو کە گۆڕانکارێکی ناوخۆیی لە یاسای بەرهەم هێنان و بەرهەم بەکارهێناندا پەیدابووبێ. لە ڕاستیدا شۆڕشەکە لەوەوە پەیدابوو کە خوێندەواری بڵاو بووبووەوە و کاری خۆی کردبوو لەناو (چین)دا و لەگەڵ زرنگکاری[1]ی بێگانەدا بەرەنگاری یەکتربووبوون.

لێکدانەوەکەی (کارڵ مارکس)، تەنانەت، لە بابەت ئاگادارکردنەکانی خۆیشییەوە کە دەربارەی کارەساتی ناو چەرخەکەی خۆی و چەرخەکەی پاش خۆی کردبووی بەڕاست دەرنەچوو. ئەمە بێجگە لەوەی کە ئەو لێکدانەوەیە، لە بابەت، ئاگادارکردنەکانیەوە دەربارەی کارەساتی مێژووییش کە سەپاندبوونی بەسەر سەردەمی کۆندا، هەروەها، بەڕاست دەرنەچوو.

ئەو بەلایەوە وابوو کە پیشەسازییە گەورەکان ئەبنە هۆی پەیدابوونی چینێک لە کرێکاران و کارگەران. هەرچەند پیشەسازییەکەیش فراوانتری لێ بێ و لە گۆڕاندا پێش بکەوێ، ئەو کارگەر و کرێکارانە شۆڕشگێڕتریان لێ دێ. ئەوانە هەر بەهۆی دەروون و بیری خۆیانەوە شۆڕشگێڕن.

کەچی هەرچییەک ئەبینین لە سەردەمی تازەدا، پێچەوانەی ئەم قسەیەیە. چونکە لە ڕاستیدا کارگەر و کرێکارەکان لەو خاکانەدا شۆڕشگێڕن کە لە پیشەسازییدا دواکەوتبوون. بەڵام لەو خاکانەدا کە پیشەسازییەکەیان پێشکەوتووە و، گەیشتۆتە پۆپەی گەورەیی و فراوانی، ئەو کرێکار و کارگەرانە دیمۆکراتین.

کارگەر و کرێکارە فەرەنسییەکانی ناوەڕاستی چەرخی نۆزدەهەم شۆڕشگێڕ بوون[*] هەروەها کارگەران و کرێکارە ڕووسەکانیش لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا شۆڕشگێڕ بوون[**] کرێکارەکانی ئیسپانیا و ئیتاڵیایش بەچەشنی ئەوان بوون. بەڵام لە خاکی ئینگلتەڕە و خاکە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، کرێکارەکان دیموکراتین، ئەوەندەی خاکەکانیان لە پیشەسازیدا پێش بکەوێ، ئەوەندەیش ئەوان خۆیان لە شۆڕشگێڕی دوور ئەخەنەوە کەچی ئەوانەی کە چاوڕاو بۆ کۆمۆنیستی ئەکەن، دڵنیاکردنیان بەمە گەلێک

(١٥) زرنگکاری: (سیاست).

(*) ئیشارەیە بۆ شۆڕشگێڕانی (کۆمۆنەی پاریس) لە ١٨٧١.

(**) ئیشارەیە بۆ شۆڕشی ئەکتۆبەری ١٩١٧ لە ڕووسیای قەیسەری.

گرانترە لەو کرێکار و کارگەرانەی کە لە سەرەتای دامەزراندنی پیشەسازیدا ئەکەونە کار.

جا ئەمە ڕاستییەکی هەست پێ کراوە، کە (لینین) خۆی پێی سەرسام بووە ئەو کاتەیش ئەوکاتە بوو کە تێکەڵ بەکرێکارەکانی ئینگلیز ئەبوو لە خاکی ئینگلیز خۆیاندا. بەڵام پێی گران بوو، پێ لە هەڵەی (کارڵ مارکس)ی مامۆستای بنێ، کە لەم ڕووەوە کردبووی. هیچی بۆ نەمابووەوە، بیلێ ئەوە نەبێ، کە کارگەرانی ئینگلیز لە ڕاستیدا شۆڕشگێڕن، ئەوەندە هەیە، بۆیەکا ملکەچی دەنوێنن بۆ یاسا، تا خوێندەوارەکان و ئەوانەی دێنە ناویانەوە لە چینی دەوڵەمەندان چەواشە بکەن

بەڵام ڕووداو ئەمە بەدرۆ ئەخاتەوە، وەک لەم ژمێرکاریی[1] یانەدا دەرئەکەوێ. چونکە بەپێی ئەو ژمێرکارییانەی کە یەک لەدوای یەک کراون، دەرکەوتووە، کە ژمارەی کۆنۆنیستەکان لە (یەکێتیی ئەندازیاران) و (کۆمەڵی کارگەرە هونەرکارەکان)دا، یەجگار زۆرترە لە ژمارەی ئەو کۆمۆنستانەی کە لە نێوان کارگەر و کرێکارەکانی پیشەسازیی دەستکرددا هەن. تەنانەت لە تاقی کردنەوەی (ڕووسیا) خۆیشییەوە دەرکەوتووە کە چاووراوکەرەکانی کۆمۆنیستی بەزۆری لە چینی دەوڵەمەندان بوون، کە (لینین) خۆیشی یەکەمیان بوو!...

***

ئەوەندە هەیە ئێمە ئەپرسین: کە هاتوو هەر (هۆیەکانی ئابووری) خۆیان بن هێز و دەسەڵات بدەن بەچینی دەسەڵاتداران، ئیتر ئەم چینانە چ پێویستییەکیان بەداهێنانی ئایین و باوەڕەکان هەیە؟

جا ئەگەر ئایینەکان پێویست بن بۆ چاوبەستکردنی کارگەران و کرێکاران و بێگار پێ کراوان، کەی ئاخۆ چاوبەستیان ئەکەن و چەواشەیان ئەکەن؟

ئاخۆ لەو کاتەدا چەواشەیان ئەکەن و چاوبەستیان ئەکەن، کە هێشتا نەبوونەتە شۆڕشگێڕ؟ یاخود ئەوکاتە چاوبەستیان ئەکەن و چەواشەیان ئەکەن کە داوەتە شۆڕشگێڕی؟

جا ئەگەر (هۆیەکانی ئابووری) بەس بن بۆ ئەوەی ئەو کرێکار و کارگەرانە بخەنە شۆڕشەوە، وا هەڵئەگرێ، ئایین و باوەڕەکان، بێن و نەبن، ئەوان هەر شۆڕشی خۆیان بەرپا بکەن. چونکە (هۆیە ئابوورییەکان) بەلای (مارکسییەکان)ەوە هەموو شتێک ئەگرێتەوە.

خۆ ئەگەر ئەو هۆیە ئابوورییانەیش بەس نەبن بۆ ورووژاندنی ئەم کرێکار و کارگەرانە،

(1) ژمێرکاریی: إحصاء.



ئیتر چ پێویستییەک بەچاوبەستکەران و خەولێخەران هەیە؟. ئەی لە سەردەمەکانی نەزانی و تاریکیدا، ئەو چینە دەسەڵاتدارانە، ئەم جۆرە زیرەکییە کاریگەرەیان چۆن ئەبێ، کە دوور بینییەکی وا بنوێنێ پاشەڕۆژی دەیان سەدە لێک بداتەوە و، ئەم جۆرە پارێزگارییەی بۆ دابنێ، کە لەم سەردەمی زانست و ڕووناکییەدا، خاوەن هۆشە گەورەکانی خستۆتە سەرسوڕمانەوە؟

ئەی ئەو هۆیە ئابوورییانە کامانەن، کە هەتا ئێستاکەیش، جوولەکەکانی وا لێ کردووە کە بێن بەیەک (نەتەوە)، کەچی بەهەموو لایەکی سەر زەمیندا بڵاوکراونەتەوە و، لەژێر سێبەری هەموو یاسایەکی ئابوورییشدا کار ئەکەن؟

ئاخۆ ئەوە، وەک نەتەوەیەک کە هەن، بەکەڵکیان دێ؟، هەرچی (ئایینی شتەکی)[1]یە ئەڵێ: هەر هۆیە ئابوورییەکانن کە (نەتەوە) دروست ئەکەن. هەر ئەوانیشن کە (باوەڕی) دروست ئەکەن. ئەی ئەم نەتەوایەتییە، یاخود ئەم باوەڕە چۆن ماوەتەوە، کە جوولەکەکان بەم جۆرە پەرش و بڵاوبوونەتەوە؟ ئەڵێن: هۆی ئەوەیە کە ئەو جوولەکانە لە هەموولایەکدا ئازار درارن. بەڵام، هەرچۆنێک بێ (ئازاردان) بەکەڵک و چاکە دانانرێ و، سوودی بۆ گەلێک تیا نییە. کەواتە لە (سوود) بەولاوە، شتێکی تر هەیە نەتەوایەتی ئەپارێزێ و باوەڕی نیشتمانی یاخود ئایینی ئەپارێزێ. بام زیانیش تیابێ بۆ تاکەکان یاخود بۆ کۆمەڵ.

ئەو ڕاستییەیش کە هیچ گومانی تیا نییە، ئەوەیە کە لەیەک نەچوونی کەسان لە هێزی ئایینندا، شتێکە و، لەیەک نەچوونیشیان لە باری ئابووریدا شتێکی ترە.

چونکە نەتەوەکان لە باری ئابووریدا لەیەک ئەکەن، بەڵام لە هێزی ئایینیدا لەیەک ناکەن. تاکەکانی ناو نەتەوەیش، هەروەها، لەیەکتر ئەکەن و، لەیەکتر ناکەن.

کەواتە (لێکدانەوەی شتەکیی مێژوو)[2] هیچ شتێکی ڕابردوومان بۆ لێک ناداتەوە، هەروەها شتێکی سەر بەئیمرۆیشمان بۆ لێک ناداتەوە. تەنانەت ئەگەر ئەوەیش ڕاست بێ کە شتێک لە شتانی لێک دابێتەوە، بەڵام بەکەڵکی ئەوە نایەت کە کەمێک یان زۆر شت لە سەردەمی زانستی تازەدا لێک بداتەوە. چونکە ئەم سەردەمە ئەو سەردەمەیە کە وشەی شت (مادە) لە هەموو وشەکانی زمان زۆرتر پێویستی بەلێکدانەوە هەیە.

(1) ئایینی شتەکی: المذهب المادي.

(2) لێکدانەوە شتەکیی مێژوو: (التفسیر المادي للتأریخ).

## ئەندامەکانی کۆمۆنیستی ئەمانەن!

جوولەکەیەک، خوێندکارێکی سەرنەکەوتوو، کچێکی ڕوو بازاڕی، کوڕێکی خوێڕی و بەرەڵڵا، بۆرە پیاوێکی ناشی و نەزان، ئاژاوە فرۆشێک، سەروسەکوت ناشیرینێکی لە ژیان ئەفەرۆزکراو.

ئا ئەمەیە شێوەی هەموو کۆمەڵێکی کۆمۆنیستی کە لە ئارادابێ. کولانە[19] کۆمۆنیستەکان لەم جۆرە کەسانەیان تیایە. دوور نییە یەکێک لە کۆمۆنیستەکان، بەتەنیا، کردەوە و ڕەوشتی ئەم هەموو کەسانەی تیا کۆ بووبێتەوە.

جا ئەم جۆرە ئافەریدە کراوانە، هەرچییەک بڵێین، لەوانەین کە بڵێین ڕاست ئەکەن، ئەوە نەبێ کە بڵێین حەز لە چاکە ئەکەین و دڵسۆزین بۆ ئادەمیزاد و، بەتەنگ بەزەیی پیاهاتنەوە وەین.

کەسیش لەوە سەری سوڕنەمێنێ، کە پێی بگوترێ، ئەم (دەستە) مرۆڤانە خەبات بۆ کاولکردن و تێکدان ئەکەن و لەسەر باوەڕی کۆمۆنیستین. چونکە هەر کۆمۆنیستییە کە دڵیان بەو خرۆشی کاولکردن و تێکدانە ئاو ئەخواتەوە.

بەڵام ئەگەر بگوترێ، بام بەشێوەی ئەندێشەیش بێ؛ ئەم (دەستە)یەیە کە بەدوای چاکەدا ئەگەڕێ و، خەریکە یاسای کۆمەڵایەتی ڕاست ئەکاتەوە، ئەو قسەیە بەڕاست دانانرێ و هۆشیش پەسەندی ناکات.

بەڵام ئەوانە خۆیان بەپەسەندکراو و ناسراو دائەنێن، ئەگەر بێتو کاولکردن و تێکدان ئەو ئامانجەبێ کە خەباتی بۆ ئەکەن.

چونکە (جوولەکە) کە لەوەدا کەڵک لە ڕووخاندنی کۆمەڵایەتی وەرئەگرێ، کە دەست بگرێ بەسەر جیهانێکدا کە هیچ نیشانەیەکی کردەوە و ڕەوشتی بڵند و، باوەڕیی و ئایین و، نیشتمانپەروەریی و خۆشەویستیی خێزانی تیا نەمابێ.

خوێندکاری سەرنەکەوتوویش، قینی لەسەرکەوتووەکانە، هیچ بەتەنگ ئەوەیشەوە نییە کە کڵوکۆی ئاگرێ پشم و قینی ناو دڵی خۆی بەوە بکوژێنێتەوە کە هەموو سەرگەردانی یەک بهێنێ بەسەر کۆمەڵایەتیدا، هەر بۆ ئەمەی کە ناوەندی (سەرنەکەوتن) و (سەرکەوتن) وەک یەکی لێ بێتەوە.

---

(١٩) کولانە: (خلية).



کچی ڕووبازاڕیش بۆیەکا کۆمەڵایەتی ئەڕووخێنێ، کە هەر هیچ نەبێ لەبەر ئەوەی کە ناوی ناوە (ڕووبازاڕی). ئەو بۆ پێکهێنانی ئەو کۆمەڵایەتییە خەبات ئەکات کە ناوی بنێ (پاڵەوان)، یاخود سەرکردەیەک لە سەرکردانی (پێشکەوتن) و (ئازادبوون) لە بەند و کۆتەی کردەوە و ڕەوشتی چاک و داوێن پاکی.

هەرچی هەرزەکاری خوێڕیی و بەرەڵڵایشە، کاتێ کە کردەوە و ڕەوشتی باش و خۆدوورخستنەوە لە خراپی، بەپاشکەوتوویی دائەنێ و، بەسروشت وشکییەکی نەنگ، ئەویش وەک کچە ڕووبازاڕییەکە، لە خۆیەوە ئەبێتە یەکێک لە (پاڵەوانان)!...

بۆرە پیاوی ناشی و نەزانیش دوای هەموو دەهۆڵ لێ دەرێک ئەکەوێ و، ئامادەیشە کە لە هەموو شین و شاییەکدا بەشداربێ.

هەرچی ئاژاوە فرۆشیشە، ئامادەیە کە لە هەموو بازاڕێکدا بابەتی لێ ئەکڕێ و ڕەنجی سەربڵندانەی لە کۆڵ ئەکاتەوە.

ئەوانەی سەروسەکوت ناشیرین و بەدفەساڵیشن بۆیەکا حەز بەتێکدان و وێرانکردن ئەکەن، تاکو هیچ کەسێ لە خۆیان جوانتر نەمێنێتەوە.

ئەوانە هەموویان لە کردەوە و ڕەوشتێکی کۆمۆنیستیدا یەک ئەگرنەوە و لای خۆیان بەپەسەند دائەنرێن. چونکە (کۆمۆنیستی) بریتییە لە بزووتنەوەیەکی تۆڵەسەندنەوە و دووخاندن. هیچ شتێکیش بەتەواوەتی سروشتی ئەم (ئایینیە) پیسە دەرناخات سروشتی ئەو کەسانە نەبێ کە بوون بەئەندام لەناو ئەم (کۆمەڵی کۆمۆنیستی)یەدا.

جا لەبەر ئەمە هەروەکو لەمەپێش بەڕاست گوتوومانە، ئێستایش هەر بەڕاست ئەیلێین، کە چاکترین شێوە و ڕاستترین شێوە بۆ ناساندنی کۆمۆنیستی بەکەسانی تر ئەوەیە کە کۆمۆنیستەکان بەگەلە و تیپ تیپ پێشانی ئەم و ئەو بدرێن لەناو ڕێگادا، یاخود لەسەر قاقەز. مەبەستیشمان لەسەر قاقەز پێشاندانیان ئەوەیە کە هەرچی چۆنێک هەن ڕاستییان دەربخرێ و بخرێنە بەرچاو و بەر مێشک تا هەموو کەس بەتەواوەتی تێیان بگەن.

***

جا تۆ لەوانە کەسی وا نادۆزیتەوە کە بەتەواوەتی لە کۆمۆنیستی تێگەیشتبێت، واتا تەواو لێکۆڵینەوەی لە کۆمۆنیستیدا کردبێ و تاقیشی کردبێتەوە. جا ئەگەر تۆ کەسێکی وات لەو کۆمۆنیستانە دۆزییەوە، کە هەندێ نووسراوی. لە بابەت کۆمۆنیستییەوە خوێندبێتەوە، یاخود ئاگاداری ناوەڕۆکی ئەو پەرتۆکانە بێت کە (کارڵ مارکس) و (لینین)

و کەسانیتر لە ڕاستی پەرستە (فەیلەسوفە)کانیان بڵاوکردبێتەوە... تۆ هۆی باوەڕهێنانی ئەو کەسەت بەکۆمۆنیستی وا بۆ دەرناکەوێ کە بریتیی بێ لە بیرێکی وا کە بەکەڵکی دڵنیایی بێت. چونکە هیچ بیرێکی وا نییە کە بەکەڵکی دڵنیاکردن بێ و، کەسێکی هۆشیار و دەروون تەواو بخاتە سەر ئەو باوەڕەی کە: (ڕووخاندنی کۆمەڵایەتییەکانی ئادەمیزاد شتێکی باشە)، هەر لەبەر ئەمەی کە ڕاستی پەرستێک، یاخود سەد ڕاستی پەرست بڕیارێکی لەسەر داوە.

ئایا بێ تاوانیی بیر سنوورێکی نییە؟

بۆ چ ناشێ (کارڵ مارکس) لە پێنج لە سەد یاخود لە شەش لە سەدی هەڵسەنگاندنەکەیدا بەهەڵەدا چووبێ؟

ئاخۆ ئەگونجێ جوولەکەیەکی فڕوفێڵبازی وەک (کارڵ مارکس) قسەکانی لە سەداسەد ڕاست دەربچن و هیچ هەڵەیەکیان تیا ڕوونەدات لە کەینەوبەینەیەکی وادا کە هەرچی ئادەمیزاد دروستی کردووە لە ساڵانی ساڵدا بڕووخێنرێن؟

لە ڕاستیدا هەرچی بیرێک (کارڵ مارکس) و پەیڕەوەکانی نوواندوویانە جێی مقۆمقۆیەکی زۆر و گومانێکی زۆرن.

نرخی سەرڕێژ(١).

جەنگی ناو چینەکان، گفتوگۆی ناوبراو، بنچینەی شت، بنچینەی خێزان، بنچینەی هەموو جۆرە شتێک... ئەمانە هەموو بریتین لە مقۆمقۆیەک کە بڕانەوەی نییە.

کەچی کۆمۆنیستی شیری(٢)، باوەڕی بەم هەموو مقۆمقۆیانە هەیە. ئەویش باوەڕێکی وەهایە کە هیچ گومانێکی تێ نەبرێ و خەمی ئەنجامی ڕاستی نەخورێ.

چونکە کۆمۆنیستی وا، سروشتە گرۆزە ناشیرینەکەی وا هەڵکەوتووە، کە ڕووخاندنی جیهان بەشتێکی وا دانانێ کە هەڵبگرێ دوودڵی تیا بنوێنرێ، یاخود لێکۆڵینەوەی دوور و درێژی تیا بکرێ.

ئەو لەبەر ئەوە بڕوای بەکۆمۆنیستی نەهێناوە، کە بەڵگەیەکی زۆر لە مێشکیا کۆبووبێتەوە لە بابەت ڕاستیی ئەوەوە. ئەو لەبەرئەوە باوەڕی بەکۆمۆنیستی هێناوە، کە

(١) نرخی سەرڕێژ: (القیمە الفائضە).

(٢) کۆمۆنیستی شیری: مەبەس لەمە ئەو کۆمۆنیستییەیە کە هەر لەدایکبوونییەوە بۆ کۆمۆنیستی هەڵکەوتبێ. (الشیوعی المفطور).



دەروونی خۆی ئارەزووی تێکدان و کاولکردنێکی بێ شوماری وا ئەکات کە لە کۆمۆنیستیدا ڕێی پێ دراوە بکرێ. تێکی دە و تەماشای بکە.

جا ئەگەر تۆ ڕووخاندت و پاشەجار دەرکەوت (کارڵ مارکس) تەرازووەکەی هەندێ لەنگ دەرچووە، چی لەوەدا هەیە؟ قەی ناکات. قەی ناکات. هەر ئەوەندەیە کە جیهانێک تێکدراوە و کاول کراوە... بۆ چ ئەمە ئەوە هەڵ ئەگرێ کە ئەرکی دوودڵی و گومان و چاوەڕوانی کردن بخەینە سەر ئەستۆی خۆمان؟

ئەمەتا بیروباوەڕ و ڕەوشت و کرداری هەموو دەزگایەکی کۆمۆنیستی.

هەر ڕۆژێ باڵبازەکان کولانەیەکی کۆمۆنیستییان دۆزیبێتەوە ئەم ڕاستییانە دەرئەکەون. چونکە هەموو کولانەیەکی کۆمۆنیستی ئەم کەسانەی تیایە؛ جوولەکەیەکی فڕوفێڵباز، خوێندکارێکی سەرنەکەوتوو، کچێکی ڕووبازاڕی، کوڕێکی خوێڕیی بەرەڵڵا، بۆرە پیاوێکی ناشی و نەزان، ئاژاوەگەڕێکی ئاژاوە فرۆش، سەروکوت ناشیرینێکی بەدفەساڵی وایش کە ژیان بێزی لێ بکاتەوە.

ئەو کاتەیش کە کۆمۆنیستەکان هەڵی ئەبژێرن بۆ فەرمانکردن و خەباتکردنێکی بێ وچان، ئەو کاتەیە، کە کاربەدەستان خەریکی چاککردنەوە و ڕاستکردنەوەی باری کۆمەڵایەتی و ئابووری و زرنگکاری و خوێندەواری و بابەتانیترن. چونکە چاککردنەوە و ڕاستکردنەوە، پەڵ لە هیوایان ئەدات کە ئەیانەوێ بانگەوازی کاولکردن و ڕووخاندن بڵاوبکەنەوە. لە ڕاستیدا چاککردنەوە و ڕاستکردنەوە، لە زۆرداریی و تێکچوون، زۆرتر، دوژمنی کۆمۆنیستەکانە.

ئەوانە ئیمرۆ خەریکی چالاکییەکی بێ ئەندازەن لە بڵاوکردنەوەی بانگەوازی تێکدان و ڕووخاندندا، یاخود لە تێکدان و ڕووخاندندا. چونکە لێ پرسینەوەی ئەو (بەڵێنە)ی کە داویانە بەکاربەدەستانی خۆیان و پاداشی خۆیانی لەسەر وەردەگرن، لە سەرەتای مانگی بەختەباران (ئەیار)دا نزیک ئەبێتەوە، کە بە(جەژنی ڕەشوڕووتان)ی دائەنێن. بەڵام ئەوانە لە پێش ئێستایشدا هەر چالاک بوون. سبەینێیش ئەوەندەی پێیان بکرێ. هەر لە چالاکیدا ئەبن. ئەویش بەپێی ئەو چالاکییەی کە کاربەدەستان ئەینوێنن لەپێناو چاکەخوازیدا.

جا هەرکاتێ بەکۆڵ بەدوایاندا گەڕان، بام ئەو توندوتیژییە کاتێ بنوێنرێ کە پرۆژەیەک لە پرۆژەکانی دڵنیایی و خۆشگوزەرانی دەستی پێ کردبێ و دوایی هاتبێ. ئەوەندە هەیە

ئەوانەی بەدوایاندا ئەگەڕێن ڕۆژێک لە ڕۆژان دێ ناتوانن بیاندۆزنەوە، ئەویش ئەو ڕۆژەیە کە ئاسایش و دڵنیایی جێی خۆیان ئەگرن و خۆشگوزەرانیش هەموو لایەک ئەگرێتەوە!...

## لە پێشا کوتەک... ئینجا شیرەت[*]

ئەتوانیت، لە پاش تێکۆشانێکی کەم یان زۆر، خاوەن هەڵەتێ بگەیێنێت کە هەڵەی کردووە، ئەگەر بێتو دەردەکەی هەر ئەوەبێ کەم هۆش و گێژوویژبێ.

بەڵام ئەوە هەرگیز سەرناگرێ، یاخود لەوانەیە کە سەرناگرێ، بێتو ئەگەر تێ بکۆشێت بیخەیتە مێشکیەوە کە هەڵەی کردووە و، ئەویش دڵی خۆش بووبێ بەهەڵەکەی هەر لەبەر ئەوەی کە لە کانگای سروشتیا جۆرە ئارەزوویەکی خراپەکاری خۆی هەبێ، بەتایبەتی ئارەزووی ڕووخاندن و تێکدان و لە خۆبایی بوون. ئەم جۆرە ئارەزووی خراپەکارییانەیش لە دەروونی گێژوویژی بێکارە و بێ کەڵکەوە زۆر نزیکە. جا ئەم جۆرە کەسانە هەر لە خۆیانەوە هەڵە ئەکەن، چونکە دەبەنگن، ماوەی بیرکردنەوەیان تەنگە.

بەڵام ئەو کەسانەی کە بەئارەزووی خۆیان هەڵە ئەکەن، نووچ لەسەری ئەگرن، چونکە دڵیان بەو هەڵانە ئاو ئەخواتەوە و ئەکەوێتە سرەوتەوە، هەر لەبەرئەوەی کە پشتی لەخۆبایی بوونەکەی ئەگرن لەگەڵ هێرشە توندوتیژەکەیدا بۆ خراپەکاری و کاولکاردن.

خۆ ئەگەر لەگەڵ گەوجی و ئالۆشی خراپەکارییەکەیدا، کەلکێکی دەستکەوێ یاخود بەهیوابێ دەستی کەوێ، لەوانەی کە ئەیچەوسێننەوە و کلّک لە گەوجی و خراپییەکەی ئەبینن، ئەوانە هەرگیز ناخرێتە مێشکیانەوە کە هەڵەیان کردووە. هەر ڕەنجێکیش لەم ڕووەوە بدرێ بەبائەچێ. لە ڕاستیدا ئەمەتا ڕاستیی سەرگەردانییەکەی زۆربەی تاوان بارەکان کە بەناوی (کۆمۆنیستی)یەوە ئاژاوە و کاولکردن بڵاوئەکەنەوە.

زۆربەی ئەو تاوانبارانە گەوجن بەدڵ حەز لە خراپەکردن ئەکەن، بۆ ئەمەی کەڵکێکیان دەست بکەوێ بەهۆی ئەو تاوانەوە کە ئەیکەن و ئەو ئاژاوانە و کە ئەینێننەوە.

هۆشی مرۆڤیش هەرچەندێ ناتەواوبێ، ئەوەندەی لەباردا هەیە کە شوێن هەڵەی ئەو بیروباوەڕە پڕ و پووچانە تێ بگات کە ئەو تاوانبارانە پەسەندیان ئەکەن.

ئاخۆ چ هۆشێکی مرۆڤ هەیە ئەوە بەکارێکی پەسەند بزانێ، کە مرۆڤێک هەموو مافێکی پێ ڕەوابینرێ، تەنانەت کوشتنی کەسانی تریش، کەچی هەر لەو کاتەدا

(*) شیرەت: ئامۆژگاری، موچیاری، (نصیحة).



ئەوکەسانە بێ بەش بهێڵرێنەوە لە هەموو مافێک تەنانەت مافی لەسەرخۆکردنەوە و بەرپەرچیدانەوەی ئەو تاوانانەیش؟ ئەی کام هۆشی مرۆڤ، ئەوە بەدروست ئەزانێ کە ئەم (مافە بێ گەردە)ە بدرێتە دەست هەرزەکارێکی ناشی و نەزان و نەکردە، کە تێگەیشتنێکی وای نەبێ بتوانێ بڕیار بدات بەسەر پیاوان و کارەساتدا.

ئەگەر ئەمە بابەتی هۆش یاخود هەڵەکردن بوایە لە تێگەیشتندا، نەئەبوو لەم شارەدا، کەسانێکی وا زۆر هەبن کە ئەم بیروباوەڕە پڕوپووچە پەسەند بکەن، چونکە گیانلەبەریش بەگیانلەبەری خۆیەوە لەوانەیە بەرپەرچی بداتەوە. ئەگەر لەوانەبێ گوێی لەو قسانەبێ و تێی بگات. بەڵام بابەت بابەتی خراپەکردن و ئارەزووی خراپەکارییە. بابەتی هەڵەکردن و نووچ گرتنە لەسەر هەڵەکردن.

بابەتێکە بەر لە هەموو شتێک بە(کوتەک)ی یاسا چارە ئەکرێ. دوای کوتەک نۆرەی شیرەت[۱] دێ، ئەویش ئەوسا کە چاو بکاتەوە و گوێیش بگرێ لە قسەی ڕاست.

***

جار جارێک لە هەندێ کۆمۆنیستەوە نووسراوی جنێو و سەرزەنشت کردنم بۆ دێ.

ئەم نووسراوانە بەپێی نیشانەکانیان و مەبەسەکانیان جوێ جوێن. بەڵام هەموویان لەوەدا یەک ئەگرنەوە کە نیشانەی دەم پیسی و گەوجی و حەز لە خراپەکردن و قسەهەڵبەستنێکی ئاسانیان تیایە.

هی وایان تیایە ئەڵێ: (عباس محمود العقاد) شارەزای کۆمۆنیستی نییە و پیاوی داگیرکەری[۲]یە.

هی وایشیان تیایە پێم ئەڵێ: پیاوی (کۆمۆنیستی) و (سەهیۆنێتی)م. بەنووسین لەسەر (ئیسلامەتی)یشەوە بازرگانی ئەکەم. باشە، بەڵگە لەسەر ئەمەیان و ئەویان چییە؟

نە بەڵگە هەیە و نە پێویست بەبەڵگە هێنانەوەیش ئەکات. چونکە تۆ لە یەکێک بەڵگە داوا ئەکەیت کە تێ ناگات چی ئەڵێ. بەڵام ئەوی ئەوە ئەڵێ، هەر لەبەرئەوە ئەیڵێ کە پیاوێکی گەوجە و حەز بەقسە هەڵبەستن ئەکات. تۆیش ئەگەر بەڵگەی لێ داوا بکەیت: گەوجییە و قسەهەڵبەستن.

***

(۱) شیرەت: (نصیحة).

(۲) داگیرکەری: (إستعمار)

ئەگەر من پرسیم: ئەم تاوانبارانە ئەم هەموو پارەیەیان لە کوێبوو کە ئەم هەموو چەکی کوشندەیەیان پێ کڕیوە؟... هەر کامێکیان لێ بگریت سەری سوڕئەمێنێ.

پرس ئەبێ وا بکرێ؟ نەء. ئەمـــــە هەر لە خـــۆیەوە ئاشکرا و دیارە. چونکە ئەو کۆمۆنیستیان کە خۆیان بەدڵسۆز پێشان ئەدەن، لەم خاکەدا زۆرن. خاوەن نامەکە بەم جۆرە ژمارەیان دەرئەخات. ئەو کۆمۆنیستانە یەک بەیەکیان، مانگ بەمانگ مانگانەی خۆی ئەدات و لێی نابڕێ.

کەواتە تێگەیشتیت ئەو پارەیە لە کوێوە هاتووە کە ئەم هەموو چەکەی پێ کڕاوە؟ ئەی ئەو چەکانە بۆ چ بەکار نەهێنران لە کوشتاری سەهیۆنییەکاندا؟ بۆ چ لە (میسر)دا هێڵرانەوە؟ ئەی بۆ چ پارەیەک لە هەژاران کۆ بکرێتەوە، لە ڕاستکردنەوەی کاروباری ئەو هەژارانەدا بەخت ناکرێ و، لە بابەتی کوشتن و کاولکردندا بەخت بکرێ؟

ئەمە بەلای ئەو جەرەوجانەوەرانەوە کە بڕوایان وایە هەر خۆیان خاوەن تێگەیشتن و دڵسۆزی و بڕیاردانن بەسەر کاروباری ئایین و جیهاندا، ئاشکرا و ڕوونە و پێویستی بەپرسکردن نییە. لەمەیش سەیرتر ئەوەیە، کە ئەم شتانە، لەلایەن ئەو کەسانەوە کە تێ گەیشتنیان نییە، ئاشکران و دیارن... چونکە ئەوانە هەر ئەوەندە (تێ ئەگەن) کە بەدسروشتییان ڕێ ئەدات، نەک ئەوەندەی کە هۆشیان داوای ڕاستی ئەکات.

چارەی ئەم دەردەیش هەر بەیەک شت ئەکرێ. ئەویش کوتەکی یاسایە... دوای ئەوە نۆرەی شیرەت دێ. ئەوساکەیش کەس بەگرانی نازانێ پەیڕەویی ئەو شیرەتە بکات. چونکە ئەگەر نەیتوانی باش تێ بگات، ئەتوانێ باش ملکەچی بنوێنێ.

## جەنگی چینایەتی(*)

مرۆڤەکان جیاوازن لە توانایی و نان دەستکەوتندا. هەروەها لە هەموو شتێکی تریشدا جیاوازن. هەرکەسەیان لە لەشدا جۆرە هێزێکی هەیە، لە هۆشدا جۆرە هێزێکی هەیە. هەروەها لە چێشکەدا، لە تەندروستیدا، لە جوانیشیدا جیاوازن. ئەم جیاوازییەیش وەنەبێ هەر لەناو مرۆڤدا پەیدابووبێ. لە ناوەند هەموو شتێکدا چ لە ئاسماندا و چ لەسەر زەمیندا ئەو جیاوازییە ئەبینرێ. ئەستێرەکان هەموویان لەیەک کاتدا دروست کراون. کەچی دامەزراویان تیایە و بزێو. گەورەیان تیایە و بچووک. هی وایان تیایە بنکەیە و هی

(*) الصراح الطبقی.



وایشیان تیایە ئەگەڕێ بەچوارلای ئەو بنکەیەدا بێ گومان هۆی ئەم جیاوازییانە ناچێتەوە سەر بابەتی پارە یاخود ئابووری کە لەناو کۆمەڵەکانی مرۆڤدا دامەزراوە.

لەشەکان (أجسام) لە بنچینەدا لەیەک شتن، بەڵام لە ڕووی ڕەگەز (عنصر)ەکانیانەوە لە نەوەد جۆر زۆرترن. لە ڕووی دروست بوونیشیانەوە لە شێوەی تێکەڵیدا، لە دەیان هەزاران زۆرترن. ئەوی هۆشیش پەسەندی ئەکات ئەوەیە، کە هاتوو مرۆڤ ئەوەندە جوێ جوێ بن لە مێشک و لە لەشدا، ناگونجێ کە بوونە کۆمەڵانی مرۆڤ ئەم هەموو جیاوازییەیان لەناودا نەمێنێ و لەناوبچێ. چونکە لەناوچوونی ئەم جیاوازییانە پێچەوانەی یاسا و سروشتە لە هەموو شتێکا.

ئەمەیش هۆش ئەیگرێ، کە جیاوازیی نێوان کەسان لە توانا و سروشتیاندا، ناگونجێ بێ ئەنجام دەربچێ، بەوەیشەوە کە یاسای ئابوورییان و گوزەرانیان هەرچۆنێک بێ ببێ.

بەڵام وا ڕووی دا، کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا تیرەیەک لە ئابووری کار[1]ەکان، کە ئایینەکەی خۆیان ناو نابوو (ڕاستی پەرستیی شتەکی)[2]، وایان ئەزانی کە بنچینەی هەموو شتێک (یاسای ئابووری)یە و، هەر هۆیەکانی ئابووریشن، بەتەنیا، کە مرۆڤیان کردووە بەچین چین. هەروەها لە توانایشدا هەیە کە ئەم هۆیە ئابوورییانە لەناو ببرێن. ئەوانە باوەڕی خۆیان دەربارەی (چینایەتی) ئەگەڕێننەوە سەر ئایینەکەیان لە بابەت بنچینەی شتومەکەوە، یاخود بنچینەی هەموو شتێک. لێرەدا نامانەوێ بەدرێژی لێی بدوێین. هەر ئەوەندەمان بەسە کە پوختەیەکی لێ بخەینە بەرچاو کە لەم شوێنەدا بەکارمان بێت.

مەبەسێکمان لەم قسانە ئەوەیە کە ئایینەکەی ئەوان لە بابەت شتەوە یەکالا بکەینەوە. بەپێی قسەی ئەوان شت (مادە)، هەموو دەم دوو شتی پێچەوانەی تیایە، هەر کامێکیش لەو دوانە سەرکەوت دژێکی نوێی بۆ پەیدا ئەبێ.

جا لەسەر ئەم بناغە کۆمەلایەتیی مرۆڤ، هەموو دەم دوو شتی پێچەوانەی تیا کۆئەبێتەوە، یەکەم لا ئەوانەن کە کارگەر بەکرێ ئەگرن، دووەم لایش ئەوانەن کە کرێکاری کرێ گرتەن. جا لەوە چینەکان پەیدابوون، هەروەها (جەنگی چینایەتی)یش پەیدابووە.

***

(١) ئابووری کار: (الأقتصادیین).

(٢) ڕاستی پەرستیی شتەکی: (الفلسفە المادیە).

خاووەنەکانی ئەم ئایینە شانازی بەسەر کەسانی تردا وا ئەکەن کە خۆیان سەر بە(زانست)ن و، لەسەر بنچینەی زانستی ڕووداو و لێکۆڵینەوە لە کاروباری کۆمەڵایەتیدا ئەکەن و، ئایینەکەی خۆیشیان لەسەر بنچینەی سۆز (عاطفە) و پێشبینی (نظریە) دانامەزرێنن.

کەچی ڕاستی ڕووداو پێچەوانەی قسەکەیانە. چونکە ئەوانە هەرگیز لەسەر بنچینەیەکی زانستی بڕیار لەسەر دراو، یاخود بیری بڕیار لەسەر دراو ناڕۆن بەڕێوە.

چونکە قسەی بوونی دوو بابەتی پێچەوانە لە شت (مادە)دا پاڵ نادات بەزانستێکی دامەزراوەوە، یاخود بەڕاستی پەرستییەکی بڕیار لەسەر دراوەوە. ئەوپەڕی قسەکە ئەوەیە کە بریتییە لە (با بلێین)(*)یک لە (بابلێین)ەکانی سەرپشک دانان. یاخود قسەیەکی هیچ و پووچی هەندێ لە ئایینە سەرەتاییەکان. لە سەردەمی کۆندا (مەگوس)(**)ەکان ناوی دوو ئەژادی پێچەوانەی یەکتریان بردووە. (شەهرستانی) لە نووسراوەکەی خۆیدا کە ناوی (الملل والنحل)ە ئایینی مەگوسەکانی وا پوختە کردووە، ئەڵێ: «بوون پێویستی بەهاوکاریِ هەیە. ئەم هاوکارییەیش لەناو دروست کراوەکاندا بوونی پێویستە... هەرچییش هەیە لە زانستدا ئەبێ بەدوو بەشەوە: (هەڵسەنگاندن) و (کردەوە)، هەر بەشەیشیان بەویتریان ئەندازەی ئەگیرێ».

ئەوە کورتەی (ئایینی مەگوسی) بوو، وەک لە نووسراوەکەی (شەهرستانی)دا پێشان دراوە. ئەو بەڵگەیەیش کە (کارڵ مارکس) پێشانی داوە لە (ڕاستی پەرستیی شتەکی)دا، نە بەهێزترە لە هینی مەگوسەکان، نە نزیکتریشە لە زانستەوە، کە لە بابەت بوونی دوو هێزی دژی یەکترەوە دانراوە.

لە پاش سەدەی نۆزدەهەم (زانستی تازە) پێشکەوت. لەوە و زانیمان کە شت (مادە) و لەشەکان (أجسام) هەموویان بریتین لە (تیشک). بۆمبای گەرد (القنبلة الذرية)یش، دروست کردنەکەی لەسەر بنچینەی ئەم دۆزراوەی زانستییانە دامەزراوە. کەواتە بنچینەی شت (مادە)، لە (تیشک) بەولاوە هیچیتر نییە. لەناو (تیشک)یشدا دوو دژی شەڕکەر هەر نییە.

***

(*) مەبەستی: گریمان، ئەگەر (فرضية).

(**) مەگوس: مجوس، ئاگرپەرستەکان (ناوێکی هەڵە و بوختانە بۆ ئەوانەی لەسەر ئایینی زەردەشتی بوون گوایە ئاگریان پەرستووە!!).



بەڵام ئێمە لە بابەت دروستبوونی چینەکانی کۆمەڵایەتییەوە کە لە پێش دەمانداین، تەنیا سەیری ڕووداو ئەکەین. کە تەماشا ئەکەین (چینی کۆمەڵایەتی) بریتییە لە مەیدانێکی کراوە. نەک وەکو ئەوان ئەڵێن لەشکرگاهێکی جەنگ بێ و بەشێکی دیاردی کراو دژی بەشێکی تری مرۆڤ خۆی تیا پاراستبێ.

هەر کامێکمان بگری ئەتوانێ دەوڵەمەندەکانی ناوچەی خۆی، یاخود شاری خۆی لە جێگایەکدا کۆ بکاتەوە و باووباپیرانیشیان تا سەد دووسەد ساڵێک لەمەوبەر بدۆزێتەوە و بناسێ. بێ گومان ئەگەر ئەو پەنجا شەست دەوڵەمەندێکی گەورەی هەڵبژاد، لەناو هەموویاندا پێنج یان شەش کەسیان نادۆزێتەوە کە باووباپیریان لەپێش دووپشت سێ پشتدا دەوڵەمەند بووبن. وایشی بۆ دەرئەکەوێ کە زۆربەی ئەو باووباپیرانە هەژار و کرێکار بوون. هەروەها ئەوەیشی بۆ دەرئەکەوێ کە زۆربەی نەوەکانی دەوڵەمەندەکان لە سەدەی ڕابردوو یاخود سەدەی پێش ئەودا دەوڵەتەکەیان نەماوە و لەگەڵ دەوڵەتەکەیشیاندا پایەی کۆمەڵایەتییان لەناو چووە.

چونکە لە هەموو پشتێکدا هەژار هەیە ئەبێتە دەوڵەمەند، دەوڵەمەندیش هەیە ئەبێتە هەژار.

لە هەموو کەس زۆرتر ئەوانە لە تێگەیشتنی چینەکە بریتییە لە دەستەیەکی دز و ڕێگری دیاری کراو کە هەتاسەر مایەوپایە بۆ خۆی ئەهێڵێتەوە. بۆ خۆیان و وەچەکانیشیان پشت بەپشت هەموو سایەومایە و پایەیەک ئەپارێزن.

ئەوانەی لە هەموو کەس زۆرتر زۆرداری ئەنوێنن بەرامبەر هەژاران، خاوەنی (ڕاستی پەرستیی شتەکی)ن. یاخود دەستەی (کارڵ مارکس)ن کە بانگ ئەدەن بۆ شەڕی چینایەتی. چونکە ئەوانە هەژار هەتا سەر بەهەژاری ئەهێڵنەوە، بەم بۆنەیەوە وایشی بۆ دائەنێن کە تێی گەیشتن، جەنگی چینایەتی نەبووە و نییە و هۆشیش پەسەند ناکات کە بووبێ و ببێ.

بێ گومان سامان هەموو دەمێ بەلێ هاتوویی و هەڵکەوتووییەوە دەست ناکەوێ. بەڵام ئەوانەی سامان دەست خۆیان ئەخەن لەوەدا لەیەک ئەکەن، بام سامان خوازەکە هەژار یان دەوڵەمەندبێ.

ئەوەیش سەبارەت بەوە نییە کە پیلانێکی دامەزراو یاخود فڕوفێڵێکی ڕەنگڕێژکراو لە ئارادایە و کەسێک یاخود کۆمەڵێک ئەتوانێ بیسەپێنێ بەسەر گەلاندا.

بەڵام هۆیەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ سروشتی ژین. ژیانیش هەمووی بریتییە لە بزووتنەوەی هەمووده‌می و ڕاستکردنەوەی هەموو دەمی. ژیانیش ناتوانێ و ناشبێ بتوانێ وەک ئامڕاز (آلة)ی مەکینەیەکی ژمارە کار بجووڵێتەوە. جاری وا هەیە بەشی پاداش لەلایەکەوە زۆری لێ دێ، جاری وایش هەیە کەمی لێ دێ. جا بەهۆی ئەوەوە ڕەنجی کەسان ئەگات بەئەنجامی خۆی لە ڕاستکردنەوە و چاککردندا، هەروەها کۆششیشیان ئەگاتە ئەنجامی خۆی لە هەستکردن بەدادپەروەریی و کردەوەی شیرین و بڵنددا. بێجگە لەوە بەهۆی ئەو هەست پێ کردنەوە کە ڕۆژ بەڕۆژ لە تازەبوونەوە دایە کەموکوڕییەکانی کۆمەڵایەتی ڕاست ئەکرێنەوە، هەر وەکو زیندووێکیش لە مەیدانی دادپەروەری و زۆرداریدا کار ئەکەن، نەک وەکو مەکینەیەک کە کار ئەکات، لە کار دروستیدا هونەری نییە و لە هەڵەکردنیشدا گلەیی لێ ناکرێ. ئەم جۆرە کار و بارەیش هەرگیز لە کۆمەڵێکی ئادمیزاددا سەرناگرێ و بەهیچ کلۆجێکیش نایەتەکایەوە. جا ئەگەر هاتوو بەهەر هۆیەکەوە ببێ ئەم جۆرە کاروبارە هاتەدی، ئەو بەدیهاتنە کەڵکی ئادەمیزادی تیا نابێ، چونکە کەڵکی ئادەمیزاد لەوەدا نییە کە ژیانێکی وەک مەکینە بژی.

هەروەها دابەشکردنی پاداش بەپارە بەسەر کەساندا جوێ جوێیە. چونکە ئەو کەسانە خۆیشیان سامان بەیەک تەرازوو ناکێشن. هەروەها بەیەک چاویش سەیر ناکەن. هی وایان تیایە پارە ئەخاتە سەروو هەموو شتێکەوە. هی وایش هەیە پارە ئەخاتە دوای زانست و هونەر ناوبانگ و دەسەڵات و سۆز (عاطفة) و کردەوە و ڕەوشتی بڵندەوە. ئەو کەسانە لەبەری ڕەنجیاندا وەک یەک دەرناچن، چونکە ڕەنج و کۆششیان وەک یەک نییە.

جا هۆی جوێ جوێیی تەرازووەکانی تێکۆشان و سامان هەرچییەک بێ، چارەکردن هەر بریتییە لەوە کە ئەو تەرازووانە ڕاست بکرێنەوە و چاک بکرێنەوە، نەک شکاندنی هەموو تەرازووەکان، یاخود نەهێشتنی هەموو جیاوازییەک لە ناوەند لێ هاتوویی و کارگوزاری و پەککەوتوویی و تەمەڵیدا، جا چونکە لە جیهاندا ماوەی ژیان هەیە، هەروەها ماوەی پێشکەوتن و چاککردنەوە و ڕاستکردنەوەیش هەیە. جا (ماڵوێرانی مرۆڤ) و (کاولبوونی جیهان) لەوە دایە کە بگوترێ هەتاسەر ماوە نەماوە. واتا لەمەوپاش نە ڕاستکردنەوە ئەمێنێ و نە چاککردنەوە ئەمێنێ لە کردەوە و ڕەوشت و کاردا.

خاوەنەکانی (ڕاستی پەرستیی شتەکی) خۆیان وا ئەنوێنن کە خاوەنی ئایینێکی زانستین. ئایینەکەیشیان ئاینێکی پێشکەوتن و بڵندبوونەوەیە بەڵام لەو ڕاستییانەوە کە



لەو ئایینەیانە دەرکەوتووە، وا ئاشکرا بووە کە فرێ بەسەر زانست و پێشکەوتنەوە نییە. بیروباوەڕە پڕوپووچەکانی (مەگووس)ەکانیش لە پێش ئەم ئایینەدا پەیدابووە کە ئەڵێ: «جەنگ هەیە لە ناوەند دوو شتی دژییەکدا».

لەسەر ئەم بنچینەیەیشە کە ئەڵێ چینەکان پێویستە بچنە جەنگی یەکترەوە.

خاوەنانی (ڕاستی پەرستیی شتەکی) وا خۆیان پێشان ئەدەن کە بۆ کەڵکی هەژاران تێ ئەکۆشن. بەڵام لە ڕاستیدا ئەوان نەکاریان بۆ ئەکەن، نە بەکەڵکیشیان دێن. چونکە هەژارییان تا سەر بەسەردا سەپاندوون. کەچی ئێمە جیهانمان وا هاتۆتە پێش چاو. هەر ڕۆژە هەژارێک ئەبێتە دەوڵەمەند و، دەوڵەمەندیکیش ئەبێتە هەژار. هەروەک گوتراوە: «ئێمە ئەو ڕۆژانە، لە ناوەند ئەم و ئەودا ئەگۆڕینەوە».

خاوەنەکانی (ڕاستی پەرستیی شتەکی) بەناوی (جەنگی چینایەتی)یەوە ئاژاوە ئەنێنەوە. درۆیش ئەکەن کە ئەڵێن ئەم جەنگە هەموو جۆرە جیاوازییەک لە ناوەند هەموو چینەکاندا لائەبات. چونکە کەسان هەموو دەمێک لە ڕووی خۆرشت دەستکەوتنەوە جیاواز ئەمێننەوە چونکە ئەگەر بهاتایە ئەوانە لە ڕووی مەردایەتی و سەربڵندی و هیوای گەورە و زیرەکی و لێ هاتوویی و هێزی لەشەوە وەک یەک بوونایە، ئەگونجا کە لە ڕووی دەستکەوت و مووچەیشەوە، ببوونایە بەچینێکی چون یەک. بەڵام ئەو کەسانە هەرگیز لە هیچ شتێکا وەک یەک نەبوون، هەروەها تا جیهانیش بمێنێ، لە هیچ شتێکا وەک یەک نابن.

هەر بەم ڕەنگەیش (دەستوورەکانی ژیان) ئەمێننەوە. بیروباوەڕە پڕووپووچەکانی چەواشەکەر و چەواشەکراویش لە ناودا نامێنن. نووسراوی گەورە و خۆشەویستیش، کە (قورئان)ە ڕاستی فەرمووە کە گوتویێتی: «ئێمە گوزەرانەکانیانمان لە ژیانی جیهاندا لە ناوەندیاندا دابەش کردووە. هەندێکیشیانمان چەند پلەیەک، لە گوزەراندا، لە هەندێکی تریان بڵندتر کردۆتەوە».

## بۆ خوێندکارەکان

یەکێک لە چەواشەکردنەکانی کۆمۆنیستەکان ئەوەیە. هەر دەستەیەک لە مرۆڤان ئەبینن، بەجۆرێکی وا ناوی خۆیان ئەهێنن کە ئەوان پێیان خۆش بێ و پێی ببزوێن و لەگەڵ زانیاریشیاندا ڕێک بکەوێ.

بۆ وێنە هەرچەند لەگەڵ دەستە لاوە خوێندکارەکاندا قسە ئەکەن خۆیان وا پێشان ئەدەن

کە پێشکەوتنخواز (تقدمي)ن. چونکە لاوی خوێندکارە بەوشەی (پێشکەوتن) دڵی ئەبزوێ و، بانگەوازی سەرکەوتن (إرتقاء)یشی بەجگار پێ خۆشە.

بەڵام ڕاستی زانستی کە لە ڕووداوەوە بەڵگەی دێتە سەر، وامان پێشان ئەدات کە (کۆمۆنیستی) بریتییە لە خراپترین شێوەی پاشکەوتوویی (الرجعية)ی ئادەمیزاد. سا تەماشای ڕابردوو بکەین یان دوارۆژی کە کۆمۆنیستەکان موژدەمان ئەدەنێ، ئەم قسەیەی گوتمان بەڕاست دەرئەچێ.

ئەگەر تەماشای ڕابردووی مرۆڤ بکەین، لەناو هەموو ئایینەکانی بیروباوەڕدا، هیچ ئاینێک نادۆزینەوە کە لەم ئایینە هیچ و پووچە زۆرتر تووشی سەرگەردانییەکی پەست و نوشوست و نەنگمان بکات.

جا ئەگەر بگونجێ بڵێین گیانلەبەری ناشی و نەزانیش بەشی خۆی بیروباوەڕی هەیە، لە ئایینی کۆمۆنیستیدا هیچ باوەڕی یەک نییە کە بەکەڵکی گیانلەبەری ناشی و نەزان نەیەت باوەڕی پێ بکات.

چونکە گیانلەبەر لەباریا هەیە کە باوەڕ بەوە بکات کە ژیان هەمووی بریتییە لە ئالف و ئاخوڕ. ئیتر نە پێویستی بە(خێزان) هەیە و نە بە(نیشتمان)، نە بە(ئایین) هەیە و نە بە(یاسایەک هەیە بۆ ڕەوشت و خوو)، هەروەها نە پێویستی هەیە بە(جیاوازییەکی ئاشکرا) لە ناوەند (بەشداری)دا.

دیارە هیچ مانگایەک باکی نییە لەوەی کە باوەڕ بەم جۆرە (پێشکەوتن)ە بکات، چونکە (پێشکەوتنی وەها) یەک هەنگاو پێشکەوتنی لێ داوا ناکات لە مانگای کێوی. دوور نییە، چەند پلەیەکی تریش، مانگاکە، لەم پایەیە بێتە خوارەوە، هەتا ئەگاتە پلەی خوار (گیانلەبەرانی بڕبڕاگەداران) ئیتر لە دوای ئەم گلۆربوونەوەیە باکی ئەوەی نەبێ کە بەتەواوەتی باوەڕ بەهەموو شتێک بکات کە کۆمۆنیستەکان باوەڕی پێ ئەهێنن.

خۆ ئەگەر تەماشای دوارۆژیش بکەین، لە نێوان (ئایینەکانی هۆش)دا، هیچ ئایینێک نییە ئەوەندەی (کۆمۆنیستی) بەرپەرچی (گۆڕان و گەشەکردن)[1] بداتەوە. چونکە (کۆمۆنیستی) پڕ بەدەمی خۆی هاوار ئەکات: کە (کۆمۆنیستی) بریتییە لە دوامین پلەی گۆڕان و گەشەکردنی کۆمەڵایەتی ئادەمیزاد. واتا بەهەزاران ساڵان، یاخود بەملیۆنان ساڵانیش تێبپەڕێ بەسەر (کۆمۆنیستی)دا، مرۆڤ هەر لەم پلەی (گۆڕان و گەشەکردن)ەدا

(١) گۆڕان و گەشەکردن: (تطور).



ئەمێنێتەوە، هیچی تر گۆڕان و گەشەکردنی بەسەردا نایەت، نە هۆیەکانی دەروون کاری لێ ئەکەن، نە هۆیەکانی ژیان.

خۆ ئەگەر لە ڕابردووی نزیکیش نزیک ببینەوە و، (گەڕانە پاشەوە)[1] یشمان نەگەیاندووە پلەی (گیانلەبەری)، ئەوە هەر قسەی پێ ناوێ کە (کۆمۆنیست)ەکان ماوە نادەن بەهیچ (هۆش)ێک کە (ڕاستییەکی تازە) بدۆزێتەوە و بەرپەرچی (سروش)[2]ەکەی دوامین بداتەوە کە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا هاتبووە خوارەوە بۆ ناو کەللەی (کارڵ مارکس).

لە ساڵی **١٩٣٢**دا کۆگرە[3] یەک لە شاری (لینینگراد)دا کۆبوونەوە بۆ لێدوانێک لە بابەت (زانستی منالبوون)[4]ەوە لەوێدا بڕیار درا کە تاقیکردنەوەکانی (زانستی منال دروستکردن) و (موتوربەی ڕووەک)[5] پێویستە لەگەڵ (دەستوورەکانی شتەکیی دوو دژی)[6]دا ڕێک بکەون کە (کارڵ مارکس) بڕیاری لەسەر داون و بەوە زانینی مرۆڤی دوا پێ هێناوە.

لە هەموو خاکێکا بیروباوەڕی زاناکان جوێ جوێ ئەوەستێنەوە. لە مەیدانی لێ کۆڵینەوەکانی زانستیدا بەریان بەرەڵڵایە، بەهەموو سەربەستییەکی خۆیانەوە بیروباوەڕی خۆیان دەردەبڕن. بەپێی پێشکەوتنی زانست و کەلوپەلی تاقی کردنەوە، ئەوانیش لە لێکۆڵینەوە و بیروباوەڕەکانی خۆیاندا پێش ئەکەون.

بەڵام ئەو زانایەی کە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی خۆیدا، لە (ڕووسیا)دا ئەگاتە دۆزینەوەیەکی زانستی وەها کە پێچەوانەی (ئایینی کارڵ مارکس) بێ، یان ئەکوژرێ، یان ئەگیرێ، یان دەربەدەر ئەکرێ.

سزادانی (فایلۆف) بەم ڕەنگە بوو. بڕیاری کوشتنی درا. سزای (لیفنسکی) مامۆستای (زانستی شانە) و (ئەفدیلۆف)ی شاگردیشی ئەوەبوو کە لە لەشکرگای دەست بەسەریدا

(١) گەڕانە پاشەوە: (الرجعيه).

(٢) سروش: (الوحي).

(٣) کۆگرە: (مؤتمر).

(٤) زانستی منداڵبوون: (علم التوليد).

(٥) موتوربەی ڕووەک: (تطعيم النبات).

(٦) دەستوورەکانی شتەکیی دوو دژی: (قواعد المادية الثنائية).

خرانە بەندیخانەوە سزای (شنفریکۆف) و (ئەفرۆیمسون)یش ئەوەبوو کە دەربەدەر کراون بۆ چۆڵەوانییەکەی (سیبەریا). سزای (ئەجول) و (فری)یش ئەوەبوو هەردووکیان بڕیاری کوشتنیان بەسەردا جێبەجێ کرا. (لفیت) و (ئەلیگن) و گەلێک کەسانی تریش لە زانایانی لێکۆڵینەوەی پزیشکی و ڕووەکی بەتایبەتی (زانستی شانە) و (منداڵ دروستکردن) وەک ئەوانیان بەسەرهات، کوژران. چونکە ئەم زانستانە پێشبینییەکانی (کارڵ مارکس)یان بەدرۆ خستەوە، کە دروست نییە هیچ هۆشێکی ئادەمیزاد، لە ڕێگای لێکۆڵینەوە و بیرکردنەوە پێشبینییەکی جیاواز لەوان بدۆزێتەوە.

ئێمە ئەم ناوانە ئەخەینە پێش چاوی خوێندکارەکان، بەتایبەتی پزیشکەکانیان. چونکە ئەوان ئەتوانن بچنە بنج و بناوانیانەوە لەو شوێنانەدا کە لێکۆڵینەوەیان تیا ئەکەن. یاخود ئەتوانن لەو چاوڕاوکەرانە پرس بکەن دەربارەیان، کە خۆیان لە پێش چاویاندا وەک (پێشکەوتنخواز) و داواکارانی (سەرکەوتن) پێشان ئەدەن.

ئەمە پەنجا ساڵ زۆرترە ئەو زانایانە یان ئەکوژرێن، یان ئەگیرێن، یان دەربەدەر ئەکرێن بۆ جێگای دوور. چونکە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانیان ڕێک ناکەون لەگەڵ ئەو (سروشت)ەدا کە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا هاتۆتە مێشکی (کارڵ مارکس)ەوە. ئەی (سەربەستی هۆش) وانەبێ، چۆن ئەبێ؟: سەربەستی پێشکەوتنخوازەکان و خاوەنی ئەو بیروباوەڕانەی کە لە هەموو پێوەندێک دەرباز ئەبن.

***

ئینجا ئەگەر لە لێکۆڵینەوەی زانستییەوە بگوێزینەوە بۆ لای (هونەر) و (وێژە)، هەر ئەوەندە پێویست ئەکات کە ئەو ڕاستییەی لە پێش چاوماندایە دەری بخەین بۆ هەمووان. ئەم ڕاستییانەیش ئەمەندە ئاشکراو دیارن هەرە درۆزنی جەربەزەی کۆمۆنیستەکان لە توانایدا نییە کە پیتێک لە پیتەکانیان بەدرۆ بخاتەوە یاخود گومانیان تێ فڕێ بدات. ئەمانەیش ئەو ڕاستییانەن:

جووتیارێکی هەرە بوێژی کۆمۆنیستەکان خۆی کوشت. (مایکۆفسکی)یش کە لە هەموو کۆمۆنیستەکان بوێژتر بوو دیسانەوە خۆی کوشت.

هەرە گەورەی وێژەرانە کۆمۆنیستەکان کە ناوی (ئەسکەندەر بلۆک) بوو، لەم سەدەیەدا، لە مەرگەساتێکی پڕ گوماندا کوژرا. (بۆنین)یش، ئەو نووسەرە ڕووسییەی کە (پاداشی نۆبڵ)ی پێ بەخشرا، لە خاکی ڕووسیا دەربازبوو.



هیچ ساڵێکیش نییە کە دەزگای چاوگێڕان بەسەر نووسراواندا، بۆ تاڵانکردنی نووسەرێک یاخود دەستگرتن بەسەر نووسراوێکدا فەرمان دەرنەکات.

جا ئەگەر ئەمانە بەس نەبن بۆ بەڵگەی ڕاستیی قسەکەمان، بام ئەوانەی کە خۆیان بە(پێشکەوتنخواز) دائەنێن چاوێک بخشێنن بەبەرهەمی وێژەدا، لە سەردەمی هەرە تاریکی چارەکانی ڕووسیادا و، بەراوردیشی بکەن لەگەڵ بەرهەمی وێژەیی سەدەی (پێشکەوتن و بەرزبوونەوە)ی کۆمۆنیستەکاندا...

(ڕووسیای چار)، وێژەوانانی جیهانیی پێگەیاند لە چەشنی (دەستێڤسکی) و (تۆلستۆی) و (تورجنێڤ) و (بۆشکین) و (ئەندریێف) و (چیکۆف) و گەلێکی تر لە نووسەران و بوێژان.

(ڕووسیا) ئەم پیاوە گەورانەی کە لە سەردەمی نەخوێندەواریی و زۆرداریی پێگەیاند.

ئەی وێژەوانە جیهانییەکانی ئیمڕۆی (ڕووسیا) لە کوێن و کامانەن؟!... بەڵێ ئەوانە لە کوێن، لەم کاتەدا کە لە هەموو کووچە و کەنارێکی جیهاندا چاپکراوێکی زۆر ئەبینین کە بەزۆر نووسراوانی وێژەی کۆمۆنیستییان پێ بڵاو ئەکرێتەوە؟

(ڕووسیای کۆمۆنیستی) بۆیەکا تا ئێستا یەکێکی وەک ئەو وێژەوانە گەورانەی پێ نەگەیاندووە، چونکە ئەگەر بەراوردێک بکەین: تاریکی سەردەمی چارە ڕووسەکان گەلێک زۆرتر بەزەیی بەلێهاتوویی مرۆڤدا هاتۆتەوە، لە ئایینێک کە مرۆڤ وا لە کەڵک بخات بیگەیێنێتە ئەندازەی جڕوجانەوەران.

***

ئەی لاوە خوێندکارەکان!

ئەو کەسەی قسەتان بۆ ئەکات نە خاوەن کۆشک و باڵاخانە بووە و نە ئەبێ.

نە خاوەن سامانی لە پاش بەجێماو بووە و نە ئەبێ.

نە خاوەن سامان و پارە بووە و نە ئەبێ.

لە ڕووی پارەیشەوە کۆمۆنیستی زیانی پێ ناگەیێنێ، ئەگەر ببێ بەکۆمۆنیست، دوور نییە، هەروەک، بەبانگ دەرەکانی خۆی پارە ئەبەخشێ، بەمیشی ببەخشێ.

کۆمۆنیستی هەر لە شتێکدا زیانی پێ ئەگەیێنێ. ئەویش سەربەرزی مرۆڤایەتییەتی. لە دوای سەربەرزی مرۆڤایەتیش هیچ شتێکی وا نییە کە مرۆڤ ئەمەندە بەتەنگیەوەبێ.

ئا ئەمەتا ڕووداو و کارەسات، ئا ئەمەتا ڕاستیی کاروبار لە لای ئەو

(پێشکەوتنخوازان)ە. جا ئێوە قسەکانمان بەڕاست دابنێن، یاخود بەڕاستیان دائەنێن، ئێمە لەوانە نین کە بۆ بەڕاست دانانی قسەکانمان بپاڕێینەوە و دەست پان بکەینەوە لە کەسانێک کە خۆیان پێویستییان بەباوەڕکردن بەقسەکانیان هەیە.

لە ڕاستیدا ئێوە بۆ خۆتان باشە کە یەکێک هەڵبژێرن لەم دوانە: (مرۆڤایەتیی تەواو) و (مرۆڤایەتی شێواو). هەروەها بۆ خۆیشتان باشە کە بزانن: ڕێگای بەرەو پاش هاتن لە کوێوەیە و، ڕێگای سەرکەوتن و بڵندبوونەوەیش لە کوێوەیە.

## بۆ کرێکاران

لە وتارێکی پێشوودا قسەکانمان بەرامبەر دەستەی کرێکارانە. ئێمە بەکورتی هەر ئەو قسانەیان بۆ ئەکەین، کە بریتین لەو ڕاستییانەی کە بەتەنگییەوەن لە بانگەوازی کۆمۆنیستەکاندا. کۆمۆنیستەکان ئازان بام ڕاستییەک لەم ڕاستییانە بەرپەرچ بدەنەوە. چونکە ئەمانە ڕستەیەکی بەرجەستەن، ئاشکرا و دیارن، پێویستییان بەبەڵگە نییە بۆ چەسپاندنیان، ئەمانەن:

١- کاتی فەرمانکردن لە خاکی (ڕووس)دا لە هەشت کات کەمتر نییە لە ڕۆژێکدا. جاری وا هەیە لەوەیش پتری لێ دێ، تا دەگاتە دوانزە کات لە پیشەسازییە گەورەکاندا.

٢- کرێکار مافی ئەوەی نییە هەر کارگەیەک بیەوێ فەرمانی تیا بکا هەر کاتێ لە کارگەکەی خۆی، بەبێ ڕێدانی کارگێڕ (مدیر)ەکەی هاتە دەرەوە، لە کارگەیەکی تردا فەرمانی نادەنێ. کە وایشی لێ هات لەسەر پەڕەی خانووی نیشتەنی و، بابەتی پۆشەنی و، خواردەمەنی بێ بەش ئەمێنێتەوە.

٣- لە خاکی ڕووسدا ڕێ نادرێ بەمانگرتن. هەر کە سێ مانی گرت، وەک تاوانی تێکدان و ڕووخاندن، یاخود تاوانی ناپاکی بەرامبەر بەگشت سزا ئەدرێ.

خاکی (ڕووس)یش تەنیا خاکێکە کە لەوەتی چەند ساڵێک لە پێش شەڕی دووەمی جیهانییەوە تا ئیمڕۆ مانگرتن تیا ڕووی نەداوە.

٤- نیشتەجێی کرێکارەکان لەناو ئەنبارە چرووپرەکان دایە کارگێڕیی کارگەکان بۆیان هەڵ ئەبژێرن، ڕێپیشیان پێ نادەن کە بیگۆڕن. بەڵام کارگێڕەکان لە خانووە جوێ جوێکاندا ئەژین. هەروەها لەناو ئەو کۆشکانەیشدا دائەنیشن کە لەناو لادێی چوار لای شارەکاندان. ئۆتۆمۆبیلیشیان بۆ تەرخان ئەکرێ کە لە ناوەند شارەکان و دێهاتەکانیاندا بیان بەن و بیان هێننەوە.



٥- لە خاکی ڕووسدا، مووچە بەسەر سێ چیندا دابەش ئەکرێ: بەچینێکیان سێ ژەمەکە گۆشت و سەوزەوات و میوە و هەندێ جاریش (کافیار)[*] ئەدەن. بەچینێکیشیان لە هەندێ ژەمدا ئەم جۆرە خۆرشتانە ئەدەن. بەچینەکەی تریشیان هەر نان و شلە (شۆربا) ئەدەن و، هەندێ ڕۆژیش لە حەفتەدا گۆشت ئەدەن.

٦- لە زۆربەی پیشەسازییەکاندا لەسەر (پارچە) چەندوچوون لەگەڵ کرێکاران ئەکرێ. کرێکارەکەیش، بۆ ئەمەی کرێی زۆرتر وەربگرێ، ناچار ئەبێ چەند کاتێکی تریش پاش فەرمانی ڕۆژانەی، کار بکات، تا لە ڕێی بەرهەمی زۆرترەوە کە ئەیدات بەدەستەوە مزی زۆرتر وەربگرێ.

٧- کۆمۆنیستە بانگکارەکان[**]، بەچاووڕاو وا ئەخەنە مێشکی کرێکارەکانەوە، کە هەر کاتێ کۆمۆنیستی لە خاکەکەیاندا بڵاوبووەوە، هەرچی خانوو و باخ و زەوییە فراوانەکان هەیە ئەبنە سامانی کرێکارەکان. کەچی لە ڕاستیدا لە هەموو ڕووسیادا خانوویەک نییە کە بووبێتە سامانی کرێکارێک. جا ئەوی بەرپەرچی ئەم ڕاستییە ئەداتەوە بام بێتە پێشەوە و ناوی ئەو خانووە و، ناوی ئەو کرێکارەمان پێ بڵێ کە خاوەنی ئەو خانوویە. کەس، لە ڕاستیدا، ناتوانێ ئەوەمان پێ بڵێ. چونکە ساماندارێ لە کرێکاران بەربەست کراوە. هەر جووتیارێکیش لە خانوویەکی لادێدا دانیشتبێ بە(کرێگیر)[١] دائەنرێ بۆ ئەو خانووە، هەتا بەفەرمانی میری لە کێڵگەی پڕ بەش[٢]دا کار بکات.

٨- باری کرێکار لە خاکی ڕووسدا گەلێک خراپترە لە باری کرێکاری ئەو خاکانەی کە کۆمۆنیستەکان پێیان ئەڵێن «خاکی سەرمایەداری».

جا هەر لەبەر ئەوەیە کە فەرمانڕەوایی ڕووسیا ناهێڵێ کرێکارەکانی بچنە دەرەوە بۆ خاکە بێگانەکان. نەوەک بەم ڕاستییە بزانن. هەروەها ناهێڵێ کەسیش لە دەرەوە بێتە ناو خاکەکەیەوە، نەوەک ئەم ڕاستییە دەربکەوێ.

---

(*) کافیار: گەرای ماسییە، خواردنێکی گران و بەنرخە، سوودبەخشە بۆ لەش؛ بەتایبەت بۆ بەهێزکردنی توانای سێکسی، لەم ساڵانەی دواییدا لە عێراقیش لە ژەمە خواردنەکاندا بەسوورەوەکراوی دەخورێ، لە بەغدا و شارانی تردا.

(**) بەمانای: کادیرە کۆمۆنیستەکان.

(١) کرێگر: (مستأجر).

(٢) پڕ بەش: (مُشْتَرَك).

بەهەزاران سەربازی ڕووسی لە بەندەرەکان و لەشکرگاهە چۆڵەکاندا هێڵرانەوە، لە پاش گەڕانەوەیان لە شەڕگاهەکانی دەرەوە وە بۆ خاکی خۆیان. نەوەک نەتەوەی ڕووس بەهۆی ئەو سەربازانەوە کە گەڕاونەتەوە لە دەرەوە شارەزای کاروباری جیهان ببێ.

جا ئەگەر ڕووسیا (بەهەشتی کرێکاران) بووایە، لە ژیانیاندا، بێ گومان دەرگاکانی خۆی ئەکردەوە بۆ ئەوانەی ئەیانەوێ لێی بچنە دەرەوە و، بۆی بێنە ناوەوە. بێ گومان ئەم کارە کاریگەرتر و بەکەڵکتر ئەبوو بۆ بڵاوکردنەوەی کۆمۆنیستی لەو هەموو پارانەی کە بەکلوور بەخت ئەکرێن لەپێناو بڵاوکردنەوەی کۆمۆنیستیدا. هەروەها لەو هەموو فرۆفێڵبازی و داونانەوەیە کە بەهۆی ئەو پارانەوە ئەخرێنە کار بۆ بانگەوازی کۆمۆنیستی و ئەو بەهەشتە خۆ هەڵبەستە.

٩- لەدوای یەکەم ڕەوکردنی (ئەرمەنی)یەکان، لە خاکی (میسر)ەوە بۆ خاکی ڕووسیای سۆڤێتی، هیچ ئەرمەنییەکی تر ڕووی نەکرد بۆ ئەوێ جا ئەگەر ئەو ئەرمەنییانە دڵیان بەڕووسیا خۆش بوایە، ئەرمەنییەکانی تریش کە لە (میسر)دا مابوونەوە بەرەبەرە ڕەویان ئەکرد بۆ ئەوێ.

بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەتا، ئەو هەواڵانەی کە لەو ڕەوکەرانەوە ئەهاتن، هانەی ئەرمەنییە دانیشتووەکانی (میسر)یان نەئەدا بۆ ڕەوکردن بۆ ڕووسیا، کە بەلای کۆمۆنیستەکانەوە بەبەهەشتی سەر زەمین دائەنرێ.

لەسەر ئەوەیشدا کە فەرمانڕەوایی ڕووسیا تەماشای ئەو نامە و هەواڵانە ئەکات کە ئەنێررێن لە ڕووسیاوە بۆ دەرەوە و، لە دەریشەوە ئەنێررێن بۆ ڕووسیا، کۆچ کردووەکانی ئەرمەن دانەمان لەوەی کە بەهەر کلۆجێک ڕێک بکەوێ ڕاستی ڕەوانە بکەن بۆ ئەرمەنەکانی برایان لە خاکی (میسر)دا.

لە یەکێک لەو نامانەدا کە نووسرابوو لەلایەن ئەرمەنییەکی کۆچ کردووەوە بۆ ئەرمەنییەکی خزمی خۆی کە لە (میسر)دا ئەژیا، داوای لە خزمەکانی خۆی کردبوو کە ڕەو بکەن بۆ ڕووسیا لە پاش ژنهێنان بۆ کوڕە تاقانەکەی. کەچی کوڕە تاقانەکەی تەمەنی لە سێ ساڵ تێپەڕی نەکردبوو. خزمەکانیشی لەو قسەیەوە مەبەسی تێگەیشتن و ڕەویان نەکرد بۆ ڕووسیا، مانەوە.

١٠- لە هەموو سەر زەمیندا سەردارێکی تەنیا نەبوو «هەڤاڵ ستالین» نەبێ، کە تەنیا

(*) لێرەدا (بەرەڵڵا) بەمانای: ڕەها (مطلق) هاتووە.



سەردارێکی گیانی بوو لە خاکی ڕووسیادا. لە هەموو سەر زەمیندا خونکارێک، یاخود سەرۆک کۆمارێک. یان سەردارێکی زەبر بەدەست نەبوو، کە ماوەی بیست و دوو ساڵی خشت، بەدەسەڵاتێکی بەرەڵڵاوە(*)، بەتەنیا، کاربەدەستی بکات. وەک ئەم (هەڤاڵ)ە.

ئەمەیش ئەوە ئەگەیێنێ: کەیان کۆمارە سۆڤێتییەکان بەسەد و هەشتا ملیۆن کەسانەوە، کەسێکیان تیا نەبووە بەکاری فەرمانداریی هاتبێ. یاخود ئەوەتا فەرمانداریی بەدەست دەست وەشاندن و زۆرداری و ستەمکارییەوە بووە.

هەر بەو ڕەنگە (خرۆشۆف)یش قسەی لەسەر ئەکرێ..

١١- لە هەموو سەر زەمیندا فەرمانڕەوایی یەک نییە، فەرمانڕەوایی ڕووسیا نەبێ؛ کە هەرچی دەستکەوتی فەرمان هەیە دەستی بەسەردا گرتبێ. فەرمانڕەوایی (ڕووسیا)، سەرمایەدارێک ڕایەی ناکەوێ، لە بێگارکردن بەکرێکاردا بیگاتێ.

١٢- ئەگەر ڕاست بووایە (کۆمۆنیستی) بەدڵ شەڕی لە دژ (سەرمایەداری) بکردایە و بەدڵیش بیوبستایە لە ناوی ببات، پێویست بوو کرێکارەکان لە خۆیان بپرسیایە: ئەی جوولەکەکان بۆ چ لە هەموو شوێنێکا بوون بەسوێندخواری؟ کە جوولەکەکەیش ئەو نەتەوەیەن کە لە هەموو مێژوویاندا لە پارە پەیداکردن و پارە کۆکردنەوە بەولاوە هیچ کارێکی تریان نەبووە.

## بۆ ماف کارەکان

لە دوو وتارەکەی پێشوودا قسەمان بۆ خوێندکارەکان و کرێکارەکان کرد، لە بابەت ئەو شتانەوە کە بەتەنگانەوەن لە چاووڕاوکردنەکانی کۆمۆنیستەکاندا کە لە ناویاندا بڵاویان ئەکەنەوە و، ئەو ناوانەی کە بەکەلکی خۆیان بێ، بۆ خۆیانی دائەنێن.

لەم وتارەیشدا قسەکانمان بەرامبەر شاگردەکانی زانستگای مافە بەتایبەتی و، بەرامبەر بەیاسا شوناسانە بەگشتی. چونکە ئەوانن کە ئەیانەوێ بڕیار بەسەر کۆمۆنستیدا بدەن، یاخود بڕیاری بۆ بدەن، بەپێی ئەو بڕیارە دادپەروەرانەی کە لە خاکی کۆمۆنیستیدا ئەدرێن و بەپێی ئەو یاسای دادپەروەرییە کە پێوەی دیارە لە دەزگاکانی (داد)یا.

هەرچی (کۆمۆنیستی)یە لە ڕووی کاروبار هەڵسووڕاندنی یاساییەوە هیچ کەڵکێکی بۆ (یاسا) نەبووە. هەروەها لە ڕووی (یاسادانان)یشەوە هیچ کەڵکێکی بۆ (یاسا) نەبووە.

چونکە (دادگای کۆمۆنیستی) کە دەست بەکار ئەکات، هیچ جۆرە (شێوەیەکی یاسایی) بۆ هەڵسووداندنی کاروباری دادگا بەکارناهێنێ. دووریش نییە بۆیەکا وا، لە ئەندازە بەدەر، ئەو جۆرە (شێوەی یاسایی)یە بەئارەزوو لە ئارادا ناهێڵن، تا (دادگەری) سامی بشکێ و لەبەرچاویش سووک ببێ.

(دادگەر)ە کۆمۆنیستەکان لە زانایانی (یاسا) نین. هی وایان تیایە بازرگانی یاخود پیشەساز، یان جووتیارێکی بچووکە. هەموویشیان هەر بەجلوبەرگی خۆیانەوە، لە دەزگای دادگەریدا دائەنیشن، بەپێی ئارەزووی خۆیان. بام ئەو جلوبەرگانە هی ناو ماڵ یاخود کارگەیان هی ناو بازاڕبن.

(دادگەر)ەکان، هەروەک کەسانیتر، لە ناوەڕاستی دادگا و دادگەریدا جگەرە ئەکێشن، چاو قاوەیش ئەخۆنەوە. چونکە بەلای ئەوانەوە (ڕێزگرتن) چاولێکەرییەکە لە چاولێکەرییەکانی (دەوڵەمەندی) یاخود (سەرمایەداری) کە داڕزاون و لە ئارایشدا نەماون. لە کۆمەڵایەتی کۆمۆنیستیشدا جێگا بۆ (ڕێزگرتن) نەماوەتەوە!.

ئەمەیش قسەیەکە ئەیکەن بەڵام تێی ناگەن. ئەگەر بهاتایە جارێک لە مەبەسی ناوەڕۆکەکەی ئەم قسەیەیان بکۆڵیایەتەوە، هەستیان بەخۆیان ئەکرد کە هەر ئەم قسەیە، خۆی، بڕیارێکە دراوە بەسەر کۆمۆنیستیدا کە بریتییە لە شتێکی سووک و نەنگ و ناپەسەند! ئایا (ڕێزگرتن) لە جیهاندا نەماوە؟!...

هەر هیچ شتێک نییە لە جیهاندا کە خاوەن (ڕێز)بێ؟!... ئاخۆ مرۆڤ نایەوێ (ڕێز) لە شوێنێک، لە بارێک، لە ئادەمیزادێک بگیرێ؟!.

جا ئەگەر کۆمۆنیستی (ڕێزگرتن) لە جیهاندا نەهێڵێ، هەر ئەوە بەتەنیا بەسە بۆ کۆمۆنیستی کە وەک شتێکی نەنگ و سووک تەماشای بکرێ!...

بەڵام ئەگەر لە جیهاندا شوێنێک هەیە بۆ ڕێزگرتن، ئەی (پیرۆزیی دادگا) بۆ چ ڕێزی لێ ناگیرێ، کە جێگایەکە، بەسامدارییەکەی ئەوەوە، سامداریی دادپەروەری و زانستی و ئاسایش و، سامداری کۆمەڵایەتی بەسەر هەموو یاسا و ئایینێکدا. بەند بووە؟!...

بەڵام ئارەزووی (سووککردن)ی هەموو شتێک، ئاڵۆش و خرۆشێکی زاڵە بەسەر دڵی کۆمۆنیستەکاندا... جا ئەوانە چونکە شتەکی (مادی)ن. هەر ئەبێ دوژمنی (پیرۆزی) و گرفتاری ئەڤینی (ڕیسواکردن)بن!...

ئێمە لێرەدا وێنەیەکی ئەم جۆرە ئاڵۆش و خرۆشەیان ئەهێننەوە لە کۆڕی وێژە و



ڕەوانکاریدا، کە ڕەنگە بمان هێنێتە پێکەنین و کەلکیشی لێ وەربگرین:

یەکێک لە بوێژەکانیان ویستی ڕۆژ لە کاتی ئاوابوونیا بەنووسین پێشان بدات. بۆ ئەو گران بوو کە ئەو دیمەنە لە شێوەیەکی شانازی و جوانیدا پێشان بدات، وەک بوێژەکانی سەر بەیاسای سەرمایەداری ئەیکەن. ئەو لەجیاتی پێشاندانی ڕۆژ لە شێوەیەکی گەورە و بڵنددا، لە شێوەیەکی سووکی و ڕیسوایی پێشانی دا، گوتی:

«ڕۆژ کە ئاوابوو بەسوورییەکی واوە بەرەو ئاوابوون ڕۆیشت، هەر ئەتگوت چاڵێکی بچووکە و پڕ بووە لە میزی بارگیر...!» جا ئەم دەستوورەی کە بەکاری ئەهێنن بۆ ڕیسواکردنی هەموو شتێک، هەروەها پەیڕەویی ئەکەن لە ڕیسواکردنی هەموو شێوەیەکی کارکردن و بەجێ هێنانی بڕیارەکانی دادگادا، هەر بۆ ئەمەی هەموو سامێکی (پیرۆزی دادگەری و دادگا) لە مێشکی کەسانی تر بکەنە دەرەوە.

هەرچی (یاسادانان)یشە، بەجۆرێکی تێکڕایی هەروەکو (دادگەریی ڕەوشتی)[1] یاخود (دادگەریی کۆڕی ڕەوشتی)[2] وایە.

هەر دادگاهە بەپێی بیروباوەڕی خۆی دای ئەنێ و جێبەجێی ئەکات. ئەوەندە هەیە، هەندێ فەرمان و ئامۆژگاری هەن، ناچارن کە لە هەندێ (کاروباری کەسی)دا، بەتایبەتی، پەیڕەوی ئەکەن.

دووریش نییە ئەوە بگوترێ، کە ئەوانە هەموویان پێویست نییە بایەخیان پێ بدرێ. ئەوی شایستەی بایەخدان بێ و هەر بەجێهێنانی دادپەروەرییە لە بڕیارەکانی دادگادا.

ئێمەیش لەم بابەتەوە درێژە نادەین بەوێنە هێنانەوە. هەر لەو وێنانە ئەهێنینەوە کە کۆمۆنیستەکان خۆیان دەنگیان بڵاوکردەوە بەناو هەموو جیهاندا. مەبەسیشمان لەوانە ئەو کەینەوبەینانە کە تاوانبارەکانیان بەبابەتی زرنگکاری (سیاسەت)یەوە بەدناوکرابوون، چونکە لە هەر یەکێ لەم کەینەوبەینانەدا تاوانبارەکان پێ لە تاوانەکانی خۆیان ئەنێن، زۆر لە ئەندازەیش بەدەر گوناهەکانی خۆیان بەناشیرین پێشان ئەدەن و خۆیان بەتاوانەکانەوە ئەلکێنن. هەر کاتێکیش لە یەکێکیان پرسرا: تۆ ئەم کەتنەت کردووە؟ دەمودەست وەرامت ئەداتەوە، پێت ئەڵێ: «بەڵێ. لەبەر ئەوە من بەدخوو و نوشوستم، هەڵ ئەگرم دادگا سەختترین سزام بدات!».

---

(١) دادگەی ڕەوشتی: (القضاء العرفي).

(٢) دادگەریی کۆڕی ڕەوشتی: (قضاء المجلس العرفي).

جا ئەم جۆرە پێ لێ نانە، پێویستی بەقسەکردن نییە. بۆیەکا قسەی پێ ناوێ، چونکە نیشانەی ئەوەیە کە تاوانبارەکە زۆری لێ کراوە و ئازاریشی دراوە.

هەروەها بۆیەکا قسەی پێ ناوێ، چونکە نیشانەی ئەوەیە: ئەوانەی بەکاری ئەهێنن زۆر مێشک پووچن. چونکە وا ئەزانن کە فڕوفێڵی وا کار ئەکاتە مێشکی کەسانی تر لەناو نەتەوەکانی تردا.

کۆمۆنیستەکان بەبانگکارەکانی خۆیان، کە لە خاکەکانی ئەوروپادا بوون، ڕاگەیاند، کە لە بابەت سەرسوڕماوی لەم جۆرە چەندوچوون کردنانەی ناو دادگانەوە، مێشکی کەسانی تر پاک بکەنەوە، یەکێک لەو بانگکارانە، کە بریتی بوو لە (سەهیۆنی)یەک لە زانایانی ئابووری لە خاکی ئینگلیزدا گوتی: «ئەوروپاییەکان ئەم جۆرە شێوەیەی پێ لێ نانەیان بەلاوە سەیرە. چونکە لە دڵ و دەروون و هۆشی (سلاڤی)یەکان شارەزا نین... جا ئەگەر بیانزانییایە کە ئەو دەروونە حەز بە (خۆئازاردان) ئەکات و بە(خۆ تاوانبارکردن) بەسەیریان نەئەهاتە پێش چاو. ئەمەیش سەبارەت بەوەیە کە سلاڤییەکان دەمێکی دوور و درێژ لەژێر چەپۆکی زۆروستەمدا بوون».

بەڵام ئەم چاووڕاو کارەی چەواشەکارە ئەوەی لە بیر چووەتەوە کە (دەروونی سلاڤی) هەر ئافەریدەی ئەم ساڵانەی دواییە نییە، کە سەردەمی سۆڤێتییە، ئەو لە سەردەمی چارەکانیشدا هەر بووە. ئەوساکەیش کە دادگاکانی سەردەمی چار چەندوچوونیان لەگەڵ تاوانبارەکاندا ئەکرد، کە تاوانبارانی زرنگکاریشیان لەناودا بوو، تاوانبارەکان تاوانەکانیان بەرپەرچ ئەدایەوە، هەروەها لەسەر ئەو بەرپەرچدانەوەیەیش نووچیان ئەگرت. هەروەها (زانای سەهیۆنی) ئەوەیشی لەبیرچۆتەوە کە ئەم جۆرە چەندوچوون کردنانە لە خاکەکانی تریشدا ڕوویان داوە، کە هیچیان سلاڤی نەبوون. ئەویش ئەو کاتەی کە کۆمۆنیستەکانی ئەو خاکانە دەسەڵاتی فەرمانڕەواییان خستبووە ژێر چنگی خۆیانەوە. لەو جێگایانەیشدا تاوانبارەکان هەر لەسەر ئەم شێوەیە، کە زۆر سەرسوڕمانی پێ ئەوێ، پێیان لە تاوانەکانی خۆیان لێ نابوو.

ڕاستییەکەی ئەوەتا، هەروەک ڕاکردووەکان لە دەست خاکە کۆمۆنیستەکان بڵاویان کردبووەوە، کە تاوانبارەکان لەو شوێنانەدا بەچەشنێکی وا ئازار ئەدرێن، کە لەشیان بەرگەی ناگرێ، ناچار ئەبن لەتاو ئەو ئێش و ئازارانە، ئاواتی مەرگ ئەخوازن تا بەزوویی ڕزگاریان بێ.



یەکێک لەو جۆرە ئازاردانانە ئەوەیە کە تاوانبارەکە ئەخەنە ژوورێکەوە کە بایەکەی ناوی زوو ئەگۆڕێ. لە پڕ ئەمەندە گەرم ئەکرێ تاوانبارەکە ئەگاتە ئەوەی گیانی دەرچێ. دوای ئەوە گەرمی بایەکە نزم ئەکرێتەوە تا ئەگاتە ئەندازەیەکی وەها کە تاوانبارەکە موچڕک بەلەشیادێ و ئەلەرزێ. هەموو شەو و ڕۆژێک ئەم کارە ناهەموارە لەگەڵ ئەو تاوانبارە بەسەزمانەدا دووبارە ئەکەنەوە.

جۆرێکی ترە ئەو ئازاردانانەیش ئەوەیە کە تاوانبارەکە هەندێ دەرمانی وا ئەکەنە لەشیەوە کە لەپاش تاوێک لە پەلوپۆ ئەکەوێ و کز و بێ دەسەڵات لێی ئەکەوێ. ئەو دەرمانانە پزیشکەکان شارەزایانن. جاری وا هەیە بەفێڵ ئەیاندەن بەو تاوانبارەی کە بەدرۆ خۆیان وا ئەنوێنن کە کەڕ و لاڵن. ئینجا ئەوانیش ئەکەونە قسەکردن.

جاری وایش هەیە هەڕەشەیان لێ ئەکەن ئازاری خێزانەکەیان و منداڵەکانیان بدەن. پاش ئەوە دەست ئەکەن بەئازاردانی ئەوانە لەبەرچاویان.

هەر کەسێکیش گومان ئەباتە ئەم قسەیە، پێویستی بەگەشتێکی دوور و درێژ نییە بۆ ئەمانەی بزانێ تا چ ئەندازەیەک کردەوە و ڕەوشتی کۆمۆنیستەکان ڕێ بەڕوودانی ئەم کارەساتانە ئەدەن یان نادەن.

ئەو هەر ئەوەندەی بەسە کە کەتنەکانی ئەم دواییەیان بهێنێتەوە بەرچاوی خۆی، بۆ ئەمەی بزانێ، کۆمۆنیستەکان، بەم بەرەڵڵاییەوە کە هەن و بەم بێ باکییەوە کە هەن، چییان لێ ئەوەشێتەوە. هەرچییەک گوترا، لەگەڵ ئەو بیروباوەڕە نەژادەدا ئەگونجێ کە (کۆمۆنیستی)، یاخود (بیروباوەڕی شتەکی دوو دژی) لە سەری دامەزراوە. بەلای کۆمۆنیستەکانەوە وایە کە نە ماف (حق)ی بەرەڵڵا و نە (داد)ی بەرەڵڵا(*). هەردووکیان نەبوون و نین و نابن، هەرچی (یاسا)یشە بریتییە لە چاکەگاهێکی[1] تایبەتی، چینی دەسەڵاتدار ئەیسەپێنێ بەسەر کۆمەڵایەتیدا. جا هەر چی ئەو چاکە و کەڵکە پێک بهێنێ بەدادپەروەرییەکی پێویست دائەنرێ لەناو ئەو کۆمەڵەدا کە ئەو چینی دەسەڵاتدارە کاروباری هەڵ ئەسووڕێنێ و فەرمانداریی بەسەردا ئەکات.

جا (دادپەروەری)، لەناو کۆمەڵێکا کە چینی وا فەرمانداریی بەسەردا بکات، ئەبێ

(*) مەبەسی مامۆستا: هەق و دادی کۆمەڵگەی لیبرالی لە لای ئەوان نییە بەڵکو تەنیا بەرژەوەندییەکی تایبەت کە بەرژەوەندی حزبەکەیە.

(١) چاکەگاه: (مصلحە).

وابێ. هەروەها (دادپەروەریی) ئەبێ وابێ، لە کۆمەڵێکا کە (پرۆلیتاریا) یاخود ڕەش و ڕووت یان هەرچی و پەرچی فەرمانداریی بەسەردا بکات. چونکە لەم پێناوەدا، کە ئەوانە فەرمانداری بکەن، هەموو کار و کردەوەیەکی دڵڕەقی و زۆروستەم ڕەوایە!

جا لەلای کۆمۆنیستەکان (مافی ڕەوا) و (دادپەروەری) ئەمانەن. جا لەبەر ئەمەی کە تەرازووەکـــەیان وایە و لەبەر ئەم تەرازووە و بەپێی هەمـــوو تەرازوویەک، بەلای ئادەمدازەکانەوە، (کۆمۆنیستی) بڕیاری تاوانباری بەسەردا ئەدرێ.

## دەروونی ئاژاوەخواز

دەروونی ئاژاوەخواز (فوضوی)[١]، دیمەنێکی چەواشەکارە بەلای ئەو ناشی و نەزانانەوە کە سەیری ئەکەن. چونکە ناشی و نەزان تاوانباری سامناک ئەبینێ تووشی مەترسی دێ، یاری بەچەکی کوشندە ئەکات، خەریکی جەربەزەیی تاوانبارانە، کارێکە ئازایی و کارامەیی و توانای لێ ئەوەشێتەوە.

کەچی لە ڕاستیدا، وەک لە تاقی کردنەوەکانی (زانستی خۆناسین)[*] و لێکۆڵینەوەی کاروباری تاوانکاراندا دەردەکەوێ، هەرچی تاوانباری ترسێنەرە، لە هەموو کەس کەمتر ئەم جۆرە کردەوە و ڕەوشتانەی تیایە. واتا کردەوە و ڕەوشتی ئازایەتی و بەجەرگی و کارامەیی و توانایی، بەتایبەتی.

چونکە مرۆڤی سروشتی و ڕاستەقینە، کە خاوەنی هەستێکی ڕاست و سروشتێکی تەواوە، هەست بەو پێویستییە ناکات کە کەسانی تر بترسێنێ.

بەڵام ئەو کەسە هەست بەم پێویستی ترساندنە ئەکات، کە لە هەستی خۆیدا کەموکوڕییەک هەبێ و، لە سروشتیدا خواروخێچییەک پەیدابووبێ. بۆ پیاوێکی وا ئەوە خۆشە کە هەست بەخۆی بکات ئەتوانێ کەسانی تر بترسێنێ. چونکە ئەو بەوە ئەو گومانە لە دڵی خۆی دەرئەکات، کە کز و بێ دەسەڵات، یاخود ناتەواوە... چونکە ئەگەر هەستی بەسووکی و بێ دەسەڵاتی خۆی نەکردایە، پێویستی بەوە نەئەبوو کە کەسانی تر بترسێنێ.

خۆشیی کەسانی تر ترساندنیش[**]، لە هەموو کز و بێ دەسەڵاتێکدا ئەبینرێ، نەک هەر ئەم جۆرە تاوانبارانە.

---

(١) ئاژاوەخواز: (الفوضوی).

(*) زانستی خۆناسین: دەروونناسی، زانستی دەروون، (علم النفس).

(**) ڕستەکە دەبوو ئاوابێ: چێژ و خۆشی لە ترساندنی کەسانی تر....



چونکە یاری ترساندن بەلای منالە بچووکەکانەوە لە هەموو یارییەک خۆشترە. ئەوە، بەلای منالی بچووکەوە، لە هەموو شتێک خۆشترە، کە خۆی لە باوکی خۆی بشارێتەوە، یاخود لە پیاوێکی گەورە، لە پەنایەکی تاریکدا، پاش ئەمە لە پڕ قیژەیەکی لێ بکات و، وای بێتە پێش چاو کە دای چڵەکاندووە و ترساندوویەتی. جا هەر چەندێ باوکی ترس و داچڵەکین پێشان بدات ئەو ئەوەندە دڵخۆشتر ئەبێ و پێ ئەکەنێ. هەرگیز لە دووبارە کردنەوەی ئەم یاریە منالانەیەیش تێر نابێ، تا بەتەواوەتی گەورە نەبێ و پەی بەوە نەبات کە یارییەکی هیچ و پووچە و پڕیشە لە خۆنواندن.

پیاوێکی ترسنۆک و سووک و ڕیسوایش لەناو گەڕەکەکەی خۆیدا، مەیێکی زۆر ئەخواتەوە. کاتێ کە مەیەکەیش سەر خۆشی ئەکات، یەکەم بیری ئەوەی بەبیردادێ، کە دەرچێتە دەرەوە بۆ ناو ڕێگا و دەست بکات بەهەڕەشە و گوڕەشە لەم و لەو و، لە کام کەس گەورەیە لە گەڕەکەکەدا سنگ بێنێتە پێشەوە و بەرەنگاریی بکات، هەر بۆ ئەمەی کە وا پێشانی گەڕەکەکەی خۆی بدات: کە ئازایە و ئەوان لێی ئەترسن و ناتوانن بێنە مەیدانی زۆرانبازی ئەو.

هیچ کەسێکی سەرولەش دروست و، سروشت تەواویش نییە کە ئەم جۆرە شتەی بەبیردا بێت و بیکات. چونکە ئەوەندە باوەڕی بەخۆی هەیە، کە پێویست نابینێ بەوەی کە لە ڕێی ترساندنی ترەوە باوەڕکردن بەخۆی بۆ خۆی پەیدا بکات.

لە ڕاستیدا (تاوانباری ترسێنەر) یەکێکە لەو کڵۆڵە بێ دەسەڵاتانە، کە لەشی بێ کەموکوڕی نییە، هەروەها لە دەروونیشیا کزی و بێ دەسەڵاتی هەیە. هەتا هەیە هەر پێویستی بەدڵ ڕاگرتنی ئەم (کەموکوڕی)یە هەیە، کە دڵی ئازار ئەدات. هەروەها پێویستی بەداپۆشینی ئەم کزی و بێ دەسەڵاتییە هەیە کە لەبەردەم هاوڕێکانیا شەرمەزاری ئەکات. لەبەر ئەوە دەست ئەکاتە تاوانی ترساندنی کەسانیتر، بەچەشنێ ئەو کز و بێ دەسەڵاتەی کەمەی ئەخواتەوە، یاخود ژەهر ئەکاتە لەشی خۆیەوە بۆ سەرخۆش بوون. چونکە ئەگەر کۆست کەوتوو و کز و بێ چارە نەبووایە، ئەوە نەئەهات بەدڵیا کە ئەم جۆرە کەم و کوڕییە پڕ ئازارەی هەیە.

جا ئەو جۆرە تاوانکارانە، تێکڕا، ئەم ئازایەتییە درۆیە لە دوو سەرچاوەوە وەرئەگرێ: یەکەمیان خوێنگەرمی کۆمەڵ. دووەمیان: سروشتی هۆگرییە بەبیروباوەڕی پڕوپووچەوە، کە ئەم سروشتەیش لەناو ئەم جۆرە تاوانکارانەدا باوە.

خوێن گەرمی کۆمەڵ بۆ ئەم جۆرە تاوانکارانە پێویستە. تاوانکارەکان یەکتری ئەبینن و مـــقـــۆمـــقـــۆیش ئەکـــەن: لە پاڵەوانی ئەدوێن، دەنگوباسی ئەم کـــەتن و ئەو تاوان بەخواروخێچییەوە ئەگێڕنەوە، هەر کامێکیان بگری ڕاستیی خۆی لە کەسانی تر ئاشکرا ناکات، چەواشەیان ئەکات. خۆی وا پێشان ئەدات کە لەوان جەربەزەیی زۆرتر ئەتوانێ بنوێنێ، زووتر ئەتوانێ خۆی بەکوشت بدات. ئەوانە هەر خەریکی ئەم کەتنە یاخود ئەم فوو لە خۆ کردنە ئەبن، تا کاریان لێ ئەکات. کلۆڵی چەواشەکراویش وا خۆی دێتە پێش چاو، کە پاڵەوانییەکەی بۆ خۆی چەسپاند، هەروەها بۆ هاوڕێکانیشی ئەو پاڵەوانییەی چەسپاند. کەواتە هەر لە ئێستاوە کەوتۆتە سەر زمانی ئەوانەی کە دڵیانی پیاچووە و لە کردەوەکانی سەریان سوڕماوە. هەروەها هەر لە ئێستایشەوە بووەتە نموونەیەکی بڵند بۆ ئەو کەسانەی کە ئەیانەوێ چاوی لێ بکەن. (خوێن گەرمی کۆمەڵ)یش لە هەموو کەسێک کار ناکات. لە ڕاستیدا لەوانە کار ئەکات کە بە بەدبەخت و کلۆڵ دائەنرێن.

چونکە ئەوانە سروشتیان وایە: دەم دەمی و ڕاڕان، بیریان بڵاوە، سەریان کاسە، دوودڵن، هۆشیان بچووکە، تێگەیشتنیان کەمە، بیرکردنەوەیان پڕ لە ئەرکە، ئاواتیان پڕوپووچە، بانگەوازیشیان پڕە لەسەر لێ شێواوی و پەشۆکاوی و هەڵەشەیی و زۆرداری. هەر بیرێک بەدڵیان بێ، بەمێشکیاندا ئەچێ. هەر بیرێک ڕاست بێ و تەواوبێ بەرپەرچی ئەدەنەوە و، نووچیش لەسەر بەرپەرچدانەوە ئەگرن، ئەگەر ئەو بیرە لەوانەبێ کە چەواشەیان نەکات و وەک کەتنێکیش لە دڵیاندا جێی خۆی نەگرێ، بەجۆرێکی وا کە سەرخۆشیان بکات و خوتوکەی لە خۆبایی بوونەکەیان بدات. چونکە ئەوانە لەبەر ئەوە بیرێک پەسەند ناکەن کە هۆش ئەیگرێ، ئەوان لەبەرئەوە پەسەندی ئەکەن کە وەک نۆشکردنێکی مەی وایە و سەرخۆشیان ئەکات. واتا هەر لەو نۆشکردنە ئەکات کە سەرخۆشێک ئەیکات، هەر بۆ ئەمەی بەخۆی بڵێ: منم سواری مەیدان و ئازی ئازایان!... جا لەبەرئەوە کە تۆ ئەکەویتە پرس و لێکۆڵینەوە لەگەڵ یەکێک لەوانە، خۆت وا نایێتە پێش چاو کە بەرامبەر مرۆڤێکی وا ڕاوەستاویت کە خاوەن بیرێکە و لەو بیری خۆی تێ ئەگات و ئەیەوێ کەسانی تریشی لێ تێ بگەیێنێ و، ڕێ ئەدات بەوەی پێچەوانەی بیرەکەی قسە بکرێ و، مقۆمقۆیش لەسەر ئەو بیرەی لەگەڵدا بکرێ... تۆ خۆیت وا دێتە پێش چاو، کە بەرامبەر ئافەریدەکراوێکی وەهایت کە پارچەیەک تلیاکی خواردووە و لە هۆش خۆی چووە. نایشییەوێ بێتەوە هۆش خۆی. هەرکەسێکیش خەبەری بکاتەوە بەگژیا ئەچێ، نەخوازەڵا ئەگەر وریایشی بکاتەوە و هەڵەکانیشی دەربخات. ئەمیش هەر لەو



کەسە ئەکات کە بەنگ کێشە و لەو کەسە تووڕە ئەبێ کە سەرخۆشییەکەی لێ تێک ئەدات. جا ئەم جۆرە ئالۆشبازی و ئارەزوو بازییە، هەر خۆی بەڵگەیەکە کە ئەم جۆرە تاوانکارانە لە (خواستی ئازاد) و (نیازی ڕاستەقینە)دا چەندە بەشدارن!...

چونکە پیاوی ئارەزووباز (المتهوس) ئەو ئافەریدە کراوەیە کە ئارەزوویەک بەسەریا زاڵ بووە و ناتوانێ خۆی لە دەستی ڕزگار بکات. هەموودەم دوای ئەو ئارەزووەی خۆی ئەکەوێ، کە زاڵ بووە بەسەر هۆش و خواست (إرادە)یا. کەوتۆتە ژێر چنگی ئەو (ئارەزوو)ەوە چۆنی بوێ، چەشنی گیانلەبەری دڕندە، یاخود ئامرازی مەکینە ئەیبزوێنێ. نە بڕیاری هەیە و، نە خواست و نە دەستکردن بەجێبەجێ کردنی نیاز، نە ئازایەتی هەیە و نە توانا. گیانلەبەر چۆن لێی ئەخوڕێ، ئەویش ئارەزوو و ئالۆشەکەی وا لێی ئەخوڕێ.

هەر لەبەر ئەمەیشە، کە هاتو تووشی سەرگەردانیەک بوو: دای چڵەکاند و چاوی کردەوە، ئەم (ئارەزووبازی)یە هەڵ ئەگەڕێتەوە. کاتێ کە لەو کۆمەڵەیش جیا ئەبێتەوە، کە خوێن گەرمییە دڕۆکەی خۆی لەوانەوە بۆ ئەهات، دەمودەست ترس و لەرز ئەچێتە دڵیەوە، لە ترسی تەنگانە ئەتۆقێ و ئارەزووی مردن ئەکات. حەز ناکات، هاوڕێکانی لە ڕزگاربووندا بن و خۆیشی بەتەنیا سزا بچێژێ.

***

هەرچی سروشتی دروست و تەواوە، لە توانایدا هەیە کاری بەردار بکات. ئەرکی سەرڕاستی و کاردروستی بەلاوە گران نییە.

بەڵام سروشتی ئاڵۆزاو، لە توانایدا نییە هیچ فەرمانێکی بەردار بباتە سەر. چونکە کاری تەواو دەمارە مێشکییەکانی ئەورووژێنێ لە پێش فەرمانکرندا. بەهۆیەکی سەرپێیشەوە نەبێ هیچ دەمێک ناکەوێتە کار، کە زۆری پێ ناچێ لە ئارادا نامێنێ و ئەبێ دووبارە تێی بووەژێنێتەوە تا بکەوێتەوە کار.

جا خاوەنی ئەم جۆرە سروشتە ئاڵۆزاو و ژاکاوەن کە پڕ ئەدەنە هەموو جۆرە کەتن و تاوانێک و ئەیانکەن.

ئەوانە بۆیەکا دەست ئەدەنە کردنی ئەو کەتن و تاوانانە، چونکە لە توانایاندا نییە کاری بەردار هەڵسووڕێنن کە پێویستی بەسەر ڕاستی و کاردروستی و هۆگربوون هەیە تا تەواو ئەبێ. ئەگینا لەبەر ئەوە نییە کە بەشی خۆیان ئازایەتییان هەیە و گوێ نادەنە تەنگانە و مەترسی.

هەندێ لەوانەی کە ئەم جۆرە سروشتە ناهەمووارەیان هەیە، ئەو تاوانبارانەن کە خەریکی شت لە سنوور دەربازکردنن(*).

جا لە ڕووی ئەم جۆرە سروشتە ناهەموارەوە، جیاوازییەک نییە لە ناوەند ئەم تاوانبارانەوە و کۆمۆنیستە تاوانبارە ترسێنەرەکانەوە. چونکە ئەو کەسەی خەریکی دەربازکردنی ژەهرەکان و شتە بەربەستکراوەکان بێ لە سنوور، ئەزانێ کە ئەگەر گیرا ئەخرێتە زیندانەوە. ئەزانێ کە دوور نییە بیکوژن. ئەچێتە دەرەوە بۆ چۆڵ و بیابانەکان، بەچەکەوە ڕێ بەیاساوڵە چەکدارەکان ئەگرێ. خۆیشی ئەوە نازانێ کە لەو ڕێگایەدا ئەکوژێ یاخود ئەکوژرێ.

ئەو کابرایە، ئەوە هەر لەبەر ئەوە ئەکات: کە ناتوانێ بەڕەنجی شان نان پەیدا بکات، چونکە کاری بەرهەمدار، سەرڕاستی و کاردروستی و تێکۆشانی بێ بڕانەوەی ئەوێ. ئەو هەموو دەم پێویستیی بەدەماری مێشک وروژاندن هەیە، تا درێژە بدات بەجەربەزەییەکانی خۆ و لەگەڵ چاوبرسێتییە پڕ گوناهەکەی خۆیدا بەڕێوە بڕوات. چونکە هەر کارێ بەم جۆرە نەبێ، کە پڕی بێ لە پچڕپچڕی و پەلەپەل و گلاراوی، ئەو پێی ناکرێ.

جەربەزەیی تاوانبارەکانی سەر سنوور کە شتومەکی بەربەست کراو دەرباز ئەکەن، هەروەک جەربەزەیی تاوانبارە ترسێنەرەکانی کۆمۆنیست وەهایە. لەم هەردوو جۆرە جەربەزەییەدا نە (ئازایەتی) هەیە، نە (توانایی). هەردوو لایان، لە ڕاستیدا، بەچەشنی یەکتر، بریتین لە کاری نەنگ، کە لەوەوە هاتووە خاوەنەکانیان کاری سوودبەخشیان پێ هەڵناسوڕێ.

جا ئەگەر هاتین و بەراوردێکمان کرد لە ناوەند (تاوانکاری شت دەربازکەر لە سنوور) و (تاوانکاری ترسێنەر)دا، ئەم (تاوانکاری ترسێنەر)ە لەوی تر خراپترە.

چونکە (تاوانکاری شت دەربازکەر لە سنوور) خۆی بەئاشکرا بەخۆی ئەڵێ: چاوبرسیم. پەڵەی کەتنەکەیشی لە کەس نادات، چەشنی تاوانبارە ترسێنەرەکان. هەروەها (تاوانکاری شت ڕفێن) زیان هەر بەو کەسانە ئەبەخشێ کە کاری لەگەڵ ئەکەن. بەڵام زیانی (تاوانکارە ترسێنەر)ەکان هەموو خاکەکە و هەموو نەتەوەکە ئەگرێتەوە.

هەروەها (تاوانکاری شت ڕفێن)، یاخود (تاوانکاری شت دەربازکەر لە سنوور)،

(*) بەمانا: (قاچاخچێتی).



ئەزانێ چی ئەکات. ئەو جۆرە (ئارەزووبازی)یە بەسەریا زاڵ نابێ کە خۆی پێ چەواشە بکات و، بیەوێ کەسانی تریشی پێ چەواشە بکات.

بەڵام ئەوانەی لێ دەرچن، هەردوو جۆرە تاوانبارەکان بێ کارە و بێ دەسەڵات و سروشت ئاڵۆزاون. هەرچەند نەتەوە لە ڕەگ و ڕیشەوە دەریان بهێنێت و پەکی تاوانکردنیان بخات و هۆی تاوانکردنیان لەناو ببات و، ڕێگای فەرمانی بەرهەمداریش بۆ کەسانی کارگوزار و کارچاک بکاتەوە، ئەوەندە ئەکەوێتە حەسانەوە و سرەوتەوە.

## بەربەستی دەستدرێژی بێگانە بکەن

ئەوە ئاشکرایە کە (کۆمۆنیستی) هەرچی لە دەست بێ ئەیکات هەر بۆ ئەمەی هۆی ئاژاوە و کاولکردن لە هەموو لایەکی جیهاندا بڵاو بکاتەوە.

جا (میسر)یش لە چنگی ئەم جووڵە جیهانییە ڕزگاری نەبووە. تەنانەت لە سەروو هەموو ئەو خاکانەوەیە کە (کۆمۆنیستی) ئەیەوێ بانگەوازی خۆی تیا بڵاوبکاتەوە. ئەمەیش لەبەر ئەوەیە کە (میسر) جێگایەکی ناوازەی هەیە لە ڕۆژهەڵاتی نزیکە و، لە پەیوەندیی دەوڵەتاندا. ئەوەیش ڕەنجێکە و بەخۆڕایی ئەڕوات، ئەگەر هۆی ترس و دڵ ئازاری هەر لەناو خاکی (میسر)دا چارە بکەین. پێویستە دەست درێژییەکانی بێگانەیش بۆ (میسر) کە لە کۆمۆنیستەکانەوە ڕوو ئەدەن لەگەڵ ئەوەدا چارە بکرێن. چونکە چارەکردنی هۆیەکانی ناوخۆ بەربەستی ئەوە ناکات کە ئاژاوەخوازەکانی دەرەوە هۆی خۆ هەڵبەست دروست بکەن بۆ ئەمەی ئاژاوە هەڵبگیرسێنن. چونکە تا ئاژاوەنانەوە بریتی بێ لە بازرگانییەکی بەسوود بۆ هەندێ کەس و، تا ئەوانەیش لە ئافەریدەکراوە خراپەکان بن، بەپێی ئەو کارەی کە کرێی لەسەر وەرئەگرن، ئەم کاروبارە ئەبێ وابن. لە ڕاستییشدا وایە: بازرگانانی ئاژاوەگەری هەرگیز لە خاوەن دەروون و کردەوە بڵندەکان نابن.

بەتەنیشت هەموو (مانگرتن)ێکی واوە کە هۆیەکەی زانرابێ، لەم ڕۆژانەدا بیست (مانگرتن)ی وا ئەبینین کە هەرگیز هۆیەکی پەسەندیان بۆ نادۆزرێتەوە. ئەوانە لە ڕاستیدا خۆهەڵبەستانە، جار لە دوای جار، هۆی نوێ بۆ ئەو (مانگرتن)انە دروست ئەکەن.

ئەوانەی ئەم ئاژاوانە ئەنێنەوە و گێچەڵ هەڵ ئەگیرسێنن، وا دەرئەکەون کە حەز لە ڕێککەوتن و تێگەیشتن لەیەکتری ناکەن، هەروەک نایانەوێ تێ بگەن، کۆمۆنیستیشی بۆ ناکەن. چونکە مەبەسیان (بیانوو هێنانەوە) و (تێکدان)ە، نەک (چاکەخوازی) و (بەزەیی پیاهاتنەوە) و (دادپەروەری).

ئەوانەی پشێوی ئەنێنەوە، حەز لە دادپەروەری و چاکەخوازی ناکەن، هەر کەسێکیش هەوڵ بۆ ئەوانە بدات تەگەرە لە کاری ئەدەن. چونکە ئەوانە بۆ ئەوە پارەیان ئەدرێتێ کە درێژە بەپشێوی و ئاژاوە بدەن، نەک نەهێڵن بقەومێن و هۆی قەومانیان لەناوبەرن.

ئەگەر بهاتایە ئاژاوەگەرەکان، خۆیان، ببوونایە بەپێخۆری ئاگری شەڕوشۆڕەکە و لەناو بچوونایە، هەرگیز نەیان ئەوێرا خۆیانی تێ بکوتن. بەڵام ئەوان پارەیان دەست ئەکەوێ و لە خۆیشیان دڵنیان کە هیچیان لێ نایەت و کەسانیتر تیائەچن. هەرچەند (ڕێ لێ ونبووان) و (چەواشەکراوان)یش زۆر بن لەناو ئەو کەسانەدا کە لەناو ئەچن، هۆی ئاژاوە و پشێوی و شەڕوشۆڕ زۆرتریان لێ دێ.

بازرگانی ئاژاوەگەری گەیشتۆتە پایەیەکی وەها کە لەبەر خراپەکارییەکەی و خەباتکردنی بۆ کاولکردن و تێکدان، پارەیەکی زۆری پێ ئەبەخشرێ. ئەو باکی ئەوەی نییە، کە لە پیشەکەی خۆی دەری بهێنن. چونکە دەمودەست تۆڵەی بۆ ئەکرێتەوە. هەرچەندێکیش پێویستی بێ بەپارە بۆی بەخت ئەکرێ.

ئەو پارەیەیش کە بۆ ئەم جۆرە مەبەستانە بەکار ئەهێنرێ یەجگار زۆرە.

ئەوەیش لە نەشارەزاییەوەیە کە خاوەن لێکۆڵینەوە بگەڕێ بەدوای ئەو (بانک)ەدا کە بەناوی (کۆمۆنیستی)یەوە، یاخود بەناوی یەکێک لە بانگخوازەکانی کۆمۆنیستی و بڵاوکەرەوەکانی کۆمۆنیستییەوە پارەی تیا دانرابێ.

چونکە کۆمۆنیستەکان خۆیان دەرناخەن بۆ کەسانیتر و، پارەی خۆیشیان تووشی لەناوچوون ناکەن. بەڵام پەکیان ناکەوێ لەسەر فێڵێکی نهێنی کە بەکاری بهێنن بۆ ئەوەی پارە بگەیێننە بەکرێ گیراوەکان و دەست و پێوەندەکانی خۆیان. ئەوان هەر لە سەردەمی (چار)ی ڕووسەوە، خۆیان بەم جۆرە فڕوفێڵ و شێوەی کارەوە ڕاهێناوە.

ئیتر لە پاش ئەوە کار ئەوەندە گران نابێ کە پێویستی بەئەرکێکی زۆر و فڕوفێڵێکی زۆر ببێ.

وەک بیستوومانەتەوە بابەتی یارمەتییان زۆر بۆ ئامادەکراوە، کە هەر لە ئێستاوە بەکاری ئەهێنن و کاریشی بۆ ئاسان کردوون.

یەکێک لەوانە ئەوەیە ئەو کەلوپەلانەی کە لە خاکە کۆمۆنیستەکانەوە دێن، نرخەکانیان لە (میسر)دا ئەهێڵنەوە، نایانێرنەوە ئەو شوێنانەی کە لێیانەوە هاتوون. ئەو پارانە لێرەدا ئەمێننەوە، هەر بۆ ئەوەی بدرێن بەو کەسانەی کە خەریکی چاوڕاوکردنن بۆ کۆمۆنیستی و بۆ کاولکردن و تێکدان لە (میسر)دا هەمووددەم لە کۆششدان.



هەروەها یەکێک لەوانە ئەوەیە: هەندێک لەو (ئەرمەنی)یانەی کە ساڵی پار گەڕانەوە (ئەرمەنستان)، لەجیاتی زەوی و خانووەکانیان لە میسردا پارەیان وەرگرت. ئەو زەوی و خانووانەی هەیانبوو دایاننا بفرۆشرێن یاخود بەکرێ بدرێن، تا نرخەکانیان و کرێکانیان بدرێن بەوانەی کە لە میسردا کۆمۆنیستی بڵاوئەکەنەوە. هەروەها جێ دەستکەوتێک هەیە پێویستی بەشاردنەوەیەکی زۆر نییە، چونکە لە دەست یاریدەدەرەکانی (سەهیۆنی)یەکاندایە کە لە میسردان و کەمیش نین. لەم سەردەمەی دواییدا (کۆمۆنیستی) و (سەهیۆنی)یەکیان گرت و ڕێوشوێنێکی خەبات کردنیان بۆ خۆیان دانا.

(کارل مارکس) شتێکی گوتووە، ڕاستی کردووە. چونکە لەو ڕووداوەوە دەری هێناوە کە کار و کردەوەی هەندێ لە خاوەن سامانەکانی هەموو نەتەوەیەک پشتگیری ئەکات. (کارل مارکس) گوتوێتی: «ئەوانە دەستی خۆیان تێکی ئەدەن. بێ ئەمەی هەست بەخۆیشیان بکەن ئەیدەنە دەست کۆمۆنیستەکان».

جا ئەگەر ئەوە ڕاست بێ کە بیستوومانە لە بابەت هەندێ سەرمایەدارانی میسرەوە، ئەوانە ئەمەندە کوێراییيان داهاتووە هەر بەئەندێشەی (مارکسی)یەکانیشدا نەهاتووە. چونکە بەشێکی گەورە لە سامانەکانیان تەرخان ئەکەن کە لە هەموو ئاژاوە و شەڕوشۆڕێکدا بەختی بکەن. ئەوانە وا ئەزانن کە ئەگەر ئاژاوەیان نایەوە و، ئاسایشیان تێک دا و، گیروگرفتیان بۆ ئەو فەرمانڕەواییيانە دامەزراند، کە بەربەستی چاوچنۆکی و چاوچلێسییان ئەکەن و، دوای قسەیان ناکەون لەو مەبەستانەدا کە پڕوپووچ و ناپووختەن، ڕاژە (خدمت) پێشکەشی هاوبەشی (شرکە)یەکان و کۆگا بازرگانییەکانی خۆیان ئەکەن و کەڵکیان پێ ئەگەیێنن.

ئەوانە وا ئەزانن کە (فەرمانڕەوایی)، بەتەنیا، تووشی ئەو سەرگەردانییە دێ، کە (کۆمەڵایەتی) بەهۆی ئاژاوە و کاولکردنەوە تووشی دێ!

جا ئەگەر ئەم هەموو پارانە بکەونە ژێر چنگی بەدکاران و ئاژاوەگەران و تێکدەرانەوە، هەر ڕەنجێ بدرێ بۆ چارەکردنی (خراپە) لەناو سنووری ناوخۆدا بەبائەچێ. چونکە لە پەناوە ئەم جۆرە دەستانە کە لە دەرەوە دێنە ناو خاکی میسرەوە، هەمووددەم لە کاردان بۆ دروستکردنی (خراپەکاری) و، لەم خراپەکارییەیش کەڵک وەرئەگرن. ئەوانە بێجگە لەوەی لە توانایاندا هەیە ئەو (خراپەکاری)یە، هەمووددەم بهێننە گۆڕێوە، وازیشی لێ ناهێنن، چونکە لە خۆیان دڵنیان کە هیچیان لێ نایەت.

***

لەناو هەموو کۆمەڵێکا کە پاڵی پێوە ئەنرێ بۆ ئاژاوەنانەوە، تاک و تووک هەن، لەژێرەوە ناسراون، کرێی خۆیان وەرئەگرن و (بابەتی خۆیان) ئەفرۆشن. بەڵام کام (بابەت)؟

سەدان یاخود هەزاران (کارگەران) و (لە خۆبایی بووان) هەن کە تووشی (بێ کاری) دێن، پاڵیان پێوە ئەنرێ و هان ئەدرێن، بۆ تێکدانی ئەو پیشەسازییەی کە لەسەری ئەژین.

ئەو (بابەت)ەیش کە ئەیفرۆشن، ئەرکێکی زۆری پێ ناوێ بۆ ئەمەی بدرێتە دەست کڕیار، چونکە ئەو (بابەت)ە بریتییە لە ورووژاندنی کارگەرەکان. دیارە کە ئەوەیش کرا، هەندێکیان لە فەرمان دەرئەکرێن و هەندێکیشیان سزا ئەدرێن. دوای ئەوە پێیان ئەگوترێ بگەڕێنەوە سەر فەرمانی خۆیان، پاش ئەوە گفتوگۆ ئەکرێ لە ناوەند نوێنەرانی ئەوان و کاربەدەستانی کارخانەکەدا، بۆ ڕێککەوتن و لابردنی ستەم لەسەریان. جا ئەگەر ئەمە پێکهات، ئەوا ئاژاوەگێڕەکان بە(مەبەست) گەیشتوون و کرێی خۆیان لەو ئاژاوەگێڕییە وەرئەگرن. لە سزادانیشەوە دوورن و هیچیان لێ نایەت. جا ئەگەر کارەساتەکە گەیشتە ئەو ئەنجامە کە هەندێ لە کارگەرەکان تەفروتونا بکرێن و بێ کار بهێڵرێنەوە، ئەوەیش ئەبێتە (گیروگرفتێکی تازە)، کە هەر (بەکرێگیراوەکانی کۆمۆنیست) کەڵکی لێ وەرئەگرن. سەرگەردانیش هەر بۆ ئەو کارگەرە کلۆڵانە ئەمێنێتەوە کە بێ کار ماونەتەوە و تەفروتونا کراون، لەگەڵ کاربەدەستاندا.

جا ئەگەر ئاژاوەنانەوە بەم ئاسانییە پێک بێتو، کرێی ئاژاوەنانەوەیش بەم زۆرییە بێت و، دوارۆژی ئاژاوەگەرانیش بەم جۆرە بێ وەی دەربچێ، ئیتر ئاژاوەگەری ڕاهاتوو بەئاژاوەگەرییەوە، بۆ چ ئەم کرێ زۆرە لە دەست خۆی ئەدات و دەست بەکەڵکی خۆیەوە ئەنێ؟!...

بۆی هەیە بەشی خۆشیی پارەی ئاژاوەگەری وەربگرێ و خۆشیی بێ بەش نەهێڵێتەوە لە ناوبانگی مەردایەتی و دلێری لە ئاژاوەگەریدا جا ئەگەر لە (میسردا) تاوانباران هەبن لە وتاوانبارانە خراپتر ئەوکە سانەن کەئەم تاوانباری یە دڕندانەیە بەسەر سوڕما نێکەوە و پشت گرتنێکەوە و هانە دانێکەوە ناو ئەهێنن.

جا ئەم بارە ناهەموارە کە لە (میسر)دا پەیدابووە، لە سەرچاوە گەورەکەیەوە، واتا لە کۆمۆنیستی جیهانییەوە، گەیشتۆتە ئێرە. هۆی ئەم بارە گەورەیە. چار نییە ئەبێ دەست



لەم (هۆ)یە بوەشێنرێ. ئەبێ دەستێکی وایشی لێ بووەشێنرێ کە نەیەتەوە هۆش خۆی و لەناویش ببرێ. هەر هیچ نەبێ وای لێ بکرێ کە لە (هۆ)یەکانی ناوخۆ دوور بخرێتەوە. ئێمەیش ناتوانین چارەی دەردەکانمان بەدەرمانی کاریگەر بکەین، هەتا ئەو (هۆی دەرەوە)یە بمێنێتەوە و بتوانێ بەخۆڕایی گیروگرفت و گەڕوگێچەڵە دروست بکات و بهێنێتە کایەوە، یاخود بتوانێ هۆی ئاژاوەنانەوە دروست بکات و خۆیشی بێ وەی بمێنێتەوە.

هەموو خراپەکارییەکیش، لایەکی چاکی هەیە، ئەوی بیەوێ ئەتوانێ کەلکی لێ ببینێ.

جا ئەگەر (ئایینە پیسەکەی کۆمۆنیستی)، خۆی لە خۆیدا پڕ لە چڵکاو نەبووایە و، پڕ لە پشم و قینی دڕندانە نەبوایە و، دووریش نەبوایە، لە کردەوە و ڕەوشتی چاکی مرۆڤایەتییەوە، ئەم ڕێگایەی بەباش نەئەزانی بۆ خۆی کە بەکاری بهێنێ تا بگاتە مەبەستێک لە مەبەستەکانی خۆی کە ئەویش تێکدان و کاولکردنە. بەڵام ئەم ڕێگایە تا هەرچەندێ پیابڕۆن، نایانگەیێنێتە شتێکی ئەوتۆ لە مەبەستەکەیاندا.

## ئیسلامەتی و کۆمۆنیستی

لە پایتەختی ئینگلیزەکاندا، دەنگ بڵاوبووەوە: کە ئەو بڕیارنامانە[*] (تقارير)ی (کۆگرەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) وەری گرتوون، وا ئەگەیێنن کە ئەو چست و چالاکییەی (کۆمۆنیستی) لە خاکە عەرەبەکاندا ئەینوێنن، لە هیچ خاکێکیتردا نانوێنن. خاوەنی ئەو بڕیارنامانەیش بەلایانەوە وایە، کە ئەو قسەیە ڕاست نییە کە ئەڵێ: «خاکە ئیسلامەکان ئەتوانن لە (کۆمۆنیستی) خۆیان بپارێزن، هەر لەبەر ئەوەی کە (ئیسلامەتی) و (کۆمۆنیستی) لەگەڵ یەکتردا ڕێکناکەون». چونکە (کۆمۆنیستەکان) گەلێک جار توانیویانە کۆمەڵە ئیسلامەکان چەواشە بکەن و بەکاریان بهێنن بۆ ئەمەی ئەو بیروباوەڕانە بڵاوبکەنەوە کە بەرەنگاری (ڕۆژئاواییە خوانەناسەکان) ئەبن و بە(نۆکەری دینار)یان دائەنێن.

هەرچییەک و ئەوەیە کە (کۆمۆنیستی) لە خاکە عەرەبەکان و خاکە ئیسلامەکاندا بەشێکی زۆر و ناوازە لە چاوەڕاوەکانی خۆی بڵاو ئەکاتەوە، بەدەنگوباسێکی تازە دانانرێ. چونکە ڕووداویش ئەوە دەرئەخات و هەموو کەسێکیش هەر ئەوەی بەبیردادێ کە کۆمۆنیستەکان وا بکەن. لە ڕاستیشدا هەر ئەبێ بەم چەشنەبێ. چونکە خاکە عەرەبەکان و

(*) ڕاستتر: ئەو ڕاپۆرتانەی.

خاکە ئیسلامەکان کەوتوونەتە سەر چەقی ڕێگای هەموو کەڵەخاکەکانی هەموو جیهان، بێجگە لەوە بوونەتە بنکەی (سەرکردایەتی گیانی) بۆ سەدان ملیۆن کەس لە (ئاسیا) و (ئەفریکا)دا.

هەروەها ئەوەیش شتێکی تازە نییە کە (ئایینی ئیسلامی) تەگەرە لە (کۆمۆنیستی) ئەدات لە بڵاوکردنەوەی بانگەوازەکەیدا، یاخود لە گەشەکردن و پەرەپێدانی مەبەستەکانیدا. بەڵام ئەوەی کە (ئایینی ئیسلامی) تەگەرە لە (کۆمۆنیستی) ئەدات و، و گەورەترین کۆسپیشە لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی کۆمۆنیستیدا، داخەکەم بەبیروباوەڕێکی ڕاست ناژمێررێ. ئەگەر (کۆمۆنیستی) ئاینێکی خاوەن ڕێز بووایە و، پشتی بەوەیش ببەستایە کە کەسانی تر بخاتە سەر (بیر)ێکی وا کە لێی لانەدایە، (ئایینی ئیسلامی) ئەبوو بەکۆسپی هەرە گەورە لە ڕێگای پەرەسەندن و بڵاوبوونەوەیدا.

ئەگەر وا بووایە، (کۆمۆنیستی) لە هەموو (باوەڕی)یەکیدا دەستەویەخەی باوەڕییەکانی ئیسلامەتی ئەبوو. ئەوساکەیش بانگ کارە کۆمۆنیستەکان نەیان ئەتوانی موسڵمانەکان لە خشتە ببەن بیانخەنە سەر بیروباوەڕی خۆیان، لە کاتێکدا کە ئەو موسڵمانانە شارەزای ئایینی خۆیان بوونایە.

بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەتا، کە (کۆمۆنیستی): «بریتییە لە گەلە کۆمەکێ (مؤامرە)یەک[*]، مەبەستی کردنی کەتنێکی گەورەیە» بۆ ڕووخاندنی ئەو شارستانێتییەی کە هەیە، نەک باوێکی تازەی ڕێز لێ گیراو، کە پاڵ بداتەوە بەچەند بیرێکی ئاشکرای واوەکە هەرگیز لێی لانەدات.

(کۆمۆنیستی) گەلەکۆمەکێیەکە، خاوەنەکانی بەهەموو ڕەنگێ خەریکن ئەو کەتنەی بڕیاریان لەسەرداوە، جێبەجێی بکەن. باکی ئەوەیشیان نییە کە کەسانیتر چەواشە بکەن، بە(بیروباوەڕەکان)ی خۆیانەوە. هەرگیز شەرم لە خۆیشیان ناکەن، کە ئایینەکەی خۆیان بەشێوەیەکی وا پێشان بدەن، کە کۆمەڵێک لە کەسانی تر پێی چەواشەبن و پەسەندی بکەن، بام لە دوو جۆر شێوەی دژی یەکترییشدا پێشانی بدەن، کە بەپێی سەردەم و، بەپێی خاکانی[**] جوێ جوێ بەکاریان بهێنن.

کۆمۆنیستەکان پڕ بەدڵ بەرپەرچی (نیشتمانپەروەری) ئەدەنەوە ئەوان

(*) وەیان: پیلانێک.

(**) وەیان: بەپێی وڵاتانی جیاجیا.



(نیشتمانپەروەری) بەفێڵێک لە فێڵەکانی دەوڵەمەندان دائەنێن، گوایە مەبەسیان لەوە چەوساندنەوەی کارگەرانە. کەچی هەر ئەو کۆمۆنیستانە خۆیان ئاگری (نیشتمانپەروەری) لەناو ئەو خاکانەدا خۆش ئەکەن، کە فەرمانڕەوایییەکانیان بەگژ کۆمۆنیستەکاندا ئەچن، یاخود کۆمۆنیستەکان بەگژ ئەواندا ئەچن. کۆمۆنیستەکان لە (چین)دا وایان کرد، هەر لە پێش شەڕی جیهانیی دووەمەوە هەتا چەند مانگێک لەمەوپێش. واتا هەتا ئەو دەمەی کە تای تەرازووی (کۆمۆنیستەکان) گرانتری لێ هات لە تای تەرازووی (نیشتمانپەروەرەکان).

لە خاکی (فەڵەستین)یشدا هەروایان کرد، هەر لە پێش دەرچوونی ئینگلیزەکانەوە لەوێ تا پاش دەرچوونیان. پەیڕەوە کۆمۆنیستەکانیان لە (فەڵەستین)دا، بزووتنەوەکەی خۆیان ناو نابوو: (بزووتنەوەی ئازادکردنی نیشتمانی)، تا گەیشتنە ئەودەمەی کە بتوانن واز لە بڵاوکردنەوەی (نیشتمانپەروەری) بهێنن. ئیتر لەوە وازیان هێنا و بەناوی (جەنگی چینایەتی)یەوە دەستیان دایە شەڕکردن لە دژی نیشتمانەکانی عەرەب، هەموویان. جا کۆمۆنیستەکان، لە چاوڕاوکردن و چەواشەکاری خۆیاندا هەر لەسەر ئەم دەستوورە ئەڕۆن لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە خواناسی ئەکەن، بەمەرجێ پێویستییان بەسوێندخواری و یارمەتیی ئایینەکان هەبێ.

جاری وا هەیە کۆمەڵانی ئایینی وا دائەمەزرێنن، کە خۆیان وا پێشان بدەن بەتوندوتیژی لەسەر ئایین ئەکەنەوە و خۆیان لەپێناو ئاییندا ئەدەن بەکوشت، کەچی لە ژێرەوە خەریکی بڵاوکردنەوەی (کۆمۆنیستی)ن و ڕێگای دامەزراندن و پەرەسەندنی بۆ تەخت ئەکەن.

لای خۆیشمان ئاگادار (شاهد)ێکی[*] نزیک هەیە، کە ئاگای لەم جۆرە چەواشەکارییە هەیە لە بانگەوازیدا: ئەویش دەستەی ئەو چەتانەیە، کە لە شێوەی کارکردن و بابەتی کارکردنیاندا هەر لە چەتەکانی کۆمۆنیستییان ئەکرد و، هەر لەو کۆمۆنیستانەیشەوە چەکی کوشندە و تەقەمەنییان وەرئەگرت.

ئەم دەستەی چەتانە، لە ڕێگای ئاژاوەنانەوە و بڵاوکردنەوەی پشێوی و گلاراوی و یاسا تێکدانەوە، گەلێک ڕاژوی پێشکەشی کۆمۆنیستی کرد.

جا ئەو بانگەوازەی کە لەسەر بیرێک دامەزرابێ، هەر بیرێکە کە بەربەستی بکات. هەر باوەڕێکە کە چەقی ڕێگای پێ بگرێ.

(*) ڕاستتر: گەواهێکی، شایەدییەکی، نموونە و بەڵگەیەکی.

بەڵام ئەو بانگەوازەی کە بگۆڕێ و ببێتە گەلەکۆمەکێیەکی نەنگ و ناپەسەند و، نووچیش بگرێ لەسەر ئەوەی کە تاوانە گەورەکەی خۆی، بەهەرچی شێوەیەکی فڕوفێڵبازانە ببێ، جێبەجێ بکات، پێویستە هەر بەچەشنی گەلەکۆمەکێ شەڕی لەگەڵدا بکرێ.

شەڕیشی بەم جۆرە لەگەڵدا ئەکرێ: کە هێزی یاسا و ئاگاداری کاربەدەستانی دڵسۆز بۆ دامەزراندنی یاسای بکرێ بەگژدا. جا ئەگەر گوتیان شەڕکردن لەگەڵ کۆمۆنیستیدا بەچەکی یاسا بەتەنیا بەکەڵک نایەت، ئیتر ئێمە ئەبێ (کۆمۆنیستی) خۆی و بانگ دان بۆ (کۆمۆنیستی) لە یەکتر جیا بکەینەوە.

بەرەنگاری کردنی کۆمۆنیستی خۆی بەوە ئەکرێ کە گوزەران خۆش و ئاسان کرێ، دڵنیایی و دڵخۆشی و ئاسایش بڵاو بکرێتەوە، هۆی سکاڵاکردن و بۆڵەبۆڵ کردنیش لە ئارادا نەهێڵرێ، بەتایبەتی لەناو چینی هەژاراندا.

ئێمە هەرچییەک بکەین دژی کۆمۆنیستی، لەم چەکە باشتر ناتوانین بەکاربهێنین هیچ چەکێکی تریش دەرەقەتی کۆمۆنیستی نایەت، ئەمە نەبێ، بام هەموو یاساکانیش پشتی بگرن.

هەرچی بانگەوازیشە بۆ کۆمۆنیستی، چاککردنی گوزەران و خۆش کردنی پەکی ناخات. بەپێچەوانەوە پەرەی پێ ئەدات و خاوەنەکانیان ئەورووژێنێ و هەمووەدەم هانیان ئەداتە سەر ئەوەی کە خەباتیان زۆرتر لێ بکەن و هۆی تازە بدۆزنەوە بۆ هاندانی کەسانی تر و وروژاندنیان بۆ خراپەکاری.

کەواتە کۆمۆنیستەکان بەدوای چاککردن و ڕاستکردنەوەی باری ئابووری هەژاراندا ناگەڕێن. لەجیاتی ئەوە ئەچن خاوەن مووچەی بارمتە کرا و هان ئەدەن بۆ سەر ئەو کەسەی کە مووچەکەی لەو زۆرترە، تا چاوی پێ هەڵبهێنێ و قینی لێ هەڵبگرێ و لە ڕۆژی خۆبشیدا داخی دڵی خۆی پێ بڕێژێ.

کۆمەڵایەتییەکانیش ناتوانن واز لە چەکی (یاسا) بهێنن بۆ بەرەنگاری کردنی ئەو کۆمۆنیستە تێکدەرانە. چونکە کۆمۆنیستەکان گەلەکۆمەکێ ئەکەن بۆ جێبەجێ کردنی تاوانێک: ئەگینا خاوەنی بیروباوەڕێکی وا نین کە ڕێزی لێ بگرن و چەواشەکاری تیا نەکەن.

ئەوەندە هەیە ئەو زرنگکارانەی کە ئیمڕۆ بەدوای لەناوبردنی کۆمۆنیستیدا ئەگەڕێن و، لە خاکەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیکەوە دەنگوباس وەرئەگرن لە بابەت چالاکی خەباتی



کۆمۆنیستەکانەوە بۆ بڵاوکردنەوەی کۆمۆنیستی لەناویاندا، مافیان هەیە و وایش پێویست ئەکات کە تەواو لەو دەنگوباسانە بکۆڵنەوە، بۆ ئەوەی بزانن بانگەوازی کۆمۆنیستی لەو خاکانەدا چۆن هەڵئەسووڕێنرێ.

جا ئەگەر زرنگکار (سیاسی)یەکان، ویستیان ئەمە بکەن و توانیان ئەمە بکەن، بەتەواوی، بێ گومان (کۆمۆنیستی)، بەلای کەمەوە نیوەی پەل و پۆکانی لە کەڵک ئەکەون... بێ گومان زرنگکارەکان ئارەزوو ئەکەن ئەمە بکەن. هەروەها لە دەستیشیان دێ ئەمە بکەن. جا ئاخۆ ئەیکەن؟!...

## دوو خوشکن و لە خێزانێکن

لەم ڕۆژانە چاپی دووەمی نووسراوێک دەرچوو، کە ناوی: «بڕیارکاری ئۆرشەلیم»ە. بابەتی نووسراوەکەیش هەروەک لە ناونیشانیەوە دیارە، مێژووی ژیانی خاوەن پایە (الحاج أمين الحنسي)یە، کە بڕیارکار (مفتی)ی هەرە گەورەی (فەلەستین)ە. هەروەها دووبارەکردنەوەی ئەو قسانەیشە کە لە بابەت ئەوی خاوەن پایەوە کراوە، لە بابەت ئاشنایەتی ئەوەوە لەگەڵ تورک و ئینگلیز و ئەڵماندا. لە بابەت چیرۆکی ژیانی ئەو و چیرۆکی ژیانی خێزانەکەیەوە، بەو چەشنەی کە دانەری نووسراوەکە (مۆریس بیرلمان) ئەیگێڕێتەوە.

ئێمەیش کە لەم وتارەدا، بەتەنگ ئەوەوەین لە بابەت ئەم نووسراوەوە قسە بکەین، لەبەر ئەوە نییە، کە لە بابەت کەینەوبەینەیەکی وەهاوە نییە پێویستە هەموو ڕۆڵەیەکی جیهانی عەرەب مێشکی خۆی پێوە خەریک بکات و خەباتیشی بۆ بکات.

بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە ویستمان چاو وەربگێڕین بۆ ئەو پەیوەندییەی کە دەرکەوتنی ئەم نووسراوە بڵاوی ئەکاتەوە لە ناوەند ئەو دوو (ئایینە دەستە خوشکەدا) کە ئەیانەوێ خزمایەتی هەرە نزیکی خۆیان لە کەسانی تر بشارنەوە. مەبەسیشمان لە دوو ئایینەکە: (ئایینی کۆمۆنیستی) و (ئایینی سەهیۆنی)یە. هەر بۆ ئەوەی لە پێناوی کەڵک و چاکەی هەمووناندا، ئەو پەیوەندییەیان دەربخەین و بەتەواوەتیش گومان لە دڵی چەواشەکراوەکانی دەستی کۆمۆنیستەکان و سەرلێشێواوەکانمان دەربکەین.

هەرچی خاوەنی نووسراوەکەیە، (مۆریس بیرلمان)، نووسراوێکی تریشی داناوە لەسەر بەکارهێنانی کۆمۆنیستی، ناوی ناوە: «خەبات بۆ بەکارهێنانی سۆسیالیستی» یاخود (هەرەوەز).

ئەوی نووسراوەکەیشی بڵاوکردۆتەوە، هاوبەشی (شرکە)ی (ڤیکتۆر جولانکز)ە، کە بەخاوەنی گەورەترین دەزگا دائەنرێ، بۆ بڵاوکردنەوەی بانگەوازی (کۆمۆنیستی) لە هەموو خاکی ئەوروپادا. لە (ڕووسیا) بەو لاوە، لە هەموو جیهاندا، دەزگایەکی گەورەتر لەمە نییە کە نووسراو و نامە و بڕیارەکانی کۆمۆنیستی بڵاو بکاتەوە.

کەواتە (سەهیۆنییەکان) و (کۆمۆنیستەکان) چۆن ڕێککەوتن لەسەر بانگەوازێک و دەزگایەکی چاپەمەنی؟ نازانم ئەو کۆمۆنیستانە، کە بەرپەرچی (ئایین) و (نیشتمان) و (نەتەوە) ئەدەنەوە و بەهیچیان نازانن، بەچەشنی پێشەوا گەورەکەیان (کارڵ مارکس) کە وای فێرکردوون، چۆن وا باوەڕیان هێنا بە(فەرمانڕەوایی سەهیۆنی) کە بریتییە لە نیشتمانێکی ئایینی بۆ ڕەگەزێک لە ڕەگەزەکانی ئادەمیزاد و کەسیش لەو کۆمۆنیستانە تیا بەشدار نییە؟

جا ئەگەر ئەوانە (سەهیۆنی)ن و دڵسۆزن لە خوێن گەرمیاندا بەرامبەر نیشتمان و ئایینەکەیان، ئیتر چۆن باوەڕ بە(کۆمۆنیستی) ئەهێنن، کە ئەزانن لە (ڕاستیپەرستی شتەکی) جیا نابێتەوە؟

ئەم چەواشەکارییە، لەوانە نییە، لە کەس بشارێتەوە. لە ڕاستیدا هەردوو (ئایین)ەکە، لە (هۆی کارکردن)دا ڕێککەوتوون، هەردووکیشیان یارمەتی یەکتر ئەدەن بۆ گەیشتن بەیەک (مەبەس)، کە ئەویش کاولکردنی نیشتمانەکانە، چونکە نیشتمانپەروەرییە. کە بۆتە کۆسپ لە ناوەند (سەهیۆنی) و دەسەڵاتداری و بەسەر جیهاندا، وەک ئەوەی کە (یەهودا) موژدەی داوە بەجوولەکەکان لە نووسراوی (سەردەمی کۆن) واتا (تەورات)دا.

(کارل مارکس) ئیسرائیلی بووە... لەناو دەروونی خۆیشیدا، لە (سەهیۆنی)یە زۆرزانەکان بووە. ئەو بۆیەکا (کۆمۆنیستی)ی کرد بە(ئایین) بۆ خۆی و دای ڕشت، بۆ ئەمەی چەواشەی نەتەوەکانی تری پێ بکات و بیانچەوسێنێتەوە بۆ کەڵکی (سەهیۆنێتی) تا بگات بەئاواتی خۆی. چونکە (ڕۆڵەکانی ئیسرائیل) نەیان ئەتوانی بەتەنیا ئەم بارەگرانە بخەنە سەر ئەستۆی خۆیان.

(کارل مارکس)(*)، پیاوێکی خاوەن بەزەیی و کردەوە بڵند نەبووە. لەوانەیش نەبووە کە

(*) کارل مارکس ١٨١٨–١٨٨٣ فەیلەسوفێکی بواری کۆمەڵایەتی ئەڵمانی بووە، لەگەڵ (ئەنگلس)دا پێکەوە (بەیانی شیوعیەت)یان دەرکرد، (نێودەوڵەتی یەکەم)ی دامەزراندووە، کتێبی (سەرمایە) هی ئەوە؛ کە دادەنرێ بەدەستووری مارکسیزم و ڕژێمی کۆمۆنیزمی.



دڵی بۆ کەسانی تر بسووتێ، یاخود بۆ دادپەروەری بژی. هیچ کەسێکیش لە دۆستە نزیکەکانی ئەو ڕەوشت و خووە بڵندانەی پێوە نەدیوە، نەخوازەڵا ناحەز و دوژمنەکانی. خوێندەواریش ئەوەندەی بەسە کە تەماشای ئەو نامانە بکات کە لە ناوەند ئەو و هاوڕێی هەرەتە گەورەی، (ئینگلز)(*)دا هاتووە و چووە، تا بزانێ ئەم هاوڕێیەی چۆن، هەندێ جار، لەسەر ساردی و سڕی و خۆهەڵکێشانەکەی بەبێ باکی و کەمتەرخەمییەوە، کە (کارل مارکس) خۆی ناوی نابوون: «وردە بابەتی خۆشەویستی و هەست پێ کردن»، سەرزەنشتی کردووە.

پیاوێکیش کە وەک (کارل مارکس)، وشک بێ و دڵی وەک بەرد وابێ، لەوانە نییە کە هەموو ژیانی خۆی، وەک خۆی ئەڵێ، تەرخان بکات بۆ خەمخۆری بەرامبەر کز و بێ دەسەڵاتەکان و بەزەیی پیاهاتنەوەیان بۆ ئەمەی لە دەست زۆرداریی دەسەڵاتدارەکان ڕزگاریان بکات.

بام بڵێین (کارل مارکس) قسەکەی ڕاستبێ. بەزەیی زۆر بێتەوە بەکز و بێ چارە و بێ دەسەڵاتەکاندا. بەپێچەوانەی ژیانە تایبەتییەکەی کە پڕێتی لە وشکی و دڵڕەقی. ئەی بۆ چ موژدە بەکز و بێ دەسەڵاتەکان لەو ڕێگایەوە ئەدات، کە ڕووخاندنی (ئایین) و (نیشتمان) و (خێزان). (کردەوە و ڕەوشتی خێزان)ی تیایە و، لە (شتوومەک)یش[1] بەولاوە، بەرپەرچی هەموو شتێک ئەداتەوە، لەم جیهانەدا.

کارگەرەکانی ئینگلیز بەبێ ئەمەی لەم ڕێگایەوە بڕۆن گەیشتنە سەر تەختی فەرمانداری (حُکُمْ). لەوساکەوە کە مافی هەڵبژاردن پەرەی پێ دراوە، هەتا ئەو کارگەرانە بەکامی خۆیان گەیشتوون، تەمەنی پیاوێکی پێوە خەریک نەبوون. جا بۆ ئەوەی ئەو کارگەرانە، لەو خاکە پێشکەوتووەدا بگەنە مەبەسی خۆیان، لە ماوەی چەندساڵێکدا، نە پێویست بەکاولکردنی نیشتمان بوو، نە پێویست بەتێکدانی خێزان بوو، نە پێویست بەلابردنی ئایین.

کارگەرەکانی خاکە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئیمڕۆ داوای دوو ڕیالی تر ئەکەن کە بخرێتە سەر ڕۆژانەکەیان. خاکە یەکگرتووەکانی ئەمریکایش نە خاکێکی کۆمۆنیستییە و،

(*) فردریک ئەنگلز ١٨٢٠–١٨٩٥ فەیلەسوفی سۆشیالیزمەکانی ئەڵمانیا بووە، لەگەڵ کارل مارکسدا هاوبیر و پەیڕەو بوون، کە مارکس مرد ئەو (سەرمایە)ی چاپ و بڵاوکردەوە.
(١) بەشتومەک: (مادە).

نە ئاسانیشە کە بیروباوەڕی کۆمۆنیستی تیا دابمەزرێ. چونکە شارستانێتییەکەی ئەو لەسەر (ئاینی پاکژکار)ە[٤٠]کان دامەزراوە، کە لەسەر ئەوە ڕەویان کرد بۆ ئەوێ، ئایینەکەیان لە تەنگەتاوکردن و بەربەستکردنی فەرمانڕەوایی ئینگلیز بپارێزن. هەروەها چونکە ئەم شارستانێتییە دەرگای پێشکەوتن و بەرزبوونەوە بۆ گشت چینەکان ئەکاتەوە. وەنەبێ ئەوەیش کەم ڕووی دابێ: کە لەوانەی گەیشتوونەتە پایەی (سەرۆک کۆماری) لەوێدا، هەندێکیان لە بچووکترین چینی کارگەران بوون.[*]

کە وای لێ هات (کارل مارکس) لەو پیاوانە نییە، کەوا هەڵکەوتبێ بەهاواری کز و بێ دەسەڵات و بێچارانەوە بێت.

لەگەڵ ئەوەیشدا، نە کاولکردنی نیشتمان و نە تێکدانی ئایین پێویستە بۆ فریاکەوتنی ئەو کز و بێ دەسەڵاتانە و، بۆ خۆش کردنی گوزەرانیان لە ماوەیەکی کەمدا.

بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەتا: تێکدانی ئایین و نیشتمان و زاڵکردنی پوولپەرستی و شتومەک پەرستی پێویستن بۆ تەنیا یەک مەبەست کە ئەویش دامەزراندنی (فەرمانڕەوایی سەهیۆنییە[**]).

جا ئێمە لەمەوە تێ ئەگەین کە (کارل مارکس)ی ئیسرائیلی، هەر خۆی، نەک کەسی تر، بۆ چ موژدەی بڵاوکردنەوەی (کۆمۆنیستی شتەکی)ی داوە بەجیهان؟!...

هەر لەمەیشەوە تێ ئەگەین: بۆ چ بانگەوازی کۆمۆنیستی لە (هاوبەشی سەهیۆنی)یەوە کە دەستەی (ڤیکتۆر جولانکز) ئەگرێتەوە، لە خاکی ئینگلیزدا بڵاو ئەکرێتەوە؟!

هەروەها تێ ئەگەین: بۆ چ پیاوێک وەک (کۆمۆنیستی بیرلمان) هەم کۆمۆنیستە و هەم سەهیۆنی؟ هەروەها بۆ چ لەلایەکەوە باوەڕ ئەهێنێ بەبانگەوازی ئایینی ڕەگەزپەرستی و، لە لایەکی تریشەوە کەسانی تر هان ئەداتە سەر کاولکردنی نیشتمانان و تێکدانی ئایینان و دارِزاندنی ڕەگەزان؟!

---

(١) ئایینی پاکژکار: (مذهب المتطهرین = پیۆریتان).

(*) بۆ نموونە (ئەبراهام لنکۆلن) ١٨٠٩–١٨٦٥ کە لە ١٨٦٠دا سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو بەرزگارکەری کۆیلەکانیش دادەنرێ.

(**) بەداخەوە، ئەم بۆچوونە یەکێکە لە هەرە خاڵە لاوازەکانی مەبەستی دانانی ئەم کتێبەی عەققاد، ئەو یەکلاییانە وەک عەرەبێکی ناسیونالیست، تەنیا و تەنیا بەم شێوایە لە فیکری مارکسی و بزووتنەوەی شیوعیەتی جیهانی ڕوانیوە. بەبێ لەچاوگرتنی ئامانجەکانی دی.



هەروەها لەوەیش تێ ئەگەین: کە (سەهیۆنی)یەک لە (میسر)دا بەملیۆن پارە لە ڕەنجی شانی هەژاران کۆ ئەکاتەوە، پاشان سەهیۆنییەکەی خۆی، بەپەردەیەکی کۆمۆنیستی دائەپۆشێ لەبەر چاوی چەواشەکراوەکاندا کە لەتاو لەخۆبایی بووەکان و کردەوە نەنگە بەدفەساڵەکاندا پەیدا ئەبن.

تەنانەت ئەوەیش تێ ئەگەین کە (سەهیۆنی)یەکان بۆ چ لە (کۆڕی نەتەوە یەکگرتووەکان)دا پشت بەیارمەتی (کۆمۆنیستی)ەکان ئەبەستن؟

(کارل مارکس)، خۆی، زانیویەتی کە بزواندنی نەتەوەکان و هاندانیان بەناوی ئەوەوە کە پشتی (سەهیۆنێتی) بگرن، کارێکە سەرناگرێ... لەبەر ئەوە بەسەرزاری و بەئارەزووی خۆی، بانگەوازی (سەهیۆنێتی)ی بۆ ڕووخاندنی نیشتمان و تێکدانی ئایین، واز لێ هێناوە، بۆ ئەمەی لە ڕێگایەکی ئاسانترەوە بەو مەبەسانەی خۆی بگات، کە ئەویش: هاندانی نەتەوەکانە بۆ سەر خراپەکاری، بەهۆی وروژاندنی سۆزی چاوپێهەڵهێنان و پشم و قین و خۆش نەویستن و تەمەڵی و لەخۆبایی بوون لەناو چینەکانیاندا... بۆ چ لە وروژاندنی ئەم جۆرە ڕەوشتە خراپانە ئاسانتر هەیە لەناو دەروونی گەوجاندا؟ ئێمە ئەوە ئەزانین کە یاساکانی (کردەوە) و (ڕەوشت) و (خوو) ئەمە سەدان ساڵانە خەبات ئەکەن بۆ لەناوبردنی ئەم جۆرە ڕەوشت و خووە نەنگانە، هەتا ئێستاکەیش بەتەواوەتی بەسەریاندا زاڵ نەبوون.

جا ئەگەر، ئیمڕۆ، (پێغەمبەر)ێک بێتە پێشەوە و بەبەدڕەفتار و ناشییەکان بڵێ: (چاوپێهەڵهێنان) و (خۆش نەویستن) و (پشم و قین) و (تەمەڵی) و (لەخۆبایی بوون) بریتین لە کردەوە و ڕەوشتە هەرە چاکەکانی ئایینە تازەکەی، ئەو پێغەمبەرە لەوانە نییە کە داوای شاکاری سەرسوڕهێنەری کەس نەکردووی لێ بکرێ... چونکە لەناوبردنی ڕەوشت و خووی خراپ، پێویستی بەشاکاری کەس نەکردوو هەیە. بەڵام وروژاندنی ئەو ڕەوشت و خووە خراپانە و بزواندنیان و شەڕوشۆڕ و تۆڵەسەندنەوە دروست کردن لەوانە، بۆ هەموو کەسێک ئاسانە، تەنانەت سووکترین هەرچی و پەرچییانی ئادەمیزادیش ئەتوانن بیکەن، وەک: ژن ڕاکێشەکان و لۆتییەکان و چەرچییەکانی داونانەوە و تەڵەکەبازی و فڕوفێڵ کردن.

بەڵام هەتا دێت ڕۆژگار زۆرتر ئەکەوێتە کار، بۆ ئەمەی پەچە لە ڕووی ئەم چەواشەکارییە سامناکە لا بدات. ئەوەتا بۆمانی دەرئەخات کە (سەهیۆنی) و (کۆمۆنیستی) بریتین لە دوو خوشکی دایک و باوکی کە لە یەک خێزان پەیدابوون. هەردووکیشیان

(موژدەنامەکەی یەهودا)یان بەدەستەوەیە. یەکێکیان ئەو موژدەنامەیەی لەناو بەرگی (پەیمانی کۆن)دا[1].

گرتووە بەدەستەوە، کە بەئارەزووی خۆیان لێکی ئەدەنەوە. ئەویتریشیان موژدەنامەکەی لەناو بەرگی نووسراوی (سەرمایە)[2]دا داناوە. کۆمۆنیستی داپۆشراو[*] ئێمە تازە دەستمان داوەتە بەرەنگاری کردنی (کۆمۆنیستی). هەروەها تازە خەریکین لەم ئایینە تێ بگەین، کە زۆر کەس لە ڕاستییەکەی تێ نەگەیشتوون، تەنانەت لەوانەیش کە بڵاوی ئەکەنەوە و پەنای ئەبەنە بەر.

جا لەبەرئەوە بەلای هەندێکمانەوە وایە کە (بانگەوازی کۆمۆنیستی)[**] هەر ئەوەتا کە (ئایینی کارل مارکس) پەرەی پێ بدرێ لە جەنگی چینەکاندا و، چینێکیش لەو چینانە هان بدرێت، کە بەزۆر و توندوتیژییەکەوە کۆمەڵایەتیی ئیمرۆ سەرەوژێر بکات.

بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەتا کە بانگکارەکانی ئەم ئایینە، لە زۆر شێوەدا بڵاوی ئەکەنەوە، کە هەموویان هەر بۆ ئەم ئامانجە ئەچن. خاوەنەکانیشیان تووشی ئەو جەزرەبە پێ گەیاندنە نایەن، کە بانگکارەکانی ئاژاوە و شەڕوشۆڕ و هەڵگەڕانەوە لە شێوەی خوێن ڕشتندا تووشی دێن.

پێشاندانی ئەم جۆرە شێوانەیش، یاخود پێشاندانی هەرە گرنگەکان و هەرە باوەکانیان، پێویستە بۆ خۆپاراستن لە مەترسی و دەرخستنی ڕاستیش لە بابەت بانگەوازەکەوە لە سەرچاوە شاراوەکانیەوە کە (مارکسی)یەکان زۆرتر پشتیان پێ ئەبەستن لەوەی کە ئایینەکە بەئاشکرا بڵاو بکەنەوە، کاتێ کە کۆسپ و بەرهەڵست لە ئارادابێ بۆ دەرکەوتنیان بە(ناوونیشانی ڕاستەقینەی خۆیان)ەوە.

ئەمەیش بەبابەتی (کۆمۆنیستی شاراوە) یاخود (کۆمۆنیستی داپۆشراو) دائەنرێ کە (داوێن پیسی) بڵاو بکرێتەوە و، چیرۆکە پڕ لە داوێن پیسییەکان پەرەیان پێ بدرێ و، وێنە نەنگەکانی مێبازی بەئاسانی بخرێنە بەردەست و، کچە هەرزەکارەکان و کوڕە هەرزەکارەکانیش چاپکراوانی وایان بدرێتی کە پەیوەندییەکانی ڕەگەزبازی لە شێوەیەکی

(١) پەیمانی کۆن: (العهد القديم = التوراة).

(٢) سەرمایە = (رأس المال)، نووسراوێکە کارل مارکس دایناوە.

(*) الشيوعية المقنعة.

(**) البيان الشيوعي.



ئاڵۆش و خرۆشی مێبازی و کوڕبازیدا پێشان بدا و کوڕ و کچ بخەنە داوی داوێن پیسییەوە. چونکە لەناوبردنی ڕەوشتی چاک و کردەوەی بڵند، ئەبێتە هۆی لەناوبردنی کۆمەڵایەتی و لە بنەڕەتەوە تێکی ئەدات. ئەویش یەکەم ئامانجی (کۆمۆنیستی)یە و دوا ئامۆژگاریشە لە نامە بەناوبانگەکەی (کارل مارکس)دا.

بانگەوازی (دیموکراتیی ئابووری)یش یەکێکە لە بابەتەکانی (کۆمۆنیستی داپۆشراو) کە (یەکسانی ماف) بەبێ (یەکسان لە دەرامەت)دا سەرناگرێ. ئەم قسەیەیش پڕوپووچە و چەواشەکاریشی زۆر تیایە. چونکە (دیموکراتی) لەسەر ئەوە دانامەزرێ کە کەسان لە هەموو شتێکدا لە یەک بچن و وەک یەک بن. چونکە ئەوان، لە بنچینەی سروشتدا، نە لە هێزدا وەک یەکن، نە لە زیرەکیدا، نە لە ڕووکەشدا، نە لە بابەتی تری ئافەریدەکراوی و هەڵکەوتوویدا. کۆمەڵایەتیش، هەرگیز ئەوەی لە دەست نایەت کە (یەکسانی) یەک بێنێتە بوون، کە لە سروشتی گیاندارانیدا نەبووبن و نەبن. بەڵام کۆمەڵایەتی لە باربا هەیە کە (دیموکراتی)یەک دابمەزرێنێ لەسەر بنچینەی (دادپەروەری) بێت، بام ئەو جیاوازییانەیش هەر بمێننەوە، کە نە لەو کۆمەڵایەتییە لائەبرێن و، نە لە سروشتی ژیانیش لائەبرێن.

کەچی کۆمۆنیستەکان کە ناوی (یەکسانیی ئابووری) ئەبەن، ناوی (یەکسانی سروشتی) نابەن. چونکە ئەو ناوە بۆ ئەوە بەکارئەهێنن، تا چینەکانی گەل بورووژێنن و هانیان بدەن لە یەکتری.

یەکێک لە بابەتەکانی (کۆمۆنیستی داپۆشراو)یش ئەوەیە کە بانگ ئەدەن بۆ ئەوەی (نووسینە وێژەیی)یەکان و (بابەتە هونەری)یەکان، بەجۆرێکی گشتی هەر بۆ کاروباری (خواردن) و (خواردنەوە) و (گوزەران) تەرخان بکرێن. هەر (وێژە) یاخود (هونەر)ێکیش (مرۆڤ) بخاتە ژوور خواستەکانی (ورگ)ەوە (لەش)، بەلای (ئایینی کۆمۆنیستی)یەوە، بریتین لە سەرچاوەی هەموو (وێژە) و (هونەر)ێک و، هەموو (باوەڕ) و (ڕەوشت و خوو)یەک. بەلای کۆمۆنیستەکان وایە، هەرچی شتێک لە ژیانی مرۆڤدا ڕوو بدات، ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو بنچینەیەی کە پێی ئەڵێن: (هۆی بەرهەمهێنان).

کۆمۆنیستەکان، زۆرجار، خۆیان لە پشت بانگەوازی سەربەستی ئافرەتەوە ئەشارنەوە، کە ئەیانەوێ بەهیچ پێوەندێکی خێزانی یاخود کۆمەڵایەتییەوە نەبەسترێتەوە. بەلای ئەوانەوە وایە، کە (خێزان) بریتییە لە یاسایەکی خۆهەڵبەست کە بەکاروباری کۆمەڵایەتییەوە بەندە، نەک بەپێویستییەکی زیندەگانی یاخود سروشتەوە. جا بەپێی

(ئایینی کۆمۆنیستی)، ئەم یاسایە، بریتییە لە هۆیەک لەو هۆیانەی کە بەکارئەهێنرێن بۆ درێژەدان بەچەوساندنەوە و ڕووتاندنەوە و پارە کۆکردنەوە بۆ کەڵکی تایبەتی.

جا بەناوی (سەربەستی تەواوی ئافرەت)ەوە، داوای (یەکسانی) ئەکەن لە ناوەند (ئافرەتان) و (پیاوان)دا، لە هەموو مافێک و فەرمانێکی سەرشاندا. لەگەڵ ئەمەیشدا، کە بەهۆی تاقی کردنەوەی فێرکردنەوە لەناو خوێندنگا سەرەتاییەکاندا، دەرکەوت کە هەردوو ڕەگەز، نە لەسەر یەک شێوە فێر ئەکرێن، نە توانایەکیشیان هەیە بۆ فێربوون، کەچی کۆمۆنیستەکان هێشتا هەر لە فاکوفیکی خۆیان نەکەوتوون و هەر نووچ لەسەر ئەم بانگەوازەی خۆیان ئەگرن. ئەوانە بۆیەکا پەرە بەئایینەکەی خۆیان ئەدەن، تا ئەوەندەی پێویستیانە کەڵکی لێ وەربگرن، نەک لەبەر ئەوەی کە (ڕاستی) و (دروستی)ی تیایە.

هەروەها (کۆمۆنیستەکان)، لە خەباتی ئەوەدان، کە لەناو نەتەوە عەرەبەکاندا، (زمانی پەتی عەرەبی)(*) لابەن و لە جێی ئەو شێوەی (زمانی عەرەبی ڕەمەکی)(**) بەکاربهێنن. بیانووەکەیشیان، بەسەرزاری، ئەوەیە، کە ئایینەکەیان بۆ کەڵکی چینی خواروو دانراوە، کە ئەوانیش بەزمانی عەرەبی ڕەمەکی قسە ئەکەن نەک بەزمانی عەرەبی پەتی. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەتا، مەبەسیان بەرەنگاری کردنی (قرآن)ە و بەگژاچوونی هەموو (ئایینی ئیسلام). ئەوانە، بەئارەزوو، ئەوە لەبیر خۆیان ئەبەنەوە، کە (زمانی بازاڕی) زمانی ناشی و نەزانانە، چ لە هەژاران بن، چ لە دەوڵەمەندان. کۆمۆنیستەکان بۆیەکا هەموو شتێک ئەنووسێن بەباسی (دەوڵەمەندی) و (هەژاری)یەوە، چونکە ئەم جۆرە قسانە بابەتی فرۆشتنانە لەناو ئەوانەدا کە بێ هۆش و گۆش و هەرچی و پەرچین.

جا لەبەر ئەوە، هەموو گیروگرفتێکی کۆمەڵایەتی، لە شێوەیەکی وادا پێشان ئەدەن، کە هەستی چاوپێهەڵهێنان و پشم و قین و دووبەرەکی لە ناوەند نەتەوەدا ببزوێنن و هانیان بدەن بۆ خراپەکاری بەرامبەر یەکتری ئەوانە ئەوەندەی بەتەنگ هێشتنەوەی هۆی سکاڵاکردن و بۆڵەبۆڵ و خوتەخوت کردنەوەن، ئەوەندە بەتەنگ چاکەخوازی و ڕاستکردنەوەی کاروباری کۆمەڵایەتییەوە نین.

کۆمۆنیستی دڵسۆز ئەو کەسەیە کە هەر گیروگرفتێکی کۆمەڵایەتی گرتەدەست، هەوڵ بدات بەهۆی ئەوەوە چینێک بکات بەگژچینێکی تردا، تیرەیەک هەڵگێڕێتەوە لە تیرەیەکی

(*) یان: زمانی عەرەبی یەکگرتوو (اللغة العربیة الموحدة)، زمانی قورئان؛ نووسین.
(**) شێوە زمانی عەرەبی، دیالێکتە جیاجیاکان (الملهجات المحلیة).



تر. هەرچی چاککردنی باری کۆمەڵایەتییە، هەر لە ڕوویەکەوە بەچاککردن دانانرێ، سا ئەو چاککردنە لە ڕووی هەژارییەوە بکرێ، یان لە ڕووی دەوڵەمەندییەوە دوور نییە دەوڵەمەندەکان لە کۆمەڵایەتییەکی تێکچوودا نەخۆش و ئاشی بن. تەنانەت کە لە سەدەی پێشوودا دەست کرا بەشاگرد ناردن بۆ ئەوروپا بۆ خوێندن، لە (میسر)دا وامان چاوپێکەوت کە شاگردە هەژارەکان لە پێش شاگردە دەوڵەمەندەکاندا کەلکیان لێ وەرگرت. زۆربەی خێزانە بەناوبانگەکانی ئیمڕۆیش ئەگەڕێنەوە سەر ئەو باووباپیرانەی کە لەو شاگردە هەژارانە بوون کە نێررابوون بۆ خوێندن بۆ ئەوروپا.

***

کۆمۆنیستی داپۆشراو، وێنەیەکی تری هەیە کە لەم وێنەیەی پێشانمان دا بەکورتی، جیاوازە. بەڵام لەو دروست ئەبێ و، ئەبێتەوە بەلقێکی ئەو. بەڵام هەموویان پێکەوە کۆ ئەکرێنەوە لە چەند مەبەستێکی وادا کە لەیەکتر بچن: ئەویش ڕووخاندنی کۆمەڵایەتییە، بڵاوکردنەوەی تۆوی دووبەرەکی و دوژمنایەتی و ئاژاوە و ڕقەبەرییە لەناو نەتەوەدا، هەروەها بەرەنگاری کردنی هەموو چاکەخوازییەکە کە دڵنیایی و باوەڕ بەخۆکردن بخاتە ناو ئەندامانی کۆمەڵایەتییەوە.

ئەوەندە هەیە، ئەمانەوێ ئەوەیش بڵێین هەرچەندە (کۆمۆنیست)ەکان هەموویان بەم جۆرە ئەجووڵێنەوە و، خەبات ئەکەن و، بانگەوازەکانیان بڵاو ئەکەنەوە. بەڵام پێویست نییە هەر کەسێک ئەو کارانەی لە دەست بووەشێتەوە (کۆمۆنیست)بێ. بەوێنە هەموو (کۆمۆنیست)ێک داوای (یەکسانیی تەواو) ئەکات لە ناوەند ڕەگەزی (ئافرەت) و ڕەگەزی (پیاو)دا، هەروەها داوای بەرەڵڵاییش ئەکات لە (کردەوە و ڕەوشت)دا، بۆ مەبەسی داوێن پیسی. بەڵام کەسانی وایش هەن کە (کۆمۆنیست) نین و لە بیروباوەڕەی تریشدا لەگەڵ کۆمۆنیستەکان وەک یەکن.

## ڕەنگڕێژی چەواشەکردن

هەر کەسێ پێویستی بەچەواشەکاری بێ، ئەوە نیشانەی هەرە بەهێزە کە ئەو کەسە هەست بەهەڵە و چەوتی خۆی ئەکات.

جا پێشاندانی کارەسات بەشێوەیەکی چەواشەکاری، بۆ ئەوانەی گوێ لە قسەی کۆمۆنیستەکان ئەگرن لە بابەت کێشەی دابەشکردنی خاکی (فەڵەستین)ەوە، بریتییە لە ڕێگایەک کە ئەو کۆمۆنیستانە گرتوویانە.

هەرچی (ڕادیۆی مۆسکۆ)یە، ناوێرێ ئەم (کێشە)یە لە شێوەی ڕاستەقینەی خۆیدا پێشان بدات، نە بۆ نەتەوەی ڕووس، نە بۆ ڕۆڵەی نەتەوە بێگانەکان کە ئەوەندە بایەخ بەقسەکانی نادەن.

بەلای (ڕادیۆی کۆمۆنیستە)کانەوە، دابەش کردنی (فەڵەستین) ئەوە ناگەیێنێ کە نەتەوەیەک لە خاکەکەی خۆی کە تیا ئەژی بێ بەش بمێنێتەوە.

دەربڕینی بێزارییش بەرامبەر ئەو دابەشکردنە، بەپێی ڕەوشت و کرداری ئەو ڕادیۆیە، ئەوە ناگەیێنێ کە نەتەوەیەک هەیە و مەترسی لە ژیانی خۆی دوور ئەخاتەوە و، خۆیشی ئامادە ئەکات بۆ پاراستنی خۆی بەشێوەیەکی وەها کە پەسەند و دروستبێ بۆ خۆپاراستن لە هەموو مەترسییەکی ژیان.

نەء... بەلای ئەو ڕادیۆیانەوە وایە کە نە(بەش براوی) لە ئارادا هەیە و نە (دوژمنایەتی و ستەمکاری). تەنیا خاوەن دەسەلاتەکانی خاکەکانی عەرەبن، نەتەوەکانی خۆیان تووشی قین هەڵسان و تووڕەیی ئەکەن، بۆ ئەمەی بۆ مەبەستی خۆیان بیان چەوسێننەوە و، هێز و دەسەلاتی خۆیشیان بەوە بپارێزن... هەروەک (سەهیۆنێتی) هەڕەشە لەو هەموو کاربەدەستە عەرەبانە بکات، بێ ئەمەی هورووژم بەرێتە سەر (سەربەخۆیی)ی ئەو خاکانەی کە فەرمانداریبیان بەسەرەوە ئەکات!.

جا ئەگەر ئەم قسەیە، لە دوێنێ و ئەمڕۆدا، قسەی بانگەوازەکانی کۆمۆنیستی بووایە، ئەگونجا کە بگوترێ باوەڕێکی ڕاستە. هەرچەندە ئەوەیش ئەگونجێ کە بەلای کۆمۆنیستەکانەوە لە کاتی بڕیاردانیدا هەڵەیەک کرابێ.

بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەتا ئەم قسەیە پێچەوانەی ئەو قسانەیە کە چاووڕاوکەرانی کۆمۆنیستی ئەیان کرد لە بابەت (سەهیۆنێتی)یەوە، لەو سەردەمانەدا کە (سەهیۆنی)یەکان ڕێک بوون لەگەڵ ئینگلیزەکاندا.

ئەو سەردەمە، (سەهیۆنێتی)یان وا دانابوو، کە دارێکە بەدەست داگیرکەری و چەوساندنەوەوە. (شۆڕشی عەرەب)یشیان وا دانابوو کە پێشەنگی بزووتنەوەی ئازادبوونە و، بەرەنگاریی دەستدرێژانی سەرمایەداران ئەکات کە بریتین لە (سەهیۆنی)یەکان و (بەریتانی)یە دەوڵەمەندەکان.

بانگکارە کۆمۆنیستەکانیش، کە ئەو جۆرە تووڕەیی، چەند ڕۆژییەیان پێشان ئەدا بەرامبەر (سەهیۆنی)یەکان کارێکی سەرسوڕهێنەر نەبوو. چونکە ئەوە بەرهەمێکی سروشتی بوو بۆ سەرنەکەوتن و نووشوستییەک کە تووشی ڕووسیا هات، لەسەر دەستی



ئەم (ڕۆڵەیەی خۆیەوە) کە هەر لەکاتی خۆیدا بۆ کەڵک و چاکەی (ڕووسیای سوور) دانرابوو نەک فەرمانڕەواییەکی تر.

چونکە زۆربەی پێشەوا سەهیۆنییەکان لەوانە بوون کە لە خاکی ڕووسیادا لەدایک بوون. هەرچی (جابۆتنسکی) و سکۆلۆف) و (مناحیم یسینجین)ە لە کۆنەکانیانە. هەرچی (حایم وایزمان) و (دود بن گۆریۆن)یشە لە تازەکانیانە.

ئینجا کە (سەهیۆنی)یەکان توانییان (بەڵێنی بەلفۆر) وەربگرن و بوون بەدڵسۆزی فەرمانڕەوایی (بەریتانیا)، (ڕووسیای سوور) قینی لێیان هەڵسا بەجۆرێکی وا کە دڵدارێک لە دۆستەکەی خۆی تووڕە ئەبێ، لەسەر ئەوەی خاوەن بەربەرەکانێیەکی بەتوانای کردووە بەهاوبەش لە دڵسۆزی و خۆشەویستییەکەیدا.

جا ئەو دەمە کۆمۆنیستەکان بەجۆرێکی وا ڕقیان لەم (کچە گومرا)یە هەڵسا، کە لە هەموو خاکەکانی (ڕووسیا)دا فێربوونی زمانی (عیبری)یان بەربەست کرد. چەند کەسێکیشیان لە سەرکردە جوولەکەکان گرت و دووریان خستنەوە و بۆ ناو شوێنە چۆڵ و هۆڵەکانی (سیبەریا)، کە تا چەند ساڵێک لەویانەدا بەدەس بەسەری و ئاوارەییەوە مانەوە.

هورووژمیشیان بردە سەر بزووتنەوە سەهیۆنییەکە، هەمووی، لەناو ڕۆژنامە سوورەکانیاندا. ئینجا دەستیان کرد بەچەپڵە لێدان بۆ ئەو (شۆڕشی عەرەبی)یەی کە ئیمڕۆ بەپێچەوانەی ئەو ڕۆژانەوە پێی ئەڵێن (یاری)یەکە و بەدەست کاربەدەستانی عەرەبییەوە، گەمەی پێ ئەکەن.

بۆ جێگیری (وکالت)ی خۆیشیان لە شاری (قودس)دا جێنشینێکی موسڵمانیان هەڵبژارد، کە لە هەموو ڕۆژەکانی هەینی و جەژنەکاندا ئەچووە نوێژی بۆ (مسجد الأقصی).

کۆمۆنیستەکان ئەوەیان لەبەر ئەوە نەئەکرد کە بەرەنگاریی سەهیۆنێتی خۆی ئەکەن. چونکە ئەوەیان ئەزانی کە مەبەستەکانی سەهیۆنێتی و مەبەستەکانی کۆمۆنیستی هەرگیز لەیەک جیانابنەوە و، هەتا سەریش هەر لە ڕێگای دوولایی هەردوو ئایینەکەوە ئەڕۆن بەرێدا.

بەڵام ئەوان ئەوەیان لەبەر ئەوە کرد، چونکە خۆشەویستەکەیان کە (کۆمەڵی سەهیۆنی) بوو، لە خۆشەویستییەکەی خۆیدا کەسێکی تری کرد بەهاوبەشیان. هەر لەو کاتەیشدا هەوڵیان دا کە لەلای خۆیان (سەهیۆنی)یەکی تر دروست بکەن کە بەربەرەکانێ لەگەڵ ئەو

(سەهیۆنیێتی)یەدا بکات کە بۆتە یاری ئینگلیز. هێنایان لە نیوە دورگەی (کریمیا)دا ئاوایی (مستعمرە)یەیەکیان دامەزراند، بەتایبەتی بۆ جوولەکەکان، هەروەها (ئاوایی)یەکی تریشیان بۆ دامەزراندن لە (بیروبیجان)دا. بەڵام کۆمۆنیستەکان هەروەک زۆربەی کارەکانیان سەرناگرێ، کارەکانیان لەم دوو ئاواییەشدا سەریان نەگرت.

کەواتە کەینەکە بریتی بوو، لە تووڕەبوونێک کە خۆشەویستێک لە خۆشەویستێکی خۆی ئەکات.

ئەمە تووڕەبوونێک بوو کە خۆشەویستێک کردی گوێ لە توانج و پلارهاوێژێک ئەگرێ، یاخود بریتی بوو لە فڕوفێڵێک کە هەر بۆ ئەمە کرابوو کە (یار)ەکە بێتەوە سەر ڕێ و ئاشت ببێتەوە و دەست بکاتەوە ملی دۆستەکەی!

ئینجا کە قەوما لە ناوەند (سەهیۆنییەکان) و (ئینگلیزەکان)دا، ئەو ناکۆکییە ڕۆژەکییە لە ناوەند (سەهیۆنییەکان) و (کۆمۆنیستەکان)دا نەما و خۆشەویستییەکەیان وەک خۆی لێ هاتەوە.

ئیتر لەو ڕۆژەوە هەموو بارێکی قسەکردنی کۆمۆنیستەکان لە ڕادیۆدا گۆڕرا. ئەوانەی کە دوێنی پێیان ئەگوتن چەوسێنەر و ستەمکار، وەک ئەیانگوت بەسەهیۆنییەکان، ئیمڕۆ کە پێیان ئەگوتن سەرگەردانی دەستی ستەمکاری و چەوساندنەوەی عەرەب بەسەرکردە گیانبەخش (فدائی)ەکانی لەشکری ئازادی عەرەبیشیان ئەگوت، یارییەکن بەدەست دەسەڵاتدارەکانی عەرەبەوە ئەیان چەوسێننەوە!...

هەر (چەوساندنەوە) بوو کە بەپێی ڕۆژ و کەڵکی تایبەتی کۆمۆنیستی، ڕۆژێک ئەیان لکاند بەعەرەبەوە و ڕۆژێکیش ئەیان لکاند بەجوولەکەکانەوە.

جا پەیوەندییەکانی ناوەند (کۆمۆنیستی) و (سەهیۆنێتی)، بەم ڕێیە نوێیەدا، هەنگاو بەهەنگاو بازدی ئەدا بۆ پێشەوە.

زۆری پێ نەچوو (مایسکی) کە کاربەدەستی کاروباری دەرەوەی (ڕووسیا) بوو، خۆی گەیاندە (فەڵەستین) و گفت و پەیمانی لەگەڵ سەرکردە سەهیۆنییەکاندا گۆڕییەوە.

(ڕووسیای سوور) دەرگاکانی خۆی بۆ نێراوانی پێشانگای سەهیۆنی کردەوە. لە ساڵی ١٩٤٤دا، بەفڕۆکەکانی خۆی، شتومەکەکانی ناو پێشانگاکەی گواستەوە بۆ پایتەختی ڕووسیا.

بەم ڕەنگە ڕووسیا گەڕایەوە ناو باوەشی جوولەکەکانی دەرەوە. چەند کەسێکی ڕەوانە



کرد بۆ (میسر) لە فەرمانڕەوایی (میسر)ی پرسی: «چەند سەد کەسێکی جوولەکەی ڕووسیا هەبوون لە میسردا چییان لێ هات؟» کەچی لەوە پێش هەر لێیشی نەئەپرسینەوە.

(ڕووسیا) ئەمەندە پشتگیریی خۆی بەرامبەر ئەم (کچە گومرا)یە کە (سەهیۆنێتی)یە پێشان دا، بەسەرزاری، لە پاش گەڕانەوەکەی بۆ ناو ماڵی دایک و باوکی خۆی، بۆ بانگەوازی (دابەشکردنی فەڵەستین) یەکەم کەس ئەوبوو کە پەسەندی کرد، کەچی لەوەپێش چ لەناو (کۆڕی ئاسایش)دا، چ لەناو (کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان)دا، چ لەناو هەموو (کۆگرەکانی فەرمانڕەواییەکان)دا، هەموو دەم بەرەنگاریی ئەو دابەشکردنەی ئەکرد، یاخود هەر جارە بەربەست کردنێکی بۆ ئەو دابەشکردنە پێشان ئەدا.

ئەمەبوو (ڕووسیا) کە لە زرنگکاری جیهاندا ئەم هەموو ڕاڕایی و دەمدەمییەی نوواند. کەچی هەموو دەم کە دەمی ئەکردەوە پڕ بوو لە تەوس و توانج و پلار و ئابڕووبردنی چەواشەکاریی داگیرکەری (استعار) و پیلانەکانی فەرمانڕەواییە داگیرکەرەکان. هەروەها پڕ بوو لە تەشەر (طعن) لە دژی شێوەکانی چەوساندنەوە و چاوبرسێتی سەرمایەداری.

## تاوانباران و سەرشۆڕان

یەکێک لەو دەنگوباسانەی کە زۆر قسەی لێ کرا، ئەوەبوو کە ئەو (سەهیۆنی)یەی لە (عێراق)دا بڕیاری کوشتنی درا، لەسەر ئەوەبوو کە بەناوی (کۆمۆنیستی)یەوە هانی نەتەوەی ئەدا بۆ ئاژاوە نانەوە... کارەساتی مانگرتنیشی ڕێک ئەخست لەگەڵ گەڕوگێچەڵ هەڵگیرساندندا. هەروەها چەکی کوشندەیشی بەدزییەوە دەرباز ئەکرد بۆ (سەهیۆنی)یەکان لە (فەڵەستین)دا.

ئەوەیش ئاشکرایە کە ئەو تاوانبارە سەرشۆڕە، لەوانە نەبوو کە بڕوای بە(کۆمۆنیستی) هەبێ. چونکە پارەیەکی بێ شوماری هەبوو کە چەند ملیۆنێکی پڕ ئەکردەوە. کۆمۆنیستەکانیش خۆیان وا ئەنوێنن کە بەرەنگاری خاوەن ملیۆنەکان ئەبن. بێجگە لەوە کابرای خاوەن ملیۆن سوور بوو لەسەر پشتگرتنی (سەهیۆنێتی)، کە بریتییە لە خوێن گەرمییەکی نەتەوەیی و ئایینی کە تایبەتییە بۆ جوولەکەکان. (کۆمۆنیستی)یش خۆی وا پێشان داوە کە نیشتمانەکان و ئایینەکان و خوێن گەرمی ڕەگەز لەناو ئەبات، چونکە ئەوانە هەموویان بریتین لە چەواشەکاری و تەڵەکەبازیی سەرمایە و چەوساندنەوە.

قسە هەزارە و دوانی بەکارە، ئەو تاوانبارە سەرشۆڕە بریتییە لە سەهیۆنییەک، ئەیەوێ جڵەوی جیهان بداتە دەست ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی خۆی کە جوولەکەن. ئەو ناتوانێ

بەموسڵمان یاخود گاورێک بڵێ: لە پێناوی کەڵک و چاکەی (سەهیۆنێتی)دا شەڕ لەگەڵ (عەرەب) بکە. بەڵام ئەتوانێ بەناوی (کۆمۆنیستی)یەوە داوای ئەوەیان لێ بکات. هی وایشیان تیایە کە گوێی لێ ئەگرێ. بەهەموو ڕەنگ ئەنجام هەر یەک دەرئەچێ... ئەویش بریتییە لە سەرکەوتنی (سەهیۆنی)یەکان و شکاندنی (عەرەب) و پەرەسەندنی (ئایینی کۆمۆنیستی)ی ناپەسەند، کە هەموو شتێک بەپوول و پارە (مادیات) لێک ئەداتەوە. جا ئەگەر جیهانیش وای لێ هات کە هەموو شتێک بباتەوە سەر شتومەک و پوول و پارە، لە (سەهیۆنی)یەکان بەولاوە، کەسی تر، زاڵ نابێ بەسەر جیهاندا و جیهانی ناکەوێتە ژێر چنگەوە.

جا نەک هەر لە عێراقدا، لە میسریشدا، بەڵکو لە هەموو جیهانیشدا، گەلێک کەس هەن چەشنی ئەو تاوانبارە سەرشۆڕە، بەناوی (کۆمۆنیستی)یەوە بەکەڵکی (سەهیۆنێتی) دێن، کەچی خۆیشیان لە پارەدارەکانن کە بەکلوور پارە لە گەنجینەکانیاندا کۆبۆتەوە.

ئەوانە خۆیان وائەنوێنن کە بەزەییبیان بەهەژاراندا دێتەوە. کەچی هەرچی پارەیەکیان هەیە بەسووی بێ ئەندازە لە خوێنی هەژارانیان دەرهێناوە.

ئەوانە خۆیان وا ئەنوێنن کە کارگەران بۆیە هان ئەدەن بۆ (مانگرتن) تا ڕزگاریان بکەن لە چنگی (سەرمایەداری). کەچی هیچ ڕۆژێک لە ڕۆژان، (فەرمانبەرەکانی هاوبەشییەکی جوولەکە)یان هان نەدا بۆ (مانگرتن). یاخود (کرێکارەکان)ی کارخانەیەک لە کارخانەکانی (سەهیۆنی)یان هان نەدا بۆ (مانگرتن).

هەروەها خۆیان وا پێشان ئەدەن کە (چەواشەکاریی نیشتمانپەروەری) دەرئەخەن بۆ هەمووان، تا چاوی (بەش براوەکان) و (چەوساوەکان) بکەنەوە. کەچی خۆیان لایەنگیریی ئەکەن بۆ (نیشتمانی سەهیۆنی) و یارمەتی (ڕێگرەکانی سەهیۆنی) ئەدەن بۆ تەفروتووناکردنی عەرەبەکان لە خاکەکەیان و بەشبڕاوکردنیان لە هەموو سەرچاوەیەکی دەرامەت.

بەڵام ئەوان، ناتوانن ئەوە بکەن، بەناوی (سەهیۆنێتی)یەوە. ئەچن ئەگەڕێن بەدوای (باوەڕی)یەکی تردا، کە بیکەن بە(باوەڕی)ی خۆیان، تا بەهۆی پەیڕەوی کردنی ئەو (باوەڕی)یەوە بگەن بەئامانجی خۆیان: ئەویش ئەو (باوەڕی)یەیە کە هەرچی کەند و کۆسپێک هەیە لە ڕێگای (سەهیۆنی)یەکاندا پاکی ئەکاتەوە. هەر لەوکاتەیشدا هورووژم ئەباتە سەر (باوەڕییەکان) و (نیشتمانەکان)، بەناوی (ڕاستی پەرستی شتەکی)یەوە: کە بریتییە لە ڕاستی پەرستیی (کارل مارکس) کە (سەهیۆنی)یەکی ڕاستەقینە بووە.



ئەوەی پیاویش ئەهێنێتە پێکەنین بەباری ئەو کەسانەی کە بە(کۆمۆنیستی) چەواشەکراون، ئەوەیە کە هەر کامێکیان ئەبینی هەموو نیشانەیەکی گێژوویژی و گەوجی لە دەموچاویا دیارە، کەچی شانازی بەخۆیەوە ئەکات کە چاوی کردۆتەوە و، وریابۆتەوە و، لە هەموو کەینەوبەینەیەک تێ گەیشتووە و، لە هەموو چەواشەکارییەکیش ڕزگاری بووە.

کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا بەدرۆ و فڕوفیشاڵی وا بڕوا ئەکات، کە هیچ بازاڕی یاخود لادێیەکی ناشی و لەخۆبایی بوو پێی بڕوا ناکات. لە سەرەتای ئەم درۆیانەوە، ئەوە ئەڵێن کە گوایە مێژووی مرۆڤایەتی هەمووی بریتییە لە (یارییەکی جامبازان)... هەر شتێکیشی تیا دامەزرێنراوە وەک دەستووری (ڕەوشت و خوو) و (زانست)، هەر بۆ ئەوە ئەشێ کە لەناوبچێ. خوانەناسەکان، ئەم بابەتانە، بەگەلاڵە کردنێکی سەر تەختی تەماشاگا (شانۆ) دائەنێن، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان دێ بەتەواوەتی لە ئارادا نەهێڵرێن و پەردەیان بەسەردا دابدرێتەوە بەچەشنی پەردەی دوایی کە لە کاتی تەواوبوونی لاسایی کردنەوە (تمثیل)دا دائەدرێتەوە، لە (لاسایی خانەکان)دا!... کە (کارل مارکس) بەو چەواشە کراوە ئەڵێ: (باوەڕی ئایین)، بریتییە لە داونانەوەیەکی ئەوانەی کە بەرهەم پێک ئەهێنن، هەر لە سەردەمی کۆنەوە تا ئیمڕۆ، باوەڕی پێ ئەکات.

کە (کارل مارکس) پێی ئەڵێ: «خێزان» پیلانێکە لە پیلانەکانی ئەوانەی ئەم و ئەو ئەچەوسێننەوە، باوەڕی پێ ئەکات. کە (کارل مارکس) پێی ئەڵێ: من هەموو ڕاستییەکانی ژیانم، تاسەر، دۆزییوەتەوە، باوەڕی پێ ئەکات.

کە پێی ئەڵێ: جیاوازیی مرۆڤ لە خاوەن سامانی و چارەنووسدا بریتییە لە ڕێکەوتێک لە ڕێکەوتەکانی (بەرهەم هێنان)، باوەڕی پێ ئەکات.

کەوایشی پێ ئەڵێ: «سەردەمی ڕابردوو ئەبڕێتەوە و هیچیشی لێ بەجێ نامێنێ. بەڵام دوارۆژ هەر لەسەر یەک شێوە ئەمێنێتەوە و دوایی نایەت»... بڕوای پێ ئەکات.

بەڵێ: کابرای چەواشەکراوی دەستی کۆمۆنیستی، باوەڕ بەمانە، هەموویان ئەکات، چونکە پیاوێکی (تێگەیشتوو)ە و (وریا)یە و، (چەواشە ناکرێ) و تەڵەکەبازیی (دەوڵەمەندەکان)یش کاری لێ ناکات!

بەڵام ئەو شتەی کە باوەڕی پێ ناکات و، دڵنیایشە لەوەی کە باوەڕەکەی خۆی ڕاست و تەواوە، ئەوەیە: «کۆمۆنیستی بریتییە لە یارییەک بەدەست سەهیۆنییەکانەوە. هەموو ئامانجێکیان لەو یارییە ئەوەیە کە پارەپەرستی (مادیات) سەروو هەموو بیروباوەڕێک بخەن، هەر بۆ ئەوەی کە لە دواییدا جیهان بخەنە ژێر چنگی جوولەکەکانەوە»!

(چەواشەکراوەکەی دەستی کۆمۆنیستی)، باوەڕ بەم قسەیە ناکات، بەڵام ئەوەیشی لێ ئاشکرا ببێ کە (کارل مارکس)ی دامەزرێنەری (کۆمۆنیستی) جوولەکەیەکە لە جوولەکەکان. هەروەها باوەڕ بەو قسەیە ناکات، بەڵام ئەوەیشی بۆ دەربکەوێ، کە سەرۆکەکانی (شۆڕشی کۆمۆنیستی) لە جوولەکەکان بوون.

باوەڕ بەو قسەیە ناکات، بەڵام ئەوەیش بزانێ کە (ڕووسیا) خۆی بریتییە لە بێشکەیەکی (کۆمۆنیستەکان) و بێشکەیەکی (سەهیۆنییەکان).

بەوە بڕوا ناکات، بەڵام دەوڵەمەندە ملیۆندارەکانی جوولەکە لە هەموو شوێنێکا ئاڵای (کۆمۆنیستی)یان هەڵ کردبێ.

باوەڕ بەوە ناکات، بەڵام (کۆمۆنیستی) لە هەر خاکێکا کە چنگی تێی گیربووبێ (نیشتمان) و (ئایین)ی لەناوبردبێ و، کەچی (نیشتمانی نەتەوەیی سەهیۆنی)ی لەبەر (سەهیۆنییەکان) بەگیان و دڵ پاراستبێ.

بەڵێ: «چەواشەکراوی دەستی کۆمۆنیستی)یەکە بەم قسانە بڕوا ناکات. پەنا بەخوا... بۆچ ئەو گەوجە هەتا باوەڕ بەقسەی درۆی وەک ئەم قسانە بکات؟...

بەڵام ئەو قسەیەی ئەو باوەڕی پێ ئەکات و ئەچێتە مێشکییەوە ئەمەیە:

(کارل مارکس) چاکەخواز بوو. ئەوانەی جوولەکەن و جامبازنو سوو ئەخۆن هەروەها چاکەخوازن. بەڵام بەدخوازەکان لە جیهاندا هەر ئەوانەن کە پێیان ئەڵێن: (پێغەمبەران) و (ڕەوشت و خوو جوانان) و (پاڵەوانانی نیشتمان).

جا ئەگەر کەینەوبەینەکە لە ڕاستیدا، کەینەوبەینەی تێگەیشتن و باوەڕ پێ کردنی بوایە، ڕاستی لە هیچ کەسێک نەئەشارایەوە کە چاوی بکاتەوە.

بەڵام کەینەوبەینەکە، لە بنچینەکەیدا، کەینەوبەینەی (تێکدان) و (شێواندن)ە. هەموو کەسێکی تێکچوو و شێواویش، دڵی پڕە لە ڕەشایی (پشم) و (قین) و (چاوپێهەڵنەهێنان) و (دڵپیسی)، لەهەر شوێنێکا (چەوتی) و (گومڕاهی) بەکاربهێنێ دڵی پێی خۆش ئەبێ. ئەمەیش هەر لەبەر ئەوەیە کە (پیاوی خواروخێچ) هەرگیز (ڕێی ڕاست) ناگرێ.

سەیر ئەوەیە هەر کامێک لەو تێکچووانە گوێ لێ ئەگری، تێکچوون و ژاکاوییەکەی خۆی پێ خۆشە و، (کۆمۆنیستی)یەکەیشی پێ خۆشە. چونکە (کۆمۆنیستی) تەنیا ئایینێکە کە لەسەر تێکچوون و نوشوستییەکەی شەرمەزاری ناکات، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەوە بەسەربەرزییەکی وەها دائەنێ کە شایانی پەسەندنکردن و ئافەرین بێ. هەروەک بەوە



هەموو تێکچوویی و ژاکاوییەکەی بڕوات وایە ئەگەر وەک (تووتی) چەند وشەیەک لەبەر بکات و دووبارەی بکاتەوە، وەک: (جەنگی چینایەتی) و (نرخی سەر ڕێژ) و لێکدانەوەی هەموو شتێکیش لەسەر بنچینەی پارەوپوول و شتومەکی (مادە).

## تەنگانەی لاوان

هەر لەو ساکەوە کە (بانگەوازی کۆمۆنیستی) لەناو جیهاندا دەرکەوتووە لە بیست ساڵێک لەمەوپێشەوە، ئێمە بەرەنگاری (کۆمۆنیستی) بووین و بەگژیا چووین.

ئێمە لەبەر ئەوە نەچووینەتە جەنگی (کۆمۆنیستی)یەوە، کە خۆمان خاوەن سامان و دەوڵەمەندی بوو بین و لەوە ترسابین کە بەهۆی ئەم ئایینەوە ئەو سامان و دەوڵەتەمان لە دەست بچێ. چونکە هیچ کاتێ ئێمە خاوەن سامان نەبووین و، هیچ ڕۆژێکیش خاوەن دەوڵەت نابین.

بەڵام بۆیە چووینەتە جەنگییەوە، کە بەزەییمان هاتۆتەوە بەو ڕۆژهەڵاتییانەدا کە چەواشەکراون و تووشی ئەم بیروباوەڕە پڕ پوول پەرستییە و دڕندەیە بوون.

هەتا بشمێنین هەر بەگژیا ئەچین و شەڕی لەگەڵ ئەکەین لە ڕێگای پشتگرتنی باوەڕییە گیانییەکانەوە و زیندووکردنەوەی چیرۆکی ژیانی ئەو گەورە پیاوانەوە کە گەورییەکەیان لەسەر بنچینەی مەردایەتی گیانی دامەزراوە، لە مێژووی (ئیسلام)دا.

هەر لەبەر ئەمەیشە کە نووسراوێکی گەورەمان لەسەر (باوەڕی خوایی) داناوە و، نووسراوێکی تریش لەسەر (ڕاستی پەرستی قورئان). لەم هەموو نووسراوانەیشدا هەر بۆ یەک مەبەس خەباتمان کردووە، کە ئەویش چارەکردنی سەرگەردانیی گەورەیە کە لەم سەردەمەدا دەرکەوتووە، واتا سەرگەردانی شتەکی (المادیە) کە پڕە لە توندوتیژی و مرۆڤیش ئەگۆڕێتە سەر گیانلەبەرێکی دڕندەی بەرەڵڵا، یاخود ئامراز (الە)ێکی بێ گیان(*).

هەموو مەبەستمان پاراستنی دڵ و دەروونی مرۆڤە -بەتایبەتی دڵ و دەروونی

(*) نووسەری ئەم کتێبە: (عباس محمود العقاد) ١٨٨٩-١٩٦٤ ڕەخنەگر و شاعیرێکی میسری نوێخواز بوو، ڕۆژنامەنووسیش بوو، لەگەڵ (مازنی)دا ڕەخنەیان لە هەوادارانی شیعری کۆن دەگرت، لە کۆمەڵە شیعرە چاپکراوەکانی: (دیوانی شیعر، سروشی چل ساڵی، دیارییەکەی کەرەوان، ڕێبوار)وە زنجیرەیە لە ژیاننامەی ناودارانی ئیسلام وەک: (بلیمەتی محەمەد، بلیمەتی عومەر) جگە لە (فەلسەفەی قورئان، باوەڕی خوایی) وە گەلێ نووسینی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی.

هەرزەکاران– لە تەنگانەکانی ئەم سەردەمە، کە بەهۆی ئارەزووانی بیروباوەڕی (ئاییینی شتەکی)یەوە، نەک هیچی تر، تووشیان دێ.

هەروەها لەبابەت (غاندی)یشەوە نووسراوێکمان دانا. چونکە یەکێکە لە پاڵەوانانی سەردەمی نوێ، کە داگیرکەرە هەرە گەورەکانیان بەهێزی گیانیان بەرەنگاری کردووە. ئێمە لەم نووسینەمان کەسمان دڵخۆش نەکرد. چونکە ڕەنگڕێژ (خُطَّهْ)ی نەتەوەکەی (غاندی)مان هەڵسەنگاند و خراپ و چاکیمان پێشان دا. ئەو هیندستانیانیش کە لە (میسر)دا ئەژین و زمانی عەرەبی ئەزانن ژمارەیەکی زۆر نین.

***

کاتێ کە دەستەویەخەی (بیروباوەڕی شتەکی مارکسی) وەستاین، هەر تەماشای تەنگانەی لاوانی ئەم چەرخەمان کرد. ئەوەی بەتەنگیشیەوە بووین لێکۆڵینەوەی تیا بکەین، لەم مەیدانەدا، گیروگرفتە گیانییەکان بوو.

ئەوەندە هەیە تەنگانەکانی هەرزەکارەکان جیایە و، ئارەزوواتی تاوان کاری و کاولکردنیش جیایە، کە هەندێ لە بەدخووەکان خۆیانی تێ فریو ئەدەن، هەر لەبەرئەمەی کە لە خراپەکاری بەولاوە بەکەڵکی هیچی تر نایەن و، لەسەر کارێکی بەکەڵکیش نامێننەوە و ئارام ناگرن.

تەنگانەکانی هەرزەکاری، لە ڕاستیدا، تووشی لاوە هەرە باشەکان دێن، کە سروشتیان وایە بیر لە هەموو شتێک ئەکەنەوە و، دڵیشیان بەهەموو شتێک ئەبزوێ و، هەموو گیروگرفتێکی ژیانیش بەجۆرێکی وا لێک ئەدەنەوە کە بەلای هۆشەوە پەسەندبێ و، دەروونیش پێی بکەوێتە سرەوتەوە.

بەڵام هەرچی ئارەزووانە تاوانکارییەکانە، بەتەنگانەکانی هەرزەکاران دانانرێن، هیچ فرێکیشیان بەسەر تەنگانەکانی دەروونییەوە نییە.

هەرچی ئەم ئارەزووانەن، بابەتی گیانلەبەرانی دڕندەن، کە لە هەزاران ساڵانەوە، چوارلایان تەنراوە بە(هەستی ئاییینی) و (هەستی نەرێت) و (هەستی ڕەوشت و خوو) و (هەستی یاسا).

ئەم ئارەزووانە لە بابەتانی زۆر کۆنن کە لەناو لەشی گیانلەبەراندا بنجیان داکوتاوە.

ئەگەر ئەمە ڕاست بێ کە پێی بگوترێ تەنگانە، ئەم ئارەزووانە بەکۆنترین تەنگانەی گیانلەبەران دائەنرێن. چونکە ئارەزوواتی تاوانکاری، لە بابەتانی سەردەمی نوێ



دانانرێن، چەرخی نوێیش یەکەم چەرخ نییە کە ئارەزوواتی تاوانکاری ناسیبێ لە سروشتی ئەو بەدخووانەدا.

هەرچی چۆنێک بێ، مرۆڤایەتی ئەم ئارەزوواتانەی، بەهۆی هەستەکانی باوەڕی و یاساوە، چوارلا گرتووە، هەر لە سەردەمی هەرە کۆنەوە تا ئیمڕۆ.

ئەوەندە هەیە، ئەو ئارەزووانە، لەم چەرخەدا، کەسانی وایان دۆزییەوە، کە ڕێگایان بدەن خراپەی خۆیان بکەن و، یارمەتیشیان بدەن لە تێکشکاندنی هەموو هەستێکدا کە دەبێتە کۆسپ لەبەر دەمیاندا و ڕێ لە خراپەکردن و ستەمکارییان ئەگرێ. جا لەبەر ئەوە، بەرەڵڵابوون و لەگەڵ خۆیشیاندا ئەو خراپەکارییانەی پێوەی ڕاهاتبوون، بەرەڵڵابوون.

جا ئەگەر لە پێش هەزار ساڵێکدا بانگەوازێک، لەلایەن کۆمەڵێکی فەرمانڕەوایانی گەورەوە، بڵاو بکرایەتەوە بۆ لەناوبردنی (باوەڕی) و (ڕەوشت و خوو)، ئەم ئاژاوە و تێکچوونە لە پێش هەزار ساڵەوە دەرئەکەوت، نەئەبوو باوێکی سەدەی بیستەم.

لە پێش هەزار ساڵێکدا، چەند بانگەوازێک هاتنەکایەوە بەناوی (ئایین)ە وە، بۆ کردنی (تاوانباری). ئەوانەی لە خۆیاندا بەدخوو و بەدکردار بوون دوایان کەوتن. بەڵام لەبەرئەوەی بەدخوو و بەدکرداربوون، نەک لەبەرئەوەی (خاوەن ئایین) بوون.

جا ئەگەر کەینەوبەینەکە، هەمووی، بەلای ئەو بەدکارانەوە، ئەوە نەبوایە کە بەئاسانی هەڵکوتنە سەر خراپەکاری و تاوان کردن، نە کەس ئەهاتە پێشەوە، بەناوی (بیروباوەڕی شتەکی خوانەناس)ەوە ئەو کەتن و تاوانانە بکات، نە کەسیش ئەهاتە پێشەوە بەناوی (باوەڕی ئیسلامەتی)یەوە ئەوکەتن و تاوانانە بکات.

چونکە (ئاییینی محەمەدی) و (ئاینی مارکسی) تەواو لەیەک جیاوازان. بەڵام بەدخووەکان، لە هەردوو باردا، دوای خراپەیەک ئەکەون. چونکە دەردەکە لەوەدایە، کە ئەو تاوانکارانە دڵیان بەخراپەکردن ئاو ئەخاتەوە، بام بیانوو و پەڵپەکانیش جوێ جوێ بن.

نەء، وانییە. ئەمە تەنگانەی سەردەمی نوێ نییە، وەک ئەوانە ئەڵێن، کە ئەیانەوێ بەگەورەیی بیخەنە مێشکی ئەو بەدکردارانەوە. لە ڕاستیدا ئەمە تەنگانەی ئەشکەوتەکەی کۆنە، کە لە هەموو سەردەمێک کۆنترە.

دڕندە بەربەست کرا و، لێوەی دەرباز ئەبێ، بەچەشنی هەزاران ساڵ لەمەوپێشی کەلێی دەرئەپەڕی. دڕندەکە هەروەک لەبەر هۆیەک لەو ئەشکەوتە دەرئەپەڕێ، هەروەها لەبەر پێچەوانەی ئەو هۆیەیش هەر دەرئەپەڕێ. چونکە ئەو خۆی سروشتی وایە، هەرچی چۆنێک

دڵی ببزوێ حەز بەدەرپەڕین ئەکات بەمەرجێ ئەو دڵ بزواندنە لەگەڵ سروشتی زۆرداری و خراپەکاریدا بسازێ. ئەویش هەر ئەوەندە باوەڕی پێ ئەکات کە لەگەڵ سروشتی خۆیدا بسازێ، نەک ئەوەندەی بەڵگەی تیایە و شتی وایشی تیایە کە پیاو دڵنیا بکات لە ڕاستی.

هەر ئامۆژگارییەکیش بۆ ئەوەبێ کە بەدکردارێک لەبەدکرداری بخات، بەگوێی ناکات. هەر قسەیەکیش کە بەدرۆ هەڵبەسترابێ، بەدکردارەکە پەسەندی ئەکات، ئەگەر هانەی بداتە سەر خراپە و بیانووی بەدکرداریی بۆ بدۆزێتەوە.

بۆ هەموو بەدخوویەکی سەرشۆڕی وەک ئەوانە، ئەوە ئاسانە کە زوو بەزوو باوەڕ بەو قسەیە بکات، کە ئەو نووسەرەی بچێ بەگژ (کۆمۆنیستی) و (سەهیۆنێتی) و (داگیرکەری) و (نازێتی) و (دەستەی تاوانباران)دا، ئەوە لەبەر ئەوە ئەکات کە پارەی بدرێتێ.

هەروەها بۆ زۆڵێکی وەک ئەوانە زۆر ئاسانە کە باوەڕ بەو قسەیە بکات کە ئەو نووسەرەی هەر لەسەر (وێژەی پەتی) نووسراو دائەنێ و چەند جارێک لەسەر یەک نووسراوەکەی چاپ ئەکرێتەوە و ئەفرۆشرێ لە چەند ساڵێکا، پێویستی بەزمان لووسی هەیە کە بیکات بۆ (کۆمەڵانی گەل)، لە ڕێی نووسینەکانیەوە کە لەبابەت بلیمەتەکانی (ئیسلام)ەوە دایان ئەنێ.

هەروەها بۆ ئەو سەرشۆڕانە زۆر ئاسانە، کە ئەوەیان لەبیر بچێتەوە کە (نووسراو دانان) و (نووسراوگۆڕین) لە بابەت ئەو شتانەوە کە پیاو هان ئەدەنە سەر مێبازی و کوڕبازی و داوێن پیسی، کەڵکیان زۆرتر ئەبێ بۆ نووسەرەکە، لەوەی کە نووسراو لە بابەت شتانی ترەوە دابنێ، یاخود بگۆڕێ.

کەچی خۆی، کە خۆی ئەفرۆشێ بەچەند قرۆشێ، ئەوەی پێ خۆشترە کە قسە هەڵ بەستنێ بەدرۆ و، کە بەرپەرچی ئامۆژگاری بداتەوە، هەر لەبەرئەوەی کە ئامۆژگاری لە کاری خراپی ئەگێڕێتەوە و، قسە هەڵ بەستنیش بەدرۆ کاری خراپی لا خۆشەویست ئەکات.

جا تەنگانەی ئەو تاوانبارانە، تەنگانەی لاوان نییە لەم سەردەمە تازەیەدا. چونکە تەنگانەی (بیر) و (دەروون)، تەنها تووشی ئەو لاوانە دێ، کە بەهەڵبژاردەی هەڵکەوتووانیان دائەنرێن لە ڕووی (هەست) و (بیرکردنەوە)وە.



هەرچی ئەو تاوانبارانەیە، ئەو تەنگانەیەی کە گیری تیا ئەخۆن -ئەگەر بگونجێ بەوە بگوترێ تەنگانە- بەتەنگانەیەکی یەجگار کۆن دائەنرێ لە مێژووی دڕندەییدا. چونکە بریتییە لە تەنگانەی (گیانلەبەری دڕندەی ناو ئەشکەوت)، کە هەر (ئایین) و (باوەڕی) و (یاسا) و (ڕەوشت و خوو) بوون، خەریکی (ڕاهێنان) و (پەروەردەکردن)ی بوون بەچاکی، هەر لەوساوە کە پەیدابوون تا ئیمڕۆ. لەوەیش بەولاوە هیچ (ڕاهێنان) و (پەروەردەکردن)ێکی تری نییە، کە (مرۆڤ) دۆزیبێتەوە بۆ چارەکردنی ئەم جۆرە دەردانە.

## خۆرەکانی کۆمۆنیستی

کابرایەکیان، بۆ (عمر ابن الخطاب) هەڵبژارد کە بیکات بە(سەردار). پێیان گوت پیاوێکی وایە کە هەرگیز نازانی (خراپەکاری) چییە. (عمر)یش، خوای لێ خۆش بێ، گوتی و قسەکەیشی دەنگی دایەوە: «جا لەبەر ئەوە، زۆرتر ئەوە ئەگونجێ، کە بکەوێتە ناو خراپەکارییەوە»...

جا ئەوەی (فارووق) گوتی، دەربارەی ئەو پیاوە، ئەگونجێ کە دەربارەی هەموو ناشییەک بگوترێ، کە بەرەنگاریی خراپەیەک بکات لە خراپەکان. چونکە ئەگەر ئەو نەکەوێتە ناو ئەو خراپەیەوە، بێ گومان پێی ناکرێ لەناوی ببات.

لە خاکی (میسر)یشدا کەسانی وا بەرەنگاری (کۆمۆنیستی) ئەکەن کە لەناوماڵیاندا نووسراوێک نادۆزیتەوە کە لە بابەت کەینەوبەینەیەکی گیروگرفتەکانی جیهانییەوە، کە (کۆمۆنیستی) لە پێش هەموویانەوە دێ، بدوێ کەسانی وایش یارمەتییان ئەدەن کە لە ڕاستی ئەم (بانگەوازی کۆمۆنیستی)یە هیچ تێ نەگەیشتوون ئەوە نەبێ کە جار بەجارێک بەرێکەوت لە ڕۆژنامەکانی میسردا، یاخود لە بڵاوکراوەکانی بانگ کارە کۆمۆنیستەکاندا ئەیخوێننەوە. ئەوانە لە شێوەیەکی وادا لە مەترسیی کۆمۆنیستی ئەدوێن، وەک قسە لە بابەت (جنۆکە یاخود (دوورگەکانی واق واق)ەوە بکەن وایە. لە کاتێکا کە لە خۆیان وایە ڕێگایان لە (کۆمۆنیستی) بردۆتە بەست، کەچی بەخۆیان نازانن کە لە ڕاستیدا ڕێگا تەخت ئەکەن بۆ (کۆمۆنیستی).

یەکێکیان جارێک و چەند جارێک دووبارەی کردەوە و گوتی:

«مەترسی کۆمۆنیستی دوورە لە (میسر)ەوە. چونکە پێچەوانەی ئاینی ئیسلامە».

یەکێکی تریشیان گوتی:

«ئەم مەترسییە دوورە لە میسرەوە. چونکە (یاسای خێزان) لە کۆنەوە هەیە لە میسردا تا ئیمڕۆ. هەرچی کۆمۆنیستیشە هەر لەبنچینەوە خێزان هەڵ ئەتەکێنێ. هەروەها لە پاش بەجێماو(*) (میراث) و بەش وەرگرتن. لە لەپاش بەجێماو (توریث) بەرپەچ ئەداتەوە.

ئەم قسانەیش هی کەسانێکن کە لە مێژووی نزیکی کۆمۆنیستی نەشارەزان کەچی ئەم مێژووە لە ساڵی پار، یاخود لە چەند ساڵێک لەمەوپێش تێپەڕ ناکات.

بۆ وێنە: (چینییەکان) خێزان بەپیرۆز ئەزانن، ئەوەندەیش ڕێزی لێ ئەگرن، باووباپیری خۆیان ئەپەرستن. خواکانیشیان بریتین لەو باووباپیرانەیان کە لە سەردەمێکی دووردا ژیاون. ئەوانە ڕێز لەو باووباپیرانەیان زۆر ئەگرن، لەبەرچاویاندا گەیشتوونەتە پایەی خوایی لە ئاسمانە بەرزەکاندا، تەنانەت بەهەرە گەورەکەیان ئەڵێن: «کوڕی ئاسمان»!

جا ئاخۆ (چین) بەسایەی ئەم خێزان پەرستییەوە، لەو ئاژاوە و دەردەی کە لە (ڕووسیا)ی سوورەوە بۆی هات ڕزگاری بوو؟ ئەی (ڕووسیا) خۆی لە دەست ئەو ئاژاوە و دەردە ڕزگاری بوو، کە خۆیشی خاکێکی وا بوو بەخواناسی تەواو ناوبانگی دەرکردبوو. چەند سەد ساڵێکیش بوو هەر باوەڕی لەسەر ئەوەبوو کە (باوکە گەورە) لە ئاسمان دایە و، باوکە بچووکیش لەسەر ئەم زەمینەیە؟

زۆربەی بۆرەپیاوانی کە گوێ لە بانگەوازی کۆمۆنیستی ئەگرن نووسراوەکانی ناکەنەوە، تا بەراوردێک بکەن لە ناوەند ئەوان و نووسراوانی ئایینیدا ئینجا ئەوی بەباشی ئەزانن لێی پەسەند بکەن و، ئەوی بەخراپی ئەزانن لێی بەرپەرچ بدەنەوە. ئەوان هەر لەبەرئەوە پەسەندی ئەکەن، کە ئەو (بار)ەی تیا ئەژین بەدڵیان نییە و لێی وەڕسن. ئیتر بەمەرجێ ئەو (بار)ە بگۆڕێ، بەتەنگ ئەوەوە نین کە چۆن گۆڕانێک ئەگۆڕێ. جا ئەگەر (کۆمۆنیستی) هەر بەو پێیە لەناو نەتەوەدا بڵاو ببوایەوە کە بەڵگەی بەهێزی زانستی هەیە و بیانووی وا کە هۆش پەسەندی بکات، هیچ کەسێک باوەڕی پێ نەئەهێنا و، نەیش ئەهاتەکایەوە لەنێو ئایینەکان و بیروباوەڕەکاندا، تا وتووێژی لەسەر بکرێ. بەڵام ئەو بەچەشنی دەردە کاریگەرەکان بڵاو ئەبێتەوە، کە خۆرە (میکرۆب)ەکانی ئاراستە بکرێن. لە خۆرەی (وەڕس) بوونیش، بەهێزتر، خۆرەی تری نییە. هۆی وەڕس بوونەکەیش، لەناو کۆمەڵاندا هەرچۆنێک بێ، ئەو کاری خۆی هەر ئەکا.

ئەو کەسەی وا ئەزانێ کە هۆی ئەو بۆڵەبۆڵ کردنەی کە ڕێگا بۆ (کۆمۆنیستی) پاک

---

(*) میراتی.



ئەکاتەوە، بەش بڕاوی و نەتوانییە لە پەیداکردنی نان، بەهەڵەدا چووە. بێ گومان ئەم هۆیە، لە هۆیە هەرە بەهێزەکان ئەژمێررێ. یاخود لە سەروو هەموو هۆیەکانەوە کە دەروونی بۆڵەبۆڵ کەران ئەورووژێنێ. بەڵام بەش بڕاوی، لە کۆنەوە هەر هەبووە، کەچی (کۆمۆنیستی)ی لەگەڵدا پەیدا نەبووە، وەک لەم سەردەمەدا پەیدا بووە. لە ڕاستیدا (کۆمۆنیستی) کاتێک پەیدا ئەبێ، کە بەش بڕاوی، بەتەنیشت بێ بڕوایی و بێ هیوایی بەدادپەروەری و سەر ڕاستی و بێ گەردی بڕیارەکانی فەرمانداارانەوە بێتە کایەوە. کەواتە (کۆمۆنیست) لەبەرئەوە (کۆمۆنیست) نییە کە هەژارە و بێ گوزەرانە. لەبەرئەوە (کۆمۆنیست)ە کە سکاڵا لە دەست زۆرداریی ئەکات و، بێ هیوایە بەچاکبوونی کاروبار. دیارە هەتا خاوەن سکاڵایش وابزانێ کە بەش بڕاوە و لەگەڵ بەش بڕاوییەکەیشیا زۆروستەمی لێ کراوە، ئەوەندەی تر سکاڵاکەی پڕ لە تاڵی ئەبێ.

ئا ئەمانە ئەو خۆرانەن، کە هەتا لەناو نەبرێن، کەس ناتوانێ (کۆمۆنیستی) لەناوببات.

چۆن ئەتوانرێ (خۆرەی کۆمۆنیستی) لەناوببرێ، کە هەموان بەدەست زەبروزەنگی خاوەن دەسەڵاتانەوە بناڵێن، کە نە یاسا بەربەستی بکات و، نە دەستوور؟

چۆن ئەتوانرێ (خۆرەی کۆمۆنیستی) لەناوببرێ، کە خەڵک لەناو هەموو فەرماننامەیەکدا ناوی خزمان و زاوایان و دەس و پێوەند و کەسوکاران بخوێننەوە، کە بەبێ ئەمەی لێ هاتووییەکیان هەبێ و، بێ ئەمەی چاکەی فەرمانداریی و نەتەوەی تیا ڕەچاو کرابێ، لە پایەکانی فەرمانڕەواییدا دامەزرێنرابن، یاخود بەرزکرابنەوە، یان پاڵێورابن بۆ تەختی فەرمانداری؟

چۆن ئەتوانرێ (خۆرەی کۆمۆنیستی) لەناوببرێ، کە بەئاشکرا بەخۆش ڕابوواردنەوە خۆیان هەڵبکێشن و، گەنجینەکانی گشت یاخود تایبەتی بخەنە ئەرکەوە، بۆ گواستنەوەی میوەهات بەفڕۆکە، لەم کەڵەخاکەوە، بۆ ئەو کەڵەخاک (قارە)، کەچی هەر لەو کاتەدا بەخەڵک بڵێن: خۆتان بەبرسێتییەوە ڕابهێنن؟

کۆمەڵانی گەل، وەک زاناکانی خاوەن لێکۆڵینەوە نین، کە لەبەر ئەوە خۆیان بکوتن بۆ ناو (کۆمۆنیستی) یاخود ئایینەکانی تری ڕووخاندن و هەڵگەڕانەوە، کە ئەو ئایینانە بخوێننەوە و تێیان بگەن و بەشێنەیی و شارەزاییەکەوە بەراوردێک لە ناوەندیاندا بکەن. کۆمەڵانی گەل، لە ڕاستیدا، بەدوای (گۆڕان)دا ئەگەڕێن، گۆڕانیان ئەوێ. ئیتر گوێ نادەنە ئەوەی دوای ئەو گۆڕانە چییان لێ دێ. ئەو کۆمەڵانەیش، تا وەڕس نەبن لە گیانی

خۆیان بەدەست ناهەمواری ئەو بارەوە کە تیادان، داوای گۆڕان ناکەن. کەواتە هیچ گوێ ناگرن لە ڕابەر، یاخود لە شیرەتکەر. تەنیا گوێ لەوانە ئەگرن، کە هورووژم بردن و تەووژم دانیان بۆ ئەڕازێنێتەوە و، ڕووخاندن و تێکدانیشیان بۆ پەسەند ئەکات.

وەڕس بوون و بۆڵەبۆڵ کردن (خۆرەی کۆمۆنیستی)ن. لە هەموو وەڕس بوون و بۆڵەبۆڵ کردنێکیش خراپتر، لەم سەردەمەدا، ئەوەیە کە بەش بڕاوی و بێ هیوایی بەبیروباوەڕی دادپەروەری و یەکسانیدا تیا کۆبووبێتەوە.

## مەترسییەک بۆ مرۆڤایەتی

هەرچەندە جەنگی خۆرە دڕندەیی زۆر تیایە. هەرچەندە گەلان، هەموو، ئەو جەنگە بەناپەسەند دائەنێن. بەڵام ئێمە ئەوە بەدوور نازانین کە (سەهیۆنی)یەکان لە جەنگەکانی ئیمڕۆدا بەکاری بهێنن، یاخود لەهەر جەنگێکا کە لە ناوەند ئەوان و نەتەوانی تردا بقەومێ بەکاری بهێنن.

جا لەبەرئەوەی کە بەشێک لە (سەهیۆنی)یەکان، یاخود زۆریان داوەڕیان هێناوە بەبیروباوەڕی کۆمۆنیستی، ئەم کەتنە و لەم کەتنەیش گەورەتر، بەدوور نازانین کە لێیان بوەشێتەوە. بۆ ئەمەیش لەجیاتی یەک هۆ، دوو هۆ هەیە. یەکەمیان ئەوەیە کە (سەهیۆنێتی) هیچ پەیوەندییەکی ڕەوشت بڵندانەی نییە کە بیبەستێتەوە بەنەتەوەکانی ترەوە. هەروەها (کۆمۆنیستی)یش هەموو بنچینەیەکی ڕەوشت و خوو بەرپەرچ ئەداتەوە. تەنیا بایەخ بەکەڵک و سوودی بانگەوازی تیرەکەی خۆی ئەدات. بەلای ئەوەوە لە دەستووری ڕەوشت و خوودا، نە بابەتی ڕەوا (حلال) هەیە و نە بابەتی ناڕەوا (حرام). بەڵام هەرچی یارمەتی ئەوەیدا کە بانگەوازی کۆمۆنیستی بڵاوبێتەوە و، چاکە و سوودیش بۆ چینی دەسەڵاتداران ئامادە بکات، ئەوە ڕەوا و دروستە و لە جێی خۆی دایە.

جا ئەگەر (کۆمۆنیستی) هەتا ئێستا لە جەنگەکانیا خۆرەی بەکار نەهێنابێ، لەبەرئەوە ئەو جۆرە جەنگەی بەربەست نەکردووە لە خۆی، کە بەپێی ڕەوشت و خووی خۆیان نابێ بکرێ، یاخود کارێکی نەنگە، بەلای ئەوانەوە، بۆیە نایکەن، ئەوان لە ڕاستیدا بۆیە نایکەن چونکە چاکەیان لەوەدا نییە و، بانگەوازەکەیشیان بڵاو ناکاتەوە.

ئەو لەوە ترساوە کە دوژمنەکانیشی ئەو جەنگی خۆرەیەی لەگەڵ بەکاربهێنن، بەناوی تۆڵەسەندنەوە. ئیتر ئەوساکەیش لەم جەنگە پڕ کەتنە زیانی زۆرتر لێ ئەکەوێ، لەوەی کە کەڵکی لێی دەستکەوێ.



هەرچی (سەهیۆنی)یەکانە، لە خراپەکاری و کردەوە ناپەسەندیدا باووباپیرانیان هەیە. ئێمە وەک ئەیانناسین لێیان نادوێین. بەجێیان ئەهێڵین بۆ پێغەمبەرەکانی نەوەی (ئیسرائیل) کە وەک ئەیانناسن لێیان ئەدوێن، لە هەزاران ساڵانەوە. هەروەها وەک لەناو ئەو (تەوڕات)ەدا پێشان دراوە، کە (سەهیۆنی)یەکان باوەڕی پێ ئەهێنن.

لە (تەوڕات)دا نووسراوە، کە مووسا (خوا لێی خۆشبێ) پێیی ئەگوتن: «من لەیاخیبوون و، کەللەڕەقی ئێوە شارەزام... ئێوە لەپاش مردنی من، دەست ئەکەن بەئاژاوەنانەوە و تێکدان. لەو ڕێگایەیش کە بۆم دانابوون، لائەدەن. لە دوارۆژدا، خراپە یەختەتان ئەگرێتەوە».

پاش (مووسا)یش بەهەزار ساڵێک، (حزقێل)ی پێغەمبەریان هاتەکایەوە و ئەویش هەروەک (مووسا) هەر بەو جۆرە ناوی بردن و پێشانی دان. ئەویش وای پێ گوتن، کە نەتەوەیەکی کەللەڕەقن و، لەو ڕۆڵانەیشن کە ڕوویان وشکە و دڵیان ڕەقە. لە هەموو بەندێکیشدا هەر ئەوەی دووبارە ئەکردەوە، کە ئەوانەماڵێکی یاخین و لەسەر یاخێتییەکەی خۆیشیان نووچ ئەگرن.

لە (تەوڕات)یشدا خوێندوویانەتەوە، کە (ڕۆڵەکانی ئیسرائیل) کاتێ کە لە خاکی (میسر)دا بوون و بەکۆمەڵ بڕیاریان دابوو لەناو خۆیاندا کە لەوێ بچنە دەرەوە، هەندێ کەلوپەلی زیو و زێڕ و جلوبەرگیان لە (میسری)یەکان خواستبوو. پاشان کە چووبوونە دەرەوە ئەو هەموو کەلوپەل و جلوبەرگەیشیان لەگەڵ خۆیاندا بردبوو لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە ڕانەمەڕ و ئاژەڵ. بەو ڕەنگە میسرییەکانیان تاڵان کردبوو.

بۆ ئەو کەللە خواروخێچ و بۆشانەیش کە (سەهیۆنی)یەکان هەیانە و بیری پێ ئەکەنەوە، لە هەموو شتێک ئاسانترە کە ئەوە وا لێک بدەنەوە دروست و پەسەندە چونکە کردەوەکان لەگەڵ نەتەوەکانی تردا کراون، نەک جوولەکە. کە هیچ پەیوەندییەکی ڕەوشت و خوویش لە ئارادا نییە کە بیانبەستێتەوە بەنەتەوەکانی ترەوە. لە هیچ کاتێکیشدا ئەوەیان لێ بەربەست ناکات، کە بەلای هەموو نەوەی مرۆڤەوە بەناڕەوا دائەنرێ و پێویستیشە بەربەست بکرێ.

هەروەها لە (تەوڕات)دا خوێندبوویانەوە کە خوا نەخۆشیی ڕشانەوە و گەلێک دەردی تری ناردبوو بۆ (میسرییەکان). ئاوەکەیشیانی کردبوو بەخوێن و پڕیشی کردبوو لە بۆق و جڕوجانەوەر.

بۆ کەللە بۆش و بەتاڵەکەی ئەوانیش لەوە ئاسانتر نییە کە ئەوە ئەم ڕۆژە وەها لێک بدەنەوە کە بڵاوکردنەوەی نەخۆشی بەناو دوژمناندا، لەکاتی جەنگا، کارێکی پەسەند و ڕەوایە لەبەرئەوە، هەرچەندە لەلایەن خواوە لەو دوژمنانە هیچی وا نەکراوە، لەم ڕۆژانەدا، بەڵام بۆ خۆیان ڕەوایە کەوا لە دوژمنەکانی خۆیان بکەن.

ئەمە ناوەڕۆکی هەناوی ئەو (سەهیۆنی)یانەیە. ئێمە بەدرۆ ئەوەیان پێوە نالکێنین. بەڵام خۆیشیان ناتوانن بڵێن وا نییە. چونکە ئەوە لە شێوەی تێگەیشتن و لە شێوەی باوەڕکردنیانەوە لە هەموو شتێک نزیکترە.

جا ئەوانەی چاوەڕوانی ئەوەن کە ئەو (سەهیۆنی)یانە (جەنگی خۆرە) بەکار نەهێنن، لە جەنگانیاندا،(*) لەگەڵ نەتەوەکانی تردا، بەهەڵەدا ئەچن. چونکە کردەوەی چاکی وا، ناگونجێ لەگەڵ سروشتی ئەو (سەهیۆنی)یانەدا. هەروەها لەگەڵ ڕەووشتیاندا، لە هەموو مێژوویاندا. بێجگە لەوە نە لەگەڵ بیروباوەڕی (کۆمۆنیستی)دا. چونکە خۆیان پێ لەو خراپییانەی خۆیان ئەنێن و باوەڕیشی پێ ئەکەن کە دروست و ڕەوان، بێ ئەوەی لە کەسێک شەرم بکەن(*).

***

نەتەوەکان، هەموویان، لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون، کە نە (جەنگی گاز) و نە (جەنگی داوودەرمانی کیمیایی) ئەبێ بکرێن. ڕێککەوتنەکەیشیان لەسەر بەربەستکردنی (جەنگی خۆرە) لە هەموویان بەهێزتر و گەورەتر بوو.

نەتەوەکان ئەمەندە توندوتیژ بوون لەسەر بەربەستکردنی (جەنگی خۆرە)، لیژنەی تایبەتی چەک بەکارهێنان، لە بڕیارنامەکەیدا کە لە ساڵی (١٩٣٠)دا پێشکەشی کرد، وای پێشنیاز کرد کە لە هەموو بارێکدا بەکارهێنانی جەنگی خۆرە بەربەست بکرێ، تەنانەت لەو بارەیشدا کە تۆڵە لەو فەرمانڕەواییانە ئەکرێتەوە کە بەکارهێنانی جەنگی خۆرەیان ڕەوا بینیوە و ناپاکییان لە بڕیارەکانی ڕێککەوتنەکە کردووە و، پێچەوانەی جووڵاونەتەوە. خۆ ئەوەیش دیارە کە سزادان لە ڕەنگی ئەو کەتنەی کە تاوانبار کردوێتی،

(*) ئەوەی ڕاوبۆچوونەکانی عەقڤاد لێرەدا پووچەڵ دەکاتەوە، ئەو شەڕە وەحشیانەی ڕژێمە عەربەکانە دژی نەتەوە غەیرە عەرەبەکان کە لەژێر چنگیاندان: ئەمازیغیەکانی جەزایر، مەسیحییەکانی دارفور و خوارووی سودان، کورد لە عێراق و سوریا... خۆ شەڕی گاز و کیمیاوی و بایەلۆژیش، ئەوە هەر عەرەب وەک چەکێ بەکاری هێنا و نموونەی هەڵەبجە و بادینان و هێرشەکانی ئەنفال وان لەبەرچاو.



بیروباوەڕێکی ناسراو و دانپیانراوە لەسەر کێشی کردنەکانی تردا.

بەڵام (سەهیۆنیێتی) بایەخ نادات بەبابەتی (ڕەوا) و (ناڕەوا). لە کردەوەکانیدا کە لەگەڵ کەسانیتردا ئەینوێنێ، چ لە ڕۆژی ئاشتیدابێ، چ لە ڕۆژی جەنگدا. چونکە ئەو ڕەوشتی وایە هەموو کەس بەو دوژمنانە ئەزانێ کە (مافی نەتەوەی هەڵبژاردەی خوا) واتا جوولەکە داگیر ئەکەن؛ هەر بەو جۆرەیش ڕەفتاریان لەگەڵ ئەکات.

جا پیسکردنی ئاوی شاری (غزە)، لەم جۆرە هۆشە تاوان خوازانە، بەشتێکی سەیر نابێ دابنرێ. چونکە ئەوانە ئەم جۆرە کارانە بەئارەزووی خۆیان لێک ئەدەنەوە و، هۆشی خۆیانی پێ ئەخەنە خۆشی و سرەوتەوە، بام هۆشی هیچ کەسێکی تریش پەسەندی نەکات. چونکە هۆشی پیاوی لایەنگیر، لەشت لێکدانەوەدا، لە هۆشی پیاوانی تر ناکات.

ئەمەیش هەڕەشە و چاوترساندنێکە، کە لەکاتی خۆیدا هاتۆتەکایەوە. بەهیوای ئەوەین کە چاوە قووچاوەکان بکاتەوە، تا سەیری ئەو مەترسییە سامناکە بکات کە ئاڵاوە لە هەموو نەتەوەکانی جیهان، ئەگەر هاتوو ئەم (سەهیۆنیێتی)یە سەری گرت و فەرمانڕەواییەکان لەگەڵیا پەیماننامەیان بەست. چونکە سەهیۆنیێتی ڕەوشتی وایە، هیچ گفت و پەیمانێکی خۆی، ئەگەر کەلک و چاکەی خۆی تیانەبێ، لەگەڵ هیچ نەتەوەیەکدا ناباتە سەر، ناپاکی هەر تیا ئەکات.

ئەمە وریاکردنەوەیەکە بۆ هەموو جیهان. هەر بۆ (عەرەبەکان)، یاخود دراوسێکانی (سەهیۆنیێتی) نییە کە لەم لا و لەولایەوە ئەژین.

ئاخۆ چارەنووسی جیهان چۆن ئەبێ، ئەگەر ئەم (فەرمانڕەوایی سەهیۆنی)یە تیا سەرکەوێ و، فەرمانڕەواییەکان، لەگەڵیا، بکەونە فەرمان و پەیمانەوە، کە ئەویش سروشتی وایە، بەهیچ گفت و بەڵێنێکی خۆیەوە، خۆی نابەستێتەوە.

چی هەیە ئەم (فەرمانڕەواییە سەهیۆنییە) بەربەست بکات لە بەکارهێنانی (جەنگی خۆرە) یاخود لە (جەنگی خۆرە) خراپتر، لەو کاتەدا کە لەگەڵ دراوسێکانیا تێک ئەچێ.

ئەی چی بەربەستی ئەکات لەوەی کە ئەم جۆرە جەنگی خۆرەیە بەکاربهێنێ بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی خۆی، ئەگەر نەیتوانی بەهۆی بەکارهێنانی هێزی سوپا، یاخود زرنگکارییەوە، پێیان بگات؟!...

کۆمەڵی نەتەوەکانی سەر بەمرۆڤایەتی، (فەرمانڕەوایی)یەک ئەخەنە ناو خۆیانەوە کە بەگفت و پەیمانەکانی خۆیان ئەیپارێزن لە مەترسی دوارۆژ. بەڵام ئەوان خۆیان، بەگفت و

پەیمانێک، لە دەست ئەو (فەرمانڕەوایی)یە کە (ئیسرائیل)ە ناپارێزن.

هەرچی (بۆمبای گەرد)ە، چەکێکی وەهایە کە لە دەست هەموو نەتەوەیەک نایەت دروستی بکات، یاخود دەست خۆی بخات. بەڵام (بۆمبای خۆرە)، کزترین (فەرمانڕەوایی) ئەتوانێ دروستی بکات. هیچ ئەرکێکیشی نییە، بەسەر ئەو فەرمانڕەواییەوە کە دای ئەهێنێ، یاخود دروستی ئەکات.

جا کە وای لێ هات، ئاسایش و دڵنیایی لە جیهاندا لە کوێ ما، کە فەرمانڕەواییەکی وەک فەرمانڕەوایی سەهیۆنی تیا هەڵکەوێ و دانی پیابنرێ و، ئەویش لەسەر ئەم ڕەوشت و کردەوەیەبێ کە لەسەرەوە پێشانمان دا؟

ئا ئەمە ئەو ڕاستییەیە کە پێویستە، لەم دەمەدا، پێشانی هەموو نەتەوەکانی جیهان بدرێ. لە ڕاستیشدا، ئەمە ڕاستییەکی ئاشکرا و دیارە لە مێژوودا زۆر دووبارە بۆتەوە، بەچاویش زۆر بینراوە، لە بەڵگەکانی ڕەوشت و خوویشە، کە لە هەموو جێگایەکدا بەڵگەیەکە لەسەر ناوەڕۆکی دڵ و دەروونی ئەو (سەهیۆنی)یانە و، ئەو سروشتەیان لە کردەوە و کاریاندا کە هەموو لایەک لەسەری یەک ئەگرێ. هەموویشی بەدوو وشە پێشان ئەدرێ: کە هەرچی بابەتی ناڕەوایە، لەپێناو مەبەسی خۆیاندا، بەڕەوای دائەنێن.

(ئیسرائیل) فەرمانڕەواییەکی وابێ، کە سەردەمی خۆی بەوە دەست پێ بکات، کە (کوشتاری دێر یاسین) بەرپا بکات... دوای ئەوەیش (جەنگی خۆرە) بخاتەگەڕ... ئاخۆ ئەبێ فەرمانڕەواییەکی وەها لە ماوەی دە وردیلە (دقیقە)دا دانی پیابنرێ... چونکە مەلۆتکەیەکی وەهایە کە لە تواناد‌ا نییە چەند کات (سعات)ێک چاوەڕوانی بکرێ؟

لە ڕاستیدا ئەمە مەرگەساتێکە و لە شێوەی بەزمە ساتێکدا پێشان ئەدرێ. جا هەش بەسەر ئەو کەسەی، کە لە مێژووی نەوەی ئادەمدا تاوانی ئەوە دێتە ئەستۆی. لە ڕاستیدا، ئەمە لە هەموو گوناهێک خەراپترە کە هەتا ئیمڕۆ تووشیان هاتووە.

## بەرەنگاری کردنی کۆمۆنیستی بەرەنگاریی کردنی خراپەیە

ئەو کەسەی کە کۆمۆنیستی کردووە بەپیشە بۆ خۆی. قینی لە چاککردنی کاروبار ئەبێتەوە، حەزی پێ ناکات و دڵی پێی خۆش نابێ. تا هیوایش لە ئارادابێ کە زوو بەزوو ئەو چاککردنە دێتەدی، ئەو کۆمۆنیستە زۆرتر هورووژم ئەباتە سەر ئەو چاککردنە. هۆی ئەمەیش ئەوەیە کە ئەو چاککردنەوە ڕێگای ئاژاوە و هەڵگەڕانەوەی لێ ئەگرێ، کە ئەو دووانەیش ئامانجی ڕەنجدانن لە هەموو بانگەوازێک و لە هەموو پیلانێک. جا ئەگەر تۆ



کۆمۆنیستێکی پیشەیی بخەیتە سەر پشک لێ نان: کام فەرمانڕەوایی پێ چاکترە، هی خراپ یان هی چاک، بێگومان فەرمانڕەواییە خراپەکەی پێ چاکترە لە فەرمارەواییە چاکەکە. چونکە فەرمانڕەواییە خراپەکە، لە ڕێگای تۆڵەسەندنەوە و کاولکردنەوە لەگەڵیا ئەڕوات بەڕێگا، بەڵام فەرمانڕەواییە چاکەخوازەکە، دوور نییە لەم ڕێگایەیدا چەند هەنگاوێک بیهێنێتە پاشەوە، یاخود هەر ڕێگاکەی بەتەواوەتی لێ بباتە بەست.

ئێمەیش کە سەرنج لە کردەوە و کاری کۆمۆنیستە پیشەییەکان ئەدەین و تەماشای پێڕەوییەکەیان ئەکەین، ئەکەوینە سەر ئەو باوەڕەی کە بە(گەوج) دابنرێن. جا ئەگەر ئەوانە لە خاکێکا سەر بکەون، بۆیەکا سەرئەکەون، کە ئەوانەی شەڕیان پێ ئەفرۆشن لە خۆیان (گەوەج تر)ن. جا هەر ئەمەیش بوو کە لە (ڕووسیای چار) و (چین)دا قەوما.

بەڵام ئێمە ئەوەمان بەبیردا نەئەهات، کە کۆمۆنیستەکانی (میسر) ئەمەندە گەوجییان دەربکەوێ وەک لەپاش هەڵگەڕانەوەی دواییدا دەرکەوت. چونکە لابردنی خونکارێکی خراپ لەسەر تەختی شاهی، کارێکی وابوو، کە ئەگەر نەتەوە لە شێوەی شۆڕش گێڕانەدا هەڵی سووڕاندایە، گەلێک کەسی تیا ئەکوژرا و گەلێک خوێنی تیا ئەڕێژرا. چەند مانگێکیشی پێ ئەچوو هێشتا ئەو کارە بەتەواوەتی سەری نەئەگرت. جا کە لەشکری (میسر) گەیشتە ئەو توانایییەکە لە چەند ڕۆژێکدا ئەو کارە گرنگە سامناکە هەڵسووڕێنێ، بەشێوەیەکی وا کە نە دەنگەدەنگ و نە خوێنڕشتنی تیا پەیدابێ و نە دڵەخورپێ، دادپەروەری و ماف ڕەوایی وای پێ ئەوێ، کە سەردەمی نوێی (میسر) وچانێکی تەواوی بدرێتێ، بام چەند حەفتەیەک یان چەند ڕۆژێکیشی پێ بچێ، تا بەتەواوەتی کارەکەی سەر ئەگرێ و بەئامانجی خۆیشی ئەگات.

بەڵام کۆمۆنیستە پیشەییەکان لەوە گەوجتر دەرچوون کە هۆشیارانە بجووڵێنەوە، یاخود بتوانن بەکارامەیی پێڕەوییەکەی خۆیان بەکار بهێنن. چونکە هەڵگەڕانەوەکە ڕۆژێکی لێ بەسەر نەچوو، ئەوان دەستیان کرد بەبڵاوکردنەوەی پەرتووکەکانیان لەم لا و لەولادا، بەدزییەوە، هانەی ئەوانەیان ئەدا، لە دژی فەرمانڕەواییە تازەکە و یاساکەی، کە گوێیان لێ ئەگرتن. ئەنجامی ئەمەیش بەوە گەیشت کە لە هەموو کەس نزیکتر بەبانگەوازەکەیان، گومانیان تێ ئەبردن لە خۆیان و لە نیازیان و لە هۆی پەلاماردانیان، پێش ئەمەی گومان بەرن لەم (یاسا تازە)یە کە هەڵگەڕانەوەکە دایمەزراندبوو.

جا ئەمە ئەبێتە قسەیەکی دووبارەکراو کە بگوترێ: کۆمۆنیستی لەگەڵ باری خراپ و بڕوای خراپ و پشت پێ نەبەستنی تێکڕاییدا تەشەنە ئەکات و بڵاو ئەبێتەوە.

بەڵام ئەگەر ئێمە هۆی بڵاوبوونەوەی (کۆمۆنیستی) هەر بخەینە سەر (باری خراپ) و (گومانی خراپ)، هۆی هەرە گرنگ و کاریگەریمان لەبیر ئەچێ، کە بریتییە لە (خراپەخوازی) لەناو ئەو دەروونانەدا کە بێ پەروا دوای ئەم (بانگەوازە پیسە) ئەکەون، بێ بیرکردنەوە و بێ لێکدانەوە، کەچی خۆیشیان وا ئەنوێنن کە لە پاش لێکۆڵینەوەیەکی ورد و، بیرکردنەوەیەکی دوور و درێژ هاتوونەتە سەر باوەڕی کۆمۆنیستی!

جا ئەو (ناشی) و (خوێندەوار)ەی کە پەلە ئەکەن لە باوەڕکردن بە(کۆمۆنیستی)دا، هەردووکیان (بەدخواز)ن و سروشتیشیان وایە کە حەز لە (خراپەکاری) ئەکەن. بەهیچ فێڵێک ناخرێنەوە سەر ڕێی ڕاست، تا واز لە (کۆمۆنیستی)یەکەی خۆیان بهێنن. بۆ ئەو جۆرە کەسانە، لە سەروگوێلاک کوتانەوە و بەربەست کردن و ڕاوەدوونان بەولاوە، هیچ شتێک بەکارنایەت. ئەوانە هەر چاوپۆشییەکیان لێ بکرێ و، هەر بەزەییەکمان پیایاندا بێتەوە و، هەر کارێکیان بۆ ئاسان بکرێ، پێ نازانن بەچاکەمان. چونکە ئەو (دڵ ڕەشی)یەی کە سروشتی پێوەی ڕاهاتووە، باکی زەبروزەنگ و ناچاری نەبێ، باکی هیچ شتێکی تری نییە.

جا ئەگەر نەزانێک ببێتە (کۆمۆنیست)ێکی پیشەیی، لەبەرئەوە نابێتە (کۆمۆنیست) کە ناشی و نەخوێندەوارە، لەبەر ئەوە ئەبێتە (کۆمۆنیست) کە هەرگیز ماندوو نابێ لە گوێگرتن لەوانەی کە هانەی ئەدەن بۆ ئاژاوەنانەوە و پشێوی و کاولکردن. بەڵام هەرگیز گوێ لە ئامۆژگاری و ڕێ پێشاندانی دڵسۆزان و تێگەیشتووان ناگرێ، بام قسەکانیشیان پڕبن لە ڕاستی و دروستی و بەڵگەی بەهێز، یاخود هەڵبگرن گوێیان لێ بگیرێ.

لە ڕاستیدا، بیانووی ئەو –ئەگەر بگونجێ پێی بڵێین بیانوو– ئەوەیە کە (خراپەکاری) بنجی داکوتاوە لە دڵ و دەروون و سروشتیا، بەهیچ فێڵێکیش چارەی ناکرێ بێتەوە سەرڕێ، نە ئامۆژگاریش کاری لێ ئەکات، نە ڕێ پێشاندان.

ئەگینا ئەگەر وانییە، ئەم ناشییە بۆچ گوێ ئەگرێ لەو کەسەی کە پێی ئەڵێ: «دەی بچن بڕووخێنن، بچن ئاژاوە بنێنەوە»، کەچی گوێ ناگرێ لەو کەسانی کە پێی ئەڵێ: «ڕووخاندنی کارخانەکان خۆی و سەدان کەسانی تر تووشی برسێتی و ئاوارەیی ئەکات. کارخانەکەیش ناتوانێ، هەر لەیەک کاتدا، هەم کرێی بۆ زۆر بکات و، هەم زیانەکەی خۆیشی پڕ بکاتەوە.»؟

بۆ چ گوێ ئەگرێ لەو قسە پڕوپووچانەی کە بانگکارەکانی کۆمۆنیستی ئەیدەن



بەگوێچکەیدا و، تێیشیان ناگات، کەچی گوێی خۆی کەڕ ئەکات لە قسەی ئەو کەسانەی کە پێی ئەڵێن: «سامانی کشتوکاڵ لە (میسر)دا بەشی میسرییەکان خۆیان ناکات. سامانی پیشەسازیش پێویستە پەرەی پێ بدرێ. چەند ئەوەندەی تر کارخانەکانی میسر، بخرێتە سەریان، بەشی کرێکاران ناکەن فەرمانیان تیا بکەن. کەواتە ئەگەر ئەو کارخانانەی هەن و ڕێکوپێکن، بسووتێنرێن، باری بێ کاران لە کرێکاران چی بەسەر دێ، لە کاتێکدا کە ئەو کارخانانەی هەن لەچاو پێویستی خاکی (میسر)دا لە کەمیش کەمترن؟».

بۆ چ (کۆمۆنیست) باوەڕی بەوە هەیە، کە ئەبێ (خەستەخانە) و (دەرمانخانە) بسووتێنرین و، بڕوای بەوە نییە کە هەر هیچ نەبێ، هەڵ ئەگرن بمێننەوە؟

ئەم قسانەیش، هەر بەچەشنی ئەو قسانەی کە هانەی ئەدەن بۆ (ڕووخاندن) و (پشێوی) لەوانەن پیاو تێیان بگات. بەڵام چونکە (ڕووخاندن) و (پشێوی نانەوە) بریتین لە خراپە، (کۆمۆنیست)ەکە پشتی پێوە نایێشێ، دڵی ئارەزووی ئەکات، بەڵام (ئاوەدانکردنەوە) بەدڵی نییە و خۆی لێ دوورئەخاتەوە، بام هەموو بەڵگەیەکیشی لەسەر بێتەوە کە دروست و ڕاستە.

هەرچی کۆمۆنیستی خوێندەواریشە، لە کۆمۆنیستە نەخوێندەوارەکە سەرگەردانترە. چونکە ئەو باوەڕ بەشتی وا ئەکات، کە پیرێژنە ڕێژگاوەکانیش باوەڕی پێ ناکەن. خۆیشی وا هەڵ ئەکێشێ کە هەموو (زانست)ێکی ئازادکردووە و، لە کۆکردنەوەی (زانست)ەکانیش هەموویان بۆتەوە، ئیتر هیچ پێویستییەکی نەماوە بەخوێندەوە و، ئامادەیش نییە بۆ ڕاستکردنەوەی زانیارییەکەی خۆی، یاخود گۆڕینی.

(کۆمۆنیستی خوێندەوار) باوەڕ بەوە ئەکات کە پیاوێک هەبووە، ناوی (کارل مارکس) بووە، کە دەستی کردووە بەژمێرکاریی و تەماشای نامەکانی خۆی کردۆتەوە، (دوو ئەنجام)ی دەست کەوتووە، کە هیچیان بەرپەرچ نادرێنەوە و لە گۆڕین نایەن. هیچ کەسێکیش ناتوانێ توانج و پلاریان تێ بگرێ، پیاوێکی خوێڕی داڕزیو یاخود بەکرێگیراو نەبێ...

یەکێک لەو ئەنجامانە ئەوەیە: کە (فەرمانی کوشتن) بدرێ بەسەر هەموو بارێکی (بیر) و (ڕەوشت و خوو) و (ئایین) و (وێژە)دا، کە (کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤایەتی) لەسەر ئەوانە دامەزراوە.

ئەنجامەکەی تریش ئەوەیە: کە (کارل مارکس)، ڕێگایەکی وای داناوە بۆ مرۆڤایەتی، کە ناشێ هەرگیز لێی لادات، بام بەملیۆن ساڵیش درێژە بکێشێ.

پیرێژنێکی لادێی بڕوا بەوە ناکات، کە سەردارەکانی ئایینی و جیهانی، هەموویان، پێکەوە، شتی وایان لێ بوەشێتەوە و بتوانن بیکەن. کەچی (کۆمۆنیستی پێشکەوتنخواز)، بەئاسانی، بلێ زۆر بەئاسانی، ئەمەی بەمێشکدا ئەچێ کە (کارل مارکس) فەرمانی کوشتن ئەدات بەسەر هەموو لە پاش بەجێ ماوێکی ڕابردوودا، ڕێگایەکی وایش بۆ دوارۆژی مرۆڤایەتی دائەنێ، کە هەرگیز نەتوانێ لێی لابدات... جا هەر کەسێک باوەڕ بەم قسە هیچ و پووچە نەکات، بەپیاوێکی خوێڕی و داڕزییو، یاخود دەوڵەمەند، یان هەلپەرستی دائەنێن. یان بەئارەزووی خۆیان هەزار و یەک هەند ناو و ناتۆرەی، لە قسە بۆش و بەتاڵەکانی خۆیانی پێوە ئەنێن.

جا ئەوەی هۆشی ئەم (کۆمۆنیستە خوێندەوار)ە پەسەندی ئەکات، هۆشی هیچ کەسێکی دوو پێ پەسەندی ناکات. بەڵام (کۆمۆنیستە خوێندەوارەکە) بۆیەکا پەسەندی ئەکات، کە قسەیەکە و پڕیەتی لە (خراپەکاری)، نەک قسەیەکە و پڕیەتی لە (چاکەکاری) و بەکەڵکی بیرکردنەوەدێ.

هەرچی (کۆمۆنیستی)یە، لە توانایدا نییە دەست بداتە (چاکەکاری) یاخود (بیرکردنەوەیەکی ڕاست و ڕەوان). جا لەبەر ئەوە پێویستە پەی بەوە ببەین کە (کۆمۆنیستی پیشەیی) بەرگەی (کاروبار چاککردنەوە) ناگرێ و دڵیشی پێی خۆش نابێ، هەتا پێیشی بکرێ تەگەرە لەو چاککردنەوە و ڕاستکردنەوەی کاروبارە ئەدات. بەڵام ئەگەر هاتوو کاروبار ڕاستکرایەوە و چاککرایەوە، ئیتر (کۆمۆنیست) هیچی وای پێ ناکرێ بیکات کە نرخێکی هەبێ. هیچ ئەوەیشی پێ ناوێ کە بیر لەوە بکرێتەوە دڵی بدرێتەوە، ئەگەر بێتو چاکی مەردانەی لێ بکرێ بەلادا و بەدڵ بەرەنگاریی تێکچوون و ئاژاوە بکرێ و، لە جیاوازی ناوەند کەسانیش کەم بکرێتەوە و فەرمانیش بۆ ئەوانە پەیدا بکرێ کە ئەیانەوێ بیکەن و کە ئەتوانن هەڵی بسووڕێن.

بەڵام لە (کۆمۆنیستە پیشەیی)یەکانەوە چاوەڕوانی دەربڕینی بێزارییەکی زۆر و بۆڵەبۆڵێکی زۆربن، لەو کاتەدا کە چاکەیەکی زۆر ئەکەن.

هەرگیز ئەوەیشتان لەبیر نەچێ، کە هەتا (کۆمۆنیستی) لە توانای دابێ چاوەڕاو بکات و ئاژاوە بنێتەوە، ئەتوانێ لە گەلێک شێوەدا خۆی دەربخات، واتا گەلێک ڕوو بپۆشێ.



(کۆمۆنیستی) قینی لە (یاسای خونکاری) ئەبێتەوە، کەچی هیچ باکی ئەوەی نییە کە چەپڵە بۆ یەکێکی وەک (فاروق شاە)(*) و پیستر لە (فارووق شاە) لێ بدات.

(کۆمۆنیستی) بەرپەرچی هەموو ئایینێک ئەداتەوە، ناویشی ناون (بەنگی نەتەوەکان)(**).

بەڵام هیچ باکی ئەوەی نییە کە ڕستە (تەزبیح) بەدەستەوە بگرێ و، بەرگی (پیاوچاکەکان)یش بپۆشێ.

(کۆمۆنیستی) لەپێناو (ڕووخاندن) و (پشێوی بەرپاکردن)دا، هەموو شتێک ئەکات. خۆی بەهەمووی ڕەنگێکەوە دەرئەخات: چ سوور و چ سەوز و، چ زەرد و چ ڕەش، چ ڕەنگانی تر. ئێوە چاوەڕوانی ئەوە مەبن کە هەر بەسوورییەوە خۆی دەربخات. چونکە ئەو شەرمی بەخۆی نییەو هەر ڕەنگێ ڕێگای کاولکردنی بۆ ڕووناک بکاتەوە لە خۆی ئەدات. جا (کۆمۆنیستی)، هەمووی، بریتییە، لە وشەیەک: «وشەی خراپەکاری». پەنایش بەخوا.

## هەرچەند کاروبارتان چاککردەوە خۆتان لە کۆمۆنیستەکان بپارێزن

لە هەر خاکێکا (سۆسیالیستی دیموکراتی) و (کۆمۆنیستی) پەیدا بووبن، جیاوازییەکی تەواو لە نێوانیاندا ڕووی داوە.

ئەم جیاوازییەش ئەوەیە کە کاری چاککردنەوە و ڕاستکردنەوە (سۆسیالیستە دیموکراتییەکان) دڵخۆش ئەکات، بەڵام (کۆمۆنیست)ەکان تەنگەتاو ئەکات و تەواو ئەیان وروژێنێ. ئەمەیش سەبارەت بەوەیە کە (کۆمۆنیستەکان) چاکەخوازنین و حەز بەچاککردنەوە و ڕاستکردنەوەیش ناکەن، لە پێش هەموو شتێکا تێکدانی کۆمەڵایەتییان ئەوێ. وایش هەست ئەکەن کە کاری چاکەکاری و ڕاستکردنەوە، تەگەرە ئەدەن لەم مەبەسەیان کە لەسەروو هەموو مەبەسێکیانەوە دایدەنێن.

جا لەبەرئەوە، وا هەڵ ئەگرێ کاربەدەستانی ئەم نەتەوەیە، چاوەڕوان بن کە لەلایەن بانگکارە کۆمۆنیستەکانەوە چست و چالاکییەکی یەجگار ببینن لە دژیان، لەو کاتانەدا کە

(*) فارووقی یەکەم؛ ١٩٢٠ تا ١٩٦٥ لە ١٩٣٦ تا ١٩٥٢ مەلیکی میسر بووە، کوڕی مەلیک فوئادی یەکەمە، شۆڕشی یۆلیۆی ١٩٥٢ی سوپای میسری لەسەر تەختی لادا، دواجار بەئاوارەیی لە ڕۆما کۆچی دوایی کرد.

(**) بەنگی نەتەوەکان: ئیشارەیە بۆ ئەو وتەیەی مارکس کە وتبووی (الأدیان أفیون الشعوب).

کارێکی چاک و بەکەڵک هەڵ ئەسووڕێنن لە کارە چاکەکان، یاخود پرۆژەیەکی تازە دەست پێ ئەکەن لە پرۆژە پڕ بەزەییەکان.

چونکە کۆمۆنیستەکان دوژمنی کار و کردەوەی چاک و پرۆژەی پڕ بەزەیین. هەر لەبەرئەوەی کە ئەو کار و پرۆژە چاکانە و پڕ لە بەزەییانە، ئەبنە هۆی نەهێشتنی ئەو بێزاری و وەڕسبوون و بۆڵەبۆڵەی کە بەکاری ئەهێنن لە بڵاوکردنەوەی ئاژاوە و پشێوی و کاولکردندا.

کۆمۆنیستەکان، بەسەرزاری، کە (ڕاستی پەرستی)یەکەیان، (ڕاستی پەرستی شتەکی) وای پێ ئەوێ.

کەچی لەژێرەوە خەریکی داونانەوەیەکی سەهیۆنییانەن و هیچی تر، کە ئامانجی ئەوەتا (باوەڕی) و (ڕەوشت و خوو) تێک بدات، کە (کۆمەڵایەتییەکانی[1] مرۆڤایەتی)

لەسەر ئەوانە دامەزراوە. ئەویش هەر بۆ ئەمەی کە هەر فەرمانی پارەپەرستی (مادە) زاڵ بێ بەسەر هەمووواندا. ئەوەیش ئاشکرایە کە مەبەسیان (فەرمانداری سەهیۆن) و ڕۆڵەکانی سەهیۆنە، کە بریتین لە دەوڵەمەندەکان و چەرچییەکانی پارەداری لە هەموو کووچە و قوژبنێکی جیهاندا.

(کارل مارکس) کە پێشەوای (کۆمۆنیستی) یاخود (ڕاستی پەرستی شتەکی) بوو، (جوولەکە)یەک بوو وای پێشان ئەدا باوەڕی بەهیچ ئایینێک نەبوو. کەچی لەگەڵ ئەوەیشا، بەسەرزاری ڕووی خۆی لە ئایینەکەی خۆی وەرگێڕاو بوو بە(مەسیحی). ئەمیش بۆ ئەمەی کە لەژێرەوە ڕاژەی خۆی بۆ (بانگەوازی سەهیۆنی) پێشکەش بکات و، بەم چەواشەکردنەیش بتوانێ (شارستانێتی ئەوروپا) لە ڕەگوڕیشەوە دەربهێنێ.

ئیتر ئەم سەهیۆنییە فڕوفێڵبازە دەستی کرد بەبڵاوکردنەوەی ئایینەکەی خۆی کە ناوی نابوو (ئایینی چاکەخوازی لەسەر بنچینەی بیروباوەڕی زانستی).

کەچی بەلای ئەوەوە، (چاکەخوازی) بەهیچ کلۆجێک سەرناگرێ، تا هەرچی (ئایین) و (نیشتمان) و (یاسای خێزانی)یەک هەیە تێک نەدرێ و لەناونەبرێ.

بۆیەکا (ئایینەکان) تێک ئەدات، چونکە بە(تلیاکی نەتەوەکان)یان دائەنێ.

بۆیەکا (نیشتمانەکان) تێک ئەدات، چونکە بەلای ئەوەوە (نیشتمان) نیشتمانی فەرماندارەکانە، نەک نیشتمانی فەرمانی بەسەرا دراوەکان. بۆیەکا (خێزان) تێک

(١) وەیان: کۆمەڵانی.



ئەدات، چونکە بەقەسەی خۆی، (خێزان) هۆیەکە بۆ چەوساندنەوە و ڕووتاندنەوە.

بەڵام ئەو بیروباوەڕەی کە وا پێشان ئەدات (ئایینەکان) و (نیشتمانەکان) و (خێزانەکان) هەڵ ئەگرن لەناو ببرێن و پایەماڵ بکرێن یان زۆرتریان لێ بکرێ لەسەر فەرموودەی (کارل مارکس) بام کەر بۆ خۆی بتۆپێ، وەک پیشینان گوتوویانە چونکە کورتانی بۆ نایێ ئەگەر هیچ نەگوترێ دەربارەی ئایینی ئەم سەهیۆنییە ناپاکە، ئەوەندە بەسە کە بگوترێ شایانی مقۆمقۆیەکی زۆرە کە لەسەری بکرێ.

بەڵام ئەو شتەی کە هیچ مقۆمقۆیەکی پێ ناوێ لەسەری بکرێ، ئەوەیە کە (سەهیۆنێتی)، وەک لە کاولکردنی نیشتمانان و تێکدانی ئایینان و پچڕاندنی پەیوەندی خێزانان کەڵک وەرئەگرێ، لە هیچ شتێکی تر کەڵک وەرناگرێ. چونکە ئەگەر هەموو شتێک بگەڕێتەوە سەر پارە و سامان و، هەر پارەوپوول بایەخی پێ بدرێ، لە جیهانێکدا کە مرۆڤ باوەڕی بەخزمایەتی و نیشتمانپەروەری و ئایین نەمێنێ، سەرداریی جیهان بۆ هیچ نەتەوەیەک نامێنێتەوە بۆ (جوولەکەکانی سەهیۆنی) نەبێ.

کەواتە سەرسوڕمانی پێ ناوێ کە (سەهیۆنی)یەکی ملیۆن داری سووخۆری وا ببینین کە لەلایەکەوە خوێنی دەوڵەمەند و هەژار بمژێ و، لەلایەکی تریشەوە (کۆمۆنیستی) بڵاو بکاتەوە و، لە پێناوی بڵاوکردنەوەی کۆمۆنیستیشدا خۆی بەکوشت بدات.

ئەمەیش ئاشکرایە، کە ئەو سەهیۆنییە، لەبەرئەوە، ئەوە ناکات کە قینی لە پارە و سامانە و هەست بەبەزەیی هاتنەوە ئەکات، بۆیەکا ئەوە ئەکات کە خۆی و جوولەکەکانی نەتەوەی خۆی ڕۆژێک لە ڕۆژان ببنە سەرداری جیهان. ئەوەیش ئەو ڕۆژە پێک دێ کە ناوی ئایین و نیشتمان و خێزان لە ئارادا نەمێنن. هیچ شتێکیش لەبەردەم ئادەمیزاددا نەمێنێتەوە کە بایەخی پێ بدرێ، سامان و پارە نەبێ.

کەواتە سەرسوڕمانی پێ ناوێ کە جوولەکەیەک ببینین ڕاژەی خۆی پێشکەشی ئایینێک بکات، کە بەهۆی ئەوەوە بتوانێ جڵەوی هەموو جیهان بگرێتە دەست.

بەڵام کەسانی تر، کە (جوولەکە) نین، بۆ چ ڕاژەی خۆیان پێشکەشی ئەو ئایینە ئەکەن، کە جڵەوی هەموو جیهان ئەخاتە دەست جوولەکەوە؟

سەهیۆنییە ناپاکە کە ئەمەیشی لە مێشکی خۆیدا داناوە. چونکە ئەو ئەوە ئەزانێ کە مرۆڤێک کردەوە و ڕەوشتی باشی هەبێ، ناچێ جیهان کاول بکات بۆ ئەمەی بەکەلکی سەهیۆنێتی بێ، بیەوێ ئەوە، یان نەیەوێ.

لەبەرئەوە ئەو بانگەوازەکەی خۆی هەر ئاراستەی ئەو کەسانە ئەکات کە بەدخوون و لە جڕوجانەوەرانی مرۆڤ ئەژمێرێن.

هەموو دەم بانگەوازەکەی ڕوو ئەکاتە ئەوانەی کە لە هەموو کەس گرنگتر و نەنگترن، کە لەش و هۆشیان ناتەواوی و ناشیرینی تیایە، کە ڕەوشتیان پڕە لە ئاژاوە و پشێوی نانەوە. جا لەم ڕووەوە، هیچ جیاوازییەک نییە لە ناوەند ناتەواوییەکانی لەش و کەموکوڕی و گرێکانی دەروونداا.

هیچ (کۆمۆنیست)ێکیش نادۆزیتەوە، کە لە سروشتیا چاوپێهەڵهێنان و پشم و قین کۆنەبووبێتەوە. لە لەشیا خەوشێک و، لە دەروونیا گرێیەک نەبێ. لەبەر هەر هۆیەکیش بێ حەز لە خراپەکاری نەکات. کۆمۆنیست باکی ئەوەی نییە کە جیهان کاول بکات بەسەر ئەو کەسانەدا کە تیایا ئەژین، بام پاداشەکەیشی کەم بێ. یاخود هەر لەبەر ئارەزووی دڵی خۆی ئەوە بکات کە بەهیچ دانامرکێتەوە بەوێرانکردن و تێکدان و سەرەوژێکردن نەبێ.

وێنەی ئەو کۆمۆنیستانە، ئەوانەن کە جار بەجارێک پیاوانی ئاسایش بەتایبەتی لەم ڕۆژانەدا ئەیاندۆزنەوە. چونکە لەم ڕۆژانە دایە کە کاروباری چاکەخوازی دەست پێ کراوە و، هەندێکی لە تەواوبووندایە و، هەندێکیشی ماوەیەکی کەمی ئەوێ تا تەواو ئەبێ.

(پیاوانی ئاسایش)، هەروەکو لەوەپێش دیویانن، ئەوانەیان وا بۆ دەرئەکەوێ، کە کۆمەڵەیەکن لە بەدخووان و تێکچووان و ئەوانەی کەموکوڕی لە لەشیاندا هەیە و، گرێ لە دەروونیاندا. بەتەنگ ئەوەیشەوە نین، کە بۆ چ خراپەکارییەک کێش ئەکرێن. چونکە ئەوانە دەستەیەکی وەهان کە لە توانایاندا نییە هیچ جێگایەک ئاوەدان بکەنەوە. هەروەها فریشیان بەسەر ئاوەدان کردنەوە نییە. جا ئەوانە چ باکیانە کە خانووەکە بەسەر خاوەنەکەیدا بڕووخێ. خۆ ئەوان هەر ڕووخاندنیان لە دەست دێ. سا بەهۆی ئەو ڕووخاندنەوە، کرێی خۆیان دەست کەوێ، یان دەست نەکەوێ، ئەوانە خۆیان وا دێتە پێش چاو کە بەکامی خۆیان گەیشتوون. ئیتر چییان ئەوێ؟!

لە نووسەرێک کە لە سەرۆکانی قسەی پێکەنین ئەژمێررێ لە ئەوروپادا پرسرا: تۆ قسە پێکەنین هێنەرەکانت چۆن دائەهێنیت؟ چۆن پەی ئەبەیت بەو کات و جێگایانەی کە قسە پێکەنین هێنەرەکانتی تیا دروست بکەیت؟ گوتی من قسەی پێکەنین هێنەر داناهێنم. خۆیشم ماندوو ناکەم بەدوایاندا بگەڕێم. من هەر ئەوەندە ئەکەم کە قسەکانم ڕاست و ڕەوانن. کەچی کەسانی تر وا ئەزانن من گەمەیان لەگەڵدا ئەکەم و بەدڵ ئەو قسەیە ناکەم.



ئەمەیش سەبارەت بەوەیە، کە ئەو کەسانە بەدووڕوویی و فڕوفێڵبازییەوە ڕاهاتوون، بڕوا ناکەن کە مرۆڤێک بەئارەزووی خۆی قسەی ڕاست بکات و بەدڵیش بیکات.

لام وایە ئەو پیاوە بەزمکارە ڕاستی کردووە. هەرچی گوتووە بەڕاست گوتوویەتی. کەچی کەسانی تر، بەپێی ڕەوشتی خۆیان، وایان زانیوە، گاڵتەیان لەگەڵدا ئەکات و ئەوی ئەیلێ بەدڵ نایلێ.

منیش گەلێک جار ئەوەم تاقی کردۆتەوە. هەر کەسێکیش ئەیەوێ ئەتوانێ تاقی بکاتەوە. هیچ جارێک نایەتە پێشەوە کە (ڕاستی) بلێ و کەسانی تر بەقسەکەی پێ نەکەنن و، توانای هێنانە پێکەنینەکەی پەسەند نەکەن.

هاوڕێکانمان لە بابەت کۆمۆنیستەکانەوە و چست و چالاکییە بەناوبانگەکەیانەوە لەم خاکەدا، کە (میسر)ە، قسەیان ئەکرد. دەنگوباسی بانگکارەکانیان ئەگێڕایەوە، کە خۆیان ئەهاوێشتە ناو فریوخۆر و ناشیییەکانەوە، بۆ ئەمەی ئەم (باوەڕە دڕندانە)یەیان لەناودا بڵاوبکەنەوە، کە هەرچی لە سروشتی مرۆڤدا هەیە و جوانە و مەردانەیە، ناشیرین و چڵکنی ئەکات.

یەکێکیان گوتی: «پێویستە دەستوورەکەمان ڕاست بکەینەوە، بەجۆرێکی وا کە هەر (میسر)یەک ئەم بانگەوازی کۆمۆنیستییە لەناوماندا بڵاوبکاتەوە، بەو جۆرە جەزرەبەی پێ بگەیێنین، کە لە خاکی (میسر) دووری بخەینەوە».

یەکێکی تریش گوتی: «پێویست بەڕاستکردنەوەی دەستوور ناکات. چونکە سزای بەندیخانە، بەسە بۆ ئەو بانگکارانەی کە تاوانەکە یان لەسەر چەسپ ئەبێ و دادگاهیش بڕیاریان بەسەردا ئەدات».

ئەوانە هەموویشیان ئەوەیان ئەزانی کە من چەند قینم لەم باوەڕە تەنگ و ناپەسەندەیە. چاوەڕوانی ئەوە بوون کە من زۆرتر لەوان داوای ڕاستکردنەوەی دەستوور و سزای توندوتیژ بکەم. بەڵام من لەوان سزای توندوتیژترم داوا نەکرد. لەوەیش مەبەسم ئەوە نەبوو کە سزاکەم بکرێتەوە. بەڵکو مەبەسم ئەوەبوو کە چارەی کاریگەر یاخود تاقی کردنەوەی سەرگرتوو داوا بکەم. دوور نییە پێشنیازەکەی من لە سەرەتادا تا ئەندازەیەک لە سزادانی (یاسا) وازبهێنێ.

منیش گوتم: ئەی بۆ چییە؟... من لام وایە ئەتوانین لە سەرەتادا لە تاقی کردنەوەیەکی بەکەڵکەوە دەست پێ بکەین، کە هەر لەو تاقی کردنەوەی دەروونییانە ئەکات کە وێنەی

ئەم بانگەوازانەیان پێ چارە ئەکرێ. بام جارێ ئەمە تاقی بکەینەوە. ئەوساکە ئەزانین چی پێویستە بیکەین.

گوتیان: چییە؟

گوتم: هەموو کۆمۆنیستەکان بەکۆمەڵە لە ڕیزێکا کۆ ئەکەینەوە. هەموو بەیانی و ئێوارانێک ئەیانگێڕین بەناو نەتەوەدا. بانگ ئەکەین: ئەی هاونیشتمانەکان: کۆمۆنیستەکان ئەمانەن. سەیرکەن وێنەی ئەمانە، بەچ ئایینێک باوەڕ ئەکەن؟ گوێگرەکان، لە قسەکەم پێ کەنین.

منیش تەواو تێم گەیاندن کە قسەکەم بەڕاستە. ئەوانیش زۆرتر پێکەنین. وایانزانی قسەکەی خۆم بەوە پوختە ئەکەمەوە کە بێ ئەندازە پشتی ئەگرم.

سوێند ئەخۆم مەبەسم گاڵتەکردن نەبووە، ئەوەندەی مەبەسم ڕاستی و تاقی کردنەوەی بەکەڵک بووە. چونکە من باوەڕێکی بەهێزم هەیە کە تەماشاکردنی پەنجا، شەست کۆمۆنیستێک لە تیپێکدا، چاکترین بەڵگەیە کە بەڕاستی لەسەر (ئایینی کۆمۆنیستی) بهێنرێتەوە، هەروەها چاکترین بەڵگەیشە لەسەر ڕاستی ئەو هۆیانەی کە کەسان بەئامادەییەکەوە کێش ئەکەن بۆ پەسەندکردن و باوەڕ پێ کردنی ئایینەکە.

جا لەم تیپەدا ئەم و ئەو ئەمەیان دێتە بەرچاو:

یەکەم: ئایینی کۆمۆنیستی، ئایینێکی هیچ و پووچ و خەوشدارە. چونکە تۆ کەموکوڕی و نەنگ و لەنگی و ناپەسەندی لە سەروچاو و بەژن و باڵا و هۆش و گۆشی هەموو کۆمۆنیستێکی لایەنگیرادا بۆ ئایینەکەی خۆی ئەبینی. هەر لە سەرنجی یەکەمتەوە خۆت وا دێتە پێش چاو کە تۆ لە بەردەم کەسانێکی ژاکاو و ناتەواو دایت کە لە کۆڕی ژیان دەرکراون و ناتوانن خۆشی لە چاکی و جوانییەکەی ژیان ببینن.

دووەم: کە نیشانەی پشم و قین و تۆڵەسەندنەوە لە دەموچاوی هەموو کۆمۆنیستێکی ناو ئەو تیپە ناپەسەندەدا دیارە. بۆ هەموانیش دەرئەکەوێ کە ئەو ژاکاوی و ناتەواوییەی لە دەموچاویاندا دیارە، نیشانەی ژاکاوی و ناتەواوی دڵ و دەروونیانە. هەر ئاڵۆشی خراپەکاریشە کە وەک جادوو ئەم دەروونە خراپەخوازانەی ناتەواوانە کێش ئەکات بۆ (کۆمۆنیستی) و ئەوی لەدانگی (کۆمۆنیستی) دایە. لە ڕاستیدا (کۆمۆنیست)ەکان خواستەکاری خراپە و ئازار دانن، نەک خواستەکاری چاکەخوازی و حەساندنەوەی کز و بێ چاران...



سێهەم: کە کۆمەڵێکی سەیر لە (ئافرەتان) لەناو ئەو دەموچاوە بەدفەسالانە دایە. جا ئەگەر لەو ئافرەتانە هیوایان تیابێ کە نموونەی بەدفەساڵی نەبێ، بێ گومان نموونەی داوێن پیسی و ڕووبازاڕی ئەبێ. جا ئەوانە و وێنەی ئەوانە کە گرفتاری (کۆمۆنیستی) ئەبن، هەر لەبەر ئەوەیە کە (کۆمۆنیستی) ئایینێکی وایە کە (داوێن پیسی) و (ڕووبازاڕی) لە شێوەیەکی وادا پێشان ئەدات، کە بریتییە لە ئازایەتییەک کە بەرامبەر (کۆمەڵایەتی) و ڕەوشت و خووی باشی و شێوەی هەڵسان و دانیشتنی و نەرێتەکانی پێشان ئەدرێ. کەواتە ئەو ئافرەتانە، بەلای کۆمۆنیستەکانەوە، بە(پێشکەوتوو) و (ئازا) و (ئازادبوو) دائەنرێن. جا ئەگەر (کۆمەڵایەتی) لەسەر شێوەی هەڵسان و دانیشتن و نەریتی خۆی بمایە، بێ گومان ئەو ئافرەتانە لە نەنگەویستەکانی ئادەمیزاد و پاشەرۆکی ئافەریدەکراوان دائەنران.

جا ئەم ڕاستییانە کە بەچاو ئەبینرێن، لەوانەن دەرنەکەون بۆ کەسان، ئەگەر تەماشای کۆمۆنیستەکانی ئافرەت و پیاو بکەن بەتاک و تەرایی و جیاجیایی. بەڵام ئەگەر تەماشای تیپێکیان کرد لەوانە کە بەجارێک دەیان یاخود سەدانی تیا کۆبووبێتەوە، بێ گومان یەکسەر هەموو ڕاستییەکیان بۆ دەرئەکەوێ. ئیتر پێویستییان بەهیچ بەڵگەیەک نییە کە لەم بەڵگەیە ئاشکراتر بێ کە لە (دەموچاو)یان دیارە و لێکۆڵینەوە و پشکنینیان پێویست نابێ.

بەڵام ئەوی لە دەروونیاندا شارراوەتەوە، لەوەی کە لە دەموچاویاندا دیارە ناشیرینتر و خراپترە.

دوور نییە لەناو ئەو سەیرکەرانەدا، کەسێکی وا هەبێ، کە یەک دووانێک لەناو ئەو تیپەدا بەتەواوەتی بناسێ، ناسینی هاودەمی و تێکەڵی، ئیتر هەموویان ئەوەیان بۆ دەرئەکەوێ، کە هەر کامێک لە کۆمۆنیستەکان بگریت وەک ئەویتریان وایە. هەر جووتێکیان بگریت وەک جووتەکەی تریان وانە. ئەوانە هەموویان، لەناویاندا، یەک کەس نییە کە بەزەیی بەبێ چارەیەکدا بێتەوە، یاخود حەز بەچاکەی خزمێک یان ناسیاوێک بکات، یان بیر لە دڵخۆش کردنی کەسێک بکاتەوە، چ جای ئەوەی بیر لە دڵخۆشکردنی هەموان بکاتەوە.

جا ئەگەر (پشکنینێکی پزیشکانە)یش بەتەنیشت ئەم سەیرکردنە زماندارانەوە بکرایە، بەمەرجێ هەر بایەخ بەڕووکاری زانستی بدات و هیچی تر، واتا واز لە (گرێی دەروونی)

و (کەم و کوڕیی گیانی) بهێنێ، نەنگی و گەنگی و ناپەسەندی ئەو کۆمۆنیستاکانە لە هەموو ڕوویەکیەوە دەرئەکەوت و، هەموو لایەکی کەموکوڕییان بەتەواوی ئاشکرا ئەبوو.

ئەم پێشنیازە بۆ (تاقی کردنەوەیەکی بەچاو بینراو) و (تاقی کردنەوەیەکی پەسەند) و (تاقی کردنەوەیەکی بەکەڵک) هێنرایە گۆڕێ. ئیتر گاڵتەوگەپی لە کوێ تیایە؟... ئەی چی هەیە بەربەستی ئەوە بکات کە بە(بیروباوەڕێکی ڕاستەقینە) دابنرێ، یاخود بە(پێشنیازێکی ڕاستەقینە)؟

***

ئەوەندە هەیە من ڕاستی ژیرییەکەی ئەو نووسەرە ئەوروپاییە پێکەنین هێنەرەم بۆ دەرکەوت، کە لەناو کۆڕێکی تر و، ناوچەیەکی تر، چینێکی تری کۆمەڵایەتیدا گوتبووی. هاوڕێکانم وایان زانی گاڵتە ئەکەم. کەچی من بەڕاستم بوو. ئەوان ئەوەیان بەبیردا نەهات، کە شتەکە تاقی بکەنەوە، ئینجا بڕیاری لەسەر بدەن... ڕەنگە هەندێ گاڵتەوگەپ بێ ڕاستی بەکەلک نەبێ... قسەی ڕاست و ڕەوایش، وەنەبێ، هەر لە ڕێگای لێکۆڵینەوە و یاساگەرییەوە بۆ مرۆڤ پەیدابێ...

لە کۆڕێک لە کۆڕەکانی ڕیش سپییە بەڕێزەکاندا قسە هاتە سەر (کۆمۆنیستی) و، هۆی خۆپاراستن لە کۆمۆنیستی و، دڵنیاکردنی ناشی و نەزانەکانیش بەهیچ و پووچی کۆمۆنیستی... منیش پێم گوتن: وازبهێنن لە یاسادانان و چاوتێ بڕین... ئەتانەوێ ڕێگایەکی نزیک و کورتتان بۆ بدۆزمەوە کە زوو بەزوو ڕاستی ئەم ئایینە بەدومەتان بۆ دەربخات؟

گوتیان: چییە؟ بیڵێ.

گوتم: بام ڕێککەوتنێک بهێنرێتە پێشەوە لە ناوەند فەرمانڕەوایی، دیموکراتییەکان و فەرمانڕەواییە کۆمۆنیستەکاندا، کە نێرراوان بنێرن بۆ خاکی یەکتری: بام بڵێین هەزار کەسی (میسر)ی کە لە هەموو جۆرە تەمەن و ناوچەیەک هەڵبژێررابن بنێرین بۆ خاکێکی کۆمۆنیستی. هەزار کەسی (کۆمۆنیست)یش کە لە هەموو جۆرە تەمەن و ناوچەیەک هەڵبژێررابن بنێررێن بۆ هەموو خاکێکی کۆمۆنیستی، جا ئەوساکە ئەزانن کە کۆمۆنیستەکان بۆ چ دەروازەکانی خاکەکەیان دائەخەن. نە ئەهێڵن کەس لێی بێتە دەرەوە و، نە ئەیش هێڵن کەس بێتە ناویەوە. تەنانەت (بانگەوازی کۆمۆنیستی) ئیتر ئەوەیشی پێ ناکرێ کە قسە لەگەڵ (ورگ)ەکاندا بکات، یاخود قسە لەگەڵ ئەو داڵانەدا بکات کە



پڕن لە پشم و قیم و ڕقەبەری. چونکە شت کە بەچاو بینرا، هیچ چەواشەکارییەک و هیچ درۆ هەڵبەستنێک کار لە باوەڕی مرۆڤ ناکات.

ڕیش سپییە مەندەکان، کە ئەم پێشنیازەیان لەمن بیست زۆر پێکەنین هۆی پێکەنینەکەیشیان ئەوە نەبوو کە قسەکەمیان بەڕاست دانابێ، لەوانەبێ جێبەجێ بکرێ و بەکەڵک بێ. بەڵام ئەوە نەیهێشت زۆر پێ بکەنن کە پێکەنینی زۆر بۆ ڕیش سپییان ناشێ. هەر ئەوەندەیان کرد، زەردەخەنەیەکیان کرد، کە ئەوەیش لە دانگی پێکەنینی بەکوڵی کەسانی تردا بوو.

***

خوا ئەیزانێ قسەکەم ڕاستە و بەڕاستمە کە ئەیکەم!

بڕوام پێ بکەن قسەکەم بەدڵ ئەیکەم. هەر هیچ نەبێ چاکترە لە بەرەنگاریی کردنی کۆمۆنیستی بەهۆی یاساکان و بەندیخانەکانەوە. یاخود بەرەنگاریی کردنی بەگێژوویژی و بێ دەنگییەوە.

تیپێک لە کۆمۆنیستەکان کە بەیانیان و ئێواران تا ماوەی دوو مانگێک پێشانی نەتەوە بدرێن.

کۆمەڵێکیش لە نێرراوان کە بریتی بن لە هەزار (چاکەخواز) لە نموونەی ئەو چاکەخوازانەی کە لە دوورەوە باوەڕ بەشت ئەکەن، یاخود باوەڕ بەهەموو (هاوار)ێکی تازە ئەکەن، بنێررێن بۆ خاکێکی کۆمۆنیستی. جا ئەگەر ئەو خاکە کۆمۆنیستە هێڵای بچنە ژوورەوە، لەسەر من، کەسیان ناگەڕێتەوە کە جنێو بەکۆمۆنیستی نەدات و نەچێ بەگێژیا. خۆ ئەگەر کۆمۆنیستەکان نەیانهێشت بچنە خاکەکەیانەوە، ئەوا ڕاستی کۆمۆنیستییەکەیان دەرئەکەوێ هەر لەو خاکەدا کە خۆیان تیا ئەژین، بێ ئەمەی نێرراوەکان پێ بنێنە خاکەکەیانەوە. چونکە ئەو ڕاستییانە ئەگەر لەو ڕاستییانە بوونایە کە ئاشکرا بوونیان دڵ خۆش بکات، کۆمۆنیستەکانیان پێویستیان بەوە نەبوو کە چوارلایان بەدیوار بگرن و بیانشارنەوە.

جا ئەگەر ژیری لەوەدابێ کە جار بەجارێک بەدەم تەنگانەوە پێ بکەنیت، بێ گومان لەوەیشدا ژیری هەیە کە بەدەم (گاڵتە)وە پێکەنیت، تا بابەتی پڕوپووچیت لە بابەتی ڕاست و ڕەوان بۆ جیا ئەبێتەوە.

## دڵنیاکردن پێش سزادان

لە هەموو بیروباوەڕەکان باشتر کە لە بابەت چارەکردنی تاوانەوە گوتراون، کە لاوەکان ئەیکەن، ئەوەیە کە ئەڵێ: بیری گومڕاهی بەدڵنیاکردنی خاوەنەکەی چارە ئەکرێ. تەنیا بەسزادان چارە ناکرێ. چونکە ئەو کەسەی کە سزا ئەدرێ و خۆی وا دێتە پێش چاو کە لەسەر ڕاستییە، خۆی بەکوژراوێکی زۆرلێکراو دائەنێ و، وەک تاوانبارێکی پەشیمانیش کە لە کردەوەکەی خۆی پەشیمان بووبێتەوە، سەیری تاوانەکەی خۆی ناکات. جا لەم جۆرە تەماشاکردنەدا، ئەوانەیش کە باوەڕیان وەک باوەڕی ئەو وایە، هاوبەشی ئەون. هەروەها ئەوانەیش تاوانباری بکەن، هاوبەشی ئەون.

لە ڕاستیشدا زۆر کەس لە لاوانی ئەم چەرخە، گیرۆدەی دەستی بیری گومڕاهین، کە مێشکیانی پڕ کردووە و لەبەر دڵ پاکی خۆیان کێشی کردوون بۆ سەرکێشی و یاخی بوون، بۆیەکا ئارەزووی ڕووخاندن و تێکدان ئەکەن. هەر وایش هاتۆتە پێش چاویان کە هەرچی لەبەر دەمیاندایە هەڵ ئەگرێ بڕووخێنرێ و لەناو ببرێ.

لە هەموو بیرێکی سەر شێوێنەریش خراپتر، ئەو بیرە سەر چڵەیە کە چەند کەسێک لەو نووسەر و زرنگکارانە دەری ئەبڕن کە لە فەرمانی سەرشانی خۆیان شارەزا نین و نازانن ئەنجامی قسەیان بەچی ئەگات. ئەوانە ئەڵێن: لاوانی ئەم سەدەیە، پێویستە سەربەست بن لە کارکردندا. پێویستە کاروباری گشتیش بخەنە ژێر چنگی خۆیانەوە.

جا ئەم بیرە سەرچڵەیە کە بۆتە بنچینەی هەموو هەڵەیەک کە هۆشی لاوەکانی ئەم سەردەمەی گرتۆتەوە... جا لەبەر ئەمە لە هەموو بیرێک کەمتر ڕاستی تیایە، کەمتریش خۆی ئەگرێ لە بەرامبەر هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوەدا.

چونکە لاوەکان لە هیچ سەردەمێکی ڕابردوودا سەرکردایەتیان نەگرتۆتە دەست، کە ئەو سەردەمە بابەتی فەرماننداری و سەرکردایەتی نەتەوە، زۆرتر ئاسان بووە لەم سەردەمە کە ئەبێ لە هەموو کار و فەرمانێکدا پسپۆڕی و مەشقی دوور و درێژ ئامادە بکرێن.

لەپێش سەد ساڵێکدا پزیشک وابوو: هەموو نەخۆشییەکی چارە ئەکرد. پزیشکایەتی ناو نووسراو و، پزیشکایەتی ناو کردار و، دروستکردنی داوودەرمانیشی هەڵ ئەسووڕاند، هەر لە کاتێکدا. بەڵام ئیمڕۆ، ئەو پزیشکەی (ددان) چاک ئەکاتەوە، بەهیچی ترەوە خۆی خەریک ناکات. کەچی (ددان)نیش بریتییە لە چەند دانەیەک کە لە بەشێکی لەشدا کۆکراونەتەوە کە ئەویش دەموچاوی مرۆڤە.



جاران پزیشکێک چەند ساڵێکی بەس بوو کە فێری هەموو بابەتێکی پیشەکەی خۆی ببێ. بەڵام لەم چەرخەدا ئەگەر هەموو تەمەنی خۆی بەخت بکات، ناتوانێ هەرچی نووسراوە و هەرچی ئەخوێندرێ لە بابەت ئەو لقە دیاردی کراوەوە کە تیا بۆتە پسپۆڕ تەواو تێیان بگات.

کاروباری (فەرمانداری) و(سەرکردایەتی نەتەوە)یش، هەروەک هەموو فەرمانەکانی تر تایەن گرانتریان لێ دێت و لک و لۆیان زۆرتر لێ ئەبێتەوە. جا لەبەر ئەوە هۆش ئەوە پەسەند ناکات کە ئەو کاروبارە گرنگانە لەم چەرخە خۆیدا بدرێنە دەست لاوان، کە هێشتا خەریکی خوێندنن و لە تەمەنی بیست سی ساڵی لایان نەداوە.

ئەمەندە هەیە ئێمە پیاوە دەستەکانی و پیاوە پیرەکان لە ئەنجامی ئەم هەڵەیی پاک ناکەینەوە کە گەیشتۆتە ناو کەللەی لاوانی ئێستاوە کە تازە خەریکن پێ ئەگەن. چونکە ئەو پیاوانە خۆیان لەبەرچاوی ئەو لاوانە سووک کردووە، هەر بەهۆی ئەو ناتەباییەوە کە بنجی داکوتاوە لە ناوەندیاندا و، لە بەڵگەی پەسەند لایان داوە بۆ دەمەتەقێیەکی وا کە کەس نایەوێ گوێیان لێ بگرێ.

بەڵام ئەو لاوەی کەوا ئەزانێ ناکۆکی لە ناوەند بەرەیەک لە بەرەکاندا هەموویان لەبەرچاو ئەخات، کە تەماشای (ڕاستی) ئەکات وەک بەری چاوی تەنگی بێ یاخود هەردوو چاوی قووچابن وایە. چونکە ئەوەی لەناو بەرەکەی خۆیدا ڕوو ئەدات،نایبینێ، کەچی ئەچێ هەڵ ئەکوتێتە سەر فەرمانێکی وەک (چاکەخوازی).

چونکە ئەو ناتەباییەی کە لە ناوەند پیاوانی دەستە و پیاوانی پیردا ڕوو ئەدات، هەروەها لە ناوەند لاوەکانی ئەم سەردەمەیشدا ڕووئەدات، بەڵکو توندوتیژیش ڕوو ئەدات.

هی وایان تیایە گەڕانەوە بۆ (ئایین) بەباشتر ئەزانی بۆ چارەکردنی باری کۆمەڵایەتی، تەنانەت لەم ڕێگایەیش باشتر ڕێگایەکی تر بۆ ئەو چارەکردنە نادۆزێتەوە.

هی وایشیان تیایە گەڕانەوە بۆ (ئایین)، بەگەڕانەوەیەک دائەنێ بۆ پاشەوە. بەلایشیەوە وایە کە ڕزگاری لە دەست باری ناهەمواری کۆمەڵایەتی بەهیچ کلۆجێک پێک نایەت بەئازادبوون نەبێت لە دەست هەموو (باوەڕییەکی ئایینی).

هی وایشیان تیایە نەخۆی بەوەوە خەریک ئەکات کە بگەڕێنەوە سەر (ئایین)، نە خۆیشی بەوەوە خەریک ئەکات کە دەرباز بین لە (ئایین). ئەو بەلایەوە وایە کە ڕزگاری

لەوەدایە کە (فەرمانڕەوایی) بدرێتە دەست ئەم (پێشەوا)، نەک ئەو پێشەوا.

هی وایشیان تیایە، وازی لە (ئایین)یش و (زرنگکاری)یش هێناوە. ئەو بەلایەوە وایە کە (پێگەیاندنی نەتەوە) بەوە پێک دێ کە (هونەرەکان) لەناویا بلاو بکرێتەوە و، هۆگری (وەرزش)یش بکرێ، بۆ ئەمەی (لەش) و (کردەوە و ڕەوشت)ی پێ ڕاست بکرێتەوە. جا پێویستە لاوەکە تەماشای (مێژوو) بکات، بۆ ئەمەی تێ بگات کە (ناتەبایی) لە هیچ بەرەیەک و لە هیچ سەردەمێکا نەکوژاوەتەوە و لەناویش نەچووە.

جا ئەگەر لاوەکە (خواناس)بێ، پێویستە ئەوە بزانێ کە (ناتەبایی) لە ناوەند یاریدەدەرەکان (أنصار) و ڕەوکردووەکان (مهاجرین)دا پەیدابوو، کە هەردووکیشیان لە هاودەمەکان (صحابە)ی پێغەمبەربوون و، لەپاش مردنی پێغەمبەریش (خوا لێ خۆشبێ) ئەوە ڕوویدا. هەروەها ناکۆکی لە سەردەمی (عثمان) و سەردەمی (علی)دا، لە ناوەند موسڵمانەکاندا ڕووی دا. نە دوێنێش کەس گوتی و، نە کەسیش ئیمڕۆ ئەڵێ: ئەبوو ئەم (ناتەبایی)یەیان بەوە چارە بکردایە کە هەموو کاروبارێکی گرنگی گشتییان بدایەتە دەست (لاوان)، کە لە تەمەنی بیست یاخود سی ساڵی دان.

ئەگەر لاوەکەیش (خوانەناس)بێ و دڵی دابێتە ئەو ئایینانەی کە ڕووخێنەرن بام ئەوەی بیر بکەوێتەوە کە (بۆڵشەفیک)ەکان و (مەنشەفیک)ەکانی (ڕووسیا)یش لەناو خۆیاندا تێکچوون. هەروەها بام ئەو ناتەباییەی بیر بکەوێتەوە کە لە ناوەند (ترۆتسکی)(*) و (ستالین)دا پەیدابوو. ئینجا ئەو ناکۆکییەی بیر بکەوێتەوە، کە هەر تەواو نابێ و، کەوتۆتە ناوەند (پێشەوا) کۆمۆنیستەکانەوە، کە هەتا ئێستاکەیش جاروبار هەندێکیان فڕێ ئەدرێنە ناو بەندیخانەوە و، هەندێکیشیان ئەدرێنە دەست پیاوکوژەکان بکوژرێن، لەسەر تاوانی (ناپاکی) و (سەرکێشی) و (ڕووخاندن).

کەواتە (ناکۆکی) لە هەموو سەردەمێکدا ڕووئەدات، چ سەردەمی کۆن بێ، چ سەردەمی نوێ.

ئێمەیش بروامان وایە کە ئەو (بیرە سەرچڵە) ئۆباڵی بەئەستۆی پیاوانی سەرە و پیاوانی پیرە.چونکە ئەوان پەرەیان دا بەو بیرە و بلاویشیان کردەوە. ئەوەندەیش قسەیان

(*) لیۆن تروتسکی (١٨٧٩-١٩٤٠) لە گەورە و ناودارانی سەرکردەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ی ڕووسیا بووە، دۆستی گیانی بەگیانی لینین. سوپای سۆڤێتی ڕێکخست و دایمەزراند، لە ١٩٢٩ ستالین دووری خستەوە بۆ وڵاتی مەکسیک و لەوێش تیرۆری کرد.



لەسەر کرد لەسەر بنچینەی پڕوپووچ، خۆیان خۆیان بەدرۆ خستەوە و کەسیشیان پێوە نەما کە ئەو (بیرە سەرچڵە)یان بەڕاست بۆ دابنێ.

بەڵام ئەو کەسەی کە ئەزانێ لەگەڵ کەسانی وادا قسە ئەکات کە گوێ لە قسە ئەگرن و پەیڕەویی هەرە چاکەکەی ئەو قسانەیش ئەکەن، خۆی لە قسەی پڕوپووچ ئەپارێزێ و ناوێرێ چەقەچەق بکات. هەروەها ناتوانێ نووچ لەسەر قسەی خۆی بگرێ، بێتو ئەگەر بوێرێ ئەو چەقەچەقە بکات.

جا لەبەر ئەوە چەقەچەق کردن لە هەندێ نەتەوەدا زۆرە و، لە هەندێ نەتەوەیشدا کەمە.

جیاوازیش لە ناوەند هەردوو لادا ئەوە نییە، کە سەرکردانی ئەم لا یاخود ئەولا حەز لە دەسەلات ناکەن و پاکن و دوورن لە خەوشەوە. جیاوازییەکە لەوەدایە کە (سەرکردەکان)ی ئەم نەتەوەیە، گفتوگۆ لەگەڵ (پەیڕەوان)ێکدا ئەکەن کە (چاک) لە (خراپە) جیا ئەکەنەوە و هۆش بەکار ئەهێنن. کەچی (سەرکردەکان)ی نەتەوەکەی تر، قسە لەگەڵ (پەیڕەوان)ێکدا ئەکەن کە (چاک) لە (خراپە) جیا ناکەنەوە و، هۆشیش بەکار ناهێنن.

کەواتە ئۆباڵی چەقەچەق کردن ئەچێتە ئەستۆی هەموو بەرەکان، نەک هەر بەرەی سەرکردەکان لە پیاوانی سەرە و پیاوانی پیر.

جا لە هەموو بارێکا، لە هەموو هەڵەیەک هەڵەتر ئەوەیە کە بگوترێ: «تێکچوونی بەرەیەک لە بەرەکان بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە بەرەکەی پاش ئەو باش دەرئەچێ. یاخود نەتەوەیەک لە نەتەوەکان بەوە ئازاد و سەربەخۆ ئەبێ، کە بەرەی لاوان ببنە کاربەدەستی».

جا ئەگەر لەم (بیر)ەدا ڕاستییەک هەبێ، ئەوەیە کە لاوەکان پێویستە هاوبەش بن لەو فەرمانانەدا کە ڕایان بهێنن بەوەوە کە (ئەرکی دواڕۆژ) بتوانن بخەنە سەر ئەستۆی خۆیان و ڕای پەرێنن. هەروەها ئامادەیشیان بکەن بۆ (سەرکردایەتی نەتەوە) بۆ کاتێ بتوانن بەکاری ئەو (سەرکردایەتی)یە بێن.

بەڵام ئەگەر پێیان بگوترێ ئەتوانن، هەر خۆیان بەتەنیا کار بکەن و، فەرمانداری بکەن و، بەسەر کاروبارانیشدا بڕیار بدەن، بێ ئەمەی کەسێک سەرپەرشتیان بکات، ئەوە سەر لێ تێکدانێکە کە نە لە ڕابردوودا وێنەی هەبووە و، نە هەتا بڕانەوەی ڕۆژگاریش وێنەی بۆ پەیدا ئەبێ، تا پشتیوانی بکات.

تەواوبوو

١٩٧٣/٩/٣

# نووسەرانی شۆڕش

نووسینی: سەلامە مووسا

ئەم نووسراوە

ئەم نووسراوە کە ئیمڕۆ پێشکەشی خوێندەوارە بەڕێزەکانی کوردی دەکەم، نووسراوێکی گرنگ و بەنرخە، کەڵکێکی زۆر دەبەخشێ بەڕۆشنبیران. نووسەرەکەی کە مامۆستا (سەلامە مووسا)یە، لە بەناوبانگترین و گەورەترین نووسەرانی میسر دەژمێرێ. چونکە هەموو ژیانی خۆی بەختکردووە، لە پێناو، ورياکردنەوەی نەتەوەکەی خۆیدا لەسەر بنچینەیەکی (زانستی) و (مرۆڤایەتی) و (دیمۆکراتی) و (پێشکەوتنخوازی) هەر لەسەر ئەوەی کە قسەی ڕاستی دەکرد و، بەرەنگاریی زۆر و ستەمی (کاربەدەستان) و (داگیرکەران)ی دەکرد و، لەسەر (مافی مرۆڤایەتی)ی دەکردەوە، (سەلامە مووسا) تووشی گەلێک ئەرک و، ئازار و، بەندیخانە و، تەنگوچەڵەمە و، گیروگرفت و، دەستکورتی هات. بەڵام تا دوایی ژیانی کۆڵی نەدا و، ورەی بەرنەدا و، لە قسەی سەربەستانە و ئازادیخوازانەی خۆی وازی نەهێنا. ئەم نووسراوەیش کە لە ساڵی ١٩٥٤دا پێیەوە خەریک بووە، یەکێکە لەو نووسراوە ناوازە و نایابانەی کە ژمارەیان لە (٤٢) نووسراوی چاپکراو تێپەڕیوە.

(سەلامە مووسا) یەکێکە لە (قیبتی)یەکانی میسر. لەسەر ئاینی (مەسیحی) بووە. بێجگە لەوەی پیاوێکی هەڵکەوتوو بووە، بەخوێندنەوەی نووسراوەکانی پیاوە ڕۆشنبیرە گەورەکانی کۆن و نوێی جیهان، خۆی، خۆی پێگەیاندووە. لە کۆڕی زرنگکاری (سیاست)یشدا هۆگری بیروباوەڕی هاوبەشی (إشتراکی) بووە، لەسەر بنچینەیەکی (دیمۆکراتی)، نەک خوێنڕشتن. ئەویش لەمەدا، یەکێک بووە، وەک (بەرناردشۆ).

(سەلامە مووسا) تا چەند ساڵێکیش لەمەوپێش مابوو، بەڵام نووسراوەکانی لەبەر کەڵک و چاکەیان، پەیتاپەیتا چاپ دەکرێنەوە. چونکە بەهەموو دڵسۆزی و ئازایەتی و تێگەیشتنێکی خۆیەوە، بۆ کەڵکی نەتەوەکەی خۆی و مرۆڤایەتی خەباتی کردووە.

لەم نووسراوەیدا، (سەلامە مووسا) لە دوو شتی گرنگ و گەورە دەدوێ:

١- مێژووی ژیان و خەباتی گەلێک نووسەرانی شۆڕشمان بۆ دەگێڕێتەوە، وەک:



(میلتون) لە ئینگلتەرەدا، (تۆم پین) لە ئەمەریکادا، (لووثەر) لە ئەڵمانیادا، (ژان ژاک ڕۆسۆ) و (ڤۆڵتێر) و (دیدەرۆ) و (دالامپێر) لە فەرەنسەدا، (غاندی) و (نەهرۆ) لە هیندستاندا، (سون یات سون) لە چیندا، (عومەر موکەرم) و (عرابی) و (لوتفی ئەلسەید) لە میسر دا، (کمال ئەتاتورک) لە تورکیادا، (کارڵ مارکس) لە ڕووسیادا.

٢- مێژووی شۆڕشە گەورەکانی: (سپارتاکوس) لە ئیتالیادا و، (عەلی ئەحمەد) لە عێراقدا. وەک شۆڕشەکانی (ئینگلیزەکان) و، (فەرەنسییەکان) و، (ئەمریکاییەکان) و، (هیندییەکان) و (چینییەکان) و (میسرییەکان) و (ڕووسەکان).

(سەلامە مووسا) بەلێکۆڵینەوەیەکی تەواو، و دڵکێشکەرەوە، هۆی بەرپابوونی ئەو شۆڕشانە و، ئەنجامی ئەو شۆڕشانەمان تێدەگەیێنێ، لەگەڵ ئامانجەکانیاندا.

ئەوەندەی پەیوەندیی بەشۆڕشەکانی میسرەوە هەیە، (سەلامە مووسا) بەئازایەتییەکی تەواو و، سەرڕاستییەکی دڵسۆزانەوە، ناوی نووسەر و پیاوە گەورەکانی نیشتمانەکەی خۆی دەبات و، پەنجەیش بەئاشکرا دەکێشێ بۆ خونکار و، کاربەدەست و نووسەرە خراپەکانی میسر.

(سەلامە مووسا) خەوی بەجیهانێکەوە دەدی کە لەسەر بنچینەی هاوبەشی (إشتراکی)یەکی دیمۆکراتی دامەزرێ. نە زۆروستەم لە ئارادا بمێنێ و، نە نەخۆشی و، نە هەژاری و، نە نەخوێندەواری. نەتەوەکانی جیهانیش، ژیانێکی پڕ خۆشەویستی و، برایەتی و، خۆشگوزەرانی و، کامەرانی بژین.

باش بوو هەر لە ماوەی ژیانی خۆیدا، گەلێک لە نەتەوەکانی لەسەر زەمینی چاوپێکەوت، کە هەنگاو بۆ ئەو ئامانجانە دەنێن و، خەریکن پێیان بگەن.

ئیتر ئەمەندە و، لە لاپەڕەکانی دواییدا نووسراوەکەی مامۆستا (سەلامە مووسا)، کە ناوی (نووسەرانی شۆڕش)ە، پێشکەشی خوێندەوارە بەڕێزەکانی کوردی دەکەم، بەو هیوایەی کەڵک و خۆشیی لێ وەربگرن.

شاکر فەتاح

[خاوەنی پرۆژەی خوێندەواری کورد]

(سلێمانی): (١٩٦٥/٥/٨)

## پێشەکی

مێژوو بریتیی نییە لە سەرگوروشتەیەک کە مێشک تۆماری بکات لەناو خۆیدا بەو تۆمارکردنەیش دابمرکێ. بەڵکو بریتییە لە کۆمەڵە بابەتێکی بەئەندازە تێکەڵاوکراو، کە دەچێتە ناو شانەکانی مێشکەوە، خەو و ئاواتەکانمان زیندوو دەکاتەوە، بیرەوەرییەکانمان دەجووڵێنێتەوە، برینەکانمان دەکولێنێتەوە، ناوەندی ئێمە و پیاوە مەردەکانیش دەبەستێ بەیەکەوە، دەماری بەزەیی پێداهاتنەوەیشمان تێدا دەبزوێنێتەوە بەرامبەر ئەوانەی لەناوچوون و خۆیان بەختکردووە لە پێناو بیروباوەڕیاندا. ئنجا دڵ و دەروونمان دەخاتە سەر گۆڕان و گەشەکردن، بۆ ئەمەی ئێمەیش وەک پاڵەوانان و گەورەپیاوان بێینە کۆڕی خەباتەوە، بۆ ئەمەی ئێمەیش بەهەموو دڵێکی خۆمانەوە خۆمان بەخت بکەین لە پێناو بیروباوەڕمان دا.

منیش لەسەر ئەم بنچینەیە، ئەم نووسراوەم نووسیوەتەوە. من هەر چیرۆک، بەتەنیا، ناگێڕمەوە، بەڵام تێدەکۆشم هانەی خوێندەواران بدەم بۆ چاولێکردنی پاڵەوانان، بۆ تووڕەبوون لە ستەمکارەکان و بەدکارەکان. برینەکانیش بۆیەکا دەکولێنمەوە تا ئازاری نەخۆشەکان زۆرتر ببێ و نەخۆشەکان هاوار بکەن.

بێگومان مێژوویش لەم ڕووەوە بەزانستێک دادەنرێ، کە کارەساتەکانی جیهان دەگێڕێتەوە و، پشت بەپشت شییان دەکاتەوە و، هۆی قەومانیان پێشان دەدات. بەڵام پێویستە لەو ڕەوویشەوە بەهونەر دابنرێ کە پەندی لێ وەردەگیرێ و، مرۆڤ دەخاتە سەر چاولێکردنی گەورە پیاوان و پاڵەوانان. چونکە ئێمە لەو کاتەدا کە هێزێک لە ڕابردووەوە وەردەگرین، لە ڕاستیدا، بەهۆی ئەوەوە هێزێکی تر لە دوارۆژ داگیر دەکەین.

ئەم شۆڕشانەی کە ئازادیخوازەکان هەڵیان گیرساندووە، هێشتا دواییيان نەهاتووە. مەبەس لەو شۆڕشانە ئەوە بووە کە بیروباوەڕەکانی سەربەستیی و دادپەروەری و سەربڵندی بێنەدی و دامەزرێنرێن.

ئەم بیروباوەڕانەیشی لە دەست خونکارەکان و ستەمکارەکان و بەدکارەکان وەرگرتەوە؛ ئنجا شکاندنی و ڕیسوایشی کردن. بەڵام تا ئەو جۆرە کاربەدەستانە و فەرمانداراانە لەناوچوون، هەندێکی تر هاتنە پێشەوە، بەندوباو و فڕوفێڵیان بۆ ئەو بیروباوەڕانە دامەزراند: تێکیاندان، یان لایان بردن. جا لەبەرئەوە لە پاش ئەمەی نزیک بەپەنجا شۆڕشی گەورە لە خاکەکانی جیهاندا هەڵگیرساوە، کەچی هێشتا، بەچاوی خۆمان



زۆرداران و بەدخوازان دەبینین، زۆرداری دەکەن و خۆیان هەڵدەکێشن و خۆیان دەنوێنن، ئەوەندەی لە تواناییيان دایە کردەوە نەنگی بنوێن، داو بۆ سەربڵندی دەنێنەوە، ئەوەندەی دڕندەییيان لە دڵ دایە تف لە مرۆڤایەتی دەکەن، ئەوەندەی پشم و قین لە دڵ و دەروونیان دایە بەرەنگاریی خۆشەویستی دەکەن.

سەربەستی و سەربڵندی و خۆشەویستی و دادپەروەرییش لەو بیروباوەڕانە نین کە مات و بێدەنگ لە جێی خۆیان بمێننەوە و بمرن... بەڵکو لەو بیروباوەڕانەن کە هەموو دەم لە خەباتکردن و تازەبوونەوە دان. پێویستییان بەپارێزگارییەکی هەموو دەمی و زیندووکردنەوەیەکی پەیتاپەیتا هەیە، بۆ ئەمەی هەموو کۆمەڵێکی مرۆڤایەتی بگرنەوە. هەروەها بۆ ئەمەی پەروەردەی مرۆڤ وا بکەن کە وەک مرۆڤێکی خاوەن مرۆڤایەتی لێ بێ.

شۆڕشی گەورەی فەرەنسە، کە لە ساڵی ١٧٨٩دا هەڵگیرسا، هاواری دەکرد بۆ دامەزراندنی بیروباوەڕەکانی سەربەستی و برایەتی و یەکسانی. کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا، فەرەنسە، هەتا ئێستا هەر پێویستیی بەوە هەیە کە ئەم هاوارە دووبارە بکاتەوە و، ئەم بیرەوەرییە تازە بکاتەوە. ئەوەیش سەبارەت بەوەیە کە ئەم جۆرە ئامانجە بێ هاوتایانە لە ساڵ و سەد ساڵدا نایەنەدی. چونکە پێویستییان بەوە هەیە کە هەموو دەم، هەموو ڕۆژێک، هەموو کاتێک هاواریان بۆ بکرێ و بانگیان بۆ بدرێ!...

لە میسریشدا چەند شۆڕشێک پەیدابوون، بەڵام زۆردارەکانی خێزانی(محەمەد عەلی دخاخنی) کوژاندیاننەوە. هەروەها داگیرکەرەکانی ئینگلیزیش کوژاندیاننەوە. لەبەرئەوە شۆڕشەکەی ئێستامان، پێویستیی بەبیرەوەرییەکانی ڕابردوومان هەیە، هەروەها پێویستییشی بەو بیروباوەڕە مرۆڤایەتییانە هەیە کە شۆڕشەکانی تری ناو جیهان بڵاویان کردۆتەوە.

نووسەری نووسراوێکیش کە لە بابەت شۆڕشەکانەوە نووسرابێتەوە، ناتوانێ بێ لایەن بمێنێتەوە و بڵێ: من ئەوەندەم لەسەرە کە کارەساتەکان بگێڕمەوە. چونکە یان دەبێ دۆست بێ، یان دوژمن. نووسەری ئەم نووسراوەیش، دۆستێکە، دەیەوێ بەگەرموگوڕیی شۆڕشگێڕێکەوە، لە بابەت شۆڕشەوە بنووسێتەوە، کە لەناو جەرگیدا نەخۆشییەک هەیە، هەرچەند زۆرداریی زۆرداران و ستەمکاریی ڕەوشت و خووی کۆمەڵایەتیی چاو پێ دەکەوێ، نەخۆشییەکەی تین دەسێنێ و لێی دێتە ژان.

هەندێک لەم زۆر و ستەمانە منیشی گرتەوە. لە هەردوو شۆڕشەکەی ساڵانی ١٩١٩ و ١٩٥٢یشدا ئازارم چاوپێکەوت. (عرابی) خۆیشم دیوە. نووسراوی «ویلفرید سکاون بلنت»یشم کرد بە (عربی) کە لە بابەت شۆڕشەکەی ئەوەوە نووسرابووەوە. دوانزە ڕۆژیش خرامە بەندیخانەوە، هەر لەبەرئەوەی کە گوتبووم: «هی وایش هەیە لە میسردا ڕۆژی هەزار لیرە بەخت دەکات، هی وایش هەیە ڕۆژی بەسێ کرۆش گوزەران دەکات، کە جاروبارێکیش ئەو پارەیەی دەست ناکەوێ!.» . منیش لە کاتێکدا ئەم نووسراوەم نووسییەوە، کە ئاڵۆشێکی بەرز و پیرۆز کەوتبووە ناو دەروون و هۆشمەوە، ئەو جۆش و خرۆشەی کە تووشی هەموو نووسراودانەرێک دێت و، وەک سروشتی(*) خودایی، دڵی دەبزوێنێ و دەروونی دەورووژێنێ و پاڵی پێوە دەنێ بۆ فرمانی پاک و بڵند... لەو کاتەدا خۆشیی ئاژاوە و تۆڵەسەندنەوەم پێگەیشتبوو، کە ئەوەم لە هەموو بەشێکی نووسراوەکەدا دەرخستووە بەرامبەر ئەوانەی ناپاکییان لەگەڵ مرۆڤایەتی و سەربڵندی دا نواندووە. ئایا لەوە خۆشتر چی هەبێ، بۆ نووسەرێک، کە لە کاتی نووسیندا بتوانێ: تف لە چارەی (چارلسی یەکەم) و (لویسی شانزەهەم) و (تۆفیق) و (فوئاد) و (فاروق) و بابەتی ئەوانە بکات کە دوژمنی مرۆڤایەتی بوون و خوێڕییەکانی کۆلانان بێزیان نایەت ئەو نەنگی و سەرشۆڕییەی ئەوان کردوویانە بیکەن!؟...

تکا لە خوێندەواریش دەکەم کە ئەم نووسراوە بەنامەیەکی خۆم دابنێ بۆ خۆی. چونکە هەرچی هەست و هۆشێکم هەیە لێرەدا هەڵمڕشتووە. نزیکەی پەنجا ساڵ پتر پیشم خواردەوە و دەمیخۆم گرت، دوایی لەم نووسراوەدا هەموویم دەربڕی!. هەروەها نووسراوەکە بریتییە لە بیروباوەڕی خۆم کە هەندێ جار بەدزییەوە پێوەی ژیاوم، هەندێ جاریش بەئاشکرا ئەویش بریتییە لە باوەڕکردن بەمرۆڤ؛ ئەو مرۆڤەی کە شتی پڕوپووچ دادەهێنێ و، تەخت و بەخت دادەمەزرێنێ و، خۆیشی پێیانەوە دەخاتە پابەندەوە. کەچی لەپڕێکدا هۆشی دێتەوە سەرخۆی و دەستیان لێ دەداتە پاچ و تێکومەکانیان دەدا. ئنجا ئەوساکە تێ دەگات کە لەم جیهانەدا، هیچ شتێک لە ژیان بەنرختر نییە، ژیانی سەربەست نەبێ!.

(فاروق) سەری ئەو کۆمەڵایەتییە بوو، کە نزیکەی پانزە ساڵ لە ناویدا ژیاین تا ساڵی ١٩٥٢. ئەم کۆمەڵایەتییەیش تێکچوو بوو، پڕبووبوو لە بەدکاری. هەروەک لە هەموو بارێکی وادا وایە، سەر لە لەش زۆرتر تێکدەچێ. ئەم کۆمەڵایەتییەیش کە برین هەموو

(*) سرووش = (إلهام، وحی).



لەشی داڕزاند بوو، گەلێک کەسی وای تێدا پەیدا بووبوو، کە لەناو برین و نەخۆشیدا دەژین و گەشە دەکەن، ئەوانەیش بریتی بوون لە ژن ڕاکێشەکان و ڕابەرەکانی داوێن پیسی و سۆزانییەکان و سەرەتاتکێ کەرەکان و قسە دزەکان!.

ئەگەر (فاروق) تووشی کۆمەڵایەتییەکی پاک و دروست ببوایە، وا تێک نەدەچوو. بەڵام (فوئاد)ی باوکی بەپەرۆشەوە بوو کە کۆمەڵایەتییەکەمان دابڕزێنێ، ژیانمان لێ بۆژۆ بکات. کردەوە نەنگەکان بڵند بکاتەوە، بەرەنگاریی سەربەرزی بکات، ئازادیخوازەکان تەفروتوونا بکات. ئنجا کە سەردەمی (فاروق) هاتە پێشەوە، چینی فەرماندار، چ لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، چ لە ڕووی فەرمانڕەواییەوە، لە تێکچوون و بەدخوییەکی گشتیدا بوو. زۆربەی نەتەوە، لەم چینە، وەرگەڕایەوە. (فاروق)یش هەستی پێکرد، کە هەر خۆیەتی ئەم چینە دەنوێنێ، هەر خۆیشێتی سەرۆکی ئەم چینەیە. بەڵام نەتەوە لەگەڵیدا نییە و لێی دوورکەوتۆتەوە. لەبەرئەوە لێی ترسا. واتا چاوی لە کۆڕی نەتەوە (پارلەمان) و سەربەرزی و دادپەروەری ترسا. لەبەرئەوە دەستی دایە زۆرداری. ئەویش لەم چینی فەرماندارەدا، هیچ مەردایەتی و پیاوەتییەکی نەدی. چونکە چینەکە، خۆی لەخۆیدا، ڕزیبوو، هەر بۆ ئەوە دەگەڕا پارە پەیدا بکات و خۆی بنوێنێ و ناوبانگ دەربکات. ئەویش بۆ ئەوانە هەموویان ڕێگای کردەوە. پاش ئەوە دەستی دایە زۆرداری. زۆرداریییەکەیشی گەیشتە ڕادەیەکی وا نەنگ و ناشیرین کە چووە شێوەی گوناە و کەتنەوە!...

ئەمە ڕاستە کە (فاروق) کۆمەڵایەتیی میسری تێکدا و دایڕزاند. بەڵام ئەمە بۆیەکا وابوو، ئەو لە باوکیەوە کەلەپووری ئاژاوە و خراپە و تێکچوونی بۆ مابووەوە. بێجگە لەوە لەم کۆمەڵەیشدا، واتا لە چینی بڵندی کۆمەڵایەتییەکەدا، کە لەناویاندا دەژیا و، ئەندازەی ڕەوشت و خووی لەوانەوە وەرگرتبوو، بەدخویی و کردەوە نەنگییەکی یەجگار بەچنگ و زەبر بەدەست هەبوو. (فاروق) بریتی بوو لە دەرمانێکی ژەهراوی، کە خواردمانەوە ئەوەندەی نەمابوو بمانکوژێ. بەڵام کە لەشکر هات، ژیانمانی سەرلەنوێ تازەکردەوە. کە شۆڕشیش هەموومانی گرتەوە، هێز و هەڕەت لە ژیانماندا زۆرتری لێهات. (فاروق) و یاریدەدەرەکانی لە دزەکان و ژن ڕاکێشەکان بەپەرۆشەوە بوون ئازادی و سەربەستیمان بۆ نەهێڵنەوە، تا هەر بەنەخۆشییەوە بمێنینەوە. چونکە هەروەک (ڤۆڵتێر) گوتوویەتی: سەربەستی تەندروستی دەدات بەدەروون. جا بەدرێژایی فەرمانداریی (فاروق) هەموومان نەخۆشیی دەروونمان پێگەیشتبوو. بێجگە لەوە، ئەوانە بەپەرۆشیشەوە بوون، کە ڕەوشت و خووە کۆنەکان بپارێزن، تەنانەت ئەگەر زیانبەخش و

پەکخەری گەشەکردنیشمان بوونایە. ڕێزگرتنی کۆنەکان و، ڕەوشت و خووی کۆنەکان، بەناسازی دەڕۆیشتن بەڕێوە لەگەڵ بیروباوەڕە ئازادەکانی ئەوروپای ئەم چەرخەدا. چونکە ئەوانە بڕوایان وابوو کە گەشەکردنی نەتەوە زیانیان پێ دەگەیێنێ، تێکەڵبوونیشمان بەبیروباوەڕە پێشکەوتووەکانی ئەوروپایی و، کردنیشیان بەخۆرشتێکی گیانیی هەموو دەمیمان، لەوانەن کە ئەوانە لەناوبەن. ئێمەیش کە دەستەی بیر ئازادەکان بووین، جاروباری وامان لە ژیانماندا تووش دەهات کە لەبەردەم پرسکارەکانی دادگادا[1] دەیانوەستاندین، پەشیمان دەبووینەوە کە لەم جیهانەدا دەژین. چونکە بوونی خۆمان بەناکۆک دەهاتە پێش چاو، لەگەڵ زۆر و ستەمکارەکانی (فاروق) و بێ شەرمیی کاربەدەستەکانی و ژن ڕاکێشەکانی و ڕازدزەکانی.

نووسراو دانەرانی وایش هەن، کاتێ کە لە بابەت شۆڕشەکانەوە دەنووسن، هەر بەگێڕانەوەی شۆڕشەکان و شەڕوشۆڕەکانی وازدەهێنن. بەڵام من لێرەدا خۆم نەداوەتە بەر ئەو دارەتە... من لێرەدا هە بەتەنگ ئەوەوە بووم کە کەینەوبەینەکانی پێش شۆڕشەکان دەربخەم و بیکۆڵمەوە، کە بوون بەهۆی شۆڕش هەڵگیرساندن. هەروەها ئەو شەڕوشۆڕانەیش ڕۆشن بکەمەوە کە لەناوەند بیروبارەکاندا پەیدابوون. چونکە هەر لێرە دایە کە ئەو ڕووناکییە بدۆزینەوە بۆ هانەدانمان بۆ تێگەیشتن، نەک ئەو ئاگرەی کە گڕ لە هەستمان بەردەدات.

## نیشانەی گشتیی شۆڕشەکانی ئەوروپا

نیشانەی گشتیی شۆڕشەکانی ئەوروپا، کە بوون بەهۆی پەیدابوونی کۆمەڵایەتیی ئەوروپای تازە، ئەوەیە کە ڕێگای سەربەستی زۆرتر درا. ئەوەیش بەوە پێکهات کە بەند و کۆتەکانی پێشوو لابران، مافە تازەکانیش دانیان پێ دانرا. هەرچی شۆڕشێکیش تا ئێستا ڕووی داوە، چ لە ئەوروپادا، چ لە جێگایانی تردا، هەموویان لەسەر یەک ڕێگا ڕۆیشتوون و دەڕۆن کە هەرگیز ناگۆڕێ. ئەویش بریتییە لە چەوساندنەوە و ئازاردانێکی پێشوو، کە بنج بەست دەبێ و کەللەڕەقی دەنوێنێ و هیچ گفتوگۆ و ڕێککەوتنێک پەسند ناکات. پاش ئەوە شۆڕشەکە دەتەقێ. ئنجا گۆڕانێک دێتە پێشەوە، کە ئەو زۆر و ستەمە لادەبات. کە سەرنجیش دەدەین لە شۆڕشەکان، لە هەموویاندا نەتەوە، هەمووی، بەجارێک دەستی دەداتێ. کەچی کە قووڵتر لێی دەکۆڵینەوە، دەبینین چینێک یان چینێک زۆرتر، لە

(١) واتا: لێکۆڵەرەوەکان (محقق عدلی).



چینەکانی تر زۆرتر هەست بەو ئازاردان و چەوساندنەوەیە دەکات، هەر ئەویشە کە لەبەر ئەو هۆیە، نەتەوە هان دەدا بۆ شۆڕش کردن. ڕاستی پەرستیی شۆڕشەکە بۆ هەمووان ڕوون دەکاتەوە، بابەتی ئاراستەکردن و پاڵ پێوەنانی شۆڕشەکەیش ئامادە دەکات، تا وای لێ دێ کە هەموو نەتەوە کۆمەکیی دەکات، بەتایبەتی لە پاش ئەوەی کە لە ڕاستی و دروستیی داواکردنەکانی و بڵندیی ئامانجەکانی تێدەگات. ئەوەیش ئاشکرایە کە ئەگەر نەتەوە لە پشت شۆڕشەکەوە ڕانەوەستێ و کۆمەکیی نەکات سەرناگرێ.

ئێمەیش لێرەدا ناوی سێ شۆڕش، یاخود سێ جۆرە شێوەی شۆڕش دەبەین، کە ئەو چینانەی پێکیان هێناون، لە یەکتر جیاواز بوون. لە ساڵی (١٢١٥)دا چینی پایەبڵندەکان، واتا خاوەن دەسەڵاتەکان، چوون بەگژ(خونکاری ئینگلتەرە، جۆن)دا. ناچاریان کرد، دان بنێ بەمافی کەسان (أفراد)دا. نەتەوە، هەموو، لەوە کەڵکیان پێگەیی. لە ساڵی (١٧٨٩)دا، چینی ناوەڕاست، چوون بەگژخونکاری فەرەنسە و چینی باڵادا. هەندێ مافیان پچڕی بۆ خۆیان و بۆ هەموو نەتەوە. یەکێک لەو مافانە، لابردنی بەندەیی کشتوکاڵ بوو، واتا بەندەیی زەوی داری (أقطاعی).

لە ساڵی (١٨٤٨)یشدا چینی کرێکاران، تێکڕا، لە هەموو خاکەکانی ئەوروپادا شۆڕشیان کرد. چەند مافێکی تازەی وایان دەستگیر بوو، کە لەوەپێش کرێکارەکان پەییان پێ نەبردبوو. شۆڕشیش، لەم هەموو بارانەدا، بریتییە لە ڕاپەڕینی چینێک، کە بەند و کۆتەکەی لەوە بەولاوە پێ هەڵناگیرێ. لە پاش ئەمەی ڕاستیی و دروستیی کەینەوبەینەکەی خۆی لە نەتەوە دەگەیێنێ. داوای یارمەتیی لێ دەکات. ئەویش کە تێدەگات. ئەوساکەیش شۆڕشەکە دەبێتە شۆڕشێکی نەتەوەیی.

جا ئەم بەند و کۆتانە، یان ئەم زۆردارییە، یان ئەم تەنگەتاوکردنە کە پاڵ دەنێن بەچینێکەوە بۆ شۆڕشگێڕان، جۆر جۆر و ڕەنگاوڕەنگن. لە سەردەمی خونکار (جۆن)ی ئینگلیزدا، باجە زۆر و گەورەکان بوو. چینی باڵای خستە سەر ئەوەی کە ئەم خونکارە ناچار بکات، لەوە پاش هیچ باجێک بەبێ پرس و ڕاوێژی ئەوان واتا (کۆڕەکەیان) دانەنێ، کە بریتی بوو لە تۆوێکی کۆڕی نەتەوەی ئەم سەردەمە.

لە شۆڕشی فەرەنسەیشدا، دەبینین باجە گەورەکان، لە ڕوویەکی دادپەروەرانەوە دابەش نەدەکران بەسەر چینەکانی نەتەوەدا، هەر بەسەر چینی ناوەڕاستدا دابەش دەکران، چینی باڵا و کەشیشەکان چاوپۆشییان لێ دەکرا، یان کەمێکیان لێ دەسێنرا. بێجگە لەوەیش خونکار کەللەڕەقیی دەنواند و ماوەی نەدەدا کۆڕێکی نەتەوە پێک بهێنرێ. هەروەها

دادگاەکانیش خواروخێچ دەڕۆیشتن بەرێگادا. ئەمانە هەموویان نەتەوەیان وریاکردەوە و، هەستی پێ کرد، کە فەرمانڕەواییەکەی بەکەڵکی نایەت، هەر بەتەنیا بەکەڵکی خونکار و چینی باڵا و کەشیشەکان دێت.

لە شۆڕشەکانی ساڵی (١٨٤٨)یشدا، کرێکارەکان دەبینین، واتا کرێکاری کارخانەکان، نەک کرێکاری کێڵگەکان، تووشی بارێکی تازە بوون، کە لەوە پێش نەیان دیبوو بەخۆیانەوە. ئەویش بەرهەم پێکهێنان بوو، بەهۆی ماشێنەوە. واتا بەهۆی ئاسن و ئاگرەوە، نەک بەهۆی دەستەوە. لەبەرئەوە ئەوانیش داوای گۆڕینێکیان دەکرد لە مووچەکان و پایەی کۆمەڵایەتییاندا، بەمەرجێ لەگەڵ ئەم گۆڕینی بەرهەمهێنانە تازەیەدا بگونجێ. بەڵام بەقسەیان نەکرا. ئەوانیش شۆڕشیان هەڵگیرساند. ئیتر لە شۆڕشەکانی ئەوانەوە، کۆڕی نەتەوە فێری ناوی دەستەی کرێکاران بوو. هەروەها کۆمەڵانی پیشەسازانیش، یەک لەدوای یەک پەیدابوون بۆ پاراستنی مافی ئەو کرێکارانە.

لەگەڵ ئەوەیشدا کە لە خانەکانی ئەورووپادا، شۆڕش زۆر هەڵگیرسان بەڵام شۆڕشی گەورەی فەرەنسە کە لە ساڵی (١٧٨٩)دا بەرپابوو، بەجۆری هەرە باڵای شۆڕشەکان دەژمێرێ، کە لە بابەت هەموو نیشانەکانی و بیروباوەڕەکانیەوە لێکۆڵینەوە دەکرێ. تەنانەت زمانی ئەم شۆڕشە گەیشتە ناو نەتەوەکانی تریشەوە. هەروەها بیروباوەڕ و پێشبینییەکانیشی کە لە دەم شۆڕشگێڕەکانی ئەم شۆڕشەوە دەهاتنە دەرەوە، گەیشتنە ناو ئەو نەتەوانەی تر.

هەموومان ناوی «سەربەستی و، برایەتی و، یەکسانی»مان بیستووە هەموومان جوێکردنەوەی دەسەڵاتە سێ کوچکەکان دەزانین، وەک «دەسەڵاتی یاسادانان و، دەسەڵاتی دادپەروەری، و دەسەڵاتی کاروباری فەرمانڕەوایی جێبەجێکردن». هەموویشمان ناسیاوین لەگەڵ وشەکانی «سەربەستیی بیروباوەڕ»دا هەیە. ئەم هەموو وشانە، وشە و بیروباوەڕی فەرەنسین، کە گۆڕاونەتە سەر زمانە پێشکەوتووەکانی تر.

لەگەڵ ئەمەیشدا کە (ناپلیۆن) لەگەڵ بیروباوەڕەکانی ئەم شۆڕشەدا ناپاکیی نواند، بەڵام نەیتوانی هەڵیان بگرێ و لایان ببات، یان لەناویان ببات. چونکە هەر ئەوەندە تەفروتوونا کرا لە فەرەنسە و نێرایە دوورگەی (سانت هێلینا)، نەتەوەی فەرەنسە هەڵسانە سەرپێ و ئەم بیروباوەڕانەیان بەکارهێنایەوە و، بەدرێژایی سەردەمی سەدەی نۆزدەهەم پەیڕەوییان کرد. تەنانەت (ناپلیۆن) خۆیشی هەستی بەهێزی چەواشەکردنی ئەو بیروباوەڕانە کردبوو، کە هی شۆڕشەکە بوون، هەروەک لەو نامەیەدا چاومان پێ دەکەوێ کە لە ساڵی



(١٧٩٨)دا بڵاوی کردەوە بەسەر باووباپیری ئێمەدا لە شاری (ئەسکەندەریە)وە. هەروەک (الجبرتی) بۆمان دەگێڕێتەوە، لەو نامەیەدا ناوی وشەکانی (سەربەستی و، برایەتی و، یەکسانی) دەبات. شۆڕشگێڕەکانی فەرەنسەیش چۆن لە چینی باڵا دەدوان، (ناپلیۆن)یش بەو جۆرە لە بەندە کڕاوەکان (مماليک) دەدوا. هەرچییەکی گوتبوو لە نامەیەکدا لە بابەت ئەو بەندە کڕاوانەوە، هیچ جیاوازییەکی نەبوو لەگەڵ ئەو نووسینانەدا، کە نووسەرەکانی فەرەنسە لە بابەت چینی باڵاوە دەیاننووسی. لەو نامەیەدا ڕووی کردبووە نەتەوەی میسر، ئەمەی پێ گوتبوون:

«لای خودا هەموو کەس وەک یەکە. ئەوەی کە جیایان دەکاتەوە لە یەکتری تەنیا هۆش و کردەوەی مەردانە و زانستە. بەندە کڕاوەکان و هۆش و کردەوەی چاکیش وەک ئاسمان و ڕێسمان وانە. کەواتە بۆچ ئەوان لە کەسانی تر جوێ بکەینەوە، تا هەر خۆیان بەتەنیا میسر داگیر بکەن. هەرچی بابەتی چاکە بۆ خۆیانی ببەن وەک کەنیزەکە جوانەکان و ئەسپە ڕەسەنەکان و کۆشک و باڵەخانەی شەنگوشۆخ و ڕازاوە و دڵگیر؟». ئەو یاسایەیش کە پێی دەڵێن «یاسای ناپلیۆن» لە ڕاستیدا یاسای ئەو شۆڕشەیە کە چینی ناوەڕاستی فەرەنسە هەڵیانگیرساند. چونکە گیروگرفتی ئەم چینە چارە دەکات. ئەوەیش کە پێی دەڵێن «دیمۆکراتی» لە ڕاستیدا ئەو کەلەپوورەیە کە شۆڕشی فەرەنسە بەجێی هێشت. چونکە ئەم وشەیە گەلێک واتای دڵسۆزانەی وای هەیە لە بابەت کاروباری نەتەوەکانەوە، کە لە باریدا هەیە گەشە بکات و تازە ببێتەوە و بڵند ببێتەوە بۆ ئەو بارستاییانەی کە تەنانەت خاوەنەکانیشیان لە کاتی شۆڕشەکەدا بەبیریاندا نەهاتووە. چونکە مەبەسی ئەوان لەو وشەیە هەر ئەوەندە بوو کە «دەستوور» و «کۆڕی نەتەوە» بگرێتەوە. کەچی ئێمە ئیمڕۆ وای تێ دەگەین، کە جۆرە شێوەیەکی خوێندەواری دەگرێتەوە لە خوێندنگاکاندا، کە جووڵەیەکی یەکسانیی ناوەند ژن و پیاو دەگرێتەوە لە کۆمەڵایەتیدا، کە یاسایەک دەگرێتەوە لەناو خێزاندا، کە بیروباوەڕێکی ئابووری دەگرێتەوە لە چەندێتیی زەوییە کشتوکاڵییەکاندا. هەروەها دان پێدانانێکیش دەگرێتەوە بەمافی کرێکاراندا لە بابەت دامەزراندنی کۆمەڵە پیشەسازییەکانیانەوە. شۆڕشەکان هەموویان، نووسەرانی خۆیان و پێشەوایانی خۆیان پەیداکردووە.. ئەوانە هەموویان باوەڕیان بەئاینی سەربەستیی مرۆڤ و برایەتیی مرۆڤ هەیە. تەنانەت کە نووسراوەکانیان دەخوێنینەوە وا هەست پێ دەکەین کە نامەی دۆستێکمان دەخوێنینەوە. چونکە هەرچی وشەیەکیان لە دەم هاتۆتە دەرەوە و نووسیویانەتەوە، پرشنگی چاکە و سەربەرزی و دۆستایەتی دەدەن. هەر سەیرێکی

وشەکانی «میلتۆن» بکە، کە بوێژ و نووسەرێکی شۆڕشی ئینگلیزەکان بووە لە سەردەمی «کرۆموێل»دا، لە بابەت سەربەستیی نووسراو دانانەوە ئەمەی نووسیوە:

«هەرچەند نووسراوێکی چاک لەناو دەبەیت، وەک مرۆڤێکت کوشتبێ وایە.

«نە ء... چونکە ئەوی پیاوێک دەکوژێ، مرۆڤێکی ژیر دەکوژێ.

«بەڵام ئەوی نووسراوێکی چاک لەناو دەبات، هۆش دەکوژێ.

«چەند زۆرن کەسانی وا، کە لەسەر زەویدا دەژین و بارێکن بەسەریەوە. «بەڵام نووسراوی چاک، ئەو خوێنی ژیانە بەنرخەیە کە گیانی ژیری و «تێگەیشتوویی پێوە بەندە. ئەو بۆیەکا قاڵ کراوە و پارێزراوە، کە «گیانەکە ژیانێکی وا بژی، کە لە ژیان، خۆی، گەورەتربێ».

دیسانەوە «میلتون» دەڵێ:

«سەربەستی چاکترین خوێندنگایە بۆ کردەوەی چاک».

هەروەها دەڵێ:

«بهێڵن لێدوانی ڕاستی بەسەربەستییەوە بکرێ. بەڵام ئازاری نووسراو دانەرەکە مەدەن».

لەڕاستیدا «میلتۆن» بەم ڕستە وشانەی خۆی، دەستوورێکی داناوە بۆ هەموو نووسراو دانەوەکان.

هەروەها سەیرێکی قسەکانی (تۆماس بین) بکە،کە نووسەرێکی شۆڕشی ئەمەریکا بوو لە ساڵی (١٧٧٦)دا:

«مەبەس لە فەرمانڕەوایی ئەوەیە کە سەربەستی و دڵنیایی مرۆڤ بپارێزێ» بەڵام شۆڕشی ئەمەریکا، نووسەرێکی تریشی هەبوو، کە لە پاش خۆی بەنزیکی حەفتا ساڵ هاتە ناوەوە. ئەویش سەرۆک (لینکۆڵن) بوو، کە لە کاتی سەرۆکایەتیی خۆیدا لە کۆماری ئەمەریکادا، گوتبووی: «نەتەوە مافی هەیە فەرمانڕواییەکەی خۆی لە ڕێگای دەستوورەوە بگۆڕێ. ئەگەر لەو ڕێگایەیشەوە، ئەوەی بۆ نەچووە سەر، مافی هەیە بەزەبری هێز بیگۆڕێ.».

«ئەبراهان لینکۆلن» بوو، کە ژیانی خۆی بەختکرد لە پێناو ئازادکردنی قولەڕەشەکانی ئەمەریکادا. هەر ئەویش بوو کە لە بەندایەتییەوە بەرزی کردنەوە بۆ پایەی مرۆڤایەتی.

بەڵام ئەو نووسەرانی شۆڕشەی، کە سەربەستییان کردبوو بەپیشەیەک بۆ خۆیان، کە



بانگیان بۆ دەدا، کە لە هەموو کەس پتر هانەهانەی نەتەوەیان دەدا بۆ دەستگیربوونی، بێگومان ئەو گەورە پیاوانەن کە لە فەرەنسەدا پەیدابوون، وەک: (ڤۆڵتێر) و (دیدرۆ) و (ڕۆسۆ). تەنیا ناوبردنیان بەسە بۆ ئەمەی نووسینەکانیان ڕوون بکەینەوە. ئەو نووسەرانە دۆستی مرۆڤن. بەتەنیشت نەتەوەوە دەوەستان هاواریان دەکرد بۆ سەربەستی، بانگیان دەدا بۆ برایەتی، هانەی نەتەوەیان دەدا بۆ دەستکەوتنی سەربەرزی. هەتا ئێستایش قسەکانیان، بەسەر زمانمانەوەن، دووبارەیان دەکەینەوە، کە بەوەیش تا دێین مرۆڤایەتیمان بەهێزتر دەبێ. هەر ئەم وشانەی ئەوان بوون کە کردەوە و ڕەوشتی باشیان فێری خونکارەکان کرد، کە زۆردارەکانیان جەزرەبە پێگەیاند، کە سەربەرزییان بڵاوکردەوە بەناو هەمووناندا: نە بەندەیەتی ماوە، نە زەویداری، نە فەرمانڕەوایی بێ دەستوور، نەباج ماوە بێ سەرپەرشتی کردنی کۆڕی نەتەوە، نە چاو تێ بڕین ماوە بەسەر بیر و نووسینەوە، نە زۆرداریش ماوە لە کرێکار بکرێ و نەهێڵرێ کۆمەڵە پیشەسازییەکانی خۆی دروست بکات.».

نیشانەی گشتیی شۆڕشەکان بریتییە لە دۆزینەوە و بەرهەمهێنانی مافی تازە بۆ نەتەوە، لەگەڵ لابردنی بەند و کۆتەی کۆن. کە ئەمەیش پێک دەهێنرێ لایەنی هەژاریش دەگیرێ. سنووریش دادەنرێ بۆ پەیدانەبوونی دەوڵەمەندیی بێ ئەندازە. هەروەها هەژارانیش لە هەژاری بێ ئەندازە ڕزگار دەکرێ. بەواتایەکی تر: هەموو شۆڕشەکان، گیانێکی هاوبەشی (سۆسیالیستی)، کردەوە و ڕەفتارێکی هاوبەشانەیان بەسەردا زاڵ دەبێ.

## هۆی شۆڕش و شێوەکانی

یەکێک لەو قسانەی دایچڵەکاندم و دڵی ئێشاندم، قسەیەکی «ڕێنان» بوو، کە لە یەکێک لە نووسراوەکانیدا میسری وا ناو هێنابوو، کە مێشک پووچە، چونکە تا ئێستا شۆڕشگێرێکیشی لێ پەیدا نەبووە!! بەڵام لە پاش ئەمەی لێکۆڵینەوەیەکی وام کرد، کە «ڕێنان» بۆی نەکرابوو، کە لەو بنچینانەیش ئاگادار بووم کە شۆڕشیان لەسەر دادەمەزرێ، لەو دڵشکاوییە ڕزگارم بوو. چونکە هیچ شتێک نابێتە هۆی پەیدابوونی شۆڕش، دەرکەوتنی چینێکی تازە نەبێ، کە جێگای ئابووریی گۆڕابێ و، دەستی کردبێ بەخەباتکردن، بۆ گۆڕینی جێگای کۆمەڵایەتی و زرنگکاری (سیاسی)ی خۆی، تا لەگەڵ ئەو گۆڕینەدا بگونجێ. ئەمەیش هەزاران ساڵە بەسەر میسردا تێپەڕیوە، کەچی شێوەی بەرهەمهێنانی هەروەکو خۆی ماوەتەوە، هیچ نەگۆڕاوە. لەبەر ئەوە چینی تازەی تێدا

پەیدانەبووە. ئەمەیش وا دەگەیێنێ کە ئارامگرتنی شێوەی بەرهەمهێنان، بووە بەهۆی ئارامگرتنی یاسای ئابووری و کۆمەڵایەتی. دوایی ئەمەیش بووە بەهۆی مانەوەی چینەکان لە جێی خۆیاندا. کەواتە هیچ هاندەرێک پەیدانەبووە بۆ شۆڕش پەیدابوون. ئەمەیش ڕاستە کە هەندێ جار دەبینین شۆڕش ڕوودەدات بێ ئەمە هۆیە ئابوورییەکانیمان بۆ دەربکەوێ، کە شۆڕشەکەیان هەڵگیرساندووە. بەڵام نەزانینی ئەو هۆیانە ئەوە ناگەیێنێ، کە هۆ نەبووە لە ئارادا بۆ هەڵگیرساندنی ئەو شۆڕشانە. بەڵکو ئەوە دەگەیێنێ کە دەبێ زۆرتر بکۆڵینەوە لە هۆیەکانی تا دەیاندۆزینەوە.

لە مێژووی شۆڕشەکاندا، هەمووده‌م، ئەوەمان بەرچاو دەکەوێ کە چینێک هەیە و، فەرمانڕەوایی گرتۆتە دەست خۆی و زاڵبووە بەسەر کۆمەڵایەتیدا. بەڵام چینێکی بێ بەرهەمە. جا لەبەرئەوەی بەرهەمێک نادات بەدەستەوە، هەست بە لێپرسینەوەی کۆمەڵایەتی ناکات، کردەوە و ڕەوشتی تێکدەچێ و لەناوخۆیدا پارچە پارچە دەبێ. ئەو هەر دەست بڵاوی دەکات و پارە بەفیڕۆ بەخت دەکات. چونکە خاوەن بەرهەم نییە، هەر ئەوە دەزانێ کە بەخت بکات. دەروونییە بەم جۆرە زۆریش بمێنێتەوە. بەڵام ئەو نەتەوەیەی کە بەچاوی سووک سەیری دەکات، دوایی دەچێ بەگژیدا، بۆ ئەمەی چینێکی خاوەن بەرهەم بخاتە جێگای، کە بەرهەم پێکهێنانەکەی فێری شێوەی سەربەرزی و سەرڕاستیی کردووە. تینیشی بەدڵ و دەروونی بەخشیوە، چالاکی و کارگوزارییشی خستۆتە دەمارەکانیەوە، لەبەرئەوە ئەو چینە، شۆڕش هەڵدەگیرسێنێ و لە شۆڕشەکەیشیدا سەردەکەوێ. لەبەرئەمە، وەک دێتە پێش چاومان هەموو شۆڕشێک شێوەیەکی تایبەتیی خۆی هەیە، کە لە شێوەی شۆڕشەکانی تر جیاوازە.

لە سەردەمەکانی کۆندا، کە ئاین هەموو جۆرە هەرەت و چالاکییەکی مرۆڤایەتیی دەگرتەوە، شۆڕشەکانی ئاینی بوون. جا چونکە چینی خاوەن دەسەڵات و فەرمانڕەوایی، چینێکی ئاینی بوو، هەموو بابەتێکی بەرهەمهێنانی دەخستە ژێر دەستی خۆیەوە. ئەوەی دەستیشی دەکەوت لە گەنج و سامان، لە کامەرانیی خۆیدا بەختی دەکرد. بۆ کەش و فشی خۆی بەکاری دەهێنا. لەبەرئەوە هۆشی شۆڕشەکە، هۆشێکی ئاینی بوو. جا لەبەرئەوە بوو کە لە ئاینەکەیاندا، هۆز و تیرە پەیدا دەبوون. ئەمە لە هەموو سەردەمەکاندا وابوو، چ لەلای عەرەبەکان، چ لەلای ئەوروپاییەکان. هەر دەستەیەکی ئاینیی تازە پەیدا ببوایە، شۆڕشێکی تازەی هەڵدەگیرساند. بەڵام لەم سەردەمە تازەیەدا کە ئێمە تێیداین، ئەم دەستە ئاینییانە نایەنە کۆڕەوە. چونکە نەتەوەکانی ئیمڕۆ بیروباوەڕەکانی ئاینی، دانانێن



بەهۆیەک بۆ زاڵبوون بەسەر کۆمەڵایەتی و فەرمانڕەواییدا. ئێمەیش ئیمڕۆ لە سەردەمی زانست و ڕاستیدا دەژین، نەک لە سەردەمی باوەڕانی ئاینیدا. شۆڕشەکانی جوولەکەکان بهێنەرەوە پێش چاوی خۆت، کە تەنیا پیاوە ئاینییەکان هەڵیان دەگیرساند. یان شۆڕشی قولە ڕەشەکانی (بەسرە) بهێنەرەوە پێش چاوی خۆت کە چوون بەگژ (خەلیفەی عەباسی)دا. سەرکردەی ئەم شۆڕشە کە ناوی (عەلی کوڕی محەمەد کوڕی ئەلحوسێن) بوو، بەپێویستی زانی کە پشت بەپشت خۆی بگەیێنێتەوە سەر پێشەوا (عەلی)، بۆ ئەمەی بتوانێ شۆڕشەکە ببات بەڕێوە.

هەروەها شەڕەکانی چەلیپاییەکان (الصليبيون) بهێنەرەوە پێش چاوی خۆت، کە هەر بریتی بوون لە شۆڕشانی ئاینی. چونکە ئەو کاتە ڕۆژگاری مێژوویی ڕێیان نەدەدا، کە لە شێوەیەکی تردا، شۆڕش بکرێ. هۆی ئەوەیش ئەوەبوو کە چینی خاوەن دەسەڵات، چینێکی ئاینی بوو. جا ئەگەر جێگا بەرزەکەی خۆی، سەبارەت بەوە، ونکردبێ، کە زۆر و ستەمی لە ئەندازە تێپەڕیبێ، یان بەهۆی کەمتەرخەمییەکانیەوە گەیشتبێتە ڕادەی تێکچوون و ئاژاوە، چینێکی تر بەهەلی زانیوە هەڵساوەتە سەرپێ و چووە بەگژیدا و لەناوی بردووە و جێگاکەی لێ داگیرکردووە. (عەباسی)یەکان وایان کرد کە (ئەمەوی)یەکانیان لە فەرمانداری دەرکرد.

پاش ئەوە لە ئەوروپادا چینێکی خاوەن پایە پەیدابوو، کە سەر بەچینی ئاینی نەبوون. ئەوانە، لەوانە بوون کە ئێمە پێیان دەڵێین زەویدار (أقطاعی). ئەوساکە لە ئەوروپادا نەتەوە سێ بەش بوو: خونکار و، زەویدار و، بۆرەپیاو. جا ئەگەر خونکار زۆرداریی بکردایە، لە پێش هەموو کەسێکدا زۆردارییەکەی شان و ملی زەویدارەکانی دەگرتەوە. بەڵام کە زۆری لە بۆرەپیاوان بکردایە، زەویدارەکان دەبوونە هۆی ئەو زۆرداربیەی، چونکە بۆرەپیاوەکان بەزۆری بریتی بوون لە بەندەکانی زەویدارەکان... لەبەرئەوە شۆڕشەکان هەر لە ناوەند خونکارەکان و زەویدارەکاندا دەقەومان. بەڵام نەتەوە، ناوی لە ئارادا نەبوو. جا شۆڕشی ئینگلیزەکان کە لە ساڵی (١٢١٥)دا ڕووی دا، بریتی بوو لە شۆڕشی زەویدارەکان بەرامبەر بە (جۆن)ی خونکار.

لەو سەردەمەدا چینی ناوەڕاست، هێشتا لە ئەوروپادا پەیدا نەبووبوو، بەڵام ئەم چینی ناوەڕاستە، کە لە بازرگانەکان و پیشەوەرەکان، یاخود لەوانە پێکهاتبوو کە لەسەر بیروباوەڕی بازرگانی و پیشەسازی بوون، بێ ئەمەی خۆیان بازرگانی یاخود پیشەسازی بکەن، هەندێ شۆڕشی تریان هەڵگیرساند کە مەبەسەکانیان سەربەستی و ئاسایش بوو.

له شۆڕشی (کرۆموێل)دا که بەرامبەر (چارلسی یەکەم)، خونکاری ئینگلتەرە کردی، له ساڵی نزیک به (١٦٤٠)دا، هەروەها له شۆڕشی فەرەنسەدا که له ساڵی (١٧٩٨)دا کرا، شێوەی ئەم جۆرە شۆڕشە بەئاشکرا دەردەکەوت و تا ئێرەیش، ئێمە شۆڕشێکی کرێکارانمان چاوپێ ناکەوێ. چونکە تا ئەودەمە هێشتا پەیدا نەبووبوون.واتا هێشتا هەستیان بەخۆیان نەکردبوو کە ئەوانیش خۆیان چینێکن. چونکە تا ئەو دەمە ژیانێکی لادێییانە دەژیان، کە بە بەندەی زەویدارەکان دادەنران، یان لە دانگی ئەواندا بوون. بەڵام کە شارەکان گەورەبوون و، بەندەکانی زەویدارەکانیان لە لادێکانەوە کێش کردە ناو شار و لە پیشەسازی و بازرگانی و گواستنەوەدا. بەکاریان هێنان ئێمەیش دەستەی «کریکاران»مان بەرچاو دەکەوێ، کە لە پێش ساڵی (١٨٠٠)دا لە ئارادا نەبوون. ئیتر لەوەدوا لە کارخانەکاندا دەماندین کە بەماشین واتا بەئاسن و ئاگر کاریان دەکرد. ئەو کرێکارانەیش هاتنە ناو شارەوە و لەناو شاردا دەژیان. هەر لەوێیشدا فێری خوێندەواری دەبوون، کە لەناو کارخانەکاندا کۆدەبوونەوە هەستیان بەگیانێکی خاوەن چین دەکرد، کە جووتیارێکی سەربەستی بەندەی خاوەن زەوی لەناو گونددا هەستی پێ نەدەکرد. لەبەرئەوە لە ساڵی (١٨٤٨)دا جۆرە شێوەیەکی تری شۆڕشمان چاو پێ دەکەوێ، کە ئەویش شۆڕشی کرێکارانە کە لە بابەت هاوبەشی (الأشتراكيه) و سامان خستنە دەست نەتەوە (التـأميم)وە دەدوان. ئەوانە دەچوون بەگژ چینی ناوەڕاستدا. ئەمە لە ئەوروپادا ڕووی دەدا. بەڵام ئەوەی لە میسردا ڕووی دەدا، لەوە زۆر جیاواز بوو، چونکە ئێمە لەوساکەوە کە تورکەکان نیشتمانەکەمانیان داگیرکرد، لە ساڵی (١٥١٧)دا، هەموومان هەستمان بەشتێکی تر دەکرد، ئەویش ئەم داگیرکردنی تورکانە بوو. یاخود ئەو جیاوازییە ڕەگەزیەتی و ئابوورییە بوو کە خرابووە ناوەند چەرکەس و تورکەکان و ئێمەوە. بەواتایەکی تر ئەوانە ناز و جیازیان هەبوو، بەڵام ئێمە نەمان بوو.

لەبەرئەوە یەکەم شۆڕشگێڕی میسریمان لە (عمر مکرم)دا چاو پێ دەکەوێ کە لەپێشدا چوو بەگژ سەردار (والی)ی تورکدا، پاشان چوو بەگژ (محەمەد عەلی)دا. هەستەکەی (عمر مکرم) ڕەنگاوڕەنگ بوو. بەڵام تا ئەندازەیەکی گەورە ڕەگەزپەروەر و نەتەوە پەرست بوو. میسرییەکی هەژار بوو بەرامبەر بەتورکە دەوڵەمەندەکان شۆڕشی هەڵگیرساندبوو.

دوای ئەو ئەم هەستە لە (عرابی)دا بەهێزتر دەبینین. چونکە وشەکانی (چەر کەسی و تورک و میسری)، هەموو دەم بەسەر زمانی خۆی و هاوڕێکانیەوە بوون، شان بەشانی ئەوەیش هەستی ئابووری دەبینین، سەرەتاکەی دەردەکەوێ، کە ئەوەندەی نەماوە بڵێین



هەستێکی (چین)ی بوو[1]. چونکە (عرابی) لە جووتیارە هەژارەکان بوو. هەژارییەکەیانی پێ ناخۆش بوو. لە خاوەن زەوییە دەوڵەمەندەکان، کە بریتی بوون لە تورک و چەرکەس و بێگانەکان وروژابوو. پاش ئەوە لە ساڵی (١٩١٩)دا، شۆڕشەکەی خۆمانمان چاو پێ دەکەوێ، کە بەرامبەر داگیرکردنەکەی (بەریتانیا) بوو. لەم دواییەیشدا، لە ساڵی (١٩٥٢)دا شۆڕشەکەی لەشکرمان چاو پێ دەکەوێ، کە هەستی ڕەنگاوڕەنگی تێکەڵ بووبوو. بەڵام بەجۆرێکی ئاشکرا، دەمی لەوە دەدا کە لەگەڵ جووتیارەکاندا دادپەروەری بکرێ. چونکە سوپا بەهەموو ئەفسەر و سەربازەکانیەوە، چینی ناوەڕاست و چینی کارگەرانی دەنواند کە لە جووتیاران بوون. بێگومان لە دوای ئەم هەموو شۆڕشانەوە هۆی ئابووری هەیە، هەرچەندە ئاشکرا نین، بەڵام دەرنەکەوتنەکەیان ئەوە نابەخشێ کە لە ئارادا نین.

## مەردی وێژە لە شۆڕشدا

«جان پۆل سارتەر» گوتوویەتی:

«زۆرداری لە هەر شوێنێکدا پەیدابێ، نووسەرانی وەک ئێمە پرسینەوەی دەبێ لێ بکرێ. نووسەر لەسەریەتی کە لە پێشدا ناوی شتەکە بهێنێ. چونکە زمان نیازی بیرکردنەوەمان پێ دەبەخشێ. ناوبردنی شتیش، ئەو شتە دەهێنێتە ناوەوە و، دەیهێنێتەدی. بۆ وێنە: ئازاردانی قولەڕەشەکان لە ئەمەریکادا، کەس گوێی ناداتێ، هەتا نووسەرانی وا پەیدا نەبن ک بڵێن ئەو قوڵەڕەشانە ئازاریان دەدرێ. پێش ئەمەی کەسێک لە بابەت ئازاردانی بەندەکانەوە بنووسێ، کەس ئەوەی بەبیردا نەدەهات کە ئەو بەندانە ئازار دەدرێن. تەنانەت بەندەکان خۆیشیان ئەوەیان بەبیردا نەدەهات!...».

«جا لەبەرئەوەی کە زمان بۆ ئەوەی بەکاردەهێنرێ کە شت بهێنرێتەدی نووسەریش لەسەری پێویستە کە زمان پاراوییەکەی خۆی بۆ ئەوە بەکاربهێنێ کە سەربەستی بدرێ بەمرۆڤ. هەر تەنیا زمان پاراوییەکی چاکیش لە ئارادا هەیە، ئەویش ئەو زمان پاراوییەیە کە پشتیوانیی سەربەستی دەکات!.».

(سارتەر) لەمەدا ڕاست دەکات. ئەو لەگەڵ ئەوەیشدا کە لە ڕاستی پەرستییە پڕ هەڵەکەیدا، (بوون = الوجودية)، گیری خواردووە، بەڵام هەر لەسەر ئەو ڕێیە دەڕوات کە نووسەرەکانی فەرەنسە لەسەری ڕۆیشتوون، بەکۆن و تازەیانەوە. چونکە لە سەدان

(١) یان راستتر: هەستێکی چینایەتی بوو.

سالانەوە، ئەو بانگەی (ڤۆلتێر و، دیدەرۆ و، ڕۆسۆ و، ئەناتۆل فرانس و، زۆلا) و سەدانی تر وەک ئەوان دەیاندا، تا ئێستا دەنگ دەداتەوە. هەموویشیان هەر بۆ یەک شت هاواریان دەکرد: «هەربژی سەربەستی».

بانووی وێژەوانی فەرەنسیش (جۆرج ساند) دەیگوت: «پیشەی من سەربەستییە!.».

جا ئەم ڕەوشت و کردارانەن کە پشت بەپشت چاولێکەری دەکرێن لەناو وێژەی فەرەنسیدا، کە گیانی سەربەستییان بەناو نەتەوەی فەرەنسەدا بڵاوکردۆتەوە. هەر ئەوانیشن کە زرنگکارە کۆنەپەرستەکانیان وا لێکردووە، کە تا هەزار جار بیری لێ نەکەنەوە، ناوێرن یاسایەکی نوێ دابنێن کە سەربەستی لاببات یاخود پێوەندی بکات.

هەموو نەتەوەیەکی پێشکەوتوو، پێویستیی بەنووسەرانی دڵسۆز و سەرڕاست هەیە، کە دڵیان گەرم و دەروونیشیان وریابێ. ئەگەر میسریش لەو جۆرە نووسەرە نایابانەی هەبوایە، (فاروق) لەم سالانەی دواییدا نەیدەوێرا، وا بەئاشکرا و بێ پەروا زۆرداری و داوێن پیسی و بەدخوویی بکات.

لەڕاستیدا، بەچاوی خۆمان چەند نووسەرێکمان دی، دڵ و دەروونی خۆیان فرۆشت و، هۆشی خۆیان ڕێژگاو کرد، بە (فاروق) و (باوکی فاروق)یان دا هەڵدا، بەهۆنراوە و پەخشان. ئەو کوڕی نەتەوەیەیش کە لە ساڵی (١٩٢٥)دا گیرا و، هەر ئەو ڕۆژەیش هەڵوەشێنرایەوە، نەک هەر هوروژمیان نەبردە سەر فەرمانڕەوایی، لەسەر ئەو کردەوە ناشیرینەی، بەڵکو پشتیوانیی ئەو کردەوەیەیشیان کرد. چەند نووسەرێکی تریشمان بەرچاوکەوت، کران بەپاشا. چونکە پشتیوانیی خونکار (فوئاد)یان کرد لە وەستاندنی دەستووردا، لە ساڵی (١٩٢٨)دا، بۆ ماوەی سێ ساڵ، کە دەتوانرا تازە بکرێتەوە. نووسەرانی تریشمان دی کە لەسەر (ئیسماعیل صدقی) و خونکار (فوئاد)یان کردەوە. چونکە لە ساڵی (١٩٣٠)دا دەستووریان هەڵگرت. بوێژانی وایشمان هاتە پێش چاو، کە بەهۆنراوە بە (فوئاد) و (فاروق)یان دا هەڵدا، بەڵام لە کاتێکی وادا، کە ئەوەیان هەڵدەگرت لێیان بدوێن و توانج و پلاریان تێ بگرن. ئەوانە لە هۆنراوەکانیاندا درۆزن بوون. درۆکانیان وەک درۆکانی (شەوقی) وابوون کە لە ئەندازە بەدەر چامەی نووسییەوە، لە پێداهەڵدانی (عەباس) و (فوئاد) و (فاروق)دا. ئەو چامانەی لەوانەن کە تا سەر پەڵەیەک بن بەسەر ڕووی وێژەی میسرییەوە، هەر (شوقی) نەبوو کە ئەم جۆرە درۆیانەی دەکرد. بەدەیان بوێژی تریش وەک ئەو بەوانەیاندا هەڵدەدا و درۆیان هەڵدەڕشت.

***



نووسەریش بەوەدا جوێ دەکرێتەوە لە خوێندەوارەکانی، کە لەوان زۆرتر هەست بەشت بکات و، دەروونیشی لەوان زۆرتر بورووژێ بۆ چاکی و پاکی و جوانی، هەر لەبەر ئەمەیشە کە نووسەر لەگەڵ ڕاپەڕینەکانی مرۆڤایەتی و نەتەوایەتی و هۆشدا بەڕێوە دەچێ. ئەو وشانەیشیان بۆ دادەهێنێ کە بیرەکان دیاری دەکەن و، یارمەتیی نەتەوەیش دەدەن کە تێیان بگات. ئەویش بۆ ئەمەی کە هۆگری بیروباوەڕی تازە ببێت و، لەسەر پێڕەویی نوێیش بڕوات بەڕێوە. ئەگەر بهاتایە نووسەرەکانمان هەروەک دەیانگوت: «فاروقی خاوەن شکۆ»، بیانگوتایە: «نەتەوەی خاوەن شکۆ»، ئێمە حەڤدە ساڵ بەسەرشۆڕیی زۆر و ستەم و کردەوە نەنگیی (فاروق)ەوە خەریک نەدەماین، یاخود ئەو کەتنانەمان نەدەکرد!...

جا لێرەدا مەردایەتیی سوپای میسر دەردەکەوێ کە پەڵەی بێ ئابڕوویی لێ شتینەوە و، لە پیسییش پاکی کردینەوە. لێرەدا هیچ هونەرێکی تێدا نییە بۆ وێژەوانە میسرییەکان، تاک و تەرایەکیان نەبێ. هەر تەنیا ئەو چەند کەسە بوون کە کزییان نەنواند و، سەریان شۆڕ نەکرد و، بەئەژنۆدا نەنوشتانەوە... ئەوانە، جاری وا هەبوو، تووشی دەستکورتی و تەنگانە و ئازاردان دەهاتن، تەنانەت تەفروتونایش دەکران؛ ناچار دەبوون بەئەسپایی قسە بکەن و بەبێدەنگییەوە بیر بکەنەوە و، لەژێرەوە بەنهێنی نووسراوان دابنێن و، لە چاپیان بدەن... لەگەڵ ئەوەیشدا، هەرگیز هیوایان لێ نەدەبڕا، بەڵکو هیواکەیان لە جێی خواردن و خواردنەوەیان بوو، گیانیان پێی دەژیا.

کە لە ١٩٥٢/٧/٢٣دا شۆڕش هەڵگیرسا، ئەو وێژەوانانە بەرەوپیریی نەچوون و خۆشهاتییەکی لەگەڵدا بکەن. تەنانەت لەگەڵ ئەو هەموو چامانە (قصیدە)یشدا کە بۆ پێداهەڵدان بە (فاروق)دا دەگوتران، بوێژەکان وشەیەکی وایان لە دەم نەهاتە دەرەوە بۆ ستایشکردنی سوپا، یاخود پێداهەڵدانی سەرکردەکانی لەشکر، کە لە دەست خراپەی (فاروق) ڕزگاریان کردین، کە بەکاری ئەوە بێت بپارێزرێ. ئەمەیش ئەوە دەگەیێنێ، کە ئەو ئاژاوە و تێکچوونەی کەوتبووە ناو لەشی زرنگکارییەوە، هەر بەو جۆرە. کەوتبوویشە ناو لەشی وێژەوە، لە خاکەکەماندا. واتا وێژەوانەکانمان لە بارستاییی کۆمەڵایەتییە ڕزیوەکەیان خۆیان بەرزتر نەکردەوە. وەکو تر بام بڵێین لە بارستاییی چینە تێکچووەکەیان خۆیان بەرزتر نەکردەوە. ئەوانە بەنووسەرانی نەتەوەیەکی تێکشکاو دانەدەنران. بەڵکو بەنووسەرانی چینێکی چەوسێنەرەوە، دادەنران!... وادیارە، هەرگیز لەوە تێ نەگەیشت بوون، کە دیمۆکراتی لە زرنگکاریدا وەک نەتەوایەتی وایە لە وێژەدا.

لە کاتی شۆڕشدا، نرخی وێژە لە نرخی هەموو شتێک زۆرتر دەبێ، لە مێژوویشدا،

جێگای خۆی دەگرێ و بەری نادات. چونکە وێژەوان، پێش شۆڕش دەکەوێ. بەهۆی بیرەکانی و وشەکانیەوە واتای سەربەستی و گەورەییی، نەتەوە بۆ شۆڕشەکە ئامادە دەکات. یاخود پاش شۆڕش دەکەوێ و، لە شۆڕشەکەیشەوە واتای وا دەردەهێنێ کە بیگەیێنێتە پایەی مرۆڤایەتیی گشتی، کە لە نەتەوایەتیی تایبەتی پایەی بەرزترە. سا لەبەرئەوەیە کە ئێمە ناوی وێژەوانەکانی شۆڕشەکانی فەرەنسە و ئینگلیز و ئەمەریکا، زۆرتر دێن بەسەر دەمماندا، لەناوی ئەو کەسانەی شۆڕشەکانیان هەڵگیرساندووە و سەرکردەییان کردووە. ئەو پیاوانە، زمانیان بەخشیوە بەشۆڕشەکان. یاخود بەیادی شۆڕشەوە چامەی نەمریان هەڵبەستووە. لە نرخەکانی سەربەستی و، یاسا و، پێشکەوتن و، ماف و، سەرزبەرزیش، هەرچی دەزانین، زۆرتر، لە سایەی ئەو وێژەوانانەوە فێربووین، نەک شۆڕشگێڕەکان خۆیان، کە گۆڕینەکە لەسەردەستی ئەواندا پەیدابووە و، بەهۆی ئەوانیشەوە کۆمەڵایەتیی تازە لە دایک بووە...

ئەوانە هەریەکە نووسەرێک بوون، زۆرداریان دیوە و دەروونیان ئازاری پێگەییوە. پیشیان خواردۆتەوە و، بیروباوەڕی خۆیان دەربڕیوە لە شێوەیەکی شۆڕشگێڕانەدا، نووسراویان لەسەر ئەوە داناوە. ئەوانە شۆڕش لەناو میشکیاندا بووە. پێنووسەکانیشیان شێتییەکی هۆش و مێشکی وا ڕەسەنیان تووش هاتووە، کە پیوەندی هۆش بپچڕێنن و، گیانی پێشکەوتن و بازدان بەرەو پاشەڕۆژ بکەن بەبەر نەتەوەدا.

***

ڕەنگە وێژەوانەکان لە ڕوویەکەوە، نزیکترین کەس بن بەپێغەمبەرەکان. چونکە ئەوانیش نامەیەکیان پێیە، بۆ چاکەی گشتی، دەیگەیێنن بەجێی خۆی. لەمەیش مەبەسمان ئەو وێژەوانانەیە کە لە ڕیزەکانی نەتەوەدا دەوەستن، وەک نەتەوە خەبات دەکەن و، گیانی نەتەوە و خۆیشیان یەک دەخەن. کەواتە بەشتێکی سەیر نابێ دابنرێ کە (جاحظ) بەنووسەرێکیدا هەڵداوە، پێی گوتووە: «نووسەرێکی نیاز پێبەخشراوە لەلایەن خوداوە». ئیتر چی بڵێم...؟

لە سەردەمی (مەسیح)دا خونکارێک هەبوو، پێیان دەگوت: «هیرۆدس». وا بەدناو بووبوو کە داوێن پیسە و، زۆر و ستەمی هەیە. داویش بۆ نەتەوە دەنێتەوە، بۆ ئەمەی ڕۆمایییەکان دڵخۆش بکات. زۆرداریەکانیشی یەجگار زۆربوون. دوو ڕوویی دەکرد و دەیشاردنەوە. لەبەرئەوە (مەسیح) پێی دەگوت: «ڕێوی»!...

لە میسریشدا ڕێوییەکی وەک (هیرۆدس) هەبوو. بەڵام وێژەوانەکان. [کە لە هەموو



کەس نزیکترن لە پێغەمبەران] وەک ئەویان پێ نەگوت. کەچی دەیشیاندی بەدرۆ ڕیشی خۆی دەهێشتەوە و، خۆیشی وا پێشان دەدا کە ڕێگەی چاکی گرتووە. کەسێکیان نەهاتە پێشەوە درۆکەی دەربخات. هیچ پێغەمبەرێکیش نەبووە لە مێژوودا ناوی هاتبێتە ناو ناوانەوە و، شۆڕشی هەڵنەگیرساندبێ بەرامبەر بەزۆردارییەکانی فەرمانڕەوایی و کۆمەڵایەتی. هیچ پێغەمبەرێکیش نەبووە کە بەزمانێکی «گران» گفتوگۆی لەگەڵ نەتەوەدا کردبێ... تەنانەت بشی ویستایە بەزمانێکی وا قسەیان لەگەڵدا بکات، نەیدەتوانی بیکات. چونکە ئەو ناچار بوو نەتەوە ڕزگار بکات. ناچاربوو بانگی بکاتە سەر شۆڕشکردن بەرامبەر بەزۆرداری و بەدخویی و ئاژاوە. لەبەرئەوە دەبوو بەو زمانە قسەیان لەگەڵدا بکات کە تێی بگەن.

***

ئێمەیش ئێستا لە شۆڕشێک داین کە بەرەو دیمۆکراتیی زرنگکاری دەچێت. واتای ئەم جۆرە دیمۆکراتییەیش ئەوەتا کە فەرمانداری بەدەست نەتەوەوە بێت. بەمەندەیش وازناهێنێ، دەیەوێ چاکەی نەتەوە لەسەروو هەموو چاکەیەکی ترەوە دابنرێ. تەنانەت دەیەوێ کە هەر چاکەی نەتەوە بخرێتە پێش چاو. هەروەک ناگونجێ هیچ کەس بڵێ نەتەوە بریتییە لەو بۆرەپیاوانەی کە لە چاکە و کەڵک و بیروباوەڕی گشتی تێناگەن، بەکەڵکی فەرمانداریش نایەن، هەروەها پێویستە وێژەکەیشمان بکەین بەوێژەیەکی نەتەوەیی، نەک هەر بۆ چینێک بەکاربێت، کە خۆی وا دەنوێنێ هەر ئەوە بتوانێ لە وێژە تێ بگات و، نەتەوە ناتوانێ تێی بگات، کەواتە پێویستە بۆ بۆرەپیاوانیش بەزمانێکی وێژەییی هونەرمەندانە بنووسین پێویستە دان بەوەیشدا بنێین کە بۆرەپیاوانیش مافیان هەیە کەڵک لە خوێندەواری و وێژە وەربگرن، هەرە سەربەرز و هەرە چاکتر و هەرە هونەرمەندترمان ئەوەیە، ئێمە کە نووسەرین، کە بتوانێ ئەو فرمانە بەجێ بهێنێ، بێ ئەمەی بارستاییی هونەر و وێژەی خۆی بهێنێتە خوارەوە.

نە‌ء... وێژە بریتیی نییە لەو شیرینییانەی کە بێ کارە و خەواڵووەکان دەیخەنە دەمیانەوە و دەیانمژن. وێژە، لەڕاستیدا، بریتییە لە خەباتکردنی... بەڵام چ خەباتێک...؟

خەباتی گەلان بەرامبەر خونکارەکان و سەردەمە تاریکەکان، بەرامبەر بەزۆرداری و داگیرکەری و ماتی و بێدەنگی. ئەم جۆرە خەباتەیش هەر هی چینێک نییە. هی هەموو نەتەوەیە، مافی خۆیەتی بیکات. نەتەوەی میسری هەمووی، بەڵکو هەموو نەتەوەکانی عەرەب بەژن و پیاویانەوە.

گەورەترین کەڵک کە وێژەوان دەیبەخشێ بەڕاپەڕینی نەتەوە، یاخود شۆڕشەکەی، ئەوەیە کە وشەی وای بۆ بهێنێتە بەرهەم کە فێری خەبات و جووڵان و خۆشبینی و مرۆڤایەتیی بکات. (ڤۆڵتێر)، نیازی سەربەستیی بەگەلی فەرەنسە بەخشی. چونکە ئەو سەربەستیی کردبوو بەبابەتی وێژەکەی خۆی، بەبابەتی ژیانی خۆی. هەموو دەم دووبارەی دەکردەوە، واتای لێ جوێ دەکردەوە، بەرەنگاریی گیروگرفتەکانی دەبوو.

(ڕۆسۆ)یش نیازی سروشتی بەخوێندەوارەکانی ئەوروپا بەخشی. تەنانەت ئەوروپاییەکان وایان لێهاتبوو، لە کێڵگە و شینایی و دارودرەخت و جۆگەی ئاودا، لە شاخ و کێودا جوانییەکی تریان دەدی، کە لەوەپێش هەستیان پێ نەکردبوو. تەنانەت، لەبەر ئەم هۆیە، لادێیان بەدڵدا چووبوو، پایەی جووتیاریشیان بڵند دەکردەوە. جا لەم خۆشەویستییەوە بانگێکی تازە درا بەگوێی نەتەوەدا کە ئەویش خۆشەویستنی ساکاری بوو لە ژیاندا و، خۆش نەویستنی شارستانێتیی پڕ ڕووکەش و فڕوفێڵ بوو.

(ڕۆسۆ)، خاوەن هونەرە لە داهێنانی وشەکانی شۆڕشدا کە نیازیان دەبەخشی بەنەتەوە؛ وەک: سەربەستی و برایەتی و یەکسانی.

(دیدرۆ)یش بەهۆی نووسراوە گەورەکەیەوە کە بریتی بوو لە ڕیزە زانیارییەکی گشتی، ئەو نیازەی بەخشی بەخاوەن بیرەکان، کە زانست شتێکی نوێیە، کاروبارێکی پیرۆزیشە. بەهۆی ئەوەوە نرخێکی گەورەی دا بەمێشکی مرۆڤایەتی، پڕوپووچیی قسە هەڵبەستراوەکان و خراپەیشیانی دەرخست. وشەکانی ئەو وێژەوانانە، لە شۆڕشی گەورەی فەرەنسەدا وەک چرا وابوون، تاریکییان ڕووناک دەکردەوە.

ئەگەر (قاسم ئەمین) هەردوو نووسراوەکەی خۆی لەسەر (ئافرەت) دانەنایە، ئەو وشانەیشی دانەهێنایە کە بیانکەین بەبەڵگە و گفتوگۆیان لەسەر بکەین، لە بابەت سەربەستیی ئافرەت و، ڕوونەپۆشینی و کار و فرمانی و، مرۆڤایەتی و، خەبات کردنیشیەوە مقۆمقۆ بکەین و، بەرەنگاریی یەکتر بکەین... ئەگەر ئەوانە ڕوویان نەدایە، ئافرەتەکانمان هەستیان بەوە نەدەکرد کە پێویستییان بەسەربەستی هەیە. هەروەها هەستیشیان بەوە نەدەکرد کە ڕووپۆشین دیلی و ڕیسوایی تێدایە.

لەڕاستیدا بیرەکانمان بریتین لە وشە. نووسەری گەورەیش ئەو کەسەیە، کە وشەی گەورەمان بۆ بدۆزێتەوە، تا لە مێشکماندا بنج بەست ببێ و، گەشە بکا و، لقوپۆپی لێ ببێتەوە و، بشمانخاتە سەر کردەوەی گەورە.



## کە بەندەکان ویستیان ببن بەمرۆڤ

لە سەدەی پێشوودا بەندەگەری هەڵگیرا. ئیتر مرۆڤ لەو بارەدا نەما، کە وەک بابەتی کڕین و فرۆتن، بخرێتە ناو بازارەوە و، تەماشای ددانەکانی بکرێ و پێستی لەشی ڕابکێشرێ و، ڕاکردنی پێ تاقی بکرێتەوە و، دەمارەکانی دەستی بگوشرێ، ئنجا هەروەک بۆ گیان لەبەر نرخ دادەنرێ، بۆ ئەویش نرخێک دابنرێ!؟...

لە هەڵگرتنی بەندەگەرییشدا، هونەری بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیی مرۆڤە کە لە ئەنجامی گۆڕانی بەرهەمەکانی ئابوورییەوە پەیدابووبوو. لەسەر بنچینەی ئەم گۆڕانە، هەستەکانی مرۆڤایەتییش گۆڕابوون و، گەشەیان کردبوو. بڵندیش بووبوونەوە بۆ مرۆڤایەتییەکی تازە کە باووباپیرمان پەییان پێ نەبردبوو.

بەندەگەری لە بنجوبناواندا دەگەڕێتەوە سەر شەڕوشۆڕ. لە سەردەمەکانی زۆر کۆندا، دیلەکان دەکوژران. بەڵام لەپاشدا تێگەیشتن کە بەکارهێنانی بەندەکانی لە کاروباری شینایی و کشتوکاڵدا، یاخود لە کار و فرمانی بەئەرک و گراندا، چاکترە لەوەی کە بکوژرێن. لە وشەی (ئیسرائیل)ەوە وا دەردەکەوێ کە واتای بەندەگەری لە واتای بەدیل گرتنەوە پەیدابووە، چونکە دیلیش هەر بەندەییێکە. (ئیسرائیل)یش لە زمانی (عبرانی)دا واتای (بەندەی خودا) دەگرێتەوە. چونکە واتای (إسر) هێز دەگرێتەوە.

نەتەوەکانی کۆنیش، فرمانیان بەبەندەکان هەڵدەسووڕا، چونکە ئەوان بوون هێزی بەرهەم پەیداکەر لە خاکەکانیاندا. لەبەرئەوە پشتیان بەوان دەبەست لەم جۆرە مەبەستانەدا. لەم سەردەمەی ئێمەیشدا، لە بریتی ئەو هێزە، ماشینی ئاسن بەکاردەهێنرێ لەناو نەتەوە پێشکەوتووەکاندا. دەست و بازووی کرێکاریش بەکاردەهێنرێ لەناو نەتەوە پاشکەوتووەکاندا.

لە یاسای (حامورابی)یشەوە، تێ دەگەین کە لە ساڵی (٢٠٠٠)ی پێش زایینداا، کۆمەڵایەتیی (بابل)ییەکان بریتی بووە لە:

ئەوە پیاوە جێ بڵندانەی کە کار و فرمانیان نەدەکرد.

ئەو پیشەوەرانەی کە بەدەست دەستکردیان پێک دەهێنا. بەندەکان، واتا ئەو ڕەنجبەرانەی کە بەندەی خاوەن زەوی و دەوڵەمەند و پایەبڵندەکان بوون.

زۆرتر وا دەردەکەوێ، کە ئەم یاسای کۆمەڵایەتییە، لەناو هەموو نەتەوەکانی کۆندا هەبووە. بەندەکانیش هێزێکی ئابووریی بەرهەمهێنەر بوون، نەتوانراوە دەست بەرداریان

ببن. لەبەرئەوە نە (مووسا)، نە (مەسیح) نە (محەمەد)، هیچیان بەرپەرچی بەندەگەرییان نەداوەتەوە. کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا، هەموویان شۆڕشیان هەڵگیرساندووە لە بەرامبەر ئەو کۆمەڵایەتییانەی تییاندا ژیاون. هۆی ئەوەیش ئەوەیە کە نەیاندەتوانی ئەوە بهێننە پێش چاوی خۆیان، کە هیچ کۆمەڵێک بەبێ بەندە بژی. تەنانەت ڕاستی پەرستەکانی یۆنانیش بیروباوەڕیان وابوو. ئەم مرۆڤایەتییەیش کە ئەوەندەی بڵند کردووینەوە، بەبەندەگەری دڵخۆش نابین، بەڵێ ئەم مرۆڤایەتییەی کە شانازیی پێوە دەکەین، لە ڕاستیدا لەوەوە پەیدابووە کە هۆی بەرهەمهێنانی تازە کارێکی وای کردووە، کە ماشینی لە ئاسن دروستکراو، هێندەی سەدان بەندە کار دەکات و، بەرهەم دروست دەکات. ئەو نەتەوانەیش کە بەندەگەرییان بەکارهێناوە لە سەردەمەکانی کۆندا، ئەم کەلوپەلە ئاسنانەیان نەبووە و نەناسیوە و بەکار نەهێناوە.

بێگومان بەندەکان دڵڕەقییەکی زۆریان دیوە لە خاوەنەکانی خۆیانەوە. بەڵام، ئاینەکان. لە ئەندازەی سنووری کۆمەڵایەتیی بەندەکاندا، زۆر بەپەرۆشەوە، خەمی تەندروستی و کەمکردنەوەی ئەرک و ئازاریان خواردووە لەگەڵ ئەوەیشدا، ئەو دڵڕەقییەی کە بەندەکان لە سەردەمەکانی کۆندا لەگەڵیاندا نوێنراوە، نابێ یەجگار بەزۆری دابنێین. چونکە ئێمە کە لە بەندەکان دەدوێین، بەدەروونی سەدەی بیستەوە لێیان دەدوێین. ئەم بەدەروونەیش هەست بەسەربەستی و، برایەتی و، یەکسانی و، مافی چارەنووس دانان و، هاوبەشی و، گەلێک گەشەکردن و، گۆڕانی ئاین و، ڕاستی پەرستی دەکات، کە هەموویان پێچەوانەی بیروباوەڕی بەندەگەرین... بەڵام نەتەوەکانی کۆن ئەمانەیان نەدەزانی. تەنانەت بەندەکان خۆیشیان هەستیان بەوە نەدەکرد کە بەئازادییەوە لە دایک بوون، پیویستیشە بەئازادییەوە بژین. ئەگەر ئەوانە لەوانە بوونایە کە هەست بەم جۆرە بیروباوەڕانە بکەن، مردنیان پێ خۆشتر دەبوو لە بەندەیەتی. ئەوەیش سەبارەت بەوەبوو، کە ئەو بەندانە لە کۆمەڵایەتییەکی وادا دەژیان کە بەندەگەریی پەسند کردبوو. پشتیوانییشی دەکرد. یاسای وایشی بۆ دانابوو کە بیبات بەڕێوە. واتا بەندەکان ناشی بوون، گێژوویژ بوون، پەییان بەمافی مرۆڤایەتیی خۆیان نەدەبرد، ئارەزووی ئەوەیشیان نەبوو کە ببن بەمرۆڤ.

لەگەڵ ئەوەیشدا، ئەم بارە، هەندێ بابەتی جیاوازی تێدا دەرکەوت. چونکە بەندەی وا هەبوو، کە دەیخوێند و فێر دەبوو، مێشکی وا ڕۆشن دەبووەوە، کە هەستی مرۆڤایەتیی پەیدا دەکرد. ئەویش هێزێکی تێدا پەیدا دەبوو، پاڵی پێوەدەنا بۆ خۆ ئازادکردن. ئەم بارە لەناو زۆرکەسدا دەبینین لەو بەندە خوێندەوارانەی کە ئازادیی خۆیان دەکڕییەوە بەپارە لە



خاوەنەکانی خۆیان. یەکێک لەوانە (یاقووتی ڕوومی) بوو. هەندێ جاری وایش هەبوو کە دڵڕەقی و زۆرداری، بەندەکانی هوشیار دەکردەوە و، بەبیریاندا دەهێنان کە ئەوانیش لەکاتی خۆیدا مرۆڤ بوون، ئێستەیش دەتوانن ببنەوە بەمرۆڤ لەبەرئەوە شۆڕشیان هەڵدەگیرساند.

ئێمە ئەم بارەمان لە جووڵەکەی (سپارتا کوس)دا چاو پێ دەکەوێ، کە لە ساڵی نزیک بە (٧٣)ی پێش زاییندا، لە (ئیتالیا)دا پەیدابوو. چونکە ڕۆماییەکان، هەندێ بەندەیان بۆ ئەوە دانابوو، کە لە ڕۆمادا زۆرانبازی بکەن. ئەو بەندەیەیش کە بەندەیەکی تری بدایە بەزەویدا، لەبەرچاوی تەماشاکەرەکان دەیکوشت. ئەوانیش چەپڵەیان بۆ لێ دەدا دەستخۆشییان لێ دەکرد!. (سپارتاکوس)یش یەکێک بوو لەو بەندانە بەندەیەکی (ماکدۆنیا)یی بوو. پێی شوورەیی بوو کە وەک بەرخێک گەورە بکرێ و قەڵەو بکرێ بۆ سەربڕین. لەوەیش دڵنیابوو، کە بێگومان، لەدواییدا، یەکێکی هەر بۆ پەیدا دەبێ، بیکوژێ!... ئەویش شاگردێک بوو لەناو خوێندنگایەکی زۆرانبازیدا، کە لە شاری (بادوا)دا بەندەکانیان فێری زۆرانبازی دەکرد. نەیکردە نامەردی، لەگەڵ حەفتا بەندەی تردا، کە لەوێدا دەیاخوێند لەگەڵ خۆیدا، هەڕایان کرد. ئەوانە تێکەڵبوون لە قوڵەڕەش و سپی و بۆر، لە ئیسپانیا و، سوودان و، میسر و، ماکدۆنیا و، ئەڵمانیا و، (مەراکش)ەوە هێنرابوونە ئەوێ. (سپارتا کوس)یش هانەی دان شۆڕش هەڵبگیرسێنن. لە شاری «ڕۆما» و شارەکان و گوندەکانی ترەوە نزیکەی سەد هەزار بەندەی تریان لەلا کۆبووەوە. سەر لووتکەی شاخی (ڤیزۆف) کە بەشاخێکی ئاگرین ناسرابوو، کردیان بەهەواری سەرکردەییەکەیان و، دەستیان کرد بەتێکدان و، ئاژاوەنانەوە و، تاڵانکردن. بەڵام شۆڕشەکەیان سەری نەگرت. هۆی ئەوەیش ئەوەبوو، کە تێکەڵبوون لە گەلێک نەتەوە. زمانێکی یەک گیریان نەبوو کە ئامانجەکانی خۆیانی پی دەرببڕن بێجگە لەوە بەسەربەستی و کاروباری سەربەخۆیشەوە ڕانەهێنرابوون لەبەر ئەوە ڕۆماییەکان توانییان بیانشکێنن. تۆڵەیشیان لێ کردنەوە، نزیکەی (٦٠٠٠) شەش هەزار کەسیان لێ کوشتن و هەڵیان واسین بەو دارانەوە کە لە چەقی ڕێگا گشتییەکاندا بۆیان دامەزراندبوون و ئەمەیش جەزرەبە پێگەیاندنێکی یەجگار زۆردارانە و، نەنگ و، ناشیرین بوو، بەندە بەسەزمانەکانی وا لێ کرد تا دوو هەزار ساڵی تریش دانیشن بەدەردی خۆیانەوە و، بەبەندەیەتییەوە بێدەنگ ببن. ئیتر لە چیرۆکی (سپارتا کوس) هیچ بەجێ نەما، ئەوە نەبێ، کە بیرەوەرییەک مایەوە بۆ ئازادیخوازەکان، پڕ بەدڵ، دڵیان بەو ڕاپەرین و

شۆڕشەیان خۆش دەکرد. بەڵام کە ئەنجامەکەیشیان بیر دەکەوتەوە، بەخوێن ڕشتنی بەندەکان شۆڕشەکەیان دوایی هاتبوو، سەربەستی و ئازادییەکەیان تا سەر، سەری نەگرتبوو، کزە لە جەرگیانەوە دەهات. ئەوەندەی (سپارتا کوس) و هێزەکانی کە لە بەندە شۆڕشگێڕەکان پەیدابووبوون بە ورەبەردانی بەندەکان خۆیان شکان، ئەوەندە بەهێزی لەشکرەکانی ڕۆما نەشکا. چونکە ئەو بەندانە و ئەو ڕۆماییانەیش کە ئەمەندە کەوتبوونە ژێر چەپۆکەوە، وەک بەندەکان هەژار و ڕیسوایان لێ هاتبوو، شوێن (سپارتا کوس) نەکەوتن. چونکە هەروەک لەوەپێش گوتمان، لە شوێنێکی وادا گۆش کرابوون و گەورە بووبوون، کە ڕەوشتی کۆمەڵایەتییەکەی حەزی بە بەندەگەری دەکرد. بێجگە لەوە، زمانی شۆڕش و وشە نیازبەخشەکانی شۆڕشیان بۆ خۆیان پەیدا نەکردبوو، کە دەماری ئازایەتیی بەندەکان بجووڵێنێ و، ئاراستەی ئازادییان بکات. وایان لێهاتبوو، هەموو بەندەکان کە لە دڵی خۆیاندا دەیانپرسی، ئەگەر ئازادبووین چی بکەین؟ نەیاندەزانی وەرامی خۆیان بدەنەوە!...

(سپارتا کوس) بیرێکی زۆری لەوە کردبووەوە کە بەندەکان و، هەژارەکان و بەشبڕاوەکان لە ڕۆماییەکان و، جووتیارە دەرکراوەکان هانە بدا و ببزوێنێ، بۆ ئەمەی لەشکرێکیان لێ دروست بکات بۆ سەر ئەنگرێ کردنی فەرمانڕەواییی ڕۆما. پاشان فەرمانڕەواییەکی نوێ دروست بکات و دابمەزرێنێ لەسەر بنچینەی سەربەستی و ئازادی و هەڵگرتنی بەندەیی. بەڵام کە سەرنجی دا، ئەوانە تەقەی سەریان دەهات لە بانگ ڕاهێشتنەکەی. تێکڕا هەموویان وەک دار و بەرد وابوون، جووڵەیان لێوە نەدەهات. تەنیا چەند کەسێک بەدەنگیەوە هاتن و، لە سەرەتای شۆڕشەکەیەوە، یارمەتییان دا. بەڵام ئەوانیش لەگەڵ ئەو پێوە بوون!...

ڕۆماییەکانیش لەشکرێکیان پێکەوەنا، بەگژیدا بچێ. (کراسوس) سەرکردەیان بوو. ئەمیش پیاوێکی دەوڵەمەند بوو. نە سەرکردەیەکی لەشکر بوو، نە زرنگکارێکی شارەزا. هەر ئەوەندە بوو خاوەن سامان بوو. وەک چینەکەی خۆی دەروونی دەبزوا. ئەوەندەی نەمابوو لە داخاندا شەق ببات. چونکە ئەو بەندەگەرییەی کە سامانەکەی خۆی لە سایەی ئەوەوە پێکهاتبوو، لەناو دەچوو.

(سپارتا کوس) یش هەر مایەوە لە جەنگدا؛ تا دەهات سەردەکەوت. بەڵام سەرکەوتنەکانی لەوانە نەبوون کە دوژمنەکەی لەناوببەن. ئەوەی ئەوی کزکردبوو، ئەوەبوو، کە دوودڵ مابووەوە لەناو دوو بیردا. نەیدەزانی بەپێی کامیان بجووڵێتەوە. لە سەرێکەوە



دەیویست لەگەڵ ئەو بەندانەدا کە لەگەڵیدا بوون لە (ئیتالیا) بچێتە دەرەوە، لەناو (بەربەر)ەکانی (ئەڵمان) و (سەقلەب)ەکاندا، فەرمانڕەواییەکی ئازاد دابمەزرێنێ. لەسەرێکی تریشەوە دەیویست، هەر لە ئیتالیادا بمێنێتەوە و، تێبکۆشێ فەرمانڕەواییەکی ئازاد دابمەزرێنێ بۆ ڕۆماییەکان کە بەندەیەتیی تێدا نەبێ. هەر کەسێکیش لەکاتی جەربەزەییدا دوودڵ بمێنێتەوە، هەموو دەم لە دۆڕاندندا دەبێ. چونکە جەربەزەییان مردنە، یان ژیان. بەڵام ناکەوێتە ناوەندی ئەو دووانەوە!.

(کراسوس)یش هەموو هێزە ئابوورییەکانی کۆکردەوە بەرامبەر (سپارتا کوس). زۆرانبازییەکی ئاشکرابوو. لەملاوە دەست ڕۆیشتووە دەوڵەمەندەکان وەستابوون. لەولایشەوە بەندە بەشبڕاوەکان وەستابوون. (سپارتا کوس) تێکۆشا دوورگەی (سجیلیا) داگیر بکات، بۆ ئەمەی چەتەکانی ناو زرێ هان بداتە سەر ڕۆماییەکان. بەڵام ڕۆماییەکان، ڕۆماییەکی بەدکرداریان هان دایە سەری، ناوی (فریس) بوو. کابرایەکی یەجگار خوێنڕێژ بوو. چوو بەگژیدا.

ئەوساکە هێشتا ئاینی (مەسیحی) دەرنەکەوتبوو. چونکە ئەگەر ئەو ئاینە لە ئارادا بوایە، بۆی هەبوو (سپارتا کوس)ڕاستی پەرستیی بەزەیی پێداهاتنەوەی لێ دەربهێنێ، کە لە باری ئەویشدا هەبوو وشە و بیروباوەڕی برایەتی و، مرۆڤایەتی و، بەزەیی و، یەکسانی ببەخشێ بەشۆڕشگێڕەکان.

ئەو چرایەی (سپارتا کوس) دایگیرساند کوژایەوە. بەندەگەرییش وەک خۆی لێ هاتەوە، چ لە شاری ڕۆمادا، چ لە خاکەکانی فەرمانڕوایی ڕۆمادا!...

## گەورەیەک هەیە پێی دەڵێن (عەلی ئەحمەد)

دوای ئەوە هیچ شۆڕشێکی تری بەندەکانمان بەرگوێ ناکەوێتەوە، تا نزیکەی هەزار ساڵێک. ئەم شۆڕشە لە (عراق)دا بەرپابوو، لە ناوەند ساڵەکانی (٢٥٥) و (٢٧٠)ی کۆچیدا. واتا لەو سەردەمەدا ڕووی دا کە (ئەحمەد تولون) میسری لەژێر دەستدا بوو. سەرکردەی ئەم شۆڕشە (عەلی کوڕی ئەحمەد کوڕی حوسێن کوڕی عەلی) بوو. شۆڕشی ئەو قولەڕەشانە، نزیکەی پانزە ساڵی خایاند. چوون بەگژ جێنشین (خەلیفەی عەباسی)دا. دەمێک بەسەریدا زاڵ دەبوون. دەمێکیش ئەو بەسەر ئەماندا زاڵ دەبوو. بەڵام دوایی ئەمانە شکان.

ئەم شۆڕشە ڕەنگێکی ئاینیی وەرگرت. چونکە پێشەواکەی لە (عەلی) خوازەکان بوو.

خۆی دەگەیاندەوە سەر پێشەوا (عەلی کوڕی ئەبو تالیب). (عەلی) خوازەکانیش، وا ڕاهاتبوون ئافرەتە ڕەشەکانیان مارە دەکرد. دوورنییە ئەوەیش هەر لەبەر هەژارییان بووبێ. چونکە کەنیزەکی سپی گرانتر دەوەستا بۆیان، لە کەنیزەکی ڕەش. لەبەرئەوە ڕەنگیان ڕووەو ڕەش دەچوو. جا لەبەر ئەمەیش بوو کە (عەلی ئەحمەد) پەیوەندییەکی ڕەگەزایەتیی دۆزیبووەوە لە ناوەند خۆی و قولەڕەشەکاندا بێگومان، لە دوای ئەم بزوتنەوەیەوە، چەند هۆیەکی ئابوورییش هەبووە. بەڵام ئێمە شارەزای ئەوەنین. نووسراوانی مێژوویش، بەسەرهاتی ئەم سەرکردەیەمان بۆ دەگێڕنەوە. بەڵام نە وتارەکانیمان بۆ دەگێڕنەوە نە دەمەقاڵێیەکانی، نە ئەو نووسراوانەیش کە دانرابوون بۆ لەسەرکردنەوەی ئاینەکەی، واتا ئازادکردنی قولەڕەشیان، بەکردەوەیەکی خودانەناسی داناوە، پێچەوانەی فەرمانی ئاینیی ئیسلام، کە بەندەیەتی پەسند دەکات. دەبێ ئەوەیشمان لەبیرنەچێ کە (عەلی ئەحمەد) پەنای بردە بەر ئاین، بۆ ئەمەی ئەم شۆڕشە بخاتەگەڕ. ئەوەیش لەبەرئەوە بوو کە کۆمەلایەتیی موسوڵمانەکان، کۆمەلایەتییەکی ئاینی بوو، پیاوێکی ئاینی سەرۆکایەتیی دەکرد، پێیان دەگوت جێنشینی پێغەمبەر (خەلیفە). هورووژم بردنە سەریشی پێویستیی بەبیانووی ئاینی هەبوو. لەبەرئەوە خۆی بەنەوەی (عەلی کوڕی ئەبو تالیب) دادەنا، کە لە باریدا هەبوو بێتە ڕێزی جێنشینەوە و بەرامبەری بوەستێ. هەروەها مافی ئەوەیشی هەبوو کە داوای سەرۆکایەتی بکات بەسەر کۆمەڵی موسوڵمانانەوە.

لە مێژووی (طبری)دا، وای لێ دەدوێ کە قولەڕەشەکانی کۆکردەوە و «وتاری بۆ دان و بەڵێنیشی دانێ کە خۆی دەبێتە سەرکردە و سەرداریان سامانیشیان پێ دەبەخشێ». واتا بەڵێنی دانێ کە دەبنە سەردار و خاوەن سامان. ئەوەیش وا دەگەیێنێ کە بەندەیی هەڵدەگیرێ. کەواتە چۆن ئەم قسەیەی خۆی ساز دەکات لەگەڵ ئەو بەندەیەتییەدا کە ئاین ڕێی داوە؟... (طبری) لەمە بێدەنگ بووە. چونکە بەلایەوە وابووە، ئەگەر ئەو هۆیانە ناو ببات کە (عەلی ئەحمەد) کردوونی بەبیانوو بۆ ئەم قسەیەی خۆی، ناچار دەبێ وشەی خودا نەناسین بنووسێتەوە، کە ئەویش وەک هورووژمێک وایە کە ببرێتە سەر ئاین.

پاش ئەوە (طبری) وا دەگێڕێتەوە کە (عەلی ئەحمەد) خاوەن بەندەکانی کۆکردەوە و پێی گوتن: «ویستم لە گەردنتان بدەم، چونکە ئەو بەندانەی خۆتان چەوساندۆتەوە و، کزتان کردوون و، زۆرتان لێ کردوون. ئەوەندە شتی واتان لێ کردوون کە خودا ڕەوای نابینێ لێیان بکرێ. شتی وایشتان خستۆتە سەریان کە لە توانایییاندا نییە بیکەن. بەڵام هاوڕێکانم پێیان گوتم چاوتان لێ بپۆشم، لەبەرئەوە بەڕەڵڵاتان دەکەم.».



پاش ئەوە (طبری) دەیگێڕێتەوە دەڵێ: (عەلی ئەحمەد) فەرمانی دا بەبەندەکان، هەریەکە (٥٠٠) پێنج سەد دار لە خاوەنەکەی خۆی بدات، ئەمەیش لێرەدا، هەڵەیەک بوو کردی، چونکە پێویست بوو لەسەری، یان بەتەواوەتی ئەو خاوەن بەندانە ببەخشێ، بۆ ئەمەی پارێزگاریی لایەنگیریان بکات بۆ خۆی. یان هەر هیچ نەبێ بەبێ لایەن بیانهێڵێتەوە یاخود هەموویان بکوژێ و لەناویان ببات. بەڵام ئەو لەپاش ئەمەی سووک و ڕیسوای کردن و، دڵی شکاندن لە خۆی، ئنجا بەڕەڵڵای کردن!...

ئەوەی سەرنجی مرۆڤ ڕادەکێشێ ئەوەیە کە (طبری) تا نزیکی سەد لاپەڕە لەسەر (عەلی ئەحمەد) پڕ دەکاتەوە، کەچی وشەی «شۆڕش» ناوناهێنێ. ئەو ناوی ئەوەی نابوو (ئاژاوە). ئەوەندەی تۆزێکیش دڵی بەو بەندانە نەسووتابوو، کە سەرکردەکەیان دەیویست بیانکات بە «مرۆڤ»!...

لە شێوەی ئەو شەڕانەوە کە هەڵگیرساون لە ناوەند (خەلیفەی عەباسی) و ئەو قولەڕەشە شۆڕشگێڕانەدا، وا دەردەکەوێ کە شەڕەکان لە شەڕی ڕەگەزایەتی چوون. چونکە قولەڕەشە شۆڕشگێڕەکان ڕەنگیان ڕەش بووە. جێنشینیش لەشکرێکی ناردوتە سەریان، (رمیس) ناوێک سەرکردەی بووە، کە هەر بەناوەکەیدا تورکێکی سپی ڕەنگ بووە نەک عەرەب، چووە بەگژ عەرەبێکی ڕەشدا، کە پشتاوپشت خۆی گەیاندۆتەوە سەر (عەلی کوڕی أبو طالب)!!.

(رمیس)ی ڕەگەز تورکیش، بەپێشەوای شۆڕشگێڕەکان دەڵێ: «بۆ هەر بەندەیەک کە بیدەیتەوە دەست خاوەنەکەی پێنج دینارت دەدەمێ.». بەڵام (عەلی ئەحمەد) بەرپەچی دەداتەوە. ئەی لەسەر ئاڵاکەی خۆی نەنووسیوە: «خودا سامان و گیانی لە خاوەن باوەڕەکان کڕیوە، بەهەشتیان دەداتێ.»؟

(طبری) لە چاوپێکەوتنێک دەدوێ کە ڕووی داوە لە ناوەند هەندێ (حاجی) و (عەلی ئەحمەد)دا، لەوکاتەدا کە ئەم (بصرە) و خاکە گەورەکانی چوارلای گرتبوو. لە دەم ئەوانەوە دەگێڕێتەوە، دەڵێ: «کە گەیشتینە لای، فەرمانی دا، لەسەر بانە زەوییەک ڕایەخێکی بۆ ڕاخرا. چووە سەری دانیشت. لەناو گەمێکانیشدا گەلێک حاجی هەبوون دەیانویست لە ڕێگەی (بصرە)وە بڕۆن. ئەو ڕۆژە تا بانگی شێوان دەمەتەقێی لەگەڵ کردن. ئەوانیش هەرچییەکی دەگوت، دەیانگوت ڕاست دەکەیت. پاشان پێیان گوت: «ئەگەر پارەمان پێ بمایە، لەگەڵ تۆ دەماینەوە، بژین. ئەویش ڕەوانەی کردنەوە بۆ ناو گەمێکانیان.

ڕەنگە خوێندەوار بپرسێ: «ئەی هەژار و لێقەوماوەکانی ناو بۆرەپیاوان بۆچی لەگەڵ ئەو بەندانەدا نەبوون بەیەک؟». وەرامیش ئەوەیە: کە ئەو ڕەوشت و خووەی ئەو سەردەمە لە ئارادا بوون، ڕەوشت و خووی ئەو خاوەن دەسەڵاتانە بوون کە لەناو کۆمەڵێکی پارە کۆکەرەوەدا دەژیان. تاک و تەراکانیان هەر خەریکی ئەوەبوون خانوو و، کێڵگە و، بەندە و، کەلوپەل بۆ خۆیان پێکەوە بنێن.

بۆرەپیاوانیش، هەرچەندە چاویان نەدەبڕییە دەستکەوتنی ئەم جۆرە بابەتانە، بەڵام بایەخیان پێ دەدان و، جێگایان هەبوو لەناو دڵ و مێشکیاندا. لەبەرئەوە خۆیشیان بەندەگەرییان بەشتێکی پەسند دەزانی. تەنانەت بوونی بەندەگەری لەو جیهانە هەژارەدا کە تێیدا بوو، پایەیەکی بەو بەخشی بوو: کە ئەویش سەربەستی بوو: بەس نەبوو بەندە نەبوو؟... شۆڕشی قولەڕەشەکان سەری نەگرت، بەڵام بێگومان، زۆر کەس لەو بەندانەی ئەو کارەساتەیان بۆ دەگێڕایەوە، هەرچەند بیریان دەکەوتەوە هەناسەیان بۆ هەڵدەکێشا!.

## مێژوو لە لینکۆلنی گەورەتر نەناسیوە

شۆڕشی (سپارتا کوس)، بەندەی زۆرانباز و، بەندەکانی تری ئیتالیامان ناسی. هەروەها لە شۆڕشی بەندەکانی عیراقیش تێگەیشتین کە «عەلی ئەحمەد» سەرکردەیی دەکردن. ئێستایش شۆڕشێکی تر پێشان دەدەین کە بەندەیەکی خوێندەواری تێگەیشتوو، سەرکردەییی دەکرد، ناوی «توسان لوفیرتور» بوو، لە دوورگەی (هایتی)دا، کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی خاکی ئەمەریکاوە[1]. ئەم دوورگەیە، لە ماوەی شۆڕشی فەرەنسەدا،

(١) هایتی: هیسپانیولا: لە بەشی سەرووی ڕۆژهەڵاتی دەریای کاریبی و خوارووی ڕۆژهەڵاتی کەنداوی مەکسیک؛ بەگشتیش لە باشووری ئەمریکای ژووروو ڕۆژهەڵاتی ئەمریکای لاتین؛ کۆمەڵە دوورگەیەک هەن بە(دوورگەکانی هیندیی ڕۆژئاوا) دەناسرێن، کە هەرە گرنگەکانیان: کوبا، جامایکا و بۆرتۆریکۆ. بە (دوورگەکانی ئەنتیلی مەزن)یش ناودەبرێن.
هایتی یەک لەو دوورگانەیە کە (دۆمنیکان و هایتی) دەگرێتەخۆ. بەڵام هەرچی دووەمە وا لە ڕۆژئاوای یەکەمدا، لە نێوان زەریای ئەتڵەسی و دەریای کاریبی. کۆمارێکە زۆربەی دانیشتوانی لە زنجەکان، لە ١٨٤٤ لە دۆمنیکان جیابۆوە و لە ١٩١٥ - ١٩٣٤ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا داگیر کرد، زمانی ڕەسمی تێیدا فەرەنسییە، پایتەختەکەی (پۆرت ئوپرنس)ە، چڕی دانیشتوانی ئێجگار زۆرە، لە دەستکوتترین وڵاتانی ئەمریکا لاتینە.
ڕووی زەوییەکەی: شاخاوییە، زۆنگاوی خوێی بەپاڵ سنووری دۆمینکانەوە زۆرە، ئاووهەوای =



پارچەیەک بوو لە خاکە داگیرکراوەکانی سەر بەفەڕەنسە. کە شۆڕش هەڵگیرسا، دانیشتوانی دوورگەکە بوون بەدوو کەرتەوە: سەر بەخونکار و، سەر بەکۆمار.

(توسان لوفیرتور)یش، بیروباوەڕی شۆڕشی چووبووە مێشکییەوە، لەناو ئەو بیروباوەڕانەدا، بانگی «سەربەستی» هەبوو، کە هەڵگرتنی یاسای بەندەگەرییشی لێ دەوەشایەوە. ئەویش لە ساڵی (١٧٩٤)دا، ئاڵای کۆماری هەڵکرد و بەندەکانی ناو دوورگەی (هایتی)ی ئازاد کرد و، لەشکرێکیشی پێکەوەنا و چوو بەگژ ئەوانەدا کە سەر بەخونکار بوون. تا ساڵی (١٨٠٠)یش، هەر لە شەڕدا مایەوە، وازی نەهێنا تا دەستەی خونکاری شکاند. ئیتر سەربەخۆییی دوورگەی (هایتی)یشی ئاشکرا کرد. کردی بەکۆمارێکی سەربەست و ئازاد بۆ بەندە ئازادکراوەکان. کەچی «ناپلیۆن»، کە خۆی لەسەر بیروباوەڕی شۆڕش گەورە کرابوو، کە شا کڵاو و، تەختی شاهی و، دەس و پێوەند و، دەستەی یاریدەدەران و، خانووی شاهانە و، کۆشک و کەنیزەکانی بەخۆیەوە دی، لە خۆی گۆڕی و، لە بیروباوەڕەکانی شۆڕش هەڵگەڕایەوە. هەرچەندی دەکرد چاوی بەرایی نەدەدا، فەرمانڕواییەکی سەربەست و ئازاد ببینێ، کە لە جێگا کەلاوەی خاکێکی داگیرکراوی پڕ لە بەندەدا دامەزرابێ. لەبەرئەوە چەند کەشتییەک و لەشکرێکی ناردە سەر دوورگەی (هایتی). چوو بەگژ (توسان لوفیرتور)دا. شکاندی و گرتی و بردی بۆ فەرەنسە.

(ناپلیۆن)یش هەرگیز ئەوەندە ناڕەسەنی و، بەدخوویی و، کردەوە نەنگیی پێشان نەدابوو، وەک لەگەڵ ئەم مرۆڤە گەورەیە (توسان لوفیرتور)دا کردی. فڕێی دایە ناو زیندانێکەوە، بەڕەڵڵای کرد بۆ تاریکی و، تەڕی و، مارومێروو، تا لە ساڵی (١٨٠٣)دا مرد!...

=ئیستیوایی و زیاتر بەلای مام ناوەندییەوەیە، بارانێکی زۆر، دارستانی سنەوبەر و ئەرز و ئەکاجو زۆربەی ناوچەکانی گرتۆتەوە.
دانیشتوانی زۆرتر بە بەروبوومی کشتوکاڵەوە بەڕێوە دەچن، وەک: برنج، گەنمەشامی، دانەوێڵە، پەتاتە، قامیشی شەکر، مۆز، لۆکە، کاکاو و توتن. هەروەها بەخێوکردنی مەڕومالاَت و پەلەوەر، کانی بۆکسید، لەمانە ئەوەی دەینێرنە دەرەوە: قاوە، کاکاو، شەکر و بۆکسید... گەشتوگوزاریش سەرچاوەیەکی باشی دەرامەتی خەڵکەکەیەتی.
چاوچنۆکی و دەستی بیانی و پێکادانی بەرژەوەندی زلهێزەکان نایەڵن ئەم وڵاتە ئارامبێ، دوا ئاژاوە و پشێوی لە هاوینی ٢٠٠٣دا قەوما و کە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکەکە تیا بوونە قوربانی و سوپاکانی ئەمریکا و فەرەنسە و کەنەدا خۆیان تێ هەڵقورتان.

(ناپليۆن)ی شۆڕشی گەورە، بەندەگەریی لەناو دوورگەی (هایتی)دا دامەزراندەوە!!.

لە ناوەند ساڵەکانی (١٨٠٠) و (١٨٥٠)دا، بەندەگەری، لە ناشیرینترین شێوە و نەنگترین ڕێگاوە، پێشان دەدرا!. چونکە بەندە، لای عەرەب و ڕۆمایی و میسرییەکان، بریتی بوو لە «کەسێک»، ناوێکی هەبوو، لەناو خێزاندا دەژیا و، بەکوڕێنیی و پیاوی فرمانی دەکرد، کە پیریش دەبوو، ڕێزی لێ دەگیرا، جاری وایش هەبوو نازی دەکێشرا!...

لە سەردەمی (حامورابی)یشدا، نزیک بەساڵی (٢٠٠٠)ی پ.ز. بەندەکان مافی خۆیان هەبوو، دەیانتوانی ئازادیی خۆیان لە خاوەنەکانیان بکڕنەوە. چ میسری، چ عەرەب، وا ڕاهاتبوون، بەندەی ئافرەتیان مارە دەکرد. کە مارەیان دەکردن، دەمودەست بەرز دەبوونەوە بۆ بارستاییی چینی مێردەکانیان. چونکە دڵداری هەبوو لە ناوەندیاندا، دایکی کوڕەکانیان بوون، ژیانی ئازادانەیش دەژیان وەک مێردەکانیان.

پاش ئەوە ئەمەریکاییەکان، ئاشنایەتییان پەیداکرد لەگەڵ بەندەگەریدا؛ لە خاکی ئەمەریکای یەکگرتوویشدا و، لە خاکە داگیرکراوەکانی ناو ئەمەریکای گەورەیشدا کە سەر بەئەوروپاییەکان بوون. ئەوانیش دەستیان کرد بەبەندە ڕاپێچکردن لە ئەفریکاوە، لە کشتوکاڵی لۆکەدا بەکاریان دەهێنان. هەر ئەمەریکاییەک دوو هەزار، یان سێ هەزار ڕۆژە جووت زەویی هەبووایە، پەنجا شەست بەندەی بۆ دەکڕی. نەکەسیانی دەناسییەوە، نەکەسیانی بەناوی خۆیەوە بانگ دەکرد. هەروەک گەلەڕان سەیری دەکردن. لە کشتوکاڵدا وەک چوارپێ و ئاژاڵ بەکاری دەهێنان. هەتا بەکاری بهاتنایە، بەتەنگیانەوە دەبوو. بەڵام کە کاری پێیان نەمایە، بام بڵێین بەندەکە پیر ببوایە و پەکی کار و فرمانی بکەوتایە، هەرگیز خۆی تێ نەدەگەیاند، بەڕەڵڵای دەکرد بۆ برسێتی و نەخۆشی تا دەمرد!...

دەروونی مرۆڤایەتی بەزەییی بەم بارە نەنگ و ناخۆش و پڕ ئازارەی بەندەکاندا هاتەوە. ئینگیلتەرە بەندەگەریی لە خاکی خۆیدا هەڵگرت. پاش ئەوان، لەناو ئەمەریکاییەکانیشدا پیاوی سەربڵند و مەرد هەڵکەوتن، ئەوانیش داوای هەڵگرتنی بەندەگەرییان کرد، لە خاکی ئەمەریکادا. لە دوای ئەم چاکەخوازییەیشەوە، کەڵکێکی ئابووری هەبوو، کە ئەم ئامانجەی دیاری کردبوو!. ئەویش ئەوەبوو، کە دانیشتوانی بەشی ژووروی ئەمەریکای یەکگرتوو، زۆربەیان بەپیشەسازییەوە خەریکبوون. کەمیان خەریکی کشتوکاڵ بوون. ئەوانە بەندە بەکاریان نەدەهات. لەبەرئەوە نەیاندەکڕین. چونکە بەندەیەکی نەشارەزای ناشی و نەزان کە هیچی نەخوێندبێ و فێر نەبووبێ، کە هیچ مەشقێکی نەکردبێ لەسەر فرمانکردن، بەکاری ئەوە نایەت کە لە کارخانەیەکدا، کە



بەماشین کار بکات، فرمانی پێ ببینرێ. چونکە کارخانە پێویستیی بەکرێکاری خوێندەوار و شارەزا هەیە. هەروەها قولەڕەشە بەندەکانیش، ئەو تەندروستییەیان نەبوو کە بتوانن لە بەشی ژووروی ئەمەریکادا بژین، لەناو سەرماوسۆڵە و با و بەفر و باراندا. چونکە ئەوانە ڕۆڵەی ئەفریکا بوون کە لە گەرما بەولاوە، بەهیچی ترەوە ڕانەهاتبوون. لەبەرئەوە دانیشتوانی بەشی ژووروی ئەمەریکا بەپێویستیان دەزانی کە بەندەگەری لە ئەمریکای یەکگرتوودا هەڵبگیرێ. کەچی دانیشتوانی بەشی خوارووی ئەمەریکا، ئەوەیان بەباش نەدەزانی، چونکە بەندەگەری بەکەڵکیان دەهات. لەبەرئەوە نەیاندەهێشت لابرێ.

پێویستە لێرەدا ئەوەمان لەبیر بچێتەوە کە بەشی ژووروو و بەشی خواروو لە کەڵکی ئابووریدا جیاوازبوون. پێویستە هونەر و مەردایەتیی بەشی ژووروو بخەینە پێش چاو، کە پێشەوا گەورەکەیان [لینکۆلن] بوو، کە ئەوەتی خاکە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەیە، تا ئێستا پیاوی وەک (ئەبراهام لینکۆلن)ی نەدیوە، کە لە سەربەرزی و، گەورەیی و، جوانیی دەروون و، چاکیی دڵدا گەیشتبێتەو ئەو. تەنانەت ئەوەیش دەڵێم، کە هەر ئەمەریکاییەکان مافیان نییە شانازیی پێوە بکەن، هەموو مرۆڤێک لە جیهاندا مافی هەیە پێیەوە بنازێ. چونکە (ئەبراهام) مرۆڤێکی جیهانی بوو. ژیانەکەی ئەویش «بریتی بوو لە تاوێک لە مێژووی دەروونی مرۆڤایەتیدا». لەبەرئەوە هەموو کەسێک مافی هەیە شانازی بکات بە (لینکۆلن)ەوە و بڵێت: ئەویش مرۆڤێک بووە وەک خۆی. هەروەها لەسەر هەموو کەسێکیش پێویستە وەک ئەو هاوار بکات بۆ سەربەستی و ئازادی و سەربەرزی و گەورەیی و چاکی. ئەمە ڕاستە کە (لینکۆلن) دانیشتوانی بەشی ژووروی ئەمەریکای یەکگرتووی کێش کردە ناو جەنگێکەوە کە خاکەکەی پارچە پارچە کرد، شارەکانی تێکومەکان دا، مندالانی بێ باوک هێشتەوە، وێرانیی بڵاوکردە بەهەموو لایەکی ئەمەریکادا. بەڵام ئەوەیشی هەبوو کە پایەی مرۆڤایەتیی بڵند کردەوە. چونکە بەندەگەریی هەڵگرت لەناودا و، بەندەکانیشی یەکسان کردەوە لەگەڵ مرۆڤەکانی تردا.

ئەم جەنگە لە ساڵی (١٨٦٠)دا بەرپابوو. ئیتر لەو ساڵەوە (نەهێشتنی بەندەگەری) بوو بەنامەی خاکە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، لە هەموو جیهاندا. فەرمانڕەواییەکەی، بەرەنگاریی بازرگانیی بەندەی دەکرد و لە هەر شوێنێکیش بەندەی بدیایە ئازادی دەکرد.

منیش هەرچەند بیر لە دەروونی ئەم پیاوە دەکەمەوە، کە سەرکردەییی ئەم شۆڕشی مرۆڤایەتییەی کردووە لە نیشتمانەکەی خۆیدا و لە هەموو جیهانیشدا بەرامبەر ڕەوشت و خووی دڕندانەی هەموو مرۆڤایەتی، ئەوەندەی نەماوە کە باوەڕ وا بکەم، کە هەتا ئێستا

هیچ مرۆڤێکی وا گەورە پەیدا نەبووە لە جیهاندا. ئەو بۆیەکا گەورەیە، چونکە بەبیری ڕۆشن و دڵی چاکەوە دەستی کرد بەخەباتکردن، لە پێناو گەورەترین پێویستیی مرۆڤایەتیدا، کە ئەویش «ئازادی»یە. ئەوەندەیشی نەماوە بڵێم، کە (لینکۆڵن) هەموو مرۆڤایەتیی لە زیندان دەرهێنا و، دەروونیشیانی پاک کردەوە لە سەرشۆڕیی بەندەگەری کە باووباپیریانی بەدناو کردبوو.

بەلابردنی بەندەگەرییش، مێژووی مرۆڤایەتی بەرزبووەوە. چەند مافێکی تازەیشی لە بابەت سەربەستی و ئازادییەوە بۆ تۆمار کرا.

## شۆڕش بەرامبەر کەشیشەکان

ئاینەکان لە «ڕاستی»دا هەموو وەک یەکن، چونکە هەموویان لەسەر نیازبەخشینی خودایی (سرووش = وحی) دامەزراون، بۆ دۆزینەوەی چەند کردەوە و ڕەوشتێکی نوێ، تا نەتەوە باوەڕیان پێ بکات و، لە خراپە خۆی دووربخاتەوە و، لەسەر ڕێگای چاکەیش بڕوات. لەبەرئەوە، هیچ باوەڕکەرێک بەیەکێک لە ئاینەکانی ئاسمانی، ناتوانێ تەشەر (طعن) لە «ڕاستی»ی ئاینە ئاسمانییەکانی تر بدات. ئەوەیش سەبارەت بەوەیە، کە بنچینەی هەموو ئاینەکان یەکە. شێوەی مرۆڤ خستنە سەر ڕێیشیان هەمیسان یەکە. جا ئەگەر لە چاکیدا جیاوازییەک هەبێ لە ناوەندیاندا؛ ئەوە لە ڕووی ئەوەوە نییە کە یەکێکیان ڕاستە و ئەویتر درۆیە، بەڵکو لە ڕووی ئەوەوەیە، کە ئەم کردەوە و ڕەوشتانە بەکەڵکی ئەوە دێن مرۆڤی چاک پەروەردە بکەن یان نا.

هەرچی ئاینێکی ئاسمانییش هەیە، بۆ ئەوە پەیدابووە کە بچێ بەگژ کردەوە و ڕەوشتی کۆمەڵدا. کە سەیری بنجوبناوانیان بکەیت، بریتیین لە شۆڕش. چونکە پێغەمبەرەکە، کە بەدخوویی و، دڵ پیسی و دڵڕەقی و، زۆرداریی چاو پێ دەکەوت لەناو نەتەوەکەی خۆیدا، پیشی دەخواردەوە و، ڕقی هەڵدەستا و، دەماری مەردایەتی و ئارەزووی خەباتکردنی دەبزووت، بۆ گۆڕینی ئەو کردەوە و ڕەوشتانە، تا لەجیاتیی ئەوانە، کردەوە و ڕەوشتی چاکەخوازی و، خۆشەویستی و، بەزەیی پێداهاتنەوە و، دادپەروەری، بەناویاندا بڵاوبێتەوە. جا لەبەرئەوە کۆمەڵەکەی خۆی، ئازاریان دەدا. هەروەها ئەو فەرمانڕەواییانەی ئەو کۆمەڵە دایدەمەزراندن بەرەنگارییان دەکرد و، دەریان دەپەڕاند و، تەفروتونایان دەکرد. جا لەبەرئەمە بووە کە پێغەمبەرەکان کەوتوونەتە خەبات و شەڕوشۆڕ و جەنگەوە. هەر ئەو خەباتەیش بووە، کە ژیانی یەک بەیەکیانی گەیاندۆتە پایەی چامەیەکی



بەرز و پیرۆز، لە سەربەرزی و مەردایەتی و گەورەییدا.

ئەم خەباتە لە پاش مردنی پێغەمبەرەکەیش بەماوەیەکی درێژ هەر نەدەبڕایەوە. ئەوانەی ئەو خەباتەیشیان دەکرد، بەپێی سروشتی خەباتەکە، خۆی، دەبوون بەپێشەوا و سەرکردە، بۆ ئەوانەی باوەڕیان بەو بیروباوەڕانە دەهات. جا ئەگەر لە خەباتەکەیدا سەربکەوتنایە، یان ڕاستەوخۆ فەرمانڕەواییان دەکرد، یاخود بەهۆی کەسانی ترەوە. ئیتر ئاینەکە دادەمەزرا و بنجی دادەکوتا. پێشەوا و سەرکردەکانی ئاینەکەیش، بەپەرۆشەوە تێدەکۆشان ئەو بیروباوەڕ و بنچینە تازانە بپارێزن. کەچی لەوەپێش بەپەرۆشی ئەوەوە بوون کە بیروباوەڕ و بنچینە کۆنەکان لە بنەڕەتەوە هەڵبکەنن. کەواتە ئاین بەهۆی پیاوە تازەکانییەوە، لە باری شۆڕشەوە دەگۆڕێ و دەچێتە باری بێدەنگ و سەنگی و، دامەزراوییەوە. هەروەها لە ئارەزووی گۆڕین و گەشەکردنەوە، دەچێتە باری دامەزراوی و نەگۆڕانی تا سەرەوە. ئنجا چینێکی تازە پەیدا دەبێ، لەوانەی ئاینەکە لێک دەدەنەوە و ڕۆشنی دەکەنەوە، کە بەهۆی ئەوەوە دەژین و کەڵک وەردەگرن. ئەوانەیش بەرەنگاریی هەموو گۆڕانێک دەکەن لە کۆمەڵایەتی و فەرمانڕەواییدا. ئەوەیش سەبارەت بەوەیە کە گۆڕینی بیروباوەڕ و بنچینەی دامەزراو، پێویستیی بەپیاوانی تازە هەیە. هەروەها پێویستیی بەگوێزانەوەی دەسەڵات و نان هەیە، لە چینێکی کۆنەوە بۆ چینێکی تازە.

جا لەبەرئەوەیە کە هەموو دەم، پیاوانی ئاین، پارێزگاریی ئاین و یاسایان کردووە و، حەزیان بەهیچ گۆڕانێک نەکردووە. هیچ شۆڕشگێڕێکیش لەناویاندا پەیدا نەبووە. ئەگەر هاتوو یەکێکی وایان تێدا پەیدابوو، یان دەیکوژن، یان تەفروتونای دەکەن؛ لەناو خۆیاندا نایهێڵن. واتای ئەمەیش ئەوەیە کە ئازاردانی ئاینی ڕوو دەدات، کە بەهۆی ئەوەوە لەناو هەموو خاوەن ئاینە ئاسمانییەکاندا، هەزاران بەکوشتدراون. بێجگە لەوە کە پیاوە ئاینییەکان بزانن فەرمانڕەوایی پشتیان دەگرێ، یاخود فەرمانداری لەژێر چنگی خۆیاندا بوو، دەسەڵاتی بەرەڵڵا بەکاردەهێنن. (هەموو دەسەڵاتێک کاروبار تێک دەدات. دەسەڵاتی بەرەڵڵایش. کاروبار بەتەواوەتی تێک دەدات). کە وای لێهات، ئاژاوە بڵاو دەبێتەوە. چونکە کەس ناوێرێ چارەی بکات، نایش وێرێ پیاوەکانی ئاین لە سنووری خۆیاندا بهێڵێتەوە. ئەنجامیش بەوە دەگات کە شۆڕش هەڵبگیرسێ!.

ئەوەیشت لەبیر نەچێ کە لە هەموو شۆڕشێکدا ئەم دوو دەستوورە هەیە:

١- هەموو شۆڕشێک پێویستیی بەپەیدابوونی چینێکی تازەی نەتەوە هەیە، کە ئەمیش

لەسەر گۆڕینی باری ئابووری. چونکە بۆ چاکەی نەتەوایەتی یاخود مرۆڤایەتی ئیمڕۆ کەڵکی تێدا نەماوە.

٢- شۆڕشەکە پێویستیی بەدەنکە چەمچە (شخاتە)یەک هەیە، دایبگیرسێنێ.

ئەم دوو دەستوورە، بەجۆرێکی ئاشکرا، لە شۆڕشی «لووثەر»ی ئەڵمانیدا دەبینین، کە لە ساڵەکانی ناوەند (١٤٨٣-١٥٤٦)دا کردی بەرامبەر کڵێسای کاتولیکیی پاپای ڕۆما.

«لووثەر» خۆیشی لە کاتۆلیکەکان بوو، بەدڵسۆزییەکەوە سەر بەکڵێسای کاتۆلیکەکان بوو. ئەم کڵێسایە، لەوساوە تا ئێستایش لە ڕووی کڵێساییەوە هەر بەکڵێسایەکی جیهانی دادەنرێ. (لووثەر)، دەروونێکی وریای هەبوو لە ئایندا. هەستی بەپێویستی یەک دەکرد بۆ چاکەخوازی و بەزەیی پێداهاتنەوە و، برایەتی، کە لەناو مرۆڤایەتیدا بڵاوبێتەوە. واتا (مەسیح)ییەکی تەواوبوو، ئاینەکەی یەجگار قووڵ بوو. بەڵام ئەو کۆمەڵایەتییەی تێیدا دەژیا، لەچاو کۆمەڵایەتییەکانی سەدەکانی پێشوودا، تازە، دەردەکەوت. ئەویش هەستی کردبوو بەدەروونێکی تازە، کە بەرامبەر بەکڵێسای کاتولیکی، دڵسۆزیی لە دڵدا نەهێشتبوو. هێشتا لە تەمەنی نۆ ساڵاندا بوو کە خاکی ئەمەریکا دۆزرایەوە. بۆ هەموو کەسێکیش دەرکەوت کە زەوی خڕە. ڕاپەڕینەکەی ئیتالیا و بانگڕاهێشتتنە مرۆڤایەتییەکەی ئەو ڕاپەڕینەی بەرگوێ کەوتەوە. هەروەها هەستی بەدەرکەوتنی نیشتمانپەروەریی ئەڵمانەکان کرد کە دەسەڵاتی جیهانیی کڵێسای پاپای بەرپەچ دەدایەوە. لەم نیشتمانپەروەرییەیشەوە، چەند ئارەزوویەکی تازە پەیدا بووبوو، ئەوەی دەردەخست کە هەموو نەتەوەیەک پێویستە زمانی خۆی بەکاربهێنێ، نەک زمانی (لاتینی)ی گشتی. کەچی نووسراوی پیرۆزیش بەزمانی (لاتینی) نەبوایە نەدەخوێندرایەوە، کە زۆربەی نەتەوەکانی ئەڵمان و فەرەنسز و ئینگلیز تێی نەدەگەیشتن. بێجگە لەوە کڵێسا ئەوەندە زەوی و ساختمانی بۆ تەرخان کرابوو، ڕۆڵەکانی نەتەوەی ئەڵمان، خۆیان، چاویان پێ هەڵدەهێنا. «لووثەر»یش ئەم جۆرە هەستانەی لە شێوەیەکی پەشۆکاودا بەدەروونددا دەهات. بەڵام کە چەمچەکە داگیرسا، ئەو هەستانە دەرپەڕین و پرشنگیان بەخشی! کەینەوبەینەی ئەوەیش ئەوە بوو، کە کەشیشەکانی کڵێسای کاتولیکی، سەبارەت بەدەسەڵاتە بەرەڵڵاییەکەیان، کە ئاژاوەیەکی تەواوی نابووەوە لەناو گاورەکاندا، «نامەی چاوپۆشینی خودا»یان دەفرۆشت. واتا ئەوانەی گوناهبار بوون،



دەیانتوانی «نامەی چاوپۆشینی خودا» بۆ گوناهەکانی خۆیان بکڕن[١]، تا لە ڕۆژی ڕاستبوونەوە لە گۆڕدا چەندوچوونیان لەگەڵدا نەکرێ. مەرجی ئەوەیش ئەوەبوو کە نرخی نامەکە، ئەوەندە ببێ کە لەگەڵ گرنگیی گوناهەکان و دەسەڵاتی دەوڵەمەندیی گوناهبارەکەدا ڕێک بکەوێ!. کەشیشەکەیش دەهاتە ناو شار و گوندەکانەوە، چەندی پێ بکرایە لەو نامانەی دەفرۆشت و، پارەی پێ کۆ دەکردنەوە!. کە «لووثەر»یش، کەشیشێکی دی، ناوی: (جۆن تیتزل) بوو، هاتە شاری (وتنبەرگ) و، دەستی کرد بەفرۆشتنی ئەو نامانە، دەستی کرد بەشۆڕش و ئەڵمانەکانی هان دەدا ئەو نامانە نەکڕن. پاشان لە (٩٩) ڕووەوە، کڵێسای کاتولیکی بەرپەچ دایەوە. ئەوەیشی لە ساڵی (١٥١٧)دا ئاشکرا کرد. لەم شۆڕشەدا نەتەوەی ئەڵمانی لەگەڵ بوو. بەڵام سەردارەکانی نەتەوە لەگەڵیدا نەبوون، بەرەنگارییان دەکرد.

«لووثەر»یش نووسراوی پیرۆزی لە زمانی لاتینییەوە کرد بەزمانی ئەڵمانی. ئیتر جووتیارەکان و، گەسک لێدەرەکان و، ئاسنگەرەکان و، نانەواکانیش، دەیانتوانی نووسراوی پیرۆز بخوێننەوە و ئاینەکەی خۆیان بەزمانی خۆیان تێبگەن. کەچی لەوەپێش بەناچاری دەیانخوێندەوە، بەڵام نەیاندەزانی تێی بگەن، چونکە بەزمانی خۆیان نەنووسرا بووەوە!

«لووثەر» کە ڕەبەنێک بوو، وازی لە گەورەیی ڕەبەنی هێنا و ژنی هێنا. ئەم شۆڕشە ئاینییە، لە ئەڵمانیاوە پەڕییەوە بۆ ناو هەموو خاکەکانی تری ئەورووپا. دەروونی مرۆڤایەتییش لە چنگی کەشیشەکان هاتە دەرەوە و ئازادبوو. ئەنجامی ئەمەیش بەوە گەیشت کە ئازادیی بیر بێجگە لە ئاین کەوتە ناو کۆڕەکانی تریشەوە! ئەمەیش لە کڵێسای کاتۆلیکییەکان خۆیاندا دەنگی دایەوە. ئەویش دەستێکی هێنا بەخۆیدا، هەرچی تێکچووبوو لەناویدا چاکی کردەوە و، هەرچییش لە دەست دەرچووبوو، ڕاستی کردەوە. چاکەخوازی وایشی تێدا هەڵکەوت، کە هەڵەکانی پێشووی کڵێسایان دۆزییەوە و، دەستیان کرد بەچاککردنەوە و، تازەکردنەوەی. لەبەرئەوە، تەووژمی شەپۆلی شۆڕش لەوە بەولاوە کاری لێ نەکرد.

لەگەڵ ئەوەیشدا نابێ خۆمان چەواشە بکەین، وابزانین «لووثەر»، چاکەخوازێکی دیمۆکراتی بووە. چونکە ئەوساکە هێشتا وشەی دیمۆکراتی نەدۆزرابووەوە. لەبەرئەوە بیری

(١) واتە: (صکوک الغفران).

دیمۆکراتی هێشتا نەچووبووە مێشکی کەسانەوە. تەنانەت کە جووتیارەکانی ئەڵمانیا شۆڕشیان کرد بەرامبەر گەورەکانی خۆیان، «لووثەر» هانەی دان بیانکوژن!. «لووثەر»یش بەم هانەدانەی بۆ کوشتنی جووتیارەکان، چەسپاندییە دڵی هەموو کەسێکەوە، کە ئەو چاکەخوازێکی ئاینی بووە، بەهیوای ئەوە بووە کە ببێتە چاکەخوازێکی کۆمەڵایەتیش!.

## شۆڕشەکانی ئینگلیز

ئینگلیزەکان زۆرجار بەوەوە دەنازن، کە مێژووەکەیان، مێژوویەکی گەشەکردنی لەسەرخۆ و بێ قڕەوبڕەیە، نەک مێژووی شۆڕشێکی خوێنین. ئەمەیش خۆ هەڵکێشانێکی ناڕەوایە، چونکە لە ڕاستییەوە دوورە. چونکە ئەوان خونکارێکیان کوشت، خونکارێکی تریشیان دەرکرد، خونکارێکی تریشیان ناچار کرد سەری خۆی بۆ نەتەوە بچەمێنێتەوە. ئەمەیش لە هیچ کوێیەکدا ڕووی نەداوە، تەنانەت لە فەڕەنسەیشدا کە خاوەنی «شۆڕشی گەورە»یە. ئەمەیش ڕاستە کە ئینگلیزەکان شۆڕشێکی هێمنانەیان کرد، خوێنی تێدا نەڕژا. ئەو شۆڕشە، بەهەرە گەورە شۆڕش دادەنرێ، کە لەلایەکەوە بەروبوومی نایابی دەخوێن، لەلایەکی تریشەوە لە دەست کارەساتە کلوول کەرەکانی دەناڵێنین. ئەو شۆڕشەیش شۆڕشی گۆڕانی پیشەسازییە. چونکە ئینگلیز بوون. لە پێش هەموو نەتەوەیەکدا ئاسن و ئاگریان بەکارهێنا، لەجیاتیی دەست و بازووی کرێکار. کارخانە ئەوان دایانهێنا. جا شارستانێتیی ئەم سەردەمەیش لە هیچەوە پەیدا نەبووە لە کارخانەکانەوە نەبێ!... لەوە بەولاوە هیچ شتێکی تر لە ئارادانییە. نەکردەوە و ڕەوشتی باشە و، نەخوێندەواری و خوێندنگایە و، نەڕاستی پەرستی و ئاینە. تەنیا هەر کارخانەکانن کە کەلوپەلێکی زۆر لە بابەتی شارسانێتی دروست دەکەن. بەڵام تۆپ و تانکیش دروست دەکەن. بێجگە لەوە ئەمانە پێویستییان بەبازاڕیش هەیە بۆ فرۆشتنی کەلوپەلەکانیان. پێویستییان بەکەرەستەی خاویش هەیە، کە لە دروستکردنی ئەو کەلوپەلانەدا بەکاریان بهێنن. لەوەیش خاک داگیرکردنی نەتەوەکانی تر و جەنگ و شەڕوشۆڕ پەیدا دەبن!!.

ئینگلتەرە بوو ئەم شۆڕشی پیشەسازییەی داهێنا، لە هەموو جیهاندا. لە ڕاستیدا لە هەموو شۆڕشە خوێنینەکان گرنگتر و گەورەترە. چونکە شارستانێتیی گۆڕی، کە بەوەیش هۆشی مرۆڤایەتی گۆڕا. مرۆڤ لە باوەڕ پێ کردنەوە، گەیشتە ئەندازەی هۆش بەکارهێنان. چونکە پێویستیی بەزانست بوو کە پرس دەکات، بەڵام خۆی نادات بەدەستەوە. بەڵام ئەم شۆڕشە پیشەسازییە، بابەتی ئەم نووسراوە نییە. چونکە ئێمە لە پەلامارداناکانی



نەتەوەکان دەدوێین بۆ سەر خونکارەکانیان، یاخود بۆ سەر ئەو چینە دەسەڵاتدارانەی کە مافیان نەماوە لەوە بەولاوە فەرمانداری بکەن، سەبارەت بەوەی کە چینی نوێ پەیدابووە و لەو مافدارترە بۆ فەرمانداری. یاخود سەبارەت بەوەی لە ئەندازە بەدەر دەستدرێژی و زۆرداریی کردووە، تا وای لێهاتووە توانج و پلاری تێ بگرن و سووک و ڕیسوای بکەن.

ئەم پەلامارданانە، لە ڕوویەکەوە وەک پەردەی لاسایی کردنەوە وان. چونکە سەرنجی مرۆڤ ڕادەکێشن، هەڵڵا و بگر پەیدا دەکەن، پێشەوا دروست دەکەن، خاوەن بیر دەهێننە پێشەوە، بەبوێژەکانیش نیاز دەبەخشن. ئەوەیش لە نرخیان کەم ناکاتەوە کە بەپەردەی لاسایی کردنەوە دابنرێن. چونکە نەتەوەکان لە مێژوویاندا، پێویستییان بەدلێرانی وا هەیە کە کوتەک بکێشن بەسەری زۆرداریدا، بەبۆنەی سەرکەوتن بەسەر زۆردارییەوە گۆرانی بڵێن، بیرەوەرییش بۆ نەتەوەکانی خۆیان دروست بکەن.

ئەمە ڕاستە کە شۆڕشی پیشەسازی، ڕووی جیهانی گۆڕی، بەڵام زۆرداری ستەمکار، دیسانەوە دەتوانێ لەژێر سێبەری ئەم یاسایەدا بژی و سەربەستی بەربەست بکات. بەڵام ئەوی لەو زۆر و ستەمە پەکی دەخات، بیرەوەریی ئەو شۆڕشانەیە کە ملی خونکارەکانیان پەڕاندووە، کە پاشناوی «خاوەن شکۆ»یشیان لە خونکارەکان سەندۆتەوە و، داویانەتە دەست نەتەوە. خۆ ئەگەر ئەمە بەسەر زاری پێک نەهاتبێ، بەکردەوە پێکهاتووە.

یەکەم شۆڕشی ئینگلیز، شۆڕشی خانەدانەکان بوو. نەک شۆڕشی نەتەوە. ئەویش بەرامبەر خونکار (جۆن) بوو، برای (ڕیچاردی شێردڵ)، لە ساڵی (١٢١٥)دا. لەو کاتەدا نەتەوەی ئینگلیز لە سێ کۆمەڵ پێکهاتبوو: خونکاری دەسەڵاتدار، خانەدانەکان، بۆرە پیاوان. لەو کاتەدا بۆرە پیاوان هیچ هەستێکی نەتەوەیی، یان نیشتمانی، یاخود چینییان نەبوو. چونکە ئەوساکە، هێشتا، نەتەوایەتی لە ئەوروپادا پەیدا نەبووبوو. هەموو ئەوروپا بەگاوور دادەنرا و هیچی تر. هیچ جیاوازییەکیش لە ناوەند ئینگلیز و فەڕەنسی و ئەڵماندا نەبوو، مەگەر بەناو. چونکە هەروەک سەردەمی (شارلمان)، پەیوەندیی ناوەندیان هەر ئاین بوو... پاشان شارەکانیش هێشتا دەرنەکەوتبوون. چونکە ئەوروپاییەکان هێشتا لەناو گوندەکاندا دەژیان، بەڵام ژینێکی ئابووریی لادێییانە. ئەوانەیش شاریان پێ دەگوتن، بچووک بوون، هیچوپووچ بوون.

خانەدانەکانیش بەندەکانی خۆیان لە لادێکاندا بەکار دەهێنا. بەڵام ئەو بەندانە، وەک بەندەکانی بەندەگەری نەبوون، نەدەکڕان، نەدەفرۆشران. بەڵام بەدەست هەژارییەوە شپرزە بووبوون، نەیان دەتوانی ئەو گوندە یاخود ئەو لادێیەی فرمانی تێدا دەکەن بەجێ بهێڵن.

مافە مرۆڤایەتییەکەیشیان لە جێی نەبووان بوو. ئینگیلتەرەی سەردەمی (جۆن) وەک میسری سەردەمی (محەمەد عەلی) وابوو، کە هێشتا بەندە کڕاوەکان (ممالیک)ی نەکوشتبوو: سەردارێکی دەست بەڕەڵلا، چینێکی فەرماندار لە خانەدانەکان، نەتەوەیەکیش ئەوەندە گێژوویژ بوو، ئاگای لە کەس نەبوو، نە لە فەرمانداران، نە لە فەرمانڕەوایی!.

(محەمەد عەلی) بەدڕندەییەکی بێ هاوتاوە خۆی لە دەست (ممالیک)ەکان ڕزگار کرد. میسریشی لەو چینە شارستانییە تەنیایە بەشبڕاو کرد، کە لەباریدا هەبوو بەرەنگاریی زۆر و ستەمەکانی بکات. پاش ئەوە خۆیشی دەستی کرد بەزەبروزەنگ و دەستدرێژی؛ زۆرداریی گەیشتە ئەوپەڕی!... بەڵام (جۆن) ئەوەی بۆ نەلوا، کە دەستی دایە سەرکێشی و باجی گەورەی خستە سەر خانەدانەکان، بۆ ئەمەی لە شەڕوشۆڕەکانی (چەلیپا) و (فەڕەنسە)دا بەختی بکات، ئەو خانەدانانە گەلەکۆمەکییان لێکرد و چوونە سەری و، ناچاریشیان کرد کە «بەڵێن نامەی هەرە گەورە»یان بۆ مۆر بکات!... لێرەدا زاڵبوونی خاوەن زەوییەکان دەبینین بەسەر خونکاردا، نەک سەرکەوتنی نەتەوە. بەڵام ئەم سەرکەوتنە، لەژێرەوە، چەند مافێکی بۆ نەتەوە سەند. لە «بەڵێن نامە»کەدا ئەمەی تێدا بوو:

١- نەخونکار، نەسەردارەکان، نەخانەدانەکان، ناشێ پێچەوانەی یاساکانی کۆن بجووڵێتەوە، بەڕێککەوتن نەبێ.
٢- ئەگەر جووڵانەوەیەکی پێچەوانەی یاساکانی کۆن پەیدابوو، بەرەنگاری کردنی دروستە. ئەمەیش وادەگەێنێ کە نەتەوە مافی هەیە بچێ بەگژ خونکاردا.
٣- بێ چەندوچوونێکی پاکی دادپەروەرانە، دروست نییە کەس سزا بدرێ.
٤- پێویستە سزاکە لەگەڵ کەتنەکەدا ڕێک بکەوێ.
٥- دادپەروەری نە دەفرۆشرێ، نە لادەبرێ، نە دوا دەخرێ.
٦- مافی خانەدانەکان (نەک نەتەوە) دانی پێدا بنرێ، بەمەرجێ ئەم مافانە هیچیان نەخرێتە سەر، تا لەلایەن «کۆڕی بالای فەرمانڕەوایی»یەوە پەسند دەکرێ.

ئەمانە مافەکانن. بەڵام ئەوەی زۆر سەرنج ڕادەکێشێ ئەوەیە کە ناوی خانەدانەکان بەئاشکرا دەبات، بەڵام جێگای نەتەوە کەوتۆتە دامێنەوە!... بەڵام (بەڵێن نامە) کە ناوی «کۆڕی بالای فەرمانڕەوایی»ی تێدا برابوو. ئەمەیش تۆوێک بوو، بۆ ڕواندنی «کۆڕی



نەتەوە = پارلەمان»ی دواڕۆژ. بێجگە لەوە ئەوەیشی تێدا نووسرابوو، کە خانەدانەکان مافەکانیان، هیچ ناخرێتە سەریان، تا لەلایەن ئەم «کۆڕ»ەوە پەسند نەکرێ. گەورەترین مافیش کە ئەو خانەدانانە (مەبەس لە سەردارەکانە) کەڵکیان لێ وەردەگرت، ئەوە بوو کە باج لەسەر نەتەوە دابنێن، یاخود، ئەو باجە شتێکی بخەنەسەر. ئەم «بەند»ەیش کە لەسەرەوە ناومان برد، بەربەستی ئەوە دەکات. واتا ڕێی ئەوە نادات خونکار، باجێکی تازە بخاتە سەر نەتەوەکەی، بەبێ ڕێککەوتن لەگەڵ خانەدانەکاندا.

***

چوارسەد ساڵ زۆرتر بەسەر ئەوەدا تێپەڕی، ئنجا نەتەوەی ئینگلیز ڕاپەڕی و شۆڕشێکی تازەی بەرپاکرد. بەڵام ئەم شۆڕشە هی نەتەوە بوو. چونکە لە ساڵی (١٦٤٠)دا نەتەوە دروست بووبوو. لە ساڵی (١٢١٥)دا لە ئینگلتەرەدا نەتەوە پێک نەهاتبوو. چونکە بابەتی ئابوورییەکەی کشتوکاڵی لادێیانە بوو. کرێکارەکانی (کشتوکاڵ)یش، یان بەندە بوون، یاخود وەک بەندە وابوون، هیچ چینێکیش خۆشیی لە سەربەخۆیی نەدەبینی و، مافی کارگوزارییەکی سەربەستانەی نەبوو بینوێنێ، چینی خانەدانەکان نەبێ!... لەبەرئەوە، کە ئەم چینە لە خونکار (جۆن)ەوە، دەستدرێژی و ستەمکاریی دی، چوو بەگژیدا و سەری پێ شۆڕکرد، بەڵام لە ساڵی (١٦٤٠)دا شارەکان دامەزرابوون. شوێنی بازرگانی و کارخانەی بچووکی تێدا پەیدا بووبوو. هەروەها چینێکی تریش لە خاوەن زەوییەکان پەیدا بووبوو، کە لە دەستەی خانەدانەکان نەبوو. واتا چینێکی ناوەڕاست پەیدا بووبوو. چەند بەندەرێکیش پەیدا بووبوون، کە بەهۆی بازرگانیی جیهانییەوە، ڕۆژ بە ڕۆژ لە گەورەبووندا بوون. ئەوەیش لەوساوە پێکهات کە ئەمەریکا لە ساڵی (١٤٩٢)ەوە دۆزرایەوە و، ئەوروپایش پەیوەندیی پەیدا کردبوو لەگەڵ ئاسیا و ئەمەریکادا. شۆڕشی «لووثەر»یش هەوێنێکی فرێ دابووە مێشکی هەمووانەوە، هەموو کەسێک بە (سەربەستیی دەروون) و (سەربەرزیی مرۆڤ)ەوە گڕوگاڵی دەکرد. نەتەوەکانیش هەستیان بەسەربەرزییەکی خۆیان کردبوو، کە ڕەوایان نەدەبینی خونکارەکان پێی پێدابنێن.

(چارلسی یەکەم)یش خونکارێک بوو، لەگەڵ خونکارەکانی سەردەمی خۆیدا جیاوازییەکی نەبوو. بەڵام نەتەوەی ئینگلیز لەگەڵ ئەو نەتەوانەدا جیاواز بوو. گەورەترین جیاوازیی ناوەند نەتەوەی ئینگلیز و نەتەوەکانی تری ئەوروپا، ئەوەبوو کە ئەو هۆگری (ئاینی لێ ڕاپەڕین = مذهب الاحتجاج) بووبوو. «ئاینی لێ ڕاپەڕین»یش بریتییە لە ئاینی «پڕوتستانت»، کە بەهۆی ئەوەوە «لووثەر» لە پاپا ڕاپەڕی و سەری دانەنەواند بۆ

دەسەڵاتەکەی ئەو. ئەوەیشی ئاشکرا کرد کە مرۆڤ مافی هەیە، خۆبەخۆی خۆی بگات بەخودا، بێ ئەمەی کەشیشەکان بخاتە ناوەندەوە. وشەکانی «سەربەستی» و «ماف»یش کەوتە سەر زمانی ئینگلیزەکان بەرامبەر بەدەسەڵاتی (پاپا) لە پاش ئەمەیش بۆ بەرامبەری کردنی خونکار (چارلسی یەکەم) مەشق کرا.

ئەمەیش دەستوورێکە نابێ لە بیرت بچێتەوە:

لە هەموو شۆڕشێکدا کە بەرامبەر زۆرداران دەکرێ، پیاوەکانی ئاین و پیاوەکانی یاسا، دەبینین، لەسەر یاسای دامەزراو دەکەنەوە و، نایشیانەوێ هیچ شتێک بگۆڕێ. چونکە ئەوانە هەموویان لە سایەی یاسای دامەزراوەوە دەژین. هەروەها خونکارە زۆردارەکانیش، پشتی پیاوانی ئاین دەگرن، ئاینی دامەزراو. ئەوانیش نایانەوێ یاساکان بگۆڕێن.

(چارلسی یەکەم)، دەیویست لە دەست (کۆڕی نەتەوە) ڕزگاری ببێ و، بێ سەرپەرشتی کردن و، چاودێریی کۆڕی نەتەوە، باج دابنێتە سەر نەتەوە. دەنگە ئازادەکانیشی بەرگوێ دەکەوت: هاواریان دەکرد و، دەیانقیژاند، کە خونکار مافی ئەوەی نییە. ئەو کەسانەیش کە فێری وشەی «ماف» بووبوون، لە ڕاستیدا، لەو زۆرانبازییەی پێشووەوە فێری بووبوون، کە لە ناوەند «نەتەوەکان» و «تەختی پاپا»دا پەیدا بووبوو. ئەویش وشەیەک بوو لە وشەکانی زمان، پەرەی سەندبوو، لە کڵێساوە گەیشتبووە تەختی شاهی!...

کۆڕی نەتەوە، ویستی خونکار (چارلسی یەکەم) بەربەست بکات لە دانانی باج، تا کۆڕی نەتەوە بڕیاری لەسەر دەدا. هەروەها ویستی سەرپەرشتیی لەشکریش بکات، کە خونکار هوروژمی پێ دەبردنە سەر ئەو شارانەی باجیان نەدەدا!... کۆڕی نەتەوە، لەسەر مافە پیرۆز و بەرزەکەی خۆی سووربوو. خونکاریش لەسەر زۆرداریيە نەنگەکەی خۆی سوور بوو. لەبەرئەوە هەردوولا تێکچوون و چوون بەگژیەکدا!... خونکاری زۆردار، چووە ناو کۆڕی نەتەوەوە و هەستایە سەرپێ و بەئەندامەکانی گوت:

«ئەوەتان لەبیر نەچێ، کۆڕی نەتەوەکان لەژێر چنگی منداان، بەدەست خۆمن. ئارەزوو بکەم بانگیان دەکەم، کۆیان دەکەمەوە، ئارەزووش بکەم بڵاوەیان پێ دەکەم، ئەوەندەی کە بزانم بەکاردێن، یاخود بەکار نایەن، دەیانهێڵمەوە یاخود لایان دەبەم».

پاش ئەوە بێ شەرمتری لێهات و پێی گوتن:

«ئەمەیش بەهەڕەشەیەک مەزانن بۆ خۆتان. چونکە من بێزم نایەت، هەڕەشە لە یەکێک بکەم، کە لە دانگی خۆمدا نەبێ!!.»

پاشان شوولی لێ هەڵکێشا و گوتی:



«خونکار و ژێردەست (نەتەوە)، دوو شتی جیاوازن، لە یەک ناچن!» جا هەروەک پیاوانی ئاین پشتیوانیی ئەم خونکارەیان دەکرد لە دژی نەتەوە، ئەم نارەسەنەیش پیاوانی ئاینی دەپاراست لە دژی خودانەناسەکان. چونکە لە سەردەمی ئەودا خودانەناسێک پەیدابوو، ناوی «لیتون» بوو. ئەمیش یەکێک بوو لەو دەروون ئازادانەی کە بیریان لە مەردایەتیی دڵ و سەربەرزیی هۆش دەکردەوە. نووسراوێکی دانابوو، تێیدا نووسیبوو: «هیچ پێویست بەبوونی کەشیش ناکات، تا پیاو خودا بناسێ. بێ ئەمەی پەنا ببرێتە بەر کەشیشەکان، هەموو کەس دەتوانێ ببێتە (مەسیحی)!».

لەسەر ئەوە (چارلسی یەکەم)ی زۆردار، فەرمانی دا کە ئەم جەزرەبانە بەو نووسەرە بگەیێنن:

١- دە هەزار لیرە جەریمە بکرێ. کە بەپێی نرخی پارەی ئیمڕۆ دەکاتە نزیکەی سەد هەزار دینار!.

٢- گوێچکەی داغ بکرێ!.

٣- دارکاریش بکرێ؟.

پاش ئەوەی «لیتون» گوێچکەی چاک بووەوە، برینی دارکارییەکەیشی سارێژ بوو، دەبێ گوێچکەکەی تریشی داغ بکرێ. پاش ئەوەیش دووبارە دارکاری بکرێتەوە!. ئنجا ئەگەر مایەوە و نەمرد، تا دوایيی ژیانی بخرێتە زیندانەوە. کەشیشەکانیش بەم بڕیارەی خونکار، دڵیان خۆش بوو و، لە خۆشیاندا هەڵپەڕین و پێیان گوت: «خودا تەمەنت درێژ بکات!!».

پاش ئەوە پیاوانی یاسا دێنە پێشەوە، «فنش» کە سەرۆکی کۆڕی نەتەوە بوو، دەیگوت:

«ئەو یاسایەی کۆڕی نەتەوە بڕیاری لەسەر دەدا، نابێ لە دەسەڵاتەکانی خونکار کەم بکاتەوە!!».

«برکلی»یش کە گەورەترین یاساناس و بچووکترین مرۆڤ بوو، دەیگوت: «یاسا ئەوەتا بەکاری خونکار بێت!».

«خونکاری بەدکردار»یش،. لە دوای ئەوە، بێباکانە، تا یانزە ساڵ کۆڕی نەتەوەی پەکخست لە فرمانکردن. لەوەدا خانەدانەکان و پیاوانی کڵێسا و پیاوانی یاسایش پشتگیرییان کرد. پاش ئەوە دادگایێکیشی دروستکرد ناوی نا: «دادگای ئەستێرە».

بەفەرمانی خونکار دەگەڕا بەهەموو لایەکی خاکی ئینگلیزدا، شۆڕشگێڕەکانی دەگرت و دەیخستنە زیندانەوە!...

پاش ئەوە، «کرۆموێل» دەرکەوت، کە کەسایەتییەکی خاوەن بڕشتی هەبوو لە مێژووی ئینگلتەرەدا!.

هەروەها «میلتون»یش دەرکەوت، کە هەم بوێژبوو، هەم نووسەر، وشەکانی شۆڕش ئەو دای دەهێنان.

«کرۆموێل» لەو خاوەن کشتوکاڵانە بوو، کە چینی ناوەڕاستیان لێ پێکهاتبوو، کە جێگەی خانەدانە خاوەن زەوییەکانیان گرتبووەوە. هەندێک لە یاسا فێربووبوو. بوویش بەئەندامێک لە کۆڕی نەتەوەدا. بەچاوی خۆی «چارلسی یەکەم»ی دی هاتە ناو هۆڵی کۆڕی نەتەوەوە و لە شێوەیەکی شێت و وێتانەی خونکارانەدا، دەستی کرد بەجنێودان بەئەندامەکانی کۆڕی نەتەوە، بەرپەرچی ئەوەی دەدایەوە کە نەتەوە مافی سەرەتاییی خۆی بپارێزێ: وەک دانانی باج لەسەر نەتەوە، لەپاش پەسندکردنی لەلایەن ئەندامانی کۆڕی نەتەوەوە. وەک ژیانی نەتەوە بەسەربەستی و ئازادییەوە، بەخۆڕایی نەگیرێن و، ئارام و ئاسایشیان لێ تێک نەدرێ. پاش ئەوە «چارلسی یەکەم»ی دی دەرگای جێگای کۆڕی نەتەوەی داخست و، پارچە پەڕۆیەکی نووساند بەدەرگاکەیەوە کە لێی نووسرابوو: «خانوویەکە و بەکرێ دەدرێ» !...

هەروەها: «دادگای ئەستێرە»یشی دی، دەگەڕا بەناو هەموو لایەکی نیشتمانەکەیدا، دادگەران و جێنشینانی بەدناوکردنی لەناو دابوو، بەهەندێ کەسیان دەگوت : «تۆ وات گوت! تۆ وات نووسی! تۆ لەگەڵ نەتەوەدا دوژمنی خونکاریت!» . پاش ئەوە یان بڕیاری خستنە ناو زیندانیان دەدا، یاخود کوشتن!!.

هەروەها باج سێنەکانی دی، سەربازیان لەگەڵدا بوو، دەیانپاراستن ئەمو ئەویان دەگرت لەناو ماڵەکان و دوکان و کێڵگەکانیاندا، ئەو باجانەشیان دەخستە سەریان کە کۆڕی نەتەوە دای نەنابوون. هەندێکیان بەناچاری باجەکەیان دەدا و، هەندێکیشیان نەیاندەدا، بەڵام دەخرانە بەندیخانەوە!.

سوپایش لەژێر چنگی خونکاردا بوو. سەرکردەکانیشی لەو خانەدانانە بوون کە سەر بەخونکار بوون!. کۆڕی نەتەوە ویستی چنگ بەسەر سوپاهدا بگرێ و سەرپەرشتیی بکات. (چارلسی یەکەم)یش بەرپەچی دانەوە گوتی: «نەء. نە بەخودا، بۆ یەک ساتیش بێ، ناهێڵم ئەوە سەربگرێ» !...



کێ بوو ئەم خونکارە ڕیسوایەی وا لێ کردبوو کە خۆی بەگەورەتر بزانێ لە نەتەوە، کە لە کلوور و ملیۆن کەس پێکهاتبوو ؟

هیچ شتێکی لە نەتەوە باڵاتر نەبوو، نە لە هۆشدا، نە لە تێگەیشتندا، نە لە شارەزاییدا، لە هیچ کەسێکی ناو نەتەوە چاکتر نەبوو!!. بەڵام ئەوەندە هەبوو، کە هەندێ جیاوازیی تری هەبوو. وەک: ئەو ڕەوشت و خووە کۆنانەی کە کەسایەتیی خونکاریان لەسەروو یاساوە دانابوو. وەک ئەو زۆرداره هۆش و دڵ بچووکانەیش لە دەستەی خانەدانەکان و، دادگەرەکان و، پیاوانی ئاین، کە پارێزگاریی ئەو ڕەوشت و خووە کۆنانەیان دەکرد، پشتگیریی خونکاریان دەکرد!!.

«چارلس» شووڵی لێ هەڵکێشا! نەتەوەی ئینگلیزیش لێی ڕاپەڕی، لەسەر ڕێز و سەربەرزی و سەربەستی و مرۆڤایەتیی خۆی دەکردەوە، بۆ ئەمەی لە دەست ئەم ناڕەسەنە، خۆی، ڕزگار بکات! لەشکری «خونکار»یش مەشقی پێکرابو، بۆ شەڕ، ئامادەبوو بۆ شەڕ، بەهەموو چەک و فیشەکێکەوە!. بەڵام لەشکری «کرومویل» ، لە جووتیارەکان پێکهاتبوو، کە نە مەشقیان پێکرابوو، نە چەک و جبەخانەی تەواویشیان هەبوو. بەڵام بە (دەروونی زیندوو) و (سەربەرزیی ڕاستەقینە و پاک) چەکدار کرابوون.

«میلتون»یش خاوەنی هۆنراوە و پەخشان، واتا قووڵەکانی (دەروون) و (سەربەرزی)ی بۆ ڕوون دەکردنەوە. لەو کاتەدا نووسراوێکی بەدەستەوە بوو دایدەنا لە بابەت «ئاینی ڕاستەقینە»وە. تێیدا نووسی بوو: «هەرچی سەربەرزی و، سەربەستی و، دەروونی پاک و، دادپەروەری هەیە، «خونکارە خوێڕییەکە» گوێی ناداتێ و خەمی ناخوات. کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا پارێزگاریی ئەو پیاوانی کڵێسایە دەکات، کە پشتیوانیی دەکەن!.» .

هەروەها لە بابەت سەربەستیی بیر و ڕۆژنامەگەرییەوە نووسراوی دادەنا. بەڵێ، ئازادیی بیر و ڕۆژنامەگەری لە ساڵی (١٦٥٠)دا!... واتا لە پێش (فاروق)دا بەسێ سەد ساڵ!... ئەو (فاروق)ەی کە کاربەدەستە بێدەسەڵاتەکانی خۆی هاندایە سەر ئەوەی ڕۆژنامەکان دابخەن و، خاوەن ڕۆژنامەکان بخەمە بەندیخانەوە و چاپخانەکانیش لە چاپکردنی نووسراوان بەربەست بکەن!.

(فاروق)یش کەوا بەئاسانی وێڕای هوروژم بباتە سەر گیانی میسرییەکان، سەبارەت بەوەبوو کە بوێژ و نووسەرێکی وای تووش نەبووبوو کە لەسەر (سەربەستیی بیروباوەڕ) و (ڕۆژنامەگەری) بنووسێتەوە! نەتەوەی ئینگلیزی ناچاربوو بچێ بەگژ خونکارە بەدخووەکەی و لەشکرەکەیدا. خوێن بەلێشاو ڕژا!. کە «چارلس» زانی لە شکان دایە،

داخوازییەکانی نەتەوەی پەسند کرد. بەڵام هەر لەو کاتەدا، لەژێرەوە گفتوگۆی لەگەڵ خونکارە خوێڕییەکانی ئەوروپاشدا دەکرد، کە یارمەتیی بدەن لە کوژاندنەوەی شۆڕشەکەدا!. دوایی «چارلس» گیرا و خرایە ژێر چەندوچوونەوە. لە ئەنجامدا دادگا بڕیاری بەسەردا دا، کە کەللەی بپەڕێنرێ!...

«کرۆموێل»یش لە ساڵی (١٦٥٨)دا مرد. لە دوای ئەو «چارلسی دووەم» کوڕی «چارلسی یەکەم» کرا بەخونکار. بەڵام بۆ هەمووانی ئاشکرا کرد، کە ئەوەی باوکی کردوویەتی، ئەو نایکاتەوە. لەگەڵ ئەوەیشدا، چونکە پیاوێکی سووک و ڕیسوا بوو، لاشەکەی «کرۆموێل»ی لە گۆڕ دەرهێنا و کردی بەداردا!... واتا بەمردوویی کردی بەداردا هەروەک هەموو گەنگە پیاو و ترسنۆکێک دەیکا، کە خۆی لەو چینە بوو!. پاشان سەری (کرۆموێل)ی لە لەشە پاکەکەی کردەوە کە لەژێر سێدارەکەدا خستیە چاڵەوە!... سەرەکەیشی بەسەر دارێکی بەرزەوە دانا، بۆ ئەمەی هەموو کەس چاوی پێ بکەوێ و، لە نارەسەنیی ئەو جۆرە خونکارانە تێ بگات!

نووسەری بوێژ، «میلتۆن»یش هێشتا مابوو. بەڵام بەدەست ئەرک و ئازاری هەژاری و کوێرییەوە گیری خواردبوو. خونکاری نامەرد سەرێکی لەویش دا! خونکاری نامەرد بەو بوێژە گەورەیەی گوت: «نازانیت ئەو ئەرک و ئازارەی بەدەست کوێری و هەژارییەکەتەوە تووشت بووە، سزایەکی خوداییە، لەسەر ئەوەی ئەو قسانەت بەباوکم گوت و لەسەریت نووسی؟»‌.

بوێژی گەورەیش پێی گوت: «ئەگەر ئەمە سزای من بێ لەسەر ئەوەی کە قسەم بەباوکت گوتووە، ئەی دەبێ کەتنەکانی باوکت چەند بن، کە لەسەریان کەللەی پەڕێنرا؟!.»‌.

داردەستی بوێژەکە، لە داردەستی خونکارەکە بەهێزتر بوو، سەرکەوت بەسەریدا!. «میلتۆن»یش هەتا ما، لەپاش کەللە پەڕاندنی (چارلسی یەکەم)، هەر لەسەر سەربەستی و شۆڕشی کردەوە یاریدەدەرەکانی خونکاریش، لە خانەدانەکان و کەشیشەکان، شۆڕشەکەیان خراپ لە ئەوروپاییەکان گەیاندبوو، هەندێ لە نووسەرە پارەپەرستەکانیان بەکرێ گرتبوو لەسەر «چارلس»یان دەکردەوە. «میلتۆن»یش نووسراوێکی دانا، ناوی نا: «پشتیوانی کردنی نەتەوەی ئینگلیز». پاشان نووسراوێکی تریشی دانا، ناوی نا: «پشتیوانی کردنی شۆڕشگێڕان، کە هەموو نەتەوەکە دەگرنەوە». ئەمانەیش هەندێ لە قسەکانیەتی کە شۆڕشەکە نیازی پێ بەخشی بوو، لە دەمی بێتە دەرەوە و بینووسێ:

«ئەو بەزەیی پێداهاتنەوەیەی کە هەندێک ناوی دەهێنن و توانج لە شۆڕشگێڕەکان دەگرن



کە نەیان بووە، بۆیەکا «چارلسی یەکەم»یان کوشتووە، بەزەیی پێداهاتنەوەی (مەسیح) نییە. لە ڕاستیدا هەڵەشەییە لە کردەوە و ڕەوشتدا، لەخۆبایی بوونە، کەم هۆشییە یاخود دڵ پێداچوونێکە بەکەشوفشی جیهاندا!...»

دیسانەوە تێیدا نووسی بوو: «ئەوانە وا پێشان دەدەن کە من جنێو بەتەختی شاهی دەدەم، لەپاش ڕووخانی!... نەء. وا نییە. لەڕاستیدا من خاوەن شکۆی ڕاستەقینەم خستۆتە سەروو خاوەن شکۆ چارلسەوە!». کە کوێراییی داهات، نووسی بۆ هاوڕێیەکی خۆی: «من ئەم چاو کوێرییەم، بەدڵێکی خۆش و سنگێکی فراوانەوە وەردەگرم چونکە لەناخی دەروونمدا، هەست بەوە دەکەم، کە ئەو چاوانەم لە پێناو (سەربەستی)دا داناوە، لە پێناو ئەو فرمانە گەورەیەدا»!.

پاش ئەوە بەچەند ساڵێک «چارلسی دووەم»یش دەمرێ و، «جێمس»ی برای دێتە سەرتەخت. بەڵام هەرچەند دەکات فەرمانداریی دەستووریی پێ خۆش نایەت!... بێجگە لەوە، چەند هەڕەشەیەکی سامناکیشی بەرگوێ دەکەوێتەوە، لە هەڕەشەکانی نەتەوە، چارەنووسی باوکی خۆی بیر دەکەوێتەوە، خۆی دەرباز دەکات بۆ فەرەنسە!... پاش ئەوە کۆگرەی «ولیەمی ئۆڕانج» دەگیرێ. ئەویش بۆ ئەمە بوو، کە لە پاش ئەمەی «یاسای مافەکانی» بخوێنێتەوە و، تێیی بگات و، بەڵێن بدات بەپێی ئەو بڕوات بەڕێوە، بخرێتە سەرتەخت. ئەمەیش ڕامکردنێکی باش بوو، بۆ خونکارەکان، کە بخوێننەوە و تێ بگەن و بەڵێن بدەن بەپێڕەوی کردنی داخوازیی نەتەوە... ئەم «یاسای مافانە»یش کە لە ساڵی (١٦٨٩)دا دەرچوو بوو، بڕیاری ئەو مافانەی تێدا درابوو، کە خونکارەکان بەربەستیان دەکرد، نەتەوە کەڵکی لێ وەربگرێ، بەهێزترین بنچینەی تێدایە بۆ سەربەستیی نەتەوەی ئینگلیزی ئیمڕۆ. لەپاش ئەمەی ناوی ئەو تاوانانەی تێدا برابوو، کە (جێمس)ی خونکار کردبووی، لە پێش دەربازبوونیدا بۆ فەرەنسە، ئەمانەی تێدا نووسرابوو:

١- بەبێ پەسندکردنی کۆڕی نەتەوە، هیچ یاسایەک بەربەست ناکرێت لە فرمان پێکردنی.

٢- هیچ دادگایەکی کڵێسایی یاخود دادگای تر بەبێ فەرمانی کۆڕی نەتەوە پێک ناهێنرێ.

٣- بێ فەرمانی کۆڕی نەتەوە هیچ باجێک ناسێندرێ.

٤- هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە کە خونکار بەرێتە بەردەم دادگا، بێ ئەمەی لە بەندی کردن بترسێ.

٥- بێ پرسی کۆڕی نەتەوە، خونکار ناتوانێ، لە کاتی ئاشتیدا، لەشکر پێکەوەبنێ.
٦- دەبێ هەموو هەڵبژاردنێک بەسەربەستی بکرێ.
٧- دەبێ سەربەستیی گفتوگۆکردن و وتاردان، جێبەجێ بکرێ. لەم بابەتانەوە کە لە سەرەوە نووسیمان، خوێندەوار بۆی دەردەکەوێ، کە ئینگلیزەکان خونکارێکیان کوشت، سەریان بەخونکارێک دانەواند، خونکارێکیشیان ناچارکرد، دەرباز ببێ بۆ دەرەوەی ئینگیلتەرە. ئەنجامی ئەو هەموو کارەساتانەیش بەوە گەیشت، کە نەتەوەی ئینگلیز، بەڕاستی بووە «خاوەن شکوە»، خونکارەکانیش چوونە ژێر فەرمانی نەتەوەوە، نەک پێچەوانەی ئەوە!.

## شۆڕشی گەورە

شۆڕشی فەرەنسە، هەر تایبەتی نەبوو بۆ فەرەنسە، خۆی. چ لە ڕووی ئەو کارەساتانەوە کە تێیدا قەومان، چ لە بابەت ئەو ڕاستی پەرستییەوە کە ڕێگای بۆ شۆڕشەکە کردەوە، چ لە ڕووی ئەو ڕاستیی پەرستییەوە کە شۆڕشەکە بەرهەمی هێنا، شۆڕشەکە هەموو جیهانی گرتەوە.

کە فەرەنسەییەکانیش مافەکانی خۆیان لە دەست خونکار و خانەدانەکان دەرهێنا، لە پەیماننامەکانیاندا بڕیاریان نەدابوو کە ئەو مافانە هی «فەرەنسەیی»یەکانن، بەڵکو بڕیاریان وادابوو کە «مافەکانی مرۆڤ»ن. شۆڕشەکەیش بەکورتی بریتی بوو لەمە:

خانەدانەکان لەسەر ئەوە دەژیان کە لە باوباپیریانەوە بۆ یان مابووەوە، یاسای زەویدارییش، لە پاڵیان دابوو، کردبوونی بەگەورەی ئەو جووتیارانەی لە زەوییەکانیاندا کشتوکاڵیان دەکرد، ئەو جووتیارانە بریتی بوون لە بەندەکانی زەوی. بەندەی تەواو و بەندەی زەوییش جیابوون لە یەکتری. هەرچی بەندەی تەواوبوو، وەک کەلوپەلی ناو بازاڕ وابوون، دەکڕان و دەفرۆشران. لەم شاریشەوە دەگوێزرانەوە بۆ ئەو شار، لەم خاکیشەوە دەنێران بۆ ئەو خاک، چ لە ماڵدا بوایە، چ لە دوکاندا بوایە، چ لە کێڵگەدا بوایە بەکاردەهێنران!.

هەرچی بەندەی زەوییش بوو، هەر لەناو زەوییەکەی خاوەن زەویدا فرمانی پێ دەکرا و، دەچەوسێنرایەوە. بەڵام نەدەفرۆشرا. بەڵام ئەگەر زەویدارەکە، کێڵگەکە یاخود گوندەکەی خۆی بفرۆشتایە، بەندەی زەوییەکە، نەیدەتوانی ئەو کێڵگەیە یاخود گوندە بەجێ بهێڵێ، دەبوو هەر لەو زەوییەدا بمایەوە. ئەگەر خۆی دەربازیش بکردایە لەوێ، دەهێنرایەوە سەر



زەوییەکەی و، حەزرەبەیشی پێ دەگەیێنرا، کەواتە ئەو لەگەڵ گوندەکەدا دەفرۆشرا، بەڵام خاوەن زەوییە خانەدانەکە، نەیدەتوانی لە فرمانێکی ناو شاردا کاری پێ بکات.

ئەوروپایش، بەجۆرێکی تێکڕایی، لە ناوەندساڵەکانی (٥٠٠) و (١٢٠٠)ی پاش زایینیدا، کۆمەڵایەتییەکەی بریتی بوو لەمانە:

(١) خونکارەکان. (٢) خانەدانەکان. (٣) بەندەی زەوی و کەمێک لە بازرگانە بچکۆڵەکان کە لە شارە بچکۆڵەکاندا بوون. شارەکان پەیدا بووبوون. ئەوانیش هێزێک بوون. دانیشتوەکانیان بەسەربەستییەوە دەژیان. کۆڕی شارەوانییان هەبوو، سەربەستییەکەی دەپاراستن. فرمانەکانیشیان بریتی بوو لە پیشەسازی و، بازرگانی و گواستنەوە و، زرێوانی. هەندێ لە بەندەی زەوییەکانیش هەڕایان دەکردە ناو شارەکانەوە، بۆ ئەمەی بەسەربەستییەوە بژین.

ئەم شارانەیش لە گەشەکردندا سست بوون. لە ناوەند ساڵەکانی (٥٠٠) و (١٠٠٠)دا، هەریەکەیان لە گوندێکی گەورە، زلتربوون. بەڵام ئەو شارانە هێواش هێواش دەستیان کرد بەگەورەبوون. دۆزینەوەی ئەمەریکایش زۆرتر پەرەی پێدان. چونکە بەندەرە بچووکەکان، کە فرمانەکانیان بەزۆری، هاتبووە سەر ڕاوەماسی، وایان لێهات، بوون بەبەندەرانی جیهانی، لەگەڵ ئاسیا و ئەمەریکادا بازرگانییان دەکرد. جا ئەم کۆمەڵایەتییە تازەیە، کە لەسەر کشتوکاڵ نەدەژیا، ڕقی لە یاسای زەویداری دەبووەوە. چونکە بازرگان و پیشەسازی، هەردووکیان، کرێکاریان بەکرێ دەگرت بۆ فرمانکردن. بەڵام خانەدانەکان یاخود خاوەن زەوییەکان، بەندەی زەوییان بەخۆڕایی کار پێ دەکرد، تەنیا خواردنیان دەدانێ. جا ئەم کۆمەڵایەتییە تازەیە، دەرکەوت وو بەهێز کەوت و، هاتە ناو کۆڕی زرنگکارییەوە، لەناو نەتەوە بازرگانە گەورەکاندا، وەک ئینگلتەرە و هۆڵەندە و شارەکانی باکوری ئەڵمانیا. لەبەرئەوە شەڕوشۆڕی یەکەم لە ئینگلتەرەدا پەیدابوو، لە ناوەند «خونکار» و (کرۆموێل)دا. هەرچی خونکار بوو، دەستەی خانەدانەکان و یاسای زەویداریی دەنواند. هەرچی (کرۆموێل) بوو دەستەی شارە سەربەستەکان و کشتوکاڵە ئازادەکانی دەنواند. ئەوەیش لە ساڵی (١٦٤٠)دا ڕووی دا.

بەڵام لە فەرەنسەدا، ئەم لێک کەوتنە دواکەوت، تا ساڵی (١٧٨٩)، کاتێ کە شۆڕشی گەورەی فەرەنسە هەڵگیرسا. ئەویش لە پاش ئەمەی نزیکەی سەد ساڵ ڕۆشنبیرەکان خەریکی هەڵگیرساندنی بوون. ئەو ڕۆشنبیرانە، گەلێک وشەی شۆڕشیان پێ بەخشین، کە لە پاش ئەوانەوە هەموو گەلێک بەکاریان هێنا. جا ئەم کۆمەڵایەتییە تازەیە کە شۆڕشی

هەڵگیرساند لە ئینگیلتەرە و فەڕەنسەدا، ئەوەیە کە ئێمە پێی دەڵێین «چینی ناوەڕاست». ئەم چینی ناوەڕاستە، لە خانەدانەکان پێک نەهاتبوو. لە کرێکارەکانیش پێک نەهاتبوو. لە ناوەند هەردوو لایاندا پێکهاتبوو. لەسەر پیشەسازی و، بازرگانی و، جار بەجارێکیش لەسەر کشتوکاڵ دەژیا، بەڵام کشتوکاڵی ئازاد کە بەهۆی بەندەی زەوییەوە بەرهەم نەدەهێنرا.

هەروەک لە هەموو شۆڕشێکدا، چاومان پێ دەکەوێ، چینی خانەدانە خاوەن زەوییەکان، خۆی لە کۆڵەکەکەی خۆی ئاڵاندبوو، واتا لە خونکار و سەردارەکانی ژێردەستی. جا ئەم چینە دارزابوو، هەڵوەشابوو، هەر ئەوەندەی دەزانی بەخت بکات، نەک بەرهەم پەیدا بکات، بەلێشاو پارەی بڵاو دەکردەوە بەخۆڕایی، دابوویە بەدخوویی، بەزمورەزمی داوێن پیسانە و سەرشۆڕانە. هیچ کەسێکیان هەستیان بەلێپرسینەوەیەکی کۆمەڵایەتی نەدەکرد. هیچ کامێکیشیان خەمی ئەوەی نەدەخوارد نرخی کەسایەتیی خۆی بەرزبکاتەوە، یان کۆمەڵەکەی خۆی بەرز بکاتەوە! ئەم جۆرە ڕەوشت و خووەیش لەوانە نەبوو کەس لێپرسینەوەی لێ بکات، ئەگەر ئەو چینی ناوەڕاستە تازەیە پەیدا نەبووایە، کە لەناو پێشبینییەکی تازەدا گەورە بووبوو، لە بابەت ڕەوشت و خووی بڵند و نرخ زۆریی فرمانەوە. لێک کەوتنی ئەم چینە و چینی خانەدانەکانیش، بووبووە لێک کەوتنێک لە ناوەند شار و، بازرگانەکانی و، پیشەوەرەکانی و، کرێکارە ئازادەکانی دا و، لادێ و خاوەن زەوییەکانی و بەندەی زەوییەکانیدا. شارەکانیش کرێکارەکانی لادێیان لەگەڵ بەندەی زەوییەکاندا کێش دەکردە ناوخۆیان، شار بووبووە ناوچەی شارستانێتی و پێشکەوتن و خوێندەواری و ڕۆژنامەگەری. نووسراوانی تێدا دادەنرا، ڕۆژنامانی تێدا بڵاو دەکرایەوە. دانیشتووەکانیشی لە بریتی «باوەڕکاری»، دوای «باوداهاتن» دەکەوتن. لە بریتیی (خۆبەدەستەوەدان)یش، هۆگری (گومان) دەبوو. کەچی لادێیش بەهەموو گوندەکانی و بەندەی زەوییەکانیەوە. هێشتا هەر ئەو ژیانە دەژیان کە لە سەدەی حەوتەم و هەشتەمی پاش زایینداا دەژیان، نەخوێندەواری و، ملکەچی و، (باوەڕکاری) زاڵ مابوونەوە بەسەریاندا!...

شارەکان، لە هەرەتی لاوێنیدا بوون، هەموو وریا و ئامادەبوون بۆ خەباتکردن. بەڵام لادێکان لەوپەڕی پیریدابوون، هەموو خەواڵوو و ملکەچ و خاوخلیچک بوون. لەگەڵ ئەمەیشدا، ئەم بارە، شۆڕشی پێ هەڵناگیرسێ. چونکە پێویست بوو، دەست درێژییەکی وا بێتەڕوو، کە تەنانەت لە سنووری زۆرداری و سەرکێشییش دەرباز ببێ. پێویست بوو



کارەساتێکی وا ڕوودات کە ئەو ئاگرە گشتییە گڕ بسێنێ!. پێویستی بەدەنکە چەمچەیەک بوو ئاگرەکە هەڵبگیرسێنێ!. دەستدرێژییەکەیش لە ڕەوشت و کردەوەی «لویسی شانزەهەم»ەوە ڕووی دا. کارەساتەکەیش بریتی بوو لە دەرکردنی کاربەدەست «نیکر» کە دەیویست کاروباری گشتی ڕاست بکاتەوە و چاکەخوازی بنوێنێ و نەتەوە دڵخۆش بکات!.

بام بەگورجی چاوێک بخشێنین بەڕەوشتی شۆڕشەکەدا:

لەتاو باجی گەورە و زۆر، بۆڵەبۆڵێکی گشتیی پەیدابووبوو، تەنانەت خوێیش دوو جۆر باجی لەسەر دانرابوو: یەکێکیان سووک بوو، لەسەر خوێی ماڵان دانرابوو، کە بۆ چێشت لێنان بەکاردەهێنرا. یەکێکیشیان گران بوو، لەسەر خوێی کارخانەکان دانرابوو، کە بۆ خۆشەکردنی گۆشتی بەراز بەکاردەهێنرا!. ژمارەی ئەو کەسانەیش کە هەموو ساڵێک دەگیران، لەسەر بەکارهێنانی خوێی چێشت لێنان لە خۆشەکردنی گۆشتی بەرازدا دەگەیشتە (٢٠٠٠) و (٣٠٠٠) کەس!...

هەرچی خانەدانەکان و کەشیشەکانیش بوون، بەپێچەوانەی نەتەوەوە، لە زۆربەی باجەکان ئازاد کرابوون!. کەشیشەکانیش چواریەک یاخود پێنج یەکی زەویی کشتوکاڵیان لەژێر چنگدا بوو!. زۆربەی زەوییەکانی تریش لەژێر دەستی خانەدانەکاندا بوون، کە هەموویان لەو خاوەن زەوییانە بوون کە بەندەی زەوییان بەکاردەهێنا لە کشتوکاڵدا، بەبێ پارە، تەنیا خواردنیان دەدانێ و جێگای حەوانەوە. ژمارەی ئەو خانەدانانەیش دەگەیشتە (١٥٠٠٠) کەس. خونکاریش نەیدەویست کۆڕی نەتەوە پێک بهێنرێ. بەدخوویی و داوێن پیسی و پرشوبڵاوکردنەوەی پارەیش بۆ کەشوفشکردن، لە کۆشکی خونکاردا لە ئارادا بوو! پارە بەختکردنیش بەخۆڕایی لەناو خانەدانەکاندا باوبوو! ناپاکی و فرمان تێکدانیش کەوتبووە ناو فەرمانبەرانی فەرمانڕەواییەوە!.

خونکار و هاوکارەکانی لە کاربەدەستان و ژن ڕاکێشەکان و بازرگانانی گەنج و گەوهەر، دەیانگوت: «خونکار مافەکانی خۆی لە خودا وەرگرتووە.»

ئەم مافانەیش، لە کۆڕی فەرمانداریدا، جیاوازیی نەبوو، لە مافەکانی فیرعەونەکانی میسر!... کاروباری دارایی و سامان تەواو تێکچووبوو. خونکاریش کاربەدەستێکی شارەزای ئەم کاروبارانەی بانگ کردە لای خۆی ئەویش چەند پێشنیازێکی بۆ ڕاستکردنەوە و، چاککردنەوەی ئەو کاروبارانە پێشان دا. بەڵام خونکار بەگوێی نەکرد. واتا کاربەدەستەکانی خونکار و ژن ڕاکێشەکانی و گەوهەر فرۆشەکانی بەرپەچیان دایەوە.

جا ئەم بەرپەچدانەوەیە بوو، کە شۆڕشەکەی هەڵگیرساند. بۆرەپیاوانی «پاریس» هوروژمیان بردەسەر بەندیخانەی «باستیل»، تێکومەکانیان دا. ئەم بەندیخانەیە، نیشانەیەکی زۆر و ستەم بوو، کە لە نەتەوە دەکرا. چونکە خونکار پەڕەی سپیی دەدا بەخانەدانەکان بەمۆری خۆیەوە. خانەدانەکانیش هەرکەسێکیان ئارەزوو بکردایە دەگیرا و دەخرایە بەندیخانەی «باستیل»ەوە. لەناو نەتەوەیشدا کۆمەڵێک دامەزرێنرا، ناوی نرا: «کۆمەڵی نیشتمانیی دەستووری». نەتەوە پشتی دەگرت. بەڵام خونکار بەرەنگاریی دەکرد. بەڵام مافی نەتەوە، لە بێ مافیی خونکار بەهێزتر بوو!... ئەم کۆمەڵە «مافی مرۆڤ»ی ئاشکرا کرد. ئەمانەیش بەندە گرنگەکانین:

١- مرۆڤ بەئازادییەوە لە دایک دەبن. لە مافیشدا وەک یەکن. هیچیان لە هیچیان جوێ ناکرێنەوە. هیچیان ناخرێنە ژوور کەسی تریانەوە، تا چاکەی گشتی بەپێویستی نەزانێ.

٢- ئەم مافانە ئەمانەن: سەربەستی، سامانداری، ئاسایش، بەرەنگاری کردنی زۆرداری.

٣- هەموو گەورەیی و دەسەڵاتێک، سەرچاوەکەی نەتەوەیە.

٦- یاسا بریتییە لە شێوەی ئارەزوو و، خواستی گشتی. دانیشتوانی نیشتمانیش هەموویان مافیان هەیە لە دانانیدا هاوبەش بن. هەموو کەسێکیش لەبەردەم یاسا و پایە و فرمانی گشتیدا وەک یەک تەماشایان دەکرێ. کەسیان لە کەسیان پێش ناخرێن، بەپێی توانایی و هونەر و تێگەیشتن و کارگوزاری نەبێ.

٧- بەپێی یاسا نەبێ، نابێ تاوان بدرێتە پاڵ کەس، یان بخرێتە بەندیخانەوە، یان خانە بگیر بکرێ.

١١- سەربەستیی بیروباوەڕ نواندن لە مافەکانی مرۆڤە، بەمەرجێ خراپ بەکاری نەهێنێ لەو سنوورەدا کە یاسا دیاریکردووە.

١٢- دەسەڵاتی گشتی بۆ چاکەی هەموان دامەزرێنراوە، نەک بۆ چاکەی ئەوانەی هەڵسووڕاندنەکەیان دراوەتە دەست.

١٣- یەکسانی لە باجدان دا.

١٤- بڕیاردانی باج، دەبێ لەلایەن دانیشتوانی نیشتمانەکەوە و، جێنشینەکانیانەوە بێ.

١٥- کۆمەڵایەتی مافی هەیە چاو ببڕێتە کردەوەی هەموو فەرمانبەرێکی گشتی و پرسینەوەیشی لێ بکات.



١٦- جوێکردنەوەی هەر سێ دەسەڵاتەکان لە یەکتری: (یاسادانان) و (جێبەجێکردنی یاسا) و (بڕیاردان بەپێی یاسا).

ئەمانە هەموو مافی نەتەوە بوون کە خونکار «لویسی شانزەهەم» پەسندی کردن واتا بەسەر زاری دەیگوت باشن و، لەژێریشەوە بەگژیاندا دەچوو. چونکە ئەمیش کابرایەکی بەدکردار بوو وەک «چارلسی یەکەم»ی ئینگلیز!. چونکە خۆی و خانەدانەکانی دۆستی و کاربەدەستەکانی، هاواریان برد بۆ نەتەوە بێگانەکان کە هوروژم بهێننە سەر فەرەنسە. هەروەک سەربەخۆیی فەرەنسە، لە پێش چاوی خونکاردا هیچی نەهێنابێ وابوو. چونکە فەرەنسەیییەکان سووربوون لەسەر ئەوەی کە بەسەربەستییەوە بژین. نەتەوەی فەرەنسە، هەستی بەم ناپاکییەیان کرد، لەبەرئەوە یاساوڵێکی زۆر و بەچنگیان بەدیارەوە دانان، نەوەک خونکار ڕابکات. خونکار و ژنەکەی دەستیان بەدەربازبوون کرد. بەڵام نەتەوە هەردووکیانی گرت و هێنانیەوەماڵەوە. پاش ئەوە خونکار و ژنەکەیان خستە بەردەم دادگاه. دادگای بڕیاری بەسەر دان بەکوشتن. هەردووکیشیان کوژران... هەرچی یاسای زەویداری هەبوو، هەڵگیرا. ئەو بەندەی زەوییانەیش کە خونکار و کڵێسا و خانەدانەکان دەیانچەوساندنەوە و، وەک بەندە لەگەڵیاندا دەجووڵانەوە بوون بە «گەورە»ی خۆیان.

***

ئێستایش ئێمە پێویستمان بەوە هەیە کە لە پێشبینی (نظریە)یەکانی شۆڕش بکۆڵینەوە و، تێیان بگەین. بەڵێ، ئەم پێشبینییانەی کۆمەڵی تازەی فەڕەنسە بەکاری هێنان، کە ئەوە بوو لە ساڵی (١٧٨٩)دا گەیشتنە سەرە پۆپەی خۆیان لە کاتی ئاشکراکردنی شۆڕشدا بەرامبەر کۆمەڵایەتیی کۆن، کە ئیتر لەویشەوە بوو کە بەناو هەموو ئەوروپادا بڵاوبوونەوە.

شۆڕشەکە، نووسەرانی خۆی هەبوو، کە بەزمانی ئەوەوە قسەیان دەکرد و، وشەکانیان بۆ دیاری دەکرد و، ڕێگایان پاک دەکردەوە بۆ بزووتنەوەکانی و، «بێزارییەکی پیرۆز»یشیان بڵاودەکردەوە بەناو نەتەوەدا دەربارەی زۆرداریی خونکارەکان و، کردەوە نەنگیی خانەدانەکان و دەستدرێژیی کڵێساکان. خەوی دواڕۆژیان دەهاتە پێش چاو. لەبەرئەوە ئەوانە خۆشبین (متفائل) بوون. لە باوەڕکردنێکەوە بەخۆیان دەیاننووسی. تیشکی چرای هیوایان دەدی بەناو جەرگی تاریکیی زۆر و ستەمدادەهات و، جیهانی ڕۆشن دەکردەوە.

ئەو نووسەرانە زۆربوون: (ڤۆڵتێر) و (دیدەرۆ) و (دالامپێر) و (ڕۆسۆ) لەوان بوون. ئەوانە هەموویان پیشەیان سەربەستی پێکهێنان بوو. هەموو ژیانی خۆیان تەرخان کردبوو،

بۆ نووسراو دانان، چ لە بەندیخانەدا، چ لە ئاوارەییدا. ئەوانە باوەڕیان هێنابوو بەمرۆڤ. بەگەورەیی و سەربەرزیی مرۆڤ، کە نابێ تێی هەڵبدرێ، نابێ ئازار بدرێ. باوەڕیان هێنابوو بەسەربەستی مرۆڤ کە پێویستە سەربەست بێ لەوەدا کە بیر بکاتەوە و، بیر دەربڕێ و، کە باوەڕ بکات و، باوەڕ نەکات. هەروەها باوەڕیشیان هێنابوو بەوەی کە دەبێ نەتەوە خۆی فەرمانداری بەسەر خۆیدا بکات، نەک خونکار و خانەدانەکان!. ئەوانە هەموویان هەستیان وەک هەستی چینە تازەکە وابوو. واتا چینی بازرگانەکان و پیشەسازەکان و، هەموو ئەو کەسانەی کە دەژیان و دەرامەتیان پەیدا دەکرد، بێ ئەمەی بچنە ژێردەستی خانەدان و خاوەن زەوی و کڵێساکانەوە.

«ڤۆڵتێر» لە هەموویان زۆرتر دەنگی بەرز دەکردەوە. هەموو ژیانی خۆی تەرخان کردبوو بۆ بەرەنگاری کردنی گیری (تعصب) لە ئایندا. چونکە کەشیشەکان لە کاتۆلیکەکان بوون. بەپشتیوانیی «خونکار و خانەدانەکان»ەوە، ئازاری (پڕۆتستانت)ییەکانیان دەدا. دادگاکانیش، بڕیاری زۆر دڵڕەقانەیان دەدا، چاویشیان لە قسەی هەڵبەستراو و درۆ دەپۆشی. بەدرۆ بەڵگەیان دروست دەکرد بۆ سزادانی دژەکانی ئاینی کاتۆلیکی. «ڤۆلتێر»یش لەم کەینەوبەینانەی، یەک بەیەک دەکۆڵییەوە، هاواریشی دەبرد بۆ بیروباوەڕی گشتیی ئەوروپا، بۆ ئەمەی «ئازادیی دەروون» بپارێزێ. هەتا ئێستایش وشەی «نەنگی لەناوبەرن» بۆتە نیشانەیەک بۆ ئازادیخوازەکان. مەبەستیشیان لە (نەنگی لابەرن) ئەوەبوو کە زۆر و ستەم و کەللەڕەقی و گیری لە ئایندا هەڵبگیرێ.

نووسراوەکانی «ڤۆڵتێر» هەموویان، هاوارێک بوون بۆ ئازادی و سەربەستی: دەیگوت: «شارستانێتی و پێشکەوتن و مرۆڤایەتی، هەموویان، لە خوێندەوارییەوە پەیدا دەبن.». پێش شۆڕشەکە بەیانزە ساڵ مرد. هەرچەندە هانەی نەدەدا بۆ شۆڕش کردن، بەڵام داوای ئەوەی دەکرد، کە دەستوورێکی وەک دەستووری ئینگلیزەکان دابنرێ و، خونکارەکانیش ببەسترێنەوە، ماوەی زۆر و ستەمیان نەدرێ.

بەڵام (ڕۆسۆ)، بانگ کردنەکەی بۆ سروشت بوو، ئەوەندەی فڕی بەسەر شۆڕشەکەوە بوو، مەبەسی ئەو ئەوەبوو: «کە ئەوەی نەتەوە تێک دەدات و ژیانی ناخۆش دەکات، فەرمانڕەواییەکان و، خونکارەکان و دەست بڵاویی سەردارەکان و، زۆرداریی خانەدانەکان و، ئەم یاسای کۆمەڵایەتییە شارستانێتییەیە؛ کە هەتا ئەم یاسایە لەناو نەبرێ، نەدادپەروەری دەپارێزرێ، نە سەربەرزی و نە ڕێز، نە یەکسانی. کەواتە پێویست دەکات بگەڕێینەوە سەر سروشتی ساکار، کە نە کشوفشی کۆشک و سەرای خونکارەکانی تێدایە



و، نە زێڕ و زیو و گەوهەری کەنیزەکەکان و، نە خۆپەرستیی کڵێسا.».

بەلای (ڕۆسۆ)وە، پیاوی چاک ئەو کەسە نییە کە خوداناسی بکات و ئاینی هەبێ. ئەو کەسەیە کە هەر پێویستییەک سروشت پێشانی دەدات ئەوەی پێ خۆش بێ. سروشتیش لە هەموو بارێکیدا باشە. بەڵام شارستانێتی لە هەموو بارێکیدا خراپە. زانستەکانیش، یەکێکن لەو بەرە خراپانەی کە شارستانێتی داوێتی...

لە ناوەند «ڤۆڵتێر» و «ڕۆسۆ»دا جیاوازییەکی گەورە هەیە، لەوەدا کە «ڤۆڵتێر» دەڵێ چارەی خراپیی کۆمەڵایەتی بەسەربەستی و چاو لێ پۆشین دەکرێ. کەچی «ڕۆسۆ»یش دەڵێ چارەی خراپیی کۆمەڵایەتی ئەوەیە کە بگەڕێینەوە سەر سروشت و، لە ڕەوشت و خووی شارستانێتیی خراپ خۆمان دووربخەینەوە. بەڵام هەردووکیان لەوەدا یەکن کە دەڵێن: کۆمەڵایەتی خراپ بووە و تێکچووە، چارەکردنیشی زۆر پێویستە. چارەکردنی ئەو خراپە و تێکچوونەیش، بەپێی هۆش و بیروباوەڕی ئەو ڕۆژانە، بەشۆڕش پێک دەهات.

«ڕۆسۆ»یش هەر لەو ساڵەدا مرد کە «ڤۆڵتێر» تێیدا مرد. واتا پێش شۆڕش بەیانزە ساڵ. بەڵام هەردووکیان لەوەدا سەرکەوتن کە بێزاریی خۆیان لەو باری کۆمەڵایەتییە بڵاوکردەوە بەناو هەموو لایەکدا.

گەورەتر لە «ڤۆڵتێر» و گەورەتر لە «ڕۆسۆ»یش، «دیدەرۆ»یە. ئەمیش لە ساڵی (١٧٨٤)دا مرد. واتا پێش شۆڕش بەپێنج ساڵ. ئەو لە هەردووکیان گەورەتربوو، چونکە ئەو خەوێکی وای دیبوو، کە ئەوان نەیاندی بوو ئەویش هێزی پڕشنگداری زانست بوو. زانستی گشت لاییی فەرەنسەییی لەناو حەڤدە بەرگ نووسراودا، دانابوو. ئامانجەکەیشی ئەوەبوو، کە هەرچی زانیارییەک هەیە، تۆماری بکات، بەو باوەڕەوە کە ئەو خوێندەوارییەیە، کە لە سایەی ڕەنج و تێکۆشانی مرۆڤایەتییەوە پێکهاتووە. ئەو ئەوەندەی بەتەنگ پێشکەوتنی داهێنان و دۆزینەوەوە بوو، ئەوەندە بەتەنگ ڕاستی پەرستیی «ئەرستوو» و وێژەی «شکسپیر» و هۆنراوەکانی «ڕاسین»ەوە نەبوو، وا لێرەدا ئەو قسانەی دەنووسینەوە، کە لەژێر وشەی داهێنان (إختراع)دا نووسیویەتەوە:

«لەو داهێنراوە بەکەڵکانەدا، کە لە سەدەکانی سیانزەهەم و چواردەهەمدا، دەیانبینین، دەستیاوی لێکۆڵینەوەی ئەو کەسانەمان بەسەرەوە نییە کە پێیان دەڵێین: (پیاوانی مێشک)، یان پێیان دەڵێین: (ڕاستی پەرستە خاوەن بیرەکان). نەء. چونکە لە ڕاستیدا، ئەم داهێنراوانە بەهۆی ئارەزوو (غریزە)ی، میکانیکییەوە پەیدابوون. واتا بەهۆی ئەو هونەرمەندییەوە پەیدابوون کە سروشت دەیبەخشێ بەهەندێ کەسان بۆ دروستکردنی ماشین

و کەرەستەی فرمانکردن، کە زۆر دوورن لە ڕاست پەرستی (فلسفە)یەوە.».

ئەم قسانەیش چەند واتایەکی قووڵیان تێدایە:

١- خوێندەواریی بەکەڵک ئەوەتا: بەهۆی داهێنان و دۆزینەوەوە بەکاری کۆمەڵایەتی بێت.

٢- پیشەسازێک کە لە کارخانەکەی خۆیدا شت دادەهێنێ و شت تازە دەکاتەوە، چاکترە لەو خاوەن مێشکەی بەتەنیا لەناو نووسراوخانەکەی خۆیدا دەنووسێ.

٣- خوێندەواری، چ لە ڕووی (هۆ)وە، چ لە ڕووی (ئامانج)ەوە، دەبێ بۆ کەڵکی کۆمەڵایەتی بەکاربهێنرێ. کارخانەیش ئەم (هۆ) و (ئامانج)ەیە.

جا لەبەر ئەم بیروباوەڕانە بوو، کە (دیدرۆ) دەچووە لای پەنیر دروستکەران و، گاوان و، دارتاشەکان و، ئاسنگەرەکان، لە پیشەسازییەکانیاندا لێکۆڵینەوەی دەکرد، قسەکانیانی لێ وەردەگرتن، هۆی کارکردن و ئامانجی کارکردنیشیانی ڕۆشن دەکردەوە. ئەم لێکدانەوە و، ڕۆشنکردنەوانەی پێ باشتربوو، لەو بابەتە نەبینراوانەی کەشیشەکان کاتی خۆیان بەلێدوان و گفتوگۆکردن لەسەریانەوە بەخت دەکرد.

«ڤۆڵتێر»، هاوارکردنەکەی بۆ سەربەستی و چاو لێ پۆشین بوو. هەروەها بۆ ئەوەیش بوو کە مرۆڤ بەوە بەرز دەبێتەوە، کەلە ژیانی تێگەیشتوان زانایان و ڕاستی پەرستان بکۆڵێتەوە. توانیشی کار بکاتە دڵ و دەروونی ئەوروپاییەکان، لە خۆپەرستیی ئایینییەوە گۆڕینیە سەر چاو لێ پۆشین.

«ڕۆسۆ»یش هاواری بۆ ئەوە دەکرد، کە بگەڕێینەوە سەر سروشت و، واز لە بابەتی خۆ نواندن و درۆ هەڵبەستن و کەشوفش بهێنین. دووبارە چەسپاندییەوە دڵی هەمووان کە سروشتی مرۆڤایەتی خۆی لەخۆیدا چاکە، بەڵام بەهۆی زۆر و ستەمی کۆمەڵایەتی و فەرمانڕەواییەوە تێک دەچێ و خراپ دەبێ.

«دیدەرۆ»یش هاواری بۆ ئەوە دەکرد، کە زانست بۆ کەڵکی کۆمەڵایەتی بەکاربهێنرێ. مەبەسی هەرە گەورەی زانیاریی مرۆڤایەتییش ئەوەیە کە کۆمەڵایەتی بەرز ببێتەوە و پێ بکەوێ.

جا ئەم هەموو بیروباوەڕانە بوو کە شۆڕشەکەی هەڵگیرساند. لە هەموو شۆڕشێکیشدا، لایەنگیرییەکمان چاو پێ دەکەوێ بۆ لای هەژاران. دەمەقاڵێیەکی زۆریشی لەگەڵدا دەکرێ لە بابەت سامانی لە ئەندازە بەدەر و هەژاریی لە ئەندازە بەدەرەوە. تەنانەت جاری وایش



هەیە کە بیر بەلای هاوبەشی واتا (الاشتراکیە)دا دەچێ؛ هەرچەندە لە ڕووی پێڕەوی و ئامانجەوە لە هاوبەشی ناکات. چونکە لە شۆڕشی قولەڕەشەکانی (بصرە)دا مەبەس ئەوە بوو، بەندەیەتی هەڵبگیرێ. ئەو هەژارییەیش لاببرێ کە خاوەن زەوییەکان تووشی بەندەکانیان کردبوو. ئەوەیش بەوە کە مافی تازەیان پێ ببەخشرێ. هەروەها لە هەر چوار شۆڕشەکەی میسریشدا، لەسەردەمەکانی (عمر مکرم) و (عرابی) و (سعد زغلول) و (١٩٥٢)دا، هەر ئەم مەبەسانە هەبوون. لە شۆڕشەکانی ئینگلیز و شۆڕشی گەورەی فەڕەنسەیشدا هەر وابوو. تەنانەت دەتوانین بڵێین: کارەساتی شۆڕش و ڕووکەشەکانی شۆڕش هەرچۆنێک بن، لە هەر کاتێکیشدا شۆڕش قەومابێ، هۆیەکی ئابووری هەر هەبووە لەناو ئەو شۆڕشەدا، کە لەوەوە هەستی شۆڕشەکە و وشەکانی ناوونیشانەکانی پەیدابوون. ئێمە نابێ لەمە سەرمان سوڕبمێنێ. چونکە ئەو دادپەروەرییەی هەموو شۆڕشێک دەیدا بەگوێماندا، کە هەموو چینێکی سەرکردەی شۆڕشەکە بانگی بۆ دەدا، لەڕاستیدا، بۆ هەموو کەسێکە لە نەتەوەکەدا. جا ئەم دادپەروەرییە، هەموو دەمێک پەیوەندیی هەیە، بەدەست تەنگییەوە، بەهەژارییەوە، بەباجەکانەوە، بە ناز و جیازی زۆردارانەی هەندێ دەستەوە، بە داگیرکردنی هەندێ سەرچاوەی ئابوورییەوە، لەلایەن کەسێک یان چەند کەسێکەوە، بەو ڕێگای بەرهەم هێنانەوە، کە دەوڵەمەندی و هەژاری و بەخشین و بەشبڕاویی تێدا هەبێ!...

لەبەرئەوە نیشانەی بیروباوەڕی (هاوبەشی) لەناو هەموو شۆڕشێکدا دەبینین. هەروەها ئەو خەوە ئابوورییە پڕ دادپەروەرییە دەبینین، کە نووسەری شۆڕشگێڕ بەئەسپایی هەستی پێ دەکات، هەروەک خەوێک بێ و لەناو تاریکاییدا بیبینێ وایە.

ئەم بارە، هەر بەم جۆرە مایەوە، تا شۆڕشەکانی ساڵی (١٨٤٨) هاتنە پێشەوە و، هەموو پایتەختەکانی ئەوروپایان گرتەوە. جا لەو شۆڕشانەدا ئامانج و پێڕەویی (هاوبەشی) بەئاشکرا دەبینین.

## جان جاک ڕۆسۆ: بانگدەری شۆڕش

پێش ئەمەی شۆڕشی فەڕەنسە هەڵبگیرسێ، گەلێک پیاوانی خاوەن بیر هەبوون، ڕێگایان بۆ پاک دەکردەوە و، بیروباوەڕیان بۆ دادەنا و، دوژمنەکانیان بۆ دەشکاند... «ڤۆڵتێر» و «دیدرۆ» و «دالامپیر» و «جان جاک ڕۆسۆ» لەو کەسانە بوون. ئەوانە هەموویان هاواریان بۆ ئەوە دەکرد کە مافی هەموو کەسێک، لە ناو نەتەوەدا، وەک یەکی

لێ بێت. ئەو یەکسانییەیش، یاسای زەویداری و، ناز و جیازی خونکاری بەرپەچیان دەدایەوە. هەروەها بۆ ئەوە هاواریان دەکرد کە کڵێسا لە ژیانی شارستانێتی بکەنە دەرەوە و، ئەو ناز و جیازەیش کە هەیەتی لێی ببڕن. هەروەها بۆ ئەوە هاواریان دەکرد کە ژیانێکی پێشکەوتووانە بژین، کە هەروەک «دیدرۆ» و «ڤۆڵتێر» ئەو ژیانەیان دەهێنایە پێش چاوی خۆیان بنچینەکەی لەسەر زانست و شارەزایی بوو.

«جان جاک ڕۆسۆ»یش، بێ ئەمەی هەست بەخۆی بکات، لە هەموو کەس زۆرتر بانگدەری شۆڕش بوو. چونکە بیروباوەڕەکانی شۆڕش، کە هەتا ئێستایش هەر بەهی شۆڕشی گەورەی فەڕەنسەی دەزانین بریتین لەم سێ وشەیە: (سەربەستی) و (برایەتی) و (یەکسانی)!. ئەو سێ وشەیش هی «جان جاک ڕۆسۆ»ن!. ئێمە دەڵێین: «جان جاک ڕۆسۆ» خۆیشی نەیدەزانی کە بانگ بۆ شۆڕش دەدا. چونکە هیچ وشەیەکی ئاشکرا و ڕوون لەناو نووسراوەکانیدا نادۆزینەوە کە بۆنی شۆڕشی لێ بێت. بەڵام ژیانی «جان جاک ڕۆسۆ» و نووسراوەکانی ئەو، هەموویان پێچەوانەی یاسای پێش شۆڕشەکە بوون، کە لەناو کۆمەڵایەتی و فەرمانڕەواییدا زاڵبوو، تا گەیشتنە ڕادەیەکی وەها کە ئەو ژیانەی ئەو و، ئەو نووسراوانەی ئەو، کرانە بیروباوەڕی گشتی بۆ ژیانی نوێ، ژیانی پاش شۆڕش، واتا:

«ژیانێکی ساکار لە گوزەراندا، لەجیاتیی ئەو ناز و جیازەی خونکار و خانەدانەکان و دەوڵەمەندەکان تێیدا دەژیان. هەروەها ژیانی ناو سروشت و، بەرزکردنەوەی پایەی دەرودەشت و لادێ و ساکاریی ژیان، لەجیاتیی بەرزکردنەوەی پایەی شارەکان و، ڕەوشت و خووی شارستانێتیی پڕ ئەرک و ئازار، بەهۆی بەزموڕەزم و، پارەی زۆر ویستنەکەیەوە. هەروەها باوەڕکردن بەئاین بەو پێیەی کە لە سروشتدا چاومان پێی دەکەوێ، نەک بەو پێیەی لەلای کەشیشەکان دەیبینین. هەروەها هەستی مرۆڤایەتی بەرامبەر مرۆڤ، لەجیاتیی هەستی چینایەتیی ناو خانەدانەکان.

پشت بەستن بەڕووخۆشی و خۆشەویستی و برایەتی، لەجیاتیی ڕووگرژی و، دڵڕەقی و، کەشوفش نواندن بەسەر نەتەوەدا.».

ئنجا کە سەرنج لەم بیروباوەڕانە دەدەین و، لێیان ورد دەبینەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە «ڕۆسۆ» شان بەشانی نەتەوە دەوەستێ و لە ڕیزی ئەوان دایە. هاوارەکەیشی کە دەیکات، ئەوە دەگەیێنێ کە پێویستە فەرمانڕەوایی و، خوێندنگا و، هەموو دامەزراوەکانی فەرمانڕەوایی و کۆمەڵایەتی ببن بەهی نەتەوە. جا لەبەرئەوەیە کە گوتوویەتی: (سەربەستی) و (برایەتی) و (یەکسانی). «جان جاک ڕۆسۆ» لە خێزانێکی فەرەنسیی



کۆن لە دایکبووە، کە لە فەرەنسەوە چووبووە «سویسرە». لە شاری «جنێڤ»دا لە دایکبووە، لە ساڵی (١٧١٢)دا. «سویسرە»یش لەو کاتەدا، ئەوەندەی نەمابوو، کە تاکە خاکێک بێ لەو ناوەدا سەر بەیاسای کۆماری کە هەموویان لەژێر فەرمانداریی خونکاردا بوون. جا لەبەرئەوە «جان جاک ڕۆسۆ» شانازیی بەشارەکەی خۆیەوە دەکرد. کە مۆری خۆیشی دەکرد، ئەم واژەیەی پێوە دەنووساند: «هاونیشتمانێک لە جنێڤدا». هەموو تەمەنی خۆی لە فەرەنسەدا بەخت کرد. خۆی هاوێشتە ناو کۆمەڵایەتیی فەرەنسەوە، بەهەموو گیروگرفتێک و هونەرێکیەوە، شاری (پاریس)یش نیشتمانی مێشکی و جێگا شەڕی پێشبینییە ڕاستی پەرستییەکانی بوو[١].

ئەوی لە ژیانی «ڕۆسۆ» وردببێتەوە، دوورنییە بڵێ: هیچ شتێک لە خوێندنگادا فێر نەبووە، بەڵام خۆی خۆی کرد بەخوێندەوار. ئەوەندە زیرەک بوو، توانی چاکترین نووسراوان هەڵ ببژێرێ و خۆی پێی فێری خوێندەواری بکات. شێوەی ژیانەکەیشی وای لێکردبوو کە مێشکی خۆی بکاتەوە بۆ وەرگرتنی بیروڕا. باوک و دایکی لە تیرەی پڕۆتستانەکان بوون، کە لە ئاینی کاتۆلیکی هەڵگەڕابوونەوە. بەڵام کاتۆلیکەکان توانیبوویان بیخەنە پەرستگایەکی خۆیانەوە و، بیگێڕنەوە سەر ئاینی کاتۆلیکی. بەڵام لەناو پەرستگاکەدا کەموکووڕیی وای دی، کە ناچاربوو، بیر لە واتاکانی ئاین بکاتەوە. دوایی چووە سەر ئەو باوەڕەی کە ئاین بریتییە لەسەربەرزی و چاکەخوازی و برایەتی.

هەروەها لە هەرەتی کوڕێنییدا ئافرەتێکی چاکەخوازی ناسی. پەنای دایە و، خواردەمەنیی پێشکەش کرد و، دڵدارییشی لەگەڵدا کرد. (ڕۆسۆ) لەو ئافرەتەوە، ئەوە فێربوو، کە دڵ چاکی بەشێکە لە سروشتی مرۆڤ. ئەم باوەڕەی، بووە سەرەتای بیروباوەڕی ژیانی و ئاینە کۆمەڵایەتییەکەی: «مرۆڤ هەموو چاکن، بەڵام شارستانێتی و زۆرداریی فەرمانڕەوایی و کۆمەڵایەتی خراپیان دەکات و، کردەوە و ڕەوشتیان تێک دەدات.». تێکڕا هەموو پێشبینییە ڕاستی پەرستییەکانی دەچنەوە سەر ئەم بیروباوەڕەی.

لە دوای ئەوە دەیبینین، ڕقی لە کڵێسا دەبێتەوە. بەڵام حەز لە مەسیحێتی دەکات. بابەخ دەدات بەخۆشەویستی و دڵداری. بەڵام ڕقی لە خۆبەستنەوە بەژنهێنانەوە دەبێتەوە، لە کانی دڵیەوە هەستی بەخراپیی ئەو کۆمەڵایەتییە دەکرد کە تێیدا دەژیا، تەنانەت وای لێهات کە منداڵەکانی لە دایک دەبوون دەیبردنە کن ئەو پەناگاهانە کە منداڵی بێ دایک

(١) ئەم رستەیە، بەم مانایە دێت: «كانت پاريس مركذاً لأفكاره وموطناً لصراح نظرياته الفلسفية».

و باوکیان بەخێو دەکرد. چونکە هەرچەندی دەکرد، نەیدەتوانی بیانبینێ و، ئۆبالّی ژیانی دوارۆژیان بخاتە ئەستۆی خۆی، لە کۆمەڵایەتییەکی وا تێکچوو و خراپدا؛ کە لەپاش مردنی خۆی بەیانزە ساڵ شۆڕشی گەورەی فەڕەنسە گۆڕی.

لە شاری (پاریس)دا، وێژەی کرد بەپیشە بۆ خۆی. لە بابەت چیرۆکی مەرگەسات (دراما) و ڕاستی پەرستی و کۆمەڵایەتییەوە گەلێک نووسراوی دانا. هەندێ لە نووسراوەکانی کە بیروباوەڕەکانی و ئامانجەکانی پێشان دەدەن ئەمانەن:

(پێشکەوتنی زانست و هونەر دەبێتە هۆی تێکدانی کردەوە و ڕەوشتی مرۆڤ و سەرگەردانییان». لێرەدا مەبەسی لە زانست و هونەر ئەو شارستانێتییە زۆردارەیە کە لە سەردەمی «لویسی شانزەهەم»دا فەڕەنسە تێیدا دەژیا. بەو بیرە کە ئەم شارستانێتییە بەری ئەو زانست و هونەرەی ئەو سەردەمە بووە.

نووسراوێکی تریشی دانا، ناوی نا: «پەیمانی کۆمەڵایەتی». تێیدا نووسی بووی: «دەبێ فەرمانڕەواییەکان بەپێی ئارەزووی نەتەوەکان دابمەزرێنرێن. لە ناوەند فەرمانڕەواییەکان و نەتەوەکانیشدا پەیماننامەیەکی نهێنی هەیە، کە هیچ فەرمانڕەواییەک کارێک نەکات، کە ئازاری نەتەوە بدات.».

لە نووسراوێکی تریشیدا، «ئیمیل» کە لە بابەت پەروەردە کردنەوە نووسیبووی، دەڵێ: «ئاینی ڕاستەقینە ئەوەتا کە لە سروشتەوە فێری دەبین، نەک لە کڵێساوە».

ئنجا کە سەرنج لەم جۆرە نووسراوانە دەدەین، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو کۆمەڵایەتییەی فەرەنسەیە، کە خانەدانەکان گەورەییان بەسەرەوە دەکرد و، یاسای زەویداریی تێدا دامەزرابوو، کۆمەڵایەتییەکی خراپ بوو. فەرمانڕەواییەیش کە بەستراوە بەپەیماننامەیەکی نهێنییەوە بەرامبەر نەتەوە، پێویستە بەکاری نەتەوە بێت. ئەگەر فەرمانڕەوایی ئەو فرمانەی خۆی بەجێ نەهێنا و، بەکەڵکی نەتەوە نەهات، پێویستە دەربکرێ. هەروەها ئەو کڵێسایەیش کە بەناز و جیازەوە دەژی و بووەتە خاوەن زەوی و ساختمان، پێویستیمان پێی نییە. لە ڕاستیدا پێویستیمان بە لێ وردبوونەوە هەیە لە سروشتدا، بۆ ئەمەی لە ڕاستیی ئاین تێ بگەین.

فەرمانڕەوایی فەرەنسەیش دەستی کرد بەڕاوەدوونانی، بۆ ئەمەی بیگرێ و، چەندوچوونی لەگەڵدا بکات، لەسەر ئەوەی کە لە بابەت ئاین و کۆمەڵایەتی و شارستانێتییەوە نووسیبووی. ئەویش ڕای کرد بۆ «سویسرە». لەوێشەوە گوێزایەوە بۆ



خاکەکانی تر. لە دڵیشدا زۆر بەئازار بوو. هەستی بەخۆی وا دەکرد، کە فەرمانڕەوایی لەدووی دەگەڕێ بیگرێ، کۆمەڵایەتییش حەزی لێ ناکات و کە نەفتی کردووە. بەڵام لەڕاستیدا، پەیی بەوە نەدەبرد کە دوارۆژ لەگەڵیدا دەبێ و، پشتیوانیی دەکات. چونکە نووسراوەکانی هەوێنێک بوون، کاریان لە دەروونی نەتەوە دەکرد و، ئامادەیشیان دەکرد بۆ بەگژداچوونی فەرمانڕەوایی و کڵیسا پێکەوە. «ڕۆسۆ»یش کە حەزی لەو کۆمەڵایەتی و فەرمانڕەوایی و کڵێسایە نەدەکرد، بۆ کۆمەڵایەتییەکی تر ئاواتی دەخواست، کە دادپەروەری ببێتە گەورەی، برسیی بەشبراو و ڕەنجەڕۆی تێدا کۆنەبێتەوە لەگەڵ تێری سک زلدا. جا لێرەوە بوو کە ئەو وشانەی داهێنا، کە لەپاشدا بوونە ناوونیشانی شۆڕشەکە: (سەربەستی) و (برایەتی) و (یەکسانی). دەتوانین بڵێین هەموو نووسراوەکانی بریتی بوون لە ئاوات!.

ئەم ئاواتانەیش لە جیهانی وێژەدا پێی دەڵێن: «بزووتنەوەی ڕۆمانتیکی» یاخود «باوداهێنان». چونکە «ڕۆسۆ» کۆمەڵایەتییەکی تری دەهێنایە پێش چاوی خۆی، کە خۆی دایهێنابوو کە لە مێشکی خۆیدا دروستی کردبوو. ئەو کۆمەڵایەتییەیش ڕەوشت و خوویەکی تری هەبوو، کە جیاوازبوون لەو شتانەی لە ئارادا بوون. (دیمۆکراتی) و (فەرمانڕەوایی نەتەوەی) لەو شتانە بوون کە «ڕۆسۆ» دایهێنابوون لە سەردەمی «لویسی شانزەهەم»دا، فەرەنسە گەلێک خاوەن بیر و وێژەوانی تێدا پەیدا بووبوو. ڕەنگە ئەو سێ کەسە لە هەموویان زۆرتر ڕێگایان بۆ شۆڕشی فەڕەنسە کردبێتەوە: «جان جام ڕۆسۆ»: کە نامەکەی ئەو بریتی بوو لەوەی مرۆڤ بەسەربەستی لە دایک بووە. بەڵام بەهۆی کۆمەڵایەتیی فەڕەنسە و فەرمانڕەوایی فەرەنسەوە بووە بەبەندە. «مەسیحێتیی ڕاستەقینە»یش بریتییە لەوەی کە ئیمرۆ بەهاوبەشی (الأشتراكية) دادەنرێ.

«ڤۆڵتێر»یش نامەکەی بریتی بوو لەوەی کە پێویستە کۆمەڵایەتیی فەرەنسە بگۆڕێ. ئەویش بەلابردنی ئەو خانەدانانە پێک دێ کە بۆ دامەزراندنی خۆپەرستیی ئاینی تێدەکۆشن و، هەر کەسێکیش پێچەوانەی ئارەزوویان ببزوێتەوە ئازاری دەدەن. هەروەها بەلابردنی ئەم تەختی خونکارییە پێک دێ کە چاوی بەرایی نادات کۆڕێکی نەتەوەی دەستووری ببینێت.

«دیدرۆ»یش دەیگوت: زانست و پیشەسازی لە باریاندا هەیە مرۆڤایەتی بگۆڕن، پێویستە ئێمەیش خۆمان نەخەینە بەردەستی ئەو شتانەی کە ڕێک ناکەون لەگەڵ هۆشدا.

دەبێ خۆمـان لە بیـروباوەڕی پڕوپووچ و ڕێژگـاوی دووربخـەینەوە. پێـویسـتـە هەر باوەڕ بەزانست بکەین و پشت بەو ببەستین.

جا لەبەر ئەمە بوو کە ئەو هەمـوو ڕیزە نووسراوانەی نووسی، کە هەرچی زانیـارییـەکی مرۆڤایەتیی سەردەمی خۆی هەبوو تێیدا بوو.

## شۆڕشی ئەمەریکا

لە ناوەند ساڵەکانی (١٥٥٠) و (١٧٥٠)دا شەڕوشۆڕی کڵێسا و خونکارەکان ئەوروپایان پارچە پارچە کردبوو. ئەوروپا دەیناڵاند بەدەست ئەو دووبەرەکییەوە، کە لە ناوەند (پرۆتستانت) و (کاتۆلیک)دا پەیدابووبوو. هەروەها وەڕس بووبوو لە دەست چاوبرسێتیی ئەو خونکارە خوێڕییانەی، لە گەورەیی وا تێگەیشتبوون کە بریتییە لە داگیرکردنی خاکی ئەڵمانیا بۆ فەڕەنسە، یاخود داگیرکردنی خاکەکانی سەر بەئیسپانیا بۆ ئینگیلتەرە، یان بەپێچەوانەی ئەوانەوە!! کڵێسای کاتولیکیشی، هانەی دەدا ئاینی پرۆتستانتیی نوێ لەناوببرێ. هەر شەڕێکیش هەڵبگیرسایە بۆ ئەم مەبەستە، ئەو پشتیوانیی دەکرد. لە سایەی خونکارەکان و کڵێساکانەوە، هەژاری و برسێتی ئەوروپایان داگیر کردبوو.

(ئەمەریکا)یش ئەو «جیهانە تازە»یە بوو، کە هێشتا ئاشنایەتیی لەگەڵ خونکارە خوێڕییەکاندا پەیدا نەکردبوو، کە هەموو دەم لە پێناو چاوبرسێتیی خۆیاندا شەڕیان هەڵدەگیرساند و، خوێنیان بەڕژان دەدا. هەروەها لەگەڵ کڵێساکانیشدا ناسیاویی نەبوو، کە بەهۆی ناز و جیاز و سامان پێکەوەنانێکی (١٦٠٠) ساڵییەوە، ئەو هێزە گەورەیەی بۆ خۆی لە ئەوروپادا پێکەوە نابوو.

لە فەرمانداریدا، ئاینەکەی: کۆمارێکی دیمۆکراتی بوو.

لە ئایندا، ڕەوشتەکەی: سەربەستیی ئاین بوو.

جا هەر لەبەرئەوە بوو کە هەموو ساڵێک بەهەزاران ئەوروپایی کۆچیان دەکرد بۆ ئەمەریکا.

خاکە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایش بەشێک بوو لەو خاکانەی سەر بەبەریتانیا بوون. خونکار (جۆرجی سێهەم)یش باوەڕی وابوو، کە دەبێ ئەمەریکاییەکان دان بنێن بەشا کڵاو و تەختی شاهی و داردەستەکەیدا. فەرمانڕەواییی بەریتانیایش مافی هەیە باج



دابنێ و لە ئەمەریکاییەکانی بسێنێ. بەڵام ئەمەریکاییەکان خۆیان بەئازاد دەزانی، باوەڕیان وابوو کە سەربەستن، بەڕەوایشیان نەدەزانی، باجیان لەسەر دابنرێ، تا ڕاوێژیان پێ نەکرێ و لەلایەن خۆیانەوە ئەو باجدانە پەسند نەکرێ.

فەرمانڕەواییی بەریتانیایش پەکی کەوتبوو لەسەر هەندێ پارە کە شەڕەکانی خۆی پێ ببات بەڕێوە. کە سەرنجی دا بەریتانیاییەکان باجیان زۆر لەسەر دانرابوو، لەبەرئەوە هەندێ باجی لەسەر ئەمەریکاییەکان دانا. بەڵام ئەمەریکاییەکان لێی ڕاستبوونەوە و، چوون بەگژیدا دوایی فەرمانڕەواییی بەریتانیا ملی دانەواند و باجەکانی لەسەر هەڵگرتن بەڵام کۆڕی نەتەوەی خستە سەر بڕیاردانی ئەوە کە مافی هەیە باج لەسەر خاکە ئاوەدانکراو (مستعمرة)ەکەی ئەمەریکا دابنێ کە ئێستاکە ئێمە پێی دەڵێین: «خاکە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا»، کە لەڕاستیدا «فەرمانڕەواییی یەکگرتووەکانی ئەمەریکا»ن. ئەمەریکاییەکانیش لەم زۆرەملێ کردنەی بەریتانیایەوە تێگەیشتن کە نیشتمانەکەیان بەخاکێکی داگیرکراو دانراوە، کۆڕی نەتەوەی ئینگلیزیش لە (لەندەن)دا مافی بەخۆی داوەکە باج دابنێتە سەر شارەکانی ئەمەریکا، وەک«بۆستن» و «نیویۆرک» و هی تر... لەبەرئەوە دەستیان کرد بەخۆ ئامادەکردن بۆ شەڕ و بەرەنگاری کردن. کۆڕی نەتەوەی ئینگلیز، باجێکی سووکی خستە سەر ئەو چایەی کە بۆ بەندەرەکانی ئەمەریکا دەهات. بەڵام ئەمەریکاییەکان ئەو باجەیان نەدا و، چایەکەیشیان سووتاند. ئنجا چوون بەگژ هێزەکانی بەریتانیادا. چەند سەربازێکیشیان کوشت. کەشتییەکانی ئینگلیزیشیان سووتاند. ئیتر کۆڕی نەتەوەی ئینگلیزیش لە لەندەندا ئاشکرایان کرد کە بەندەری (بۆستن) دادەخەن، لە سزای ئەوەدا کە ئەمەریکاییەکان ئەو باجەی لەسەریان دانراوە نایدەن!...

شەڕ هەڵگیرسا. «واشینگتون»ی گەورە، نەتەوەی سەربەستی ئەمەریکای دابووە پێش خۆی و، دەیکرد بەگژ لەشکری ئینگلیزدا کە لە دواییدا شکا. پێشەواکانی ئەمەریکا کۆبوونەوە و، سەربەخۆیی ئەمەریکایان ئاشکرا کرد و، دەستووری خاکە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایان دانا. ساڵ، ساڵی ١٧٧٦ بوو. بەندە گرنگەکانی ئەمانە بوون:

١- نابێ کۆڕی نەتەوە (کۆنگرێس) یاسای وا دابنێ کە ئاینێکی دیاریکراو پشتگیری بکرێ. یاخود بەربەستی ئایینداری بکرێ.

٢- نابێ کۆڕی نەتەوە بۆ سەربەستیی وتاردان یاخود بۆ سەربەستیی ڕۆژنامەگەری، سنوور دابنێ.

٣- نابێ کۆڕی نەتەوە یاسای وا دابنێ کە پەکی نەتەوە بخات لە کۆبوونەوەی ئاشتیخوازانە لە سکالاٚ پێشکەشکردن بەفەرمانڕەوایی بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی، یاخود بۆ لابردنی زۆرداریيەکانی.

٤- نابێ کۆڕی نەتەوە، نەتەوە بەربەست بکات لە هەڵگرتنی چەک.

٥- نابێ سەرباز لەناو خانوودا بحەوێنرێنەوە، هەتا خاوەن خانووەکان ڕێگا دەدەن بەخۆشیی خۆیان. ئەمەیش هەر بۆ کاتی ئاشتییە. بەڵام لە کاتی شەڕدا، بەهیچ کلۆجێک ئەمە نابێ بکرێ، مەگەر بەپێی پێڕەوییەک بێ کە یاسا بڕیاری لەسەر بدات.

٦- نابێ دەستدرێژی بکرێتە سەر ڕێزی مرۆڤ و ناو ماڵ و، خواردەمەنی و، کەلوپەل و، زەوی و، سامانی، چ بەهۆی پشکنینەوە بێ، چ بەهۆی گرتنەوە بێ، کە هەردووکیان ناڕەوان.

٧- لەپاش بڕیاردانی (کۆمەڵی گەورەی سوێند خواردوو) نەبێ نابێ کەس بگیرێ لەسەر تاوانباری بەکوشتن، یاخود بەهەر کەتنێکی سامناک و نەنگی ترەوە. ناشبێ زۆری لێ بکرێ کە ڕاستی لە خۆی بڵێ. هەروەها ناشبێ لە ژیان و سەربەستی و سامانەکانی بێ بەش بکرێ بەهۆی یاساوە نەبێ.

٨- نابێ فەرمانڕەوایی سامانی تایبەتیی کەس داگیر بکات تا تۆڵەیەکی دادپەروەرانەی بۆ نەکاتەوە.

٩- لە هەموو کاروبارێکی چەندوچوون کردنی دادگای کەتنە گەورەکاندا، کە لەگەڵ بەدناوکراودا دەیکات، بەدناوکراو مافی هەیە کە بەئاشکرا و گورجوگۆڵی چەندوچوونی لەگەڵدا بکرێ، لەبەردەم کۆمەڵێک سوێند خواردووانی دەروون پاکدا، لەو خاکە یان لەو بنکەیەدا کە کەتنەکەی ڕووی تێدا داوە[١]. بەدناوکراویش مافی هەیە کە بەزۆر ئاگادار (شا)ەکان بهێنێتە بەردەم دادگا، هەر زانیارییەکیان لە بابەت کەتنەکەوە هەیە دەری بخەن، تا بتوانێ مافی خۆی بپارێزێ. هەروەها مافیشی هەیە پشتیوان (محامی = پارێزەر) بۆ پاراستنی مافی خۆی دیاری بکات.

١٠- پێویستە لە ناونەبردنی هەندێ ماف لە دەستووردا وا تێنەگەن کە گوێ نەدراوەتە مافەکانی نەتەوە، یان بەچاوی سووک تەماشای مافەکانی نەتەوە کراوە.

لە پێشەکیی نامەی «ئاشکراکردنی سەربەخۆیی»دا ئەم وشە پیرۆزانەیش نووسرابوون:

(١) ڕاستتر:... کەتنەکە تێیدا ڕوویداوە.



«ئێمە باوەڕمان بەم ڕاستییە ئاشکرایانە هەیە. کە هەموو کەس وەک یەک لە دایک بوون. خودایش چەند مافێکی بەیەک بەیەکیان داوە، کە خۆیشیان ناتوانن دەستی لێ هەڵبگرن. هەندێ لەو مافانە: (ژیان) و، (سەربەستی) و، (ئارەزووی کامەرانی)یە. فەرمانڕەواییانیش بۆیە دادەمەزرێنرێن کە ئەم مافانە بپارێزن. فەرمانڕەواییەکانیش دەسەلاٚتی پەسندکراوی خۆیان لە خواست و ئارەزووی نەتەوەوە دەست دەکەوێ. جا هەر فەرمانڕەواییەک، شێوەی هەرچۆنێک بێ، نیازی وابێ ئەم مافانە لەناو ببات، نەتەوە مافی هەیە بیگۆڕێ، یاخود لەناوی ببات. لە جێی ئەو فەرمانڕەواییەکی تر دابنێ، کە لەسەر ئەم بیروباوەڕانە بڕوات و، دەسەلاٚتەکانی خۆیشی وەها بەکاربهێنێ کە ئاسایش و کامەرانیی نەتەوە بپارێزێ. جا لەم قسانەوە واتای شۆڕش دێتە یادەوە. بەڵام ئەم پەنجەکێشانە بۆ شۆڕش، لەپڕ دەبێتە قسەیەکی ئاشکرا و ڕاست و ڕەوان، کاتێ کە لە ساڵی (١٨٦١)دا گوێ لە (لینکۆلن) دەگرین، کە گەورەترین پیاوی ئەمەریکای یەکگرتوو بوو، دەیگوت:

«ئەم خاکە هی ئەو نەتەوەیەیە کە تێیدا دانیشتووە. هەر کاتێ ئەم نەتەوەیە، لە هەڵەکانی فەرمانڕەوایی و خراپەکانی وەڕس بوو، مافی هەیە، دەسەلاٚتی دەستووریی خۆی بەکاربهێنێ بۆ ڕاستکردنەوەی، یان مافی شۆڕشگێڕانەی خۆی بەکاربهێنێ بۆ سەر ئەنگرێ کردنی».

شۆڕش مافێکی نەتەوەیە. ئەمەیش بۆ ئەمەریکاییەکان جێگەی شانازییە کە سەرۆکێکی گەورەی وەک (لینکۆلن) ئەم مافەیان بۆ ئاشکرا بکات. بەڵام شۆڕشی ئەمەریکا، لەمەیش تێپەڕی کرد. شۆڕشێک بوو لە دژی داگیرکەری (إستعمار). بۆیەکا شۆڕشەکە هەڵگیرسا و گڕی گرت، چونکە ئینگلیزەکان ئەم بەشە خاکەی پارچەی ئەمەریکایەیان بەخاکێکی داگیرکراوی خۆیان دادەنا، کە بەلای خۆیانەوە وابوو مافیان هەیە باجی لەسەر دابنێن. ئەمەریکاییەکانیش بەرپەچی ئەم مافەیان دانەوە. شۆڕشی ئەمەریکا نووسەرێکی گەورەی وەک «تۆم بین»ی پێگەیاند، کە لەسەر هەموو میسرییەک پێویستە نووسینەکانی بخوێنێتەوە و تێی بگات لەوەی کە لە بابەت خونکارەکانەوە گوتوویەتی.

نووسراوێکی دانابوو، ناوی نابوو: «مافی مرۆڤایەتی». ئەوەی تێدا چەسپاندبوو، کە خونکارەکان ژیان و کاروباری نەتەوە تێکدەدەن، فەرمانڕەوایی هەرە باشیش، کۆمارێکە کە دیمۆکراتی بێ.

فەرمانڕەواییی بەریتانیایش، بڕیاری دا بەسەریدا کە بکوژرێ، بەڵام بۆی نەچووەسەر بیکوژێ.

«هەرچی فەرمانڕەواییەکی کەلەپووری هەیە، بەسروشتیاندا دیارە کە زۆردارن».

دیسانەوە گوتبووی:

«زۆری پێ ناچێ ئینگیلتەرە بەخۆی پێ بکەنێ. چونکە دەنێرێ بۆ «هۆڵەندە، هانۆڤەر، زیل، یاخود بڕونزویک، پیاوانی بۆ بدۆزنەوە تا بیانکات بەخونکار!... (لێرەدا مەبەسی جۆرجی یەکەم و ولیەمی سێهەمە). هەموو ساڵێکیش بۆ ئەم مەبەسە ملیۆنێک لیرە بەخت دەکات کەچی ئەوانە هیچیان، نەزمانی دەزانن، نە لە یاساکانیشی شارەزان، نەخەمی چاکە و کەڵکی ئەویش دەخۆن. بێجگە لەوە تەنانەت ئەوەیشیان لەباردانییە، کە پاسەوانیی دێیەک لە دێیەکان بکەن!».

ئای ئەم قسەیە، دەربارەی میسریش چەند ڕاستە!.

## تۆم بین: شۆڕشگێڕێکی ئەمەریکاییە

لە ساڵی (١٧٧٤)دا لە دایک بووە. لە ساڵی (١٨٠٩)دا نێژراوە. لەگەڵ ئەوەیشدا هێشتا نەمردووە!. هێشتا لەناو دڵماندا زیندووە. تا سەریش بەزیندوویێتی دەمێنێتەوە!. بۆ هەر نووسراوخانەیەکی بەڕێز بچین، لە (قاهیرە، لەندەن، پەکین، دەهلی و پاریسدا)، نووسراوە گەورەکانی ئەومان چاو پێدەکەوێ، وەک «سەردەمی هۆش» و «مافی مرۆڤ»، کە تا سەر بەزیندوویێتی لەیادماندا دەمێننەوە، لاپەڕەکانیان پڕن لە هاوارکردن بۆ سەربەرزی و، مرۆڤایەتی و، برایەتی و، دادپەروەری. لەپێش هەموو شتێکیشدا هاوار بۆ بەکارهێنانی هۆش دەکەن لە ئینگلتەرەدا، خونکارێکی خوێڕی هەبوو، ئەم سەردەمە کەس ناوی نازانێ، لەوکاتەدا فەرمانڕەوایی، یاخود دادگای خستەسەر ئەوەی بڕیاری کوشتنی «تۆم بین» بدات!. «تۆم بین»یش، هەڕای کردە فەڕەنسە و خۆی لە سێدارە ڕزگار کرد!... ئێمە ناوی ئەم خونکارە خوێڕییەمان لەبیرچۆتەوە. بەڵام ناوی «تۆم بین» لەناو دڵماندا هێشتا زیندووە، تەنانەت لەم سەردەمەی ئێمەیشدا گیان دەکاتەوە بەبەر ملیۆنان مردوواندا.

«تۆم بین» وەک ئینگلیزێک لە دایک بوو. بەڵام وەک ئەمەریکاییەک یاخود جیهانییەک چووە خاکەوە[1].

(١) جیهانییەک: ئوممەمییەک.



لە هەموو ئەمەریکایشدا. «ئەبراهام لینکۆلن»ی لێ دەربچێ، کەس لە «تۆم بین» گەورەتر نییە. هەروەها کەسیش لە «ئەبراهام لینکۆلن» گەورەتر نییە «تۆم بین» ئەو دووانە، هەردووکیان بەگژ زۆرداریدا دەچوون. هەردووکیشیان خەویان بەدوارۆژی مرۆڤایەتییەوە دەدی. یاخود ئاواتی مرۆڤانەیان دەخواست بۆ مرۆڤایەتی. لە دێیەکی بچووکی ئینگلتەرەدا لە دایک بوو. لەگەڵ باوکیدا بەهەژاری و خەفەتبارییەوە دەژیا. ڕای کرد لە ماڵ. بەڵام پاشان گەڕایەوە. بوو بەخوێڕی و ئاوارە بوو. پاش ئەوە فێری هەندێ پیشەوەریی ئاسان بوو، کە ئەوەندەی دەست نەدەکەوت، ئاهی سکی پێی بشکێ. دوایی توانی ببێتە باج کۆکەرەوە. بەڵام لەسەری نەمایەوە. لەو کاتەدا «بنیامین فڕانکلین» هاتبووە (لەندەن). «تۆم بین»ی لاویش، شارەزای پایەی ئەو بووبوو لە وێژە و زانست و ڕاستی پەرستیدا. لەوە پێش نووسراوەکانیشی خوێندبووەوە. هەستا و چووە لای. لەوێ لە بابەت ئەمەریکاوە پرسی پێکرد، ئاخۆ دەتوانێ بچێتە ئەوێ و بژی؟

«فڕانگلین»یش وەرامی دایەوە گوتی: «نەک هەر دەتوانیت لەوێدا بژیت، دەیشتوانیت بەسەربەستییەوە بژیت. ئەمەریکا خاکێکە، ئەمەندە فراوانە، وەک سنووری نەبێ وایە. ئەوەندەیش فرمانی تێدایە کەس بێ فرمان نامێنێتەوە. دانیشتووەکانیشی هەموو دەروون ئازادن. بۆیەکا ئەوروپایان بەجێ هێشتووە، تا لە دەست زۆرداریی خونکار و کەشیشەکان ڕزگاریان ببێ. بۆیەکیش هاتوونەتە دەرەوە، تا سنگ بنێن بەچارەنووسەوە و، پڕ بدەنە جیهان... لەبەرئەوەیشە کە بەکامی خۆیان گەیشتوون و سەرکەوتوون!...».

کوڕە لاویش، پێڵاوەکانی خۆی لە تۆزی ئینگیلتەرە پاک کردەوە و، ڕووی کردە بەندەرێک لە بەندەرەکانی و، سەرکەوتە ناو کەشتییەکەوە، کە پەردەکانی خۆی کردبووەوە و، ئامادە بووبوو بۆ ڕۆیشتن بۆ شاری «نیویۆرک» (تۆم بین)یش چووە لای سەرکردەی کەشتییەکە و، ڕووی لێنا کە بیگەیێنێتە بەندەرەکەی ئەمەریکا، لە تۆڵەی ئەوەدا کە لەناو کەشتییەکەدا فرمانی بۆ بکات. سەرکردەی کەشتییەکەیش، لێوردبوونەوەیەکی کرد و، بەراوردێکی ئەو کڕین و فرۆتنەی کرد، کە تەماشای کرد بۆ خۆی باشە، بەقسەی «تۆم بین»ی کرد. «تۆم بین»یش دابەزییە سەر خاکی ئەمەریکا. هەرچەندە گیرفانی هیچی تێدا نەبوو، بەڵام دڵی پڕبوو لە ئاوات. هەر فرمانێکی کەوتە بەردەست کردی، ئەوەندەیشی دەستکەوت کە برسێتییەکەی پێشووی لەبیر بچێتەوە. کوڕە لاو، سەرنجێکی دا لەم جیهانە تازەیە. بەراووردێکیشی کرد لەگەڵ جیهانە کۆنەکەدا. کە لە پشت دەریای ئەتلانتییەوە بەجێی هێشتبوو. لە ئینگیلتەرەدا هەژاری و بێ فرمانیی دیبوو. بەڵام لە

ئەمەریکادا سامان و کاری دەدی. لە ئینگیلتەرەدا کۆنەپەرستیی دیبوو، بەڵام لە ئەمەریکادا سەربەستی و دەروون ئازادیی دەدی... ئەمەریکا خاکێکی تازە بوو، دوور بوو لە ڕەوشت و کردەوەی چاولێکەرییەوە، لەبەرئەوە دووریش بوو لە بەندوکۆتەوە.

بێجگە لەوە: سیانزە فەرمانڕەواییی‌یشی چاوپێکەوت کە دانیشتووەکانیان لە سەربەستی و سەربەخۆیی و جوێبوونەوە دەدوان لە شاهەنشاهێتیی بەریتانیا. بۆچ ئەوانیش وەک ئینگلیزەکان مرۆڤ نین؟... کەواتە بۆچ لەژێر دەستی ئینگلیزەکاندا بمێننەوە؟. بۆچ ئەوانیش وەک ئینگلیزەکان مافی سەربەستییان نییە؟... بۆچ ئەوانیش وەک ئینگلیزەکان مافی سەربەخۆییان نییە؟...

دەروونی «تۆم بین» ئەم بیروباوەڕە تازانەی چێشت. ئەویش گۆڕاو بوو بەئەمەریکاییەکی تەواو، بەدڵ و بەهۆش، ئەویش هاواری دەکرد بۆ شۆڕشکردن لە دژی ئینگلیزەکان.

ڕۆژێک لە ڕۆژان، لەو کاتەدا کە گوێی لە وتاربێژە ئازادیخوازەکان دەگرت لەناو کۆڕەکاندا هانەی نەتەوەیان دەدا بۆ شۆڕشکردن، ئەویش دەماری بزووت و، دڵ و هۆشی خرۆشا. نەیکردە نامەردی، دەمودەست سەرکەوتە سەر تەختێکی بەرز و، هوروژمی بردە سەر ئەو خونکارە ڕەگەز ئەڵمانەی کە لەسەر تەختی شاهیی ئینگیلتەرە دانیشتووە... ئەو خونکارە گۆشتنەی کە دەیەوێ ئەمەریکا داگیر بکات. دەستی کرد بەبەدناوکردنی و، توانج و پلاری گرتە ئەو مافەیش کە بەدرۆ دەڵێن خودا بەخونکارەکانی داوە!... ئیتر لەوساکەوە، بۆ هەمووان دەرکەوت کە «تۆم بین»یش زمانێکی پاراوی هەیە و، ڕاست و ڕەوان ئەوەی لە دڵی دایە دەری دەبڕێ!... کە ئەمەریکاییەکان لەشکریان پێکەوەنا بۆ کوشتارکردن لە ئینگلیزەکان، «تۆم بین»یش چووە ناویانەوە. بەڵام خۆی دەیزانی کە پێنووسەکەی لە شیرەکەی تیژترە. لەبەرئەوە، پێنووسەکەی دەرکێشا و نووسراوێکی دانا، بەناوونیشانی «ژیری»یەوە. ئەم نووسراوە، وەک پزیسکێک وابوو، ئاگری بەردایە دڵی هەمووان. چونکە ئەو بەگیانی ئەو نەتەوەیەوە نووسیبووی کە دڵی بەدڵیەوە نووسابوو، کە ئاواتەکانی بەئاواتی خۆی دەزانی، کە بەزمانی ئەو قسەی دەکرد. لەبەرئەوە نووسراوەکەی بریتی بوو لە قسەی دەروونێک بۆ دەروون، لە بانگکردنێکی دوودڵەکان بۆ ئازادی، لە ڕۆشنکردنەوەیەکی باوەڕ و ئاین بۆ کەم باوەڕەکان. «تۆم بین» لەم نووسراوەیدا گوتبووی:

«بە چ مافێکەوە. بە چ دادپەروەری و سەربەرزییەکەوە، مرۆڤێک ڕەوا دەبینێ بەخۆی، کە کەسانی تر بخاتە ژێر چنگی خۆیەوە و زۆریان لێ بکات و بڵێ: «من خونکارم،



قسەی منیش لە ژوور قسەی هەمووتانەوەیە، بام ئێوە بەمیلۆنیش بژمێرێن!. من تەنیا کەسێکم کە فەرمان بەرەو ڕووی من کراوەتەوە، ئێوەیش بەو هەموو ملیۆنانەوە کە هەن، پێویستە لەسەرتان لە فەرمانی من نەچنە دەرەوە؟».

ئینجا لە خۆی دەپرسێ دەڵێ: «چۆن دەبێ، خونکارێک، هەر لەبەر هێزی جێگرتنەوەی باوک و باپیر، فەرمانداری بگرێتە چنگ خۆی؟... بام بڵێین خونکاری یەکەم دادپەروەر و ژیربوو. ئایا هەموو نەوەکانیشی هەر دادپەروەر و ژیر دەبن؟!.».

پاش ئەوە، هەندێ لەو کارەساتانەی، کە لە دەست خونکارەکانی ئینگیلتەرە قەومابوون، گێڕابووەوە، کە هەموو پڕبوون لە شێتی و کردەوەی نەنگ و شوورەیی و هەموو جۆرە دزی و درۆزنی و بێ ئابڕووییەک. ئنجا گوتبووی: «پێویستە لەسەرمان بەزرنگی بجووڵێینەوە. کە بەزرنگییش جووڵاینەوە، هەرگیز لەم بارە دڵخۆش نابین. لە ڕاستیدا فەرمانداریی دروست و بێ وەی، (یاسای کۆماری)یە. پێویستە هەموو ساڵێک، یان هەرچەند ساڵە جارێک، فەرمانداریک هەڵ بژێرین بۆ خۆمان، پاشان بەپێی چاکی و خراپیی ئەو فەرماندارە بیهێڵینەوە، یاخود دەری بپەڕێنین».

کە سەربازەکان ئەو نووسراوەیان دەخوێندەوە، ئاینێکی تازەیان تێدا دەدی، کە ئەویش ئاینی شۆڕش بوو، ئاینی سەربەستی و کۆماری بوو. لە سەرەتاوە تا دوایی، هەر نەتەوە، خاوەن شکۆ دەبێ!.

بەڵام، بام لێرەدا بوەستین و بپرسین: «تۆم بین» ئەمە لە کوێ فێربوو؟... چۆن توانی نووسراوی وا بنووسێ کە نەتەوەکان بهێنێتە لەرزین؟... کە خاکەکان بلەرزێنێتەوە؟ کە بەساڵان، بەڵکو بەسەدان ساڵانیش بمێنێتەوە و لەبیر نەچێتەوە؟!... ئەم پیاوە ئەمە لەکوێ فێربوو؟...

لە هیچ کوێیەک ئەمە فێر نەبووە!. گەورەییی ئەویش لەمە دایە!... مەبەسمان لەم قسەیە ئەوە نییە کە نەخوێندەواری هونەرێکە، پایەبڵندیی تێدایە!. مەبەسمان ئەوەیە، کاتێ کە نەتەوە دەکەوێتە تاریکییەوە، لەژێر زۆر و ستەمدا دەناڵێنێ، برسی و، ڕیسوا و، بەشبڕاو و، دەست بەستراوی لێ دێ، بۆ ئەوەی ڕاپەڕین و بزووتنەوەکانی لە شێوەیەکی پەسنددا بڕۆن بەڕێوە و ڕێگای سەرکەوتن بگرن، پێویستیی بەنووسەرێکی وا هەیە، کە هاوئاواز و، هاوهەست و، هاوتاسەی بێ، تا ئەگەر دەستی کرد بەنووسین، ئەوەی لە دڵی ئەو دایە ئەوە دەربڕێ، برینی بکولێنێتەوە، دەماری مەردایەتیی ببزوێنێ. ئەو زمانەیشی پێ ببەخشێ کە بتوانێ توورەیی و لەسەر قسە ڕۆیشتن و ڕاپەڕینی خۆی پێ دەربڕێ.

جا ئەگەر «تۆم بین» لە زانکۆی «ئۆکسفۆرد»دا بیخوێندایە و ئەو ژیانە لووت بەرز و بڵندەی ئەوێ بژیایە، فێری ئەوە نەدەبوو، لەگەڵ کۆمەڵاندا قسە بکات! بەڵکو دوور نەبوو، کە بێزی لێ بکاتەوە و خۆی لێ دووربخاتەوە. ئەوساکەیش هەر ئەوەندەی پێ دەکرا، کە بەزمانی «ستیل» و «ئەدیسۆن» بنووسێ، واتا زمانی وردەکاریی هونەرمەندانە و خاوەن بریسک و هووڕ لە واژە نووسیندا. بەڵام چونکە خۆی لە چینی ئەو کۆمەڵانە نەبوو، نەیدەتوانی کار لە دڵیان بکات!.

بەڵام «تۆم بین»ی ناسیاو بەهەژاری، برسێتی و ڕووتوقووتیی دی بەخۆیەوە، گریا بۆ خۆی، ئەم کۆمەڵانەیشی ناسی. لەبەرئەوە نووسینەکانی لە کانی دڵیەوە دەردەچوون و دەچوونە دڵی ئەو کۆمەڵانەوە ئێش و ئازاری دەروونی برینداری خۆیشی دەردەبڕی و، کاری لە دەروونی برینداری پڕ ئێش و ئازاری ئەوان دەکرد. لەبەرئەوە ئەو کۆمەڵە کەسانە لە دوای قسەی ئەوەوە دەڕۆیشتن!...

لەگەڵ ئەوەیشدا کە (١٧٠) ساڵ تێپەڕیوە بەسەر نووسراوەکەیدا، کە سەربەرزی و مەردایەتی و ئازایەتیی لەناو کۆمەڵانی نەتەوەدا هێنابووە جووڵە، کەچی کە ئێستایش دەیخوێنینەوە، ساکارییەکی ڕاست و ڕەوان و، دڵ دەربڕینێکی باوەڕهێنەر و، وشەیەکی ژیرانە و، هاوارێکی مرۆڤایەتیی تێدا دەبینین:

«تۆ خونکاریت! بۆچی و بە چ مافێکتەوە فەرمانداریمان بەسەردا دەکەویت؟ هەر لەبەرئەوەیە، کە لە پێش پێنج سەدساڵدا، باپیرە دزەکەت هورووژمی بردە سەر ئینگلتەرە و، دانیشتووەکانی تاڵان کرد و، تەفروتونای کردن و کوشتنی؟

ئەی بە چ مافێکتەوە فەرمانداری بەسەر ئەمەریکادا دەکەیت؟!». کە دەیەوێ دەماری سەربەرزییش لە شۆڕشگێڕەکانی ئەمەریکادا ببزوێنێ پێیان دەڵێ:

«ئەم شۆڕشە هەر بۆ ئەمەریکا کەڵکی نابێ... بۆ هەموو جیهان کەڵک دەبەخشێ. ئەمە شۆڕشی مرۆڤایەتییە!.».

ئەم وشانە، هەموو ساکارن. لە دەم بۆرەپیاوەوە دێنە دەرەوە و، تێیان دەگات و، دەچنەکانی دڵیەوە و، تێیدا پێ دەگەن و، دەبن بەپێشبینیی ڕاستی پەرستیی تازە، کە لە قسە دەستکردەکان گەلێک باڵاترن. جارێکیان لە کۆڤارێکدا، وتارێکی نووسی، بەم ناونیشانەوە: «لێوردبوونەوەیەک لەپاش ناوەکان». ئای چەند سەیر و خۆشە! هەروەک دوو ساڵ لەمەوپێش لە میسردا لەگەڵماندا بووبێ، وایە. لەوانە دواوە کە پێیان دەڵێن: خاوەنی جێگای بەرز و، پاشای گۆشتن و، بەگی سک زل!.



نووسراوەکەی نووسراوێکی زیندووە، لە دڵماندا دەنگ دەداتەوە. هەموو ئەندامێکمان پێی دەکەوێتە بەزموڕەزمەوە!.

پاش ئەمەی پێنووسی هەڵگرت، چەکیشی هەڵگرت و چوو بەگژ ئینگلیزدا. لەپاش ئەمەی ئەمەریکاییەکان بەسەر ئینگلیزدا سەرکەوتن، شۆڕشی گەورەی فەرەنسەی بەرگوێ دەکەوێتەوە. دەمودەست خۆی دەگەیێنێتە ئەوێ بۆ ئەمەی بەگیان و هۆشیخۆی گەشەی پێ بکات!. خۆی بۆ جیهان تەرخان کردبوو. هەر نەتەوەیەک بانگی بکردایە لای خۆ، گۆرانیی ئازادیی بۆ دەگوت. خۆی تەرخان کرد بۆ ئەمەریکا، تا داگیرکەریی ئینگلیزی دەرپەڕاند!. خۆیشی تەرخان کرد بۆ فەرەنسە تا خونکارە خوێڕییەکەی خۆی، (لویسی شانزەهەم)ی کوشت!...

خۆیشی تەرخان کرد بۆ ئەو کۆمارەی کە دەیگوت: «خاوەن شکۆە نەتەوەیە!».

بەڵام پێش ئەمەی بچێتە فەرەنسە، بەلای ئینگیلتەرەدا تێپەڕی. ئەو کاتە سەربەخۆییی ئەمەریکا ئاشکرا کرابوو. مەبەسیشی ئەوەبوو لەسەر شۆڕشی فەرەنسە بکاتەوە. چونکە دوو نووسەر هورووژمی خراپیان بردبووە سەری. یەکێک لەو دوانە کەشیش «مالثوس» بوو، کە گوتبووی: «هاواری برایەتی و سەربەستی و یەکسانی، هاواری فەرەنسیین. بەڵام قسەی پڕوپووچن. چونکە مرۆڤ بۆ ئەوە دروستکراون کە یەکتری بخۆن!».

نووسەری دووەمیشیان ناوی «بورک» بوو، کە درۆی هەڵبەستبوو بۆ شۆڕشگێڕەکان. بەڵکو هەموو نەتەوەی فەرەنسەی بەبێگوناه بەدناو کردبوو. بە(دڕندە) ناوی بردبوو. چونکە دادگاکانی شۆڕش چەند بڕیارێکی دڵڕەقانەیان دابوو بەسەر دوژمنانی نیشتمانەکەیاندا. ئەوەندەیش لەسەر ئەوانەی کردبووەوە، فەرمانداریی خونکارەکانی بەباشتر دانابوو لە (یاسای کۆماری)!.

«تۆم بین»یش لەسەرکردنەوەکەی فەرەنسەی خستبووە سەر بەرپەچدانەوەی قسە هەڵبەستراوەکانی «بورک». لەبەرئەوە نووسراوێکی دانا ناوی نا: «مافەکانی مرۆڤ». ئەوەی لەم نووسراوەدا نووسرابوو، ژیانی ڕابردووی «تۆم بین» خۆیشی لە ئەمەریکادا، دڵی فەرماندارەکانی ئینگلتەرەی ڕەنجاندبوو. لەبەرئەوە نوێنەری فەرمانڕەواییی ئینگلیز واتا (داواکەری گشتی)، سکاڵایەکی لە دەست «تۆم بین»دا بەدادگا، بەدناوی کرد بەوەوە کە ناپاکیی لەگەڵ نیشتمانەکەی خۆی، ئینگیلتەرەدا کردووە. ئەویش بڕیاری کوشتنی دا!... بەڵام پێش ئەمەی بڕیارەکە بدرێ، ئامۆژگاری کرا، ڕا بکاتە فەرەنسە. ئەویش خۆی دەربازکرد و خۆی لە سێدارە ڕزگارکرد. ئیتر هەر ئەوەندە پێی نایە خاکی فەرەنسەوە،

بەهەزاران، فەرەنسەیی بەپیریەوە چوون و، لێی کۆبوونەوە، دەیانقیزاند: «تۆم بین»ی کۆمار!. هەربژی کۆمار! هەربژی ئەمەریکا!. کەسیان نەیدەگوت: «تۆم بین» ئەمەریکاییە، یان ئینگلیزە، یان فەرەنسەییە. «تۆم بین» لە ژوور نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەرییەوە بوو. چونکە لە پێش هەموو شتێکدا، ئەو، مرۆڤ بوو!. لەبەرئەوە فەرەنسەییەکان هەڵیانبژارد و کردیان بەنوێنەرێکی خۆیان لە (کۆڕی دامەزراندنی فەرمانڕەوایی)دا، کە دانانی دەستووری خرابووە ئەستۆ!.

بێگومان، پاش ئەمەی «تۆم بین» بووە نوێنەرێکی فەرەنسیی و هاوبەشیی کرد لە دانانی (دەستووری فەرەنسە)دا، لە (یاسای کۆماری تازە)دا، ژیانی ڕابردووی خۆی هاتۆتەوە پێش چاو، دەبێ شەپۆلێکی مرۆڤایەتییش لەناو ئەو بیرەوەرییەدا، ئاودامانی کردبێ... لە (لەندەن)دا، (مەمک هەڵبەست)ی دروست دەکرد! پینەدۆز بوو، پێڵاوی کۆنی چاک دەکردەوە!. لەدەست زللەکانی باوکی دەرباز دەبوو لە ماڵ! لە بەرامبەر کرێی کۆچەکەیدا، لەناو کەشتیدا فرمانی دەکرد!. کارەکەرێکیشی چوو بەدڵدا مارەی کرد. بەڵام لە پێش ئەمەی ساڵێکی کامەرانی پێکەوە تەواو بکەن، ژنەکەی مرد لەوەوە خۆشیی دڵداری و ئازاری جوێبوونەوە فێربوو!

لە ڕۆژنامەگەریدا فرمان بینی، نووسراوێکی نەمریشی دانا! شیریشی هەڵگرت و دەستی کرد بەخەباتکردن لە دژی داگیرکەریی ئینگلیزەکان! وا ئەم جارەیش هاتە ناو فەرەنسەوە. زمانی فەرەنسیی نەدەزانی. بەهەزاران ژن و پیاویشی دەدی دەیانقیژاند: «ڤیڤ تۆم بین! ڤیڤ لاڕیپەبلیک!». واتا «بژی تۆم بین! بژی کۆمار!». ئەوانە (تۆم بین)یان هەڵگرتە سەرشانی خۆیان. چونکە بەخونکاریان دادەنا. (خونکاری دڵان)!! لەلایەکەوە ژیانەکەی پڕبوو لەدەردی سەری و سەرگەردانی، لەلایەکی تریشەوە پڕبوو لەو بابەتە خۆشانەی کە کامەرانیان دەکرد. لەبەرئەوە ژیریش بوو، کامەرانیش بوو.

چووە تەنشت نوێنەرێکی ئینگلیزی زانەوە و، لەو کۆڕەدا دانیشت کە (دەستوور)ی بۆ فەرەنسە دادەنا. گەلێک پرسی کرد و تێکۆشا کە ئەندامەکان بخاتە سەر ئەوەی لەسەر پێڕەویی دەستووری ئەمەریکایی بڕۆن. بەڵام لەوەدا تووشی بەرەنگاری بوو. لەناو هاتوچۆی شۆڕشیشدا، کە دەمەقاڵی لە ئەندازە تێدەپەڕێ، تۆز هەڵدەستێ و وشەی شێتانە بەتوند و تووڕەییەکەوە لە دەم دەردەپەڕێ!. جا لە یەکێک لەم جۆرە کردەوە شێتانەیەدا، لە دەستیان دەردەچێ:



دەیگرن و بەتاوانی «ناپاکی»یەوە بەدناوی دەکەن!. دەیخەنە بەندیخانەیەکی «پاریس»ەوە!.لەوێدا، لەو بێدەنگ و سەنگییەی بەندیخانەیەدا، «تۆم بین» دەکەوێتە بیرکردنەوە و، پەژارەیەکی زۆرەوە. پاشان دەست دەکات بەگریان و، گریانێکی زۆری بەکوڵیش دەگری!

ئەم کۆمەڵایەتییە ناشییە نەخوێندەوارانە، چ لە (پاریس)دا بن، چ لە (لەندەن)دا بن، چ لە (نیویۆرک)دا بن، هۆشیان کەوتۆتە ناو تاریکییەوە. ئەم تاریکییەیش هەر بریتی نییە لەو چیرۆکە پڕوپووچانەی کە خونکارەکان دەیانکەن بەبیانوو، بۆ ئەمەی زۆر و ستەم لە نەتەوەکان بکەن، هەندێ چیرۆکی پڕوپووچی تریش هەن کە زۆر و ستەم لەم کۆمەڵایەتییانە دەکەن. «مەبەسی «تۆم بین» لەو چیرۆکە ئاینییانە بوو، کە کەشیشەکان لەناو نەتەوەدا پارەیان پێ دەپچڕی!. «تۆم بین»یش خودانەناس نەبوو. بەڵام حەزی لە کڵێساکان نەدەکرد. بەلایەوە وابوو: زۆرداریی ئەوانە لە زۆرداریی خونکارەکان کەمتر نییە. ئەم بیروباوەڕی، زۆرتر، لەبەرئەوە هاتبووە مێشکەوە، کە کڵێشاکان، چ لە ئینگیلتەرەدا، چ لە فەرەنسەدا، پشتیوانیی خونکاری ئینگلیزیان دەکرد، لە زۆر و ستەمەکانیدا کە لە ئەمەریکاییەکانی دەکرد. هەروەها پشتیوانیی زۆر و ستەمەکانی خونکاری فەرەنسەیان دەکرد، کە لە نەتەوەی فەرەنسەی دەکرد!.

نووسراوەکەیشی «سەردەمی ژیری»، ناوەکەی لە مەبەسەکەمان ئاگادار دەکات... پێویستە ژیانمان لەسەر بنچینەی ڕاستی دابنرێت، نەک باوەڕ. هاواریشی کرد بۆ ئەوەی ئاین بۆ دەروونی کەسەکە خۆی بەجێ بهێڵیرێت. مرۆڤیش سەربەست بکرێت لە باوەڕەکانیدا، کەشیش نەکەوێتە ناوەند ئەو و خوداوە. سەربەستییش پارچەی لێ نابێتەوە. بانگ ڕاهێشتنیش بۆ ئازادیی زرنگکاری، دەبێ لەگەڵ بانگ ڕاهێشتن بۆ ئازادیی ئاینیدا بێ. ئەوانەی چاولێکەرییش دەپارێزن، چ لە زرنگکاریدا بێ، چ لە ئایندا، لە ڕاستیدا دوژمنی مرۆڤایەتین. چونکە جیهان، هەموو دەم پێویستیی بەگۆڕان هەیە، تاکو مرۆڤ گەشە بکات و بەرزببێتەوە لە ژیانیدا.

«تۆم بین» لە (پاریس)دا، باڵوێزی ئەمەریکا، بۆی تێکۆشا، لە بەندیخانە ڕزگاری کرد، ئنجا گەڕایەوە ئەمەریکا. ئیتر هەر لەوێدا مایەوە. بەئامۆژگارییەکانی و نووسینەکانی نەتەوەی ئاراستەی بڵندی دەکرد. تا لە ساڵی (١٨٠٩)دا مرد و نیژرا.

## شۆڕشەکانی ١٨٤٨

لەم سەردەمەدا کە ئێمەی تێدایین، هەندێ وشەی تازە بەسەر زمانماندا دێن، یاخود بەنووکی پێنووسەکانمان دەنووسرێن، باوک و باپیرمان نەیان بیستوون، یاخود زانیویانن، بەڵام وەک وشەکانی ناو فەرهەنگ سەیریان کردوون. بەڵام بەو جۆرە کە ئیمڕۆ لەناوماندا بەکاردەهێنرێن، یان ئەو جۆرە واتایانەی ئیمڕۆ هەیانە، یان ئەو هێزە کۆمەڵایەتییانەی لەناویاندا کۆبوونەتەوە، باووباپیرمان، لەمانە هیچیان، شارەزا نەبوون. وشەکانی: «نەتەوە، کرێکار، دەستوور، کۆمەڵی پیشەوەری، برایەتی، سەربەستی، یەکسانی»، ئامانە هەموویان بەعەرەبی هەن. بەڵام باووباپیرمان بەو جۆرەی ئێمە بەکاریان دەهێنین، بەکاریان نەهێناون ئەو واتایانەیش ئێمە پێیان دەبەخشین، ئەوان پێیان نەداون.

پاش ئەوە، وشەکانی: «کۆڕی نەتەوە، دیمۆکراتی، کۆمار، کەسایەتی لێپرسینەوە، کۆمەڵایەتی، خێزان، گەشەکردن»، ئەمانە هەموویان لەو باوانەن، کە لەم چەرخەدا داهاتوون. هیچ فەرهەنگێکی عەرەبییش لە کۆنەکان، ناویان نابەن، چونکە ئەو واتایانەی ئێستا هەیانە، باووباپیرمان نەیان دەزانین چین.

ئەم وشانە، هەموویان، بەخوێندنەوە تازەکانیان و، واتا تازەکانیانەوە، نیشانەن بۆ چینە تازەکان. ڕەنگە بڵێم نیشانەن بۆ مرۆڤی تازە. لەبەرئەوە واتای وایان تێدایە، کە باووباپیرمان نەیان زانیون. لەم سەردەمە تازەیەدا، «کرێکار»، مرۆڤێکی نوێیە. چونکە ئەو جووتیارە نییە، کە خۆی دەخستە بەردەمی چارەنووس و، ژیانی لەسەر بنچینەی باوەڕبوو، کە بەتەواوەتی نەخوێندەوار بوو. هەروەها ئەو دارتاشەیش و ئەو ئاسنگەر و نانەوایەیش نییە کە لە سەردەمی پێشوودا دووکانەکەی دەکردەوە و، بەتەنیا بۆ خۆی فرمانی دەبینی، بۆ پارە کۆکردنەوە، کە پارەیشی دەست دەکەوت، هەندێ کرێکاری بەکرێ دەگرت و فرمان و بەرهەمهێنانی دەدایە دەست ئەوان، خۆیشی بەوەندە وازی دەهێنا ک بەدەوڵەمەندی یاخود بەخۆش گوزەرانییەوە بمێنێتەوە، سەرکردەییی ئەوانە بکات، بێ ئەمەی خۆی هیچ ئەرک و کارێک بخاتە سەر شانی خۆی. کە ئەوانەیشی دەکرد، بەتەنیا بوایە، یان لەگەڵ کرێکاردا، ئاشنایەتیی نەبوو لەگەڵ ئەو ماشینانەدا کە بەئاسن و ئاگر کار دەکەن واتا ئەو کەلوپەلی فرمانەی کە جێگای دەست و بازوو دەگرنەوە لە بەرهەم پێکهێناندا.

نەء! ئەمە بەکرێکارێکی ئەم سەردەمە دانانرێ!



لە ڕاستیدا کرێکاری ئەم چەرخە، ئەو کەسەیە کە لەگەڵ هەزار، دوو هەزار کرێکاری تردا، لە کارخانەدا کار دەکات. کارخانەکەیش یان بەخەڵووز، یان بەپەترۆڵ یاخود بەهێزی کارەبا دەکەوێتە گەڕ. کۆمەڵێکی یەجگار گەورە لە کەلوپەل و کوتاڵ و بابەتی تر دروست دەکات. کرێکارەکەیش کە لەوێدا فرمان دەبینێ، دە ئەوەندە، یاخود بیست ئەوەندەی خۆی بەرهەم دروست دەکات، ئەگەر بەتەنیا لە دوکانە بچکۆلەکەی خۆیدا فرمانی بکردایە. جا ئەم کرێکارە تازەیەیە کە زمان و واتای تازەی داهێناوە بۆ وشەکانی: کۆمەڵی پیشەوەری، یارمەتیدان، یەکسانی، سەربەستی، گەشەکردن». تەنانەت واتایەکی کۆمەڵایەتیی تازەیشی بۆ وشەی (شۆڕش) دۆزیوەتەوە. واتای کۆمەڵایەتییش بۆ وشەی «شۆڕش»، هەرگیز لە فەرهەنگی عەرەبیدا نەبووە. لە ڕاستیدا ئەوە واتایەکی تازەیە لە بەرپابوونی شۆڕشی ئینگلیزەوە، کە لە سەدەی حەڤدەهەمدا بوو، داهات. چونکە چینی تازە پێویستیی پێی هەبوو. ئەو کاتە هاتە ناوەوە کە خونکارە خوێڕییەکە «چارلسی یەکەم» سزا درا بەکەللە پەڕاندنی، لەسەر ئەوەی بەپێچەوانەی ئارەزووی نەتەوە جووڵابووەوە! هەتا ساڵی (١٨٤٨)یش، وشەی «شۆڕش» واتای وابوو، کە خونکارەکان لەسەر تەخت بهێنرێنە خوارەوە و، نەتەوەیش لە کۆڕی نەتەوەدا، خۆی پێشان بدات. بەڵام لە ساڵی (١٨٤٨) بەدواوە، «شۆڕش» واتایەکی تری بۆ پەیدابوو، کە لەوەپێش کەس نەیدەزانی. ئەویش واتای کۆمەڵایەتییە کە مەبەس ئەوەیە کرێکارەکان نوێنەریان لە کۆڕەکانی نەتەوەدا هەبێ و مافە گشتییەکانیشیان بۆ جێبەجێ بکرێ. ئیتر لەو کاتەوە، وشەی هاوبەشی (الأشتراكية)، پەیدابوو. مەبەسمانی پەیدابوونیەتی لە شێوەیەکی زرنگکاری دا. کۆمەڵانی پیشەوەرانیش دامەزران. دەستەکانی کرێکارانیش دەرکەوتن. ڕۆشنبیرەکانیش دەستیان کرد بەبیرکردنەوە و، بیروباوەڕ دەربڕین، کە فەرمانڕەواییەکان نابێ هەر زرنگکاری بن، پێویستە کۆمەڵایەتییش بن. دەبێ بیربکەنەوە و تێبکۆشن بۆ ئەوەی چارەیەکی بێ فرمانی بکەن، فرمانی بۆ بدۆزنەوە چارەیەکی پیر و پەککەوتە بکەن، مووچەیەکی بۆ ببڕنەوە، یارمەتیی سکپڕ بدەن، بۆ هەموو کەسێکی نەتەوەیش پێ خوێندن و چاککردنەوەی نەخۆشی، بەخۆڕایی بکەن.

ئەمەیش شتێکی ناچاری بوو. چونکە کارخانە تازەکە وای لێهاتووە نزیکەی هەزار یان دە هەزار کرێکار، دەخاتە کار، کەسایەتیی کرێکار وەک ئەو خاوەن کارخانە بچووکەی پێشوو ناناسێ، کە هەردوو کرێکار یان سێ کرێکاری هەبوو، پێش ئەمەی بەئاگر و ئاسن بەرهەم پەیدا بکات.

بەم ڕەنگە کرێکارەکان پێویستییان بەوە هەبوو کە وەک کۆمەڵێک قسە بکەن، نەک وەک کەسێک. کرێکارەکەی جاران کە لە کارخانە بچکۆڵەکەدا بوو بەخاوەن فرمانەکەی دەگوت: «من لەوانی تر زۆرتر کار دەکەم، زۆرتر ڕەنج دەدەم... کرۆشێک دوو کرۆشم بۆ بخەرە سەر ڕۆژانەکەی ئێستام. خاوەنی کارخانە بچکۆڵەکەیش دەیدایە. بەڵام لەپاش ئەوەی کارخانەی گەورە پەیدابوو، کە بەهەزاران کرێکار فرمانی تێدا دەبینێ، ئیتر پێویست نەما بەوەی کە کرێکارێک داوای کرۆشێک زۆرتر بکات لە ڕۆژنەی هاوڕێکانی. نەء ئەو لەناو ئەم هەموو کرێکارانەدا نانوێنێ!. بەڵام ئەم هەزاران کرێکارانە دەتوانن کۆببنەوە و، بەپشتی کۆبوونەوەکەیانەوە داوای ئەو کرۆشە بکەن... ئا ئەم تازە واتایانە بوو کە وشەی شۆڕش لە ساڵی (١٨٤٨)دا دەیانبەخشێ. ئەمانەیش پلەکانی شۆڕشەکانن سەرنجیان لێ بدە:

١- شۆڕشی یەکەم هی بەندەکان بوو لە دژی ئازادەکانی شاری (ڕۆما) و (بصره).

٢- شۆڕشی دووەم هی خانەدانەکانی ئینگلیز بوو لە دژی خونکار (جۆن)، برای «ریچاردی شێردڵ».

٣- شۆڕشی سێهەم، هی دەروونی (لوثەر) بوو لە دژی دەسەڵاتی بەڕەڵڵای «پاپا»، شۆڕشی ئاینی تایبەتی بوو لە دژی ئاینی فەرمانڕەواییی گشتی.

٤- شۆڕشی چوارەم، هی چینەکانی ناوەڕاستی ئینگیلتەرە بوو، لە دژی «چارلسی یەکەم» و خانەدانەکانی ژێردەستی. هەروەها هی چینەکانی ناوەڕاستی فەرەنسە بوو، لە دژی «لویسی شانزەهەم» و خانەدانەکانی ژێردەستی.

٥- شۆڕشی پێنجەم هی کرێکاران بوو، کە لە هەموو پایتەختێکی ئەوروپادا بەرپابووبوو.

کرێکار، ئەم «مرۆڤە تازە»یە، شتێکی تازەی پێ بەخشین لە کۆڕی خوێندەواریدا، کە لە پێش داهاتنی کارخانەی ماشینداردا نەماندەزانی، ئەویش «زانست»ە، بەهەموو ڕووناکی و تاریکییەکیەوە، کە بۆ مرۆڤایەتیی هەڵگرتووە. هەروەها کردەوە و ڕەوشتێکی تازەیشی پێ بەخشین، چونکە وامان لێهات کە بزانین و بەدڵ باوەڕ بکەین، کە پیاوی چاک: ئەو کەسە نییە کە هەر نوێژ بکا و ڕۆژوو بگرێ. بەڵکو ئەو کەسەیە بەرهەمەکانی زۆرتر پێ لە بەختکردنەکەی، تاوەکو سامانی گیانی و پارەی مرۆڤایەتی لە سایەی ئەوەوە گەشە بکات و، زۆرتری لێ بێ. سا بەمێشکی فرمان بکات، یان بەدەست و بازووی، جیاوازیی نییە.

هەروەها وشەی هاوبەشی (الأشتراکیە)یشی پێ بەخشین، کە چاکترین وشەیە لە هەموو زمانێکدا. لەبەرئەوە کە گەیشتینە ڕادەی باری (هاوبەشی)، لە سایەی ئەم وشەیەوە، ئەم



وشانەیشمان بەبیر دادێ و، لە دەمان دێتە دەرەوە: «فەرمانڕەواییی چاکەخواز، فەرمانڕەواییی کۆمەڵایەتی، دەروونی کۆمەڵایەتی، بەرەنگاری کردنی هەژاری و نەخۆشی و نەخوێندەواری...».

ئەم «مرۆڤە تازە»یە، لە کۆڕی زرنگکارییشدا شتێکی تازەی فێرکردووین. ئیتر ئەوە ناگەیێنێ کە بریتی بێ لە فرۆفێڵبازی و زەوی داگیرکردن. بەڵکو بریتییە لە دامەزراندنی خوێندنگا و، نەخۆشخانە و، دروستکردنی خانووبەرە و، پاراستنی هەموو کەسێکیش لە پیریتی و نەخۆشی و نەخوێندەواری و هەژاری، لە برایەتیی گشتیی ناو هەموو مرۆڤایەتی، لە ڕاستکردنەوەی کاروباری ئەم جیهانە و، ئاوەدانکردنەوەی کە بریتییە لە گوندێکی گەورە بۆ هەموومان.

بێجگە لەوە ئەوەیشی فێرکردووین کە سەربەرزی تەواو لەوە دایە کە ئێمەیش وەک ئەو کرێکارێکی بەرهەمدار بین، کە هەرکەسێکیش بێ بەرهەم بێ مافی ژیانی نییە.

ئا ئەمەیە ئەو «ئاینە تازە»یەی شۆڕشەکانی گشتیی ساڵی (١٨٤٨) لە ئەوروپادا بڵاویان کردەوە.

شۆڕشەکانی ساڵی ١٨٤٨، ئامانجیان ئەوەبوو کە، کەموکووڕیی بیروباوەڕەکانی شۆڕشی گەورەی فەرەنسە تەواو بکەن، لە ئەوروپادا. ئەمە ئامانجی هەرە بچووکیان بوو.

بەڵام ئامانجی هەرە گەورەیان ئەوە بوو، کە دان بنرێ بەچەند مافێکی تازەدا بۆ کرێکاران...

سەرنجێک لەم کارەساتانە بدە کە لەو ساڵەدا قەوما بوون:

١- خونکارێکی دەستدرێژ و بەچنگ، فەرمانداریی بەسەر (ناپۆلی)دا دەکرد. نەتەوەیش لێی ڕاست بووەوە و چوو بەگژیدا. ناچاری کرد کە دەستوورێک دەربکات، کاری پێ بکرێت لە شارەکەدا.

٢- شاری «وەنەدیک» یاسای کۆماریی دامەزراندەوە.

٣- «ڕۆما»یش فەرمانڕەواییەکی دیمۆکراتیی دامەزراند بەسەرۆکایەتیی (ماتزینی) و (گاریبالدی).

٤- شۆڕش لە هەموو شارەکانی ئەڵمانیایشدا بەرپا بوو.

٥- چەند شۆڕشێک لە شاری (پاریس)دا هەڵگیرسان. هەرچەندە سەریان نەگرت، بەڵام دەروونێکی تازەیان بۆ کرێکاران هێنایە پێشەوە.

٦- ڕاپەڕینێکی گشتی لە شاری (لەندەن)دا پەیدابوو. ئامانجی ئەوەبوو ڕێگا بکاتەوە بۆ کرێکاران، ببنە ئەندامی کۆڕی نەتەوە. چەند سکالاّیەکیان پێشکەش کرد، پێنج ملیۆن مۆری پێوەبوو.

لە هەموو شۆڕشەکانی گەورەتر، شۆڕشی (پاریس) بوو، لەو ڕووەوە کە لە خواستەکانی و ئامانجەکانیدا تازە بوو شاری (پاریس)یش لە سێ سەد چوارسەد ساڵ لەمەوپێشەوە بووبووە پایتەختی هەموو ئەوروپا، کە هەموو پایتەختەکانی تر بیروباوەڕیان لەوەوە وەردەگرت، کە هەتا ئێستایش هەروەهایە.

دەتوانین بڵێین: زۆربەی ئەم شۆڕشانە، سەریان نەگرتووە، بگەنە ئامانجە نزیکەکەی خۆیان. بەڵام لەوەدا سەرکەوتوون کە بیرە تازەکانی خۆیان بڵاوبکەنەوە، کە شۆڕشەکانی پێشوو پێیان ئاشنا نەبوون. «لوی بلان» پەیدابوو. داوای کارخانەی نیشتمانیی دەکرد، دابمەزرێنرێ. تەنانەت خۆی هەندێکی لێ دامەزراند. کەچی فەرمانڕەوایی چووبەگژیدا، تا پێی داخست. «پرۆدۆن» هاتە کایەوە. «کارڵ مارکس» دەرکەوت و «نامەیەکی ڕوونکردنەوەی کۆمۆنیستی»ی بڵاوکردەوە، کە تا ئێستایش کۆمونیستەکان. بەناوازەترین گۆرانیی خۆیانی دادەنێن. ئەوەیش لە جێی خۆیدا بوو، چونکە شۆڕشەکە بۆ ئەوپەڕی چەپەوە دەڕۆیشت، ئامانجەکەی لەلایەن فەرمانڕەواییی واوە بەرەنگاری دەکرا، کە لەوپەڕی ڕاستەوە پێک دەهات. ئیتر هەر ئەوەندە شۆڕشگێڕەکانی ساڵی (١٨٤٨) بڵاوەیان لێ کرد، شاهەنشاهی فەرەنسە (ناپلیۆنی سێیەم) دەستی کرد بەخۆ ئامادەکردن بۆ دەستدرێژییەکی بەرەڵلا. خۆی هاوێشتە سەر تەختی شاهییەکەی و، لەسەری مایەوە: هەر خەریکی بڵاوکردنەوەی ئاژاوە و تێکچوون و هەژاری و نەخوێندەواری بوو، تا «بیسمارک» بەخۆی و لەشکرەکەیەوە هاتە ناو فەرەنسەوە و، هوروژمی بردە سەری و، تەخت و تاراجی تێکدا و، یاساکەی لەناوبرد و، شاهەنشاهێتییەکەی فەرەنسە چووە ناو گۆڕی تاسەرەوە، ئیتر ئەوساکە فەرەنسە بووەوە بەکۆمار.

لە پێش ساڵی (١٨٤٨)دا شۆڕشەکان دەیانگوت:

«واز لە زۆرداری بهێنن. جووتیارەکان مەکەن بەبەندە. سەربەستیی وتاردان و نووسین بەربەست مەکەن. بێگوناهیش کەس مەخەنە بەندیخانەوە...». قسەکانی بۆ (نەکردن) بوون. مەبەسیان ئەوە بوو بەرەنگاریی تاوان و کەتنی زرنگکاری بکەن لای خونکار و کاربەدەستەکان.



بەڵام شۆڕشەکانی ساڵی ١٨٤٨ جێبەجێکردنی کاروبار و فرمانی تێدابوو. مەبەسیان ئەوەبوو، بۆ هەموو کەسێکی ناو نەتەوە چاکە و کەڵک ئامادە بکەن.

شۆڕشەکانی کۆن دەیانگوت:

«هەموو کەسێک مافی هەیە بەسەربەستییەوە بژی. نابێ فەرمانڕەوایی بیگرێ، یان بەزۆر بیخاتە سەر ئاینێک لە ئاینەکان، یان بەربەستی وتاردان و نووسینی لێ بکات.».

بەڵام شۆڕشی ١٨٤٨ دەیگوت:

«هەموو کەسێک مافی هەیە فەرمانێ بدۆزێتەوە بۆ خۆی، پێی بژی. فەرمانڕەواییەکانیش، ئۆباڵی نەخۆش و، بێ فرمان و، پیر و، داماو و، خوێندنی بەخۆڕایی، بەئەستۆی ئەوانە.».

## شۆڕشی ڕووس

شۆڕشی (ڕووس)یش یەکێکە لە شۆڕشەکانی ساڵی ١٨٤٨. بەڵام ڕۆژگار حەفتا ساڵی دواخست. چونکە ئەو ئینجیلەی باوەڕی پێ هێنابوو و، ئەو بەیداخەی چووبووە ژێریەوە، «نامەی کۆمۆنیستی» بوو، کە «کارڵ مارکس» لە ساڵی ١٨٤٨دا دەری هێنابوو.

چیرۆکی نەتەوەی ڕووسیش کە ئەنجامی بەم شۆڕشە گەیشت، لە ساڵی ١٩١٧دا، پڕە لە ئەرک و ئازار و، ڕیسوایی و، هەژاری و، نەخوێندەواری و، نەخۆشی، بەهۆی زۆرداریی چەند خونکارێکی شێت و وێت و، چەند خانەدانێکی ناڕەسەن و، چەند دەوڵەمەندێکی گێژوویژەوە، کە واتای سەربەرزی، یاخود مرۆڤایەتییان نەدەزانی!!(*) پاش ئەوە کڵێساکانیش پشتیوانیی ئازار و کوێرەوەری و ڕیسواییی هەژارەکانیان دەکرد. کەچی لەگەڵ خونکار و سەردار و خانەدانەکاندا سوێندیان بەسەری یەکتر دەخوارد!.

لە پەیدابوونی شۆڕشی گەورەی فەرەنسەوە، لە هەموو ئەوروپادا یاسای زەویداری یاخود «بەندەگەریی کشتوکاڵ» هەڵگیرا. بەڵام لە ڕووسیادا تا ساڵی ١٨٦١ مایەوە، تاچاری ڕووس «ئەسکەندەری دووەم» جاڕی دا بۆ لابردنی. بەوە نزیکەی دە ملیۆن جووتیار ئازادبوون، زەویشیان پێدرا بۆ چاندنی، بەڵام ئەم زەوییانە پارچەپارچە نەکران و، هەر

(*) تێناگەم نووسەری بەڕێز بۆچ وا لێرەدا دەماری مەردایەتیی بزووتووە بۆ سەرگەردانیی نەتەوەی ڕووس بەدەست (چار)ەکانیانەوە. کەچی یەک وشەی لە بابەت سەرگەردانیی نەتەوەی کوردەوە نەنووسیوە، بەدەست فەرمانڕواییە داگیرکەرەکانی کوردستانەوە! -(وەرگێڕ)-

پارچەیەک بدرێ بەجووتیارێک بەخشینەکە بەجۆرێکی گشتی بۆ هەموو گوندەکە بوو، هەموو ساڵێکیش دابەشکردنی زەوی تازە دەکرایەوە. خاوەن زەوی لەم جێگاوە بۆ ئەو جێگا دەیگوێزایەوە. ئەویش تا دەهات، بەوە چالاکیی کەم دەبووەوە و، دڵی سارد دەبووەوە لە پەروەردەکردنی زەوییەکە چونکە لەوە دڵنیا نەبوو، کە ساڵی دوایی یاخود چەند ساڵێک لەوێدا دەمێنێتەوە. هەروەها دابەشکردنەوەی زەوییەکەیش، ڕێگای دەدا بەلایەنگیری و جوێکردنەوەی یەکێک لەوی تر. لەبەرئەوە نەتەوە بەو جووتیار ئازادکردنە دڵی خۆش نەبوو. نووچی گرت لەسەر ئەوە کە فەرمانداریی بەرەڵڵا هەڵبگیرێ. «ئەسکەندەری دووەم»یش نووچی گرت لەسەر مانەوەی فەرمانداریی بەرەڵڵا. لەبەرئەوە شۆڕشگێڕەکان لە ساڵی ١٨٨١دا کوشتیان.

ئنجا «ئەسکەندەری سێیەم»ی کوڕی هاتە سەر تەخت. ئەویش دەستی گرت بەفەرمانداریی بەرەڵڵاوە، بەری نەدا. هەروەک ئەوە نازوجیازێک بێ و خودا بەدیاری بۆی ناردبێتە خوارەوە، وابوو. هەروەک هۆشی مەزنی ئەو لە هۆشی (١٣٠) ملیۆن باشتر بووبێ وابوو!! توانیشی فەرمانداریی بەسەردا بکات، بەڵام بەهۆی باڵبازی زرنگکارییەوە[١]، بەهۆی تەفروتوناکردنەوە بۆ (سیبەریا). هەندێ جاریش بەهۆی کوشتنەوە!! ئەم جۆرە فەرمانداریی پێ باشتربوو لەوەی کە بەهۆی کۆڕی نەتەوەوە، لەجیاتیی نەتەوە فەرمانداری بکات!!

ڕووسیا پڕبوو لە شۆڕشگێرە دڵ پڕ لە قینەکانی. ژمارەیەکی زۆریشیان ڕایان کردە پایتەختەکانی ئەوروپا، بۆ ئەمەی بەئاسوودەیی و شێنەیی، ڕێ و شوێن بۆ شۆڕشەکە دابنێن، کە لەوێدا دووربوون لە باڵبازی زرنگکاریی ڕووسەوە. شۆڕشگێڕەکان چەند جارێک خەریکی ئەوەبوون، «ئەسکەندەری سێیەم» بکوژن. بەڵام هەموو جارێک، ڕزگاری دەبوو، لە دەستیان. ئیتر لەسەر تەخت مایەوە، تا لە ساڵی ١٨٩٤دا لەناو جێگەکەیدا مرد.

وا دەهاتە پێش چاو کە «نیکۆلای دووەم»ی کوڕی، کە دوا چاری ڕووسیا بوو، دەست دەکات بەبەرەڵڵاکردنی ئەو سەربەستییانەی کە باوکی بەربەستی کردبوون، کە دەستوور ئاشکرا دەکات و، باڵبازی زرنگکارییش لە خۆی دوور دەخاتەوە. واز لە گرتنی ئازادیخوازانیش دەهێنێ و، نایشیان نێرێ بۆ سیبەریا، بەڵام کە هاتە سەر تەخت، لە

(١) باڵبازی زرنگکاری: پۆلیسی سیاسی، ئاسایش، ئەمن.



شێوەیەکی کردەوە نەنگانەی یەجگار بێ هاوتادا بڵاوی کردەوە کە دەستبەرداری فەرمانداریی بەرەڵڵا نابێ!...

ئیتر لەوساوە، چ ڕووسەکان خۆیان، چ ئەوروپاییەکان، لە دڵیاندا بنج بەست بوو کە شۆڕش هەڵدەگیرسێ و، تۆڵەیەکی توندوتیژیش لە چار و خانەدانەکان دەسێنێ!...

شەڕ لە ناوەند ڕووسیا و ژاپۆندا هەڵگیرسا. ڕووسیا شکا. لە ساڵی ١٩٠٥دا نەتەوە شۆڕشی هەڵگیرساند. بەڵام فەرمانڕوایی بەو لەشکرەیەوە کە هەیبوو و کە کوڕانی خانەدان و سەردارەکان سەرکردەییان دەکرد، واتا دوژمنانی نەتەوە و دەستوور، شۆڕشەکەی شکاند. بەڵام چار، «نیکۆلا»، ناچار بوو دانی بەوەدانا کە کۆڕێکی نەتەوە پێک بهێنێ، بۆ ئەمەی ئەو کەتنەی خۆی و پیاوخراپەکانی ئەملاو ئەولای خۆی، لە شکانی ناو شەڕەکەدا بشارێتەوە. کۆڕی نەتەوە، «دۆما» هەتا سێ مانگ کۆبووەوە. چار هەرچەندی کرد لەگەڵیدا نەدەسازا. لەبەرئەوە بڵاوەی پێ کردن و هەڵی وەشاندەوە!!

پاشان دەستی کرد بەدەستکاریی کۆڕی نەتەوە، چەشنی ئەوەی «فوئاد» و «فاروق» لە میسردا دەیانکرد. جا ئەگەر ئەندامەکان ملیان کەچ بکردایە و سەریان دابنەواندایە ئەوا کۆڕی نەتەوە دەمایەوە. خۆ ئەگەر بیشیان گوتایە: «نەء»، ئەوا کۆڕی نەتەوە دادەخرا. ئیتر ناوی چار، بەچاکی بەسەر زمان و پێنووسدا نەدەهات، لە ئەوروپادا، تەواو بەدناو بووبوو. هەرکەسێ ناوی دەبرد قسەی ناشیرینی پێ دەگوت. لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا، کە «دۆما» هەڵگیرا، «کامبل بانرمان» سەرەکی کاربەدەستانی ئینگلیز بەدەنگێکی بەرزەوە گوتی: «دۆما مرد. هەربژی دۆما»!...

کە شەڕی گەورەی یەکەم لە ساڵی ١٩١٤دا هەڵگیرسا، هەر لە مانگەکانی سەرەتاوە دەرکەوت کە لەشکر ئەو چەک و فیشەکەی نییە کە پێویستێتی. لەبەرئەوە ئەڵمانەکانیش پەیتاپەیتا دەیشکێنن، بەتایبەتی لەبەرئەوەیش کە ئەفسەر و سەرکردەکانیان بەهونەرمەندی و ئازایی و کارگوزاریی خۆیانەوە نەگەیشتوونەتە ئەو پایە بڵندانە. بەڵکو لەبەرئەوەیە کە نازوجیازیان هەبووە، لەبەرئەوەی کوڕە دەوڵەمەند یاخود کوڕە خانەدان بوون!

خوێنێکی زۆری لاوە ڕووسەکان ڕژا، بەخۆڕایی. کەسێک نەبوو بەزەییی پێیاندا بێتەوە! شەڕیش کارێکی گەورەیە. پێویستیی بەکۆکردنەوە و ڕێکخستنی هەموو هێزەکانی نەتەوە هەیە. ئەویش هەر بریتی نییە لە لەشکر و چەک و فیشەک. کارخانە و، کێڵگە و، نیشتمانپەروەریی خوێن گەرمانە و هۆگریی شارییەکان و، بیروباوەڕی ڕاستی

پەرستـــانە و، ئامـــانجی زرنگکاریی پێ دەوێ. بەڵام فـەرمـانڕەواییی ڕووسـیش، وەک لەشکری ڕووس، هەر بەدەست خــانەدانەکــان و، دەوڵەمــەندەکــانەوە بوو، بەدەست کارگوزارانەوە نەبوو. ئەو خانەدان و دەوڵەمەندانەیش بەتەنگ کوشتنی ملیۆنان سەربازی ڕووسەوە نەبوون. لەشکر بڕستی بڕا. نەتەوەیش ورەی بەردا. لەشکری ڕووس، کە شەڕی دەکرد، تفەنگەکانی فیشەکیان بۆ نەمابووەوە، تۆپەکانیشی ژەنگیان هەڵهێنابوو، گوللەیان بڕابووەوە! بێجگە لەمە برسێتییەکی گەورەیش داکەوتبوو، بەهۆی ئاژاوەی ناو گوێزانەوەی خواردەمەنییەکەیەوە، هەروەها بەهۆی دزینیەوە لەلایەن فەرمانبەران و خانەدانەکانەوە!

وە نەبێ باری نەتەوەیش لەمە چاکتر بووبێ. جاری وا هەبوو، بڕیار دەدرا، هەر کەسە هەموو ڕۆژێ سەنگێک نانی ڕەشی بدرێتێ، پاشان ئەو سەنگە بوو بەنیو سەنگ، ئینجا کرا بەچارەکە سەنگێک. لەدواییدا شاری (پەتریسبۆرگ) هەفتەیەکی تەواو بێ نان مایەوە!...

جا لە تەنگانەی وادا، ئەوانەی گرنگە مرۆڤ بن، وەک شێتیان لێ دێ... «چار» و ژنەکەیشی، ڕاوێژیان بەکەشێشێکی چاوبڕاوکەری تەڵەکەباز، «ڕاسپۆتین» دەکرد، قسەی ئەویان دەخستە سەرووی قسەی کاربەدەست و سەرکردەکانەوە. کەچی مێشکی ئەم کەشیشە جووتیارە، لە مێشکی نوشتەکەر و، لم لێکدەرەوەکانی میسر بەهێزتر نەبوو!...

هەندێ لە ئەفسەرەکان، چەند پێشنیازێکیان پێشکەشکرد، بۆ ڕاستکردنەوە و چاککردنی کاروباری لەشکر و نەتەوە. «چار»یش، کاربەدەستەکانی زووزوو دەگۆڕی. بەڵام هەموویان، لە داڕزیویدا وەک یەک بوون. چونکە هەموویان لە فەرمانبەرە کۆنەکان بوون، کە لە بارەیاندا نەبوو بچنە کۆڕی ئەو کارەساتە گەورانەی جیهانەوە. لەبەرئەوە ئاژاوە و ئاڵۆزی تەشەنەیان کرد!. دوایی لە مانگی نەورۆز (مارت)ی ١٩١٧دا، هەندێ شاری و سەرباز وێرایان بە «چار» بڵێن، لە تەختەکەی بێتە خوارەوە. «چار»یش ناچار بوو، لێی بێتە خوارەوە.

کاربەدەستی (وزارة)ی «کێرنیسکی» دامەزرا. ئەمیش پیاوێک بوو لەو جۆرە کاربەدەستانەی کە زرنگکاری (سیاسەت)ی بەفڕوفێڵبازی و چاوبڕاوی دەستە و کۆمەڵ و، بەرگ و پۆشەنیی باش و، ئەو ئاهەنگانە، تێدەگەیشت، کە تەڵەی تێدا بنرێتەوە بۆ ئەم و ئەو. ئەگەر لە کاتی ئاشتیدا بوایە و، شەڕ و ئاژاوە لەناودا نەبوایە، ڕەنگ بوو سەربکەوێ. بەڵام لە کاتی شەڕوشۆڕ و شیروەشاندن و تۆپ گرماندندا، پیاوی وا دوور دەبێ لە سەرکەوتنەوە.



ئەو کاتەیش، دەستە و کۆمەڵانێکی زۆر لە ڕووسیادا هەبوون: وەک دەستەی «مەنشەفیک» کە هۆگری هاوبەشی (الأشتراکیة) و کاروبار ڕاستکردنەوە بوون لە شێوەیەکی هێواش هێواشدا، دەستەی «بۆلشەفیک»یش هەبوون، کە لەو کەسانە پێکهاتبوو کە لە هاوبەشی خوازە چەپییەکان بوون. ئەوان شۆڕشیان دەویست، سەرکردەیشیان (لینین) بوو.

لەناو گێژاوی جەنگیشدا ساڵی ١٩١٧، کە لەشکری ڕووس تێکڕا بەبێ چەک، بەشکاوییەوە دەگەڕایەوە، کە «چار»یش لەپاش ئەوەی سەرگەردانیی نیشتمانەکەی خۆی، لەسەر دەستی خۆیدا دی، کە دی گرانی و برسێتی هەموو نەتەوەی گرتۆتەوە... لەسەر تەختەکەیەوە هاتەخوارەوە... بێگومان، هەر دەبوو (شۆڕش خوازەکان) سەر بکەون، نەک (شێنەیی خوازەکان)... ئیتر کە (کێرنیسکی) کەوت، ئەوانیش کەوتن!...

گەورەترین هۆ کە (بۆلشەفیک)ەکانی سەرخست و یارمەتیی دان بەسەر «کێرنیسکی»دا سەربکەون، ئەوەبوو، کە بنچینەی زرنگکارییەکەیان کرد بەوە کە دەمودەست داوای شەڕکوژاندنەوە و پەیماننامەی ئاشتی بکەن. ئاشتییش هیوا و ئاواتی لەشکر و نەتەوە بوو. کەچی (کێرنیسکی) هەر لەسەر قسەی خۆی دەڕۆیشت، دەیگوت بام شەڕ نەبڕێتەوە، کە شەڕیش بەبێ چەک و خواردەمەنی دەکرا!...

بەڵگەی ئەوەیش کە فەرمانڕەواییی «کێرنیسکی» ئاگاداری ئەو تەنگوچەڵەمە سامناکە نەبوو، کە ڕووسیا لەو ڕۆژانەدا تێی کەتبوو، هێشتا ئەو شۆڕشگێڕانەی کە لە ساڵی ١٩٠٥دا گیرا بوون، لە ساڵی ١٩١٧یشدا، فەرمانڕەواییی «کێرنیسکی» بەرەڵڵای نەکردبوون.

لە مانگی ڕەشەمێ (شباط)ی ساڵی ١٩١٨دا «بۆلشەفیک»ەکانی ڕووس و سەربازەکانی ئەڵمان، پەیماننامەی ئاشتییان مۆرکرد. ئیتر لەو ڕۆژەوە ڕووسیا گۆڕاوە، وەک سەردەمی «چارەکان» نەما. تەنانەت بەجۆرێکی وایش گۆڕا، کە لە (کۆمەڵایەتی) و (زرنگکاری) و (خوێندەواری)دا لە ئەوروپا جوێ بووەوە.

# شۆڕشی هیند

که له دووسەد، سێ سەد ساڵێکی لەمەوپێشەوە، سەرنج لە کاروباری هیندستان دەدەین و، بەراوردێک دەکەین لە ناوەند زۆرداربیەکانی داگیرکەریی بەریتانیا و، زۆرداربیەکانی ڕەوشت و خووی کۆنی ئاینیی هیندییەکاندا، سەرمان سوڕدەمێنێ و سەرسام دەمێنێ و سەرسام دەبین. چونکە ئەم ڕەوشت و خووە کۆنە ئاینییانە بوو، کە هیندییەکانی وا لێ کردبوو، نزیکەی پەنجا ملیۆن ڕۆڵەی خۆیان، لە خۆیان بکەنەوە و، کە نەفتیان بکەن و، تێکەڵییان لەگەڵدا نەکەن. نە ڕێگایان بدەن بێنە ناو پەرستگایانەوە، نە خوێندنیشیان فێر بکەن، نە بشهێڵن بۆ خۆیان فێری پیشەسازییەک بن و گوزەرانی پێوە بکەن!... هەر ئەم ڕەوشت و خووە ئاینییانەیش بوو، کە سووتاندنی بێوەژنانی کردبوو بەباو، هەر پیاوێک بمردایە، دەمودەست ژنەکەیان دەسووتاند. لە سەدەی نۆزدەهەمەوە ئەم سووتاندنەیان بەربەست کرد. بەڵام سەرتاشینی بێوەژنەکان مایەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا کە بەبەد و نەگریس دابنرێن، نابێ بێنە بەرچاو!...

جا ئەم جیاوازییەی ناو چینەکانی نەتەوەی هیند بو، کە ڕێگای بۆ ئینگلیزەکان پاککردەوە، هیندستان داگیر بکەن. چونکە نەتەوەیەک تا ئەم ڕادەیە بەچاوی سووک تەماشای ڕۆڵەکانی خۆی بکات، چاوەڕانیی ئەوەی لێ ناکرێ کە یەک بگرێ و، بەرەنگاریی داگیرکەری بکات.

داگیرکردنی هیندستانیش لەلایەن فەرمانڕەواییی بەریتانیاوە دەگەڕێتەوە، بۆ نزیکەی سێ سەد ساڵ لەمەوپێش کە هاوبەشی (شركة)یەکی بازرگانیی ئینگلیز هاتبووە هیندستان، دەستی کردبوو بەکڕینی بەرهەمەکانی ئەوێ، وەک چای و گەنم و لۆکە و بابەتی تر. پاشان هاوبەشییەکە، بوو بەفەرمانڕەواییەک لەسەر بیروباوەڕی داگیرکەری (استعمار) بەڕێوە دەچوو. کەرەستەی خاوی لە هیندستان بەنرخێکی یەجگار هەرزان دەکڕی. لە بەریتانیا دا دەکران بەکەلوپەل و کوتاڵ و بابەتی تر. ئنجا دەنێرانەوە هیندستان، بۆ ئەمەی هیندییەکان بەحەوت، هەشت ئەوەندەی ئەو نرخە بیکڕنەوە، کە کەرەستە خاوەکانیان پێ فرۆشت بوو بەئینگلیزەکان.

دەروونی داگیرکەرەکان ئاوابوو. لە هەموو لایەکی جیهانیشدا ئەمە مێژوویەتی:

١- دانیشتوانی خاکە داگیرکراوەکە بەکەمترین کرێ فرمانیان پێ دەکرێ، بۆ ئامادەکردنی کەرەستەی خاو.



٢- دانیشتوانی خاکی نەتەوە داگیرکەرەکان، ئەم کەرەستانە وەردەگرن و دەیانکەن بەکەلوپەل و بابەتی تر.

٣- لەبەرئەوە دانیشتوانی خاکە داگیرکراوەکان، لە پیشەسازی بەربەست دەکرێن. ناهێڵن ئەوانە کارخانە دابمەزرێنن. بەماشین بکەوێتە گەڕ بۆ ئەمەی بەرهەمێکی زۆری پێ دروست بکەن.

٤- ئەو بابەتە دروستکراوانە دەنێرێنەوە ناو نەتەوە داگیرکراوەکە، بۆ ئەمەی بەگرانترین نرخ بیانکڕن.

٥- بەکورتی داگیرکردن بریتییە لەوە، کە نەتەوەی خاک داگیرکراو، کەرەستەی خاو بەرهەم دەهێنێ، کەلوپەلی دروستکراو، لەو کەرەستە خاوانە، دەکڕێت. کەواتە خاکەکەی دەبێتە بازاڕێکی دوولایی بۆ نەتەوە زاڵەکە.

لە کۆنەوە تا ئیمڕۆ، لەناو خاکە داگیرکراوەکاندا، وا ڕەفتارکراوە. ئینگلیزەکانیش توانییان لەو دارزیوییەی هیندییەکان کەڵک وەربگرن. ئەو دارزیوییەی، کە ژیانی هیندییەکانی وا لێ کردبوو، پڕ ببێ لە چاولێکەری، هیچ باوێکی تازەی تێدا دانەیێ، هیچ وریابوونەوە و ڕاپەڕینێکیشی تێدا پەیدا نەبێ، تۆ چۆن دەتوانیت پیاوێک بخەیتە سەر ئەو باوەڕەی کە زۆری لێکراوە، کە داگیرکەری پلیشاندوێتییەوە، لەبەرئەوە پێویستە لەسەری تێبکۆشێ و خەبات بکات بۆ ئەمەی سەربەخۆیی و سەربلّندیی دەست بکەوێتەوە؟!. تۆ چۆن دەتوانیت ئەو کەسە وا لێ بکەیت، کە کۆمەڵایەتییەکەی سەربەرزیی لێ دوورکەوتبێتەوە و، وایشی لێ هاتبێ بێوەژن بکوژێ و سەری بتاشێ و پەنجا ملیۆن ڕۆڵەی خۆیشی وا کەنەفت کردبێ، کە ئەوەندەی مانگایەک ڕێزیان لەلای نەبێ؟!.

لەگەڵ ئەمەیشدا داگیرکەری، بۆ هەر کوێیەک بچێ، تلیاکەکەی خۆی لەگەڵ دایە، کە ئەویش بریتییە لە خوێندەواریی ئەوروپایی. چونکە ئەم خوێندەوارییە، کە هاتە ناو هیندستانەوە باوەڕ و چاولێکەرییەکانی هیندییەکانی تێکومەکان دا. کەسایەتیی هیندییەکانیشی خستە شێوەی سەربەخۆییەکی تازەوە، لەباتی خۆبەدەستەوەدان، بیرکردنەوە هاتە پێشەوە. لەجیاتیی کشوماتی وریابوونەوە و، ڕاپەڕین دەرکەوتن،. لەبەرئەوە پێویستە ئەوەیش بزانین، نەتەوەکانی ڕۆژهەڵات، کە لەژێر پێی داگیرکەریدا پلیشابوونەوە و، سووک و ڕیسوا بووبوون، بەهیچ کەسێک وریا نەبوونەوە و، بەهیچ

کەسێکیش ڕانەپەڕین لە خەو، بەو کەسانە نەبێ کە خوێندەواریی ئەوروپایان چووبووە گیانەوە، وەک (غاندی) و (نەهرۆ) و (مستەفا کامل) و (محەمەد فەرید) و (سەعد زەغلول) و (کەمال ئەتاتورک) و (مسەدەق) و (بورقیبە) و (علال)...

بەڵام ئەوانەی کە بەخوێندەواریی ڕۆژهەڵات وازیان هێنا، هەر ئەوەندەیان لەباردابوو کە دابنیشن، ئێستایش هەر لە دانیشتن دان!... پێویستە ئەوەیشمان لەبیر نەچێ کە وشەکانی: نیشتمانپەروەری و، دیمۆکراتی و، سەربەستی و، برایەتی و، یەکسانی و، کۆڕی نەتەوە و، دەستوور و، خێزان و، کۆمەڵایەتی، ئەمانە هەموویان وشەی بێگانەن، یاخود خۆماڵین، بەڵام ئێمەی ئەم سەردەمە کە هۆگری ژیانی ئەم چەرخەین، واتای ئەم چەرخەمان تێ فرێداون، ئەو واتا تازانەی کە لە ئەوروپا وەرمان گرتوون، نەک لە ڕۆژهەڵات.

***

لە هیندستاندا، ڕێگای کوشتنی بێوەژنی دەدا!... پاش ئەمەی سەدەی نۆزدەم ئەم کەتنە گرنگەی لابرد، ڕێگای سەرتاشینی دەدا!... دەیگوت کار و فرمانی پیاو، نابێ ژن بیکات! پەنجا ملیۆن هیندییشی بەگڵاو دادەنا!. فەرمانداریی «ڕاجا»یشی بەباش دەزانی کە لەباتی ئەوەی نەتەوەکەی خۆی پێش بخات، یاقووت و مرواری و ئەڵماس و بابەتی خۆڕازاندنەوەی دەکڕی و دەیکرد بەخۆیدا!. بە «ڕاجا» و «میهراجا»یش فرمانداریی بەڕەڵڵای بەخشی بوو، پێی خراپ نەبوو!. ڕۆژئاوا، یاخود خوێندەواریی ڕۆژئاوا، لە سەدەی بیستەمدا بەهۆی (تاگوور) و (غاندی) و (نەهرۆ) و هاوڕێکانیانەوە، هاتە ناو هیندستانەوە دەیگوت: «مرۆڤی هیندی، لە ژوور خوداکانی هیندەوەن، نەتەوەی هیندیش لە ژوور «میهراجا»کانەوەیە. ئەو کولێرەیەیش کە ئاهی سکی برسییەکی پێ دەشکێ، چاکترە لەو مرواری و یاقووت و ئەڵماسەی کە بەسنگ و بەرۆکی «ڕاجا»وەیە!.

(تاگوور)، بوێژی هیندستان وێرای بلێ:

«پڕ بەدڵ دەمەوێ هەورە تریشقەیەک بێت و بدات لە هەموو پەرستگاکانی هیندستان، بیانڕووخێنێ، بۆ ئەمەی لەوەپاش دەست بکەینەوە بەدانانی ئاینێکی تازە».

***

(غاندی) و (تاگوور) و (نەهرۆ)، بۆ دوو جۆرە سەربەخۆیی تێدەکۆشان:

(یەکەم): بۆ سەربەخۆیی زرنگکاریی نەتەوە. ئەویش بەوە پێک دەهات کە ئینگلیز لە



هیندستان بکرێتە دەرەوە. «میهراجا»کان و «ڕاجا»کان و سەردارەکانیش بخرێنە ژێر چنگی نەتەوەی هیندەوە. گەورەیی و دەسەڵاتی نەتەوەیییش لە شێوەی دەستوور و فەرمانداریی کۆڕی نەتەوەدا ئاشکرا بکرێ.

(دووەم): بۆ سەربەخۆیی دەروونی هیندی لەچاولێکەری، ئازادکردنی لەو هەزاران خودایانە کە زۆرداریيان لە نەتەوەی هیند دەکرد و، پارچە پارچەیان کردبوو، هۆش و دڵیان ڕیسوا و سەرگەردان کردبوو، کەسایەتیی مرۆڤیشیان لە ئارادا نەهێشتبوو!

«غاندی» لەناو خێزانێکی چینی ناوەڕاستدا گەورەبووبوو. لە خوێندنگایەکی باویشدا خوێندبووی کە لەسەر یاسای ئینگلیز دەچوو بەڕێوە. پاشان چووبووە ئینگیلتەرە بۆ خوێندنی زانستەکان ماف، تا بێتە پشتیوان (پارێزەر = محامی). کە گەڕایەوە هیندستان، خەریکبوو نان پەیدا بکات بۆ خۆی، بەڵام سەری نەگرت بۆی. پاشان کۆچی کرد بۆ ئەفریکای خوارووی. لەوێدا ژمارەیەکی گەورە هیندی هەبوو، کە زۆربەیان لەو کرێکارانە بوون کە ئەوروپاییەکان هێنابوویانە ئەوێ بۆ فرمانکردن لە کانگاکانی ئەڵماس و خەڵووزدا... لەوێدا ئەوەندە بەسووکی تەماشاکردنی هیندییەکانی دی لەلایەن ئەوروپاییەکانەوە، دەروونی بریندار بوو، دەماری مەردایەتییشی بزووت، بەدڵ ئارەزووی دەکرد بچێ بەگژ ئەو ئەوروپاییانەدا کە فەرمانڕەواییی ئەوێیان لەپشتەوە بوو، پشتی دەگرتن. چونکە یاسای ئەوێ، هیندییەکانی لە مافە ساکارە سەرەتاییەکانی مرۆڤایەتی بێبەش کردبوو؛ وەک ڕۆیشتن بەسەر پێبازی شەقامەکاندا، یان سواربوونی ئەو گالیسکە و شەمەندەفەرانەی کە ئەوروپاییەکان تێیاندا سوار دەبوون، یان نانخواردن لەو چێشتخانە و میوانخانانەدا کە ئەوروپاییەکان دەچوونە ناویان!...

بێجگە لەوە لە مزی کرێکارییەکەیشیاندا، وەک هی ئەوروپاییەکانیان ڕانەدەگرتن هەروەها بەرەنگاریی ڕێکخراوەکانیشیان دەکردن، کە کاروبار و پێشکەوتنی خۆیان پێ ڕادەپەڕاندن.

«غاندی» دەستی کرد بەبەرەنگاری کردنێکی بێ جەنگ (سلبی). نەچەکی دا لە خۆی، نەهانەیشی دا هەڵی بگرن. هەر ئەوەندەی بەس بوو، کە هیندییەکان یارمەتیی ئەوروپاییەکانەوە نەدەن. هیندییەکان وایان لێهات، کە زۆرداری و دڵڕەقییەکیان لە ئەوروپاییەکانەوە دەدی، بەرەنگاری کردنێکی سەیریان دەکردن. بۆ وێنە: لەپەوڕوو لە چەقی ڕێگاکەدا خۆیان دەدا بەزەویدا ڕێیان لە ڕێبوار دەبەستەوە.

بەهەزاران هیندی، دەگیران و دەخرانە بەندیخانەوە، باڵبازەکان هەڵیان دەکوتایە سەریان، لێیان دەدان. بەڵام ئەوان کز نەدەبوون، کۆڵیان نەدەدا!... کە ساڵی ١٩١٩ هات، غاندی بەهەلی زانی، تێکۆشانەکەی خۆی پەرە پێ بدات، بەرەنگاریی داگیرکەری و چەوساندنەوە، هەر لە ئەفریکای خوارووودا نەکات، لە هیندستانیشدا بیکات، کە گەڕایەوە هیندستان... لەوێشدا بانگی دا بۆ بەرەنگاری کردنێکی بێ جەنگ (سلبی). واتا هیندییەکان بەهیچ کلۆجێک یارمەتیی ئینگلیزەکان نەدەن. بانگی ڕاهێشت بۆ نەکڕینی کەلوپەلی ئینگلیزەکان. تەنانەت هاواریشی کرد بۆ نەدانی باج. لەم باجانە، لە هەموویان زۆرتر کە نووسابوو بەنەتەوەوە، باجی خوێ بوو. چونکە هەژاریی گشتیی لە هیندستاندا، وای لە هەژارەکان کردبوو کە خواردنیان بێتە سەر نان یاخود برنج بۆ ئەمەی بتوانن ئەو دوو خۆرشتەیش بخۆن پێویستییان بەخوێ هەبوو. «غاندی» هیندییەکانی بانگ کرد بۆ کۆچێک بۆ کانە خوێیەکانی گوێ ئاو، کە لەوێدا خوێ وشک دەکرایەوە، لەگەڵ خۆ پێشاندەرەکاندا نزیکەی سی کیلۆمەترەیەک بەپێ ڕۆیشت. باڵبازانی چەکداری تا دەهات لێیان دەدان. خوێن دەڕژا بەرێگاکەدا. پەیتاپەیتا لێیان دەگیرا، بەڵام کۆڵیان نەدەدا، تا گەیشتنە خوێ لێنەکان[1]. بێ ئەمەی نرخەکەی بدەن، خوێیەکی زۆریان کۆکردەوە بۆ خۆیان.

نرخی نهێنیی ئەم کردەوەیە، گەلێک گەورەتر بوو لە نرخی ئاشکرای خوێیەکە، چونکە بەهۆی ئەوەوە هیندییەکان تێگەیشتن، کە نەدانی باج لەو بابەتانەیە کە (بەرەنگاریی داگیرکەری)ی پێ بکرێ.

پاش ئەوە «غاندی» خەڕەک و تەونی بڵاوکردەوە بەناو هیندستاندا، بۆ ئەمەی هیندییەکان، کە وازیان لە کڕینی کوتاڵی ئینگلیز هێنابوو، کوتاڵی نیشتمانی بۆ خۆیان دروست بکەن. خەڕەکی کرد بەنیشانەیەک بۆ ئاینی نیشتمانی هیندییەکان. ئەوەی، تەنیا، کرد بەنیشانەیەک. چونکە دەیزانی خەڕەکی دەستی دادێک نادات، ئەوەی پێویستە نایهێنێتە بەرهەم، لەڕاستیدا مەبەسی دامەزراندنی کارخانەی گەورەبوو، کە لەپاش دەرپەڕاندنی ئینگلیزەکان، هیندییەکان دەستیان دایە دامەزراندنی. «غاندی» لە هەندێ وتاریدا کە بریتی بوون لە پاڕانەوەی نیشتمانی، دەیگوت: «من شەرم دەکەم بەئینگلیز

(١) خوێ لێن: وادیارە مامۆستا ئەم وشەیەی بەکارهێناوە بۆ (کانی خوێ) یان (مەملەحە)، ئەو جێیەی خوێی تیا کۆ دەکرێتەوە.



بلێم بڕۆنە دەرەوە، کە هێشتا، بۆ داپۆشینی لەشم، پێویستیم بەو بەرگانە هەیە کە ئەوان دروستی دەکەن!».

«غاندی» بەهۆی خەڕەکەوە، کە هەر بریتی بوو لە نیشانەیەک، دەروونی پیشەسازیی بڵاو دەکردەوە بەناو هیندستاندا، هیندییەکانی تێگەیاند، کە نەتەوەیەکی پێشکەوتوو، نابێ هەر لەسەر کشتوکاڵ بژی، پێویستە خوو بداتە پیشەسازییش!.

ئەو شۆڕشەیش کە «غاندی» هەڵی گیرساند، بەرامبەر چاولێکەرییەکانی نیشتمانەکەی خۆی، گەلێک گەورەتر بوو لەو شۆڕشەی کە هەڵی گیرساندبوو بەرامبەر ئینگلیزەکان. ڕۆژنامەیەکی دەرکرد بۆ کەڵک و چاکەی نەنگەویستەکان. پارەیشی بۆ کۆکردنەوە. ئەو پیشەسازییەیشی فێرکردن کە لەوەپێش نەدەهێڵرا توخنیان بکەون. بانگی ڕاهێشت بۆ یەکسانی لە ناوەند ژن و پیاودا. ئەو وەک «تاگوور»ی نەکرد، جنێو بدات بەئاینەکانی هیندییەکان. بەڵام بەکردەوە بەرەنگاریی زۆر و ستەمەکانی دەکردن.

کە تەماشای کرد خۆپەرستی زاڵە بەسەر هێندۆک و موسوڵمانەکاندا، هەموو دەمێکیش شەڕوشۆڕیان لەناودا دەقەومێ. ئەوەندەی لە توانایییدا بوو ڕەنجی دا بۆ بڵاوکردنەوەی چاوپۆشی لەناویدا. گەلێک وتاری بڵاوکردەوە لە بابەت پێداهەڵدانی ئیسەلامەتی و جێنشین (خەلیفە)ەکانی ئیسەلامەوە. هەرچەند شەڕوشۆڕێک لە ناوەند هیندۆکەکان و موسوڵمانەکاندا بقەومایە، دەمودەست، بیست سی ڕۆژ بەڕۆژوو دەبوو، تاکو خۆپەرستەکان شەرم لە خۆیان بکەن و، واز لە ڕووخاندنی مزگەوتەکانی ئیسەلامەکان، یاخود پەرستگاکانی هیندۆکەکان بهێنن!

«غاندی» بەدەستی یەکێک لەو هیندۆکە خۆپەرستانە کوژرا، کە لە توانایییدا نەبوو، لە چاوپۆشینە پاکە چاکەکەی (غاندی) لەگەڵ موسوڵمانەکانەکاندا بێدەنگ بمێنێتەوە!

«غاندی» کە پیشەی پشتیوانیی هەبوو لە ئەفریکای خوارووودا، ساڵی شەش حەوت هەزار دیناری دەست دەکەوت. بەخۆشیی خۆی وازی لەو هەموو دەسکەوتە هێنا و، پارچە سیپاڵێکی پۆشی تا لەشی، یاخود هەندێک لە لەشی خۆی پێ داپۆشێ. بزنێکیشی پەیداکرد، شیرەکەی دەخواردەوە. ئەو نەتەوەیەی کە ڕەنجی بۆ دەدا، هەمووی بیست کرۆشی زۆرتر پێ بەخت نەدەکرد لە مانگێکدا، کە ئەویش بۆ هەموو پارە بەختکردنێکی بوو، لە جلوبەرگ و خواردن و حەوانەوەیدا!.

«غاندی» نەگوندی کڕی، نە لە کۆشکدا دانیشت. نە ئۆتۆمۆبیلی پەیداکرد. نەبۆ ئەوەیش تێکۆشا کە ببێتە خاوەن کڵاو، پێی بلێن خاوەن پایە، یان خاوەن سایە، یان

خاوەن کامەرانی، یان خاوەن دەسەڵات! ئەگەر بۆ ئەو شتانە تێ بکۆشایە، هەرچیی بویستایە دەستی دەکەوت. بەڵام ئەوساکە، هیندستان بەئامانجی سەربەخۆیی خۆی نەدەگەیشت.

لەکاتێکدا کە میسر، سەربەخۆیی خۆی دەست نەدەکەوت، هیندستان سەربەخۆیی خۆی دەستکەوت. ئەوەیش سەبارەت بەوەبوو، کە پیاوە گەورەکانی هیندستان لەپێناو هیندستاندا ڕەنجیان دەدا. لەبەرئەوە نەتەوەی هیندی ڕێزی لێ دەگرتن. هەموو هیندییەکیش چەشنی ئەو گەورە پیاوانەی خۆی، دەیویست خۆی بەخت بکات، لەپێناو سەربەخۆیی هیندستاندا. هەموو لایەکیشیان هەستیان بەوە دەکرد کە ڕێز و سەربەرزی و گەورەیی، بەپارە کۆکردنەوە دەست ناکەون. بەڵام بەرەنجدان دەست دەکەون لەپێناوی نیشتماندا. لەبەرئەوە، هەموویان ڕەنجیان دەدا بۆ نیشتمانەکەی خۆیان. بەڵام ئێمە لە میسردا وەک ئەوانمان نەکرد، چونکە سەرکردە و پێشەواکانمان هەر خەریکی پارە کۆکردنەوە و، پاش ناو دەستکەوتن و، کۆشک و ئۆتۆمۆبیل پەیداکردن بوون. لەبەرئەوە تاکەکانی گەلیش یاخود دەوڵەمەند و سەردار و سەرۆکەکانیش چاویان لەوان دەکرد.

لە دوای «غاندی»، (نەهرۆ) هات. هەرچیی بۆ بەجێمابوو لە باوک و باپیریەوە، لە زەوی و ساختمان، هەمووی فرۆشت و، خۆی تەرخانکرد بۆ نیشتمانەکەی خۆی. سیانزە ساڵی لە بەندیخانەدا ڕابوارد. چونکە هەتا دەهات شێرگیرتر دەبوو بەرامبەر داگیرکەرەکان، هانەی نەتەوەی لێ دەدان و، بانگی دەدا بۆ سەربەخۆیی هیندستان. لەساڵی ١٩٤٧دا، ئینگلیزەکان ناچاربوون هیندستانیان بەجێهێشت. چونکە هەر هیندییەکیان دەدی، «غاندی»، یاخود «نەهرۆ»یەک بوو بۆ خۆی؛ نەپارەی لێ وەردەگرتن، نە لەگەڵیشیاندا ڕێک دەکەوت!

بەڵام شۆڕشەکە، بەدەرچوونی ئینگلیزەکان تەواو نەبوو... سەرکردەکانی هیندستان دەستوورێکی وایان دانا، کە ڕێگا لەو چاولێکەرییەکانی ڕۆژهەڵات ببرێت. تاکو جارێکی تر زیندوو نەبێتەوە و، وەک پێشوو کۆمەڵایەتیی هیندییەکان پارچە پارچە و کز و سەرگەردان نەکاتەوە، جارێکی تریش داگیرکەری بەهەلی بزانێ، بێتەوە ناو هیندستان. هاتن، فەرمانداریی «میهراچا» و «ڕاچا» و سەردارە زەبر بەدەستەکانیان لابرد. لە هەڵبژاردنەکاندا، کەلەپووردا، لە هەلی فرمانکردندا، لە فەرمانبەریی فەرمانڕەواییدا، مافی ژن و پیاویان وەک یەک لێ کرد. لە ئافرەت کاربەدەست (وزیر)یان دامەزراند! چاولێکەریی گڵاوییان هەڵگرت. جەزرەبە پێگەیاندنی گەورەیان دانا بۆ ئەو کەسانەی



پیاوێک یان ژنێک، بەناوی چاولێکەریی گڵاوییەوە، ڕیسوا بکەن! لە نەنگەویستەکانیش کاربەدەستیان دامەزراند! زەوی و کشتوکاڵیان لە زەویدارە گەورەکانی پچڕی و دابەشیان کرد بەسەر هەژارەکاندا. (ئاین) یان لە (فەرمانڕەوایی) جوێ کردەوە. هەموو ئاینەکانیشیان یەکسان کرد. زەوییە نەکێڵراوەکانیان ئامادە کرد بۆ کشتوکاڵ. بەڵام، وریابوونەوە لە گەورەترین بنچینە و سامناکترین هۆی سەربەخۆیی و دەسەڵات کە ئەویش پیشەسازی بوو. دەستیان کرد بەدامەزراندنی کارخانەی ماشینداری گەورە. توانییان کارخانەیەک بۆ پۆڵا دروستکردن دابمەزرێنن کە لە هەموو کارخانەکانی جیهان گەورەتر بوو، ئێستاکەیش وا ئۆتۆمۆبیل و ڕادیۆ و فڕۆکە و تانک و کاروانە ئاسنینە (شەمەندەفەر)، لە کارخانەکانی خۆیاندا دروست دەکەن، کە هەر ئەمانەن سەربەخۆییەکەی بۆ بپارێزن...

چیرۆکی خەباتی نیشتمانی هیندی، چیرۆکێکی ناوازەی مرۆڤایەتییە. چیرۆکی ئەو خوداناسە گەورەیەیە کە بەسەر باوکی جنۆکاندا زاڵبوو. چیرۆکی ئەو سەربەرزییەیە کە بەسەر سەرشۆڕیدا سەرکەوت. چیرۆکی ئەو دووربینییەیشە کە هەر لە ئێستاوە دواڕۆژی داگیرکردووە!... لە ڕاستیدا چیرۆکێکی وەهایە هەرچەند (هیندستان)مان بیردەکەوێتەوە دڵمان پێی خۆش دەبێ. بەڵام هەرچەند میسرمان بیر دەکەوێتەوە، دڵمان پێی تەنگ دەبێ.

## شۆڕشی چین

لە ناوەڕاستی سەدەی پێشوودا، چین گەیشتبووە ئەوپەڕی کۆنەپەرستی... لێرەیشدا، مەبەس لە کۆنەپەرستی ئەوەیە، کە هەر هۆگری چاولێکەری بوون کە دەیشیان زانی زیانی هەبوو بۆ مرۆڤ و، ڕیسواییشی دەهێنا بەسەریاندا! جا ئەم کۆنەپەرستییە ئافرەتی لە مرۆڤایەتی خستبوو. کردبووی بەمێچکەیەک، لە کەڵکی ئەوە کەوتبوو، کە وەک مرۆڤێک تەماشا بکرێ، مافی ژیانێکی سەربەستی هەبێ، لەناو ماڵ و شەقام و کێڵگە و کارخانەدا! نەء! چاولێکەری ئەوەی بۆ دانابوو، کە هەر بەمێچکەیی بمێنێتەوە واتا هەر بۆ تەختی نووستن بەکاربهێنرێ. جا بۆ ئەمەی ئەم مێچکەییە بپارێزرێ، لەناو چینەکانی دەوڵەمەند و ناوەڕاستدا، هەر لە منداڵییەوە پێی کچەکان دەخرانە ناو پێڵاوی ئاسنەوە. لەبەرئەوە پێیەکان گەورە نەدەبوون. کە کچەکە تەمەنی دەگەیشتە بیست ساڵی، نەیدەتوانی پێیان بڕوات!...

ئەی ئەو هەر مێچکەیەک نەبوو کە بۆ ناو پێخەف ڕاگیرابێ؟... ئیتر بۆچ بڕوات؟!. ئەی دەوڵەمەند نییە؟. ئیتر بۆچ ڕەنج بدات؟

لەگەڵ ئەوەیشدا کە چینییەکان لە نەتەوە هەرە زیرەکەکانی جیهان بوون، بەڵام ئەو ڕەوشت و خووە کۆنانە مێشکی بەستبوون. چاولێکەری هۆشی لە کەڵک خستبوون. یاسای فەرمانداریی شاهەنشاهییش، وەک هەموو یاسایەکی زەبرەبەدەستانە، پشتی ئەم مێشک بەستنەوەیەی دەگرت. ڕێزگرتنێکی وایشی لە نەتەوە داوا دەکرد بۆ ئەو چاولێکەرییانە، کە لە سنووری هۆش تێدەپەڕی. ئەوەیش سەبارەت بەوە بوو، کە یاسای شاهەنشاهییەکە، خۆی، بریتی بوو لە ڕەوشت و خوویەکی کۆن، لە چاولێکەری، لەبەرئەوە، گۆڕین و باوداهێنان، ڕاستکردنەوە و چاککردن، بەشتێکی ناپەسند دادەنران، پێویست بوو نەتەوە خۆی لێ دووربخاتەوە، فەرمانڕەواییش سزای ئەو کەسە بدات کە داوای ئەو شتانە دەکات. لەبەرئەوە زمانیش بەچاولێکەرییەک دادەنرا، لە ساڵی (١٩١٠)ی پێش زایین و پاش زایینیدا وەک یەک دەنووسرا. یاسای پێ خوێندنیش بۆ ئەوانە کە بە «زانا» دەربچن وەک خۆیان ناویان دەنان، تەمەنی دوو هەزار ساڵ بوو هێشتا نەگۆڕابوو. «زانا» کە تا تەمەنی لە چل ساڵە تێپەڕی نەکردایە، خوێندنەکەی خۆی بۆ تەواو نەدەکرا... خوێندەوارییش بریتی بوو لە: «ئەو گوتی و ئەوەی لەسەر گوت». کچیش تا شووی دەکرد بەقسەی دایک و باوکی دەکرد. کە شوویشی دەکرد بەقسەی مێردەکەی خۆی دەکرد. دەبوو نەتەوەیش بەرامبەر شا و زاناکان ملکەچ بێ. بێ چەندوچوون کردنیش باوەڕ بەخوداکان بهێنێ.

هەژاری لە هەزار کەس ٩٩٩ کەسی چینیی دەگرتەوە! کە برسییان دەبوو، بۆ ئەمەی بژین، کچەکانیان دەفرۆشت، بۆ داوێن پیسی، یان بۆ کەنیزەک ڕاگرتن! لەبەرئەوە دادەمان لەسەر «بەنگ» بۆ ئەمەی برسێتی لەبیر خۆیان ببەنەوە!. فەرمانڕەوایی چینیش بەندەرەکانی خۆی دادەخست. نەیدەهێشت بێگانەی تێ بێ، نەوەک چینی پاک و پیرۆز گڵاو بکەن! بەڵام بەگوللەی تۆپ دەرگاکانیان پێ کرایەوە. ئەوروپاییەکان بەزۆر هاتنە ناو چینەوە. سەدەی بیستەم، چوو بەگژ سەدەی دەهەمدا. بەسەریشیدا سەرکەوت!.

چینییەکان دەستیان کرد بەتێکەڵبوون بەو ئەوروپایی و ئەمەریکاییانەی دەیانچەوساندنەوە. هەندێ لاویان چوونە شارەکانی «لەندن» و «پاریس» و «نیویۆرک» و «بەرلین» بۆ خوێندن. ڕووناکی تازەیان چاوپێکەوت لە زانیاری و جەربەزەیی و باوداهێناندا، کە هەر بەبیریشیاندا نەدەهات، هۆشی مرۆڤایەتی پێیان ڕووناک ببێتەوە.



کە هاتنەوە نیشتمانەکەی خۆیان و، بیروباوەڕی ڕۆژئاواییان بڵاوکردەوە، بەخودانەناسیان دانان و خستیاننە بەیدیخانەوە. بەڵام دوایی بانگ ڕاهێشتنەکەیان سەری گرت. خێزانی شاهەنشاهییان دەرکرد، کە پشتیوانی هەرە گەورەی چاولێکەرییەکان ئەوبوو؛ ئەو چاولێکەرییانەی کە مێشکی نەتەوەیان مەیاندبوو، ماوەی هیچ گەشەکردنێکیان نەدەدان. پیتی خوێنراوەیان لە پیتە کۆنەکانیان هەڵبژارد و، ئەلفوبێیەکی نوێیان لێ دروست کرد. ئیتر نەتەوە دەیتوانی لە ماوەیەکی کەمدا فێریان ببێ و پێیان بخوێنێتەوە. ئەو یاسای پێ خوێندنەیشیان لابرد، کە لە دوو هەزار ساڵ لەوەپێشەوە تا ئەوسا هەر ئەو «زانا»یانەیان پێ دەگەیاند کە قسەکانی ئەو «زانا»یانەیان دەخوێند، کە هی ئەو کاتە بوون. ئەو پەرستگایانەیشیان ڕووخاند، کە ئەوەی فێر دەکردن هەر بەتەنگ جیهانی پاش مردنەوە بن، نەک جیهانی ئیمڕۆ!...

«سون یان سون» پێشەوای ئەم بزووتنەوەیە بوو، لە ئەمەریکادا خوێندنی تەواو کردبوو. لەوێدا جیهانی چەرخی تازەی چاوپێکەوت، کە هێزی ماشێن و بەرهەمی زۆری تێدا دیاربوو. کە گەڕایەوە چین، ویستی ببێتە سەرکردەی شۆڕشەکە. بەڵام بزووتنەوەکەی سەری نەگرت. لە ترسدا هەڕای کرد بۆ (ژاپۆنیا). پاشان چووە ئینگلتەرە. ئیتر لەوێدا توانی خۆی بگەیێنێ بەو لاوانەی کە لە چین و ئەوروپا و ئەمەریکادا بوون. توانی هەوێنی شۆڕش دروست بکات. کۆبوونەوەی گەلەکۆمەکێیش بکات.

لە ساڵی ١٩١١دا شۆڕشەکە سەری گرت. خێزانی شاهەنشاهێتییەکەیان دەرکرد. چین کرا بەکۆمار. «سون یات سون»یش بوو بەیەکەم سەرەک کۆماری چین. «شیتنگ کای شێک»یش ڕاز نووسی بوو.

دیارە ئەوەیش سەری نەدەگرت کە چین بەو زووانە بەتەواوەتی بگۆڕێ، لە نەتەوەیەکی بەنگ کێش و زەویداری ڕۆژهەڵاتییەوە، لە ماوەی چەند ڕۆژ و چەند مانگێکدا ببێتە نەتەوەیەکی پیشەسازی دیمۆکراتیی ئەم چەرخە. چونکە خاوەن زەوییەکان، کە کەنیزەکیان دەکڕی و، جووتیاریان دەچەوساندەوە هەروەها سەردارەکان کە بە بەرتیل وەرگرتنەوە دەژیان، تەنانەت پیاوانی ئاینییش کە بەهۆی خوداکانەوە، نەتەوەیان چەواشە دەکرد، ئەوانە هەموویان خۆیان مات دابوو، چاوەڕوانی هەلێک بوون بۆیان هەڵبکەوێ. جا هەرچەند ئەو هەلەیان دەست دەکەوت، دەستیان دەکرد بەشۆڕشکردن لەملاو لەولادا؛ تا چین وای لێهات پارچە پارچە لە یەکتر پچڕا.

لە ساڵی ١٩٢٥دا «سون یان سون» مرد. لەگەڵ ئەوەیشدا کە ئەو لەتوپەتکردنەی چینی

بەچاوی خۆی دەدی، بەڵام لەوە دڵنیا بوو کە شۆڕش نامرێ و هەر دەژی. چونکە نەتەوە باوەڕی پێ هێنابوو، تازە وازی لەو بیروباوەڕانە نەدەهێنا. لە دوای ئەو «شیانگ کای شێک» بوو بەسەرەک کۆمار. لەوساکەوە کە «سون یان سون»، لە ساڵی ١٩١١دا یاسای شاهەنشاهیی هەڵگرت، تا مردنی، خۆی لە ساڵی ١٩٢٥دا، سەرکردەییی نەتەوەی چینی کرد، لە شێوەیەکی دیمۆکراتیدا، لەسەر ڕێگای سەربەستی خوازەکان ڕۆیشت کە لە ناوەند ساڵەکانی (١٨٨٠) و (١٩٢٠)دا زاڵ بووبوون بەسەر ئەوروپادا. ئەو دوارۆژی چینی وا دەهێنایە پێش چاوی خۆی، کە ببێتە نەتەوەیەک لەناو گرەوی ئابووریی سەربەستدا بژی. نیشتمانەکەی پڕ ببێ لە کارخانەکانی پیشەسازی، ئازادیی بیر بڵاوببێتەوە بەناویدا. بەرەنگاریی کۆنەپەرستەکان بکات لەناو (خێزان) و (ئاین)دا. باوەڕیش بهێنێ بەسەربەستیی ئافرەت. بەڵام ئەم چەند ساڵە خۆیان، بوونە ماوەی گەشەکردن و پێگەیشتنی زرنگکاری. چونکە هەزاران لەو لاوانەی کە لە ئەوروپا و ئاسیادا، دڵیان دانەدەمرکایەوە، لەبەرئەوە خۆیان هاوێشتە ناو دەستە چەپییە ناودارەکانەوە و، دەستیشیان کرد بەتێگەیشتنی ڕێڕەوی هاوبەشی (المذهب الأشتراكي). ڕێڕەوی هاوبەشییش دڵکێشکەرێکی گەورەیە بۆ لاوی ئەو نەتەوانەی لەژێر چنگی بەرتیانیا و فەرنسە و هۆڵەندەدا بوون. چونکە داگیرکەرییش بریتییە لە هێزێکی گەورەی کۆنەپەرست، کە لە هێزە کۆنەپەرستییە نیشتمانییەکان کەمتر نییە. ئەویش وەک زەویداری و، خوێندەواریی مات و مردوو، یان وەک دەستدرێژیی کۆمەڵایەتی و خێزانی وایە. تەنانەت داگیرکەری پشتی ئەم هەموو جۆرە کۆنەپەرستییانە دەگرێ. چونکە ئەمانە سوێندخوارن لەگەڵ ئەودا، بۆ بەربەستکردنی نەتەوە لە ڕاپەڕین و وریابوونەوە، بۆ مەبەسی سەربەخۆییی کەسایەتی، یان پێشکەوتنی ئافرەت، یاخود فرەکردنی مووچەی کرێکار، یاخود دانان بەمافێک لە مافەکانیان، یان بڵاوکردنەوەی پیشەسازی، یاخود پەرەپێدانی خوێندەواری. (داگیرکردنی بێگانە) و (کۆنەپەرستیی ئاینی)یش چاکترین بانگکەرە بۆ هاتنی (داگیرکەر). زاناکانی ئاین، لەبەرئەوەی لە نەتەوە خۆیان جوێ دەکەنەوە، هەروەها لەبەرئەوەی خوێندنەکەیان بەرەو (شتی نەبینراو) دەڕوات، نەک (شتی جیهانی)، خوێندەواری بۆ لایەکی تر دەبەن، کە زۆر دوور دەکەوێتەوە لە گەشەکردنی نەتەوە. ئەمەیش دەبێتە ئەو ناوچەیەی کە داگیرکەری، دەتوانێ، بەئاسانی تێیدا بڕوێ و پەرەبسێنێ!

چینیش، بەواتایەکی فەرمانڕەواییانە، لەژێر چنگی هیچ فەرمانڕواییەکدا نەبوو، داگیر نەکرابوو. بەڵام لە هیچ نەتەوەیەکی ژێردەستی داگیرکراو جیاوازیی نەبوو. چونکە



هاوبەشی (شرکة)یەکی زۆری بێگانەی تێدا بڵاوبووبووەوە، کە ڕۆڵەکانی چینی بەکەمترین کرێ دەچەوساندەوە، کە بەهۆی ئەوانیشەوە گەورەترین دەستکەوتی دەست دەکەوت، هەروەها خاوەن زەوییەکانی چینیش، داگیرکەرێکی ڕۆڵە چینییەکان بوون. چونکە هی وایان تێدابوو هەزار تا دوو هەزار ڕۆژە جووت زەویی هەبوو. جووتیارەکانی تێدا دەچەوساندەوە، کە هەموویان لە هەژاری و نەخوێندەواری و نەخۆشیدا دەژیان! لەبەرئەمە بیروباوەڕی هاوبەشی (الأشتراكيە) لەناو لاوەکانی چیندا بڵاوبووەوە. «سون یان سون»یش چاوی لەو بیروباوەڕە دەپۆشی. باوەڕی وابوو، کە بەوە لاوەکان وریادەبنەوە، چاولێکەرییەکانی چینیش پەرشوبڵاو دەبنەوە، بۆ بەرەنگاری کردنی کۆنەپەرستییش نەتەوە ئامادە دەبێ...

بەڵام کە (شیانگ کای شێک)، هاتە جێگای ئەو و سەرنجی دا: ئەو بیروباوەڕە چەپییانە وەک شەپۆلێک وان، خەریکن هەموو خاکی چین بگرنەوە، لەبەردەمیاندا وەستا، بەرەنگارییان بکات، لە ساڵی (١٩٢٦)ەوە تا ئێستا هەر خەریکی بەرەنگارییانە، کە دواییی بەوە هات چین بەجێ بهێڵێ و، لە دوورگەی (فۆڕمۆزا)دا دابمەزرێ، خۆیشی ئامادە بکات بۆ هەلێک کە بگەڕێتەوە ئەوێ. زۆرتر بیر بەلای ئەوەدا دەچێ، کە چاوەڕوانیی شەڕی گەورەی سێیەم بکات، تا هەر کاتێ دەستەی فەرمانڕەواییە کۆمۆنیستەکان چوون بەگژ دەستەی فەرمانڕەواییە دیمۆکراتییەکاندا، لەمانەوە پشتگیری بکرێ، بەرامبەر کۆمونیستەکان.

وا ئێستا چیرۆکی شۆڕشی دووەم دەگێڕینەوە بۆ خوێندەواران کە بوو بەهۆی بڵاوکردنەوەی (یاسای هاوبەشی) بەناو چیندا. چونکە شۆڕشەکەی یەکەم، شۆڕشی «سون یان سون» بوو، بەهۆی بڵاوکردنەوەی (یاسای دیمۆکراتی).

بەڵام شۆڕشی دووەم، شۆڕشی «ماوتسی تۆنگ»، بوو بەهۆی بڵاوکردنەوەی (یاسای هاوبەشی).

ئەمەیش هەڵەیەکی گەورەیە، کە شۆڕشێک بخەینە پاڵ تاکە پیاوێک. چونکە هەموو شۆڕشێک لەوەوە ڕوودەدا کە کۆمەڵایەتییەکی دیاریکراو، خراپە بهێنێتە ناوەوە و، خۆیشی نەیەوێ کاروباری خۆی ڕاست بکاتەوە و، پێش بکەوێ و گەشە بکات. کەواتە شۆڕش، بریتییە لە یەککەوتنێک لە ناوەند چەند هێزێکدا کە پێکەوە کەوتوونەتە هەڕەتەوە و، بۆ دوارۆژێکی باشتر تێدەکۆشن و، پشتیان بەپشم و قین و بێزاریی نەتەوە دەبەستن، بەرامبەر چەند هێزێکی تر، کە بەرەو کزی دەچن و بەچاوی سووک سەیر دەکرێن،

بەڵام پشت بەڕابردووی خۆیان و نازوجیازی پێشوویان دەبەستن.

شۆڕشی چینیش، بریتی بوو لە بەرەنگاری کردنێکی یاسای زەویداریی خۆماڵی و، بەرەنگاری کردنێکی داگیرکەریی شاراوە لەناو کردەوە و کاری هاوبەشییەکانی بێگانەدا.

(ماوتسی تۆنگ)، لە خانوویەکی لادێیانەدا، لە ساڵی ١٨٩٣دا لە دایک بووە. باوکیشی چەند ڕۆژە جووتێک زەویی هەبوو، هەموو ساڵێک دەیکرد بەبرنج. لە ژیانیشیدا هیچ ئامانجێکی نەبوو ئەوە نەبێ کە زەوییەکەی خۆی فراوانتر لێ بکات، پارەی زۆتریش کۆبکاتەوە بۆ خۆی، بەهۆی فرۆشتنی برنجەکەیەوە «ماوتسی تۆنگ»یش لەناو چاولێکەرییەکانی خێزانی چینیدا گەورەبووبوو، کە باوک زۆری لە هەموو ئەندامانی خێزانەکە دەکرد، هەر خۆیشی ئاراستەی دەکردن لە ژیانیاندا. ئەم جۆرە زۆر و ستەمی خێزانییش لە زۆر و ستەمی کۆمەڵایەتییەوە پەیدابووبوو، چونکە شا بە «کوڕی ئاسمان» دادەنرا. چینەکانی باڵایش، چینەکانی ژێرەوەیان دەشێلا و دەچەوساندەوە.

کوڕ هێشتا نەگەیشتبووە تەمەنی هەشت ساڵان، باوکی لە چاندنی برنجدا دەیچەوساندەوە. هیچ کشتوکاڵێکیش لەم کشتوکاڵە بەئەرک و ئازارتر نییە. چونکە ڕەنجبەر دەبێ قاچەکانی لەناو ئاودابن، لە وەرزی زستاندا. بەڵام «ماوتسی تۆنگ» بەزۆری خۆی چووە خوێندنگایەکی نزیکەوە. لەوێدا فێری ئەو پیتە چینییە زۆرانە بوو، کە لە دوو هەزار ساڵ لەوەپێشەوە تا ئەودەمە، نەگۆڕابوون، هەروەک خۆیان مابوونەوە. لە سەردەمەکانی پێشوودا «زانا»ی چینی، هەموو تەمەنی خۆی بەخت دەکرد، تا فێری ئەو پیتانە دەبوو. تەنانەت، گرەوی ناو شاگردەکانیش، ئەوەندەی لە بابەت «گورج خوێندنەوە»وە بوو، ئەوەندە لە بابەت تێگەیشتنی «بابەت»ەکەوە نەبوو!.

ئنجا کە «سون یان سون» ئەو شۆڕشەی بەرپاکرد و، «کوڕی ئاسمان»ی لە تەخت هێنایە خوارەوە و، بەخێزانەوە لە چین دەری کرد و، کۆماری چینی دامەزراند ئەم شۆڕشە لاوەکانی کێش کردە لای خۆی، «ماو»یش خۆی خستە ناو ئەو بزووتنەوەیەوە و، چووە ناو لەشکری نیشتمانییەوە. چەند ساڵێک لەناو لەشکردا مایەوە بەسەربازییەوە، دەچوو بەگژ سەردارەکان و خاوەن زەوییەکاندا، ئەوانەی کە نەدەسازان لەگەڵ ئەم چەرخە تازەیەدا، کە ئامانجی ئەوەیە کاروباری نەتەوە ڕاست بکرێتەوە و چاک بکرێ و ژیانێکی پڕ کامەرانی بژی.

بەڵام لەشکری بەجێهێشت و چووە خوێندنگای مامۆستایانەوە، وەک ویستبێتی خوێندەواریی گشتیی خۆی زۆرتر لێ بکات وابوو. هەر لەوێدا کە هێشتا شاگردبوو،



بیروباوەڕی (هاوبەشی)ی ناسی و تێی گەیشت و چێشتی. دەستیشی کرد بەدەمەقاڵێ لەگەڵ ئەو هاوبەشی خوازە تازانەدا کە لەناو لاوەکاندا پەیدا بووبوون.

لە ساڵی ١٩١٨دا بوو بەنۆکەرێک، یان وەک نۆکەرێک لە نووسراوخانەیەکی شاری «پەکین»دا. دوورنییە بۆیەکا ئەوەی پێ خۆش بووبێ، کە لەوێدا ماوەی هەبوو بخوێنێتەوە و، مێشکی ڕوون ببێتەوە. بەڵام لەوکاتەدا دەکەوێتە کەڵکەڵەی ئەوەوە، کە کۆچ بکات بۆ فەرەنسە. ئەو کەڵکەڵەیە وای دەردەخست کە بەدڵ حەزی دەکرد، پێ بگات و بەرزببێتەوە لە کۆڕی زانیاری و خوێندەواریدا؛ بۆ ئەو ڕۆشناییە دەگەڕا کە هێشتا دەستی نەکەوتبوو. دوایی کۆچی کرد بۆ فەرەنسە. لەوێدا تووشی لاوێکی چینی بوو، ئەلفوبێیەکی چینیی تازەی داهێنابوو. کرێکارە چینییەکان لە فەرەنسەدا فێری بووبوون و دەیانتوانی نامەی پێ بنووسن بۆ کەسوکاریان. پاشان لە فەرنسەدا، لە بابەت بزووتنەوە زرنگکارییەکان و کۆمەڵایەتییەکانەوە لێکۆڵینەوەی کرد و تێیان گەیشت. ئنجا کە گەڕایەوە چین، چووە دەستەی بەشداری (کۆمونیست)یەکانەوە، کە تازە دامەزرابوو. جارجارێک لە خەباتە بەشدارییەکەیدا، هەڵدەگەڕایەوە و دەیگوێزایەوە. پاشان لەو دەستەیە جوێ بووەوە کە «شیانگ کای شێک» سەرۆکی بوو. چونکە ئەم دەستی کرد بەڕاونانی ئەندامە بەشدارییەکان. ڕاونانەکە تا دەهات پەرەی دەسەند، تا لە ساڵی ١٩٣١دا تەواو تینی سەند. ئیتر ئەوەبوو هەردوولا بەرەنگاری یەکتربوون و خوێن لەناویاندا ڕژا. ئیتر لەم ساڵەوە، «ماوتسی تۆنگ» بوو بەپێشەوای بزووتنەوەی (دەستەی بەشداری)یەکە. بەڵام لەشکرەکەی هەر لە شکاندندا بوو بەڕاکردن نەبێ، ڕزگاری نەدەبوو. دوایی لە ساڵی ١٩٣٤دا، بەشدارەکان چووە مێشکیانەوە کە شکاون. لەبەرئەوە ڕایان کردە ئەوپەڕی چین، لە نزیک [تیبەت]ەوە. لە پێناو ئەم کۆچە گەورەیەدا شەش هەزار میل ڕێگایان بڕی، بەدەیان هەزاران کەسیان لەو ڕێگایەدا مرد. لەوێدا تا ماوەیەک مانەوە، چاوەڕێی هەلێک بوون دەستیان بکەوێ. بەڵام هورووژمی (ژاپۆن) بۆ سەر «مەنچۆریا»[1]. هەردووکیان سوێندیان بۆ یەکتر خوارد، کە پێکەوە کوشتار لە ژاپۆنییەکان بکەن. بەم ڕەنگە لەشکری چین، بەهی دیموکراتی و بەشدارییەکانەوە، کە بەتەنیشت یەکەوە بوون، چوو بەگژ هێزە داگیرکەرەکانی ژاپۆندا کە هورووژمیان بردبووە سەر «مەنچۆریا».

شەڕی گەورەی دووەم، بەوە دوایی هات، کە ژاپۆنییەکان لە «مەنچۆریا» دەرکران و ئەم

(١) یان (مەنشوریا) مەنگۆلیا.

خاکە خرایەوە سەر چین. ئیتر لەوساوە، بەرەبەرە، ناکۆکی کەوتەوە ناوەند «شیانگ کای شێک» و «ماوتسی تۆنگ». لەوە بەو لاوەیش چاوەڕوان نەدەکرا. چونکە هەریەکەیان، بیروباوەڕ و پێڕەوی و هەستی خۆی هەبوو، کە لە هی ئەویتری نەدەکرد. لەبەرئەوە دەستیان کردەوە بەشەڕ. بەڵام ئەمجارە (دەستەی بەشداری)یەکان سەرکەوتن.

## شۆڕشی یەکەمی میسر

شۆڕشی یەکەمی میسر بریتی بوو لە شۆڕشێک:

بەرەنگاریی «سەرداری تورک»ی کرد، سەری پێ دانەواند. بەرامبەریی «ناپلیۆن»ی کرد، دەری پەڕاند.

پاشان بۆ «محەمەد عەلی» هوروژمی هێنا، بەڵام سەرنەکەوت...

مەردی جەنگ و سەرکردەکەی «عمر مکرم» بوو. نەتەوەیش لە پشتیەوە بوو، خۆی شۆڕشەکەی دەکرد.

ئەوکاتە دەروون بەنشتمانپەرستی نەدەبزووت. هەروەک لە هەموو چەرخێکی تاریک و نووتەکدا ڕووی داوە، دەروون بە (ئاین) دەبزووت. دەروونی نیشتمانخوازی، کاتێک دەستی پێکرد، کە شۆڕشی «عرابی» هەڵگیرسا.

لەبەرئەوە میسر ئاڵایەکی نیشتمانیی نەبوو، تەنانەت کە لە (ناپلیۆن)یش ڕاست بووەوە، هیچ ئاڵایەکی هەڵنەگرت، (ئاڵای پێغەمبەر) نەبێ. چونکە لەو ئاڵایە بەولاوە شارەزای ئاڵایەکی تر نەبوو. جا ئەم هەستی ئاینییە بوو کە وای لە نەتەوەی میسر کردبوو، بچێتە ژێر چنگی سەردارانی تورکەوە و، هیچ دەنگێکی لێوە نەیێ!. ئەی سەردار موسوڵمان نەبوو ؟!...

بەڵام کە چووینە بنجوبناوانی ئەم سێ شۆڕشەوە، بۆمان دەردەکەوێ، کە تۆوی دەروونی میسریی تێدا هەبووە. تا ئەندازەیەکیش چرپەی میسرییەکانمان گوێ لێ دەبێ، کە بۆڵەبۆڵیان لە دەست زۆرداریی «سەردارانی تورک» و «بەندە کڕاوەکانی چەرکەس» و «محەمەد عەلیی ئەلبانی»(*) کردووە.

(*) لە پێشساڵی ١٩٥٢دا لەلایەن ئەندامانی خێزانی «محەمەد عەلی پاشا» خۆیانەوە ئاشکرا کرا، کە لە بنچینەدا کوردن، بەڵام ڕۆژگار لە کوردستانی تورکیاوە باپیرە گەورەیانی گەیاندۆتە «ئەلبانیا» و «میسر». -(وەرگێڕ)-



بەسەر میسردا، سەرگەردانی، بەسەدان جار، ڕووی دابوو. بەڵام هیچیان وەک ئەو سەرگەردانییە گەورە نەبوون کە «محەمەد عەلی» بەسەریدا هێنا بوو. چونکە ئەم میسری وا لێ کردبوو، کە بووبوو بەگوندێکی تایبەتیی خۆی. هەموو خاکی میسری کردبوو بەزەویدارییەک، میسرییەکان وەک بەندە ڕەنجبەرییان بۆ دەکرد، ئەویش بەرهەمەکەی بۆ خۆی دەبرد. ئەم ئەلبانییە تا ما وشەیەکی زمانەکەی ئێمە، وشەیەکی عەرەبی فێر نەبوو!...

نەتەوە خۆشی نەدەویست، قینی لێی بوو، بەڵام چونکە بێ چەک بوو، دەرەقەتی ئەو کۆمەڵە دز و تاڵانکەرانە نەدەهات کە ئەو، لە تورکەکانی و ئەلبانییەکان پێکی هێنابوون و ناوی نابوون لەشکر!... سەیر کە (الجبرتی) کە هاوچەرخی بوو چی دەڵێ لە بابەت (ئیبراهیم) ی کوڕیەوە کە ناردبووی بۆ (صعید): «پاش ئەوە کۆچی کرد و گەڕایەوە بۆ (صعید). بۆ ئەمەی ئەوەندەی مابوو لەسەری، ئازاری دڕندانەی دانیشتوانی ئەوێ بدات. (تاتار)ەکان چییان بەخاکەکانی ئیسلام دەکرد کە دەگەڕان بەناویاندا، ئەویش بەدانیشتوانی (صعید) دەکرد. هەر گەورە پیاوێکیان تێدابوو، لووتی شکاندن. هەر خراپەیەکی لە دەست هات کردی لەگەڵیاندا. سامان و کەلوپەلی داگیرکردن. مەڕومالاتی لێ ساندن. هەرشتێکیان لەژێر دەستدابووە و خواردوویانە چەندوچوونی لەگەڵ کردن. بێ ئەمەی گوناهێکیان بووبێ، بەدناوی دەکردن و، پەلپی پێ دەگرتن، پاش ئەوە جەریمەیەکی زۆریشی دەخستە سەریان؛ سامانی وایشی لێ داوا دەکردن کە لە وزەیاندا نەبوو بیدەن! کۆکردنەوەی پارە و بەرهەمیشی دەخستە سەر ئەستۆی خۆیان، پەلەپەلیشی لێ دەکردن کە ئەو فرمانە زوو جێبەجێ بکەن. ئەوانیش پێیان نەدەکرا بەتەواوی ئەو فەرمانانە بەجێ بهێنن، ئیتر دەکەوتنە بەر ئێش و ئازاری لێدان وهەڵواسین و داغکردن و سووتاندن.

«یەکێک بۆی گێڕامەوە، ئۆباڵی بەئەستۆی خۆی بێ گوتی: «پیاوێکیان بەسەردارێکی درێژەوە بەستبوو، هەر سەرەی بەدەست چەند زەلامێکەوە بوو. وەک شیشەکەباب بەسەر ئاگرەکەوە ئەم دیو و ئەودیویان پێ دەکرد». ئەمەیش دوورنییە لە لاوێکی نەخوێندەواری کەمتر لە بیست ساڵی بوەشێتەوە. کە لە شوێنێکەوە هاتبێتە میسر، کە هەر ئەو جۆرە شتانەی دیبێ، نە کەس پەروەردەی کردبێ بەجوانی، نە خودایشی ناسیبێ!... نە کەس ڕێگەی چاکی پێشان دابێ، نە لە ڕێگەی خراپیش چاوی ترساندبێ!...

«بستمەوە کە پیاوێک پێی گوتبوو: «تووسەری ئەو کەسەی ئەم سایە و مایە و پایەیەی پێ بەخشیوی....»

ئەویش لێی ڕاپەڕی بوو، لێی پرسی بوو: «ئەو کەسە کێیە کە ئەمانەی بەمن بەخشیوە؟!...»... کابرایش پێی گوتبوو: «خودای تۆیە»... ئەویش گوتبووی: «خودا هیچی بەمن نەداوە. ئەویشی بەمن داوە باوکمە. ئەگەر ئەوەی تۆ دەڵێی وا بوایە، هێشتا کە لە شاری خۆمدا بووم، دەیدامێ!... کە هاتمە ئێرە کڵاوێکی قیراویم بەسەرەوە بوو، کە هەر لە کۆجەڵەی دەکرد!»... لەبەرئەوە، هیچ پەروەردەکردنێکی باشی نەدیبوو. هەر ئەوەندە فێربووبوو لە باوکیەوە، کە بەهەرچی چۆنێک بێ پارە کۆبکرێتەوە!:.

***

ئەمە وێنەیەکە لە فەرمانداریی «محەمەد عەلی» و «ابراهیم»ی کوڕی لێرەدا لە چەوساندنەوەی جووتیارەکان دەدوێین کە (جۆگای سوێس)یان هەڵدەکەند. بەڵام دەبێ ئەوەیشمان لەبیر نەچێ، کە «محەمەد عەلی» بێگاری بەجووتیارەکان دەکرد، لە کشتوکاڵیشدا؛ کە هەر ئەمەیش بوو، بوو بەهۆی ڕەوکردنی جووتیارەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی میسر، بۆ «فەلەستین». ئەوانە بۆیەکا لە نیشتمانەکەی خۆیان دەربازبوون، تا لە زۆر و ستەمی ئەم سەرۆکە زۆرداره ڕزگاریان ببێ!.

هەندێ کەسی وا هەن، لەبەر ساکاری و گێل و گێژیی خۆیان لە پێچوپەناکانی مێژوو، هێشتا شارەزا نەبوون. «محەمەد عەلی» کە بەندە کڕاوەکانی میسری کوشتووە، واتا (مالیک)ەکان. بەپیاوێکی گەورەی دادەنێن. کەچی ئەم کوشتارە، لەجیاتیی پێشخستن، میسری لە سەد ساڵ زۆرتر گێڕایە پاشەوە!. ئەوەیش لەبەرئەوەیە کە ئەو (بەندەکڕاوانە = مالیک)، لە میسردا خانەدانیان پێشان دەدا. ئەوساکە نەتەوە هێشتا چینی ناوەڕاستی نەناسیبوو. لەبەرئەوە، ئەگەر بهاتایە چینی (بەندە کڕاوەکان) لە میسردا بمانایەوە، لە پاشەجاردا ئەوان دەبوون بەهێزێکی بەرەنگاریکەر، بەرامبەر (محەمەد عەلی)، وەک لە سەردەمی خونکار (جۆن)ی ئینگلیزدا قەوما. ئەو چینە دەیتوانی هەندێ مافی لێ بپچڕێ، هەروەک خانەدانەکانی ئینگیلتەرە، لە ساڵی ١٢١٥دا ئەو مافانەیان پچڕی لە خونکاری خۆیان. بەڵام لەپاش کوشتاری (بەندە کڕاوەکان)، «محەمەد عەلی» هیچ بەرهەڵستێکی لەبەردەمدا نەما. لەبەرئەوە دەستی دایە زەبروزەنگ نواندن و سەرکێشی، تا هەموو نەتەوەکەی کرد بەبەندە. دەبێ ئەوەیشمان لەبیر نەچێ کە (الجبرتی)، بەندە کڕاوەکان، (مالیک)، بە میسری دادەنێ. کەچی (محەمەد عەلی) و پیاوەکانی بە (تورک) و (ئەلبانی)یان دادەنێ. ئیتر تاریکی و کشوماتی لە ساڵی (١٨٠٠)ەوە تا ساڵی (١٨٨٢)، میسری داگیرکرد. هەرچەندە لەسەردەمی «ئیسماعیل»دا، بۆ چەند



تاوێک، ئازایانە شارستانێتیی ڕۆژئاوا خرایە ناو میسرەوە، بەڵام نرخی ئەوە زۆر کەوتە سەرمان. چونکە دەستیاوێکی زۆر کەوتە سەر ئەستۆی میسر، کە دواییەکەی بەوەهات ئینگلیز نیشتمانەکەمانی داگیرکرد. ئەم بارە بەم جۆرە مایەوە تا شۆڕشی دووەمی میسر هەڵگیرسا بەرامبەر (توفیق)ی ناپاک.

***

لە ناوەند ساڵەکانی (١٧٩٠) و (١٨٠٥)دا کەوتبووینە ناو ژمارەیەکی زۆر شۆڕشەوە کە هەر نەدەبڕایەوە... ئەم سێ شۆڕشە، پیاوێک سەرکردەییی دەکردن، کە لە ئاگر و ڕووناکی دروستکرابوو، ئەویش «عمر مكرم» بوو.

(عمر مكرم) لە ساڵی ١٧٥٠دا، لەشاری (أسیوط)دا لە دایک بووە. لە زانکۆی (أزهر)دا خوێندنی تەواوکردووە. ئێستایش هەندێک لە نووسراوەکانی ناو نووسراوەکەی خۆی، لە (نووسراوخانەی أزهر) دایە. لە ساڵی ١٧٩٣دا کردیان بەگەورەی خانەدانەکان (نقیب الأشراف). لەپاشدا «محەمەد عەلی»ی زۆردار ئەو فرمانەی لێ سەندەوە. چونکە (عمر مكرم) لە زۆر و ستەمی ئەو بێدەنگ نەدەبوو. لە ١٧٩٥دا لە «مێژووی الجبرتی»دا نووسرابوو، کە (عمر مكرم) یەکێک بوو لەو کەسانەی کە پەیماننامەی هەردوو سەردارە (بەندە کڕاوەکان)ی مۆرکرد: (مراد) و (إبراهیم)، کە بەڵێنیان دابوو پارێزگاریی (دادپەروەری و ڕاستی) بکەن. لە «مێژووی الجبرتی»یەوە تێدەگەین، کە نەتەوەی میسر، خۆی «محەمەد عەلی»ی هەڵبژاردبوو بۆ فەرمانداری، بەڵام ئەوەیش بەڵێنی دابوو کە لەسەر (ڕاستی) و (دادپەروەری) فەرمانداری بکات هەروەها ئەوەیش تێدەگەین، کە پیاوەکانی میسر لەژێر سەرکردەییی ئەم گەورە پیاوەدا، (عمر مكرم)، چوو بووە سەر «خورشید»ی سەردارە تورکەکە و هەر چوارلای کەڵاتەکەیان لێ گرتبوو، لەبەر دڵی «محەمەد عەلی» داوای لابردنیان کردبوو. فەرمانڕەواییی (عوسمانی) یش، ئەوکاتە (محەمەد عەلی)ی بۆ سەردارێتیی (جدە) دانابوو. بەڵام ڕیش سپییەکانی میسر و زاناکانی (أزهر) پشتی ئەویان گرتبوو. لەسەر ئەوە «خورشید» لە سەردارێتیی میسر دەستی کێشرایەوە و، «محەمەد عەلی» لە جێی ئەو کرا بەسەرداری میسر.

واتا دامەزراندنی «محەمەد عەلی» لە سەردارێتیی میسردا لەسەر ئارەزووی نەتەوەی میسر، خۆی بوو. جا لەم کارەساتانەوە کە بەسەردارێتیی «محەمەد عەلی» دواییان هات، لە «مێژووی الجبرتی»دا وشە و واتای دیمۆکراتیی وا دەدۆزینەوە کە سەری باووباپیرمان بەرزدەکەنەوە و، «محەمەد عەلی»یش بەناپاکی و زۆرداریەوە بەدناو دەکەن!

چونکه نەتەوەکە بەسەرکردەییی «عمر مکرم»ەوە، چوونە سەر سەردارە تورکەکە، «خورشید»، هێزەکانی نەتەوە تورک نەبوون، میسری بوون، چوارلای کۆشکەکەیان لێ گرت.

«خورشید» ڕاسپێڕاوێکی ناردە لای میسرییەکانی لێی پرسین: «ئێوە چۆن دەچن بەگژ یەکێکدا، کە خونکار کردبێتی بەسەردارتان؟! ئەی خودا نەیگوتووە: «فەرمانی خوا جێبەجێ بکەن، فەرمانی پێغەمبەر جێبەجێ بکەن. فەرمانی سەردارانی خۆیشتان هەر جێبەجێ بکەن؟.»».

(عمر مکرم)یش وەرامی دایەوە گوتی:

«پێویستە بزانیت کە مەبەس لە سەردار، زاناکان و پیاوانی ئاین و خونکاری دادپەروەرە. ئەو سەردارەیش کە ئێوەی ڕاسپاردۆتە لامان، پیاوێکی زۆردارە لە یاسای نیشتمانەکە و ئاینەکەی لای داوە. هەموو دەمێکیشمیسرییەکان مافی ئەوەیان هەبووە، کە سەرداری خۆیان لاببەن، لەسەر بەدکرداری و دڵشکاندنی نەتەوە. بەڵام هەر بەوەندە وازناهێنم کە ڕەوشتی کۆنی ئەم نیشتمانەت بۆ بگێڕمەوە. دەمەوێ ئەوەیشت پێ بڵێم، کە خونکار یان جێنشین (خەلیفە)ی پێغەمبەریش، ئەگەر بەزۆر و ستەمەوە جووڵایەوە لەگەڵ نەتەوەدا، نەتەوە مافی هەیە لای ببات و، لەسەر تەخت بیهێنێتە خوارەوە. ڕاسپێڕاوەکەیش پێی گوت:

«چ ڕەوایەکی هەیە، چوارلامان بگرن و، وەک لەگەڵ خودانەناسە گومڕاهەکاندا بجووڵێنەوە، ئاوایش لە ئێمە بکەن؟!.»».

(عمر مکرم)یش گوتی:

«ئێمە بۆیە هاتووین بێین بەگژتاندا، چونکە ئێوە یاخیبوون و، لە ڕاستی و دروستی لاتان داوە و، لە یاسایش هەڵگەڕاونەتەوە!»...

ئەم وشانە لە ڕووناکی دروستکراون. هەرچەند دەکەین لە دەمی کاربەدەستە خاوەن زەوی و کۆشک و ئۆتۆمۆبیلەکانەوە بێنە دەرەوە لە سەردەمی (فوئاد) و (فاروق)دا، نایاندۆزینەوە!

***

ئێمەیش خەباتکردنی نەتەوەی میسر بەرامبەر داگیرکەریی زۆردار و (ناپلیۆن) بەجێ دەهێڵین. چونکە لەم بابەتەوە قسە ناکەین. تەنیا لەو خەباتکردنەوە دەدوێین کە نەتەوە



بەرامبەر «محەمەدعەلی»ی کردووە. چونکە ئەم کابرای ئەلبانیاییە، کە تەواو دامەزرا لە میسردا، لە سایەی نەتەوەوە، دەستی کرد بەفڕوفێڵبازی، بۆ لەناوبردنی هێزی نەتەوە، کە تا ئەندازەیەک وریابووبووەوە، بەهۆی خەباتکردنەکانی پێشوویەوە بەرامبەر «خورشید» و «ناپلیۆن». لەبەرئەوە، کە «محەمەد عەلی» باجی خستە سەر نەتەوە، گەلێک لە پیاوە گەورەکان و بۆرە پیاوان کۆبوونەوە و ڕوویان کردە ماڵی (عمر مکرم). جا چونکە بەپێشەوایەکی هەڵبژاردەی خۆیان دادەنا هاواریان بۆ برد، کە لەگەڵ «محەمەد عەلی»دا گفتوگۆ بکات بەڵکو ئەو باجانەیان لەسەر لاببات. (عمر مکرم)یش چووە لای (محەمەد عەلی)، ئەو پەیمانەی پێشووەیان بۆ ڕوونکردەوە کە (مراد) و (ابراهیم) دابوویان بەنەتەوە، لە بابەت پاراستنی (دادپەروەری) و (ڕاستی)یەوە. بەڵام «محەمەد عەلی» گوێی نەدایە قسەی (عمر مکرم). چونکە خۆی پیاوی (دادپەروەری) و (ڕاستی) نەبوو. «محەمەد عەلی» هێشتا لە دەسەڵاتی خونکاری فەرمانڕەواییی (عوسمانی) دەترسا. کە داوای لەنگەرنامە (میزانیة)ی پارەی وەرگیرا و، پارەی بەختکراوی لێ کرا، ناچار بوو (عمر مکرم) دابنێ بەئاگادار (شاهد)ی ئەو ژمێرکارییە. لەبەرئەوە (عمر مکرم)ی بانگ کردە لای خۆی، بۆ ئەمەی نامەی ژمێرکارییەکەی بۆ مۆر بکات، ئنجا ڕەوانەی بکات بۆ (ئەستەمووڵ). بەڵام (عمر مکرم) نەیویست بۆی مۆر بکات و، نەیکرد!...

لەوەپێش دەسگایەک هەبوو، (ناپلیۆن) دایمەزراندبوو، بۆ ڕاوێژکردن، بریتی بوو، لە هەندێ پیاوە گەورەکانی نەتەوە و، زاناکانی (أزهر)، بەڵام «محەمەد عەلی» ئەو دەسگایەی لابردبوو.

چ (عمر مکرم)، چ (محەمەد عەلی)، هەردووکیان لە یەکتری تێگەیشتن کە دوژمنی یەکترین. ئیتر لەوساکەوە «محەمەد عەلی» فەرمانی دا، کە (عمر مکرم) لە سەرۆکایەتیی خانەدانەکان بخەن. پاشان فەرمانی دا دووریشیان خستەوە بۆ شاری (دمیاط) لەوێدا نۆ ساڵ مایەوە. پاش ئەوە گەڕایەوە (قاهیرە). بەڵام زۆری پێ نەچوو لەوێ، دووبارە دوورخرایەوە بۆ شاری (طنطا). پاش چەند مانگێک لەوێ مرد...

بەم ڕەنگە ڕێگا بۆ «محەمەد عەلی» کرایەوە، بەئارەزووی خۆی زۆر و ستەم بکات نە (بەندە کڕاوەکان)مان بەرەنگاریی بکەن، نە پێشەوایەک ما بەرامبەری بوەستێ... بەخۆی و لەشکرەکەیەوە هەرچیی ویست لە خراپەکردن کردی!.

## شۆڕشی دووەمی میسر

بەرزترین کەس لە میسردا کە بیناسین «ئەحمەد عرابی»یە. ئەوەیش هەر لەبەرئەوە نییە کە شۆڕشگێڕ بووە. بەڵکو لەبەرئەوەیە کە ئازاری زۆر دیوە و دڵی یەجگار شکاوە، لەسەر ئەوەی کە داگیرکەریی بێگانە و، زەبربەدەستیی تورکەکان، بەهەموو جۆرە درۆ و چاووڕاوێک بەدناویان کردبوو. هەروەها لەسەر ئەوەی لە ژیانیدا بەچاوی خۆی دی، دوژمنەکەی کە زۆرداری بوو، بەسەر (سەربەستی)ی شکاودا، کە خۆی گرتبوویە باوەش، سەرکەوتبوو!

«ئەحمەد عرابی» ژیا و مرد. کەچی لە دوو هەزار دینار زۆرتری نەبوو، کە ئەوە نرخی هەموو زەوی و ساختمانەکانی بوو، واتا لە نرخی ئەو ئۆتۆمۆبیلە کەمتر بوو کە ژنی یەکێک لە کاربەدەستەکانی سەردەمی «فوئاد» و «فاروق» هەیبوو!. کەچی خۆیشی کاربەدەستیک بوو، لە ڕۆژەکانی شۆڕشیشدا وەک سەردارێکی هەموو خاکی میسر وابوو!.

«عرابی»، میسرییەک بوو، کە هەموو میسرییەکانی لەخۆیدا دەنواند. دەچوو بەگژ ئەو (تورک) و (چەرکەس)انەدا کە زاڵبووبوون بەسەر میسرییەکاندا و، میسر و میسرییەکانیان دەشێلا لەژێر پێیاندا. وەک سەربازێک هاتە ناو لەشکرەوە. کە تەماشای کرد ڕێ بە میسرییەکان نادەن پایەی بەرز وەربگرن لەناو لەشکردا، دڵی لە خۆی ما، هەستی بەبراکەمی کرد چاوی کردەوە. ئیتر لەوساکەوە بیری لەو جیهانە دەکردەوە کە تێیدا دەژیا بیری لەو جووتیارانە دەکردەوە کە ڕەنجەڕۆ و بەشبڕاو بووبوون. بیری لەو بێگانانە دەکردەوە کە لە خۆشیدا دەژیان. لەو (قەفقاسی) و (ئەنەدۆڵی)یانە بیری دەکردەوە کە زەوییان پێکەوە نابوو لە میسردا و کۆشکیان پەیدا کردبوو لە (اسکندریە) و (قاهیرە)دا. هەروەها بیری لەو (خدێو)ە دەکردەوە کە خاکەکەی خستبووە ژێر چنگی دەستیاوی سووخۆرەکانەوە!. لەپاش لێوردبوونەوە، کەوتە بیرکردنەوەیەکی قووڵەوە. بیرکردنەوەکەیشی کەڵک بەخشی بوو. چونکە بەری ئەو خۆشەویستییە بوو، کە لە دڵیدا بوو، بەرامبەر نیشتمانەکەی. هەروەها لەوەوە پەیدابووبوو کە هەستی بەئێش و ئازاری دڵی نەتەوە دەکرد.

یەکەم شت کە بێزاریی خستە دڵیەوە ئەوەبوو، میسرییەکانی دەدی لە لەشکردا پێش نەدەکەوتن. چونکە پایە وەرگرتن هەر بۆ ڕۆڵەکانی (تورک) و (چەرکەس) دانرابوو.



«عوسمان ڕەفعەت»ی چەرکەسی کاربەدەستی جەنگ بوو. قینی لە میسرییەکان بوو. حەز لێ نەکردنێکی ڕەگەزایەتیی نەنگ لەدڵیدا هەبوو بەرامبەر میسرییەکان. کەچی پشتی برادەرە (تورک) و (چەرکەس)ەکانی خۆی دەگرت! تەنانەت ئەفسەرە چەرکەس و تورکەکان، لەبەردەم ئەم «عوسمان ڕەفعەت»یەدا کۆدەبوونەوە و، لە بابەت فەرمانڕەواییی (مَمالیک)ەکانی پێش «محەمەد عەلی»یەوە گفتوگۆیان دەکرد. بەکوڵی دڵەوە تێدەکۆشان کە ئەو فەرمانڕەواییییە، سەرلەنوێ دابمەزرێننەوە، بەجۆرێکی وا کە خۆیان جێگای ئەو (مَمالیک)انە بگرنەوە لە فەرمانڕەواییدا، هیچ میسرییەکی ڕاستەقینەیش، بەهیچ کلۆجێک فرمانێکی خاوەن پایە و دەسەڵاتی پێ نەدەن. ئەوانە لەم جۆرە بیرکردنەوەیاندا، بەڕێژگاوییەکی واوە خەریک مابوون، کە هۆشیان دارزابوو و بۆگەنی کردبوو! سەرەکی کاوبەدەستەکانیش «ریاض پاشا»ی تورک بوو... میسرییەکانی ناو لەشکر، هەستیان بەوە کردبوو، کە تورک و چەرکەسەکان چی لە دڵیاندا هەیە بەرامبەر میسرییەکان. لە «عرابی»یان خواست کە بۆیان ڕابوەستێ و ڕەنجەڕۆیان بکات. لەژێر سەرۆکایەتیی ئەودا دەستەیەکیان پێکەوەنا. «عرابی» لەم ڕووەوە دەڵێ:

«دەستبەجێ سکاڵایەکم پێشکەش بەپایە بڵند سەرەکی کاربەدەستان (ریاض پاشا) کرد. بەکورتی ئەمانەم تێدا نووسیبوو:

١- لە دەست ڕەگەزپەرستیی «عوسمان ڕەفعەت» و زیان گەیاندنی بەمافی هاونیشتمانەکان سکاڵام کردبوو. تکایشم کردبوو کە (کۆڕێکی نەتەوە) لە پیاوە تێگەیشتووەکانی نەتەوەی میسر هەڵببژێرێ، بۆ ئەمەی فەرمانی (خدێو) جێبەجێ بکرێ، کە لە کاتی هاتنە سەر تەختیدا دابووم.

٢- ژمارەی سەربازەکان بگەیێنرێتە هەژدە هەزار کەس بەپێی ئەو فەرمانەی کە خونکار داوێتی.

٣- یاساکانی سەربازی، بەجۆرێکی وا ڕاست بکرێنەوە کە هەموو پۆلێکی فەرمانبەران یەکسان تەماشا بکرێن، بێ ئەمەی گوێ بدرێتە جیاوازیی ڕەگەز و ئاین و بیروباوەڕ.

٤- کاربەدەستی جەنگ لە هاونیشتمانەکان (لە میسرییەکان)، خۆیان هەڵببژێرێ، کە ئەمەیش پێڕەوی کردنێکی ئەو یاسا سەربازییانەیە کە لەبەردەستماندان و کاریان پێ دەکەین.

لەپاشدا، ئەم سکاڵایەم بۆ هەموویان خوێندەوە، هەموویشیان پەسندیان کرد. ئنجا بەمۆری خۆم و ناوی خۆمەوە مۆرم کرد و ناوم لەسەر دانا.».

ئنجـا «عـرابی» سکالاکـەی بردە لای «ریاض پاشـا»ی تورک. وەرامی ئەویش هەر ئەوەندە بوو، گوتی: «ئەم خواستە زیانبەخش و سامناکە»! «عرابی»یش پێی گوت:

«ئێـمـە لە دادپەروەری و کـار دروسـتی و بەولاوە هیـچی ترمـان داوا نەکـردووە. لە داواکردنی مافیشدا هیچ زیانێک نییە. بەڵام ئێمە تۆ بەباوکی میسرییەکان دادەنێین، ئیتر ئەم توانج و پلارەت لە چییە؟... ئەم هەڕەشەیەیش بۆچ دەکەیت؟!...».

«ریاض پاشا»یش گوتی:

«لەم خاکەدا کەسی وا نییە کە هەڵبگرێ بێتە کۆڕی نەتەوەوە!».

«عرابی»یش پێی گوت:

«ئەمە زۆر سەیرە... تۆ وا دەزانیت میسر کە تۆی لێ بوویت، لە زگ وەستاوەتەوە، ئیتر منداڵی نابێت؟!. نەء. وا نییـــە. چونکە پڕیەتی لە زانایان و، تێگەیشـتـــووان و، پیاوچاکان و، وێژەوانان. بام بڵێین وەک تۆ دێتە پێش چاوت، کەسی وای تێدا نییە کە هەڵبگرێ بێـتە کۆڕی نەتەوەوە، ئەی ئەوەیش پێک نایەت کـە کـۆڕێک دابمەزرێنرێت لە ئێـوەوە فێری خوێندەواری ببـێت، ئەویش وەک خوێندنگایەکی سەرەتایی، لە پاش پێنج ساڵ پیاوانی وای لێ بێنە دەرەوە کە بەکەڵکی نیشتمانەکەی خۆیان بێن؟!».

بەڵام «ریاض» لە توانایـیدا نەبوو، کـە دەسـەڵات لە بندەستی خۆی و هاوڕەگـەزەکـانی خۆی، کـە تورک و چەرکەس بوون، بچێتە دەرەوە و، بکەوێتە دەست میـسرییـەکـان... لەبەرئەوە چەند ڕۆژێکی پێنەچوو کـۆڕێکی پێکهـێنا لەژێر سـەرۆکـایەتیی «توفـیق»دا لە کۆشکی (عـابدین)دا. ئەندامەکانی ئەم کۆڕەیش لەو (پاشا)یانە بوون کە بەکرێی ڕۆژانە فـرمـانیـان لێ دەربچێ، هەمـوویان تورک یاخود چەرکەس بوون. ئەم کـۆڕە بڕیاری لەسـەر ئەوەدا: کە هەر ئەفسـەرێک ئەو سکالایەی مۆرکردووە بخرێتە بەندیـخانەوە، تا لەبەردەم کـۆڕێکی سـەربازانەدا چەندوچوونی لەگـەڵدا بکرێ و، بڕیارێک دەربارەی کـردەوەکـەی دەربکرێ!.».

بەڵام کـاربەدەسـتـیی چەرکـەس و تورکەکـان، کە سـەرۆکەکـەیان «ریاض پاشـا» بوو، لە ئەنجـامی گـرتنی ئەفسـەرەکـان ترسـان. لەبەرئەوە دەسـتـیـان کـرد بەفـروفـێـڵـبـازی و چاووڕاوکـردن. وایان بڵاوکردەوە کـە ئاهەنگێکیی ژنهـێنانیـان هەیە، خوشکی (خدێو)ی تێـدا دەبرێ بەبووک. هەرچی ئەفـسـەرە (مـیـسـری)ییـەکـان هەبوو، بانگیـان کـردنە ئاهەنگەکە، بەو نیازەی کە کۆبوونەوە لەو ئاهەنگەدا، هەموویان بەیەکجاری لەناوببرێن!!.



«عرابی» گوتی:

«کە گەیشتـینە کاتی ئاهەنگەکە، چووینە کۆشکی کاربەدەستیی جەنگەوە کە تەماشایان کرد پڕبوو لە کۆمەڵێکی گەورە لە چەرکەسەکان، هەر لە پایەی هەرە گەورەی ئەفسەرییەوە هەتا پایەی هەرە خوارووی. هەر لاوێکی تێدابوو، دەمـانچەی شەش ئاگریی بەدەستەوە بوو، پڕبوو لە فـیـشـەک. هەموویـشـیـان لە بەزمـوڕەزمـدا بوون. کـەچی نە ئاهەنـگ هەبوو لەوێدا، نە زەماوەند، کە چووینە ئەوێ، بانگیان کردینە بەردەم کۆڕی لەناوبردن. ئێمەیش بەقسـەمـان کردن و چووین. فـەرمانەکەی (خدێو) کە لەسەرەوە ناوبرا خوێندرایەوە. پاش ئەوە فـەرمـانیـان دا کـە شیـرەکـانمان بدەین بەدەسـتـەوە. لەوەیشـدا بەقسـەمـان کـردن تا گەیشتینە بەندیخانە!».

ئەفسـەرە میـسرییـەکـان، هەمـوویان خرانە بەندیخـانەوە، بە «عرابی»یەوە!... بەم جۆرە فڕوفێڵە نەنگەوە، میسرییەکان خرانە بەندیخانەوە، کەچی نە (خدێو توفیق)، نە سەرەکی کـاربەدەسـتـەکـانی، «ریاض پاشا»ی تورک دەنگێکیـان نەکرد. هەمـوو شـۆڕشـێک، دەنکە چەمچەیەکی دەوێ، ئاگرەکەی هەڵبگیرسێنێ. ئەم کارەساتەیش وەک دەنکە چەمچەیەک وابوو، ئاگری (شۆڕشی دووەمی میسر)ی داگیرساند.

بەڵام لەپاش گـرتنی ئەوانە، (خـدێو توفـیـق) و (ریاض پاشـا) کـەوتـنە لێکدانەوەوە. هەردووکـیـشـیـان، هەندێک لە خـواسـتـەکـانی «عـرابی»یان پەسند کـرد. «عـوسـمـان ڕەفعەت»یان لەسەر فرمانەکەی خۆی لابر. لەجیـاتیی ئەو «محمود سامی البارودی»یان دانا. ئەم پیـاوە هەرچەندە لە چەرکـەسـەکان بوو، بەڵام لە دەستـەی نیشـتـمـانپەروەرەکـان بوو!.

(خـدێو توفـیق)یش کـۆڕی نەتەوەی پێکهـێنا. کـۆڕەکـە کـۆبووەوە. یەکـێک لە بڕیارە دادپەروەرانەکانی ئەوە بوو، کە مافی هەیە سەرپەرشتیی لەنگەری پارە کۆکردنەوە و، پارە بەخـتـکردنی فـەرمـانڕەوایی بکات. بەڵام سـەرەکی کـاربەدەسـتـان «شـەریف پاشـا»، بەئەندامەکانی کۆڕی نەتەوەی ڕەوانەبینی، کە مافی سەرپەرشتی کردن و، ئاراستەکردن و، باجدانان و، پارە بەختکردنیان هەبێ، بەهۆی تەماشاکردنی «لەنگەرنامە = میـزانیة»وە. هەروەک (شـەریف پاشـا)، کـۆڕی نەتەوەی بە یانەیەکی وتار خـوێندنەوە دانابێ، وابوو. بەڵام خۆی و برادەرە تورک و چەرکـەسەکانی، ڕێکخستنی «لەنگەرنامە» کە بەئارەزووی خۆیانەوە، چۆنی دادەنێن، دایدەنێن. چۆنیشی بەخت دەکەن، بەختی دەکەن... کەس ڕایەی ناکـەوێ لێـیـان بپـرسـێـتـەوە. (شـەریف پاشـا) لەم کـردەوەیەیدا، لەگـەڵ ئینگلیـز و

فەرەنسیەکان بوو. مەبەسیان ئەوەبوو کە میسرییەکان هیچ مافێکیان بۆ نەمێنێتەوە، کە سامانەکانی میسر بەکاربهێنن!

کاربەدەستیی (شەریف پاشا) خۆی لە فرمان کێشایەوە. لەژێر سەرۆکایەتیی (محمود سامی البارودی)دا کاربەدەستییەکی تازە دامەزرا. شۆڕشگێڕەکان بۆ ئەمیان پێ خۆش بوو. چونکە هەرچەندە خۆی تورک بوو(*)، بەڵام لەگەڵ ئەواندا بوو!... ئەم کاربەدەستییە تازەیە، هاتە سەر قسەی کۆڕی نەتەوە و، تەماشاکردنی «لەنگەرنامە»ی دایە دەستی. تا ئێرە، شۆڕشەکە بەوە دواییی هات کە شۆڕشگێڕەکان و زۆردارەکان لەگەڵ یەکدا ڕێککەوتن، بەڵام داگیرکەریی بەریتانیا و فەرەنسە، کە لەژێرەوە سەیری ئەم کارەساتانەیان دەکرد، ئەم ڕێککەوتنەی ئەم دوولایەیان پێ خۆش نەبوو!...

لەڕاستیدا فەرەنسە و بەریتانیا لەوە دەترسان کە نەتەوەی میسر وریابووەوە، ئەو دەستیاوانە نەداتەوە بەو خاوەن دەستیاوە سووخۆرانە، کە سووەکانیان یەجگار گران و ئاشکرابوون. ئەوانە لە خێزانی «ڕۆچیلد» و کەسانی تر بوون. ئەوان میسریان تێوە گلاندبوو. کەچی داگیرکەرەکان دەترسان لەوەی ئەو سووخۆرانە زیانیان پێ بگات!...

لەلایەکی تریشەوە بەریتانیا دەیویست میسر داگیر بکات، بۆ ئەمەی بیکات بەکێڵگەیەکی خۆی بۆ بەرهەمهێنانی لۆکە، تا ئیتر لە ئەمەریکای یەکگرتووەوە لۆکە نەهێنێ.

لە مانگی بەختەباران (مایس)ی ساڵی ١٨٨٢دا، گەلەکەشتییەکانی جەنگیی ئینگلیز و فەرەنسیەکان گەیشتنە (ئەسکەندەریە). هەردوو سەرکردەی کەشتییەکان، چەند خواستێکی تاوانبارانەیان پێشکەش بەفەرمانڕەواییی میسر کرد. خواستەکان لەوانە بوون سەربەخۆیی لە دەست میسر بدەن. ئەگەر جێبەجێ بکرانایە، میسر وای لێ دەهات کە بکەوێتە ژێر چنگی ئەو دوو فەرمانڕەواییەوە... لەبەرئەوە کۆڕی کاربەدەستان بەرپەرچی خواستەکانیان دانەوە... لە ١١/٦/١٨٨٢دا کە هەردوو گەلەکەشتییەکان لەناو ئاوی (ئەسکەندەریە) دابوون، دەمەقاڵێیەک پەیدابوو لە ناوەند: کابرایەکی (مالطە)یی سەر بەئینگلیز و فەرەنسیەکانەوە ڕێکخرابوو، بوو بەهۆی قەومانی ئاژاوەیەک، کە چەند کەسێک لە میسرییەکان و بێگانەکانی تێدا کوژرا. ئینگلیزەکانیش چاوەڕوانی

---

(*) مامۆستا (سەلامە مووسا) لە جێگایەکی تردا (محمود سامی البارودی)ی بەچەرکەس داناوە. کەچی لێرەدا دەڵێ تورک بووە!... نازانین کامیان ڕاستە؟! -(وەرگێڕ)-



کارەساتێکی وا بوون، کە بیکەن بەبیانوو، و میسری پێ داگیر بکەن!... «عرابی» و پیاوەکانی، مەردایەتییەکی گەورەیان نواند، ئاژاوەکە بکوژێننەوە. بەڵام سەرداری شاری (ئەسکەندەریە)، «ذوالفقار» کە تورکێک بوو نەیدەهێشت پرس و لێکۆڵینەوەکە سەربگرێ، تا ئەو کەسانەی شەڕەکەیان هەڵگیرساندبوو، نەدۆزرێنەوە. ئەمەیش دەریخست کە سەردار خۆیشی، دەستی لەم ئاژاوەیەدا هەبووە، لەژێریشەوە (خدێو توفیق) هانەی دەدا! لە ١١/٧/١٨٨٢دا، واتا لە پاش شەڕی کاروانبەر و (مالطە)ییەکە بەمانگێک، سەرکردەی گەلەکەشتییەکانی ئینگلیز، یادنامەیەکی پێشکەش بەسەرداری (ئەسکەندەریە) کرد، کە زۆر دووربوو لە ماف پاراستن و، دادپەروەری و، سەربەرزییەوە. ئەوەی تێدا نووسی بوو کە لەشکری میسر خەریکی ئاوەدانکردنەوەی کەلاتەکان و جێگە سەختەکانە، پێویستە دەستبەجێ ئەو کەلات و جێگە سەختانە بڕووخێنرێن و کاول بکرێن، ئەگینا (ئەسکەندەریە) دەداتە بەر تۆپ!.

دیارە کە کاربەدەستیی میسریش، سەری بۆ ئەم خواستە پڕ کەتنە، دانەنەواند! بەرپەچیان دایەوە!. ئیتر (ئەسکەندەریە) درایە بەرتۆپ و، هەزاران میسریی لە ژن و پیاو و منداڵ تێدا کوژرا!... ئینگلیزەکان خەریکبوون سەربازەکانیان لە ناوچەی [بحیرە]دا دابەزێنن. بەڵام «عرابی» شکاندنی. ئەوانیش گەڕانەوە دواوە... پاش ئەوە چوونە چەم (قنال)ی (سوێس)ەوە. بەڵام «عرابی»یش ئەوەندە پیاوێکی ساکار بوو، باوەڕی کردبوو بەبێ لایەنیی ئەم چەمە... لەبەرئەوە خۆی تێدا قایم نەکرد. چونکە لەوە نەدەترسا کە ئینگلیز لەوێوە هورووژم بهێنێتە سەر میسر. بەڵام کوا ئینگلیز گوێ دەدەنە پەیمان و بەڵێن؟!...

ئینگلیزەکانی هاتنە ناو خاکی ناوچەی (الشرقیە)وە. ڕێ پێشاندەرەیان چەند پیاو یاخود چەند ناپاکێکی هۆزێکی عەرەب بوون، کە (طحاویە)یان پێ دەگوتن و لەو ناوچەیەدا دەژیان. ئەمانە چرایان بۆ ئینگلیزەکان دانابوو بەنیشانە. ئەمانیش بەرەو چراکان ڕۆیشتن تا گەیشتنە (التل الکبیر). ئیتر لەوێدا دایان بەسەر هێزە بێ تاوانە بێدەنگەکەی میسردا.

«عرابی»یان شکاند!

لە دوای ئەوە تا چل ساڵی خشت لە تاریکیدا ژیاین. ناوی میسریش لە مێژوودا کوژایەوە، تا ئەو چل ساڵە تەواو بوو.

# مێژووی ئەحمەد عرابی

«بەپێنووسی خۆی»

*«لەگەڵ ئەوەیشدا کە خوێندەوار لەم بەشەدا هەندێ بابەتی دووبارەکراو دەبینێ، بەڵام وام بەباش زانی کە وەک خۆی بیهێڵمەوە. ئەم ژین نامەیەیش کە «عرابی» بەدەستی خۆی نووسیویەتی، دانەری «مێژووی نهێنیی داگیرکردنی میسر»، (ویلفرید سکاوین لنت) لە «عرابی»، خۆی، داوای کردووە، کە لە دامێنی نووسراوەکەی خۆیدا چاپی بکات. جا من خۆم لە گۆڕینی ئەو ژین نامەیە و نووسراوەکەی سەرەوە، بۆ زمانی عەرەبی، بەلێپرسراو دەزانم».*

[نووسەر]

من لە ساڵی ١٨٤٠دا لە شاری «هربە» نزیک بە (زقازیق)، کە لە ناوچەی (الشرقیة) دایە، لە دایک بووم. باوکم سەرۆکی گوندەکە بوو. هەشت ڕۆژە جووت و نیو زەویی هەبوو. ئەو زەوییە، لەپاش مردنی، بۆ من مایەوە. هەندێ زەویی تریشم خستە سەری، کە لە پاشەکەوتی مانگانەکانم دەمکڕین. جاری وا هەبوو مانگانەکانم دەگەیشتنە (٢٥٠) دینار. لەبەرئەوە زەوییەکانم، پێوانەیان گەیشتە (٥٧٠) ڕۆژە جووت. ئەمەیش ئەوەندە بوو، کە فەرمانڕەوایی لە کاتی چەندوچوون لەگەڵ کردنمدا، داگیری کرد و بردی بۆ خۆی. ئەم زەوییانە، لە کاتی کڕینیاندا هەرزان بوون. نرخی ڕۆژە جووتێکیان لە چەند دینارێک زۆرتر نەبوو. بەڵام نرخی ئێستایان گەلێک زۆرترە. چونکە ئەوساکە خراپ بوون، بەڵام ئێستاکە چاک بوون، بەڵام هیچ پارچەیەکیان لەلایەن (سعید پاشا)، یاخود کەسێکی ترەوە نەمدراوەتێ. هەرچیم لە باوکمەوە بۆ ماوەتەوە هەشت ڕۆژە جووت و نیوە. هەچ پارەیەکیشم بۆ کۆ دەکرایەوە زەویم پێ دەکڕی. بێجگە لەوە هیچ زەوی و ساختمانێکی تر، یاخود کەلوپەلم نەبووە، کەلوپەلی ناوماڵ و هەندێ ئەسپ نەبێ، کە نرخی هەموویان لە هەزار دینار تێپەڕ ناکات.

کە منداڵ بووم لە (أزهر)دا خوێندم. دوو ساڵ لەوێدا مامەوە. کە تەمەنم گەیشتە چواردە ساڵی، بووم بەسەرباز. چونکە کەڵەگەت بووم. (سعید پاشا) یش حەزی دەکرد، کوڕی سەرەک گوندەکان بکات بەسەرباز، بۆ ئەمەی ببن بەئەفسەر. منیش چوومە تاقیکردنەوەوە. ئەوەی لە (أزهر)دا خوێندبووم لە تاقیکردنەوەکەدا بەکارم هات. کردمیان بەنووسیار لە پلەی «بلوک أمین»دا. نەچوومە ڕیزی سەربازەکانەوە. مانگانەیەکی شەست



کرۆشییان بۆ بڕیەوە. بەڵام من حەزم لەم فرمانە نەدەکرد. چونکە دەترسام لەوەی پێش نەکەوم. ئاواتم بۆ پایەی بەرز بەرز دەخواست، کە وەک پایەی کارگێڕی بەڕێوەبەرایەتییەکەمان وابێ. لەبەرئەوە سکاڵایەکم پێشکەش بەسەرۆکەکەم (ابراهیم بەگ) کرد بۆ ئەمەی بمخاتەوە ڕیزی سەربازەکان. (ابراهیم بەگ)یش پێی گوتم، لەوەدا زیانم لێ دەکەوێ. چونکە مانگانەکەم دەبێ بەپەنجا کرۆش. بەڵام من زۆرم لێ کرد، ئەویش گوتی باشە. زۆری پێنەچوو، جارێکی تریش چوومە تاقیکردنەوەوە. سەرکەوتم. بوویشم بەیەکەم. کردیانم بەچاوەش. پاش ئەوە، تاقیکردنەوەیەکی تریشم دا. کرام بەئەفسەر. ئەو کاتە تەمەنم گەیشتبووە حەڤدە ساڵ. (سلێمان پاشا)ی فەرەنسەییش خۆشی دەویستم. زۆری کرد لە (سعید پاشا) کردمی بەجێنشین (قائمقام). ئەو کاتە تەمەنم بووبووە بیست ساڵ. پاش ئەوە (سعید پاشا)، کە لە پێش مردنیدا بەساڵێک چووە (مدینە)، کردمی بەهاودەم (یاوەر)ی خۆی. ئەو کاتە ساڵی ١٨٦٢ بوو. مردنی (سعید پاشا)، سەرگەردانییەک بوو بۆ من. چونکە ئەو ڕۆڵەی نیشتمانەکەی خۆش دەویست. بەڵام (ئیسماعیل) وانەبوو. لە سەردەمی ئەمدا هەموو شتێک خرایە دەست تورک و چەرکەسەکان. میسری لە لەشکردا، بێ پشتیوان و بێ پێشکەوتن مایەوە. دوانزە ساڵ لە پایەی جێنشینیدا مامەوە، هیچ شتێک ڕووی نەدا، تا شەڕی (حەبەشە) قەوما. نەیشیان ناردم بۆ شەڕی (ڕووس). بەڵام کە شەڕی (حەبەشە) قەوما، هەموو سەربازەکان کۆکرانەوە. هەر بنکەیەکی پارێزگارییش هەبوو لەسەر ڕێگای (حج)دا کێشایانەوە. منیان دانا کە بچم ئەو بنکانە بکێشمەوە. منیش هەر خۆم بووم بەتەنیا. سەربازێکم لەگەڵدا نەبوو. کرۆشێکیان نەدامێ. دەبوو تا لە توانایمدا بێ بەسواری حوشتر بگەمە ئەو بنگەی سەربازانە. منیش چوومە (نخل) و (عقبە) و [وجە]، دەستم کرد بەکۆکردنەوەی سەربازەکانی ئەو بنکانە، لە جێی ئەوان عەرەبم دادەنا، کەلاتەکان بپارێزن. ئنجا لە دەریا پەڕینەوە بۆ (قصیر). لەوێشەوە چووینە (قنا)، ئنجا (قاهیرە). بۆ ئەم کاروبارانە فلسێکیان نەدامێ. لە گیرفانی خۆم پارەی ئەو کۆچانەم دا. خاکەکەمان لەژێر زۆر و ستەمێکی یەجگار زۆ دابوو. ئیتر لەوکاتەوە دەستم کرد بەبابەخدان بەزرنگاری (سیاست)، بەو هیوایەی نیشتمانەکەمان لە دەست وێرانی ڕزگار بکەم. پاشان چووم بۆ (مصوع)، چوومە ناو ئەو هێرشەوە کە (راتب پاشا) سەرکردەیی دەکرد. (لورنیگ پاشا)ی ئەمەریکایی سەرۆکی گۆشەکانی جەنگ بوو. شەڕوشۆڕی ناو گوندەکانم نەدی، چونکە لەو کاتەدا بەگواستنەوەوە، خەریکبووم، لە ناوەند (مصوع) و لەشکردا. جەنگەکە

لەو سەرگەردانییانە بوو کە بەسەر لەشکردا هات. چونکە سەربازی حەوت تیپی تێدا کوژرا. هەڵەکەیش لە (لورنیگ پاشا)وە بوو. (حەسەن کوڕی خدێو)یش لەوێ بوو. ئەویش کوڕێکی بچکۆڵە بوو، سەربازی فێر دەبوو. سەرکردەییی لەشکری نەدەکرد. حەبەشییەکان نەیانکرد بەبەندە و دیل.

لەوە پاش دەستم کرد بەبیرکردنەوە لە بابەت کاروباری زرنگکاری (سیاست)ەوە بیرم دێ (شێخ جەمالەدین)م دی. بەڵام قسەم لەگەڵ نەکرد. ئاشنایەتیی کۆنم بە (أزهر)ەوە بەکارم هات، چەند شاگردێکی ناسیاوم دۆزییەوە. چاکترینیان (شێخ محەمەد عەبدە) و (شێخ حەسەن ئەلتەویل) بوون. یەکەم نووسراوێکیش بوو لە بابەت (ژیانی بۆناپارت)ەوەکرابوو بەعەرەبی نووسەرەکەی ئەفسەر (لویس) بوو. (سەعید پاشا)یش ئەم نووسراوەی لەگەڵ خۆیدا هێنابووە (مەدینە). ئەوەی تێدابوو: کە سیی هەزار سەربازی فەڕەنسزی هاتبوونە ناو خاکەکەمانەوە و، داگیریان کردبوو. کە (سەعید پاشا) ئەوەی خوێندەوە، ڕقی هەڵسا و نووسراوەکەی فڕێ دایە سەر زەوی. پێی گوتم: «سەیرکە ئەوانە هاونیشتمانەکانی تۆیان چۆن شکاندووە». منیش نووسراوەکەم هەڵگرتە لای خۆم، بەدرێژاییی شەو بەخوێندنەوەیەوە خەریکبووم تا بەیانی. پاشان چوومە لای (سەعید پاشا) و پێم گوت: «نووسراوەکەم خوێندەوە. هۆی ئەوەی کە فەڕەنسزەکان سەرکەوتبوون بەسەرماندا، ئەوەیە کە لەشکرەکەیان ڕێکوپێک بووە. ئێمەیش ئەگەر بمانەوێ، دەتوانین لە میسردا لەشکرەکەمان وا ڕێک بخەین»... ئێستایش تۆ لێم دەپرسیت: «ئەو ئاژاوەیە چی بوو لە سەردەمی (ئیسماعیل)دا قەوما، لە دژی (نۆبار)؟ ئایا من دەستم تێیدا هەبوو، یان نا؟...» منیش دەڵێم: «دەستم تێیدا نەبوو. چونکە لە کاتی ئەو ئاژاوەیەدا، من لە (رەشید)دا بووم لەگەڵ لەشکردا. بەڵام پێش قەومانی ئاژاوەکە بەڕۆژێک، من و جێنشینەکەی تر «محەمەد بەگ نادی» تەلگرافێکمان نارد بۆ کاربەدەستیی جەنگ، لە بابەت ئەوانەوە کە لە لەشکر هێنرا بوونە دەرەوە. ئەوانە هێشتا مانگانەی دواییان وەرنەگرتبوو، تەنانەت هیچیان نەبوو بیخۆن و پێی بژین. لەو کاتەدا لە (عەباسیە) بوون. بەڵام ئاگادار نەبووم لەوە، کەچی دەربارەی (نۆبار) دەکرا، لەژێرەوە. لەڕاستیدا (ئیسماعیل پاشا)، خۆی بوو، ئەو ئاژاوەیەی ڕێکخست بوو. ئەویش بەهۆی یەکێک لەپیاوەکانیەوە کە ناوی (شاهین پاشا) بوو، لەگەڵ زاواکەیدا کە ناوی (لطیف أفندی سلیم) بوو و، چاودێریکەری خوێندنگای جەنگ بوو. هەندێ لە سەربازە دەرکراوەکانیشیان لەگەڵدا بوو. بەڵام ئەوانە زۆر نەبوون. ئەوانە، لەو کاتەدا کە (نۆبار)،



لەبەر دەرگاکەی کاربەدەستیدا خەریکبوو سواری گالیسکەکەی خۆی ببێ، دیبوویان و هورووژمیان بردبووە سەری و لێیان دابوو. سمێڵەکانیشیان ڕاکێشا بوو. دەمودەست (ئیسماعیل پاشا) یان لەو کەینەوبەینەیە ئاگادار کردبوو، بۆ ئەمەی ئاژاوەکە دابمرکێنێتەوە. ئەویش لەگەڵ (عبدالقادر پاشا) و (عەلی فهمی بەگ)ی ئەفسەری یاساوڵەکانی خۆیدا چووبووە ئەوێ. فەرمانی دابوو: تفەنگ بنێن بەشاگردەکانەوە. (عەلی فهمی بەگ)یش فەرمانی دابوو: تفەنگ بنێن بەئاسمانەوە. لەبەرئەوە کەس بریندار نەکرابوو. (عەلی فهمی بەگ) لەوکاتەدا لەگەڵ ئێمە نەبوو. جێی ڕاز و دڵسۆزی (ئیسماعیل) بوو. یەکێک لە خانمەکانی سەرا ژنی بوو. بەڵام حەزی نەدەکرد خوێنی ئەو لاوانە بڕێژرێ!... (ئیسماعیل)یش بۆ ئەمەی خۆی وا پیشان بدات کە دەستی لەو ئاژاوەیەدا نەبووە، من و (نادی بەگ) و (عەلی بەگی ڕوبی)ی تاوانبار کرد بەوەوە کە سەرکردەییی ئاژاوەگێڕەکانمان کردووە. ئێمەیان نارده بەردەم کۆڕێک، کە لە (ستون پاشا) و (حسن پاشا أفلاطون) و (عوسمان رەفعەت) و چەند کەسێکی تر پێکهاتبوو. ئەم (عوسمان رەفعەت)یە لەوە پاش بوو بەجێگری کاربەدەستیی جەنگ. لەبەردەم ئەو کۆڕەدا گوتم: «ئەمە هەرگیز ناگونجێ کە ئێمە دەستمان لەم ئاژاوەیەدا هەبووبێ. چونکە ئێمە لە (رشید) بووین، تا نەبوو بەشەو نەگەیشتینە (قاهیرە) لەگەڵ ئەوەیشدا هەموومان سەرزەنشت کراین و، لە تیپەکانمان جوێ کراینەوە. (نادی) نێرڕایە (منصورە). (روبی)یش نێرڕایە (فیوم). منیش نێرڕامە (ئەسکەندەریە)، وەک جێگرێک لەجیاتیی سەرەک هۆزەکانی (صعید) کە باجە دواکەوتووەکانیان لە شێوەی خۆرشتدا دەنارد، وەک پاقلە و دانەوێڵەکانی تر. لە (ئەسکەندەریە)یشدا هەندێ جوولەکە وەریان دەگرتن، لەباتی ئەو دراوانەی (ئیسماعیل) بەدەستیاو لێی دەسەندن. بەڵام پێش ئەمەی لە یەکتر جیا ببینەوە، کۆبوونەوەیەکمان کرد، پیشنیازێکم پێشکەش کردن کە کۆمەڵێک دابمەزرێنین بۆ لابردنی (ئیسماعیل) لە (فەرمانداری)، جا ئەگەر ئەوەمان بکردایە، کەینەوبەینەکەمان لە کاتی خۆیدا چارە دەکرد. چونکە (کونسول)ەکان، دەیانویست بەهەرچی چۆنێک بێ ڕزگاریان ببێ لە دەستی. ئەو گیروگرفتانەیش کە لەوە دوا ڕوویان دا، لە کۆڵمان دەبوونەوە. هەروەها پانزە ملیۆن دیناریشمان دەگێڕایەوە بۆ گەنجینەی میسر. کەچی (ئیسماعیل) لەکاتی لابردنیدا وەری گرت. بەڵام تا ئەودەمە کەسی وانەهاتبووە ناوەوە کە ئەم بزووتنەوەیە ببات بەڕێوە. ئەوانەی لە کۆبوونەوەکەدا بوون هاتنە سەر قسەکەی من. لەگەڵ ئەوەیشدا نەمانتوانی قسەکەمان بهێنینەدی. پاش ئەوە (ئیسماعیل) لە (خدێوی) خرا، کە بەوە بارێکی گران لە سەرمان لاچوو. بەڵام ئەگەر خۆمان وامان لێ بکردایە، لە

هەمـوو خـێـزانی (مـحـەمـەد عـەلی) ڕزگـارمـان دەبوو. کـەس لەناویاندا فـەرمـانداریی لێ نەدەوەشـایەوە، (سەعـیـد) نەبێ. ئەوسـاکـەیش دەمـانتـوانی فـەرمـانڕەواییـیـەکە بکەین بە (کۆمار) و ئاشکرای بکەین.

(شێخ جەمالەدین) پێشنیـازی کرد کە (شێخ محەمەد عەبدە)، (ئیسمـاعـیل) بکوژێ، لەو کاتەدا کە بەسەر پردی (قصر النیل)دا دەڕوا. (شێخ محەمەد عەبدە)یش چووە سەر پێشنیـازەکەی ئەو. (ئیسماعیل)یش پێش لابردنی لەسەر تەخت بەشەش مانگ، سامانی هەمـوو ناوچەکـانی مـیـسـری کـۆکـردبووەوە. پاش ئەو (لطیف) دانی بەوەدانا، کـە لەم کـردەوانەدا دەسـتی تێـدا هەبووە. ئەم (لطیف)ە خـرایە بەندیـخـانەوە. بەڵام کـۆمـەڵەی (مـاسـۆن)ەکـان داوایان لە (نۆبار) کـرد بەڕەڵڵای بکات، ئەویش بەڕەڵڵای کـرد. کـە (توفـیق)یش چووە جێی (ئیسـمـاعـیل)، لە سـەرەتای کاردا ئاشکرای کرد کـە دەسـتـوور بەخـاکی مـیسـر دەبەخـشێ. ئێسـتـاکـەیش تۆ لێم دەپرسـیت: «ئایا بەدڵ وای دەگـوت؟». منیش دەڵێم: «ئەوەی بەدڵ نەدەگوت. پیـاوێکی دڵسۆز نەبوو. بەڵام هەتا بڵێی پیـاوێکی کز و بێ هێز بوو. نەیدەتوانی بڵێ نەء.». قسـەی کاربەدەستەکەی، کە (شـەریف پاشا) بوو، کاری زۆر لێدەکرد. ئەمـیش حەزی بەیاسـای دەستووری دەکـرد لە فـەرمانڕەواییدا. (توفـیق) لە سـەردەمی باوکـیـدا، سـامـانی کـۆدەکـردەوە. بەلایەوە ئەمـە زۆر گـرنگ بوو. بایەخی زۆر پێ دەدا. هەرکـەسێ سکاڵای پێـشکەش بەباوکی بکردایە، ئەو دیاریی لێ وەردەگـرت. ئەوانەیش بڕوایان وابوو، کـە بەهۆی بەرتیـل دانەوە بە (توفـیق) کـارەکـانیـان لای (ئیسماعیل)ی باوکی سەردەگرێ. بەڵام (توفیق) بوونی دەستووری پێ خۆش نەبوو. کەچی پێیشی گران بوو بڵێ: «نەء». کە (شەریف) ئەو ئامۆژگارییەی کرد، بەڵێنی دایە بیکات. بەڵام دوو مانگی پێنەچوو، کەوتە ژێر چنگی (کۆنسول)ەکانەوە، کە بەربەستیان دەکرد لە دەرهێنانی بڕیاری دەستوور. ئیتر لەوساوە (شەریف) کاربەدەستەکانی هاوڕێی کۆکردەوە و، بڕیاریان دا ئەگەر ئەو دەستی خۆی لە فرمان بکێشێتەوە، ئەوانیش دەستی خۆیان لە فـرمان دەکێشنەوە. بێـجگە لەوە بەسەربەرزیی خۆیشـیـان سوێندیان بۆ خوارد. کـەچی لەگـەڵ ئەو هەمـوو بەڵێن و سـوێندانەیشـدا، هەندێکـیـان چوونە ناو کاربـەدەسـتـیی (ریاض پاشـا)وە، کـە لە جـێگای (شـەریف پاشـا) بوو بەسـەرۆکی کـاربەدەسـتـان. جـا بۆ ئەمـەی (ریاض)، هانیـان بدات بێنە کـاربەدەسـتـیـیـەکـەیەوە، بەڵێنی پێـدان کـە هەمـوو کاربەدەستێک، لە کاربەدەستییەکەی خـۆیدا سەربەخۆ بێ، (توفیق)یش دەست ناخاتە کاروبارییەوە...



(محمود سامی) بوو بەکاربەدەستی تەرخانکراوەکان (ئەوقاف). (عەلی مبارک) بوو بەکـاربەدەسـتـی زانیـاری. (عـوسـمـان رەفـعـەت پاشـا)یش کـە تورکـێک بوو، و قـینی لە جووتیارەکان بوو، بوو بەکاربەدەستی جەنگ. فەرمانڕەواییـیە تازەکە زۆردار و ستەمکار بوو. (حـەسـەن مـووسـا ئەلعـەقـاد) سکاڵایەکی پێـشکەش کـرد لە بابەت یاسـای (بەراووردکـردنی باج)ەوە. لەسـەر ئەوە دوورخـرایەوە بۆ گـوێ زرێی سـپـیی ناوەڕاست. (ئەحمەد فەهمی)یش لەسەر سکاڵایەکی تری وەها لە فرمان دەستی کێشرایەوە. چونکە بەدڵی کاربەدەستییەکە نەبوون. لە هەموو کاربەدەستەکان خراپتر (عوسمان رەفعەت) بوو. ئێمەیش، ئەفسەرەکان، هەریەکەمان لەناو تیپی خۆیدا بوو! هەر لەبەرئەوەی کە میسری بووین، هەموو جۆرە زۆردارییەکمان لێ دەکرا. لەبەر هەر هۆیەک بوایە، ئەفسەری میسری دەگـیـرا و، لە جێی ئەو چەرکـەسـیـیـەک دادەنرا. نیـازیشـیـان وابوو هەمـوو ئەفـسـەرە میسرییەکان لابەرن. منیش لەو کەسانە بووم کە ڕقیان لێ هەڵگرتبووم. چونکە نەمهێشت سـەربازەکـانم ببـەن بۆ هەڵکەندنی جـۆگـای (توفـیـقـیـە). ئەوسـاکـەیش باو وابوو ئەم فرمانانەیان بەبێگار پێ دەکرا. تەڵەیەکیشیان بۆ نابوومەوە، کە لە هەندێ ڕێگادا تووشی شـەڕم بکەن، تا بکوژرێم. بەڵام هەمـوو جارێک خـۆشەویسـتـیی سـەربازەکـانم بۆم دەبوو بەسوپەر و، لەو جۆرە گیروگرفتانە ڕزگارم دەبوو. ئەو ئەفسەرانەیش کە چەرکەس نەبوون، هەمـوویان لە تەنگ و چەڵەمـەی کـوشتن و ئازاردانـدا بوون، دەترسـان لە خـۆیان هەر لەبەرئەمەیش بوو کـە (عـەلی فـەهمی)، لەگـەڵ ئەوەیشـدا کـە سەر بە [کـۆشکی شـاهیی خدێو] بوو؛ بەهۆی ئەو کەنیزەکەوە کە (خدێو) لێی مارە کردبوو، هاتە سەردەستەی ئێمە. چونکە ئەویش وەک ئێمە دەترسا لە خۆی کە لاببرێ و چەرکەسێک یاخود تورکێک بخرێتە جێگای. ئەو ئەفسەرێک بوو لە تیپی سێیەمدا (عـبدالعال حلمی)یش لە (طرە) بوو. بەڵام (عـەلی روبی) سـەرکـردەی سـوارەکـان بوو. پاش ئەوە لە مـانگی چلە (جـەنوەری)ی ساڵی ١٨٨١دا پشێـوییەک پەیدا بوو. ئیـوارەیەکیـان چوومە ماڵی (نەجمـەدین پاشا). چەند پاشـایەک لەوێ بوون. لە بابەت ئەو گۆڕینانەوە گفـتـوگـۆیان دەکـرد، کـە (عـوسـمـان رەفـعـەت) دەیویست جـێبـەجـێیـان بکات. لە قـسـەکـانی ئەوانەوە بۆم دەرکەوت کـە من و (عـبدالعـال)، هەردووکـمـان لە سەرکردەیی دەخرێین و، ئەفسـەرە چەرکەسـەکان لە جێمان دادەنێن. هەر لەو کـاتەدا، پـارچە نامـەیەکم بۆ هات، ئەوەی تـێـدا نووسـرابوو کـە (عـەلی فـهمی) و (عـبدالعـال) لە ماڵی منن، چاوەڕێم دەکەن. کە چوومەوە مـاڵی، لەوێ بوون. ئەم بابەتە ناخـۆشەیان دا بەگوێمدا. ئیـتـر هەرسـێکمـان دانیـشـتین لەم بابەتەوە ڕاوێژ بکەین،

لەسەر ئەوەی چی بکەین. (عبدالعال) پێشنیازی وابوو کە هێزێک لەگەڵ خۆماندا هەڵبگرین و بڕۆین بۆ ماڵی (عوسمان رەفعەت)، لەوێ بیگرین یان بیکوژین. بەڵام من پێم گوت: «نەء. وا باش نییە. پێویست وایە: لەپێشدا سکاڵایەک بدەین بەسەرۆکی کاربەدەستان. ئەگەر هیچی بۆ نەکردین، سکاڵایەکی تر بدەین بە (خدێو).».

ئەوانیش نووسینی سکاڵاکەیان بە من سپارد. منیش سکاڵایەکم نووسی، ڕووداوم تێدا پێشاندا. داوای لابردنی (عوسمان رەفعەت)یشم کرد، لەگەڵ گەیاندنی ژمارە سەربازەکان بەهەژدە هەزار کەس. هەروەکا ئاشکراکردنی دەستووری بەڵێن لەسەر دراویشم داواکرد.

«لە بلنتەوە سەرنجێک: وابزانم (عرابی) لێرەدا بەهەڵەدا چووە. چونکە ئەم دوو خواستەی دوایی و خواستەکەی یەکەمی، کە لە ١٨٨١/٩/٩دا دابووی تێکەڵی کردوون. بەڵام دووبارەی کردۆتەوە، کە ئەم خواستانە هەرسێکیانی لە مانگی ڕەشەمێ (شباط)دا پێشکەش کردووە».

پاش ئەوە هەرسێکمان ئەم سکاڵایەمان مۆرکرد. بەڵام ئەوەیشمان دەزانی کە کوشتن لە ڕێماندا دەبێ! لە ڕۆژی دووەمدا سکاڵامان برد بۆ کاربەدەستی ناوخۆ. داوای بینینی (ریاض)یشمان کرد. لە ژوورێکی دەرەوەدا ئێمەیان دانا. سکاڵاکەیشیان برد بۆ (ریاض)، کە لە ژوورێکی ناوەوەدا بیخوێنێتەوە پاشان (ریاض) هاتە دەرەوە و پێی گوتین:

«ئەم سکالایە پڕە لەسەرگەردانی. چیتان دەوێ ئێوە؟ دەتانەوێ کاربەدەستی بگۆڕن؟... کێ هەیە جێی بگرێتەوە؟... کێتان دەوێ کاروباری فەرمانڕەوایی ببات بەڕێوە؟...».

منیش وەرامم دایەوە پێم گوت:

«پاشای خاوەن کامەرانی، میسر هەر هەشت پیاوی لێ بووە و، ئیتر مندالّی نابێ؟» مەبەسی منیش لە خۆی و حەوت کاربەدەستەکەی هاوڕێی بوو. ئەویش لێم تووڕە بوو. بەڵام پاشەجار گوتی: «باشە من سەیری خواستەکەتان دەکەم.».

ئێمەیش پیاوەکانی (کۆشکی شاهی)ی تێدابوو، لەگەڵ (ستون) و (بلتز)دا. (خدێو) پێشنیازی وابوو بوو کە هەرسێکمان بگرن و بماندەن بەدادگا. بەڵام ئەوانی تریش گوتبوویان: «ئەگەر ئەو سێ کەسە بخەینە بەردەم دادگا، دەبێ (عوسمان پاشا)یش بخرێتە بەردەم دادگا لەسەر ئەمە کەینەوبەینەکە بەجێ هێڵرابوو بۆ (عوسمان) چارەی بکات، ئەویش بەئارەزووی خۆی... خۆیشت ئەوی تری شارەزایت.



لە وەرامی پرسەکەیشتدا کە دەیکەیت: «ئایا خدێو لەوکاتەدا ئەوەی دەزانی کە ئێمە نیازی سکاڵایەکی وامان هەیە بیدەین؟»... دەڵێم: «بەوەی نەدەزانی. هەروەها لەوەیش ئاگادار نەبوو کە (عەلی فهمی) هاتبووە سەردەستەی ئێمە.» پرسیویشتە: «ئاخۆ من ئاشنایەتیم لەگەڵ (بارۆن دورنج)دا هەبووە؟» وەرامم ئەوەیە: «کە ئاشنایەتیم نە لەگەڵ ئەو نەگەڵ هیچ شابەندەر (کۆنسول)ێکدا نەبوو. بەڵام ئەوەم بیستبوو کە دەسەڵاتی شابەندەری فەرەنسە لە هی هەموویان گەورەتر بوو. منیش لە کەینەوبەینەی خۆمانم ئاگادار کرد و، تکایشم لێ کرد کە بەهەموو شابەندەرەکانی تر بڵێ، مەترسی لە ئێمە نەکەن لە بابەت ژێردەستەکانیانەوە. (محمود سامی)یشم هێشتا نەناسیبوو. بەڵام ئەو هاوڕێی (عەلی روبی)ی هاوڕێم بوو. ئەوەیشم زانیبوو کە ئەو لەوانە بوو کە هۆگری (سەربەستی)ن. خۆی لە بنەچەدا چەرکەسی بوو. بەڵام نزیکەی شەش سەد ساڵ بوو خێزانەکەی لە میسر دا دەژیا. بەڵام لە خۆ پێشاندانی دووەمدا کە لە ١٨٨١/٩/٩دا کرا، ئێمە لەوە ئاگادار بووین کە (خدێو) لەگەڵ ئێمەدا بوو. دەیویست لە (ریاض) ڕزگاری ببێ، چونکە گوێی نەدەدایە فەرمانەکانی. لەو هاوینەدا دوو جار چاوم پێی کەوت و، قسەیشم لەگەڵ کرد. بەڵام لە بابەت زرنگکارییەوە قسەمان نەکرد. بەقسەی (عەلی فهمی)، نامەکەی بۆ ئێمە بوو: «ئێوە سێ سەربازن. منیش چوارەمتانم!.».

تۆیش لێم دەپرسیت: «ئایا (خدێو) پاک و دڵسۆزبوو؟». منیش دەڵێم: «هەرگیز پاک و دڵسۆز نەبووە. بەڵام دەیویست لە (ریاض) ڕزگاری ببێ. لەم خۆپێشاندانەدا داوای لابردنی (ریاض) و کاربەدەستەکانی ترمان کرد. ئەوەیشمان دەزانی کە ئەم داخوازییەی پێ خۆش بوو. لە بەیانیی ڕۆژی ١٨٨١/٩/٩دا، یەکێکمان ڕاسپاردە لای (خدێو) کەوا دەچین بۆ کۆشکی (عابدین)، بۆ ئەمەی بەڵێنەکانی پێشووی بیربخەینەوە، جێبەجێیان بکات. ئەویش کە هات (کوکسون)ی لەگەڵدا بوو، گفتوگۆی (کوکسون) و منیش بریتی بوو لەمە: (کوکسون) لێی پرسیم: (حیدر پاشا)تان پێ باشە؟

«منیش پێم گوت: «پیاوێکمان ناوێ کە خزمایەتیی لەگەڵ (خدێو)دا هەبێ.». بەڵام ئەمجارە خواستەکانمان نەنووسرابوونەوە. تەنیا خواستەکانی یەکی مانگی ڕەشەمێ (شباط)مان تازە کردەوە، کە بریتی بوون لەمانە: [دامەزراندنی کۆڕی ڕیش سپییان، گەیاندنی سەربازانی لەشکر بەهەژدە هەزار سەرباز، بەپێی فەرمانەکانی پێشووی (خدێو). لابردنی (ریاض).]. خواستەکانمانیان پەسند کرد. (خدێو)یش ئەوەی زۆر پێ خۆشبوو. نەمدەزانی (کولفن) لەوێیە یان نا؟... ئاخۆ ئامۆژگارییەکی (خدێو)ی کردبێ یان

نەیکردبێ بەڵام (کوکسون) و (گولدسمیث)م لەوێ دی. منیش لەگەڵ (کوکسون)دا گفتوگۆم دەکرد. ئەگەر (خدێو) نیازی ببوایە بمکوژێ، تفەنگم پێوەدەنا. لەڕاستیدا ئەم خۆپێشاندانەی یەجگار پێ خۆشبوو!.

لە بابەت (سلطان پاشا)وە دەپرسیت، پێت دەڵێم: «ڕقی هەڵسابوو، چونکە لە کاربەدەستیی (شریف پاشا)دا[1] نەکرابوو بەکاربەدەست. وایان دەزانی پایەی سەرۆکایەتیی کۆڕی نەتەوە، بەرزتر و گرنگترە. بەڵام خۆی وای پێ خۆش نەبوو. پێی ناخۆشبوو کە نەبووبووە کاربەدەست. هەر لەبەرئەوەیش بوو کە لە ئێمە هەڵگەڕایەوە.».

دەپرسیت: «ئایا ئەو چەرکەسانەی لەسەر گەلەکۆمەکێکەیان گیران، لە سەردەمی کاربەدەستیی جەنگی خۆتدا، لە بەندیخانەدا ئازار درابوون یان نا؟»

منیش دەڵێم: «نەچوومە ئەو بەندیخانەیەوە کە ئەوانی تێدابوون، نەیشم دیوە ئازاردرابن، هەر لە بەندیخانەیش نزیک نەبوومەوە. کەینەوبەینەی ورووژانی (ئەسکەندەریە)یش، بێگومان، لەلایەن سێ کەسەوە ڕێکخرا: (خدێو) و (عمر پاشا لطفی)ی سەردار و (کوکسون). ئەم ورووژانە لەپێش قەومانیدا بەچەند ڕۆژێک، ڕێوشوێنی بۆ دانرابوو. مەبەسیش لەوە ئەوەبوو، کە کەس ئیتر پشت بەمن نەبەستێ. چونکە من بووم بەڵێنم دابوو، کە یاسا و ئاسایش بپارێزم. هەروەک خۆت دەیزانی (خدێو) تەلگرافێکی ژمارەییی[2] ناردبوو بۆ (عمر لطفی). (عمر لطفی)یش لەگەڵ سەرۆکی یاساوڵەکان، (سید قندیل)دا ڕێککەوتبوو، کە ئەو ئاژاوەیە بەرپا بکرێ. کە ئێمە لە (قاهیرە) بووین، (سید قندیل) ئەم کەینەوبەینەی لە ئێمە شاردبووەوە. ئەوەندەی دەستی (کوکسون)یشی تێدابوو، لە ئاژاوەکەدا، ئەوەبوو کە چەند سنووقێک پڕ لە چەکی ئاگرین، خرایە ئەسکەندەریەوە و نێرایە شابەندەرخانە، کە (کوکسون)ی لێ دادەنیشت. ئەوەیش دیارە کە مەبەس لەو چەکانە ئەوەبوو کە هەندێ کەس لە شارەکەدا چەکیان بدرێتێ منیش کە بەم کارەساتەم زانی، دەمودەست (یعقوب سامی)م ناردە (ئەسکەندەریە)، فەرمانیشم دایە کە بەقوولی لێی بکۆڵێتەوە. لە ئەنجامدا ئەم ڕاستییانەی بۆ دەرکەوتبوو کە لەمەوپێش پێشانم دا. زۆر شت گوترابوو کە ڕاست دەرنەچوو. ئەوە ڕاست دەرنەچوو کە هەندێ کەسی کوژراویان دۆزیبووەوە لە گاورەکان، کە

(١) لە کاربەدەستیی شەریف پاشادا: لە وەزارەتی شەریف پاشادا...

(٢) تەلگرافی ژمارەیی: بروسکەیەک بەشفرە (برقیە مشفرە).



لە بەرگی موسوڵمانانـدا بووبوون. ئاژاوەکە بەوە دەستی پێ کردبوو، کە کابرایەکی (مالطه)یی و کاروانبەرێک شەڕیان بووبوو. بەڵام ئەم شەڕە، هیچ نەبوو، ئەوە نەبێ کە کرا بەبیانوو. هەروەک خۆت دەڵێیت: (عمر لطفی) سەر بە (ئیسماعیل) بوو.».

تۆیش لێم دەپرسیت: «چۆن پیاوێکی وا خراپ و بەدکار، لەم پایەدا هێڵرابووەوە، کە بەهۆی ئەوەوە زیانێکی زۆری دا لە هەمووان؟». هەر ئەوەندەم لە دەست دێ بڵێم، کە ئەو سەر بەکاربەدەستیی جەنگ نەبوو. فەرمانی لە کاربەدەستیی ناوخۆوە وەردەگرت. ئەوەیش لە بەدبەختیی خۆمان بوو، کە ئەومان لەو فرمانە گەورەیەدا هێشتبووەوە. (ندیم) و (حەسەن مووسا ئەعەقاد) بۆ کەینەوبەینەیەکی سامانی چوو بوونە ئەوێ.».

هەرچییەکت لێ پرسیم لە بابەت (ئیسماعیل پاشا) وە ڕاستە. (ئیسماعیل) پارەی پێشانی ئێمەدا... کەینەوبەینەکەیش بەم جۆرە ڕووی دا کە پێشانم دا.

هەندێ تۆپمان لە ئەڵمانیا داوا کردبوو. بەڵام گوتیان: ناتاندەینێ تا نرخەکانیان نەدەن. ئێمەیش پارەمان نەبوو. (ئیسماعیل)یش سیی هەزار دیناری بەڵێن دا بیدات، بەمەرجێ ئێمە دان بەوەدابنێین کە بۆ چاکەی ئەو فرمان دەکەین. ئەوی ئەو پارەیەی بۆ دەرخستین (مسیۆ منجس = ماکس لافیسون) بوو. ئەم کابرایە ڕووس بوو. جێگری (ئیسماعیل) بوو. (حەسەن مووسا ئەلعەقاد)یش دەستێکی لەم کەینەوبەینەیەدا هەبوو. بەڵام پارەکەیان نەدا بەئێمە. ئەگەر ئەمە ڕاستبێ کە (ئیسماعیل) ئەو پارەیەی ناردبێ بۆ (ئەسکەندەریە)، دەبێ لەلای خۆیان مابێتەوە. چونکە دەست ئێمە نەکەوت.

بیرم نایەت شتێکی وام بیستبێ لەوەی کە تۆ دەڵێیت: «گوایە (ڕۆچیلد) مووچەیەکی ساڵانەی چوار هەزار دیناریی بۆ دەبڕیمەوە، ئەگەر لە دەرەوەی میسردا بژیامایە». بەڵام ئەوەم لەبیرە، کە لەپاش ئەمەی شابەندەری فەڕەنسە هاتە لام و پێی گوتم: «ئەگەر بێتو بچیتە (پاریس) و لەوێ بژیت دوو ئەوەندەی مانگانەکەی خۆتت دەدەمێ کەد ەکاتە پێنج سەد دینار». (سەردار عبدالقادر)یش وای کردبوو. بەڵام من قسەکەیم بەرپەرچدایەوە، گوتم: «فرمانی سەرشانی من ئەوەیە، هەتا دەمرم لەسەر نیشتمانەکەی خۆم بکەمەوە، نەک لێی جیاببمەوە». بەڵام لەم بابەتەوە هیچ قسەیەکی (ڕۆچیلد)م نەبیستووە.».

وا ئێستا ئەوەت بۆ دەگێڕمەوە، کە چۆن شەڕی (تل الکبیر)مان دۆڕاند. لەو کاتەدا کە ئینگلیزەکان دەهاتنە پێشەوە، هوروژمێکمان دامەزراند، کە لە (قصاصین)دا بیکەینە سەریان. ئەم کارەیش وای پێ دەویست کە (محمود سامی) بچێتە پێشەوە بۆ لای

راستیان لە (صالحیە)دا ئێمەیش بۆ پێشەوە بچین. هەر لەو کاتەیشدا بەشێک لە هێزەکانمان لە خوارووی دۆڵەکەوە وەربگەڕێتەوە، تا لە پشتەوە لێیان بدات. دەستمان کرد بەم هەڵمەتبردنە و تاقیمان کردەوە. بەڵام دۆڕاندمان. چونکە (عەلی بەگ خنفس) ناپاکیی لەگەڵ کردین. ڕێوشوێنی هەڵمەتەکەمانی ئاشکرا کردبوو تەنانەت نەخشەی شەڕەکەیشی بۆ (لۆرد ولسلی) ناردبوو، کە من بەدەستی خۆم کێشابووم و بۆ خۆیم ناردبوو. (سلطان پاشا)یش لەجیاتیی (خدێو)، (عەلی یوسف) و چەند ئەفسەرێکی تریشی لەناو لەشکرەکەدا، لە من هەڵگێڕا بووەوە، پارەی دابوونێ. لەو کاتەدا کە لە (قاهیرە)، لە بەندیخانەدا بووم، (سێر چارلس ولسون) هاتە لام، نەخشەکەی منی بەدەستەوە بوو لێی پرسیم: «ئەم نەخشەیە بەدەستی تۆ کێشراوە؟». منیش پێم گوت: «بەڵێ». بۆی گێڕامەوە کە چۆن کەوتبووە دەستی. ئنجا گوتی: «بەڕاستی ڕێوشوێنێکی دروستتان بۆ شەڕەکە دانابوو، ئەگەر پێمان نەزانیایە، دوورنەبوو کە ئێوە بمانشکێنن!؟».

ئەمە سەرەتای سەرگەردانیمان بوو. لە (التل الکبیر)دا دایان بەسەرماندا دیسانەوە ناپاکی لە خۆمانەوە بوو کە لەناکاو ئەمەمان لێ کرا. چونکە سەرکردەکانی سوارە لەلایەن (سلطان پاشا)وە چەواشە کرابوون. هیوای گەورە گەورەی پێ دابوون. جێگای هێزی سوارە لە پێش لەشکرەوە بوو. دەبوو ئەوان ئاگادارییان بکردینایە لە پێشکەوتنی ئینگلیزەکان. کەچی خۆیان لادابوو ئێمەیشیان لە پێشکەوتنی ئینگلیزەکان ئاگادار نەکرد!...

(عەلی بەگ یوسف خنفس)ی ناپاک لە چاڵەکاندا بوو. چرایەکی لە جێگەیەک دانابوو، تا ئینگلیزەکان ڕووی تێ بکەن. خۆیشی لەگەڵ پیاوەکانیدا کشابووە دواوە، ڕێبازێکی پانیشی بۆ ئینگلیزەکان کردبووەوە پێیدا بڕۆن.

## شۆڕشی سێیەمی میسر

کە ئینگلیزەکان (عرابی)یان شکاند و نیشتمانەکەمانیان گرت، لەسەر داواکردنی (توفیق)ی ناپاک، خاکەکەمان سەرسام و پەرێشان بوو. لە ماوەی دە ساڵدا تورکەکان و چەرکەسەکان ئەو پایەی فەرمانڕەواییانەیان گێڕایەوە بۆ خۆیان کە لەگەڵ (عرابی)دا شەڕیان بوو لەسەریان. بەڵام کە ئینگلیزەکان دامەزران هەستیان بەوە نەدەکرد کە پێویستییان بەیارمەتیی تورک و چەرکەسەکان هەبێ. مەگەر بۆ ئەوەی کە لە کاربەدەستییەکان و چەند پایەیەکی گەورەی تردا دایان بمەزرێنن ئەوەیش سەبارەت بەوە



بوو، کە خۆیان جێگای تورکەکان و چەرکەسەکانیان گرتەوە لە لەشکر و هەندێ پایەی تردا. بەم ڕەنگە، ئێمە کەوتینە ژێر چەپۆکی سێ جۆر داگیرکەرییەوە: هی ئینگلیز و، هی تورک و، هی چەرکەس! بەڵام ئەم بارە هەر دە ساڵێکی پێ چوو. تورکەکان و چەرکەسەکان، خۆیان و کوڕەکانیان هەستیان بەخۆیان کرد، کە لەگەڵ ئینگلیزەکاندا زۆرتریان دۆڕاندووە لەوەی کە لەگەڵ (عرابی)دا بوون. ئەوانیش بوون بەنیشتمانپەروەر!. بەڵام نیشتمانپەروەرییەکەیان دەیگوت: «میسر بەشێکە لە فەرمانڕەواییی (عوسمانی)، هەرگیز نابێ لێی جوێ ببێتەوە، هەرگیز نابێ لێی بپچڕێ و سەربەخۆیی وەربگرێ!... لەمەدا زۆر کەس لە میسرییەکانیش لەگەڵیاندا بوون. تەنانەت (مصطفى کامل)یش هەروای دەگوت!. بەڵام پێویستە لێرەدا، هەندێک بوەستین، بۆ ئەمەی لەو بارە وردببینەوە: لە پێش هاتنی ئینگلیزەکاندا، لە ڕووی یاساوە میسر سەربەخۆ نەبوو. چونکە باجێکی ساڵانەی دەدا بەفەرمانڕەواییی (عوسمانی). هەروەها (خدێو) خۆیشی بەفەرمانێکی خونکاری تورکەکان دەخرایە سەرتەخت. لە توانایی (مصطفى کامل)یشدا نەبوو، کە لە نزیک ساڵی ١٨٩٨دا، داوای سەربەخۆییی تەواو بکات بۆ میسر، بێ ئەمەی لە فەرمانڕەواییی (عوسمانی)یەوە پشتیوانێکی هەبێ. ئەگەر لەو کاتەدا ئەوەی بگوتایە، تێکڕا هەموو دەوڵەمەندەکان و پاشاکان و سەردارەکان، لەگەڵ (خدێو)دا بەرەنگاری دەبوون. لە دوای ئەو (محەمەد فرید)یش هەروای بۆ دەلوا. پێویست بوو، ئێمەیش چاوەڕوان بین، تا یەکێکی وەک (ئەحمەد لوتفی ئەلسەید)مان بۆ پەیدا دەبێ، کە لە ساڵی (١٩٠٧)ەوە دەست بکات بەوریاکردنەوەی نەتەوە لە میسردا و پێیان بڵێ: «دەبێ میسر هەر بۆ میسرییەکان بێ، نە بۆ تورک بێ، نەبۆ ئینگلیز...».

جا ئەم ڕووە تازەیەی نیشتمانپەروەرییە لە میسردا، کارێکی گەورەی کردە سەر دڵی (قبطی)یەکان، کە بەدڵ ڕقیان لە بانگ ڕاهێشتنەکەی پێشوو بوو کە دەیگوت میسر بەشێکە لە فەرمانڕەواییی (عوسمانی).

لە ساڵی ١٩٠٦دا، ئینگلیزەکان کەتنی (دنشوای)یان کرد، کە هەندێ لە جووتیارەکانی میسریان لەبەرچاوی ژنەکانیان و منداڵەکانیاندا دارکاری کرد و کوشت. ئەوەبوو بەهۆی ئەوەی کە هەموو نەتەوە بورووژێن، گێژوویژەکانیشیان وریابینەوە، بێدەنگەکانیشیان بێنە زمان! خاکی میسر بەوە لەرزایەوە. گەلێک گەورە پیاو لەناو گیانبەخشەکان (فدائیون)دا هەڵکەوتن، لەژێرەوە داویان دەنایەوە بۆ کوشتنی هەندێک لە ناپاکان، باکیشیان نەبوو، لەوەی کە لە پێناوی سەربەخۆییی میسردا بکوژرێن!... ئەگەر

ئینگلیزەکان ئەم کەتنە گەورەیەیان نەکردایە، بزووتنەوەی سەربەخۆییمان دوا دەکەوت!. ئەو دڵتەنگییەی نەتەوەی داگرتبوو لە کاتی خوێندنەوەی کوشتنی ئەو جووتیارانەدا، هەروەها ئەو ئێش و ئازارەی دەچووە دڵ و دەروونی ئەو باوک و ژن و کوڕانەوە، کە بەچاوی خۆیان دەیاندی، باوک و کوڕ و مێردەکانیان بەپەتدا دەکرێن، ئەوانە هەموو بوون بەپشم و قین و ڕق هەڵسان لە ئینگلیزەکان. بوونە هۆی ئەوەیش کە بەکوڵی دڵەوە، بەهەموو هێز و هەڕەتێکیانەوە داوای سەربەخۆیی میسر بکەن! کوڕە لاوەکانی نەتەوەیش کە تا ئەودەمە جووڵەیەکیان نەبوو، کەوتنە وریابوونەوە و ڕاپەڕین و، خۆ ئامادەکردن بۆ هورووژم بردنەسەر ئینگلیزەکان.

پاش ئەوە شەڕی گەورەی یەکەم هاتە پێشەوە. ئەمجارەیش ئینگلیزەکان کەتنێکی گەورەتریان کرد لە مەرگەساتی «دنشوای». وایان لێهاتبوو، جووتیارەکانیان لەناو ماڵ و کێڵگەکانیاندا دەفڕاند و، بەگوریس دەیانبەستنەوە و دەیانناردنە (فلسطین)، بەو ناوەوە کە ئەوانە سەربازن و،بەئارەزووی خۆیان هاتوون بۆ یارمەتیی ئینگلیزەکان کە کوشتار لە تورکەکان بکەن!... هەروەها بەگەلە حوشتر و، گوێدرێژ و، بەکۆمەڵە، کا و، دانەوێڵەیان داگیر دەکرد لە جووتیارەکان، نرخێکی زۆر کەمیان پێ دەدان!. جووتیارەکان، تا ئەودەمە دەماری نیشتمانپەروەرییان نەجووڵابووەوە. بەڵام ئەم کردەوانە، بێزاری کردن لە ئینگلیزەکان، نیشتمانپەروەرییشی پێ پەیداکردن. لەودەمەدا مەردێکی دلێری جیهانییش هەڵکەوت، ناوی سەرۆک «ویلسۆن» بوو. ئەم پیاوە گەورەیە، بانگی دا بۆ ئاشتیی لەسەر چەند بنچینەیەکی تازە، کە یەکێک لەوانە: (بڕیاردانی دوارۆژ) بوو، بۆ ئەو نەتەوانەی لەژێر چنگی داگیرکەراندا بوون! هەرچەندە فەرەنسە و بەریتانیا، تێکۆشان بانگدانەکەی «وێلسون» بۆژۆ بکەن و هەڵی بگێڕنەوە، بەڵام ئێمە هەموومان لە میسردا، هەستمان بەوە کرد کە ئەمە هەلێکە و دەستکەوتووە بۆ داواکردنی سەربەخۆیی میسر. تەنانەت ئەوەیشمان بەپێویست زانی، تا زووە دەست بکەین بەداواکردنی ئەو سەربەخۆییە، تا بانگ کردنەکەی (وێلسون) گەرموگوڕییەکەی لە دڵاندا نەکوژاوەتەوە.

(سەعد زغلول) و (عبدالعزیز فهمی) و (عەلی شعراوی)، هەرسێکیان چوونە ماڵی ڕاسپاردەی بالای بەریتانیا (المندوب السامی البریطانی)، داوای فەرمانداریی خۆیی (الحکم الذاتی)یان کرد بۆ میسر. بۆیە داوای سەربەخۆییان نەکرد، چونکە باوەڕیان وابوو کە خواستی یەکەم لای ئینگلیزەکان ئاسانتر سەردەگرێ. بەڵام کە نەتەوە بەم کەینەوبەینەیەی زانی، هەموویان بەجارێک داوای سەربەخۆییان کرد، بەفەرمانداریی



خۆیی دانەمرکانەوە. «سعد» و هەردوو هاوڕێکەیشی ناچاربوون دڵی نەتەوە ڕابگرن. لەوەیشدا کە پاڵیان دایەوە بەنەتەوەوە هێزێکی تازەیان هەست پێکرد!... ئینگلیزیش نەتەوە و پێشەواکانیان کوتایەوە، هیچ شەرمێکیان لە خۆیان نەکرد، بەبێ پەروا دەستیان کرد بەدارکاریکردن و خنکاندن و تەفروتوناکردنی ڕۆڵەکانی نەتەوە.

ئەمەیش ڕاستە کە نەتەوە، لە پاش گرتنی پێشەواکانی، دەماریان ورووژا و ڤینیان هەستا و، هۆشیان بەخۆیان نەما. چەند فەرمانبەرێکی بێدەسەڵاتی ئینگلیزیان کوشت، کە دووربوون لە (قاهیرە)وە. بەڵام ئەو جۆرە کردەوانە لە شۆڕشەکاندا ڕوو دەدەن!...

لە شۆڕشی **١٩١٩**دا، ئەوە بەتەواوەتی دیاربوو، کە جووتیارەکان دەستیان تێیدا هەبوو. شۆڕشەکە شۆڕشێکی گشتی بوو، پڕبوو لە پاشاکان و فەرمانبەرەکان بەگەورە و بچووکیانەوە، لەگەڵ جووتیارەکان و دانیشتوانی شارەکاندا. هەروەها ئەوەیش بەئاشکرا دیاربوو، کە (قبطی)یەکان و موسوڵمانەکان لەگەڵ یەکدا ڕێککەوتبوون، بەهەردوولا بەرەیەکیان دروستکردبوو، داوای لاچوونی ئینگلیزەکانیان دەکرد. وتاربێژەکانی موسوڵمانەکان لە کلێساکاندا وتاریان دەدا. وتاربێژەکانی (قبطی)یەکانیش لە مزگەوتەکاندا وتاریان دەدا. هەردوولایان بۆ یەک ئامانجی بەرز بانگیان دەدا.

هەروەها ئەوەیش لە شۆڕشەکەدا دەرکەوت، کە ئافرەتی میسری لە ماڵ ڕزگاری بوو و، چووە ناو شەقامەکانەوە. لە ڕووپۆشینیش ئازاد بوو، کەوتە ڕوونەپۆشینەوە. کۆمەڵایەتیی میسریش بەمە گۆڕا و، بۆ لایەکی سەیر ئاراستە بوو!...

کەواتە شۆڕشەکە، هەر شۆڕشێک نەبوو کە بەرامبەر ئینگلیزەکان کرابێ، هەروەها ڕاپەڕین و وریابوونەوەیەکیشی تێدابوو...

لە ساڵی **١٩٢٢**دا ئینگلیزەکان شتێکیان دا بەدەستەوە کە نزیک بە (فەرمانداریی خۆیی) بوو. دەستوورمان دەستکەوت لەگەڵ کۆڕی نەتەوەدا. بەڵام (باوەڕپێکراوی بەریتانیا) و (خونکار فوئاد)، هەردووکیان، بۆ هەلێک دەگەڕان لەسەر و پۆستمان بدەن. ئینگلیزەکان بەهیوای ئەوەبوون، ئەوەی پێیان بەخشیوین لێمانی بسێننەوە.

(فوئاد)یش وای دەزانی هەرچی سەربەخۆییەکمان دەستکەوتووە، بۆ ئەوبووە، نەک بۆ میسرییەکان. کۆڕی نەتەوەیش یارییەکی منداڵانە دەبێ بەدەستییەوە یاریی پێ دەکا، پاشان دەیشکێنێ!... نەتەوەیش بەمە چەواشە نەبوو، کە ئینگلیز ئەم جۆرە سەربەخۆییە، یاخود ئەم فەرمانداری خۆییەی دابوو بە میسر. چونکە ئەو گیانبەخشانەی گیانی خۆیان

تەرخان کردبوو بۆ میسر، وازیان نەدەهێنا لە داونانەوە بۆ کوشتنی ئینگلیزەکان. لە ساڵی ١٩٢٥دا (سەردار) کوژرا. کۆڕی نەتەوە هەڵوەشایەوە ئینگلیزەکان و خونکار (فوئاد)یش «زێوەر پاشا»ی تورکیان هێنا و کردیان بەسەرۆکی کاربەدەستان، کۆڕێکی نەتەوەی تازە هەڵبژێرایەوە. (زێوەر) وایدەزانی پشتی دەگرن. کە تەماشای کرد پشتی ناگرن، هەر لەو ڕۆژەدا کە کۆکرابوونەوە، کۆڕی نەتەوەی هەڵوەشاندەوە!.

لە هەموو کارەساتەکانی جیهاندا، کارەساتێکی وای تێدا نییە، کە لەم کارەساتە بکات و، ئاوا خواست و ئارەزووی نەتەوەی میسری ڕیسوا کردبێ!!... بەڵام (فوئاد) و (زێوەر) کە هەردووکیان تورک بوون، تۆڵەی ئەم کەتنە نەنگەیان لێ نەکرایەوە، کە هەڵیاندەگرت لە کۆڕی (عابدین)دا بەسێدارەدا بکرێن!. بەڵام ئینگلیزەکانیش چاویان تێ بڕیبووین سەیریان دەکردین دەگەڕان بۆ هەلێک بەسەروپۆتەڵاکماندا بکێشن، لەبەرئەوەی ئەو دوو کەسە بەکاریان دەهاتن، پشتیوانییان دەکردن و یارمەتییان دەدان!.

ئینگلیزەکان و (فوئاد)، نیازیان هەبوو «دەستەی وفد» لەناوبەرن. ئەمیش ئەو دەستەیە بوو کە هەر لە سەرەتای بزووتنەکەوە لە «سعد زغلول» کۆبووبوونەوە. چەند دەستەیەکی تریان دروستکرد تا بەرەنگاریی بکەن و لەناوی ببەن!.

بەداخێکی گرانەوە دەڵێم: گەلێک میسری لە زرنگکارەکان و ڕۆژنامەگەرەکان پەیدابوون، پشتی ئەو دەستانەیان دەگرت!. شۆڕشی ١٩١٩ لەوانەبوو سەربگرێ و ببێتە ڕاپەڕینێکی گشتی و، وریابوونەوەیەکی بەڵام ئەو پاشایانەی سەرکردەییان دەکرد، گیانی ئەم چەرخە کاری لە دەروونیان نەکردبوو. چونکە خۆیان خاوەن زەوی بوون!... هەروەها بەرەنگاری کردنی «فوئاد» لەلایەکەوە، بەرەنگاری کردنی ئینگلیزیش لەلایەکی ترەوە، وای لە پیاوەچاکەکانی ناو (دەستەی وەفد) کردبوو، کە لە پەلوپۆ بکەون و، هیچ کارێکیان پێ ڕاست نەکرێتەوە!.

هەروەها نەتەوەیش ساڵ بەساڵ لە (وفد) دوور دەکەوتەوە. تەنانەت لە ساڵی ١٩٣٠دا، کە (فوئاد) وێرای بەیارمەتیی (ئیسماعیل صدقی)یەوە دەستوور هەڵبگرێ، نەتەوەی میسر ئەو شۆڕشەی نەکرد بەرامبەری، کە پێویست بوو بیکات!. چونکە بەرامبەر دەستوور، گەرموگوڕیی هۆگرییەکەی جارانی تێدا نەمابوو!. لەگەڵ ئەوەیشدا پێویستە پێی لێ بنێین کە (وفد) تا ئەندازەیەکی گەورە توانی بەربەستی زۆر و ستەمی (فوئاد) و (فاروق) بکات. بەڵام لە ساڵی ١٩٥٠دا وای لێهات کە دڵ ڕاگرتنی (فاروق)ی پێ



باشتربوو، لە دڵ ڕانەگرتنی. ئەم ڕێوشوێنەیش «فوئاد سیراجەدین» بۆی دانا. لەسەر ئەوە، نەتەوە، لە «وفد» دڵی هەڵئەنگوت و، بێزی لێ دەکردەوە!. ئەگەر بهاتایە (وفد) هەر لەسەر بەرەنگاری کردنی خۆی بڕۆیشتایە بەرامبەر زۆر و ستەمی (فوئاد) و (فاروق)، ئێمە پێویستیمان بەشۆڕشی سوپاه نەدەبوو لە ساڵی ١٩٥٢دا...

## شۆڕشی چوارەمی میسر

ئینگلیزە داگیرکەرەکان، بەدرێژاییی شەڕی گەورەی یەکەم، کوشتارێکی مردن و ژیانیان دەکرد. ئەم شەڕە هەر بۆ داگیرکردن بوون. ئامانجی هەر ئەوەبوو هێزی ئەڵمانەکان بشکێنێ، کە ئەوەندەی نەمابوو شاهەنشاهێتیی بەریتانیا لەناو ببات، بەخۆی و بازرگانی و زرنگکاری و داگیرکەرییەکەیەوە!!. کە شەڕیش هێشتا لە ناوەڕاستی ڕێگادا بوو، ئینگلیزەکان وایان بەباشزانی، داگیرکەرییەکەیان لە میسردا فراوانتر لێ بکەن. وای لێ بکەن کە ببێتە بەشێک لە شاهەنشاهێتییەکەیان. بەڵام هێزەکانی جیهان لەوە گەورەتربوون، کە ئەوان دەیانهێنانە پێش چاوی خۆیان چونکە ئەو ئەمەریکاییانەی هاتنە ناو ئەم شەڕەوە ڕقیان لە داگیرکەریی بەریتانیا دەبووەوە. بابەتی ئابوورییەکەیشیان کە دەستی کردبوو بەهێرش هێنان بۆ ناو بازاڕە تازەکان، لە هەموو شوێنێکدا تووشی گیروگرفتی بەند و کۆتەی شاهەنشاهێتیی بەریتانیا دەبوو...

جا لێرەوە بوو کە دوژمنایەتیی «ویلسون»، پاش ئەویش دوژمنایەتیی «ڕۆزفەلت» بەرامبەر شاهەنشاهێتیی بەریتانیا دەرکەوت!... لەبەرئەوە هەر ئەوەندە شەڕی گەورەی یەکەم کەوتە بڕانەوەوە، ئینگلیزەکان هەستیان بەمێژوو کرد، بەرەنگارییان دەکات. ئەوەی دروستیان کردووە دەیڕووخێنێ هێزی تازەی وایش دەکات بەگژیاندا، کە هەر بەبیریشیاندا نەدەهاتن!. هێزی هەرەگەورەی ئەوانە، لە «بیروباوەڕەکان»ی «ویلسون»دا دەردەکەوت، لە بابەت «بڕیاردانی دوارۆژ»ەوە. چونکە ئەم بیروباوەڕانەمان گرتەوە، کە لە مێشکی هەندێ لە سەرکردەکانماندا بنجبەست بووبوون، لەژێر سەرۆکایەتیی «سعد زغلول»دا. لەپاش بەرەنگاری کردنێکی تاڵ و ناخۆش و خوێن ڕشتنێکی زۆر، بوونە هۆی ئەوەی ئینگلیزەکان جۆرە «فەرمانداریيەکی خۆیی»یان پێ بەخشین!!... بەڵام ئینگلیزەکان لە دوو شتدا سەرکەوتن بەسەرماندا کە کارێکی زۆر خراپیان کردە سەر شۆڕشەکەمان!.

(یەکەم): خونکار «فوئاد»یان خستە سەر ئەوەی کە نەتەوە بانگ بکاتە سەر وازهێنان لە شۆڕش. نەتەوەیش بەقسەی کرد!...

(دووەم) بەیارمەتیی ئەم «فوئاد»ەوە، بزووتنەوەی نەتەوەیان لەتکرد. (عدلی)یان دامەزراند، بۆ بەرەنگاری کردنی (سعد)!!

لەبەرئەوە ئەو بزووتنەوە یەکگرتووەی هەمان بوو بۆ بەرەنگاری کردنی ئینگلیزەکان لەلایەن نەتەوەوە، بەسەرکردەییی (سعد)ەوە، لەتبوو، بوو بەدوو بزووتنەوە: یەکێکیان بزووتنەوەکەی (سعد) بوو. ئەوی تریشیان: بزووتنەوەی (عدلی) بوو، کە لەسەر بنچینەی گفتوگۆکردن دامەزرابوو، نەک بەرەنگاری کردن. جا بزووتنەوەکەی (عدلی)، بوو بەیەکەم شکانمان لە بەرەنگاری کردنەکەماندا. چونکە وامان لێهات هەر گفتوگۆمان دەکرد و، قسەمان دەکرد و، قاوەمان دەخواردەوە. کەچی لەوەپێش ئینگلیزمان سەرئەنگرێ دەکرد و، ئەو ئێمەی سەرئەنگرێ دەکرد و، خوێنمان دەڕشتن و، خوێنیان دەڕشتین، ئاگرمان پێوە دەنان و، ئاگریان پێوەدەناین!... لەبەرئەوە بزووتنەوەکە کزبوو و کوژایەوە!...

دەبێ ئەوەیشمان لەبیرنەچێ، کە ئینگلیزەکان و (فوئاد)، کانگای شەڕوشۆڕ و بەرەنگاری کردنەکەی ساڵی ١٨٨٢یان لەبیر نەچووبووەوە. ئەو بەرەنگاری کردنەی لەلایەن میسرییە ڕاستەقینەکانەوە دەکرا، لەلایەن جووتیارەکانەوە، بەرامبەر (تورک) و (چەرکەس)ە داگیرکەرەکان...

ئنجا لەسەر بنچینەی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە دەربارەی خەباتەکەی ئێمە، (فوئاد)، یەک لە دوای یەک (عدلی) و (زێوەر) و (ئیسماعیل صدقی)ی دادەنا، کە هەموویان نوێنەری تورک و چەرکەس بوون لە ساڵی ١٨٨٢دا، بۆ ئەمەی بەرەنگاریی «سعد» و «نحاس» و «محەمەد محمود» بکەن!. لەگەڵ ئەمەیشدا کە (محەمەد محمود) جار بەجارێک چەواشە دەبوو بەدەست (فوئاد)ەوە یاریی بەدەستوورەکەمان دەکرد، کەچی پشتیان پێ نەدەبەست، هەر لەبەرئەوەی کە لە تورک و چەرکەسەکان نەبوو!.

لە ڕۆژەکانی سەرەتای دەستووردا، (سعد) توانی بەرەوڕووی «فوئاد» بوەستێ و ناچاریشی بکات کە ڕێز لە دەستوور بگرێت. بەڵام (فوئاد) هەر بۆ هەلێک دەگەڕا (دەستوور) لەناوببات و (ژیانی کۆڕی نەتەوە)یش تێک بدات!! ئەویش هەروەک باپیری خۆی، (محەمەد عەلی)، وابوو، میسری بەگوندێکی خۆی دادەنا. ئەو سەربەخۆییەیش کە لە ئینگلیز دەستێنرا بەسەربەخۆییی خۆی دادەنا، نەک بەسەربەخۆییی نەتەوەی میسر!.

لە کاتی کوشتنی (سەردار)، لە ساڵی ١٩٢٥دا، یەکەم هەلی بۆ هەڵکەوت بۆ تێکدانی دەستوور، «زێوەر»ی چەرکەسیی دامەزراند. ئەویش دەستوورەکەی بەجۆرێکی وا



ڕاستکردەوە، وەک لەناوی بردبێ وابوو. هەڵبژاردنی کرد بەدوو پلە. کاربەدەستەکەی دەستە ڕاستیشی (ئیسماعیل صدقی) بوو، کە ئەویش چەرکەسییەکی تربوو!.

نیشتمانپەروەرەکان، جووتیارەکانی میسر، لەپاش ئەمەی چەواشەی ئەو دوو چەرکەسەیان کرد، لە هەڵبژاردنەکەدا سەرکەوتن! بەڵام کە لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکە تێگەیشتن، هەر لە ئێوارەی ئەو ڕۆژەدا، کە تێیدا کۆبووبوونەوە کۆڕی نەتەوەکەیان هەڵوەشاندەوە!.

پێویست بوو لەم کاتەدا، وەک (عرابی) بکەوینەوە خەباتکردن: میسرییەکان شۆڕش بکەن بەرامبەر (فوئاد) و (زێوەر) و (ئیسماعیل صدقی)! بەڵام ئەو دووبەرەکییەی (عدلی) خستبوونە ناوەوە، تا ئەندازەیەکی گەورە کاری کردبوو. لەبەرئەوە (سعد) نەیوێرا هاوار بکات بۆ بەرەنگاری کردنی نەتەوەیی!. لەگەڵ ئەوەیشدا (فوئاد) پێی نەکرا ورە بەنەتەوە بەربدات. (وفد) هاتەوە سەر فەرمانداری. (فوئاد) بۆ هەلێک دەگەڕا (سەعد)ی بشکێنێ. ئەمیش وەک (توفیق)ی کرد لەگەڵ «عرابی»دا.

کە ساڵی ١٩٢٩ هات کاربەدەستییەکەی دەرکرد... بێ ئەمەی هۆیەک لە ئارادا هەبێ. تەنیا بەخۆرایی بەدناوی کردن، ئەویش نەخرایە بەردەم دادگا! ئنجا کە لەپاش ئەوە دادگا سەیری تاوانەکانی کردن و، هیچی لێ نەدۆزینەوە، بەرەڵڵای کردن!. بەڵام ئەندامەکانی کۆڕی نەتەوە و، کاربەدەستەکانی نەتەوە، لەناو شەقامەکاندا دەگیران و دارکاری دەکران!...

«محەمەد محمود»ی میسریش، دارێک بوو بەدەست «فوئاد»ەوە، سەروگوێلاکی نەتەوەی پێ دەشکاند. کۆڕی نەتەوەی بۆ سێ ساڵ هەڵگرت، بەمەرجێ ئەو هەڵگرتنەیش تازە بکرێنەوە، تا ماوەی سی ساڵ، بۆ ئەمەی (فوئاد) و (کوڕی فوئاد) فەرمانداریيەکی بەرەڵڵای بەئارەزووی خۆیان تێدا بکەن!. گەلێک نووسەریش پێنووسەکانی خۆیان تەرخانکرد بۆ پشتگرتنی ئەم (یاسا) تازەیە لە شێوەی فەرمانداریدا. ئەوانەیش لە ڕۆژنامەی (السیاسە)دا دەیاننوسی! هەموویشی لەبەرئەوە بوو کە نەتەوە میسر هۆگری (سعد) و (وفد) بووبوو؛ لەبەرئەوە پێویست بوو سزای بدرێ و فێری ڕەوشت و خووی باش بکرێ!. وتاردان و واتە نووسینێکی زۆریشمان دەبیست و دەخوێندەوە لە بابەت وشککردنی زۆنگاوەوە! وەک ئەمە گەلێک گرنگتر بووبێ بەلایانەوە، لە دەرپەڕاندنی ئینگلیزەکان و، وەرگرتنی ئازادی و سەربەخۆیی، وابوو! گوێیشمان لەو بابەتانە دەبوو، کە دەربارەی ئەو خێزانانە دەگوتران کە مافی فەرمانداریيان هەبوو!...

«محەمەد محمود» هەستی بەهەڵەی خۆی کرد. بەواتایەکی ڕاستتر، هەڵەکەی خۆی لە ڕەوشت و خووی (فوئاد)دا دەدی، کە تێی دەگەیاند فەرمانداری هی ئەوە، نەک هی «محەمەد محمود» !...

پاش ئەوە «ئیسماعیل صدقی» هات. ئەویش شەڕی لەگەڵ نەتەوەدا هەڵگیرساند، وەک نەتەوە لە بزووتنەوەیەکی تری وەک بزووتنەوەکەی (عرابی)دا بووبێ، بەرامبەر بەتەختی(خدێو)، ئەویش دەستووری لەناوبرد!... ئەمەیش هەنگاوی یەکەمی زۆرداری بوو. هەنگاوی خۆ دامەزراندن و جێی خۆ خۆشکردن بوو. دێتەوە بیرم کە لەو ساڵانەی ناوەند ۱۹۳۰ و ۱۹۳۳دا، لە کۆڤارێکی ئینگلیزیدا وتارێکم خوێندەوە، پرسیبووی: «دەبێ نرخی ئەو دەستوورە چی بێ کە درابێ بەنەتەوەیەکی وەک نەتەوەی میسر، کە پێی نەکرا بیپارێزێ؛ بێجگە لەوە خونکار (فوئاد)یش پێشێلی بکات؟!»... هەمیسان دێتەوە بیرم کە لەو ساڵانەدا دەستم کرد بەنووسراوەکەم، (غاندی و بزووتنەوەی هیندییەکان)، بەشبەش لە کۆڤاری (البلاغ)دا بڵاوم دەکردەوە. لەوێدا داوای ئەوەم دەکرد، کە پێویستە لەسەر شێوەیەکی تازە بژین، دووربێ لەو شێوەیەی کە تا ئێستا تێیدا ژیاوین و، دەرکەوت کە بەکار نایەت و سەرناگرێت. ئەمەیش کە لەمنەوە ڕوویدا، بەڵگەیەک بوو بۆ سەرلێشێواوی و هەڵئەنگوتنم...

ئینگلیزەکان کە سەرنجیان دا، هەر خونکار (فوئاد) بوو، لەو سەربەخۆییە، یاخود لەوەی کە بەسەربەخۆیی دایاننابوو، کەڵکی وەردەگرت. لەوەدا چاویان پێ هەڵهێنا. بەتایبەتی لەبەرئەوەی کە نەتەوەی میسر، خەریکبوو لەوە تێدەگەیشت کە ئەوی پشتی ستەمکاری دەگرێ لە میسردا، داگیرکەریی ئینگلیزەکانە... لەبەرئەوە ئینگلیزەکان فەرمانبەرێکی بچووکیان بۆ ئێمە ڕەوانە کرد، کە مانگانەکەی لە پەنجا دینار زۆرتر نەبوو، تفێکی کردە ناوچەوانی (فوئاد) و ناچاری لەوکاتەدا پێویستیی بەپشتگرتنی نەتەوە هەبوو، دەربارەی یاسای فەرمانداری. چونکە هاژە هاژی شەڕی گەورەی دووەم کە لە ساڵی ۱۹۳۹دا دەستی پێکرد، لەرانەوەیەکی هەبوو، هەستی پێ دەکرا لە ساڵی ۱۹۳٤دا، هەرچەندە بەرگوێ نەدەکەوت! ئینگلیزەکان پێویستییان بەوە هەبوو کە بەپەیماننامەیەک بمانبەستنەوە، پشتگرتن و یارمەتیدانی ئێمەیان بۆ دابمەزرێنێ، لە کاتی شەڕ قەوماندا. ئەوەیش فرمانێکی ژیرانە نەبوو، کە ئەو پەیماننامەیە هەر لەلایەن «ئیسماعیل صدقی» و «فوئاد»ەوە مۆر بکرێ، کە هەردووکیان تورک یاخود چەرکەس بوون، ئەندامەکانی کۆڕی نەتەوە مۆری نەکەن!.



«وفد»یان هێنایە سەر فەرمانداری. پەیماننامەی ساڵی ۱۹۳٦یش مۆرکرا!...

ئنجا «فاروق» چووە سەر تەخت. لێرەوە زۆرداری لە هەنگاوی خۆ دامەزراندنەوە، گواستییەوە بۆ هەنگاوی داڕزان!... ئەم داڕزانەیش لە (فاروق)ەوە دەستی پێ نەکرد، کە ئەوکاتەی هاتە سەر تەخت تەمەنی لە هەژدە ساڵان تێپەڕی نەدەکرد. بەڵام لەو زرنگکارە میسرییانەوە دەستی پێکرد، کە جێگەیان لە دڵی نەتەوەدا نەمابووەوە، تابتوانن بەهۆی ئەوەوە بچنە سەر تەختی فەرمانداری؛ ویستیان بەبازدان بەسەر (دەستوور)دا بگەنە ئەو فەرمانداریە، جا ئەو بازدەرانە، پشتیان بەو تێکچوونە بەست کە تووشی (وفد)ییەکان هاتبوو، و هەندێکیشی لە نەتەوە لێ هەڵگێڕابوونەوە!...

سەرەتای ڕێگای داڕزانی زۆرداری ئەوەبوو کە (فاروق)یان لە خوێندنگا دەرهێنا، بۆ ئەمەی تەختێکی شاهیی پێ ببەخشن و، پێی بگوترێ: «خاوەن شکۆه». کەچی هێشتا کوڕێک بوو، تازە فێری خوێندن و خوێندنەوە دەبوو!... زۆر شت هاتە پێشەوە و یەکیان گرت بۆ چەواشەکردنی (فاروق). (زانکۆی میسر) کردی بە (دکتۆرا لە مافدا)!... ئەویش کە باڵا پۆشەکەی لەبەر دەکرد، کەشوفشی دەکرد! ئێمە کە چاومان بەوە دەکەوت هەستمان بەنەنگی دەکرد بەڵام لەوکاتەدا (زانکۆ) هەستی پێ نەدەکرد!.

ئەو زرنگکارانەیش کە ناومان بردن، خستیانە مێشکییەوە کە مافی هەیە، بەبێ هۆ، کاربەدەستی هەڵوەشێنێتەوە. ئەویش لە بڕانەوەی ساڵی ۱۹۳۸دا کاربەدەستی (وفد)ییەکانی هەڵوەشاندەوە. جا بەلای منەوە وایە کە ئەوانەی خستیانە سەر کەڵکەڵەی ئەو دەستدرێژییە بێباکانەیە، ئۆباڵی ئەو هەموو ئاژاوە و تێکچوونە بەئەستۆیانە، کە لەوساوە میسری گرتەوە تا ۱۹۵۲/۷/۲۳...

لەبیرمە لەوکاتەوە (فاروق) تێگەیشت کە گەورەی نەتەوە خۆیەتی، نەک ئەو بچووکی نەتەوەیە!!

لەبیرمە، لە ساڵی ۱۹۳۹دا پیاوێکی گەورەم لە کۆشکدا چاوپێکەوت، یەکێک لەو شتانەی پێی گوتم ئەوە بوو: «دەتوانیت پێم بڵێیت: کەڵکی کۆڕی نەتەوە چییە ؟!»... لەوکاتەدا خۆمانم وا دەهاتە پێش چاو، کە لە جیهان جیابووینەتەوە. ڕاستی پەرستییەکی تریشمان بۆ خۆمان دۆزیوەتەوە لە شێوەی فەرمارمانداریی دیمۆکراتیدا... ئەویش ئەوەیە کە بەبێ کۆڕی نەتەوە فەرمانداری دەکەین!. ئیتر (فاروق) وای لێهات لەگەڵ ئێمەدا، بەڵکو لەگەڵ کاربەدەستەکانیشدا وا دەجووڵایەوە، هەروەک بەندەبین و کەوتبینە ژێر دەستیەوە

وابوو!... (فاروق) لەوە کەڵکی دەستکەوتبوو کە ناکۆکی هەبوو لە ناوەند زرنگکارەکانی میسردا: «ئەحمەد ماهر» دوژمنی «نحاس» بوو. «عەلی ماهر» دوژمنی هەردووکیان بوو. (حافظ رمضان)یش دوژمنی هەموو لایەک بوو. ئیتر زوربەی زرنگکارەکانی میسر وایان لێهات، لەگەڵ (فاروق)دا لەسەر ئەوە ڕێک دەکەوتن کە هەندێک پارە و هەندێک دەسەڵاتی بەبەرتیل پێشکەش بکەن، بۆ ئەمەی بگەن بەتەختی کاربەدەستی. باری ئەم بارەیش بەکۆڵ نەتەوەوە بوو. تەنانەت لە بڕانەوەی شەڕی دووەمدا (فاروق) وای لێهات، بەپێکەنینێکی نامەردانەوە، پەنجەی هەڵبڕێ و بڵێ: «هەموو کاربەدەستەکان بەم پەنجەیە هەڵدەسووڕێنم!».

یەکێک لە کاربەدەستەکان بۆی نووسیبوو: «خاکی بەر دەرگاکەت ماچ دەکەم!». هەندێکیشیان سامانی تەرخانکراو (ئەوقاف)ی خستبووە ژێردەستیەوە، کە حەفتاساڵ بوو لەژێردەستی نەتەوەدا بوو، کاربەدەستیی زانیاری بۆ کەڵکی خوێندەواری بەکاری دەهێنا، کەچی ئەم هێنای و دایەدەستی، بۆ ئەمەی بەئارەزووی خۆی بەختی بکات!!

«فاروق» لە سایەی ترسنۆکیی زرنگکارەکان و سەرکردەکانەوە، فێری چاووڕاوکردن و، ناپاکی و، فڕوفێڵبازی و، دزی و، بەرتیل خواردن بووبوو!. هی وایشیان تێدابوو دەستە گۆشتنەکەی (فاروق)ی ماچ دەکرد و سەری بۆ دادەنەواند!! تەنانەت هەندێ لە دادگەرەکانیش... نازانم بڵێم چی...؟! بێجگە لەوانە چامەکانی بوێژەکانیش کەم نەبوون!...

جا هەرکەسێ بکەوێتە ناوچەیەکی وا دووڕوو و زمان لووسەوە، ناتوانێ بەپاکییەوە بمێنێتەوە، دوایی هەر دەبێ بەدخوو ببێ!... «فاروق»یش خووی خراپ بوو. ڕیشی بەردەدایەوە، وەک پیاوچاکێکی کوڕی پیاوچاک. بەیانیانی ڕۆژی هەینی نوێژی دەکرد، کەچی لە ئێوارەدا خۆی بۆ داوێن پیسی و کردەوە نەنگی ئامادە دەکرد!...

هی وایشمان تێدا هەبوو، هیچ شەرمی لە خۆی نەدەکرد، بەپشت (فاروق)ی دەگەیاندەوە سەر (خێزانی پێغەمبەر)، لە دایکیەوە، کە لام وایە لەو کاتەدا لە «هۆلیوود»دا دەسووڕایەوە!...

مێژووناس (جیبون) ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە شاهەنشاهێکی ڕۆماییەکان هەبووە، ئەوەندە کردەوە نەنگ بووە، ئەوەندە نارەسەن بووە، جارێکیان ئەسپەکەی خۆی کردووە بەکاربەدەستێکی گەورە لە فەرمانڕەواییەکەیدا!... «فاروق» ئەمەی نەکردووە. بەڵام ئەوەی هەبوو، (ڕابەری ئافرەتان) و (پارە پەیداکەر)ی زۆر لە خۆی کۆدەکردەوە. ئەوەندەی گوێی لەوان دەگرت، گوێی لە کاربەدەستان نەدەگرت... تەنانەت... بەڵام پێویستە لەوە



زۆرتر نەڵێین، بام ڕاستی شەرمەزارمان نەکات، مێژووەکەیشمان بەپاکی پێشان بدەین!!

کاربەدەستەکانی (وفد)، هەرچەندە بەرەنگاری کردنەکەیان کزبوو، بەڵام بەرەنگاریی زۆرداریی (فاروق)یان هەر دەکرد!. ئەوەندە هەبوو یەکێکی وەک (فواد سیراجەدین)یان تێدابوو، کە باوێکی تازەی داهێنا قسەکەی هەر لە قسەی کوێخاکانی لادێیی دەکرد، کە بەکورتی بریتی بوو لەمە: «کاربەدەستەکانی تر، هەرچی (فاروق) دەیەوێ بۆی دەکەن. بۆیەکا چوار پێنج ساڵ لە فەرمانداریدا دەمێننەوە، بەڵام کاربەدەستەکانی (وفد) هەریەک دوو ساڵێک لە فەرمانداریدا دەمێننەوە. کەواتە، تا لە فەرمانداریدا پێنج ساڵێک بمێنینەوە، پاش ئەوە پێنج ساڵێکی تریش تێیدا بمێنینەوە؟!...».

بەچاوی خۆیشمان دیمان کە (فوئاد سیراجەدین) ئەم یاسا و پرۆژانەی هێنایە کایەوە:

١- پرۆژەی یاسای گومانبردنی زرنگکاری!

٢- یاسای کۆمەڵەکان!

٣- پرۆژەی یاسای وەستاندن و لابردنی ڕۆژنامە لەسەر بڕیاردانی کۆڕی کاربەدەستان!

ئەمانە هەموویان بەندی گرنگ گرنگیان لە دەستووردا هەڵوەشاندەوە! ئەمانە و تێکچوونێکی گشتیی، لە کاروباری هەڵسووڕاندندا، بەهۆی لایەنگیرییەوە، لە کاتی فەرمانبەر پێشخستندا. بێجگە لەوە فرۆشتنی زەویی (مربوط) بەبیست کەسی خزمی (نحاس) و (ژنی نحاس). هەروەها بەرتیل وەرگرتنی (فاروق) لە جامبازەکانی بازاڕی لۆکە و... هی تریش... لە پێش (فوئاد سیراجەدین)دا، «وفد» دەستەیەکی شۆڕشگێڕ بوو. بەڵام لەپاش ئەو بوو بەدەستەیەکی نەبزێو و مەییو، کە هەروا هەڵدەگرن پێیان بگوترێ: «شۆڕشگێڕانی کڕنووش کێش»!...

لە مانگەکانی دواییی (فاروق)دا، زۆر و ستەم لە ئەندازە دەرچووبوو. کەس نەمابوو لێی وەڕس نەبووبێ. لە هەموو نەتەوەیشدا، هیچ کۆمەڵێکی وا نەبوو، کە ئاگای لە کارە نهێنییەکانی (فاروق) بێ، بەتەواوەتی، لەشکر نەبێ. سوپا دەیزانی کە (فاروق) بۆ ئێمەی فڕی دایە ناو ئاگری شەڕی فەلەستینەوە، بێ ئەمەی خۆمان بۆ ئامادە کردبێ. هەر (فاروق)یش بوو کە لەگەڵ تاوانبارەکاندا دەستی تێکەڵ کرد و، لە چەک و فیشەکدا ناپاکییان لەگەڵ سوپادا کرد. یاخود بەربەستی ئەو ناپاکییەی نەکرد. بەڵکو بەپێچەوانەوە، پەنجەی خستە پرس و لێکۆڵینەوەکانەوە و، ئەو تاوانبارانەی ڕزگار کرد!!.؛

یەکێک لەو چیرۆکە ناوازانەی کە بۆ پەند دەگێڕێنەوە ئەمەیە:

«جارێکیان خونکارێک جاڕی دا بەناو نەتەوەدا، کە بەم زووانە کورتەکێکی تازە لەبەر دەکات و دێتە دەرەوە، کە لە ئاوریشم و زێڕ و ئەڵماس و مرواری دروستکراوە. کەچی کە هاتە دەرەوە سواری ئەسپێک بووبوو، ڕووتوقووت بوو، هیچی لەبەردا نەبوو. کە بەناو شەقامەکانی شاردا دەگەڕا، دانیشتوانی شارەکە، هەموو، بەپێوە وەستابوون سەیریان دەکرد و، لێی ورد دەبوونەوە و، سەریان لە کورتەکە خونکارانەکەی سوڕدەما!! سەیرکەرەکان وایان لێهاتبوو، هەر سەیریان دەکرد و، چاوی خۆیان بەدرۆ دەخستەوە. هەروەک لەوەپێش پێیان گوترابوو، لەبەرخۆیانەوە، دەیانگوت: «کورتەکەکەی چەند جوان! چەند بریسکەدارە!»».

بەڵام (منداڵ)ێکیان لەناودابوو، هیچ بەڕەوشت و خووی گشتییەوە ڕانەهاتبوو، دووڕوویی ناو کۆمەڵایەتی فێر نەبووبوو، لە گوتنی قسەی ڕاستیش کۆی نەدەکردەوە. لەپڕ قیژاندی، گوتی: «بەڵام خونکار ڕووتە، هیچی لەبەردا نییە!!». ئیتر ئەوانی تریش کە لەوێدا بوون، قیژاندیان گوتیان: «خونکار ڕووتە!»، «خونکار ڕووتە!.». ئای چەند داماوین لەسەر ئەو کەسانەی وەک منداڵ دڵیان پاک بێ و، دووریش بن لە دووڕوویییەوە!...

***

ناتوانرێ مێژووی «شۆڕشی چوارەمی میسر» بنووسرێتەوە. چونکە هێشتا ماوە، نەبڕاوەتەوە، بەم زووانەیش ناگاتە دوایی، کەواتە هەر ئەوەندە دەتوانرێ لەسەری بنووسرێ: هۆیەکانی شی بکرێنەوە و، پەیوەندییەکانی شۆڕشەکە بەپاڵ پێوەنەرەکانی مێژوویی پێشووەوە دەربخرێن.

هۆی هەرە گەورەی شۆڕشی سوپا لە ساڵی ١٩٥٢دا، کە بەسەرۆکایەتیی (جمال عبدالناصر) و (صلاح سالم) و (جمال سالم) و (ئەنوەر سادات) و، چەند گیانبەخشێکی ترەوە کرا، ئەوەبوو کە شۆڕشی ساڵی ١٩١٩ سەری نەگرت. چونکە ئەم شۆڕشە گەلێک ئامانجی هەبوو: یەکێک لەوانە سەندنی سەربەخۆیی بوو لە ئینگلیز، بۆی نەچووە سەر. یەکێکی تریش لەوانە وەستاندنی زۆر و ستەمی خونکار (فوئاد) بوو، بەهۆی ئاشکراکردنی دەستوورەوە. ئەمەیشی هەر بۆ نەچووە سەر. ئامانجێکی تریشی ئەوەبوو کە دەسگایەکی فەرمانڕەوایی دادپەروەرانە لە بەشی کاروبار هەڵسووڕاندن و دادگادا دابمەزرێنرێ. لەمیشدا هەر سەرنەکەوت ئامانجێکی تریشی بڵاوکردنەوەی خوێندەواری بوو. لەمیشدا سەرنەکەوت. ئامانجێکی تریشی دامەزراندنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بوو



لەناو چینەکانی نەتەوەدا. لەمیشدا هەر سەرنەکەوت!. چونکە ئینگلیزەکان هێشتا داگیرکەری نیشتمانەکەمان بوون. بەپێی پەیماننامەی ١٩٣٦ مافی وامان دانێ کە هەڵیان نەدەگرت بیاندرێتێ. ئەوەیش لە مافەکانی ئێمەی کەم کردەوە. ئەوەی پیاوی دەهێنایە پێکەنین و پیاویشی دەگریاند ئەوەبوو کە لە پەیماننامەکەدا نووسرابوو: «بەریتانیا مافی هەیە فڕۆکەکانی خۆی بەسەر میسردا بفڕێنێ، هەروەها میسریش مافی هەیە، ئاسمانی ئینگلتەرە بۆ فڕۆکەکانی خۆی بەکاربهێنێ!!» تەنیا لەم بەندەدا، چارەڕەشییەکی تێدا دیاربوو بۆ نیشتمانەکەمان. چونکە بەناشێتی و خۆ چەواشەکردنی خۆمان دڵخۆش بووین. ئەوەی پیاو دەگرێنێ و دەیشی هێنێتە پێکەنین ئەوەیە، کە سەرەکی کاربەدەستان «مستەفا ئەلنحاس» پاش ناوی «سێر»ی وەرگرت لە ئینگلیزەکان، بەناوی پاداشتەوە، لە تۆڵەی ئەم پەیماننامەیەدا!!

ئەگەر لە بابەت زۆر و ستەمیشەوە قسە بکەین: «فوئاد»، هیچ بەتەنگ فەرمانداریی کۆڕی نەتەوەوە نەبوو!. دەچوو بەرتیلی دەدا بەپێشەواکان پاشناوی (خاوەن فەرمانڕەوایی) و (خاوەن پایە) و (پایەبەرز)ی پێ دەبەخشین. ئەوانیش وەک منداڵێکی بێدەسەڵات دوای دەکەوتن. لە تێکدانی ژیانی کۆڕی نەتەوە و، نەتەوە کوشتن و، گرتنی ئازادیخوازان و، پەکخستنی ڕۆژنامەکان و، بەدناوکردنی ئەوانەی داوای (سەربەستی) و (سەربەرزی)یان دەکرد، بەو کەتنانەوە، کە پێویستە جەزرەبەیان پێ بگەیێنرێ... لەو کردەوانە هەموویان بێدەنگ دەبوون!...

لە دوای «فوئاد»یش «فاروق» هات. ئەمیش لە مرۆڤی نەدەکرد. لە لەشی مرۆڤێکی دەکرد. چونکە پیاوێکی دڵ مردوو و، هۆش تاریک بووهەر بە میسر بێگانە نەبوو. تەنانەت بەمرۆڤایەتییش بێگانە بوو. پڕ بەدڵ قینی لە دەستوور بوو. بێجگە لەوە ڕقیشی لە هەموو کەسێکی سەربەرز بوو، لەم جیهانەدا. تەنانەت ژن ڕاکێش و ڕازدز (جاسوس)یشی ڕادەگرت و فرمانی پێ ئەسپاردن، دزیی بچووکیشی وەک دزیی گەورە دەکرد. لە پیاوانیش سۆزانیی لە خۆی کۆکردبووەوە، کە لە ئارەزووە دڕندانەکانیدا یارمەتییان دەدا. هەر پیاوێکیش بە (پیاو) بزانرایە، بەدەرپەڕاندن، دەریاندەپەڕاند. «فاروق» و کۆڕی نەتەوەکانی و کاربەدەستەکانی، یاسای وایان دادەنا، کە ئاواتی (شۆڕشی میسر) نەهێڵێ و، خەوەکانی هەڵبوەشێنێتەوە و، ئەوانەیش کە دەیانەوێ شۆڕشەکە بەئامانجی خۆی بگات، سزایان بدات!!.

زۆرجاری وا هەیە، مێژوو کارەساتێکی بچووکمان پێشان دەدات، کە نیشانەیەکی

گەورەی پێوەیە!! یەکێک لەو کارەساتانە ئەوەیە «فوئاد سیراجەدین» لەو کاتەدا کە پەڕەی کڕینی کۆشکێکی مۆر دەکرد لە (قاهیرە)دا، کۆشکەکە هەر لەو ڕۆژەدا، لە ١٩٥٢/١/٢٦دا سووتا. ئەوە بایەخی نییە کە بگوترێ لە پێش ڕۆژی مۆرکردنی پەڕەی کڕینەکەدا، بەچەند ڕۆژێک، یاخود بەچەند هەفتەیەک کڕینی ئەو کۆشکەی سازاندووە. بەڵام پەندی ئێمە لێرەدا ئەوەیە کە ئەم کارەساتە ناخۆشە و مۆرکردنی کڕینی کۆشکەکە، لە یەک ڕۆژی بەد و نالەباردا گرتووە، کە ئەویش نیشانەیەکی بەدبەختانەیە بۆ ئەو خرۆشی کۆشک کڕینەکە لەلای کاربەدەستەکان میسردا هەبووە!.

***

«فاروق» پەنجەی دەخستە دادگاکانیشەوە. تەنانەت قسەی ناو نەتەوە وابوو، کە بڕیارەکان لە کۆشکی (خدێو)دا دەردەچن، بەڵام دادگەر هەر دەیانخوێنێتەوە!! ڕەنگە ئەم قسەیە درۆ بێ. بەڵام بڵاوبوونەوەی بەناو کۆمەڵاندا، ئەوە دەگەیێنێ، کە نەتەوە بڕوای بەدادگا نەمابوو. بڕیارەکانی ئەو دادگایانەیش یەجگار توندوتیژ بوون دەربارەی ئەو تاوانانەی کە فڕیان هەبوو بەسەر «فاروق»ەوە!...

هەرکەسێکیش دادپەروەریی کۆمەڵایەتی یاخود هەندێک لەو دادپەروەرییەی بەچەند وشەیەکی کز و ترسنۆکانەوە داوا بکردایە، بەبەشداریخواز (کۆمونیست) دادەنرا و، تەنگەتاو دەکرا، تا وای لێ دەهات نانی شەوی دەست نەدەکەوت!

لە ١٩٥١/٩/٢٩دا، ڕۆژنامەی (أخبار الیوم) کەتنێکی فەرمانڕەواییی وای بڵاوکردەوە، کە لە ئەندازە بەدەربوو. چونکە کاربەدەستیی «وفد» زەویی (مربوط)ی پارچە پارچە کردبوو، پێوانەکانیان لە ناوەند بیست ڕۆژە جووت و، پانزە ڕۆژە جووت و، دە ڕۆژە جووتدا بوون. ئەم زەوییانەی هەموو بەسەر خزم و کەسوکاری «مستەفا ئەلنحاس» و زاواکانیدا دابەشکردبوو. لەپێشدا بەکرێیان دەگرتن، لە دوای ئەوە دەیانکردن بەهی خۆیان!... وایش ڕێککەوت کە دووبرا، دوو پارچە زەویی دراوسێی یەکتریان دەستکەوت! لە پێش چاوی کاربەدەستاندا، نەتەوە بووبووە شتێکی کەنەفتکراو، ئاژاوە و تێکچوون لە خاکی میسردا بەکەشوفشێکەوە دەجووڵایەوە. تەنانەت ڕۆژنامەی (الأهرام) لە تاکە ژمارەیەکیدا، کە لە ڕۆژی ١٩٥١/١/٣١دا دەرچووبوو، دوو دەنگی بڵاوکردبووەوە: یەکێک لە بابەت ئەو خۆنواندنەوە کە لە (قاهیرە)دا کرابوو، کە قیژاندبوویان، گوتبوویان: «ئێمە برسین!». یەکێکیش لە بابەت بردنە دەرەوەی بیست هەزار تەن برنجەوە!. هەروەک ئەو برسییانە تەواو تێریان خواردبێ لە برنج، کە ئیتر برنجمان پێویست نەبێ و، ئێمەیش



بینێرینە دەرەوە بۆ ئەمەی لە فرۆشتنەکەی پاریەکمان دەست بکەوێ و، برسییەکانی نەتەوەکانی تریش بیخۆن!. جا ئەم بارەبوو کە نەتەوەی وا لێ کردبوو، هەست بەوە بکات: نە دەستوور، نە ژیانی کۆڕی نەتەوە، نە کاربەدەستییەکان، هیچیان نرخیان بۆ نەماوەتەوە!. هەر لەبەرئەمەیش بوو کە زۆر گوێی نەدەدایە هەڵبژاردنەکانی کۆڕی نەتەو. تەنانەت زوربەی نەتەوە خۆی تێ نەدەگەیاندن!...

پاش ئەوە سەرگەردانیی شەڕی (فەلەستین) هاتە پێشەوە. «فاروق» ئەوەندە بێباک، یاخود شێت بوو، ئێمەی هاوێشتە ناو ئەو شەڕەوە، بێ ئەمەی پرسێک بەکۆڕی کاربەدەستان بکات. کەچی نە کاربەدەستێک، خۆی لە فرمان کێشایەوە، نەهەڵیشی دایە لەسەر ئەم ناپاکییە! ئەوەبوو ئێمە شکاین. بەڵام پێیان گوتین: ئێمە سەرکەوتین! ئاهەنگیشمان گێڕا بەبۆنەی سەرکەوتنەکە مانەوە: چرای ئەلکتریکمان کرد بە (تانک)ەکانمانەوە، ئەوانیش لە دەشتاییەکەی (عابدین)دا دەستیان کرد بەسەماکردن. هەروەک لە جەژنێک یاخود لە ئاهەنگی لە دایکبوونێکدا بووبین وامان کرد!...

ئنجا بزووتنەوەی بەرەنگاری کردنی نەتەوە بەرامبەر ئینگلیز لە (سوێس)دا هاتە پێشەوە. ئەگەر فەرمانڕەواییی (وفد) پشتی بەنەتەوە ببەستایە و چەکی پێ بدانایە، بزووتنەوەکە گەورە دەبوو، بەڵام نەیکرد. ئینگلیزەکانیش بەسەدان لە لاوەکانمانیان کوشت!...

وا لە ڕۆژنامەی (أخبار الیوم)ەوە، ئەمە دەگێڕمەوە بۆ خوێندەوار، کە لێدوانێکی کورتە لە بابەت فەرمانداریی کۆڕی نەتەوەوە لە ناوەندساڵەکانی ١٩٢٤ و ١٩٤٧دا:

یەکەم کۆڕی نەتەوەی میسر لە ١٩٢٤/٣/١٥دا دەستی پێکرد. (١٤٣) ڕۆژ مایەوە. (٧٥) کۆبوونەوەی کرد.

دووەم کۆڕی نەتەوەی میسر لە ١٩٢٥/٣/٢٣دا دەستی پێکرد. هەر ئەو ڕۆژە بەیەک کۆبوونەوە تەواو بوو!.

سێیەم کۆڕی نەتەوە لە ١٩٢٦/٦/١٠دا دەستی پێکرد، (٥٦١) ڕۆژ مایەوە، (٢١٤) کۆبوونەوەی کرد.

ئنجا کۆڕی نەتەوە هەڵوەشێنرایەوە. لە ١٩٣١/١/١١دا گیرایەوە. (١٦٣) ڕۆژ مایەوە. (٥٠) کۆبوونەوەی کرد.

پێنجەم کۆڕی نەتەوە، بەسێ جار بڕایەوە لە ١٩٣٤/٦/٢٠دا دەستی پێکرد، (٥٩٢)

ڕۆژ مایەوە. (٢٠٤) کۆبوونەوەی کرد.

کۆڕی نەتەوەی شەشەمیش لە ١٩٣٨/٥/٢٣دا دەستی پێکرد. (٣٨٦) ڕۆژ مایەوە، (١٠٦) کۆبوونەوەی کرد.

کۆڕی نەتەوەی حەوتەمیش (١٠١٦) ڕۆژ مایەوە. (٣٢٣) کۆبوونەوەی کرد.

کۆڕی نەتەوەی هەشتەم لە ١٩٤٢/٣/٣٠دا گیرا. (٣٠٠) ڕۆژ مایەوە. (٨٧) کۆبوونەوەی کرد.

کۆڕی نەتەوەی نۆهەمیش لە ١٩٤٥/١/١٨دا گیرا. (٧٠٨) ڕۆژ مایەوە. (٢١١) کۆبوونەوەی کرد.

لەمەوە دەردەکەوێ کە میسر فەرمانداریيەکی کۆڕی نەتەوەی تێدا کراوە، بۆ ماوەی (٤٢٦٠) ڕۆژ لە (٨٦٩٥) ڕۆژ، کە لەژێر سێبەری فەرمانداریی کۆڕی نەتەوەدا ڕاییبواردووە.

هەروەها دەردەکەوێ کە میسر، ٤٤٣٥ ڕۆژ واتا نزیکەی ١٣ ساڵ بەبێ کۆڕی نەتەوە، فەرمانڕەوایيی بەسەردا کراوە، لەوساکەوە کە یاسای کۆڕی نەتەوە دامەزراوە!

ئەوەی گێڕامەوە تەواو بوو... خوێندەوار لەمەوە تێدەگات کە (فوئاد) و (فاروق) نزیکەی ١٣ ساڵ، بێ کۆڕی نەتەوە فەرمانڕەواییيان کردووە بەسەر میسردا!... تەنانەت ئەو کۆڕی نەتەوەیەی لە ١٩٢٥/٣/٢٣دا گیراوە، هەر لەو ڕۆژەدا لەسەر دەستی «زێوەر»دا لەناوبراوە. ئینگلیزەکان کە خونکار «چارلسی یەکەم» یان بەکوشتن دا، لەسەر شتێکی وابوو، کە کەمتر بوو لەوەی «فوئاد» لێرەدا کردبووی!.

***

دوایی (فاروق) شتێکی وای کرد، کە لە هی باوکی خراپتربوو. سوپای میسری خستە ناو شەڕی فەلەستینەوە، لە ساڵی ١٩٤٨دا، بێ ئەمەی پرسێک بەکۆڕی کاربەدەستان بکات. تەنانەت سەرۆکی کاربەدەستان خودالێخۆشبوو، (محمود فهمی النقراشی) پاشا گوتبووی: «منیش هەروەک هەموو کەسێکی تر، دەنگی چوونە فەلەستینی لەشکری میسرم کەوتە بەرگوێ و لە ڕۆژنامەدا خوێندمەوە!». هەر ئەم کارە، بەتەنیا بەسبوو بۆ ئەوەی (فاروق) لەسەر تەخت بهێنرێتە خوارەوە، یان بڕیاری بەکوشتدانی بدرێ!. (فاروق) لەو پێنج ساڵ و شەش ساڵەی دوایيی خونکارییەکەیدا ترسولەرزی خستە دڵی هەموانەوە. هەروەها دزی و چاوچڵێسیی لەناو زۆر کەسدا بڵاوکردەوە؛ لەناو



کاربەدەستەکان و فەرمانبەرە گەورەکاندا. چونکە خۆی نموونەیەکی خراپی بوو بۆ ئەوان، کاربەدەست، گەورەترین هیوا و ئاواتی ئەوە بوو، هەر بۆ ئەوەیش ڕەنجی دەدا، کە گوندێک بکڕێ، یاخود کۆشکێک پەیدا بکات! تەنانەت ئەو کەسەی لە بابەت هەناسەساردیی هەژارانەوە قسەی دەکرد، بەبەشداریخواز (کۆمونیست) دادەنرا!. بێجگە لەمانە گرتن بەشتێکی ئاسان دادەنرا. پەنجەیش دەخرایە کاروباری دادگاەوە.

ئێستەیش بیرمە: لەپێش لابردنی (فاروق)دا بەچەند هەفتەیەک، مامۆستا (خالد محەمەد خالد) هاتبووەماڵەوە بۆ سەرلێدانم، لە ژووری نووسراوەکاندا گفتوگۆمان دەکرد. بەترسولەرزێکەوە لە (فاروق) دەدواین. لە خۆمان دەپرسی: «ئاخۆ ناوی ئێمەیش لەناو ئەو ڕستە ڕەشەدا بێ، کە دەیەوێ بەکوشتنیان بدات؟!».

بەترسولەرزەوە قسەمان دەکرد. تەنانەت، لە بابەت گەڕانی شەوەوە گفتوگۆمان دەکرد: «ئایا لەو ڕۆژانەدا بەجێیە بکرێ و، وەیی تێدا نییە، یاخود پێویستە هەر لە بانگی شێوانەوە ماڵی خۆمان بگرین و بەرەڵڵای نەکەین؟!» باڵبازخانەیش لە (پۆرسەعید)ەوە منی هێنابوو، لێی دەپرسیم: «لە ووتارێکتدا واژەی «ئۆبرج... چوزانی ئۆبرج چییە؟»ت نووسیوە، مەبەست لەوە چییە؟!». لەوەپێش جارێکی تر هێنابوویانمە ئەوێ چەندوچوونیان لەگەڵ دەکردم لەسەر ئەو نووسراوەم کە ئەم ڕستەیەی تێدا نووسرابوو: «لە میسردا پیاوی وا هەیە، ڕۆژی هەزار دینار بەخت دەکات. هی وایش هەیە بە سی فلس دەژی. جاری وایش هەیە، تەنانەت، ئەم دراوە کەمەیشی دەست ناکەوێت!.».

لە هەردوو جارەکەدا، مەبەس و لێکدانەوەکە زانینی ئەو کەسە بوو کە ویستوومە لێی بدوێم. ئایا لە بابەت یاریی «ئۆبرج»ەوە بووبێت، یان لە بابەت بەختکردنی هەزار دینار لە ڕۆژێکدا.

بێگومان سەدانی وەک منیش ئەو جۆرە ترسەیان لێ نیشتبوو...

لە مانگی ڕەشەمێی ١٩٥٢دا، کە لە (پاریس) بووم، ڕۆژ بەڕۆژ ئەوەی پەیام بنێری ڕۆژنامەی «لۆمۆند» لە (قاهیرە)دا دەینووسی، دەمخوێندەوە. ڕۆژنامەکە کۆنەپەرستە. زۆر دەنگ لە سەرچاوە فەرمانڕەواییيەکانەوە وەردەگرێ، یاخود لە باوەڕپێکراوەکان. بەلای ئەم پەیامنێرەوە وابوو کە (فاروق) یاریی بە «مستەفا ئەلنحاس» کردووە. فەرمانداریی سەربازیی پێ هەڵبگرێ. «ژیانی کۆڕی نەتەوە» لە میسردا دوایيی هاتووە.

(فاروق)یش، تا لەسەر تەختی شاهی میسر بمێنێتەوە، هەر بەئارەزووی خۆی

دەجووڵێتەوە. گوێ ناداتە دەستوور و کۆڕی نەتەوە. منیش باوەڕیم وایە، کە پەیامنێرەکە، لەم دەنگەدا، یاخود لەم هەست پێکردنەیدا، ڕاست بۆی ڕۆیبێت!.

جا لێرەدا کارە چاکەکەی سوپا دەردەکەوێ، کە نەتەوەیش لە لابردنی ئەم خونکارە زۆردارەدا پشتی گرت... ڕۆژی ١٩٥٢/١/٢٦ دیاریکرابوو، بۆ دوایی دەست پێکردنەکە. لە (قاهیرە)دا نەتەوە وروژابوو. شۆڕشی دەکرد بەرامبەر ئینگلیزەکان. پێویست بوو فەرمانڕەواییش لەوەدا پشتی بگرێ و، خۆپێشاندانەکانی ڕێکوپێک بخات. بەڵام ئەوەی پێ نەکرا. «فاروق»یش ڕێگای کردەوە بۆ پەرەسەندنی وێرانکردن. سوپای بەربەستکرد لە پەنجە تێخستن و کوژاندنەوەی ئاژاوەکە! لێرەدا هەر لە (نێرۆن)ی دەکرد: کە (قاهیرە) دەسووتا، ئەو پێدەکەنی!.

سەرەک کاربەدەست «مستەفا ئەلنحاس»ی خستە سەر ئەوەی «فەرمانداریی سەربازی» ئاشکرا بکات!. لە ڕۆژی دووەمدا کاربەدەستیی (وفد)ی دەرکرد. پاش ئەوە، پشت ئەستوور بە «فەرمانداریی سەربازی» یاریی بەکاربەدەستییەکان دەکرد. نیازی وابوو تا دەمێنێ، میسر، بە (فەرمانداریی سەربازی)یەوە فەرمانڕەوایی بکات، هیچ کۆڕی نەتەوەیەک لە ئارادا نەمێنێ!. «فاروق» لە دوای ئەوە دەستی کرد بەشیرازە تێکدان. بڕوای وابوو کە خۆی لە (کاربەدەستەکان) زیرەکتر و شارەزاتر بوو. هەموویشیانی شکاندبوو. لەو باوەڕەیدا (فاروق) بەهەڵەدا نەچووبوو!! ژن ڕاکێش و ڕازدزەکان، لەم زۆرداریییەیدا لە پشتییەوە بوون، یارمەتییان دەدا. تەنانەت لەوەپاش وێرای یانەی ئەفسەرەکانیش دابخات. چونکە ئەوانە ئەو کەسەیان هەڵنەبژاردبوو، کە ئەو ویستبووی هەڵببژێرێ! جا داخستنی یانەکە پزیسکێک بوو، ئاگری شۆڕشەکەی سوپای پێ داگیرسا، لە ١٩٥٢/٧/٢٣دا. لە ١٩٥٢/٧/٢٦دا (فاروق) لەسەر تەخت هێنرایە خوارەوە و دەرکرا!... «شۆڕشی سوپا»، تەواوکردنێکی شۆڕشی «عرابی» زۆرتر بوو، لە تەواوکردنی «شۆڕشی ١٩١٩». چونکە ئامانجی سەربەخۆیی میسر و (سودان) بوو!.

«شۆڕش»یش مێژوویەکی تونگ کرایەوە. لەیەک ساتدا ئەوە جێبەجێ دەکات، کە لەکاتێکی تردا بەڕۆژان و بەمانگان ئنجا جێبەجێ دەکرێ. لەبەرئەوە گۆڕانێکی بڕیار دراوی گورجوگۆڵی تێدا دەبینین!

«شۆڕش»ەکە، لاوەکانمانی، لە خەمخۆرییە بچووکەکانی خۆیانەوە، بەرزکردەوە بۆ بارستاییی مێژوو. وایان لێهات بایەخیان دەدا بەڕاستکردنەوەی کاروباری نیشتمان و سەربەخۆییی میسر و، بەسەربەخۆییی (سودان) و، فراوانکردنی زەویی کشتوکاڵ و،



بەدامەزراندنی کارخانەکان و، بەهێزکردنی سوپا، بەخۆشگوزەرانیی جووتیاران و کرێکاران و سەربەستیی ئافرەت و، پەرەپێدانی مافی مرۆڤایەتی و دەستووریی ئافرەت!.

لاوەکانمان وایان لێهات، دەستیان کرد بەتێکۆشان و فرمان بینین. چونکە شۆڕشەکە سەربەرزییەکی تازەی پێبەخشین. تازە ئەو جۆرە گەنگە پیاوانەیان ناکەوێتەوە بەرچاو، وەک (فاروق) و ژن ڕاکێشەکانی و ڕازدزەکانی!

بێگومان ئامانجی هەرە گەورەی شۆڕشەکە لاچوونی ئینگلیز بوو، لە خاکەکەمان لاچوونێکی تەواو، بێ مەرج و بێ ڕۆژی دیاریکراو!. لە ڕێککەوتنەکەیساڵی ١٩٥٤دا ئەوەمان دەستکەوت، لەم کاتەدا کە من ئەم وشانە دەنووسم، ئینگلیزەکان لە (سوێس)ەوە بار دەکەن بۆ (قیبرس). پاش ئەوە شۆڕشەکە نیازی وایە ڕاستکردنەوەیەکی بەجێی کاروبارەکان بکات، بۆ ئەمەی ئەو ماوەیە ببڕین کە لە کۆڕی شارستانێتی و پێشکەوتندا پاشکەوتووین ئینگلیزەکان لە پیشەسازی بەشبڕاویان کردبووین. کارخانەی میسرییان بە [جێگایەکی سرەوت تێکدەرە و، وەیدار بۆ تەندروستی و، سامناک] دادەنا. چونکە ئەوەیان دەزانی کە پیشەسازی بریتییە لە شارستانێتی. نرخی داگیرکەرییش هەر لەوە دایە کە نەتەوەی ژێردەست لە پیشەسازی بێبەش بکات، بەو مەبەسەی کە هەر خەریکی ئامادەکردنی کەرەستەی خاو بێ بۆ کارخانەکانی خۆی. نەتەوەی داگیرکەریش پیشەسازی هەر بۆ خۆی دەهێڵێتەوە، دەستکەوتێکی گەورەیش دەست خۆی دەخات، کە بۆی ببێتە هۆی هێز و دەسەڵاتی و خۆشگوزەرانی!.

ئینگلیزەکان لەوەدا بەتەواوەتی سەرکەوتن. تەنانەت کە لە ساڵی ١٩١٩دا شۆڕشەکەمان هەڵگیرساند، لە هەموو میسردا کارخانەیەک نەبوو، کە بەرهەمی خاکەکەمان و، دەست و بازووی کرێکارەکانمانی پێ بخەینە کار. لە سەردەمی فەرمانداریی بەریتانیادا، لە ئینگلتەرەوە تەختی دانیشتنی شاگردی خوێندنگاکان و، تەختەی ڕەش بۆ نووسین و، مێزی فەرمانبەرانمان دەکڕی و دەهێنا، کە ئەو کەلوپەلانە، دارتاشە سەرەتاییەکانیشمان دەیانتوانی بەکەمترین ئەرک و، کەمترین شارەزایی و، بەنرخێکی وایش کە دەیەکی نرخی ئەوانە نەگرێتەوە، بۆمانی بکەن!. ئەو لاوە میسرییەی بیوێرایە بیر لە دامەزراندنی کارخانەیەک بکاتەوە کە دەفتەر، یان خواردەمەنیی شیرین، یاخود پەنیر، یان پێڵاو دروست بکات، هەروەک تاوانبارێک بووبێ دەربەدەر دەکرا!... دادگەرەکانیشمان ئەوەندە ناشی بوون، هەر هەڵەیەکی بچووک ڕووی بدایە، بڕیاریان دەدا کارگەکە دابخرێ!... تەنانەت خۆیشم کە کارگەیەکم دامەزراند و، بریتی بوو لە

(چاپخانەیەک)، جێ مێزێکم تێدا دامەزراند، لەگەڵ ئەوەیشدا کە پەیڕەویی ئامۆژگاریی پزیشکی تەندروستیم کردبوو، لە بەشی (أزبکیە)دا، لە بابەت ڕووی دەرگاکەیەوە، کەچی کە نەخشەکەی نێڕایە کاربەدەستیی تەندروستی، بۆیان ناردینەوە، بەڵام داوای کردنەوەی دەرگاکەیان لە شوێنێکی ترەوە کردبوو...؟ پزیشکی تەندروستییەکە سەری سوڕمابوو لەم کارە، دەیگوت: نازانم بۆچ دەرگاکە لە شوێنێکی ترەوە بکرێتەوە؟.»... بەڵام من سەرم لێی سوڕنەما. چونکە پرسیبووم: «کێ دوای کەینەوبەینەی ئەم کارگەیە کەوتووە؟. کێ خستوێیتیە بەردەم دادگا، داوای داخستنی کارگەکە دەکات؟». کە تەماشام کرد، ئەوە لەلایەن «پێنووسی تایبەتی»یەوە هەڵدەسووڕێنرێ، واتا لەلایەن ڕازدزەکانی (باڵبازی زرنگکاری)یەوەیە!... جا لە ناوەند هەردوو خواستەکەدا: خواستی دادگا بۆ داخستنی کارگەکە و، خواستی کاربەدەستیی تەندروستی بۆ گۆڕینی جێی دەرگاکە، دادگا بڕیاری دا؛ کارگەکەمیان داخست!.

لە سەردەمی (کاربەدەستیی وفد) یشدا، لە ساڵی ١٩٥٠دا، ئەمەیان دەویست! بێگومان لێرەدا چەوساندنەوە و، شت پچڕینێکی زرنگکارییشی تێدا هەبوو، کە بەهۆی یاسایەکی وا کونکونەوە جێبەجێ دەبوو، بەڵام ئەو کونکونییە، بەڵگە بوو لەسەر ئامانجی داگیرکەری، کە ئەویش داخستنی پیشەخانە بوو، بەهەر بیانوویەکەوە بێ!.

پێویستە ئامانجی شۆڕشەکەی ئێستامان ئەوە بێ کە دوارۆژی خۆمان وا بگۆڕین: کە لە بەرهەم پێکهێنانی کشتوکاڵییەوە لابدەین بۆ بەرهەم پێکهێنانی پیشەسازی. یان هەر هیچ نەبێ هەردووکیان پێکەوە بکەین.

هەروەها پێویستە ئەوەیش بچێتە مێشکی نەتەوەوە کە پیشەسازی، خۆی شارستانێتی و پێشکەوتنە، نەتەوەیەکیش هەر لەسەر بەرهەمی کشتوکاڵ بژی، هەرگیز بەشارستانی دانانرێ. چونکە شارستانێتی واتای هێز و هەرەت و کامەرانی دەبەخشێ. بەڵام بارێکی تریش بەسەرشانمانەوەیە، پێویستە «شۆڕش»ەکەمان ئەوەیشمان لە کۆڵ بخات. ئەو بارە هی سەردەمەکانی پێشووە! ئەویش دواکەوتوویی (ئافرەتی میسر)ە! لەبەرئەوە پێویستە ئافرەتی میسر، لە مافدا، یەکسان بوەستێتەوە لەگەڵ پیاودا: لە خوێندن و پیشەوەری و کاروباری کۆمەڵایەتی و زرنگکاریدا. هەر میسرییەکیش کە خۆی بەنیشتمانپەروەرێکی ڕاستەقینە بزانێ، پێویستە بەرەنگاریی کۆنەپەرستیی ڕۆژهەڵات بکا، لەگەڵ داگیرکەریی ڕۆژئاوادا. چونکە هەردوو نەخۆشییەکان یەک لە یەکتری خراپترن!...



## چوار خونکار

لە میسردا چوار خونکارم چاوپێکەوت. لە کانی دڵیشمەوە سوێند دەخۆم بەڕاستی، کە سوپاسی چارەنووس دەکەم، وەک ئەوانە: گیرۆدەی نەکردووم بەبێ فرمانیی هەموو دەمی و، دەوڵەمەندیی بێ ئەندازە و، بەختکردنی بێ بەرهەمهێنان و، لووتبەرزی بەسەر مرۆڤدا و، کەشوفشکردن بەسەر خوێندەوارییەوە. هەروەها سوپاسیشی دەکەم، کە بێبەشی نەکردووم لە ڕەنجدان و، فرمێسک هەڵڕشتن و، خوێن ڕشتن. بەلایشمەوە وایە، کە لەم سەردەمەدا ئێمەی تێدا دەژین، هەزاران بگرە بەملیۆن کەس هەن، کە خۆیان وا پێگەیاندووە و، مێشکی خۆیان وا ڕاهێناوە و، خوێندەواریی خۆیان وا ڕێکوپێک خستووە و، وا نرخیان بۆ ژیان و بابەتی ژیان بڕیار داوە و، وا هەستی خۆیان پەروەردە کردووە و، وا جێگای سرەوتیان لەم جیهانەدا بۆ خۆیان دۆزیوەتەوە، کە ڕووکەش و کەشوفشی کۆمەڵایەتی، گەشکەداریان ناکات و، چەواشەیان ناکات و بەڕیسواکردنیشیان نادات. گەورەترین ڕووکەش و کەشوفشی بریسکەداریش لەم چەرخەی ئێمەدا (تەختی شاهی)یە.

(خدێو عەباسی دووەم)م دی. ئنجا خونکار (حسین). پاش ئەو خونکار (فوئاد). ئنجا خونکار (فاروق)یشم چاوپێکەوت. «عەباس»یان دوژمن بەئینگلیز بوو، بەڵام ئەو بۆیەکا بۆ سەربەخۆییی میسر تێدەکۆشا، تا خۆی کەڵکی لێ وەربگرێ. واتا نەتەوە بچەوسێنێتەوە و، زۆر و ستەمی لێ بکات، تا دەوڵەمەندتر ببێ، تێکڕا هەموو کاتێکی خۆی، بەخۆ دەوڵەمەند کردنەوە بەخت دەکرد. خۆبەخۆی خۆی، سەرپەرشتیی هەر چوار کۆشکەکەی دەکرد، کە دروست دەکران بەناوی ساختمانەکانی خدێوەوە. ساختمانەکان لەسەر شەقامی (عمادالدین) دروست دەکران. جاری وا هەبوو، بەشەو دەچووە ئەوێ بۆ سەرپەرشتی کردنی دروستکردنیان. بێجگە لەوە ئەوەندە زەوی کڕینی پێ خۆشبوو، کە زەویی دەدی هۆشی بەخۆی نەدەما. پایەی فرمانی فەرمانڕەواییی بەپارە دەفرۆشت. کەچی مووچەی ساڵێکی کە لە فەرمانڕەوایی وەری دەگرت، ئەوەندە زۆربوو، دەیتوانی بەدرێژاییی تەمەنی خۆی بەخۆشی و کامەرانییەوە گوزەرانی پێ بکات. بەڵام ئەو شێت و شەیدای پارە کۆکردنەوە و سامان پێکەوەنان بوو. ئەوەی بەبیردا نەدەهات.

بەتەنیشت ئەم شێتی و شەیداییەیشیەوە، شەرمی لە خۆی نەدەکرد کە ڕازدزی بۆ خونکار (عبدالحمید)ی تورک بکات، لە سەرەتای ئەم چەرخەدا پیاوێکی تورک لە

(قاهیره)دا دەژیا، ناوی (لیۆن فەهمی) بوو. سەرپەرشتیی هەندێ لە ڕێکخراوەکانی (کۆمەڵەی لاوانی تورک)ی دەکرد، کە ڕەنگە خۆیشی هاوبەش بووبێ لەگەڵیاندا. خونکار (عبدالحمید) لەم کۆمەڵە شۆڕشگێڕە دەترسا. ئەویش لەوەدا بەهەڵەدا نەچووبوو. چونکە ئەو کۆمەڵەیە بوو کە تەختی شاهییەکەی سەرئەنگرێ کرد. «لیۆن فەهمی» چەند لاپەڕەیەکی لابوو، ناوی سەدان تورکی تێدا نووسرابوو، لەو کەسانەی کە لەو کۆمەڵەدا بوون. (خدێو عەباس) ئەو ڕستانەی دەستکەوت و شاردنیەوە، بۆ ئەمەی لە هەلێکدا بیانداتە دەست «عبدالحمید». (لیۆن فەهمی) هیچی بۆ نامەیەوە، ئەوە نەبێ کە پەنای بردەبەر «لۆرد کرۆمەر». ئەوەیشی تێگەیاند، کە ئەگەر ئەو ناوانە بدرێن بەفەرمانڕەواییی (ئەستەموول)، زیانێکی زۆری لێ پەیدا دەبێ! «لۆرد کرۆمەر»یش بۆ هەلێک دەگەڕا کە «عەباس»ی پێ بشکێنێ. ئەمەی بەهەل زانی، ناچاری کرد ئەو لاپەڕانە بداتەوە بەخاوەنی. ئەوەیش کەتنێک بوو. قەوما، کە ڕۆژنامەکان تا چەند مانگێک لێی دەدوان.

(عەباس)، هیچ بیری لە بەرزبوونەوە و پێشکەوتنێکی میسر نەدەکردەوە. لەجیاتیی ئەمەی دۆستایەتی لەگەڵ «پێشەوا محەمەد عەبدە»دا بگرێ، دوژمنایەتیی لەگەڵدا دەکرد. جا لێرەوە ئەو بەندوباوە داهات، کە ئەم پێشەوا میسرییە گەورەیە خۆی لەگەڵ ئینگلیزەکاندا ڕێکخستبوو. ئەو بەندوباوەیش دووربوو لە ڕاستییەوە. چونکە ئەو لە ڕاستیدا حەزی لە چارەی (عەباس) و خێزانی (محەمەد عەلی) نەدەکرد. لەو بابەتەوە کۆمەڵە وتارێکی سەیر و ژیرانەی هەیە، چاپخانەی (المنار) بۆی بڵاوکردەوە.

لەگەڵ ئەمەیشدا کە «عەباس» دوژمنی ئینگلیزەکان بوو، هیچ لەوە شەرمی نەدەکرد کە لەگەڵیاندا هەڵ بکات. بەڵام ئەوە هەڵکردنێک بوو؟!... هەڵکردنەکە ئەوەبوو، کە باوەڕپێکراوی ئینگلیزەکان، «سێر ئەلدون جۆرست» لەگەڵ باوەڕپێکراوی میسرییەکاندا. (خدێو عەباس)، ڕێک بکەون لەسەر ئەوەی کە هەردووکیان پێکەوە فەرمانداری بکەن بەسەر میسردا. بێجگە لەوە نەبهێڵن: دەستوور ببێ، نەکۆڕی نەتەوە، نەسەرکێشی و زۆرداری، تا وای لێهات، فەرمانڕەواییی بەریتانی، ناچار بوو «جۆرست» لاببات و، (کەچنەر) بخاتە جێگای، کە هەموو ژیانی خۆی لە میسردا بۆ ئەوە تەرخانکردبوو، بەرەنگاریی (خدێو عەباس) بکات، پشت ئەستوور بوو بەوەوە کە نەتەوە خۆشی نەدەویست. جا لەم بەرەنگاری کردنەدا، (کەچنەر) کردەوەی نەنگی دەنواند، بۆ وێنە: جارێکیان (خدێو) ویستی بەکاروانە ئاسنینە (شەمەندەفەر) بگەڕێ بەناو میسردا. (کەچنەر)یش بەچاودێریکەرەکانی ئێستگەکانی دەگوت: «کە کاروانە ئاسنینەکە ڕاوەستا



و، کۆمەڵانی نەتەوە هاتن بەپیریەوە، قاوەی پێشکەش مەکەن. کاروانە ئاسنینە لێخوڕەکانیش چاوەڕوانییان دەکرد تا قاوەدەرەکە قاوەکە هەڵدەگرت و لە (خدێو) نزیک دەبووەوە، تا لەناو گالیسکەکەیدا قاوەکەی بداتێ. نەیاندەهێشت قاوەکەی بداتێ، لەپڕ فیکەیان دەکێشا بەکاروانە ئاسنینەکە و، دەیانبرد بەڕێوە!...

جا ئەم چیرۆکە (لوید جۆرج) گێڕاویەتەوە لەناو نووسراوەکەیدا، کە لە بابەت (کەچنەر)ەوە نووسیویەتەوە. ئەمەی بەکارێکی پەسند داناوە. وا دیارە هەردووکیان گەنگە پیاو بوون!... کە لە ساڵی ١٩١٥دا (خدێو) لەسەر تەخت هێنرایە خوارەوە هیچ میسرییەک دڵی پێی نەسووتا.

لە دوای ئەویش خونکار (حسین) هات. ئینگلیزەکان ئەویان دانا، بێ ئەمەی پرسێک بەنەتەوەی میسر بکەن، یاخود ڕاوێژێک بەکۆڕی کاربەدەستان بکەن. ئینگلیزەکان لەپێشدا گفتوگۆیان لەگەڵ «عمر طوسن»دا کردبوو. بەقسەی نەکردبوون. ئەویش بیانووی وا بۆ هێنابوونەوە کە ناتوانێ ببێ بەخونکار یاخود بەسەردار تا جێنشینی پێغەمبەر لە ئەستەموول، پەسندی نەکات. خودالێخۆشبوو، (فارس نمر) ئەم چیرۆکەی بۆ گێڕامەوە.

ئەوەندەی نەمابوو ئینگلیزەکان (ئاغا خان) بهێنن و بیخەنە سەر تەختی میسر! دوایی «خونکار حسین»یان دانا. لەبیرمە (لۆرد کیرزۆن) لە کۆڕی ڕیش سپییاندا وەستابوو، دەیگوت: «ئەو وێنانەی دیوە لەناو ڕۆژنامەکاندا، کە خونکار(حسین) بەخۆی و کۆمەڵی پێشوازی کردنەکەیەوە، چووە بۆ (عابدین) لە پێش چوونە سەر تەختیدا نەتەوە هەموو بەدەنگێکی بەرزەوە (ڕۆژباشی)یان لێ کردووە. (هەربژی)یان بۆ کردووە...» بەڵام هەرچیبەکی گوتبوودرۆ دەرچوو!. پاش ئەوە خونکار (حسین) چووە سەر تەخت. بیری لەوە کردەوە کە بچێتە «خوێندنگای ماف»، سەری لێ بدات. ئەوساکە ئەوێیش ناوچەیەک بوو، نیشتمانپەروەری پرشنگی لێوە دەدا. کە شاگردەکان بەوەیان زانی هیچیان نەهاتنە خوێندنگا، کە خونکار (حسین) چووە ناو پۆلەکانەوە لە هەر ژوورەدا هەر مامۆستایەک و یەک دوو شاگردی دی. ئەمەی خستە دڵیەوە. کە گەڕایەوە (عابدین)، زمانی بەربوو، دەستی کرد بەجنێودان و لێیان ورووژا. وای دەزانی: ئەم تەختەی لەسەری دانیشتووە، کەلەپووڕێکە و لە باپیریەوە، (محەمەد عەلی) بۆی ماوەتەوە. نەتەوەی میسریش، هیچ چاکەیەکی بەسەریەوە نییە!... لە پێش مردنیدا بەچەند مانگێک مێشکی تێکچوو. ئیتر نەیدەتوانی لەگەڵ ئینگلیزەکاندا بسازێ. ئەوانەیش بۆ ئەوەی کەتنی پێ بکەن و خەوشەکەی دەربکەوێ، هێنایان گەشتوگوزارێکیان بۆ ڕێکخستن بەناو ڕووباری (نیل)دا.

که گەیشتە (بنی سویف)، گەورەی ناوچەکە چوو بەپیریەوە و، گەورە پیاوانی شارەکەی بردە بەردەمی. یەکێک لەوانە کەشیشێکی پڕۆتستانتی بوو. (خونکار حسین) ئەوەی نەدەزانی کەشیشە پڕۆتستانتییەکان جلوبەرگی شارستانی لەبەر دەکەن، بەپێچەوانەی کەشیشەکانی (ئۆرتۆ دۆکس) و (کاتۆلیک). کە چاوی پێکەوت و زانی کەشیشە، لێی تووڕەبوو و، جنێوی پێدا و دەری کردە دەرەوە. فەرمانیشی پێدا کە دەبێ وەک کەشیشەکانی تر کڵاو و جلوبەرگی ڕەش لەبەر بکات! لە ناوەند ساڵەکانی ١٩١٤ و **١٩٢٣**دا «کۆمەڵێکی یاسادانان»مان هەبوو کە لە جێگەی «کۆڕی ڕاوێژی یاسا»ی پێشوو دانرابوو، لەم هەموو نۆ ساڵەدا جارێک کۆنەبوونەوەوە. لەگەڵ ئەوەیشدا، ئەندامەکانی مانگانەی خۆیان وەردەگرت و زۆر پێی دڵخۆش دەبوون، بێ ئەمەی فرمانێک بۆ نیشتمانەکەی خۆیان بکەن!... ئەوەیان بەشتێکی ناڕەوا دەزانی! لە ڕاستیدا ئینگلیزەکان وەک بەرتیل ئەو مانگانانەیان بۆیە دەدانێ، تا بێدەنگ بن. ئەوانیش بێدەنگ بوون!. کە خونکار (حسین) مرد، وا چاوەڕوان دەکرا، کوڕەکەی بچێتە سەر تەخت. بەڵام ئەو، ئەوەی نەویست. ژیانێکی ئازادیی پێ خۆشتربوو لە کەشوفشی بریسکەداری (عابدین) و (قبە)!. ئینگلیزەکان بێ ئەمەی پرسێک بەنەتەوەی میسر بکەن، «فوئاد»یان کردە خونکاری میسر!... بەدرێژاییی شەڕەکە (فوئاد) ملی بۆ کەچکردن. ئنجا کە شۆڕش هەڵگیرسا، هاواری کردە نەتەوە، دابمەزرێن و بسرەوێن. واتا کوژاندنەوەی شۆڕشەکەی لێ داواکردن!... پاش ئەوە کە (لیژنەی دەستوور) کۆبووەوە هەتا پێی کرا کۆششی کرد، بۆ ئەمەی بەدڵی خۆی مافی دەست بکەوێ. لەوساکەیشەوە کە کۆڕی نەتەوەی میسر دامەزرا، تا ڕۆژی مردنی، خونکار (فوئاد) هەر لە خەباتدا بوو بۆ بۆژۆکردنی ژیانی کۆڕی نەتەوە لە میسردا.

زڕجاری وا هەبوو، کە لەم بۆژۆکردنەدا سەردەکەوت. (عدلی) و (زێوەر)ی دۆزییەوە بۆ بەرەنگاری کردنی (سعد). پاشان (ئیسماعیل صدقی)ی هەڵبژارد بۆ بەرەنگاری کردنی «وفد». پاش ئەوە پەنجەی فڕێدایە ناو دەستە (حزب)ەکانەوە. دەستی کرد بەدامەزراندنیان. بەڵام ئەو کەسانەی تێ فڕێ دەدەن کە سەربەخۆی بوون، کۆڕی نەتەوەیان بۆ تێکدەدا، بۆ دوا دەخست، لە هەڵبژاردنەکاندا گزییان بۆ دەکرد، سەربەستییەکانیان بۆ دەدزی!! «فوئاد» نەتەوەی میسری بەم جۆرە کردەوە پێچەوانانەی، لە ژیانی کۆڕی نەتەوەدا، گێژوویژ کردبوو. لە ناوەند ساڵەکانی ١٩٢٤ و **١٩٣٣**دا کە مرد، تا لە گێرە و کێشەی کاربەدەستییەک، یاخود کۆڕی نەتەوەیەک ڕزگارمان دەبوو، دەکەوتینە گێرە و



کێشەیەکی ترەوە. هەموویشیان لە ڕووی ئاڵۆش و خرۆشی ئەوەوە پەیدا دەبوون، کە حەزی لە زۆر و ستەم دەکرد. چەند جارێک ناپاکیی لەگەڵ دەستووردا کرد. لەسەر هەر ناپاکییەک لەو ناپاکییانە، هەڵی دەگرت خۆی و بەردەستەکانی بدرێن بەدادگا، تا بڕیاری کوشتنیان بدات. بەڵام ئەو پشتی بەداگیرکەرەکان ئەستوور بوو، دەیزانی ئەوان ڕێی ئەوە نادەن کە چەندوچوونی لەگەڵدا بکرێ، لەبەردەم دادگادا.

لە ساڵی **١٩٢٥**دا سەرۆکی کاربەدەستان «زێوەر» بوو. لەپاش هەڵبژاردنێک کە (فوئاد) و (زێوەر) وایاندەزانی کۆڕی نەتەوە لەگەڵیاندا دەبێ، کۆڕی نەتەوە کۆبوونەوەوە. بەڵام کە بۆیان دەرکەوت، کۆڕی نەتەوە وا دەرنەچوو، هەر لە ئێوارەی ئەو ڕۆژەدا کە بەیانی تێیدا کۆبووبووەوە، کۆڕی نەتەوەیان هەڵوەشاندەوە! لە ئەوروپادا خونکاری وا بەکوشتن دران، کە ئەمەندە ناپاکییان نەکردبوو! لە ساڵی **١٩٢٨**دا (فوئاد) لەسەر دەستی کاربەدەستیی (محەمەد محمود)دا، دەستووری بۆ ماوەی سێ ساڵ پەکخست. پاش ئەوە لەسەر دەستی «ئیسماعیل صدقی»دا دەستووری هەڵگرت و دەستوورێکی تری لەجێ دانا.

ئەمانە هەموو کەتنی گەورە گەورە بوون، یەک لەسەر یەک دەکران. کامەیان لە هەموویان بچووکتر بوو، هەڵی دەگرت لەسەری بەکوشتن بدرێ! تەنانەت ئەو نووسەرانەیش کە پشتی (فوئاد)یان دەگرت و، پەکخستنی دەستووریان پەسند دەکرد، یان لەسەر لابردنی دەستووریان دەکردەوە، دەبوو جەزرەبەی گەورەیان پێ بگەیێنرایە!. داخی بەجەرگم لەباتی ئەوەی ئەو تاوانبارانە بەکوشت بدرێن، پایەیان پێ دەدرا و، سامانیان پێ دەبەخشرا. ئەوانیش برەویان بەبیرکردنەوەی باو دەدا و، نووسراویشیان دادەنا: خوێندەوارانیان تێدا هان دەدا بۆ هۆگربوون بەچاولێکەرییەوە. نەئەندامەکانی کۆڕی نەتەوە، نەکاربەدەستە دڵسۆزەکانی، هیچیان، لەم هەموو ساڵانەدا، نەیانتوانی ڕاستکردنەوەیەکی بنچینەیی لە کاروباری گشتیدا بکەن. چونکە هەموو دەم «فؤاد» خەریکی دەکردن بەکردەوە پێچەوانەکان و بەرەنگاری کردنەکانی خۆیەوە. نەیدەهێشت دەستیان بپەرژێ، بیر لە هیچ بابەتێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری بکەنەوە و لێکۆڵینەوەی تێدا بکەن، کە کەڵکی بۆ نەتەوە تێدا بێ. جا هەر لەبەرئەمە بوو، کە لە ڕاستکردنەوە و چاککردنی کاروباری گشتیدا، لە هەموو نەتەوەکانی تر دواکەوتین. چونکە دەستوور کەڵکی پێوە نەمابوو. هیچ دەستەڵاتێکیشیان بۆ نەهێشتبووەوە!... کە (فؤاد) هاتە سەر تەخت، بایی هەزار دینار، سامانی نەبوو. کەچی کە مرد، بەملیۆن پارەی لەپاش بەجێما، کە لە ئەوەندەی ئەو

مووچانەی وەریگرتبوون زۆرتر بوو!. کەچی کەسێکیش پێی نەگوت: «ئەمەت لە کوێ پەیدا کردووە؟!».

پاش ئەو «فاروق» هاتە سەر تەخت، ئەو «خونکارە چاک»ەی ڕیشی دەهێشتەوە و، هەینی لە دوای هەینی نوێژی لە مزگەوتدا دەکرد، بۆ ئەمەی نەتەوە چەواشە بکات... لەگەڵ ئەم هەموو ڕووکەشە خوداناسییانەدا کە دەینواند، شەو تا بەیانی بەبەزموڕەزم و داوێن پیسییەوە ڕای دەبوارد... بەکورتی ژیانی ئەو بریتی بوو لەم واژەیەی کە بەسەر هەموو زمانێکەوەیە: «کەس پێی نەدەگوت: مەکە!»... هەروەک ئەم واژەیە، بەسەر «فاروق»دا دەچەسپێ، هەر کاربەدەستێکیش لەگەڵ ئەودا فرمانی بینیوە، بەسەریدا دەچەسپێ! پێویستە لێرەدا پێی لێ بنێین، کە کاربەدەستە (وفد)ییەکان، هەندێ جار بە «فاروق»یان دەگوت: «مەکە»!... بەڵام پاش ئەوەی «فؤاد سراج الدین»یان ناسی، بە (فاروق)یان دەگوت: «باشە»، تەنانەت سەریشیان بۆ دادەنەواند!. جا لێرەوە بوو کە ئەو هەموو پرۆژەی یاسایانە جێبەجێکران کە مەبەس لە هەموویان ئەوەبوو، سەربەستییەکان لە ساڵی ١٩٥١دا بەربەست بکرێن، لەبەر دڵی (فاروق) کە لە سەربەستی و دەستوور زۆر دەترسا. (وفد)ییەکان لە زۆر و ستەمدا لەگەڵیدا بەڕێوە دەچوون، تا ئەو زۆر و ستەمە وای لێهات، لە وزەدا نەما، وەک کەتنی لێهات. لێرەدا ماوەی ئەوەیش هەیە، کە لە کەسایەتیی (فاروق)دا لێکۆڵینەوە بکرێ، بەتایبەتی لە ڕووی زانستی خۆناسینەوە. چونکە دوورنییە کە هۆی کردەوە نەنگەکانی ئەوە بووبێ کە لەنگەری ناو لووەکانی لەش تێکچووبێ!... چونکە لەش زلییەکەی، لە ئەندازەی باو، چووبووە دەرەوە!... بەڵام ئەم لەنگەر تێکچوونەی کە بۆمان داناوە، بەتەنیا بەشی ئەوە ناکات، کە بیانوو بدۆزێتەوە بۆ ئەو کردەوە سەیر سەیرانەی لە «فاروق» وەشاونەتەوە!... چونکە هۆی پەسند بۆ ئەو کردەوانەی (فاروق) هەر ئەوەیە، کە ئەو لە ناوچەیەکی وادا دەژیا کە کەسێک نەبوو ئامۆژگاریی بکات. کەسێک نەبوو، پێی بڵێ: «نەء»!. پێی بڵێ: «مەکە»!... بەپێچەوانەی ئەمەوە هەر کەسێکی دەدی، سەری بۆ دەچەماندەوە!. بەئارەزووی ئەو دەبزووتەوە!. هەرچییەکیشی بویستایە لە بابەتی بەزموڕەزم و ئالۆشوخرۆش، بۆی دەلوا و، بۆی دەچووە سەر. ئەگەر بهاتایە ئەم ناوچەیە چاک بوایە و، پاک بوایە، ئەوەندەی پێ دەکرا کە خواروخێچی کردەوەی (فاروق) ڕاست بکاتەوە!...

لە ١٩٦٥/٥/٨دا پەرچڤەی ئەم نووسراوە تەواوبوو

# پەیمانی کۆمەڵایەتی

نووسەری: ژان ژاک ڕۆسۆ

ئەم نووسراوە

نووسراوی (پەیمانی کۆمەڵایەتی) یەکێکە لە نووسراوە هەرە باش و بەکەڵکەکانی سەدەی هەژدەمین، کە هەتا ئێستاکەیش لە زانکۆکانی جیهاندا، سەرچاوەیەکە بۆ ڕۆشنبیران و زانایان.

هەر لە سەرەتای ژیانی مرۆڤەوە، هەتا ئێستا ژیانی (زرنگکاری) و (کۆمەڵایەتی)ی مرۆڤ پێشان دەدات. هۆی دامەزراندنی (کۆمەڵایەتی) و (شارستانێتی) و (فەرمانڕەوایی) لەگەڵ هۆی گۆڕان و شێوەی گەشەکردن و پەرەسەندنی ئەو ژیانە، لە شێوەیەکی جوان و ڕەوان ئاساندا دەردەخات. بەپێی ئەم (نووسراوە)ە:

«دەبێ فەرمانڕەواییەکان بەپێی ئارەزووی نەتەوەکان دابمەزرێنرێن. لە ناوەند فەرمانڕەواییەکان و نەتەوەکانیشیاندا وەک (پەیماننامە)یەکی نهێنی هەبێ وایە. ئەویش ئەوەتا کە هیچ فەرمانڕەواییەک، کارێک نەکات کە ئازاری دڵی نەتەوەکەی خۆی بدات. ئەگەر هاتوو فەرمانڕەواییەکان پێچەوانەی ئەو پەیماننامەیە بزووتنەوە، نەتەوەکان مافیان هەیە، بچن بەگژیاندا و، سەرئەنگرێیشیان بکەن. تا بتوانن فەرمانڕەواییانی وا دابمەزرێنن کە (برسیی بەش براو) و (ڕەنجەڕۆ)ی تێدا کۆنەبێتەوە لەگەڵ (تێری سک زل)دا[1]...».

(ژان ژاک ڕۆسۆ) کە یەکێک بوو لە نووسەرە هەرە گەورەکانی فەرەنسەی ئەو سەردەمە، بەئاشکرا، (شارستانێتی)یە درۆزنەکەی فەرەنسە و (فەرمانڕەواییە زۆردارەکە)ی و، (کڵێسا خۆپەرست)ەکەی و، (خانەدانە زەویدارە ستەمکارەکان)ی و، (دەوڵەمەندە بێ دڵ و دەروونەکان)ی ئەو سەردەمەی تاوانبار دەکرد، بەتێکدانی سروشت و ڕەوشتە پاکەکەی مرۆڤی فەرەنسەوە.

ئۆباڵی ئەو هەموو (زۆروستەم) و (هەژاری) و (نەخۆشی) و (نەخوێندەواری)یەی ئەوسای فەرەنسەیشی دەخستە ئەستۆی ئەوان.

(١) دەوترێ: ورگ زل!!



لەسەر ئەوە (ڕۆسۆ) تا ما دەربەدەر و ڕەهەندەی شاران بوو، بەدەست زۆروستەمی (فەرمانڕەوایی فەرەنسە) و (پیاوانی ئایینیی فەرەنسە)وە.

لە ڕاستیدا (ڕۆسۆ) کە لە (جنێف)دا لە ساڵی (١٧١٢)دا لە دایک بوو، فەرەنسەی نیشتمانی باووباپیرانی و، نیشتمانی دووەمی خۆی، لەژێر یاسا زۆردارەکەی خونکار (لویسی شانزەهەم)دا دەیناڵاند. کۆمەڵایەتیی فەرەنسەیش بەدەست زۆروستەمی فەرمانڕەوایی کڵێساکانی ئەو سەردەمەوە، لە هەموو ڕوویەکەوە داڕزابوو، دواکەوتبوو، سەرگەردان بووبوو، بەرەو نەمان دەڕۆیشت. (نووسراوەکانی ڕۆسۆ)یش کە لەو چەرخەدا دەینووسین هەروەک هۆی پاشکەوتوویی فەرەنسەیان دەردەخست، پڕیش بوون لە هیوا و ئاوات بۆ چارەکردنی ئەو پاشکەوتنە. هەروەها پڕیش بوون لە (ڕەنگڕشتن) بۆ ئەو چارەکردنە.

هەرچەندە (ڕۆسۆ) هیچ دەمێک لە دەمی نەهاتۆتە دەرەوە کە فەرەنسییەکان، لە فەرمانڕەواییەکەی خۆیان ڕاست ببنەوە، هەڵی بگێڕنەوە و، شۆڕشگێڕانە ڕاستی بکەنەوە، بەڵام لە ڕاستیدا یەکێک بوو لەو نووسەرە گەورانەی کە ڕێگایان بۆ (شۆڕشی گەورەی فەرەنسە) تەخت دەکرد. ئەوە بوو پاش مردنی (ڕۆسۆ) بەپانزە ساڵ ئەو شۆڕشە گەورەیە بەرپابوو!... (شۆڕشی گەورەی فەرەنسە)یش شۆڕشێکی وابوو کە تەخت و تاراجی زۆرداریی (خونکاری) و (زەویداری) و (چەواشەکاریی کڵێسا)ی هەڵتەکاند و ڕۆشناییشی بۆ هەموو شۆڕشەکانی پاش خۆی، کە لە جیهاندا دەقەومان، پێشکەش کرد...

(ڕۆسۆ) لەو باوەڕەدا بوو، کە (مرۆڤ) لە بنیاتدا، نیهادی پاکە. کەواتە پێویستە بگەڕێینەوە بۆ سروشت. بۆ ژیانێکی سروشتیی پاک و بێگەرد، کە مرۆڤی سەرەتایی هەیبووە.

واتا ئەو ژیانەی کە پڕی بووە لە (یەکسانی) و (سەربەستی) و (برایەتی) و (یارمەتی) و خۆشەویستی. ئەمەیش بەوە پێک دێ کە زۆرداری لە ڕەگوڕیشەوە دەربهێنین و، لەژێر سێبەری (فەرمانڕەواییەکی نەتەوەیی) و (دادپەروەر)دا: (سەربەستی) و (یەکسانی) و (برایەتی) و (دیموکراتی) بۆ مرۆڤ پێک بهێنین.

تا مرۆڤ ژینێکی (سۆسیالیستانەی دیموکراتییانە)ی وا بژی، کە (ئایینی مەسیحی) ڕێی لەسەر دەدات. ئەویش بۆ ئەمەی نەتەوەی فەرەنسە تا سەر ڕزگاری ببێ لە دەست ئەو ئازار و هاوارەی کە تیایەتی، بەدەست یاساکانی (خونکاری) و (زەویداری) و (سەرمایەداری)وە.

ئەم نووسراوەیش واتا (پەیمانی کۆمەڵایەتی)، کە لە پاش کورتکراوەیی، کردوومە بەکوردی، بەشێکە لەو خەباتە ناوازانەی (ژان ژاک ڕۆسۆ)[1]، کە هەتا مرۆڤ دەمێنێ دەستیاوی ئەوی بەسەرەوە دەبێ، جا ئەگەر خوێندەواران و زرنگکارانی کوردیش کەڵک و خۆشیی لێوەرگرن، خۆم بە بەختیار دەزانم.

شاکر فەتاح

(خاوەنی پرۆژەی خوێندەواری کورد)

سلێمانی: ٢٠-٤-١٩٦٧

## پەرژینی بەودم![2]

دامەزراندنی کۆمەڵایەتیی شارستانێتی لەوەوە پەیدابووە، کە یەکەم پیاو پەرژینێکی دروست کردووە بەهەر چوار لای پارچەیەک زەویدا و، وێراویەتی بڵێ: «ئەمە زەویی منە»!... کەسانی وا ساویلکەیش هەبوون، باوەڕیان پێ کردووە... جا ئەگەر بهاتایە، کەسێک، لەو دەمەدا، لێی ڕاست بووایەتەوە و پەرژینەکەی هەڵبکەندایە و بەهاوڕێکانی خۆیشی بگوتایە: «نەکەن گوێ لەم چاووڕاوکەرە بگرن. چونکە ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەمەتان لەبیر چووەوە کە بەروبوومی زەوی هی هەموومانە و، زەوییەکە خۆیشی هی کەس نییە، بێگومان لە دواڕۆژدا خۆتان لەناو دەبەن!»، زۆر کەتن و گوناهباری و تاوان و کوشتن و بڕین، لە کۆڵ مرۆڤ دەکەوتن و تووشی نەدەهاتن! بەڵام زۆرتر بیر بەلای ئەوەدا دەچێ، کە کارەساتی ئەودەم گەیشتبووە ڕادەیەکی وەها کە ئیتر ڕێگا نەبووە لەوە بەولاوە تێپەڕێ. چونکە بیری زەویداری لەسەر بنچینەی چەند بیرێکی پێش خۆی دامەزرابوو ئەو بیرانەیش بەیەک جار لە مێشکی مرۆڤدا پەیدا نەدەبوون. یەک لەدوای یەک دەهاتن. هەر کامێکیان دەهاتنە پێشەوە، ماوەیەکی پێ دەچوو، بیرەکەی پێش خۆی دەسڕییەوە. تا گەیشتە ئەم ڕادەیەی ئێستاکە تێی داین...

---

(١) ڕۆسۆ (ژان ژاک) ١٧١٢-١٧٧٨: نووسەرێکی فەرەنسی بوو و لە ژنێڤ لە دایک بوو، نووسراوی فەلسەفی و کۆمەڵایەتی زۆرە، بانگەشەی بۆ خاوێنی مرۆڤ و گەڕانەوەی بۆ باوەشی سروشت دەکرد،... لەوانە: پەیمانی کۆمەڵایەتی، ئیمیل، یاداشتەکان- دانپیانانەکان.
بیروڕا و بۆچوونەکانی ئەو کاریگەریان هەبوو بۆ سەر ڕێبازی ڕۆمانتیکی و هەتا شۆڕشی فەرەنسەش.

(٢) بەودم = بەووم = (نحس)= سەرەنجام خراپ.



ئەمەیش سەبارەت بەوە بوو. کە یەکەم هەست پێکردنی مرۆڤ هەر بەوەوە خەریک دەبوو کە هەستی مرۆڤەکە خۆی بپارێزێ. هەرچییەکیشی پێویست بووایە و لەسەری دابمایە، بەرهەمی زەوی پێی دەبەخشی. ئارەزووی ناو دڵی خۆیشی ڕابەریی دەکرد بۆ ئەو هۆیانەی کە زەویان پێ بەکار بهێنێ لەگەڵ بەرهەمەکەیدا. هەروەها ئارەزوویەکی کوێرانەیش ڕێگای پێشان دەدا بۆ ئاشنایەتیی ناوەند هەردوو ڕەگەز، تا جۆری مرۆڤایەتیی خۆی بپارێزێ... ژیانی سەرەتایی مرۆڤیش، هەروەک ژیانی گیانلەبەران وابوو. بەسترابووەوە بەئارەزووەکانی لەشەوە، بەهەوەسی مرۆڤەوە... لەبەر ئەوە کەڵکێکی ئەوتۆی لە بەخشندەیی سروشت دەست نەدەکەوت. بەواتایەکی تر؛ مرۆڤ دوور بوو لەوەوە کە بتوانێ لە سروشت شتێک بپچڕێ... ئەوەندە هەبوو ئەو گیروگرفتانەی دەهاتنە بەردەمی، فێریان دەکرد چۆن بەسەر سروشتدا زاڵ ببێ. چۆن بەسەر درەختدا هەڵبگەڕێ تا بەرەکەی لێ بکاتەوە. چۆن بەرەنگاریی گیانلەبەرانی تریش بکات کە دەیانەوێ بۆ پاراستنی گیانی خۆیان لەو بەرە بخۆن، جا لەبەر ئەوە پێویست بوو لەسەری کە فێری جەنگکردن ببێ. ئەوەیش بۆ ئەو ئاسان بوو کە چەکی سروشتی بۆ خۆی بدۆزێتەوە وەک بەرد و دار... دەبوو ئەوەیش فێر ببووایە کە چۆن جێگای ئەو شتە پڕ بکاتەوە کە یەکێکی لە خۆی بەهێزتر لێی داگیر دەکرد.

جا هەتا ژمارەسەری ڕەگەزی مرۆڤ زۆر دەبوو، پێوە خەریکبوونی مرۆڤیش زۆر دەبوو. جیاوازیی خاکە جۆرجۆرەکان و ئاو و با و، کەشەکان، بوون بەهۆی ئەوەی کە شێوەی ژیانی مرۆڤەکانیش جوێ جوێیان لێ بێ... ساڵە بێ بەرەکان (وشکە ساڵەکان - أ.ب)، کەشە سەختەکانی زستان، کەشە گەرمە بەتینەکانی هاوین، خستیانە سەر ئەوەی کە بگەڕێ بەدوای پیشەیەکی تازەدا، کە لە کشتوکاڵ جیاوازبێ... دانیشتوانی گوێ ئاوەکان دەزوو و داویان داهێنا دەستیان کرد بەڕاوەماسی و خواردنیان... دانیشتوانی ناو جەنگەڵەکانیش تیروکەوانیان دروست کرد و ڕاوی گیانلەبەریان پێ کرد. لە پێستی گیانلەبەرەکەیش جلوبەرگیان دروست کرد و پۆشییان، تا لە تەنگوچەڵەمەی سەرمای زستان ڕزگاریان ببێ...

بروسکە و هەورەتریشقە و شاخە ئاگرینەکانیش ئاگری پێ ناسین ئەم ئاگرەیش هۆیەکی تازە بوو بۆ بەرەنگاریکردنی سەرما... پاش ئەوە فێری ئاگرکردنەوە بوون، فێری برژاندنی گۆشت بوون لەسەر ئاگر، کە لەوەپێش بەکاڵی دەیانخوارد...

## داهێنانی زمان و دروستکردنی کەلوپەل

ئەو ئاشنایەتی و تێکەڵییــە زۆرانەی کــە لە ناوەند مــرۆڤ و دروســتکراوەکــانی تری دەستی خودادا پەیدابووبوون، یاخود لە ناوەند ئەم دروستکراوانە خۆیاندا پەیدابووبوون، وای هەڵدەگرت کە مرۆڤ بخەنە سەر بیرکردنەوەیەک، یاخود سەر ژیرییەک، کە بەپێی ئەوە بۆ پارێزگاریی لەش و تەندروستیی خۆی چی پێویستە بیکات. ئەم زیرەکییە تازەیەیش کە لە گەشەکردن و گۆڕانی مرۆڤەوە پەیدا بووبوو، بووە هۆی ئەوەی پایەی مرۆڤ بەرز ببێتەوە بەسەر گیانلەبەرەکانی تردا. چونکە ئەم زیرەکییە فێری زۆر فڕوفێڵی کرد، کە بەهۆی ئەو فڕوفێڵانەوە توانی زاڵ ببێ بەسەر ئەو گیانلەبەرانەدا، کە دەسەڵات و گەورەیی خۆی بسەپێنێ بەسەر هەندێکیاندا، کە هەندێکیشیان لەناو ببات. بێجگە لەوە تێکەڵیشی بەئادەمیزادەکانی تر، خستیە سەر ئەوەی کە بەراوردێک بکات لەناوەند خۆی و ئەواندا. لە ئەنجامی ئەو بەراوردکردنەیشەوە تێ بگات کە ئەوانیش وەک خۆی دەجووڵێنەوە و هەڵسان و دانیشتن دەکەن، وەک خۆی بیردەکەنەوە. لەوەیشەوە، کەوتە سەر ئارەزووی ئەوە کە لەگەڵ ئەوانەدا بەشێوەیەکی وا ڕەفتار بکات، کە بۆ کەڵک و چاکە و بێ وەییی خۆی بەکار بێ...

لە ئەنجامی تاقیکردنەوەوە فێری ئەوەیش بوو کە چاکەخوازی تەنیا هۆیەکە بۆ ڕەفتارکردنی هەمووان. ئەوەیش فێر بوو کە لە هەندێ باردا، کە ماوەی هەیە لەگەڵ کەسانی تردا هاوبەشی بکات لە شتی چاکدا، لە دەستیدا هەیە یارمەتی بدات کەچی هەندێ باری وایش هەن، کە کەڵک و چاکەی خۆی و کەڵک و چاکەی ئەوان لە یەک جیاوازن و، بەرئاوەژووی یەکترن، ڕێی دەدەن کە خۆی لەو کەسانە بپارێزێ... ئەو لەو بارانەی[1] یەکەم جاردا، لەگەڵ ئەوانەدا بەڕێوە دەچوو کە لە چاکە و کەڵکدا لە گەڵیدا هاوبەشی بوون... کەچی لە بارەکانی دووەم جاردا، هەر کەسە بەپێی کەڵک و چاکەی خۆی بەڕێوە دەچوو... خەباتیشی دەکرد بۆ بەدیهێنانی ئەم کەڵک و چاکەیە، یان لە ڕێگای بەکارهێنانی هێزەوە، یاخود لە ڕێگای بەکارهێنانی فڕوفێڵەوە...

بەم ڕەنگە، مرۆڤ تا ئەندازەیەک، پەیبردنی دەستکەوت بەنرخی ئەو کارانەی کە هاوبەشیان تێدابوو، بەنرخی ئەو کەڵکانەی کە لە بەجێهێنانی ئەو کارانەوە دەست

(١) بار: (حالە)... لەو حاڵەتانەی.



دەکەوتن. ئەمەیش خستیە سەر ئەوەی کە زمان دابهێنن. بەڵام لە شێوەیەکی سەرەتاییی کاڵوکرچی ڕەقوتەقدا...

هەنگاوەکانی پێشووی پێشکەوتن، بوون بەهۆی هەنگاونانێکی گەورەتر و گورج و گۆڵتر. چونکە نەوەی ئادەم بەپێی پەرەسەندنی ڕۆشنبیری یان چست و چالاکیشیان پەرەی دەسەند... هاتن گەلێک کەلوپەلی فەرمانکردنیان داهێنا. لە بەردی ڕەق دروستیان دەکردن. زەویان پێ دەکۆڵین. داریان پێ دەبڕینەوە. دوای ئەوە لە دارە براوەکانیش کۆڵێتیان دروست دەکرد، کە زۆری پێ نەچوو، فێر بوون، چۆن قوڕ و لیتەی پێدا بسوون. لێرەدا بوو بەدەمێکی شۆڕشی ژیان، کە بوو بەهۆی ئەوەی خێزان پێک بێت و، جۆرە ساماندارییەکیش دابمەزرێت، کە هەر خودا خۆی دەزانێ چەند ناکۆکی و شەڕوشۆڕیان لێ پەیدا بوو. ئەمە دوور نییە کە مرۆڤە بەهێزەکان لەپێش ئەوانی تردا کۆڵێتیان بۆ خۆیان دروست کردبێ. هەستیشیان بەخۆیان کردبێ کە دەتوانن کۆڵێتەکانی خۆیان بپارێزن لە دەست دوژمن. مرۆڤە بێ دەسەڵاتەکانیش زۆری پێ نەچوو، هاتنە سەر ئەو باوەڕە کە ئەگەر خۆیشیان چاو لەوان بکەن، ئاسانتر و بێ وەی ترە لەوەی کە خەریکی ئەوە بن کۆڵێتەکان لەوان داگیر بکەن. ئینجا بەرە بەرە، مرۆڤ بەوەوە ڕاهات کە ڕێز لە مافی دراوسێکانی خۆی بگرێ و دەست لە خانووەکانیان نەدات.

## پەیدابوونی خۆشەویستی و بەربەرەکانێ کردن

پاش ئەوە ژیان و گوزەرانی ژن و مێرد و منداڵەکانیان لەژێر سێبەری خانوویەکدا بوو بەخوو لە مرۆڤ. ئەم خووە لە سەرچاوەیەکی هەرە نەژاد و هەرە بەرزی تاسە و تەزووی مرۆڤایەتییەوە هەڵدەقووڵا... ئیتر وای لێ هات هەر خێزانە بوو بەکۆمەڵایەتییەکی بچووک، کە پەیوەندیی ناوەند ئەندامەکانی زۆر بەهێز بوو. هۆی ئەمەیش ئەوەبوو کە ئەو سەربەستی و پەیوەندییە بەشدارییانەی کە لە ناوەند هەموو لایەکیاندا پەیدا بووبوو، بووبووە کۆڵەکە و پایەی یەکێتییەکەی. هەر دوو ڕەگەز، ژن و پیاو لە فەرماندا لە یەکتری جوێ بوونەوە. هەرچی ژن بوو، پەنای دەبردە بەر ئارامگیری و خەمخۆری بەرامبەر کۆڵێتەکە و منداڵەکانی. هەرچی پیاویش بوو، دەچووە دەرەوە لە ماڵ و تێدەکۆشا بۆ پەیداکردنی ئەو شتانەی کە بۆ هەموو ئەندامانی خێزانەکە پێویست بوون. هۆیەکانی سرەوت و خۆش ڕابواردن و حەسانەوە و ئاسایشیشیان کارێکی وایان کرد کە هەردوو ڕەگەز تا ئەندازەیەک واز لە پەلاماردان و هێز بەکارهێنانی خۆیان بهێنن. دوور نییە کە ئەمە

بووبێ بەهۆی ئەوەی کە مرۆڤێک بەتەنیا نەیتوانیبێ زۆرانبازی لەگەڵ دڕندەیەکدا بکات. ئەوەندە هەبوو، لە ڕوویەکی تریشەوە ئەوەی بۆ دەرکەوت کە کۆمەڵ لەگەڵ ڕۆڵەکانی ڕەگەزی خۆیدا بۆ خۆی ئاسانتر و بەکەڵکتر بوو، بۆ ئەوەی بەکۆمەڵ بچن بەگژ ئەو دڕندەیەدا... ساکاریی ژیان و، کەمیی پێویستییەکان و، زۆریی ئەو کەلوپەلانەی کە مرۆڤ دایهێنان، ئەمانە هەموویان ماوەیەکیان دا بەمرۆڤ، کە کاتی بێ فەرمانیی دەست بکەوێ. ئەویش دەیهێنا ئەو کاتی بێ فەرمانییەی بەوە پڕ دەکردەوە کە بەزم و ڕەزمی دەکرد و بەئاهەنگەوە ڕایدەبوارد. جا ئەم ئاهەنگ و بەزم و ڕەزمانە، تازە بابەتێک بوون بۆ مرۆڤ، کە باووباپیریان ئەوانەیان بەخۆیانەوە نەدیبوو. ئینجا لێرەوە بوو، کە سەرەتای خراپە و بەدکرداری خۆی دەرخست! چونکە زۆری پێ نەچوو، ئەم ڕابواردنە خۆشانە، خۆشییان تێدا نەما. تەنانەت وایان لێ هات، گۆڕان بوو بەپێویستییەکی ڕاستەقینە، کە مرۆڤ پێیانەوە کەوتبووە خەم و پەژارەوە. مرۆڤ ئەو خۆش ڕابواردنانەی، دەست بکەوتایە، پێیانەوە تەنگەتاو و دڵشکاو دەبوو. دەستیشی نەکەوتبایە هەر پێیانەوە تەنگەتاو و دڵشکاو دەبوو!...

بەم ڕەنگە گۆڕان هەموو شتێکی گرتەوە. دوای ئەمەی مرۆڤەکان لەناو جەنگەڵەکاندا دەسووڕانەوە و گێژیان دەخوارد، ئارامیان بەخۆیان گرت و، بوون بەنیشتەنی و، کۆمەڵ کۆمەڵ، بەجۆی جۆی دامەزران. کە ساڵان تێپەڕین لە هەموو شارێکدا نەتەوەیەکی ناسراو و دیاردی کراو دامەزرا. ئەم نەتەوانە، هەریەکەیان ئەندامەکانی لە کردەوە و ڕەوشت و خوودا یەک بوون. ئەمیش لە ڕووی ئەوەوە پێک نەهاتبوو کە یاسا و فەرمانێک فەرمانڕەوا بووبێ بەسەریاندا. لە ڕووی ئەوەوە پێک هاتبوو کە هەموو ئەندامەکانی نەتەوەکە یەک جۆرە ژیان دەژیان. چەند جۆرە خواردنێکی دیاری کراویان دەخوارد، لە یەک جۆرە ئاو و بایشدا دەژیان... دراوسێیەتییش بوو بە هۆی ئەوەی کە خێزانەکان ببنە ئاشنای یەکتری و پێکەوە ببەسترێنەوە و، کوڕ و کچی ئەو خێزانانەیش تێکەڵ بەیەکتری بن. هەڵسەنگاندنی جوانی و ڕەوشت و خوو لەناو دەروونیاندا گەشەی کرد. گەلێک تاسە و تەزووی خۆش و جوانیش دەکەوتە دڵیانەوە. کە پێکیەوە دەبەستنەوە. بەڵام لەگەڵ خۆشەویستی و دڵداری دا، بەربەرەکانێیش پەیدابوو. لە پێناو ناسکترین تاسە و تەزوودا خوێن ڕژێنرا!... هۆگری لەناو کەساندا پەرەی سەند. ئەندامانی خێزانە دراوسێکان دەستیان کرد بەکۆبوونەوە لەبەردەم کۆڵێتەکانیاندا، لە کاتێ دەست پەرژاندا.

هەر کەسە دەیویست جۆرە نرخێک بدات بەکەسانی تر، کە بەئاواتی دەخواست ئەوانیش



نرخی خۆی بدەنێ و، لە جێی خۆیدا دایبنێن. هەر کامێکیان دەنگی خۆشتر بووایە و، لە گۆرانی بێژەکانی تر، جوانتر سەمای بکردایە و، سەروشێوەی شەنگ و شۆختر بووایە و، دەست و بازووی بەهێزتر بووایە، جێگای گەورەتری بۆ دادەنرا. ئینجا کە بایەخ پێدان و جێگادانان بۆ مرۆڤەکان پەیدا بوون، یەکەم شێوەی جیاوازی و نایەکسانی لە دایک بوو!... هەروەها یەکەم هەنگاو بەرەو خراپی و بەدکرداری نرا...

چونکە هەر کەسێک بۆ خۆی، دەستی کرد بەشانازی بەو بایەخ پێدان و جێگاو پایەیەوە کە دەستی کەوتبوو. لە هەموو ئەندامێکی کۆمەڵایەتییەکەیشی دەخواست کە ڕێز لەو سایە و پایەیەی بگرن. جا ئەگەر بهاتایە یەکێک لەوانە توخنی ئەو سایە و پایەیە بکەوتایە و دەستی بۆ ببردایە، خاوەن سایە و پایەکە هەستی دەکرد بەڕیسوایەکی وەها کە پێویست بێ تۆڵەی بۆ بسێندرێتەوە. لە تۆڵەسەندنەوەیشدا، دڵڕەقی و توندوتیژی زۆر بەکار دەهێنرا. ئەمەیش لەناو زۆر نەتەوەی دڕندە و پاشکەوتوودا دەبینرا، کە جیهانی پێشکەوتوو دەیناسێن. زۆر لە نووسەرەکانیش ئەمە بەهەڵە تێدەگەیشتن. پەلەیشیان دەکرد لە بڕیار دەرکردندا بەسەر مرۆڤدا، دەیانگوت: «مرۆڤ هەر لە خۆیدا دڵڕەق و دڕندەیە» کەچی ڕاستییەکەی ئەمەیە، کە لە مرۆڤی سەرەتایی خۆشیرینتر و دڵنەرمتر نەبووە!...

## چاو برسێتی و خۆپەرستی کامەرانیی مرۆڤیان تێکدا

بەڵام کە کۆمەڵایەتی[1] پەیدابوو ئاشنایەتی و پەیوەندیی ناو مرۆڤیش دامەزرا. ئیتر کار گەیشتە ئەندازەیەکی وەها، کە مرۆڤ پێویستیی بەچەند کردەوە و ڕەوشتێکی وەها بوو کە لەکردەوە و ڕەوشتەکانی سەردەمی سەرەتای ژیانی تەواو جیاواز بوو. لەبەرئەوە دەستوورەکانی ڕەوشت و خوو لە ناویاندا پەیدابوون کە فەرمانڕەوا بوون[2] بەسەر کردەوە و کاریاندا، کە ئەم دەستوورانە پەیدابوون، هێشتا یاسا (قانوون)ەکان لە دایک نەبووبوون. جا ئەم سەردەمە بەخۆشترین دەمی مێژووی مرۆڤ دادەنرێ. وایشی هەڵدەگرت کە ئەم سەردەمە درێژەی بکێشایە و، بمایەتەوە، تا هەمووان بەخۆشیی ژیانەوە هەر کامەران بوونایە و، لەسەر بنچینەی کەڵک و چاکەی گشت لایی و بەرامبەریش خۆشیان لەو پەیوەندییە سەربەخۆییانەی خۆیان بچێشتایە.

بەڵام هەر لەو کاتەوە کە مرۆڤ هەستی بەخۆی کرد پێویستیی بەیارمەتیی کەسێکی تر

(١) ڕاستتر: کۆمەڵ

(٢) کە زاڵ بوون بەسەر

هەیە، هەر لەو دەمەوە کە مرۆڤ وای هاتەپێش چاو کەوا چاکترە بۆ خۆی، کە لە پێویستیی خۆی زۆرتر خواردەمەنی و کەلوپەل دەست خۆی بخات، یەکسانی لە ناودا نەما و، سامانداری بڵاوبووەوە. کار و فەرمانیش گۆڕان و بوون بەئاوڕەگ (عەرەق)ی ناوچەوانی خۆی ئاوی دەدا. لەگەڵ بەرهەمی ئەو شینایییەیشدا بەندەیی و سەرگەردانی ڕووا... جا کشتوکاڵ و پیشەسازی بوو لە کانەکاندا، کە وەک دوو هونەر ئەم هەڵگەڕانەوەیان بەرپاکرد... (ئاسن) و (گەنم)یش بوون کە لە پێش هەموو شتێکدا مرۆڤیان فێری شارستانیتی کرد، کە مرۆڤیان بەدخوو کرد!... ئەو نەتەوانەی کە هەر بەکشتوکاڵەوە خەریک دەبوون، لەسەر دڕندەیەتیی خۆیان مانەوە، تا ئاسن و کانەکانی تریان ناسی. دوور نییە کە یەکێک لەو هۆیە گرینگانەی کە خاکی ئەورووپای پێشتر خستووە لە خاکەکانی تر، لە باری شارستانیێتیدا، ئەوە بێ، کە ئەورووپا ڕۆژێک لە ڕۆژان، لە هەموو خاکەکانی تری جیهان، ئاسنی زۆرتر تێدا بەرهەم دەهات، گەنمیشی زۆرتر بوو. ئەمەیش سەبارەت بەوە بوو، کە هەر ئەوەندە پێویستی هاتە پێشەوە بۆ ئاسن کوتاندنەوە تا لە کشتوکاڵ و پیشەکانی تردا بەکاربهێنرێ، پێویستیی ئەوەیش هاتەپێشەوە کە کەلوپەلە ئاسنەکان بپارێزرێن و چاک بکرێنەوە. جا هەرچەند ژمارەی کارگەران زۆر دەبوو، بۆ سەر پیشەسازی و ژمارەی کارگەرانی ناو کشتوکاڵ خواردەمەنی بەرهەم هێنان کەم دەبووەوە. کەچی ژمارەی ورگەکان کەم نەدەبووەوە، کە هاواریان دەکرد بۆ خواردەمەنی!... دوای ئەوە هۆگری گۆڕینەوەی شتومەک بوون.

چونکە جووتیارەکان دامابوون لەسەر کەلوپەلی کشتوکاڵ بەرهەمهێنان پیشەسازەکانیش پێویستیان بەخورشت هەبوو. لەبەرئەوە هەردوو لایان دەستیان کرد بەگۆڕینەوەی بەرهەمەکانیان بەم ڕەنگە دامەزراندنی پیشەسازی و دڕاشتنی کانەکان و پەرەپێدان بەبەکارهێنانیان، بەتەنشت کشتوکاڵ و بەخێوکردنی ئاژاڵ و، پەرەپێ دانیانەوە پێک هات... وای هەڵدەگرت کە کشتوکاڵ لە دوای دابەشکردنی زەوییەوە دەست پێ بکات. جا لەبەرئەوە پێ لێنان بەزەویداریدا بووە هۆی ئەوەی کە دەستووره سەرەتایییەکانی دادپەروەری پەیدابن. نەخوازەڵا کە مرۆڤایەتی هەمووی دەستی کردبوو بەچاوەڕوانی کردنی دواڕۆژ. مرۆڤەکان، کە هەموویان بووبوونە خاوەن زەوی، هەر کامێکیانت بگرتایە لەوە دەترسا زیان بەکەسێکی تر بگەیێنێ، نەوەک تۆڵەی ئەو زیانە لە زەوییەکانی خۆی دەربهێنێ. ئەمەیش کارێکی سروشتییە. ئەمیش لە بنچینەدا وەک زەویدارییەکە خۆی وایە. چونکە لەوەوە پەیدابووە کە دەست کەوتۆتە گەڕ و کاری تێدا کردووە.



ئەی چۆن مرۆڤ دەتوانێ شتێک بکات بەهی خۆی، بێ ئەمەی بەدەستی خۆی دروستی کردبێ، بێ ئەمەی لەم ڕێگایەوە ڕۆیشتبێ؟...

بۆ وێنە: کێڵانی زەوی و چاندنی ڕووەک لە ناویدا، دەبنە هۆی ئەوەی کە بەرهەمەکەی ببێ بەهی جووتیارەکە. دوایی زەوییەکە خۆیشی ببێتە هی جووتیارەکە. هەر هیچ نەبێ تا ئەوەندەی درووێنەی ئەو شینایییە بکات، کە تێیدا چاندوە!... ساڵ لە پاش ساڵیش مافی جووتیارەکە لە زەوییەکە خۆیدا جێگیر دەبێ.

لەبەر ئەوە زەوییەکە دەکات بەهی خۆی... کە باری ژیانی مرۆڤیش گەیشتە ئەم ڕادەیە، ئیتر یەکسانی ناپارێزرێ و، لە توانایییشدا نییە کە بپارێزرێ. چونکە ئەگەر لێ هاتوویی هەموو کەسێک، هێز و توانایی و کارگوزاریی هەموو کەسێک ئەوەندەی یەک بوونایە، دەتوانرا لەنگەرێکی ورد و تەواو بخرێتە ناوەند (بەکارهێنانی ئاسن) و (بەختکردنی کەلوپەل)ەوە. بەڵام هێز و توانایی و لێهاتوویی، هەرگیز لە ناو مرۆڤدا، وەک یەک نەبووە.

هەر کەسێ بەهێز و توانا بووبێ کاری زۆرتری کردووە لەوانیتر کە لە خۆی کەمتر بوون لە هێز و تواناییدا. هەر کەسێکیش لە پیشەی خۆیدا شارەزا بووبێ، دەسکردەکەی زۆرتر پوختە و قاڵ بووە لە هی کەسانی تر. ئەوانەی خاوەن زیرەکییەکی تەواو بووبن، هۆی وایان دۆزیوەتەوە و داهێناوە، کە ئەرکێکی زۆری لە کۆڵ خستوون، کە لە ماندوێتیی کەم کردوونەتەوە. بێجگە لەوە جووتیارەکە پێویستییەکی زۆرتری هەبوو بەئاسن.

ئاسنگەرەکەیش پێویستییەکی زۆرتری هەبوو بەگەنم. دوور نییە هەریەکەیشیان ئەوەندەی ئەویتر تێکۆشابێ و خۆی ماندووکردبێ بەفەرمانەکەی خۆیەوە. کەچی یەکێکیان لە ئەنجامی کاری خۆی دا دەستکەوتێکی گەورەی دەست دەکەوێ. یەکەکەی تریشیان ئەوەندەی دەست ناکەوێت کە پێی بژی! جا لەمەوە بوو کە جیاوازی یاخود (وەک یەک نەبوون) سەرەتای دەرکەوت و چنگی داگرت بەسەر هەموویاندا. ئەو جیاوازی یانەیش کە لە جیاوازیی باری ژیانەوە پەیدا بووبوون لەناو کەساندا، تینیان سەند و بەهێز بوون، وایان لێ هات شوێن پێ یان زۆرتر مایەوە و، دەسەڵاتیشیان زۆرتر ئاشکرابوو. منیش نامەوێ درێژەی پێ بدەم. کە کار گەیشتبێتە ئەم ڕادەیە، خوێندوار لە تواناییدا هەیە، ئەوی ماوە هەڵی بهێنێ و بیدۆزێتەوە. لەسەر بنچینەی ئەو گەشەکردن و گۆڕانانەیش، ئەوی پەیدا دەبێ بیهێنێتە پێش چاوی خۆی، بەتایبەتی بەکارهێنانی هێز و توانایی و لێ هاتوویی و، جیاوازیی سامانەکان و، چاکە و خراپەی دەوڵەمەندی!... ئەوی بەتەنگیەوەین

ئەوەیە، کە مرۆڤەکان لەپاش ئەوە، وایان لێ هات، کە وەک هەن خۆیان دەرنەخەن. بەپێچەوانەوە خۆیان دەربخەن. واتا دیمەنیان لەگەڵ ڕووداویاندا ڕێک نەکەوێ. چ لێرەوە بوو کە خۆنوواندنی درۆ و خۆهەڵکێشان و کەش و فش و چەواشەکردن، داهاتن، بەهەموو بەدخووییەکەوە کە لەوانەوە پەیدا دەبوون. ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی تریشەوە لە پەرەسەندنی ئارەزوو و پێویستیی مرۆڤەوە ئەمەیش پەیدابوو: کە وازیان لە سەربەستی و سەربەخۆییی خۆیان هێنا و، بەوەیش دڵخۆش بوون کە هەندێکیان بۆ هەندێکی تریان ملکەچ بکەن. هەرچی دەوڵەمەندەکان بوون، دامابوون لەسەر ئەوەی کەسانی تر کاریان بۆ بکەن. هەژارەکانیش دامابوون لەسەر یارمەتیی دەوڵەمەندەکان. تەنانەت ئەوانەیش کە لە ناوەند ئەو دوو چینەدا بوون، نەیانتوانی دەست لە کەسانی تر هەڵبگرن کە هاوکاریان بوون. ئا لێرەوە، بۆ مرۆڤ بوو بەناچاری کە تێبکۆشێ کەسانی تر کێش بکات بۆ لای خۆی، تا خەمی کەڵک و چاکەی بۆ بخۆن. هەروەها ئەوەیش بچێتە دڵیانەوە کە بۆ خۆیان وا چاکترە کە ئەو کەڵک و چاکەیە گەشەی پێ بکەن بۆ ئەو.

لەبەر ئەوە پەنای بردە بەر فرۆفێڵ و چاووڕاو لەگەڵ هەندێکدا، لەگەڵ هەندێکی تریشدا دڵڕەقی و توندوتیژیی بەکارهێنا.

تینوێتییش بۆ پەرەپێدانی سامان، کە زۆرتر بۆ ئەوەبوو بەسەر کەسانی تردا سەربکەون نەک لەبەر پێویستی، بووە هۆی ئەوەی کە هەموو کەس ئەوە بچێتە دڵیەوە کە ئازاری کەسانی تر بدات، کە بەربەرەکانێیەکانی نهێنیی سامناک لەگەڵ کەسانی تردا بکات. هۆی ئەمەیش ئەوەیە کە بەربەرەکانێ کردنە کە خۆی لە شێوەی پیاوچاکی و چاکەخوازیدا پیشان دەدات، بۆ ئەمەی لە پشت ئەو پەردە ئەستوورەوە تێبکۆشێ بۆ گەیشتن بەئامانجی خۆی و بەبێ وەی بەو ئامانجە بگات!...

## زۆربوونی جیاوازی و پەیدابوونی دوژمنایەتی

بەکورتی: تێ هەڵقوتان و بەربەرەکانێ لە لایەکەوە، لە لایەکی تریشەوە کەڵک و چاکەی تایبەتیی پێچەوانەی یەکتری پەیدابوون و بنجیان بەست. بێجگە لەوە ئارەزوویەکی نهێنییش کەوتە دڵیانەوە، کە لە هەردوو باردا لەسەر ئەرکی کەسانی تر سوود بۆ خۆیان وەربگرن!... جا ئەم ئەنجامە خراپانە، هەموویان، لە سەرەتای زەویداری و ساماندارییەوە پەیدابوون. هەروەها بریتی بوون لەو هۆیانەیش کە شان بەشانی زۆربوونی جیاوازی و یەکسانی- نەبوون دەرۆیشتن... ئەمەیش سەبارەت بەوە بوو کە فرەکردنی



زەویداری، زۆری پێ نەچوو گەیشتە ڕادەیەکی وەها، کە ئیتر لە توانایی کەسدا نەمابوو زەویی زۆرتری ببێ، مەگەر دەست درێژی بکات بۆ سەر زەوی و ئاژەڵی کەسانی تر!...

هەر لەو کاتەیشدا، هەژارەکان بەهۆی کزی و بێ دەسەڵاتیی خۆیانەوە کە نەیاندەتوانی بێ بەخاوەن زەوی و سامان، زۆرتر هەژار دەبوون. ئەوانە هیچ زیانێکیان لێ نەکەوت. چونکە هیچیان نەبوو تا لە دەستیان بچێت. دوایی هاتنە سەر ئەو بیرەی کە بەشی ژیانی خۆیان لە دەوڵەمەندەکان وەربگرن. ئەگەر نەیاندا لێیان بدزن!... لەبەر ئەوە، ئەم بارە بوو بەهۆی پەیدابوونی دوو کار، کە هەژارەکان ناچار بوون بیکەن: یان دەبوو ملیان بۆ دەوڵەمەندەکان کەچ بکردایە و، ببونایە بەبەندەیان. یان دەبوو دوژمنایەتی و توندوتیژیان لەگەڵدا بەکاربهێنانایە. هەر لەم کاتەدا دەوڵەمەندەکان زۆریان پێ نەچوو، خۆشیان لە دەسەڵاتداری بینی. ویستیان لەو خۆشییە وازنەهێنن. لەبەرئەوە بەچاوێکی سووکەوە سەیری کەسانی تریان دەکرد. ئیتر هەر بیریان لەوە دەکردەوە ئەوانەی لەملا و لەولایانەوەن بیانشکێنن و ڕیسوایان بکەن.

یاخود بیانکەن بەبەندەی خۆیان. لە دڕندەییدا وەک گورگیان لێ هاتبوو! بەم ڕەنگە کە یەکسانی لەناوچوو، ئاژاوەیەکی نەنگ و ناپەسند ڕووی دا. هەرچی دەوڵەمەندەکان بوون هەژارەکانیان دەچەوساندەوە، چاوچڵێسییان دەکرد، لە هیچ تێریان نەدەخوارد!. هەرچی هەژارەکانیش بوون، یان تاڵانیان دەکرد، یان دزی!...

هەردوو لایشیان ئەمەندە سوور بوون لەسەر زۆرداریی خۆیان، ئەمەندە تیژ بوون لەسەر خراپی، هەر دەنگێکی کزی دادپەروەرییش مابوو لەناویان برد... ئیتر دەروونی مرۆڤ گەیشتە ڕادەیەکی وەها، کە لە چاوچنۆکی و دەست قووچاوی و خۆ گەورەکردن و بەدخوویی و خراپی بەولاوە هیچی تری تێدا جێ نەدەبووەوە! لەبەرئەوە لە دایکبوونی کۆمەڵایەتیی تازە بووە هۆی پەیدابوونی بارێکی تازە کە پڕی بوو لە شەڕوشۆڕ و جەنگی پڕ مەترسی و سامناک!.

ئەوانەی سامانیان دەستکەوتبوو، نەیاندەتوانی دەستی لێ هەڵبگرن لەجیاتی ئەوە، بەناوی سەربەرزی و گەورەیی و مافەوە، زۆرتر هۆگری زۆرداریەکەی خۆیان دەبوون. بەڵام لە ڕاستیدا خۆیان بۆ کەندەڵانێک کێش دەکرد کە تێی بکەون و ئەستۆیان ورد بێ!... لەم کاتەیشدا چ دەوڵەمەندەکان و چ هەژارەکان، بەئاگری دەرد و خراپیی تازە وەک یەک دەسووتان!...

ئەمەیش هەرگیز لەو مرۆڤانە نەدەوەشایەوە کە بیر لەم کەینەوبەینەیە نەکەنەوە، کە بیر لەو سەرگەردانییە نەکەنەوە، کە تووشیان هاتبوو. تەنانەت دەوڵەمەندەکان خۆیشیان بەجۆرێکی تایبەتی، هەستیان بەو هەموو سەرگەردانی وماڵوێرانییە دەکرد، کە بەهۆی ئەو هەموو شەڕوشۆڕەوە تووشیان هاتبوو، کە زیانەکە هەر بەر ئەوان دەکەوت. چونکە هەرچەندە دەوڵەمەندەکانیش و هەژارەکانیش بەچەشنی یەک گیانی خۆیان دەخستە ناو ئەو ئاگری جەنگەوە، بەڵام دەوڵەمەندەکان بێجگە لە گیانی خۆیان، زەوی و سامانەکەیشیان بەر زیان دەکەوتن. هەرچەندە کەمیشیان تێدا هەبوو کە زەوی و سامانی بەرەنجی خۆی پێک هاتبێ، بەڵام لە بیانووی زەویداری و ساماندارییدا، لەوانیتر بەهێزتر نەبوون... ئەمەیش قسەیەکی خۆڕایی بوو کە یەکێکیان بیگوتایە: «من ئەم بیرەم هەڵکەندووە. من ئەم پارچە زەوییەم بەرەنجی شانی خۆم دەست کەوتووە» چونکە کێ ڕێی داوە، ئەو بیرە و ئەو زەوییە، بەتەنیا بۆ خۆی داگیر بکات؟... هی وایش هەبوو وەرامی دەدایەوە و دەیگوت: «تۆ بەچ مافێک داوای مزمان لێ دەکەیت؟...

خۆ ئێمە بەتۆمان نەگوتووە: ئەم بیرە هەڵ بکەنە، ئەم زەوییە ئامادە بکە بۆ خۆت؟... ئەی تۆ ئاگات لەوە نییە کە زۆر کەسی وا هەن لە برا مرۆڤەکانت، لە برسا دەمرن، هەر لەبەرئەوەی کە ئەو سامانەی لای تۆ کۆبۆتەوە، لە بەشی خۆت زۆرترە و، ئەوانیشی لێ بێبەش بوون؟! تۆ لە سەرت پێویستە کە لە هەموو ڕەگەزی مرۆڤ، ڕێدان و بڕیار وەربگریت، پێش ئەمەی لەم خواردەمەنییە گشتییە، ئەوەندە دەست خۆت بخەیت، کە لە پاراستنی گیان و لەشی خۆت زۆرتر بێ!...».

## پەیدابوونی بیری فەرمانڕەوایی دامەزراندن

جا لەبەرئەمەی دەوڵەمەند دامابوو لەسەر ئەوەی شتێکی دەست بکەوێ و زەوی و سامانەکەی خۆی پێ بپارێزرێ، هەروەها لە دەسەڵاتیشیدا نەبوو کە خۆی بپارێزێ، پەنای دەبردە بەر چەند کەسێکی ڕێگر کە خۆی و زەوی و سامانەکەی بۆ بپارێزن. بەڵام ئەمانە ئەرکیان زۆر بوو بەسەریەوە. زۆری پێ نەچوو بەدەست مووچەخۆریی ئەوانەوە پەرێشان بوو. ئەو بەرەبەرەکانییەیش کە هەبوو لەناوەند خۆی و هاوسامانەکانیدا ماوەی ئەوەی نەدەدا کە لە گەڵیاندا ڕێک بکەوێ و یارمەتیی یەکتر بدەن، بۆ ئەمەی بەرامبەر دوژمنە زۆرەکانی هەموویان بوەستن... لەبەر ئەوە، داماوی و پێویستیی بەهێزێک بوو کە ببێتە پارێزگار و پشتیوانیان.



دەوڵەمەندەکان دوایی، بیرێکی هەرە قووڵی وا هات بەمێشکیاندا، کە هێشتا کەس بیری وای بەمێشکدا نەهاتبوو!... ئەو بیرەیش ئەوەبوو کە لەوەپێش هورووژمیان دەبردەسەری. کە دوژمنەکانی خۆی بکات بەدۆستی سوێندخواری خۆی. ئەو قسەژیرانە و ئەو بیروباوەڕە جۆرجۆرانەیش بدات بەگوێیاندا کە بەکاری خۆی دێن. چونکە یاسای سروشت تازە بەکاری ئەو نەدەهات.

لەبەرئەوە دەستی کرد بەتێگەیاندنی دراوسێکانی کە ئێستاکە هەموو کەس لە بارێکی خراپدان. چونکە هەموو کەس ناچار بووە چەکی کوشندە هەڵبگرێ و بەرامبەر هەموو کەسانێکی تر بوەستێ. بۆیەکا زەوی و سامانەکانیش بوون بەبارێک بەسەر شانی پیاوەوە، کە ئەمەندە گرانن، لە داماوی و پێویستی و داخوازی گەلێک قورستریان لێ هاتووە. جا لەم بارەدا نەک هەر دەوڵەمەند، هەژاریش کەوتووەتە تەنگ و چەڵەمەیەکی واوە کە لە گیانی خۆی دەترسێ. ئاسایشێکی وای بۆ نەماوەتەوە کە دڵنیابێ لە سەر و سامانی خۆی، کە بێ وەی دەربچێ!... ئینجا دەوڵەمەند لە شێوەیەکی زرنگانەدا گەیشتە مەبەسی خۆی.

ئەو مەبەسەیش لە شێوەیەکی پێشنیازدا پێشان دەدا. کە بریتی بوو لە پوختەی ئەنجامی ئەو گفتوگۆیانەی کە دەکرا، بەسایەی ئاراستەکردنی خۆیەوە. گوتی: «بام یەک بگرین، تا مرۆڤی کز و بێ دەسەڵات لە دەست زۆرداری ڕزگار بکەین. تا جڵەوی پیاوی چاوچنۆک و دەسەڵاتباز بگرینەوە. بام زەوی و سامان بۆ هەمووکەس بپارێزین. بام دەستوورێک دابنێین، بۆ داد و ئاسایش، گشتمان بڕیاری لەسەر بدەین، هەموویشمان بەڵێن بدەین کە لە ئەو بێت، هەر جیاوازییەک هەبێ لە ناوەند خاوەن بەختەکاندا، بەشێوەیەکی پەسند ڕاستی بکاتەوە. چونکە دەسەڵاتدار و بێ دەسەڵاتیش بەو دەستورەوە ناچار دەبن بەڵێنی خۆیان بەرامبەر یەکتر بەجێ بهێنن...

بەکورتی: بام هێزەکانی خۆمان کۆبکەینەوە و یەکیان بخەین، نەک لە دژی یەکتری بەکاریان بهێنن. بام ئەو هێزانەمان بخەینە شێوەی هێزێکی باڵاوە کە بەپێی چەند یاسایەکی ژیرانە فەرمانداریمان بەسەردا بکات. هەرچی ئەندامێکی کۆمەڵەکەمان هەیە بیانپارێزێ و، لەسەریشیان بکاتەوە. دوژمنی گشتیشمان سەرئەنگرێ بکات... کۆکی و ڕێکیی تا سەریشمان بۆ دابمەزرێنێ و بیانپارێزێ!...».

کەسانی ئەو سەردەمەیش زۆربەیان گەوج و تێ نەگەیشتوو بوون، نەخوێنەوار بوون. ئەم وشە شیرینانە چەواشەی کردن.

وایانزانی بەو جۆرەی دەوڵەمەند پێشنیازی کرد، سەربەستی و ئازادیی خۆیان دەپارێزن. لەبەر ئەوە بەهەڵەداوان خۆیان گەیاندە ئەو دامەزراوە تا ملکەچی بۆ بنوێنن. ئەوەیان نەدەزانی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەو دامەزراوە دەبێتە پێوەند و دەچێتە پێیانەوە.

ئەوانە نە جیهانیان ئەوەندە تاقی کردبووەوە، نە ئەوەندەیش شارەزا بوون، کە بزانن لەم بیروباوەڕە زرنگکارییانەدا چ جۆرە تەنگوچەڵەمە و مەترسییەک خۆی شاردۆتەوە!... لە وانە هی هەرە توانایان کە پەیی بەو مەترسی و تەنگوچەڵەمەیە بردبێ، ئەوانە بوون کە بەهیوای کەڵک و چاکەبوون کە لە پاش دامەزراندنی ئەو دەزگایەوە چنگیان بکەوێ. تەنانەت پیاوی هەرە ژیریان ئەوەی بەزیانێکی گەورە نەدەزانی کە هەموو کەسێک لە بەشێکی سەربەستیی خۆی وازبهێنێ، بۆ ئەمەی بەشەکانی تری سەربەستییەکەی خۆی بپارێزێ، بەلای ئەوانەوە ئەمە هەر لە کردەوەی بریندارێک دەکات کە باڵێکی ڕزیوی خۆی ببڕێتەوە بۆ ئەمەی خۆی لە مردن ڕزگار بکات و، پاشماوەکەی لەشیشی بەبێ وەی بۆ بمێنێتەوە... سەرەتای کۆمەڵایەتی و یاسا دامەزراندن، ڕەنگە بەم ڕەنگە بووبێ، کە پێوەندی تازەی کردە پێی هەژارەوە و، دەسەڵاتی تازەیشی بەخشی بەدەوڵەمەندەکان. ئا بەم جۆرە، سەربەستی سروشتی لەناوبرد و، تا سەریش یاسای سامانداری و زەویداریی دامەزراند و بنج بەست کرد، لەگەڵ یەکسانی نەبووندا. چەوساندنەوەی فڕوفێڵبازانەیشی لە شێوەی مافێکی پەسندکراو و دروستدا داڕشت.

هەموو ڕەگەزی مرۆڤیشی ناچار کرد بەفەرمان کردن و بەندەیەتی و زۆرلێکراویی هەموو دەمی بۆ کەڵکی چەند کەسێکی دەسەڵاتباز و چاوچلێس!... ئەمەیش بەئاسانی دێتە پێش چاومان کە لەوەدوا دامەزرانی تاکە کۆمەڵێک بوو بەهۆی دامەزرانی چەند کۆمەڵێکی تر.

ڕەگەزی مرۆڤ دەستی کرد بەکۆمەڵ پێکەوەنان. کۆمەڵ بەکۆمەڵ پێک دەهاتن و یەکیان دەگرت، کە زۆری پێ نەچوو کۆمەڵەکان زۆر بوون و پەرەیان سەند و بڵاویش بوونەوە بەسەر هەموو زەویدا.

ئیتر لە هەموو سەرزەوی دا پەنایەک نەما، کە مرۆڤ لەناویدا لەم بارە تازەیە ڕزگاری بووبێ؛ کە هەر لە شیرێکی دەکرد خرابێتە سەر ئەستۆی!... بەم ڕەنگە مافی شارستانێتی بوو بەفەرمانداریيەکی باو، ئەندامەکانی هەموو کۆمەڵێک تێیدا بەشدار بوون. یاسای سروشتیش هەر لە ناوەند کۆمەڵە جوێ جوێکاندا مایەوە، کە هەموو لایەک لە دڵدا لە سەری ڕێککەوتبوون و بەناوی «مافەکانی نەتەوەکان»ەوە دەناسران ئەمەیش بۆ ئەوەبوو کە بازرگانی ئاسان بکرێ. هەروەها بۆ ئەمەی کە تۆڵەی ئەو خۆشەویستی و بەزەیی



پێداهاتنەوە سروشتییە بکرێتەوە کە بەهۆی بەکارهێنانی ئەو یاسا فەرمانداریيە تازەیەوە لەناو کۆمەڵاندا لە دەست چووبوو. ئەو خۆشەویستی و بەزەیی پێداهاتنەوە سروشتییە هەر کارێکی کردبوو لە تاک و تەراکانی گەل، هەمووی لە دەست چووبوو. ئیتر جێگایشی بۆ نەمابووەوە، لەناو هەندێ ئایینی گیانیی گشت لایی دا نەبێ، کە هەرچی جیاوازی و پەرژینی ناو کەسان و نەتەوان هەبێ دەیشکێنێ. هەرچی مرۆڤێکیش هەبێ لە جیهاندا، دەیانکات بەبرای یەکتری. ئەمەیش لەسەر ئامۆژگاریی یەزدانی پاکە، کە بەزەییی بەهەموو ڕەگەزی مرۆڤایەتیدا دێتەوە.

## مرۆڤ بیانوو بۆ جەنگ دەدۆزێتەوە!...

ئەوەندە هەبوو کۆمەڵە زرنگکارەکان لەسەر باری سروشتیی خۆیان مانەوە. بەو ئازارەوە دەتلانەوە کە هەندێ کەس خۆیان دەکوتا لێی ڕزگاربن. لەبەر ئەوە جەنگی ناوخۆ و، شەڕوشۆڕ و، کوشتن و بڕین ڕوویان دا. بەڵام بەجۆرێکی وا کە سروشت پێی بێتە لەرزین و، هۆشیش پێی بێتە گێژوویژی... کام مرۆڤ خۆی بەگەورە و ناوچەوان بەرز و پایەبڵند دادەنا، کەللە پەڕاندنی کەسانی تری بەفەرمانێکی سەرشانی خۆی دادەنا!... ئەمەیش یەکەم ئەنجامی دابەشبوونی مرۆڤ بوو، کە هەر بەشەی کۆمەڵێکی دروست کردبوو. ئاگام لەوە هەیە کە هەندێ لە نووسەران، بنچینەی کۆمەڵایەتییە زرنگکارییەکانیان لە شێوەیەکی تردا پێشان داوە، وەک ئەوەی بەسایەی هێزەکانەوە زاڵ ببن بەسەر بێ دەسەڵاتەکاندا... یاخود بێ دەسەڵاتەکان یەک بگرن و یارمەتیی یەکتر بدەن. بەڵام من وام دێتە پێش چاو، کە ئەو وێنەیەی خۆم پێشکەشم کردووە، لە وانیتر لە سروشتەوە نزیکترە. ئەوەیش لەبەر ئەم هۆیانەیە:

١- چونکە مافی داگیرکردن و زاڵبوون بەبنچینەیەکی ڕاست و دروست دانانرێ کە مافەکانی تری لەسەر دابمەزرنرێ. چونکە سەرکەوتوو و ژێرکەوتوو هەر لە جەنگدا دەمێننەوە، تا ژێرکەوتووەکە سەربەستی و ئازادیی تەواوی خۆی وەرگرێتەوە و، بەئارەزووی دڵی خۆیشی دەچێتەوە ژێر باڵی سەرکەوتووەکە...

٢- چونکە وشەی «دەسەڵاتدار» و وشەی «بێ دەسەڵات» هەردووکیان ورد نین. لە ناوەند پەیدابوونی «مافی سامانداری» یاخود «زەویداری» و «دامەزراندنی فەرمانڕەواییيەکی زرنگکاری»دا ماوەیەک هەبووە، چاکترین دەربڕین ئەوەیە کە بۆ ئەو ماوەیە وشەی «دەوڵەمەند» و «هەژار» بەکار بهێنرێ!...

٣- هەژارەکان هیچیان نەبووە، تا بترسن لە وەی لە دەستیان بچێت، مەگەر سەربەستییان، لەبەر ئەوە ئەوەیان بەگەوجییەکی تەواو دادەنا کە واز لەم تاکە شتە بهێنن کە هەر ئەوەیان هەبوو، بێ ئەمەی لەجیاتیی ئەوە شتێک بۆ خۆیان بپچڕن. کەچی هەر لەو دەمەدا دەوڵەمەندەکان بەهەموو ئارەزوویەکی دڵی خۆیانەوە بەزەوی و سامانەکانی خۆیانەوە خەریک دەبوون. ئەوساکەیش ئاسان بوو کە زیانیان پێ بگەیێنرێ. ئەوەیش بۆ ئەوان زۆر پێویست بوو کە خۆیان ئامادە بکەن بۆ پاراستنی زەوی و سامانەکەی خۆیان، نەوەک تووشی زیان ببن. جا لەبەر ئەوە، بەمێشک دا دەچێ کە دەوڵەمەندەکان لە پێش هەموو کەسێکدا بیریان لە دامەزراندنی فەرمانڕەوایی کردبێتەوە و چاوڕاویشیان بۆ دامەزراندنی ئەو فەرمانڕەواییە کردبێ.

ئینجا لەمەوە تێدەگەین کە ئەو گیروگرفتەی لە سەرەتای ژیانی مرۆڤەوە هاتە پێش دەم مرۆڤ، لەمەدا دەرکەوت کە:

«بگەڕێن بەدوای جۆرە کۆبوونەوە و هاوبەشییەکدا، کە بەهۆی هەموو هێزە یەککەوتووەکانەوە، گیان و سامانی هەموو کەسێک لە ئەندامانی ئەو کۆمەڵەیە بپارێزن و زیانی لێ دوور بخەنەوە لەگەڵ ئەوەیشدا کە هەر کەسە لەگەڵ کەسانی تری ئەو کۆمەڵەدا یەکی گرتووە، بەسەربەستی بمێنێتەوە و بۆ کەسیش سەر دانەنەوێنێ بۆ خۆی نەبێ!».

## بیری پەیمانی کۆمەڵایەتی

چارەکردنی ئەم گیروگرفتە لە «پەیمانی کۆمەڵایەتی»دا دەست دەکەوت گیانی ناو ئەم پەیمانەیش وایە کە هەموو کەسێک بەتەواوەتی، واز لە هەموو مافێکی خۆی بهێنێ بۆ کۆمەڵایەتی لە شێوەی یەکێتییدا. بەڵام نابێ هیچ مەرجێک لەسەر ئەوە دابنێ. نابێ بەهیچ شتێکەوە ئەو پەیمانە ببەستێتەوە...

بەپێی ئەم پەیمانە، هیچ کەسێک مافی ئەوەی نییە کە مافێکی وا بپارێزێ بۆ خۆی، کە هەموو کەسەکانی تریش ئەو مافەیان نەبێ، وەک یەک، بەیەکسانی. ئەگینا پەیمانەکە دەشکێنێ و هەڵی دەوەشێنێتەوە. بێجگە لەوە، لەو کاتەدا کە مرۆڤەکە مافەکانی خۆی بەجێ دەهێڵێ بۆ کۆمەڵایەتی، خۆ وازی لێ ناهێنێ و بیدات بەکەسێکی دیاری کراو. جا لەبەر ئەوە، ئەوەندەی فرِی هەیە بەسەر ئاشنایەتی و پەیوەندیی خۆی و کەسەکانی ترەوە، دەتوانێ هەروەکو جاران ئەو مافانەی کە بەختی کردوون لەپێناو کۆمەڵایەتیدا، بیانپارێزێت بۆ خۆی... دەیشتوانین باری کۆمەڵایەتییەکە لەم شێوەیەدا دابڕێژین: «هەر



یەکێ لە ئێمە، بەگشتی، خۆی و هەرچیی هەیە لە هێز و دەسەڵات و سامان، دەخاتە ژێر سەرپەرشتیی (خواستی باڵای گشتی)یەوە. هەموو ئەندامێکیش لەم ئەندامانە بەبەشێکی وا دادەنرێ لە گشت، کە هەرگیز نەگونجێ لێی بکرێتەوە!...».

بەم پێیە کۆمەڵەیەکی وێژەیی و یەک بوو، دامەزراو پەیدابوو، لە هەموو ئەندامەکانی کۆمەڵایەتی. ئەم کۆمەڵەیە، لەم بارەدا، یەکێتی و، ماف و، دەسەڵات و، ژیان و خواستی خۆی دەست کەوت.

ئەمەیش بریتی بوو لە (کۆمار) یاخود لە (فەرمانڕەوایی)...

ئەندامەکانیشی بریتی بوون لە نەتەوەکە خۆی. ئەم ئەندامانە هەموویان هاونیشتمان بوون، هاوبەش بوون لە گەورەییدا، لە دەسەڵاتی گەورەییدا... هەر لەو کاتەیشدا، ژێر دەستی فەرمانڕەواییەکە بوون، کە ملیان بۆ یاساکانی ئەو فەرمانڕەواییە کەچ دەکرد... فەرمانڕەواییەکە، لە سەرەتای پەیدابوونیدا شێوەیەکی دامەزراوی ڕێکوپێکی نەبوو. چونکە کەمیی تاقیکردنەوە و ئاشنانەبوون بەڕاستی پەرستی، وای لە هەموان کردبوو کە هەر کەموکوڕیی ئەو ڕۆژەیان چارە بکەن. خەمی دوارۆژی خۆیان نەدەخوارد. بیریان لە پاشەڕۆژ نەدەکردەوە... بارە زرنگکارییەکان هەروەک خۆیان بەناتەواوی مانەوە...

تێکۆشانی یاسادانەرە ژیرەکان و، ڕەنج دانیان بۆ تەواوکردنی بە با چوو. چونکە ئەو بارە زرنگکارییانە، لە ڕاستیدا هەر لە ئەنجامی ڕێکەوتەوە پەیدا بووبوون، نەک لەشتی ترەوە. هەرچەندە ڕۆژگار جێگای سستی و کزیی ئەو بارانەی دەرخست و، کەموکووڕییەکانی پێشان دا و، ڕێگای چارەکردنیانی ڕۆشن کردەوە، بەڵام هەڵە بنچینەییەکان چارە نەکران و، وەک خۆیان مانەوە. تەنانەت هەتا دەهات هەر پینە دەکران... کەچی پێویست وا بوو: لەپێش هەموو کارێکدا دەست بکرێت بەپاککردنەوەیان لە کەموکووڕییەکانی پێشوویان، لە پاشماوە خراپەکانی کۆنیان. ئەگینا هەروەک خۆی دەمایەوە، دانەمەزرا و، پتەو و قایم نەدەبوو...

ئەمەیش سەبارەت بەوەبوو، کە کۆمەڵایەتییەکە لە سەرەتادا لە چەند ڕێکەوتنێکی گشتیی پەیدا بووبوو. ئەندامەکانی کۆمەڵایەتییەکە هەموویان لەسەری ڕێکەوتبوون. ئەوەیشیان خستبووە ئەستۆی خۆیان کە پێڕەوییان بکەن. کۆمەڵەکەیش هەموو لە پێناوی جێبەجێکردنی ئەم ڕێکەوتنانەدا، بێ وەییی بۆ هەموو ئەندامێکی کۆمەڵایەتییە کە پێک هێنابوو. جا لەبەر ئەوە، لە تاقیکردنەوە بەولاوە هیچ شتێکی تر لە ئارادا نەبوو کە

کەموکوڕیی ئەم جۆرە بارە دەربخات. لە هەر شوێنێکدا کۆمەڵی نەتەوە، خۆی ئاگا لێ بوو و بڕیاردەربێ، گەلێک ڕێگا هەیە بۆ خۆدەربازکردن لە یاسا، بەئاسانی. چار نەبوو، دەبوو پشێوی و ئاژاوە و بۆڵەبۆڵ، ڕۆژ بەڕۆژ زۆر ببن. تا گەیشتە ڕادەیەکی وەها کە پێویستی هاتە پێشەوە بۆ ئەوەی ئۆباڵی (دەسەڵاتی گشتی) یاخود (دەسەڵاتی نەتەوە)، بەو هەموو مەترسییەیشەوە کە تێیدابوو، بخرێتە ئەستۆی چەند کەسێکی ناسراو و دیاری کراو. هەروەها ئۆباڵی (ملکەچکردن بەنەتەوەیش بخرێتە ئەستۆی چەند فەرمانبەرێک کە یاساکان و بڕیارەکانی فەرمانڕەوایییەکە جێبەجێ بکات). لە ڕاستییشدا هەتا یاساکان پەیدا نەبوون و نەهاتنە گۆڕێوە، دادگەران و یاسا بەجێهێنەران پەیدانەبوون...

## مەبەس لە دامەزراندنی فەرمانڕەوایی پاراستنی نەتەوەبوو، نەک دەسەڵاتداری

ئەمەیش لە هۆشەوە دوورە کە بڵێین هەموو کەس خۆی فرێدایە باوەشی گەورەیەکی دەسەڵات بەرەڵڵاوە، بێ ئەمەی سنوورێک بۆ دەسەڵاتەکەی دابنێ، یاخود کارێکی وا بکات خۆی لە گەڕوگێچەڵی ئەو سەردارە بپارێزێ. لە ڕاستیدا ئەندامانی ئەو کۆمەڵایەتییانە، بۆیە ئەو سەردارانە، یاخود ئەو بڕیاردەرانە، یان ئەو فەرمانداراانەیان هەڵبژارد بۆ خۆیان، تا خۆیان لە زۆرداری بپارێزن. تا ژیان و سەربەستی و سامانداریی خۆیان لە دەستدرێژیی ئەو دوور بخەنەوە. ئەمەیش لە تێگەیشتنەوە دوور بوو کە هەر لە سەرەتاوە هەموو کاروبارێک بخەنە ژێر دەستی سەرۆکێکەوە، کە خۆیان دەیانویست بەهۆی ئەوەوە ئەو کاروبارانە بێ وەی بهێڵنەوە و چاودێرییشی بکەن!... چونکە ئەو سەرۆکە، لە بەرامبەر ئەم مافە گەورەیەدا کە دەیدرایە، چی دەتوانی پێشکەشی بکات؟!... کەواتە هیچ لەوەدا گومانمان نەماوە کە بنچینەی نەژاد و نوخشەی هەموو مافێکی زرنگکاری ئەوەیە کە کۆمەڵایەتییەکان هەر لەبەر ئەوە سەردار و فەرمانداریان بەسەر خۆیانەوە داناوە، تا ببنە پشتیوانیان و لە سەریان بکەنەوە و بیانپارێزن نەک زەبر و زەنگیان بەسەردا بکەن!...

ئەو ئەسپە دەشتەکییەی کە هێشتا نەگیراوە و ڕاو نەکراوە، سەری خۆی بەرز دەکاتەوە و، سمەکانی لە زەوی توند دەکات و، هەرچەند زین و لەغاویش دەبینێ لێیان دەسڵەمێتەوە. کەچی ئەو ئەسپەی گیرابێ و مەشقی پێ کرابێ، ئاوزەنگییش لە پەراسووی بدەن و، بەقەمچییش لە لاتەڕیزەی بدەن، ئەو ئێش و ئازارانە بەئارامێکەوە وەردەگرێ... هەروەها مرۆڤیش لە ژیانی سەرەتاییدا ئەوەی پێ خۆش نییە کە ملی خۆی



کەچ بکات بۆ بێگاری مرۆڤی شاری و چەوساندنەوەکانی. لێی ڕاست دەبێتەوە و بۆڵەبۆڵیشی لێ دەکات. ئەو ئەوەی پێ خۆشترە کە سەربەست و ئازادبێ، بەهەموو گیروگرفت و ئەرکێکەوە کە دێتە پێش دەمی، نەک ببێتە بەندە و دیل و لە ئاسایش و بێ وەیدا بژی!...

جا لەبەر ئەوە، هەردەم، کە دەبینم گیانلەبەرەکان، کە بەئازادییەوە لە دایکیان زاون[1]، لە دیلی، لە گیانی خۆیان وەڕس دەبن و قوچ هەڵدەدەن لە شیشەکانی قەفەزەکانیان... هەروەها کاتێ کە دەبینم، مرۆڤە دڕندە ڕووتوقووتەکان، کەلوپەلی ئەوروپایی تووڕ هەڵدەدەن و، خۆیان تووشی برسێتی و گوللەی تفەنگ و شیر و مردن دەکەن، لە پێناو پاراستنی سەربەخۆییی خۆیاندا... هیچم بۆ نامێنێتەوە ئەوە نەبێ کە هەست بەهەڵەی زرنگکارەکان و ڕاستی پەرستەکان بکەم کە دەڵێن: «مرۆڤ ئامادەیییەکی سروشتی هەیە کە بەندەییی پێ خۆش بێ!»...

## دەسەڵاتی باوک و دەسەڵاتی فەرماندار

بەڵام ئەو پاڵپشتەی کە هەندێ لە نووسەران پاڵی پێوە دەدەنەوە کە گوایە دەسەڵاتی باوک بەسەر خێزاندا بنچینەی یاسای فەرمانداریی بەرەڵڵایە، کە لەوەوە وەرگیراوە، لە ڕاستییەوە یەجگار دوورە. بۆ بەدرۆخستنەوەی ئەم بیروباوەڕە، هەر ئەمەندەمان بەسە کە بڵێین: لەسەر ڕووی زەویدا هیچ شتێک ئەوەندە لەو گیانە زۆردارە دڕندەیە دوور ناکەوێتەوە، کە دەسەڵاتە نەرمونیانەکەی باوک لێی دوور دەکەوێتەوە؛ کە ئەوەندە دڵنەرم و دڵسۆزە چاودێریی کەڵک و چاکەی فەرمان بەجێهێنەرەکەی خۆی زۆرتر دەکات لە کەڵک و چاکەی ئەو کەسەی کە بەکاری دەهێنێ.

چونکە یاسای سروشت وای پێ دەوێ، کە باوک کاتێ گەورەیی خۆی بەسەر کوڕەکەی خۆیدا بنوێنێ، کە ئەوە بۆ یارمەتیدانی کوڕەکە پێویست بێ... هەر کاتێکێش باوک و کوڕ وەک یەکیان لێ هات، کوڕەکە لە باوکەکەی خۆی جیا دەبێتەوە و، سەربەخۆییی خۆی بەکاردەهێنێ. ئیتر لەوەدوایش هەر ڕێزی لێ دەگرێت.

ملکەچی کوێرانە و بەندەییی بۆ ناکات. جا لە جیاتی ئەمەی بڵێین: کۆمەڵایەتیی ناو شار و پێشکەوتوو، دەسەڵاتەکەی خۆی، بەچاولێکەری، لە دەسەڵاتەکەی گەورەی خێزان

---

(١) لە دایک بوون.

وەرگرتووە، پێویستە وا بڵێین: کە گەورەی خێزان هێز و دەسەڵاتەکەی خۆی لە کۆمەڵایەتییەوە وەرگرتووە. هیچ باوکێک باوکایەتیی خۆی پێ ناکرێ، تا نەبێتە نیشتەنی و دانەمەزرێ و کچ و کوڕەکانیشی لەگەڵیدا نەمێننەوە. ئەو سامانەیش کە باوکە کە خاوەنیەتی، دەبێتە پەیوەندی لەناوەند باوک و کوڕ و کچەکانی دا. بەهۆی ئەوەوە کوڕ و کچەکان ملکەچی بۆ باوکیان دەنوێنن و فەرمانی بەجێ دەهێنن و پشتیشی پێ دەبەستن. باوکە کە لە توانایییدا هەیە، لە سامانەکەی خۆی بەشی هیچ کامێکیان نەدات. تا ئەوە پێشان نەدەن کە گوێ لە قسەی باوکی خۆیان دەگرن و، فەرمانەکانیشی بەجێ دەهێنن.

بەڵام ژێر دەستەکانی فەرمانداره زۆردارەکە، بەخۆیان و هەموو سامانی خۆیانەوە، هی ئەون. هەر هیچ نەبێ ئەم قسەیە بەلای فەرماندارەکە خۆیەوە وایە. جا لەبەر ئەوە، هەر کاتێ فەرماندارەکە شتێکی پێ بەخشین، لە مافەکانی خۆیان بێ، یان لە زەوی و سامانەکانیان، ئەوانە ناچارن هەر ئەوە وەربگرن. جا لەبەر ئەوە هیچ بیانوویەکمان بۆ نامێنێتەوە کە وا گومان بکەین کۆمەڵەکانی مرۆڤ بەئارەزووی دڵی خۆیان زۆرداری و ستەمیان دامەزراندووە و پێک هێناوە و، ملکەچیشیان بۆ نوواندووە... یاخود لەسەر ئەو پەیمانە بڕیاریان داوە کە هەرچی زیانە بەلایەک بگات و، لایەکەی تریش بەهیچ شتێکەوە خۆی نەبەستێتەوە!. لەبەر ئەوە نابێ ئەوە بگوترێ کە خاوەن دەسەڵات، بۆ یاساکانی فەرمانڕەواییەکەی خۆی ملکەچ ناکات. چونکە ڕاستییەکەی پێچەوانەی ئەوەیە.

هیچ مرۆڤێکیش نییە ئەوەی پێ خۆش بێ کە سەربەستی و ئازادیی خۆی بفرۆشێ بەوە کە بۆ دەسەڵاتێکی بەرەڵڵا ملی خۆی کەچ بکات، تا چیشی پێ خۆش بێ لێی بکات... چونکە ئەمە وا دەگەیێنێ کە ئەو مرۆڤە ژیانی خۆی دەفرۆشێ. بەڵام ژیان هی خۆی نییە. هی خودایە بەبارمتە لای ئەوی داناوە. بێجگە لەوە کە ئێمە دەست لە سەربەستی و ئازادیی خۆمان هەڵبگرین، لە ڕاستیدا خۆمان نزم دەکەینەوە بۆ پلەی هەرە سووکی. هیچ ناز و جیازێکی جیهانیش نییە کە ئەو کەموکوڕییەمان بۆ پڕ بکاتەوە... ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی تیرشەوە ویستنی بەندەیی، شکاندنی یاسای سروشتی تێدایە، پێچەوانەی سروشتی ئادەمیزادە. جا ئەگەر بمانەوێ ئەم بارە سەربگرێ پێویستە سروشت بگۆڕین... ئەو یاسا دانەرانەیش کە وێراویانە بڵێین: «کوڕی بەندە بەبەندەیی لە دایک دەبێ!...»، بڕیارەکەیان وایە کە ئەو مرۆڤە لە دایک ببێ و لە هەموو مافێکی مرۆڤایەتی بێبەش بمێنێتەوە!...



جا لەبەر ئەوە من لەو باوەڕەدام کە فەرمانڕەوایی، لە سەرەتادا وا دانەمەزراوە کە بریتی بێ لە دەسەڵاتێکی زۆردارانەی بەرەڵڵا.

هەروەها بۆ ئەوەیش دانەمەزراوە کە پاشەوپاش بمانگێڕێتە دواوە بۆ ئەو سەردەمەی کە یاسای «فەرمانداری بۆ هەرە دەسەڵاتدار» بەکار هێنراوە. کەچی فەرمانڕەوایی کە داهێنراوە بۆ چارەکردنی ئەو دەردە داهێنراوە... پوختەی ئەم قسانەیش ئەمەیە: کە باری زرنگکاری هەروەک پەیمانێک وایە کە لە ناوەند کۆمەڵێک مرۆڤ و سەرۆکەکانیاندا بەسترابێ، کە خۆیان هەڵیان بژاردوون... بەپێی ئەم پەیمانە، هەردوولا، بەڵێن دەدەن کە لەسەر ئەو یاسایانە بڕۆن کە ئەو پەیمانە بڕیاری لەسەر داون. هەر ئەو یاسایانەیشن کە پەیوەندیی ناوەند هەردوو لایانی بەهێزکردووە، بۆ ئەمەی یەک بگرن و، لەگەڵ یەکیشدا کۆک بن!... نەتەوەکە، بەناوی ئەوەوە کە چاودێریی ئاشنایەتییەکانی کۆمەڵایەتییەکەیان دەکەن، دەسەڵاتی خۆیان، هەمووی دەدەنە دەست یەکێک، کە خواستەکانی ئەوان دەردەبڕێ. جا ئەو بابەتانەی کە ئەم «خواستەیەک بووە» دەریان دەبڕێ، دەبنە یاسای نەژاد، کە هەموو کەسێک لە خاکی فەرمانڕەواییەکەدا دەگرێتەوە. یەکێک لە بەندەکانی یاساکەیش هەڵبژاردن و دەسەڵاتی کارگێڕەکان، یان هی کاربەدەستەکان ڕێک دەخات، کە بۆ ئەوە دادەمەزرێنرێن سەرپەرشتیی جێبەجێکردنی بەندەکانی تر بکەن. جا ئەم دەسەڵاتە هێندە دەکشێ، هەر شتێکیش یاسا بنچینەییەکان یاخود دەستوور بپارێزێ دەیگرێتەوە. بەڵام ئەوەی لە دەستدا نییە کە دەستکاریی ئەو دەستوورە بکات.

دەسەڵاتەکەیش ناز و جیازی ئەوەندە لەگەڵدایە کە هەم بۆ یاساکان، هەم بۆ ئەوانەیش کە ئەو یاسایانە جێبەجێ دەکەن، ڕێزگرتن پێک دەهێنێ. هەروەها کاربەدەستەکانیش ناز و جیازی وایان پێ دەبەخشرێ، کە تۆڵەی ئەو ڕەنج و خەمخۆرییەیان بۆ بکاتەوە، کە بەپێی پێویستی کارگێڕییەکی چاک دەیکەن. پیاوی کارگێڕیش، ئەوەندەی پەیوەندیی بەخۆیەوە هەیە، ئەوە دەگرێتە ئەستۆی خۆی کە ئەو دەسەڵاتەی دراوەتە دەستی، بەجۆرێکی وا بەکاری بهێنی کە لەگەڵ مەبەسی ئەوانەدا ڕێک بکەوێ کە ئەویان هەڵبژاردووە بۆ ئەو فەرمان و جێگەیە. هەروەها ئەوەیش دەگرێتە ئەستۆی خۆی، کە ئاسایشیان بۆ پێک بهێنێ و، بەمەرجێ، کە لە هەموو شوێنێکدا و لە هەموو دەمێکدا، هەموو دەم چاکەی گشتی سەر و چاکەی تایبەتی بخات.

## پیرۆزی بۆ یاسایە، نەک بۆ ئەوانەی بەکاری دەهێنن!

بێگومـان لەپێشـدا ئەم بارەیان زۆر بەجـوان دەزانی. بەڵام لە تاقـیکردنەوەدا، گـەلێک کەموکوڕی و خراپی دەرکەوت، کە نەدەتوانرا خۆی لێ بپارێزرێ... چونکە چاودێری کردنی ئەم بارەیان پێ سپێررابوو، لە مانی بارەکەدا، بەو جۆرە کە تێیدا بوو، کەڵک و چاکەیەکی زۆریان دەست دەکەوت. کاروبار هەڵسووڕاندنی دەزگای یاسا بەکارهێنانیش لەگەڵ ئەو مافانەدا کە پێیەوە بەستـرابوونەوە لەسەر بنچینەی یاسا بنچینەییەکان خۆیان دامەزرابوون. جا لەبەر ئەوە هەردەمێ ئەو یاسایانە لەناودا نەمانایە، پایەکانی ئەوانەیش کە ئەو کاروبارانەیان هەڵدەسووڕاند، ڕەواییەکەیان نەدەما. لەوە بەدواوە کەس ناچار نەدەکرا کە ملکەچی بۆ ئەوانە بنوێنێ. چونکە یاساکان نەک ئەوانەی کە ئەو یاسایانە بەکاردەهێنن، بریتین لە پێیەکانی بنچینەیی بۆ کۆمەڵایەتییش و بۆ فەرمانڕەواییش. ئەو یاسایانە پێویستییەکی بنچینەیی بوون بۆ ئەو پەیمانەی کە هەموو ئەندامەکانی کۆمەڵەکە بەپێی ئەو وازیان لە ئازادیی سروشتیی خۆیان هێنابوو.

لە یاسای زرنگکارییشدا پێویستە دوو دەسەڵات لە یەکتر جوێ بکەینەوە: (دەسەڵاتی یاسادانان) و (دەسەڵاتی یاسا بەکارهێنان).

هەرچی دەسەڵاتی یاسادانانە بریتییە لەو خواستەی کە بڕیاری کارێک یاخود یاسایەک دەدات. هەرچی دەسەڵاتی یاسا بەکارهێنانیشە بریتییە لەو هێزەی کە ئەو یاسایە بەکاردەهێنێ، یاخود جێبەجێ دەکات. ئەمەیش سەبارەت بەوەیە کە (هێزی گشتی) یاخود (هێزی نەتەوە) پێویستی بەجێنشینێک هەیە، کە بەپێی (خواستی گشتی) بەکاری بهێنێ. ئەمەیش کاری فەرمانڕەواییە. چونکە فەرمانڕەوایی شتێکە جیاواز لە فەرماندار یاخود خاوەن دەسەڵات. فەرمانڕەوایی لە ناوەند ژێردەستەکان و خاوەن دەسەڵاتدا کار دەکات، کە هەردوو لایان ئاشنایەتییان لەگەڵ یەکتردا هەیە. فەرمانڕەواییەکە (یاسا)کان بەکاردەهێنێ.

(سەربەستیی کۆمەڵایەتی) و (سەربەستیی زرنگکاری)یش پێک دەهێنێ و دەپارێزێ. جا هەتا ژمارەی ئەندامەکانی کەمتربن، باشتر بەهێز دەبێ... ئەمەیش سەبارەت بەوەیە کە هەموو ئەندامێکی فەرمانڕەوایی، یاخود (کاربەدەست) سێ جۆرە خواستی هەیە:

(خواستێکی تایبەتی)ی هەیە بەو ناوەوە کە ئەندامێکە لە کۆمەڵایەتیدا. خواستێکی تری هەیە بەو ناوەوە کە یەکێکە لە (یاسا بەکارهێنەرەکان). خواستی سێ هەمیشی بەو



ناوەوەیە کە ئەندامێکە لە (کۆمەڵەی فەرمانداری)دا کە خاوەنی دەسەڵاتە. بەڵام ئەم خواستی دواییە لە هەموو خواستەکانی تری کزترە!...

لەسەر ئەمە هەر فەرماندارییەک خرایە دەست یەک کەسەوە واتایەکی ئەوەیە کە هەردوو خواستە بەهێزەکە: خواستە تایبەتییەکەی خۆی و خواستی یاسا بەکارهێنانەکەی لە مرۆڤێکدا کۆ دەبنەوە. لەبەرئەوە فەرماندارییەکە بەهێز دەبێ... خۆ ئەگەر فەرماندارییەکە لەدەست چەند کەسێکدا بوو، هەردوو خواستە بەهێزەکە لە دەست چەند کەسێکدا دەمێنێتەوە بەڵام ئەگەر فەرماندارییەکە کەوتە دەست نیشتمانییەکان هەموویانەوە، خواستەکەی دووەم لەناودا نامێنێ. خواستەکەی یەکەمیش پەرش و بڵاو دەبێتەوە بەناو هەمووداندا. لەبەرئەوە فەرماندارییەکە لە خۆیەوە کز دەردەچێ!...

ئەمە لە لایەکەوە. لەلایەکی تریشەوە «کۆمەڵی فەرمانداری»، ئەگەر بێتو لە ژمارەیەکی زۆر لە فەرماندارەکان پێک بێ، زۆرتر ئامادە دەبێ، کە لەگەڵ «خواستی گشتی»دا. بڕوات بەڕێوە.

کاری یاسادانەریش لێرەدا ئەمە دەبێ کە خەریکی ئەوەبێ لەنگەر ڕابگیرێ. بەڵام بەجۆرێکی وەها کە فەرمانڕەوایی پێی بێ هێز نەبێ. هەر لەو کاتەیشدا فەرمانڕەواییەکە لە سنووری ڕاستی و دروستیی خۆیدا بەقسەی فەرماندار بکات و ملکەچی بۆ بنوێنێ.

## یاسا جۆرجۆرەکانی فەرمانڕەواییەکان

یاسا جوێ جوێکانی فەرمانداری، لە سایەی وەک یەک نەبوونی تاک و تەراکانی گەلەوە پەیدابوون، کە لە کاتی دامەزراندنیاندا ئەو جیاوازییانە لە گۆڕێدا بوون... جا لەو کاتەدا کە لە ناو نەتەوەدا پیاوی وا هەبووە کە لەوانیتر لەپێشتر بووە لە بابەت هێز و، کردەوەی شیرین و، سامان و دەسەڵاتی تایبەتییەوە، ئەم پیاوەیان هەڵدەبژارد و دەیانکرد بەفەرمانداریکی تەنیا لە نیشتمانەکەیاندا، کە ئەوانی تر دەسەڵاتی خۆیان لەو وەردەگرت... بەمەیش دەڵێن: «یاسای خونکاری».

بەڵام کە هەڵکەوتوو لێهاتوو زۆر بوونایە و هەموویشیان توانایییان وەک یەک بووایە و لەوانی تریش گەورەتر بوونایە، نەتەوە هەموویانی هەڵدەبژارد... بەو ڕەنگە فەرمانداری دەکەوتە دەست چەند کەسێکەوە، بەمەیش دەڵێن: «باسلی ئەریستۆکراتی».

بەڵام لەو کۆمەڵایەتییانەدا کە ئەندامەکانیان لە باری سروشتی زۆر لایان نەدابوو، جیاوازییەکی زۆریش لە ناوەندیاندا پەیدا نەبووبوو لە ڕووی سامان و لێهاتووییەوە،

فەرمانداررییەکە دەکەوتە دەست هەموو نەتەوە کە یاخود دەست بەشی هەرە گەورەی نەتەوەکە... بەمەیش دەڵێن: «یاسای دیموکراتی». ڕەنگە ئەوەیش بگوترێ کە ئەم یاسایە لە هەموو یاساکانی تر چاکترە بۆ نەتەوە. چونکە لەژێر سێبەری ئەم یاسایەدا، یاسادانەرەکان خۆیان یاساکان دەخەنەگەڕ. ئەوانەیش لە هەموو کەس باشتر دەتوانن ئەو یاسایانە لێک بدەنەوە و بەکاری بهێنن. ئەوەندە هەیە، ئەوە بەچاک دانانرێ کە نەتەوە کاروباری گشتی بەرەڵڵا بکات و خۆی بەچەند کاروبارێکی دیاری کراوەوە خەریک بکات. چونکە هیچ شتێک لەوە سامناکتر و پڕ مەترسیتر نییە کە کەڵک و چاکەی تایبەتی کار لە کاروباری گشتی بکات. ئەمەیش پێچەوانەی سروشتە کە فەرماندارەکان لە ژمارەدا زۆرتر دەربچن لەژێر دەستەکان، لە فەرمان پێ کراوەکان... مەگەر نەتەوە هەموو کەسێکی خودابێ، ئەگینا هیچ نەتەوەیەک ئەوەی لە باردا نییە کە لە شێوەیەکی دیموکراتیی ڕاستەقینەدا فەرمانداری بەسەر خۆیدا بکات.

فەرمانداریی ئەریستۆکراتییش بریتییە لە سێ شێوە: یان لە شێوەی سروشتیدا پێک دێ. یان بەهەڵبژاردن. یاخود لە باوکەوە دەمێنێتەوە بۆ کوڕ. شێوەی سروشتی هەر لەناو کۆمەڵایەتییە سەرەتاییە ساکارەکاندا بەکار دەهێنرێ. شێوەی سێیەمیش لە هەموو یاساکانی فەرمانداری خراپترە. بەڵام شێوەی دووەمیان لە دوانەکەی تر چاکترە. چونکە بەهۆی هەڵبژاردنەکەوە پیاوی هەرە تێگەیشتوو و هەرە دەست و دەروون پاک دێتە سەر تەختی فەرمانداری؛ کە ئەمەیش دەبێتە هۆی پەیدابوونی فەرماندارییەکی بێ وەی. یەکەم کەموکوڕیی فەرمانداریی خونکاری ئەوەیە کە بۆ خونکارەکە وا باشە نەتەوە هەر لە کزی و بێ دەسەڵاتی و هەژاری دا بمێنێتەوە. تا کەسیان توانایی ئەوەیان نەبێ بەرەنگاریی دەسەڵاتی ئەو بکەن. هەروەها یاسای خونکاری ماوە دەدات بەفرۆفێڵباز و دەستبڕ و هەڵبازەکان پایەی سەربەرزی دەست خۆیان بخەن. ئەمەیش بەهۆی داونانەوەی کۆشکی شاهی و فرۆفێڵی بەردەستەکانی خونکارەوە پێک دێ. هەرچی یاسای خونکاریی بەهەڵبژاردنیشە، خەوشەکەی ئەوەیە، کە لە پاش مردنی خونکار پشێوی و ئاژاوە پەیدا دەبێ. لە لایەکی تریشەوە یاسای خونکاریی کوڕ لە دوای باوک، کەسایەتیی خونکار و کردەوە و ڕەوشتی ئەو دەخاتە دەست ڕێکەوت و بەختەوە!...

لە سەرەتادا وا بوو، هەرچی پیاوانی فەرمانداری هەبوون لە ئەنجامی هەڵبژاردندا دەکران بەفەرماندار. ئەگەر سامانی لێ دەربکەین، هەڵبژاردنەکە لەسەر دوو بنچینە دادەمەزرا:



(لێ هاتوویی) و (تەمەن)... ئەوەندە هەبوو، هۆگربوون بەهەڵبژاردنی پیاوی پیرەوە، هۆی ئەوەی کە زوو زوو هەڵبژاردنە کە دەست پێ بکرێتەوە. چونکە فەرماندارە پیرەکە زۆری پێ نەدەچوو، دەمرد. لەبەر ئەوە ناچار دەبوون دووبارە دەست بکەنەوە بەهەڵبژاردنی فەرماندارێکی تر. جا ئەم جۆرە هەڵبژاردنانە کە وا بەزوویی تازە دەبوونەوە، بووبوونە سەرچاوەیەکی پشێوی و ئاژاوە و، داونانەوە و، گەلەکۆمەکی و، شۆڕشکردن. کە لە ئەنجامدا شەڕی ناوخۆ هەڵدەگیرسا. ئەوەندەی نەمابوو نەتەوە بەهۆی ئەو جەنگانەوە بگەڕێنەوە سەر ژیانی دڕندانەی سەرەتایان!...

هەندێ لە فەرمانداران‌یش ئەمەیان بەهەل دەزانی، دەستیان کرد بەبنج بەستکردنی فەرمانداری لەناو خێزانەکانی خۆیاندا. هەر لەو کاتەیشدا هەموو لایەک وایان لێ هاتبوو کە مافەکانی خۆیان بدەنە دەست فەرمانڕەوایی و، هەموو هێز و تواناییەکی خۆیان بخەنە سەر سرەوت و حەسانەوە. لەبەر ئەوە لە پێناو درێژەپێدانی دڵنیایی خۆیاندا، پەرەسەندنی زۆروستەمی فەرماندارەکانیان بەباش دەزانی... بەم ڕەنگە فەرمانداری وای لێ هات: لە باوکەوە دەمایەوە بۆ کوڕ، یاخود بۆ خزمێ لە خزمەکانی فەرماندار. فەرماندارەکان فەرمانداریان بەسامانێکی خێزانەکەی خۆیان دادەنا.

نیشتمانی کۆمەڵایەتیشیان بەگوندێکی خۆیان دادەنا. تاکەکانی کۆمەڵایەتیشیان بەبەندە یاخود بەئاژاڵ دادەنا!... فەرماندارەکان خۆیان دەخستە شێوەی خوداکانەوە. پاش ناوی شاهەنشاهانیان بۆ خۆیان دادەنا!... نەبوونی یەکسانی بەم جۆرە گۆڕا. لە (بڕیاردانی یاساکان)ەوە و (مافی زەویداری)یەوە دەستی پێکرد. دوای ئەوە (فەرمانداری) دامەزرێنرا. پاش ئەویش دەسەڵاتی دروست و پەسند کرا و گۆڕا و بوو بەدەسەڵاتێکی تاک و تەنیایی و زۆردارانە... لە هەنگاوی یەکەمدا جیاوازیی ناوەند کەسانی کۆمەڵایەتییەکە بڕیار درا... دەوڵەمەندەکان بەسەر هەژارەکاندا زاڵ بوون... لە هەنگاوی دووەمیشدا جیاکردنەوەکە لەوەدا دەردەکەوت کە دانیان دەنا بەزۆرلێکردنی بەهێز و بەدەسەڵات بەسەر بێ دەسەڵاتەکاندا... لە هەنگاوی سێیەمیشدا جیاکردنەوە کە بووە هۆی پەیدابوونی (گەورە) و (بەندە)!... جا ئەگەر یاسای فەرماندارییەکە بەچەند شۆڕشێکی تازە لەناو نەبرایە، یاخود نەخرایەوە سەر ڕێگای دروستی خۆی، نایەکسانی دەگەیشتە ئەوپەڕی پلەی خۆی. جا ئەگەر بەووردی لەم بابەتە بکۆڵینەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەگەر دەسەڵاتێکی هەرە گەورەی وا نەبێ کە بتوانێ هەردوولا بخاتە سەر ئەوەی گفت و بەڵێنی خۆیان بەجێ بهێنن بەرامبەر بەیەکتری بەپێی ئەو «پەیمانی کۆمەڵایەتییەی کە پێکهاتووە لە

ناوەندیاندا»، بێگومان هەر لایە دەبێتە ناوبژیکەرێک بۆ خۆی و، بەپێی ئارەزوو و بیر و باوەڕی خۆیشی بڕیار دەدا. هەروەها، هەموو دەمێکیش ڕێ دەدا بەخۆی کە مافی دەست هەڵگرتن و وازهێنان لە دەسەلاتداری بەکاربهێنرێ...

ئەمەیش سەبارەت بەوەیە، کە ئەگەر فەرمانداری خاوەن دەسەلات، کە هەموو شتێکی خستە ژێر چنگی خۆیەوە و. هەر کەڵک و چاکەیەکیش لەناو پەیماننامەکەدابێ ڕەوای ببینێ بەخۆی، مافی ئەوەی نەبێ واز لە دەسەلاتەکەی خۆی بهێنێ، بێگومان ئەوانەی لەژێر چنگیدان و بەهۆی هەڵەکانی ئەوەوە زیان و ئازاریان پێ دەگات، مافی تەواویان هەیە کە خۆیان لە ژێر دەستی ئەو دەربهێنن و لەوە بەولاوە بەگەورەی خۆیانی دانەنێن... ئەو شەڕوشۆڕ و پشێویانەیش کە لە ئەنجامی ئەوەوە قەوماون، بۆمان ڕۆشن دەکەنەوە کە فەرمانڕەواییەکانی مرۆڤ تا چ ئەندازەیەک داماون لەسەر ئەو دەستوورانەی کە سەختتر و بنج بەستراوترن...

جیاوازیی زرنگکارییش لەوانەیە کە جیاوازیی شارستانێتیی کۆمەلایەتی پێک بهێنێ. جا ئەگەر یەکسانی لە ناوەند فەرمانڕەواکان و نەتەوەدا پەرەبسێنێ، ئەو یەکسانییە ناوەند تاک و تەراکانی گەلیش دەگرێتەوە و، کار لە پەیوەندی و ئاشنایەتیی ناوەندیشیان دەکات.

فەرمانداریش پێی ناکرێ هیچ دەسەلاتێکی ناڕەوا بۆ کەڵکی خۆی بەکاربهێنێ، تا کار نەکاتە سەر ئەو کەسانەی کە لەو دەسەلاتەدا لەگەڵیدا بەشدار دەبن. ئەو بەشانەیش کە بەر ئەو جۆرە کەسانە دەکەون بریتین لە ناز و جیاوازێک کە ئەوان و کەسانی تر لە یەکتر جوێ دەکەنەوە. هەروەها هیچ کەسێکیش زۆرداریی پێ خۆش نابێ، ئەوەندە نەبێ کە ئاواتی کوێرانەی گەورەیی پاڵی پێوە بنێ بۆ ناو ژیان.

چونکە ئەمە هەرگیز ئاسان نییە بۆ تۆ کە مرۆڤێک بخەیتە ژێر چنگی خۆتەوە و، ملی پێ کەچ بکەیت، تا تووشی چاوچلێسییەک نەبووبێ کە زاڵ بووبێ بەسەریدا و دڵی کێش کردبێ بۆ خۆی. کەواتە نایەکسانی لەناو ئەو جۆرە هۆشانەدا پەیدا دەبێ و، بڵاو دەبێتەوە کە چاوچنۆکییە توندوتیژەکەیان پاڵیان پێوە دەنێ بۆ جەربەزەیی و خۆخستنە ناو تەنگوچەڵەمەوە. وایشیان لێ دەکات گوێ نەدەنە ئەو ئەنجامانەی کە تووشیان دێن بەهۆی چاوچلێسییەکانەوە.

واتا بێ دەمار و کەمتەرخەم بن بەرامبەر ئەو زۆرداریيەی کە لێیان دەکرێ، ئەو دیلی و بەندەیییەی کە بەسەریان دێ، هیچ پێیان گران نابێ!... لە ئەنجامی ئەمەیشەوە، مرۆڤ



گەیشتە سەردەمێکی وەها، کە ئەگەر فەرماندار پاش ناوێکی بەکەسێک ببەخشییایە، هەر ئەوە بەتەنیا بەس بوو بۆ ئەوەی کە لە بەرچاوی خۆیدا و لە بەرچاوی کەسانی تریشدا بڵند ببێتەوە. ڕووکەش و دیمەنی ڕووالەتی کوێریان دەکرد و، ڕاستیی باری خۆی بەچاوی خۆی نەدەدی، کە تا چ ئەندازەیەک نوشوستی هێناوە و سووک و ڕیسوایش بووە!...

## دەوڵەمەندیی سەرچاوەی چەوتی و تێکچوونە

بەکورتی: تەنانەت ئەگەر «کۆمەڵی فەرمانداری»یش دەسوپلی تێ نەخات، لە ناوەند کەسان دا، نایەکسانی بووەتە کارێکی ناچاری کە دەبێ ڕووبدات. چونکە هەر بەوەندە کە لەناو کۆمەلایەتییەکدا یەکیان گرتووە، هەریەکەیان ئەوە بەمێشکیدا دێ کە بەراوردێک لە ناوەند خۆی و کەسانی تردا بکات... جیاوازیش چەند جۆرێکە: لە هەموویان ئاشکراتر دەوڵەمەندییە و، سایە و، پایە و، دەسەلات و، لێهاتووییە... کە جیاوازی دەستی پێ کرد، لە «لێهاتوویی»یەوە دەستی پێ کرد. دوایی ئەمەندە نزم بووەوە گەیشتە سەر «دەوڵەمەندی». چونکە پیاو بەهۆی سامانەوە هەموو جۆرە ناز و جیازێک، یاخود جیاوازییەکی پێ دەکرێ... جا لێرەوەیە، کە دەبینن مرۆڤ لە هەموو لایەکدا لە یاسا بنچینەیییەکانی خۆیان داوە. واتا لەسەر دەستوورە کۆنەکەی خۆیان ناڕۆن، بەناخی بەدخووییشدا هاتوونەتە خوارەوە تا بنی بنەوە!... لە تواناماندا هەیە کە بەدرێژی لەوە بدوێیم کە چۆن ئارەزووی ناوبانگ دەرکردن و خۆنواندن هۆی (بەربەرەکانی) و (سەرکەوتن) و (سەرنەکەوتن)ە. هۆی هەموو کردەوە چاکی و کردەوە خراپییەکە کە هەمانە. هۆی هەموو زانیاری و هەڵەیەکمانە...

جا ئەگەر لە بابەت نایەکسانییەوە، لەمە زۆرتر بدوێین، دوایی ناچار دەبین لە بابەت چاکە و خراپەی هەموو جۆرە فەرمانڕەواییەکەوە بدوێین. چونکە لە باری سروشتیدا، مرۆڤ پەیوەندیی بەو فەرمانڕەواییانەوە هەیە... هەروەها ناچاری ئەوەیش دەبین کە لە بابەت هەموو ڕوویەکی جوێ جوێوە بدوێین کە نایەکسانییان تێدا دەرکەوتووە، یاخود لە داوڕۆژدا تێیاندا دەردەکەوێ، بەپێی سروشتی ئەو چەند فەرمانڕەواییە جوێ جوێیانە، لەگەڵ ئەو هەڵگێڕانەوە و گۆڕانانەیشدا کە بەدرێژاییی ڕۆژگار بەسەریاندادێ... ئەوساکەیش وامان دێتە پێش چاو کە کۆمەڵەکان لەناو خۆیاندا زۆرداربیان تووش دێ، کە دووربینی دەکەن بۆ ئەوەی خۆیان لە زۆرداریی بێگانە بپارێزن... کە تەماشا دەکەین تا دێت زۆرداری زۆرتری لێ دێ.

کەچی زۆرلێکراویش ئەو هەلەی بۆ هەڵناکەوێ کە پەی ببات بەو ئەندازەیەی کە دەبێ زۆرداریی تێدا بوەستێ. یاخود پەی بەو ڕێگا دروستانە ببات کە بۆی ماونەتەوە، تا زۆردار لە جێی خۆی دا ڕابگرێ و جڵەویشی بکێشێتەوە!. هەروەها ئەوەیش دەبینین کە فەرمانداری زۆردار، دەست دەداتە شتی وا کە زوو بەزوو نەتەوە لە کار بوەستێنێ و پشتی تێ هەڵ بکا. کە پاڵەوانەکانی نیشتمانەکە، لەجیاتی وەک پێشوو خۆیانی بۆ بدەن بەکوشت، لێی هەڵدەگەڕێنەوە و دەبن بەدوژمنی. ناچاریش دەبن کە شیر لە ڕووی برا نیشتمانییەکانی خۆیاندا هەڵبکێشن!...

جا لەناو گێژاوی ئەم جۆرە پشێوی و ئاژاوەیەدا، زۆرداری بەکار هەرچییەکی تریش ماوەتەوە، بەبێ وەی، قووتی دەدات.

باڵاخانەکەی فەرمانداریی خۆی لەسەر کەلاوە و وێرانەی نەتەوە قایمتر دەکات. ئیتر فەرماندارەکە زۆروستەمی لە ئەندازە دەردەچێ و دەبێ بەپیاوێکی خوێن خوار. ئەمەیش دوامین پلەی نایەکسانییە، ئەمە ئەو جێگایەیە کە کەمەرەی باری زرنگکارییەکە تەواو دەکات. جا لێرەوەیە کە دەگەڕێینەوە بۆ پاشەوە، تا دەگەینەوە جێی خۆمان، ئەو جێگایەی لە سەرەتاوە دەستمان پێ کرد... چونکە بەپێی ئەم بارە تازەیە، هەموو کەسێک وەک لە سەرەتادا لە یەکسانیدا بوون، دیسانەوە یەکسان دەبنەوە... بەڵام ئەمجارە لە بەندەیەتیدا. هەموویان لە بەندەیەتیدا وەک یەکیان لێ دێ. یاسا نامێنێ تا لەسەری بڕۆن. ئارەزووی فەرماندار وەک یاسای لێ دێ. پێویستە بەپێی ئەو ئارەزووە بجوولێنەوە. ئەم فەرماندارەیش هیچ کەسێکی لەسەرەوە نییە سەرپەرشتیی بکات و جڵەوی بوەستێنێتەوە لە خراپە. مەگەر هەوەس و ئارەزووی خۆی کە لەسەر خراپەیە... چونکە هەرچی پاڵپێوەنەری کەڵک و چاکەیە بۆ نەتەوە، لە دڵ و دەروونی فەرماندارەکەدا نامێنێ. ئیتر لێرەوە، سەرلەنوێ، نەتەوە دەگەڕێتەوە سەر ئەو یاسایەی کە دەڵێ: کار دەدرێتە دەست ئەو کەسەی کە لە هەمووان بەدەسەڵات ترە!...

هەروەها دەگەڕێتەوە سەر باری سروشتی. بەڵام بارێکی وەها کە پاک و خاوێنیی تێدا نەماوە و، بەد خوییش هەموو لایەکی گرتۆتەوە!...

جا لەبەر ئەمە «پەیمانی کۆمەڵایەتی»یەکە، کە بەپێی ئەو، «کۆمەڵی فەرمانداری»یەکە دامەزرابوو، هەڵدەوەشێتەوە. چونکە فەرماندارە زۆردارەکە، دەسەڵاتەکەی خۆی بەوە دەپارێزێ، کە لە کەسانی تر بەهێزتر بمێنێتەوە... کەواتە لابردنی لەسەر تەخت یاخود



لەناوبردنی بەکارێکی ڕەوا دادەنرێ. چونکە بەپێی یاساکە، هەر کەسێ بەهێزتر بێ، ئەو فەرمانداری دەباتەوە!...

ئەنجامی هەرە گرنگی ئەم لێدوانەیش کە بەدرێژی لە بابەت (نایەکسانی)یەوە کرا، لەگەڵ پێشاندانی ئەو ئەنجامە خراپانەی کە تووشی نەتەوە دێن بەهۆی ئەم نایەکسانییەوە، ئەوەیە کە هەر (خواستی گشتی)یە بتوانێ هێزەکانی فەرمانڕەوایی ئاراستە بکات بۆ ئەو ئامانجەی کە فەرمانڕەواییی بۆ دامەزرێنراوە. ئەو ئامانجەیش! (کەڵک و چاکەی گشتی)یە. کەواتە گەورەیی، یاخود دەسەڵاتداری بۆ ئەوە دانراوە کە ئەو «خواستی گشتی»یە بەکاربهێنێ. ئەنجامەکەیشی ئەوەیە کە فەرماندار لە خواستی خۆیەوە فەرمان نابینێ. لە خواستی گشتییەوە فەرمان دەبینێ. جا لەبەر ئەوە گەورەیی یاخود دەسەڵاتداری، ناگوێزرێتەوە بەش بەشیش ناکرێ... چونکە (خواست)یان گشتی دەبێت و هەموو لایەک دەگرێتەوە، کە واتا ئەوەیە ئارەزوویەکی نەتەوەیە دەبێتە یاسا.

یاخود گشتی نابێت و هەر بریتیی دەبێ لە ئارەزووی کەسێک یاخود چەند کەسێکی ناسراو، کە ئەمەیش لە سنووری گەورەیی و فەرمانداری دەردەچێ... چونکە (یاسا) بریتییە لە دەربڕینێکی «خواستی گشتی». (کۆمەڵی فەرمانداری)یش یاخود فەرماندار، یان خاوەن دەسەڵات، مافی ئەوەی نییە کە یاسایەکی وا دابنێ کە هەر بۆ بەشتێک لە دامەزرێنەرانی فەرمانڕەوایی بەکار بێ. چونکە ئەمە وا دەگەیێنێ کە (خواستی گشتی) دەست دەداتە ئاشنایەتییەکی تایبەتی لەگەڵ کۆمەڵێکی دیاری کراودا. کە ئەمەیش پێچەوانەی سروشتی (خواستی گشتی)یە کە خۆیەتی!...

## سەربەستی و یەکسانی گرنگترین ئامانجن

لە لایەکی تریشەوە، یاسادانەری تێگەیشتوو و ژیر، پێش ئەمەی دەست بکات بەدانانی یاساکان، کە لە شێوەی نووسین و وشەکانیاندا باش دەردەکەوێ، ئاوڕێک دەداتەوە لەم لاو لەولای خۆی، تا بزانێ نەتەوە پەسندیان دەکات یان نا، بەڵێن دەدات بەپێڕەوی کردنیان یان نا... بۆ یاسادانەر پێویستە چەند بابەتێک بخاتە پێش چاوی خۆی، بەپێی ئەوانە بجوولێتەوە، وەک: شێتی نیشتمانەکە و، سروشتی زەوییەکە و، پلەی زۆری و کەمیی دانیشتووەکانی و مێژووی نەتەوەکەی و، هەوەس و ئارەزووی دانیشتووەکانی و کار و پیشەیان... یەکێک لەو بابەتە گرنگانە پێوانەی خاکی فەرمانڕەواییەکەیە. چونکە بۆ هەموو فەرمانڕەواییەک سنوورێک هەیە. ئەگەر لەو سنوورە کەم بووەوە، ئەمەندە بچووک

دەبێ، پێی ناکرێ خۆی خۆی بژیێنێ. پێیشی ناکرێ خۆی بپارێزێ!... بۆ هەموو (کۆمەڵێکی زرنگکاری)یش سنوورێک هەیە لە هێز و دەسەڵاتدا. ئەگەر بێتو لەو سنوورە تێبپەڕێ، هەڵدەئەنگوێ و سەرئەنگرێ دەبێ. جا هەرچەند ماوەی کۆمەڵایەتی فراوانتری لێ بێ ئەو پەیوەندییەی پێکیەوە دەبەستێتەوە هەڵدەوەشێتەوە...

لەڕاستیدا هێز فرەکردن یاخود زەوی فراوانکردن، لە ئامانجە گرنگەکانی فەرمانڕەوایی ناژمێرێن. ئەو ئامانجانەی لە هەموویان گرنگترن دووانن: (سەربەستی) و (یەکسانی). جا هەموو یاسایەکی نەتەوەیی، پێویستە ئەو دوو ئامانجەی تێدا بێتەدی... جا چونکە (کۆمەڵی فەرمانداری) بەبێ یاسا کارناکات و، یاساکانیش بریتین لە بەرهەمی (خواستی گشتی). بێگومان تا نەتەوە هەمووی کۆنەبێتەوە و، خواستی خۆی دەرنەبڕێ، (کۆمەڵی فەرمانداری) کاری پێ ناکرێ... جا لەبەر ئەوە، ئەمە بوو بەپێویستییەکی تەواو کە لە چەند کاتێکی دیاری کراوی دامەزراو و نەگۆڕراودا، نەتەوە کۆ ببێتەوە، تا بڕیارەکانی خۆی دەربکات، تا خواستەکانی خۆی دەرببڕێ... ئەم کۆبوونەوانەیش نابێ لە ناودا هەڵبگیرێن. نایشبێ دوا بخرێن بۆ هەلێکی تر.

## نەتەوەی ئینگلیز ئازاد نییە!

ئەم بیروباوەڕە بوو بەهۆی ئەوەی هەڵبژاردنی (نوێنەرانی نەتەوە یاخود ڕاسپێراوانی نەتەوە) بۆ (کۆمەڵانی نیشتمانی) دابهێنرێ. بەڵام دەسەڵات و گەورەیی نەتەوە بەنوێنەران یاخود بەڕاسپێرراوا نانوێنرێ. چونکە هەر بە«خواستی گشتی» پێشان دەدرێ. «خواستی گشتی»یش بەنوێنەران یاخود بەڕاسپێراوان بەباشی دەرنابڕێ. جا لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ کە نەتەوەی ئینگلیز چەواشە کراوە بەوەی کە خراوەتە مێشکییەوە کە خۆی بەسەربەست و ئازاد دابنێ، هەر لەبەرئەوەی کە یاسای کۆڕی نەتەوەی هەیە و کەڵکی لێ دەبینێ. لە ڕاستیدا نەتەوەی ئینگلیز، هەر لە سەردەمی هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆڕی نەتەوەدا چێشکەی سەربەستی و ئازادی دەکات. ئیتر کە لە هەڵبژاردنەکە بووەوە، دەچێتەوە ژێر باڵی بەندەییێتییەکەی خۆی. ئەوەندە هەیە یەکێک لەو ئەنجامانەی کە لە «پەیمانی کۆمەڵایەتی»یەوە پەیدا دەبێ و هۆش پەسندی دەکات، ئەوەیە کە لە (کۆمەڵەکانی نەتەوە)دا زاڵبوون بەزۆربەی ئەندامان دەبڕێ. واتا لە کۆڕی نەتەوە (پارلەمان)کاندا زۆربەی ئەندامەکانیان چیان بڕیار دا، هەمووان دەبێ مل بۆ ئەو بڕیارە کەچ بکەن... تەنیا یاسایەکیش کە پێویستی بەبڕیاردانێکی گشتی بێ لەلایەن هەموو



ئەندامانی نەتەوەوە، ئەوەیە کە پێی دەڵێن: «پەیمانی کۆمەڵایەتی». بەڵام کە هاتوو مرۆڤ ملی کەچ کرد بۆ یاسایەک کە بڕیاری لەسەر نەدابێ و پەسندی نەکردبێ، چۆن بەئازاد دەژمێرێ؟... منیش وەرامی ئەم پرسە وا دەدەمەوە، دەڵێم: هەر کاتێ یاسایەک خرایە بەردەم (کۆمەڵی نەتەوە)، کەینەوبەینە کە لەمەدا دەرناکەوێ کە ئاخۆ هاونیشتمانەکان ئەو یاسایە پەسند دەکەن و بڕیاری لەسەر دەدەن، یاخود پەسندی ناکەن و بڕیاری لەسەر نادەن؟... کەینەوبەینە کە لەمەدا دەردەکەوێ: ئاخۆ ئەو یاسایە لەگەڵ «خواستی گشتی»دا ڕێک دەکەوێ، یاخود ڕێک ناکەوێ؟... جا ئەگەر زۆربەی ئەندامانی (کۆمەڵی نەتەوە) کە بڕیاریان لەسەر دا، ئەم دەبێتە بەڵگە بۆ بەشە کەمەکەی ناو (کۆمەڵی نەتەوە) کە، کە لەوەدا هەڵەیان کردووە، کە خۆیان وا هاتۆتە پێش چاو کە نوێنەری (خواستی گشتی)ی نەتەوەن. کە یاساکە بڕیاری لەسەر درا و تەواو بوو، ئەندامن لە کۆمەڵایەتییەکدا- بەبەشدار دادەنرێن لە دانانی ئەو یاسایەدا. ئەمەیش بەو مەرجەی کە یاساکە (خواستی گشتی)ی دەربڕیبێ.

ئەنجامی ئەمەیش ئەوەیە کە ئەو بەشە کەمەی (کۆڕی نەتەوە)یەیش بەڵێن دەدەن کە بەپێی ئەو یاسایە بەڕێوەبچن و ملی بۆ کەچ بکەن... پوختەی ئەم هەموو لێ دووانەیش ئەمەیە، کە لە باری سروشتی مرۆڤدا، کە مرۆڤ پێوەی لە دایک بووە، لە بابەت (نایەکسانی)یەوە هیچ شتێک لە ئارادا نییە. هەر (نایەکسانی)یەکیش، ئیمڕۆ، لەناو کۆمەڵایەتییدا هەبێ، لەوەوە پەیدا بووە کە هێز و توانایی و لێهاتوویمان گەشەیان کردووە و هەڕەتیان سەندووە. هەروەها لەوەیشەوە پەیدابووە کە هۆشی مرۆڤایەتی پێشکەوتووە. دوای ئەوەیش ئەو (نایەکسانی)یەی کە کۆمەڵایەتیی ئیمڕۆی گرتۆتەوە، بەهۆی بڕیاردان بەسەر (مافی زەویداری) و دەرکردنی (یاسا) وە جێگیربوون و، ڕەواییی بوونی خۆی دەست کەوتووە!...

# ڕیشیلیۆ

ژیان و ئامۆژگارییە زرنگکارییەکانی
کاربەدەستی هەرە گەورەی فەرەنسە، ڕیشیلیۆ، کە بەکاردینالی
خوێنڕێژ ناودەبرا (لە گۆڤاری «کتابی»یەوە وەرگیراوە)

ئەم نووسراوە

لە سەردەمی شانزەهەمدا (فەرەنسە) دەینالآند بەدەست زۆرداری و کەمتەرخەمی فەرمانڕەوایی فەرەنسەوە لە ڕاستیدا ئەو هەر بەناو (فەرمانڕەوایی) بوو. لە ڕەفتاردا هۆزەکی بوو... خزمایەتی و هۆزایەتی و لایەنگیریی بەکار دەهێنرا... کەڵکی گشتی لە ئارادا نەبوو. کەڵکی ناپوختەی تایبەتی ئامانجی هەمووان بوو... هەرچی دز و درۆزن و دووڕوو و بێ ئابڕوو بوو، ئەوە لەپێش بوو... نە (دادپەروەری) بایەخی پێ دەدرا، نە (یاسا)، نە (فەرمانڕەوایی)... هەر کەسە بۆ خۆی بوو... هەر کەسە بۆ خۆپەرستی و پوولپەرستی خۆی هەوڵی دەدا... (نەخۆشی) و (هەژاری) و (نەخوێندەواری) دەڕۆیشت... جا لەو سەردەمەدا (نەتەوەی فەرەنسە)ی هەژار و لێ قەوماو، داماوی دەستی کاربەدەستێکی زرنگی بەچنگ بوو، کە لەسەر یاسایەکی (دیموکراسی) و (خوداناسی) و (دادپەروەری)، فەرمانڕەواییەکە بیات بەیۆورە، تا کاروباری گشتی ڕاست ببێتەوە و نەتەوەیش سەرلەنوێ ڕووبکاتەوە گەشی و خۆشی و سەربەرزی. جا خودا (ڕێشیلیۆ)ی بۆ ڕەخساند، کە لە ناوەند ساڵەکانی ١٥٨٥-١٦٤٢دا ژیا... (ڕێشیلیۆ) هەرچەندە لە خێزانێکی هەژاری خانەداندا لەدایک بووبوو، بەڵام توانی خۆی پێ بگەیێنێ و، فەرەنسەیش بەئاواتەکانی خۆی بگەیێنێ. لە کەشیشێکی پچووکەوە بەهۆی خوداناسی و فەرمانپەرستی و نیشتمانپەروەری و چالاکییەکەیەوە، توانی خۆی بگەیێنێتە پایەی (سەرۆکایەتی کاربەدەستانی فەرەنسە).

شارەزاییەکی زۆریشی پەیداکرد لە زانستەکانی (ئایین) و (سەربازی) و (وێژە) و (زرنگکاری) و (فەرمانداری)دا بەهۆی ئەو زانستانەوە کە بەکاری دەهێنان خەباتێکی هەژدە ساڵی مەردانەی کرد و، وازی نەهێنا، تا فەرەنسەی لە دەستدرێژیی پیاوانی کۆشکی شا و، لووتبەرزیی خانەدانە زەویدارە گەورەکان و، سەرکێشی (هیگۆنۆت)ەکان و، بەرەڵلایی فەرماندارانی ناوچەکان ڕزگار کرد. هەروەها ڕێزگرتن لە (یاسا) و (دادپەروەری) و (کەڵکی گشتی) و (یەکێتی فەرەنسە)یشی فێری هەمووان کرد. بەهۆی نیشتمانپەرستی ئەوەوە (فەرەنسە) لە ناوەوە و، لە دەرەوەیشدا بووژایەوە و، هێز و هەڕەتی پەیدا کردەوە و، سەریشی بەرز کردەوە. بێجگە لەوە (ڕیشیلیۆ) گەشەیشی کرد بەخوێندەواری: پشتی زانایان و وێژەوانانی دەگرت و، یارمەتی دەدان. خۆیشی نووسراوی دادەنا و وتاریشی بلاو دەکردەوە. (زانکۆی فەرەنسە)یش هەر ئەو دایمەزراند.

(ڕیشیلیۆ)، هەرچەندە دوژمنەکانی، کە یەجگار گەورە و بەچنگ بوون و، بەخوێنڕێژیان دادەنا، بەڵام لە ڕاستیدا لە کاربەدەستە هەرە گەورەکانی (فەرەنسە) و (جیهان) دەژمێرێ خوداناسییەکەی و، دادپەروەرییەکەی و، کارامەییەکەی لە ڕاپەڕاندنی فەرمانە گشتییەکانیدا، لەگەڵ (ئامۆژگارییە زرنگکارییەکان)ی، کە لە کاتی سەرەمەرگیدا پێشکەشی (لویسی سیانزەهەم)، خونکاری فەرەنسەی کردبوو، ئەمانە هەموو، چاکترین بەڵگەن بۆ ئەوەی کە (ڕیشیلیۆ) پیاوێکی بلیمەت و ژیر و تێگەیشتوو و هونەرمەند و نیشتمانپەروەر و چاکەخواز و کارگوزار بووە و، خۆیشی لە پێناو (ئازادی) و (کامەرانی)ی نەتەوەکەی خۆیدا بەخت کردووە.

نیشتمانی ئێمەیش شایستەی ئەوەیە، کە ئەم (نووسراو)ە، پێشکەشی خوێندەوارە بەڕێزەکانی بکەم. بۆ ئەمەی کەڵک و خۆشی لێ وەربگرن.

شاکر فەتاح
(خاوەن پرۆژەی خوێندەواری کورد)
سلێمانی - ١٩٦٦/١/١٠

## خۆشی بێ و ترشی بێ، پیاوێکی ئایینیی بوو!

تا هەژدە ساڵیش فەرەنسە بەترس و لەرز و دڵ پیاچوونێکەوە، بەمەترسی و هیوایەکەوە، سەیری کەشیشێکی دەکرد. کە خش و هووڕی بەرگە ئایینییەکانی لەناو هۆڵ و ڕاڕەوەکانی کۆشکەکانی (لووڤر) و (سان جەرمین)دا، پشم و قینی لە دڵی شاژنی فەرەنسە و خانەدانە خاوەن زەوییەکانیدا هەڵدەگیرساند و، مەترسیی پیشان دەدان!...

«ڕیشیلیۆ» کەشیشێک بوو کە توانی هەموو دەسەڵاتدارێک لە فەرەنسەدا بخاتە ژێر دەستی خونکاری فەرەنسەوە، کە تا ماوەیەکی درێژیش، لەوەپێش، بابەتێکی یاری بوو بەدەست کەنیزەکەکان و دەستەی پیاوانی ناو کۆشکی شاوە، کە بەئارەزووی خۆیان هەڵیاندەسووڕاند و یاریان پێ دەکرد. کە توانی فەرمانڕەوایی فەرەنسە بخاتە پێش هەموو فەرمانڕەواییەکانی ئەوروپاوە!...

بەڵێ ئەمە بوو: «ئەرمان جان دی بلیسی دی ڕیشیلیۆ». یاخود هەروەک مێژوو ناوی بردووە ئەمە بوو: «کاردینال ڕیشیلیۆ»!...

ئەم پیاوە لە خێزانێکی هەژاری خانەدان لە دایک بووبوو، لە شاری «بواتو»دا، لە ساڵی ١٥٨٥دا... لە ناوچەیەکی وایشدا گەورەبوو وە پێگەیشت، کە گیانی سەربازییان بەشتێکی گەورە دادەنا... هەر ئەوەندە تەمەنی گەیشتە نۆ ساڵان، ناردیانە شاری (پاریس)، بۆ بەرزترین زانستگای سەربازی کە ناوی (دوناڤار) بوو. پاشان نێررایە زانستگای (بلوفنیل) کە لەوێدا ببێتە سەرباز و لە دەستەی پیاوانی خونکاردا دابمەزرێ... لەوێدا بەتەنشت زۆرانبازی و هونەری جەنگەوە، فێری هەڵپەڕکێیش بوو. دەرگاکانی هیوایشی لێ کرایەوە. بەڵام هێشتا تەمەنی نەگەیشتبووە حەڤدە ساڵان، دایکی بوو بەبێوەژن. نامەیەکی بۆ ڕیشیلیۆ نارد، کە جێگای کەشیشی «لیۆن»(١) چۆڵ بووە و، لەناو هەموو براکانیشیدا ئەو هەڵبژێراوە ئەو فەرمانە ببات بەڕێوە. چونکە ئەو کەشیشایەتییە هەر بۆ خێزانی ئەوان تەرخان کراوە!...

(ڕیشیلیۆ) بەم نامەیە ئارەزووی شکا و هەر هیوا و ئاواتێکی تاقی کوڕێنی لە دڵدابوو پەرش و بڵاو بووەوە و نەما!...

(ڕیشیلیۆ) دڵی نەدەچوو بەکاروبارەکانی کڵێسادا. لەگەڵ ئەوەیشدا، وا هەڵکەوتبوو، هەر فەرمانێک بخرایە سەرشانی، بەدڵ جێبەجێی دەکرد. لەبەر ئەوە بەهەموو کوڵی دڵیەوە دەستی دایە خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی ئەو نووسراوە ئایینییانەی کە پێویست بوو لەسەری فێریان ببێ. ئیتر هەر ئەوەندە تەمەنی گەیشتە بیست و دوو ساڵی کرا بەگەورەی کڵێسای (لیۆن)، کە لە هەموو ناوچە ئایینییەکانی فەرەنسە هەژارتر و پیستر بوو!... کابرای سەرباز کە ناچار بوو جلوبەرگی کەشیشی بکاتە بەر خۆی، شانی دایە بەر فەرمانەکەی خۆی و، دەستی کرد بەڕاستکردنەوە و چاککردنەوەی هەموو کاروبارێک کە دەکەوتنە بەردەستی!... ناوچە ئایینییەکەی خۆی خستە ڕێکوپێکییەکەوە. بەهۆی دەسەڵاتی دۆست و براکانیشیەوە کە لە کۆشکی شاهدا بوون، توانی لەو باجە گەورانەی کە بەسەر دانیشتوانی ناوچەکەیەوە بوون، تا ئەندازەیەکی باش سووک بکات. لەبەرئەوە زۆری پێ نەچوو، (ڕیشیلیۆ) بەهۆی ئەم تێکۆشان و کاروبار ڕێک خستنانەیەوە، وای لە

(١) شارێکی فەرەنسییە دەکەوێتە خوارووی ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکەوە، لەسەر ڕووباری (ڕون) کە لە سویسراوە دێت و لە ئاستی شاری مەرسیلیا دەڕژێتە دەریای سپییەوە.



دانیشتوانی ناوچەکەی خۆ کرد، کە هەموویان خۆشیان بوێ و ڕێزی لێ بگرن و پشتیشی پێ ببەستن.

## لە کۆڕی چینەکان و کۆشکی شادا!

بەڵام (ڕیشیلیۆ) خاوەنی ئاواتی گەورە گەورە بوو. بەمە، دانەمرکایەوە. ئینجا کە خونکار (هەنریی چوارەم)یان لە ساڵی ١٦١٠دا کوشت و، شاژن (ماری دی میدیتشی) بوو بەڕاوێژگاری خونکارە بچکۆلەی کوڕی، کە هێشتا منداڵ بوو، کەشیشی لاو ئەمەی بەهەلێکزانی بۆ خۆی کە بۆی هەڵکەوتووە. چونکە سەردەمی فەرمانداریی سەربازەکان بەسەرچوو بوو. کەواتە پێویست بوو سەردەمی پیاوانی کڵێسا و پیاوانی خونکار بێتە پێشەوە بۆ فەرمانداری کردن. ئەو کاتە خونکار، (لویسی سیانزەهەم)، لە تەمەنی نۆ ساڵاندا بوو! جا لەگەڵ ئەوەیشدا کە (ڕیشیلیۆ) لە شاری (پۆاتۆ)دا مایەوە و کەم کەم نەبێ بەجێی نەدەهێشت بچێت بۆ (پاریس)، بەڵام هەر لە نامەکاری دابوو لەگەڵ هاوڕێکانیدا. ئەوان ئەوەیان گرتبووە ئەستۆی خۆیان کە هەموو دەم لە کارەسات و ڕووداوی ناو پایتەخت ئاگاداری بکەن زۆریشی پێ نەچوو کە (کۆڕی چینەکان)(١) دامەزرا لە ساڵی ١٦١٤دا. ئەندامەکانی لە نوێنەرانی کڵێساو لە خانەدانەکان و لە خاوەن زەوییە گەورەکان پێکهاتبوون. (ڕیشیلیۆ)یش یەکێک بوو لەو ئەندامانەی کە لە کڵێسکانەوە نێررابوون. بەهەموو کوڵی دڵی خۆیەوە تێکۆشا کە سەرنجی «ماری دی میدیتشی»ڕابکێشێ. ئەمیش زۆری پێ نەچوو، دڵی چوو بەزرنگیی کەشیشدا، کە هێشتا تەمەنی لە بیست و چوار ساڵان تێپەڕی نەکردبوو. ڕیشیلیۆی کرد بەسەرپەرشتی کاری سامانە تایبەتییەکانی شاژنی ئەو ڕۆژی فەرەنسە، کە ناوی «ئان»ی نەمسەیی بوو، ژنی «لویسی سیانزەهەم»ی کوڕی... ئەم سامانانە بۆ ئەوە تەرخان کرابوون کە دەست گیرۆیی هەژار و لێ قەوماوانی پێ بکرێ... بەم ڕەنگە «ڕیشیلیۆ» لە کۆشکی شای فەرەنسەدا جێگای بۆ خۆی کردەوە، کە گەورەی نەبووایە، کاری بۆ نەدەچووەسەر!... تەنیا هەنگاوێک مابوو بۆ ڕیشیلیۆ کە بچێتە پێشەوە، بۆ ئەمەی بگات بەئاواتی خوی...

دەیەویست بچێتە کۆڕی زرنگکارییەوە!...

(١) مجلس الطبقات.

## ڕیشیلۆ لە ناوەند خونکار و دایکیدا!

لەو سەردەمەدا، فەرەنسە، کەوتبووە گێژاوی ئاژاوە و تێکچوونەوە... خەریک بوو لەناودەچوو... شاژنی دایکی خونکاریش یەجگار ناشی و نەزان بوو. ئەوەندەی حەزی بەهێز و دەسەڵات دەکرد، ئەوەندە و زۆرتر بێ کارە و بێ کەڵک بوو هەر چییەکی لە دەست هات کردی، هەر بۆ ئەمەی کوڕەکەی خۆی لە کاروباری فەرمانڕەوایی دوور بخاتەوە. کەچی هەر لەو کاتەدا ڕێگای بەرەڵڵا کردبوو، بۆ کەنیزەکە پشت کۆماوەکەی خۆی، «لیۆنورا» بۆ مێردە پشت کۆماوەکەی، «کۆنشینی» ، کە بەئارەزووی خۆیان فەرمانداری بەسەر فەرەنسەدا بکەن و، یارمەتیشی بدەن لە تالآن کردنی گەنجینەی فەرەنسەدا، بۆ کەڵکی تایبەتی خۆی !... ئەو ژن و مێردە یەجگار سەیر بوون. «کۆنشینی» لە خێزانیکی خانەدانەوە هاتبوو. بەڵام «لیۆنورا» کچە جل شۆرێک بوو، کە بووبووە دایەنی شاژن!. «ڕیشیلیۆ» حەزی لەم جۆرە فەرمانداریییە نەدەکرد. لەگەڵ ئەوەیشدا هەر ئەو فەرمانداریییە بوو بۆ ئەوکە ببێتە پەیژەیەک و پێیدا سەر بکەوێ بۆ ئەو پایەیەی کە ئاواتی بۆ دەخواست، بەو هیوایەی کە بتوانێ لەو ڕیگایەوە بەکەڵکی نیشتمانەکەی خۆی ببێت! بەم ڕەنگە، هەر چەند مانگێکی پێچوو، کە خونکاری لاو ژنەکەی خۆی مارە کردبوو، «کۆنشیشی» . پایەی کاربەدەستی جەنگی بەخشی بە«ڕیشیلیۆ» . ئەو ساڵە ساڵی ١٦١٦ بوو. ئا بەم ڕەنگە بوو کە کەشیشی لاو، هاتە ناو کۆڕی جەنگی زرنگکاری یەوە!... لەو کاتەدا خونکارە پچکۆڵە «لویس» ، تەمەنی گەیشتبووە شانزە ساڵی. هەر بەوە وازی نەدەهێنا، کە بەناو خونکاربێ!... شەوێک لە شەوان، خونکار تا درەنگێ لەگەڵ وەستای بازی ڕاو ڕام کردندا مایەوە[(١)].

هەر خەریکی چرپە چرپ بوون لەگەڵ یەکتردا. کە بوو بەبەیانی «کونشینی» ڕووی کردە کۆشکی «لۆڤر» لە ناکاو گوللە باران کراو کوژرا!... «لیۆنورا»ی ژنیشی لە بەندیخانەکەی «باستیل»ی سامناکدار توند کرا. ماری دی میدیتشی»ی دایکی خونکاریش دوور خرایەوە بۆ شاری «بەبوا» ، کە «ڕیشیلیۆ» تا ئەوێیش دوای کەوت. ئیتر لەوساکەوە وەستای بازەکان: «شارل لالبیر دولۆین» و «لویس» فەرمانداریيان بەسەر فەرەنسەدا کرد، هەر لە ساڵی ١٦١٧ەوە تا ساڵی ١٦٢٤. «ڕیشیلیۆ» لەو ساڵانەدا، تا پێی کرا بەهۆی زۆرزانی و فڕوفێڵ و چاووڕاوکردنی خۆیەوە، توانی بەکەڵکی شاژن بێت. بەڵام هەر

---

(١) ڕاستتر: وەستای ڕامکردنی بازی ڕاودا...



لەوکاتەیشدا بەتەنگ ئەوەوە بوو، کە دۆستایەتیی خۆی لەگەڵ «لوین»دا بەهێزتر بکات. ئنجا کە «لوین» مرد، «ڕیشیلۆ» دەمودەست کەوتە ناوەوە و، دەستی کرد بەهاتوچۆکردن لە ناوەند خونکار و دایکیدا بۆ ئەمەی ڕێکیان بخاتەوە. لە ئەنجامدا شاژن گەڕایەوە ناو کۆشکی شاهی. هەر دەسەڵاتێکیشی هەبوو بەکاری هێنا، تا توانی پایەی «کاردینالّی» دەست «ڕیشیلیۆ» بخات. هەروەها هانی خونکاریشی دا کە ڕیشیلیۆ بکات بەئەندامێک لە کۆڕی کاربەدەستەکانیدا. ئنجا کە کۆڕی کاربەدەستان کۆبووەوە لە ١٦٢٤/٤/٢٩دا، هەموو لایەک چاویان بڕییە ئەو لاوە لاوازەی کە لە جلوبەرگێکی ڕەنگ سووری کەشیشانەدا هاتە پێشەوە و بەساردی و لووت بەرزییەکەوە دەڕۆیشت بەڕێگادا. هەر لەوکاتەوە زۆر کەس ڕقیان لێی بووەوە. زۆر کەسیش ترسیان لێ نیشت. پەردەدارەکەیش، پەنجەی کێشا بۆ تەختێک لە ڕیزی سێهەمدا، کە «کاردینالّ» لەسەری دابنیشێ. بەڵام «ڕیشیلۆ» بەسەر ساردییەکەوە ڕۆیشت تا گەیشتە سەر ئەو تەختەی کە لە تەنشت تەختی سەرەکی کاربەدەستانەوە بوو. لای «کاردینالّ دی لاڕۆشفۆکۆ» وە دانیشت. ئەوانەی لەوێدا بوون. لەم کارەی «ڕێشیلیۆ» یە بێزاریی خۆیان دەربڕی... بەڵام «ڕێشێلیۆ» لەسەرخۆ، بە گرانییەکەوە پێی گوتن: هەر «کاردینالّ»ێک لە پیاوانی کڵێسا هاتە کۆڕی کاربەدەستانەوە، پێویستە لەسەری پێش ئەندامەکانی تری کۆڕەکە بکەوێ. بەم ڕەنگە ئەوانەی بەربەرەکانێیان لەگەڵ دەکرد، تەریقی کردنەوە!... جا لەبەر ئەوەی «لاڕۆشفۆکۆ» پیاوێکی پیر بوو، زۆر جاری وا ڕووی دەدا، کە بۆی نەدەکرا بێتە ناو کۆڕی کاربەدەستانەوە و لەگەڵ ئەندامەکاندا کۆ ببێتەوە... ئنجا بەهۆی ئەو نەهاتنەی ئەوەوە «ڕێشیلیۆ» جێگای دەگرتەوە... واتا بەو هەموو بێزارییەیشەوە کە ئەندامەکانی هاوڕێی دەربارەی ئەو دەریاندەبڕی، «ڕێشیلیۆ» لەڕاستیدا، هەر بوو بەسەرەکی ئەو کاربەدەستانە!

## ڕێشیلیۆی جەنگاوەری زۆرزان!

هەر چەندە «لویسی سیانزەهەم» لە دلّلا حەزی لە «کاردینالّ ڕێشیلیۆ» نەدەکرد، کە ئەو کاتە تەمەنی لە سی و حەوت ساڵی تێپەڕی نەکردبوو، بەڵام پەیی بەوە بردبوو کە ئەمەندە ڕۆشبیرو هۆشمەندە، لە تواناییدا هەیە کەڵکێکی یەجگار زۆر بەفەرەنسە بگەیێنێ. لەبەر ئەوە، زۆری پێ نەچوو، لەپاش دوو ساڵێک کۆڕی کاربەدەستانی هەڵوەشاند و ڕیشیلیۆیشی کرد بەسەرەکی کاربەدەستان. ئیتر لەوساکەوە کاردینالّ ڕێشیلیۆ دەستی کرد بەدڵسۆزی نواندن بۆ خونکار و بۆ فەرەنسە. پێڕەوییەکی وایشی بۆ خۆی دانابوو، کە

دەستی کرد بەجێبەجێکردنی، هەرچی فەرەنسەییەک هەبوو دڵیان لێی شکاو قینسیشیان لێ هەڵگرت!

ئەندامەکانی دەستەی» هیگۆنۆت «فەرمانڕەواییەکەیان لەگەڵ خونکاردا دابەش کردبوو. خانەدانە گەورەکانیش، بەجۆرێکی وەها دەجوولانەوە، هەروەک لەژێر دەستی خونکاریش دا نەبن وابوو!...

فەرماندارەکانی ناوچەکانیش وەک خونکارێک فەرمانیان دەدا و کاروباریان هەڵدەسووڕاند!... کاروبارەکانی دەرەوەیش خرابوونە پشتگوێ وە... بەڵام کەڵک و چاکەی خوییش دەخرایە پێش کەڵک و چاکەی گشتییەوە!...

لەبەر ئەوە یەکەم فەرمانی ڕێشیلیۆ ئەوە بوو: دەستی دایە نەهێشتنی دەسەڵاتی هیگۆنۆتەکان جەنگێکی وای بەرپاکرد بەرامبەریان کە زرنگکارییەکی ڕووت بوو فرِی بەسەر ئایینەوە نەبوو! هەرچی خونکاری پێشوو بوو «هەنریی چوارەم»، گەلێک نازوجیازی پێ بەخشیبوون کە بەهۆی ئەوەوە لەشکر و گەلەکەشتی شەڕکردنی خۆیان هەبوو کە سەربەخۆ بوون و جوێ بوون لە هی فەرمانڕەوایی فەرەنسە هەروەها دوو شاری سەختەلانیشی دابوونێ کە ناویان «لاڕۆشیل» و «مانتۆبان» بوو ئەو هیگۆنۆتانەیش فەرمانڕەواییەکیان لەناو فەرمانڕەوایی فەرەنسەدا دامەزراندبوو پەیمانی سەربەخۆیشیان گرێ دەدا لەگەڵ فەرمانڕەواییە پڕۆتستانتییەکاندا لەبەرئەوە ڕێشیلیۆ جەنگی هەڵگیرساند بەرامبەریان هەر خۆیشی وەک سەرکردەیەکی گشتی بوو بەسەرەکی ئەو هێزەی کە چوار لای شاری «لاڕۆشیل»ی لێ گرتن هەر چوارلای شارەکە باش قایم کرابوون سەخت بوون بۆ گرتن. کەشتییەکانی ئینگلیزیش دەیانتوانی لەناو زێوە یارمەتییان بۆ بنێرن، لەبەرئەوە سەرلەشکر ڕێشیلیۆی کاردینال فەرمانی دا بەرزییەک لەناو زرێکەدا دروست بکەن کە درێژایی دوانزە کیلۆمەترە بێ تا بتوانێ بەربەستی ئەو یارمەتییانە بکات کە لە ئینگلیزەوە بۆ شارەکە دەنێران ئەم کارە گەورەیە شەش مانگی خشتی خایاند!... کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا شارەکە هەر خۆی گرت خۆی نەدا بەدەستەوە سەرکردەکەی شاری «لاڕۆشیل»یش خۆی وا نوواند کە لە ڕێشیلیۆ کەمتر نییە هیکۆنۆتەکان لەژێر سەرکردەیی ئەودا ساڵێکی تەواو بەرگەی لەشکری کاردینال و لەشکری برسێتییان گرت!... بەڵام برسێتییەکە یەجگار بەهێزبوو کزی کردن و ناچاریشی کردن سەریان دابنەوێنن. کاتێ کە خونکار و سەرۆکی کاربەدەستەکانی چوونە ناو



شارەکەوە شەقامەکانیان وا چاو پێکەوت پڕ بوون لە لاشەی ئەوانەی لەبرسدا مردبوون لەو پانزە هەزار کەسەی کە لەسەر شاری «لاڕۆشیل»یان دەکردەوە تەنیا شەست و چوار کەسی فەڕەنسی و نەوەد کەسی ئینگلیز مابوونەوە!...

## هیگۆنۆتەکان دەبەخشێ و ملی خانەدانەکانیش دەپەڕێنێ

بەم ڕەنگە ڕێشیلیۆ دەسەڵاتی هیگۆنۆتەکانی لەناوبرد لەگەڵ ئەمەیشدا وای بەباشزانی کە لەگەڵ دوژمنە شکاوەکانی خۆیدا پیاوانە بجوولێتەوە لەبەر ئەوە فەرمانێکی بەخشینی گشتی دەرکرد بەڵام بەخشینێکی وابوو کە لەلایەن خونکاریی دڵنەرمەوە بڕیاردرابوو بۆ ژێردەستێکی سەرکێش نەک بۆ دوژمنێک!... بەخشینێکی وایش بوو کە هیگۆنۆتەکانی لە ناز و جیاز دوورخستەوە کردنی بەژێر دەستێکی ئاسایی وەک هەموو بۆرەپیاوەکان ڕێشیلیۆ لە ئەندازە بەدەر چاوپۆشی لەگەڵدا نوواندن سەربەستی باوەڕکردن خوداپەرستی پێ بەخشین!... بەم ڕەنگە کاردینالّ لە دوژمنەکانی خوێ دڵنیابوو!...

ئەوەندە هەیە ڕێشیلیۆ لە بەشی دووەمی پەیڕەوییەکەیدا کەمتر سەرکەوت کە دەستی کرد بەگژداچوونی ئەو سەربەخۆییەی کە گەورەکانی خانەدانە خاوەن زەوییەکان خۆیان پێوە دەنوواند شۆڕشی سەردارە خاوەن زەوییەکان و گەلەکۆمەکێکانیان دەستیان پێ کرد و نەکوژانەوە تا مایش ژیانیان لێ تێک دا!... نێرکەی هەموو دەمی ئەم گەلەکۆمەکێیانەیش کەس نەبوو برای خونکار نەبێ کە ناوی «جاستون دورلیان» بوو ئەم پیاوە چەند ساڵێکی دوور و درێژ مایەوە هەر خۆی خاوەن کەلەپووری تەختی شاهی بوو دایکی خونکاریش لە پشت شازادەوە بوو یارمەتی دەدا تەنانەت لە گەلەکۆمەکێکانیشدا بەشداردەبوو لەگەڵ ئەواندا ڕێوشوێنی بۆ ئاژاوەگەرەکان دادەنا!... ڕێشیلیۆ نەیویست لەم ڕووەوە دڵنەرمی پێشان بدات زۆری پێ نەچوو دوو برازۆڵەکەی خونکاری گرت کە ناویان «فاندۆم» بوو هەروەها ئەو «کۆنت شالیە»یەیشی بەکوشتن دا کە لە ساڵی ١٦٢٦دا گەلەکۆمەکێی لێ کرد، خانەدانە سەرکردە پایەبڵندەکان زەندەقیان چوو چونکە ئەوانە وایان دەزانی پارێزراون هیچ کەسێک ناتوانێ دەستیان بۆ درێژ بکات!... ئەو ڕۆژەی «دیوک مونمۆرنسی» سەرداری «دلانجدۆک»یش خرایە بەردەم دادگاە تا چەندوچوونی لەگەڵدا بکات ئەو خانەدان و سەردارانە زۆرتر زارەترەک بوون!... ئەم پیاوە خەریک بوو ئاژاوە بنێتەوە لەبەر دڵی «جاستون دورلیان» کە لەژێرەوە سوێندخوار بوو لەگەڵ «ئیسپانیا»دا پاش ئەوە لەناو شەڕێکیشدا کە لە ناوچەی «کاسلتانداری»دا کردی توانی «جاستون» خۆیشی بکات

بەدیل!... هەر ئەوەندە چەند مانگێکی پێ چوو فەرەنسە هەمووی لەرییەوە چونکە «دیوک مۆنمۆرنسی» لەلایەن دادگاوە بڕیاری کوشتنی درا ئەم پیاوە یەکەم «بارۆن»ی خاکی فەرەنسە بوو بێجگە لەوە مێردی کچی مامی خونکاریش بوو پاش ئەوە لە شاری «تۆلۆز»دا بڕیاری کوشتنەکە جێبەجێ کرا جا ئەم کردەوەیە بوو بەهۆی ئەوەی کە ڕیشیلیۆ تا چەند ساڵێک بەئاسوودەییەوە پاڵی لێ بداتەوە!...

## بە ناپاک و زۆرداراندا نابێ بەزەییمان بێتەوە!...

بەڵام هەروەک ناوبانگی دەرکردبوو بە«کاردیناڵەسوورە» یاخود (کاردیناڵی خوێنڕێژ) ڕیشیلیۆ لە ساڵی ١٦٤٢دا ئاژاوە نانەوەیەکی تریشی بۆ دەرکەوت!... فەرەنسە لەو ڕۆژەدا لە شەڕدا بوو لەگەڵ ئیسپانیادا لەشکری فەرەنسە چوارلای شارێکی ئیسپانیای گرتبوو پێیان دەگوت «باربینان» لە کاتی ئەو تەنگانەیەدا «سانکمار» ناوێک کە لە پیاوە نزیکە خوشەویستەکان بوو لە لای خونکار «لویسی سیانزەهەم» پەیماننامەیەکی نهێنیی مۆر کردبوو لەگەڵ ئیسپانیادا مەبەسی لەو پەیماننامەیە ئەوە بووبوو کە فەرمانڕەوایی ڕیشیلیۆ سەرەوژێر بکات!... بەڵام ڕیشیلیۆ لەوانە نەبوو هیچی لێ بشارێتەوە زۆری پێ نەچوو پەیمانیامەکە کەوتە دەستی پیاوە ڕازدر «جاسوس»ەکانی لەوەدا هونەریان نوواند. لە بەرەبەیانێکی سامناکدا «سانکمار» و یەکێک لە هاوڕێکانی لەشاری «نیۆن»دا بەکوشتن دران... خونکار بۆ مردنی هاوڕێکەی دەستی کرد بەگریان باوکی سانکماڕیش کە یەکێک بوو لە هاوڕیکانی ڕیشیلیۆ خۆی دەستی کرد بەگریان!... بەڵام دڵی کاردیناڵی خوێنڕێژ نەرم نەبوو!... چونکە لە دڵی خۆیدا بڕیاری وا دابوو کە بەزەیی بەهیچ ناپاک و زۆردارێکدا نەیێتەوە!... جابە هۆی پێویستی ئەم دەستوورەوە ڕیشیلیۆ زۆر کەسی لە خانەدانە گەورەکان لەناوبرد!... یەک بەیەک کاڵاتەکانی خاوەن زەوییەکانی ڕووخاند تەنیا ئەو کەڵاتانەی هێشتەوە کە کەوتبوونە سەر سنوور. هەتا ما بەرەنگاریی خانەدانەکانی کرد هیچ پشووی نەدا، هیچ بەزەییکی پیایاندا نەهاتەوە تەنانەت کە دەمی سەرەمەرگی هات خونکار خۆی نەبێ لە فەڕەنسدا هیچ گەورەیەکی تر نەمابووەوە!...



## لە چەند ڕۆژێکدا لەشکرێکی گەورە پێکەوە دەنێ!

لەگەڵ ئەمەیشدا کە کاردیناڵ سوورە هەر خەریکی زۆرانبازی ناوخاکی فەرەنسەبوو بەڵام ئاگای لەو تەنگوچەڵەمەیەیش هەبوو کە «نەمسە» بۆی دروست دەکردن هەرگیز ئەوەیشی لەبیر نەدەچووەوە کە هێز و دەسەڵاتی نەمسە لەجێی خۆیدا بوەستێنێ بەدرێژیی فەرمانداریییەکەی خۆی لە شێوەیەکی ڕاستە و ڕاستدا بووبێ یان لە شێوەیەکی لابەلادا هەر خەریکی شەڕوشۆڕەکەی «سی ساڵە» بوو کە هەر لە ساڵی ١٦١٨وە تا ساڵی ١٦٤٨ نەکوژایەوە ئەم شەڕە پەرەی سەند تا یەک لەدوای یەک هەموو فەرمانڕەواییە گەورەکانی ئەوروپای گرتەوە!... سەرداره پرۆتستانتییەکانی ئەلمانیا لەبەر چەند هۆیەکی ئایینی سەربەخۆیی خۆیان شەڕیان دەکرد کەچی «نەمسە» هەر لەبەر ئەوە کەوتبووە جەنگەوە کە «ئەڵمانیا» بخاتە سەر خاکەکانی خۆی!... جا لە ساڵەکانی سەرەتایی شەڕەکەدا «ڕیشیلیۆ» تێکۆشا دڵی خونکارەکانی «دانیمارک» و «سوید» کێش بکات بۆ خۆی، بۆ گەیشتن بەم مەبەسە ڕێگای زرنگکاری پەیوەندیی فەرمانڕەوایییانەی بەکارهێنا... بەڵام تا خونکاری «سوید» مرد هەر فەرەنسەی لەو شەڕە پاراست کە لەو کاتەدا لە شەڕی «لۆتزن»دا سەرکەوتبوو لە ساڵی ١٦٥٣دا.

ئیتر لەوساکەوە ڕیشیلیۆ بەهەلی زانی بچێتە جەنگەوە، چووە جەنگەوە!... بەڵام لە سەرەتادا شەڕەکە دەستکەوتی بۆ ئەو تێدا نەبوو!... چونکە زۆری پێ نەچوو نەمسەییەکان ئەوەندە نزیک بوونەوە چەند کیلۆمەترەیەکیان مابوو بگەنە شاری «پاریس»!...

ئیتر لەو کاتەدا کاردیناڵ دەماری خوێن ڕشتنی بزووت: لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا لەشکرێکی گەورەی پێکەوەنا لەگەڵ خونکاردا پێش لەشکرەکە کەوتن زۆری پێ نەچوو لەنگەری شەڕەکە تێکچوو لەشکری پەلاماردەر شکاو کشایەدواوە!... سەرداری «ڤیمار»ی ئەڵمانی کە سوێندخوار بوو لەگەڵ ڕیشیلیۆدا ڕاست بووەوە هەڵیکوتایە سەر خاکی «ئەلزاس» و گرتی هەروەها ئیتالییەکانیش لە چەند شەڕێکدا بەسەر نەمسەییەکاندا سەرکەوتن هەرچی فەرەنسەیش بوو دوو پارچە خاکی گەورەی دەستکەوت!... کە ڕیشیلیۆ مرد هێشتا شەڕ نەکوژابووەوە بەڵام لەکاتی مردندا دڵی پڕ لە ئارام بوو... چونکە دڵنیابوو لە سەرکەوتن.

## خونكار خۆشی نەدەویست کەچی لەسەریشی دەکردەوە

بەڵام لە پشت پەردەی مێژووەوە بەدرێژایی ئەو هەژدە ساڵەی کە ڕێشیلیۆ لە سەرەک کاربەدەستیدا مایەوە چیرۆکێکی تر ڕووی دا ئەویش بریتی بوو لەمەرگەساتی دوو پیاوی نەخۆشی دەردەدرا، خونکار و سەرەکی کاربەدەستەکانی... چونکە «لویس سیانزەهەم» و ڕێشیلیۆ هەردووکیان لەڕ و لاواز بوون نەخۆشییان زووزوو تووش دەبوو بێجگە لەوە دۆستایەتی خۆشەویستیش لە ناوەندیانا هەرگیز پەیدا نەدەبوو! لەگەڵ ئەوەیشدا ئەو دەمە دوور و درێژە هەر پێکەوە مانەوە شان بەشانی یەکتر دەجەنگان بەرامبەری دوژمن: چ لەناو فەرەنسەدا، چ لە دەرەوەی فەرەنسەدا!... تۆ بڵێی سوێندخواری یەکەیان لەگەڵ یەکتردا هەر بۆ ئەمە بووبێ کە هێز و دەسەڵاتی خۆیان بپارێزن یاخود بۆ ئەمە بووبێ کە هەر بەکەڵکی فەرەنسەبێن؟! کەس ناتوانێ لەم ڕووەوە بڕیارێکی تەواو بدات!

گەلێک جاری وا ڕووی دەدا، ڕێشیلیۆ ڕووبەڕووی سەرگەردانی دەوەستا... جارێکیان «لویس» لە ساڵی ١٦٣٠دا نەخۆش کەوت، نەخۆشییەکەی ئەمەندە کاریگەر بوو دەتگوت ها ئێستا بمرێ ها تاوێکی تر! دوایی دەنگ وا بڵاو بووەوە کە لە گیانەڵادایە ڕێشیلیۆیش خۆی ئامادە کردبوو بۆ دەربازبوون هەر بەناو زەوی کۆشکەکەی خۆیدا ئەو سەر و ئەو سەری دەکرد دەهات و دەچوو چاوەڕوانی مردنی خونکاری دەکرد هەر کە مرد دەستبەجێ خۆی دەرباز بکات لە فەرەنسە! پەیی بەوە بردبوو کە لە ناوەند خۆی خاوەن کەلەپووری شاکلاودا «جاستون» دوژمنایەتییەکی وا هەیە کە تۆڵەی خۆی بەتەواوەتی لێ دەکاتەوە هەر لەو ساڵەدا ڕێشیلیۆ تووشی تەنگوچەڵەمەیەکی تر هات!... بەڵام مێژوو ئەو تەنگوچەڵەمەیەی بەبەزمەسات دانا!. چونکە «ماری دی میدیتشی»ی شاژن «ئانی ئەمسەیی»ی ژنی کوڕەکەی ڕێککەوتن سوێندیان خوارد بۆ یەکتری کە یەک بن. هەر دووکیشیان پێکەوە داوای لابردنی ڕێشیلیۆیان کرد لە خونکار بەڵام خونکار پێی گوتن ئارام بگرن تا شەڕی فەرەنسە و ئیسپانیا دەبڕێتەوە ئنجا کە دەنگی پەیماننامەی «ڕیگنسبۆرگ» بڵاوبووەوە کەوتە بەر گوێیان «ماری» دەستی کردەوە بەزۆرەملێ کردن لە خونکاری کوڕی کە بەڵێنەکەی خۆی بەجێ بهێنێ!. خونکاریش چووە کن دایکی لە دەستە ژوورە تایبەتییەکەی خۆیدا کە لەناو کۆشکی «لۆکسەمبرگ» دابوو بەڵام زۆری پێ نەچوو ڕێشیلیۆ لەناکاو بێ ئەمەی ڕێی درابێ لە دەرگایەکی لاوە هاتە ناو ژووری شاژنەوە!...

شاژن لەمە زۆر سەری سوڕما!... شڵەژاو واقی وڕما!



کاتێ کە هاتەوە هۆش خۆی لەو بێ پەروایییەی کاردیناڵە لە بەردەم خونکار خۆیدا دەستی کرد بەجنێودانی!...

ڕێشیلیۆیش کە چووە دەرەوە هەستی بەخۆی کرد کە تازە هەموو شتێکی لەدەستچووە بەتایبەتی لەبەر ئەوەی کە خونکاری دی لەبەردەم دایکیدا نەرم بووبوو «مایراک»ی هەرە دۆستی دایکی کردبوو بەسەرکردەی سوپای فەرەنسە لە ئیتالیادا!...

هەردوو ژنەشایش «ماری» «ئان» لە کۆشکی «لووڤر»دا مانەوە و دانیشتن پیرۆزباییبیان لێدەکرا، دەستیان کرد بەپیاو ناردن بۆ پایتەختەکانی ئەوروپا تادەنگی سەر ئەنگرێ بوونی کاربەدەستی گەورە بڵاوبکەنەوە بەڵام زۆری پێ نەچوو خونکار لە کۆشکی «ڤەرسای»دا چاوی کەوت بەدوو کەس لە دۆستەکانی ڕێشیلیۆ، گوێی لێ دەگرتن لە کاتێکدا کە کۆشکی «لووڤر» پڕ بووبوو لە تریق و هوور و پێکەنین بەهۆی سەر ئەنگرێ بوونی «ڕێشیلیۆ» وە پیاوێک گەیشتە ئەوی پێ گوتن خونکار ناردی بەشوێن ڕێشیلیۆدا پێشوازیی کرد. بڕیاریشی داوە تا دەمێنێ لەسەری بکاتەوە، بەرەنگاریی دوژمنەکانی بکات!... هەرئەوەندە بەرەبەیانی ڕۆژی دوایی هات دوژمنەکانی ڕیشیلیۆ، یان خرابوونەوە بەندیخانەوە یان تەفروتوونا کرابوون. ئەمجارەیش هەر دوو شاژن کەوتنەوە ترس و لەرز لە «کاردیناڵی خوێنڕێژ» و هەزار مەترسییان لێ دەکرد!.

## لە دوژمنەکانی فەرمانڕەوایی بەولاوە دوژمنی تری نەبوو!!!

ڕێشیلیۆیش هەموو دەمێکی خۆی بەهەڵسووڕاندنی کاروباری فەرمانڕەواییەوە ڕانەدەبوارد، کە دەستی دەپەرژا خەریکی نووسینی وێژەیی، نووسراودانان دەبوو، توانی ئەوە بخاتە مێشکی هەمووانەوە کە هەروەک لە شیرهەڵکێشاندا شارەزایە لە پێنووس بەکارهێنانیشدا شارەزایە بێجگەلەوە ڕێشیلیۆ بە ڕۆژنامەنووسێکی سەرکردەیش دادەنرێ چونکە ڕۆژنامەی «گازێت» کە یەکەم ڕۆژنامەی حەفتەیی بوو لە فەرەنسەدا ڕێشیلیۆ لە نووسینەکانیدا بەشدار بوو چاودێریی وێژەوانەکانیشی دەکرد بەتایبەتی «کورنی» کە چیرۆکی لاسایی کردنەوەی دادەنا، زانکو «ئەکادیمی»ی فەرەنسەیش ئەو دایمەزراند!...

لە مانگی یانزەهەمی ساڵی ١٦٤٢دا لەشە لەڕ و لاوازەکەی ڕێشیلیۆ تێکچوو هۆی ئەوەیش ئەوە بوو کە لە ژیانی خۆیدا سرەوتی نەدەدی. هەر خەریکی کاروباری گەورە و سامناک و گرنگ بوو جا ئەم کاروبارانە کاریان کردە لەشی و تووشی کزی و نەخۆشی هات دوایی کەوتە سەرەمەرگەوە بەڵام لەم کاتەدا کە خەریک بوو بمرێ دڵی ئاسوودە بوو

چونکە نامەکەی ژیانی خۆی گەیاندبوو بەجێی خۆی هەروەها ئەو پێڕەوییەیش کە دایناوو بۆ خۆی لەکاتی کاربەدەستی دا کە جێبەجێی بکات هەمووی جێبەجێ کردبوو دەسەڵاتی هیگۆنۆتەکانی لەناودا نەهێشتبوو دەستی شاژنی بەستبووەوە نەیدەهێشت لە سنووری خۆی تێپەڕ بکات و، دەست بخاتە کاروباری فەرمانڕەواییەوە!... دەسەڵاتی خانەدانەکانیشی لەناوبردبوو، لووتی «نەمسسە»یشی شکاندبوو لەنگەرێکیشی لەناوەند خۆی و فەرمانڕەواییەکانی ئەوروپادا ڕاگرتبوو.

جا لە پێناو بەجێهێنانی ئەم هەموو کاروبارە گرنگانەدا هەر دەبوو تووشی پشم و قینی ئەم و ئەو ببێ... یاخود تووشی پشم و قینی خۆی ببێ لەم و لەو... بەڵام هەرگیز ماوەی نەدەدا بە خۆی کە ئارەزووی دڵی هەست و تاسەکانی کاری لێ بکەن لە ڕێگای ئامانجەکانی خۆی لای بدەن!... ڕێشیلیۆ لەڕاستیدا پیاوێکی ژیر و تێگەیشتوو بوو ڕێگای بە هەست و تاسەی خۆی نەدەدا سواری بێن هەروەک بێ هەست و تاسە بووبێ، خۆی وا پیشان دەدا...

خۆیشی هەرچەندە لە پیاوانی ئایین بوو بەڵام هەرگیز ڕێی بەکڵێساکان نەدەدا دەست بخەنە کاروباری جیهانییەوە واتا کاروباری فەرمانڕەواییەوە...

لەو کاتەدا کە گیانی دەدا لێیان پرسی: «ئاخۆ بۆ دوژمنەکانی خۆی دەپاڕێتەوە لەخودا کە لێیان خۆش ببێ؟!»

ئەویش لەو کاتە تەنگوچەڵەمەیەدا ئەوەی لەبیر نەچووبووەوە کە بڵێ، دوژمنەکانم؟!. من کەس دوژمنم نییە.

ئەوانە نەبێ کە دوژمنی فەرمانڕەوایین!».

لە ١٦٤٢/١٢/٣دا بۆ دوامین جار خونکار سەری لە ڕێشیلیۆدا، کاردیناڵیش هەتا لە هۆش خۆی نەچووبوو ئەوەی لەبیر نەچووەوە کە بۆ خونکاری دەربخات کە لە هەموو ژیانی خۆیدا فەرمانپەرست بووە بەخونکاری گوت: «گەورەم کاربەدەستێکی تازەم ڕاهێناوە

(١) مازاران (گوول) ١٦٠٢ - ١٦٦١ کارمەندێکی دەوڵەتیی و دیپلۆماتێکی فەرەنسایی بووە، بەیارمەتی و پاڵپشتیی -ریشیلیۆ- بووە (کاردینال)، پێشتر وەزیری شازادەی نەمساوی بوو کە بووە شاژنی فەرەنسا ١٩٤٣ هەتا لویسی چواردە شەڕی سی ساڵەی کۆتایی هێنا، ئەویش بەپەیماننامەی ١٩٤٨ و وا ئێستا ریشیلیۆ لە ساتەکانی دوایی ژیانیا ئامۆژگاری دەکات کە جێگای خۆی بگرێتەوە.



بەکاروفەرمانی کاربەدەستییەوە بۆ ئەمەی بەکەڵکی ئێوە بێت من (مازاران) دەپاڵێوم!...»(١) کاتی کە «لویس» بەجێیهێشت هەر دوو چاوی پڕبووبوون لە فرمێسک خونکار دەیزانی کاردیناڵ چی بۆ کردووە کە تا ئەوکاتەیش کە لە سەرەمەرگدابوو هەر دڵسۆزی خۆی بۆ ئەو و بۆ فەرمانڕەوایی فەرەنسە دەنواند! کە چی هیچ کامێکیشیان حەزی لەوی تر نەدەکرد لە هاوڕێکەی خۆیشی دڵنیا نەبوو!...

## ئامۆژگاریی کاردیناڵ

تا ئێستا هەر لە ژیانی «کاردیناڵی خوێنڕێژ» دواین بام لەمەو دوایش ئامۆژگارییەکانی ئەو بخوێنینەوە کە هەتا ماوەیەکی دووروودرێژیش فەرمانداریی لە کۆڕی کاروباری زرنگکاریدا هەر لەسەر ئەو ئامۆژگاریانە دەڕۆیشت جا هەر ئەو ئامۆژگارییانەیش بوون کە کاریان پێ کرا توانییان شۆڕشی گەورەی فەرەنسە تا سەد و پەنجا ساڵێک دوا بخەن؛ ئەم ئامۆژگارییانە لە بنچینەدا بەرە و ڕووی خونکار (لویسی سیانزەهەم) گوتراون:

## ئازایەتی نیشانەیە بۆ دەسەڵاتداری!

«لەو کاتەدا کە خاوەن شکۆتان منتان کرد بەسەرەکی کاربەدەستانی خۆتان کاروباری گشتییان دایە دەستم هەڵیان بسووڕێنم لە ڕاستیدا دەستەی «هیگۆنۆت» هاوبەشی خاوەن شکۆتان بوون لە فەرمانداری دا خانەدانە گەورەکانیش لە شێوەیەکی وادا دەجووڵانەوە وەک کەس بەگەورەتر نەزانن لە خۆیان وابوو سەردارەکانی ناوچەکانیش وەک سەردارێکی دەسەڵات بەرەڵڵا کاروباری گشتییان هەڵدەسووڕاند هیچ کەسێک هیچ یاسایەکیان لە خۆیان بەگەورەتر نەدەزانی جا هەموو کەسێک وای لێهاتبوو هەر ئەوەندە ئازا بوایە و بێ باکانە ڕەفتاری بکردایە، ئەوەندە دەسەڵاتی دەستکەوت کاری پێ هەڵدەسووڕا!... جا لەبەر ئەوە هەر کەسێ زۆرتر خۆی بنواندایە زۆرتریش خۆی هەڵبکێشایە لەلای نەتەوە بەژیرتر و هوشیارتر دادەنرا زۆر جاریش وا دەردەکەوت کە ئەو کەسانە زۆرتر بەختیار دەبوو لەگەڵیاندا!...

لە دەرەوە تیزیان بەدۆستایەتی فەرەنسە دەکرد لەناویشدا کەڵک و چاکەی تایبەتی دەخرایە پێش کەڵک و چاکەی گشتییەوە!... تەختی شاهییش تا ئەندازەیەکی گەورە پایەی سەربەرزیی هاتبووە خوارەوە، ئەویش بەهۆی هەڵەی ئەو کەسانەوە ڕووی دابوو کە لە پێش مندا کاروباریان هەڵسووڕاندبوو. تەنانەت وایشی لێ هاتبوو بگرە هەر

بەهیچیشیان دانەدەنا ئەگەر جڵەوی کاروباری فەرمانڕەوایی هەر بەدەست ئەوانەوە بمایەوە. بێگومان سەرگەردانییەکی گەورەی وا ڕووی دەدا کە هیچ چارەیەکی وای زیانەکانی نەدەکرا، لەگەڵ ئەوەیشدا هەر گۆڕین و لابردنێکیش لە ئەندازە بەدەر پێ بدرایە و گورج بکرایە لەوانە بوو کە تەنگوچەڵەمە و زیانێکی زۆری لێ پەیدابێ! پیاوە هەرە ژیرەکانیش لەو بیروباوەڕەدا بوون کە لە تواناییماندا نەبوو لە دەست ئەو تەنگانەیە ڕزگارمان ببێ بێ ئەمەی کەشتی فەرمانڕەوایی خۆی لە کەڵەبەردێک بدات بشکێ تەنانەت کەسی وایش هەبوون کە بەمنیاندا ڕانەدەپەرموو ئەم کاروبارانە هەڵبسووڕێنم دەیانگوت هەر بگاتە سەر تەختی کاربەدەستی لە دەستیدا دەشکێت!...»

«لەگەڵ ئەوەیشدا ئەوەندی من لە هێز و توانایی و دەسەڵاتی خونکارەکان تێگەیشتم کە دەتوانن چێ بکەن بەمەرجێ بەچاکی «دەسەڵاتی خۆیان بخەنەگەڕ هیوام وایە خودا کە ئەو تێگەیشتوویی کارگوزارییەی خاوەن شکوتان هەیەتی لە باریاندا هەبێ ئەم نیشتمانەمان سەرلەنوێ زیندوو بکەنەوە ژیانێکی پڕ خۆشی کامەرانییەوە. جا لەبەرئەوە هەر لە ئێستاوە موژدەتان دەدەمێ کە بەو ئامانجەتان دەگەن!...

ئەوەندەی ئەم کەینەوبەینەیەیش پەیوەندی بەمنەوە هەیە من بەڵێنم داوە بەخۆم هەر چییەکم لە دەست بێت بیکەم و هەر هێز و دەسەڵاتێکیشم پێ دەبەخشرێ بەکاریان بهێنم بۆ ئەمەی دەستەی «هیگۆنۆت»ەکان لەناو ببەم و لووت بەرزیی خانەدانەکان بشکێنم و هەموو ژێر دەستەکانیشت بخەمەوە سەر فەرمانی خۆیان کە لەمە بەولاوە لە ئەندازەی خۆیان نەچنە دەرەوە، هەروەها ناوی گەورەی خاوەن شکۆیشتان بخەمەوە ئەو پایە بڵندییەی کە هەندەگربێ لە ناونەتەوەکانی بێگانەدا، جا بۆ ئەمەی ئەمانەم بۆ بچێتە سەر، داوام لە خاوەن شکۆتان کرد کە باوەڕییەکی تەواوتانم پێ ببەخشن ئەوەیشم بۆ دەرخستن کە ئەو ڕێگایەی من دەیگرم لە کۆڕی زرنگکاری دا بەتەواوەتی پێچەوانەی ئەو ڕێگایانە دەبێ کە سەرەک کاربەدەستەکانی پێشووم گرتوویانە مەبەستیشم ئەوەیە کە من لە جیاتی ئەوەی شاژنی دایکتان لە کاروباری ئێوە دوور بخەمەوە، وام بەباشتر زانی کە ناوەندی هەردوولاتان چاک بکەمەوە تا بەهۆی ئەوەوە خاکەکەمان کەڵکێکی گەورە و سەربڵندییەکی تەواوی دەست بکەوێ ئەو خەباتە باشەیش کە خودا وای ئارەزوو فەرموو لە من بوەشێتەوە بۆ هەڵسووڕاندنی کاروباری ئەم فەرمانڕەواییییە سەرکەوتنێکی وای لێ پەیدابوو کە بۆ بەرەکانی پاش خۆیشمان پاکانەی ئەوە بکات کە تاچ ئەندازەیەک لەسەر ئەم پێڕەوییە ڕۆیشتووم و لێم لانەداوە، مەبەستیشم لەم قسەیە ئەوەیە کە ئەو



پەیوەندییەی لەناوەند خاوەن شکۆتان و دایکتاندا هەیە لە ڕووی سروشتییەوە بەهۆی ئەو گەورەییەیشەوە کە دەستتان کەوتووە و خۆشیی لێ وەردەگرن تەواوتری لێ دێ جا ئەگەر لەپاش چەند ساڵێک ئەم ئامانجە بێتەدی و بشیوانێ ئەو تەڵەیەی دوژمنەکانتان بۆیان ناونەتەوە بیشکێنێ من دڵی خۆم هەر بەو قسەیە دەدەمەوە کە هەموو جارێک خاوەن شکۆتان دەتانکرد کە ئەوەندەی من ڕەنجم دەدا و تێدەکۆشام بۆ بڵند کردنەوەی پایەی شاژنی دایکتان ئەوەندەیش ئەو گەلەکۆمەکێیی لە من دەکرد بۆ ئەمەی سەرگەردانم بکات!...»

## چینی زەوی داران بنچینەی خاوەن سامانی هەموو شتێکن!

چینی خانەدانەکان بەشادەماری نەتەوە دادەنرێن دووریش نییە کە ئەو چینە بەشداری بکات لە یەکبوون و دەسەڵاتداریی نەتەوەکەی خۆیدا بەڵام چارەنووسی ئەو چینە لە دەمێکەوە کزبووە و کەمی کردووە، ئەویش بەهۆی چەند پیاوێکی فەرمانڕەواییییەوە ڕووی داوە کە لە بەدبەدبەختی خۆمان لەم چەرخەدا کەوتونەتە سەروو پایەی خانەدانییەوە و دڵیان پڕبووە لە پشم و قین بەرامبەر ئەندامانی ئەم چینە. کەواتە پێویستە لەسەرمان یارمەتی ئەم چینە بدەین و لە داوی ئەو کەسانە بیپارێزین کە پارە و دەسەڵاتێکی وایان پەیداکردووە پێیانەوە زاڵبوون بەسەر ئەو خانەدانانەدا کە هیچ سامانێکیان بۆ نەماوەتەوە ئازایەتییەکەیان نەبێ لەگەڵ ئەمەیشدا کە بەپێویستی دەزانم ئەو خانەدانانە بپارێزین لەوانەی کە زۆرداریان لێ دەکەن هەروەها ئەوەیش بەپێویست دەزانم کەماوە بەوانیش نەدرێ زۆرداری لە کەسانی خوارتر لە خۆیان بکەن. بەپێویستیشی دەزانم کە دادپەروەرییەکی بێ لایەنگیری لە ئەندازەی یاساکانتاندا بخرێتە گەڕ تابێ دەسەڵاتترینی ژێردەستەکانتان لە ژیان و سەر و سامان و مافی خۆیان دڵنیا بن کە پارێزراون هیچیشیان بەسەر نایەت بەڵام ئەو خانەدانانەی کە بەکاری فەرمانڕەوایی نایەن دەبنە بار بەسەریەوە منیش لەوەدا یەک و دوو ناکەم کە بڵێم ئەو خانەدانانەی کە دەستیان داوەتە بەدخوویی لەسەر ڕێوشوێنی چاکەکانی باوک و باپیری خۆیان نارۆن ئەوانەی کە خۆیان لە یارمەتیدانی شاکلاو بەشیر و بەگیان دەکێشنەوە ئەوانە هەموویان وا هەڵدەگرن کە لە پایەی سەربەرزیی خۆیان بهێنرێنە خوارەوە ئەو ناز و جیازەیش کە بۆیان ماوەتەوە لە باوک و باپیریانەوە لێیان بسێنرێتەوە. پێویستە ئەوانە وابهێنرێنە خوارەوە کە هەر وەک تاکەکانی نەتەوەیان لێ بێت لە هەڵگرتن و بردنی باری گشتیدا».

## چاککردنەوە چاکترە لە ڕووخاندن و سەرلەنوێ دروستکردنەوە

«زانینی کەموکوڕی لە کۆڕی دادپەروەریدا سووکتر و ئاسانترە لە دۆزینەوەی چارەیەک بۆ ئەو کەموکوڕییانە!...

ئەوەیش دەرکەوتووە کە کەموکوڕییەکان ئەمەندە زۆر بوون ئەمەندە تەشەنەیان کردووە و خراپ بوون تازە لە ئەندازە تێپەڕیون!...

لەگەڵ ئەوەیشدا دەزانم کە خاوەن شکۆتان بەدڵ ئارەزوو دەکەن دادگەری بگاتە ئەوپەڕی پاکی و پوختەیی بەئەندازەیەکی وایش بێ کردەوەنەنگی و بەدخوویی مرۆڤ لە وزەیدا نەمێنێ لەوە بەولاوە بەرگەی بگرێت، چارەی هەرەباشیش بۆ ئەم بارە ئەوەیە کە هەروەک زۆربەی کەسان دەریدەبڕن (بەرتیل) لەناودا هەڵبگیرێ هەروەها ئەو دەستوورەیش لابرێ کە فەرمانەکانی دادگەری پشتاوپشت بمێننەوە بۆ نەوەکانی دادگەرەکان، ئنجا ئەم پایەی فەرمانی دادگەری یا نەبێ ئەمەی شتێکیان لێ بشێوێ ببەخشرێن بەو پیاوانەی کە دەروون پاکی و کردەوە دروستییان دەرکەوتووە بۆ هەمووان کە بەجۆرێکی وەهایشن هیچ شتێک کار لە دەروونیان ناکات و لە ڕێگای ڕاست لایان نادات تەنانەت چاو پێ هەڵهێنان و بەربەرەکانێیش ناتوانن سواری دەروونیان بن!... ئەوەندە هەیە هێنانەدیی ئەم خەوە لە توانادا نییە. کەواتە پێویست بەپێشنیاز پێشان دان ناکات چونکە بەفیڕۆ دەڕوات بەڵام من دەوێرم بڵێم: هەتا باری گشتی وەک ئێستا بمێنێتەوە یاخود لە هەر بارێکی تریشدا بن کە هەر لە ئێستاوە دەتوانین بزانین چی دەبێ، ئەوە بەباشتر دەزانم کە چاو لە (بەرتیل خواردن) و (وەرگرتنی فەرمانی دادگەری بەناوی کەلەپوورەوە) بپۆشین، نەوەک یاسای دادگەری لە فەرەنسەدا بەیەک جاری هەڵبگێڕیتەوە و سەرەوژێری بکەین!... ئەمە ڕاستە زیانەکانی ئەم بارەی ئێستا تێی داین یەجگار گەورەن و بەڵام من لەو باوەڕەدام کە دامەزراندنی یاسایەکی وا کە دانانی پایەی دادگەری بەدەست خونکارەوە بێت زیانی خراپتری لێ دەوەشێتەوە چونکە یاساکە کارێکی وا دەکات کە دابەشکردنی ئەم پایەی دادگەرییانە بەکامی دڵی پیاوەکانی خونکارەوە بەند بن کە ئەوانە هەرگیز لە تەڵەکەبازی خۆیان ناکەون!... ئەندازیارێکیش کە شارەزایی و هونەرمەندی یەکەی لەو ئەندازەیەدا بێ کە بتوانێ کزی و سستیی خانوویەکی کۆن چارە بکات و چاکیان بکاتەوە و بیانخاتە شێوەیەکی پەسند ڕێکوپێکەوە بێ ئەمەی خانووەکە هەمووی برووخێنێ لەو کەسە زۆرتر هەڵدەگرێ چاکەکانی بخوێندرێتەوە کە دەمودەست خانووەکە دەڕووخێنێ بۆ



ئەمەی سەرلەنوێ خانوویەکی تازە دروست بکاتەوە جا هەروەکو پێشانم دا هەتا ناو دڵی خاوەن یاساکان نە گۆڕێن گۆڕینی یاسایەکی دامەزراو لە دەست نایەت، تەنانەت ئەگەر لە دەستیش هات بەکار نایەت»

## فەرمانبەری پارەکان چینێکی بارگرانن

«ئەو پیاوانەی خەریکی پارە کۆکردنەوەن بۆ فەرمانڕەوایی چینێکی بارگرانن بەسەر فەرمانڕەواییییەوە لەگەڵ ئەوەیشدا بێ ئەوانە کاروباری فەرمانڕەوایی هەڵناسووڕێ ئێمەیش هیچمان لە دەست نایەت ئەوە نەبێ کە چاوەڕوانی ئەوە بین و هیواداربین کە دەسەڵاتی ئەو فەرمانبەرانە تا ئەندازەیەکی پەسند کەم بکرێتەوە، بەرەڵڵایی ئەوانە و سەرکێشییان لە وزەدا نەماون کە چاویان لێ بقووچێنین!... چونکە تائەوانە خەریکی پەرەپێدانی هێز و دەسەڵاتی خۆیان و سامانی تایبەتی خۆیان بن فەرمانڕەوایی بەرە و نابووتی دەچێت و دواییش لەناو دەچێت!... من ئامۆژگاریی ئەوە ناکەم تاڵان بکرێن و ئەوەی هەیانە بدرێتە دەست گەنجینەی فەرمانڕەوایی لەگەڵ ئەوەیشدا بەئاسانی ئەوە دەردەخرێت کە ئەوانە هەر لەوساکەوە کە چوونەتە سەر فەرمانی فەرمانڕەوایی هەر خەریکی پارە کۆکردنەوە بوون بۆ خۆیان چونکە بەراووردکردنێکی سامانی پێشوویان و سامانی ئێستاکەیان ئەوە دەردەخات کە گەنجێکی زۆریان پێکەوەناوە بۆیەکیشا دەڵێم تاڵان کردنیان بەباش نازانم چونکە ئەو زێڕانەی بۆ خۆیان کۆکردۆتەوە ڕێگای بۆ کردوونەتەوە کە لەگەڵ خێزانە خانەدانەکاندا دۆستایەتی و سوێندخواری دابمەزرێنن!... جا لەبەرئەوە هەر ئەوەندەم لە دەست دێ کە ئامۆژگاری بکەم تا ئەندازەیەکی گەورە لە ژمارەیان کەم بکرێتەوە... ئەم ڕاست کردنەوەیەیش بە ئاسانی پێک دێت بۆ لەمەودوایش نابێ کەس لەو فەرمانانەدا دابمەزرێ تا کەسایەتی و ڕەوشت و جێگایەکی وای نەبێ کە لە توانایی دا هەبێ ئەو بارە گرانە بخاتە سەر ئەستۆی خۆی!...»

## ئەو کامەرانییەی زۆر گەورەی پێشان دەدەن...[1]تۆ بڵێی نەتەوە خراب بکات؟!...

«هەموو پیاوە زرنگکارەکان لەو باوەڕەدان کە ئەگەر تاکەکانی نەتەوە هەموویان بەخۆش گوزەرانییەکی تەواوەوە ژیان بەرنەسەر هەرگیز ئەوە بۆ فەرمانڕەوایی ناچێتە سەر کە وایان لێ بکات لە ئەندازەی خۆیان دەرنەچن و پێچەوانەی فەرمانی سەرشانی خۆیان نەکەن ئەوەیش سەبارەت بەوەیە کە بەجۆرێکی تێکڕایی زانیاری و پێگەیشتوویی ئەوانە کەمترە لەو کەسانەی کە لە چینەکانی تری فەرمانڕەوایی دان، جا لەبەر ئەوە ئەوانە بەئاسانی دوای ئەو دەستوورانە ناکەون کە هۆش و[2] یاسا دایانمەزراندوە مەگەر پێویستییەکی زۆریان بۆ بێتە پێشەوە و ناچاریان بکات ئەو ملکەچییە بنوێنن!...

«هۆشیش ڕێی ئەوەمان نادات هەموو باجێکیان لەسەر لاببەین لەترسی ئەوەی کە نیشانەی ژێردەستی و ملکەچییان لەسەر لاچوو، واتا کە لە هەموو باجێک ڕزگاریان بوو وابزانن ملکەچییشیان لەسەر لاچووە. خۆیان لەبیر بچێتەوە و دەست بدەنە سەرکێشی!... ئەو ئێسترانەی بەباری گرانەوە ڕاهاتوون بەسرەوتی درێژ زۆرتر دەکەونە ئازارەوە لەوەی کە فەرمانیان پێ بکرێ!... لەگەڵ ئەوەیشدا دەبێ لە سەرێکی ترەوە تەماشای ئەوە بکەین کە کاروفەرمانەکانیان لە ئەندازەدا بن مام ناوەندی بن کە بارەکانیشیان ڕێک بکەون لەگەڵ هێزی لەشیاندا. کەینەوبەینەی باج سەندنیش لە نەتەوە هەر بەم جۆرەیە. چونکە ئەو باجانەی کە خونکارەکان دەیانسێنن لە نەتەوەکانی خۆیان جارێکی تر دەگەڕێنەوە بۆ نەتەوەکان دەیانسێنن لە نەتەوەکانی خۆیان ئەمەیش بەوەدا دەردەکەوێ کە تاکەکانی نەتەوە دەکەونە ئاسایشەوە دەکەونە ئاشتییەوە گیان و سامانیشیان لەلایەن فەرمانڕەواییەوە دەپارێزرێ. گەلێک فەرمانداری وا دەناسم کە تەخت و بەخت و ژێر دەستەکانیان هەر لەبەر ئەوە لە دەست چووە کە بەهۆی:

«ترسی باج دانانەوە هێز و دەسەڵاتیان نەماوە بەسەر نەتەوەکانیاندا، هەروەها شارەزای گەلێک نەتەوەی وایشم کە هەر لەبەر ئەو سەر ئەنگرێ بوونە کەوتوونەتە ژێر دەست دوژمنەکانیانەوە کە بەپەرۆشی ئەوەوە زۆرتر لە ئەندازی خۆیان سەربەستییان دەست بکەو!...»

---

(١) یان ڕاستتر: ئەو کامەرانییەی زۆر بەگەورەیی پێشانی دەدەن...

(٢) ... (عقل)



## هۆش و فەرمانڕەوایی!...

«وا دەوەشێتەوە لە مرۆڤ کە بەسەرپەرشتی هۆشەوە نەبێ هیچ شتێک نەکات ئەگینا هەموو کردەوەکانی پێچەوانەی خواست و ئارەزووی سروشت دەردەچن، پێچەوانەی خواست و ئارەزووی خودایش دەردەچن کە دروست کاری سروشتە!...»

پیاویش تا گەورەتر بێ و پایەی بڵندتر ببێتەوە دەبێ زۆرتر هۆگری دەستوورەکانی هۆش ببێت. ئەگەر پیاوێک بوو بەخونکار پێویستە بڕیاردان بداتە دەست هۆش، واتا پێویستە لەسەری ئەوانەی لەژێر دەستیدان وایان لێ بکات: ڕێز لە هۆش بگرن و ملکەچییش بۆ فەرمانی هۆش بنوێنن بەڵام دەبێ ئەوەیش بەباوەڕێکەوە بکەن کە هۆش هەڵدەگرێ وای بۆ بکەن!.

«خۆشەویستیش لە هەموو هۆیەک بەکارتر و بەکەڵک ترە بۆ پێک هێنانی ملکەچی، هەرگیز ئەوەیش ڕوو نادات کە ژێردەستەکان سەردار یاخود سەرکردەی خۆیان خۆشی نەوێ ئەگەر بەتەواوەتی لەوە تێگەیشتبن کە سەردارەکەیان لە هەموو کردەوە و کارێکیدا دوای هۆش دەکەوێ!. جا کە پێویست بێ هۆش ببێتە ڕێ پێشان دەری فەرمانداران هەروەها پێویستیشە کە ڕێ بەهەست و تاسە و ئارەزوو نەدرێ هیچ کارێک لە کردەوە و کاری بکە!

چونکە هەست و تاسە و ئارەزوو هیچیان لەدەست نایەت، ئەوە نەبێ کە ئەو فەرماندارانە کوێر بکەن وایشیان لێ بکەن کە سێبەر بەهەتاو دابنێن!...

لە ڕاستیدا فەرمانداریی مەردایەتییەکی کردەوە جوانی پێ دەوێ لەگەڵ کاربەستنەوەیەکی وادا کە بەهیچ شتێک هەڵنەوەشێتەوە، چونکە نەرم بوون خاوەنەکانی خۆی تووشی ئەوە دەکات کە دوژمنەکانیان بۆی تێ کوشن ڕوو بدات.»

## چاکەی گشتی لە پێش هەموو شتێکەوەیە!...

«پێویستە خونکار و کاربەدەستەکانی هەر یەک ئامانجیان هەبێ کە ئەویش چاکەی گشتی بێ یان هەر هیچ نەبێ چاکەی گشتی بخەنە پێش چاکەی خۆییەوە جا ئەگەر سەردار و کاربەدەستەکانی پڕ بەدڵ ئەمەیان کرد بەپێڕەوی بۆ خۆیان و لەسەری ڕۆیشتن ئەو چاکانەی لەدەستیان دێ و لێیان دەوەشێتەوە بیانکەن هەرگیز لە ئەندازە نایەن... هەروەها بە گران ئەو سەرگەردانییانەیش دەژمێرێن کە تووشی فەرمانڕەوایی دێن بێتو ئەگەر

چاکەکانی گشتی بخرێنە دەس هەوەس و ئارەزووی تایبەتییەوە بۆ سەردارەکان ئاسانە کە بڕیار بدەن لەسەر ئەو یاسا گشتییانەی کە فەرمانڕەوایی دەریان دەکات چونکە ئەم یاسایانە بەسەرپەرشتی هۆش و دادپەروەرییەوە نەبێ دانانرێن بەڵام کە کاتێ ئەوە هات ئەو یاسایانە بخرێنە کارەوە سەردارەکانمان وا نایەتە پێش چاو کە خەمی ئەوە بخۆن لەسنووری هۆش و دادپەروری دەرنەچن. دەبینین کەڵک و چاکەی تیرە و کەمایەتییەکان تەنگەتاویان دەکەن هەروەها خۆشەویستی و بەزەیی پیاهاتنەوە و پشت گرتن و زۆرەملێ زۆری پێ ناچێ کاریان تێ دەکەن و لە ڕێگای خۆیان لادەدەن نەخوازەڵا کە ئەو هێزەیش بەخۆیانەوە نابینن کە هەموو دەم «یارمەتییان بدات زاڵ بن بەسەر دەروونی خۆیاندا و واز لە خزمایەتی و هۆزایەتی خۆیان بهێنن کە نابێ بەهیچ کلۆجێک لە کاروبارەکانی فەرمانڕەواییدا هیچ نرخێکیان پێ بدرێ جا لەکاتی ڕوودانی ئەم جۆرە بارانەدا[1] پێویستە لەسەر فەرماندارەکان هەرچی هێزێکیان هەیە بیدەن بەخۆیان بۆ ئەمەی زاڵ بن بەسەر کزیی دەروونی خۆیاندا هەروەها دەبێ هەموو دەمێکیش ئەوەیان لەیاد دا بێ کە خودا بۆیەکا ئەوانی خستۆتەسەر ئەو پایە بڵندانە تا چاودێریی چاکەی گشتی بکەن و بیپارێزن».

## گەنجینەی دڵ چاکترە لە گەنجینەی گیرفان لەو زۆرتریش دەمێنێتەوە!؟...

«هێزیش لە هەموو پێویستییەک گرنگترە بۆ گەورەیی ی خونکاران و بۆ کامەرانیی نەتەوەکانیان. لەبەر ئەوە پێویستە لەسەر هەموو کەسێک کە فڕی بەسەر زرنگکاریی فەرمانڕەواییەوە هەبێ، هەڵە یاخود گوناهی وا نەکات، کە لە هێز و دەسەڵاتی سەرۆکە هەرە گەورەکەی خۆی کەم بکاتەوە، یان سەری پێ دابنەوێنێ لەبەرچاوی جیهاندا. جا هەروەک ئامانجی خۆشەویستی

«چاکە کردنە» هەروەها هێزیش دەبێتە هۆی مەترسی. ئەو ترسەیش کە لە هەڵسەنگاندنی کاروکردەوەوە پەیدا بووبێ و، لە ڕێزگرتنەوە، وا لە هەموو کەسێک دەکات، کە ئەوە بەچاک بزانێ بۆ خۆی، کە لە هەموو کردەوە و کارێکی خۆیدا، دڵسۆزی خۆی پێشان بدات بەرامبەر سەرۆکی فەرمانڕەوای. هەروەها بێگانەکەیش چاوترسێن دەکات کە ڕایەیان نەکەوێت، ناوی سەردار بەخراپە ببەن، یاخود زیانێکی پێ بگەیەنن...

---

(١) ئەو جۆرە دیاردانە... ئەم حاڵەتە.



جا ئەگەر هێز و دەسەڵاتی فەرماندار لە هەڵسەنگاندنی کاروکردەوەکانییەوە و، لە ڕێزگرتنی کەسایەتییەکەیەوە پەیدا نەبووبێ، مەترسییەکی گەورەی لێ پەیدا دەبێ... چونکە فەرماندارەکان هەرگیز ئەوەندە ناکەونە مەترسییەوە وەک ئەوەی تووشی پشم و قین و نەنگەویستی ژێر دەستەکانیان بن. چونکە بۆ ئەوان وا باشترە کە لە ئەندازەیەکی پەسندا لێیان بترسن!...

ئەو دەسەڵاتەیش کە فەرماندار دەستی دەکەوێ و، ئەوەیشی بۆ پێک دەهێنێ کە فەرماندار دەستی دەکەوێ و، ئەوەیشی بۆ پێک دەهێنێ کە نەتەوە لە هەڵسەنگاندنی کاروباریەوە و، لە خۆش ویستنیەوە، کۆی لێ بکاتەوە و لێی بترسن چەند هێز و زەبر و زەنگێکی تێدا کۆ دەبێتەوە، کە لە یەکتری جوێ جوێن ئەو دەسەڵاتە بەچەشنی درەختێکە کە چەند لق و پۆپێکی هەبێ هەموویان لە بنکێکی گشتییەوە خۆرشت وەربگرن.

کەواتە پێویستە سەردار یاخود فەرماندار سەربازی لەژێر دەستدا بێت کە ئامادەبن بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکانی.

هەروەها ئەوەندەیش زێڕ لەناو گەنجینەکەیدا بێ کە بەکەڵکی ئەوە بێت کاروباری لەناکاوی پێ هەڵبسووڕێت... پاش ئەوە، لە دوای ئەوانە، هەموویشیان، بتوانێ دڵی نەتەوەکەی خۆی کێش بکات جا ئەگەر بێتو لەسەر ئەو ڕێوشوێنەی کە لەوەپێش دامنابوو سامانەکانی فەرمانڕەوایی کۆ بکرێتەوە نەتەوە دەکەوێتە ئاسایشێکی تەواوەوە. ئەوساکەیش سەردار لەسەر بنچینەی دڵ ڕاگرتنی ژێردەستەکانی خۆی، دەسەڵاتەکەی خۆی دادەمەزرێنێ. چونکە ئەوانە کەتێگەیشتن سەردار چاودێرییان دەکات و بەتەنگیانەوەیە و خەمی چاکەیان دەخوات هەر لەبەر کەڵک و چاکەی تایبەتی خۆیان خۆشیان دەوێ.

خونکارەکانی پێشوو ئەم بنچینەیەیان بەشتێکی یەجگار گرنگ دادەنا بۆ هێز و دەسەڵات دامەزراندنی خۆیان... یەجگار پێیشییەوە دەنازین... هەرچەندە گەنجینەی دڵان، ئیمڕۆ بەشی ئەوەندە ناکات کە دەسەڵاتی خونکارەکان زۆرتر لێ بکات، بەڵام ئەوەیش بەتەواوەتی ئاشکراو دیارە کە گەنجینەی زێڕ، بەبێ ئەو گەنجینەی دڵانە، بێ نرخ دەمێنێتەوە. واتا؛ دڵسۆزی و خۆشەویستی نەتەوە بەرامبەر خونکار و فەرمانڕەواییەکەی بێ نرخ دەمێنێتەوە و، هیچ کارێکیشی پێ نابرێتە سەر!...

**دوایی:** لەبەر ئەوەی فەرماندارەکان ناچارن فەرمان ئەوەندە بکەن کەلەو فەرمانانە زۆرتربن کە بۆ خۆیانی دەکەن، کە لە ئەندازەی کارگوزاریی خۆیشیان زۆرتربن، بێگومان

زۆرتریش تووشی لێ پرسینەوە و، گلەیی کردن و، چەندوچوون کردن دێن لەسەر ئەو کاروبارانەی کە سستییان تێدا کردوون. ئەوانە لە کەسانی تر، لە بۆرەپیاوان، زۆرتر لێ پرسینەوە و چەندوچوونیان لەگەڵدا دەگرێ، لەسەر هەڵەکانیان.

ئەوانیش وەک هەموو کەسێک، تووشی هەڵە و کەمتەرخەمی دێن. بەڵام لەبەر ئەوەی باری چاودێری کردنی چاکەی گشتی بەسەر شانیانەوەیە، هەر سستییەک لە هەڵسووڕاندنی ئەو کاروبارانەدا بنوێنن، بە تاوان و گوناه لەسەریان دەژمێررێ.

جا ئەگەر فەرماندارەکان کەمتەرخەمییان کرد لەوەدا کە هەموو ڕەنجێک بدەن لە پێناو فەرمانداری کردن بەسەر هەموو چین و دەستە و تیرەکاندا... ئەگەر لەوەدا سستییان نوواند کە چاکترین ئامۆژگاری کار بدۆزنەوە بۆ خۆیان، تا ڕاوێژیان پێ بکەن... یان ئەگەر بەچاوی سووکەوە سەیری کاربەدەستەکانی خۆیان کرد و بایەخیان پێ نەدان...

ئەگەر پێیان نەکرا خۆیان بکەن بەنموونەیەک بۆ کردەوەی شیرین و کاری ڕەندین و کەسایەتییەکی بڵند و پەسند لەناو نەتەوەکەی خۆیاندا... ئەگەر لە دامەزراندنی دادپەروەریدا خۆیان ماندوو نەکرد... ئەگەر لە یاداشدانەوەی کارگوزارانی کۆڕی کاروباری گشتیدا هونەریان نەنوواند... ئەگەر لە سزادانی گوناهبار و سەرکێشدا سستییان پێشان دا... ئەگەر دووربینی و خۆ ئامادەکردنیان بۆ سەرگەردانی ناکاو، خستە پشتگوێوە...

یاخود خەمخۆریی ئەو ڕۆژەیان نەکرد، کە دوور نییە شەڕ و ئاژاوە بەرپا ببن... ئەگەر کاربەدەست و یارمەتیدەرکانیشیان لەسەر ئەو بنچینەیە هەڵبژێرن بۆ پایە هەرە بەرزەکانی فەرمانڕەوایی، کە سەربەخۆیان بن، نەک هەڵ بگرن پایەی وا بەرزیان بدرێتێ... ئەگەر پشتی فەرمانڕەواییيان وا بەهێز نەکرد کە جێگای هەرە باش بگرێت لەناو فەرمانڕەوایایی جیهاندا، کە هێزێکی پەسند لەژێر چنگی دا بێ...

ئەگەر ئەو سەردارانە، یاخود فەرماندارانە، لە هەموو جێگا و ڕێگایەکدا، لە هەموو کاتێکدا، چاکەی گشتییان نەخستە پێش چاکەی تایبەتی خۆیانەوە...

ئەگەر ئەو سەردارانە وایان نەکرد... بێگومان تاوانبارییەکی وا دەنوێنن گوناهی وا دەکەن، کە لە تاوان و گوناهی ئەوانە خراپتر و توندوتیژترن کە فەرمان و یاساکانی خودایی دەشکێنن. ئەمانە بام خۆیشیان لە ژیانی تایبەتی خۆیاندا ڕاست و پاک بن، لە لێ پرسینەوەی خودایی و نەتەوەیی ڕزگاریان نابێ!...

«تەواو»

# شازاده

ئەم نووسراوە هەر لەسەدەی شانزە هەمەوە تا ئیمڕۆ بووەتە دەستووری زرنگکاری!

نووسەری: نیکۆلۆ ماکیا ڤیللی

شارەزای هەرە بەناوبانگی زرنگکاری لە ئیتالیادا

١٩٨٧

پێشەکی:

ئەم نووسراوە

ئەم نووسراوە، (شازادە)، کە ئیمڕۆ پێشکەشی خوێندەوارە بەڕێزەکانی کوردی دەکەم، ئەمەندە لە جیهاندا بەناوازەیی و نایابی ناوبانگی دەرچووە، هەر لەو ساکەوە کە خاوەنەکەی (نیکۆلۆ ماکیاڤیللی) لە ساڵی ١٥١٣دا دایناوە تا ئیمڕۆ، بووەتە دەستووری زرنگکاری نووسەرەکەی، (نیکۆلۆ ماکیاڤیللی) لەسەردەمی خۆیدا، لە پیاوانی (فەرمانداری) و (ڕاستی پەرستی زرنگکاری) ژمێرراوە لە ساڵی ١٤٦٩دا لە ئیتالّیادا لە دایک بووە لە (کۆماری فلۆڕەنسە)دا گەیشتۆتە بلّندترین پایەی فەرمانداری لە پاشدا خانەدانی (میدتیشی) دلّیان لێ کرمێ کردووە و، لە فەرمان دەستیان کێشاوەتەوە، لەو ناوچەیەیش لایان بردووە بەڵام زۆری پێ نەچووە، خۆی لەگەڵیاندا ڕێک خستۆتەوە و، چووەتەوە جێی خۆی.

چەند نووسراوێکی هەیە لە بابەت «هونەری شەرکردن» و «مێژووی فلۆڕەنسە» وە ئەم نووسراوی (شازادە)یەیش دوا نووسراوی بووە، کە لە ساڵی ١٥١٣دا دایناوە بەڵام تا ساڵی ١٥٣٢ بڵاو نەکرابووە وە واتا لە پاش مردنی خۆی بەپێنج ساڵ بڵاو کرابووە وە منیش کە پوختەی ئەم نووسراوەم لە کۆڤاری (کتابی)دا دی، کە بەزمانی عەرەبی پەرچڤەکرابوو، و چاپیش کرابوو، لە (قاهیرە)، لە خاکی (مصر)دا، لەلایەن خاوەنی کۆڤارەکەوە (حلمی مراد)، بەباشم زانی بگۆڕمە سەر زمانی کوردی. هیوادارم خوێندەوارە خۆشەویستەکانمان کەڵک و خۆشی لێ وەربگرن.

لەسەر ئەم نووسراوە لە ساڵانی ڕابردوودا گەلێک نووسەر لە جیهانی پێشکەوتوودا مقۆمقۆیان کردووە هەندێکیان هوروژمیان بردۆتە سەر هەندێ بیروباوەڕی نووسەرەکەی



هەندێکیشیان هەموو ناوەڕۆکەکەیان پەسەند کردووە ئەمەیش بۆ نرخی ئەم نووسراوە بەسە کە هەر لەڕۆژی بڵاوکردنەوەیەوە تا ئیمڕۆ فەرمانداڕانی جیهان کەڵکیان لێ وەرگرتووە و، بەکاریان هێناوە هۆی ئەمەیش ئەوەیە کە (ماکیاڤیللی) بێجگە لە جیهان دیدەی و فەرمانداری دیدەیی خۆی، لێکۆڵینەوەیەکی زۆری لە هونەری فەرمانداری وزرنگکاری و مێژوودا کردووە ئنجا ئەم نووسراوە بەنرخەی داناوە، تا ببێتە ڕابەر بۆ هەموو فەرماندارێک لە جیهاندا و، فێری هونەری فەرمانداری یان بکات.

ئەوەندەی پەیوەندی بەبیروباوەڕی خۆیشمەوە هەیە دەربارەی ئەم نووسراوە: هەروەک سەرنجم لێ داوە (ماکیاڤیللی)، باوەڕی بە(بەخت) و (چارەنووس) هەیە! دەڵێ: ئامانج و بیروباوەڕی شازادە هەر دەبێ جەنگ بێ! ڕێیش دەدا بەشازادە، کە لە پێناوی پاراستنی فەرمانڕەواییەکەیدا، ئەگەر ناچاربوو، خراپەیش بکات و، خودانەناسیش بنوێنێ و لە دەستووری مەردایەتیش لابدات بێجگە لەوە خەمی ئەوەیشی نەخواردووە کە چەند نموونەیەکی شازادانی باش لە ڕۆژهەڵاتییە ئیسلامەکانی پێش خۆی بهێنێتەوە، وەک (عومەری خەتاب) و (عومەری عەبدولعەزیز) و (سەلاحەدینی ئەییوبی) دیارە من لەمانەیدا لەگەڵیدانیم چونکە پێچەوانەی ئایینی ئیسلامن.

لەگەڵ ئەمەیشدا نووسراوەکە نرخی خۆی کەم نەکردووە بەچاکترین نووسراویش دادەنرێ کە لەبابەت (هونەری فەرمانداری)یەوە دووابێ.[١]

شاکر فەتاح

«خاوەنی پڕۆژەی خوێندەواری کورد»

سلێمانی - ١٩٦٦/١/١٦

(١) هەر لەم ڕووەوە (نظام الملک- الحسن بن علی) ١٠١٨-١٠٩٢ وەزیری هەردوو سوڵتانی دەوڵەتی سەلجوقی (ئەلپ ئەرسەلان، مەلەکشاه)، ئامێری وردبین و شارەزای بەڕێوەچوونی دەوڵەتەکە لەو سەردەمەدا...، کتێبێکی داناوە بەناوی (سیاسەتنامە)؛ کەتیایدا هەرچی ئەزموون و بۆچوونەکانی خۆی هەیە لەڕووی دەوڵەت و بەڕێوەبردن و کارسازی وڵاتەوە؛ خستوویەتیە بەرچاوی ئەوانەی دەیانەوێ وڵاتێکی پڕ لە ئاسایش و دادپەروەری و، خۆش گوزەران ببەن بەڕێوە لەسەر ڕێوشوێنی ئیسلامیەتێکی ڕاست و ڕەوان، دوور لە هەڵپە و چاوچنۆکی بۆ مەنفەعەتی دنیا و دەسخەڕۆکردنی موسوڵمانان. هەروا ڕێبازی تایبەتی خۆی لە حوکم کردن و دەسەڵاتدا؛ مەبەستیشی لەمە تایبێتە ژێدەرێ بۆ حوکمدار و وەزیرانی دوای خۆی تا لەکار و پیشەیاندا پشتی پێ ببەستن لە سیاسەت و سوڵتاندا. (ئەمیر)ی مکیاڤیللی ڕێنمایی دەسەڵاتدارە زۆردار و داسەپاو و داگیرکەرەکان دەکات =

## ناردنی نامەیەک

لە نیکۆلۆ ماکیاڤیللییەوە...

بۆ (لۆرنزۆ)ی گەورە کوڕی[1] (بیرۆ دی میدتیشی)

«ئەوانەی دەیانەوێ دڵی شازادەکان کێش بکەن بۆ خۆیان، وا ڕاهاتوون کە دیارییان بۆ بنێرن دیارییەکانیشیان یان شتێکی هەرە بەنرخی سامانیان دەبێ، یاخود شتێکی هەرە ناوازەی وا دەبێ کە شازادەکان دڵیان پێدا بچێ!. بەڵام من هەرچەند سەرنجم دا لەو شتانەی کە هەمن، هیچ کامێکیانم لەوە نازدارتر و بەنرختر نەدۆزیەوە، کە زانیاری خۆمتان پێشکەش بکەم لەبابەت کردەوەی گەورە پیاوانەوە چونکە ئەم زانیارییەم لەوەوە دەست کەوتووە، کە ماوەیەکی دوور و درێژ بەکارەساتی ئەم چەرخەوە خەریک بووم و سەرنجم لێ داون هەروەها بەلێکۆڵینەوەیەکی بێ وچانیشەوە خەریک بووم لە مێژووی کۆندا... منیش هەر ئەوەندەم لە دەست دێ کە لە ماوەیەکی یەجگار کەمدا شارەزای ئەو هەموو کاروبارانەت بکەم کە خۆم فێریان بووم بەلای خۆیشمەوە وایە کە دیاری لەمە گەورەترم لە دەست نایێ، پێشکەشی بکەم چونکە تا ئەو شارەزاییەم پەیدا کردووە، گەلێک گیروگرفتی هەژاری و نان بڕاوی و، بێکەسی و، تەنگوچەڵەمەی کوشتنم هاتۆتە بەر، کە ساڵانیان خایاندووە.

فەرماندار پێویستە بەتەواوەتی شارەزای سروشتی نەتەوە ببێ هەرەوها ژێر دەستەکانیش پێوستە شارەزای سروشتی سەرۆک و سەردار و فەرمان دارەکانی خۆیان ببن!.».

---

= و فێریان دەکات کە چۆن نینۆکی چنگی خوێناویان لە گەردنی خەڵکە هەژارەکە و نەتەوە ژێر دەستەکان گیر بکەن و بەکۆمەڵە فرتوفێڵ و تەڵەکەبازیەکی شەیتانانە کە ناوی ناوە (سیاسەت) حوکمێکی ئستیبدادی بەرن بەڕێوە، فێریاندەکات چۆن ببنە مێردەزمە بەسەریانەوە و درێژترین ماوە ئێسک و پروسکیان بهاڕن. نازانم مامۆستا چ دڵێکی چووە بەم (شازادە)یەدا و کاتی بەنرخی خۆی پێوە خەریککردووە تا وەری بگێڕێ؟! نەک هەر مامۆستا، بەداخەوە یەک دوویەکی تریش هەر لە نێوەندە ڕۆشنبیریەکەماندا (تەواوی) ئەم کتێبەیان بەکوردی کردووە، هەروەک ئەوانەی خولیای دەسەڵاتیان هەیە لە ناوماندا، فێریان بکەن بۆ چۆنێتی گرتنەبەری ڕێبازێکی لەو چەشنە لە حوکمەکەیاندا.!! لەم ڕووەوە، بۆ زیاتر بڕوانە: عمر أبو النصر؛ قلعه آلموت، مکتب عمر أبو النصر للتألیف والترجمه، بیروت، بەبێ ساڵی چاپکردنی، ل٤٣

(١) ڕاستتر: کوڕە گەورەی...



## جۆرەکانی فەرمانڕەوایی و شێوەی دامەزراندنیان

ئەو فەرمانڕەواییانەی کە ڕەگەزی مرۆڤیان خستۆتە ژێر چنگی خۆیانەوە، لە کۆنەوە تا ئیمڕۆ، دوو جۆرن: جۆرێکیان لە شێوەی (کۆماری)دان جۆرێکیشیان لە شێوەی (خونکاری)دان. (خونکاری)یش یان پشت بەپشت بۆ نەوەی خونکار دەمێنێتەوە واتا تا چەند ماوەیەک، خونکارەکان، هەر لە یەک خێزانەوە دێنە سەرتەخت یاخود خونکارییەکی تازە دامەزراوە ئەم خونکارییە تازە دامەزراوەیش، یان تەواو تازەیە یاخود هەروەک «ئەندامی تازە» وایە و خراوەتە سەر ئەو خاکانەی کە بۆ شازادە لە باوکییەوە لە پاش بەجێ ماون ئەو خاکانەیش کە لەم جۆرە بابەتەبن، یان بەفەرمانداری شازادەیەکی ترەوە لەوە پێش ڕاهاتوون، یاخود لەو خاکانە بوون کە سەربەخۆ بوون بەڵام بەزەبری جەنگ خراونەتە سەر خاکەکانی شازادە یاخود هەر بەهۆی بەختەوە، کەوتوونەتە ژێر چنگی شازادە وە، یان بەهۆی هێز و توانایی تایبەتی خۆیەوە توانیوێتی ئەو خاکانەی دەست بکەوێ.

لێرەدا لە بابەت کۆمارەکانەوە قسە ناکەم تەنیا لە خونکارییەکان دەدوێم جا لەپێش هەموو شتێکدا ئەوە دەڵێم: کە پاراستنی ئەو فەرمانڕەواییانەی لە باوکەوە بەجێ ماون و ڕاهاتوون بەژێر دەستی خێزانێکی خونکارییەوە، گەلێک ئاسانترە لە پاراستنی خونکارییە تازەکان... هەر ئەوەندە بەسە کە شازادە لە ئەندازەی دەسەڵات و شێوەی باوک و باپیری خۆی تێپەڕ نەکات و، خۆیشی بۆ هەموو ڕووداوێکی ناکاو ئامادە بکات ئیتر دەتوانێ خونکارییەکەی خۆی بپارێزێ ئنجا ئەگەر هێزێکی یەجگار بێ ئەندازەی لێ پەیدابێ و، لە ناکاو بدات بەسەریدا، ئەوە شتێکی جیاوازە!.

تەنانەت لە ڕوودانی کارەساتێکی وایشدا، شازادە، پێی دەکرێ، خاکەکەی خۆی بسێنێتەوە هەر ئەوەندە داگیرکەر کارەساتێکی ناهەمواری بچووکی لێ ڕووبدات کە بەد بەختی تێدا دیار بێ، شازادە دەتوانێ خاکەکەی خۆی لە داگیرکەر بسێنێتەوە... ئەویش دیارە کە شازادە دەتوانێ دڵی نەتەوەکەی خۆی کێش بکات، ئەگەر کاروکردەوەیەکی وا نەنوێنێ کە زیان بەنەتەوەکەی خۆی بگەیێنێ و دڵی بڕەنجێنێ... بەڵام لەو خاکەدا کە خونکاری تازەی تێدا دامەزرابێ، بەڕاستی گیروگرفت زۆر ڕوو دەدات چونکە لەپێش هەموو شتێکدا، ئەگەر خاکە خونکارییەکە تەواو تازە نەبێت، بەڵام ئەندامێک بێ لە فەرمانڕەواییەکی تردا، هەر لەسەرەتاوە، بەهۆی پەیدابوونی گیروگرفتێکی سروشتی کە لە هەموو خاکە داگیرکراوە تازەکاندا ڕوو دەدات.

شەڕ و ئاژاوە پەیدا دەبێ... گیروگرفتەکەیش ئەوەیە کە نەتەوە بۆیەکا سەردارەکەی خۆی

دەگۆڕێ، تا بکەوێتە خۆشی و کامەرانییەوە بەڵام کەدییان سەردارەکانیان چەواشەیان کردوون، لێیان هەڵدەگەڕێنەوە... ئەگینا ئەگەر بارەکەیان چاکتری لێ بهاتایە وایان نەدەکرد!. بەم ڕەنگە، هەر کەسێ لە ڕووی داگیرکردنی خاکەکەیەوە زیانی پێ گەیشتبێ، قینت لێ هەڵدەگرێ و دەبێتە دوژمنت هەروەها دۆستایەتی ئەوانەیشت پێ ڕاناگیرێ، کە یارمەتی یان داوین لە داگیرکردنی نیشتمانەکەیاندا هۆی ئەمەیش ئەوەیە کە تۆ لە تواناتدانیە هەموو ئاواتێکی ئەوانە بهێنیتەدی، هەموو ئارەزوویەکیان بەجێ بهێنێت نایش توانیت لێیان ڕاپەڕیت و چی پێویستە بۆ کەڵکی گشتی لێیان بکەین، چونکە چاکەیان بەسەرتەوە هەیە!... جا لەبەر ئەوە هێزی لەشکرەکانت هەر چەندێ گەورەیش بێ، تۆ هەموو دەم ناچاریت دڵی ئەو خاکانە ڕا بگریت کە دەتەوێ لەژێر چنگتدا بمێننەوە!...

## دەستووری خاک ئاوەدانکردنەوە و فەرمانڕەوایی داگیر کردن!.

ئەمەیش ڕاستە ئەو خاکانەی شۆڕشیان تێدا هەڵساوە، لە پاش کوژاندنەوەی شۆڕشەکەیان بەئاسانی لە دەست دەرناچن چونکە فەرماندار، کە کەوتە ئەم بارەوە، زۆرتر هۆگری تەختەکەی خۆی دەبێ و باشتر بەهێزی دەکات ئەوەیش بەوە جێبەجێ دەکات، کە هەر کەسێ لێی ڕاست بووە وە، سەری پان دەکاتەوە.

هەر کارێکیش پێچوپەنای تێ کەوت، دەکەوێتە بنجوبناوانیەوە تا ڕۆشنی دەکاتەوە.

لە هەر لایەکیشەوە کزی دی، چارەی دەکات و بەهێزیشی دەکاتەوە!.

دەبێ ئەوەیش بزانرێ کە ئەو فەرمانڕەواییانەی دەخرێنە سەر فەرمانڕەواییەکی تر کە لەوەپێش سەربەخۆ بووە و، دەکرێن بەیەک فەرمانڕەوای، یان ئەوەتا لەڕەگەز و زماندا لەگەڵ ئەم فەرمانڕەواییەدایەکە، یان ئەوەتا لە ڕەگەز و زماندا لەگەڵیدا یەک نییە... ئەگەر هاتوو ڕەگەز و زمانیان یەک بوو، بەتایبەتی ئەگەر لەوەپێش بەئازادییەوە ڕانەهاتبێ، بەئاسانی جڵەوی فەرمانڕوایی دەکەوێتە دەست فەرمانڕەواییە داگیرکەرەکە بۆ داگیرکردنی ئەو فەرمانڕەواییە هەر ئەوەندە بەسە، کە خێزانی سەردارەکانی لەناو ببرێن ئیتر لەوە بەولاوە باری کۆنی ئەو فەرمانڕەواییە گۆڕینی پێ ناوێ چونکە یەکێتی ڕەوشت و کردەوەی هەردوولا، بەسە بۆ ئەوەی کە ئەو نەتەوەیە لە ژێر سێبەری سەردارە تازەکاندا، بەبێ دەنگو سەنگییەوە بژی!.

لەبەر ئەوە هەر سەردارێک خاکێکی وا داگیر بکات و بیەوێ لە دەستیدا بمێنێتەوە پێویستە دوو شت بخاتە پێش چاوی خۆی:



یەکەمیان ئەوەیە: کە خێزانی سەردارەکانی پێشووی ئەو خاکە لەناو ببات.

دووەمیشیان ئەوەیە: کە دەست لە هیچ یاسایەک و هیچ باجێک نەدات بیگۆڕێ بەڵام کە خاکی داگیرکراو، لە زمان و یاساو رەوشت و خودا جوێ بێ، گیروگرفتێکی زۆر لەوەی پێشوو گەورەتر دێتە پێش دەمی شازادەوە... لەبەر ئەوە هێشتنەوەی ئەو خاکە لەدەستدا، بەختێکی یار و، تێکۆشانێکی یەجگار گەورەی پێ دەوێ...

لە هەموو ڕێگایەک باشتر و پڕ هیواتر ئەوەیە، کە شازادەی تازە لە خاکە داگیرکراوەکەدا جێگایەک بۆ خۆی دامەزرێنێ چونکە، کە لەوێدا بوو دەتوانێ لە کاتی خۆیدا هەست بەسەرەتای ئاژاوە و پشێوییەکان بکات و، دەمودەستیش چارەیان بکات.

بێجگە لەوە، ئەو خاکەیش ناخەیتە بەردەست پیاوەکانت تاڵانی بکەن چونکە دانیشتوانی ئەو خاکە، دەتوانن ڕاستە و ڕاست چاویان بەخۆت بکەوێ و، ئەوی پێویستیانە دەستیان بکەوێ هەروەها کە شازادەیش لەو خاکەدا مایەوە و جێگیر بوو، ئیتر فەرمانڕەواییەکە بێگانەیش کە چاوی بڕیبێتە ئەو خاکە، ئەوەندەی هەڵپە بۆ ناکات!

بێجگەلەوە ڕێگایەکی تریش هەیە بۆ ڕاگرتنی فەرمانداری لە خاکی تازە داگیرکراودا.

هەروەها بۆ پاراستنی ئەویش دامەزراندنی هەوارگەی ئاوەدانییە لە شوێنێک دوو شوێنی گەورەی ئەو خاکە داگیرکراوەدا شازادە چەند کەسێک لە ژێر دەستە نەژاردەکانی خۆی لەو شوێنانەدا دادەمەزرێنێ شازادە بەهۆی ئەوە وە هێزێکی سوپای زۆری بۆ دەگەڕێتەوە کە لەوێدا بیانهێڵێتەوە!... دامەزراندنی ئەم جۆرە هەوارگەی ئاوەدانییانەیش لەو خاکە داگیرکراوەدا ئەوەندە نابێتە ئەرک بەسەر شازادەوە زیانیش هەر لەو خاوەن زەوی و خانووانە دەکەوێ کە شازادە لێیان دەسێنێ و دەیدا بەو نیشتەنییە تازانە!... ئەوانەی کە زیانیشیان پێ دەگات یەجگار کەم دەردەچن لە چاو نیشتەنییەکانی هەموو فەرمانڕەواییەکەدا.

بێجگە لەوە هەژاری و ئاوارەییەکەیشیان پەکی ئەوەیان دەخات کە بتوانن خراپە لەگەڵ شازادە بکەن!. کەچی نیشتەنییەکانی تریش کە زیانیان لێ نەکەوتووە، دەترسن لەوەی زیانیان لێ بدرێ و، وەک ئەوانەیشیان بەسەربێ کە ئاوارە و تەفر و توون کراون چونکە دەبێ ئاگامان لەوەیش بێ کە نەتەوە یان دەبێ بەچاکی لەگەڵیان بجووڵێینەوە، یان دەبێ زەبر و زەنگیان لەگەڵدا بنوێنین و لە ناویان ببەین.

ئەوەیش لەبەر ئەوەیە کە ئەگەر زیانێکی کەمیان لێکەوت، ڕەنگە هەڵبگەڕێنەوە و

تۆڵەی خۆیان بکەنەوە بەڵام ئەگەر زیانەکەیان یەجگار گەورە بوو، ڕەنگە هیچیان لە دەست نەیەت تۆڵەی خۆیان بکەنەوە جا لەبەر ئەوە، زۆر پێویستە کە ئەو زیانەی دەیگەیێنین بەکەسێک، ئەمەندە گەورەبێ، کە مەترسی ئەوەی لێ نەکەین تۆڵەی خۆمان لێ بکاتەوە!... بەڵام دامەزراندنی هێزێکی پاراستن لە ناو خاکێکی داگیرکراودا، کە هەوارگەی ئاوەدانکردنەوەی تێدا دامەزرابێ، ئەوەندە بەئەرک دەبێ بۆ فەرمانڕەوای داگیرکەر، کە هەرچی دەرامەتێکی لە خاکی داگیرکراودا دەست دەکەوێ، دەبێ لەودا بەختی بکات بێجگە لەوە دەبێتە هۆی دڵشکاندنی ڕۆڵەکانی خاکە داگیرکراوە کەیش، کە زۆری پێ ناچێ هەر کەسێکی تێدا بێ، دەبێ بەدوژمن لە فەرمانڕەوای داگیرکەر... جا مەترسی لەو دوژمنانە دەکرێ، کە هەر دەمێک ئارەزوویان کرد، تۆڵەی خۆیان لە شازادە و فەرمانڕەواییەکەی بکەونەوە!...

## ڕێگای بەهێز کز کردن!

بێجگە لەمە هەر کەسێک فەرمانداری بەسەر فەرمانڕەواییەکی بێگانەدا بکات، لەو شێوانەدا کە لە سەرەوە ناومان بردن، پێویستە خۆی بکات بەپێشەوا پشتیوانی ئەو فەرمانڕەواییە دراوسێ یانەی کە لە خۆی کەم هێزترن هەروەها پێویستە بۆ ئەوەیش تێبکۆشێ کە دراوسێ بەهێزەکانی خۆی کز بکات دەبێ زۆر بەتەنگ ئەوەیشەوە بێ کە بێگانەیەکی لە خۆی بەهێزتر پەلاماری ئەو خاکەی ژێر دەستی نەدات دەستووریش وایە کەسەردارێکی بێگانەی بەهێز هاتە ناو خاکێکەوە نیشتەنییە بێ دەسەڵاتەکان لە خۆیانەوە دەبنە پشتیوانی ئەوەیش لەبەر ئەوەیە کە قینیان لەوانە هەڵگرتووە کە زەبروزەنگیان بەسەردا نوواندوون لێرەدا شازادە هەر ئەوەندەی لەسەرە کە ئاگای لەخۆی بێ ئەوەندە ڕوویان نەداتێ ئەوەندە دەسەڵاتیان پێ نەبەخشێ کە لە خۆیان بایی بن و ولێی هەڵبگەڕێنەوە.

هەروەها بەهۆی ئەو هێزەوە کە لەژێر چنگیدایە و، بەهۆی کۆمەکی ئەو پشتیوانانەوە دەتوانێ خاوەن هێزەکانی نەتەوەکە سەرەشکێنە بکات و، لە پەلوپۆیان بخات تا نەتوانن لێی هەڵبگەڕێنەوە و بەرەنگاری بکەن هەر شازادەیەکیش لە فەرمانداریدا ئەم ڕێگایە بەچاکی نەگرێ، زۆری پێ ناچێ، هەرچیی دەستکەوتووە لە دەستی دەچێ یاخود تا پارێزگاری ئەو بەشە بکات کە دەستی کەوتووە هەر تووشی گیروگرفت و ئەرک و ئازار دەبێ!...



دەستوورێکی گشتی تریش هەیە، کەم ڕێ دەکەوێ، سەرنەگرێ... ئەویش ئەوەیە هەر کەسێ بوو بەهۆی ئەوەی کە یەکێکی تر بەهێز ببێ یا بەهێزی بکات، ئەو بەوە خۆی سەر ئەنگرێ دەکات!. جا بەبۆنەی ئەو گیروگرفتانەوە کە دێنە پێش دەمی شازادە، لەکاتی پاراستنی فەرمانڕەواییەکدا کە تازە خستویێتییە سەر فەرمانڕەواییەکەی خۆی، ڕەنگە هەندێک بپرسن بڵێن: کەواتە ئەسکەندەری هەرە گەورە چۆن توانی لە چەند ساڵێکی کەمدا ببێتە گەورەی ئاسیا؟... هەر ئەوەندە ئەو خاکانەی داگیرکرد، گیانی بەخاک سپارد... خۆ دەبوو ئەو خاکانە هەموو هەڵبگەڕانایەوە... کەچی ئەو کەسانەی لە دوای ئەسکەندەرەوە هاتن توانیان چنگ بگرن بەسەر کاروباری ئەو خاکانەدا و، هیچ گیروگرفتێکیشیان نەیێتەبەر مەگەر هەر ئەوەندە کە لەبەر چاوبرسێتی خۆیان کەوتنە بەربەرەکانێ لەگەڵ یەکتردا وە شەڕ و شۆڕیان لەناو خۆیاندا دامەزراند!... وەرامی منیش بۆ ئەو پرسە ئەوەیە، کە ئەو خاکانەی لەناو مێژوودا ناسراون بەیەکێک لەم دوو ڕێگایە فەرمانڕەواییان بەسەردا کراوە: یان ئەوەتا فەرمانڕەواییەکیان هەبووە، شازادەیەکی بەسەرەوە بووە چەند کەسێکیش لە پیاوەکانی یارمەتی یان داوە لە فەرمانداریدا، وەک کاربەدەستەکانی، کە لە سایەی ئەوە وە و، لەسەر ڕێ دانی ئەو کاروباریان هەڵسوڕاندووە... یاخود ئەوەتا فەرمانڕەواییەکیان هەبوو، شازادەیەکی بەسەرەوە بووە لەگەڵ چەند خانەدان و دەسەڵاتدارێکی تردا کاروباریان بەڕێوە بردووە بەڵام ئەو خانەدان و دەسەڵاتدارانە لە سایەی ئەو شازادەیەوە نەبووە کە گەیشتوونەتە ئەو پایەیە، بەڵکو بەهۆی ئەوە وە بووە کە خۆیان لە بنچینەدا خانەدان و دەسەڵاتدار بوون هەروەها خۆیشیان خاوەن خاک و نەتەوە بوون کە پێیانەوە نووساون و ژێردەستی ئەوانیان پێ خۆش بووە... لەبەر ئەوە دەبینین کە شازادە لە فەرمانڕەواییەکەی یەکەمیاندا خاوەن دەسەڵات ترە، تا فەرمانڕەواییەکەی دووەمیان چونکە لە فەرمانڕەوای یەکەمیاندا، هەر ئەو شازادەیە بەگەورە دادەنرێ، کاربەدەستەکان و خاوەن دەسەڵاتەکانی تریش بەژێردەستی ئەو دادەنرێن!. فەرمانڕەوای «دارا» لە شاهەنشاهێتییەکەی فارس دا، لە جۆری فەرمانڕەوای یەکەمیان بوو لەبەر ئەوە ئەسکەندەر ناچاربوو ئەو فەرمانڕەواییە بەتەواوەتی سەرەوژێر بکات، تا بتوانێ خاکەکانی یەک لەدوای یەک داگیر بکات هەر ئەوەندە سەرکەوت بەسەر (دارا)دا و دارایش مرد، ئەو خاکانە هەموو کەوتنە ژێردەستییەوە ئەمەیش سەبارەت بەوەیە کە لەناوبردنی خونکار و خێزانەکەی لەم جۆرە فەرمانڕەواییانەدا سەرداران و خاوەن هێزانی وا نامێننەوە کە مەترسییان لێ بکرێ، یاخود نەتەوە لەپشتیانەوە بڕوات!. بەڵام

هەرگیز ئەوە ڕێک ناکەوێ کە بەئاسانییەکی وەها خاکێکی وەک (فەرەنسە) یاخود (ئیسپانیا) داگیربکرێ لە چەرخێکی وەک چەرخی شانزەهەمدا چونکە لە هەردوو خاکەکاندا، خونکار هەیەو چەند خانەدانێکی دەسەڵاتداریش هەن کە دانیشتوانی ناوچەکانیان، دانیان بەگەورەییاندا ناون و، خۆشیان دەوێن هەرکامێکیشیان بگریت دەتوانێ پشت بەدانیشتوانی ناوچەکەی خۆی ببەستێ و هەڵیان بگێڕێتەوە لە خونکار! کاتێ کە فەرمانڕەواییە داگیرکراوەکان وایان لێ دێ کەبتوانن بەئازادی بژین و پێڕەوی یاسا تایبەتییەکانی خۆیان بکەن، بەهۆی سێ شتەوە دەتوانرێ بەداگیرکراوی بهێڵرێنەوە: یەکەمیان ئەوەیە کە بێ بەش بکرێت لە دەرامەتەکانیان.

دووەمیان ئەوەیە: کە شازادە خۆی بچێتە ئەوێ لەناویاندا بژی.

سێیەمیشیان ئەوەیە: کە ڕێ بدرێ بەپێی یاساکانی تایبەتی خۆی بژی بەڵام هەموو ساڵێک سەرانەی لێ بسێنرێ بێجگە لەوە فەرمانڕەواییەکی وایشی تێدا دابمەزرێنرێ کە لە چەند کەسێکی کەمی دانیشتووی خۆی پێکهاتبێ کە بتوانێ دڵسۆزی نەتەوەکە بۆ تۆ دەست بخات و، ئەوەیشیان بخاتە دڵەوە کە فەرمانڕەواییەکەیان بەبێ دۆستایەتی تۆ و، بەبێ پشتیوانی تۆ سەر ناگرێ و خۆی بۆ ناپارێزرێ!... چونکە چاکترین ڕێگا بۆ فەرمانڕەوای کردن بەسەر خاکێکدا، کە هۆگری ئازادی بێت، یان پێیەوە ڕاهاتبێت ئەوەیە کە فەرمانداریەکەی بدرێتە دەست دانیشتوانی خاکەکە خۆیان، بەم شێوەیەی کە پیشانماندا، ئەگینا لە دەست دەردەچێت!. جا هەر کەسێ خاکێکی ئازاد داگیر بکات و تێکومەکانی نەدات، دەبێ چاوەڕوانی ئەوە بێت کە خۆی لەناو بچێت.

چونکە خاکێکی وا هەموو دەم ئاواتەخوازی ئەوەیە کە شۆڕش هەڵبگیرسێنێ بۆ دەست کەوتنەوەی ئازادی خۆی، بۆ پێڕەوی کردنەوەی یاساکانی کۆنی خۆی چونکە ئەو بەو سەربەستییەوە، بەو یاسایانەوە ڕاهاتووە نەتێپەڕینی ساڵەکان و نەدەست کەوتنی کەڵک و چاکەکان، ئەو سەربەستی و یاسایانەی لەبیرنابەنەوە.

بەپێچەوانەوە، نەتەوەی ناو ئەو خاکە داگیرکراوە، تادەمێنن لە ژیاندا، هەر هۆگری ئەو سەربەستی و یاسایانە دەبن و، هەر بۆ دەستکەوتنەوەیان تێدەکۆشن.

مەگەر شازادەی تازە بتوانێ جیایان بکاتەوە لە یەکتری و تەفر و توونایان بکات!.

بەڵام ئەو خاکەی کە وا ڕاهاتووە لەژێر فەرمانداری شازادەیەکدا بژی، کە ئەو شازادەیە بەخۆی و کەس و کار و خێزانەکەیەوە ڕەچەڵەکیان دەرهێنراو لە ناوبران، دانیشتوانی ئەو



خاکە هەرچۆنێک بکەن بەگران پێیان هەڵدەسووڕێ یەک بگرن و یەکێک لەناو خۆیاندا هەڵبژێرن، تا بیکەن بەگەورەی خۆیان.

ئەوەیش سەبارەت بەوەیە کە لە دەمێکی دوورو درێژەوە ڕاهاتوون بەژێر دەستییەوە و، ئەو شازادەیەیشیان لە دەست چووە کە وەک جاران بیانبات بەڕێوە ئەوانە ڕانەهاتوون بەژیانێکی سەربەستانەوە لەبەر ئەوە لە شۆڕش هەڵگیرساندن خۆیان دەکێشنەوە و تەگەرەی لێ دەدەن.

لەبەر ئەوە بۆ هەموو شازادەیەک ئەوە بەئاسانی پێک دێ کە بەسەریاندا زاڵ ببێ و، بەتەواوەتی بیخاتە ژێر چنگی خۆیەوە!.

بەڵام لە خاکە کۆمارییەکاندا، ژیان و هێز و هەڕەت لەناو نەتەوەکانیاندا زۆرترە لەبەرئەوە ئارەزووی تۆڵەسەندنەوەیش لە هی ئەوان زۆرترە.

چونکە نەتەوەکانیان لە تواناییاندا نییە بیرەوەری ئازادییە کۆنەکەی خۆیان لە مێشکی خۆیان بکەنە دەرەوە!... کەواتە چاکترین ڕێگا بۆ ئەوەی فەرمانداریيان بەسەردا بکرێ ئەوەیە، ناکۆکی بخرێتە ناویانەوە و تەفروتوونا بکرێن یاخود شازادە لە ناویاندا بمێنێتەوە و بژی!.

## ئەو چاکە خوازانەی گەیشتوونەتە سەرتەخت

جا لەو فەرمانڕەواییە تازانەدا کە شازادەیەکی تازەیان تێدا دامەزرێ، ئاسانی دەسەڵات پەیداکردن بەسەریاندا لەسەر ئەوە بەندە کە شازادە کە خۆی شارەزا و بەکار بێ جا لەبەر ئەوەی بەرزکردنەوەی کەسێکی ئاسایی بۆ سەر تەختی شازادەی، یاخود فەرمانداری، هونەرمەنییەکی گەورەی پێویستە یاخود ڕێکەوتێکی باشی پێ دەوێ، ئەوانەی زۆرتر پشت بەهونەرمەندی و شارەزایی و کارگوزاری خۆیان دەبەستن، نەک بە بەخت و ڕێکەوت، باشتر دەتوانن خاکەکەی خۆیان و فەرمانڕەواییەکەی خۆیان بپارێزن من وام دێتە بەرچاو، ئەو سەرۆکە هەرە گەورانەی کە پشتیان بەهونەرمەندی و کارگوزاری خۆیان بەستووە، نەک بە بەختی خۆیان، ئەمانەن: (مووسا)، (کۆرش) دامەزرێنەری شاهنشاهی (فارس)، (ڕۆمۆلۆس) دامەزرێنەری شاهەنشاهی ڕۆما، (تییۆس) دامەزرێنەری شاهنشاهی گریکەکان لە (ئەثینا)دا... هەر چەندە (مووسا) لەژێر فەرمانی خودا دابوو، و بەپێی فەرموودەی ئەو دەچوو بەڕێوە، بەڵام لەوانەیە کە پیاو بەدڵ خۆشی بوێ و، کردەوەکانی پەسەند بکات چونکە هەر هیچ نەبێ ئەگەر هەڵی نەگرتایە خودا گفتوگۆی

لەگەڵ نەدەکرد!... هەر دەبوو «مووسا» نەتەوەی (ئیسرائیل) لە باری بەندەییدا ببینێ، لە (مصر)دا، بۆ ئەوەی ئەوانیش خۆیان ئامادە بکەن و دوای بکەون، تا لەدەست پێوەندی بەندەیی و ڕیسوایی ڕزگاری ببێ.

هەروەها پێویستیش بوو کە (کۆرش) نەتەوەی فارسەکان ببینێ بۆڵە بۆڵ دەکەن لەسەردارەکانی خۆیان کە لە خێزانی (میدیا)ییەکان بوون هەروەها لە کزی و بێ دەسەڵاتی ئەو خونکارە میدیای یانەیش شارەزا ببێ کە خۆش گوزەرانی و ژیانی بەزموڕەزم دایڕزاند بوون.

(تیسۆس)یش نەیدەتوانی گەوهەری هونەرمەندی و کارگوزاری خۆی دەربخات، ئەگەر دانیشتوانی شاری (ئەثینا)ی بەپارچە پارچەیی و ناکۆکییەوە نەدیایە!...

کەواتە ڕوودانی ئەم کارەساتانە بوو، کە هەلی دەست ئەو پیاوە گەورانە خستبوو، بۆ ئەمەی گەورەیی خۆیان پیشان بدەن هەروەها کردەوە و ڕەوشتە بڵندەکانی ئەو گەورە پیاوانەیش بوون کە یارمەتییان دابوون، ئەو هەڵانە لەدەست نەدەن و، دەست بکەن بە بەرزکردنەوەی نرخی نیشتمانەکانیان و جێگایشیان بۆ پەیدا بکەن لە ناو نیشتمانەکانی تری ناو جیهاندا!.

ئەو جۆرە پیاوانەیش کە لە سایەی کردەوە و کاری خۆیانەوە دەچنە سەرتەخت، ئەمە ڕاستە کە ئەرک و ئازارێکی زۆر دێتەڕێیان تا دەگەن بەئامانجی خۆیان بەڵام کە ئەوەیان بۆ چووەسەر، دەتوانن بەئاسانی بیپارێزن ئەو گیروگرفتانەیش کە دێنە بەردەمیان لە کاتی دەستکەوتنی فەرمانداریەکەیاندا، تا ئەندازەیەک لەوە وە پەیدادەبن کەناچار دەبن گەلێک یاساو پێڕەوی تازە دەربهێنن بۆ ئەمەی جێگای خۆیانیان پێ قایم بکەن چونکە دەبێ ئەوە بزانین کە هیچ شتێک لەوە گرانتر جێبەجێ نابێ و، تووشی هەڵوەشانەوە نایەت و، چارەکردنی پڕ لە تەنگوچەڵەمە نییە، وەک ئەوەی کە یاسایەکی تازە دابمەزرێنرێ چونکە پیاوی چاکەخواز و چارەسازی کاروباری گشتی، هەر کەسێ لە یاسای کۆن کەڵکی دەست کەوتبێ لێی دەبێ بەدوژمن پشتیوانی وایشی دەست ناکەوێت ئەوانە نەبن کە دوودڵ بن و، لەیاسای تازە کەڵک وەربگرن ئەم دوودڵییەیش لەوە وە پەیدا دەبێ بۆ ئەوانە کە لە دوژمنەکانی خۆیان دەترسن، واتا لەوانەی کەیاساکانی کۆن بەکاریان دەهاتن هەروەها لەوەیشەوە پەیدا دەبێ کە دڵنیانین لە خۆیان کە ئەو یاسا تازەیە بەکەڵکیان دێ، تا یاساکە نەکەوێتە گەڕ و تاقی نەکرێتەوە جا لەبەر ئەوە هەرچەند هەلێک هەڵبکەوێ بۆ هوروژم بردنەسەر چاکە خوازەکە، دوژمنەکانی بەگەرمێکەوە پڕی دەدەنێ، کەچی



پشتیوانەکانی بەسستییەکەوە لە سەری دەکەنەوە خۆیشی لە ناوەند هەر دوولایاندا دەکەوێتە تەنگو چەڵەمەیەکی هەرە خراپەوە!. جا لەبەر ئەمە وەک سەرنج دەدەین، هەر چاکەخوازێ دەستی دا بێتە شیر سەرکەوتووە هەر چاکە خوازێکیش دەستی نەدابێتە چەک ژێرکەوتووە!. هەروەها بەتەنیشت ئەم بابەتانەیشەوە کە لێیان دووایین، ئەوەمان دێتە پێش چاو، کە کردەوە و ڕەوشتی کەسان لە هی یەکتر ناکەن، زوو زوویش دەگۆڕێن پیاو دەتوانێ بەئاسانی بیانخاتە سەر بیروباوەڕی خۆی بەڵام بەگران دەهێڵرێنەوە لەسەر ئەو بیروباوەڕە تازەیەیان!...

## شازادەی تازە دەبێ چی بکات بۆ ئێستا و لەمەو باشی خۆی

ئەو هاونیشتیمانییە ئاساییانەی کە بەخت یاریدەیان دەدات و دێنەسەر تەختی فەرمانداری، ئەرک و ئازارێکی زۆریان دێتەبەر لە پاراستنی جێگاکانیاندا هەروەها ئەوانەیش کە بەسایەی پارەوە دەگەنە ئەو پایە بڵندانە، پشتیان بەوانە ئەستوورە کە لە دڵ چاکی خۆیانەوە بەرزیان کردوونەتەوە بۆ ئەو جێگایانە ئەمەیش سەبارەت بەوەیە کە ئەو کەسەی بەدرێژایی تەمەنی خۆی وەک هاونیشتمانێکی ئاسایی ژیابێ هیچ شتێک لە شێوەی فەرمانداری نازانێ مەگەر یەجگار بیلمەت بێ... هەروەها پێی ناکرێ جێگاکەی خۆیشی بپارێزێ چونکە هێز و پشتیوانی نییە، دڵسۆزبێ بۆی و، لەکاتی تەنگانەدا پشتی بگرێ بێجگەلەوە ئەو فەرمانڕەواییەیش کە بەپەلە پەل دامەزرابێ، لە توانایيدا نابێ زۆر خۆی ڕابگرێ لەبەر ئەوە لەوانەیە هەر ڕۆژێک هەرایەکی گەورە قەوما، ئەو لەخۆیەوە لەناوبچێ مەگەر ئەو کەسەی بووەتە شازادە بەسەریەوە، یەجگار زۆرزان و بیلمەت بێ، یەجگار هەڵکەوتووبێ جا هەروەک لەوەپێش پیشانماندا، دەمودەست، دەست بکات بەو کارانەی کە دەستکەوتی بەختەکەی خۆی پێ بپارێزێ پاش ئەوەیش دەست بکات بەدامەزراندنی ئەو بنچینانە بۆ خۆی، کە ئەوانەی پێش خۆی کردوویانە، لەپێش ئەمەی ببن بەشازادە!.

جا بۆ هەر یەکێک لەم دوو بارە وێنەیەک دەهێنمەوە: وێنەیەکیان (سفورزا)یە وێنەیەکیشیان (سیزار بورجیا)یە (سفورزا) بەهۆی لێ هاتووی خۆیەوە، لە پیاوێکی ئاساییەوە، بەرزبووە وە و بووە گەورەی (میلان). توانی بەتێکۆشانێکی کەمیشەوە، جێگاکەی خۆی بپارێزێت، کە بەڕەنج و کوێرەوەرییەکی زۆرە وە دەستی کەوتبوو!.

بەڵام (بورجیا) گەورەی (ڤالنتین) بەسایەی هێز و دەسەڵاتی باوکییەوە گەیشتە پایەی

فەرمانداری کاتێ کە ئەو هێز و دەسەڵاتە کزبوون، ئەویش فەرمانداریییەکەی خۆی لەدەست چوو کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا هەرچی پیاوێکی هوشیار و بەکار لە دەستی بێت بەکاری هێنا، بۆ ئەمەی جێگاکەی خۆی قایم بکات، لەناو فەرمانڕەواییەکدا، کە فەرمانداریییەکەی خۆی بەزەبری شیر و پیاوەتی کەسانی تر، تێدا دەست کەوتبوو!... بەڵێ وایە!. لەگەڵ ئەوەیشدا کە ئەو بنچینانەی دەستی کردبوو بەدامەزراندنیان بۆ پاراستنی دوا ڕۆژی فەرمانداریییەکەی خۆی، بە هێزبوون، بەڵام تێیدا سەرنەکەوت ئەویش لەبەر ئەوە نا کە تاوانی بووبێ، بەڵکو هەر لەبەر ئەوەی کە بەخت یاریدەی نەدا و زۆرداریییشی لێ کرد!...

(پاپا ئەسکەندەری شەشەم)یش، بۆ ئەمەی پایەی کوڕەکەی خۆی (دووک سیزار) بەرز بکاتەوە، ناچاربوو خۆی بهاوێژێتە ناو گێژاوێکی زۆرەوە چ بۆ ئەو ڕۆژەی کوڕەکەی، چ بۆ پاشەڕۆژی لەپێش هەموو شتێکدا ئەوەی هاتە بەرچاو، کە خاکێکی وای دەست ناکەوێ، کوڕەکەی بکات بەفەرمانداری ئەوێ مەگەر خاکێکی وای بۆ هەڵبژێرێ کە لەناو خاکەکانی کلێسا دابن «دووک میلان» و دانیشتوانی شاری «ڤینیسیا»یش هەر چاویان بڕیبووە ئەو خاکە هەروەها ئەوەیشی هاتەبەرچاو، کە ئەو هێزە سوپاییانەی دەتوانن یارمەتی بدەن، لە ژێردەستی ئەو کەسانەدابوون کە لە پەرەسەندنی دەسەڵاتی «پاپا» دەترسان... لەبەر ئەوە ناچاربوو ئاژاوە بخاتە ناو فەرمانڕەواییەکانی ناو ئیتالیا وە، بۆ ئەمەی بەسەر هەندێکیاندا دەسەڵات بکات دانیشتوانی شاری «ڤینیسیا»یش لەوە پێش فەرەنسەیان بانگ کردبوو کە پەنجەبخاتە ناو کاروباری ئیتالیا وە (پاپا) لەوەدا بەرپەرچی نەدانەوە بەپێچەوانەی ئەوە، دەستی کرد بەچەوساندنەوەی سەربازەکانی خونکاری فەرەنسە، بۆ ئەمەی کارێکی وا بکەن «سیزار»ی کوڕی بەسەر ناوچەی (ڕوومانیا)دا زاڵ ببێ!. پاش ئەوە «دووک سیزار» یەک بەیەک شازادە نشینەکانی داگیرکرد هیچ خاکێکیان بەرامبەری یان نەکرد، خاکی (ئورسینی) نەبێ زۆری پێ نەچوو شۆڕشێک لە (ئوربینو)دا و، ئاژاوەیەک لە (ڕوومانیا)دا ڕوویاندا بەیارمەتی فەرەنسەییەکانەوە بەسەریاندا زاڵ بوو بەڵام حەزی بەوەنەدەکرد کە هەر پشت بەفەرەنسە ببەستێت یان باوەڕ بەهێزی بێگانە بکات... لەبەرئەوە وازی لە ئامانجەکانی خۆی هێنا، بەجۆرێکی وا کە(ئورسینی) باوەڕی پێ کرد و لەگەڵیدا ئاشت بووە وە لە کاتێکدا کە بەهۆی فرۆفێڵەوە توانی پێشەواکانیان لەناوببات، بەڵام توانیشی پشتیوانەکانی ئەو پێشەوایانە بنووسێنێ بەخۆیەوە بەم ڕەنگە بنچینەیەکی باشی بۆ دەسەڵات پەیداکردنی



خۆی دامەزراند (ڕوومانیا)یش زۆری پێ نەچوو لەگەڵیدا ڕێک کەوت تێکۆشا دڵی دانیشتووەکانی ئەوێیش ڕابگرێ چونکە سەرنجی دا ئەو خاکە لەوەپێش لەژێر چنگی سەردارانی کز و بێ دەسەڵاتدا بوون کە کاریان هەر ئەوە بووە نەتەوە بچەوسێننەوە، ئاژاوە و ناکۆکییان بخەنە ناوە وە، سووک و ڕیسوایشیان بکەن لەبەر ئەوە سەردارێکی بەچنگی بەزەبر و زەنگی لەسەر دانا، کە توانی لە ماوەیەکی کەمدایەکی بخاتەوە و یاساو ڕێک و پێکیشی تێدا دابمەزرێنێتەوە (دووک) وای هاتە پێش چاو کە ئەو زەبروزەنگەی نوێنرا لەو خاکەدا، لەوانەیە پشم و قین بخاتە ناو دڵی نەتەوەکەوە لەبەرئەوە نیازی کرد بەتەواوەتی دڵی نەتەوە کێش بکاتە لای خۆی ڕۆژێک لەڕۆژان بەرەبەیان بوو، کە دانیشتوانی شارەکە لەخەو هەستان، لەشی سەردارەکەیان دی کراوە بەدووکەرتەوە و، فڕێ دراوەتە ناو کۆڕی گشتییەوە خەنجەرێکی خوێناویش بەتەنیشتیەوە دانراوە!. جا ئەم دیمەنە نەنگ و ناشیرینە لە دوو سەرەوە کاری کردە دڵی نەتەوەکە: لەلایەکەوە دڵی خۆش کرد بەوەی کە لەو سەردارە دڵڕەقە ڕزگاری بووە لەلایەکی تریشەوە چاوی نەتەوەکەی ترساند!...

ئیتر لەوە دوا پایەی (دووک) بەهێزتری لێ هات چونکە هێزی سوپای لە پشتەوە بوو دەستی کرد بەکزکردنی ئەو فەرمانڕەواییانەی دراوسێ کە مەترسی لێ دەکردن لەگەڵ هەندێ فەرمانڕەوای تریشدا پەیمانی دۆستایەتی و سوێند خواریی گرێدا. لەگەڵ ئەوەیشدا لە دواڕۆژی خۆی دەترسا، کە شازادەیەکی تازە پەیدا ببێ و بچێتە سەرتەختی شازادە نشینەکانی ژێر دەستی کلێسا بۆ ئەمەی دەرەقەتی ئەوەیش بێ، چوار ڕێگای بۆ دانا:

(یەکەم): لەناوبردنی ئەوانەی کە سەر بەخێزانە سەردارەکانن و خاکەکانی لە ژێر چنگ دەرهێناون.

(دووەم): دڵ ڕاگرتنی خانەدانەکانی «ڕوومانیا» بۆ ئەمەی هەر، پاپایەکی تر هات لەپاش باوکی لە ئەندازەی خۆیان تێپەڕ نەکەن.

(سێیەم): دەستکەوتنی گەورەترین دەسەڵات بەسەر «کۆمەڵەی پاپای»دا.

(چوارەم): دەستکەوتنی ئەم دەسەڵاتانە لەپێش مردنی پاپای باوکیدا، تا بتوانێ و بەرەنگاری هەموو کارەساتێک بکات کە لەپاش مردنی باوکیەوە ڕووبدات.

بەڵام کە پاپا مرد (دووک) نەخۆشییەکی کاریگەری گرت کە وەک مردووی لێ کردبوو.

لەبەر ئەوە هەرچی باوکی بۆی کردبوو بەکاری نەهات چونکە ئەوەی بەبیریدا نەدەهات کە لەکاتی مردنی باوکیدا وەک مردووی لێ بێ!.

لەسەر ئەمانە هەموویان، من (دووک)م وا نایەتە پێش چاو کە هەڵبگرێ گلەیی لێ

بکرێ، یاخود سەر زەنشت بکرێ بەپێچەوانەی ئەوە، بەنموونەیەکی دادەنێم کە پێویستە چاوی لێ بکرێ!. چونکە لەو باشتر نادۆزمەوە کە شازادەیەکی تازە چاوی لێ بکات ئەو شازادەیەی کەوای بەباش زانی جێگای خۆی قایم بکات.

بەرامبەر دوژمنەکانی خۆی کە دۆست پەیدا بکات کە بەهۆی هێز و فرِوفێڵەوە دەسەڵات بۆ خۆی بسێنێ کە نەتەوەیش وا لێ بکات لێیشی بترسێ و خۆشیشی بوێ کە لە لایەن سەربازەکانیشەوە مل کەچی بۆ بنوێنرێ و رِێزیشی لێ بیگرێ.

کە هەر کەسێکیش مەترسی لێ بکات ئازاری دەدات لەناوی ببات کە یاسایانی تازە دابنێ لەجێی یاسایانی کۆن کەبیەوێ دلّرِەقانەیش خۆی پیشان بدات و دلّ نەرمانەیش کە لەشکری کۆن بلاّوە پێ بکات بۆ ئەمەی لەشکرێکی تازە پێکەوە بنێ کە بشتوانێ خونکاران و سەرداران بەرِادەیەکی وەها بکات بەدۆستی خۆی، کە ناچار بن هەرچی ئەو بیەوێ بۆی بکەن و، لەوەی و ئازاردانیشی خۆیان لابدەن!...

## ئەوانەی بەهۆی زۆرزانی و ناپاکی خۆیانەوە سەرداریيان دەست دەکەوێ!

ئەوەندە هەیە کە چوونە سەرتەخت، هەر بەهۆی بەخت و، رِێکەوت و، کارگوزاری و کردەوە و، رِەوشتەوە دەست ناکەوێ... سەردارانی وا هەن، کاری نەنگ و زۆردارانە دەکەن تا دەگەنە سەرتەخت... هەروەها هی وایشیان تێدایە کە بەهۆی خۆشەویستی هاونیشتمانەکانی خۆیانەوە دەچنە سەرتەخت جا بۆ بابەتی یەکەمیان دوو وێنە دەهێنمەوە:

نموونەی یەکەمیان: «ئاگا ثۆکلیس»ی سجلیاییە، کە بێجگە لەوەی بەهاونیشتمانێکی ئاسایی دانەدەنرا، لە هەموو تافێکی ژینی خۆیدا بە بەدی و خراپی و شەرِ و ئاژاوە وە رِاییوواردبوو بەلاّم ناپاکییەکەی و بەدخووییەکەی، هێزێکی هۆش و هێزێکی لەشی وای لەگەڵدا بوو، کە یارمەتییاندا زوو بەزوو پایەی بڵند ببێتەوە لەناو لەشکری «سیراکیۆز»دا تاوای لێ هات بوو بەسەرکردەی لەشکرەکە ئیتر لەوساکەوە برِیاریدا ببێتە سەردار پەنای بردە بەر (هاملیکار)، کە سەرکردەی هەموو لەشکرەکانی (کارتاجە) بوو، کە لەو کاتەدا چوار لای (سجلیا)ی گرتبوو.

بەیانییەکیان کۆرِی یاسادانانی کۆمارەکەی کۆکردەوە لەژێریشەوە لەگەڵ یارمەتی دەرەکانی خۆیدا لەسەر پێرِەوییەک رِێککەوتبوو دەمودەست لەسەر فەرمانی ئەو سەربازەکانی دەستیان کرد بەکوشتنی ئەو ئەندامانە لەگەڵ کۆرِی رِیش سپییەکاندا.

لەدوای ئەوە «ئاگاکلیس» خۆی کرد بەسەرداری شارەکە کەسێک نەبوو رِێی پێ بگرێ!.



بەلاّم کارتاجەییەکان چوارلای (سیراکسۆز)یان گرتبوو بەشێکی لەشکرەکەی لە دوورگەی (سجلیا)دا دانا بەشەکەی تریشی نارده سەر بەشی ژووررووی خاکی ئەفریکا داگیری بکەن زۆری پێ نەچوو گەرِایەوە و دەستی کرد بەرِزگار کردنی (سیراکیۆز) لەدەست ئەوانەی چوارلایان گرتبوو کارتاجەییەکانیشی ناچارکرد کە لەگەڵیدا ئاشت ببنەوە و (سجلیا)ی بۆ بەجێ بهێڵن، تا ئەویش ژووررووی خاکی ئەفریکایان بۆ بەجێ بهێڵێ!... لەمەوە تێدەگەین کە (ئاگا ئۆکلیس) نەچووە سەرتەختی شازادەیی، بەیارمەتی هیچ کەسێکەوە تەنیا بەسایەی ئەوە وە ئەو تەختەی دەست کەوت، کە پیاوێکی هەڵکەوتوو و بەکاربوو، بەرە بەرە لە لەشکردا پایەی خۆی بەرزکردەوە تا گەیشتە ئەو پایەگەورەیە ئەوە دیارە کە کوشتار و زۆرداری کردن لە دۆستان و، سپڵەیی و دلّرِەقی و خودانەناسییەکەی (ئاگا ئۆکلیس) بەکردەوەی چاک دانانرێن بەلاّم ئازایەتییەکەی و بێ باکییەکەی لەتەنگوچەڵەمە و تەنگانە، لەگەڵ گەورەیەتییەکەیدا لەسەرکەوتن بەسەر ئەو گیروگرفتانەدا کە دەهاتنە پێش دەمی، بەکردەوەی چاک دادەنرێن!.

لەگەڵ ئەوەیشدا دلّرِەقی و درِندەیەتییەکەی و، کەتنەکانی کە لە دەستی وەشانەوە نەیاندەهێشت ناوی لەناو گەورە پیاواندا بمێنێتەوە!...

وێنەکەی دووەمیش: «ئولیڤرتو»ی شازادەی «سڤێرموو»یە، ئەم پیاوە هەر لە منداڵییەوە بەهەتیوی گەورە بووبوو... «جیوفانی فوجلیانی»ی لالۆی بردیە لای خۆی گەورەی بکات ناردیەکن «باولوفیتالی» فێری کوشتنی بکات واتا فێری جەنگاوەری بکات ئنجا کە «باولو» مرد، کورِەکە بەهۆی بلیمەتی و زیرەکی و لەشە بەهێزەکەی خۆیەوە، توانی ببێتە یەکێک لە سەرکردەکان پاش ئەوە بەیارمەتی دانیشتوانی شاری (ڤیرموو) و کۆمەکی براکەی «باولو»ەوە تێکۆشا شارەکە بگرێ ئەویش بەم رِەنگە بوو: نووسی بۆ «جیوڤانی»ی لالۆی کە نیازی هەیە سەرێک لەنیشتمانەکەی خۆی بدات هەندێک هاورِێ و سەربازیشی لەگەڵدایە وایشی لێ خواخست کە پێشوازییەکی وای بکات، کە لەبەر چاوی ئەو پیاوانەدا پایەی بڵند ببێتەوە «جیوفانی»یش یەک و دووی لێ نەکرد، پێشوازییەکی نەتەوەی تەواوی بۆ خوشکەزاکەی خۆی رِێک خست «ئولیڤروتو»یش چەند رِۆژێک خۆی گرت تا رِێ و شوێنی بۆ گەیشتن بەئامانجەکەی خۆی دانا پاشان «جیوفانی»ی لالۆی و هەموو پیاوە ناسراوەکانی «ڤیروو»ی بانگ کردە سەر نان خواردنێکی گەورەو ناوازە پاشان سەر بازەکانی خۆی گاڵ دا، هەڵیانکوتایە سەر میوانەکان هەموویان کوشتن!...

ئنجا «ئولیڤروتو» جاڕی دا و خۆی کرد بەگەورەی شارەکەی، کە لەو کاتەدا پیاوەکانی خۆی هەر چوارلایان گرتبوو دانیشتووەکانی ناچاربوون ملیان بۆ دانەواند!. پاش ئەوە فەرمانڕەواییەکی لەوێدا دامەزراند و خۆی کرد بەفەرمانداری شارەکە هەر بیزانیایە یەکێک لەوانەیە جێگای پێ لەق بکات، زوو لەناوی دەبرد ساڵێکی پێ نەچوو، «ئولیڤروتو» جێگای خۆی گرت و بەتەواوەتی دامەزرا چ لەناو شارەکەدا، چ لە دەرەوەی شارەکەدا، جێگای بەهێز بوو.

لەوانەبوو، تادەمێنێ ئەو جێگایەی خۆی لەدەست نەدات بەڵام تووشی داوی (سیزار بۆرجیا)بوو، کەدی خەریکە (ئورسینی) داگیردەکات، چەواشەی کرد و لەخشتەی برد، پاشان لەناویشی برد!.

هەندێک کەس سەریان سوڕماوە لە (ئاگاتۆکلیس) و ئەوانەی لە دانگی ئەودان کە توانیویانە تا چەند ساڵێکی دوورودرێژ خۆشی لە پایە بڵندییەکەی خۆیان ببینن کەچی زۆر کەس بەهۆی دڵڕەقی و توندوتیژییەکەیانەوە، جێگاکانی خۆیان لەدەست چووە!. لەڕاستیدا ئەوانەی دەزانن چۆن توندوتیژی بەکاردەهێنن و لەپاش ئەوەی جێی خۆیان گەرم و بەهێز دەکەن و، واز لەو توندوتیژییەیان دەهێنن، زۆر کەڵک بەخۆیان دەگەیێنن هەر خراپەیەکیش لەوەپێش کردوویانە، دایدەپۆشن... واتا کاروبار ڕاست دەکەنەوە و، هەموو شتێکیش دەگەیێننەوە سەر دۆخی جاران!. جا «ئاگا تۆکلیس»یش وای کرد.

جا لەبەرئەوە هەموو دەم وامان هاتۆتە پێش چاو کە هەر کەسێ و ویستبێتی شازادە نشینێک بۆ خۆی داگیر بکات، پێویست بووە دەم و دەست زەبروزەنگی خۆی بنوێنی و لە کار و کردەوەکانیدا دڵڕەقی پیشا بدات، بۆ ئەمەی جارێکی تر پێویستی بەوە نەبێتەوە، بۆ ئەمەی ناچاری ئەوەیش نەبێتەوە کە سەرلەنوێ کاروبار وەربگێڕێتەوە بەلایەکی تردا. کە ئەوەی کرد نەتەوەکە پێی دڵنیا دەبن، بەتایبەتی بەوە دڵیان کێش بکات کە کاروباری بەکەڵکیان بۆ ڕابپەڕێنێ!.

بەڵام ئەو شازادەیەی کە لە کردەوە و کارەکانیدا دوودڵ بمێنێتەوە یاخود بەڕاوێژی پیاوانی تێنەگەیشتوو بکات، دەبێ هەموو ئەم بەپێوەبێ و خەنجەرەکەیشی هەڵبکێشێ، هەرگیز نایشتوانێ پشت بەژێردەستەکانی خۆی ببەستێ، چونکە ئەوانە ڕۆژ بەڕۆژ خراپەی لێ دەبینن؛ کەواتە چۆن بتوانن پشتی پێ ببەستن؟!



## پێشەوایی نەتەوەیی لە ناوەند بۆرەپیاوان و پیاوە ناسراوەکاندا

ئێستاکە لەو کەسە دەدوێین کە لە سایەی هاونیشتمانەکانی خۆیەوە دەبێ بەفەرماندار، نەک بەهۆی کەوتن و زۆردارییەوە، کە دەگونجێ بەمە بگوترێ (سەرۆکایەتی شار) یاخود (پێشەوایەتی نەتەوەیی). بۆ گەیشتن بەمجۆرە پایەیەیش هەر بەتەنیا زیرەکی و وریایی و کارگوزاری و تێگەیشتوویی بەش ناکات، هەروەها بەخت و ڕێکەوتیش بەتەنیا بەش ناکات، پێویستە لەگەڵ زۆرزانییەکەدا بەختیش یاربێ، خۆشەویستی لای نەتەوە، یاخود خۆشەویستیی لای گەورە گەورەکانی نەتەوەیش بەدەستەوەبێ... چونکە لەناو هەموو خاکێکدا ئەم دوو جۆرە کەسانە هەن، کە هەردوولایان پێچەوانەی یەکترن:

لەلایەکەوە بۆرەپیاوان یاخود زۆربەی نەتەوەکە وریا دەبنەوە و ڕادەپەڕن لە زۆرداری پیاوە گەورەکانی خۆیان، بۆ ئەمەی خۆیان لەدەست ئەو زۆرداریە ڕزگار بکەن.

گەورەکانیشیان وریا دەبنەوە و ڕادەپەڕن بۆ ئەمەی چنگ بگرن بەسەر نەتەوەدا و، زۆر و ستەمیان لێ بکەن!.

جا لە ڕاپەڕینی ئەم دوو جۆرە دەستەیە لە هەر خاکێکدا ببێ، یەکێ لەم سێ ئەنجامانە ڕوو دەدات: یان فەرمانڕەواییەکی بەرەڵڵا پەیدا دەبێ، کە هەموو کاروبارێک بەدەست سەرۆکەکەیەوە ببێ یان ئازادی نەتەوە و سەربەستی دێتەکایەوە یاخود پشێوی ڕوو دەدات.

جۆری یەکەمیان لەلایەن زۆربەی نەتەوەوە، یاخود لەلایەن خانەدانەکانیەوە دادەمەزرێ هەرلایە بەپێی ڕێکەوت و دەسەڵاتی خۆی... چونکە خانەدانەکان کە هەستیان کرد بەوەی بەرەنگاری نەتەوەیان پێ ناکرێ، هەمموویان یەک دەگرن و یەکێک لەناو خۆیاندا هەڵدەبژێرن و دەیکەن بەفەرماندار، بۆ ئەمەی بەسایەی ئەوەوە بەئاواتەکانی خۆیان بگەن لەلایەکی تریشەوە ئەگەر نەتەوە هەستی بەخۆی کرد کە بەرگەی هێزی خانەدانەکان ناگرێ، تێدەکۆشێ بۆ ئەوەی کە یەکێک بکات بەگەورەی خۆی و بیخاتە سەر تەخت، بۆ ئەمەی لەسایە و پەنای ئەودا بحەسێتەوە.

بەڵام ئەو کەسەی دەبێتە سەردار، بەسایەی خانەدانەکانەوە، بۆ ئەمەی دەسەڵاتی خۆی بپارێزێ ئەرک و ئازاری زۆرتر دەبێ، لەو کەسەی کە نەتەوە خستوێتییە سەر تەخت ئەمەیش سەبارەت بەوەیە، کە پشتیوانی وای لێ کۆ دەبێتەوە کە خۆیان بەهاوتای ئەو دەزانن لەبەرئەوە ئەویش ئەوەی بۆ ناچێتە سەر کە بەدڵی خۆی فەرمان بدا و کاروبار بەڕێوە ببات.

بەڵام ئەو کەسەی بەسایەی نەتەوەوە وە بوویێتە پێشەوا، دەسەڵات هەر بەدەست خۆیەوە دەبینێ چونکە کەس نییە لەوێدا ملکەچی بۆ نەنوێنێ یاخود ئەوانەی پێ لە گەورەیی ئەو نانێن یەجگار کەمن بێجگە لەمە سەردار هەرگیز ئەوەی بۆ ناچێتە سەر کە بەکردەوەی دادپەروەرانە، خانەدانەکان دڵخۆش بکات.

چونکە ئەو شتەی ئەوانە پێی دڵخۆش دەبن وەی و زیانی بۆ کەسانی تر، یاخود بۆ گشت نەتەوە تێدایە کەچی نەتەوە بەکردەوەی دادپەروەرانە دڵخۆش دەبێ ئەمەیش سەبارەت بەوەیە کە ئامانجەکانی نەتەوە، پیاوانەتر و بەرزتر و پیرۆزترن لە ئامانجەکانی چینە تایبەتییەکان چونکە ئەو خانەدانانە هەموو دەم چاویان لە زۆر و ستەمە، کەچی نەتەوە هەر چاوی لەوەیە کە زۆر وستەمی لێ نەکرێ.

بێجگە لەمە شازادە ناتوانێ لە خۆی دڵنیابێ کە هیچی لێ نایەت لەلایەن نەتەوەوە کاتێ کە بزانێ ئەو نەتەوەیە خۆشی ناوێ، ئەویش لەبەرئەوەیە کە ژمارەی کەسانی نەتەوەکە یەجگار زۆرە بەڵام لەبەرئەوەی خانەدانەکان ژماریان کەمە، دەتوانێ کارێکی وا بکات کە خۆی لەدەستیان بپارێزێت و، تەختەکەی لەدەست دەرنەچێ!. هەروەها دەسەڵاتی ئەوەیشی هەیە کە دووریان بخاتەوە لەخۆی.

چونکە دەتوانێ بەهەندێ کەس پایەی بڵند بدات، هەندێکیش لەبەرزییەوە بهێنێتە خوارەوە بۆ پایەی نزم!. هەرکاتێکیش ئارەزوو بکات، ئەوەی بۆ دەچێتە سەر!. ئەوەندە هەیە هەر کەسێ نەتەوە هێنابێتیە سەرتەخت، پێویستە دۆستایەتی خۆی لەگەڵ ئەو نەتەوەیەدا بپارێزێ... ئەوەیش کارێکی گران نییە، ئاسانە چونکە نەتەوە هەر ئەوەندەی دەوێ کە لە دەست زۆر وستەم ڕزگاری ببێ... بەڵام ئەو کەسەی بەهۆی چینی تایبەتییەوە بووبێ بەفەرماندار، بێ ئەمەی نەتەوە حەزی پێکرد بێ، وا هەڵدەگرێ کە لەپێش هەموو شتێکدا دڵی نەتەوە کێش بکات بۆ خۆی ئەوەیش شتێکی ئاسانە چونکە ئەو هەر ئەوەندە ماندوو دەبێ کە نەتەوەکە بپارێزێت لە دەست زۆر و ستەمی کەسانی تر جا ئەگەر نەتەوە لەوە ترسا وەیی پێ بگات و زیانی لێ بکەوێ، کەچی لە جیاتی ئەوە چاکەی بەرکەوت و کەڵکی پێگەیشت، زۆرتر هۆگری سەرچاوەی ئەو کەڵک و چاکەیە دەبێ، زۆرتر هەست بەپیاوەتی و کردەوەی جوانی دەکات.

شازادەی ژیریش ئەو کەسەیە کە هەر ئەو هۆیانە بەکاربهێنێ کە هەموو دەم نەتەوە ژێردەستەکانی وا لێ بکات، هەست بکەن، کە بێ فەرمانڕەوای ئەو هیچیان بۆ ناچێتە سەر کە شازادە توانی ئەوە بکات، ئیتر نەتەوەکەی هەموو دەم دڵسۆزی بۆ دەنوێنن.



## شازادە لە کاتی تەنگانەدا خۆی دەکات بەنموونە بۆ نەتەوەکەی خۆی

لێرەدا پێویستە لە کەینەوبەینەیەکی تریش بکۆڵینەوە ئەویش ئەوەتا: ئاخۆ شازادە لەکاتی پێویستدا دەتوانێ خاکەکەی خۆی بەتەنیا بپارێزێ، یان هەموو دەم پێویستی بەپشتگرتنی سەردارانی تر هەیە؟. لەڕاستیدا هەر تەنیا خاوەن هێز و دەسەڵاتەکان، ئەوەیان لەدەست دێ، کە بتوانن بەهۆی ئەو سامان و پیاوانەوە کە هەیانە لەشکرێکی گەورە کۆبکەنەوە بۆ ئەمەی بەرەنگاری هەموو زۆردارێک بکەن ئەو شازادانەیش کە داماوی یارمەتی کەسانی ترن، ناتوانن بەرگەی دوژمنەکانیان بگرن و، زۆر بەرامبەریان بوەستن، ناچار دەبن پەنابەرنە پشت دیواری خاکەکەیان و، تەنیا شەڕی خۆپاراستن بکەن جا پێویستە لەسەر سەردار، کە کەوتە بارێکی وا وە، پایتەختەکەی خۆی پڕ خواردەمەنی و کەلوپەلی پێویست بکات بۆ جەنگ، شوێنی خۆپاراستنی خاکە کەیشی قایم بکات، زۆر خۆیشی نەداتە زەوییەکانی چوارلای شارەکە... چونکە ئەو فەرماندارەی پایتەختەکەی خۆی باش قایم کردبێ و ئامادەی کردبێ بۆ شەڕی خۆپاراستن، کە لە فەرمانداری کردن بەسەر ژێردەستەکانی خۆیشیدا ئەو ئامۆژگارییانەی بەکارهێنابێ کە لە مەوپێش ناومان بردوون، بێگانە تا هوروژمی دەباتە سەر زۆری لێ دەکۆڵێتەوە، گەلێک جاریش مەترسی دەکات لەو هوروژم بردنە، نەوەک تێیدا سەرنەکەوێ چونکە ڕەوشتی مرۆڤ وایە: زۆربەیان خۆیان تووشی کارێک ناکەن، تەنگ و چەڵەمەو گیروگرفت و ئەرک ئازاری تێدابێ ئەوەیش بەکارێکی ئاسان نازانن کە هەڵمەت بەرنەسەر شازادەیەکی وا کە پایتەختەکەی خۆی باش قایم کردبێ و، خۆشەویستی گەلەکەی خۆیشی دەست کەوتبێ!. تەنانەت ئەگەر شازادەیەکی وایش، دوژمن هوروژم بباتە سەری، دوژمنەکەی بەناچاری دەگەڕێتەوە پاشەوە بەشەرمەزارییەکی سەرنەکەوتنەوە!. چونکە کەس خۆی لەقەرەی ئەوە نادات، کە هەتا ساڵێکیش هەر لە چوارلاگرتنی شارێکدا بمێنێتەوە و بەو هۆیەشەوە لەشکرەکانی خۆی بەبێ کاری ببەستێتەوە ئەوانەی دەڵێن دانیشتوانی شاری چوارلاگیرا و، ناتوانن بەرگەی چوارلاگرتنێکی دوورودرێژ بگرن، زۆری پێ ناچێ شازادەکەی خۆیان لەبیردەچێتەوە، لەبەر پاراستنی کەڵک و چاکەی خۆیان... وەرامیان وا دەدەمەوە: کە شازادەی بەچنگ و ئازا، هەموو دەم دەتوانێ بەسەر ئەم جۆرە گیروگرفتانەدا زاڵ ببێ.

ئەویش بەوەی کە هیوا و ئاواتی نەتەوەکەی خۆی زیندوو بکاتەوە و، بگەشێنێتەوە تاوێک ئەوە بخاتە دڵیانەوە کە ئەو تەنگانەیە زۆر نامێنێتەوە، لەسەریان لادەچێ

تاوێکیش بەوە چاویان بترسێنێ کە دوژمنەکەیان دڵڕەقەو خودا نەناسە و لەوانەیە کەتنێکیان پێ بکات!.

شازادەی ژیریش هیچ ئەرک و ئازارێکی وەهای تووش نابێ لە پێناو پاراستنی ورەی نەتەوەکەی ژێر دەستی خۆیدا، چ لەسەرەتای چوارلاگرتنی شارەکەیدا، چ لە ناوەڕاستی چوارلاگرتنەکەدا، بەمەرجێ خواردەمەنی و کەلوپەلی تەواوی کۆکردبێتەوە لە شارەکەدا بۆ نەتەوەکە و، بابەتی خۆپاراستنیشی بۆ خۆی ئامادەکردبێ.

## شازادە نشینەکانی سەر بەکلێسا لە ئیتالیادا

ماوەتەوە ئەوەی لەبابەت شازادە نشینەکانی ئایینییەوە بدوێین... ئەویش یان بەهۆی لێ هاتوویییەوە دەست دەکەوێ، یاخود بەهۆی بەخت و ڕێکەوتەوە. بەڵام بەهیچ کامێکیان ناپارێزرێ تەنیا بەچەند کردەوە و ڕەوشتێکی کۆنی ئایینی دەپارێزرێ، کە ئەوەندە بەهێز و کاریگەرن، شازادەکان بەخۆیان و پایەکانیانەوە دەپارێزن، بێ ئەمەی تەماشای شێوەی زرنگکاری یاخود ژیانیان بکەن.

ئەو سەردارانە فەرمانداری بەسەر فەرمانڕەوایانی وا دا دەکەن، کە هەرگیز ناچاری ئەوە نابن لەسەریان بکەنەوە ژێردەستەکانیشیان وەهان کە هیچ گیروگرفتێک بۆ فەرمانداری ئەوان دروست ناکەن کەواتە ئەو فەرمانڕەوایانە، لە خۆیان دڵنیان کە هیچیان بەسەرنایەت، پڕیشن لە کامەرانی و خۆش گوزەرانی، لەژێر چاودێری خودای گەورەیشدا دەژین بۆ مرۆڤی وەک منیش ناشێتییە کە لەوانە بدوێم!. بەڵام کەسانی وایش هەن کە لێم دەپرسن: چۆن کلێسا ئەمەی بۆ لووا کە ئەم دەسەڵاتە جیهانییەی دەست بکەوێ؟. کەچی فەرماندارەکانی شازادە نشینەکانی ئیتالیا لە پێش سەردەمی (پاپا ئەسکەندەری شەشەم)دا، تیزیان بەم دەسەڵاتە جیهانییە دەکرد!. کەچی ئەو، وا ئێستاکە کە سەردەمی شانزەهەمە بەرەنگاری پشم وقینی خونکاری فەرەنسەبووە، کە ئەم شازادە نشینە ئایینییانە لە ئیتالیا دەریان پەڕاندووە؟!.

وەرامی ئەم پرسەیش ئەمەیە: کە ئیتالیا لەپێش هاتنی خونکاری فەرەنسەدا، (شارل)، لەژێر چنگی پاپا و ڤینیسیاییەکان و، شاهی نا پۆلی و، دووکی میلان و فلۆرەنسەییەکاندا بوو، ئەو سەردارانە بەتەنگ دوو کردەوەی گەورەوە بوون: یەکەمیان ئەوەبوو کە نەهێڵن هیچ بێگانەیەک بەهێزی جەنگەوە بێتە ناو ئیتالیاوە.

دووەمیشیان ئەوەبوو: کەهیچ فەرمانڕەواییەک لەم فەرمانڕەواییانە خاکی خۆی فراوانتر



لێ نەکات کەسێکی وایش لەناویاندا نەبوو، کە مەترسی لێ بکرێ «پاپا» و سەردارەکانی «ڤینیسیا» نەبێ جا بۆئەمەی بەربەستی پەلاماردانی ئەوانە بکرێ، پێویست بوو سەردارەکانی تر ببنە دۆست و سوێندخواری یەکتر هەروەها بەرامبەری کردنی پاپایش ئەوەی پێ دەویست کە گەورە خاوەن زەوییەکانی (ڕۆما) بخەنە گەڕ لەگەڵ خۆیاندا و بەکاریان بهێنن، بۆ ئەمەی پاپاکان هەر بەکزی بهێڵنەوە ئەوەی یارمەتی ئەو سەردارانەیشی دەدا ئەوە بوو کە پاپاکان، تێکڕا، لە دە ساڵ زۆرتر لەسەر تەختی فەرمانداری نەدەمانەوە.

ئەمەیش بوو بەهۆی ئەوەی دەسەڵاتی جیهانی پاپا زۆر گەورە نەبێ لە ئیتالیادا، تا (پاپا ئەسکەندەری شەشەم) هاتە سەرتەخت ئەوە بوو هەروەک لەوەپێش پیشانماندا، خۆی دەرخست کە دەتوانێ پاپا، بەهۆی سامان و هێزەوە دەسەڵات پەیدا بکات و ببێتە گەورە ئەوە بوو دەستی کرد بەو کردەوانەی لەسەرەوە ناومان بردن، (دووک ڤالنتین)ی کوڕی خۆی کرد بەبیانوو، نەک بۆ بەرزکردنەوەی پایەی کلێسا، بەڵام بۆ بەرزکردنەوەی پایەی (دووک ڤالنتین) خۆی!...

## جۆرەکانی هێزی چەکدار و سەربازی مووچەخۆر

ئەوەبوو تا ئێستا گفتوگۆمان لەبابەت سەردارەکان و سەردار نشینەکانەوە کرد. گوتمان لە هەموو بنچینەیەک گرنگتر بۆ فەرمانڕەواییەکان ئەوەیە کە یاسایانی بەکەڵکیان هەبێ، لەگەڵ سوپایانی بەهێزدا ئێستا لەبابەت یاساوە قسە ناکەم لە بابەت سوپاوە قسە دەکەم ئەو لەشکرانەی شازادە خاکی خۆی پێیان دەپارێزێ، یان لەو لەشکرانەن کە تایبەتی خۆین یان لەو سەربازانە پێک هاتوون کە بەکرێ گیراون و مووچە خۆرن یان بریتین لە هێزی یارمەتیدەر کە لە دەرەوە بۆی هاتوون، یاخود تێکەڵن لەمانە هەموویان ئەوەندە هەیە ئەو سەردارەی بەلەشکری بەکرێ گیراو و مووچەخۆر پشتی فەرمانڕەواییەکەی خۆی بپارێزێ، هەرگیز ئەوەی لێ چاوەڕوان ناکرێ کە بەرگەی دوژمن بگرێ و، دڵنیا بێ لە خۆی کە هیچی بەسەرنایەت. چونکە ئەو سەربازانە یەک ناگرن، چاویان بڕیوەتە کەڵک و خۆشی خۆیان، نەڕێک و پێکن، نەدڵسۆز، بەرامبەر دوژمن ترسنۆکن، نە لە خودایش ترسیان هەیە، نە تەماشای ڕەوشت و خووی مەردانەیش دەکەن کە تێکەڵ بەکەسانی تر دەبن... هەروەک دوژمن لە کاتی جەنگدا تالانت دەکات، ئەوانیش لە کاتی ئاشتیدا تالانت دەکەن! ئەمەیش سەبارەت بەوەیە کە ئەوانە هیچ خۆشەویستییەک لە دڵیاندانیە، هیچ

هانادەرێک لە دەروونیاندا نییە کە لە کۆڕی جەنگدا بیانهێڵێتەوە، مەگەر ئەو مووچە کەمە نەبێ کە دەیاندرێتێ ئەو مووچانەیش ئەوەیان لە دەست نایەت کە ئامادەیان بکەن بۆ مردن لە پێناوی تۆدا ئەوانە تا تۆ لە جەنگ دووربیت حەزدەکەن لەژێر دەستتدا بمێننەوە بەڵام کە جەنگ دەستی پێ کرد، دەست دەکەن بەهەڵاکردن لە دوژمن، یاخود لێت دەتەکێنەوە و بەتەنیا دەتهێڵنەوە!. ئیتاڵیایش بۆیەکا تووشی ئەم سەرگەردانییە بوو، چونکە تا چەند ساڵێک پاڵی دابووە وە بەسوپای بەکرێ گیراو و مووچەخۆرەوە... لەئەنجامی کاریشدا ئەمە دەرکەتووە کە هەر فەرمانڕەواییە کۆمارییانەیش کە خاوەنی لەشکرانی چەک داربن، هەر ئەوانە پێشکەوتنێکی زۆر پێشکەوتوون بەڵام هەر فەرمانڕەواییەک پشتی بەلەشکری بەکرێ گیراو بەستبێ لە زیان بەولاوە هیچی تری دەست نەکەوتووە!.

کاتێ کە شازادەیەک داوا لە دراوسێیەکی بەهێزی خۆی دەکات، بگات بەفریایدا یاخود لەسەری بکاتەوە بەلەشکرەکەی خۆی، ئەم هێزانەش بێ کەڵکن و، وەک هێزی بەکرێ گیراو وان پێ یان دەڵێن «هێزی لا» یاخود «هێزی یارمەتی».

دوورنییە ئەم هێزانە خۆبەخۆی خۆیان باش بن، بەکەڵک بن بەڵام هەر کەسێ بیانخوازێ پێیان دەکەوێتە تەنگو چەڵەمەوە چونکە ئەگەر شەڕەکەی دۆڕاند دەبێتە هۆی شکاندنی تۆیش خۆ ئەگەر سەریش کەوت لە شەڕەکەدا سواری ملت دەبێ!...

بەهەر دووباردا، چ لەباری سەرکەوتندا و، چ لە باری ژێرکەوتنیدا دەبێتە هۆی سەرگەردانیت!... هۆی ئەمەیش ئەوەیە کە سەربازەکانی ئەو لەشکرە هەموو یەکن، بەڵام فەرمانی کەسێکی تر جێبەجێ دەکەن کەواتە هەر شازادەیەک تێگەیشتوو بێ، هیچ دەمێک پشت بەو جۆرە هێزانە نابەستێ، تەنیا پشت بەهێزە تایبەتییەکانی خۆی دەبەستێ ئەوەیشی پێ خۆشترە کە لەشکرەکەی خۆی بشکێ، نەک بەهۆی لەشکری بێگانەوە سەربکەوێ پەیبیش بەوە دەبات کە ئەو سەرکەوتنەی لەسایەی هێزەکانی بێگانەوە دەستی دەکەوێ، بەسەرکەوتنی ڕاستەقینە دانانرێ!. هیچ لەوەیش یەک و دوو ناکەم کە «سیزار بۆرجیا» بەوێنە بهێنمەوە بۆ ئەم بابەتە ئەو بەهۆی لەشکری یارمەتییەوە چووە ناو خاکی «ڕوومانیا»وە، کە هەموویان فەرەنسەیی بوون کە تەماشای کرد ئەوەی بۆ ناچێتە سەر، پەنای بردە بەر لەشکری بەکرێ گیراو.

پاش ئەوە، ئەوەیشی لێ ئاشکرابوو کە پشت بەم جۆرە لەشکرانەیش نابەسترێ، هەموو دەم فرمانی خۆیان بەجێ ناهێنن، هەموو دەم بەدڵسۆزی نامێننەوە چونکە چاکەیان



لەبەرچاو نامێنێتەوە دەمودەست بڵاوەی پێ کردن پاش ئەوە پشتی بەست بەو هێزانەی کە هی خۆی بوون ئنجا کە هەموو لایەکیان ئەویان چاوپێکەوت بووەتە یەکەم گەورەی پیاوانی خۆی و، لەشکرەکانی خۆی و، دەسەڵاتی هەیە بەسەر هەموویاندا، لە پێش چاویاندا پایەی بەرز بووەوە!.

لێرەدا وێنەیەکی ناو (تەوڕات)یش دەهێنمەوە: کاتێ کە (داوود) لە (شائوول)ی گەیاند دەچێ بۆ شەڕکردن بەرامبەر «جوولیاث» دلێری «فەلەستین»، شائوول ویستی هانای بدات بۆ شەڕ و دڵی بەهێز بکات، لەشکرەکەی خۆی خستەپاڵ داوود بەڵام کە داوود تاقی کردنەوە، نەیهێشت لەگەڵیدا بێن.

ئەوەی پێ باشتر بوو کە بەقۆچەکانی و خەنجەرەکەی خۆیەوە هەڵبکوتێتە سەر دوژمنەکەی خۆی!...

ئەگەر باش بچینە بنجوبناوانی هۆی یەکەمی سەرئەنگرێ بوونی شاهەنشاهێتی ڕۆما، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە سەبارەت بەکۆکردنەوەی ئەو لەشکرە مووچە خۆرانە بووە کە لە [گۆت]ەکان بەکرێ گیرابوون ئیتر لەو ساکەوە کە ئەو لەشکرانە پێک هێنران، دەسەڵاتی ڕۆماییەکان ڕووی کردە کزی هەر کەڵکێکیش لە شاهەنشاهێتییەکەدا پەیدابیوایە، بۆ ئەو (گۆت)انە دەمایەوە!.

کەواتە هیچ شازادەیەک لەوە دڵنیا نەبێ کەهیچی بەسەر نایەت، تا پاڵ بەلەشکرە تایبەتییەکانی خۆیەوە نەدات لەشکری تایبەتیش بریتییە لەو سەربازانەی لەژێر دەستی خۆیدان، یاخود هاونیشتمانی خۆین، یان لەو کەسانەن کە لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا پشتیان پێ دەبەستێ!.

## شازادە و هونەرەکانی جەنگ

شازادە نابێ هیچ ئامانجێکی هەبێ، هیچ بیرێکی هەبێ، هیچ لێکۆڵینەوەیەکی هەبێ، شەڕ نەبێ و هەڵسووڕاندنی جەنگ نەبێ و، یاسای جەنگ نەبێ!. چونکە هەر ئەم هونەرەیە بەکاری ئەو کەسە بێت کە فەرمانداری دەکات ئەمەیش ئەمەندە بەکەڵک و بەنرخە، هەر بۆ ئەوە بەکارنایەت کە خاکی ئەو شازادانە بپارێزێت کە لەپاش مردنی باوکیان هاتوونەتە سەرتەخت بێجگە لەوە بەکاری بۆرە پیاوانیش دێ کە بەهۆی ئەوە وە بتوانن بگەنە سەرتەخت بەپێچەوانەی ئەمەیش هەر شازادەیەکمان دی خووی زۆرتر دایە خۆش ڕابواردن و بەزموڕەزمی خۆی تەختەکەییان لە دەست دەچێ!. یەکێک لەو ئەنجامە

خراپانەی لە خۆ ئامادەنەکردنەوە بۆ جەنگ ڕوو دەدات، ئەوەیە کە تووشی گاڵتەپێکردنی کەسانی تر دەبێت!...

جیاوازی لە ناوەند شازادەی خاوەن لەشکر و بێ لەشکردا، وەک ئاسمان و ڕێسمان وایە... ئەوەیش بەمێشکدا ناچێ، کە چاوەڕوانی ئەوە بێن پیاوی چەکدار بۆ پیاوی بێ چەک مل کەچی بنوێنێ... یان هیچ پیاوێکی بێ چەک لە دەس و پێوەندی چەکدار بێ وەی دەمێنێتەوە!. کەواتە هەر شازادەیەک لە کاروباری شەڕکردن شارەزا نەبێ، بێجگە لەمە ئەو کەم و کوڕییانەیشی هەبێ کە لە سەرەوە ناومان بردن، هەرگیز لەلایەن لەشکرەکەیەوە ڕێزی لێ ناگیرێ، هەروەها خۆیشی نابێ پشتیان پێ ببەستێ لەبەر ئەمە نابێ شازادە شەڕوشۆڕکردن بخاتە پشت گوێ... پێویستە لەسەریشی کە لەکاتی ئاشتیدا زۆرتر مەشقی لەسەر بکات، تا کاتی جەنگ بێجگە لەوە دەبێ لەبابەت جەنگەوە بشخوێنێتەوە و، لێکۆڵینەوەیش بکات هەرچی ڕووی کاروگوزارییە، پێویستە لەسەر شازادە، کە بەتەنشت پێکەوەنانی لەشکرێکی ڕێک و پێک و مەشق پێ کراوە وە بۆ جەنگ، هەموو دەم بچێتە ڕاووشکار، تا لەشی خۆی بەسەختییەوە ڕابهێنێ تا لە شێوەی سروشتی زەوی تێبگات چونکە شارەزایی لە شوێنەکانی شاخ و دەشت و ڕووبارەکاندا، لە نیشتیمانەکەی خۆی ئاگاداری دەکات.

ئەوساکەیش باشتر دەتوانێ خۆی ئامادە بکات بۆ پاراستنی خاکەکەی خۆی.

هەروەها بەهۆی ئەو شارەزاییەیشەوە دەتوانێ خاکێکی تریش ببینێ، تێی بگات هەر شازادەیەکیش بێ بەش بێ لەم شارەزای و هونەرمەندییە یەکەم پلەی سەرکردەی و سەرۆکایەتی لە دەست دەچێ چونکە هێزی سەرنجدانە کە وای لێ دەکات جێگاکانی دوژمن بدۆزێتەوە کە شوێنی باش بۆ خۆشی هەڵبژێرێ کە سەرکردەی لەشکرەکەی خۆی بکات کە ڕێوشوێنێ دابنێ بۆ هەڵسوڕاندنی جەنگەکانی کە چوارلا گرتنێکی بەکەڵکی شارەکان ڕابپەڕێنێ!.

هەروەها لەسەر شازادە پێویستە کە هۆشی خۆی ڕابهێنێ بەخوێندنەوەی مێژووە وە.

بەلێکۆڵینەوەی پیاوە گەورەکانەوە بۆ ئەمەی لەوە تێ بگات کە چۆن لە جەنگدا کردەوەیان نواندووە هەروەها بشچێتە بنجوبناوانی هۆی سەرکەوتن و ژێر کەوتنیانەوە بەم ڕەنگە لە شازادەی ژێر ناوەشێتەوە کە لە کاتی ئاشتیدا، بێ ئەرک و کار دابنیشێ پێویستە خۆی بەکاروفرمانەوە خەریک بکات. پێویستە خۆی بەچست و چالاکییەوە



ڕابهێنێ پێویستە ئەو کاتی بێ فرمانییانە پڕ بکات لە خۆڕاهێنان بەجەنگەوە، بەڕێکخستنی کاروباری شەڕوشۆڕە وە، بەلێکۆڵینەوە لە مێژووی ئەو کەسانەیشەوە کە بەجەنگەوە خەریک بوون، لە سەرکردە و سەردارە گەورەکان، تا ئەگەر ڕۆژگار لێی هەڵگەڕایەوە و بێ بەختی ڕووی تێکرد، ئامادە بووبێ بۆ بەرەنگاری کردنی دوژمن و، بۆ سەرکەوتن لە زۆرانبازیدا!...

## ئەوکردەوانەی پێویست بەشازادە(١)

ماوەتەوە ئەوەی ئەو دەستورانە پیشان بدەین بەشازادە، کە پێویستە بڕوات بەڕێوە، لەگەڵ دۆستەکانی و ژێردەستەکانیاندا.(٢)

منیش لەوە ئاگادارم کە لەم ڕووە وە زۆر نووسراوە بەڵام چونکە هەر بەتەنگ ئەوە وەم کە خاوەن هۆشان کەڵک لەم نووسراوەم ببینن، وام پێ باشترە کە ڕاستە و ڕاست لەم بابەتەوە بدوێم، لەڕاستییەکەیشی بکۆڵمەوە بەڵام لە کاری ئەندێشەی واز بهێنم چونکە جیاوازی زۆرە لە ناوەند ئەو ژیانەدا کە بەسەری دەبەین و ئەو ژیانەیشدا کە پێویستە ڕاییبوێرین لەبەرئەوە تەنیا لە شتی ڕاست و ڕووداو دەدوێم من دەڵێم هەر کەسێ پایەیەکی بڵندی هەبێ، بەتایبەتی ئەگەر شازادەیش بێ، بەچەند کردەوەیەکەوە ناوبانگ دەردەکات کە ڕەنگە باش بن، ڕەنگیشە خراپ بن شازادەی وا هەیە پیاوەتی و بەخشندەی دەکات هی وایش هەیە دەست قووچاوە هی وا دەست بڵاوە هی وایش هەیە چرووک و ڕژدە. دڵ ڕەقیان تێدایە دڵ نەرمیش.

پەیمان ڕاگریان تێدایە بێ گفت و بەڵێنیش... خاوەن بەزموڕەزم و سووک و ڕیسوایان تێدایە... وشک و ڕەق و بێ باکیش... مل کەچ و گیان سووک و تووڕە و تڕۆیان تێدایە... داوێن پاک و داوێن پیسیشیان تێدایە... ڕاست و ڕەوان و پڕ پێچوپەنایان تێدایە... کەللەڕەق و شیرین خوویش... شازادەی سەر ڕاست و گەمەباز و ئاییندار و بێ ئایینیشیان تێدایە!...

جا لەبەر ئەوەی سروشتی مرۆڤ وایە، کە کەسی وا نییە، ئەم هەموو کردەوانەی لە یەک کاتدا بۆ کۆببێتەوە کەواتە پێویستە شازادە ئەوەندە ژیری بنوێنێ کە خۆی بپارێزێ لەوەی

(١) یان (ئەو خەسڵەتانەی).

(٢) ئەم ڕستەیە خواروخێچە، دەکرێ بەم شێوەیەبێ: «ماوەتەوە ئەوەی کە ئەو دەستوورانە پیشانی شازادە بدەین کە پێویستە لەگەڵ دۆست و ژێردەستەکانیدا پەیڕەوییان بکات».

کە کەم و کوورییەکانی ڕەوشتی دەربکەوێ، نەوەک تەختەکەی لە دەست بچێ هەروەها زۆر بەتەنگ ئەو کردەوانەی خۆیشییەوە بێ، کە بەبێ ئەوانە خاکەکەی خۆی بۆ ناپارێزرێ، وەک کردەوەی «دڵ ڕەقی» و «توندوتیژی»!.

ڕەنگە ئەوەیش بەشتێکی خۆش دابنرێ کە پێمان بڵێین بەخشندەیە بەڵام بەخشندەیی، هەروەک کەسانی تر تێی گەیشتوون، لەوانەیە تووشی گەروگێچەڵت بکات ئەگەر بێت و شازادەیەک بیەوێ خۆی وا پیشان بدات کە پیاوێکی بەخشندەیە، ناچاردەبێ ئەوەندە پارە پەرش و بڵاو دەکاتەوە، بەسەر ئەم و ئەودا، کەسامانەکەی خۆی چۆڕبڕ بکات دوای بۆ ئەمەی ناوبانگی بەخشندەییەکەی خۆی بپارێزێ، ناچاردەبێ ئەمەندە باج بخاتە سەر نەتەوەکەی خۆی، باریان گران بکات هەروەها هەڵپەبکات بۆ پارە کۆکردنەوە، هەموو ڕێیەکی بۆ بگرێ!... لەئەنجامدا وایی لێ دێ لە بەرچاوی ژێردەستەکانی بکەوێ و، لەناو کەسانی تردا بشکێ و ڕێزیشی کەم ببێتەوە ئەگەر شازادە هەستی کرد بەتەنگ و چەڵەمەی بەخشندەی و، خووی دایە ئەوەیش کە واز لەو کردەوەیە بهێنێ، دەمودەست بەدناوی دەکەن بەچرووکی و ڕژدییەوە!.

لەبەرئەوە بۆ شازادە وا چاکترە کە ئەگەر پێی نەکرا بەخشندەیی بکات و، وازهێنان لە بەخشندەیی نەیخاتە تەنگو چەڵەمەیەکی سامناکەوە، گوێ نەداتە بەندوبادی ئەم و ئەو کەپێی بڵێن دەست قووچاوە، دەمودەست دەستی خۆی بگرێتەوە لە دەست بڵاوی چونکە زۆری پێ ناچێ، نەتەوە بۆی دەردەکەوێ کەشازادە لەبەر ڕژدی خۆی نەبووە کە دەستی گرتۆتەوە لە پارە پەرش و بڵاوکردنەوە، لەبەر ئەوە ئەوەی کردووە تاپارەیەکی وا کۆبکاتەوە بۆ فەرمانڕەوای کە بۆ دوارۆژ دانەمێنێ بەخۆپاراستنەوە لە شەڕی دوژمنان و، تووشی تەنگانەیش نەیەت لە کاتی لەسەرکردنەوەی نیشتمانەکەیدا هەروەها بشتوانێ کاروبارە گەورەکانی فەرمانڕەوایی هەڵبسووڕێنێ، بێ ئەمەی باری نەتەوەکەی خۆی گران بکات.

کە نەتەوە ئەوەی بۆ دەرکەوت ئیتر بەشازادە نالێ دەست قووچاوە، بەپێچەوانەوە بەپیاوێکی گەورە و زرنگ و بەخشندەی دادەنێ.

بەم ڕەنگە نابێ شازادە لەوە بترسێ کە بەدەست قووچاو ناوی ببەن، چونکە خۆپاراستن لە تاڵان کردنی نەتەوە بەباجی زۆر سەندن و بابەتی تر، هەروەها بەهێزکردنی نیشتمانەکەی و، دوورخستنەوەی نەتەوەکەی لە هەژاری و ڕیسوایی، ئەوانە هەموو، ئەوە دەهێنن کە شازادە لە پێناویاندا ئەو دەست قووچاوییە بنوێنێ چونکە لەڕاستیدا هەندێ



جاری وا هەیە کە دەست قووچاوی، بەوکردەوە باشانە دادەنرێ کە نیشتمان لە دەست دوژمن و لەدەست تەنگوچەڵەمەی ڕۆژگار ڕزگار دەکات!. جا هەر کەسێ بەرپەرچم دەداتەوە، وا ئەمەیشی پێ دەڵێم: کە بەخشندەیی بەشتێکی خۆش دادەنرێ، ئەگەر بێت و شازادە لە سامانی تایبەتی خۆی بیکات، نەک لە سامانی نەتەوە هەر شازادەیەکیش لەوانە بێ کە بەدوای شەڕوشۆڕدا دەگەڕێن و، لەسەر فڕوفێڵ و تەڵەکەبازی دەژین و، هەر خەریکی تاڵان و بڕۆی سامانی نەتەوە و کەسانی ترن و، بەداوی پەرش وبڵاوکردنەوەی سامانی کەسانی تردا دەگەڕێن، نەخوازەڵا کە ئەو کەسانە و ئەو خاکانە لە بێگانە بن، ئەو شازادەیە پێویستە بەخشندەیی و دەست بڵاوی هەبێ.

چ (کۆرشی فارس) و چ (سزاری ڕۆما)، چ (ئەسکەندەری مەکدۆنیا) لەو جۆرە کەسانە بوون و، وایشیان کردووە!...

## شازادە لەناو خۆشەویستی نەتەوە و ترس و لەرزیدا

هەرچەندە هەموو شازادەیەک حەزدەکات پێی بڵێن دڵنەرمە و بەزەیی بەهەژار و لێ قەوماو و داماوان دێتەوە، نەک پێی بڵێن دڵڕەق و توندوتیژە و، بەزەیی بەکەسدا نایەتەوە، بەڵام پێویستە ئاگای لە خۆی بێ، کە دڵنەرمییەکەی خۆی خراپ بەکارنەهێنێ «سیزار بۆرجیا» بەدڵڕەقییەوە ناوی دەرکرد، بەڵام ئەو دڵڕەقییە بوو بەهۆی ئەوەی خاکی (ڕوومانیا) یەک بگرێ و یاسایشی تێدا جێگیربێ کە ئاشتی و دڵنیاییشی تێدا بڵاوببێتەوە لەبەرئەوە شازادە نابێ گوێ بداتە ئەوەی کە بەدڵڕەقی بەدناوی بکەن، ئەگەر بێت و بەهۆی ئەو دڵڕەقییەوە، بتوانێ نەتەوەکەی یەک بخات و دڵیان بنووسێنێ بەخۆیەوە چونکە ئەو بەنوواندنی چەند کردەوەیەکی توندوتیژ، دەتوانێ باشتر بەکاری نیشتمانەکەی خۆی بێت، لەوانەی کە لەبەر زۆر دڵنەرمی خۆیان، ماوە دەدەن ئاژاوە لە ناو خاکەکەیاندا پەیدابێ... چونکە لە ئاژاوە وە، خوێن ڕشتن و تاڵان کردن پەیدا دەبن، کە زیان بەنەتەوەکە هەمووی دەگەیێنن بەڵام کوشتنی چەند کەسێک لە لایەن شازادە وە، هەر زیان بەچەند کەسێک دەگەیێنێ بەهەموو ڕەنگ، هەرگیز ئەوە ڕوونادات، کە شازادەیەکی تازە بەتوندوتیژییەوە ناوبانگ دەرنەکات چونکە ئەو فەرمانڕەواییانەی کە تازە پەیدادەبن، پڕن لە تەنگ و چەڵەمەی سامناک سامناک! هەروەها پێویستە شازادە خۆش باوەڕ نەبێ، کە هەرچی ببیەت بەڕاستی بزانێ.

پێویستە لێی بکۆڵێتەوە، ئنجا کاری پێویست دەربارەی ئەو قسەیە بکات.

بەڵام نایشبێ لە ئەندێشەی خۆی بترسێ! جا هەروەک خۆی دەپارێزێ لەو هەڵانە، هەروەها دەبێ لە شێوەیەکی مام ناوەندی و ژیرانەیشدا ڕەفتار بکات.

نابێ ئەمەندە دڵنیابێ لەخۆی، کە پارێزگاری خۆی نەکات نایشبێ ئەمەندە بسڵەمێتەوە لە هەموو شتێک کە لە ئەندازەی دڵ فراوانی و چاوپۆشی بچێتە دەرەوە جا لێرەدا ئەم پرسە دێتە مێشکی مرۆڤەوە: بۆ شازادە وا چاکترە کە خۆشەویست بێ و، کەمتر لێی بترسن، یاخود لێی بترسن و کەمتر خۆشیان بوێ؟... وەرامیش ئەوەیە کە پێویستە شازادە هەردوو کردەوەکەی هەبێ.

ئەگەر ئەوەیشی بۆ نەچووەسەر، لێی بترسن چاکترە لەوەی خۆشیان بوێ! چونکە دەگونجێ بەمرۆڤ وا بڵێین، کە بەجۆرێکی تێکڕایی، چاکەیان لە بەرچاو نییە، ڕاڕان، زوو هەڵدەگەڕێنەوە، ترسنۆکن، چاوچنۆکن، چاویان بەهیچ شتێک پڕنابێتەوە.

هەتا بزانن کەڵکێکیان پێ دەگەیێنیت، خۆیان دەخەنە بەردەستت، سەر و سامان و ژیان و کوڕەکانی خۆیانت پێشکەش دەکەن کەچی کە دەستت درێژکرد بۆ یەکێک لەو شتانەیان، لێت هەڵدەگەڕێنەوە و بەگژتدا دەچن!. هەر شازادەیەکیش بەدوو ڕوویی ژێردەستەکانی خۆی چەواشە ببێ و، ئاگای لە خۆی نەبێ، کە خۆی بپارێزێ، لەوانەیە کە سەرئەنگرێ ببێ!. ئەوەیش لەبەر ئەوەیە، کە هەر دۆستایەتییەک بۆ پارە و کەڵکی تایبەتی بێت، نەک لە ڕێگای گیان بڵندی و دەروون گەورەییەوە پەیدابووبێ، بەدۆستایەتییەکی ڕاستەقینە و بەکەڵک دانانرێ مرۆڤانیش لە شازادەیەک شەرم زۆرتر دەکەن کە بەزەبر و زەنگ بێ، نەک لە شازادەیەک کە هەر خۆی خۆشەویست بکات چونکە خۆشەویستی بەهیچ نابەسترێتەوە، بەزنجیرەیەک پەیمانداری نەبێت مرۆڤیش ئەمەندە خۆپەرستی تێدایە، هەر دەمێ زانی بەشکاندنی ئەو زنجیرە پەیمانانە کاری بۆ دەچێتەسەر، گوێ ناداتە فرمانی سەرشانی خۆی، دۆستایەتییەکەی خۆی دەخاتە ژێرپێ وە!.

بەڵام ترس بەزەبر و زەنگی سزا دەپارێزرێ!. لەگەڵ ئەوەیشدا شازادە وا هەڵدەگرێ سام بدات بەخۆی، نەک قینی لێ هەڵبگرن چونکە ترس و نەبوونی قین پێکەوە ڕێک دەکەون بۆ شازادەیش ئەوە ئاسان دەبێ کە ئەو دوو بابەتە بۆ خۆی بپارێزێ، ئەگەر بێت و دەست درێژی نەکات بۆ سامان و ئافرەتانی هاونیشتمانەکان، یاخود ژێردەستەکانی خۆی!.

ئەگەر هات و شازادە ناچاربوو یەکێک لە ژێردەستەکانی خۆی بکوژێ، بام بیانوویەکی ڕاست ودروست بدۆزێتەوە بۆ ئەو کوشتنە، ئینجا بیکوژێ بام هۆی ئەو کوشتنەیش بۆ گەل



ئاشکرا بکات بەڵام دەبێ لەپێش هەموو شتێکدا خۆی لە داگیرکردنی سامانی کەسانی تر بپارێزێ چونکە مرۆڤ وا هەڵکەوتووە کە ڕەنگە مردنی باوکەکانی خۆیان لەبیربچێتەوە، بەڵام سامان لەدەست چوونیان هەرگیز لەبیرناچێتەوە!.

ئەگەر شازادە لەشکرێکی بێ شوماری لەژێر دەستدا بوو، پێویستە لەوە چاوی نەترسێ کە بەپیاوێکی دڵ ڕەق و توندوتیژی دابنێن چونکە ئەگەر ئەم جۆرە ناوبانگەی نەبێ، پێی ناکرێ زاڵ ببێ بەسەر لەشکرەکەیدا و، بەیەکێتی و ئامادەییەوە بۆ جەنگ بیهێڵێتەوە!. جا لەم لێدووانەوە دێمە سەر ئەوەی کە هەمووکەس خۆشەویستی شازادەیان لە خۆیانەوە دەچێتە دڵەوە، هەروەها بەئارەزووی دڵی خۆیشیان خۆشیان دەوێ، کەس زۆریان لێ ناکات بەڵام ترسەکەیان لە زەبروزەنگ و بەچنگی شازادەوە پەیدا دەبێ شازادەی ژیریش ئەو کەسەیە کە پەنادەباتە بەر هێز و دەسەڵاتی خۆی و، پشت بەتوانای خۆ دەبەستێ، نەک بەوەی کە ئەم و ئەو پێی ببەخشن!...

پێویستە شازادە وەک شێریش بکات و وەک ڕێوی یش. هەرگیز شت لەوە باشترنیە کەشازادە دڵپاک و دەروون خاوێن بێ دووریش بێ لە پێچوپەنا و فڕوفێڵەوە بەڵام وەک لە تاقیکردنەوەی سەردەمی خۆماندا بۆمان دەردەکەوێ: ئەو شازادانەی کاری گەورەگەورەیان لەدەست هاتووە و، کردوویانن، لەو شازادانە بوون کە زۆر گوێ یان نەداوەتە (سەر ڕاستی) و (دڵ چاکی) بەهۆی زیرەکی و زۆرزانی خۆیشیانەوە توانیویانە سەر لە کەسانی تر بشێوێنن زاڵیش بن بەسەر ئەو کەسانەدا کەپاکی و دڵسۆزییان کردووە بەبنچینەی زرنگکارییەکەی خۆیان لەبەرئەوە پێویستە بزانیت کە بۆ بەرەنگاری کردن دوو شێوە هەیە یەکێکیان پاڵ دەدات بەیاساوە.

ئەوی تریشیان پاڵ دەدات بەهێزە وە شێوەی یەکەمیان بۆ مرۆڤ دەست دەدات شێوەی دووەمیشیان بۆ دڕندە دەست دەدات بەڵام زۆرجاری وا هەیە شێوەی یەکەمیان کاری شازادە ناباتەسەر لەبەرئەوە پێویستە شێوەی دووەمیشیان بخرێتەکار جا پێویستە شازادە خۆی ڕابهێنێ بەوە وە کە هەردوو شێوەکە بەکاربهێنێ... مامۆستاکانی پێشوویش هەر ئەمەیان فێری شازادەکان دەکرد.

کەواتە شازادە پێویستە لاسایی شێریش و ڕێویش بکاتەوە چونکە شێر ئەوەی پێ ناکرێ کە خۆی لە داو و تەڵە بپارێزێ ڕێویش ناتوانێ خۆی لە گورگ بپارێزێ کەواتە پیاو دەبێ خۆی بکات بەڕێوەی بۆ ئەمەی لەتەڵەو داو خۆی بپارێزێ هەروەها خۆیشی بکات

بەشێر بۆ ئەمەی چاوی گورگەکان بترسێنێ ئەگەر هەموو مرۆڤێک چاک بووایە، ئەم دەستووره بەکەڵک نەدەهات بەڵام ئەوانە وا ڕاهاتوون، کە لە خراپە بەولاوە، لەدەستیان نەوەشێتەوە.

ئەوانە هیچ گفت و بەڵێنێکی خۆیان ڕاناگرن لە هیچ هەلێکیش بۆ خراپەکردن دەست هەڵناگرن. کەواتە تۆیش پێویست ناکات دڵسۆزییان لەگەڵدا بنوێنێ هیچ شازادەیەکیش لەسەر ئەوە دانامێنێ کە بیانوویەکی پڕشنگدار بدۆزێتەوە بۆ خۆی کە پەیمانەکەی خۆی بشکێنێ!. لەگەڵ ئەمەیشدا شازادە نابێ ئەم کردەوەیەی خۆی ئاشکرا بکات پێویستە زۆر هونەرمەندی بنوێنێ لە شاردنەوەیدا پێویستە زۆرزانی پیشان بدات، (چاو و ڕاوکردن) چونکە مرۆڤ لەسەرێکی ترەوە، ئەمەندە ساکار و خۆش باوەڕن، پیاوی چاو و ڕاوکەر، هەموو دەمێک دەتوانێ پیاوی وایان تێدا بدۆزێتەوە، کە بەوانە چەواشە ببن!... ڕەنگە ئەوەیش پێویست نەبێ کە ئەوەندەی (پاپا ئەسکەندەری شەشەم) خۆی ماندوو بکات بەباوەڕ بەخشین و دڵنیاکردن و، سوێندخواردنی گەورە گەورەوە، کە کەس نەبوو لەوانەدا بیگاتێ!. هەروەها ئەوەیش پێویست نەبێ کە ئەوەندەی ئەو (پاپا)یە، گفت و بەڵێنی خۆی هەڵبوەشێنێتەوە و، سوێندەکانی خۆی بشکێنێ، کە لەوانەیشدا کەس نەبوو بیگاتێ.

بەڵام پێویستە شازادە خۆی وا بنوێنێ، کە لە باریدا هەیە ئەو جۆرە کردەوانە بنوێنێ.

تەنانەت من لەوەیش پەروام نییە کە بڵێم بوونی ئەم کردەوانە لە شازادەدا و، بەکارهێنانیشیان بەجۆرێکی هەموو دەمێ شازادە دەخاتە تەنگوچەڵەمەی سامناک سامناکەوە!. بەڵام خۆپیشاندان بەوە وە کە هەر کاتێ ئارەزوو بکات دەتوانێ ئەو جۆرە کردەوانە بنوێنێ، کەڵک و چاکەی بۆ شازادە تێدا دەبێ!.

بام ئەوەیش تێبگەین کە هەموو شازادەیەک بەتایبەتی ئەو شازادەیەی تازە هاتۆتە سەرتەخت، لەتواناییدا نییە هەموو کردەوەیەکی چاک بەکاربهێنێ چونکە بۆ ئەمەی فەرمانداریەکەی خۆی بپارێزێت، زۆر جاری وا هەیە، ناچار دەبێت بەجۆرێکی وا بجووڵێتەوە کە پێچەوانەی پیاوەتی و چاکەخوازی و مرۆڤایەتی و خوداناسی بێ، جا پێویستە لەسەر شازادە، ئەمەندە وریابێ، لەگەڵ بادا بڕوات بەڕێوە، لەگەڵ ڕاڕای بەختی خۆیدا گوزەران بکات... هەتا پێی بکرێ لە چاکەکردن خۆی دوورنەخاتەوە، بەڵام ئەگەر پێویست بوو، لە خراپەکردنیش کۆنەکاتەوە!... بەڵام هەروەک لەوە پێش گوتم، نابێ شازادە کردەوەیەکی وەها بنوێنێ کە نەتەوە ڕقی لێی هەڵبسێ... جا ئەگەر ئەمەی بردەسەر، لە کردنی بەدکردارییەکانی تردا، هیچ تەنگوچەڵەمەیەکی گرنگی تووش نایەت!. لە هەموو



شتێک گرنگتر کە لە بەرچاوی نەتەوەی بخات ئەوەیە کە چاوبرسی و چاو چڵێس بێت، چاو ببڕێتە سامان و ئافرەتانی نەتەوەکەی خۆی!... ئەوەیش لەبەرئەوەیە کە زۆربەی نەتەوەکەی بەدڵنیاییەوە دەژین، ئەگەر بێت و شازادە دەست بۆ ئابڕوویان یاخود بۆ سامانیان نەبات!. لەبەر ئەوە دەبێ وریای خۆی بێ، کە خۆی وا پیشان نەدات بۆ نەتەوە، کە شازادەیەکی دەمدەمی و ڕاڕایە، کە هەر خەریکی بەزمورەزم و خۆش ڕابواردنی خۆیەتی، کە شەرمن و ترسنۆکە، ناوێرێ سنگ بەرێتەپێشەوە پێویستە بەپێچەوانەی ئەوانە، خۆی وا پیشان بدات کە شازادەیەکی کردەوە گەورەیە، دەروون بڵندە، دڵ پڕلەهێزە، بەچنگ بەزەبروزەنگە، خۆی ڕادەگرێ بەرامبەر کارەساتی سامناکی ڕۆژگار، خاوەنی بیروباوەڕیشە، قسەی خۆیشی هەر دەباتەسەر!. چونکە هەر شازادەیەک بتوانێ ناوبانگێکی وەها بۆ خۆی دەربکات، دوژمنەکانی گەلە کۆمەکێی ناتوانن لێ بکەن، نایشتوانن داوی بۆ بنێتەوە، یاخود هوروژم ببەنەسەری چونکە ئەو وا دەچێتەمێشکیانەوە کە خاوەن دەسەڵاتە، هەموو شتێکی لەدەست دێ بیکات، کە نەتەوەکەیشی ڕێزی لێ دەگرێ.

چونکە شازادە فرمانی سەرشانیەتی کە دوو جۆرە ترس بخاتە دڵی کەسانی ترەوە.

جۆرێکی (ترسی ناوخۆ)یە کە دەبێ بیخاتە دڵی نەتەوەکەی خۆیەوە، ژێردەستەکانی خۆیەوە جۆرێکیشیان٠ (ترسی دەرەوە)یە کە دەبێ بیخاتە دڵی فەرمانڕەواییە بێگانەکانەوە ئەو شازادەیەیش کە لە نەتەوەکەی دڵنیا بێ خۆشیدەوێ و لێی دەترسێ و پشتی دەگرێ، دەتوانێ ترس بخاتە دڵی دوژمنەکەیەوە، بەتایبەتی ئەگەر ئەو شتانەی لەسەرەوە ڕۆشنم کردنەوە، لە فەرمانداریيەکەیدا بەکاریان بهێنێ و، خۆیشی دوور بخاتەوە لە پشم و قین و ڕق هەڵسانی نەتەوەکەی خۆی بام ئەوەیشمان لەبیر نەچێ کە جاری وا هەیە پشم و قینی نەتەوە لەوەوە پەیدا دەبن کە شازادە کارێکی چاک و بەکەڵک هەڵبسوورێنێ!. هەروەک لە بەدکردارییشەوە پەیدا دەبن!. جا لێرەدا ڕاستی قسەکەی پێشووم دەردەکەوێ کە گوتم: هەر شازادەیەک ئارەزووی ئەوە بکات فەرمانداریيەکەی خۆی بپارێزێت، زۆرجاری وا هەیە ناچاری کەتن و تاوان کردن دەبێ چونکە ئەو دەستە و کۆمەڵەی بەپێویستی دەزانیت لەگەڵتدا بن و هۆگرت بن، سا ئایا نەتەوەکەت بن، یاخود سەربازەکانت، یان چینی باڵا، کە ئەوانە بەکاربن، تۆیش ناچاریت لەگەڵیاندا هەڵبکەیت و بەپێی دڵی ئەوانیش بڕۆیت بەڕێوە جا لە بارێکی وادا دوور نییە کاری چاک و بەکەڵک بەدڵی ئەوان نەبێ، بەخۆیشت زیان بگەیێنێ!...

لە شاهەنشاهی ڕۆما، «سیفیرس» دەگێڕنەوە ئەوەندە توانا و بەکار بووە، لەشکرەکەی بەدڵ خۆشیان ویستووە لە خاکەکەی خۆیدا بەکامەرانییەوە ڕاییبواردووە لەگەڵ ئەوەیشا بەرامبەر نەتەوە زۆرداربووە!. چونکە کردەوەی مەردانەی وای هەبووە، دڵی سەربازەکانی کێش کردووە، نەتەوەیشی گەشکەدار کردووە لێرەدا بەکورتی ئەوە پیشان دەدەم کە «سیفیرس» چۆن هونەرمەندانە وەک شێریش و، وەک ڕێویش ڕەوشتی کردووە لەڕاستیدا «سیفیرس» بریتی بوو لە سەرکردەیەکی لەشکری ڕۆما لە (سلۆڤانیا)دا.

ئەوکاتە شاهەنشاه «برتیناکس» بوو، کە لەبەر هۆگربوونی بەکردەوەی شیرینەوە سەربازەکانی لە پێشوی و ئاژاوە بەربەست کرد بوو ئەوانیش لەسەر ئەوە قینیان لێ هەڵسا، ڕۆژێکیان لێی هەڵگەڕانەوە، کوشتیان.

«سیفیرس»)یش ئەوەندە هانەی سەربازەکانی خۆی دا، پێی چەواشە بوون لەگەڵیدا ڕۆیشتنەوە بۆ ڕۆما، تا تۆڵەی شاهنشاه «بتیناکس» لە دوژمنەکانی بکەنەوە هەرئەوەندە گەیشتە «ڕۆما»، کۆڕی ڕیش سپی یان (سینات) هەڵیان بژارد و کردیان بەشاهنشاه ئەوانە لە ترساندا کردیان بەشاهنشاه ئەویش «جولیا نوس» شاهنشاهی دوای (برتیناکس)ی کوشت «سیفیرس» دوو بەرهەڵستی هاتە پێش دەم، کەبە هۆی ئەوانەوە نەیدەتوانی بەسەر شاهنشاهێتییەکەدا زاڵ ببێ یەکێکیان ئەوەبوو کە سەرکردەی لەشکرەکانی ئاسیا، خۆی کرد بوو بەشاهنشاه.

یەکێکیشیان ئەوە بوو کە «ئەلبینوس» لە ڕۆژئاوادا هەڵسا و دەستی کرد بەخەبات کردن بۆ دەستکەوتنی تەختی شاهی جا لەبەر ئەوە دەستی کرد بەچەواشەکردنی «ئەلبینوس» بۆی نووسی کە بەسەربەرزی دادەنێ بۆ خۆی کە ئەو هاوبەش بکات لەو پایەیەدا کە کۆڕی ڕیش سپی یان خۆیان بۆیان هەڵبژاردووە پاش ناوی «سیزار»یشی پێ بەخشی و بۆی نارد پاش ئەوە وەرگەڕایەوە سەر سەرکردەی لەشکرەکانی ئاسیا و، چوو بەگژیدا شکاندی و کوشتی کە ئاسیای دامرکاندەوە و، بێ دەنگی کرد و، چنگی بەسەرداگرت، گەڕایەوە ڕۆما ئنجا لە کۆدی ڕیش سپی یاندا «ئەلبینوس»ی بەدناو کرد بەو تاوانەوە کە کەم تەرخەمی کردووە لەبەجێ هێنانی فرمانی پایەکەی خۆیدا.

کە بۆ ئەوەیش تێکۆشاوە «سیفیرس»، خۆی، لەناوببات، بێ ئەمەی تاوانێکی لێ دۆزبیێتەوە کۆڕی ڕیش سپی یانیش، ڕێ یاندا بچێتە سەری و تۆڵەی لێ بکاتەوە «سیفیرس»یش ڕاستەوخۆ ڕووی کردە فەڕەنسا و «ئەلبینوس»ی لەناوبرد جالەمەوە بۆمان دەردەکەوێ کە «سیفیرس» هەروەک شێرێکی پیاوشکێن بووە، ڕێوییەکی بەفڕوفێڵیش



بووە بەڵام لە هەموو لایەکیشەوە ڕێزی لێ دەگیرا لەشکرەکەی خۆیشی قینیان لێی نەبوو، خۆشیان دەویست.

کوڕەکەیشی کە ناوی «ئەنتۆنیۆس» بوو، لە باوکی خۆی کەمتر نەبوو کردەوەی وایشی هەبوو کە نەتەوەیش و سوپایش بەدڵ پەسەندیان دەکرد و خۆشیان دەویست بەڵام دڕندەییەکەی و دڵ ڕەقییەکەی لە هەموو ئەندازەیەک بەدەر بوون ئەوەندە کەسی لەناوبرد، بەکوشتن، لە شاری «ڕۆما» و «ئەسکەندەرییەدا» لەبەرچاو هەموو کەسێک کەوت، هەموو جیهان ڕقیان لێی دەبووە وە.

تەنانەت ئەوانەی نزیکیشی بوون، ترس پەڕییە دڵیانەوە و، پشم و قینیان بۆ هەڵگرت تا گەیشتە ڕادەیەکی وەها، کە لە ناوەڕاستی لەشکرەکەی خۆیدا کوژرا!... جا هەر کەسێ لە کارەساتەکانی مێژوو ورد ببێتەوە، بۆی دەردەکەوێ کە پشم و قین و نەنگەویستی بوون بەهۆی لەناوبردنی زۆربەی ئەو شاهەنشاهانە.

## ڕووت کردنەوەی نەتەوە لە چەک ئەنجامی بەباش ناگەڕێ

هەندێ لە شازادەکان لە پێناو پاراستنی خۆیاندا هاونیشتمانەکانی خۆیان ڕووت دەکردەوە لە چەک هەندێکیشیان دەستیان دەکرد بەدابەشکردنی زەوییەکانی ژێردەستەکانی خۆیان، هی وایشیان تێدا بوو، بەربەرەکانێیان دەکرد و کەسانیتریان لە خۆیان دەوروژاند کەچی هی وایشیان تێدا بوو ڕەنجی دەدا بۆ ئەمەی دڵی ئەوانە کێش بکات کە لە سەرەتای فەرمانداریيدا لێیان دڵکرمێ بوو.

هی وایان تێدا بوو شارەکەی خۆی دیواربەند دەکرد و،کەلاّتی بۆ دروست دەکرد.

کەچی هی وایشیان تێدا بوو هەر دیوار و کەلاّتێک هەبووبن تێکی دەدان.

هیچ کەسێکیش ناتوانێ بڕیارێک دەربارەی ئەم کارانە دەربکات، تا نەچێتە بنجوبناوانیانەوە جا لەبەرئەوە بەجۆرێکی گشتی لێیان دەدوێم، ئەوەندەی ماوەم هەبێ.

تا ئێستا هیچ شازادەیەکی وا نەناسراوە کە تازە هاتبێتە سەرتەخت و ژێردەستەکانی خۆی لە چەک ڕووت کردبێتەوە بەپێچەوانەوە، ئەوانە هەروا بینراون کە هەرکامێکیان بێ چەک بووبێ، چەکی داوەتە دەستی، بۆ ئەمەی بۆی ببنە سەرباز لە کاتی تەنگانەدا جا لەبەرئەمەی چەک پێدان، بەهەموو کەسێکی نەتەوەکە، لە توانای هیچ شازادەیەکدا نییە، تۆ دەتوانیت بەهەندێکیان چەک بدەیت، لەگەڵ ئەوانی تریشدا هەڵ بکەیت، بێ ئەمەی لە کەس بترسیت کە شتێکت لێ بکەن چونکە ئەم جوێ کردنەوەیە لە کەینە و بەینەی چەک

دابەش کردندا دەبێتە هۆی ئەوەی هەر کەسێ چەکی لێ وەرگرتوویت ببێتە دڵسۆزت.

هەر کەسێکیش چەکی بەرنەکەوتووە، بیانوویەکت بۆ دەدۆزێتەوە، لەوەیش تێبگات کە ئەوانەی چەکیان دراوەتێ، لەو کەسانەن کە توانای جەنگیان هەیە لەبەر ئەوە باری ئەوانە گرانتر و سامناکترە لەباری خۆی... بەڵام کە تۆ نەتەوەکەت هەموو بێ چەک کرد، لەڕاستیدا ڕیسوای دەکەیت، نا دڵنیای خۆیشت بەرامبەری ئاشکرا دەکەیت ئەوەیش وا لێک دەدرێتەوە کە یان دەترسیت، یاخود پشتیان پێ نابەستیت بەم ڕەنگە دڵی نەتەوەکەی خۆت پڕدەکەیت لە پشم و قین، لە دوژمنایەتی بەرامبەر خۆت ئەوساکە ناچاردەبیت پەنابەریتە بەر سەربازانی بەکرێ گیراو، کە لە مەوپێش ئەنجام خراپی ئەوەیشمان تێ گەیاندیت کەواتە باش نییە شازادە نەتەوەکەی خۆی بێ چەک بکات مەگەر ژێر دەستەکەی، دانیشتوانی ناوچەیەکی تازە بن، کە تازە خاکەکەیان خستبێتە سەر خاکە کۆنەکەی خۆی... دەسەڵات پەیداکردنیش بەسەر نەتەوەدا، لە ڕێگای جوێ کردنەوە و ناکۆکی خستنە ناویانەوە بەکەڵکترە لەوەی کە بەهۆی دروست کردنی کەڵات و دیوارە وە بکرێ هەرچەندە من ئەوە بەزرنگکارییەکی باش دانانێم چونکە هەر شارێک بەربەرەکانێ و ناکۆکی کەوتە ناوە وە، تێک دەچێ بەرامبەر هیچ دوژمنێکیش خۆی ناگرێ، دەشکێ!.

گەلێک شازادەی وایش هەن، بەتایبەتی ئەوانەی تازە چوونەتە سەرتەخت کە دڵسۆزی و چاکەیان لەوانە دیوە، کە لەسەرەتای فەرمانداریییاندا لێیان دوو دڵ بوون، بەجۆرێکی وایش کە لەهی ئەو کەسانە زۆرتربووە کە لە سەرەتای فەرمانداریییاندا پشتیان پێ بەستوون منیش لێرەدا هەر ئەوەندە ماوەم هەیە کە بڵێم، ئەوانەی بەرامبەر بەفەرمانڕەواییە تازەکە، ئیتر هەر کەسێکی تر دەمێنێتەوە، بەئاسانی دەکرێن بەدۆست و ئاشنا، ئەگەر لەوانەبن کە بۆ پاراستنی جێگای خۆیان بگەڕێن ئەوانەیش کە کار گەیشتە ئەوە، ناچار دەبن، بەدڵسۆزییەکەوە کاری شازادە ڕاپەڕێنن بەهەموو کۆڵی دڵیشیانەوە تێ دەکۆشن کارێکی وا بکەن، کە شازادە هەرچی لەدڵدا هەبوو بەرامبەریان، لێ پاک ببێتەوە... جا لەبەر ئەوە ئەوانە زۆرتر بەکەڵکی شازادە دێن لەوانەی کە لە جێگاکانی خۆیان دڵنیابوون هیچیان لێ نایەت هەرچەندە خۆیان بەدۆستی شازادە دەزانن، بەڵام بەرەبەرە خۆیانی لێدەکێشنەوە و، دەست دەدەنە کەم تەرخەمی و، بەتەنگ کەڵک و چاکەی ئەویشەوە نایەن!.

ماوەتەوە سەر کەینە و بەینەی کەڵاتەکان و دیوارەکان ئەو شازادەیەی لە نەتەوەکەی خۆی زۆرتر بترسێ تا لە بێگانە، دەتوانێ کەڵات دروست بکات بۆ خۆی... بەڵام ئەو



شازادەیەی لە بێگانەکان زۆرتر بترسێ تا لە نەتەوەکەی خۆی، هیچ پێویستیەکی بەکەڵات دروست کردن نییە، چاکترین کەڵاتیش ئەو کەڵاتەیە کە لە ناو دڵی نەتەوەدا دروست بکرێ، لە خۆشەویستییەکەی نەتەوەیش دروست بکرێ چونکە هیچ کەڵات و دیوارێک لەدەست کارەساتی ڕۆژگار ڕزگارت ناکات، ئەگەر نەتەوەکەت خۆشی نەوێیت.

## ڕاستی لە کاتی دۆستایەتی و دوژمنایەتیدا

هیچ شتێک لەوە زۆرتر پایەی شازادە بڵند ناکاتەوە، کە پرۆژەی گەورەگەورە و بەکەڵک بۆ نەتەوە بهێنێتەکایەوە، کە کارگوزاری و ئازایەتی خۆی پیشان بدات نزیکترین وێنەیش بۆ ئەوەی (فەردیناند)، خونکاری (ئاراگون)، خونکاری «ئیسپانیا»یە، کە لە گرێی دووەمی سەدەی شانزەهەمدا دەژیا چونکە ئەو بەشاهێکی تازە دادەنرێ چونکە ئەو خۆی خۆی بڵند کردەوە لە کزییەوە بازدیدا و چووە ناو ناوبانگ و گەورەییەوە، تاوای لێ هات، بووە یەکەم خونکار لەناو هەموو فەرمانڕەواییە گاورەکاندا.

لە سەرەتای فەرمانداریییەکەیدا دەستی کرد بەهەڵمەت بردن بۆ سەر (گارنادە).

ئەم پرۆژەیە بووە ناووکی فەرمانڕەواییەکەی چونکە بەهۆی ئەوە وە سەردارەکانی (کاستیل)ی خستە پەژارە وە، لە هیچ بیریان نەدەکردەوە لە شەڕ نەبێ!. بەهۆی ئەوە وە لەپەند و پەراوێزیان، لە تەڵەکەبازییان خۆی ڕزگار کرد بێ ئەمەی ئەوانە بەخۆیان بزانن، بەسایەی ئەوانەوە ناوبانگ و دەسەڵاتیشی دەست کەوت توانی بەهۆی پارەکانی کلێساوە لەشکر پێکەوە بنێ.

بەهۆی ئەو جەنگە دوور و درێژانەیشەوە کە دەیکرد، هێزەکانی جەنگی خۆی دامەزرێنێ بۆ ئەمەی پرۆژەی لەوانە گەورەتر بهێنێتەکایەوە، ئایینی کرد بەپەردەیەک و، نیازەکانی خۆی لەو دیوبەوە شاردە وە هوروژمی بردەسەر ژوورووی ئەفریکا، هەڵمەتی دایە ئیتالیا، پەلاماری فەرەنسەیشیدا جا بەهۆی ئەم پرۆژە گەورە گەورانەوە کە پەیتا پەیتا دەیهێنانەکایەوە، ماوەی نەدەدا بەژێردەستەکانی خۆی کەپشوویەک بدەن و بیرێکی لێ بکەنەوە، هەموو دەم دەیخستنە دامان و سەرسوڕمانەوە هەر بەلێ وردبوونەوە لە فرمانە گەورەکانی خۆی خەریکی دەکردن، ماوەی نەدەدان بەرەنگاری بکەن!.

هەروەها شازادە بەوە پایەی بڵند دەبێتەوە لەپێش چاو نەتەوەکەیدا، کە لە دۆستایەتی و دوژمنایەتیدا وەک یەک ڕاستگۆ و سەر ڕاست بێ ئەم جۆرە زرنگکارییە، هەموو دەمێک لە زرنگکاری «بێلایەنی» بەکەڵکترە.

ئەگەر دوو فەرمانڕەوای دراوسێ چوون بەگژیەکدا، هەروەها چاکترە کە بەئاشکرا پەیوەندی خۆت بەرامبەر هەردووکیان پیشان بدەیت و، بشچیتەشەڕەوە.

چونکە ئەگەر نەچوویتە شەڕە وە، زۆری پێ ناچێ هەر فەرمانڕەواییەکیان لە شەڕەکەدا سەرکەوت، پەلاماری تۆ دەدات و، وەک نێچیر ڕاوی تۆ دەکات ئیتر ئەوساکە فەرمانڕەواییە ژێرکەوتووەکەیش لێت دەکەوێتە گلەیی و بۆڵەبۆڵ کردن!. ئەوەیش لەبەر ئەوەیە کە فەرمانڕەواییە سەرکەوتووەکە لا لەوە ناکاتەوە کە لە کاتی تەنگانەدا نەگەیشتووە بەفریایدا هەروەها فەرمانڕەواییە ژێرکەوتووەکەیش خۆی لەو فەرماندارە ناگەیێنێ کە لە کاتی تەنگانەکەیدا لەسەری نەکردۆتەوە بەجۆرێکی تێکڕای «بێ لایەنی» هەر لەو خونکارانە دەوەشێتەوە کە ترسنۆکن و پشت بەخۆیان نابەستن، واتا ئەوانەی دوودڵن مەبەسیشیان لەو لایەن نەگرتنەیان ئەوەیە کە خۆیان لەو تەنگوچەڵەمانە بپارێزن کەچی زۆری پێ ناچێ خۆیان لەناو دەبەن پێویستە لێرەدا ئەوەیش پیشان بدەین کە نابێ شازادە سوێند خواری لەگەڵ ئەو شاهەدا بکات کە لە خۆی بەهێزترە، هەر بۆ ئەمەی زیان بەکەسێکی تر بگەیێنێ ئەگەر پێویستییەکی زۆر گرنگی بەوکارە بوو، ئەوە جیایە.

چونکە ئەگەر لە شەڕەکەدا سەرکەوت، تۆیش لەژێر چنگیدا دەمێنیتەوە بەڵام ئەگەر هەر چارەت نەبوو ئەوە بکەیت، لەبەر ئەو هۆیانەی لەسەرەوە ناومان هێنان، باری خۆت دیاردی بکە.

هەروەها پێویستە لەسەر شازادە، کە بۆ ئەوانەی بلیمەت و هەڵکەوتوون، خۆشەویستی خۆی پیشان بدات ئەوانەی خاوەن دەسەڵات و کارگوزاریشن بیانخاتە سەروو ئەوانەی ترەوە کەوا نین ئەوانەی لە هونەرەکانیشدا وەستایی دەنوێنن بەخشندەییان لەگەڵدا بکات هەروەها ژێر دەستەکانی خۆشی تیژ بکاتە سەر سەرکەوتن و هونەرمەندی نواندن لە فرمانەکانیاندا، چ لە کۆڕی بازرگانیدا بێ، چ لە کۆڕی پیشەسازیدا، تا وازنەهێنن لەگەشەکردن بەژیان و گوزەرانی خۆیان، لە ترسی ئەوەی سامانەکانیان لێ داگیر بکرێ، یان لە ژێر باری باجەکاندا بخرێنە ناڵە ناڵەوە هەروەها پێویستە شازادە، لە کەشەکانی ساڵدا، نەتەوە بەجەژنان و ئاهەنگانەوە خەریک بکات بێجگە لەوە ئاگاداریش بێ لەوەی کە هەموو شارێک چەند چین و چەند تیرەی تێدایە تا ناو بەناو تێکەڵییان لەگەڵدا بکات و، هەندێک لە گیان سووکی و کردەوە بڵندی خۆیشیان پیشان بدات بەڵام دەبێ وریای خۆی بێ هەموو دەم گەورەیی و بەرزی و پیرۆزی جێگاو پایەکەی خۆی بپارێزێ.



## بام شازادە خۆی بپارێزێ لە دوو ڕووەکان

هەڵبژاردنی کاربەدەستان و یارمەتی دەرانیش بۆ شازادە شتێکی ئاسان نییە.

چونکە پیاوەکانی شازادە، نیشانەی ژیری و تێگەیشتووی ئەون ئەگەر ئەوانە بەکار و کارگوزار و دڵسۆزبن ئەوە وا پیشان دەدات کە خونکار ژیریشە و تێگەیشتوویشە ڕێگایەکیش هەیە بۆ ئەوەی شازادە کاربەدەستی چاک بدۆزێتەوە بۆ خۆی.

ئەو ڕێگایە هەرگیز بەهەڵەیدا نابات ئەگەر سەرنجت دا کاربەدەستەکەت بیر لە خۆی زۆرتر دەکاتەوە لە تۆ، لە هەموو کارێکدا هەر بەکەڵک و چاکەی خۆی دەگەڕێ، ئەوە بزانە کە ئەو پیاوە کاربەدەستێکی چاکی لێ دەرناچێ و، بەکاری تۆیش نایەت، هەرگیز نابێ پشتی پێ ببەستیت!. لەسەرێکی تریشەوە، پێویستە شازادە بیر لە کاربەدەستەکەی خۆی بکاتەوە، پیاوەتی لەگەڵ بکات، دەوڵەمەندی بکات، پایەی بڵند بکاتەوە و ڕێزیشی لێ بگرێ کاری گەورە گەورەیشی پێ بسپێرێ.

ئەمەیش بۆ ئەوەی کە بەدڵسۆزی لەگەڵیدا بمێنێتەوە!.

بابەتێکی گرنگیش هەیە کە زۆرجار شازادەکان هەڵەی تێدادەکەن ئەوەیش بابەتی دوو ڕووە، مێچکە مێچکە کەرەکانە، کە هەموو دەم لە کۆڕی شازادەکاندا دەبینرێن.

بۆ ئەمەی پیاو بەو مێچکە مێچکەکردنانە چەواشە نەبێ، هیچ شتێک لەوە چاکتر نییە، کە هاودەم و هاوکارەکانی خۆی لەوە دڵنیا بکات کە ئەگەر ڕاستی پێ بڵێن لێیان توورە نابێ...

ئەوەندەیش هەیە، ئەگەر ماوەی کەسێک بدەیت قسەی ڕاست لەبەردەمتدا بکات، زۆری پێ ناچێ، لە بەرچاویان دەکەویت و، ڕێزیشت لێ ناگرن!. لەبەر ئەوە شازادەی تێگەیشتوو ڕێگایەکی مام ناوەندی دەگرێ بۆ ڕاوێژکردن، پیاوانی تێگەیشتوو هەڵدەبژێرێ تەنیا ڕێیش بەوانە دەدات کە هەرشتێکی لێ پرسین ڕاستی پێ دەڵێن بەڵام ئەگەر لێی نەپرسین، لە خۆیانەوە هیچ نەڵێن...

پێویستیشە لەوانە بەولاوە، گوێ لە کەسی تر نەگرێ پاش ئەوە، بام لەوشتە باش بکۆڵێتەوە، ئنجا بڕیارێکی خۆی لەسەر بدات بەڵام ئەگەر بڕیاریدا پێویستە بڕیارەکەی خۆی بباتە سەر، لێی پاشگەز نەبێتەوە!. بەم ڕەنگە، ئێمە وای بەباش دەزانین، کە شازادە هیچ بڕیارێک نەدات، تا ڕاوێژ بەپیاوی تێگەیشتوو دەکات بەڵام کاتێک ئەوە بکات کە خۆی ئارەزووی ئەوە بکات نەک کاتێ کە کەسانی تر ئارەزووی ئەوە بکەن تەنانەت

پێویستە ڕێ بەکەسیش نەدات ئامۆژگاری بکات، تا خۆی ئەو ئامۆژگارییەی لێ نەخواستبێت... ئەگەر پرسێکی کرد، بام بەمەندی وزرنگی و گەورەییەوە بیکات ئەگەر گوێیشی گرت لەو ڕاستییانەی پرسی بۆ کردوون، بام بەشێنەیی و لەسەرخۆ وە گوێ بگرێ.

ئەگەر بێت و شازادە ژیرانە و تێگەیشتووانە نەجولێتەوە، زۆری پێ ناچێ ڕاوێژ بەخشەکانی واز لەو دەهێنن و، خوو دەدەنە کەڵک و چاکە بۆ خۆیان دواجار ناتوانێ ڕەوشتیان پێ ڕاست بکاتەوە، یاخود لە پەند و پەراوێزیان تێبگات!.

منیش وەنەبێ لەوە ئاگادار نەبم کە زۆر کەسی وا هەن بڕوایان وایە کە کارەساتی جیهانی لەدەست خودا و چارەنووسدایە کە لە توانای مرۆڤیشدانیە، هەرچەند تێ گەیشتوویی خۆیان بخەنەکار، ئەو کارەساتانە بگۆڕن کەواتە بەخۆڕایی خۆیان بەوە وە ماندوو دەکەن من خۆیشم بەلامەوە وایە کە لە ڕاستیدا چارەنووس دەسەڵاتی هەیە بەسەر نیوەی کردەوە و کارەکانماندا بەڵام دەسەڵاتی بەخۆیشمان داوە کە بەسەر نیوەکەی تری ئەو کاروبارانەماندا زاڵ ببین... چارەنووس هەر لە ڕووبارێک دەکات ئەگەر ئاوەکەی هەڵسا، دەشتودەر بەجارێک نوقمی ئاو دەکات دارودرەخت هەڵدەکەنێ لە بن خانووبەرەیش تێک و مەکان دەدات.

هەموو شتێک خۆی دەدات بەدەست شۆڕشەکەیەوە، چی لێ دەکات، دەیکات.

ناتوانێ بەرەنگاری بکات... کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا، خودا ئەوەندە شیرین کردارە کە ڕقەکەی دەنیشێتەوە و، دادەمرکێتەوە و، بێ دەنگ دەبێتەوە، مرۆڤ دەتوانن بۆ پاراستنی خۆیان، هەمووکاروبارێک هەڵبسووڕێنن: پرد دروست بکەن و، بەند هەڵببەستن... هەروەها چارەنووسیش تەووژم و گوڕی خۆی دەنوێنێ، ئەگەر مرۆڤ خۆیان ئامادە نەکەن بۆ خۆپاراستن لەو هێز و تەووژمەی، یاخود بۆ بەرگەگرتنی ئەو هێز و تەووژمەی، ئەویش دەست لەو لایە دەوەشێنێ کە بەندی بۆ دروست ناکات لەجێی خۆی ڕای بگرێ!...

بڕوایشم وایە کە شازادەی کامەران ئەو کەسەیە کە بەپێی پێویستی ڕۆژ و، ڕووداوی ژیان بەڕێوەبچێ جا ئەگەر ڕۆژ و ڕووداوی ژیان بەباشی هاتنە پێشەوە بۆ ئەو شازادەیەی لە هەموو کردەوەکانی خۆیدا دووربینی و تێگەیشتوویی دەخاتەکار، بێگومان لە فەرمانداررییەکەی خۆی دا سەردەکەوێ!...

پەرچەڤی ئەم نووسراوە
لە ١٦/١/١٩٦٦دا تەواوبوو.

# هەر یەک جیهانە

نووسەری: وەندەل ویلکی

## پێشەکی

بەهۆی دەس بەسەراگرتنی سەربازەکانەوە و هەندێ هۆی تر ئەمریکا، ئیمڕۆ وای لێ هاتووە، وەک شارێکی چوارلا گیراو وایە، کە لەناو چوار دیواری بەرزدا بژی، کەس ناتوانێ لێیانەوە تێبپەڕێ ڕاسپاردەیەکی کوتوپڕی نەبێ، کە دەنگوباسی دەرەوەی بۆ هانیبێتە ناوەوە منیش لەم دیوارانەوە دەرباز بووم، لە دەرەوە هەرچییەکم دیی، وا دەرنەچوو، وەک ئەوانەی لەناو دیوارەکاندا دەژین دێتە بەرچاویان.

وام بۆ ڕێ کەوت، لەکاتی ئەم جەنگی جیهانییەدا، فرێمە دەرەوە بەفرۆکە بەسەدان کەسانی وام چاوپێکەوت کە سەر بەدەیان گەلانن گفتوگۆم لەگەڵ کردن، لە شێوەیەکی خۆشەویستانەیشدا، بیروباوەڕم لەگەڵ زۆربەی سەرکردەکانی جیهاندا گۆڕییەوە.

ئەمەیش تاقی کردنەوەیەکی وابوو، کە چەند کەسێک نەبێ لە هاونیشتمانییەکان، پێی شادنەبوون، بەڵام کەسێک لەو سەرکردانە پێی شاد نەبوو ئەمە بوو بەهۆی ئەوەی کە بیروباوەڕەکانی پێشووم جێگیرتربن لە دڵ و مێشکما، بەهێزتربن لەبەرچاومدا ئەم بیروباوەڕانەیش، وەنەبێ هەر بریتی بن لە هیوا و ئاواتی وا کە بنوسێن بەچاکەی مرۆڤایەتییەوە وەنەبێ لەو بابەتانەیش بن، کە کرابن بەنموونەی نیوە شارراوە لە ڕاستیدا لەسەر بنچینەیەکی وا دامەزراون کە بەچاوی خۆم ئەو شتانەم دیوە و، لە سەرچاوەیەکی باوەڕ پێ کراوەوە تێیان گەیشتووم، هەروەها لەسەر بنچینەی بیروباوەڕی گەلێک پیاوان و ژنانی ناسراو و نەناسراوی وا دامەزراندون، کە مەردایەتی و خۆبەخت کردنەکانیان ڕەنگ و بۆ و واتایەک دەبەخشن بەژیان و باوەڕەکانیان ئەوەندەی پێم کرا تێکۆشام، بەبێ لایەنگیری، هەندێ لەسەرنجەکانم لەم نووسراوەدا دەربخەم، هەروەها بەلایەن نەگیرییەکی کەمتریشەوە، هەندێ ئەنجامی بەراوردکردنم لەو سەرنجانە بخەمە پێش چاو.

لە گەشتەکەما [گاردنەر (مایک) کاولیس]ی کوڕم لەگەڵدا بوو، کە ئەویش نووسراو فرۆشێکی بەناوبانگە هەروەها [جوزیف بارینس]یشم لەگەڵ دابوو کە نوسیار و پەیامنێرێکی ڕۆژنامەی شارەزایە ئەم دوانە هەردووکیان دۆستم بوون، هاودەمێکی زۆر باشیش بوون بۆ گەشت لە ڕووی سپیاوەتی خۆیانەوە یارمەتییان دام لە ئامادەکردنی



بابەتەکانی ئەم نووسراوەدا هەرچەندە لەو بڕوایە دام کە هاوبیر و باوەڕمن لە زۆربەی ئەو ئەنجامانەدا کە دەرم خستوون، بەڵام ئۆباڵی ئەو ئەنجامانە تەنیا بەئەستۆی خۆمە.

سەردار (بول پیل)یش کە لە سەربازانی زرێوانیی ئەمریکایی لەگەڵ [ماجۆر گرانت ماسۆن]دا کە لە لەشکری ئەمریکای یەکگرتووە، هاوڕێی گەشتەکەم بوون ئەم دوو کەسە کە نوێنەری لەشکرەکانی خۆیان بوون، ئامۆژگارییەکی شارەزایانەی باشیان کردم لە بابەت گەشتەکەمەوە.

هەموو ئەو کەسانەیش کە لە گەشتەکەدا لەگەڵمابوون لەگەڵ فڕۆکەوانەکاندا، خۆش ڕوو و بەکەڵک بوون بۆم بەڵام لام وایە، کە بەجۆرێکی تایبەتی سوپاسی (ماجور ڕیچارد (دیک) کابیت]، فڕۆکەوانی فڕۆکەکەمان دەکەم، لەبەر ڕەوشت و کردەوە جوانەکانی و شارەزاییی لە سەرکردایەتیی ئەو فڕۆکە بۆمبا هاوێژەدا کە بردینی بەئاسماندا، لە ڕاستیدا ئارەزووی هەمووان دەردەبڕم.

و. ل. و

نیویۆرک: ١٩٤٣/٣/٢

## عەلەمەین

لە فڕۆکەیەکی بۆمبا هاوێژی (کۆنسۆلیدیند)دا کە چوار بزوێنەری تیابوو و(١) دانرابوو بۆ کاروباری گواستنەوە، کە فرمانبەرەکانی لە لەشکری ئەمریکای یەکگرتوو بوون، (میچیل فیلد)م بەجێ هێشت لە شاری (نیویورک)دا ئەو ڕۆژە بەر ١٩٤٣/٨/٢٦ دەکەوت دەمویست ئەوەندەی لە توانامدایە لە جیهان و لە جەنگ ببینم کۆڕی شەڕوشۆڕ، سەرکردەکانی لەشکرەکان، نەتەوەکانم چاو پێ بکەوێ لەپاش چل و نۆ ڕۆژی تەواو، لە ڕۆژی ١٤/ ١٩٤٣/١٠دا، لە [مەنیا پۆلیس]، کە لە ناو خاکی [مینیزوتا] دایە نیشتمەوە بەهەموو لایەکی جیهاندا سووڕابوومەوە بەڵام لەو ڕێگا بچکۆلەیەوە نا کە لە بەشی ژوورووی کڵاوەی زەوی دایە، بەڵکو لەو ڕێگا درێژەوە کە دووجار کەمەری کڵاوەی زەویی بڕیی.

ڕێگایەکی (...ر٣١) ملیم بڕیی هەر چەند درێژیی ئەم ڕێگایەم بیر دەکەوێتەوە، دەروونم دەبزوێ، ئەوەندەیشی نامێنێ کە سەرم لێ تێک بدات چونکە ئەو کارە پاک و

(١) بزوێنەر: پەروانە (محرک). هەرچەندە پەروانە بە (مروحە) کە دەوترێ.

پوختەیەی گەشتەکەم کردی لە دڵ و دەروونم هەست کردن بەدووریی نەبوو لە نەتەوەکانی تر، بەڵکو هەست کردن بەنزیکی بوو جا ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان گومانێک بکەوێتە دڵمەوە کە جیهان بچووک بۆتەوە و، هەموو پارچەیەکی جیهانیش بەتەواوەتی بەندە بە پارچەکانی تریەوە ئەم گەشتەم ئەو گومانەم بەتەواوەتی لە دڵ دەر دەکات.

سەیر ئەوەتا، ئێمە کە ئەم هەموو ڕێگا درێژەمان بڕیوە، تەنیا (١٦٠) کات[1] بەناوئاسماندا ڕۆیشتوین هەر ڕۆژە هەشت تا دە کاتمان بەفڕۆکە دەبڕیی ئەمە کاتێ کە بزووتنەوە و گوێزانەوەمان بوایە واتا لەو (٤٩) ڕۆژەی کە بۆ ئەم گەشتەم دانابوو، نزیکەی (٣٠) ڕۆژم لەسەر زەوی ڕابوارد، بۆ ئەمەی فرمانەکانی خۆم بەجێ بهێنم.

کەینەوبەینەی گواستنەوەی لەشیش لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر، یان لە کۆمەڵە خاکێکەوە بۆ کۆمەڵە خاکێکی تر، وەنەبێ گرانتر بووبێ لەو گەشتانەی کە پیاوێکی خاوەن کاری ئەمریکایی دەیکات لە ڕۆژانی ژیانی خۆیدا، بۆ پەیداکردنی موچەی خۆی. لە ڕاستیدا گواستنەوەی ناو سەر زەوی ئەوەندە ئاسان دەردەکەوێ، تەنانەت جارێکیان بەڵێنمدا بە سەرەک کۆمارێکی گەورەی ناوەڕاستی خاکی [سیبەریا] کە لە دواڕۆژی هەفتەیەکی ساڵی ١٩٤٥دا بەفڕۆکە دێمەوە لای بۆ ئەمەی پێکەوە ڕۆژێک بەڕاووشکارەوە بەسەر ببەین پڕ بەدڵ ئەمەوێ ئەو بەڵێنەم بەجێ بهێنم.

ئیتر لە جیهاندا شوێنی دوور نەماوە ئەم گەشتەم فێری کردم کە بەدەیان ملیۆن لە مرۆڤانی ڕۆژهەڵاتی دوور لە ئێمەوە نزیکن، وەک نزیکی شاری [لوس ئەنجیلس] لە شاری [نیویۆرک]ەوە کە بەشەمەندەفەری هەرە نزیک کۆچی بۆ بکەین دەبێ باوەڕ بەوەیش بهێنین کە ئەوەی لەدوا ڕۆژدا بۆ ئەو گرنگە، ئێمەیش بەگرنگی بزانین، هەروەک گیروگرفتی دانیشوانی (کالیفۆرنیا)، کە بەلای دانیشتوانی (نیویۆرک)ەوە گرنگە.

پێویستە بیرکردنەوی دواڕۆژمان جیهانی بێ.

لەو کاتەدا کە بەرەو شاری (قاهیرە) دەچووین، دەنگی ناخۆشمان هاتە بەرگوێ ئەوکاتە دوایی مانگی گەلاوێژ [آب]بوو. لە [کانو] و [نیجەریا]دا[2]، بەئاشکرا دواڕۆژیان

(١) کات: لێرەدا مەبەست (سەعات)ە.

(٢)کانو: شارێکە لە باکوری ئەیجیریا، دانیشتوانی ٦٠٠,٠٠٠ هەزار کەسێکە بازارێکی گەرمە بۆ (فستقی عەبید)، کەلاوە و پاشماوەی مزگەوتی کۆنی تێدایە.



دەخوێندەوە، کە پاش چەند ڕۆژێک سەر لەشکر (ڕۆمێل)[1] ئەو چەند میلە ڕێگایەی دیدەوانەکانی ئەو لە شاری [ئەسکەندەرییە] جوێ دەکاتەوە، دەیبڕێ.

کە گەیشتینە شاری (خەرتوم) ئەم دوا ڕۆژ خوێندنەوەیە، گۆڕراو بوو بەواتا واتای ناخۆش، کە لە (میسر)دا بەجۆرە ترس و لەرزێکی مام ناوەندیی دادەنرێ لە شاری (قاهیرە)دا هەندێ لە ئەوروپاییەکان ئۆتۆمۆبیلەکانی خۆیان داگرتبوو کە بەرەو خوار یاخود بەرەو ڕۆژهەڵات بۆی دەربچن.

لەوکاتەدا ئامۆژگارییەکەی سەرەک کۆماری ئەمریکام بیرکەوتەوە، کە لە پێش بەجێ هێشتنی (واشینگتۆن)دا چاوی ترساندم گوتی ڕەنگە تا تۆ دەگەیتە قاهیرە ئەڵمانەکان ئەو شارەیان داگیر کردبێ.

چەند وتو واتێکی وایشمان کەوتە بەر گوێ، کە گوایا چەتر بازەکانی نازییەکان لە دۆڵی (نیل)دا هاتوونەتە خوارەوە، بۆ ئەوەی ئاژاوە بنێنەوە لەناو ئەو لەشکرانەدا کە ئەو ناوچەیە دەپارێزێ. بەجۆرێکی تێکڕایی، بڕوای هەمووان وابوو کە لەشکری هەشتەمی بەریتانیا خۆی ئامادە کردووە خاکی (میسر) بەرەڵڵا بکات و خۆی بکشێنێتەوە بۆ (فەلەستین) و (سوودان) و (کینیا).

بێ گومان دەمویست ئەم دەنگوباسانە بگەیێنمە ئەنجامێک قاهیرە خۆیشی لە هەموو شوێنەکانی جیهان خراپتربوو بۆ ڕاستی دەرخستنی دەنگوباس. لەوێدا چەند پیاوێکی باش هەبوو (ئەلەکسەندەر کیرک)، کاربەدەستی خاکە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە (میسر)دا، باوەڕێکی کەمی مابوو بەدواڕۆژ لەگەڵ ئەمەشا، لە گفتوگۆ درێژەکانمەوە کە لەگەڵیان دەمکرد بۆم دەرکەوت کە ئەو بۆیەکا ئەو وشە بەدبینیانەی[2] بەکار دەهێنا کە پڕبوون لە توانج و پلار، بۆ ئەمەی پەردەیەک بدات بەسەر ئەو ڕاستییە فراوانانەدا کە لێی ئاشکرا بووبوون لە بابەت ئەو کەینەو بەینانەوە کە لەژێرەوە پێک دەهێنران لەگەڵ شارەزاییەکی بێ ئەندازەدا کە بەکار دەهێنرا لە دامەزراندنی بارێکی وردبینانەدا. لەوێدا چەند پیاوێکی تریش هەبوون.

ئاگایا لە کاروبار هەبوو کە لەو کەمتر نەبوون یەکێک لەوانە سەرەک کاربەدەستی میسر

(١) ئیرڤین ڕۆمێل: ١٨٩١– ١٩٤٤ مارشاڵێکی ئەڵمانی بوو، سەرکردەیی هێرشەکەی ئەفەریقای کرد و لە شەڕی (علمین)دا نوشوستی هێنا، هیتلەر کەوتە گومانەوە لێی، فەرمانی دایە کە خۆی بکوژێ.

(٢) بەدبینی: ڕەشبینی تشاؤم-.

بوو، (مصطفى نحاس) پاشا،[١] کە پیاوێکی قەڵەوی دەم بە پێکەنین بوو ئەم پیاوە خوێن گەرم و زرنگ بوو تەنانەت من پێم گوت: ئەگەر بهاتایە خاکی یەکگرتووی ئەمریکا و داوای پایەیەکی گەورەی بکردایە، بێ گومان پاڵێوراوێکی گەورە دەردەچوو.

لەگەڵ ئەمەشا شاری قاهیرە پڕبوو لە واتە واتەی ڕەنگاوڕەنگ و ترس و لەرز شەقامەکان پڕبوون لە ئەفسەر و سەربازان دەهاتن و دەچوون ئەو چاو تێ بڕینە بەهێزەیش کە لەوێدا هەبوو، وای لە ڕۆژنامەکارەکانی ئەمریکا کردبوو لە قاهیرەدا، کە دڵیان پڕبێ لە گومان لە هەموو دەنگوباسێکی بەریتانیاوە کە لە کۆڕی شەڕەوە دەگەیشتە ئەوێ لە نیوەکاتێکا کە لەناو میوانخانەی (شەپەرد)[٢] دا ڕاتبواردایە، دەتتوانی گەلێک وتوو وات ببەیت کە ژمارەیان لە دە چیرۆک تێ دەپەڕیی، هەموویشی لە بابەت ئەو شتانەوە بوو کە لەناو ئەو چۆڵی بیابانەدا ڕوویان دەدا کە سەد میل لە قاهیرەوە دوورنەبوو.

لەبەرئەوە پڕبەدڵ خواستەکەی سەرلەشکر (سێر بەرنارد. ل. مونتگومەری)م[٣] هێنایە جێ کە بچم بۆ عەلەمەین و بەچاوی خۆم کۆڕی جەنگەکە ببینم شاری قاهیرەم بەجێ هێشت و بەئۆتۆمۆبیل لە ڕێگای بیابانەکەوە چووم بۆ کۆڕی شەڕ (مایک کۆلیس) و (ماجور جەنەڕال رسل. ل. مەکسویل)یش کە سەرلەشکری هێزەکانی خاکەیەکگرتووەکانی میسر بوو لەو کاتەدا، لەگەڵمابوون لە کۆگایەکی بازرگانیی فەرەنسەیی، کە لە قاهیرەدا بوو کرا و پانتۆڵێکی خاکیم کڕیبوو لە لەشی خۆم زۆر بچووکتر دەرچوون، بەڵام لەوانە چاکتری نەبوو پێخەفێکی ساکاریشم خواست کە هەموو کەسێک لە جەنگی بیاباندا دەتوانێ لەگەڵ خۆیدا بیگوێزێتەوە (جەنەڕاڵ مونتگومەری) لە بنکەی سەرلەشکرییەکەی خۆیدا پێشوازیی کردم بنکەکەی لەناو کۆمەڵە کۆمەڵەی لمدا شارڕابووەوە لە ڕاستیدا لە کەنار زرێ وە یەجگار نزیک بوو تەنانەت بەیانیی ڕۆژی دوایی من و مونتگومەری و جەنەرال ئەلیکسەندەر لەناو ئەو ئاوە شین و سەوزە سەیر سەیرانەدا مەلەمان کرد.

(١) مستەفا نوحاس پاشا (١٨٧٦– ١٩٦٥): پارێزەر و سیاسەتمەدارێکی میسرییەو سەرۆکی حیزبی (وەفد) بووە لە دوای (سەعد زەغلول) لە ١٩٢٧دا، چەند جارێک سەرۆکایەتی وەزیرانی گرتۆتە دەست لە ١٩٢٨ بۆ ١٩٥٠، لەدوای شۆڕشی یۆلیۆی ١٩٥٢ بەیەگجاری وازی لە سیاسەت هێنا.

(٢) شبرد نەک (شەپەرد).

(٣) برنارد مونتگمری ١٨٨٧– ١٩٧٦: مارشاڵێکی ئینگلیزی بوو لە ١٩٤٢دا لە شەڕی (علمین) لەشکری ئەڵمانی بەسەرکردەیی ڕۆمێل، تێکشکاند، لە ١٩٤٤دا لەگەڵ هاوپەیمانیاندا بەشداری گرتنی کەنارە دەریاییەکانی (نۆرماندی) کرد.



هەوارگەی سەرلەشکریی لە چوار ئۆتۆمۆبیل ڕاپێچ کەری ئەمریکایی پێک هاتبوو، کە لە کۆمەڵە لمەکانەوە چەند گەزێک دووربوون و بەرامبەر یان دانرابوون بۆ ئەمەی نەبینرێن نەخشەکانی شەڕەکە و ڕێ و شوێنەکانی سەرلەشکریش لە یەکێک لەم ئۆتۆمۆبیل ڕاپێچکەرانەدا دانرابوون یەکێکی لەو نەخشانە دامێ بۆ ئەمەی کەڵکی لێ وەرگرم لە ڕاپێچکەرێکی تریشیاندا یارمەتی دەرەکەی سەرلەشکر دادەنیشت بەڵام لە چوارەم ئۆتۆمۆبیلی ڕاپێچ کەریاندا سەرلەشکر خۆی ڕای دەبوارد لەو کاتانەدا کە لەناو کۆڕی شەڕەکەدا نەبوایە، ئەم جۆرە ڕێکخستنەیش زۆر ڕوونادات.

چونکە کەسایەتی سەرلەشکر مونتگومەری کە بەهێزبوو وەک شاگردێکی زانست خۆی پێشان دەدا، ئەوەندە پڕ دەمار و بەهەرەت بوو، کارێکی گەورەی کردە سەر دەروونم بەڵام لە هەموو ڕەوشت و کردەوەکانی دەرکەوتووتر ئەوەبوو کە بەهەموو هێز و هەڕەتیەکیەوە خۆی هاویشتبووە ناو فرمانەوە دوورنییە کە هەرگیز لە شاری قاهیرەدا نەنیشتبێتەوە بەزۆریی لە کۆڕی شەڕدا دەبینرا لەگەڵ پیاوەکانی خۆی منیش یەجگار سەرم سوڕما لەوەی کە تەنانەت (سەرلەشکر مەکسوێل)ی نەناسیەوە، کە چەند هەفتەیەک بوو بووبوە سەرلەشکری هێزە ئەمریکاییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە ئوتومۆبیلەکەمان بردینیە هەوارگەی سەرلەشکرییەکەی ئەو، لەلاوە لێی پرسیم گوتی: (ئەو فەرمانبەرە کێیە لەگەڵتا هاتووە؟) منیش پێم گوت: (سەرلەشکر ماکسوێل)ە پاشان گوتی: (سەرلەشکر ماکسوێل کێیە؟) منیش هێشتا لە قسەکەم نەبووبوومەوە، کە سەرلەشکر ماکسوێل خۆی هاتە پێشەوە، ئیتر منیش هەردووکیانم بەیەکتر ناسی هێشتا لە ئوتۆمۆبیلەکانمان نەهاتبووینە دەرەوە، سەرلەشکر مونتگومەری دەستی کرد بەگێڕانەوەی جەنگێک کە لە بڕانەوەدا بوو شەڕێکی وایش بوو کە (ڕۆمێل)ی بەتەواوەتی وەستاندبوو، کە لە چەند مانگێک لەوە پێشەوە تا ئەو دەمە نەتوانرابوو بوەستێنرێ دەنگی ڕاستیی ئەم جەنگە هێشتا نەگەیشتبووە قاهیرە ڕۆژنامەکانیش هێشتا هیچیان لێ بڵاونەکردبووەوە جارێکی تریش سەرلەشکر هەنگاو بەهەنگاو ئەم کەینەوبەینەیەی دایەوە بەگوێماندا ئەوی ڕووی دابوو، بەتەواوەتی تێی گەیاندین هەروەها ئەوەیشی بۆ ڕوونکردینەوە کە جەنگەکە بۆچ بەسەرکەوتنێکی گەورە دادەنێ لەگەڵ ئەوەیشا کە هێزەکانی زۆر پێش نەکەوتوون.

جەنگەکە تاقیکردنەوەیەکی هێزەکان بوو، بەئەندازەیەکی گەورەدا ئەگەر بەریتانیا ئەم شەڕەی بدۆڕاندایە، ڕۆمێل لە چەند ڕۆژیکا دەگەیشتە ناو قاهیرە.

ئەمە تێگەیشتنێکی سەرەتایی بوو بۆ من لە کەینەوبەینەی چۆڵ و بیابان و هونەری

جەنگی ناو بیابانـدا، کە دوور و درێژییەکەی بەهیچ دانانرێ، کەچی بزووتنەوە و هێزی ئاگرەکان بەهەمووشتێک دادەنرێن.

لە پێشدا هەرچەندم دەکرد لە قسەکەی سەرلەشکر تێ نەدەگەیشتم کە سەبارەت بەچی بوو هەر ئەم وشانە دووبارە دەکردەوە و بەدەنگێکی نزمەوە دەیگوت: (میسرم ڕزگار کرد) دوژمن لەناوجەرگی میسردا بوو، هێشتا نەکشابووەوە ئەو گومانەم بیرکەوتەوە کە لە قاهیرەدا هات بەدڵما بەهۆی ئەو خۆهەڵکێشانانەوە کە لەوەپێش بەریتانیا بڵاوی دەکردەوە بەڵام لە ڕاستیا پێش ئەمەی ئوتومۆبیل ڕاپێچکەرەکە بەجێ بهێڵم کە بەنەخشەکانی خۆی هەموو دیوارەکانی ناوەوەی داپۆشیبوو، لە بابەت جەنگی ناو بیابانەوە زانیاریم گەشەی کرد هەروەها سەرلەشکر ئەوەیشی خستە دڵمەوە، کە شتێک هەیە لەپشت قسەکانیەوە، لە بابەت ڕزگاربوونی میسرەوە لەو هێزەی کە هەڕەشەی لێ دەکرد، کە زۆرترە لەو باوەڕ بەخۆکردنەی کە فەرمانبەر و جوامێرەکانی بەریتانیا هەیانە بەخۆیان، بەڵێ ئەو باوەڕ بەخۆکردنەی کە لە هەموو شوێنێکی بەریتانیادا ئەبینرێ.

سەرلەشکر مونتگومەری بەکوڵی دڵەوە لە تانکەکانی (جەنەڕال شیرمان) دەدوا، کە لە ئەمریکا دروست دەکران و ژمارەیەکی زۆریان لەوکاتەدا دەگەیشتە بەندەر (ئەسکەلە)ی (ئەسکندەریە) و (پورسعید). هەروەها لە چاکیی ئەو تۆپانە دەدوا کە ئەندازەیان (١٠٥) میللمەترەیە و تانکیان پێ دەشکێنرێ و لە خۆیانەوە دەبزوونەوە دەیگوت ئەو تۆپانە لە ئەمریکا دروست دەکرێن، بۆیشمان دەردەکەوێ کە بەهۆی ئەوانەوە دەتوانرێ تانکەکان بوەستێنرێن.

کورتەی بیروباوەڕەکەی ئەو، ئەوەبوو کە کشانە دواوەکانی سەرەتایی ئینگلیزەکان لە کۆڕی جەنگی بیابانـدا، لەوەوە پەیدابوون کە هێزەکانی تانکەکان و تۆپەکان و چەکی فڕۆکەییەکان لەگەڵ یەکدا بەتەواوەتی ساز نەبوون و ڕێک نەکەوتوون سەرلەشکر مونتگومەری تێی گەیاندم کە سەرکردەی فڕۆکەوانییەکەی خۆی خستۆتە سەر ئەوەی کە لە هەوارگەی سەرکردەیی لەشکرەکەیدا لەگەڵیا بژی کە سازبوونی تەواویش لە ناوەند فڕۆکەکان و تانکەکان و تۆپەکاندا، بونەتە هۆی ڕاوەستاندنی (ڕۆمێل) بەتەواوی، لەم چەند ڕۆژانەی دواییەدا بەپێی هەڵسـاندنێکی تایبەتی[1] خۆی ئەڵمانەکان (١٤٠) تانکیان زیان لێ کەوتووە، کە نزیکەی نیوەی ئەو ژمارەیە لە تانکە ناوازەکانن هەر لەو شەڕەدا بەریتانیا (٣٧) تانکی لە دەست چووە.

(١) وەیان: هەڵسەنگاندنێکی...



هەر لەو ساکەیشەوە دوارۆژی دەخوێندەوە دەیگوت هەر وەک لەسەر زەویدا دەبێتە خاوەن دەسەڵات و گەورەیی، لە ئاسمانیشدا دەبێتە خاوەن دەسەڵات و گەورەیی.

ئەو شەوە لەژێر خێوەتەکەی سەرلەشکر مۆنتگومەریدا شێوم کرد لەگەڵ سەرۆکەکەیدا کە ناوی سەرلەشکر (سێر هارۆلد. ر. ل. ج ئەلێکسەندەر)بوو، سەرکردەی هەموو هێزەکانی بەریتانیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

(جەنەڕاڵ) ماکسوێل) و، (ماجۆر جەنەڕاڵ لویس هس. بریرتۆن). سەرکردەی هێزە ئاسمانییەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هاوڕێ بەریتانیاییەکەیشی مارشاڵی ئاسمانی (سێر ئار ثورتدر)مان لەگەڵدابوون. مارشاڵ (تدر) کە لەوەپێش لە قاهیرە دیبووم و گفتوگۆم لەگەڵ کردبوو، سەربازێکی یەجگار دڵکێش کەر و پەسند بوو. دەموچاو و دەنگێکی ناسک و نەرمونیانی هەبوو وێنەکێشیش بوو هەرچەند بۆ بیابان دادەنرا ئاوی ڕەنگی[1] لەگەڵ خۆی دەبرد بۆ وێنەکێشان یەکێکیش بوو لە پاڵەوانانی فڕۆکەوانی، پیاوێکی خاوەن بیربوو.

(بریرتۆن) و (تدر)، ئەوشەوە لە پاشەڕۆژی هەڵمەتەکە دەدوان ئیتر لەوساوە هەر شتێک ڕووی بدایە هەردووکیانی وا لێ دەکرد کە ئازا یاخود خۆ پەسند بنوێنن.

هەردووکیان لەو باوەڕەدابوون کە لە تواناداهەیە دووبارە زرێی سپیی ناوەڕاست بۆ کەشتییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بکرێتەوە هەردووکیان لەسەر ئەوە ڕێک کەوتن کە ئەوە کاتێک دێتە دیی، کە (ڕۆمێل) دەرکرێ بۆ دواوە هەتا دەگاتە ڕۆژهەڵاتی پۆزەی (بنغازی) هەردووکیان دەیانگوت ئەوساکە لە تواناماندا دەبێ کە هێزەکانمان لە میسردا یارمەتی بدەین و پشتیان قایم بکەین، دوورتریش لە میسر بەرەو ڕۆژهەڵات لەسەر ڕێچکە باریکەکانی کەشتییەکان بەهێزتریان لێ بکەین، کە بەو هۆیەوە پێمان دەکرێ کەنارەکانی ئەفەریکا بگرینە باوەش ئەمەیش بەوە پێک دێ کە پەیتا پەیتا، پۆل پۆل فڕۆکەی بۆمباهاوێژ و شەڕکەر بخرێنە گەڕ لە ئاسماندا، بەڵام بنکەکانیان لە (جبل طارق) و (مالطه) و (بنغازی) دابێ، لەگەڵ بنکە ئاسمانییە گەورەکانی خاکە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە (فلسطين)دا هەروەها لە بابەت بۆمبابارانی ئیتالیایشەوە گفتوگۆیان کرد، بەمەرجێ لە شێوەیەکی پان و فراواندا بکرێ وایان دادەنا کە لەتواناداهەیە ئەوە بکرێ بەمەرجێ ناوچەی (بنغازی) داگیربکرێ.

(١) ئاوی ڕەنگی: مەبەستی (ڕەنگی ئاویی- ألوان مائية)یە.

گفتوگۆکەیان لە بابەت گەلێک بابەتەوە بوو تەنانەت یەکێک لە فەرمانبەرەکان ئەوەی بۆ ڕوون کردمەوە کە لە ناو لەشکری بەریتانیادا بە(کۆڕی لۆردەکان)، لە ڕووی بێ شەرمییەوە دەڵێن (ئاودەسخانە) بەڵام جەنەڕاڵ مونتگومەری ئەوەی پێ خۆش نەبوو کە گفتوگۆ لە کۆڕی شەڕ زۆر لابدات لە شێوەیەکی شیریندا گوێی لەوانی تر دەگرت کە قسەیان دەکرد زۆری پێ نەدەچوو، ڕێبازی گفتوگۆکەی وەردەگێڕایەوە سەر کوشتاری ناو بیابان بەڵام پاش نان خواردن هەردووکمان لە خێوەتەکەی ئەو هاتینە دەرەوە و دەستمان کرد بەگەڕان تا گەیشتینە جێ سرەوتەکەی خۆم. پاش ئەمەی دڵنیابوو لەوەی کە تەختی نوستنەکەم باش دامەزراوە هەردووکمان لەسەر پلیکانەکانی ئوتۆمۆبیل کێشەکە دانیشتین توانیمان لەوێوە گیان بەخشەکان ببینین، دەستیان کرد بەکاری ڕووخاندن لەسەر زرێ کە، لەبەر تیشکی مانگە شەوا. هەروەها گوێمان لە دەنگی تۆپ بوو لە پشتمانەوە دەهات، لە دوورەوە دەگیرایە هێزەکانی (ڕۆمێل) کە لە کشانەوەدابوون لەوکاتەدا مۆنتگومەری لە بیرکردنەوە و لێ ورد بوونەوە دابوو کەوتە لێ دوان لە بابەت ڕۆژانی هەرزەکاریی خۆیەوە کە لە ناوچەی (دونیجال) دا بووە. هەروەها لەو ساڵە دوور و درێژانەیش دوا کە لە لەشکری بەریتانیادا فرمانی بینیوە لە گەلێ جێگای جیهاندا.

ئینجا خەباتی بێ پشوودانی خۆی گێڕایەوە کە لە سەرەتای جەنگەوە هەر خەریکی چاندنی گیانی بەکەڵک بووە لە دەروونی فەرمانبەرەکانی شارستانی و سەربازدا، لە جیاتی ئەوەی کە گیانی خۆپاراستنی بەکار نەهاتوو لە دەروونیاندا بمێنێتەوە.

(حەز دەکەم بزانیت، ئەی (ویلکی)، کە کردەوە و کاری بەکەڵک و بەجێ لە هەموو هۆیەکی تر باشترن بۆ شکاندنی ئەم زۆڵانە- مەبەسی ئەڵمانەکان بوو کە هەموودەم وا ناوی ئەبردن- مەهێڵە سرەوتیان بۆ بمێنێتەوە ئەم زۆڵانە سەربازی شارەزان سەربازێتی پیشەیانە) ئنجا کە لە بابەت (ڕۆمێل)ەوە پرسم لێ کرد، گوتی: (ڕۆمێل، لە ڕاستیدا سەر لەشکرێکی شارەزا و لێهاتووە.

بەڵام کزیی ئەو لەوەدایە کە شێوە شەڕەکانی خۆی زۆر دووبارە دەکاتەوە لەبەرئەوە خەبات دەکەم زاڵ ببم بەسەریا و بیشکێنم).

پاشان هەڵسا بڕوا، ئاواتی سرەوتێکی باشی بۆ من خواست ئنجا گوتی: (من هەموودەم پێش نوستن کەمێک دەخوێنمەوە). پاش ئەوە بەکزییەکەوە تێی گەیاندم کە ژمارەیەکی زۆرکەم نووسراوانی لە لا هەیە لە ڕاستیدا هەرچییەکی هەبوو هەر ئەو نووسراوانە بوو.



چونکە پێش ئەمەی ئینگلتەرە بەجێ بهێڵێ هەموو کەلوپەلی ناوماڵ و نووسراوەکانی خۆی لە کۆگایەکدا دانابوو لە شاری (دۆڤەر)[1]دا، کەچی وەک خۆی گوتی: «زۆڵەکان لە هوروژمێکیاندا کۆگاکەیان ڕووخاند و لەناو برد».

بەرێکەوت لە ڕۆژی دواییدا بەناو کۆڕی جەنگەکەدا گەڕاین.

بەچاوی خۆم دیم تیپەکانی تانکەکان و تۆپەکان و بنکەی فڕۆکەکان لەگەڵ لەشکرە گەورەکانی یارمەتیدا بەرەیەکیان پێک هێنابوو لەناو ئەو کۆڕی جەنگە شل و شێواوەدا کە لەناو ئەو چۆڵ و بیابانەدا وەک یاریی دامەی دەنواند جارێکی تریش شارەزایی و ئاگادارییە قوولەکەی (مۆنتگومەری) لە فرمانەکەی خۆیدا، سەرنجی بەسەر سوڕمانێکەوە ڕاکێشایەوە لە ڕاستیدا لە فەرمانبەرە لێپرسراوەکە، زۆرتر شارەزای ورد و درشتی بڵاوبوونەوەی سەربازەکان و بنکەکانی تانکەکان بوو ئەمە وا دەردەکەوێ کە قسەیەکی دوور لە ڕاستییە وەبێ بەڵام ڕاستییەکەی وابوو چونکە هۆگریی (مۆنتگومەری) بەزانینی وردە بابەتی هەموو شتێکەوە ئەمەندە بەهێزە سەری پیاوی لێ سوڕدەمێنێ.

بەدەیان لە تانکەکانی ئەڵمانەکانمان پشکنی کە لەناو ئەو بیابانەدا بڵاو بووبوونەوە بەریتانیاییەکان بەفەرمانێک کە لە (مۆنتگومەری)یەوە وەریان گرتبوو، پاش گرتنیان بەدیل، تێکیان دابوون و سەرەو ژێریان کردبوون لەوکاتانەدا کە بەسەر ئەو تانکە شکاوانەدا هەڵ دەگەڕاین، بەتایبەتی دەستی دەبرد بۆ سنووقەکانی خواردەمەنی، پاش ماوەی ئەو خۆرشتە سووتاوانەی دەدایە دەستم کە ئەڵمانەکان لە پاش گرتنی (طبرق)[2] لە بەریتانیاییەکانیان داگیرکردبوون پێی گوتم (چاوت لێیە ویلکی ئەو شەیتانانە بەخۆرشتی ئێمە مانانەوە دەژیان بەڵام جارێکی تر ئەوەیان بۆ هەڵناکەوێتەوە!...

هەر هیچ نەبێ ناتوانن جارێکی تر ئەم تانکانە بەکار بهێننەوە و بێنەوە بەگژماندا).

بەدرێژیی ئەو ماوەیەی کە لەناو بەرەی شەڕەکەدا دەگەڕاین، تۆپەکانی بەریتانیا، پەیتا پەیتا دەتەقان، فڕۆکەکانی بەریتانیا و ئەمریکا لەشکرە کشاوەکەی (ڕۆمێل)یان تەنگەتاو دەکرد ئەڵمانەکانیش لەکاتی کشانەوەیاندا پۆل لەسەر پۆل، لە فڕۆکەکانی

---

(١) دۆڤەر: بەندەرێکی بەریتانیاییە لە تەنگاوی دۆڤەردا (پادۆکالیە)، ٥٠,٠٠٠ هەزارێکی تیا دادەنیشێ، جێیەکی گەشتوگوزارە.

(٢) طبرق: بەندەرێکی لیبیایە سەر بەپارێزگای (درنە) نزیک سنووری میسر، ٢٥,٠٠٠ هەزارێکی تیا دادەنیشێ، لە شەڕی جیهانی دووەمدا سەربازگەیەکی گرنگ بووە.

(شتوتگارت)[١] یان دەنارده سەر بنکەکانی تۆپەکانی بەریتانیا، هوروژمی گورج و گۆلانە و کاریگەریان دەبردە سەریان ئێمەیش لێرەو لەوێ بەژوور سەرمانەوە، لەناو ئەو ئاسمانە گڕاوییەدا چاومان بەفڕۆکەیەک دەکەوت، لە کار دەکەوت و لوولی دەخوارد و دەکەوتە خوارەوە، لە شێوەی دوکەڵێکی لوول دراودا جاری وایش هەبوو چەتری فڕۆکەوانەکانمان دەدیی بەناو بایەکەدا مەلەیان دەکرد ئەوانە وایان پێ بڕابوو کە خۆیان بەر بدەنە خوارەوە لە فڕۆکەکانیان، پێش ئەمەی بکەونە تەنگوچەڵەمەی مردنەوە جا وام ئەهاتە پێش چاو کە ئەوانە هەتا نزیکەی ناوەڕاستی ڕێگا بەهۆی کزەبایەکی باشوورەوە پاڵیان پێوە دەنرا و مەلەیان دەکرد لە ئاسماندا.

لەو سەر بازانەی کە لە بەرەی شەڕدا دیمانن: بەریتانیایی ئاوسترالیایی، نیوزیلەندەیی، کەنەدەیی، ئەفەریکایی باشوور و کۆمەڵێک ئەمریکایی (سی کەسیی تیابوو).

ئەو ئەمریکاییانە بریتیبوون لە تیپێکی تانکی بچووک کە لە ڕێگای ئاسمانەوە نێرابوون لە لایەن فەرمانڕەوایی ئەمریکای یەکگرتووەوە، بۆ ئەوێ، بۆ ئەمەی مەشق بکەن لەناو جەرگەی شەڕی ڕاستەقینەدا لەگەڵ ئەو هەموو ئەمریکاییانەدا گفتوگۆم کرد بۆم دەرکەوت کە لە هەژدە خاکی جیاجیاوە هاتوون، زۆر باش دەهاتنە پێش چاو، بەڵام ڕاست و ڕەوان دەیانگوت حەز دەکەین بگەڕێینەوە خاکە یەکگرتوەکانی ئەمریکا سەریان کردبووە سەرم، پرسی پڕ تامەزرۆیان لێ دەکردم لە بابەت هەردوو تیپەکەوە: (دود گەرز) و (کاردینالز) کە ئەو ساکە لە گرەوی دوامین دابوون بۆ دەست کەوتنی ئالآ درێژکۆڵەکە ئێستاکە ئەو پیاوانە لە کوشتار هاتونەتە دەرەوە وایش چاوەڕوان دەکرێ کە پاش کاتێکی تر بگەڕێنەوە ناوی بەڵام نە خۆهەڵکێشانی تیایە، نە پاڵەوانێتی! ئەوانە کۆمەتێک بوون لە لاوە ئەمریکاییەکان، داروباریان بەهێزبوو چست و چالاک بوون، پەلەیشیان بوو بگەڕێنەوە (تەکساس) و (برودوای) و کێڵگەی (ایوا).

نزیکەی نیوەڕۆ وەستاین لە هەوارگەی سەرکردەی تیپێک لەشکردا نان بخۆین[٢] ئەم

(١) شتوتگارد: شارێکە لە باشووری ڕۆژئاوای ئەڵمان، پایتەختی یادن ڤۆرتمبورگە، ٧٠٠,٠٠٠ هەزارێکی تیا دادەنیشێ، بەندەرێکی بازرگانییە، مەڵبەندێکی ڕۆشنبیری و هونەریشە، چوارڕیانی هاتووچۆی بازرگانییە لە نێوان سکاندناویا- ئیتالیا- نەمسا و فەرەنسا، پیشەسازی ئۆتۆمۆبیل و ڕادیۆی تیدایە، مۆزەخانەو پاشماوەی کۆنیشی.

(٢) ئەم ڕستەیە دەبوو ئاوابێ: نزیکەی نیوەڕۆ، لە هەوارگەی سەرکردەی تیپێکی لەشکردا وەستاین، بۆ نانخواردن.



هەوار گەیەیش بریتی بوو لە کۆمەڵەیەک ئوتۆمۆبیل کێش نانەکەمان بریتی بوو لە پاروو (ساندویچ) لەگەڵ مێشدا چونکە مێشەکان لەو بەرەیەدا ئەمەندە زۆربوون، ئەمەندە سەربازەکانیان تەنگەتاو کردبوو، مەگەر ئەڵمانەکان بەوجۆرە وەڕسیان کردبووبن. مێش ئەهاتە ناو دەمتەوە، گوێتەوە، لووتتەوە. ئەوەیش جۆرە وەڕس کردنێکی وا بێ هاوتایە لە شەڕی بیاباندا، کەمترنییە لە قوڕی ناو چاڵەکانی بەرەی شەڕ لە فەرەنسەدا.

بێجگە لەوە زۆرکەس لە پیاوەکانی لەشکر بۆڵەبۆڵیان بوو لە دەست ئەو لمە وردەی کە پەیتا پەیتا با دەیدا بەسەروچاو و پێستی لەشیاندا لم زیانێکی گەورەیشی دەدا لە چەکە ماشێنەدارەکانی جەنگەکە یەکێک لە فڕۆکەوانەکان بۆی گێڕامەوە کە بزوێنەری فڕۆکە، لەو جۆرانەی کە ئاساین، لە ناوبیاباندا ٢٥٪ فرمانی ڕاستەقینەی خۆیان دەبینن ڕووبکەیتە هەر شوێنێک لە میسردا، شارەزاکانی ئەندازیاریی فڕۆکەوانی، لە بەریتانیاییەکان و ئەمریکاییەکان، دەبینی لە بابەت گیروگرفت و ئەرک و گرانی فرمانی پالآوتن دەدوان لە ماشێنە پاڵیوەرەکاندا.

لە گەڕانەوەدا، سەرلەشکر مۆنتگومەری دەستی کرد بەپوختەکردنی ئەو شتانەی بینیمان و گوێمان لێیان بوو.

هەرگیز ئەوەی نەگوت کە خۆی هەڵ بکێشێ و بڵێ کاروبارمان زۆر ناوازەیە، یان ئەو جەنگەی کە کەمێک لەوەپێش بڕایەوە، بەسەرکەوتنێکی یەجگاریی دادەنرێ، کە ئەویش واتای خۆی هەیە گوتی:

(من بەو سەرکەوتنەی کە دەستم کەوتووە لە تانک و فڕۆکەدا بەهۆی ئەنجامی ئەم جەنگەوە، هەروەها بەهۆی نەتوانینی (ڕۆمێل)ەوە لە دەست کەوتنی یارمەتیی چەکی جەنگدا کە لە ڕێگای ڕۆژهەلآتی زرێی سپیی ناوەڕاستەوە فریای بکەوێ چونکە چەکی ئاسمانی ئێمە لەهەر پێنج هۆی گواستنەوەیە چوار هۆی گواستنەوەی لەناو بردووە و لەناویشی دەبات چۆتە دڵمەوە کە من لە ئەنجامدا دەتوانم (ڕۆمێل) لەناو ببەم لە ڕاستیدا ئەم جەنگە تاقیکردنەوەیەکی پڕ لەسام و پەشۆکاندن بوو).

لە ژمارەی زیانی تانکەکانی خۆی و تانکەکانی دوژمنەکەی و تانکە گل دراوەکان ئاگاداربووم زۆر لە زیانەکانی دوژمنم بەچاوی خۆم دیی ئەو ئاگادارییەیش کە لەوە پێش پێم درابوو لە بابەت ئەو یارمەتییانەوە کە لەناو کەشتییەکانی ئەمریکادا ئەهاتن بۆی لە ڕۆژهەلآتی (اسکندریە)دا، مۆنتگومەری پێی لە ڕاستیی نا کەلێم پرسی گوتی: (گیانێکی شکستەیی کەوتبووە ناو میسر و ژوورووی ئەفەریکا و ڕۆژهەلآتی ناوەڕاستەوە

دێتە بەریتانیاییەکانیش ئەمەندەشکستیان دیبوو، زۆرکەس وا چووبووە مێشکیانەوە کە ئەڵمانەکان بەم زوانە میسر داگیر دەکەن بەریتانیای گەورەیش بەهۆی ئەوەوە دەسەڵات و گەورەیی لە دەست چووبوو جا ئەم لە دەست چوونە، کاری کردبووە کارە نهێنییەکەی ئەو، بەڵام بووبووە هۆی یارمەتی دانی دوژمن)

(مۆنتگومەری) هەرچەندە (ڕۆمێل)ی بەربەست کردبوو، بەڵام پڕ بەدڵ دەیەویست (ڕۆمێل) دەست نەکات بەکشانەوەی هێزەکەی بەناو بیاباندا، هەتا ئەو سێسەد تانکە ئەمریکاییانە وەردەگرێ کە لە جۆری (جەنەڕاڵ شیرمان) بوون و خەریک بوون لە شاری (بورسعید)دا دابگیرێن، بۆ ئەمەی لە جەنگەکەی خۆیدا بەکاریان بهێنێ ئەمەیشی وا دانابوو کە سێ هەفتەی پێ دەویست بەلای مۆنتگومەرییەوە وابوو کە ئەگەر ئەنجامی شەڕەکە بڵاوبکاتەوە بۆ هەمووان، (ڕۆمێل) زووتر خۆی دەکشێنێتە دواوە بەڵام وای بەباش زانی کە ئەگەر بەشێوەیەکی دوور لە فەرمانڕەوایی واتا بەجۆرێکی تایبەتی ئەو دەنگە بڵاو بکاتەوە، (ڕۆمێل) ئەوە بەکردەوەیەکی دوژمنانە دانانێ کە لەلایەن (مۆنتگومەری)یەوە کرابێ، هەروەها هەر لەو کاتەیشدا، لە بڵاوکردنەوەی ڕوونکردنەوەیەکی بەریتانیایی سەر بەفەرمانڕەوایی، زۆرتر کار دەکات لە بەهێزکردنەوەی ورەی دانیشتوانی میسر و ئەفەریکا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

بەوانەی کە دیمن و بیستمن بۆم دەرکەوت کە مونتگومەری لە گرنگی پێشاندانی ئەوەی بەجێی هێناوە، لە ڕاستی لای نەداوە منیش پێم خۆش بوو کە بەدڵی ئەو بکەم.

دەمودەست نوێنەرانی ڕۆژنامەکانی بانگ کردە جێگای سەرکردەیەتییەکەی خۆی، منیش بەو زمانەی کە خۆم و خۆی لەسەری بڕیارمان دابوو ئەنجامەکانی شەڕەکەم تێ گەیاندن: (میسرم ڕزگار کرد ڕۆمێل وەستێنرا دەست کرا بەوەیش کە نازییەکان لە ئەفەریکا بکرێنە دەرەوە) دەمێک بوو وەک ئەم جۆرە دەنگ و باسە چاکە لەلایەن بەریتانیاوە نەدرابوو بەگوێی ئەو ڕۆژنامەگەرانەدا. گەلێک جار چەواشە کرابوون خۆیان دەپاراست.

ئەمە هێڵی کوشتاربوو لەبەر چاویان، هێشتا نەکۆمابووەوە (ڕۆمێل)یش هێشتا چەند میلێک لە (نیل)ەوە دووربوو ڕێگای (طرابلس)ی ڕۆژئاوا کە لە جێگاکەی ئێمەوە درێژ دەهاتە پێش چاو، کەمێکیش لە ڕاستییەوە دووربوو، ڕێگایش بۆ قاهیرە کورت ئەهاتە پێش چاو.

---

(١) دەنگدەرەکان: هەواڵدەرەکان، هەواڵنووسەکان، ئاژانسەکان، پەیامنێرەکان.



لە دەموچاوی زۆربەی پەیامنێر و دەنگدەرەکان[١]دا دەمخوێندەوە، ئەو پاش نیوەڕۆیە، لە شێوەیەکی شیریندا دوو دڵ بوون لە ڕاستیی قسەکانمان ئەوانە سەرکردەی وایان دیبوو، دوارۆژی دەخوێندەوە بەڵام سەرکردەی وایان نەدیبوو، لە کاردابێ و فرمان بەجێ بهێنێ.

لە بنکەی سەرکردەیەتی سەرلەشکر مۆنتگومەرییەوە بەفڕۆکەیەکی ئەڵمانی بچووک کە بۆ تێنواڕین دانرابوو، فڕیم.

فڕۆکە کە هەموو ژوورەکەی ناوی لە شووشە دروست کرابوو، بۆ ئەمەی مرۆڤ بتوانێ لەوێوە هەرچوارلای خۆی ببینێ لە نزمییەکەوە دەگەڕام بەسەر کۆڕی جەنگە کەدا تا گەیشتمە بنکەی فڕۆکەکانی ئینگلیز و ئەمریکا. فڕۆکەوان (تدر)، کە مارشاڵی ئاسمان بوو، خۆی لێی دەخوڕیی.

لە بنکەکەدا بەسەدان لە فڕۆکەوانەکانی ئەمریکایی و بەریتانیاییمان دیی هی وایان تیابوو تازە گەڕابووەوە لە کۆڕی شەڕ هی وایشیان تیابوو خەریک بوو هەڵ دەفڕیی ئەوانی تریش دانیشتبوون تاقیکردنەوەکانی خۆیان دەگۆڕییەوە بەهی یەکتر، گفتوگۆیشیان لە بابەت باری با و ئاسمانەوە دەکرد هەموویشیان لەسەرخۆ و بێ دەنگ بوون، کەم تەرخەمو بێ باک بوون بەگرنگییەکەوە بەدوای ئەنجامی ئەو لاوانەدا دەگەڕام کە ئەو بەیانییە چاوم پێیان کەوتبوو بەچەترەکانیانەوە بەرەو زرێی ناوەڕاست مەلەیان دەکرد.

بۆم نەکرا، بیان ناسمەوە بەڵام فەرمانبەری تایبەتییەکە خۆی گوتی: (بەڕاستی پیاو سەری سوڕدەمێنێ لەوانەی کە بەهەڵەداوان دەگەڕێنەوە.

چونکە هەندێکیان لە پشت هێڵەکانی دوژمنەوە دەکەونە خوارەوە هەندێکیشیان دەکەونە ناو زرێ کەوە هەندێکی تریشیان لە دوور دەکەونە خوارەوە ناو چۆڵ و بیابانەکە لەگەڵ ئەمەشا بەهۆی دەست و بردیی خۆیانەوە، بەهۆی پشت بەخۆ بەستنی خۆیانەوە، ژمارەیەکی زۆریان خۆیان دەگەیێنەوە هەوارگەی سەرکردەیەتی یەکە).

لەپاش ئەمەی گفتوگۆم لەگەڵ چەند فڕۆکەوانێکی ئەمریکاییدا کرد کە هەموویانم وەک یەک هاتە پێش چاو لە دڵدا، هەروەها لەگەڵ ئەو سەربازە ئەمریکاییانەیشدا قسەم کرد کە لەناو بیابانەکەدا چاوم پێیان کەوت، من و مارشانی ئاسمان (تدر) فڕین بۆ (أسكندرية) ئەمە پشوویەکی سرەوت بوو بۆ من، ئەوەی بیرخستمەوە کە ئەم شەڕە هەمووی لەسەر ئامانجێکی سەر ڕاستی و سەر ڕەقی و ساکاریی لە گەوهەری کاردا هەڵنەگیرساوە بەچەشنی لمەکان، یاخود تانکەکان، یان لوولەی تۆپە درێژە پاکەکان کە چاوم پێ دەکەوتن.

ئیمڕۆکەیش دوو شتم بیردەکەوێتەوە لە بابەت شاری (اسکندریە)وە یەکەم گفتوگۆیەکی دوورودرێژی خۆم کە لەگەڵ (سێر ئەدمیراڵ رینە گود فروا)دا کردم کە سەرکردەی کەشتییە شکاوەکانی فەرەنسیەکان بوو.

کەشتییەکانی لە هەموو لایەکی شارەکەوە بەچاو دەبینران پشتی تەنشتەکانیان لای کەناری ئاوەکەوە بوو.

هێلکە شەیتانۆکەیش پەیکەرەکانیانی داپۆشیبوو.

هەر ئەوەندەیش ڕۆنیان پێ مابوو کە تا ماوەیەکی کەم بەشیان بکات لەگەڵ ئەمەشا هێشتا بەهێزێکی گرنگ دادەنرا کە بەرگەی هوروژمی دەگرت بەڵام بوونی ئەو کەشتییانە لەوێدا بێ کەڵک و نابەجێ بوو، هیچ سەربڵندییەکیشی تیانەبوو چونکە لەوکاتەدا فەرەنسە هێشتا بەدەست نازییەکانەوە سەرشۆڕ و سەرگەردان بوو جا ئەم بیرەوەرییە پڕ ئازار بوو بۆ من، ئەوەی بۆ دەردەخستم کە ئەم جەنگە هێشتا شتێکی سەرسوڕهێنەرە، شتێکی ناپوختەیە هێشتاکو زۆرکەس لە پیاوان کە لەناویدان، باری خۆیان بەرامبەری دیاردیی نەکردووە.

(ئەدمیراڵ گودفروا) بەئینگلیزییەکی تەواوەوە قسەی لەگەڵ دەکردم لە ڕاستیدا ئەوم وەک سەرکردەیەکی فەرەنسیی بەدەسەڵات کە لە پلەی یەکەمدابێ، هاتە پێش چاو لەبەرئەوە زۆ بەدڵما چوو سەرکردە ئینگلیزەکانیش کە منیان بەو ناسیبوو، سەرسوڕمان و بەدڵاچوونەکەی منیان پەسند کرد دڵی زۆر بەکڵۆڵیی فەرەنسە دەسووتا، بەڵام لە بابەت هیچ واتایەکی جەنگەوە شارەزایی نەبوو، مەگەر هەر مەشقە ساکارەکەی خۆی. ئەوەیش دیاربوو، کە یەجگار خەمبار و دڵ پڕ لە ئازار بوو بەهۆی ئەو کردەوانەوە کە بەریتانیاییەکان کردبوویان دەربارەی کەشتییەکانی فەرەنسە، لەدوای مانگی خەرمانان (حزیران)ی ساڵی (١٩٤٠)ەوە بەڵام دۆستایەتییەکی گەورەی پێشاندا بەرامبەر خاکە یەکگرتووەکانی ئەمریکا حەزیشی دەکرد بەسەرکەوتنمان. ئەوەندە هەیە، هەر وەک خۆی دەیگوت، ئەو فەرمانی لە مارشاڵ (پیتان)[1]، خۆی وەردەگرت، تا مارشاڵ لە ژین دابێ

(١) مارشاڵ فیلیپ پیتان: (١٨٥٦- ١٩٥١) لە گەورە سەرکردەکانی لەشکری فەرەنسا بووە، لە شەڕی دووەمی جیهانی بەناوبانگبوو بەتایبەت لە شەڕی (ڤردون)، کە ئەڵمانەکان فەرەنسایان داگیرکرد ١٩٤٠- ١٩٤٤ ئەم بووە سەرۆکی ئەو حوکمەتەی ئەوان دایانمەزراند، لە ١٩٤٥ حوکمدار بەئیعدام، دوایی دورخرایەوە و لەوێ مرد.



ئەوەیش دیاربوو، لەو قسانەیەوە کە هەستی خۆی تیا دەر دەبڕیی و هەستی کەشتییەوانەکانیشی پێ دەردەبڕیی کە بەهیوای ئەوەبوو هێزەکانی ئەمریکا بگەنەجێ.

بەهەمەوو جۆرێک دڵنیای کردم کە ئەگەر هێزەکانی ئەمریکا بگەنە جێ، بەرەنگاریی کردنی کەشتییەکانی ئەو هەر بەناو دەبێ و هیچی تر.

هەر لەو ساکەوە، کە گفتوگۆم لەگەڵ ئەو و ئەفسەر و کەشتییەوانەکان و سەربازە فەرەنسزییەکان دەکرد لە باکووری ئەفەریکادا ئیتر بەواتەی ئەم و ئەو بڕوام نەدەکرد، بەو جۆرەی بۆیان دەگێڕامەوە، دەربارەی ئەو زیانانەی کە دوور نەبوو لەسەر دەستی فەرەنسیەکاندا لێمان بکەوێ، ئەگەر وەک ئەمریکایی ڕاستەوڕاست خۆمان فڕێ بدایە ناو کارەوە، بێ ئەمەی گفتوگۆیەک لەگەڵ (دارلان)دا بکەین من هەموو دەم دڵ کری بووم لەو واتایانەی کە بەڵگە لەسەر ڕاستی یان نەهاتۆتە کایەوە، یاخود شارەزایانە پشتی دەستەیەکی سیاسییان گرتبێ.

بیرەوەرییەکەی تریشم لە بابەت (اسکندریە)وە ئەوەیە کە شەوێکیان شێوەمان کرد لە ماڵی (ئەمیراڵ هاروود)دا ئەم ئەمیراڵە، پاڵەوانی جەنگی دەرکەر (ئیکسیتەر) بوو بەرامبەر گراف شبی)ی زرێ داری ئەڵمانی لە ئاوەکانی ئەمریکای خوارووی ئێستاکەیش سەرکردەی کەشتییەکانی بەریتانیایە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دە کەسی لە هاونیشتمانەکانی خۆی بانگ کردە سەر نان خواردن لەگەڵماندا، لەوانەی کە فەرمانی زرێوانییان دەبینی و، لە باڵوێزخانە و شابەندەری بەریتانیا[1] لە (اسکندریە). لەسەر جەنگ، بەشێوەیەکی سەربەستانەی دوور لە ئارەزووواتی خۆمان کەوتینە گفتوگۆوە هەر وەک لە هەموو لایەکی جیهاندا فەرمانبەرەکان لێی دەدوێن و پەلاماری دەدەن.

پاشان گفتوگۆکەمان هاتە سەر فڕوفێڵ (سیاست).

خەریک بووم بیروباوەڕی ئەو پیاوانە هەمووی وەربگرم چونکە هەموویان لە پیاوە شارەزاو خاوەن دەسەڵاتەکانی کاروبار هەڵسووڕاندن بوون لە شاهەنشاهێتیی بەریتانیادا حەزم دەکرد بزانم دەربارەی دوارۆژ، چییان بەبیردا دێ، بەتایبەتی دوارۆژی یاسای داگیرکەریی (استعمار)، لەگەڵ دوارۆژی پەیوەندییە هاوتاییەکانمان بەگەلە زۆرەکانی ڕۆژهەڵاتەوە.

بەڵام ئەوەندەی چنگم کەوت لێیان، لەو بیروباوەڕانەبوون کە (ڕۆدیارد کەپلینگ)،

(١) شابەندەر: کونسلخانە، (القنصلیة).

بوێژی ئینگلیزی داگیرکەر خوازیان بیرخستمەوە ئەوەم زانی کە بەریتانیاییە ئاگادارەکانی شاری (لەندەن) و هەموو خاکەکانی بەریتانیا، ئەم کەینە و بەینانەیان بەکولّی دلّەوە دەکۆڵییەوە و خۆیان پێوە ماندوو دەکرد بۆ ئەمەی چارەیان بۆ بدۆزنەوە. بۆ وێنە، زۆرکەسیشیان بۆ ئەوە تێ دەکۆشان کە یاسایەکی وا بدۆزنەوە کە لە فەرمانڕەوایی خۆیییەوە زۆرتر نزیک بێتەوە، تا بیری (دەست بەسەراگرتنی کۆن) بەڵام ئەو پیاوانەی لە (لەندەن)دا خەریکی جێبەجێ کردنی ئەو پێڕەوییانە بوون کە بڕیاریان لەسەر درابوو، ئەوەیان هیچ بەبیردا نەدەهات کە جیهان لە گۆڕڕان دایە هەرچەندە یاسای کاروبار هەڵسوڕاندنی خاکە داگیرکراوەکانی ژێر دەستی بەریتانیا، لەپێش چاوی ئەواندا دووربوو لە تەواوییەوە، کە چی، وەک بۆم دەرکەوت، کەسێک لەو پیاوانە بەجۆرێکی وا بیری نەکردەوە لەم بابەتە، کە لە توانادا هەبێ بگۆڕرێ، یاخود ڕاست بکرێتەوە.

زۆربەیان لە بابەت (سوێند خواریی) ئەتڵەسی)[1]یەوە لێ کۆڵینەوەی کردبوو بەڵام کەسیان ئەوەیان بەبیردا نەهاتبوو کە ئەو پەیماننامەیە چ کارێک لە فرمانەکەیان، یاخود لە بیرکردنەوەکەیان دەکات.

ئەو شەوە، باوەڕێکی خستە دڵمەوە، کە هەرچەند دەمامەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، زۆرتر جێگیر دەبوو ئەو باوەڕەیش ئەمەیە کە هەرچی سەرکەوتنێکمان دەست کەوتووە لە کۆڕی جەنگا کە هەموو لایەکی جیهانی گرتۆتەوە، ئەم شەڕەمان بۆ ناباتەوە.

لە ڕاستیدا جۆرە پیاوان و بیروباوەڕانێکی نوێمان پێویستە کە بکەونە ناو دەزگای پەیوەندییەکانمانەوە بەگەلانی ڕۆژهەڵاتەوە، بۆ ئەمەی ئەو سەرکەوتنەمان پێ ببڕێ، چونکە هەر ئەوانەن کە بتوانن سەرمان بخەن لە دەست کەوتنی جەنگەکەدا، هەر ئەوانەیشن کە بتوانن ئاسایش و ئاشتی و ئارام بخەنە جیهانەوە، ئەگینا ئاشتییەیش هەر بەشەڕ وەستاندنێکی دووەم دادەنرێ.

ڕۆژی دوایی گەڕاینەوە شاری (قاهیرە)، بۆ ئەمەی لەگەڵ (خونکار فاروق)[2]و، سەرەکی کاربەدەستان و، ئنجا لەگەڵ (سێر مایلز لامبسۆن) ڕاسپاردەی بەریتانیا[3] لە

(١) پەیمانی ئەتڵەسی ... (ناتۆ)

(٢) مەلیک فاروقی یەکەم (١٩٢٠- ١٩٦٥) لە نێوان ١٩٣٦- ١٩٥٢ مەلیکی میسر بووە، کوڕی فوئادی یەکەمە، شۆڕشی یۆلیۆ ١٩٥٢ی سوپای میسری لایبرد و وڵات بووە کۆماری، لە ڕۆمای ئیتالیا مرد.

(٣) ڕاسپاردە: باڵیۆز (سفیر).



میسردا بەدرێژی گفتوگۆ بکەین و کۆببینەوە کە لە ڕاستیدا ئەمەی دواییان سەرداری ڕاستەقینەی هەموو خاکی میسر بوو بەدرێژی ڕێگا بەلای تێکەڵاوێک لە کۆن و تازەدا تێ دەپەڕین. کاروانەکانی حوشتر کە درێژبووبوون و لەگەڵ حوشترەوانەکانیاندا دەڕۆیشتن بەڕێوە، هێواش هێواش بەتەنشتمانەوە دەکشان، هەموویان بارەکانیان پڕبووبوو لەبەرهەمەکانی دۆڵی (نیل) هەروەها تیپەکانی ئۆتۆمبیلە گەورەکان ڕادەکێشا کە هێزی گەورەی بزوێنەریان تیایە، بۆ ئەمەی لەناو چەپەری چەرخی ماکینەداری نۆیدا چاک بکرێنەوە لای وەستا[1] لە دووریشەوە ئەو کەلەپوورانە[2]مان چاوپێکەوت کە گەورەیی کۆنی میسری بیر دەخستینەوە، واتا (أبوالهول) و (ئەهرام).

## ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

بەفڕۆکە لە قاهیرەوە چوین بۆ تاران، بەسەر هەندێ ڕێگای بازرگانیدا، بەسەر هەندێ شاری وا کۆندا کە تەمەنیان دەگاتەوە تەمەنی هەموو شتێک لە شارستانێتییەکەمان دا، کە ئێستایش ڕەنگاوڕەنگی هەزاران ساڵانی مێژوو و لە یەک نەچوونی چەرخەکانیان پێوە دیارە.

ئێستاکە گامێشە ئاوییەکانمان لێ دەرکەوت، کە هەردوو چاوەکانیان بەستراوەتەوە، هەر سووڕدەخۆنەوە و دوایی سووڕ خواردنەکەیان نایەت بەملا و بەولای ئاو هەڵکێشەکاندا کە لەناو دۆڵی (نیل)دا بڵاوبوونەتەوە ئەمانە هیچ پەیوەندییەکیان نییە بەو کۆگا گەورانەوە کە لە میسردا چاوم پێیان کەوتبوو، کە بەنیازی ئاوەدانکردنەوە دانرابوون وێنەی یەکەمی ناو ئەم ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە کە چاوم پێکەوت، هی ئەو منداڵانە بوو، کە لەڕی و لاوازییان پێوە دیاربوو، لەبەر کەم خواردن، یارییان دەکرد لە کۆڵانەکانی شاری(قدس)ی کۆندا، کە پڕبوون لە پووش و پەڵاش و شتی ناپوختە هەروەها لاوە سەربازەکانی فەرەنسەم دی لە فڕۆکەخانەی (بێروت)دا کوڕ و کچی عەرەبیشم چاوپێکەوت کە لە تەمەنی دەساڵاندابوون، لە کارخانەی پەتوو دروست کرندا فرمانیان پێ دەکرا لە شاری (تاران)دا نیشتەجێ بووبوون لە ڕاستیدا وێنەیەکم چاوپێکەوت، کە پڕبوو لە شتی لەیەک نەچوو، لە ڕەنگ و ڕەنگییەکی گەش، لە تێکەڵی و پێکەڵی و پەشێواویی.

(١) ئەم ڕستەیە ئاوای مەبەستە: (هەروەها بار هەڵگرە گەورەکان- شاحنات- کە بەرهەمی ئەم سەردەمەن، بۆ قاهیرە دەگەڕانەوە، فڕۆکە بۆمبا هاوێرەکانیان دەبردەوە بۆ وەرشەکانی چاککردنەوە.

(٢) کەلەپوور: لێرەدا بۆ پاشماوەی کۆن (آثار) بەکارهاتووە.

فڕۆکە، ماوەی گەشت کەری ئەم چەرخە دەدات کە لە ناوەند فڕۆکەخانەکاندا، بەئاسمانەوە، نەخشەیەکی ئەو خاکانەی بەسەریاندا فڕکە دەکات بخاتە مێشکی خۆیەوە لەبەرئەوە هەر لە (بێروت)ەوە تا (لد)، تا (بەغدا)، تا (تاران)، خۆشیمان لە فڕینێکی دوورودرێژ وەرگرت، کە بەراووردکردنێکی تاقیکردنەوەکان و گۆڕینەوەیەکی تێ گەیشتنی بۆ ئامادە کردین. پێش ئەمەی (ئێران) بەجێ بهێڵین بۆ (یەکێتیی سۆڤیات)، بڕیارمدا کە خۆم ئاگاداری هەندێ کەینەوبەینەی گرنگ و بەردەست بکەم، کە لە بابەت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە پرسیارم لەخۆم دەکرد تێیان بگەم.

لەپێش هەموو شتێکا ئەوەم چوو بەمێشکا کە ئەم هەموو گەلانە زۆرتر لە گەڵمان دان، نەک بەرەنگاریمان دەکەن هۆی ئەوەیش ئەمەیە، تا ئەندازەیەکی کەم، کە ئەمریکا لێیانەوە دووربووە، هیچ دەست درێژییەکی بەسەردا نەکردوون بەم بۆنەیەوە بۆ وێنە ئەڵمانیا دەهێنمەوە، کە هۆی سەرەتای ناوبانگەکەی لە ئێراندا تا ئیمڕۆ هەر ئەمەیە بێجگە لەوە، هاتنە ناوەوەی ئەمریکا بۆ جەنگی جیهانی ژمارەیەکی زۆری لەو ڕۆژهەڵاتیانە دڵنیا کردووە، کە هەرچەندە ئەگەرەی دەمودەستیی ئیمڕۆ لە ئارادایە، بەڵام گەلە یەککگرتووەکان هەر دەبێ سەرکەون لەم جەنگەدا بەواتایەکی تر، گەلەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە هەر لەدەمی پێش ئەسکەندەری گەورەوە تا ئێستا هەڵمەت بەر و خاک داگیرکەر کاروباری بردوون بەڕێوە، تا ئەندازەیەکی گەورە لە بیرکردنەوەکانیاندا تەماشای کارەساتی ڕۆژانەی خۆیان دەکەن و ژین و مانی خۆیان لەبەرئەوە لایەنی ئەو لایە دەگرن کە دەزانن شەڕ دەباتەوە پێش ئەمەی ئەنجام ببرێتەوە و دەربکەوێ.

دووەم، لەوەش دڵنیابووم کە لەو هەموو جێگایانەدا کە چاوم پێیان کەوت، جۆرە هەوێنێک پەیدابوو بوو کە لەژێرەوە کاری خۆی دەکرد تەنانەت بێ لایەنییەکی هەرە بەهێز، لە توانایدا نییە کە شەڕ لە دڵی ئەم جۆرە کەسانە بکاتە دەرەوە کە لەم خاکانەدا دەژین و بۆ ژۆ بوون بەم هەموو گوڕرانە فراوان و بەهێز و هەڕەتەوە. بێ گومان لە ساڵەکانی دەی دواییدا، ژیانیان ئەوەندە دەگوڕڕێ کە زۆرتری لێ بێ لە هی ئەو دەچەرخەی کە لەوەپێش تیایاندا گۆڕراون.

سێیەم: هەرچەندم کرد، بەڵگەیەکی وام دەست نەکەوت کە ئەم گۆڕانانە، بەلای چاکەی ئێمەوە دێن.

چونکە زۆر لە ئیسلامەکان و عەرەبەکان و جوولەکەکان و ئێرانییەکان، بەهەموو هێز و هەڕەتێکیانەوە بەرەنگاری جادووگەریی بیروباوەڕە سیاسییەکانی ڕۆژئاوای ئێمەبوون



ئەوانە لەناو مێشکی خۆیاندا بەرەنگاریی ئەو بیروباوەڕانەی ئێمەیان دەکرد وا پشتێک ساڵیش بەسەریاندا تێپەڕیووە، کەچی ئەوانە لە دوورەوە هەر سەیری ئێمە دەکەن، کە یەک یەکتری دەکوژین، و دەچین بەگژ خۆماندا و گەوهەری هەستیی باوەڕەکانمان تاقی دەکەینەوە لە هەموو جێگایەکا کەسانی شیرین ڕەفتارم دیی، بەڵام هەموویان دڵکرمێ بوون پرسەکانی منیان لە بابەت تەنگوچەڵەمە و گیروگرفتی خۆیانەوە، بەهەندێ پرس بەرامبەریی دەکرد، لە بابەت گیروگرفتەکانی ئێمەوە، بەڵام لە ڕاستیدا تیزیان پێ دەکردین.

گەلێک جار کەینەوبەینەی یەکسانیی ڕەگەزەکانیان لە ئەمریکادا، دەخستە ڕوو کە هەڵەیان تیایە وام بۆ دەرکەوت: هەر فەرمانبەرێکی فەرمانڕەواییم دواندبێ سەرسوڕمانی خۆی دەنواند لە بابەت پەیوەندییەکانی ئێمەوە لەگەڵ (فەرمانڕەوایی فیشی)[1]دا.

عەرەبەکان و جوولەکەکان زۆر بەپەرۆشەوەبوون کە بزانن: ئاخۆ قسە دەربڕینەکانمان لە بابەت سەربەستییەوە ئەوە دەگەیێنێ کە چەند ناوچەیەکی تازەی تر لەناوچە فراوانەکان بخرێنە ژێر دەستی فەرمانڕەواییەکانی ڕۆژئاواوە بەناوی چاودێریی کردنەوە، ئەم چاودێریی کردنە بەلای دانیشتوانی (لبنان) و (سوریا) و (فلسطین)ەوە، بەڕاست بێ، یان بەهەڵە، بەجۆرە سەرکێشی و زۆرداریيەکی بێگانەی دەزانن.

دوایی کە سەرنجمدا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جۆرە پاشکەوتنێکی هونەر و فەرمانبەریم دیی بەتەنشت هەژاریی و ناپوختەییەوە لەگەڵ ئەوەشا بۆ یەکەم جار لە شاری (قدس)دا تێگەیشتم، کە چۆن گەلێک لە ئەمریکاییەکان چوونەتە ئەوێ و بەهەستێکی ڕاستەقینەوە وایان زانیوە کە گەڕاونەتەوە سەردەمەکانی (ئینجیل) هۆی ئەوەش لە ڕاستییدا ئەوەبوو کە گەڕاونەتەوە سەردەمەکانی (ئینجیل) چونکە بەدرێژایی ئەو دوو هەزار ساڵەی بەسەریا تێپەڕیووە، گۆڕانێکی وایان لەوێدا چاو پێ نەکەوتووە لە ڕاستیدا ڕێگاکانی فڕۆکەوانی ئەم چەرخە و، لوولەکانی نەوت کە وەک هێڵ درێژبوون بەو ناوچانەدا، هەروەها ڕێگا قیرتاوکراوەکانی تەنانەت هونەری داڕشتنی مز و بەکارهێنانیشی، هەر توێژاڵێکی تەنکی تەختەی زەرد و سووریان پێک هێناوە بەسەر ڕووکەشی ژیانەوە، کە لە گەوهەرەکەیدا،

(١) ڤیشی: شارێکی فەرەنساییە لەسەر (ئالیە)، نزیکەی ٥٠,٠٠٠ هەزارێکی تیا دادەنیشێ، لە ١٩٤٠- ١٩٤٤ بارەگای حوکمەتەکەی پیتان بوو کە ئاڵمانەکان دایانمەزراند، هاوینەهەوارە و گەڕاوو ئاوی کانزایی تێدایە؛ بۆ ئەمە خەڵکی ڕووی تێ دەکەن.

ساکاریی و ڕەقی و پتەوییەکی وای هەیە، کە لەپێش ئەمەی (ڕۆژئاوا) بێتە ناو ناوانەوە، هەر ئەوەندە بووە جا ئەگەر شتێک هەبێ کە لەم دەستوورە لای دابێ، مەگەر هەر ئەوەبێ کە مرۆڤ لەو پێشکەوتنانەدا بەرچاوی دەکەوێ کە لە کۆڕی پیشەسازیی و کشتوکاڵ و خوێندەواریدا دیاردیی دەدەن بەهۆی چاودێریی کردنی جوولەی (سەهیۆن)ێتیی جیهانییەوە، یاخود لەوەدا بەرچاوی دەکەوێ کە عەرەبەکان، وەک لە (بەغدا)دا دەردەکەوێ، جۆرە فەرمانڕەواییەکی خۆییان بۆ خۆیان پێک هێناوە.

وام بۆ دەرکەوت کە ئەو نەتەوانە داماون لەسەر چوارشت کە هەریەکەیان جۆرە پلەیەک و جۆرە شێوەیەکی پێ دەوێ.

ئەوانە پێویستییەکی زۆرتریان هەیە بەخوێندەواریی، پێویستیەکی فراوان تریان هەیە بەکاروکردەوەی تەندروستی، بەشێکی زۆرتریان پێویستە لە پیشەسازیی باو، هەروەها بەشێکی گەورەتریشیان ئەوێ لەسەر بلّندیی کۆمەلایەتی و پشت بەخۆبەستن کە هەردووکیان لەسەربەخۆیی و فەرمانڕەوایی خۆییەوە پەیدا دەبن.

لام وایە کەس پێی ناکرێ مەلەبکات لە (نیل)دا، تەنانەت ئەگەر تەڵەی پشتەوەیش بەدەست جەنگەوە بمێنێ، پێش ئەمەی نەزانی خوێندەواریی چەند لە توانایدا هەیە یارمەتی میسرییەکان بدات لە زیندووکردنەوەی کەسایەتیی نەتەوایەتییاندا، کە مێژوو بۆی پاراستوون میسر خوێندنگای زۆری دامەزراندووە کە ئەمریکایی و ئینگلیزەکانیش لەوەدا یارمەتییان داوە چاوم کەوت بەزۆر لە میسرییەکان، هەر لە خونکار (فاروق) و سەرەک کاربەدەست (نحاس پاشا)وە هەتا دەگاتە سەر ئەو ئەندازیار و پزیشکانەی کە بەخوێندەوار ناسراون لە میسردا لەگەڵ ئەوەیشدا نە کەس لەمیسردا پێشنیازی پێشکەش کرد، نە لە هەموو ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا بێجگە لە تورکیا کە خوێندنگایەکی شارەوانیم پیشان بدات، کە لە ڕوویەکی نیشتمانییەوە شانازیی پێوە بکات تەنیا خوێندنگایەک کە هەموو کەس زۆری لێ دەکردم ببینم، خوێندنگایەکی کچان بوو، ئافرەتێکی ئەمریکایی کاروباری هەڵ دەسووڕاند کە لەبەر کەم تەرخەمی و دوورە پەرێزیی میسرییەکان، بەئەرک و ماندوێتییەکی زۆرەوە خۆی خەریک کردبوو بەفێرکردنی کچە تیوەکانی میسرەوە لە ماوەیەکی سی ساڵیدا.

گەلێک لە (پاشا)کانم لە ئاهەنگ و زەماوەندەکاندا چاو پێ دەکەوت زۆری وایان تیابوو کە ژنەکانیان بێگانە بوون ئەوانە، لە ڕووی کۆمەلایەتییەوە، زرنگ و دڵ



کێشکەربوون کۆڕە گشتییەکان پڕن لە پەیکەرەکانی ئەوان. (پاشا)یش وشەیەکە لەسەردەمی (عثمانی)یەکانەوە لە میسردا ژیاوە.

لەوە پێشیش پایەیەک بووە دراوە بەسەرکردە سەربازەکان یاخود بەسەرداری خاکەکان، بەمەرجێ بەجۆرێکی باش بەکاری فەرمانڕەوایی هاتبن.

بەڵام ئێستاکە وای لێ هاتووە، بووەتە پاش ناوێک[1] بۆ پیاوی زرنگ کە خونکار ئەیبەشێتەوە. میسریەکانیش، بەڕاست بێ، یان بەسەر زاریی، کە یەکێک بوو بە(پاشا) قاڵیی سووری لەبەر پێدا ڕادەخەن، چونکە پارەی ئەوەندە هەیە.

دەتوانێ ئەو جۆرە کاروفرمانانەی پێ بکرێ. لەگەڵ ئەمەشا، کە لە یەکێک لە خانە خۆییەکانی خۆم پرسی، کە ڕۆژنامەگەرێکی میسریی لاوبوو: (ئەگەر یەکێک نووسراوێکی بەنرخ و بەکەڵک دابنێ ئەبێت بە (پاشا...؟!)

وەرامی دایەوە گوتی: (وابزانم دەتوانێ ببێت بەپاشا بەڵام کوا لە میسردا کەسێکی وا هەیە کە بتوانێ نووسراوی وا دابنێ؟). کە لێم پرسی: (ئاخۆ ئەوی وێنەکیشێکی ناوازەبێ، پاشناوی پاشایەتیی دەدرێتی؟) گوتی: (هیچ شتێک لە ئارادانییە کە بەربەستی ئەوە بکات، ئەوە نەبێ کە کەسی وا نییە لە میسردا بزانێ وێنە بکێشێ). کە لێ یشم پرسی: (ئاخۆ شت داهێنەرێکی گەورە[1] ڕۆژێک لەڕۆژان پاشناوی (پاشا)یەتیی دەست دەکەوێ؟)

دووبارە وەرامی وا دامەوە: (لەسەردەمی فیرعەونەکانەوە تا ئێستا شت داهێنەری گەورەمان تیا پەیدا نەبووە).

لە میسردا زۆر نەمامەوە، تا هوی زریی ئەم خوێندەوارییە تێ بگەم.

لە ڕاستیدا خوێندەواریی و فێرکردن لە قاهیرەدا کە شارێکی جیهانیی میسری گەورەیە، لەژێر دەستی کۆمەڵانی وا دایە کە میسری نین ئەمە تا ئەندازەیەک هۆی ئەم بێ بەریی خوێندەوارییە دەردەخات هەروەها ئەوەیش ئەو ڕازە دەردەخات، کە کۆمەڵێکی بچووک لە (پاشا)کان دەستی گرتووە بەسەر زەوییە بەپیتەکانی میسردا ئەوانە، بەزۆریی پاشناوی پاشایەتییان بەوە وەرنەگرتووە کە کردەوەی گەورەی نیشتمانییان نواندووە، بەڵکو بەهۆی پارەکانیانەوە دەستیان کەوتووە.

---

(١) پاش ناو: نازناو، شورەت (لقب).

(١) شت داهێنەر: داهێنەر، (مخترع).

بەڵام وا دەردەکەوێ کە هۆی هەرە گەورەی ئەم زرپی خوێندەوارییە ئەوەیە کە چینی ناوەڕاست بەتەواوەتی لە ئارادانییە چونکە لە هەموو شوێنێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەندازەیەکی کەم لەسەد خاوەنی زەویی دەوڵەمەند هەیە کە زەوییەکانیان بەزۆریی لە باوکیانەوە بۆ ماوەتەوە.

چاوم بەچەند کەسێک لەوانە کەوت، بۆم دەرکەوت کە بەتەنگ هیچ جووڵەیەکی سیاسییەوە نین، ئەوەندە نەبێ کە سەرو سامانی خۆیانی پێ بپارێزن.

زۆربەی نەتەوەی میسریش، بێجگە لە هۆزە کۆچەرەکان، هەژارن، هیچیان نییە، لە شێوەیەکی زۆر نەنگ وناشیرینیشدا، ڕێگای نان پەیداکردن یاخود دەست پەیداکردنیان گرتووە، کە لە سەردەمی کۆندا پیاوانی ئایین بەکاریان دەهێنا، هەموویشیان لە شێوەیەکی زۆر پیس و ناپوختەدا دەژین پێویستی و هێزی دروست کردن و داهێنان بەجۆرێکی تێکرایی لەوانەوە پەیدا نابن کە سامانیان زۆر هەیە، یاخود هیچ سامانێکیان نییە. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا کەم هەیە لە ناوەند ئەو دوو چینەدا بێ.

هەر چەندێک ئەمەیش بەسەیر دابنرێ، مرۆڤ بەڕاستی لەم خاکانەدا هەست بەبۆڵە بۆڵێک دەکات، هەست بەدەست بزێوییەکی ئەو چینانە دەکات کە لە دەمێکەوە مات بووبوون جووڵەیان لێوە نەدەهات، هەست بەکەم تەرخەمییەک دەکات بەرامبەر کاروباری ئایینی بەرهەڵست دانەر، یاخود فرمان بینین لە کۆڕی ئایینیدا.

تێکڕا لە هەموو شارێکدا، کۆمەڵێکی بچووکم دیی لە لاوە بۆڵەبۆڵ کەرە، ڕاپەڕیوە، خوێندەوارەکان.

ئەوانە ئاگاداربوون لە جووڵەی کۆمەڵەکان و شێوەی فرمان بینیان لە ڕووسیادا هەموو لێی دەدوان هەروەها لەوەیش ئاگاداربوون کە مێژووی پێشکەوتنی دیموکراتی لەناو ئێمەدا چۆن پەیدابووە لە گفتوگۆکانیانەوە لەگەڵما وا بۆم دەرکەوتن کە لەناو مێشکیاندا بەراووردی ئەو ڕێ و شوێنانە دەکەن کە پێویستە پەیڕەوییان بکەن بۆ ئەمەی بگەن بەئامانجە بێ ئەندازە خۆپەرستەکان یاخود وەک خۆپەرستەکانیان هەروەها لەم بەشەی سەر زەوییەدا، وەک لە ڕووسیاو چین و هەموو جێگایەکدا دیم، گیانێکم تیا هەست پێ کرد کە لە نیشتمان پەرستییەکی گەرمەوە پەیدا بوو بوو.

ئەمەیش کارێکی پڕ پشێوییە بۆ ئەو کەسانەی کە بڕوایان وایە، هیوای هەرە تاقانەی جیهان، ڕووی کردۆتە ئەوپەڕیی.



بەجۆرێکی تێکڕایی ئەو بێزاریی و برسێتی و بۆڵە بۆڵەم لە عێراق و لبنان و ئێرانیشدا هەست پێ کرد، لەگەڵ خۆپاراستنێکی دەمدەمی لەلایەن فەرمانڕەواییەکانیانەوە کە پێ لەو گیروگرفتە بنێن کەچی سەرەک کاربەدەستەکانی ئەم خاکانە لەگەڵ کاربەدەستەکانی دەرەوەیاندا ئاگاداربوون لەو بارانەی کە نیشتمانەکانیان تیادابوون، بێجگە لەوە هەمووشیان خاوەن دەسەڵات بوون.

ئەمریکاییەکان، لە بێروت و تاران و قاهیرەدا، دەستیان کرد بەپێشکەش کردنی یارمەتی، لە ڕێگای دامەزراندنی خوێندنگایانەوە، کە پارەیان تیا بەخت دەکردن و دەرگایشیان کردبووەوە بۆ هەموو کەسێک کە ئارەزووی خوێندن بکات.

لەگەڵ (بیارد زورج)دا، کە سەرۆکی زانستگای ئەمریکا بوو لە بێروتدا، لە باخچەکەی خۆیدا چاییم خواردەوە هەر لەو ڕۆژەیشدا لەگەڵ جەنەڕاڵ (شارل دیگۆڵ)[١] دا پێشەوای فەرنسیە سەربازەکان (سەربەستەکان) و، (جەنەڕاڵ جۆرج کاترۆ)دا، ڕاسپاردەی گشتییان و، (ماجرۆ جەنەڕاڵ ئەدوارد لویس سبیرز)دا، کاربەدەستەکەی بەریتانیا کۆبوونەوەم بەریتانیا کۆبوونەوەم کرد. ئەوانە هەموویانم دوواند لە بابەت دوارۆژی (سوریا) و (لبنان)ەوە.

لام وایە لە ڕاستی لام نەداوە کە بڵێم دوکتور (زودج) لەوانە هەموویان، زۆرتر، هیوا و باوەڕ پێکردنی پێ بەخشیم لە بابەت دوا ڕۆژی ئەو دوو خاکەوە.

هەرگیز ئەوەیشم لەبیرناچێتەوە کە چۆن چاوم بە(جەنەڕاڵ دیگۆڵ) کەوت. لە فڕۆکەخانەی بێروتدا پێشوازیی کردم پۆلێک لە یاساوڵەکان و سەربازەکانیش خۆش هاتنیان بۆمن پێشاندا، هەموویان بەرگی زەرکەشی یەک ڕەنگیان لەبەر دابوو چەند هەزار گەزێک لەگەڵماندا ڕۆیشتن تا گەیشتینە کۆشکی جەنەڕاڵ دیگۆڵ ساختمانەکە گەورە و سپی بوو هەر چوارلای باخ بوو کە زۆر بەجوانی و ڕێکوپێکی ڕازابووەوە پاسەوانەکان لە هەموو سووچێکیەوە ڕێزیان پێشان دەدا چەند کاتێک لە ژوورەکەی تایبەتی جەنەڕاڵدا پێکەوە گفتوگۆمان کرد.

(١) شارڵ دیگۆل (١٨٩٠- ١٩٧٠ سەرکردە و سیاسەتمەدارێکی گەورەی فەرەنسا بووە، لە دوای تێکشکانی وڵاتەکەی بەدەستی ئەڵمانەکان لە ١٩٤٠ بەبانگەوازە بەناوبانگەکەی داوای لەگەلی فەرەنسا کرد کە بەرگری بکەن و ورەبەرنەدەن، ئەمەش لە لەندەنەوە، لە ١٩٤٤ - ١٩٤٦ سەرۆکایەتی حکوومەتە کاتیەکەی ەرەنسای کرد، لە ١٩٥٩ - ١٩٦٩ بەسەرۆکی کۆماری پێنجەم لە وڵاتەکەی هەڵبژێردرا (بیرەوەرییەکان)ی کتێبێکی بەنرخی ئەوە.

لە ژوورەکەدا لە هەموو پەنایەکا و لەسەر هەموو دیوارێک پەیکەرانی نیوەیی و پەیکەرانی تەواو لەگەڵ وێنەکانی ناپلیۆن دانرابوون لەناو شێوخواردنێکی ڕازاوەدا، تا درەنگە شەوێک دانیشتین، گفتوگۆمان دەکرد، لە شوێنێکدا کە دەیڕوانی بەسەر مێرگوزارێکی جواندا کە تیشکی مانگ ڕۆشنی دەکردەوە.

گەلێک جار جەنەڕاڵ، لە شێوەیەکی لاسایی کردنەوەدا، لە خەباتی خۆی دەدوا خەباتی ئەو ڕۆژە کە بەربەرەکانێی بەریتانیاییەکانی دەکرد لە دەست بەسەراگرتنی (سوریە) و (لبنان)دا دەیگوت: (پێم ناکرێ بیروباوەڕەکانی خۆم لەناوببەم، یاخود بیانخەمە تەنگوچەڵەمەوە) یاریدەدەرەکەیشی گوتی: (بەچەشن جان دارک) و بەتوندییەکەوە قسەکانمی ڕاست کردەوە، کە پەنجەم درێژکرد بۆ بەتەنگەوەبوونی خۆم لە بابەت جوولەی فەرەنسزە جەنگاوەرەکانەوە گوتی: (فەرەنسزە جەنگاوەرەکان بریتی نین لە (جوولە کەرێک فەرەنسزە جەنگاوەرەکان بریتین لە فەرەنسە خۆی چونکە ئێمە خاوەن کەلەپوری فەرەنسە و خاکەکانی ژێر دەستین هەر ئێمەیشین کە مافی ئەوەی هەبێ بیلێ). ئنجا کە بیرم خستەوە (سوریە) تەنیا بریتییە لە ناوچەیەکی سەرپەرشتی کراو لەژێر دەستی کۆمەڵی گەلاندا گوتی: (بەڵێ منیش ئەمە دەزانم بەڵام وەک سەرپەرشتی کەرێک فەرمانڕەوایی بەسەردا دەکەم هیچ پێم ناکرێ ئەو سەرپەرشتی کردنە هەڵ بگرم. یاخود بهێڵم کەسێکی تر ئەو سەرپەرشتی کردنە هەڵبگرێ. ئەوە کاتێک دەشێ بکرێ کە لە فەرەنسەدا، سەر لەنوێ فەرمانڕەواییەک دابمەزرێتەوە. لە هیچ شوێنێکی ئەم جیهانەدا دڵم بڕوایی نادات مافێکی فەرەنسە بدەمە دەست کەسێکی تر لەگەڵ ئەمەشا بەدڵ ئارەزوو دەکەم کە لەگەڵ (ونستۆن چەرچڵ)[1] و (فرانکلین رۆز فلت)[2]دا دابنیشم و لەگەڵیاندا ڕێک بکەوم لەسەر ئەو ڕێ و شوێنەی کە پێویست بێ بۆ هەڵسوڕاندنی کاروباری مافەکانی فەرەنسە و خاکەکانی فەرەنسە، ئەویش بۆ ماوەیەکی کەم، لە پێناو یاریدەداندا

(١) سێر ونستون چەرچڵ: (١٨٧٤- ١٩٦٥) سیاسەتمەدارێکی ئینگلیزی بوو، سەرکردەی حزبی پارێزگاران، لە ١٩٤٠- ١٩٤٥، ١٩٥١، ١٩٥٥ سەرەک وەزیران بووە، خۆ ڕاگرێتی ئەو وایکرد کە هاوپەیمانان بەسەر میحوەر و نازیەکاندا سەرکەون. لە ١٩٥٣ پاداشتی (نۆبڵ)ی لە ئەدەبدا پێ بەخشرا.

(٢) فرەنکلین دیلانو ڕۆزڤیلت: (١٨٨٢- ١٩٤٥) سی و دووەمین سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکابووە لە نێوان ١٩٣٣- ١٩٤٥. لە سەرکەوتنی هاوپەیماناندا بەسەر دەوڵەتانی میحوەر و نازیەکاندا دەورێکی گرنگ و بنەڕەتی هەبوو، لە جەنگی جیهانی دووەمدا.



بۆ دەرکردنی ئەڵمانەکان و یاریدەدەرەکانیان لەو خاکانەی کە بەدەست فەرەنسەوەن).

پاشان دەستی کردەوە بەقسەکردن گوتی:

(میستەر ویلکی هەندێ کەس ئەوەیان لەبیرچۆتەوە کە من و هاوڕێکانم نوێنەرانی فەرەنسەین. ئەوەیش دیارە کە مێژووە گەورەکەی فەرەنسە ناهێننە پێش چاوی خۆیان. ئەوانە بەو زمانە بیر دەکەنەوە کە فەرەنسە بۆ چەند ڕۆژێک شکستی هێناوە).

پاش ئەوە لە یەکێک لە فەرمانبەرەکانی لبنان، کە لە گەورەکانیان بوو پرسم کرد لە بابەت ئەو بەربەرەکانێیەوە کە کەوتۆتە ناوەند فەرەنسی و ئینگلیزەکانەوە، لەسەر دەست درێژیی بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. گوتی: «خوا هەردووکیان لەناو بەرێ». وادیارە خوێندەوارە پوختەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەم باوەڕن بەیاسای سەرپەرشتی[1] و داگیرکەریی، بەفەرمانڕەوایی گەورە و بچووکیانەوە.

لە بێرووتەوە چوومە (قدس) هیچ ڕۆژێک جیاوازیی کۆن و نوێ ئەوەندە دەرنەکەوتووە چونکە لە پەنجەرەکانی فڕۆکە تازە بابەتەکەمانەوە، کە لووس بوو و تیژڕەویش بوو، دەمانتوانی لەناو بایە پایەکەی گردەکانی لبناندا کە درەختی ئورزیان بەسەرەوەیە، بڕوا نین بەسەر زرێی (المیت) و (جلیل) و ڕووباری (ئەردەن) و شاخی (زەیتون)دا.

کە نیشتمەوە لە شاری قدس دا، میوانی (سێر هارۆڵد ماکمایکل) بووم، کە نێرراوەیەکی پایەبڵندی هەموودەمی بوو لە (فلسطین) و (شرق الأردن)دا. ئینگلیزێکی دڵسۆز و شارەزا و وەرزش کاربوو. قەندەی دەکێشا ئەو بوو شارە کۆنەکەی قدسی پیشان دام لەسەرخۆ، بەئارامێکی تەواوەوە، بەقسەی نەستەقی خۆشەوە، ئەوەی تێ دەگەیاندم کە بۆ ئەمریکاییەک چەند گرانە ئەو جیاوازییە تێ بگات کە لە ناوەند خاکێکی داگیرکراو و خاکێکی سەرپەرشتی کراودا هەیە.

شابەندەری ئەمریکا لە گشت فلسطیندا کە ناوی (لوول بنکرتوون) بوو، توانی بەهۆی هەندێ سەرچاوەی باوەڕ پێکراوەوە ئاگادارم بکات لەو بەرهەڵستە ڕاستەقینانەی کە کەوتوونەتە ناوەند گیروگرفتەکانی فەلەستینەوە گەلێک نوێنەرانی لە دەستە بەربەرەکانێکەرەکانەوە، لە عەرەب و جوولەکە، بانگ کردە ناو خانووە پڕ میوانەکەی خۆی و، دەستی کرد بەناردنیان بۆ لامان، بۆ لای من و (جوبارنیس) و (مایک کولیس) بەدرێژایی ئەو ڕۆژە چڕوپڕە گفتوگۆمان لەگەڵ کردن (ماجۆر جەنەڕاڵ د. ف. ماک کنول) کە

(١) سیستمی ئینتیداب.

سەرکردەی هێزەکانی بەریتانیا بوو لەو ناوەدا، لەگەڵ (ڕۆبەرت سکۆت)دا کە ڕازنووسی تایبەتیی دەزگای (سێر هارۆڵد) بوو هاتنە لامان هەروەها (موشی شەرتۆک)یش کە سەرۆکی دەزگای سیاسیی جێنشینی جوولەکەکان بوو هاتە لامان ئەم پیاوە زۆر تێگەیشتوو و شارەزابوو.

ئنجا (ڕوحی بەگ عەبدولهادی) هات کە ئەندامێکی عەرەب بوو لە ڕاز نووسیی (سێر هارۆڵد)دا، هەروەها (دوکتور ئەریح ئالتمان) سەرۆکی ئەو دەستەیەی کە هەموو خاکی فەلەستینی بۆ جوولەکەکان دەویست، ئنجا (عەونی بەگ عەبدولهادی) پشتیوانێکی عەرەب و پێشەوایەکی نیشتمانی کە هەموو خاکی فەلەستینی بۆ عەرەبەکان دەخواست هاتنە ژوورەوە ئەمانە هەموویان بیروباوەڕی خۆیان تێ گەیاندین.

کە ڕۆژەکە دوایی هات، هەستم کرد بەپەرۆشەوە دەمەوێ ئەم ئەنجامە دەربڕم کە چارەی تاکانەی ئەم کێشەیە کە پڕە لە گرێ، دەبێ ئەوەندە تێگەیشتووانە دابنرێ وەک تێگەیشتنی (سلێمان پێغەمبەر) وابێ لەگەڵ ئەمەشدا ئەو دەمە چوومە سەردانی (مس هەنریتا زولد) کە (هادیسا) بەدەستی ئەو دامەزراوە.

سەیرم کرد لە ژوورە بچکۆڵەکەی خۆیدا دانیشتووە، کە لە شێوەیەکی ساکارانەدا بەکەلوپەلی ڕازێنراوەتەوە.

لەوێ تێم گەیاند کە ئەو ڕۆژەم چۆن ڕابواردووە بەچاوپێکەوتن و گفتوگۆکردن لەگەڵ نوێنەرانی دەستە بەربەرەکانیکەرەکاندا، لەگەڵ (سێر هارۆڵد ماکمایکل)دا، هەروەها چۆن داماوم و بەپەرۆشەوەم کە چارەیەک بۆ ئەم کێشە و گیروگرفتە بدۆزمەوە.

لێم پرسی ئاخۆ ڕاستە کە هەندێ لە فەرمانڕەواییە بێگانەکان خەریکی شەڕ هەڵگیرساندنن لە ناوەند عەرەب و جوولەکەدا، بۆ ئەمەی چنگی خۆیان لە فەلەستیندا قایم بکەن؟

گوتی: (بەدڵێکی شکاوەوە پێویستە ئاگادارت بکەم کە ئەم دەنگە ڕاست و تەواوە) پاشان گوتی: (میستەر ویلکی! ئەم گێرە و کێشەیەم بەدەستی خۆم چارە کردووە. ئەگەر بێتو ڕێ و شوێنێکی بۆ نەدۆزرێتەوە کە لە سەری ببڕێنرێتەوە، من ناتوانم بەخۆشییەوە لە ئەمریکادا بژیم.

لە جیهاندا هیچ جێگایەک وەک فەلەستین نییە کە شایستەی جوولەکە ئازاردراوەکانی ئەوروپا بێ ئێمە هەرچەندە ئارەزوومان بەهێز بێت کە ئەم کێشەیە زوو ببڕێنرێتەوە، ئەو



ئازاردانی جوولەکەیە لە سەردەمی ژیانی من و تۆدا نابڕێتەوە ناشێ جوولەکە ، نیشتمانێکی نەتەوەییان نەبێ من هەرچەند سەهیۆنییەکی (خوێن گەرمم، بەڵام بڕواناکەم دوژمنایەتییەکی ڕاستەقینە هەبێ لە ناوەند ئاواتەکانی جوولەکە و مافەکانی عەرەبدا من برا جوولەکەکانی خۆم لە (قدس)دا هانە دەدەم کە ئەو کردەوە ساکارانە بنوێنن کە لە بارياندا هەبێ پشم و ناکۆکی لە ناوەند هەر دوو نەتەوەکەدا نەهێڵن.

من یەک بەیەکیان دەخەمە سەر ئەوەی کە دۆستایەتی لەگەڵ چەند کەسێکی عەرەبدا بگرن، بۆ ئەمەی بەهۆی ئەو جۆرە ژیانەوە کە بەسەری دەبەن، عەرەبەکان تێ بگەێنن کە ئێمە وەک داگیرکەرێک یاخود وەک وێرانکەرێک نایە نییە ناو خاکی فەلەستینەوە ئێمە وەک بەشێکی ژیانی یاسایی دێنە ناوەوە کە لەناو خاکەکەدا لە کۆنەوە باو بووە تا ئێستا چونکە فەلەستین بەلای ئێمەوە نیشتمانێکی خۆشەویستی و ئایینە).

هەروەها باوەڕی خۆیشی تێ گەیاندم لە بابەت تواناکانی پەروەردەکردن و پێ خوێندنەوە ئافرەتەکە هەرچەندە پیربوو، تەمەنی دەگەیشتە هەشتا ساڵی، بەڵام ئەو شتانەی بۆی دەگێڕامەوە لە بابەت ئەو بەرهەمانەوە کە لەناو زەوییە ئاوەدانکراوەکانی جوولەکەدا پێک هاتوون لە ڕووی کشتوکاڵ و پیشەسازییەوە کە لە ژێرچاودێریی کاروبار هەڵسوڕاندنی سەهیۆنییەکاندا ئامادەکراون، هەستم بەهێز و هەڕەتی لاوێتی و زیندوێتیی دەکرد.

ئەوەیش لە شتێکی نەبوو و نەبیستراو نزیکترە، کە بەبیردا بێت، کە کێشەیەکی پڕ لەگرێی وەک کێشەی عەرەب و جوولەکە، کە پێ شوێنی لە مێژووی کۆن و ئاییندا دەبینرێ، کە سیاسەتی بەرزی فەرمانڕەواییەکان گرتوێتییە باوەش، لە تواناداا هەیە بەگیانێکی پاک و سەر ڕاستییەوە چارەی بکرێ لەگەڵ ئەمەشدا، لەو پاش نیوەڕۆیە درەنگەدا کەتیشکی ڕۆژە پرشنگ دەرەکە لە پەنجەرەکانەوە دەهاتە ژوورەوە و ئەو دەموچاوە زیرەکە پڕ هەستەی ڕووناک دەکردەوە بەدانیشتنەوە بیرم دەکردەوە و دەمپرسی لە خۆم.

ئاخۆ ئەم ئافرەتە، هەر هیچ نەبێ لەم کاتەدا، کە خاوەنی تێگەیشتنێکی تەواوە، کە نرخی نازانن، ئاخۆ لە زرنگکار (سیاسی)ە دڵ پڕ لە ئاواتەکان زۆرتر لە کاروبار تێ ناگات؟!...

***

له هەموو شوێنێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەتەنشت کێشەی خوێندەوارییەوە، کێشەی پزیشکایەتی و تەندروستیی گشتی دێتە کایەوە هەرکەسێ بچێتە شوێنێک لەو خاکانەدا بەدرێژیی ئەو ماوەیەی کە تیا دەمێنێتەوە، تەواو تێ دەگات کە لەناو ناوانە دەرد و نەخۆشی هەیە هەتا کۆششێکی تەواو و مەردانەش لە ئارادا نەبێ بۆ پێش خستنی تەندروستی و زیندوێتیی ئەو نەتەوانە دوارۆژێکی باش بۆ ئەوانە بەگران دێتە پێش چاو.

هەروەک لە کۆڕی خوێندەواریدا چاومان پێکەوت.

لەم کۆڕەیشدا چەند کەسێک لە دانیشتوانی خاکەکان و چەند کەسێکی کەمیش لە ئەمریکاییەکان، کە بەجۆرێکی تایبەتی هاتبوون بۆ یارمەتییان، ئەو ڕێوشوێنە یان پێشان داوە کە پێویستە چی جێبەجێ بکرێ.

تۆمارەکانی تیپەکانی لەشکری خاکە یەکگرتووەکانی ئەمەرکا کە لە میسر و فەلەستین یاخود ئێراندا چاوم پێکەوتوون لە بابەت نەخۆشی لەرزوتاوە (مەلاریا)، دەبنە یەکێک لەو کاروبارە پڕ ئاژاوانەی کە لەپاش بڕانەوەی جەنگ پێشانی هەمووان دەدرێن. زۆرتر وا بەبیردا دێ کە پەنجەرە تەلدارەکان کە ناوژوور لە مێش و مێشوولە دەپارێزن، دەرگا دوو توێکان، پشکنینی دەس و پێوەند بەووردیی، وشککردنی ئاوە وەستاوەکان، پێڵاوە مێشوولە بەربەستکەرەکان، پەردەی پێخەفی مێشوولە بەربەستکەرەکان، کاریان کردووە لە مێشکی دانیشوانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێجگە لەوە، کەس نییە نەخۆشیی لەرز و تای خۆش بوێ.

جا ئەگەر تەندروستیی گشتیی لەم خاکانەدا پێش بکەوێ ئەنجامی بەکەڵکی وای لێ پەیدا دەبێ کە لە هیچ نووسراوێکی پزیشکایەتیدا ناوی نەبراوە لە پێناو تەندروستیی گشتییدا، پێویستە چارەکردنی گشتیی بۆ دابنرێ، تا بەربدات. چونکە نەخۆشی نازی کەس هەڵناگرێ هەروەک ژن و پیاوی ئاسایی، لە کەمبوونەوەی مردن و ژیانی بەهێز و هەرەتنتر، کەڵکی دەست دەکەوێ، لام وایە، ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم، وا هەڵ دەگرێ کە تا دێت زۆرتر حەز لە هاوبەشیی ئەم جۆرە کەڵکانە بکات.

ئەوەی دیاربوو کە ڕێکخستنی نوستن بۆ هاتووچۆکەرانی بێگانەی وەک ئێمە، شتێکی باڵا نەبوو چونکە لە (قدس)دا، کە میوانی (سێر هارۆڵد ماکمایکل) بووین، هیچ پەردەیەکی مێشوولە بەربەست کەرم بەسەر پێخەفەکەمەوە نەدیی.

لە جیاتی ئەوە پارچەیەک داری ڕزیوی بۆگەنی سەوزم دیی کە لە شێوەی مارێکی درێژی



لوول خواردوودا بوو، لەسەر مێزەکە دانرابوو من پارچە تەختەکەی خۆم بەکار نەهێنا. بەڵام یەکێک لە هاوڕێکانم پارچە تەختەکەی خۆی سوتاند.

وای بۆ گێڕامەوە کە پارچە تەختەکە لە شەودا سووتابوو، بەڵام گڕی لێوە نەهاتبوو، بەشێنەیی دەسووتا، شێوەکەیشی وابوو کە دڵی پێ خۆش بکرێ. هەر هیچ نەبێ، هەستێکی گەورەی دڵنیایی خستبووە دڵیەوە لە (بەغدا)شدا باوشێنە گەورەکان بەبن میچکەوە تا شەوگار بەسەر دەچوو دەسووڕانەوە ئەوساکە ئێمە لە میوانخانەی تایبەتیی کۆشکی شاهانەدا دابەزیبووین ئەو کۆشکەیش چەند ساڵێک لەوەپێش دروست کرابوو، بۆ ئەمەی شاهزادەی ئیسووەچ،(١) (برتیل) کە هات بەمیوانی تیا دابەزێ.

لە (بێروت)یشدا دەس و پێوەندە سووریەکان، دەرمان پرژێنیان بەدەستەوە بوو بۆ مێش کوشتن، دەگەڕان بەناو ژوورەکاندا، لە کۆشکی سنەوبەردا، کە خانووی (جەنەڕاڵ کاترو)ی تیابوو، دەرمانیان تیا دەپرژاند لەکاتی خەوتنان‌دا، پێش ئەمەی بچین بنووین بەڵام تۆ ئەوەندەت بێ ناچێ کە دەست بکەین بەتێ گەیشتنی ئەم تەنگوچەڵەمەیە ئەویش لە ڕێگای سەرنجدانتەوە نا کە ئەی دەیت لەم خەمخوارییە کە لە دەمێکی کۆنەوە دامەزراوە و کەسانی ناسراو کەڵکی لێ وەردەگرن. بەڵام لە ڕێگای پشکنینەوە دەربارەی ئەو مێشوولەیەی کە ئەوەندەی توزێکە و لە هەموو ئەو داو و تەڵانەوە ڕزگاری بووە کە بۆی نراونەتەوە، کەچی خەریکە لە بەرەبەیاندا بنیشێتەوە بەسەر بازووتا کەچی لەوکاتەدا کە دڵت بێ ئارام دەبێ ئەو هەموو وریا کردنەوە و چاوترساندنانەت بیر دەکەوێتەوە کە لە هەموو جێگایەک دا چاوت پێکەوتوون لە سەرە ڕێگاکەتا هەر لە (نیویۆرک)ەوە تا (بەغدا).

گیروگرفتی گەورە کە دێتە سەرە ڕێگای تەندوروستیی گشتی، بێ گومان هەر هەژارییە چونکە نەخۆشیی (بلهارزیا) لە مصردا، ئەوەندە کەس لەناو دەبات پیاو زەندەقی لێی

(١) ئەسوج (سوید): وڵاتێکی ئەسکەندناویایە لە باکووری ئەوروپا، لە نێوان نەرویژ و فینلاند لەسەر کەنداوی بۆتنباو دەریای بەڵتیک و تەنگە ئاویەکانی دەریای باکوور، **٤٤٩,٧٩٣ کغم٢** پانتاییەتی، پایتەختەکەی شاری (ستوکهوڵم)ە بەروبوومی کشتوکاڵی: چەوەندەری شەکر و گەنم و پەتاتە و سەوزە، بەخێوکردنی مانگا و بەراز و ڕاوە ماسی، لە کانزاکانی ئاسن و مس... لە دەوڵەتە پیشەسازیە پێشکەوتووەکانە، ئاسن و ئۆتۆمۆبیل و تەختە بەرهەمدەهێنێ و دەینێرنە دەرەوە، جگە لە دروستکردن و بنیاتنانی پاپۆڕی گەورەی بازرگانی... ساڵانە پاداشتی (نۆبڵ) لە بەشە جیاجیاکانی زانست و هونەردا دەبەخشێ.

دەچێ ئەوەیش نەخۆشییەکە هێلکە شەیتانۆکەکانی ناو ڕووباری (نیل) دەیگوێزنەوە بۆ ناو دانیشتوانی میسر میسرییەکانیش لە ئاوی نیل دەخۆنەوە.

خۆیشیانی تیا دەشۆن، لە جۆگاکانی دەم نیلیشەوە هەر ئەوە دەکەن لەبەرئەوە لەو ئاوەوە تووشی ئەو نەخۆشییە کاریگەرە دەبن کە لەناویان دەبات.

بەڵام گیروگرفتەکە بەوە لانابرێت کە ئەو هێلکە شەیتانۆکانەی ناو نیل لەناو ببرێن بەوە لا دەبرێت کە ئاوی پاک و پوختە بدەن بەمیسرییەکان.

ئەمەیش پارەی تێ دەچێ!

(تراخوما)یش، لە هەموو خاکە گەرمیانەکاندا، چاوی منداڵە بچکۆڵەکان کوێر دەکات لە شەقامەکانی قاهیرە و قدس و بەغدادا ئەمەمان بەچاوی خۆمان دیی.

هەر چەندێک تێ بکۆشین، لە تواناماندانییە کە ئەم نەخۆشییە لەناو بەرین، تەنانەت ئەگەر خەمێکی پزیشکانەیشی بخۆین هەتا دانیشتوەکان شێوەی ژیانی خۆیان وا نەگۆڕن کە لە مێش بێزبکەنەوە، هەموو ڕەنجێکمان بەبا دەچێ واتای ئەمەیش ئەوەیە کە خەمخۆریی خانوو فێنک کردنەوەی باو و تەلی دەرگا و پەنجەرە بەکاربهێنین.

ڕەنگە وێنەی هەرە سەیری تەندروستیی خراپمان.

لە پلەیەکی گەورەدا، لە شاری تاراندا دیبێ، کە پایتەختی ئێرانە چونکە ئاوی خواردنەوە بەناو جۆگەلەی سەرنەگیراودا دەڕوات، لەملاو لەولای شەقامەکانەوە دانیشتوانی شارەکەیش خۆیان و بەرگەکانیان لەناو ئەو جۆگایانەدا دەشۆن، پاشان بەهۆی ئاو هەڵکێشەوە ئەو ئاوە دەبەنە ناو خانووەکانیانەوە بۆ ئەمەی بیخۆنەوە و چێشتیشی پێ لێ بنێن.

دوورنییە ئەو واتەی پێشینانە کە دەڵێ ئاو لەپاش ئەمەی حەوت جار هەڵگێڕ و وەرگێڕی پێ دەکرێ، خۆی خۆی پاک دەکاتەوە، ئێرانییەکان بخاتە سرەوت و ئارامەوە.

بەڵام ئەو واتەیە لە توانایدا نییە، ئێرانییەکان لە سک چوون (دیزانتەری) و ڕشانەوە (کۆلێرا) و لەرز و تا (مەلاریا) و گەلێ نەخۆشیی تر کە ئاو هەڵیان دەگرێت ڕزگار بکات لە شاری تاراندا، لە هەر پێنج منداڵە، تەنیا منداڵێک دەژیی تا تەمەنی دەگاتە شەش ساڵان.

ئەو قسەیە زۆر جوانە کە هەندێکیان لە شاری قاهیرە و قدسدا بۆیان گێڕامەوە کە دەڵێ: (نەتەوە حەز لە شتێکی چاکتر ناکەن لەوەی کە خۆیان هەیانە) ئەمەیش



بیانوویەکە، لە سەدان ساڵانەوە، لە هەموو جێگایەکا، ئەوانە بەکاری ئەهێنن کە لە باری ژیانی خۆیان دڵ خۆشن بۆ ئەمە بەکاری ئەهێنن کە بەش بڕاوەکان، نەکەونە بارێکی چاکترەوە بەڵام مێژووی شارستانێتی تێمان دەگەێنێ، کە ئەگەر بارێکی ئابووریی وا پێک بهێنرێ کە ئەوانەی سامانیان کەمە، یاخود ئەوانەی هیچ سامانێکیان نییە، بتوانن، گەشە بە بەشی خۆیان بدەن، بەکارێکی خراپ و ڕووخێنەر دانانرێ بەڵکو بەکارێکی بەکەڵک دادەنرێ، کە بەهۆی ئەوەوە کامەرانی و چاکەی نەتەوە بەتەواوی سەردەگرێ.

منیش وام بۆ دەرکەوت کە خوێندواری و تەندروستیی گشتی لەناو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەندن بەپێک هێنانی ژیانێکی باشتر و بڵندترەوە ئەمەیش لە خۆیەوە، پێویستی بە بەکارهێنانی شێوەی هونەریی باوی ئەم چوخە هەیە لەگەڵ پیشەسازییدا، بۆ بەرهەم هێنانی کوتاڵ و کەلوپەل و کاروفرمانی بەکەڵک.

بێ گومان، چاک کردنی بارستایی ژیانێکی وا بەژمارەی بازاڕەکانی جیهان پەرە دەدات چونکە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک هەورێکی گەورەی وشک و برنگ وایە لەباریا هەیە تا بلێیی کووتاڵ و کەلوپەل و کاروفرمانی هەموو ڕەنگە بمژێ، کەواتە ئەگەر ئەو نەتەوانە تیژ بکرێنە سەر ژیانێکی باشتر، دوورنییە کە کەڵکێکی تەواو ببەخشن بەو شوێنانەی کە پێویستیی ژیان دروست دەکەن بەڵام لێرەدا هۆیەکی بەهێزتر و شێر گیرتر هەیە بۆ چارەکردنی ئەم گیروگرفتە ئەویش ئەوەیە کە لەنگەرێک لە ئارادانییە لە ناوەند ئەو نەتەوانە و جیهانەکەیاندا؛ کە دوورنییە ئەمەیش ببێتە سەرچاوەیەکی تێک چوون و ئاژاوە، شەڕێکی گەورەی تری لێ پەیدا ببێ.

ڕاستییەکان یەجگار سادە و ساکارن ئەگەر بهاتایە ئێمە دارستانە زەیتونەکان و کێڵگەکانی لۆکە و بیرەکانی نەوتی ئەم خاکانەمان واز لێ بهێنایە، ئەوساکە دەمانتوانی خەمی ئەم (لەنگەرە) نەخۆین هەر هیچ نەبێ تا ئەم ڕۆژە بەڵام ئێمە واز لەو شتانە ناهێنین چونکە هەرچییەکمان هەبوو لە بیروباوەڕ و ئامانجی بڵند، لە وێنە بزێوەکانمان، لە پێڕەویی ڕادیۆکان و ئەندازیار و بازرگان و زرێوان و سەربازەکانمان، ناردماننە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەواتە چارەنییە دەبێ بەری ئەو دارە بچنینەوە کە خۆمان ڕوواندومانە.

لە ڕاستییدا ئەم ئەنجامە لە باریا هەبوو کە ڕێگاکانی کۆنی ژیانی وا لێ بکات، بخرێنە پشت گوێ و کەڵکیشیان نەمێنێ.

چونکە چەند هەزار گەزێک لەولای شاری قاهیرەوە، چەند کچێکی میسرییەکانم دیی،

تەمەنیان تێپەڕی نەدەکرد لە دەسالان، ئاویان هەڵ دەهێنجایە سەرەوە بۆ ناو جۆگەلەی ئاودان، بەو ئاو هەڵکێشە سەرەتاییانە کە وەک چەرخە سەرەتاییەکان وانە ئەو منالانە، وا دەردەکەوت، لەش سووک بوون لەگەڵ ئەوەشدا تا سەر هەروا نامێننەوە لە ڕاستییدا میسر لەم بارە سەیرەیدا کە تیایەتی، هەر لەبەرئەوەی کە سوێندخوارێکی شەڕ نەکەربوو لەگەڵ بەریتانیای گەورەدا، ئاشکرا و دیار، هەروەک هەموو فەرمانڕەواییەک کە بیەوێ دەربکەوێ، کەم تەرخەمانە خۆی پێشاندا بەرامبەر ئەو لایانەی کە لە جەنگەکەدا سەر دەکەون ئەمەیش هەر هەڵەی بەریتانییە بەڵام هەروەک بۆم دەردەکەوێ، بەندە بەو شێوەیەوە کە ئێمەی ئەمریکایی لەگەڵ ئینگلیزەکاندا پێکەوە، گفت و پەیمانەکانی خۆمان بەجێ نەهێنا.

هەروەک بۆم دەردەکەوێ، ئەم گیروگرفتە، کە گیروگرفتی گوێزانەوەی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە بۆ سەردەمی سەدەی بیستەم، لە سنووری کاروباری گشتی هەڵسوڕاندن و پیشەسازیدا، ئەویش، بەشی خۆی، بەتەواوەتی بەندە بە کەینەوبەینەی فەرمانڕەوایی کردنی خۆ وە لە کۆڕی زرنگکاریی (سیاست)دا زۆر کەس لەو بێگانانەی کە چاوم پێیان کەوت و گفتوگۆم لەگەڵدا کردن.

لەم خاکانەدا، گەلێک هۆیان پێشان دام، کە بەلای خۆیانەوە پەسەندبوون، بۆ پاش کەوتنە زۆرە سەرەتاییەکەی کە زۆربەی عەرەبەکانی تیا دەژین ئەم هۆیانە لە ناوەند ئەم دوو لایەدا بوون یەکێکیان ئەوەیە کە عەرەبەکان هەر لە منالییەوە حەز بەمردن دەکەن ئەوی تریشیان ئەوەیە کە ئایینەکەیان ماوە نادات پارە کۆبکەنەوە بۆ ئەمەی ژینێکی پوختەتر و باشتر ڕابوێرن کە لەسەری داماون.

بەلای منەوە ئەم هۆیانە، زۆریان، بریتین لە قسەیەکی هیچ و پووچ هەر عەرەبێک لەو عەرەبانەی دیوتن ماوەیەکیان بەرێکە هەست بەگەورەیی خۆیان بکەن بەسەرخۆیاندا، زۆری پێ ناچێ، بۆت دەردەکەوێ کە ئەو جیهانەی تیایا دەژین دەگۆڕێ و بەتەواوەتی سەرەو ژێر دەبێ لە ڕاستیدا سەربەخۆیی، یاخود فەرمانڕەوایی کردنی خۆیی، هەر وەک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تێی دەگەن، بیرێکی تەواو بەرەڵلایە، ئەمریکایی هەر تێی ناگات.

چونکە ئەوانەی حەزی لێ ناکەن، وا پیشان دەدەن کە ئەگەر ئەو نەتەوانە ڕێگایان پێ درا، بەئارەزووی خۆیان فەرمانڕەوایی بکەن بەسەر خۆیاندا.

دوورنییە کە پشێویی و ئاژاوە بنێنەوە ئەمە لە لایەکەوە لەلایەکی تریشەوە، ئەوانەی



حەز بەوە دەکەن، وێنەیەکی یەجگار ڕەش دەکێشن بۆ دەسەڵاتی ڕۆژئاوا لەناو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەوانە ئەو دەسەڵاتە وا پیشان دەدەن، کە هەر بریتییە لە ڕووتاندنەوە و چەوساندنەوەیەکی داگیرکەرانە کەچی ئەو دەست کەوتە دامەزراوانە لەبیر خۆیان دەبەنەوە کە شان بەشانی داگیرکردنی فەرەنسەو بەریتانیا و ئەمریکا لەو خاکانەدا پەیدابوون.

ڕاستیی دامەزراویش لە ناوەڕاست دایە چونکە ژمارەیەکی زۆر کەمم دیی لە عەرەب و جوولەکە و میسری و ئێرانییەکان کە بیانەوێ ڕۆژئاواییەکان دەمودەست لێیان دووربکەونەوە و هیچ فرێکیان بەسەریانەوە نەمێنێ لە ڕاستییدا بەجۆرێکی گشتیی، ئەیانەوێ بەریتانیا و فەرەنسە، بەپێی پێڕەوییەکی ڕێکوپێک و دوروست، پەیتا پەیتا بەرێکوپێکییەکەوە هێز و دەسەڵات بگوێزنەوە بۆ فەرمانڕەواییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان ئەمەیش هەروەک دەردەکەوێ ئارەزوویەکی زۆر پەسەندە چونکە لە خاکێکی وەک (عیراق)دا، بۆم دەرکەوت کە لە توانادا هەیە ئەم ئارەزووە بهێنرێتە جێ بەتەواویی چونکە عیراق یەکێکە لەو خاکە کەمانەی لە جیهان دان، کە لە بارێکی داگیرکراوییەوە، چوبێتە بارێکی سەرپەرشتی کردن، پاش ئەوە لە ڕووی هونەرییەوە بووبێتە فەرمانڕەواییەکی ئازادی خاوەن گەورەیی بەسەر خۆیدا هەلێکم بۆ هەڵکەوت کە لەوە تێ بگەم، کە گەورەییەکەی عێراق هێشتا لەژێر چنگی پێویستییەکانی بەریتانیا دایە ئەوەندە هەیە، بەلای کەمەوە پێویستییەکان، بابەتی سەربازیی بوون، پەیوەندییان بەبردنەوەی جەنگی جیهانییەوە هەبوو.

ئەو پیاوانەی کە لە عیراق دا دیمن، هەموویانم چوو بەدڵدا.

شازادە (عبدالأله)، سەرپەرشتی کەری شاه، نانێکی زۆر ناوازەی بۆ کردم لە بەغدادا، کە تا دەمێنم لەبیرم ناچێتەوە لەناو مێرگێکی پان دا، لەسەر ڕایەخێکی نایاب بەپێوە ڕاوەستابوو پێشوازیی بانگکراوەکانی خۆی دەکرد بۆ سەرنان خواردن.

نێزیک بەو، سەرۆکەکانی فەرمانڕەواییەکەیشی لەسەر ڕایەخی تر وەستابوون هەندێکیان بەمێزەر و ساکۆوە بوون کە کاربەدەستی ئابووریی یەکێک لەوان سەروشێوەکەی یەجگار سەیربوو هەروەها سەرۆکی کۆڕی ڕیش سپییانیش بە بەرگ و پۆشەنییە کۆچەرییەکانییەوە وەهای دەنواند، کە بێگانە بێ شەرمەکان لەبەر بەرگەکەی و لەبەر ڕیشە درێژەکەی وەک (خوا)یەک سەیریان دەکرد بەڵام ئەوانیتر لە جلوبەرگی فەرەنگی دابوون وام بۆ دەرکەوات کە تێکڕا هەموو کاربەدەستێک، ڕۆژێک لە ڕۆژان، هەر کاربەدەستییەکی دەست کەوتبێ کاروباری هەڵسوڕاندوە.

هاوڕێیەکی عێراقیم پێی گوتم: (کەتۆ لەناو دەستتدا تەنیا چەند قاقەزێکی یاریکردن مابێ، جار لەسەر جار ناچار دەبێت تێکەڵ بەیەکتریی دەکەیت ئەوی وانییە؟)

لەپاش دووشەو نانێکی ترمان بۆ کرا. ئەمجارە (نوری سعید پاشا)، سەرەک کاربەدەستانی عێراق بۆی کردین. نوری پاشا، پیاوێکی لەش بچووک بوو، لە چاوەکانیا تێ نوارِینێکی سەرچڵانەی تیا دەبینرێ کە کار لە پیاو دەکات.

یەکێک بوو لە مێشکە زۆر زانانەی کە لە ژیانما دیبوومن.

لەپاش ئەمەی بەریتانیاییەکان، بەپێی ئەو فرمانەی کە لەسەر شانیان بوو، هێزی سەربازییان بەکارهێنا بۆ دەرپەڕاندنی (ڕشید عالیی گەیلانی)، کە سەرەک کاربەدەستێکی پێش ئەو بوو، ئەڵمانەکان کرِیبوویان بۆ خۆیان، نوری پاشا گێڕرایەوە سەر تەختی فەرمانداریی لە ساڵی ١٩٤١دا. نوری کە فەرمانڕەوایی عێراقی دەکرد سوێندخوارێکی شەڕ نەکەر بوو[١] لەگەڵ بەریتانیادا بەڵام ئارەزوویەکی بەهێزی هەبوو، کە بچێتە ناو ئەو هەراوهۆریایەوە لە دواییدا ئەوەیشی بردە سەر.

(سێر کناهان کۆرنوالیس)یش، کە ڕاسپاردەیەکی کاربەدەستی بەریتانیا بوو لە (بغداد)دا، ئینگلیزێکی تربوو، کەڵەگەت بوو، قەندەی دەکێشا، دەسەڵاتدار و لەسەر خۆبوو، یەکێک بوو لەو کەسانەی کە شاهەنشاهێتیی ئینگلزیان دامەزراند بوو، ڕۆڵەیەک بوو لە ڕۆڵە دڵسۆزەکانی کاربەدەستی خاکە داگیرکراوەکان، کە لە هەموو شوێنێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چاوم پێیان دەکەوت بێ گومان پیاوێکی وابوو، کە نوری پاشا، لە ئەندازەیەکی پەسەندا بەوریاییەکی واوە گوێی لێ دەگرت، کە ڕێزگرتنی تیابوو. لەگەڵ ئەمەشا من لەوە دڵنیا نەبووم کە (نوری پاشا) پیاوێکی کارامە بێ و بەپێی ڕۆژ بجووڵێتەوە یان لەوانەبێ کە خۆی دووربخاتەوە لە دەمەقاڵێ، لە ڕووی پێش بینییەوە، لەسەر سەربەخۆیی تەواو لە دەست درێژیی بەریتانیاییەکان، یاخود لەوە ئاگاداربێ کە ڕۆژەکەی باش بوو بۆ ئەو خەباتەی کە یەکەم فەرمانڕەوایی عەرەبی سەربەخۆی باو دابمەزرێنێ. میوانداریەکەی نوری، وێنەیەک بوو لە هەزار و یەک شەوەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕۆژەکەمان بەوە بەسەر برد کە سەیری ناو شاری بغداد بکەین، مزگەوتی شیعەکانمان دیی (مەبەسی- کاظمین- ە)[٢] کە پڕبوو لە ئەندێشە و منارە زێڕینەکانی

(١) بەمانای (حلیف و سالم...)

(٢) ئەمەی ناو کەوانەکە هی وەرگێڕە عەرەبییەکەیە.



چووبوون بەئاسماندا دیوارەکانی دەرەوەی بەغدایشمان دیی لەگەڵ خانووە بۆرە تۆزاوییەکانیدا کە لە خشت دروست کرابوون (سوق الصفافیر)یشمان چاوپێکەوت، کە لەوێدا تەشت و مەسینە لە مس و لەزیو دروست دەکەن. کەچی لە کۆگاکاندا مەسینەکانی (نیویۆرک) یاخود (لیڤەر پول)یان دەفرۆشت چووینە ناوازەگا (متحف)یش کە لە جوانترین ناوازەگاهەکانی جیهان دەژمێررێ؛ پڕبوو لە کەلەپوورەکانی (ئوری کلدان) کەهی سەردەمی مێژوومانن. پاشان چوینە چایخانەیەکەوە، کە قاوەی عەرەبمان خواردەوە لەوێدا دانیشتوان چڕوپڕ دانیشتبوون، خەریکی گفتوگۆکردن و ڕۆژنامە خوێندنەوە و یاریی دامەکردن بوون لە ملاولەولامانەوە لەگەڵ ئەمەشدا نان و چێشتەکەی نوری پاشا، لە چاو ئەم چاو ئەندازانەدا یەجگار ناوازە و شۆخوشەنگ بوو.

لەپاش چەند وتارێکی ئاسایی، شێوەکە بوو بەئاهەنگێکی ساز و ئاواز ئاهەنگە ساز و ئاوازەکەیش گۆڕرا و بوو بەپێشانگەیەکی کچە سەماکەرەکانی عەرەب ئنجا بوو بەجێگا هەڵپڕکێیەکی فەرەنگی، لە نەخۆشیار (ممرضة)ەکانی بەریتانیا و سەربازەکانی ئەمریکای تێکەڵ بوو بوو کە لە شاری (بەسرە)وە هاتبوون لە کەندال (خلیج)ی فارسییەوە، لەگەڵ ئەفسەرانی عێراقیدا ئەوانە هەموویان لەژێر ئاسمانێکی عەرەبدا هەڵ دەپڕین و سەمایان دەکرد هەر کەسێ ئەو شەوە لەو ئاهەنگە و زەماوەندەدا بووبێ، ئەو بیرەی لە مێشکدا نەدەمایەوە کە ڕۆژهەڵات و ڕۆژ ئاوا یەک ناگرن ، کە خوایش بڕیاری وا داوە عەرەب لە بیاباندا بەکۆچەری بمێنێتەوە، تا بێگانەکان لە پشت زرێ وە فەرمانڕەواییان بەسەردا بکەن.

ڕۆژی دوایی کە لە بەغداوە چوومە تاران، لە فڕۆکەکەدا بیرم لە بەزمورەزمی دوێنێ شەو دەکردەوە.

کە سەرنجمدا هەستم بەهەندێ تەووژمی نهێنیی تێگەیشتوانە دەکرد کە لەوەپێش لەکاتی گفتوگۆکردنمدا لەگەڵ شاگردان و ڕۆژنامەگەرەکان و سەربازەکانی هەموو جێگایەکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەستم پێ کردبوو، ئەو تەووژمانە باوەڕمیان بەهێز دەکرد کە ئەو نەتەوانەی تازە وریابوونەتەوە و لە خەو ڕاپەڕیوون، دوایی لە پشت پێشەوایەکی توندوتیژی ئەم پشتەوە دەڕۆن ئەگەر بێتو سەردارەکان و فەرماندارەکانیان، دەست نەکەن بەلابردنی برسێتییە تازەکەیان بۆ خوێندن و بۆ هەلێک کە لەدەست بەندوکۆتەی کۆنی فەرمانڕەوایی و ئایینی خۆیان ڕزگار بکەن. چونکە پەچە و باڵاپۆش و فێستی سوور و نەخۆشی و پیسی و پۆخڵی و کەموکووڕی لە خوێندن و پێشکەوتنی پیشەسازیی باودا،

لەگەڵ دەست درێژیی فەرمانڕەوایی، ئەوانە هەموویان لەناو مێشکیاندا تێکەڵ و پێکەڵ بووبوون، بۆ ئەمەی ڕابردوویەک پیشان بدەن کە یەکێتیی ناوەند هێزەکانی کۆمەڵایەتییە تایبەتییەکەی خۆیان و کەڵکی دەسەڵات داریی بێگانە دایبڕیبوو بەسەریاندا جار لەسەر جار لێیان دەپرسیم: (ئایا ئەمریکا دەیەوێ پشتی ئەو یاسایە بگرێ کە بێگانەکان خۆیان دەچەسپێنن بەسەر سیاسەتی ئێمەدا، بام یەجگار کارزرنگیش بێ، لەگەڵ ئەوەشا کە بێگانە فەرمانڕەواییمان بەسەردا دەکەن و هەموو خواری و خێچی یەک لەکردەوەیان هەیە؟

ئەمریکا نیازی وایە ئەوە بکات، هەر لەبەرئەوەی کەوا ڕێ کەوتووە خاکەکانی ئێمە ببنە بنکە گرنگەکانی جیهان لەسەرە ڕێگای سەربازیی و بازرگانیدا؟

یاخود، وەک خۆت، ئەوانیش وا دەڵێن کە ئێمە لە بنکە گرنگەکانین و بەپێویست دەزانرێ دەستیان بەسەردا بگیرێ بۆ ئەمەی ماوە نەدرێ بەفەرمانڕەواییەکانی نێرک (محور)، واتا بەئەڵمانیا و هاوڕێکانی لە جەنگدا، یان بەهیچ فەرمانڕەواییەکی نا دیموکراتی، کە دەست بگرن بەسەر کلیلی ڕێگا سەربازییەکان و بازرگانییەکانی جیهاندا؟ یاخود جۆگەکان و زرێ کان و شارەکانمان پێویستن بۆ ئەمەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەستی بەسەردا بگیرێ، چونکە ڕێگایەکیش پێک ئەهێنن بۆ ئاسیا؟).

من پەی بەوە دەبەم کە ئەم کەینەوبەینەیە زۆر بەئاسانی ڕوون دەکرێتەوە لەکاتی بڕیارداندا وایش نییە کە بەچارەکردنی ئاسانکاری تێ نەکرێ ئەوەیش دەزانم کە چەند شوێنێکی وەک (سوێس) و (ڕۆژهەڵاتی زرێی سپیی ناوەڕاست) و ئەو ڕێگایانە کە بەئاسیای بچووکدا دەڕۆن بۆ ڕۆژهەڵات، هەر دەبێ لەژێر دەستی دۆستێکی هەمووده‌میدا بمێننەوە، ئەگەر بمانەوێ دیموکراتییە ڕۆژئاواییەکەمان هێزەکانی دوژمن هەڕەشەی لێ نەکەن هەروەها ئەوەیش دەزانم کە چ لە ڕووی مێژووەوە، چ لە ڕووی کاروباری ئێمڕۆوە، بیانوویەکی گەورە هەیە بۆ پەیدابوونی یاسای داگیرکەریی (إستعماری) بەمەبەسی خۆ پاراستن ، وەک ئیمڕۆ لە ئارادایە بەڵام کە تەماشای ئەو بیروبارانە دەکری کە ئیمڕۆ لە گەشەکردن دان، کە تەماشای پێویستی ژیانی ئیمڕۆ دەکرێ، کەینەوبینەکە لێرەدا دەمێنێتەوە: ئایا لە تواناددا هەیە ئەو یاسای داگیرکەرییەوە لەمە بەولاوە بپارێزرێ؟

لە ڕووی دەستووری بیروباوەڕی بڵندەوە، پێویستە ڕووبەڕووی ڕاستی بوەستین و بڵێین: یاسای داگیرکەریی، بەلای ئەو هەموو بیروباوەڕانەوە کە ئێمە دەڵێین شەڕیان لەسەر دەکەین، نەنگەویستە بێجگە لەوە، ئێمە هەر چەندێک ئەو بیروباوەڕانە



بڵاوبکەینەوە، ئەوەندە ئەو هەوێنی ئاشووبە سگڕتێ بەردەدەین کە یاسای داگیرکەریی دەخاتە تەنگوچەڵەمەوە.

من ئەمانە هەموویان دەزانم بەڵام ئەوە دەگێڕمەوە کە بەمێشکی سەرەکی کاربەدەستەکان و کاربەدەستەکانی کاروباری دەرەوە و، کۆمەڵە ڕۆشنبیرە ورياکاندا دێ کە لە هەموو شارێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چاوت پێیان دەکەوێ تەنانەت ئەوەیش دەگێڕمەوە کە بەجۆرێکی نادیاردا بەمێشکی بۆرە پیاوەکاندا دێ ئەمە هەرچۆنێک بێ، پێویستە بەشێوەیەکی تازە چارە بکرێ کە پڕ بێ لە ژیریی و دووربینی. ئەگینا پێشەوایەکی تازە پەیدا دەبێ، بەهەموو خۆپەسندییەکی ناپەسندەوە، دەست دەکات بە بەکارهێنانی پشم و قینی گشت لایی دوایی ئەنجامیش بەوە دەگات کە بەناچاریی، یان فەرمانڕەواییە بێگانەکان بەتەواوەتی لەم خاکانە بکشێنە دواوە، کە بەهۆی ئەوەوە تووشی زیانێکی گەورە دەبین، کە لە دەسەڵاتی دیموکراتی دەکەوێ.

یاخود دەبێ بەهۆی سەربازەوە ئەو خاکانە بەتەواوەتی داگیر بکرێن و لەلایەن بێگانەکانەوە کاروباریان هەڵسوڕێنرێ.

جا ئەگەر ئێمە باوەڕ بەو ئامانجانە دەکەین کە بانگیان بۆ دەدەین، ئەگەر دەمانەوێ ئەو هێزە ڕاپەڕیوە تازانەی ناو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، یارمەتیمان بدەن لە گەیشتن بەم ئاواتانەدا، ئەوا پێویست وایە لەسەرمان کە ئیتر لەمە بەولاوە خەریکی درێژکردنەوەی ماوەی دەست درێژیی خۆمان نەبین، بەهۆی بەکارهێنانی هێزەکانی ناو ئەم خاکانەوە و، وروژاندنیان لە یەکتری، تەنیا بۆ کەڵک و چاکەی تایبەتیی خۆمان.

## تورکیا نەتەوەیەکی تازەیە

ئەو بەشە کۆن و فراوانەی کڵاوەی زەمینە، کە لە باکوری ئەفەریکاوە درێژ دەبێتەوە بەلای ڕۆژهەڵاتی کۆنترین زرێی جیهاندا تا دەگاتە (بەغدا)، لەو ڕێگایەوە کە دەچێ بۆ (چین) ڕەنگە ئەو ناوچەیە بێ کە سەرکەوتن یاخود شکانی تیا ڕوودات بۆ جەنگەکەی ئێمە جا چونکە تانک و فڕۆکەکانی ئەمریکا و بەریتانیا و فەرەنسە و نەتەوە یەکگرتووەکانی تر لەم ناوچەیەدا کۆبوونەتەوە، ئەم بەشە هێشتا بەکۆڕی ئەو جەنگە دادەنرێ کە دوورنییە تیا بقەومێ بەڵام لە کۆڕێکی جەنگ بەزۆرتریش دادەنرێ، بەجێ تاقیکردنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی گەورەی وا دادەنرێ، کە هێشتا بەملیۆن کەسانی تیایە، لەناو مێشکی خۆیاندا ئەو پێڕەوییە سستە کاریگەرە تاقی دەکەنەوە کە لەم کۆڕی

جەنگانەدا بەکاردەهێنرێن، بێ ئەمەی تەماشای ئەوە بکەن ئەم پێڕەوییە دەبێتە هۆی سەرکەوتن یاخود دۆڕاندن، یان پیاو کە هەست بەوە دەکات ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەردەمی ڕاپەڕین وهەڵمەت و گۆڕراندایە، زۆرتر لە تورکیادا ئەو هەستە دەکات چونکە کۆماری تورکیا لە تاکە پشتێکا نموویەکی وای پیشاندا، کە دوورنییە لەو ناوچە فراوانەدا هەمووی ڕوویدات کە کاتی خۆی بەشاهەنشاهیی (عثمانی) ناودەبرا.

ئەو بیروباوەڕانەی کە تورکیا ئیمڕۆ بەشێوەیەکی تایبەتی دەیخاتە مێشکی ئەمریکاییەکەوە، بۆ هەر کوێیەک، دەچی تاسنووری ڕووسیا و چین و هیندستانیش، هەر چییەک ئەبینی پشتیوانیی ڕاستیی ئەو بیروباوەڕانە دەکات.

تورکیا کۆمارێکی تازەیە لە پایزی ڕابردوودا ئاهەنگێکی گێڕا بەبۆنەی ساڵی نۆزدەهەمیەوە لە هەندی دراو سێ بێگانەکانیشی کۆنترە منیش کە لەوێ بووم، لەگەڵ هەر تورکێکدا گفتوگۆم دەکرد، بەزیرەکییەکەوە هەستی پێ دەکرد کە دوورنییە نیشتمانەکەی ڕۆژێ لە ڕۆژان هەڵمەت ببرێتە سەری تورکیای ئێستایش بچووکترە لەو ساکەی کە بریتی بوو لە شاهەنشاهێتییەکی گەورە و فراوان، کە ئێستاکە بووە بەنەتەوەیەکی پاکی یەکگرتوو[*]. تورکیا هەرچەندە تازە دامەزراوە و لە چاو هەندێ لە دراوسێکانیا کزە.

بەڵام وام هاتە پێش چاو کە کردەوەکانی پەسند بێ.

چونکە ئاشکرا و دیار بڕیاریداوە کە بێ لایەنیی خۆی بپارێزێ، بەهەموو هێز و هەڕەتێکیەوە بۆیەکا کردەوەی پەسندە، چونکە ڕووی کردۆتە جیهانی باو، دەستیشی کردووە بەئاوەدانی بەهەموو هێز و گورجوگۆڵییەکیەوە.

بۆیەکا، لام پەسەند دەرکەوت، چونکە ژمارەیەکی زۆرم لە سەربازان و شارستانییەکان دیی، لە دەموچاویاندا دڵسۆزیی و توندوتیژیی تیابوو ئەوانە، هەروەک ئاشکرایە، ڕووی نەتەوەیەکیان پێوەیە، کە دوارۆژێکی بۆخۆی داناوە و لە پێناویا خۆی دەدات بەکوشت.

دوایی: بۆیەکا تورکیام بەدڵاچوو، چونکە وام هاتەپێش چاو کە لە تورکیادا نەتەوەیەکم چاوپێکەوتووە کە خۆی دروست کردووە، خۆی دۆزیوەتەوە ئەمەیش نیشایەکە بۆ ئەوەی کە ئەو بیروباوەڕانەی گوتراون لە بابەت زۆرکردنی تەندروستیی و خوێندەواری و سەربەستی

(*) داخەکەم نووسەری بەڕێز لێرەدا بەهەڵەدا چووە چونکە کوردەکانی تورکیا کە ژمارە سەریان لە دە ملیۆن کەمترنییە (ئەوکاتە، واتە لە ١٩٦٥- أ. ب) هەرگیزاو هەرگیز نەیان ویستووە لە ژێر دەستی تورکەکانی تورکیادا بمێننەوە. -وەرگێڕ-



و دیموکراتییەوە، ئەوەندەی لە کۆنترین بەشی جیهاندا پەسەندن، ئەوەندەیش لە تازەترین بەشی جیهاندا پەسەندن.

شاری (ئەنقەرە) بەیەکێک لە پایتەختە گەورەکانی جیهان دانانرێ. شارێکی تازەیە لەسەر گردێکیش کە لەناو سنووری شارەکەدایە.

بەشێک لە دێیەکی کۆن ماوەتەوە، بۆ ئەمەی بیری تورکەکان بخاتەوە کە تا چ ئەندازەیەک، پێشکەوتوون لەسەر گردێکی تریش، (ئەتاتورک) کە باوکی کۆمارە تازەکەی تورکیایە خانووە تایبەتییەکەی خۆی دروست کردووە لەوێوە دەتوانیت بێیتە خوارەوە بەناو چەند شەقامێکی پڕ لە دارو درەختدا، کە لەملا و لەو لایانەوە، ڕێبازی پان دروست کراون، تا دەگەیتە ناو جەرگی شار. شەقامەکان پڕن لە ئۆتۆمۆبیل دانیشتووەکان لە جلوبەرگی باشدا دەبینرێن[*]. هەرکەسەیان خەریکی فرمانی خۆیەتی. ساختمانەکانیش هەموو نوێن، چاو ئەندازەیان جوانە.

ڕۆژێکیان بەئوتۆمۆبیل لە ئەنقەرە چوومە دەرەوە نزیکەی چل پەنجا هەزار گەزێک چوومە ناو لادێیەوە، ڕووەو ڕۆژهەڵات کە لە سنووری شارەکە چوویتە دەرەوە، لەناو ئەنەدۆڵی کۆندا خۆت دەبینی لەوێدا ناوچەیەکی سەخت و ڕەقەن و بەهێز دەبینیت، کە لەوەوە تێ دەگەیت (ئەتاتورک)، بۆچ بەئارەزوو وازی لە (قسطنطنیە) هێناوە، کە پایتەختێکی کۆنی هەمووەمیی (عثمانی)یەکان بووە، کە ئێستا کە (ئەستەموڵ)ی پێ دەڵێن بۆچ پایتەختی خۆی هێناوەتە ئەنقەرە کە لە ناوەڕاستی دەشتاییەکەی ئەنەدۆڵ دایە.

لەلایەکەوە، ناوچەکە ئەوەندە ڕەقەن و سەختە بەگران لەشکر لەناویەوە دەتوانێ تێ بپەڕێ چونکە لەشکرێکی بچووک کە مەشقێکی باشی پێ کرابێ و بەتەواوەتی پڕچەک کرابێ، لە توانایدا دەبێ کە تا ماوەیەکی دوورودرێژ ئەم خاکە بپارێزێ لە لەشکری دوژمن بام خاوەن ماکینە و تۆپ و تانک و فڕۆکەیش بێت.

شوانەکانیش، ڕانەکانیان لەسەر گردەکان دەلەوەڕێنن تەنانەت لەناو دێهاتەکانیشدا، بەڵگە هەبوو کە تورکیا، بەڕەنج و تەقەلایەکی زۆرەوە نەتەوەی دەخستە ناو خۆتازەکرنەوە وە لە نۆزدە ساڵی تەمەنی کۆمارەکەوە تا ئەو ڕۆژە.

(*) داخەکەم ئەم سەرنجەی نووسەری بەڕێز لە ڕاستییەوە زۆر دوورە چونکە نەک ئەو ساکەی توریا ئێستاکەیشی هەژار و داماو و پەک کەوتە و خوازە لۆک و جلوبەرگی شڕوپڕ لە شەقامەکانیا زۆر دەبینرێن، هەروەک خۆم بەچاوی خۆم دیومن لە ساڵەکانی ١٩٦٣و ١٩٦٥دا. (وەرگێڕ)

پیاوەکان خەریکی کردنەوەی ڕێگایەکی گەورەبوون بۆ ڕۆژهەڵات.

بەلای چەند ماکینەیەکی هەڵمداردا تێپەڕین بۆ پەستاوتنەوەی زەوی و بۆ شکاندنی بەرد بۆ ئەمەی لە ڕێگاکەدا بەکاربهێنرێن.

لەوێدا ئاو داشتنێکی باوی زۆریش هەبوو کە لەوانەن ڕۆژێک لە ڕۆژان گەلێک زەویی پان و فراوان لە ئەنەدۆڵدا بکەن بەلادێیەکی پڕ کشتوکاڵی گەش و شەنگوشۆخ تورکەکان بەوەوە دەنازێن کە لە ڕووی خوێندەواریی گشتی و ئاو داشتن و پیشەسازییەوە تا ئەندازەیەکی گەورە پێشکەوتنیان دەست کەوتووە. زۆر بەپەرۆشەوە بوون کە ئاگادارمان بکەن لە کردەوە و کاری خۆیان دێیەکیان ئاوەدان کردبووەوە، لەوێدا چوار دیواریان دروست کردبوو بەهەرچوارلای سەرچاوەی ئاوەکەیدا.

ئێمەیش بۆیەکا چوینە ئەو دێیە کە پەیمانگایەکی مەشقی مامۆستایان تیابوو، ببینین چوار دیوارە کە لە چیمەنتۆی چەکدار[1] و شووشە دروست کرابوو، جێگاکەیشی کەوتبووە ناوەڕاستی گوندەکەوە لە تەنشتێکیەوە ئاوی خواردنەوە دەهاتە دەرەوە لە تەنشتەکەی تریشی ئاوی جل شتن دەهاتە دەرەوە جۆگەلەیەکیشی هەبوو بۆ منداڵەکانی گوندەکە یارییان تیا دەکرد.

لەو کاتەدا کە من وەستابووم سەیری ئەم ڕێکوپێکییە جوانەم دەکرد و دڵم پێی دەگەشایەوە، چاوم بەهەندێ ئافرەتی دەموچاو داپۆشراو کەوت، بێ دەنگ لەسەر سەربانی خانوویەک دانیشتبوون، بەپێی ڕەوشتی کۆنی خۆیان لەگەڵ ئەوەشدا چاوم بەهەندێ کوڕ و کچ کەوت سەیری ئەو سەرچاوە ئاوە پاکەیان دەکرد، وەک من؛ کە شتێکی تازە و بەکەڵک و دەمار بزوێنەربوو.

ئەو ماوە کەمەی کە لە تورکیادا مامەوە، ئەوەندەی پێم کرا سەیری پیشەسازیی تورکیام کرد لەچاو پیشەسازیی نەتەوەی جەرمانەکاندا، پیشەسازییەکەیان ئەوەندە گەورە نییە سەرت لێی سوڕبمێنێ، کە دوورنییە ڕۆژێک بێت بەرەنگاری ئەو پیشەسازییە بێت.

ئەوەندە هەیە سەرت لە دروست کردنە چاکەکەی سوڕدەمێنێ، کە هیوای دواڕۆژێکی گەش دەبەخشێ بەتورکەکان.

گەلێک فرۆکەخانەم چاوپێکەوت لەگەڵ فیشەکی لەشکرێکی خاوەن ماکینەدا و هەندێ ڕێگای ئاسن و تازەترین جۆر و شێوەی ساختمان و ئاوەدانی.

---

(١) واتا: کۆنکریت، کە ئەم زاراوەی (چیمەنتۆی چەکدار)ە بەهەڵە لە زۆر کتێبی قوتابخانەکانیشدا بەکارهێنراوە!!



ئەوانە و گەلێک شتی تریشم لە تورکیادا چاوپێکەوت.

جارێکی تریش چووە مێشکمەوە کە شۆڕشی پیشەسازیی هەر لە دەست نەتەوەیەک لە نەتەوەکان ناوەشێتەوە. هەروەها تایبەتی نییە بۆ ڕەگەزێک لە ڕەگەزەکانی ناو جیهان. لە ڕاستیدا ماکینەی سوتاندن، بەملیۆن کەسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕاپەڕاندووە لە خەو، لە خەو ڕاپەڕاندوون و سرەوتی لێ تێک داون. ئەو تورکانەیشی وا لێ کردووە، کە جۆرە هونەرمەندییەک و جۆرە برسێتییەکیان بۆ پەیدا ببێ.

ئێستاکەیش کەوا ئارەزوو دەکەن ببنە نەتەوەیەکی ئەم چەرخە و، دەستیشیان کردووە بەفێربوونی بەکارهێنانی ماکینەکانی ئەم چەرخە، یەجگار گرانە کە بەریان لێ بگیرێ.

ڕەنگە ئەوەی زۆرتر کار لە دڵت بکات و گەشکەدارت بکات، زۆتر لە تازەکردنەوەی پیشەسازیی و ئابووریی لە تورکیادا، ئەو هەڵگێڕانەوەی کۆمەڵایەتی و پەروەردەکردنە بێ کە ڕووی داوە و تا ئێستایش کە جیهان لە جەنگ دایە هەر لەبرەودایە بەژن و باڵا و سەر و پۆتەڵاک لە هەموو شارێکا، بەلای گەشتوگوزارکەری سەرنج دەرەوە، بەجۆرێکی سەرزاریی و ڕووکەش بەڵگەیەک پێشان دەدات بۆ ڕووتێکردنی نەتەوەکە بەرەو گۆڕان، چونکە لە (بەغدا)دا چەند فەرمانبەرێکم دیی، هەندێکیان بەجلوبەرگی ڕۆژئاواییەوە بوون، هەندێکیشیان بەجلوبەرگی کۆنی موسوڵمانانەوە، لە (چین)دا بۆیەکا لە سەرۆکی خۆیان ڕێزدەگرن، چونکە ئەو بەتەنگ ڕاگرتنی ڕەوشتە کۆنەکانی چینەوەیە و، جلوبەرگەکانیان وەک خۆیان دەپارێزێ کەچی ژنی سەرۆک (شانکای شێک)[1]، هەرچەندە بەدەستووری چینییەکان جلوبەرگ دەپۆشێ، بەڵام ئەویشی لەبیرناچێت کە هەرهیچ نەبێ، هەندێکی لێ ڕاست بکاتەوە لەپاش ئەوەی چاوێک دەخشێنێ بەسەر گۆڤاری جلوبەرگدا.

بەڵام لە تورکیادا وانییە هەموو فەرمانبەرێک بەنازەوە جلوبەرگی ڕۆژئاوایی، نەک هی تر، لەبەر دەکات.

فێست، بەپێی یاسا، هەڵگیرا، ئیترنەهێڵرا کەس بینێتە سەر سەری ئەمەیش نیشانەیەکی خۆ گۆڕین بوو.

---

(١) تشانگ کای تشیک (١٨٨٧- ١٩٧٥) سەرکردە و ڕابەرێکی چینی بوو، لە ١٩٣٥- ١٩٤٧ دژی یابانیەکان جەنگا، لە گەڵ ماوتسی تۆنگدا ناکۆکبوو و چووە دوورگەی فەرمۆزاوە، لە ١٩٤٩دا حکومەتی (تایوان)ی دامەزراند و بووە سەرۆکی کۆمار هەتا ١٩٧٥ کە مرد.

هەندێ جار پیاو چاوی بەچەند ئافرەتێکی دەموچاو داپۆشراو دەکەوێ، ئەوانە فڕیان بەسەر چەرخەوە نییە لە ڕاستیدا تورکەکان بەسەرۆکایەتیی (ئەتاتورک) و هاوکارە خاوەن دەسەڵاتە کارگوزارەکانییەوە کە لە دوای ئەوەوە هاتنە سەر تەخت، بەسەرزاریی و بەڕاستی پەردەیان لەسەر ڕووی ڕۆژهەڵات لادا. لە ڕووی نەتەوەکەی خۆیان کردەوە مرۆڤیش وا هەست دەکات کە ئەو ڕۆشناییەی کەوتۆتە جێی تاریکیی پەردەکە، هەتا سەر دەمێنێتەوە.

هەڵگێڕانەوەی ئەم ڕەوشتە کۆنە بەجۆرێکی وا پێک هات کە نە هێزی پێویست بوو، نە سەرباز، نە قاووقیژی ناو نەتەوە بەرەنگێکی وا چووە سەر کە هورووژم نەبرایە سەر خاکێکی تر.

ئەمریکایش، بەجۆرێکی تایبەتی، هەندێ مافی هەیە کە بەم هەڵگێڕانەوەیەوە بنازێ چونکە (ڕۆبەرت کۆلێج) کە خوێندنگایەکی پایە بڵندیس ئەمریکاییە و لە دەرەوەی شاری ئەستەمۆڵدا دامەزراوە، داخەکەم بۆم ڕێک نەکەوت سەرێکی لێ بدەم، ئێستاش هەروەک پێشوو، تاقیکردنەوەیەکی نایابە بۆ ئەمەی خوێندەواریی بکرێ بەهی هەموو گەلانی جیهان وا هەندێ لە دەرچووانی ئەم خوێندنگایە دەبینین لە تورکیادا، هەندێ پایەی گەورە و گرنگیان گرتووە لە فەرمانڕەواییدا وا ئەوانە ئەو زانست و بیروباوەڕانە بەکاردەهێنین کە مامۆستا ئەمریکاییەکانیان پێیان بەخشیوون، ئەوانەی کە هیچ ئاواتێکیان نییە لە ژیانیاندا ئەوە نەبێ کە هەموو جیهان دەوڵەمەندتر و کامەرانتر بکەن، بەهۆی بەگژاچوونی نەخوێندەواریی و ڕێژگاوییەوە لە پەنایەک لە پەناکانیەوە، بەڵام ڕەنگە ئەمریکاییەکان خۆیشیان، بەگران پەی بەوە ببەن کە گیروگرفتی نەخوێندەواریی کارێکی چەند قوڵ دەکات لە هەموو ئاسیادا ئێمە خۆمان وا دێتە پێش چاو کە خوێندنگاکانمان و نووسراوەکانمان پێ باشە، مناڵەکانمان دەبن بەشاگرد، بێ ئەمەی لەم کەینەوبەینەیە سەرمان سوڕبمێنێ و بپرسین لە خۆمان ئەمە چۆن سەری گرت؟

بەواتایەکی تر ئێمەی ئەمریکایی، خۆمان داوەتە دەست خوێندەواریی، بەڵام لە دێهاتی تورکیادا وانییە تۆ نرخی خوێندەواریی لەناو نەتەوەیەکدا دەبینی، کە هێشتا خۆی نەداوەتە دەستی.

لەناو خوێندنگایەکی بچووکدا وەستام، کە لە شێوەیەکی ساکاردا، لەلایەن منداڵەکان و مامۆستاکانییەوە دروست کرابوو. گوێم لە منداڵە تورکەکان گرت گۆرانی نیشتمانییان دەگوت سەرنجم لێدان، فێری هەڵپەڕکێ نەتەوەییەکانی هۆزەکەی خۆیان دەبوون، کە



بزووتنەوەکانی پیشەسازییەکانی کۆنیان تیابوو، کە لەوەپێش لە ئەنەدۆڵدا گەشەیان کردبوو بەڵام پێ خوێندن و پێ گەیاندنەکەیان لەسەر شێوەکانی تازەی پەروەردەکردن بوون ئەوانە کشتوکاڵی زانستییان دەخوێند من لە کانگای دڵمەوە، باوەڕم وایە کە فێرکردنی نەتەوەلەسەر ئەم شێوەیە، یەکێکە لە کارەساتە گرنگە بڕیار بەخشەکانی مێژوو ئەمە لاکردنەوەیەکی وایە لە ڕێگادا، کە هەرگیز لێی ناگەڕێتەوە پاشەوە.

لە ڕاستییدا، تورکیای تازە، لەگەڵ ئەوەیشدا کە تازە داهاتووە و نەتەوەکەیشی شارەزاییەکی کەمیان هەیە لەسەربەخۆیی و فەرمانداریی خۆیدا، لەچاو خاکە پێشکەوتووەکانی ڕۆژئاوادا، بەڵام ئامانجێکی دیاردیی کراویان هەیە کە لە پێناویا خۆیان دەدەن بەکوشت.

تۆ ئەمە لە دەموچاوی ئەوانەدا دەخوێنیتەوە کە گفتوگۆیان لەگەڵ دەکەیت، بێجگە لەوەی کە لە قسەکانیانیشەوە[1] گوێت لێی دەبێ ئەم ئامانجە، لە هەمووولایەکی تورکیادا نووسراوەتەوە، هەر لە شارە تازەکانیانەوە، وەک شاری (ئەنقەرە) تا دەگاتە دێهاتە کۆنەکانیان وەک بەچاوی خۆم چاوم پێکەوت و لەسەرەوە لێیان دوام.

بەڵام ئەمەیش ئاشکراو دیارە، کە تورکەکان نایانەوێ شەڕ هەڵبگیرسێنن لەگەڵ هیچ لایەکدا چونکە لەوە ئاگادارن کە لەشکرە گەورەکانی ئەڵمانی دەتوانن، ئەگەر هەڵکوتنە سەریان، تا چ ئەندازەیەک خاکەکەیان وێران بکەن و ئەم هەموو بەرهەمە تازانە یان لەناوبچێ. تورکیا خاکێکی بچووکە. دانیشتووەکانیشی کە شانزە ملیۆن کەسن، لە سنووری خۆیان بەو لاوە، چاویان نەبڕیوەتە هیچ خاکێکی تر، هیچ جۆرە لە خۆباییبوونێکیشیان تیانییە، تا بیر لەوە بکەنەوە کە تا چ ئەندازەیەک دەتوانن بکەونە گەڕ بۆ ئەمەی بەناوی لەنگەر تێکدانی ناو ئەم شەڕی جیهانییەوە خەریک بن پارچە خاکێک بۆ خۆیان بپچڕن، جا لەبەرئەوە بڕیاریان داوە کە لەسەر ڕێگای بێ لایەنی بڕۆن بەڕێوە ئەو بێ لایەنییەی خۆیشیان بەچەک بپارێزن، لە پاییزی ڕابردوودا، لە ملیۆنێک سەرباز یان زۆرتر هەبوو لەناو لەشکری تورکدا ئەوان ماکینەی جەنگیان پێش خست، کە بەنیازێکی دامەزراوەوە خەریکی فرمانە وا مەشقیش دەکات لەسەر ئەو بابەتانەی کە لە کەلوپەلی سەربازیی نوێدا لەسەریان داماوە لەگەڵ یارمەتی دەری سەرکردەی هەرە گەورەی لەشکری تورکدا گفتوگۆم کرد، بۆ هەرکوێیەک دەچووم لە تورکیادا سەربازەکانی ئەوم دەدیی، کە

(١) بێجگە لەوەش کە لە قسەکانیانەوە...

فرمانی پاسەوانییان بەجێ دەهێنا، یاخود مەشقی جەنگیان دەکرد، یان لە خوێندنگاکانی جەنگدا مەشقیان دەکرد.

بەڕاستی بەدڵماچوون چونکە لە دڕکێک دەچوون، کە بەشی خۆی نرخی هەبێ و بچێ بەچاوی ئەو فەرمانڕەواییە داگیرکەرەدا کە بیەوێ تورکیا بکات بەڕێبازێک بۆ گرتنی ڕۆژهەڵات.

بێجگە لە بینینی سەربازەکانی تورکیا، بەدرێژیی گفتوگۆم لەگەڵ پێشەواکانی فەرمانڕەوایی تورکیادا کرد، لەگەڵ ئەوانەدا کە بەترس و لەرزێکەوە چاویان بڕیبووە ئەوروپا، ترس و لەرزی ئەو پیاوانەی کە نەیان دەزانی ئاخۆ، دەچنە ناو جەنگەوە بۆ ڕزگارکردنی خاکەکەیان، ئەوەیش کەی ڕوودەدات.

ئەوەیش ترس و لەرزێکی یەجگار ناخۆشە بۆ ئەو کەسەی تووشی بووبێ بەڵام هیچ کەسێک لە تورکیادا، بەڵگەیەکی نەدا بەدەستەوە، کە هەر لایەک هەڕەشەیەک لە تورکیا بکات و بیخاتە تەنگوچەڵەمە و پشێوییەوە لە بەرەنگاریی کردنێکی دڕندانە و بەگژا چوونێکی پڕ کوشتار بەولاوە، هیچی تری دەربارە دەکرێ.

بەلامەوە وایە کە ئەوەی گوێم لێ بووە، زۆرترە لەو وتووویژانەی کە پیاوانی گەورەی فەرمانڕەوایی ئامادەی دەکەن بۆ ئەمەی کار لە دڵ و دەروونی گەشتوگوزارکەرێکی بێگانە بکەن گفتوگۆم لەگەڵ (سراج ئۆغلۆ)دا کرد، کە پیاوێکی دڵ کێشکەری زرنگ و لێ هاتوو بوو.

ئێستاکە سەرەک کاربەدەستی تورکیایە[1]. گفتوگۆیشم لەگەڵ (نعمان بەگ) کرد، کە زرنگکارێکی تێگەیشتووی بەناوبانگە و لە دوای (سراج ئۆغلۆ)ەوە دێت، ئەویش کاربەدەستی کاروباری دەرەوەیە بێجگە لەو دوانە گفتوگۆم لەگەڵ زۆر ئەندامی فەرمانڕەواییدا کرد، هەروەها لەگەڵ پیاوانی ڕۆژنامەگەریی تورک و، سەربازەکان و جووتیارەکان و کرێکارەکانیاندا کرد هەرچی ئەوان دەیانگوت، هەموویەکی دەگرتەوە کە بریتی بوو لەمە: (ئێمە نە شەڕمان دەوێ، نە بەشێکی شەڕین بەڵام هەر سەربازێکی دەرباز بێ لە سنووری ئێمە دەیکوژین پێش ئەمەی تەقە بووەستێ[2] لەسەر گردەکان و سەرە ڕێگا درێژەکان و ناو دارستانەکانمان پێویستە لاشەی گەلێک لە بێگانەکان لەو

(١) سەرەک وەزیرانی تورکیایە.

(٢) ئاگر بەست بکرێ.



جێگایانەدا بدۆزرێنەوە). ئەوانە هەموودەم لە (بێگانە) دەدوان.

هەموودەم ئەوەیان دەگووتەوە کە نیازی شەڕیان هەیە لەگەڵ هەموو فەرمانڕەواییەکدا کە پەلاماریان دەدات بەڵام بێ ئەمەی ڕاستوڕەوان بیلێن، ترس و لەرزی ئەم دەمودەستە یان هەر لەلایەک بوو ئەوان ئیمڕۆ لە ئێمە ترسیان نییە، هەروەها لە سوێند خوارە ئینگلیزەکانیش ترسیان نییە، چونکە ئەوانیش لەگەڵ تورکیادا سوێندخوارن لە ڕووسە تەنگەتاو کراوەکانیش مەترسییان نییە بەڵام لە مەبەستەکانی ئەم چەندانەی ڕووسیا کەوتوونەتە گلاراوییەوە[1] بەڵام ترس و لەرزی ڕاستەقینەیان لە ئەڵمانەکانە، لە ڕۆژئاوادا، کە هێزێکی بێ شوماری کوشندەیان لەم ساڵانەی دواییدا، لە ئەوروپادا دامەزراندووە، کە لە دوورەوە هەڕەشەی گرتنی ئاسیا دەکات، لە ڕێگای ناو خاکی ئەوانەوە. ئەوانە بەترس و لەرزێکەوە چاویان بڕیوەتە ڕۆژئاوا چونکە شەڕیان ناوێ، بەڵام زارەترەک نەبوون و نەتۆقیون.

هەروەها ئەوەیش بەمێشکیاندا نایەت کە لەگەڵیاندا ڕێک بکەون، بەسایەی بەخشینی هەندێ لە خواستەکانیانەوە. ئەڵمانیا، دووجار لەناو پایتەختەکەیاندا، هوروژمی ئاشتیانەی بردە سەریان. بەڵام لە هەردوو جارەکەدا سەرئەنگرێ بوو.

ئەوان دەیانەوێ لەگەڵ ئێمەد ڕێک بکەون ئامادەیشن کە کوتاڵ و کەلوپەلمان لێ بکڕن و پێ بفرۆشن ئەوانە، نزیکەی چواریەکی کانی (کرۆم) لە جیهاندا بەرهەم دەهێنن.

جگەرەکانیان و لۆکەکەیان، خاکەکانی تر یەجگار لەسەریان داماون کەواتە تورکەکان، بەهەموو ڕەنگ، دەتوانن تا ماوەیەک، (بێ لایەنی)ی خۆیان بپارێزن، بەهۆی ئەم بەرهەمانەیانەوە، ئەوان پێویستییان بەخواردەمەنی هەیە - بەتایبەتی گەنم - لەگەڵ بەرهەمی پیشەسازیی و ماکینەکاندا. ئەمەیشم لەم دواییەدا بۆ دەرکەوت منیش ئەوەم زۆرپی خۆش بوو، کە لەپاش گەڕانەوەم، دەستمان کرد بەناردنی بەشێکی یەجگار زۆر لە خواردەمەنی و ماکینە و کەلوپەلی تر، چونکە ئێمە تەنیا خاکێکین، کە لەم ڕۆژەدا بتوانین تێروپڕ کەلوپەل و خواردەمەنییان بدەینێ منیش، بەتەواوەتی، باوەڕم بەوە هەیە کە ئەو یارمەتی دانە بۆ ئێمەش زۆرباشە. بۆ ئەمەی نەهێڵین بەرهەمەکانی تورکیا بڕوات بۆ دوژمنەکانمان. هەروەها بۆ ئەمەیش کە بێ لایەنیی خاکێک بپارێزین کە دەیەوێ بەدۆستایەتی لەگەڵماندا بمێنێتەوە. لەوەدا هیچ گومانێک نییە، کە ڕاستە.

(١) گلاراوی: دڵەڕاوکێ، (قلق).

نزیکی دەساڵە، کەلوپەلەکانی چاوو ڕاوکردنی (دکتۆر گۆبلز)[1] و نازییەکان لە کاردان، کەچی هێشتا نەیانتوانیوە بیروباوەڕی تورکە ڕۆشنبیرەکان بگۆڕن، کە هەرچەندە ئارەزووەکەیان سستە، لە بابەت بەهێزکردنی پەیوەندیی خۆیانەوە بەهەردوو دیموکراتییە گەورەکەی جیهانەوە، بەڵام ئارەزوویەکی وەهایە کە لە کانگای دڵیانەوە دێتە دەرێ، لەبەرئەوە بەچاوو ڕاوی نازییەکان ناگۆڕرێ. تورکەکان دۆستی ئێمەن، ئێمەیان ئەوێ، ئێمەیان خۆش دەوێ نە لێیشمان دەترسن، نە چاویشمان پی هەڵ دەهێنن.

بەڵام پڕ بەدڵ دەیانەوێ بێ لایەنی خۆیان، بەسەر ڕاستییەکەوە بپارێزن بۆ وێنە: نەیانهێشت لە فڕۆکەیەکی لەشکری خاکە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بچم بۆ خاکەکەیان، کە هەموو جیهان بەوە گەڕابووم، لەبەرئەوە ناچاربووم لە قاهیرەدا خۆم بگوێزمەوە ناو فڕۆکەیەکی هاوبەشیی (پان ئەمێریکان ئێر وەیز)دا، بۆ ئەمەی بەسەر کەناری ڕۆژهەڵاتی زریێی سپی ناوەڕاست و شاخە دەرپەڕیوە دڵتەنگ کەرەکانی (تۆرۆس)دا بڕۆم بۆ (ئەنقەرە) لە فڕۆکەخانەکەدا، کە دابەزین، سێ بۆمبا هاوێژمان دیی لە جۆری (لیبرا تیۆر)، بەگرنگییەکەوە پاسەوانییان دەکرا.

ئەمانە تورکەکان دەستیان گرتبوو بەسەریاندا لەناو خاکی تورکیا وا لەپاش ئەمەی فڕۆکەوانە ئەمریکاییەکانیان ناچارکردبوو بنیشنەوە لە ڕێگای گەڕانەوەیاندا لەو هوروژمانەی کە بردبوویانە سەر کێڵگەی نەوتەکانی (بلویشتی) لە ڕۆمانیادا.

بەڵام لەژێر پەردەی ئەم بێ لایەنییە ڕاستەقینەیەوە، خۆشەویستییەک دەبینرا، کە کەس نەبوو هەستی پێ نەکات.

کە ڕادیۆی نێرک (محور)، بەبۆنەی سەر لێدانەکەی منەوە لە تورکیا، دەستی کرد بەهەڕەشەکردن و بۆڵەبۆڵ. بەپیاوەکانی ڕۆژنامەکانم گوت وەرامی ئەمە ئاسانە: (بەهەتلەریش بڵێن کە ئەو پاڵێوراوەی بەرەنگاریی دەکات لە ئەڵمانیادا، بام بنێرێتە تورکیا، بەناوی نوێنەری ئەڵمانیاوە). هەروەک لەوە پاش بۆم دەرکەوت ئەم سەرنجەی منە، فەرمانبەرەکانی فەرمانڕەوایی تورکی خستبووە گەمەو پێکەنینێکی زۆرەوە.

لە ڕاستیدا ئەمە باشە کە لە تورکیا و فەرمانبەرەکانیا هێز و دەسەڵاتێکی وا هەیە کە

(١) جۆزیف پول گۆبلز (١٨٩٧– ١٩٤٥) سیاسەتمەدار و ڕۆژنامەوانێکی ئەڵمانی بوو، هیتلەر کردی بەوەزیری ڕاگەیاندنی، سەرکردەیی بەشێک لە شەڕی جیهانی دووەمیشی پێ سپارد، لەگەڵ خێزانەکەیدا خۆیان کوشت. بەشاردنەوەی ڕاستییەکان و درۆهەڵبەستن ناوی دەرکردبوو.



بکەونە کۆڕی یارمەتیی ناو فەرمانڕەواییەکانەوە، زۆرتر لەوەی کە خۆیان پێویستیان بەیارمەتی هەبێ. ئامادەیشیان بۆ ئەم سازبوونە لەگەڵ یارمەتی داندا، لە هەموو ئەو خاکانەی چوومە سەردانیان زۆرترە.

ئەمەیش دیارە کە نیشتمانپەروەریی، زۆر فرمانی بەتورکەکان ڕاپەڕاندووە ئەو سەرنجدانەی کە لەمەپێش پیشانمدا، لەو گفتگۆیانەوە بۆم دەرکەوت کە لەگەڵ سەرەکی کاربەدەستانی تورکیا و کاربەدەستی دەرەوە و چاپکەرە گەورەکانی تورکیادا کردمن.

ئەوەیش دیارە، کە مرۆڤ لە هەموو پایتەختێکا، ڕووکەشی دڵخۆشکەرەی لە کۆبوونەوەی فەرمانڕەواییەکاندا بەرچاو دەکەوێ. شەوێکیان (نعمان بەگ) کاربەدەستی دەرەوە شێوێکی پێک هێنابوو، لە دەرەوەی شاری (ئەنقەرە)دا شێوەکە لە خانووی (ئەتا تورک)دا ڕازانرابووەوە کە لە لادێ دایە، لادێیەکە بریتییە لە کێڵگەیەکی نموونەیی لەگەڵ کارگەیەکی شیرەمەنیدا، کە لە دەرەوەی شاری ئەنقەرەدا دامەزراون. بەلای کەمەوە، ئەوەی پێیان گوتم ئەوەبوو کە ئەوێ کێڵگەیەکی نموونەییە.

بەڵام هەر چییەکم چاوپێکەوت هەر بریتی بوو لە کۆشکێکی باوی ناوازە کە لەسەر گردێک دروست کرابوو، باخەکانی بەسەر گردەکەدا شۆڕبووبوونەوە و کشابوون بەرەو چراکانی ئەنقەرە کە لە دوورەوە ئەچریسکانەوە.

لە ژوورێک لە ژوورەکانی ئەم خانووەدا،کە ئێستاکە کاربەدەستی دەرەوە بۆ نان و جێشت کردنی فەرمانڕەوایی بەکاری دەهێنێ، تەلەفۆنێکی زێڕی پوختە دانرابوو کە کاتی خۆی ئەتاتورک بەکاری هێناوە.

لە ژوورێکی تریشدا هەندێ کەلوپەلی تورکانەمان دیی کە لەسەر شێوەی کۆن دروست کرابوون، بۆ برژاندنی کەبابی سەر شیش گەورەی چێشتکەرەکان دەستی کرد بەسووڕاندنەوەی کۆمەڵە گۆشت بەرخێکی گەورە، بەئەسپایی، کە لەسەر ئاگرێکی بەرەڵڵای ڕەژووی دار و درەخت دانرابوو. ڕووە برژاوەکەی بەکێرد لێ دەکردەوە، بۆ ئەمەی هەڵوەرێتە ناو دەفری برنجەوە.

خانە خوێکەمان (نعمان بەگ)، لە ناوەڕاستی هۆڵە گەورەکەی سەماو هەڵپەڕکێدا هەستایە سەر پێ. ئەو یەکێکە لە زرنگکارە بێگانە گەورەکان، کە لەم چەرخەدا، بەپیاوێکی ڕەوشت شیرین و ڕووخۆش دانراوە تۆماری ژیانی بەڵگەیە بۆ ڕاستیی ئەم قسەیە. لە ڕاستیدا، وەک بۆم دەردەکەوێ هەڵ دەگرێ ئەو نرخەی پێ بدرێ تەندروستێکی

تەواونییە بەڵام ڕەنگ زەردیی و کزی بەگشتییەکەی لەشی، پشتیوانیی ئەو شارەزایی و کارگوزارییەی دەکەن کە بەچاو دەبینرێن هەروەک دەریش دەکەوێ بەهۆی ئەو کردەوانەیەوەیە کە ئەوروپا و جیهانی بۆ دەردەکەوێ. وام بۆ دەرکەوت کە هۆشیشی وەک دیمەنەکەی لەشی، هەندێ خەمباریی و هەندێ ساردیی و سڕیی تیایە، بەڵام یەجگار بەهێزە یەجگار بەفڕوفێڵە.

دەستی کرد بەسەماکردن لەجێی خۆیدا، خواردیەوە، گفتوگۆی لەگەڵ هەموو زرنگکارەکانی ئەو خاکانەدا کرد کە لە دەستەی ئێمەن. لەو کۆبوونەوەیەدا کە لە ئەنقەرەدا پێکم هێنا، ئەو خاوەن ڕۆژنامانە هاتنە لام کە بەپەنجەی (نێرک) دەسوڕانەوە، بەڵام زرنگکارەکانی (نێرک)، لە ئاهەنگەکاندا، لەگەڵ هاوڕێکانیاندا تێکەڵیان نەدەکرد کە سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان بوون.

لەگەڵ ئەوەشا جۆرە گۆڕرانێک پێک هات لە شێوەکەدا. زرنگکاری ڕاسپاردەی سۆڤیات چوو بووە مۆسکۆ بۆ گەشت بەڵام ئەوەی لە جێگای ئەو دانیشتبوو هاتبووە ئاهەنگەکە زۆر بەتەنگ ئەوەوە بوو کە بەجلوبەرگی فەرمانڕەوایی خۆیانەوە دەربکەوێ - من لە بەرگی فەرمانڕەواییدا خۆم پیشان نەدا بەڵام دەموچاوی تاریک بوو، هیچ پێکەنینێکی تیا نەبوو خانمێکی ئینگلیزیش لە پەڕی لەقلەقی هیندیدا خۆی دەرخست، کەڵەگەت بوو، تەواو بەپێچەوانەی ئەو بوو.

لەوەپاش زانیم کە مێردەکەی لە (کریت)[1]دا شەڕی کردووە.

پاشان نوێنەرەکانی (یۆنان) و (یۆغۆسلاڤیا) یان پێشکەش کردم. ئەوانە هەردووکیان قۆڵیان خستبووە سەر شانی یەکتر بۆیەکا پێشکەشیان کردم، کە پێڕەویی خۆیانم بۆ دەربخەن لە بابەت یەکێتیی ئەورووپاوە.

زرنگ کارێکی تریش کە ناوەکەیم هەر بۆ نەزانرا، بەخەموخەفەتێکەوە تێی گەیاندم، کەوای بۆ دەرکەوتووە زۆرانبازی ئەمریکایی (کون)، لە پێش تاوێکدا بەسەر (جۆلویس)دا سەرکەوتووە. ڕاسپاردەی (ئەفغانستان)یش، کە سەروسیمایەکی ناوازەی هەبوو بەبۆڵە

(١) کریت یان (ئیقریتش) دوورگەیەکی یۆنانییە لە دەریای سپی ناوەڕاستدا، ٨٣٣٦کم٢ پانتاییەتی، ڕیزە شاخێکی تیا درێژبۆتەوە، بەروبوومی زەیتون و ڕۆن و شەراب، جێگایەکی چاکی گەشتوگوزارە، مەڵبەندێکی شارستانی کۆنی گریکە، لە سەدەی(١٧)دا عوسمانیەکان داگیریان کرد، لە ١٩١٣ یۆنانیەکان سەندیانەوە.



بۆڵێکەوە تێی گەیاندم کە ئەو بۆیەکا هاتۆتە ئەنقەرە، بەراووشکارەوە خەریک ببێ. بەڵام بەهۆی ئەوەوە کە تورکیا خەریکی خۆ ئامادەکردنە بۆ بەرامبەری کردنی کارەساتی ڕۆژگار ئەگەر بقەومێ ماوەی نادرێ دەست بەو وەرزشە نایابەی خۆی بکات.

لە گێژاوی ئەم پشێوییەدا، کە لەوێنەیەکی هەرە چاکدا، ئەو جیهانەی پیشان دەدا، کە ئێمە تیا دەژین، خانەخوێکەم، (نعمان بەگ) لەسەر و شێوەدا گەورەی دەنواند. ئەویش وەک کاربەدەستەکەی پێش خۆی، (سراج ئوغلۆ) کە ئێستە سەرۆکێتی، هێزەکەی خۆی لەوەوە دەست نەکەوتووە، کە لە باواندا بەگەورەیی هاتبێتە خوارەوە، یاخود لە خواناسیندا پایەیان بڵند بووبێ. ئەو بەهەموو کۆڵی دڵییەوە، بەدرێژایی تەمەنی خۆی خەباتی کردووە. لە سەرەتادا بەتەنشت ئەتاتورک و نەتەوەی تورکەوە فرمانی بینیوە، ئێستاکەیش تەنیا لەگەڵ نەتەوەی تورکدایە، ئەوشەوە لە ئاهەنگەکەیدا چاوم تێ بڕیی، ویسکیی ئینگلیزمان خواردەوە، کافیاری ڕووسیمان خوارد لەسەر سازوئاوازی ئەمریکاییش سەماو هەڵپەڕکێمان کرد لەناو ئەو جیهانی زرنگکارییەی فەرمانڕەواییانە سەیرەدا وامان ڕادەبوارد ئیتر لەو شەوەوە ئەوەم زۆرتر چوو بەمێشکا کە تورکەکان لەسەر جیهانێکی تر، پێچەوانەی ئەم جیهانە، گرەویان کردووە، بەڵام لەم جەنگە پەیدا دەبێ.

(نعمان بەگ)م وەک لاوە قژ زەردە چاوشینەکانی تورکیا هاتە پێش چاو، کە هەرچەند ئەمدین گەشکەدار

دەبووم. یان وەک سەربازە لەش پتەوەکانم دەهاتە پێش چاو کە دەموچاویان ڕەپ و ڕاست دەوەستێ وەک ئاسن، ئەوانەی لە شەقامەکانی تورکیادا چاوم پێ دەکەوتن.

یاخود وەک ئەو مامۆستایانەم دەهاتە پێش چاو کە لە خوێندنگا بڵندەکەی (ڕۆبەرت کۆلێج)دا فێری ئەو ئینگلیزییە نەرمونیانە دەبن، کە دڵی پیاو خۆش دەکات (نعمان بەگ)م وا هاتە پێش چاو، کە هەوێنێکی گەورەیە و، ئێستاکە کارێکی گەورە دەکاتە سەر ژیانی زۆرتر لە نیوەی ڕەگەزی مرۆڤایەتی. (نعمان بەگ) بەرهەمی نەتەوەیەکی نەژاد بوو، ئاهەنگەکەیشی پڕبوو لە پیاوەتییەکی ناسراو لە کۆنەوە.

بەڵام خۆی لەم سەردەمەی خۆیدا دەژیی. لە کاتی گۆڕرانێکی وادا کە بەگەورەترین گۆڕران دادەنرێ، کە نەتەوەیەک بەسەریا بێ.

تورکیا لە شەڕی پێشوودا لەگەڵ ئەڵمانەکان بوو شاهەنشاهێتی (عثمانی)یش کە ئەم کۆمارە لەسەر کەلاوەی ئەو دامەزراوە، لە هیچ جێگایەکی جیهاندا، لەگەڵیا نەدەسازان.

تەنانەت وشەی (تورک)یش واتای شەڕی دەگرتەوە.

گۆڕرانەکە ئەوەندە گورج و گۆڵانە پێک هاتبوو، زۆرکەس لە ئێمە لە بیری چووبووەوە کە چۆن پێک هاتووە، چونکە خەباتە ئاشکراکەی ئەتاتورک و هاوڕێکانی وەک (نعمان بەگ) و (سراج ئۆغلۆ) کە لە ماوەیەکی بیست ساڵی کەمتردا نواندبوویان، هێزی نەتەوەکە و ئاواتەکانیانی خستبووە سەر گەلێک ڕێگای تازە لە ژیاندا.

ئەوانیش وەک عەرەبەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو نەتەوانەی کە لە پشت سنووری چینەوەن، یاخود لەسەر دوورگەکانی ناو زریێی هێمنی باشووریی ڕۆژئاوایی دا دانیشتوون، یان هیندییەکان، تا پشتێکیش لەمەوپێش ئاشنایەتییان لەگەڵ سەربەخۆییدا نەبوو.

ئەوانە دامابوون لەسەر خوێندەواریی بارستایی تەندروستیش لەناویاندا یەجگار نزم بوو لە ڕابردوویشیاندا، مێژوویەکی دوور و درێژیان هەیە کە پڕ لە چەوساندنەوە و هەژاریی و سەرگەردانی. کەچی لەم چەند ساڵە کەمەدا، توانیان ڕەوشتی خۆیان لە ژیاندا بگۆڕن نەریتی کۆنیان و شێوەی بیرکردنەوەیشیان بەجارێک بگۆڕن.

ئافرەتێکی تورک لە تورکیادا، ئەم جۆرە گۆڕانانەی لەناو ماڵەکەی خۆیدا، لە شێوەیەکی ڕاستەقینەی سەیردا تێ گەیاندم ئەم ئافرەتەم دەناسی، ئافرەتێکی تورکی تەواوبوو، تەمەنێکی ناوەڕاستی هەبوو، خوێن گەرم بوو دڵی پیاوی کێش دەکرد ئینگلیزییەکی باشی ئەزانی.

گفتوگۆکردنەکەیشی، گفتوگۆی ئافرەتێکی زیرەکی ئەم چەرخەبوو، خۆی لە ئەستەمۆڵ دادەنیشت، بەڵام هاتبووە ئەنقەرە بۆ ئەمەی پشتیوانی هەندێ کەس بکات لە چەند کێشەیەکدا کە کەوتبووە بەردەم دادگای باڵای تورکیاوە، چونکە خۆی یەکێک بوو لە پشتیوان (محامی)ە هەرە بەناو بانگەکانی تورکیا و هەرە شارەزایان لە کێشەیەکی بێشوومارداا پشتیوانی دەکرد هەروەک بۆم دەرکەوت، ئافرەتەکە، ئافرەتی و پشتیوانییەکەی بەشتێکی سەیر دانەدەنرا. لە ڕاستییدا زۆر کچم چاو پێکەوت کە لە خوێندنگای بڵندی مافدا دەیان خوێند.

لەناویاندا کچانی فەرمانبەرە گەورەکانیش هەبوون.

ئەمەم لە تورکیادا دیی ناچاربووم بیر لەو ڕۆژانە بکەمەوە کە هێشتا لاوبووم ئەوکاتە، کە چل ساڵ لەمەوپێش بوو ئەوەیان بەشتێکی سەیر دادەنا، بەشتێکی ناکاو، کە دایکیان دەدیی پشتیوانی (محاماة) دەکات و لە کاروباری گشتیدا خەبات دەکات.



## سوێند خواری دۆستمان (ڕووسیا)

لە ڕۆژی پێنج شەممەی ١٨/٩/١٩٤٣دا بەفڕۆکە چووم بۆ یەکێتیی سۆڤیات، بەسەر زریێی قەزوین و دەشتە خۆڵینەکاندا کە گڵەکەیان سوورە و کەوتۆتە ناو پەلوپۆکانی ڕووباری (ئۆراڵ)ەوە[١] تا گەیشتمە ڕووباری (ڤۆڵگا)[٢] لە (کوبیشیف)دا. لەپاش دەڕۆژیش ڕووسیام بەجێ هێشت، بەفڕۆکە فڕیم بەسەر ڕووباری (ئیلی)[٣]دا، بەتەنشت ڕێگا کۆنەکەی ئاوریشمەوە بۆ (چین)، کە لە (تاشقەند)[٤] لە ناوەڕاستی ئاسیاوە دەستم پێ کرد پاشان کە گەڕاینەوە بۆ ئەمریکا لە (چین)ەوە، فڕۆکەکەمان سێجار لە ڕووسیادا نیشتەوە، لە (سیبەریا)دا.

لە ڕووسیادا دوو حەفتە مامەوە لەوەپێش نەمدیبوو.

منیش نەم دەزانی بەزمانی ڕووسی قسە بکەم بەڵام چەند ئەمریکاییەکم لەگەڵ دابوو، ئەوان قسەکانمیان دەگۆڕییە سەر زمانی ڕووسی. منیش لە بابەت یەکێتی سۆڤیاتەوە زۆر شتم خوێندبووەوە. بەڵام ئەوەی خوێندبوومەوە، وێنەیەکی ڕوون و ئاشکرای بۆ دەرنەدەخستم لە بابەت ئەو شتانەوە کە لە ڕووسیادا هەبوون و دەقەومان، لەناو ئەو خاکە پان و فراوانەدا. دوایی، لە پێش چونما بۆ ڕووسیا، گومان کەوتە مێشکمەوە لە بابەت

(١) ئۆراڵ: زنجیرە شاخێکە لە ڕۆژئاوای سیبریاوە لە ڕووسیا، ٢٤٠٠کم درێژییەتی، بەرزترین لوتکەی ١٨٩٤م دەبێ، ڕووباری ئۆراڵیش هەر لەم زنجیرەیەوە دەست پێدەکات و دەڕژێتە دەریای قەزوینەوە، دوای ئەوەی ڕووسیا و کازاگستان دەبڕێ. ئەم ڕووبارە سنووریشە لە نێوان ئاسیا و ئەوروپادا، کانزاکانی ئاسن و خەڵوز و نەوت لەم زنجیرەیەدان.

(٢) ڤۆلگا: ڕووبارێکە لە ڕووسیا، ٣٧٠٠کم درێژە، بەدرێژترین و بەپیتترین، ڕووباری ئەوروپا دەژمێررێ، نیوەی دانیشتوانی ڕووسیا لە سنووری حەوزی ئەو ڕووبارەدان، لە باکووری ڕۆژئاوای مۆسکۆوە دەس پێ دەکا و لە باکوورییەوە زستانان دەیبەستێ، بۆ گواستنەوە زۆر بەکاردەهێنرێ، بەجۆگە بەستراوە بە بەلتیق، دۆن و ئازۆڤ لقی زۆری لێدەبێتەوە لە زۆر لاوە کارەبای لێ دەستدەخرێ.

(٣) ئیلی: ڕووبارێکە لە ئاسیای ناوەڕاست، ١٤٠٠کم درێژیەتی، لە ئاخەکانی تیان شانی چینەوە دێت، لە دەربەندی (ئیلی) لە کازاخستاندا بەرم و ئەم وڵاتە دەبێتەوە پاراوی دەکات تا دەڕژێتە دەریاچەی (بەڵخەش)ەوە.

(٤) تەشقەند: پایتەختی کۆماری ئۆزبەگستانە، دوو ملیۆن زیاتری تیادایە، لە ١٩٦٦ بوومەلەرزە وێرانی کرد، مەڵبەندێکی ڕۆشنبیری و ئیسلامییە.

چۆنێتیی ئەو خاکەوە. پاشان کە گەیشتمە ئەوێ و تیایا مامەوە، باوەڕم زۆرتری لێ هات، کە ئەو خاکە یەجگار گەورە و فراوانە، ئەو گۆڕانەیش کە بەسەریا هاتووە پڕە لە گیروگرفت و شێواویی. لەبەرئەوە، بۆ ئەمەی پیاو تەواو شارەزای ئەو خاکە ببێ لێکۆڵینەوەیەکی وای پێ دەوێ کە ژیانی مرۆڤ داگیر بکات، خوێندنەوەیەکی یەجگار زۆریشی پێویستە، کە کۆمەڵەیەکی گەورە لە نووسراوان بگرێتەوە.

ئەوەی هەڵ دەگرێ ناوی ببەم، کە ڕاستیشە، فەرمانڕەوایی سۆڤیات، ماوەی دام کە بەدڵی خۆم شارەزایی پەیدا بکەم لە کاروبار و ناوەڕۆکی خاکی ڕووسیادا. هێلای[1]، لەسەر شێوەی خۆم، چاو بگێڕم بەدەزگاکانی پیشەسازیی و جەنگ و کێڵگە جوانەکانی و خوێندنگاکانی و پەیمانگاکانی و نەخۆشخانەکانی و شوێنی کوشتارەکانیدا. بەئارەزووی خۆم، بەهەموو سەربەستییەکمەوە دەهاتم و دەچووم بەناویانا، هەروەک گەشتێکی وا ئاسایی بکەم لەناو خاکە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا. پرسیارم کرد، پرسیاری ناکاو کە چاوەڕوان نەدەکرا لێیان بکرێ، بێ ئەمەی بەربەستم بکەن، یاخود دەستی تێ بخەن. ئەوەیش بۆ هەموو دەمێک بوو، کە لەبەردەمی ئەمریکاییەکدا ئەمکرد کە ڕووسیی دەزانی و قسەی پێ دەکرد. هەر کەسێ بچێتە ڕووسیا، لە یەکەم جاریدا، ناچار دەبێ کە تاوە نا تاوێک بیر لە ڕابردووی بکاتەوە. کە لە (کوییبیشیف) بووم، ڕۆژێکیان پاش نیوەڕۆ، بیرم چوو بەلای ئەو کاتانەدا کە پێش شۆڕش کەوتبوون. بەتاکی تەنیا ڕووم کردە لای ڕۆژئاوای ڕووباری (ڤۆڵگا) کە یەجگار قووڵە. لە باخی گشتییەکدا، چوومە سەر تەختێک دانیشتم، لەوێوە دەمڕوانی بەسەر ڕووبارەکەدا. فەرمانڕەوایی میوانخانەیەکی لەشکری سووری بۆ تەرخان کردبووین تیا بحسێینەوە، کەوتبووە گوێ ڕووبارەکەوە. ئەو ڕۆژە سارد و سڕ بوو. بەڵام گەڵای درەختەکان نەدەجووڵانەوە بەدرێژیی کەناری ڕووبارەکە کۆڵێتی لادێیانەی پچووک ڕیز بووبوو. هیچیان ڕەنگ نەکرابوون. ڕووسەکان ئاوێتەی ئەم کۆڵێتانەن[2]، حەزیان لێ دەکەن. هەروەها درەختە کاژەکانیش[3] ڕیز بووبوون لەوێ. بێ دەنگییەکی گەورە جێگەکەی داگیر کردبوو. لە خواریشمانەوە هێزێکی وەک ئەو ڕووبارە گەورەیە بەتیژیی دەجووڵایەوە لە پشت درەختە کاژەکانیشەوە شینایی گەنم ڕاکشابوو، شەپۆلی دەدا بەتەنشت ڕووبارەکەوە، درێژ دەبووەوە خوارەوە ڕووەو (ستالینگراد)، کە

(١) هێلای: ڕاستتر (هێشتیان...)

(٢) یان شەیدای ئەم کۆڵێتانەن.

(٣) درەختی کاژ: درەختی سەروو، لە خێزانی سنەوبەرە.



لەوێدا سەربازە ڕووسەکان خۆیان دابووە پەنای کۆمەڵەیەک کەلاوە، خۆیان لە تانکەکان و فڕۆکەکانی نازییەکان ئەپاراست.

لە گوێ ڕووبارەکەدا، گەمییەک لە خوارمەوە وەستابوو، تازە پارچەدارە گەورەکانی (تبولا)یان لێ دەرهانی بوو. ئەو کۆمەڵەیە کە لەو گەمییە هێنرابووە دەرەوە، چەند ڕۆژە جوتێک زەویی پێ دادەپۆشرا. چونکە لە پاش لەدەست چوونی ناوچەی (دون) و، بەکارهێنانی هەموو پارچە ڕەژوویەک لە پیشەسازییەکانی جەنگدا، هەر ئەم جۆرە دارە مابووەوە کە بکرێ بەسووتەمەنی، بۆ ئەو زستانە ساردەی بەرێوە بوو. شارەکانی ڕووسیا بەناچاریی ئەو دارەیان دەسووتاند. شوانێکیش چوو ڕانەمەڕێک بباتە سەر گوێ ئاوەکە. لە ناوەڕاستی ڕووبارەکەدا، نەوت هەڵگرێک، بەسستی ئاوەکەی دەبڕیی، پڕ کرابوو لە نەوت. سەربازێکی ڕووسیش لە پشت مەڕەکانەوە، ڕێگای گرتبووە بەر، شەقی هەڵ دەدا لە بەردەکان فڕێی دەدانە ڕووبارەکەوە. کە کڵاوەکەی لەسەر سەری خۆی هەڵبڕیی، بایەکە قژەکانی سەری پەخشان کرد، لە خۆی پچووکتر دەینواند. تەنیا ئەوکاتە نیشانەی (NKVD)م بەکلاوەکەیەوە دیی. کابرا باڵبازێکی نهێنی بوو.

بیرم لەو کەشتی دروستکەرە کردەوە کە لە پێش ساڵی ١٩١٧دا ئەو میوانخانەیەی دروست کردووە بۆ هاوینەهەوار، کە کەوتبووە پشتمەوە. وایان بۆ گێڕامەوە کە ئەو پیاوە خاوەن کشتوکاڵێکی سەرکەوتوو بووە، هەندێ کەشتیشی هەبووە، دەس و بازووی بەهێز بووە، لە بازگانیی (ڤۆڵگا)دا گەنمی فرۆشتووە و پێیشی دەوڵەمەند بووە. ئەو کاتە ناوی شارەکە (سمارا) بووە. ئەو ڕۆژەی ناوی بووە بە(کوییبیشیف)، لەبەر ئەو شۆڕشگێڕە (سمارا)ییەی کە پرۆژەی پێنج ساڵەی ڕێکوپێک خستووە، ئەو کابرایە نابوت بووە. خانووەکە لە خانووەکانی تری دراوسێی، کەمتر شڕوپڕ بووە ئەوەیش سەبارەت بەوە بووە کە لەشکری سوور کەڵکی لێ بینیوە.

توانیم ئەوانەیش بهێنمە پێش چاوی خۆم کە پشتێک لە پیاوان و ژنان لەناوبراون، گەلێک خێزان پەرت و بڵاو بوونەتەوە، دڵسۆزیی لە دڵ هەڵکەندراوە، بەهەزاران کەسیش لەناوچوون لە جەنگ و کوشتار و برسێتیدا، لەپێناو شۆڕشدا.

ڕەنگە چیرۆکی ڕاستەقینەی ئەو سەردەمە بەدرێژیی نەگێڕرێتەوە. چونکە بێجگە لەوانەی کە هەڕایان کردووە و دەرباز بوون بۆ خاکانی تر، کە یەجگار کەمیش بوون لەچاو گشتدا، چینی باڵا و چینی ناوەڕاست، هەردوو لایان پێکەوە، تێکڕا لەناو براون. ئیمڕۆش ڕووسەکان ئەم چیرۆکە بەکردەوەیەکی دلێرانە دەژمێرن. هەتا نەهاتبوومە ڕووسیا،

بۆم دەر نەدەکەوت کە ئەو چیرۆکە تا چە ئەندازەیەک ڕاستە. چونکە من ئەوەم بەبیردا نەدەهات، کە ڕووسیای نوێم هەڵ ئەسنگاند، تێکڕا زۆربەی خاکەکە، لەلایەن نەتەوەیەکەوە پێک هاتووە و فەرمانداریی بەسەردا دەکرێ، کە باوک و باپیریان نە زەوی و سامانی هەبووە، نە خوێندەواریی، تەنیا کەلەپووری هۆزێکیان هەبووە. تێکڕا لە هەموو ڕووسیادا دانیشتویەک نادۆزێتەوە کە بەشەکەی خۆی و بەشەکانی باوک و دایکی، لەپێش شۆڕشدا، وەک یەک نەبووبێ، یاخود لێی چاکتر نەبووبێ. چونکە ڕووسییەکیش، وەک هەموو کەسێکی تر، دیارە هەندێ چاکە دەبینی لەو یاسایەدا کە بەشێکی چاکتری بۆ بڕیوەتەوە، هەروەها بەلای ئەوەیشا دەچێ کە ئەو کارە ناشیرین و دڕندانەیە لەبیر خۆی باتەوە کە ئەو یاسایەی پێ بڕاوەتەوە سەر. ڕەنگە گران بێ بۆ ئەمریکاییەک کە بەم قسەیە بڕوا بکات یاخود حەزی پێ بکات. بەڵام ئەمە ڕۆشنکردنەوەیەکی باو بوو لەناو هەموو دانیشتوانی ڕووسیادا. ئەوانە ڕاستەوڕاست ئەوەیان بۆ ڕۆشن کردمەوە، لە ئاهەنگێکی پڕ بەزموڕەزمدا کە لە مۆسکۆدا ڕامبوارد، لەو کاتەدا کە دەمویست هەندێک لە ڕووسە زیرەکەکانی ئەم چەرخە بخەمە سەر ئەوەی کە لەسەر یاساکەی خۆیان بکەنەوە.

بەڵام من بۆ ئەوە نەچوومە ڕووسیا، کە ڕابردووی بگێڕمەوە. چونکە بێجگە لەوەی کە بەڵێنم دابوو بەسەرۆک، بەو نیازەشەوە ڕۆیشتبوومە ئەوێ، کە بۆ خۆم هەندێ چارە بدۆزمەوە بۆ ئەو گیروگرفتە ڕووداوانەی کە هاتبوونە بەردەمی ئەمریکاییەکانی سەردەمی ئێمە، کە بەکورتی بریتیین لەم ڕاستییە ساکارە: کە یەکێتیی سۆڤیات خۆشمان بێ و ترشمان بی، هەیە و لەناودایە.

بەلایشمەوە وایە کە هەندێ لەم چارانەم دۆزیوەتەوە. ئەو چارەکردنانە، هەر هیچ نەبێ، دڵی خۆمیان پێ خۆش دەکەم. دەیشتوانم بەکورتی، بەچەند واتەیەک سیانی گرنگیان پیشان بدەم:

یەکەم: ڕووسیا کۆمەڵایەتییەکی کارگوزارە. وا لە کاردایە لەمانەوەیدا نرخێک هەیە. لە ڕاستیدا تۆماری بەرگەگرتنی سۆڤێتییەکان بەرامبەر هێزەکانی (هتلەر)، بۆ زۆربەی ئێمە بەڵگەیەکی تەواوە. بەڵام پێویستە لەسەرم کە بەئاشکرا پێی لێ بنێم، من لەپێش چوونما بۆ ڕووسیا، لە توانامدا نەبوو ئەوەی ئێستا دەیزانم لە بابەت هێزەکانی سۆڤیاتە و باوەڕی پێ بکەم. ئەم هێزانە بریتین لە ڕێکخراوەیەکی ژن و پیاو، هەتا دێ دەڕوات بۆ پێشەوە، لە ژیانیشدا ڕێگا بۆ خۆی دەکاتەوە.

دووەم: ڕووسیا لەم جەنگەدا سوێندخوارە لەگەڵماندا. ڕووسەکانیش، کە هێزی (هتلەر)



لە تاڵی و ترشییەکی وادا تاقیکردنەوە، کە زۆرتر بوو لەو تاقی کردنەوەیەی تووشی ئینگلزەکان بوو، ئەو تەنگ و چەڵەمەیەیان، دلێرانە بەرامبەری کرد. پشم و قینیان لە یاسای فاشیستی و نازێتی زۆرە و تاڵە و لەکاتی دڵیشیانەوە دێتە دەرەوە. جا ئەم پشم و قینەیە کە تینیان دەدانێ بۆ ئەمەی (هتلەر) سەر دەنگرێ بکەن و دەردی نازێتی لە ئەوروپا و جیهاندا پاک بکەنەوە.

سێیەم: پێویستە لەپاش جەنگیش لەگەڵ ڕووسیادا پێکەوە کار بکەین. وایشم بۆ دەردەکەوێ، کە بەلای کەمەوە تا فێری ئەوە نەبین، لەگەڵیاندا، یارمەتیی یەکتر بدەین هەرگیز ئاشتییەکی هەموو دەمی پەیدا نابێ.

ئەم تیبینییانەم، بەهۆی ئەو شتانەوە کە لە هەموو لایەکی یەکێتیی سۆڤیاتدا دیمن و بەرگوێم کەوتن، تا دەهات ڕاست دەردەچوون. لە جێگایەکی زۆر نزیکەوە، چاوم کەوت بەهەندێ شت، ڕاستترین کاری لێ هاتووی لەشکری سورم بۆ دەرکەوت. چاوم کەوت بەزۆر جێی پیشەسازیی کە لە پشت کۆڕی شەڕەوە بوون، کە لەوێدا کرێکارەکانی سۆڤیات ژمارەیەکی زۆری پسپۆڕەکانمانیان چەواشە کردبوو، تا پەیتا پەیتا لێشاوی یارمەتی ڕەوانە بکەین بۆ پیاوە جەنگاوەرەکان. هەروەها چەند کێڵگەیەکی کۆمەڵی (هاوبەشی)م چاو پێ کەوت. ئینجا لە پاش کارخانەکان و کێڵگەکان ڕۆژنامەنووسەکان و نووسەرە سۆڤێتییەکانم چاو پێ کەوت، کە هەستی بەرزی سەیر سەیریان دەخستە دڵ و دەروونی ڕووسەکانەوە کە ئەوانە لە شەڕێکی چەلیپیایی دان، پێویستە بەبەرز و پیرۆزیی بزانن. لە دوای ئەو ڕۆژنامەنووساندیشەوە (کریملین)م چاو پێ کەوت، کە تا دوو جار بەدرێژیی گفتوگۆم لەگەڵ (ستالین) خۆیدا کرد. بەشێکم لەوە بۆ دەرکەوت کە چۆن لە جێی خۆیدا، فەرمانڕەوایی دەکات بەسەر ڕووسەکاندا، لەژێر سێبەری دیکتاتۆرێتیی چینی کرێکار یاخود (پرۆلیتاریا)دا. دوایی، لە پاش ئەوانە هەموویان، چاوم بەنەتەوەی ڕووس کەوت لەم پەڕی خاکی ڕووسیاوە، تا ئەوپەڕی. هەرچەندە ئەو نموونانەی لێکۆڵینەوەم دەربارە کردوون لەچاو ۲۰۰,۰۰۰,۰۰۰ کەسدا، پچووک و کەمن، بەڵام نرخەکانیان لەوە دایە کە هەموویان لە ڕێکەوتدا هەڵبژێرراون. چونیشم بۆ کۆڕی جەنگ لە (رجیف)دا، لە هەموو تاقیکردنەوەکانم، بەکەڵکتر و بیر ڕۆشنکەرەوەتر بوو. تۆ بۆ ئەمەی بگەیتە (رجیف) ناچاریت کە بەڕێگەی خونکارانەی (لینینگراد)دا بڕۆیت تا دەگەیتە (کالینین) کە ئەوسا کە پێیان دەوت (تفیر). ئینجا بەرەو ڕۆژئاوا بڕۆیت تا دەگەیتە (کلین)، پاش ئەوە هەندێکی تر بڕۆیت تا دەگەیتە شارێکی بچکۆلانەی لادێ، کە پێی ئەڵێن (ستارتیزا). لە

چەند ئۆتۆمبیلێکی پڕ سرەوتدا، کە زۆر نەرم و نۆڵ بوون لەناودا، دەرپەڕین، بەدرێژایی شەو بەڕێگاوە بووین. لەبەرەبەیاندا، گوێزامانەوە بۆ ناو ئوتومبێلە (جیپ)ە ئەمریکاییەکان. ئەوانەی لەگەڵما بوون ئەمانە بوون: (جەنەڕاڵ فیلیپ فایمۆنفیل، ماجۆر جەنەڕاڵ فولێت برادلی، کەرنێل جۆزیف أ. میچلا) پەیوەندی سەربازی ئەمریکا لە ڕووسیادا، چوار کەسی خۆیشمان لەگەڵ هەندێ ڕێ زانەکانی[1] ڕووسدا.

ئوتومبێلی (جیپ)، داهێنراوێکی گەورەیە. منیش وەک ئەمریکاییەک نازی پێوە دەکەم. بەڵام لە پاش سواربوونێکی چوارده کاتی، بەشێوەی دروستکردنەکەی و گۆشەکانی و سووچەکانی و، لە ڕێ لادانی لەکات ڕۆیشتنا بەچەشنی ئاسک ڕاهاتم. ئەم لە ڕێ لادانەی هەندێ لە شانازییەکەمی کەم کردەوە، بە داهێنەرە ئەمریکاییەکەیەوە. چونکە بەدرێژایی ئەو کاتانەی کە تیا دەڕۆیشتین و بڕانەوەی نەبوو، هەر ڕێگامان دەبڕیی و هەر دوایی نەدەهات، ئەوە هەر بازمان داوە و سەرمان لەسەری یەکتر کەوتوە، بەناو ئەو ڕێگا سەخت و ڕەقەنانەدا کە بەسەریاندا دەڕۆیشتین، بەناو ئەو زەوییە قوڕاوییانەدا کە پیا دەرباز دەبووین، کەند و کۆسپمان دەهاتە بەر. تەنانەت بۆ یەکەم جار، بەتەواوەتی لەو چیرۆکانە تێگەیشتم کە باوکم بۆی دەگێڕامەوە لە بابەت دەرودەشت و ڕێگاوبانی (ئەندیانا)وە لە سەردەمی گەشتکەرەکاندا.

دوایی گەیشتینە هەوارگەی سەرکردەی باکوری (رجیف) کە ناوی (لیفتنانت دیمتری د. لیلۆشنکۆ) بوو. کابرا پیاوێکی گەش و ڕووخۆش بوو، دڵی پیاوی کێش دەکرد. تەنانەت لەناو ئەو هەموو کەسانەدا کە دیمن، جێگەی دیاربوو. تەمەنی سی و هەشت ساڵ بوو. بەڵام لیفتنانت جەنەڕاڵ بوو، شانزە تیپ لەشکری گەورەی لە جەنگاوەرەکان لەژێر دەستدابوو، کوڕی ئەو شەڕەیش کە بەو سپێررابوو لە کوڕە هەرە گەورە و گرنگەکانی جیهان بوو. پیاوێکی باڵا ناونجیی چوارشانە و لەش توند و پتەو بوو. هەر لە منالییەوە بەسواریی ڕاهاتبوو. لاقەکانی کەوانەیی بوون، بنەچە قۆزاقییەکەیان دەردەخست. دەموچاوی سور بوو. پڕ لە زیندوێتی و چست و چالاک بوو. گیانێکی بزیو و پڕ هەستی هەبوو. ئێمەی بردە ناو جێگەی سەرکردەیەتییەکەیەوە کە لەژێر زەوی دابوو. لەوێ دەستی کرد بەپیشاندانی نەخشەی جەنگەکەی و دابەشکردنی سەربازەکانی و بنکەکانیان و ڕێبازی خۆی لە هوروژم بردندا، لەگەڵ هەندی جیگۆڕکێی دەمودەستیش کە لەوکاتەدا لە جەنگەکەدا ڕوویان دەدا، لەبەردەمماندا و لەهەر چوار لاماندا.

---

(١) ڕێ زان: دەلیل.



لەوکاتەدا دەستی کردبوو بەپێشکەوتن، بۆ ئەمەی بەناو (رجیف)دا بڕوا و ڕێگا ئاسنەکان ببڕێ بۆ (فیازما). ئەوەبوو کە گەڕاینەوە خاکە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، چەند حەفتەیەکی پێ چوو ئەو نیازەی خۆی بردە سەر. ئەویش بۆ ئەوەی ڕێگا پاک بکاتەوە بۆ هەڵگرتنی[1] دوژمن لە چوارلای (لینینگراد). لەسەر گردێک، لەناو دارستانێکی درەختی (شەربین)[2]دا، کە بنکەی سەرکردەیەتییەکەی لەوێ دابوو، دەمانتوانی تۆپەکان ببینین و دەنگیشیان ببەین لە پشت شارەکەوە لە دووریی دە هەزار گەزێکەوە چست و چالاکی یارمەتیدەرەکانی لە جەنگدا و دووربینییانم زۆر بەدڵاچوو. هەر ئەوەندە جەنەڕاڵ دەستی بکردایە بەقسەیەک، هەر دوو سێ یاریدەدەرەکانی هەڵ دەستاند سەرپێ و لەبەردەمیا رادەوەستان چاوەڕوانی فەرمانی ئەویان دەکرد. هەروەها ژمارەی کچان و ژنانی سەربازم بەلاوە پەسند بوو. چونکە بەتەنیشت جێبەجێ کردنی کاروباری پۆستە و تەلگراف و تلەفۆنەوە، بەتەنیشت فەرمانە تەندروستییەکانیانەوە لەگەڵ هی گواستنەوەدا، لە بنکەکانی چاو تێ بڕین و تەماشاکردنیشدا فەرمانی پاسەوانییان دەبینی[3]، کە لەناو درەختەکاندا دەماندین لەملا و لەولای هەوارگەی جەنەڕاڵ و لەکن پەناگەهەکانی ژێر زەویدا، کە لەوێدا ئەفسەرەکان کار و فەرمانی خۆیان دەبینی.

لە هەوارگەی سەرکردەیەتییەکەوە چووینە نزیکترین جێگا لە کوڕی جەنگەوە. دەستمان کرد بەپشکنینی بنکەیەکی سەختی ئەڵمانی، کە ڕووسەکان تازە لێیان داگیر کردبوون. هیچ ڕۆژێک وانەبووە کە گوندێکی پچکۆلە یاخود لیواری گردێکی پچوک ببێتە کەلاوە و قوڕ و چلێپاو و جێگا شەڕ لەگەڵ لاشەی وادا کە هێشتا نەخرابنە ناو خاکەوە. لەبن قووڵایی چاڵێکدا، چاوم کەوت بەقوتویەکی تەنەکەی نەکراوە، بەڵام نیوەی لە قوڕدا چەقیبوو، بەئینگلیزی لەسەری نوسرابوو (گۆشتی بەرازی کوڵاو بۆ خواردن). سەرم سوڕما لەوە کە ئاخۆ لە چەلایەکی تری ئەم شەڕی جیهانییەوە، ئەڵمانەکان ئەمەیان چنگ کەوتبێ؟!

---

(١) ڕاستتر: هەڵکەندنی.

(٢) شەربین: درەختکە لە نێوان (بی) و (پەلک) دایە لە کۆتایی لقەکانیدا گوڵێکی سووری ریشاڵدار دەگرێ و وەک شۆڕەبی شۆڕدەبێتەوە، هەر لە خێزانی (سەرو و سنەوبەر)ە، بۆنێکی خۆشی هەیە، کێوییە بەڵام بۆ جوانی لە ماڵاندا دەیڕوێنن، قەترانی لێ دەردێنن، تەختەکەی بەنرخە، وشەکە فارسییە.

(٣) چاو تی بڕین و تەماشاکردن: (استطلاع) لە بەرایی بەرەی جەنگدا.

جەنەڕاڵ وای بۆ گێڕامەوە، کە لەشکرەکەی تاوێک لەمەوپێش چەند ئەڵمانییەکەیان گرتبوو بەدیل، لێی پرسیم ئاخۆ حەز دەکەم بیانبینم؟ منیش پێم گوت حەز دەکەم بشیان بینم و قسەیشیان لەگەڵ بکەم. جەنەڕاڵ وای وەرام دامەوە کە: «فەرمانی وا پێ دراوە، هەرچییەک ئارەزوو بکەم بیکەم».

چاوێکم خشاند بەدیلە تازەکانیا. چواردە کەسیان بەشپرزەییەکی تەواوەوە ڕیز بووبوون. دووبارە چاوم تێ بڕینەوە. پاشان لە دڵی خۆمدا گوتم: تۆ بڵێی ئەم پیاوە جل تەنکانەبن، کە زۆرتر لە سنگ نەخۆشەکان دەکەن[1]، کە وا بەناوبانگ لەو (هون)انەبن، کە سامیان هەیە و لەو سەربازانەن کە هەرگیز ناشکێن، واتا لەوانەبن کە لە چیرۆکە ئەفسانەکاندا زۆرم دەربارەیان خوێندۆتەوە؟

بەهۆی زمان زانەکانەوە گفتوگۆم لەگەڵا کردن. لێم پرسین لە ئەڵمانیادا لە کوێ دەژین؟ تەمەنیان چەندە؟ ئاخۆ لە نیشتمانەکەی خۆیانەوە نامەیان بۆ دێ؟ ئاخۆ ئاگایان لە کەسوکاریان هەیە کە بەبێ ئەوان لەچە دەردێکدان؟ ژمارەیەکی زۆری تریش پرسی سوک و ئاسان و ناسکم لێ کردن. لەگەڵ وەرامەکانیاندا دوا کەلەپووری کۆڕی جەنگی ئەڵمانی لەناودا نەما. ئەو سەربازانە بەپیاو ولاویانەوە، کەوتنە شێوەیەکی هەناسەساردییەوە، داخی دووریی نیشتمانەکەیان دەخوارد. هەندێکیان لە تەمەنی چل ساڵاندا بوون. هەندێکیشیان لە تەمەنی حەڤدە ساڵان و بەرەو ژووردا بوون. پاشان ڕووم کردە جەنەڕاڵ و ئەوەی لە دڵما بوو تێم گەیاند.

گوتی: «میستەر ویلکی ئەمە ڕاستە. بەڵام نەکەیت بەقسەی ئەوانە چەواشە ببیت! چونکە کەلوپەلی جەنگی ئەڵمانەکان هێشتا ناوازەن. سەرکردە ئەڵمانەکانیش شارەزا و خاوەن پیشەن. ڕێکوپێکی لەشکری ئەڵمانەکانیش هاوتای نییە، تەنانەت بەمانیشەوە و ئەوانەی لە دانگی ئەماندا کە لەبەرچاوتان. لەشکری ئەڵمانەکان هێشتا گەورەترین ڕێکخراوی سوپایی کوشندەن لە جیهاندا. بەڵام ئەگەر نەتەوەکەی تۆ فیشەکمان بۆ بنێرێت کە لەسەری داماوین، بێ گومان لەشکری سوور لە شەڕا سەر دەکەوێ بەسەریاندا، لە هەموو کۆڕێکی جەنگدا، هەر لە قەفقاسیاوە تا دەگاتە نوچکەی باکووریی زەوی. چونکە پیاوەکانی لەوان باشترن. لە پێناوی نیشتمانەکەی خۆیشیاندا دەجەنگن».

منیش بەلامەوە وایە، کە پیاوەکانی جەنەڕاڵ لە ئەڵمانەکان باشتر بوون. چونکە ئەو

(١) سنگ نەخۆشەکان: سیلاوییەکان (نەخۆشی سیل).



ڕۆژە و ڕۆژی دوایی، بەئاشکرا دیاربوو کە بۆ نیشتمانەکەی خۆیان شەڕیان دەکرد. چەند هەزار گەزیک لە پشت کۆڕی جەنگەوە، گەلێک جووتیاری ڕووسمان چاو پێ کەوت بەخۆیان و کەلوپەلەکانیانەوە، کە کۆمەڵ کۆمەڵ بەسەر گالیسکەی گوێزانەوەی کێڵگەکانەوە دایان بەستبوون، بەسەر ڕێگاکانەوە گورجوگۆڵانە دەڕۆیشتن بەڕێوە. سەیر ئەوەبوو خۆیان لە کۆڕی شەڕەکە دوور نەدەخستەوە. ڕوویان دەکردە کۆڕەکە. ئەوانە وەک شەپۆلێک دەگەڕانە پاشەوە، هێزی ڕەگەزایەتی پاڵی پێوە دەنان بۆ ناو ئەو زەوییەی کە ڕووسەکان لە دوژمنیان سەندبووەوە. بەڵام ئەو دێهاتانەی دۆزییانەوە، هیچی تیانەمابووەوە، ئەو دوکەڵە کزانە نەبن کە ڕووەو ئاسمان هەڵسابوون. بەڵام دەمی زەوی کێڵان بوو لە پایزدا. لەبەر ئەویش بوو کە گەڕابوونەوە ناو ئەوێ.

بەهۆی هەندێ باران و سەرماوە، چوونەوەمان دواکەوت. ئەڵمانەکانیش چاوەڕوانی ئەوە دەکەن کە پاش مانگێک دوو مانگ ئەوە وەرامیان بداتەوە. ئینجا جەنەڕاڵ بانگی کردینە سەر شێوخواردن لەگەڵ خۆیدا. جێگای کەشی ئامادە کردبوو بۆ نانخواردن؛ کە بریتی بوون لە ئەفسەران و سەربازانی سۆڤیات و میوانە ئافرەتەکانیان. ئەمانە هەموویان خرابوونە ناو یەک خێوەتەوە. دەستمان کرد بەخواردنی گۆشتی سوورەوەکراوی بەراز بەساردیی، لەگەڵ هەندێ دانولەدا کە لەهی گەنمی دەکرد بەنان و تەماتە و ئاروو و ترشیاتەوە. هەندێکیشمان فودکای نۆش کرد لەچاوی ئەوی تر.

لە کاتی شێوخواردندا، بەگێڕییەکەوە، بەهۆی زمانزانەکەوە، لە جەنەڕاڵم پرسی: فراوانیی ئەو ناوچەیە چەندە کە پێی سپێرراوە بیپارێزێ، لە کۆڕی جەنگی ڕووسیا، کە تا دوو هەزار میل درێژ دەبێتەوە. جەنەڕاڵیش وەک یەکێک قینی لێم هەڵسابێ وا سەیری کردم، دوای ئەوە زمانزانەکە بەهێواشی پێی گوتم: «گەورەم کاری من پاراستن نییە. کاری من هوروژم بردنە».

لەپاش ئەوەی کۆڕی جەنگی (رجیف)م دیی، بەئاشکرا لە پێشوو باشترم بۆ دەرکەوت، کە واژەی «ئەمە جەنگی نەتەوەیی»، لە ڕووسیادا واتایەکی ڕاستەقینەی هەیە. لە ڕاستیدا نەتەوەی ڕووسە کە بەهەموو واتایەکی وشەکەوە، نیازی هەیە و بڕیاری داوە، (هتلەریی) لەناوبەرێ. ئەوەیش کە بەسەریا هاتووە و لەم مانگانەی دواییشدا بەسەریادێ، هیچ ئەمریکاییەک نامینێتەوە کە پێی نەبزوێ. پێش ئەمەی بچم بۆ سەر کۆڕی جەنگ (ستالین) چەند ڕاستییەکی بۆ ڕۆشن کردمەوە لەبابەت خۆبەختکردنە گەورەکانی ڕووسیاوە و داماوییە گرنگەکانی. لێرەدا بەهەردوو چاوی خۆم بەڵگەی

ڕاستەقینەم دیی، کە لە بابەت هەردوو شتەکەوە ڕاستی کرد.

چونکە هەتا ئێستا پێنج ڕووس بەکوژراویی و بریندارییی و ونبوویی لەناو چووە. لە ڕاستیدا زۆربەی کێڵگە فراوانە بەپیتەکانی باشووری ڕۆژئاوای ڕووسیا کەوتووتە دەست نازییەکان. دوژمن بەبەرهەمەکانی ئەو کیڵگانەوە دەژیا. هەرچی پیاو و ژنێکیان هەبوو لەو شوێنانەدا بەزۆر کرابوون بەدیل و بەندەی نازییەکان. بەهەزاران لە دێهاتی ڕووسەکان کاول کران و دانیشتووەکانیان بەبێ جێ بەئاوارەیی مانەوە. یاسای گواستنەوەیش لەوێدا ئەرکی ئەوەندە هاتە سەر، لە ئەندازە بەدەر بوو. هەروەها کارخانەکانیشی کە لە بەرهەم پێکهێناندا گەیشتبوونە ئەوپەڕی ئەندازەی، گشت بەرهەمەکانی چاڵە نەوتەکانی و هەموو بەرهەمی کانی خەڵوزەکانی ئینجا بەشی دەکردن. خواردەمەنی لە ڕووسیادا، زۆر کەم دەست دەکەوت، بەڵکو هەر دەست نەدەکەوت. لە زستانی نزیکیشدا، ماڵە ڕووسەکان، سوتەمەنییەکی کەم نەبێ بەریان ناکەوێ. تەنانەت ئەوکاتەی کە من لە مۆسکۆدا بووم، ئافرەتان و منداڵان لە دووربیەکی پەنجا میللییەوە داریان کۆ دەکردەوە بۆ ئەمەی لە سەرمای داهاتوودا کەمێک خۆیانیان پێ گەرم بکەنەوە لە جلوبەرگیش، هیچی وا نەمابووەوە بۆ کەس، مەگەر بۆ سەربازەکان و کرێکارەکانی شەڕ نەبێ، کە ناشێ دەستبەرداریان بن. زۆرلە داوودەرمانەکانی پزیشکیش، لەئارادا نەمابوون. ئەمە وێنەیەکی ڕووسیا بوو کە لەکاتی شەڕدا هاتە بەرچاوم. لەگەڵ ئەوەشا هیچ ڕووسییەک ئەوەی بەبیردا نەئەهات کە واز لەو کارە بهێنێ کە بەدڵی خۆی هەڵی بژاردبوو. هەموویان ئەوەیان زانیبوو کە ئەو شارانەی کەوتبوونە چنگ نازییەکانەوە چە سەرگەردانییەکیان بەسەر داهاتبوو. ئیتر منیش چووە مێشکمەوە کە نەتەوەی ڕووس - نەک پێشەواکانی - بڕیاری لەسەر ئەوەدابوو یان بمرێ یان سەربکەوێ، بەڵام زۆرتر لە سەرکەوتنەوە قسەیان دەکرد.

ڕۆژگاریکی تەواوم بەوەوە بەسەربرد کە سەیری کارخانەیەکی فڕۆکەوانیی سۆڤیاتی بکەم. بێجگە لەوە گەلێک کارخانەی تریشم لە ڕووسیادا چاو پێ کەوت: کارخانەکانی شەکر و خواردەمەنی و دارِشتنی کانەکان و، دەزگاکانی خواردەمەنی پاراستن لەناو قوتوی تەنەکەدا، لەگەڵ کارگەکانی مەکینەکانی هێز. بەڵام کارگەی فڕۆکەوانیەکە، کە کەوتۆتە دەرەوەی مۆسکۆوە، لە هەموویان زۆرتر لە مێشکما جێگەی بۆتەوە.

جێگایەکی گەورە بوو. وام هاتە بەرچاو کە نزیکەی ٣٠,٠٠٠ کریکارێک بەسێ وچان کاری تیا بکەن. هەر ڕۆژەیش ژمارەیەکی زۆر لە فڕۆکە ئامادەکراوەکان تێک بخەن. ئەو



فڕۆکەی دروست کرابوو لە جۆری (ستۆر مۆفیک) بوو کە ئێستا ناوی دەرکردووە. ئەویش نموونەیەکی شەڕکردنە، تەنیا بزوێنەرێکی هەیە. لە شێوەیەکی زۆر قایمدا ڕووی تی گیراوە. ڕووسەکان وەک یەکێک لە چەکە تازەکانی جەنگ ئامادەیان کردووە. لە ڕاستیشا وایە بنمیچەکەی نزمە. بەهێواشیش بەرز دەبێتەوە بۆ ئاسمان تەنانەت پێویستی بەفڕۆکەیەکی جەنگاوەر هەیە بیپاریزێ. بەڵام لەبەرئەوەی وەک چەکێکی دژی تانک، بەکار دەهینرێ و لە بەرزییەکی کەمدا بەشێوەیەکی ئاگرینیش هەڵ دەگرێ لەگەڵ خۆیدا، بەچەکێکی یەجگار کوشندەی لەشکری سوور دادەنرێ.

لەم گەڕانەمدا، هەندێ لە شارەزاکانی فڕۆکەوانیم لەگەڵدا بوون، کە ئەمریکایی بوون. ئەوانەیش پشتیوانیی ئەو بیرەی منیان کرد کە بەمێشکمدا هاتبوو لە بابەت ئەو فڕۆکانەوە کە چاومان پێیان کەوت، لەوپەڕی هێڵی کۆبوونەوەدا بەسەر ڕەوڕەوەکانیاندا خل دەبوونەوە خوارەوە، بۆ ئەمەی لە فڕۆکەخانەیەکی تەنیشت کارخانەی فڕۆکەکاندا تاقی بکرێنەوە، ئەو فڕۆکانە فڕۆکەی چاک بوون. سەیر ئەوەبوو، هەموویان بڕیاریان لەسەر ئەوەدا، کە پاراستنی فڕۆکەوانەکانی بەچەک لەناو فڕۆکەکەدا ئەوەندە باشە، لە جیهاندا وێنەی ئەوەیان لە هیچ فڕۆکەیەکی تردا نەبینیوە.

من هەرچەندە لە فڕۆکەوانیدا شارەزاییەکی ئەوتۆم نییە، بەڵام لە ژیانی خۆمدا ژمارەیەکی زۆرم لە کارخانەی فڕۆکە دیوە. هەردوو چاوی خۆیشم تەواو کردبووەوە. بڕوایشم وایە کە ئەو بڕیارەی لەسەر ئەوە داومە لە ڕاستی لای نەداوە.

بەشەکانی کاروباری بەرهەمهێنانەکەی، لە ڕێکوپێک خستنێکی سەرەتایی دابوو، چونکە باڵەکانی (ستۆرمۆفیک)ەکە لە تەختەی نوشتاوە دروست کرابوون (بۆ ئەمەی با کار لە فڕۆکەکە نەکات)، لەژێر پەستاوتنەوەیەکی هەڵماوییدا نوسێنراوە بەیەکدا، پاش ئەوە بەگوش داپۆشراوە. وایشم بۆ دەرکەوت کە کارگەکانی تەختەکاریی، فەرمانیان زۆرتر بەهۆی کاری دەستەوە بەڕێوە دەچێ. بەرهەمەکانی تەختەیش هەر بەو جۆرە پێک دەهێنرێ. هەروەها هەندێ جێگای کارەبا و جۆشکارییش[١] لە شێوەیەکی سەرەتاییدا بوون.

ئەمانەی لێ بچێتەوە دەرەوە، کارخانەکە، لە ڕووی بەرهەم پێکهێنان و کارگوزارییەوە، لە هیچ کارخانەیەکی تر کە دیومن کەمتر نەبوو. چوومە ناو ئەو شوێنانەیشەوە کە ئاسنی

(١) جۆشکاریی: لەحیم کردن

تیا دەبڕنەوە و خشتی دەکەن، کە پارچە کەلوپەلەکانی تیا دەگوشن و دەپەستێون. کەلوپەلێکی زۆری ئەو ماکینانەیشم دیی کە لە هەموو کەنارێکی جیهانەوە کۆکراونەتەوە، ناوە بازرگانییەکانیان کە لە سەریان نووسرابوو وایان پیشان دەدا کە لە (کمنتز) و (سکۆدا) و (شفیلّد) و (سنسنانی) و (سفرلۆفسک) و (انتۆرب)ەوە هێنراون. ئەوانە هەموویان لە شێوەیەکی کارگوزارانەدا بەکار ئەهێنران.

لە ٣٥ ٪ی فەرمانی ناو کارخانەکە پتر، ئافرەت هەڵی دەسوڕاند. لەناو کرێکارەکانیشا هی وامان دیی کە تەمەنیان لە دە ساڵان تێپەڕی نەکردبوو. هەموویان کراسی شینیان لەبەر کردبوو. هەر دەتگوت شاگردی خوێندنگان و مەشقیان پێ دەکەن. کارگێڕەکانی ناو کارخانەکە، لەوە پەروایان نەبوو کە پێیی لێ بنێن، کە ئەو منالاّنە، لە زۆر ژووری کارخانەکەدا، حەفتەی ٦٦ کاتی تەواو فەرمانی دەبینن، واتا ئەوەندەی کاتی کوڕە پێگەیشتووەکان کار دەکەن. زۆر لە منالّەکان فەرمانی شارەزایانیان دەبینی لە جێی ئاسن بڕینەوە و خشت کردندا. وا دەردەکەوت کە فەرمانی خۆیان زۆر جوان بەیّ دەهێنیّ.

بەکورتی، ئێمەی ئەمریکایی، کارخانەکەمان وا هاتە پێش چاو، کە کرێکارەکانی زۆرتربن لە پێویست، چونکە ژمارەی کرێکارەکانی زۆرتر بوون لەهی کارخانەیەکی ئەمریکایی وەک خۆی. لە ژووری هەموو ماکینەیەکی سێیەم یاخود چوارەمەوە، نیشانەیەکی تایبەتی هەڵواسرابوو، ئەوەی دەنواند کە کرێکارەکە لە کۆمەڵەی (ستخانۆفیت)ە. (لیۆفین)یش بەشێکی ئەوی خستۆتە ناو بەرهەمی کارخانەکەوە. (ستخانۆفین)یش، هەروەک سەیر دێنە پێش چاو، بریتین لەو کرێکارانەی کە بە(پارچە) فەرمان دەکەن. بەپێیی یاسایەکی گورج و گۆڵی کە لە یاسای (بیدو) دەکات، لە ڕووی گورج و گۆڵییەوە، بازاڕیان[1] لەگەڵ دەکریّ،

کە تا بەرهەمیان زۆرتربیّ، بەشی زۆرتر وەردەگرن لە بەرهەمەکە. لە یاسای پیشەسازیی ڕووسیدا، بەر ئاوەژوویییەکی سەیر دەبینریّ لەگەڵ یاسای ئەمریکاییدا. شێوەی کرێکار ڕاگرتنیان، یاخود کرێی کار دانیان، بەدڵی پیاوێکی خاوەن پیشەسازیی ئەمریکایی وایە کە زۆر لە ژیانی کۆمەڵایەتی دور کەوتبێتەوە. شێوەی بەکارهێنانی سەرمایەیش، وەک بۆم دەردەکەوی، یەکێکی وەک (نۆرمان تۆماس) بەتەواوەتی دڵخۆش دەکات. دیوارەکانی کارخانەکە، هەندیّ پەڕە قاقەزی تازەی پێوە هەڵواسرابوو، بەشانازییەکەوە ناوی ئەو

(١) بازاڕیان: مامەڵەیان، حیسابیان.



شوێنە مەکینانەی تیا نووسرابوو، لەگەڵ ئەو کرێکارانەدا، کە سەرکەوتبوون لە بەربەرەکانێیەکی پەیتا پەیتادا[1]، لەپێناو بەرهەمێکی زۆرتر و چاکتردا. دادپەروەریش وا دەخوازیّ کە پەی بەوە ببەین کە ئەم هۆیە سەرباری لە دەموزمانی هەموو کرێکارێکەوە گوێمان لێی دەبوو، کە بەرێکەوت قسەمان لەگەڵ دەکردن، بووبووە هۆی پڕکردنەوەی بەشێکی گەورە لەو کەموکوڕییەی کە لە ناشێتی و نەشارەزایی کرێکارەکانەوە پەیدا بووبوو.

بەرهەمی هەموو کرێکارێکیان، لەهی کرێکاری خاکە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کەمتر بوو. فەرمانبەرە ڕووسەکان خۆیشیان ئەمەیان دەگوت. جا هەتا دەتوانن بەهۆی فێرکردن و مەشق پێ کردنەوە، ئەم کەموکوڕییەیان پێ پڕ بکەنەوە، پێ بگۆڕن، هەروەک خۆیان دەیانگوت پێویستە لەسەریان، زۆرتر ئەوەیان بدەن بەگوێدا کە بەرهەم پەرە پێدان، پێویستێکی نیشتمانییە، هەروەها پێویستە هەموو خاوەن هیزێکی بەکاریش بخەنە کار، بەهیزی منالاّن و ئافرەتە داماوەکانیشەوە. لەم دەمەدا توانیمان هەندیّ فڕۆکە ببینین، کە خەریکی بەجیّ هێشتنی دەرگای هێلانەکەیان بوون. بۆ ئەمەی تۆپە جۆربەجۆرەکانی ناوەوەیان تاقی بکرێنەوە، ئینجا هەڵبفڕن بۆ ئاسمان، بەژوورسەرمانەوە بێن و بچن.

کارگێڕی کارخانەکە، (ترتیاکۆف) کە پیاوێکی لەسەرخۆ بوو و تەمەنی گەیشتبووە نزیک چل ساڵان، بردینی لەگەڵ خۆیدا بۆ نانخواردن لە ژووری نووسینی خۆیدا. بەناو چەند ڕاڕەوێکی درێژدا تێپەڕین، کە چرای کارەبای ڕەنگ شینی تاریکیان تیا داگیرساندبوون، تا گەیشتینە ناو ژوورێکی ساکار، کە جێگای کار و فەرمانی خۆی بوو. نە دەهێڵرا ڕووناکیی لێوە بچێتە دەرەوە. لەسەر مێزی گفتوگۆکردنەکەمان پاروەنان (ساندویج) و کولیچەی گەرمی بەرچایی و کافیاری باو و شووشە ڤۆدکا دانرابوون، کە لە هەموو شوێنێکا دەبینرێن!

لە پەنایەکی ژوورەکەدا دوو ئاڵا هەڵواسرابوون. کریملین دابوونی بەکارخانەکە، لە تۆڵەی[2] ئەوەدا کە پرۆژەکەی خۆی بەچاکی بردبووە سەر.

(تریتاکۆف)، وەرامی پرسەکانی پێ بەخشیم. لە سەروو مێزەکەوە دانیشتبوو. تەنانەت نیشانێک هەبوو بەبەرگە ڕەنگ تاریکەکانیەوە، ئەویش بریتی بوو لە ئەستێرەیەکی

(١) بەربەرەکانیّ: پێشبڕکیّ (سابقة).

(٢) ڕاستتر: لە پاداشتی.

تەنکی پچووک کە لە زیو دروست کرابوو. پاشان زانیم کە ئەم یەکێکە لەو حەوت کەسە شارییە سۆڤیاتییەی کە ئەم ئەستێرەیەیان پێ بەخشراوە، کە نیشانەی (دلێری یەکێتیی سۆڤیات)ە.

لەپاش چارەکە کاتێک لێ وردبوونەوە و پرسین، بۆم دەرکەوت، کە ئەم پیاوە هەڵ دەگرێ لەناو هەموو کۆمەڵایەتییەکی ناسراو بەمندا، ببێتە پێشەوایەکی دیار، بەشینەیی و لەسەرخۆ، بەتێگەیشتنێکی تەواوەوە لە بابەت گرنگیی فەرمانەکەی خۆیەوە قسەی دەکرد، لەڕووی نەتەوایەتی و جیهانییەوە. هەموو کون و قوژبنێکی کارخانە گەورەکەی دیبوو و تاقی کربووەوە، چییان تیایە، چییان تیا دەکرێ و چییان تیا ڕوودەدات. چەند پرسێکم لێ کرد لە بابەت ژمارەی ئەو فڕۆکانەی کە ڕۆژ بەڕۆژ دروست دەکرێن، ژمارەی تەواوی کرێکارەکان، ئەوپەڕی خێرایی فڕۆکەی (ستۆرمۆفیک). کەچی تەماشام کرد نایەوێ وەرامیان لەسەر بداتەوە، بەڵام بەشیرینییەکەوە پرسەکانی منی دەخستە پشتگوێ. ئینجا کە تێکۆشام لە ڕێگایەکی پڕ فێڵترەوە، ئەو زانیارییانەی لێ وەربگرم، چاوەکانی هەڵگیرسان. بەڵام چەواشە نەبوو، ڕازی جەنگم بۆ دەربخات. ئەویش هەروەک هەموو کارگێڕە لێپرسراوەکانی کارخانەکانی ئینگتلەڕە و ئەمریکا هاتە پێش چاو.

پێی ڕاگەیاندم کە ئەم کارخانەیە بەهەموو تڕوتفاقێکیەوە لە بناغەکەیەوە گوێزراوەتەوە ئەو جێگەیە لە مۆسکۆوە لە دەهەم مانگی ساڵی ١٩٤١دا، لەوکاتەدا کە دەنگی تۆپی نازییەکان لە پایتەختی سۆڤیاتەوە دەبیسترا. بۆ ماوەیەکی زۆرتر لە هەزار میل گوێزراوەتەوە، لەسەر بابەتێکی گوێزانەوەی وا کە بارهەڵگرتنەکەی کەمە لەچاو پێویستیی نەتەوەیەکی شەڕکەردا. پاشان سەرلەنوێ دامەزرێنرایەوە زۆر لە کرێکارەکانی خۆی، لەکاتی گوێزانەوەدا خەریکی پاراستنی پارچە مەکینەکەی خۆیان بوون. کە مانگی دوانزەهەمی ئەو ساڵە داهات، واتا لە پاش دوو مانگ، کارخانەکە دەستی کردەوە بەدروست کردنی فڕۆکە لە شوێنی تازەیدا.

ئەوەیشی تێگەیاندم کە لە زستانی ١٩٤١-١٩٤٢دا، لە کارخانەکەدا بابەتی خۆگەرم کردنەوە نەبووە. لەبەر ئەوە کرێکارەکان ناچار بوون ئاگری ئاهەنگیان هەڵگیرساندووە لەناو کەلێنەکانی خۆیاندا، بۆ ئەمەی پارچە ماکینەکانیان نەیبەستن لەسەرمادا. ئەوکاتە خانووبەرەی ئامادەکراو نەبووە، تا کرێکارەکان تیایاندا بنوون. زۆر کرێکار بەتەنیشت پارچە مەکینەکانی خۆیانەوە نوستوون. بەڵام لە پایزی ساڵی ١٩٤٢دا، کاروبار باشتر ڕێک خرا. بۆ وێنە: چێشتخانەکانی کارخانەکە، کە چاوم پێکەوتن، وا دەردەکەوت کە



خۆرشتێکی ساکاریان دەدا بەکرێکارەکان، بەڵام لە ڕاستیدا باش و بەکەڵک بوون، بەڵام بەوەیشم زانی ئەگەر تەنیا خواردەمەنییەک هەبووبێ و بتوانرێ لەناو بازاڕەکانی ئەو شارەدا بکڕێ، نانی ڕەش و پەتاتە بوو کە نرخیان یەجگار گران بوو.

کە لە خواردن بووینەوە. دەستم کرد بەلێپرسینی لاوێکی کورتەبنەی شان و مل ئەستوور، کارگێڕەکە پێشکەشی کردم، گوتی ئەمە سەرپەرشتیکەری بەرهەمە. یاریدەدەرێکی شارەزایەتی. بەرگی کرێکارێکی لەبەر دابوو. کڵاوێکی میکانیکییەکانیشی کردبووە سەری، کە نیشانە بوو بۆ هەموو کرێکارێکی پیشەساز لە ڕووسیادا. ئەندازیارێکی شارەزابوو. ئێسکێکی سووکی هەبوو، وەک ڕووخۆشێکی قسە نەستەق خۆی دەنواند. لەشی پڕ بوو لە هێز و تەوژم. خوێن گەرم بوو، زیرەک بوو. لە فەرمانەکەی خۆیشیا تەواو شارەزا بوو. لەو جۆرە لاوانە بوو، کە زوو پێش دەکەوت لە ژیانی پیشەسازیی ئەمریکادا، دەبوو بەخاوەن توانا و پێشەوایی هاوڕێکانی خۆی دەکرد. لە ڕاستیدا زۆر جار ئەبوو بەهۆی ئەوەی کە کرێکارە ئەمریکاییە پیشەسازەکانم بیر بکەونەوە کە بەچاک دادەنرێن و هیوای چاکیان لێ دەکرێ. لەبەرئەوە لە دڵی خۆمدا بڕیارم دا کە لەو هۆیانە تێ بگەم کە لە یاسای کۆمۆنیستیدا هەن و ئەو لاوەیان خستۆتە سەر ئەوەی کە خۆی لە هاوڕێکانی خۆی زۆرتر پێ بگەیێنێ و ئەوەندەیش زۆرتر کار و فەرمانی ببینێ کە هەڵیگرتبێ بیکەن بەسەرپەرشتیکەری ٣٠,٠٠٠ کرێکار. بەڕووخۆشییەکەوە وەرامی دامەوە. گوتی: «لە تەمەنی ٣٢ ساڵیدام. ژنم هەیە، دوو منداڵیشم هەیە. لە خانووێکیشدام کە هەموو هۆیەکی سرەوتی تیا ئامادە کراوە. من خانووی ناونجیم پێ باشترە. لەکاتی ئاشتیشدا ئۆتۆمبیلم هەبوو».

لێم پرسی: «لەچاو ڕۆژانەی کرێکارێکی شارەزای کارخانەکەدا ڕۆژانەکەی تۆ کە سەرپەرشتیکەری ئەم کارخانەیەی چەند ئەوەندەیە؟».

تاوێک بیری کردەوە و گوتی: «نزیکەی دە ئەوەندەیە». ئەمەیش بەپێی ڕۆژانەی ناو ئەمریکا ٢٥ یاخود ٣٠ هەزار دۆلار دەگرێتەوە. لە ڕاستیدا یەکێکی وەک ئەو لە ئەمریکادا کە ئەو جۆرە فەرمانەی درابێ بەسەر شاندا ئەوەندە وەردەگرێ. لەبەرئەوە پێم گوت: «من وام دەزانی کۆمۆنیستی ئەوەتا کە مووچەی «هەموو کەسێک وەک یەک بێ!». ئەویش وای تێگەیاندم کە یەکسانی لە مووچەدا، نەبۆتە بەشێک لە بیروباوەڕی ئێستای سۆڤیاتی لە بابەت هاوبەشی (اشتراکیە)یەوە.

گوتی، واتەی هاوبەشیی ستالینی لە «هەر کەسی بەپێی توانای خۆی»ەوە گۆڕاوە و بووە بە«هەر کەسێ بەپێی کاری خۆی».

هەر کاتێکیش، لە هەنگاونانی کۆمۆنیستی تێپەڕین، واتە کە وای لێ دێ: لە «هەر کەسێ بەپێی توانای خۆی»ەوە دەبێ بە«هەر کەسێ بەپێی پێویستی خۆی». بێجگە لەوە گوتی: تەنانەت ئەو کاتەیش یەکسانی تەواو پێویست نییە، هەروەها پەسندیش نییە.

منیش گوتم: «تۆ بەهۆی ئەم دەرامەتەوە دەتوانیت پارە کۆ بکەیتەوە بۆ خۆت. ئەی وا نییە؟» ئەویش پێکەنی گوتی: «بەڵێ وایە ئەگەر ژنەکەم پارە زۆر بەخت نەکات!».

– «بەو پارەیەی کۆی دەکەیتەوە چی دەکەیت؟! چۆن بەکاری دەهێنیت؟».

وەرامی دامەوە گوتی: «بەو پاشەکەوت کردنانەی پێشووم خانوویەکی جوانم کڕی».

– «پاش ئەوە لەلادێدا جێگایەکمان کڕی. خێزانەکەم لە پشووەکاندا دەتوانن بچنە ئەوێ بۆ ڕابواردن. خۆیشم هەرچەند بتوانم لە کارخانەکە خۆم دەرباز بکەم دەچمە ئەوێ بۆ حەسانەوە و بووژانەوە، یاخود بۆ ڕاوەماسی و ڕاوی پەلەوەر».

– «ئێستاکە لە پاش ئەمەی ئەمانەت دەستکەوتووە و نرخەکانیانت تەواو داوە بەخاوەنیان. ئیتر بەپارە کۆبووەکەت چی دەکەیت؟».

– «یان بەپارەی لای خۆم گلی دەدەمەوە. یان دەیخەمە گەڕ لە کڕینی قەباڵەکانی فەرمانڕەواییدا». قەباڵەکانی فەرمانڕەوایی سۆڤیاتیش هیچ کەڵکێکیان لێ پەیدا نابێ. جا لەبەر ئەوەی ئەوەم بیرکەوتەوە کە یەکەم پارەیەک کۆم کردەوە و ئەو بیرەی دەهاتە مێشکمەوە بۆ دەستکەوتنی سامانێکی هەرە گەورە کە بتوانرێ بەهۆی ئەو پارەیەوە پێک بێت. حەزم کرد لێی بپرسم بۆ ئەمەی بزانم چیی کردووە بەپارەکەی خۆی، گوتم:

– «بۆچ لە شتێکا بەکاری ناهێنن کە کەڵکێکی باشت پێ بگات؟»

بەمۆڕییەکی سەرسوڕماوانەوە سەیرێکی کردم، کە وام بەبیردا هات بەسووکییەوە سەیرم دەکات. گوتی:

– «ئاخۆ، میستەر ویلکی مەبەست ئەوەیە کە سەرمایە پێکەوەنێم؟ ئەمە ناشێ پێک بێت لە ڕووسیادا. ئەوە هەرچۆنێک بێ، من باوەڕم پێی نییە».

خەریکی ئەوە بووم کە هۆی ئەوەی پێ دەربخەم. کەچی تا ماوەیەکی دە وردیلەیی، پێشبینییەکانی مارکس و لینینی بەگوێ دادام. ئیتر منیش قسەکەم پێ بڕیی و لێم پرسی:



«باشە. کەواتە بۆچ بەم ڕەنگە خۆت خستۆتە ڕەنج و کوێرەوەرییەوە لەم فەرمانەتا؟» ئەویش بەدەست ڕاوەشاندنێکەوە بەملا و بەولای خۆیدا وەرامی دایەوە، گوتی:

«من ئەم کارخانەیە دەبەم بەڕێوە. ڕۆژێک دێ دەشبم بەکارگێڕی. ئەم نیشانانەت چاو لێیە؟» پەنجەی کێشا بۆ ئەو نیشانانەی کە بەکراسەکەی خۆیەوە هەڵیواسیبوون. «فەرمانڕەوایی و دەستەی کۆمۆنیستی ئەم نیشانانەیان پێ بەخشیوم، لە پاداشتی ئەوەدا کە فەرمانەکەم بەباشی ڕاپەڕاندووە» لە شێوەیەکی پشت بەخۆبەستندا کە ئاشکرا و دیار بوو دەیگوت:

«ئەگەر هاتوو فەرمانێکی وام کرد بۆ فەرمانڕەوایی، کە کارگوزاریی و هەڵکەوتوویی خۆمی تیا دەربکەوێ، بێ گومان دەستە کۆمۆنیستەکان(١) ئەو پایەیەم پێ دەبەخشن».

– «بەڵام کێی وا هەیە خەمت بخوات، کە کەوتیتە ساڵەوە؟»

– «ئەوساکە هەندێ پارەی پاشەکەوتم لەلا دەمێنێتەوە خۆ ئەگەر ئەو پارەیە بەشم نەکات، فەرمانڕەوایی «ئامادەیە کە بمداتێ».

– «تۆ حەز ناکەیت کارخانەیەکی خۆت هەبێت؟» کە ئەوەم گوت، دەستبەجێ وەرامێکی وای دامەوە کە پڕ بێ لە ڕاستی پەرستیی ئابووریی و کۆمەڵایەتی لەمەڕ (مارکس)، کە بەچەشنی فەرمانەکەی خۆی، خووی پێوە گرتبوو!

سەرم کردەوە سەری و پێیم گوت:

– «باشە. ئەی چی لە خێزانەکەت دەکەیت؟ ئایا ناتەوێ منداڵەکانت لە خۆت باشتر پێ بگەن؟ ئەی ناتەوێ ژنەکەت بپارێزیت لە سەرگەردانی، لەکاتێکی وادا کە خۆت لەپێش ئەودا بمریت؟».

ئیتر لەوە بەولاوە ئارامی نەما. گوتی:

«ئەی میستەر ویلکی. ئەمە قسەیەکی سەرمایەدارانەیە. من کە هاتمە ناوەوە لەپێشدا کرێکارێک بووم. منداڵەکانیشم لە سەرەتاوە وەک خۆم بەباشی دەست پێ دەکەن. ئێستاکە ژنەکەم لە فەرمان دایە. ئەویش هەتا لەشی چاک بێ، لە فەرماندا دەمێنێتەوە. هەر کاتێکیش «وای لێ بێ کە فەرمانی پێ نەکرێ، فەرمانڕەوایی خۆی خەمی دەخوات و بەخێوی دەکات».

(١) لەهەر کارگەیەک و فەرمانگەیەکدا (کۆمیتە)یەکی حزبی هەبووە.

پێم گوت: «باشە. ئەگەر تۆ بۆ ئەم فەرمانە دەست نەدەیت چی دەکەیت؟». ئەویش بەزەردەخەنەیەکی ڕوو گرژانەوە گوتی:

«لە ئەنجامدا لە ناوم دەبەن». لەوەوە تێگەیشتم کە مەبەسی ئەوەیە، هەموو شتێکی ڕەنگە بەسەردابێ، لە دەرکردن لە فەرمانەوە، تا دەگاتە بەندیی کردن، تا دەگاتە کوشتن!!

بەڵام ئەوە دیاربوو کە لەوە کەم دەترسا کە بێ کارەیی و سەرنەکەوتنی لی ڕوو بدات.

ئیتر خەریکی ئەوە بووم کە لە لایەکی ترەوە هوروژمی ببەمە سەر.

– «بام بڵێین تۆ لە کاتی ئاشتیدا، نەک لە کاتی جەنگدا وات لێ هات کە حەز لەم کارگێڕەی خۆتە نەکەیت. ئاخۆ دەتوانیت دەست لە فەرمانەکەی خۆت هەڵبگریت و فەرمانێکی تر لە کارخانەیەکی تردا بۆ خۆت پەیدا بکەیت؟».

– «زۆربەی کرێکارەکان دەتوانن ئەوە بکەن. بەڵام من چونکە ئەندامێکم لە دەستەی کۆمۆنیستەکاندا، پێویستە لەو جێگایەدا بمێنمەوە کە دەستەکە بەباشتری ئەزانێ، بۆ کەڵکی هەمووان».

– «بام بڵێین تۆ دەتەوێ لە فەرمانێکی تردا کار بکەیت. ئاخۆ دەتوانیت فەرمانەکەی خۆت بگۆڕیتەوە بەفەرمانێکی تر؟»

– «من لەوە تێ دەگەم کە تۆ بەتەواوەتی لەگەڵ پێشبینییەکانی فەرمانڕەواییدا سازاویت چە لە ڕووی ئابوورییەوە، چە لە ڕووی کارزرنگییەوە (سیاسەت). بەڵام ئەگەر هاتوو بڕوات بەبیروباوەڕێکی جوێ هەبوو لە هی فەرمانڕەوایی، ئایا پیت دەکرێ ئاشکرای بکەیت و لە سەریشی بکەیتەوە؟» تا دە وردیلەیش من و ئەو لە دەمەقاڵێیەکی توندوتیژدا بووین بۆ ئەمەی بیخەمە سەر ئەوەی کە ئەم پێشنیازەی من پەسەند بکات. کەچی وەرامەکەی هەر ئەوە بوو شانەکانی خۆی دەبزواند. ئیتر نۆرەی منیش هات کە وەڕس ببم لە دەستی بەتوندوتیژییەکەوە پێم گوت:

«کەواتە تۆ لە ڕاستیدا لە سەربەستی بەش بڕاویت!...».

ئەویش خۆی گیڤ کرد، وەک بیەوێ بۆ شەڕ خۆی ئامادە بکات و گوتی: «تۆ ئەوە نازانیت میستەر ویلکی. ئەو سەربەستییەی من دەستم کەوتووە، زۆرترە لەو سەربەستییەی باوکم و باپیرم هەیانبووە. ئەوان هەردووکیان جووتیار بوون. کەس نەی دەهێشت فێری خویندنەوە و نووسین بن. هەردووکیان بەندەیەکی زەوییەکە بوون[١].

(١) یان: کۆیلەیەکی زەویەکە بوون.



ئەگەر نەخۆش بکەوتنایە، کەس نەبوو چاکیان بکاتەوە، نە پزیشک هەبوو، نە نەخۆشخانە. من یەکەم کەسم لەناو بەرەی باووباپیرەکانما، کە ماوەی درابێ خۆی بکات بەخوێندەوار و پێگەیشتووە، بۆ ئەمەی ببمە خاوەن پایەیەک. بەلای منەوە سەربەستی ئەمەتا. دوور نییە تۆ ئەوە بەسەربەستی نەزانیت. بەڵام ئەوەیشت لەبیر نەچێ کە ئێمە لە ڕێگای پێشکەوتن و گۆڕانی یاساکەماندایین. ڕۆژێک دێ سەربەستیی کارزرنگی (سیاست)یشمان دەدرێنێ».

منیش تەنگەتاوم کرد، پێم گوت:

«چۆن بۆت دەلوێ سەربەستیی کارزرنگی و ئابووریت دەست بکەوێ، لەناو فەرمانڕەواییەکدا کە هەموو شتێک بەدەست ئەوەوە بیت؟».

ئیتر ئەویش دەستی کرد بەهەڵڕشتنی پێشبینییەکانی خۆی کە وادیاربوو دوایی نەئەهات. بەڵام ورامەکانی هەموویان مارکسیانە بوون کە خۆی تیا قاڵ بووبوو. دیارە مارکسیش لەسەر ئەو پرسە گەورەیە، بۆ وەرام دانامێنێ[٢].

لەو کاتەدا کە من خەریک بووم وەرگەڕێم و بڕۆم. بەڕێکەوت گوێم لە (ماجۆرکایت)، فرۆکەوانی فڕۆکەکەمان بوو، کە زۆر زیرەک و شارەزا بوو، دەیگوت بە(جوبارنیس): «گوێت لێ بێ؛ پێش ئەمەی جێگاکەمان بەجێ بهیلێین، لەو پیاوە بگەیێنە کە میستەر

(١) یەکێک لەو کێشانەی ئەم جۆرە ڕژێمانە بەرەوڕوویان دەبیتەوە (ڕژێمی تاکە حزبی دیکتاتۆری وەیا ئەو جۆرە حزبە کەللەڕەقانەی سوار سەری خۆیان دەبن و هەرچی سەروەری و بەهاکانە هەر بۆ خۆیانی گل دەدەنەوە و خۆیان بەخاوەنی دەزانن و کەسی دی بەچڵەپووشی دانانێن»، ئەمانە لە کۆبوونەوە و حەلەقە حزبییەکانیاندا مێشکی ئەندامان و چاوبەستکراوەکانی خۆیان بەوە ئاو دەدەن کە لە ئاسۆی ئایندە کۆمەڵێ ئاوات و حەز و وادەی ڕەنگاوڕەنگی درۆیان بۆ ڕێکدەخەن و پیشانیان دەدەن، کە گوایە حوکمەکەیان یا حزبەکەیان لە دواڕۆژدا بۆیان فەراهەم دەکات، ئەم ئاواتە ساختە و درۆیانە ڕووپۆشێکە بۆ شاردنەوەی باری ژیانی خۆشی و ئەو دەسەڵات و گوزەرانە خەیاڵیەی کە توێژاڵە دەسەڵاتدارەکەی سەرەوەیان تیا دەگەوزێن و چێژی لێ وەردەگرن، بۆ شاردنەوەی ئەو مشەخۆری و تەنگە ئەستوورییەی سەرکردە و پیاوانیان. دەهێنن بەراوردکاریەکی پێچەوانە و ئاوەژوو دەدەن بەگوێی ئەندامان و لایەنگرانیاندا، بەراورد لەگەڵ ڕابردووی دووردا نەک لەگەڵ ئێستا و گەلانی پێشکەوتوودا، وەک ئەوە نەزانرێ کە ڕەوتی ژیان هەمیشە لە گۆڕان و پەرەسەندندایە. خۆشبەختانە ڕووداوەکانی ئایندەی نووسینی ئەم کتێبە چروکی و ساختەی ڕاوبۆچوونەکانی ئەو حوکم و حزبانەی سەلماند کە هەرگیز ئەو جۆرە شێوازە لە سیاسەتدا پیرۆزی بۆ نییە، ئەگەر تا ماوەیەکیش خەڵکی چاوبەستکەن.

ویلکی لەم قسانە مەبەستی هەر ئەوە بووە کە بیخاتە سەر قسەکردن. ئەمە ڕاستە ئێمە لە ئەمریکادا حەز بە کۆکردنەوەی پارە دەکەین، حەز بەوەیش دەکەین کە بەپارە دەست دەکەوێ. بەڵام هەر پارە نییە کە ئەمان خاتە سەر فەرمان کردن. ئەم نیشانەی بەسەر شانمەوەیە، ئەو ڕۆژەی پێم درا، موچەکەم پێی بەرز بووەوە. بەڵام هەر لەو کاتەدا ئەم پەتەیشم دەستکەوت، (دەستی برد بۆ پەتی چەلیپای سەرکەوت لە فڕۆکەوانیدا) کە بەهۆی ئەوەوە یەک پوولم دەست نەکەوتووە. ئەمەوێ لەوەیش ئاگاداری بکەم کە من دەتوانم لە پایە و زۆربوونی موچەکەم دەست هەڵ بگرم، بەڵام ناتوانم واز لەو پەتە بهێنم بەملیۆنێک دۆلار!...» ئەوەندەی کارخانەکانی ڕووسیا ئامادە کرابوون بۆ شەڕێکی گشتی، کێڵگەکانیشی بەوجۆرە ئامادەکرابوون بۆ ئەو شەڕە. توانای ئەو کێڵگانەیش لە یارمەتیدانی نەتەوەیەکی شەڕکەردا، لەلایەن (هتلەر)ەوە، زۆر بەهەڵە هەڵ سەنگێنرابوو. ئەمەیش لەناکاو وەک شتێکی زۆر سەیر بۆ جیهان دەرکەوت.

ڕۆژ بەڕۆژ بەسەر ئەم کێڵگانەدا، بەدرێژایی ڕێگای کۆڕی جەنگەکەی تەنیشت (رجیف)ەوە دەفڕین، تا دەگەیشتینە ئەوپەڕی جێ کێڵانی ناوەڕاستی ئاسیا و (سیبەریا). چۆن زەوییە ئامادەکراوەکان بۆ کشتوکاڵ، تا نزیکەی شەش هەزار میل لە پشت کۆڕی جەنگی ڕووسیاوە دەکشێتە دواوە لەناو خاکی ڕووسیادا. پیاو بەئاسمانەوە دەیتوانی شتێک تێ بگات لەم زەوییە کشتوکاڵییە فراوانانە، یاخود لە جۆرەکانیان کە لە ژمارە نەدەهاتن. لەم قسەیەشدا ماوە زۆرە بۆ گومان بردن. هەندێ جێگای وای تیا بوو، ئەمەندە بەرهەمی گەنمەکەی زۆر بوو، لە ئاسۆ توند دەبوو. لەبەرئەوە (ماجۆرکایت)ی فڕۆکەوانی فڕۆکەکەمانی وا لێ کرد هەناسەیەک هەڵ بکێشێ بۆ نیشتمانەکەی خۆی کە لە خاکی (تکساس) دایە. هەندێ جێگای تریشی تیا بوو، وەک ئەو دۆڵەی کە نزیکەی (تاشقەند) بوو، هەر لە باشووری (کالیفۆرنیا)ی دەکرد.

هەڵێکم بۆ هەڵکەوت، هەندێ لەم کێڵگانەم لە نزیکەوە دیی ئەو کاتە ئێمە لەسەر ڕووباری (ڤۆڵگا) بووین، نزیک لە (کویبیشیف)ەوە. چووینە ناو ڕووبارەکە و پیاڕۆیشتین بۆ سەرەوەی لەناو گەمێیەکی تازە بابەتی پاکوخاوینی ناو ڕووباردا. لەناو لقوپۆپەکانی ئەو درەختانەوە کە لەم بەر و لەوبەری ڕووبارەکەوە ڕووا بوون، دەمانتوانی سەربانی خانووە گەورەکان ببینین، کە ڕۆژێ لە ڕۆژان سامانی دەوڵەمەندەکان بوون. ئەوانە لە شوێنی وا دوورەوە دەگەیشتنە ئەوێ کە ئەوەندەی ماوەی ناوەند (مۆسکۆ) و (سانت پەتریسبورگ) دووربوون. ئەوانە ئێمڕۆ کراون بەمیوانخانە و هەوارگەی



تەندروستی بۆ کرێکارەکان. ئەمانە ئەو خانووە گەورانەیان بیر خستمەوە کە پیاو لەناو گەمێوە دەیانبینێ لە ڕووباری (هودسون)وە. بەڵام (ڤۆڵگا) لە (هودسون) زۆرتر پشێوییی تیایە. لەوەدا ئەوەم بۆ دەرکەوت، کە ڕێ پیشاندەرەکەمان ڕێی دام، ڕەوڕەوەی لێ خوڕینی گەمێ کە تاقی بکەمەوە. کاتێکمان زانی کەوتووینەتە ناو چەند گێژاوێکی ڕاست و چەپەوە، کوتوپڕ هەڵیداین بۆ لای کەناری ڕووبارەکە. ئەم کەینەوبەینەیە، گەمێ وانەکەی ڤۆڵگای خستە پێکەنین و دڵخۆشییەوە. گەلێک کاریتەی گەورەیش بەدەم ئاوەکەوە بوون، ڕووەو دارتاشخانەکان دەچوون کە دایان بهێنن و بیانکەن بەتەختە. هەندێ کۆڵێتیشیان بەسەرەوە دامەزرینرا بوو. مەڕومالات و جووجەڵەیشیان بەسەرەوە بوو، کە هی ئەو خێزانانە بوون بەدرێژایی هاوین بەسەر ئەم کاریتانەوە (کەڵەک) بەهێواشی بەسەر ئاوەکەوە دەڕۆیشتن، لە جەنگەڵستانەکانی باکووری ڕووسیاوە دەهاتن تا دەگەیشتنە شارەکانی باشوور.

لە (کویبیشیف)دا، لەوە ئاگادارم کە ڕێوشوێن، دانراوە و بڕیاریشی لەسەر دراوە، بۆ دروست کردنی بەندێک لەسەر پێچێکی گەورەی ڕووباری (ڤۆڵگا) بۆ بەرهەمهێنانی هێزێکی کارەبایی. لەم گەشتەماندا چووینە جێیەک کە فرێ هەبوو بەسەر ئەو پرۆژەیەوە کە پێشنیاز کراوە. من لەو کەسانەنیم کە هەروەها بەئاسانی بەپرۆژەکانی هێزی کارەبایی فەرمانڕەوایان سەرسام ببم. بەڵام کە بۆم دەرکەوت، ئەم پرۆژەیە، ئەگەر سەربگرێ، دەتوانێ بەتەنیا هێزێکی وا گەورە بەرهەم بهێنێ کە دوو هێندەی هەموو هێزەکانی پرۆژەکانی (TVA) و (grand coulee) و (Bomeseille)، پێکەوە ببێ، لەوە دڵنیام کە ڕووسەکان خەو بەو پرۆژانەوە دەبینن کە لەگەڵ جەنگەڵستانەکان و دەشتە فراوانەکانیاندا ڕێک بکەون و بەکاربێن.

لە پێچەکەی ڤۆڵگا تێپەڕین، ئینجا بەئوتومبێل چووین بۆ کێڵگەیەکی کۆمەڵی لەو ناوەدا[1]، کە کاتی خۆی زەوییەک بووە ڕاوی تیا کراوە. هی یەکێک بووە لە چینی زادەگانەکان، لە جۆری پایە هرە نزمەکانیان. زەوییەکە جێگایەکی (٨٠٠٠) ڕۆژە جووتیی گرتبووەوە. پەنجا و پێنج خێزانی لەسەر دەژیا واتا هەر خێزانی (١٤٠) ڕۆژە جووتی بەر کەوتبوو. لە پانی و فراوانیدا وەک کێڵگەیەکی مام ناوەندیی ناوچەی Rush County لە خاکی (ئەندیان)دا وابوو.

(١) کێڵگەی کۆمەڵی: مزرعة جماعية.

گڵەکەی زۆر باش بوو. گڵێکی ڕەشی بەپیت بوو. بەڵام بەشی ئەو بارانەی کە بەسەریا دەباریی، کەم بوو. لەساڵێکا سیانزە گرێی بەردەکەوت. کەچی لە ئەندیانادا ساڵی چل گرێ باران دەبارێ. دانەوێڵەیش دەچێنرێ. بەڵام پەینی پێوە ناکرێ. کێڵانەکەیشی هەر بەمەکینەیە، مەگەر کەمێکی نەبێ. زۆربەی شینایییەکانی گەنم و گەنمەشام و هەندێ دانەوێڵەی وردی ترن. بەرهەمی کەشێک لەهەر ڕۆژە جووتێکا، بەجۆرێکی تێکڕایی. دەگاتە سی و یەک تەنەکە لە گەنم، لە گەنمەشامیش هەندێ لەوە کەمتر پەیدا دەبێ. لام وایە ئەمەیش بەرهەمێکی چاکە لە رۆژێکی وادا. جا بۆ ئەمەی بەرهەمی ئەم ڕۆژە جووتانە بزانرێ، پێویست بوو من و (مایک کولیس) تەواو لێی ورد ببنەوە و بەراوردی بکەین کە گۆڕینی هەکتارەکان بەڕۆژە جووت و پوودەکانیش بەتەنەکە یەکێک بوو لەو شتانە. (پوور، کێشانەیەکی ڕووسییە، ٣٦ لیرەی ئینگلیزی دەکات). ئەوەمان واز لێ هێنا کە نرخی (بوشەل)ێکی ڕووسی لێک بدەینەوە بەدراوی ئەمریکایی. (بوشەل، پێوانەیەکی ڕووسییە، دەکاتە هەشت گالۆنی ئینگلیزی، یاخود دوو تەنەکەی نەوت). چونکە نرخەکان هەموویان بە(ڕۆبڵ)ی ڕووسی دانرابوون. نرخی ڕۆبڵیش هەمووددەم لەناکاو دەگۆڕا. لەهەر بازاڕەدا نرخێکی هەبوو. بەهەموو ڕەنگ توانیمان بڕیارێک بدەین بەسەر جۆری گەنمەکەدا. بەلای ئێمەوە باش دەرچوو.

هەموو خێزانێک لەو پەنجا و پێنج خێزانەی کە لەوێدا نیشتەنی بوون مافی هەبوو مانگایەکی ببێ، ئەو ڕانەیش کە لە هەموو ڕەگەزێکی باش پێک هاتووە، لە شوێنێکی گشت لایی نزیک بەکۆمەڵێک خانووی پچووک پچووکدا دەلەوەڕێنرا، کە لە ناویاندا گەلێک خێزان هەبوون. بەڵام کێڵگەی گشت لاییە کە خۆی هەشت سەد سەر چوار پێی تیا بوو، دوو سەد و پەنجا سەریان لە مانگا هەرە ڕەسەنەکان بوون. هەموویشیان بەباشی بەخێو دەکران. چشتیری چوار پێکان لە خشت دروست کرابوون. فراوان بوون. زەوییەکانیان لە چیمەنتۆی ئاسندار داڕێژرابوون. چەپەرەکانیشیان لەسەر شێوەی نوێ دروست کرابوون. بەچاوێکی پڕ خۆشەویستییەوە سەیری گوێرەکە و نوێنگینەکان دەکرا. لە شوێنی پاکدا دەبەسترانەوە. ئەو ئافرەتانەی سەرپەرشتیی ئەو چشتیرانەیان دەکرد، دەستیان کرد بەڕۆشنکردنەوەی شێوەی خۆیان لە گەشەپێکردن و پوختەکردنی نەوەی ئەو گیانلەبەرانەدا، لەگەڵ خەم خواردنی پەروەردە کردن و بەخێوکردنیاندا. ئەو شێوازەی ئەوان پیشانیان دەدام هەموو زانستییانە و باوی ئەم چەرخە بوون.

پیاوێکم دی لە کێڵگەکەدا، داروباری بەهێز بوو. ئەوە کارگێڕ بوو. زۆربەی کرێکارەکان



ئافرەت بوون، یاخود کوڕ بوون، چەند پیاوێکی پیریشیان لەناودا بوو. چونکە کێڵگەکانی ڕووسیا بووبوونە کۆگای هەرە گەورە بۆ سەرباز دان بەلەشکری سوور. ئیمڕۆکەیش ژنانی سەربازەکانی ئەو لەشکرەن لەگەڵ کوڕەکانیاندا کە خواردەمەنی ئامادە دەکەن بۆ خاکی سۆڤیات. کارگێڕیش، گەورەی دەسەڵاتداری کێڵگەکەیە. وەک خونکاری ئەوێ بێ وایە. پیاوێکی خاوەن مەشقی کشتوکاڵی بوو لە سەر بنچینەیەکی زانستی. چست و چالاک بوو. زۆر پشت ئەستوور بوو بەخۆی. ئەو خۆی ڕێ و شوێن دادەنێ. خۆیشی کاروباری کێڵگەکە دەبات بەڕێوە. لەو شوێنەدا هەر کەسێ هەبێ، لە ژن و پیاو و لە کوڕ، لەژێر چنگی ئەو دایە و بەقسەی ئەو دەکات.

ئەویش بەشی خۆی ئۆباڵی سەرکەوتنی پرۆژەکە و بەشی بەرهەمی دیاردی کراوی کێڵگە کە (کوتا) لە کاروباری ئابووریی جەنگدا، بەئەستۆی ئەوە و بەرەو ڕووی ئەو کراوەتەوە. واتا سەرکەوتنی پرۆژەکە و چەندێتیی بەرهەمی کێڵگەکە لەو دەپرسێتەوە جا ئەگەر لەوەدا سەر بکەوێ، ئەوا دەسەڵاتی بەهێزتر دەکرێ و پایەی بڵندتریشی دەدرێتێ. بەڵام ئەگەر تیا سەرنەکەوێ ئەوا سزای پڕ دەرد و ئازاری خۆی دەبینێ.

سەرچڵی خستمیە سەر ئەوەی کە لە کاروباری ئابوورییەکی لەم کێڵگانە بکۆڵمەوە. لەبەر ئەوە دەستم کرد بەپرسکردنێکی زۆر لەم و لەو. لەوەوە زانیم کە تۆمارێکی زۆر ڕێکوپێک و گرنگ دامەزراوە لەناو جەرگی کێڵگەکەدا، ئەندازەی فەرمانکردن و بەرهەمی هەموو کرێکارێکی تیا نووسراوە. «فەرمانی رۆژێک»یش بەپێوانە دادەنرێ. لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێ لە شارەزایی تایبەتی جیا دەکرێتەوە و دەخرێتە پێش چاو. بۆ وێنە: ئەگەر ئوتومبێل لێ خوڕێکی کێشکەوە،[١] ژمارەیەکی دیاردیی کراوی لە زەویی ڕۆژە جووت کێڵا، بەفەرمانی ڕۆژێکی بۆ دادەنرێ. هەروەها بەستنی ژمارەیەکی دیاردیی کراو لە بارگە، یاخود لەوەڕاندنی ژمارەیەکی دیاردیی کراو لە مانگا بەفەرمانی ڕۆژێکی سەربار[٢] دادەنرێ.

ئەم کێڵگەیەیش وەک زۆربەی کێڵگە گشتییەکانی ناو ڕووسیا، ئۆتۆمبیلی کێڵان و بابەتە مەکینەکانی تر لەو ئیستگانە وەردەگرێ کە هی فەرمانڕەواییں، لە تۆڵەی ئەوەدا[٣] مزیان دەداتێ. ئەو مزەیش لە بەرهەمی کێڵگەکە دەدرێ. نابێ بەپارە بدرێ، ئەبێ لە

(١) یان: سایەق تراکتۆر.

(٢) ڕۆژی سەربار: (یوم إضافی).

(٣) لە بەرامبەر ئەوەدا

بەرهەم بدرێ. بەرهەمی کێڵگەکەیش کە لە پاش دروێنە کۆ دەبێتەوە بەسەر ئەو کەسانەدا دابەش دەکرێ کە لە کێڵگەکە دان.

ئەویش لەسەر بنچینەی ژمارەی (ڕۆژانی فەرمان) دابەش دەکرێ کە بۆ هەر کرێکارە نووسراوە لە تۆماری کێڵگەکەدا. لە دابەش کردنەکەی دواییدا، هەرچی بەر کرێکارەکە دەکەوێ، دەتوانێ پۆشەنی پێ بکرێ لە کۆگا پچکۆلەکەی ناو کێڵگەکەدا، یاخود بیفرۆشێت بۆ خۆی. هەرچەندە جووتیارەکان، بەناو سەربەستن لە فرۆشتنی بەشەکەی خۆیاندا، لەهەر کوێیەکدابێ، بەهەر کەسێک بێ؛ لەبەرئەوەی مزی مەکینەکانیان لەگەڵ باجەکاندا داوە بەفەرمانڕەوایی. بەڵام لە ڕووداودا وا نییە. فەرمانڕەوایی، تا دێت، زۆریان لێ دەکات، کە بەشە بەرهەمەکانی خۆیان هەر بەفەرمانڕەوایی بفرۆشنەوە. وایشم بۆ دەرکەوت کە زۆربەی جووتیارەکان، لەوانەی کە چاوم پێیان کەوت، پارەیەکی زۆریان بۆ کۆ بووبووەوە، بەڵام ڕێگایان نەبوو بەختی بکەن بەئارەزووی خۆیان ئەویش لەبەرئەوە بوو، کە کەلوپەلی ناو کۆگاکان تا دەهات لە کەم بوونەوەدا بوو، کەم دەهاتە ئەوێ بۆ فرۆشتن. جەنگ کاریکی کردبوو، پێویستیی لەشکری سووریش ئەوەندە زۆر بووبوو بەکارخانەکان، هیچ نەئەمایەوە لەو پۆشەنی و کەلوپەلانە تا بهێنرێنە ناو ئەو کۆگایانەوە.

چووینە ناو خانووی کارگێڕی کێڵگەوە بۆ نانخواردنی چێشتەنگاو. کابرا تەمەنی لە (٣٧) ساڵیدا بوو. دوو منداڵی هەبوو. لە خانوویەکی پچووکی ساکاردا دەژیا، کە لە بەرد دروست کرابوو. بەڵام لە ناوچەیەکی وادابوو خانووەکە، کە جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبوو لەگەڵ کێڵگەیەکی شەنگ و شۆخی ناو خاکە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا. میوانداریيەکی پڕ بەدڵ بوو، بەڕووخۆشی و پێکەنینەوە. خۆرشتەکان زۆر بوون، ساکار بوون، بەڵام باش بوون. ژنی کارگێڕەکە، کە خۆی خۆرشتەکانی دروست کردبوو، زۆری لێ دەکردم بخۆم. زۆر جاریش لە کێڵگەکانی (ئەندیانا)دا پێیان دەگوتم: «بام تۆزێکی تریش بخۆیت میستەر ویلکی. منیش زۆرم لە خۆم دەکرد ئینجا تۆزێکی ترم بۆ دەخورا».

دیارە لەوێشیدا (ڤۆدکا) هەبوو، وەک لە هەموو جێگایەکدا هەبوو. بەڵام ئاو دەست نەدەکەوت و دیار نەبوو لە هیچ لایەکەوە.

منیش پرسێکی بێ شومارم کرد لە کارگێڕەکە و ژنەکەی بەپرس تەنگەتاوم کردن. هەروەها گفتوگۆیشم لەگەڵ کرێکارەکانی کێڵگەکەدا کرد. بۆ ئەوە تێ دەکۆشام کە ڕازی ئەوەیان لێ بگەم، چۆن وایان لێ هاتووە کە لەو ئارەزووە زۆردارە خۆیان دوور بخەنەوە، کە هەموو جووتیارێک دەخاتە سەر ئەوەی پارچە زەوییەک بۆ خۆی پێکەوە بنێ.



هەندێکیان لە پرسەکەم سەریان سووڕ دەما. بەڵام کارگێڕەکە بۆی ڕۆشن کردمەوە کە خۆی و هەموو جوتیارەکان نزیکەی سەد ساڵێک بەندەیەتییان بەسەردا تێپەڕیووە، نە خۆیان، نە باووباپیریان زەوییان نەدیوە بەخۆیانەوە کە هی خۆیان بێ و کاری تیا بکەن. لە ڕاستیدا یاسای ئێستاکەیان پێ چاک و بەکەڵکە.

لە پاشدا زانیم کە ئەم کێڵگەیە، لەو کێڵگە دامەزراوانە بوو کە لە ژوور کێڵگە ناوەنجییەکانەوە دابنرێ. لەگەڵ ئەوەشدا ئەویش وەک (٢٥,٠٠٠) کێڵگەکانی گشتیی تر کە لەناو خاکی یەکێتیی سۆڤیات دامەزراون، لەسەر یەک شێوە کاروباری هەڵ دەسوڕێنێ. ئیتر لەوەوە تێگەیشتم کە کێڵگە گشتییەکانی ئەوێ، چۆن بوونەتە بڕبڕاگەی پشتی بەرگە گرتنە بەهێز و هەڕەتەکەی یەکێتیی سۆڤیات.

***

لە پشت کۆڕی جەنگەوە، لە ڕووسیادا، کارخانەکان و کێڵگەکان بەشێوەیەکی گشتی وا دامەزرێنراون، کە بێجگە لە ئەڵمانیا، لە هەموو جیهاندا وێنەیان نییە. لە دوای ئەو کارخانە و کێڵگانەوە، ئەو مەکینەیە هەیە، کە ئەم خۆ ئامادەکردنە بۆ شەڕ، دەخاتە شێوەیەکی تەواو و گشتییەوە.

وایشم بۆ دەرکەوت کە بەشێکی هەرە خۆش و گرنگی پارچەکانی ئەم مەکینەیە ڕۆژنامەکانە. ئەویش وەک پارچە مەکینەکانی تر لەژێر چنگی فەرمانڕەوایی دایە و ئەو سەرپەرشتیی دەکات.لە مۆسکۆدا، بۆ یەکەمجار لە ژیانی خۆماندا، من و (گاردنەر کۆلیس)ی هەرە بچووک کە ڕۆژنامە بڵاوکەرەوەیەکی ئەمریکاییە و لەگەڵمابوو، پیاوان و ژنانمان دیی بەڕێزە یەک لە دوای یەکەوە بۆ ماوەیەکی درێژ وەستابوون، چاوەڕوانیی کڕینی ڕۆژنامەکانیان دەکرد. ژمارەی ڕۆژنامە ڕۆژییەکان دەگاتە حەوت[1]. کەچی لەگەڵ ئەوەیشیا بەشی خوێندەوارانی ڕووس ناکات. لە شارە بچکۆڵەکانی ڕووسیایشدا، لەم پەڕیەوە تا ئەوپەڕی، کۆمەڵە کۆمەڵەی بچووکی خوێندەوارانم دەدی، لەملا و لەولای سنوقی شووشەوە کۆبوونەوە لە چەقی ڕێگاکاندا. لەناو سنوقەکاندا هەندێ لە ڕۆژنامەکانی (پراڤدا) و (ئەزڤەستیا) کە لە ڕۆژنامە گەورەکانی ڕووسیان بەدەرزیی قایم

(١) زاراوەی (ڕۆژنامە) لەخۆیدا ئەوە دەگەیەنێ کە ڕۆژانە دەردەچێ، هەر بەهەڵەیەکی باو بەو چاپەمەنیانەی (هەفتانە و نیومانگی و مانگانە و وەرزش) دەردەچن، پێیان دەوترێ (ڕۆژنامە) کە ڕاستیەکەی دەبێ بوترێ (هەفتەنامە، مانگانە، وەرزی) وەیا ئەوەی کاتی دەرچوونی دیاردی نەکراوە (ناوبەناو)ی لێ بنرێ.

کرابوون. ئەوانە ئەوەندە بەپەرۆشەوە بوون ئەو ڕۆژنامـانە بخوێننەوە لەناو ئەو سەرمایەدا بەپێوە وەستابوون، خۆیان هەڵدەواسی بەپشتییەکەوە بۆ ئەمەی بیانخوێننەوە.

که فڕین بۆ (تاشقەند)، فڕۆکەکەمان ئەوەندە بەخێرایی دەفڕی، لە فڕینی هەموو فڕۆکە بازرگانییەکانی سۆڤیات خێراتربوو. جا لەبەر ئەوەی ئێمە نۆبەرەی ئەو ئەمریکاییانە بووین، کە چەند ساڵێک بوو ئەو شارەی ئاسیای ناوەڕاستیان چاویان پێ نەکەوتبوون، سەرچڵییەکی زۆر تووش بووین لەلایەن دانیشتوانی شارەکەوە. ئەوانە ئەوەندە پرسیاریان کردبوو لەبابەت ئێمەوە، بەوەیان زانیبوو کە ئێمە هەندێ ڕۆژنامەمان لە مۆسکۆوە لەگەڵ خۆماندا هێناوە، لەهی هەموو کەسێکی دانیشتووی تاشقەند تازەترە. کە ئەوە زانرا، تەنانەت خانەخوێکانی خۆیشمان کە لەلایەن فەرمانڕەوایی سۆڤیاتەوە دیاردیی کرابوون، لە ئێمە جیابوونەوە و دەستیان کرد بەخوێندنەوەی ئەو ڕۆژنامانە.

من لەوە سەرم سوڕما. دەچوومە هەر کوێیەک پرسم دەکرد ڕازی ئەوە تێ بگەم. دوایی باوەڕم هاتە سەر ئەوە کە ڕۆژنامەگەریی لە ڕووسیادا، چەکێکی بێ هاوتایە لە دەستی فەرمانڕەواییدا، بۆ ئەو مەبەستانە بەکاری دەهێنێ کە ماوەمان کەم بێ، هەروەها لەو باوەڕەیشدام کە هەتا جەنگ لە ئارادابێ خوێندنگاکان چەکی هەرە بەهێزیانن. ئەمە بیست و پێنج ساڵە فەرمانڕەوایی ڕووسیای نوێ دەستی گرتووە بەسەر خوێندنگاکان و ڕۆژنامەکاندا. ئەو بێگانانەیش کە ئەڵێن فەرمانڕەوایی ڕووس توانای کەمە لە داواکردنی پشتگرتن و خۆبەخت کردندا لە نەتەوەی ڕووس، قسەکانیان لە قسەی پڕوپوچ ئەچێ.

شەوێکیان هەلێکم بۆ هەڵکەوت لەوە دڵنیابووم کە چە جۆرە بیر و هەستێک لەناو ڕۆژنامەکانی سۆڤیاتیدا باوە. ڕۆژنامەگەرە ئەمریکاییەکانی لە مۆسکۆدا، کۆمەڵێکن لەناو ئەو نووسەرانەی کە دیومن لە ژیانمدا بەدەسەڵاتدارترینیان دادەنرێن. (والترکر) کە سەر بە(نیویۆرک هیراڵد تریبیون)ە، (لیلاندستو) کە سەر بە(شیکاگۆ دێلی نیوز)ە، (مۆریس هیندوس) کە سەر بە(نیویۆرک هیراڵد تریبیون)ە، (رالف بارکەر) کە سەر بە(نیویۆرک تایمس)ە، (هەنری شابیرو) کە سەر بە(یۆنایتد پریس)ە (ڕۆبەرت ماجیدۆڤ) کە سەر بە(هاوبەشیی دەنگ بڵاوکردنەوەی نیشتمانی)یە، (لاری لەسبور) کە سەر بە(هاوبەشیی دەنگ بڵاوکردنەوەی کۆڵۆمبیا)یە، لەگەڵ (والی گریبنەر) کە سەر بە(تایم و لایف)ە – بڕواناکەم، بێجگە لە شاری (لەندەن) هیچ شارێک هەبێ لە جیهاندا، کە کۆمەڵێکی وا لە پەیامنێر و نووسەری کارگوزار و سەرڕاست و تێکۆشەری تیابێ لە بێگانە شەوێکیان، هەندێک لەوانە، ئێمەیان کۆکردەوە لەگەڵ چەند ڕۆژنامەگەرێکی



سۆڤیاتدا. لە ژوورێکی گەورەدا پەردەیان لە نێوانماندا هەڵگرت، چونکە نان و چێشت و بابەتی خواردنەوەیان داینێ. چەند زمانزانێکیشیان بۆ ئامادەکردین، کە لەو فەرمانبەران نەبوون. منیشیان بەرەڵڵا کرد بەئارەزووی خۆم پرسیان لێ بکەم.

ئەوانە کۆمەڵەیەکی شەنگ بوون. پیاو دڵی پێیان دەکرایەوە. یەکێک لەوانە (ئیلیا ئەهربنورگ)[١] بوو، کە نووسەر و چیرۆکنووسێکی سۆڤیاتی بوو، زۆربەی تەمەنی خۆی لە فەرەنسە و ڕۆژئاوای ئەوروپادا رابواردبوو. لەبەرئەوە وەک ڕۆژنامەنووسێکی بێگانەی هەرە باش شارەزای کاری خۆی بوو، بەتایبەتی لەناسینی ڕۆژئاوای ئەوروپادا. یەکێکی تریان (بۆریس فواتخوف) بوو. ئەویش نووسەر و دانەرێکی چیرۆکی لاسایی کردنەوەی لاو بوو. نووسەری چیرۆکی (پاراستنی سیباستەپول) بوو کە هەتا داگیرکردنەوەی بەچەند تاوێک لەوێ دابوو، دوایی ناچار بوو لەناو کەشتییەکی ژێرزەویدا خۆی دەرباز کرد. یەکێکی تریان ناوی (ڤالەنتینا جبن) بوو، ئەویش کچێکی ڕۆژنامەنووسی لاو بوو. یەکێکی تریشیان ناوی (سیمۆنۆف) بوو. لاوێک بوو لە دەموچاویا نیشانەی ئازایەتی و بێ باکی دیاربوو. جلوبەرگی (روباشکا)ی ڕووسیی لەبەر دابوو. جزمەیەکی چەرمیشی لەپێدابوو. ئەو ڕۆژە هاتووە مۆسکۆ لە ستالینگرادەوە. چیرۆکی لاسایی کردنەوەی (نەتەوەی ڕووس) لەلایەن ئەمەوە دانراوە. ئیمرۆکە لە هەموو پیاوەکانی ڕۆژنامەگەریی ڕووسیا بەناوبانگترە. هەروەها جەنەڕاڵ (ئەلەکسی ئیجناتیف)یشیان تیابوو، کە پیاوێکی دەموچاو جوان بوو لە تەمەنێکی شەست ساڵیدا. وەک یارمەتیدەرێکی سەربازیی لە باڵوێزەکانی ڕووسیادا فەرمانی بینیوە[٢]، لە پێش شۆڕشی ١٩١٧دا. ئێستاکەیش یەکێکە لەوانەی کە بەدووی دەنگوباسدا دەگەڕێن بۆ ڕۆژنامە ڕۆژانەکەی لەشکری سوور کە پێی دەڵێن (ئەستێرە سوورە).

ماسییەکی گەورەی برژاومان خوارد. چای گەرمیشمان خواردەوە. بەدرێژایی ئەو شەوەیش گفتوگۆمان کرد. گفتوگۆکەمان دوو لکی لێ بووەوە. پیاوەکانی ڕۆژنامەگەریی سەریان کردە سەرم پرسی ئەوەیان لێ دەکردم کە لە کۆڕی شەڕی دووەمدا لە ئەوروپا چی هەیە.

---

(١) ئیلیا ئەهرنبورگ (١٨٩١ – ١٩٦٧): ئەدیب و نووسەرێکی ڕووسی بوو، لە شاری (کییڤ) لەدایکبوو، لە ڕۆمانەکانیدا دەست دەبات بۆ کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کۆمەڵی ئەوساتەی سۆڤێتی، بەناوێترینیان ڕۆمانی (توانەوەی سەهۆڵ)ە.

(٢) راستتر: لە باڵوێزخانەکانی....

(ڕۆدۆڵف هیس) چیی بەسەرهاتووە؟ هەموو دەمێکیش ئەوەیان دەدایەوە بەگوێما کە ڕووسیا داماوە لەسەر یارمەتیی کەلەپەل و فیشەکی ئەمریکا. پێویستی بەهیی زۆرتر هەیە بۆی بنێرریٚ. بەتەواوەتی ئاگاداری ئەوە بوون کەچی ڕوودەدات. بەگەرمەوە ئەیان پرسی، بەپەرۆشەوە دەچوونە بنجوبناوانی شتەوە. شتیان هەڵدەسەنگاند، بەڵام بەرپەرچیان نەدەدایەوە. لەوەپاش پێیان گوتم، کە ئەم گفتوگۆیە، ڕەنگە یەکەم تێکۆشانێکی ڕاست و ڕەوان بووبێ لە ناوەند پیاوانی ڕۆژنامەگریی سۆڤیات و هاتوچۆکەرێکی بێگانەدا، لە ماوەیەکی دوور و درێژەوە ڕووی دابێ.

لەناو ئەو نووسەرانەدا کە خاون پیشەیی نووسین بوون، لەو شەوەدا کەسیان، بیروباوەڕ گۆڕینەوەکەی هەر دوولامان و باوەڕ بەیەکتری کردنەکەمانی تێک نەدا. منیش ئەوەم تێک نەدا. منیش لەو باوەڕەدام کە ئەوانە دڵم لێ کرمێ ناکەن، ئەگەر جارێک لە ژیانمدا هەندێ لەو شتانە دەربخەم کە ئەو ڕۆژنامەنووسانە پێیان دەگوتم. چونکە دوو شت هەیە، ئەوە هەڵ دەگرن کە بگێڕرێنەوە. یەکەم یان ئەوەیە کە هەر ئەوەندەم لەدەست دێ ناوی بنێم: «پشت بەخۆبەستن لە بیروباوەڕ پیشانداندا». چونکە ئەو ڕۆژنامەنووسانە نەیان دەویست بسازێن لەگەڵما. هەر لەسەر قسەی خۆیان دەڕۆیشتن. ئەگەر تۆ لە منالییەوە پیاوێک ڕابهێنیت بەیاسای فەرمانداریی بەرەڵڵاوە، هیچی لەدەست نایەت ئەوە نەبێ کە بەزمانی سپی و ڕەشەوە بیر بکاتەوە. لەو دوو ڕەنگە بەولاوە هیچ ڕەنگێکی تر ناناسێ.

بۆ وێنە: من لە (سیمۆنۆف)م پرسی، کە تازە لە ستالینگرادەوە هاتبوو: ئاخۆ ئەو ئەو دیلە ئەڵمانییانەی کە لە کۆڕی شەڕدا گیرابوون، وەک ئەو دیلە ئەڵمانییانەی کە چەند ڕۆژێک لەوەپێش لە کۆڕی جەنگی (رجیف)دا دیمن وا کز و شپرزە و سووکیان دەنواند، یان نا. پرسەکەم کرا بەڕوسی. بەڵام هیچ وەرامێکم وەرنەگرتەوە. تۆیش کە چەند حەفتەیەک لەگەڵ زمان وەرگێڕەکاندا ژیایت وات لێ دێت کە لە هیچ شتێک سەرت سوڕ نەمێنێ. جارێکی تریش پرسەکەم کردەوە. هەمیسان وەرامێکم دەست نەکەوتەوە ئەمجارە چاوەڕوانیم کرد تا گفتوگۆکە تینی سەند. پاشان بێ دەنگ بووم. بۆ جاری سێهەمیش پرسەکەم کردەوە. دوایی (جەنەراڵ ئیجناتیف)، کە جوامێرێکی تەڕپۆشی جیهانییە تەنیا کەسێک بوو لەناو ئەوانەدا کە زمانی ئینگلیزی کەمێک بزانێ، هاتە قسە و وەرامی دامەوە گوتی: «دیارە کە تۆ ئەوە تێ ناگەیت میستەر ویلکی. کە ئەم شەڕە دەستی پێ کرد. ئێمە هەموو بەپەرۆشەوە بووین دیلە ئەڵمانییەکانمان ببینین و پرسی وایان لێ بکەین کە ناو دڵیان شارەزا ببین چییان تیایە. ئێمەیش دەمانویست لە زۆر کاروبار ئاگادار ببین



بەهۆی ئەڵمانەکانەوە، حەزمان دەکرد بزانین نازییەکان چییان بەسەر هێناون. ئەو شارەزاییانە بەلای ئێمەوە خۆش دەهاتنە پێش چاو.

«بەڵام ئێستا کار لەجێی خۆیدا نەماوە. ئیتر لەو هوروژمەوە کە لە زستانی ڕابردوودا کردمانە سەریان، کە ئەڵمانەکامان شکاند و گەلێک شاران و دێهاتمان لێ سەندنەوە کە داگیریان کردبوون ئەو هەستەی جاران هەمان بوو بەرامبەریان گۆڕا. کردەوەی «ئەڵمانەکانمان بەچاوی خۆمان دیی کە چییان هینابوو بەسەر نەتەوەکەمان و خانووەکانماندا. ئیمڕۆکەیش ڕۆژنامەنووسێکی سۆڤیاتی کە ڕێز لە خۆی بگرێ، نایەوێ قسە لەگەڵ ئەڵمانییەکەدا بکات، تەنانەت لە بەندیخانەیشدا بێ».

بام وێنەیەکی تریشت بۆ بهێنمەوە: چەند ڕۆژێک بوو، بەهەموو ڕووخۆشی و زبان شیرینییەکمەوە، پێشنیازێکم پێشکەش کردن، کە سۆڤێتییەکان ساز لێدەرە گەورەکەی خۆیان، (دیمیتری شوستاکۆنیچ)[1]، بەناوی گەشتێکەوە ڕەوانە بکەن بۆ خاکە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بۆ ئەمەی ئەوە ببێتە نۆبەرەیەکی باش بۆ دۆستایەتی هەر دوو نەتەوەکە. پێش شەوێک، لە هۆڵی (چایکۆفیسکی)[2]دا کە پڕ بووبوو لە تەماشاکەران و گوێگران، جێگایەکم بۆ خۆم گرت و دانیشتم. ئەم هۆڵە، زۆر گەورەیە، ئاهەنگەکانی ساز و ئاوازی (مۆسکۆ) لەوێدا دەکرێن. لەوێدا گوێم لە (سیمفۆنی)یەکەی حەوتەمی دەگرت. ساز و ئاوازەکەی زۆر توند و بەهێز بوو. لەگەڵ بەشی زۆر باران دەهاتم. بەڵام بزووتنەوەکانی سەرەتایی سیمفۆنی یەکەم

زۆر بەلاوە سەیر بوو کە لە ژیانی خۆمدا شتی وا سەیرم کەم دیبوو. گوتم: (هیچ چارە نییە، پێویستە لەیەکتری تێ بگەین. پێویستە خۆمان ڕابهێنین بەوەوە کە یەکتری بناسین و لەیەکتری شارەزا ببین. ئێمە لەم جەنگەدا سوێندخواری یەکترین. نەتەوەی ئەمریکایش لێتان جیا نابێتەوە هەتا (هتلەر) دەشکێنرێ و سەری پێ دادەنەوێنرێ. بەڵام من دەمەوێ لەکاتی ئاشتی و پاش ئاشتیشدا پێکەوە کار بکەین. ئەمەیش زۆری پێ دەوێ لە ئارام گرتن و بەرگەگرتن و چاوپۆشیی زۆر و تێگەیشتنی هەردوو لاوە. کەواتە بۆچ ڕێک ناکەوێ (شۆستا کۆفیچ) بنێررێت بۆ خاکە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. کە تا ئێستا

---

(١) دیمتری شۆستاکۆڤیتش (١٩٠٦ - ١٩٧٥) مۆسیقازانێکی ڕووسی بووە، گەلێ ئاواز و دانراوی گەورەی هەیە؛ لەوانە (١٥) سیمفۆنیە و پارچەی ناسک و ئاوزی پیانۆ.

(٢) تشیایکۆڤسکی (پیوتەر): ١٨٤٠ - ١٨٩٣ مۆسیقازانێکی گەورەی ڕووسیا بووە، گەلێ ئۆپێرا و سیمفۆنیا و سەمای بالێی داناوە؛ لەوانە (گۆمی قولنگ، بادەم شکێن).

لەشکرێک بۆ ئەو کۆبۆتەوە لەوێدا، لەوانەی کردەوەکانی پەسەند دەکەن. بەتایبەتی لەبەرئەوەی کە ئەو دەتوانێ لەوێدا یارمەتییەکی زۆری هەردوو لامان بدات لە تێگەیشتنی یەکتردا؟»

ئەمجارە (سیمۆنۆف) وەرامی دایەوە. گوتی: «میستەر ویلکی، لەیەک تێگەیشتن لە دوو ڕێگاوە پێک دێ. ئێمە گەلێک جار تێکۆشاوین، ناسیاویی لەگەڵ ئەمریکادا پەیدا بکەین. زۆرجار داوای دەستیاومان لە ئێوە کردووە و ئێوە داوتانە بەئێمە. چاکترین پیاوانی خۆیشمان ناردۆتە ئەمریکا کە لەوێ بخوێنن. کەواتە ئێمە لە هەندێ شتی خاکی ئێوە ئاگادارین. بەڵام ئەوەندە نییە کە ئارەزووی دەکەین. هەر ئەوەندەیە کە لە ڕازی ئەوە تێ بگەیت، کە بۆ چ دەتانەوێ (شۆستاکۆفیچ) بچێتە سەردانی ئەمریکای یەکگرتوو؟

پێویستە هەندێ پیاوی هەڵبژاردەی چاکی خۆتان بنێرنە لای ئێمە، تا لە ئێمە تێ بگات. ئەوساکە تێ دەگەن کە بۆچی ئێمە بەگەرمێکەوە بەدەم خواستەکەتانەوە نایەین. هەروەک خۆت چاوت پێ دەکەوێ ئێمە خەریکی خەباتێکین کە ئەنجامەکەی یان مردن دەبێ، یان ژین. هەر تەنیا ژیانی خۆیشمان نییە. ئەو بیروباوەڕەیش کە ئەمە پشتێکە ژیانمانی دارشتووە. ئەوەیە کە ئیمشەو لە جەنگی ستالینگرادا لە هات و نەهات دایە. پێشنیازکەیشت لە بابەت ناردنی ساز و ئاواز لێ دەرێکەوە بۆ ئەمریکای یەکگرتوو کە ئەویش تووشی ئەم جەنگە بووە و لەوێیشدا گیانەکانی مرۆڤایەتی لەناو تەرازوودا بەرز ئەبنەوە و نزم دەبنەوە، تا لە ڕێگای ساز و ئاوازەوە دڵنیاتان بکات لە شتێکی ئاشکرا و دیار، کە هەروەک لووتت لەناو دەموچاوتا دیارە، بەڕاستی ئەوە لە شێوەیەکی پێکەنین هێنەردا سووک کردنێکە بۆ ئێمە. تکا دەکەم خراپ لە قسەم تێ نەگەیت».

بەلامەوە وایە کە من خراپ لە قسەکەی تێ نەگەیشتم. ڕووی دووەمی ئاهەنگەکەیش کە هەڵ دەگرێ ناو ببرێ ئەوەبوو، کە هەستێکی هێمنانەی لەسەرخۆ و پشت بەخۆبەستنی تیابوو، هەستی شانازیی و نیشتمانپەروەریی ئێمەی ئەمریکایی، لە ڕاستیدا، گران تێ دەگەین لەوە، کە ئەو بەرەیەی ئیمڕۆ یەکێتیی سۆڤیات دەبات بەڕێوە بەرەیەکی وایە کە لە هێز و هەڕەتی تایبەتیی خۆی ئاگادارە... هۆی ئەمەیش ئەوەیە کە لە بابەت ڕووسیاوە گەلێک چیرۆکی سامناکمان لەم چەند ساڵانەدا خوێندۆتەوە. لەوەپاش کە چومە شوێنە ناوەڕاستەکانی ئاسیا و سیبەریا، ئەم ڕاستییە زۆر کاری لێ کردم. ئەم خووەم بەزۆریی لە ئەمریکادا هەست پێ کردووە، بەتایبەتی لە ڕۆژئاوادا.

***



لە مۆسکۆدا، لەگەڵ (جۆزیف ستالین)[١]دا دوو گفتوگۆی درێژم کرد. ئەوەندەیش ماوەم نییە کە لەمەی لەمەوپێش گوتومە زۆرتر پێشان بدەم. لەگەڵ ئەمەشا هیچ مەترسییەکم نییە کە لە بابەت خۆیەوە قسە بکەم. لە ڕاستیدا (ستالین) یەکێکە لە پیاوە بەناوبانگەکانی ئەم سەردەمە.

لەسەر بانگکردنی خۆی، ئێوارەیەکیان لەکاتی حەوت و نیوهەمدا سەرم لێ دا[٢]. وام بۆ دەرکەوت کە زۆربەی گفتوگۆکانی خۆی دەخاتە شەوەوە. جێگای نووسینەکەی ژوورێکی مامناوەنجی بۆ نزیکەی (١٨) پێ بە(٣٥) پێ بوو. بەدیوارەکانیا وێنەکانی (مارکس)[٣] و (ئەنجلس) و (لینین) هەڵواسرابوون. وێنەیەکیشی تیابوو کە لای دموچاوی (لینین) و (ستالین)ی پێکەوە تیابوو.

ئەو وێنانە، تێکڕا لە هەموو پەیمانگایەکی زانستی و ساختمانێکی گشتی و کارخانە و میوانخانە و نەخۆشخانە و ماڵێکدا دەبینرێن. زۆر جاریش، بێجگە لەوانە، وێنەی (مۆلۆتۆف) دەبینرێ. لە ژوورێکی بەرامبەری ئەو ژوورەیشدا کە لەوێوە دیاربوو، کلاوەیەکی زەویی زۆر گەورە کە ئەشکێڵەکەی نزیکەی دە پێ دەبوو دیاربوو.

(ستالین) و (مۆلۆتۆف)[٤] هەردووکیان بەپێوە وەستابوون بۆ پێشوازی کردنی من، لە

(١) یوسف ستالین (١٨٧٩ – ١٩٥٣) دیکتاتۆری ڕووسیا بووە، لە سەرکردەکانی شۆڕشی ئەکتۆبەری ١٩١٧ بوو، لە ١٩٢٢ بووە سکرتێری گشتی حزبی بەلشەقی ڕووسیا، ١٩٢٤ لەجێی لینین بووە سەرۆکی حزب و دەوڵەت، هەتا مرد، لە ١٩٢٧ ترۆتەسکی نەفی کرد و لە مەکسیک کوشتی، لە سەرکردەکانی هاوپەیمانان بوو لە شەڕی جیهانی دووەم، لە پەنجاکاندا شەڕی ساردی دژی سەرمایەداری دەستدایە، لە ١٩٥٦ کۆنگرەی حزب تاوانباری کرد و ماوەی حوکمەکەی بەخراپ ناوبرد و گەلێ لەوانەی ئەو کوشتبوونی ڕێزیان لێ نرایەوە و تاکپەرستییان لە حزبدا بەهەڵە دایە قەڵەم.

(٢) راستتر: لەکاتی حەوت و نیودا...

(٣) کارڵ مارکس (١٨١٨ – ١٨٨٣) کۆمەڵناسێکی ئەڵمانی بووە، (بەیانی شیوعی) نووسیەوە، بەهاوکاری ئنگلس، (سەرمایە) کتێبی ئەوە کە بەدەستووری کۆمۆنیستی دادەنرێ.

(٤) ڤیسانسلاڤ مۆلۆتۆڤ (١٨٩٠ – ١٩٨٦) سیاسەتمەدارێکی ڕووسی بوو، لە ١٩٣٠ – ١٩٣٤ سەرۆکی (کۆمینترن) بوو، بووە وەزیری دەرەوە لە ١٩٣٩ – ١٩٤٩، لە سەردەمی ستالیندا رۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتەدا، لە ١٩٥٧ لە کۆڕی سیاسەت وەلاخرا چونکە سەر بەستالین بوو.

تەنیشت مێزێکی درێژەوە کە بۆ گفتوگۆکردن ئامادەکرابوو، لە داری ( ؟ = سندیان)[1] دروست کرابوو. بەساکارییەکەوە خۆش هاتییان لێ کردم. تا نزیکەی سێ کات گفتوگۆمان کرد. بابەتی قسەکانمان ئەمانە بوو: جەنگ و پێش جەنگ، ستالینگراد، کۆڕی شەڕ، باری ئەمریکا، پەیوەندیی بەریتانیای گەورە و ئەمریکای یەکگرتوو و ڕووسیا، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری تر لە بابەتی گرنگ و بێ نرخ.

لە پاش چەند ڕۆژێک نزیکەی پێنج کاتم بەتەنیشت ستالینەوە ڕابوارد. ئەویش لەو کاتەدا بوو کە نان و چێشتێکی ناوازەی بەناوی منەوە کردبوو. هەروەها لەوکاتەدا کە هەموومان پێکەوە قاوەمان دەخواردەوە و لەسەر مێزی بچووک بچووک دانیشتبووین، کە لە ژوورێکی تردا بڵاوەیان پێ کرابوو. بێجگە لەوە، لەوکاتەدا کە پێکەوە سەیری فیلمێکی چوار لاگرتنی مۆسکۆ و پاراستنی مۆسکۆمان دەکرد.

لەم شێوەدا، بەڕێکەوت، لەچاوی زمان وەرگێڕەکان نۆشێکمان کرد. هەروەها لە چاوی نیشتمانەکەمان و پێشەواکانمان و نەتەوەی ڕووس و نەتەوەی ئەمریکا و ئاواتی یارمەتیدانی دوارۆژمان نۆشمان بۆ کرد. پاش ئەوە لەچاوی یەکتریش نۆشمان بۆ کرد. دوایی ئەوەم بەبیردا هات، ئەو کەسانەی کە بەڕاستی لەو ئاهەنگەدا ماندووبووبوون، تەڕ زمان[2] (مترجم)ەکان بوون، کە هەر دەهاتن و دەچوون، بۆ سەرەوە و، بۆ خوارەوە، تەڕ زمانییان دەکرد لە ناوەند ئێمەدا. لەبەرئەوە پێشنیازم دا کە لەچاوی ئەوانیش نۆشێک بکەین. پاش ئەوە

بەستالینم گوت: «هیوادارم کە لە ئەندازەی باوتیپەڕم نەکردبێ، بەوپێشنیازەم کە لە بابەت نۆش کردن لە چاوی تەڕزمانەکانەوە دام». وەرامی ئەویش ئەمە بوو: «هەرگیز بیر لەوە مەکەرەوە، میستەر ویلکی. ئێمەیش لە نیشتمانێکی دیموکراتی داین».

ئەگەر ڕێم هەبێ بڕیار بدەم، ستالین درێژایی دەگاتە نزیکەی پێنج پێ و چوار یاخود پێنج گرێ. لەسەر و شێوە و لەش و لاریشیا وا دەردەکەوێ کە کەمێک قەڵەوبێ. زۆر

(١) سندیان: درەختێکە لە خێزانی بەڕوو، بەریکی خڕی هەیە، گەڵای سەوزێکی کالی لێوار گرنجە، لە دەوری دەریای سپیدا دەڕوێ، وشەکە فارسییە و بەوردی (مازوو)ی پێ دەڵێن.

(٢) تا ئێستا بۆ وشەی (مترجم) لە نووسینەکانیدا، مامۆستا، (زمان وەرگێڕ)ی بەکارهێناوە، ئەمە یەکەمجارە زاراوەی (تەڕزمان) بەکاردێنێ کە من بزانم پڕاوپڕی نییە، تەڕزمان بەمانای (زمان پاراو) دێت.



سەرم سوڕما لە کورتیی باڵاکەی. بەڵام سەر و سمێڵ و چاوەکانی گەورەن. دەموچاویشی ئەگەر بگەشێتەوە، دڵ ڕەقانە دەنوێنێ. وا دەرکەوت کە لە مانگی مشاخان (ئەیلول)دا ماندووە. ئەو، وەک زۆر جار ناوی دەبەن، وانییە، واتا نەخۆش نییە. بەڵام لە ماندوێتیدا بڕستی بڕاوە. ئەویش مافی هەیە ماندووبێ و بڕستی ببڕێ. کە قسە دەکات، لەسەر خۆیە، زوو تێ دەگات لە شت، هەندێ جاریش لە قسەکانیدا زمان پاراوییەکی وای هەیە کە کار لە دڵی پیاو بکات. کە دەستی کرد بەپیشاندانی سەرگەردانی ڕووسیا بەهۆی کەم بوونەوەی سووتەمەنی و بابەتی گوێزانەوە و کەلوپەل و چەکی سەربازییەوە و کرێکاری شارەزاوە، کارێکی تەواوی لە دڵم کرد. پێویستە ئەوەیش بگوترێ کە هۆشێکی ڕەق و توندوتۆڵی هەیە، کەللەڕەقە لەسەر قسەی خۆی دەڕوات. جا ئەو هۆش و کەللەیەن[1] کاری پێ دەبەن بەڕێوە.

گەلێک پرسی لێ کردم و پێچوپەنای لێ پشکنیم. هەر پرسەی وەک دەمانچەیەک وابوو، دەیگرتە جەرگی ئەو بابەتەی کە بڕوای وابوو بەکاری دێ. لە گەمە و گەپ و پیاهەڵدانی خۆیدا پیاوانە دەجوولایەوە لە قسەی دوور و درێژی گشتیش ڕقی هەڵدەستا.

کە لێی پرسیم کوێ و کوێم دیوە لە کارخانە هەموو ڕەنگەکان دەیویست لە بابەت هەریەکەیانەوە بەجوێ، بەدرێژیی بیروباوەڕی خۆمی بۆ دەربڕم؛ نەک بڕیارێکی گشتی بدەم لە بابەت شێوەی فەرمان کردنیانەوە و توانایان لە فەرماندا. کە لە بابەت ستالینگرادەوە پرسم لێ کرد. هەر ئەوەی بۆ دەرنەخستم کە لە ڕووی تێگەیشتنەوە، گرنگیی شوێنەکەی جەنگەکەی چەندە و چۆنە، هەروەها ئەوەیشی پیشان دام کە چە کارێکی وێژەیی دەکاتە سەر ڕووسیا و ئەڵمانیا[2]، بەتایبەتی سەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەپێی ئەنجامی خۆپاراستنەکەی بەسەرکەوتن بێ، یان بەسەرنەکەوتن. هەروەها دەستیشی نەکرد بەپیشاندانی دوارۆژی دەسەڵاتی ڕووسیا لە پاراستنی (ستالینگراد)دا. پڕ بەدڵ دەیگوت و بڕیاری لەسەر ئەوە دەدا کە نە نیشتمانپەروەریی، نە ئازایەتیی تەنیا، هیچیان ناتوانن ستالینگراد ڕزگار بکەن. چونکە لە ڕاستیدا جەنگ، لە سەرەتادا، بردنەوەی یاخود دۆڕاندنی بەندە بەکەلوپەلی جەنگ و بەشارەزایی لە شەڕکردندا و بەفیشەکەوە.

(١) یان: ئەم هۆش و کەللەڕەقییەن...

(٢) لێرەدا وادیارە دەربڕینی مەبەستی وشەکە ئاوا بووە: (چەکارێکی وێژەیی -أی تأثیر أدبی)، دیارە گۆڕینی وشەی (أدبی) لێرەدا بە(وێژەیی) دروست نییە و هەروەک خۆی بیهێشتایەتەوە دروستتر بوو، بۆ نموونە ئاوابوایە: چ کاریگەرییەکی ئەدەبی دەبێ بۆ سەر ڕووسیا و ئەڵمانیا.

چەند جارێک ئەوەی بۆ دووبارە کردمەوە کە لە هانەدانی نەتەوەکانی خاکی سۆڤیاتدا بۆ خۆش نەویستنی نازییەکان مەبەستێکی هەبوو. بەڵام ئەوەیشم بۆ دەرکەوت کە بەدڵشکاوییەکەوە سەرسوڕمانی خۆی و پەسندکردنی خۆی پیشان دەدا دەربارەی کارگوزاریی و توانای (هەتلەر) لە گوێزانەوەی ٩٤ ٪ی کرێکارەکانی ڕووسدا بۆ ئەڵمانیا لەو خاکە سۆڤیاتییانەوە کە داگیری کردبوون. هەروەها پێی لەوەیش دەنا کە لەشکری ئەڵمان مەشقێکی هونەرمەندانەی تەواوی پێ کراوە، بەتایبەتی بەئەفسەرەکانیان.

کە دوو ساڵ لەمەوپێش، لە ئینگلتەرەدا، چاوم کەوت بە(وینستون چەرچڵ)، ئەویش وەک (ستالین) ئەو بیروباوەڕەی پووچ کردەوە کە دەڵێ (هەتلەر) بریتییە لە کوتەکێک بەدەست ئەو پیاوانەوە کە لە خۆی بەکارترن. بەلای (ستالین)ەوە وابوو، کە نابێ بەهیوای ئەوەین بەم زووانە ئاژاوە و پشێوییەک بکەوێتە ناو ئەڵمانیاوە. ئەوەیشی دەربڕیی کە ئەڵمانیا بەهیچ شتێک ناشکێ بەوە نەبێ کە لەشکرەکەی لەناو ببرێ. بڕوایشی وابوو کە چاکترین ڕێگا بۆ نەهێشتنی دەسەڵاتی (هەتلەر) کە هەرگیز ناشکێ لە هەموو ئەوروپادا؛ ئەوەیە کە پەیتا پەیتا، بێ بڕانەوە لە ئاسمانەوە بۆمباباران شارەکانی ئەڵمانیا بکرێ لەگەڵ ئەو ئەستێرک و کارخانانەی کە کەوتوونەتە ژێر چنگی ئەڵمانەکانەوە لە خاکە داگیرکراوەکاندا.

کە دەستمان کرد بەپیشاندانی هۆیەکانی جەنگ و ئەو شتانەی کە بەرەو ڕووی جیهان دێن لە پاش بڕانەوەی شەڕ، لە ڕووی ئابووریی و زرنگکاری (سیاسەت)یەوە، ئاشنایەتییەکی تەواوی نواند بەو بابەتانەوە، زانیارییەکانی ورد و دروست بوون، شێوەی بیرکردنەوە سادەکەیشی بەئاشکرا دەردەکەوت. لە ڕاستیدا (ستالین) پیاوێکی زەبر بەدەست و دڵ ڕەقە، تەنانەت دڕیشە. بەڵام تا بڵێیت خاوەن توانا و دەسەڵاتە. لە دڵیشیا کەمێک پسەپس هەیە.

دەربارەی توانای هۆی بەرهەم پێکهێنانی ئەمریکای یەکگرتوو، ئەوەندە پەسەندکردنی هەیە، کۆمەڵی نیشتمانی بەرهەم پێکهێنان، دڵخۆش دەکات، بگرە لە دڵخۆشکردنیشیان تێ دەپەڕێ. بەڵام لە پێچوپەناکانی ڕێگاکانی دیموکراتی و هەندێ هۆی سڵ کردنیان لە ئاشکراکردنی جەنگ و جەنگ کردندا هیچ تێ ناگات. بۆ وێنە؛ لەوە سەری سوڕمابوو کە فەرمانڕەواییە دیموکراتییەکان بۆچ زۆر ناکەن لە بەکارهێنانی چەند بنکەیەکی داردیی کراودا کە بۆ مەبەسی شەڕ بەکاردێن، کەچی ئەو بنکانەیەجگار بەکەڵکیان دێن،



بەتایبەتی لەوکاتانەدا کە ئەو فەرمانڕەواییانەی خاوەنی ئەو بنکانەن لە توانایاندا نییە بیانپارێزن هەروەها خۆیشیان دوور دەخەنەوە لە یارمەتیدان.

(ستالین)، بەپێچەوانەی ئەو قسانەی کە بڵاوبوونەتەوە، ڕێزێکی یەجگار زۆری لە دڵا هەیە دەربارەی (وینستۆن چەرچڵ). ئەو ئەوەی بۆ دەرخستم. ئەو ڕێزگرتنەی ڕێزگرتنی پیاوێکی گەورەی جیهان بینیوە، بۆ پیاوێکی گەورەی جیهان بینیو[(١)].

ئەگەر لە ڕووی کەسایەتییەوە لێی بدوێین، (ستالین) پیاوێکی ساکارە، ڕاستوڕەوان چی لە دڵا هەیە دەری دەبڕێ، چیی بەدڵ بێ ئەوە دەکات. هەرگیز بەوەوە خۆی خەریک ناکات کە لە شێوەیەکی پڕ پێچوپەنا و فڕوفێڵدا کار لە دڵت بکات. تا بڵێیی حەز لە گەمەوگەپ دەکات. کە قسەیەکی نەستەقی ناکاوی گوێ لێ بێ، یاخود هەندێ وەرامی سەرکەوتووانەی دەمودەستیی ببیەت، دەست بەجێ دەداتە قاقای پێکەنین. جارێکیان لە بابەت خوێندنگاکان و نووسینگەکانی سۆڤیاتەوە سەرنج و سەرسوڕمانی خۆم بۆ دەنواند. پاشان پێم گوت: «میستەر ستالین! ئەگەر تۆ هەر لەسەر ئەمە بڕۆیت کە نەتەوەی ڕووس پێ بگەیێنیت و بیکەیت بەخوێندەوار، ڕۆژێکی وات دێتە بەردەم کە ناچار ببیت واز لەم فەرمانە بهێنیت. چونکە ئەوکاتە نەتەوەی ڕووس هەموو دەبنە خوێندەوار و پێ دەگەن».

کە ئەوەم گوت سەری خۆی بەپشتا شکاندەوە و دەستی کرد بەپێکەنین، بەپێکەنینێکی دوور و درێژ. لە ڕاستیدا هەرچییەکەم پێ گوتبوو، یاخود گوێم لێ بووبوو پێی بڵێن، لەو دوو ئاهەنگە درێژەدا کە پێکەوە تیابووین، هیچی وام نەدیی کە ئەمەندەی ئەم قسەیە خۆشی بەدڵی (ستالین) بگەیێنێ.

ڕەنگە ئەمە بەشتێکی سەیر دابنرێ کە (ستالین) بەرگی ڕەنگاوڕەنگ و گەشی میلدار لەبەر بکات. چونکە کورتەک (چاکەت)ە سەربازییە ناسراوەکەی (ستالین) لە تان و پۆ و ریسێکی وا ورد، بەوردیی چنراوە کە لە باریا هەیە، دەمێک سەوزێکی نەرم و نۆڵ بنوێنێ، دەمێکیش وەک گوڵەمێخەکێکی شەنگ و شۆخ بنوێنێ، شەرواڵ (پانتۆڵ)ەکەیشی ڕەنگێکی زەردی گەش، یاخود شینی هەیە. پێڵاوەکانیشی ڕەشن بریسک و هووڕیان دێ. لە چاک و چۆنییە هیچوپوچەکانی کۆمەڵایەتیش هەندێک وەڕس دەبێ. لەوکاتەدا کە ماڵئاواییم لێ دەکرد، لەپاش گفتوگۆکەی یەکەمان، سوپاسی خۆم پێشکەش کرد بەرامبەر ئەو کاتەی پێی بەخشیبووم و ئەو سەربەرزییەی پێی ڕەوا بینیوم

(١) پیاوی جیهان بینیو: دنیا دیدە.

که زۆر بەساکارییەوە گفتوگۆی لەگەڵا کردبووم. تۆزێک شڵەژا و پێی گوتم:

«میستەر ویلکی خۆت دەیزانیت من لە (جۆرجیا)دا وەک جوتیارێک گەورە بووم. لە قسەی ڕازاوەیشدا دەستێکم نییە. هەر ئەوەندەم پێ دەگوترێ کە بڵێیم تۆم زۆر خۆش ئەوێ».

ئەوەیش ڕاستە، کە شێوە ساکارەکەی (ستالین) لەلایەن گەلێک سەرکردە و پێشەوایانی ترەوە، مەشق کراوە لە خاکی سۆڤیاتدا. بەتایبەتی لە (مۆسکۆ) و (کویبیشیف)دا، ئەو شێوە بریسکەدارەی کە سەرکردەکانی ڕووس پێوەی بەناوبانگن، دەرناکەوێ. بەرگەکانیان ساکارن. هەمووشیان کەم قسە دەکەن، بەباشی گوێ دەگرن. لەوانە ژمارەیەکی زۆریان لاون، تازەپێگەیشتوون، تەمەنەکانیان لە سی ساڵاندان. من وام دێ بەدڵا، هەرچەندە بەڵگەم لەلا نییە بۆ ڕاستیی ئەوە، (ستالین) وا حەز دەکات کە لە هەودەمەکانی خۆی کە لە (کریملین) دان، ژمارەیەکی باش لەو لاوانە هەبن. بەلاشمەوە وایە، ئەو ڕێگەیەی گرتوێتی بۆ سرەوت و ئارامی دڵی خۆی و هەست کردن بەبێ وەیی، هەر ئەو ڕێگەیەیە.

یەکێک لەو پێشەوایانەی تر کە چاوم پێیان کەوت و گفتوگۆم لە گەڵاکردن بەتەواویی (ڤیاخسلاف مۆلۆتۆڤ) کاربەدەستی دەرەوە و، (ئەندرای ڤیشنسکی) و (سۆلۆمۆن لۆزۆڤسکی)ی یاریدەدەرەکان و، (ماریشاڵ فۆرشیلۆف)[1] کاربەدەستی پێشووی جەنگ و، (ئەنستازیا میکۆیان)، کاربەدەستی دابەش کردنی کەلوپەل و خواردەمەنی و سەرۆکی دەزگای بازرگانیی دەرەوەی سۆڤیات بوون. ئەوانە بەتەواوەتی، لە دڵ و دەروون و ڕووکەش و گفتوگۆدا، جیاوازن لە بۆلشەڤیکە زمان درێژە دڕندەکانی ناو وێنە توانج هاوێژ و پلار تێ گرەکانی خۆمان.

لە ئاهەنگەکەی خواردنی شێودا، کە (ڤیشنیسکی) لە (کویبیشیف)دا بۆ منی گێڕابوو، خەریکم بووم سەرنج لە قژە سپییەکەی و دەموچاوە مامۆستاییەکەی و شێوە هێمنەکەی و، تێ وردبوونەوەکەی بدەم و لێیان بکۆڵمەوە. لە خۆم دەپرسی تۆ بڵێیی ئەم پیاوە هەر ئەو کەسەبێ کە هەندێ لە دلێرەکانی شۆڕشی ڕووسی کۆنی لە بەدناویی کوشتن و ناپاکیی نیشتمانەکەیان ڕزگار دەکرد. (ڤیشنکی) ئەوکاتە پایەی دەم ڕاستی گشتیی درابوویە لە فەرمانڕەوایی ڕووسیادا، لە هەموو چەندوچوونێکی بەردەم دادگادا بەرامبەر تاوانبارەکان

(١) کیلمەنتی فۆرشیلۆف (١٨٨١ – ١٩٦٩) مارشاڵێکی ڕووسی بوو، نوێنەری گەل بوو بۆ بەرگری لە ١٩٢٥ – ١٩٤٠ وە لە ١٩٥٣ – ١٩٦٠ بووە سەرۆکی ئەنجوومەنی بەرزی سۆڤیاتی.



بەناپاکی لەگەڵ فەرمانڕەواییدا رادەوەستا. ئەوەبوو تا چوار پێنج ساڵێکیش لەمەوپێش ئەو چەندوچوون کردنانە لەکارادا بوو.

هەرچەند گفتوگۆیش دەخرایە سەر ئاشتی و سەر ئەوەی کە لە پاش بڕانەوەی شەڕ جیهان دەبێ چی بکات و هەر لە ئێستاوە چۆن خۆی بۆ ئەو کردەوانە ئامادە بکات، ئەو گفتوگۆیە لەو پیاوە زرنگکار (سیاسی)انە دەوەشایەوە کە خاوەنی تێگەیشتنێکی ڕاستەقینەبن.

ئیتر لەوساوە کە من گەڕامەوە خاکی یەکگرتووەکانی ئەمریکا (ستالین) پێڕەوییەکەی خۆی دیاردیی کرد، بەو پێیە کە خۆی پێی باش بوو لە سوێندخوارییەکەی ئینگیلتەرە و ئەمریکا و سۆڤیاتدا، لە شەڕی ئەوروپادا تەماشا بکرێ ئەمە ئەو ئامانجانەیە کە بانگی بۆ دەدات:

«نەهێشتنی دوورەپەرێزیی ڕەگەزایەتی. یەکسانیی نەتەوەکان و یەکێتیی خاکەکانیان. ئازادکردنی نەتەوە دیلەکان و گێڕانەوەی مافیان لە فەرمانداریی خۆیاندا. ماف بدرێ بەهەموو نەتەوەیەک کە کاروباری خۆی بەپێی ئارەزووی خۆی هەڵبسوڕێنرێ. یارمەتیی ئابووریی ئەو نەتەوانە بدرێ کە سەرگەردان بوون و ئازاریان پێ گەیشتوە تا دەگەنەوە کامەرانیی ژیانی خۆیان. سەربەستییەکانی دیموکراتی بدرێتەوە بەنەتەوەکان. یاسای هەتلەریش لەناو ببرێ».

ئێمەیش مافمان هەیە بپرسین: ئایا ستالین قسەکانی لە دڵیەوە دێتە دەرێ؟. ڕەنگە هەندێ کەس ئەوە بخاتەوە بیر کە ڕووسیا هەتا دوو ساڵیش لەمەوپێش لە سوێندخواریی (کردەوەشیرینیدا) بوو لەگەڵ ئەڵمانیادا.

من لەسەر کردەوە شیرینیی ڕواڵەت ناکەمەوە، لەهەر بابەتێکەوەبێ، لە بابەت سەربازییەوەبێ، یان کار زرنگی، یان دەمدەمی بێ یاخود بابەتی تر. بەلایشمەوە وایە کە هەر تنۆکێک لە خوێن، لە ڕێگای کردەوە شیرینیی ڕواڵەتەوە، بەربەست کرابێ لە ڕشتن، هەر دەبێ نرخی بدرێ بەبیست تنۆک خوێنی بەشیر ڕێژراو. بەڵام ڕووسییەک کە هەست بەوە بکات کە سوێندخواریی لەگەڵ ئەڵمانەکاندا ماوەیەک دەبەخشێ بەنیشتمانەکەی بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ شەڕ، مافی ئەوەیشی هەیە کە دیموکراتیانەکانی (مونیخ)ی بیر بکەوێتەوە لەگەڵ ئەو حەوت ملیۆن تەنەی چاکترین جۆری ئاسندا کە ئەمریکای یەکگرتوو ڕەوانەی کردووە بۆ ژاپۆنیا لە ناوەندی ساڵەکانی **١٩٣٧** و ١٩٤٠دا. ڕەنگە چاکترین شت کە بیکەین بەئەندازە بۆ پێوانی نیازی باشی (ستالین) ئەوە بێ کە ڕووسەکان بەملیۆن کوژراون لەپێناو پاراستنی خاکی باوک و باپیریاندا. هەروەها ئەو شەست ملیۆن

رووسەی کە نازییەکان کردوویانن بەدیل. دیسانەوە ئەو پیاو و ژنە رووسانەی کە بەملیۆن دەژمێرریێن بخەینە وە یادمان کە شەست و شەش کات لە حەفتەیەکا کار دەکەن لە کارخانەکان و کانگاکاندا، بۆ ئەوەی ئاسن بتوێننەوە و دای برێژن بەپارچە پارچەیی پاشان بیانکەن بەچەک و فیشەکی جەنگ بۆ جەنگاوەرەکانی کۆڕی شەڕ. هەروەها ئەو ئەرک و ڕەنجانە بخەینەوە پێش چاومان کە لەپێناو گوێزانەوەی کارخانە گەورەکاندا دراون، بۆ ئەوە جێگایانەی کە بەسەدان میل دوورن، بۆ ئەمەی لەکار نەکەون و نەیش کەونە دەست نازییەکان. زۆر لە فەرمانڕەواییە دیموکراتییەکان، لە رووسیای سۆڤیاتی دەسڵەمینەوە، پشتیشی پێ نابەستن. ئەوانە لەوە دەترسن کە یاسایەکی ئابووریی بێتە ناویانەوە و یاسا ئابوورییەکانیان لەناو ببات. لە ڕاستیدا ئەم جۆرە ترسە، بەڵگەیە بۆ کزیی و بێ دەسەڵاتییان. لە ڕاستیدا رووسیا نامانخوات، رێگایشمان لێ ون ناکات. مەگەر دەزگا دیموکراتییەکان و ئابوورییەکانمان روو بکەنە کزیی، بەهۆی خراپ بەکارهێنانی خۆمانەوە و سەرنەکەوتنمانەوە لە بەکارهێنانی خۆمانە و سەرنەکەوتنمانەوە لە بەکارهێنانیاندا. ئەمەیش کارێکی وایە، کە هەر دەبێ خۆمان چارەی بکەین و بیری لێ بکەینەوە. چاکترین بەرەنگاریی کردنی کۆمۆنیزم بەوە ئەبێ، کە دیموکراتییەکی زیندوو و کارگوزار و بێ باک بەرهەم بهێنین – لە رووی ئابووریی و کۆمەڵایەتی و زرنگکارییەوە. ئێمەیش هەر ئەوەندەمان پێویستە بیکەین کە ڕاپەڕین و وریابینەوە و بەو جۆرە بکەوینە کارەوە کە لەگەڵ بیروباوەڕە بڵندەکانماندا رێک بکەوێ. ئەوساکە ئەم بیروباوەڕە بەرزانەمان بێ وەی دەمێنێتەوە.

نەء. هەرگیز ئەوە ناهێنێ کە لە ڕووسیا بترسین. ئێمە لەسەر ئەوە داماوین کە خۆمان بەوەوە ڕابهێنین کە لەگەڵیا رێک بکەوین بۆ ئەمەی پێکەوە بچین بەگژ دوژمنی هەردوولاماندا، کە هەتلەرە ئێمە پێویستمان بەوە هەیە کە خۆمان لەگەڵیاندا رێک بخەین بۆ ئەمەی لەپاش بڕانەوەی شەڕ، پێکەوە چارەی گیروگرفتەکانی جیهان و خۆمان بکەین. ئەمەیش لەبەرئەوەیە کە ڕووسیا، خاکێکی وریا و ڕاپەڕیوە، کۆمەڵایەتییەکی زیندووی تازەیشی تیا پەیدابووە. بریتییە لە هێزێکی وایش کە نابێ بەچاوی سووک تەماشای بکرێ لە جیهانی دوارۆژی تازەدا.



## **کۆماری یاکوتیسک**[١]

یەکێتیی سۆڤیات خاکێکی یەجگار گەورە و فراوانی داگیرکردووە، تێکڕا ئەوەندەی هەموو خاکەکانی خاکە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کەنەدا و ئەمریکای ناوەڕاست دەبێ. دانیشتووەکانیشی لەگەڵێک ڕەگەز و نیشتمانی جوێ جوێ و خاوەن زمانی جوێ جوێ پێکهاتووە.

لە کۆمارێکی ناو بەشی سیبەریایدا کە پێی دەڵێن (یاکوتیسک) چەند وەرامێکم بۆ کۆکرایەوە لە بابەت ئەو پرسیارانەوە کە ئەمریکاییەکان، هەموودەم، دووبارەی دەکەنەوە لە بابەت ڕووسیاوە.

زۆر لەو شتانەی کە لە یاکوتیسکدا دیومن، نابنە نموونە بۆ هەموو ڕووسیا. کاروباری سەر سنوورەکانی و، ساردیی و سرپیی بایەکەی[٢] و زەوییە فراوانە تازەکانی لە هەموو لایەکی یەکێتیی سۆڤیاتدا بەرچاوت ناکەون.

یاکوتیسک خاکی زۆر فراوانە. دوو ئەوەندەی خاکی (ئەلاسکا) دەبێ. دانیشتووەکانیشی زۆر نین. بەهەموویان ٤٠٠,٠٠٠ کەسێک دەبن. بەڵام ئەو سامانانەی کە لەوێدان بەشی ژمارە سەرێکی زۆرتر دەکەن. فەرمانڕەوایی سۆڤیات دەستی کردووە بەگەشەپێکردنی ئەم ناوچەیە. ئەوەی لەوێدا دیومە، وەک بۆم دەردەکەوێ، گەلێک بەسامتر و گرنگترە، بەلای جیهان و ئەمریکاوە، لەو دەمەقاڵێیە زرنگکارییانەی کە بەساڵان لە ناوەند (مۆسکۆ) و (نیۆیۆرک)دا درێژەی پێ درا. جاری بام ڕابردووی یاکوتیسک بگێڕینەوە.

دانیشتووەکانی یاکوتیسک لە نەوەی ئەو (مەغۆل)انەن کە لەکاتی هاتنی (جەنگیزخان)دا بۆ ڕۆژئاوا، بلاوەیان کردووە بەرەو باکور. هەتا ئێستایش لە سەروچاویاندا ئێسکە دەرپەڕیوەکانی ڕوومەتیان و، چاوە خوار و خێچەکانیان و، قژە ڕەشەکانیان دیارن. زۆربەیان خەریکی ڕاوی نێچیرن، بەمەبەستی کەوڵەکانیان، یاخود خەریکی زەوی کۆڵینن بۆ دۆزینەوەی زێڕ. خۆبان و گیانلەبەرەکانیان بەتەنیشت یەکەوەن

(١) یاکۆتیسک: شارێکی ڕووسیایە لە سیبیریا، لەسەر ڕووباری (لینا)، پایتەختی (یاقوتیا)یە، نزیکەی (١٨٠,٠٠٠) هەزار کەسێکی تیا دادەنیشن. لە ڕاستیدا دەبوو بینووسیبا (کۆماری یاقوتیسک) چونکە لە (یاقوت)ەوە ناونراوە.

(٢) ڕاستتر: ئاو و هەواکەی.

لەو کۆڵێتانەدا دەژین کە بنمیچەکانیان نزمە و زەویی ژوورەکانیان پڕن لە بابەتی پیس. دووکەڵی ئاگردانە سەربەرەڵڵاکانیان ناو ژوورەکانی پڕ کردووە. ئەمانەیش جێگایەکن نەخۆشیی (سیل)یان تیا پەرەدەسێنێ. لە زستانانیشدا بەخواردنی ماسییە رزیوە بۆگەنەکان و ڕەگی گژوگیا دەژین. لەبەرئەوە نەخۆشی و بێ نانی و برسێتیی یەک لەسەر یەک ئەو دانیشتووانەی درووێنە کردووە، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان بەنەتەوەیەکی بەهێز و هەڕەت و دڕ دادەنران. لە سەردەمی چارەکانیشدا، یاکوتیسک بەنەخۆشیی فەرەنگی و سیل و کەوڵەوە ناوبانگی دەرکردبوو.

روسەکان، پۆل بەپۆل، دەهاتنە ناو ئەم خاکەوە، بەشێنەیی. بەڵام هەتا ئەم چەندانەیش ژمارەیان زۆر نەبوو. فەرمانڕەوایی (سان پەتریسبورگ)یش کە ئێستا (لینینگراد)ی پێ ئەڵێن، تاوانبارەکان و بەندییە زرنگکارەکانیان ڕەوانەی یاکۆتیسک دەکرد. گەلێک لەو نووسەرانەیش کە لەوێدا بەبەندییەتی و دەربەدەریی دەژیان، هەرچی ئەرک و ئازاری ژیانە دەیانچێشت، لەپاش بەرەڵڵابوونیان لەو بەندیخانەیە دەگەڕانەوە جێی خۆیان، دەربارەی یاکوتیسک نووسراوانیان دەردەکرد. بەم ڕەنگە یاکوتیسک وای لێ هات ناوی نرا (بەندیخانەی نەتەوە) بەرێکەوت هەندێک لەو کارەکەرانەم چاو پێ کەوت کە لەوێدا فەرمانیان بۆ دەکردین. ئەوانە لەو دەربەدەرکراوانە بوون کە تازە فەرمانڕەوایی سۆڤیات ڕەوانەی کردبوونە ئەوێ. ئافرەتێکی (پۆلۆنیا)یی، لە بابەت یاسای سۆڤیاتییەوە چیرۆکێکی بۆ گێڕامەوە، لەگەڵ ئەو چاوڕاوکردنەی فەرمانڕەواییەدا رێک نەدەکەوت کە گوێم لێی بووبوو.

کە فڕۆکە بۆمبا هاوێژەکەمان، یاکوتیسک، لە پایتەختی ئەم کۆمارەدا نیشتەوە، بەفرەکانی سەرەتای مانگی مشتاخان (ئەیلول) فڕۆکەخانەکەی داپۆشیبوو. چەند کاتێکیش بەسەر ناوچەی جەنگەڵستانەکەیدا خولاینەوە. ئەم جەنگەڵستانە (تایکا)ی پێ دەڵێن بەشی ژووروی خاکی سیبەریای داپۆشیوە تا دەگاتە ناوچەی نوچکەی سەرزەویی[١]. لەژێرەوە زەوییەکە یەجگار گەورە و فراوانی دەنواند. چۆڵ و هۆڵ و سارد و سڕبوو. چەند ڕێگایەک نەبێ هیچی تری تیا دەرنەدەکەوت لەگەڵ ماوەیەکی دوور و درێژ لە بەفر و لە دار و درەختدا. لەناو کۆمەڵەیەک کەساندا، کە بەژمارە زۆر نەبوون و لەلایەکی فڕۆکەخانەکەوە وەستابوون، پیاوێک هاتە پێشەوە نزیک فڕۆکەکەی لێی دابەزین، گوتی:

(١) نوچکەی سەر زەوی: ناوچەی تەوەری باکور، (الدائرة القطبية الشمالية).



«من موراتۆڤم ناوە، سەرۆکی کۆڕی نێرراوانی نەتەوەم[١] لە کۆماری یاکۆتیسکدا، کە کۆمارێکی هاوبەشیی (اشتراکی) سۆڤیاتیی سەربەخۆیە و خۆی فەرمانداریی دەکات. لە هەڤاڵ ستالینەوە، فەرمانم بۆ هاتووە کە هەتا لەناوماندابن، خەمخۆریتان بکەم. هەر شوێنێکتان ئەوێ ببینن، پێشانتانی بدەم. هەر پرسێکتان کرد وەرامتان بدەمەوە. کەواتە سەرچاوی من هاتن».

وتارەکەی هەرچەند کورت بوو. بەڵام لەکانی دڵیەوە دەهاتە دەرەوە. لە فڕۆکەخانەکەدا لە دە پیاو زۆرتری تیا نەدەبینرا. لەگەڵ ئەمەشا شێوەی ئەو سەرۆکە، وای دەنواند کە پیاوێکە بەرێزە پاسەوانانی پایە بڵندیی لەملا و لەولایەوەیە، لەگەڵ تیپێکی ساز و ئاوازدا. کابرا لەو شێوەیەدا خۆشهاتنی لە میوانێکی بێگانە دەکرد.

منیش سوپاسم کرد و پێم گوت زۆر نامێنینەوە لەوێ. چونکە هێشتا ڕۆژەکەی بەبەریەوە ماوە، کە بەشەکەی تری ڕێگا دوور و درێژەکەمانی تیا ببڕین کە نزیکەی هەزار میل ئەبێ. ئەویش گوتی: «وام دێتە پێش چاو، نە ئیمڕۆ نە سبەینێ ناتوانن بفڕن. چونکە بایەکەی لەوانە نییە دڵی پیاو خۆش بکات. منیش بەپێی ئەو فەرمانەی کە پێم دراوە، بەپێویستی دەزانم کە بەلەش دروستی و ئاسوودەییەوە بتانگەیێنمە ئێستگەکەی تر. ئەگەر وا نەکەم لەسەرم دەدەن».

لە ئۆتۆمبیلێکی سۆڤیاتی ڕەشی دانراو و گراندا، پێنج میلێکمان یان پتر بڕیی تا گەیشتینە شاری (یاکوتیسک). لەکاتی سواربوونماندا موراتۆڤ دەستی کرد بەگفتوگۆکردن لەگەڵما لە بابەت فرۆشتنی کۆمارەکەی خۆیەوە. لەو چەند کاتانەدا کە لەگەڵمابوو، هەرچەند هەلێکی بۆ هەڵبکەوتایە، ئەو بابەتەی دووبارە دەکردەوە. بەخوێن گەرمییەکی وایشەوە قسەی لەگەڵدا دەکردم، کە هیچ فڕوفێڵێکی تیا نەبوو.

کە لە شارەکە نزیک بووینەوە لێی پرسیم: «میستەر ویلکی، چی حەز لێ دەکەیت بیبینی؟».

– نووسراوخانەی گشتیتان هەیە؟

– دیارە نووسراوخانەی گشتمان هەیە؟

دەمودەست ڕوومان کردە ئەوێ. (موراتۆڤ) راستەوڕاست بردنییە هۆڵی خوێندنەوەوە. هیچ نەوەستاین تا پاڵتۆکان و کڵاوەکانمان لێ بسێنن. لەگەڵ ئەوەیشدا کە گەیشتینە بەر

(١) سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی (پەرلەمان).

دەرگا. ئافرەتێکی شیرین خوو و سامناک بەدووچاوی سەرنج دەرەوە، بەری ڕێگای لێ گرتین، بێ ئەمەی سەر و شێوەی فەرمانڕەوایانەی (موراتۆڤ) بیخاتە شەرمەوە. ئینجا بەشیرینییەکەوە پێی گوتین کە پڕ بوو لە کار و دروستی و دڵسۆزیی بەرامبەر بەفرمان:

«ئێمە لێرەدا هەر ئەوە فێری نەتەوە ناکەین کە بخوێنێتەوە، هەروەها ئەوەیشی فێر دەکەین کە بەڕەوشتی بڵندەوە ڕابێ. تکا دەکەم بچنە خوارەوە، پاڵتۆکان و کڵاوەکانتان لە ژووری پاڵتۆدا دابنێن». موراتۆڤیش، کە هەندێک بەو قسانە واقی وڕما، دەستی کرد بەدەمەقاڵێ لەگەڵیا، بەڵام هەر ئەوەندەی دەستکەوت، کە ڕێگامان درا، پاڵتۆکان و کڵاوەکانمان لە ژووری نووسینەکەی ئەودا دابنێین. ئەوەندەی نەمابوو دەست بدەمە قاقای پێکەنین. چونکە ئەوە یەکەم جار بوو، لە هەموو ڕووسیادا، فەرمانێکی گرنگ و گەورە ببینم، کە نەهێڵن لە ئەندازەی خۆی بچێتە دەرەوە. لە ساختمانێکا کە نە لە بابەت پاک و خاوێنییەوە، نە لە بابەت ڕووناکیشەوە، هیچ کەموکوڕییەکی تیا نەبوو، هەروەها ژمارەیەکی تەواویش دەس و پێوەندی تیابوو، لە شاری یاکوتیسکدا – ژمارەی سەری دانشیتوانی هەر پەنجا هەزار کەسێک دەبوون – (٥٥٠,٠٠٠) بەرگ نووسراو دانرابوو. شوێنی نووسراوەکان لە تەختە دروست کرابوو. ئەو بەرزکەرەوەیەیش کە بەهۆی ئەوەوە نووسراوەکان هەڵ دەکێشران بۆ هۆڵی خوێندنەوە، وەک خەرەکێکی سەر بیری لادێیانەی سەرەتایی کاری دەکرد. بەڵام هۆڵی خوێندنەوەکە پڕ بوو لە خوێنەران. پێرستی سەرپەڕەی نووسراوەکانیش تەواو تازەبوون. بەپێی تۆمارەکانی ناو نووسراوخانەکە زۆرتر لە (١٠٠,٠٠٠) کەس نووسراوانیان خوێندۆتەوە، لەماوەی نۆ مانگی ڕابردوودا. زۆر کەس لەوانە لە لادێکانی دراوسێوە هاتبوونە ئەوێ. هەندێ لەو شتانەیش کە پیشان دەدران بۆ تەماشاکردن و تایبەتی بوون، بەدیوارەکانەوە هەڵواسرابوون. گۆڤارەکان و سەرچاوەی خوێندنەوەکانی سۆڤیاتیش خرابوونە سەر تەختە بەدیوارەوە، کە هەموو کەس بتوانێ دەستیان بۆ ببات و بیانخوێنێتەوە. لە جێگاکەدا گیانێک فەرمانڕەوابوو، دەسەڵات و توانا و لێهاتوویی کارگێڕیی شوێنەکەی پیشان دەدا. لەبەرئەوە ئەم نووسراوخانەیە، لە هەر شارێکی وادابێ، مافی هەیە شانازیی پێوە بکات.

ئەو میوانخانەیەی تیایا دابەزین تاقانەبوو لە شارەکەدا تازەیش دروست کرابوو. لە هەر ژوورێکیا ئاگردانێکی ڕووسی تیابوو[١].

(١) ئاگردان: کوورەی ناوماڵ لە دیوارەکەدا.



کە سەرنجمان دا پڕبوو لە پیاوانی خاوەن دەست و بازوو، لە ڕووکەشدا دڕندانەیان دەنواند، پاڵتۆکانیان لە چەرم دروست کرابوون. پێڵاوەکانیشیان لە کەوڵی فیلەگێژە[١] سازکرابوون. بەڵام کچەکانیان ڕوومەت سوور بوون. دەسرۆکەیان بەسەری خۆیانەوە پێچابوو. لە شێوەیەکی جواندا سەیری ئێمەیان دەکرد و سەری خۆیان دەنوشتانەوە. پیاویان دەهێنایە پێکەنین ئەوەیش لەبەر ئەوەبوو کە ئێمە بێگانە بووین.

شارەکە خۆیشی، لە گەلێ ڕووەوە، لە شارێکی سەیری خاکی ئەمریکای دەکرد، کە پشتێک لەمەوپێش هەبووە[٢].

لە ڕاستیدا زۆرم لەم ژیانە، ڕۆژەکانی پێشووی خۆمانی بیر دەخستمەوە کە تازە ئەمریکا ئازاد کرابوو. بەتایبەتی لە ڕووی، ئارەزووە ساکارەکانی دڵەوە و شێوەی بیرکردنەوەی دوور لە فڕوفێڵەوە و، زیندوێتیی شەنگ و شۆخەوە. ڕێبازەکانی دەم شەقامە گەورەکان دەکرد کە لە (ئیلوود) دیبووم لە چاخی منالّیدا. خانووەکانیشیان ڕووکەشی ئەو خانووە پاک و خاوێنانەیان پێوە بوو کە لە هەموو شارێکی باکوردا دەبینرێن. لە پەنجەرەکانیانەوە تیشکی چرا دەردەکەوێ. لە دوکەڵ کێشەکانیشیانەوە هەندێک دووکەڵی تەنک دێتە دەرەوە.

لەوێدا گەلێک نیشانەی وا هەبوون کە دەریان دەخست ئێرە سیبەریایە، نەک (مینۆزتا) و (وسکنسن). زۆربەی خانووەکان لە دەستەکی تەختە دروست کرابوون، کە بە(چیلکە) داپۆشرابوون. ڕووەکانیشیان بەنیگاری ورد ورد داپۆشابوون کە لە خانووەکانی سیبەریادا باون.

خۆرشتەکان سیبەریایی بون. لەسەر مێزی نانخواردنەکە ئەمانە دانرابوون: بەرازێکی تەواوی برژاو، گۆشتی سوورەوەکراوی لەناو ریخۆڵە دانراو و هێلکە[٣]، پەنیر، شلە، مریشک، گۆشتی گوێرەکە،

تەماتە، ترشیات، مەی، ڤۆدکایەک کە ئەمەندە خەست بوو ڕووسەکان خۆیان ئاویان تێ دەکرد. هەر ژەمێک نانیان دەداینێ لەهی پێشوو کەمتر نەبوو. لەگەڵ هەموو خۆرشتێکی ناشنادا ڤۆدکا پێشکەش دەکرا. چایی گەرمیش بەدرێژایی ڕۆژ هەبوو. خاکەکەی ساردبوو.

(١) فیلەگێژە: (الجاموس أو الثور القطبي).

(٢) پشت: نەوە، (جیل).

(٣) ئەم خواردنە لەناو خۆماندا (باستورمە)ی پێ دەوترێ.

دانیشتووەکانی شارەکە، هەرچییەک بخۆن لە ماڵی خۆیاندا، وا دەردەکەوت کە زۆر دەخۆن.

لە بابەت زەماوەندی نەتەوەکەوە پرسم کرد. لە (موراتۆڤ)م پرسی: «ئایا جێگای لاسایی کردنەوەتان هەیە؟[1]». گوتی: بەڵێ هەمانە. پاش ئەوە لە ئێوارەدا چووینە ئەوێ. پێی گوتم: لاسایی کردنەوەکە لەکاتی نۆهەمدا دەست پێ دەکات. لە دوای نانخواردنی ئێواریێ، دانیشتین، ڤۆدکامان دەنۆشی و قسەمان دەکرد. لە پڕ زانیم کات لە نۆ پترە. لێم پرسی: «تۆ گوتت لاسایی کردنەوەکە لەکەیدا دەست پێ دەکات؟». گوتی: «میستەر ویلکی کە گەیشتینە ئەوێ پەردە هەڵدەدرێتەوە».

ئەوەیش بەو ڕەنگە بوو. ئەمجارە کەس نەبوو بەرپەرچی بداتەوە و ڕێگای پێ بگرێ. لەپاش نیو کات گەیشتینە ناو ژوورەکەمان. هەر ئەوەندەی دانیشتین پەردەکە هەڵدرایەوە.

ئۆپرایەکی قەرەجەکانمان چاوپێکەوت لە بابەت ژیانی قەرەجەکانەوە. تیپێکی لینینگرادی لاسایی دەکردەوە[2] کە لە گەشتێکیا گەیشتبووە ئەوێ. هەڵپەرکێکەی ناوازەبوو. دەرهێنانی لاسایی کردنەوەکە باش بوو گۆڕانکارییەکان مامناوەندیی بوون. تەماشاکەرەکان لە چەپڵە لێدان وەڕس بوون. لەگەڵ ئەوەشدا هۆڵەکە تەواو پڕ نەبووبووەوە. ئەمە نۆهەم شەو بوو کە لاسایی کردنەوەی ئەو ئۆپرایە لەوێدا دووبارە دەکرایەوە. شەڕ و بیروباوەڕی کۆمۆنیزمی، لەو شەوەدا دوور بوون لە مێشکی ئەو لاوە تەماشاکەرانە. چونکە دڵداریی و بەرەبەرەکانێ و هەڵپەرکێی قەرەجەکان شوێنی لاسایی کردنەوەکەیان داگیر کردبوو. کوڕەکان و کچەکان لە ناوەند وچانی پەردەکاندا قۆڵیان کردبوو بەقۆڵی یەکتردا دەسووڕانەوە بەملا و بەولای تەماشاگاکەدا. تێکڕا ڕووسەکان، هەموو، ئەمە پیشەیانە، لەوکاتانەدا. (بەڵام پێش ئەوەی بڕۆینە ئەوێ، لەکاتێکا کە پەڵەبەفرەکان[3] دەبارین و لەژێر پێماندا ورد و خاش دەبوون، چووینە ناوازەگاهی ناوچەکە. ئەوەی لەوێدا دیمان بەئاشکرا بیری دەخستینەوە کە شەڕ لە گەڕدایە ئەو نەخشە پیشاندەرانەی کە بەدیوارەکانەوە هەڵواسرابوون و پلەی گەشەکردن و پەرەپێدانی خوێندنگا و نەخۆشخانە و مەڕ و ئاژەڵ و بازرگانیی بەش بەشییان دەردەخست، لە مانگی خەرمانان

(١) جێگای لاسایی کردنەوە: شانۆ، ئۆپێرا (مسرح).

(٢) راستتر: دەینواند.

(٣) کە کلووەبەفرەکان دەبارین و...



(حزیران)ی ساڵی (١٩٤١)ەوە وەستابوو. هەروەک ژیانی نیشتمانەکەیان لەو ڕۆژەدا وەستابێ وابوو. وەرامی پرسەکانی منیش، هەموویان، بەوە دوایی پێ دەهێنرا، کە ئەگەر ئەڵمانەکان سنوورێکی دەمدەمییان دانەنایە بۆ پێشکەوتنێکی ئاسایی گشت لایی، زۆر شتی تر پێک دەهێنرا و پەیدا دەبوو. (موراتۆڤ)، لە ناوازەگا (متحف)ەکەدا، چەند نموونەیەکی زێڕی خاوی خاوینی پیشان دام؛ ئەمە ئێستا گەورەترین سامانە لە (یاکوتیسک)دا. هەروەها چەند نموونەیەکی کەوڵیشی پیشان دام، کە لە نرخدا بەدووەم بەرهەمیان دادەنرێ. لەناو کەوڵەکانی سمۆرە و ڕێوبی و ورچدا، جۆرە کەوڵێکی بچووکی نەرمم دی هی کەروێشکەکانی نوچکەی کڵاوەی سەرزەویی و (؟ = سنجاب)[1]ی سپی بوون. ئەوەشی بۆ ڕوون کردمەوە کە ئەم گیانلەبەرە بچووکانە، دەبێ گوللە لە چاویان بدرێ، ئەگینا کەوڵەکانیان بەلەشیانەوە بەتەواویی نامێنێتەوە. ئینجا کە بەشیرینییەکەوە[2] گومانی خۆم پیشان دا بەرامبەر توانای ئابووریی پیشەیەک کە ناچارت بکات، (؟ = سنجاب) بەو جۆرە راو بکەیت کە هەموو دەم تیر لە چاوی بگریت، (موراتۆڤ) لە قسەی خۆی نەهاتە خوارەوە، گوتی هەرچی راوکەرەکانی یاکۆتیسک هەیە، کە کاتی دامەزراندنیان دێ لە لەشکری سووردا، دەمودەست خۆیانی بۆ دەکوتن. ئەوەیش لەبەرئەوەیە کە هەموویان هونەرمەندیی و شارەزاییان هەیە لە تیرەباران و ڕم وەشاندن و گوللە هاوێشتندا.

هەروەها لە ناوەندی ڕۆژدا هەستمان بەجەنگ دەکرد لەگەڵ ئەوەشدا کە (یاکوتیسک)، هەر تەنیا سێ هەزار میلێک دوورە لە کۆڕی جەنگەوە، زۆر کەسی هەرزەکاری وامان دەدیی، کە لە ژیانی خۆیاندا، یەک ئەڵمانییان نەدیبوو، یان هێشتا نەچووبوونە ڕۆژئاوای شاخەکانی (ئۆراڵ)ەوە، بەپەرۆشێکەوە، لە بابەت (موراتۆڤ)م پرسی: لە بابەت بڵاوکردنەوەی خوێندنەوارییەوە چە تێکۆشانێکی نواندووە؟ لە وەرامدا پێی گوتم: «وەرامی ئەمە ئاسانە، میستەر ویلکی. لەپێش ساڵی **١٩١٧**دا ژمارەی خوێندەواران تەنیا **٢٪** بوو، ژمارەی نەخوێندەواران **٩٨٪** بوو بەڵام ئێستاکە ئەم ژمارانە بەرەو

(١) سنجاب: جۆرێکە لە سمۆرە، فەرهەنگەکان وای باس دەکەن کە: لە جرج گەورەترە، کلکێکی درێژی هەیە، بەگورجی و سووکی بەلقی درەختدا سەردەکەوێ، پێستەکەی گرانبەهایە، ڕەنگی شینباوێکە بەلای خۆڵەمێشیدا.

(٢) بجنەرمیەکەوە، بەمیهرەبانیەکەوە، بەلوتفێکەوە.

ئاوەژوون». پاشان بەدڵخۆشییەکەوە دەستی کردەوە بەقسەکردن گوتی: «بێجگە لەوە ئێستەکە فەرمانێکم بۆ هاتووە لە مۆسکۆوە کە لەپێش برانەوەی ساڵی داهاتوودا ئەم ٢٪ی نەخوێندەوارییەیش لەناو ببەم». بۆ جاری دووەم واژەی «لەناوبردن»م گوێ لێ بووەوە، کە لەناو ڕووسیادا زۆر جار بەکاردەهێنرێ. مەبەس لەمە ئەوەیە کە فەرمانێکی دانراو تەواو بکرێ. یاخود مەبەس لە بەندیی کردن و مردنە، سەبارەت بەبێ دەسەڵاتی یان سەرنەکەوتن یاخود تەگەرە تێ دانێکی بەئارەزوو. ئەمە ئەو چەند دێرەی بیرخستمەوە کە (جوبارنیس) لە (پراڤدا)دا بۆی خوێندبوومەوە، لە بابەت سەرئەنجامی کارگێڕێکی کێڵگەیەکی گشتییەوە کە بڕیاری بەسەردا درابوو بیست ساڵ بخرێتە بەندیخانەوە، هەر لەسەر ئەوەی کە سەد سەر لە مانگاکانی لەناو کێڵگەکەیدا مردبوون. لە پیشاندانی هۆی مردنیاندا قسەکانی ئەویان نەچووبوو بەدڵا، لەبەرئەوە خۆی تووش کردبوو. فەرمانڕەوایییش بۆیەکا ئەو جەزرەبەیەی پێ گەیاندبوو، تا کارگێڕەکانی کێڵگەکانی تر چاویان بترسێ و پەند لە سزاکەی ئەو وەربگرن. (موراتۆڤ) بەشانازییەکەوە، تازەترین سینەمای پیشاندایین لە یاکوتیسکدا. ساختمانی سینەماکە لە چیمەنتۆ دروست کرابوو.

باوەڕی کۆن وابوو (خانوو دەبێ لە دار و تەختە دروست بکرێ؛ چونکە هیچ شتێکی تر لەسەر ئەو گڵەخاوەی کە تێکڕا هەمووەدەم بەستوێتی دروست ناکرێ» ئەم ساختمانە ئەو باوەڕە کۆنەی بەدرۆخستنەوە.

بەڵام لە هەموو ساختمانێک زۆرتر، بنکەی دەستەی کۆمۆنیستەکان[١] بوو کە سەرنجی پیاوی ڕا دەکێشا. منیش هەموو دەمێک سەرم سوڕمابوو لەوەی کە دەستەیەکی وا کە ژمارە سەری ئەندامەکانی لە هەموو ڕووسیادا لە سێ ملیۆن پتر نییە، چۆن وا توانیویەتی بیروباوەڕ و دەسەڵاتی خۆی

بەسەر دوو سەد ملیۆن کەسدا بسەپێنێ. جا لێرە لە یاکوتیسکدا لەوە تێگەیشتم کە چۆن ئەوەیان بۆ چۆتە سەر، لە شارەکەدا هیچ کۆمەڵێکی ڕێکخراوی تر نییە، نە کلێسا، نە پەناگاه، نە دەستەیەکی تر. دەستەی کۆمۆنیستی یاکوتیسک نزیکەی (٧٥٠) کەس ئەندامی هەیە. واتا ١,٥٪ی دانیشتوان دەبن کە خۆیان دەدەن لە ٥٠,٠٠٠ کەس. ئەمانە هەموو ئەندامی ئەو یانە تاقانەیەن کە لە شارەکەدا هەیە. بەڵام لەو (٧٥٠) کەسەدا: هەموو کارگێڕەکانی کارخانەکان و، کێڵگە گشتییەکان و، فەرمانبەرانی فەرمانڕەوایی و،

(١) واتا: مەڵبەندی کۆمیتەی حزب.



زۆربەی پزیشکەکان و، کارگێڕەکانی خوێندنگاکان و، خوێندەوارەکان و، نووسەرەکان و، خاوەن دەزگاکان و، مامۆستاکان جێیان بۆتەوە. بەواتایەکی تر، لە یاکوتیسکدا، وەک لە زۆربەی کۆمەڵایەتییەکانی ڕووسیادا باوە، چاکترین خوێندەواران و وریاترین و بەناوبانگترین و دەسەڵاتدارترین پیاوان، ئەندامن لە دەستەی کۆمۆنیستەکاندا. هەر یانەیەک بگریت لە یانەکانی دەستەی کۆمۆنیستەکانی ڕووسیا، هەمووی، بریتییە لە بەشێک لە ڕێکخراوێکی نیشتمانیی توند و پتەو، کە ستالین هێشتا رازنووسی گشتییەتی[١].

لەمەوە مرۆڤ تێ دەگات کە هۆی ئەوە چییە (ستالین) ئەم پایەیەی لە هەموو پایەکانی تر پێی خۆشترە. ئەویش لەبەرئەوەیە کە ئەم ڕێکخراوە، وا لە دەستەی کۆمۆنیستەکان دەکات کە فەرمانداریییەکە هەر بۆ خۆیان بهێڵنەوە. ئەندامەکانیشی کۆمەڵێکن، ڕاستەوخۆ ئەم فەرمانداریییە بەکەڵکیان دێت. جا ئەمە ڕازەکەیەتی[٢].

لە ڕاستیدا ئەمریکاییەکان حەز لەم جۆرە یاسای یەک دەستەیییە ناکەن. بەڵام من لە یاکوتیسکدا بەڵگەیەکم چنگ کەوت، بۆ پیشاندانی گەورەترین کردەوەی یەکێتیی سۆڤیات. ئەمیش کردەوەیەکی وایە کە هەرە چاکی ئەمریکاییەکان و پێشکەوتووترین و بەرزترینیان، ناچار دەبن پێ لە چاکی و بەکەڵکی ئەو کردەوەیە بنێن. کردەوەکەیش بریتییە لە:

چارەکردنی کەینەوبەینە دڕکاوییەکەی کەمایەتییەکانی نیشتمانی و ڕەگەزایەتی[٣]. ئەم شارە هێشتا نیشتەجێی زۆربەی یاکوتییەکانە. یاکوتییەکان ٨٢٪ی دانیشتوانی هەموو کۆمارەکە دەبن. هەروەک چاوم پێیان کەوت، ئەوانیش، وەک ڕووسەکان دەژین. پایەی بڵند بڵندیان لەژێر چنگایە. هۆنراوەی تایبەتیی خۆیان هەیە. تەماشاگای لاسایی کردنەوەی تایبەتییان هەیە، پێی ڕادەبوێرن. بەڵام ئەو پایانەی کە فەرمانبەرانیان بۆ دادەنرێ لەلایەن فەرمانڕەواییییەوە، وەک پایەی (موراتۆڤ)، لە مۆسکۆوە بۆیان ڕەوانە دەکرێن، کە زۆربەیان لە ڕووسەکانن. ئەو فەرمان و پایانەیش کە بەهەڵبژاردن پڕ

(١) بەمانای: سکرتێری گشتی.

(٢) ئەمە نهێنییەکەیەتی، ڕاستییەکەیەتی.

(٣) ئەم ڕستەیە بەمجۆرە بووە: (حل المشاكل الشائكة للأقليات والأجناس – الأعراق – الوطنية). کە دەبوو ئاوابێ: (چارەسەرکردنی گیروگرفتە ئاڵۆزەکانی کەمایەتی و ڕەگەزییەکانی ناو وڵات).

دەکرێنەوە، وەک بۆم دەرکەوت لە یاکوتییەکان دادەنرێن. لە خوێندنگاکاندا، هەردوو زمانەکە دەخوێندرێن. هەرچی جارێکی جەنگیش هەیە کە بەدیوارەکانەوە نوسێنران بەهەردوو زمانەکە، ڕووسی و یاکوتی نووسراونەتەوە. بەڵام ماوەی مانەوەی ئەم چارەکردنی کێشەی کەمایەتییانە بەگران پاشەڕۆژی دەزانرێ. بێگومان هێزەکەی لەوەدایە، کە کەوتۆتە ئەو خاکە درێژ و پانە فراوانەی ئەم کۆمارەوە، کە ئەوەندە گەورەیە، هێشتا بەشێکی هەرە زۆری نەچۆتە نەخشەکەوە. هەروەک (موراتۆڤ) پێی گوتم، لەم چەند ساڵانەی دواییەدا، زۆرتر لە (١٠٠,٠٠٠) گۆم و ڕووباری بچووکی جوێ جوێ دۆزراونەتەوە کە بۆ هەموویان ناو دانراوە تا پێیان بناسرێن. لە ڕاستیدا من پەی بەوە دەبەم کە ئاسمانێکی چۆڵ و هۆڵی وەک هی کۆماری یاکوتیسک کە دوو ڕۆژی تەواو بەناویا فڕکەمان دەکرد. کۆڕێکی پان و فراوانە بۆ ئەو بەربەرەکانێ و شەڕوشۆڕەی کە لە ئەورووپادا دوژمنایەتی و ئازاردانی پەیدا کرد.

لەم یاساوڵ خانەی سیبەریایەدا کەم شتم دیی کە وەک (موراتۆڤ) خۆی خۆشیم پێ بگەیێنێ. جا ئەگەر شاری یاکوتیسک وەرامی زۆر پرسی تێگەیاندبم (موراتۆڤ)یش کلیلی زۆر وەرامی تری داوەتەوە دەستم. لە ڕاستیدا (موراتۆڤ) نموونەیەکی پیاوە تازەپێگەیشتووەکانە کە پاشەڕۆژی ڕووسیایان لە چنگدایە. زۆر بابەتی کردەوە و ڕەوشت و کەسایەتیی لەهی ئەو ئەمریکاییانە دەکات کە کەسایەتییانم ناسیوە. موراتۆڤ، پیاوێکی کورتەباڵایە، چوارشانەیە، دەموچاوی خڕە، ڕووخۆشە، ریشی دەتاشێ. لە شاری (ساراتوڤ) لەسەر ڕووباری (ڤۆلگا)دا لەدایک بووە. کوڕی جووتیارێکە. لەوکاتەدا کە لە کارخانەیەکا فەرمانی بینیوە، لەبەر زیرەکی هەڵبژێرراوە بۆ خوێندنێکی تایبەتی. ئیتر ئەویش لەناو کار و فەرمان و خوێندندا، لە خوێندنگاکەدا جیگای بۆ خۆی کردۆتەوە، تا لە زانستگا و پەیمانگای مامۆستا سوورەکاندا دەرچووە. پەیمانگاکە، پێشکەوتووترین پەیمانگەی پێگەیاندن و خوێندەوارییە لە ڕووی زانستەکانی کۆمەڵایەتییەوە. پاش ئەوە ناردوویانەتە ئێرە. ئەمە دوو ساڵە لێرەیە، نزیکە لە ناوچەی نوچکەی سەر زەمینەوە. بۆ ئەمە نێرراوەتە ئێرە کە ببێتە سەرۆکی کۆڕی نێرراوانی نەتەوە لە یاکوتیسکدا.

وا ئەویش ئێستەکە، کە لە تەمەنی (٣٧)ساڵاندایە و لەپاش شۆڕشی **١٩١٧** خوێندنی خۆی تەواو کردووە لە یەکێ لە کۆمارە هەرە گەورەکانی یەکێتیی سۆڤیاتیی هاوبەشیی ڕووسیادا کارگێڕیی دەکات. پێوانی زەویی کۆمارەکەی پێنج ئەوەندەی پێوانەی خاکی فەرەنسە دەبێ. لەو دوو ڕۆژەدا کە لەوێ بووم موراتۆڤم زۆر چاو پێ کەوت. لەو پیاوانەیە



کە لە جێگایەکی وەکو ئەمریکادا سەربکەوێ. لە خاکەکەی خۆیشیا سەرکەوتنەکەی گەیشتۆتە ئەوپەڕی.

شێوەی کارکردنەکەیشی لە چارەکردنی کاروباردا، هیچ لەو شێوەیە جیا نابێتەوە کە سۆڤیاتییەکان لەناو هەموو خاکی سیبەریا بەکاری دەهێنن؛ شێوەکەی شێوەیەکی توندوتیژە، گەلێک جار بەڵکو زۆربەی جاران دڵ ڕەقانەیە. هەندێ جاریش بەهەڵەدا دەچێ. خۆیشی لەو بابەتەوە وا قسە دەکات، دەڵێ:

«بەڵام شێوەیەکی وایە کە بەئەنجام دەگات و بەرهەمی لێ پەیدا دەبێ». کە سەرم کردە سەری بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتی پێشکەوتنی یاکوتیسک لە ڕووی ئابوورییەوە، وەک کابرایەکی زەوی فرۆش کە لە (کالیفورنیا)دا بێ قسەی دەکرد. لێرەدا بۆ دووەم جا ئەو ڕۆژانەم بیرکەوتەوە کە لە سەرەتای ئەم چەرخەدا، بەسەر پێشکەوتنە گەورەکەی (ئەمریکا)دا تێپەڕیون، ئەوکاتەی کە سەرکردەکانمان لەو جۆرە پیاوانە بوون کە خەمی هەرە گەورەیان ئەوەبوو فەرمان جێبەجێ بکەن.

«میستەر ویلکی، وەک خۆت چاوت پێی دەکەوێ، ئێمە لە ساڵی **١٩٢٢**دا کۆماری یاکوتیسکی سۆڤیاتیی هاوبەشیمان دامەزراند، کە سەربەخۆیییەکی خۆیی هەیە. ئەودەمە، تازە لە شەڕەکانی ناوخۆییدا سەرکەوتبووین. ئەوکاتە (ستالین)، ڕاسپاردە و دەسەڵات پێ دراوی ڕەگەزایەتییە بچووکەکان بوو. لەو ڕۆژەوە تا ئێستا توانیومانە (لەنگەری سەرمایە)ی ئەم کۆمارە هەشتا جار ئەوەندەی خۆی لێ بکەین. هەر کەسێ لێرەدا بژی، بەدڵ و بەسک پەی بەوە دەبات. لە هەموو جۆرە نەخشەیەکدا، یاکوتیسک بریتی بوو لە پارچە زەوییەکی سپی. بەڵام ئێستا، لەم مانگەدا، کانگا زێڕەکانمان، سێیەم جێگای بۆ خۆی پچڕیی لە بەربەرەکانیی کاروباری ناو کانگاکاندا -بێجگە لەکانی ئاسن - لە هەموو ڕووسیادا. ئەو ئەندازەیەی بۆی دانرابوو لە پێڕەویی بەرهەم پێکهێناندا، لێی تێپەڕاند». پاش ئەوە لەناو ژمارەکارییدا نوقمی کردم.

کارخانەکەی ئەو، لە گرەوی ناو هەموو کارخانەکاندا کە هێزی کارەبا دەهێننە بەرهەم بۆ شارەوانییەکانی یەکێتیی سۆڤیات، یەکەم پلەی وەرگرت. هەروەها ئاڵایەکی سووری لەلایەن دەستەی کۆمۆنیستەکانەوە دەستکەوتبوو، سەبارەت بەوەی کە بەرهەمی نرخی کیلۆ واتەکانی کارەبای کەم کردبووەوە و تا گەیاندبوویە (٦,٢٧) کوبیک لە کاتێکا.

گوتی: «لە ماوەی بیست ساڵدا، لە ملیارێک (ڕۆبڵ) زۆرترمان خستە کار لە

یاکوتیسکدا. لەم ساڵەدا نزیک ( ٤,٠٠٠,٠٠٠ ) خشتەمەترە دار[*] دەبڕینەوە، کە لە ساڵی ١٩١١دا تەنیا ( ٣٥,٠٠٠ ) خشتەمەترە دارمان بڕیوەتەوە. بەڵام هێشتا زۆرمان ماوە بگەینە ئەو بەرهەمەی کە لە ساڵێکا ( ٨٨,٠٠٠,٠٠٠ ) خشتەمەترە دار ببڕینەوە». ئەوە دیاربوو کە بیری لە بازاڕی جیهانی دەکردەوە. «هەر کاتێ ئەم جەنگە دوایی هات، ئێوە لە ئەمریکادا لەسەر دار و ناوکی دار پەکتان دەکەوێ. هەروەها ئێمەیش لەسەر ماکینە هەموو جۆرەکان دادەمینین. ئەگەر هاتوو توانیمان ڕێگای ناو زریێی نوچکە (قطب) بکەینەوە زۆر لە ئێوەوە دوور نابین. وەرن ئەو دار و ناوکەدارانەمان لێ وەرگرن. لەجیاتی ئەوە ماکینەکانمان بدەنێ. ئێمە بەو گۆڕینەوەیە کامەران دەبین».

خۆم قسەکانیم تاقی کردەوە. بۆم دەرکەوت کە هەموو قسەکانی لەو جۆرە قسانە نین کە بۆ شت فرۆشتن بەکار ئەهێنرێن چونکە یاکوتیسک لە هەموو هێڵێکی ئاسنینەوە هەر هەزار میلێک دوورە. هەر لەم ساڵەدا، لە دروستکردنی ڕێگایەکی خۆنکارانە دەبنەوە[١]،

کە ڕووەکەی ڕەق دەبێ و قایم، بەکاری گوێزانەوەی باری گران دێت لە هەموو جۆرە کەشێکا. ئەویش بەو مەبەستەی کە کۆماری یاکوتیسک ببەستێ بەهێڵی ئاسنینی سیبەریاوە و بەمۆسکۆوە. ئەوانە هەتا ئێستا گوێزانەوەیان لەسەر ڕێگاکانی ئاسمانی و ڕووباری (لینا) بەندبووە. لە هاویناندا کەشتی و گەمێکان بەناو ڕووباری (لینا)دا دەڕوات بۆ بەرەوژوور، کەلوپەل هەڵ دەگرێت لە کەندەڵانی (تیخسی)یەوە بۆ (یاکوتیسک). کە لەوێدا کەشتییە گەورەکانی کەلوپەل هەڵگرتن بۆ لای نوچکە مۆڵ دەخوات و ڕادەوەستێ. بەڵام لە زستاندا ڕووی ئاوی ڕووبارەکە دەیبەستێ و دەبێتە ڕێگایەکی ڕەق و قایم کە کۆماری یاکوتیسک هەر ئەوە ئەناسێ.

زێڕ و کەوڵ کەلەپەلێکی بەنرخ و بایەخدارن. لە سەرەتای مێژووەوە دەگوێزرانەوە بۆ ئەملا و ئەولا، بێ ئەمەی لەوێدا ڕێگایەک هەبووبێ. بەڵام نێرراوەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی سۆڤیات ئەوەیان بۆ دەرکەوتووە، کە یاکوتیسک بێجگە لەوانە سامانێکی گەورەیشی هەیە لە کانەکانی زیو و نیکل و مس و مز. هەروەها نەوتیش لەوێدا

(*) خشتەمەترە: متر مكعب. -وەرگێڕ-

(١) مامۆستا (خونکار) بەرامبەر (ملک - پاشا) بەکاردێنێ، بەڵام لێرەدا دیارە لە دەقە عەرەبییەکەدا (إنشاء طريق مُلْكي) بووە بۆ جیاکردنەوەی لەو ڕێگایانەی تەنیا بۆ مەبەستی سەربازی لەو سەردەمی جەنگی جیهانیەدا بەکارهاتووە، جا دەشێ (ملکی)یەکە بە(مەلیکی - خونکاری) تێگەیشتبێ، ڕاستی: دروستکردنی ڕێگایەکی مەدەنی...



دۆزراوەتەوە. هەرچەندە لێدوانی بیرەکان بەرازی سەربازیی دەژمێررێ، بەڵام (موراتۆڤ) ئەوەی تێ گەیاندم کە لەپێش تەواوبوونی ساڵی ١٩٤٣دا، ئەو بیرانە بەرهەمێکی وا دەدەن کە بازرگانییان پێوە بکرێ. لە خاکی کۆماری یاکوتیسکدا بابەتی وایش هەیە کە هێشتا دەستیان بۆ نەکێشراوە. وەک ماسی و دار و خوێ. سەیر ئەوەیە پیشەسازییەک بۆ دانی فیل لەوێدا دامەزراوە، کە بەکەم نابێ بزانرێ، کەرەستەکەی بریتییە لە دانی ئەو فیلانەی کە لەناو چوون و بوون بەبەرد، لەگەڵ هی ئەو گیانلەبەرانەی کە لەپێش مێژوودا ژیاون و، ڕۆژێک لە ڕۆژان لەم ناوچەیەدا گەڕاون، کە هەر لەو ڕۆژەوە وەک بابەتێکی ناو نوچکە ماونەتەوە.

لە یاکوتیسکدا، توانای کشتوکاڵ کردنیش هەیە. لە ناوازەگاکەیاندا، چەند نموونەیەکی گەنمیان پیشاندام کە قەڵەمیان لێ درابوو. ڕووسەکان پەرەیان پێ دەدا بەرەو باکوور، بۆ ئەمەی سنووری کێڵگەی گەنمەکەیان فراوانتر لێ بکەن. کێشی چاندن و کشتوکاڵ کورتە، بەڵام ژێرخاکەکەیان پڕە لەئاو. لە هاوینانیشدا بەدرێژایی ڕۆژ و بەشێکی زۆر گەورەش لە شەو و ڕۆژ ئاوا نابێ. زۆربەی کشتوکاڵ - کە ٩٧٪ی لە مانگی مشتاخان دایە - لەژێر کارگێڕییەکی هاوبەشی دایە. هەتا ئێستایش ( = إيَّل) بەهێزێکی گەورە دادەنرێ بۆ جووڵان و گواستنەوە لە کۆمارەکەدا. لەگەڵ ئەوەیشا چەند سەد جووتێکی میکانیکی تیایە، لە ئێستگەکانی جووتی میکانیکییەوە دەدرێن بەجووتیارەکان، مزیان لێ دەسێنن[١]. کۆمارەکە ( ١٦٠ ) دایناموی هەیە.

- «بیر بکەرەوە، ئەی میستەر ویلکی، ( ١٦٠ ) دایناموٚ لە ناوچەی نوچکەدا بکەوێتە گەڕ!» - لەشکرێکی بچووکیشی هەیە لە پسپۆڕەکان، کە ڕۆژ بەڕۆژ زۆرتریان لێ دێ. بڕیار دراوە کە دەشتەکانی ژووروو، کە هیچ گژوگیا و دار و درەختێکیان تیا ناڕوێ و کە پێیی دەڵێن: «تەندوا»، بکرێن بەشینایی و بەری دانەوێڵە بدەن. پشت بەخۆبەستن و خوێن گەرمییەکی وا کاریان کردووە لەم نەتەوەیە، کە ئەو چیرۆکەم بیر دەخەنەوە، کە لە بابەت پێشکەوتنی بەشی ڕۆژئاوای نیشتمانەکەمەوە دەیگێڕنەوە. کە لە یاکوتیسک چوومە دەرەوە، بەپەرۆشێکی تەواوە، ئارەزووی ئەوەم دەکرد کە لەوە دوا ئاگاداری ئەوە ببم کە لە پاش دە ساڵی تر ئەم کۆمارە چەن تر پێش دەکەوێ؟

***

(١) ڕاستتر: کرێیان لێ دەسێنن.

کە گەڕامەوە نیشتمانەکەم، لە مێشکی دانیشتواندا چەشنی ئەم پەرۆشییەم هەست پێ کرد لە بابەت ڕووسیاوە، هەموویانم وا هاتەپێش چاو کە بەسەیر و ترسێکەوە سەیری دەکەن.

ئاخۆ ڕووسیا چی بکات؟ تۆ بڵێی ببێتەوە بەلەشکرگایەکی تازەی ئاشتی؟ یاخود لە بڕانەوەی شەڕدا پەلپی وا دەگرێت کە تەگەرە بدات لە دامەزراندنەوەی ئەورووپا لەسەر ڕێوشوێنێکی بەجێ؟ یان خەریکی ئەوە دەبێت کە ڕاستی پەرستییەکانی خۆی لە کۆڕی ئابووریی و کۆمەڵایەتیدا بخاتە ناو خاکەکانی ترەوە؟

بەدڵسۆزییەکەوە دەڵێم کە بڕواناکەم کەسێک هەبی وەرامی تەواوی ئەم پرسیارانە بزانێت. دیسانەوە لەوەیشدا گومانم هەیە کە (ستالین) خۆی وەرامی ئەم پرسانە، هەمووی، بزانێ.

ئەوەیش دیار، کە شتێکی بێ جێیە، خەریکی ئەوە ببم دوارۆژی کردەوەی ڕووسیا، هەر لە ئێستاوە پیشان بدەم. بەڵام ئەمەندەم راستی لەلا هەیە کە لەوێدا (٢٠٠,٠٠٠,٠٠٠) کەس لەناو خاکی یەکێتیی کۆمارە هاوبەشییەکانی سۆڤیاتدا هەیە؛ کە ئەوانە گەورەترین پارچە زەوییان هەیە لە جیهاندا، تاکە یەک فەرمانڕەوایی کاروباری دەبات بەڕێوە؛ کە ئەوەندەیش خاکەکەیان پڕ سامانە، ئەوەندەی نەماوە بڵێم لە بڕانەوە نایەت، پڕە لە دار و درەخت و خەڵوز و ئاسن و نەوت، کە هێشتا دوورن لە بەکارهێنان؛ کە نەتەوەی ڕووسیش لە سایەی ئەو یاسا ناوازانەوە کە هەیانە و بەکاریان ئەهێنن لە هەڵسوڕاندنی کاروباری نەخۆشخانەکان و دەزگا گشتییەکانی تەندروستیدا، لە تەندروستترین نەتەوەکانی جیهانن و، لەناو ئاو و بایەکی وایشدا دەژین کە پڕیەتی لە هێز و هەڕەت و چالاکی؛ کە لەم بیست و پێنج ساڵەی دواییەیشدا، بەشی هەرە گەورەیان بوون بەخوێندەوار، بەسایەی ئەو یاسای پێ خوێندنەوە کە بەهەموو لایەکی ڕووسیادا بڵاو بۆتەوە، هەروەها بەکلوور پسپۆڕانی هونەرمەندیان لێ پەیدا بووە؛ کە ڕووسەکان لە فەرمانبەری هەرە گەورەیانەوە تا کەمترین کرێکاری کێڵگە و کارخانەکان یان، تا ئەوپەڕی کەللەڕەقی، خۆیان تەرخان کردووە کە خۆیان بەخت بکەن لەپێناوی ڕووسیادا، بەجۆرێکی وا کە ئاواتی پێشکەوتنی دوارۆژی ڕووسیا بووەتە بارێکی گران بەسەریانەوە.

من نازانم وەرامی هەموو پرسیارێک بدەمەوە لە بابەت ڕووسیاوە. بەڵام شتێکی تریش ماوە دەیزانم: ئەویش ئەوەتا کە هێزێکی وا و، فەرمانڕەواییەکی وا و نەتەوەیەکی وەک



ئەوە نەتەوەیە، نابێ پشتیان تی بکرێ و ناشبێ چاویان لێ بپۆشرێ. لە توانایشماندا نییە وەک کەیبانووەکان بجووڵێینەوە، کە دەچنە کۆگایەکی سەوزەفرۆشتنەوە، دەست بۆ هەموو جۆرە سەوزەیەک درێژ دەکەن، بەڵام لە هەندێکیان هەڵ دەگرن و لە هەندێکیشیان هەڵ ناگرن. ڕاستیی هاوارکەر ئەوەتا: بەدەست خۆمان نییە هەڵبژێرین. پێویستە دان بەڕوسیادا بنێین. ئەمەیە هۆی ئەوەی کە هەموو دەم بەبرا ئەمریکاییەکانم دەڵێم: هەتا ئامانجی هەردوو لامان یەک بێ کە شکاندنی دوژمنی هەردوولامانە، یاریدەدانێکی بەهێزتر بکەن لەگەڵ ڕووسەکاندا. هەتا پێمان دەکرێ بام لێیانەوە فیر ببین، هەتا ئەوانیش پێیان دەکرێ بام لێمانەوە فێر بن، بام هەردوولامان باشتر شارەزای یەکتر ببین.

کارێکی تریش هەیە ئاگام لێیەتی: لەڕووی بازرگانییەوە بەپێی خاکەکانیان، ڕووسەکان و ئەمریکاییەکان لەچارەکردن ی زۆر گیروگرفت و تەنگ و چەڵەمەدا لەیەکتر دەکەن. جا لەبەر ئەوە وا هەڵ دەگرێ کە یارمەتیی یەکتر بدەن، پەرەپێدانی پیشەسازیی لە ڕووسیادا، بەشێکی بێ شوماری پێویستە لە بەرهەمەکانی ئەمریکا، ڕووسیایش سامانێکی سروشتیی یەجگار بێ شوماری هەیە کە ئێمە لەسەریان داماوین. ڕووسەکانیش وەک ئێمە، نەتەوەیەکی ئازا و سەرڕاستن. هەموو شتێکی ئەمریکایان لا پەسەندە، تەنیا یاسای سەرمایەداریی نەبێ. منیش لەڕووی دڵسۆزییەوە دەڵێم کە لە ڕووسیادا زۆر شتی وا هەیە دەتوانین پەسەندی بکەین وەک چست و چالاکییەکەی، ئاواتە گەورە و فراوانەکانی، هێز و هەڕەت و تواناکەی، یەکگرتنەکەی لە ئامانجدا. کەسیش نییە لە جیهاندا ئەوەندەی من، یان لە من پتر، بەرەنگاری ئایینی کۆمۆنیزم بێ[1]. چونکە من بەتەواوەتی دوژمنی ئەو یاسایەم کە بەرەو بیروباوەڕی فەرمانداریی بەرەڵڵا بڕوات. لەگەڵ ئەوەشا من هەتا ئێستا لەوە تێ نەگەیشتووم کە بۆ چ بەو بیروباوەڕە بڕوا بکەین، کە ئەگەر هاتوو لە ناوەندی کۆمۆنیزمی و دیموکراتیدا تێکەڵییەک پەیدابوو، یاسای دیموکراتی لەناو دەچێ.

لەبەرئەوە بهێڵن بام دووبارەی بکەمەوە: کە من لەو باوەڕەدام، لە تواناددا هەیە ڕووسیا و ئەمریکا، کە دوور نییە بەهێزترین فەرمانڕەوایانی جیهان بن لەپێناو کامەرانی ئابووریی و ئاشتیی جیهاندا، پێکەوە کار بکەن و یارمەتیی یەکتریش بدەن. هەر هیچ نەبێ من، کە ئەوەندە تێگەیشتووم لە جێبەجی نەبوونی ئاشتییەکی هەمودەمی و، ئارامێکی

(١) راستتر: بیروباوەڕی کۆمۆنیزم...

ئابووریی، بەبی یارمەتیدانی ئەم دوو فەرمانڕەواییییە لەگەڵ یەکتردا، بڕوام وایە کە پێویستە هەردوولا پێکەوە کار بکەن و تێ بکۆشین. من بەتەواوەتی لەو بڕوایەدام کە دەزگا ئابوورییەکان و کار زرنگییەکانی ئەمریکا ئەوەندە سەرڕاستن، هەنگاوەکانیشیان ئەوەندە دروستن، کە بەتەواوەتی دڵنیام دەکەن، کە دیموکراتیێتیی ئەمریکا، دەتوانێ بژی و بشمێنێتەوە، بام ئەم یارمەتیدانەی هەردوو لایییەیش لەئارادابێ.

## چین لە پێنج ساڵ لەمەوپێشەوە لە جەنگداندایە

ئەگەر بمانەوێ لەم جەنگی جیهانییەدا، سەرکەوتنێکی راستەقینەمان دەست بکەوێ، پێویستە تەواو لە نەتەوەکانی رۆژهەڵاتی دوور تێ بگەین. هەر لە یەکەم ساڵی چوونە شەڕمانەوە، زۆربەی ئەمریکاییییەکان بۆیان دەرکەوت کە شەڕ لە ئاسیادا بریتییە لە کۆڕێکی پاشماوە شەڕی ناو ئەوروپا. بەڵام ئەگەر هاتوو ئاواتی ئەوەمان خواست کە لە دوارۆژدا ماوە نەدرێ جەنگ ڕووبدات ئەوساکە پێویستە لەسەرمان ئەو هۆیانە بدۆزینەوە کە لەم بەشە گەورە و فراوانەی جیهانەدا جەنگ هەڵ دەگیرسێنن. ئەوکاتە پێویستە لەسەرمان کە ئەوانەی دۆستایەتیمان لەگەڵدا دەگرن باش بیان ناسین، هەروەها پێویستیشە لەسەرمان کە لەگەڵیاندا زۆر سەرڕاست بین، تا بتوانین پشتیان بگرین، دەبێ چاو لەوەیش بپۆشین، کە ئەم کردەوەیەمان تووشی بەرەنگاربوونی پشم و قینە کۆنەکانمان دێ کە دەربارەی جیهان لە دڵماندا کۆمان کردوونەتەوە.

منیش بۆیەکا نیازی سەرلیدانی (چین)م کرد، کە لەپاش تیکەڵاوبوونە تازەکەمان بەرۆژهەڵاتی دوور، هەستم بەم بیروباوەڕەم کرد کە لە سەرەوە پیشانم دان. لە پاش لێ دوانی گەشتەکەم لە (واشینگتۆن)دا بۆ یەکەم جار، چەند ڕۆژێکی پێ چوو، گیروگرفتی گوێزانەوەکەم هاتە پێش چاو. چونکە سەرەک کۆماری ئەمریکا بەدڵ دەیویست سەر بە(هیندستان)دا نەکەم. لەبەرئەوە جێبەجێکردنی ئەم گەشتە یەجگار ستەم بوو. لەگەڵ ئەمەشا پێش ئەمەی (نیویۆرک) بەجێ بهێڵین، ئەم گیروگرفتانە لەخۆیانەوە لاچوون.

چەند ڕۆژێک لەپێش بەجێ هێشتنی (واشینگتۆن)دا لەگەڵ (ت. ف. سۆنگ)دا کە کاربەدەستی خاوەن دەسەڵاتی (چین) بوو لە ئەمریکادا نانم خوارد. ڕاستەوڕاست لەو گیروگرفتانە دوا کە لەناو نیشتمانەکەیا پەیدابوون، وەک هی سامان و سەربازیی. هەروەها هیوا و ئاواتی خۆیشی پیشان دا لە بابەت ڕێککەوتن و سازبوونی پێڕەوییەکانی جەنگەوە لە ناوەند نەتەوە یەکگرتووەکاندا. بەلای ئەوەوە دانانی پێڕەوییەکی وەها دەبێتە



هۆی یاریدەدانی چینیش، هەروەها دەبێتە هۆی ئەوەیش کە هێزە دیموکراتییە نهێنییە گەورەکان، کارێکی گەورە بکەنە سەر جیهان، بەچەشنی ئەو هێزەی کە (هەتلەر) و (جەنەراڵ تۆگۆ) کردوویانە بەبنچینەی ڕێ و شوێن دانانەکەی خۆیان.

لەمەدا من لەگەڵیام. بەڵام نە گەشتەکەم بۆ چین، نە مێژووی ئەو تێکۆشین و تەقەللایانەی کە لە دوای ئەوەوە پێکهاتن، بەمەبەسی دۆزینەوە و پەیداکردنی سازبوون و ڕێککەوتنێکی دروست لە کارزرنگیی سەربازییدا، بۆ ئەمەی (چین) و (روسیا) لە سویندخوارییەکدا کۆ بکاتەوە لەگەڵ بەریتانیای گەورە و ئەمریکادا، کە بی پێچوپەنا و بێ گرێیی ئەو دوانە هیچیان نەتوانی لەم بابەتەوە دڵنیام بکەن ئەو ئارەزووەی کە زۆر لە پێشەواکانمان پیشانی دەدەن لە بابەت بەرەڵڵاکردنی جەنگەوە تا دەبێتە دوو کۆڕی جوێ: کۆڕێکی بنچینەیی و کۆڕێکی پەلوپۆیی، هێشتا دەمترسێنێ.

گەشتەکەیشم بۆ ڕۆژهەڵاتی دوور، هیچ گومانێکی نەخستە دڵمەوە بەرامبەر ئەم کەینەوبەینەیە.

یان دەبێ بەو جۆرە شەڕ ببەینەوە کە لەگەڵ چینییەکاندا، هاوبەشی تەواو بین، لە شەڕی ئاسیادا، بەچەشنی ئەوەی کە لەگەڵ بەریتانیاییەکان و ڕووسەکان و فەرمانڕەوایییە داگیرکراوەکان هاوبەشین لە جەنگی ناو ئەوروپادا، یاخود لە شەڕ بچینە دەرەوە، بێ ئەمەی سەرکەوتنیکی ڕاستەقینەمان چنگ کەوتبێ.

من لەوە ئاگادارم کە زۆر کەسی وا هەیە بڕوایان وایە، کە ڕێگای زاڵ بووم بەسەر دوارۆژدا، بەزۆریی ئەوەیە کە ئینگلیز و ئەمریکا دەسەڵاتی گەورەییان دەست بکەوێ. ئەوانە بەهیوای ئەوەن کە بەریتانیای گەورە و ئەمریکا پێکەوە، لەپاش کزبوونی ئەڵمانیا هێرشێکی دوایی ببەنە سەر ڕۆژئاوای ئەوروپا، هەروەها بەهیوای ئەوەیشن کە هێزەکانی ئەو دوو فەرمانڕەواییییە پێکەوە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست داگیر بکەن. بەم ڕەنگە وا بەمێشکیان دادێ کە کشان و فراوان بوونی ڕووسیا و گەورەیی و دەسەڵاتدارییەکەی دوارۆژی، لەنگەری بەوە دەگیرێ کە ئێمە ڕۆژئاوای ئەوروپا داگیر بکەین لەگەڵ نووساندنی نەتەوە داگیرکراوەکان بەبیروباوەڕ و ئەندازە و پێوانەی خۆمانەوە. هەروەها، وایش بەمێشکیاندا دێ، کە لەپاش تەفروتوناکردنی (هەتلەر) و هێزەکانی خاکە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیای گەورە پێکەوە لەگەڵ کەمێک کۆمەکیی (چین)دا، لە توانایاندا هەیە (ژاپۆنیا)یشس لەناو ببەن. ئەوانە وای بەباش دەزانن کە

فەرمانڕەواییەک لە (چین)دا دامەزرێ، لەدوای بڕانەوەی جەنگ، بەشیرینی لەگەڵیا بجووڵێنەوە، بەپارچە پارچەیی نەمێنێتەوە، بەڵام کزبێ. هێزەکانی ئاسایش لەلایەن فەرمانڕەواییەکانی ڕۆژئاواوە، بەگیانێکی باوکانەوە، ئاراستە بکرێن بۆ چاکە و کەڵکی ڕۆژهەڵات، بەڵام بەشێوەیەکی وابێ، کە لەوە چاکتر نەبێ، بۆ هێنانە جێێ ئاشتیی جیهانی دوارۆژ و پاراستنی. ئەوانە لەوە بیر دەکەنەوە کە بنکە سەربازییەکان و بازرگانییەکان داگیر بکرێن و بخرێنە ژێر چنگی ئینگلیزەکان و ئەمریکاییەکانەوە، چە لە ڕۆژهەڵاتدابێ، چە لە ڕۆژئاوادا. پەیمان پاراستنی ئەم شوێنانەیش بخریتە ئەستۆی هێزێکی ئینگلیزی و ئەمریکایی یەجگار گەورەوە جا بەهۆی ئەم کردەوانەوە، نرخەکانی خوێندەواریی و زرنگکاریی ڕۆژئاوایی دەپارێزرێ، ئاسایش و ئاشتی دادەمەزرێن، لەنگەری ئابووریش پێک دێ جیهانیش هەمووی دەکەوێتە ژێر سێبەری ئاڵای ئامانج و بیروباوەڕە ڕۆشنەکانی ئێمەوە کە لە بابەت دیموکراتی و کامەرانیی ئابوورییەوە هەمانە. ئەمەیش بەڵگەیەکی باوەڕ هێنەرە. بەدروستیش دەردەکەوێ بەمەرجێ ئەوە لەبیر خۆت ببەیتەوە کە سەرەک (ڕۆزڤلت) چە جۆرە وتارێکی جوامێرانەی بڵاو کردۆتەوە لە (پەیماننامەی ئەتلەسی)دا بەرامبەر نەتەوەکانی گوێ زرێیێ بێ دەنگ[١].

هەروەها ئامۆژگارییەکانی چوار سەربەستییەکەیش لەبیر خۆت ببەیتەوە، کە تا ئێستایش هەر دەیاندەین بەگوێی جیهاندا. بێجگە لەوە ئەوەیش لەبیر خۆمان ببەینەوە کە کەینەوبەینەی دوو ملیار مرۆڤ لەئارادا هەیە.

گەلێک ساڵ ژیاین بەنەزانینەوە، کە ژاپۆن ئاواتی ڕاستەقینەی هەیە و دەسەڵات و توانا. کە ڕۆژهەڵات پشتی پێ دەبەستێ، ئارەزوو و ئاواتەکانی بهێنێتە جێ، بۆ ئەمەی نەتەوەکانی لەبەر ڕۆژدا جێگای خۆیان بگرن.

سەرئەنجامی ئەم ناشێتییەشمان بەوە گەیشت کە ئێمە، ئەوەندەی هەڵ دەگرێ، بایەخی ڕاستەقینەمان نەدا بەژاپۆنییەکان، ئەوەیشمان لەبیر خۆمان بردەوە کە لە ڕۆژهەڵاتدا گەلێک هێز هەن لە گەشەکردندان. لەوەیش کەم شارەزابووین کە ژاپۆنییەکان بۆ دامەزراندنی شاهەنشاهێتییەک تێ دەکۆشین. تازەوا پەی دەبەین بەوە کە ئەگەر ئەو شاهەنشاهێتییە دامەزرایە چەند گەورە دەبوو.

ئاوات و زیندەخەوی ژاپۆنییەکان، لەم دواییەدا، لە شێوەیەکی ڕەپ و ڕاستدا هاتە

(١) زەریای هێمن (هادئ).



بەرچاومان. وا بەچاوی خۆمان دیمانن بەشێکی گەورەی ئەو شاهەنشاهێتییەی ئاواتیان بۆ خواستبوو داگیریان کرد. چونکە ئەوانە بێجگە لە (کۆریا) و (مەنشوریا)، گشت گوێ ئاوی (چین)یشیان داگیر کردووە. بەشی زۆری (فیلیپین)یان گرتووە. هەموو دوورگەکانی هیندستانی ڕۆژهەڵاتیشیان[١] کەوتۆتە ژێر چنگەوە. دەستیان گرتووە بەسەر نیوەی (بۆرما)[٢]دا و ڕێگاکەیشیان بڕیوە. ئەوانە بەلای کەمەوە نیوەی ڕۆژهەڵای زرێ هیندیان بەدەستەوەیە. وا دەستیان کردووە بەلێدانی دەروازەی (کەلکۆتا) خۆیشی.

ژاپۆنییەکان ڕێگایەکی دوور و درێژیان بڕیوە. تەنانەت وامان لێ هاتووە، لە توانامانندا نییە کە بیهێنینە پێش چاوی خۆمان، جیهان شێوەی چۆن دەگۆڕێ، بێتو ئەگەر ئەمانە شەڕ ببەنەوە. بۆ وێنە: بام بڵێین، هیندستان کەوتە دەست ئەوان. بام بڵێین، (چین)یش، هەموو یارمەتییەکی لێ بڕا و بڕستی بڕا و کەوتە دەستیان. من هەرچەندە لەوە دڵنیام کە ئەم کارەساتانە ڕوو نادەن، بەڵام نابی ئەویەشمان لەبیر بچێت، کە ئەگەر هەر لەسەر ئەو باوڕە بین کە ڕوونادەن، دووبارە دەکەوینەوە ناو ئەو هەڵە ناخۆشانەی کە لە رابردوودا کردومانن.

جا ئەگەر ئەم کەینوبەینانە ڕوو بدەن، هەر پەیدابوونی شاهەنشاهێتییەکی گەورەمان نایەتە بەرچاو، لەدایکبوونی گەورەترین شاهەنشاهێتیمان دێتە بەرچاو لە هەموو مێژوودا: ئەو شاهەنشاهێتییە ئەوەندە گەورە دەبێ، ژمارەی سەری دەگاتە یەک ملیار کەس، کە لە خاکێکی وا فراواندا دەژین، پێوانەی دەگاتە نزیکەی پانزە ملیۆن چوارگۆشەیی[٣].

شاهەنشاهێتییەکی وا دەبێ. سێیەکی خڕەی زەوی داگیر دەکات، نیوەی دانیشتووانی سەر زەمینیش لەناویا دەبێ. جا ئاواتی ژاپۆنییەکان ئەمەتا.

بێجگە لەوە ئەم شاهەنشاهێتییە، هەڵ دەگرێ، لەناو سنوورەکەیا، هەموو جۆرە سامانێکی تیابێ. هەروەها لەباریا دەبێ، هەموو پێویستێکی خۆی بەرهەم بهێنێ لە پیشەسازییدا، چە لە کاتی ئاشتیدا بێ، چە لە کاتی جەنگدا. ئەوساکە لە ژاپۆنیادا ئەمانە کۆ دەبێتەوە: ئاسن لە فیلیپیندا، مس لە فیلیپین و بۆرمادا، قەڵایی لە مەلایۆدا، نەوت لە زۆربەی دوورگەکانیدا، کرۆم و مەنگەنیز و بەردی کل (ئەنتیمون) و بۆکسیت

(١) راستتر: دوورگەکانی هیندی ڕۆژهەڵات.

(٢) بۆرما: میانمار.

(٣) ١٥ ملیۆن کیلۆمەتر چوارگۆشەیە.

(گلێکی بابەتی چینییە، لە دروست کردنی ئەلەمنیۆمدا بەکار دەهێنرێ)، کۆمەڵێکی زۆریش لە لاستیک کە لە بەشی خۆی زۆرتر دەبێ. ئیتر ئەوساکە خاکە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەزەویی پڕ پیت دانانرێ، خاکی پڕ پیت ئەو پارچە گەورە و فراوانە دەبێت کە کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی ئاسیاوە و خاوەنی کامەرانیی ئابوورییە.

من باوەڕێکی تەواوم هەیە بەئازایەتیی نەتەوەی ئەمریکایی، بەپرۆژەکانی، بەدواڕۆژی. بەڵام هەروەها لەو باوەڕەیشدام، ئەگەر هاتوو ئەمریکاییەکان ناچاری ئەوەبوون، کە لەمەودوا ڕووبەڕووی شاهەنشاهێتییەکی ئاوەها گەورە بژین، شێوەی ژیانمان وای لێ دی کە کەمێک لە ژیانی ناو لەشکرگایەکی چەکدار باشتربێ. ئەو سەربەستییەش کە ئێستا شانازیی پێوە دەکەین، هەر ئەوەندەی دەمێنێتەوە کە بەهیوا و ئاواتێکی خۆشەیوستیی دابین. ئەوساکە ناچار دەبین، هەموو دەم لە ترس و لەرزدا بژین، بکەوینە شەڕێکی بێ بڕانەوەوە، لە ژێر بارێکی گەورەی خۆ چەککردنیشدا بنرکێنین کە دەبێ پەیتا پەیتا خەریکی پەرەپێدانی بین. جا لە بەربەرەکانییەکی وادا، لەناو ترس و لەرزێکی وادا، نە ئاشتی دەگەشێتەوە، نە ژیان خۆشی گەشە دەکات، نە سەربەستی و دادپەروەریی پەرەدەسێنن. ئیتر ئەوساکە تەنگ و ترسکیی زرێی بێ دەنگ، یاخود فراوانییەکەی بایەخیکی نامێنێ.

من وام دێتە بەرچاو کە خۆمان لە سەرگەردانیی وا دەپارێزین هەروەها وایشم دێتە پێش چاو، کە خۆمان بەو جۆرە دەپارێزین کە پەیتا پەیتا دەستی باش دەوەشێنین، پێش ئەمەی هەلمان لەدەست بچێت. بەڵام لێدان بەتەنیا بەش ناکات. پێویستە بگەینە ئەو تێگەیشتنە ڕاستەقینەیەی کە لە ڕۆژهەڵاتدا چی ڕوو دەدات؟ نەتەوەکانی بیروباوەڕیان چۆنە؟ چە گۆڕانێک هاتووە بەسەر شێوەی بیرکردنەوەیاندا؟ بۆ چ باوەڕیان نەماوە بەدەست بەسەراگرتنەکانی ڕۆژئاوا و سەرکەوتوویی پیاوی سپی؟ چە ئارەزوویەکیان هەیە لە بابەت سەربەستییەوە کە لەگەڵ پێوانەکانی خۆیان و ئامانجە بەرزەکانیاندا ڕێک دەکەوێ؟

ئێمە هەموومان دەڵێین: «ئەم شەڕە شەڕێکە لەگەڵ «مێشکی پیاواندا ڕێک دەکەوێ» ، ئەمە شەڕێکی زرنگکارییە. کەچی ئێمە، زۆر جار، پەنا دەبەینە بەر شێوەکانی زرنگکارییە کۆنەکەی هێز و، کردەوە ڕووتەکانی سەربازیی و، هۆگری ئەو شێوانەیش دەبین کە هەر بریتین لە کردەوە شیرینییەکی سەرزاریی و ڕووخۆشییەکی ڕواڵەتی. وامان کرد لە باکووری ئەفریکا و لە ڕۆژهەڵاتدا. گەلێک جار ئامانجی شەڕەکەمان لەبیر دەچێتەوە و بیروباوەڕە پیرۆزەکانیشمان زۆر بەئاسانی کەنەفت دەکەین. جا ئێمە باش



نایەتەوە بیرمان، کە کاتی ئەوە بەسەرچووە، بتوانین شاهەنشاهێتییەکی بەهێز و دەسەڵاتداری وەک ژاپۆنیا، کە لە ڕووی سەربازیی و زرنگکارییەوە دەستی زۆر باڵایە، بشکێنین ئەگەر بەرەنگاری کردنێکی پێنج ساڵەی نەتەوەی چینی سەرگەردان نەبێ، کە پڕە لەبەرهەڵست.

بەجۆرێکی تایبەتی، ئەمریکاییەکان، حەز ناکەن ئاوڕ بدەنەوە بۆ پاشەوە بۆ ناو ئەو پێنج ساڵەی دواییە کە کەمیان هەبوو، بایەخ بدات بە بەرگەگرتن و بەرەنگاریی کردنی چین بەرامبەر ژاپۆن کە چەکەڵکێکی هەیە بۆ پاراستنی هەموو شارستانیتییەکەی ئێمە. ئەو کار و کردەوەیەیش لەوانە نەبوون دڵخۆشم بکەن، بەتایبەتی کاتێ کە لە (چین)دا بووم، گفتوگۆم لەگەڵ ئەو پیاوانە دەکرد کە بزووتنەوەی بەرگە گرتنەکەیان سەرپەرشتی دەکرد و دەبرد بەڕێوە. لە کاتێکا کە لەناو گێژاوی شەڕوشۆڕ و بەربەرەکانێ ناخۆشەکانماندا نوقوم بووبووین و کەوتبوینە بیروباوەڕی پڕوپوچی دوورەپەریزییەوە، هەرگیز بیرمان لەوە نەدەکردەوە، کە چینییەکان لە چەخەباتێکی مەردانەدان و خەباتەکەیشیان چەند گرنگ و بایەخدارە بۆ کەڵک و چاکەی نیشتمانەکەی ئێمە. لەبەرئەوە هەر وا بەرەڵلامان کردبوون بۆ چارەنووسی خۆیان، یارمەتییەکی ئەوتۆمان دەدان. بەڵام ئێستاکە کەوتوینەتە ناو جەنگێکی گەورەوە، بام ئەم هەڵەیەمان ڕاست بکەینەوە. زۆر پێویستیشە کە ڕاستی بکەینەوە لە ڕاستیدا تەماشاکردنی چینییەکان بۆ دواڕۆژ، نزیکە بڵێم، لە هی ژاپۆنییەکان ناکات. ئەمان نایانەوێ شاهەنشاهێتییەک دابمەزرێنین. هەر ئەوەندەیان دەوێ نیشتمانە فراوانەکەی خۆیان بپارێزن، پێشی بخەن و کاروباری بەلای چاکیدا ببەن. چینییەکان دەیانەوێ ئەو هێزە تازانەی لەناو ڕۆژهەڵاتدا دەبزونەوە، لەپێناو ئازادییە تایبەتییەکەی خۆیان و ئازادیی نەتەوەکانی تردا بەکار بهێنرێن. هەر لەم کاتەدا، ژاپۆنییەکانیش وایان دەوێ کە ئەو هێزانە لەپێناو خاک داگیرکردندا بۆ خۆیان بەکار بهێنرێن.

چە لە ڕووی پێوانەوە، چە لە ڕووی ژمارە سەرەوە، (چین) لە ئەمریکا گەورەترە. لەناو سنوورەکەیا زۆر سامانی بەنرخ کۆبۆتەوە. لەلایەکی تریشەوە بەشی خۆی شتومەکی نییە. خۆ ئێمەیش هەر واین. بەڵام ئەم ڕاستییە، دڵی چینییەکان ئازار نادات. وایشیان لێ ناکات کە ئارەزووی گرتنی جیهان بکەن.

هەروەها ئەم ڕاستییە ئێمەیش ناخاتە سەر داگیرکردنی خاکەکانی جیهان. بەشکردنی سامان بۆ خۆ، بیرێکی هیچوپوچە، تەنیا ئەو فەرمانڕەواییانە هەیانە کە فەرمانداریی بەرەڵلایان هەیە. چونکە لە جیهانێکی دیموکراتیی دروستدا، هیچ نەتەوەیەک پێویستی

بەوە نییە داوای (بەشکردنی سامان بۆ خۆ) بکات. ئەمە لەوە زۆرترە کە خاکی (نیویۆرک) ئەوە بخوازێت کە خاکی (پەنسلڤانیا) جیابێتەوە و سەربەخۆیی خۆی وەربگرێ.

پێویستە چاوەڕوانی ئەوەیش نەبین کە بیروباوەڕی چینییەکان لە بابەت سەربەستیی کەس و فەرمانداریی دیموکراتییەوە وەک بیروباوەڕی خۆمان بێت. دوور نییە هەندێ بیروباوەڕیان لە ئەندازە بەدەربێ. هەندێکیشیان کۆنەپەرستانە و هیچوپوچ بێ. ئەبێ ئەوەیش بڵێیین کە هەندێ ڕەوشتی ئێمەیش لەپێش چاوی ئەواندا هیچوپوچ و پێکەنین هێنەرە، تەنانەت ناخۆش و نەنگەویستیشە. پێویستە لەسەرمان بیری خۆمان بخەینە سەر ئەو ڕاستییە گەورەیە: کە چینییەکان دەیانەوێ بەسەربەستی بژین - سەربەستبن لەو شێوەیەدا کە بەدڵی خۆیان هەڵیان بژاردووە بۆ هەڵسوڕاندنی کاروباری ژیانی خۆیان، بۆ چاکە و خۆشیی نەتەوەکەیان. ئەوان دەیانەوێ ئاسیا هەمووی بەئازادییەوە بژی. پەیماننامە تازەکانی ناوەند چین و خاکە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ناوەند چین و بەریتانیای گەورە، کە لەناویاندا وازمان هێنا و لە دەستدرێژیی بۆ سەر خاکی چین، لە ڕاستیدا هەنگاوێکن بەرەو پێ لێنان کە چین نیازی تەواوی هەیە بەئازادییەوە بژیی. ئیتر لەمەودوا ئەمریکایی و ئینگلیزەکان لەژێر چنگی یاساکانی چین دەرناچن، لە دەست دادگاکانی چینیش ڕزگاریان نابێ. ئەوانیش وەک ئەو چینییانەیان لێ دێ کە لەناو خاکی ئەمریکادا یاسای ئەمریکاییان بەسەرا دەچەسپێنرێ. لەگەڵ ئەمەشا کەس وا تی نەگات کە ئەم پەیماننامانە گیروگرفتەکە چارە بکەن چونکە بەریتانیاییەکان هێشتا وازیان لە (هۆنگ کۆنگ) نەهێناوە، داوای دەکەن. کەچی (هۆنگ کۆنگ) یەکێکە لە بەندەرە گەورەکان، کە چینییەکان ناچارن بەکاری بهێنن بۆ بازرگانیی خۆیان لەگەڵ جیهاندا. لەپێش چاوی چینییەکاندا (هۆنگ کۆنگ) بەڵگەیەکە بۆ ئەو ماف و ناز و جیازانەی کە بێگانەکان هەتا ئێستایش بۆیان ماوەتەوە لە چیندا و ناهێڵم چین خۆشی لە سەربەستییەکی ڕاستەقینە وەربگرێ.

جێی داخە کە زۆر لە ئەمریکاییەکان ئێستایش وا دەزانن کە (چین) بریتییە لە چەند کۆمەڵێکی وشک و ڕەق. بەو چاوە سەیری ناکەن کە ئەویش نەتەوەیەکی زیندووە. ئێستایش بەلایانەوە وایە کە مردنی پێنج ملیۆن چینی، جیاوازە لەگەڵ مردنی پێنج ملیۆن ڕۆژئاوایی هی چینییەکان هەرزانتر دەکەوێ. لە هەموو ڕاستییەک ئاشکراتر ڕەنگە ئەو ڕاستییە بێت، کە ئیمڕۆ پرشنگ دەدات لە هەموو جیهاندا، کە ڕاپەڕین و وریابوونەوە



ڕۆژهەڵاتی داگیرکردووە تەنانەت ئەگەر ئەم جەنگەیش ببەینەوە بەشەڕ، پێویستە لەسەرمان کە ئەم وریابوونەوە و ڕاپەڕینە نرخی خۆیان بدەینی ئەگەر تێگەیشتووبین، لە تواناماندا هەیە کە ئەم هێزانەی ئێستا لە پەیدابووندان، لە هەموو لایەکی ڕۆژهەڵاتدا، ئاراستە بکەین بۆ ئەرک و فەرمانێکی یارمەتیدانی جیهانی لەپێناو پێکهێنانی ئاسایش و ئاشتی و بێ وەیی ئابووریدا. دەبێ ئەوەیشمان لەبیر نەچێ، کە ئەگەر پشتمان کردە ئەم جۆرە هێزانە و بەچاوی سووک تەماشامان کردن، تا ڕۆژ دەگەڕێتەوە، دەبنە هۆی بارکردنی سروەت و خۆشی لە جیهاندا.

## ئەوەی لەپێناویا شەڕ دەکەین

ئەو قسەیە بەپڕوپوچ دادەنرێ کە بگوترێ ئەم شەڕە بریتییە لە هەڵگەڕانەوەیەک لە بیرکردنەوەی مرۆڤدا، لە شێوەی ژیانیاندا، لە هەموو لایەکی جیهاندا. بەڵام بەقسەی پوچ دانانرێ کە هەڵگەڕانەوەت چاو پێ بکەوێ، هەروەک لەوەپێش چاوت پێی کەوتووە. لە ڕاستیدا ئەوە کەمێک دەروون بزوێنە و چاوترسێن؛ دەروون بزوێنە، چونکە بریتییە لە بەڵگەیەکی تازە بۆ ئەوەی کە لەناو لەشی مرۆڤایەتیدا هێزێکی گەورەی شارراوە هەیە بۆ گۆڕینی ناوچەکەی خۆیان، بۆ خەبات کردن لەپێناو سەربەستیدا بەباوەڕێکی دەروونیی وریاوە، بۆ ئەوەی کە لە توانایاندا هەیە کە لەگەڵ سەربەستیدا پێکەوە بگەن بەهەموو مەبەستێکی خۆیان. هەروەها چاوترسێنیشە، چونکە نەتەوە جیاوازەکانی ناونەتەوە یەکگرتووەکان، سەرکردەکانیشیان لێ دەربچێ، هێشتا نەگەیشتوونەتە ڕێککەوتن لەسەرئەوەی کە خەباتی بۆ دەکەن، لەسەر ئەو بیروباوەڕانەی کە پێویستە بیخەین ناو دڵ و دەروونی پیاوە جەنگاوەرەکانمانەوە.

ئەویش لەبەرئەوەیە، کە گرنگیی بەکارهێنانی رم و تۆپ لە گۆڕانی مرۆڤایەتی و گەشەکردنیا هەرچەندێ گەورەبێ، بەڵام گرنگی بەکارهێنانی بیروباوەڕ، بەدرێژایی ڕۆژگاری ڕابردوو، گەورەتر و کاریگەرتر و پڕ ئەنجام تر بووە. بەهەموو ڕەنگ، مرۆڤایەتی، لە سەردەمەکانی ڕابردوودا بەزۆری هەر لەبەر ئەوە شەڕیان نەکردووە کە حەز بەکوشتاری یەکتر دەکەن، لە ڕاستیدا لەپێناوی ئامانجێکا شەڕیان کردووە. جا ئەم ئامانجە، جاری وا هەبووە دوور بووە لە بابەتی بەرز و پیرۆز، جاری وایش هەبووە هەر بەجارێک بریتی بووە لە خۆپەسندیی. بەڵام هەچ شەڕێک ببڕێتەوە بێ ئەوەی ئامانجێکی بۆ بێ، لە ڕاستیدا شەڕێکە بڕاوەتەوە، بەڵام سەرکەوتنی تیا نەبووە. یەکێک لە وێنە هەرە ئاشکراکان بۆ

شەڕێک کە لە پێناوی ئامانجێکدا هەڵگیرسابێ، شۆڕشەکەی ئەمریکای خۆمانە ئێمە بۆیەکا نەچووین بەگژ ئینگلیزدا، کە خۆشمان ناوێن و حەز بەکوشتنیان دەکەین. ئێمە سەربەستیمان خۆش دەویست، دەمانویست دایمەزرێنین. بەلایشمەوە وایە، کە لە قسەکەما لایەنگیریی ناکەم، بەپێی تێگەیشتنی جیهان لەو سەربەستییە، کە ئەو سەرکەوتنەی دەستمان کەوت لە جەنگی (بورکتور)دا گەورەترین سەرکەوتن بوو کە بەسایەی چەکەوە دەست بخرێ. ئەمەیش لەبەرئەوە نەبوو کە لەشکرەکەمان زۆر گەورە و بەچنگ بوو. لەبەرئەوە بوو کە ئامانجەکەمان زۆر ئاشکرابوو زۆر بەرز و پیرۆز بوو، بەتەواوەتیش دیاردیی کرابوو. لە ڕووی بی بەختیی مرۆڤایەتییەوە، ئەمە ناتوانرێ بگوترێ لە بابەت جەنگی (١٩١٤ – ١٩١٨)وە. ئەوەندەی نەماوە هەموو کەس دانێ پیابنێ کە ئەو جەنگە سەرکەوتنی تیا نەبوو. بەڵێ ئەمە ڕاستە، کە ئێمە چووبووینە ناو ئەو جەنگەوە بیرمان لەوە دەکردەوە، یاخود دەمانگوت کە ئێمە لەپێناو ئامانجێکی بەرزدا شەڕ دەکەین. چونکە سەرکردە هەرە گەورەکەمان، (ورد ویلسون) ئامانجەکەمانی بەزمان پاراوییەکەوە پیشان دا. بۆیەکا شەڕمان دەکرد، جیهان بکەین بەشوێنێکی بێ وەی بۆ دیموکراتی. هەر بەقسە بێ وەی نەبێ. بەوە بێ وەی بێ کە باوەڕ بەکۆمەڵەیەک لە بیروباوەڕەکانمان بهێنێ، کە بە(چوارده بەند) بەناوبانگن. دەزگایەکی جیهانیی تەواو و دروستیش دابمەزرێنێ کە ناوی (کۆمەڵی گەلان)بێ. بێ گومان ئەوە ئامانجێکی بڵند بوو. بەڵام کە کاتی ئەوە هات ئەو بیروباوەڕانە بەکاربهێنرێن لە پەیماننامەکەی ئاشتیدا، جیاوازیی و دووبەرەکییەکی کوشندە دەرکەوت لەناو فەرمانڕەواییەکاندا. ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە لە ڕاستیدا ئێمە و دۆستە سوێندخوارەکانمان لەسەر ئەو ئامانجە ڕێک نەکەوتبووین. چونکە لەلایەکەوە هەندێ لە دۆستەکانمان خۆیان بەپەیماننامەی نهێنییەوە بەستبووەوە، لەبەرئەوە زۆرتر لەسەر ئەوە دەڕۆیشتن کە ئەو پەیماننامانە بخرێنە کارەوە، هەروەها لەسەر ڕێ و شوێنی کۆنی هێز بەکارهێنان بڕۆن، لە کردنەوەی ئەو ڕێگا تازەیەدا کە (ویلسون) تێکۆشابوو دیاردیی بکات لەلایەکی تریشەوە، ئێمە خۆیشمان لە کانگای دڵماندا ڕاست نەبووین لەگەڵ ئەو بیروباوەڕانەماندا. دڵسۆزیش نەبووین لە جێبەجی کردنی ئەو ئامانجەدا کە بڵاومان کردبوونەوە لە جیهاندا و، جیهانیشمان خستبووە سەر ئەوەی باوەڕیان پێ بکات. ئەنجامیش بەوە گەیشت کە زۆر لەو ئامانجانەی گوترا شەڕیان لەسەر هەڵگیرساوە، کەنەفت کران. جا لەبەرئەوەی کە وازمان لەم ئامانجە هێنا هاونیشتمانەکانمان ئەم جەنگەیان بەدناو و تاوانبار کرد. گوتیان جەنگێکی وابوو هەر خوینڕشتنێکی گەورەی لێ



پەیدابوو، کە بەری نەبوو، بەملیۆن کەسانی تیا کوژرا، بەخۆڕایی، بێ ئەمەی لە خوێنی ئەم کوژراوانە بیرێکی نوێ یاخود باوەڕێکی نوێ پشکوتوبێ.

بەلایشمەوە وایە کە ئەم جۆرە سەرنجانە، دەبێ بمانگەێننە یەک ئەنجام. لام وایە کە ناچارین تێکڕا وەهای لێک بدەینەوە کە هیچ شتێکی گرنگ لەکاتی ئاشتیدا دەست ناکەوێ، تا لەکاتی جەنگەکە خۆیدا دەست نەکەوتبی. من شتێکی زۆر سامناک بڕیار نادەم. لە ڕاستیدا پێویستە زۆر شتی لک و لۆ هەیە لەسەر مێزی ئاشتی چارە بکرێن. یاخود لەو کۆگرانەدا چارە بکرێن کە لە دوای مێزی ئاشتییەوە دەگیرێن. ئەو لک و لۆی کەینەوبەینانە، لەژێر زەبروزەنگی شەڕدا، بەتیگەیشتنێکەوە چارە ناکرین. ئێمە و دۆستە سوێندخوارەکانمان، بۆ وێنە، ناتوانین واز لە شەڕی ژاپۆنییەکان بهێنین، تا نەخشەی ڕێ و شوێن دانانێکی دوور و درێژ بکێشین، بۆ ئەوەی لەپاش سەرکەوتنمان لە جەنگدا چە کردەوەیەک بنوێنین لە (بۆرما)دا. هەروەها ئێستا ناتوانین لە تەنگەتاوکردنی (هەتلەر)دا دەستمان سووک بکەین، بۆ ئەمەی بەدوور و درێژیی بڕیارێک لەسەر دوارۆژی (پۆڵەندە) بدەین. ئەوەی پێویستە، لەکاتی جەنگدا، دەستمان بکەوێ بیروباوەڕە. پێویستە بزانین، لەسەر چە پێڕەوییەک دەڕۆین لە چارەکردنی گیروگرفتەکانماندا. بام دووبارە وێنەی شۆڕشی ئەمریکا بخەینەوە پێش چاو، بەمەبەسی بەراوردکردن. کاتێ کە دەستمان کرد بەو جەنگە، هیچ بیرێکمان نەدەهات بەمێشکا لە بابەت شێوەی ڕاستەقینەی پەیدابوونی خاکە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە. چونکە یاسای یەکێتی و، سێ لکەکەی فەرمانڕەوایی و، پاککردنەوە تێگەیشتووانەکەی داهێنانی یاسای دوو کۆڕیی، کە وای لە خاکە یەکگرتووە بچووکەکە کرد خۆی بخاتە ناو یەکێتییەکەوە – جا ئەم هەموو باوە تازانە، کە هەر لەوساوە چارەکردنیان دانرا بۆ دوارۆژ – هەندێ مێشک لەهی بیرکەرەوە زرنگکارە گەورەکان گەشەیان پێ دەکردن، کە خۆیشیان ئاگایان لەوە نەبوو. لەگەڵ ئەوەشا، بیروباوەڕە بنچینەییەکانی ئەو پەیدابووە زرنگکارییە گەورەیەی کە بۆی چارەنووس کرابوو ببێتە خاکە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بێ گومان بەتەواوەتی لە پەیماننامەی سەربەخۆییدا ناویان هاتبوو، لە گۆرانی و وتارەکانی ئەو ڕۆژەدا بەسەر زماندا دەهاتن، لە گفتوگۆکانی ناو ئاهەنگەکان و قسەکردنەکانی تایبەتیشدا کە لەملا و لەولای ئاگرەکانی لەشکردا دەکران، کە لە هەموو شوێنێکی سەر کەناری زریی ئەتلەسیدا دەکران، لێیان دەدوان. هەرچەندە خاکەکانی (مەسساچوستس) و (ڤیرجینیا) بەبیانوویەکی پڕوپوچەوە لە یەکێتییەکەی هاتبوونە دەرەوە، بەڵام دانیشتووەکانیان بەدڵ پشتیوانیی ئەو

کەینەوبەینەیەیان دەکرد کە خەباتیان بۆ دەکرد لەگەڵ ئەو ئامانجەدا کە ئاواتیان بۆ دەخواست پێی بگەن.

ئەگەر لەکاتی جەنگدا ئەوانە ڕێک نەکەوتنایە، بێ گومان (مەسساچوستس) و (ڤەرجینیا) سەر نەدەکەوتن لەو ڕێککەوتنەدا کە لەسەر بیروباوەڕەکانی ئاشتییە کە پێکهات. لەکاتی ئاشتییەکەدا چەندیان دەست کەوتبوو، لەکاتی جەنگیشدا هەر ئەوەندەیان دەست کەوتبوو. ئەگەر ئەم ڕاستییە، خۆ بەخۆی خۆی ئاشکرا نەبوایە، دەتوانرا بەڵگەیەکی بۆ بهێنرێتەوە، بەپیشاندانی کارەساتێکی سزا ناک. دانیشتوانی ئەو دوو خاکە، لەسەر ئەوە ڕێک نەکەوتن کە قولەڕەشەکان بەبەندەیی[1] بمێننەوە یان ئازاد بکرێن. ئەنجامەکەیشی ئەوەبوو کە لە بابەت کۆمەڵی قوڵەڕەشە بەندەکانی باشوورەوە بیروباوەڕێکی ئابووری پەیدابوون، لەو بیروباوەڕانە زۆر جیاواز بوون کە لە باکووردا پەیدابوون. ئەم بارەیش بووە هۆی ئەوە کە جەنگێکی تر ڕوویدات لەناو هەردوولادا لە جەنگەکەی پێشوو توندوتیژ و خوێنڕێژانەتر بێ. ئایا لە توانامان‌دا نییە کە لەم وانا (درس) ساکارەوە هەروەها لەو وانایانەوە کە لەوە دەچن لە مێژووودا ئەوە فێر ببین کە فەرمانی ئەم ڕۆژەمان چییە؟ پێویستە فێرببین. پێویستە پەی بەوە بەرین کە ئەوەی لە ئاشتی داهاتوودا دەستمان دەکەوێ، هەر ئەوەندە دەبێ کە ئێستا لە جەنگەکەدا دەستمان دەکەوێ. بۆ ئەمەی بڕیارێک لەسەر ئەوە بدەین کەچی دەست خۆمان بخەین، لەپێش هەموو شتێکا پێوستە لەگەڵ دۆستە سوێندخوارەکانماندا ڕێک بکەوین. لێرەشدا، هەروەک لە شۆڕشە تایبەتییەکەماندا گەرەکە، ڕێککەوتنەکە لەسەر هەموو سووچ و پەنایەک پێویست نییە، هەروەها پەسندیش نییە. بەڵام تا ناچار نەبین مێژووی ساڵی ڕابردووە ناخۆشەکەمان دووبارە بکەینەوە، پێویستە ڕێککەوتنێکمان لەسەر بیروباوەڕ دەست بکەوێ، بێجگە لەوە ئەم ڕێککەوتنە نابێ هەر لەناو سەرکردە سوێندخوارەکاندا بمێنێتەوە، بەڵام پێویستە لەسەرمان کە ئەم ڕێککەوتنە بنچینەییەی بیری لێ دەکەینەوە، لەناو نەتەوە یەکگرتووەکان خۆیانیشدا پێک بهێنن. پێویستە لەوە دڵنیابین کە هەمووومان بۆ یەک ئامانج شەڕ دەکەین. ئێستا لەسەر هەموو لایەکمان چی لەدڵایە دەری بخات، بەهەموو ڕاستی و ڕەوانی و سەربەستییەکیشەوە گفتوگۆ لەسەر بیروباوەڕی یەکتر بکەین. پێویستە وا بکەین چە لەناو زرێی بێ دەنگدا، چە لەناو زرێی ئەتڵەسیدا، چە لەناو نیشتمانەکەی خۆماندا.

(١) بەبەندەیی: بەکۆیلەیەتی...



جا هەتا نەتەوەی ئینگلیز شارەزای شێوەی بیرکردنەوەی ئێمە نەبێ لە ئەمریکادا و، خۆشیی بەئێمە نەیێ و، هاوهەستی ئێمە نەبێ، هەروەها هەتا ئێمەیش ئاگامان لە شێوەی بیرکردنەوەی ئینگلیزەکان و دەستەی (کۆمۆنوێلث) نەبێ، هیچ هیوایەکمان نابێ ببێ کە ڕێک بکەوین. پێویستە ئامانجی نەتەوەکانی ڕووسیا و چین بزانین هەروەها پێویستە ئەوانیش لە ئامانجەکانی خۆمان شارەزا بکەین.

هەرگیز بێ هۆشی لەوە زۆرتر نییە - کە ئەویش کورتە خۆکوشتنێکە - کە خۆمان بخەینە ئەو بارەوە و بڵێین پێویستە لەناو هەموو نەتەوەیەکدا ماوەی کەس نەدرێ بیروباوەڕی خۆی دەرببڕێ، نەوەک ببنە هۆی دڵ ناخۆش کردن و تەنگەتاوکردنی پێشەواکانی خۆیان کە گەلێک جاری وا هەیە زرنگ کاری یەکەیان لە بیرکردنەوەیەکی قووڵەوە نییە، هەندێ جاریش پڕ پێچ و پەنایە.

بۆ وێنە، پێیان گوتین: دەبێ هاونیشتمانییە شارستانییەکان، بەتایبەتی ئەوانەی کە شارەزای کاروباری سەربازیی نین، یاخود ئەوانەی کە هیچ پەیوەندییەکیان بەفەرمانڕەواییەوە نییە، دەبێ ئەوانە هەموو لە بابەت ڕەوتی شەڕەکەوە قسە نەهاوێژن. جا لەمەدا بێشنیازەکەیان لە بابەت سەربازییەوە بێ، یاخود لە بابەت پیشەسازییەوە، یان لە بابەت ئابووریی یاخود زرنگکارییەوەبێ، جیاوازی نییە. پێیشیان گوتین، پێویستە خۆمان دەمکوت بکەین لەم جۆرە شتانەدا. چارەکردنی ئەم جۆرە گیروگرفتانە بۆ پێشەواکانمان و پسپۆڕەکانمان دابنێین نابێ سەریان لێ تێک بدەین.

بڕوام وایە، کە ئەم بارە، مەترسیی ئەوەی لی دەکرێ کە ببێتە بەرهەڵستێکی گەورە لەبەردەم ڕاستیدا، نەهێڵێ دەربکەوێ، شڵەژاویی و تێکچوون و ئاسایشی درۆزنانەی ناوخۆیشمان بشارێتەوە لە هەمووان. کە لە پاییزی ڕابردوودا گەڕامەوە ئەمریکا، بەنەتەوەی ئەمریکاییم ڕاگەیاند، کە ئێمە لەگەلێک ڕووی گرنگەوە، فەرمانی خۆمان بەباشی بەجێ ناهێنین. هەرچەندە ئێمە بەرەو ئەوە دەچین کە شەڕ ببەینەوە، بەڵام دەست بڵاوییەکی یەجگار خراپمان کردووە لەپیاو بەکوشتدان و سامان بەفیڕۆداندا. ئەوەی گوتبووم بەندبوو بەو ڕاستییانەوە کە بۆم دەرکەوتبوون. جا دەبێ ئەم جۆرە ڕاستییانە نەشارڕێنەوە. پێویستە لە هەموومان ئاشکرا بکرێن. جا هەتا شارەزای هەڵەکانی خۆمان نەبین و تێ نەکۆشێین بۆ ڕاست کردنەوەیان، لەوانەین کە لەپێش تەواوبوونی جەنگدا نیوەی دۆستە سوێندخوارەکانمان لە دەست بچێ کە ئەوەیش ڕوویدا ئاشتیشمان لەدەست دەچێ.

ئەوەیش ئاشکرایە، کە بۆ ئەمەی ئەم جەنگە ببەینەوە پێویستە لەسەرمان بیکەین بەجەنگی خۆمان، بەجەنگی گشت لایەکمان. بۆ ئەمەی ئەوەیش پێک بێ، پێویستە هەتا دەتوانین، هەموومان ئاگامان لە کەینەوبەینەی بێ. مەگەر بێ وەیی جەنگەکە پێویست بەشاردنەوەی هەندێ زانیاریی بکات، ئەگینا پێویستە هەمووومان لە هەموو شتێکی ئاگاداربین. بەڵام چاوتێبڕین و سەرپەرشتی کردنێکی ناشیانە و گومڕاهانە بەم ئامانجەمان ناگەیێنێ. فەرەنسە پێشەوایەکی سەربازی هەبوو (ماجینۆ)یان پێ دەگوت. کە هاونیشتمانێکی فەرەنسەیی دووربین، دەریخست کە شێوە و کەینەوبەینەی جەنگی تازە وای دەچەسپێنێتە دڵمانەوە، کە کەلاتەکانی ژێر زەویی بەشی ئەوە ناکەن بەرگەی فڕۆکە و تانکەکان بگرن ئەوەیان بیرخستەوە کە پێویستە ئەم جۆرە کاروبارانە بۆ پیاوی خۆی، بۆ پسپۆڕەکان بەجێ بهێڵرێن.

تۆماری ئەم شەڕە کە هەتا ئێستا گێڕاوە، ئەو باوەڕە ناچەسپێنێتە دڵمانەوە کە سپۆڕە زرنگکارەکانمان و سەربازەکانمان و زرێوانەکانمان، لە هەڵە دوورن. کەواتە پسپۆڕە سەربازەکانمان و پێشەوا زرنگکارەکانمان، دەبێ هەمووودەم، تووشی هێرشی گەورەترین هێزبن کە دیموکراتی پێوەی دەنازێ ئەو هێزەیش داردەستی بیروباوەڕی گشتییە کە لە گفتوگۆی سەربەستانە و نەژادانەوە پەیدا دەبن. بۆ وێنە، کە بیروباوەڕی گشتی، دەستی کرد بەکەموکوڕیی پیشاندان لە بابەت سەرگەردانیی فەرمانڕەواییە سوێندخوارەکانەوە، کە پەیتا پەیتا لە باکووری ئەفەریکادا، دەشکان، لەکاتی سەرکەوتنە گەورەکەی (ڕۆمێل)دا، دەمودەست سەرکردەیی لەشکرەکانمان گۆڕا. ئەوکاتەی سەرکردەی تازە دەستی کرد بەفەرمان بینین، من لە (مصر)دا بووم. توانی (ڕۆمێل) بوەستێنێ. پاش ئەوە توانیشی ناچاری بکات کە لە چوار بەش سێ بەشی ڕێگاکەی بچێتە پاشەوە. بەلایشمەوە وایە، کە ئەم سەرکەوتنە، تا ئەندازەیەک، لە سایەی هێزی بیروباوەڕی گشتیی بەریتانیاوە دەستکەوت. دانیشتوانی خاکە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لەوانەن کە وا تی بگەن، لە خاکەکانی ژێر فەرمانداریی بەرەڵڵادا، گشت شێوەیەکیان، بیروباوەڕی گشتی لەناودا نییە. ڕاستییەکەشی ئەوەیە کە هەر شوێنێک چووم و لەژێر فەرمانداریی بەرەڵڵادا بووە، ریگای دروست و هۆی دامەزراوی تیابووە، بۆ ئاگاداربوون لە بیروباوەڕی نەتەوەکانیان. تەنانەت (ستالین) خۆیشی، ڕێگایەکی وای هەیە، لەشێوەی (سەرپشک نانی گالوب) دەچێ.

لە (ناپلیۆن)یش ئەوە دەگێڕنەوە، کە لەکاتی گەورەیی و هێز و هەرەتیا، کە



بەسەرسواری ئەسپە سپییەکەی خۆیەوە سەیری کەلاوە ئاگرتێبەربووەکانی (مۆسکۆ)ی دەکرد، بەپەرۆشەوە چاوەڕوانیی ئەو تۆماری ڕۆژانەی دەکرد کە پیاوە ڕاسپێرراوەکەی خۆی بۆی دەهێنا لەبابەت بیروباوەڕی بۆرەپیاوان و بازاڕییەکانی (پاریس)ەوە.

هەر شوێنێکم دیی لە جیهاندا، هەستم بەجۆرە بیروباوەڕێکی گشتی کرد، بەهێز و هەرەتێکی گەورەوە کاری دەکردە سەر جوولانەوەی جەنگ و، سەر ئەو بیرانەی کە بەسستییەکەوە لە بابەت دواڕۆژی ئاشتییەوە پەیدا دەبوون. ئەمەم لە (بغداد)دا هەست پێ کرد، لە قسە و گفتوگۆ و دەمەقالێیەکانی دانیشتوانی (بغداد)یشدا هەتا بلێی چایخانە زۆرە. بەڵام لە ڕووسیادا لەو کۆبوونەوە گەورانەدا دەردەکەوت کە کرێکارەکانی کارخانەکان دەیان کرد، لە گفتوگۆی ڕووسەکانەوە دەردەکەوت کە لە هەموو شوێنێکا گوێم لێی دەبوو. لە ڕاستیدا ڕووسەکان لە گفتوگۆ تایبەتییەکانی خۆیاندا هەر بەچەشنی ئێمەن لە دەربڕینی بیروباوەڕی خۆیاندا، لە شێوەیەکی سەربەستانەدا، کەچی ئێمە بەپێچەوانەوە، لە ڕووسەکانی سۆڤیات تێ گەیشتووین لە (چین)یشدا، هەرچەندە ڕۆژنامەکان بەندکراون بەگەلێک ئامۆژگاریی و فەرمانی فەرمانڕەواییەوە، لە ڕاستیدا بریتین لە ئاوێنەیەک کە بیروباوەڕی گشتی دەنوێنێ و لە شێوەیەکی یەجگار سەربەستانەیشدا سەرکردەیەتیی دەکات. لە چیندا هەر کەسێکم دیبێ و قسەم لەگەڵ کردبێ، پێشەوای دەستە کۆمۆنیستەکان بووبێ، یان کرێکاری کارخانە، مامۆستای زانستگا بووبێ، یان سەرباز، هەروەک چاوم پێکەوت، هەرگیز لەوە نەسڵەمیوەتەوە کە بیروباوەڕی خۆی بەسەربەستی و ئاشکراییەوە پیشان بدات، کە گەلێک لەم بیروباوەڕانەیش، بەرپەرچی هەندێ لە بیروباوەڕەکانی ناو زرنگکاریی فەرمانڕەواییان دەدایەوە.

لە هەموو خاکێکدا، لە پشت هێڵەکانی جەنگەوە، هەستم بەدڵتەنگییەک دەکرد لەناو دانیشتووەکاندا لەگەڵ دوو دڵییەکی گشتی. ئەوانە هەموو ئاواتیان بۆ یەک ئامانج دەخواست، یەک مەبەسیان هەبوو. ئەوەم بەوەدا بۆ دەرکەوت، کە پرسیان لێ دەکردم لە بابەت باری ئەمریکا و بەریتانیای گەورەوە، کە لەپاش بڕانەوەی جەنگ چە کار و کردەوەیەک دەنوێنن. کاتێ کە لە چینیشدابووم لە بابەت باری ڕووسیاوە ئەو پرسیانەیان لێ دەکردم. وام هاتە پێش چاو کە جیهان لە بارێکی دەروونیی یەجگار سەیر دایە. جیهانەکە، دڵی پڕە لە ئارەزوو، بەپەرۆشە، برسییە، دڵ پڕ لە ئاواتە، ئامادەیشە کە بەجۆرێکی وا خۆی بەخت بکات کە لە ئەندازە بترازێ، بەمەرجی هیوایەکی هەبێ بەکەڵکی ئەو خۆبەخت کردنانە.

بیر زۆرتر بەلای ئەوەدا دەڕوات، کە ئەوروپایش لە ساڵی ١٩١٧دا هەر لەم چەشنە بارەدا بووە. ئەمەیش شتێکە بەندە بەو خوێنانەوە کە دەڕژێن، بەو ئەرک و ئازارەوە کە لە شەڕەکە پەیدا دەبن پاش ئەوە، (لینین) لە ساڵی ١٩١٧دا کۆمەڵەیەک چارەکردنی بۆ گیروگرفتەکانی جیهان پێشکەش کرد. پاش ئەو بە چەند ڕۆژێک، (ویلسون)یش کۆمەڵەیەکی تر چارەکردنی بۆ گیروگرفتەکانی جیهان پێشکەش کرد. بەڵام هیچ کۆمەڵەیەک لەم دوو کۆمەڵە چارەکردنە، کاریکی گرنگیان لە جەنگەکە نەکرد. کەچی بەزۆر خرانە ناو هەموو جۆرە پەیماننامەیەکی ئاشتییەوە. بەم ڕەنگە کۆمەڵە چارەکردنەکان، هیچ کامێکیان جەنگیان لەناو نەبرد، یاخود وایان لێ نەکرد کە ببێتە شتێکی وا کە کەمتر بێ لەوەی ببێتە زۆرانبازییەکی گران بەها لەپێناو گەورەیی و دەسەڵاتدارییدا. لەبەرئەوە جەنگەکە بەشەڕ وەستان. دوایی هات، نەک بەئاشتییەکی ڕاستەقینە.

لایشم وا نییە کە ئەم جەنگەی ئێستایەش هەر دەبێ وەک جەنگەکەی پێشووی لێ بێ. چونکە لە مێشکی مرۆڤەکانی ئیمڕۆدا، کە کاتی جەنگە، ئامانجی گشت لایی هەیە. مەبەسم ئەو مرۆڤانەیە کە لەناو خاکەکانی بەریتانیای گەورە و یەکێتیی نەتەوە سەربەستەکاندا دەژین، مەبەسم لە ئەمریکاییەکان و ڕووسەکان و چینییەکانە، بام لەیەکتریشەوە زۆر دووربن. بەڵام پێویست لەسەرمان ئەو ئامانجانەمان وا لێ بکەین کە ڕاستبن و ڕۆشنبن. پێویستە لەسەر هەموو نەتەوەکان کە ئامانجەکانی خۆیان لەکاتی جەنگدا دیاردیی بکەن. بەتایبەتی لە بابەت ئەم ئامانجانەوە گفتوگۆ و لێکۆڵینەوەم دامەزراند لە ناوەند هەموو شوێنێکی جیهاندا، کە بۆیان چووم. چونکە من هەموودەم لەو ترسەدا دەژیم، کە ئەم شەڕە ببڕێتەوە و نەتەوەکانی جیهانیش هێشتا نەگەیشتبنە تێگەیشتنێکی گشت لایی، لە بابەت ئەو شتانەوە کە شەڕ لەپێناویاندا دەکەن، هەروەها لە بابەت ئەو کارەساتانەیشەوە کە بەهیوان لەدوای بڕانەوەی شەڕ ڕووبدەن.

من لە جەنگەکەی ڕابردوودا سەرباز بووم. کەچی کە شەڕ تەواوبوو، ئاواتەکانی خۆمانم دیی توانەوە. هاوار و فەریادەکەیشمان بوونەتە بابەتی تیزپێکردن لەلایەن ئەموئەوەوە. ئەوەیش هەمووی لەوەوە ڕوویدا، کە لەکاتی جەنگەکەدا، نەتەوە شەڕکەرەکان نەگەیشتبوونە دانانی چەند ئامانجێکی گشت لایی، کە لەپاش بڕانەوەی جەنگ پێکیان بهێنن. پێویستە هە لە ئێستاوە بڕیار بدەین کە جاریکی تر ئەو هەڵەیە دووبارە نەکەینەوە.

لەم شەڕەدا بەملیۆن کەسان لەناوچوون. هەتا شەڕیش دەبڕێتەوە بەهەزاران کەسی تریش دەکوژرێن. ئەگەر بێتو بەریتانیاییەکان و کەنەداییەکان و ڕووسەکان و چینییەکان و



ئەمریکاییەکان و هەموو دۆستە سوێندخوارەکانمان کە ئێستا هەموویان یارمەتیی یەکتر دەدەن لە جەنگەکەدا، ئەو هۆ و شێوانە نەدۆزنەوە کە لەپاش بڕانەوەی شەڕ یارمەتیی گشت لاییان پێ پێک بهێنن، ئەوساکە ئێمەی مرۆڤ، دەبێ خۆمان بەسەرشۆڕ دابنێین، چونکە ناپاکیمان لەگەڵ سەردەمی خۆمان و هاونیشتمانەکانی خۆماندا کردووە.

پێشەواکانمان، هەم بەیەکەوە، هەم بەتەنیا، هەندێ لە ئاواتە گشتییەکانمانیان ئاشکرا کردووە. (چیانگ کای چیک) لەو نامەیەیدا کە بەناو جیهانی ڕۆژئاوادا بڵاوی کردەوە، لە ڕۆژنامەی (نیویۆرک هیراڵد تریبیۆن)دا، لە شێوەیەکی هەرە شیریندا، لە بابەت ئەو کارەساتانەوە کە لە شاری (نیویۆرک)دا ڕوویان دەدا، لە مانگی یانزەهەمی ساڵی ١٩٤٣دا، ئەمەی ئاشکرا کرد، کە بریتییە لە داوێنی ئاشکراکردنەکەی:

«چین ئارەزووی ئەوەی نییە کە داگیرکردنی ڕۆژئاوا لە ئاسیادا بەداگیرکردنێکی ڕۆژهەڵاتی بگۆڕێتەوە. یاخود دوورەپەرێزییەک بۆ خۆی دابهێنێ، یان ئەو دوورەپەرێزییەی هەبێ کە نەتەوەکانی تر دایانهێناوە. ئێمە دەڵێین پێویستە واز لەو بیرە تەنگ و تەسکە بهێنین کە پەیمانگرتنی سوێندخواری تایبەتی و گەلەکۆمەکێی ناوچەیی پێ ڕەوایە. چونکە ئەو جۆرە بیرە، دوایی دەبێتە هۆی قەومانی جەنگی گەورەتر و نەنگتر و دڕندانەتر. ئێمە ڕێکوپێک خستنێکی بەجێمان دەوێ بۆ هەموو جیهان، بۆ یەکێتیی جیهان. جا هەتا یارمەتییدانی جیهانی، شوێنی لاتریسکەیی و دوورەپەرێزیی و داگیرکەریی (استعمار) نەگرێتەوە، لە جیهانی نەتەوە ئازادەکاندا کە هەریەکەیان پشتی بەوی تر بەستووە، سا ئەو یارمەتیدانە لەهەر شێوەیەکدا دەبێ ببێ...، هەتا ئەوە جێبەجێ نەبێ نە ئێمە، نە ئێوە، هیچ کامێکمان ئاسایشێکی هەموو دەمیمان دەست ناکەوێ».

بێجگە لەمە بیروباوەڕ دەربڕینەکەی (ستالین)یش کە لەوەپێش لێی دوام، یەجگار ناوازەبوو، یەجگار ورد بوو. لە ٦/١١/١٩٤٢دا ئاشکرای کرد، بەبۆنەی جەژنی بیست و پێنج هەمین ساڵی شۆڕشی ١٩١٧وە. ئەمەی تیابوو: «نەهێشتنی ڕەگەزایەتی کە لەسەر بنچینەی ڕەنگ دامەزرابێ، یەکسانیی نەتەوەکان، پارچە پارچە نەکردنی خاکەکانیان، ئازادکردنی نەتەوە دیلەکان و دانەوەی مافیان لە گەورەیی و فەرمانداریيدا، مافی هەموو نەتەوەیەک لە بڕیاردانی کاروباری خۆیدا -وەک خۆی دەیەوێ، باربووکردنی ئەو نەتەوانەی کە ئەرک و ئازاریان دیوە و زیانیان لێکەوتووە، یارمەتیدانیان تا دەکەونە کامەرانیی ئابوورییەوە، دانەوەی سەربەستییەکانی دیموکراتی بەو نەتەوانە، لەناوبردنێکی تەواوی یاسای هەتلەریی».

(فرانکلین رۆزڤەلت)یش چوار سەربەستییەکەی بلاو کردەوە. (ونیستون چەرچل)یش لەگەڵ (رۆزڤەلت)دا (پەیماننامەی ئەتلەسی)یان بۆ جیهان خوێندەوە.

وام بۆ دەردەکەوی کە قسە ئاشکراکەی (ستالین) و (پەیماننامەکەی ئەتلەسی)، لەیەک هەڵەدا، هاوبەشن. هەردووکیان دوارۆژ وا دەخوێننەوە، کە ئەوروپای رۆژئاوا سەرلەنوێ زیندوو دەبێتەوە، لەسەر شێوە کۆنەکەی خۆی، کە لە چەند فەرمانڕەواییەکی بچووک پێکهاتبوو. هەر یەکەیان دەسەڵات و گەورەیی تایبەتیی خۆی دەبێ لە کاروباری زرنگکاریی و ئابووریی و سەربازییدا. جا هەر ئەم یاسا لەناوچووە بوو، کە وای لە یاساکەی (هەتلەر) کرد کە تازە پێشنیاز کرابوو، دڵی ملیۆنان ئەوروپایی کێش بکات. ئەوانە، لەگەڵ ئەوەیشدا کە زۆر و ستەمی (هەتلەر) لە ئارادابوو، بەلای کەمەوە، ئەو هیوایەیان هاتە پێش چاو کە خاکێکی یەجگار فراوان پێک دەهێنرێ، کە ماوە دەدات بەکاروباری ئابووریی جیهانی ئیمرۆ، بەسەرفرازییەوە بکەوێتە گەڕ و سەربکەوێ. بۆ ئەوانە دەرکەوتبوو –بەهۆی تاقیکردنەوەیەکی پڕ ئازارەوە – کە کۆڕە تەنگ و تەسکەکانی بازرگانی – کە دیوارە بەرزەکانی کۆمەڵێک لە رەگەزە خۆپەرستەکان وایان لێ کردبوو – لەگەڵ مەشق کردنی نەنگکاریی بەمەبەستی گەورەیی و دەسەڵاتداریی –، کارێکی وایان کردبوو کە هەژار بوون و شەڕکردن هەر دەبوو ڕووبدات.

هەرچی زیندووکردنەوەی فەرمانڕەواییە بچکۆلەکانی ئەوروپایە، وەک تاکە تاکەیەکی زرنگکاریی، باشە بام بکرێ. بەڵام زیندووکردنەوەیان لە شێوەی تاکە تاکەی سەربازیی و ئابووریدا، شتێکی باش نییە، نابێ بکرێ. چونکە ئەگەر بەڕاستی بمانەوێ ئاسایش و ئارام بخەینە رۆژئاوای ئەوروپاوە، تەنیا لەبەر کەڵکی تایبەتیی خۆی و، لەبەر ئاشتیی گشتی و، لەبەر دامەزراویی ئابووریی لە جیهاندا، دەبێ وا بکەین.

لە ڕاستیدا قسە ئاشکراکانی (چیانک کای چێک) و (ستالین) و بەندەکانی پەیماننامەی (ئەتلەسی)، لەگەڵ جاڕدانی هەر چوار سەربەستییەکاندا، بەتاک تاک و بەکۆمەڵە، بەڵگەن بۆ پێشکەوتنێکی گەورە. هیوای گەورە گەورەیان خستە دڵانەوە دەربارەی جیهان.

بەڵام ئەگەر هاتوو جێبەجێ کردنی ئەوانە لە شێوەیەکی دروستدا نەبوو، یاخود ئارەزووە خۆپەسەندییەکانی نەتەوەکان تەگەرەی لە جێبەجێ کردنی ئەم ئامان و ئاواتانەدا، دواخران و لە ئەندازەیەکدا وەستێنران، ئەوساکە هەرچی نەتەوەیەک لە جیهاندا هەیە دەست دەکات



بەتوانج و پلار تێ گرتن و تیز پێ کردنمان، هەر هیوایەکیش هەبووبێ بۆ ئاشتیی جیهان لەناو دەچێ.

چونکە مرۆڤایەتی لە هەموو جێگایەکا چاوەڕوانی ئەوەن بزانن پێشەواکانمان کە ئەو بیروباوەڕانە و ئەو پەیمانانەیان بلاو کردۆتەوە، بەدڵ ئەو قسانەیان کردووە یان نا. پێش ئەمەی دەست بکەم بەگەشتەکەم، میستەر چەرچەڵ دوو وتاری بلاوکردەوە لە بابەت (پاکانەی ئەتلەسی)یەوە:

١– دانەرەکانی ئەوەیان خستۆتە مێشکی خۆیانەوە، کە لەپێش هەموو شتێکا دەسەلات و گەورەیی و فەرمانداریی خۆیی و ژیانی نەتەوەیی بگێڕنەوە بۆ فەرمانڕەواییەکان و نەتەوەکانی ئەوروپا، ئەوانەی کە کەوتوونەتە ژێر چنگی نازییەکانەوە».

٢– بەندەکانی (پاکانەی ئەتلەسی)یەکە، بەهیچ کلۆجێک ئەو وتارە ئاشکرا کراوانەی دەست لێ نەداوە، لە بابەت ئەو ڕێ و شوێنەوە، کە لە ئەنجامدا فەرمانڕەواییەکی خاوەن دەستوور لە هیندستان و بۆرما و هەر بەشێکی تری شاهەنشاهێتیی بەریتانیادا دادەمەزرێنێ».

جا هەر شوێنێک دەچووم، تێکڕا سەرەکی کاربەدەستان یاخود کاربەدەستی دەرەوەی ئەو شوێنە، لەگەڵ کەسانێکی تردا ئەوەیان لێ دەپرسیم ئاخۆ واتای ئەو قسانە وا دەگەیێنێ کە (پاکانەی ئەتلەسی) هەر لە ئەوروپای ڕۆژئاوادا بەکاردەهێنرێ، یان لە جێگای تریشدا. دیارە وەرامەکەی منیش هەر ئەوە دەبوو کە بڵێم نازانم مەبەستی میستەر چەرچڵ لەو قسانە چییە. بەڵام وەکو دیارە، میستەر چەرچل کە پەنجەی کێشا بۆ ئەوەی دانەرەکانی (پاکانەی ئەتلەسی)یەکە لەپێش هەموو شتێکا ئەوەیان خستۆتە مێشکی خۆیانەوە کە (ئەوروپا ) چارە بکەن، مەبەستی ئەوە نەبووە کە خاکەکانی تر بخرێنە پشت گوێوە. بەڵام گوێگرەکانم خۆیان پێ نەگیرا کە بەرپەرچم نەدەنەوە. وەڕس دەبوون لە قسەکانم، بەشتێکی پروپوچیان دەدایە قەڵەم. جا کە میستەر چەرچەڵ ئەم قسانەی دەربڕیی، کە هەموو جیهانی دڵتەنگ کرد:

«ئێمە ئەزانین چی ئەڵێین. چونکە من نەبوومەتە سەرەک کاربەدەستی خاوەن شکۆ، بۆ ئەمەی شاهەنشاهێتیی بەریتانیا بماڵمەوە» منیش یەجگار دڵم شکا. بەڵام لەوەپاش بەرەبەرە دڵم خۆش بووەوە. چونکە ئەو گفتوگۆیانەی دەمکردن لەگەڵ زۆر لەو بەریتانیاییانەی کە لە ئەمریکادا دانیشتوون، ئەو رۆژنامە ئینگلیزییانەی کە پەیتا پەیتا

دەمخوێندنەوە، ئەو نامەکارییە فراوانە هەموو دەمییەی کە هەبوو لە ناوەند من و ئەو کەسانەدا کە لە ئینگیلتەرە و هەموو لایەکی شاهەنشاهێتیی بەریتانیادا بوون، ئەوانە هەموو خۆشییەکیان بەدڵم دەگەیاند، ئەوەیشیان تێ دەگەیاندم کە بیروباوەڕی گشتی لە بەریتانیادا، چەند لەپێشە، لەم جۆرە کاروبارانەدا، لەچاو بیروباوەڕی گشتیی ناو ئەمریکادا. جا هەروەک بۆم دەرکەوت، لەکن بەریتانیاییەکان هیچ گومانێک و هیچ خەمێک نییە لە بابەت پێویستی بەلەناوچوونی گیانی داگیرکەریی (استعمار)ی کۆن و، پێویستی بەبڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی (کۆمۆنوێڵس)ی بەریتانیایی سەربەست بۆ نەتەوەکان، لە شێوەیەکی گورج و گۆڵدا، تا هەموو لایەکی شاهەنشاهیتیی بەریتانیا بگرێتەوە. جا لەبەرئەوەی کە کردەوە و کاری پێشەواکانی ئێمەیش، بەپێی قسەکانیان، لەژێر تاقی کردنەوەدایە، بەڕاستی زرنگکارییە تایبەتییەکەمان لە ژووررووی ئەفریکادا زۆر سامناک و ناخۆشە. لەوساکەوە مەرگەساتەکە دەستی پێ کرد، کە سەرۆک، بڵاوی کردەوە هێزەکانی ئەمریکا سەرکەوتوو گەیشتوونەتە ناو باکووری ئەفریکاوە. جا لەجیاتی ئەوەی هۆیەکی ئاشکرا پیشان بدات بۆ چوونی هێزەکانمان بۆ ئەو خاکانە. پاکانەی چوونی هێزەکانمان بەو دەستوورە دیپلۆماسییە رزیوە کرد هەزاران ساڵانی بەسەردا تێپەڕیووە. ئەو دەستوورەی کە هەرگیز نەیتوانیوە کەسێک چەواشە بکات، تەنانەت بەلچیکا و هۆڵندەیش، کە ئەو ڕۆژەی (هیتلەر) خاکەکانیانی داگیرکرد پاکانەیەکی وای بۆ کردن. سەرەک وای قسە کرد:

«لەپێناو ئەوەدا کە نەهێڵین ئەڵمانیا و ئیتاڵیا ئەفریکا داگیر بکەن - چونکە ئەگەر ئەو داگیرکردنە سەری بگرتایە بۆیان، مەترسییەکی راستەوخۆ بۆ ئەمریکا پەیدا دەبوو بەهۆی ئەو زریێ تەنگەوە کە کەوتۆتە ناوەند ئەمریکا و رۆژئاوای ئەفریکاوە - هێزێکی ئەمریکایی بەچنگ ئیمڕۆ دادەبەزێتە سەر کەنارەکانی زریێ سپیی ناوەڕاست و کەنارەکانی خاکە داگیرکراوەکانی ژێردەستی فەرەنسە کە لە ئەفریکادان لەسەر گوێ زریێ ئەتلەسی».

پاش ئەوە گفتوگۆ لەگەڵ (دارلان)دا کرا، کە نیشانەیەکی وایە هەموو نەتەوەی ئازادی فەرەنسە خراوەتە سەر ئەوەی حەزی لێ نەکات، لەسەر ئەو بنچینەیەی کە «هەڵکردنی دەمودەستیی سەربازیی» وای پێ جوانە. ئەمەیش لێکدانەوەیەکە، کە هەرچی کەموکوڕییەکەی دەربخات، بەگران رزگاری دەبێ لەدەست ئەو قسەیەی کە پێی بڵێین لەگەڵ سەرکردەیەکی سەربازی ناوداردا ناپاکیی نوواندووە. چونکە ئەم سەرکردەیە بەیارمەتیی



پۆلە کەشتییە[١] گەورەکانی بەریتانیاوە، کردەوەیەکی گەورەی نوواند، کە لە ڕێکوپێکیدا جێگایەکی پەسەندی گرت بۆ خۆی. بەڵام لێکدانەوەکە نەیتوانی زۆر کەس دڵخۆش بکات، کە باوەڕیان بەوە نەبوو، مێشکی سەربازێک پەیی بەو کردەوە بەجێیە بردبێ. ئەوانە هەستیان وا کردبوو، کە بۆ جاری دووەمیش، دیپلۆماسی، لە ڕێگای پڕ پێچوپەناوە، جێگای ئەو بیروباوەڕانە دەگرێتەوە کە لە جیهاندا بڵاومان کردوونەتەوە.

پاش ئەوە دامەزراندنی (پیروتون)، کە لە دوای ئەوەوە، ڕوویدا، ترس و لەرزەکانی ئەوانی بەهێزکرد. دڵتەنگ و خەفەتبارەکانی ئێمە، بەهیوان کە دەرگایەکی چاکە لەم تەنگانەیە بکرێتەوە، بەسایەی ئەوەوە کە لەبەر چاویاندایە. بەڵام ئەوەیش ئەگەر ڕوویدات، ئەوی ئاشکرا و دیار ئەوەیە، کە ئەگەر ئەمریکا بەشێکی یەجگار گەورە نیاز پاکیی تیا نەبوایە، ئەم بارەی پێ هەڵنەدەگیرا کە ئەمەندە نیاز پاکیی لەدەست بچێ. ئەویش لەبەر ئەوە کە نەتەوەکانی ڕووسیا و بەریتانیای گەورە و خاکە داگیرکراوەکانی ئەوروپا هەستیان کردووە بەشکاویی و سەرنەگرتنی کاروبارەکانیان. تەنانەت چینی دوور لە ئێمەیش، وەک شەپازللەیەکی تری لێ بدرێ وابوو. چونکە باوەڕەکەی بەئێمە، چەندێ لەمەوپێش بەوە کەل بوو، کە بەڵێنێکی هیچوپوچانەمان دا بەفەرەنسە کە هیندی چینی بۆ بگێڕینەوە. لە نیشتمانەکەی خۆیشماندا ئەوە بوو بەهۆی ئەوەی کە لە مێشکی ئەوانەیشا کە لەڕووی دڵسۆزییەوە بڕوایان وابوو ئێمە لە جەنگێکی خۆپاراستن داین، ئەو هەستە زیندووە بووەوە کە ئەگەر شەڕ تەواوبوو، پێویستە جارێکی تریش خۆمان بکێشینە دواوە و کزۆڵە لەناو سنوورەکەی خۆماندا دوورەپەرێز دابنیشین.

هەر (ونیستون چەرچڵ) و (فرانکلین رۆزڤەڵت) نین کە مرۆڤ سەیری قسە و کردەوەیان دەکات و بەراوردیان دەکات لەگەڵ ئەو بەڵێنانەدا کە بەجیهانیان داوە. سەرنەگرتنی قسەکانی (ستالین)یش کە بۆ جیهانێکی دڵتەنگی بڵاوکردۆتەوە، لە بابەت چەند ئارەزوویەکی دیاردیی کراوی ڕووسیاوە دەربارەی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا، لە تای تەرازوودا گرانترە لەهی ئەو پێشەوایانەی کە پێچەوانەی ئامانجەکانی ئاشکرا کراوی خۆیان دەریان بڕیوە. نە بیروباوەڕ دەربڕینەکانی پێشەواکان، نە بیری نەتەوەکانی جیهان، بەهەموو ئاشکراییەکەیانەوە، پێیان دەکرێ لەسەر شتێک بڕیار بدەن، یاخود شتێک جێبەجێ بکەن، مەگەر لەکاتی جەنگدا پێڕەویی و ڕێوشوێن دابنێین و تێ بکۆشین ئەو پێڕەویی و

(١) پۆلە کەشتی: کەشتی گەل(أسطول).

ڕێوشوێنانه تەواو بەکار بهێنین. کە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاشکرا کرا، بەسەدان ملیۆن کەس لە ژن و لە پیاو، لە ئەمریکای خواروو و ئەفەریکا و ڕووسیا و چین و کۆمۆنوێلس و خاکە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و خاکە داگیرکراوەکانی ئەورووپادا، ڕەنگە لەناو جەرگی ئەڵمانیا و ئیتاڵیایشدا، وا هاتبووە پێش چاویان، کە مۆدەکانی نەتەوەکان دەبینن لەو پەیماننامەیەدا، کە هەموویان وەک هاوبەش یەک کەوتوون لە زۆرانبازییەکدا، کە هەموویان دەستیان لە دەستی یەک دایە، بۆ ئەمەی مرۆڤایەتی لە دیلی ڕزگار بکەن. ئەوانە وا بەبیریاندا دەهات کە ئەم نەتەوانە، لەکاتی جەنگدا، کۆڕێکی گشتی کۆیان دەکاتەوە کە ڕاوێژ لە بابەت هونەرەکانی جەنگەوە بکەن لەگەڵ ئابووریی جەنگدا، هەروەها ڕێوشوێنێکیش دابنێین بۆ دوارۆژ کە فەرمانی لەسەر بکەن. چونکە ئەوانە بڕوایان وابوو کە جەنگ بەسایەی ئەم جۆرە ڕێگایەوە، بەزوویی دەبڕێتەوە. هەروەها بڕوایشیان وابوو کە ئەگەر ئەو نەتەوانە، ئێستا، فێری فەرمانی هەرەوەزیی بوون واتا پێکەوە فەرمان بکەن، ئەوە بەتەواوەتی دەبێتە هۆی ئەوەی کە نەتەوەکان فێری ئەوە بن کە لە دوارۆژیشیدا پێکەوە بەیارمەتیدانی یەکترەوە بژین.

ئەمە ساڵێکە پەیماننامەکە مۆر کراوە. نەتەوە یەکگرتووەکانیش ئیمڕۆ نیشانەیەکی گەورەن و پەیماننامەیەکی سوێندخوارانەیان هەیە. بەڵام پێویستە ڕووبەڕووی ڕاستی بووەستین. ئێمە ئەگەر دەمانەوێ هیوای ملیۆنان مرۆڤانی سەر زەوی لە دڵانا بمێنێتەوە، ئەگەر بەپێویستیشی دەزانین ئەو جیهانەی خەوی پێوە دەبینین بیدۆزینەوە و بیهێنینە ناوەوە، پێویست وایە کە نەتەوە یەکگرتووەکان هەر ئیمڕۆ، نەک سبەینێ، لەناو کۆڕێکی گشتیدا بتوێنەوە نەک لەبەر بردنەوەی جەنگ، بەڵکو لەپێناو خۆشگوزەرانیی مرۆڤایەتیدا، کە بەم نزیکانە پێک بێت.

پێویستە، لە گەرمەی جەنگیشا بین، دەزگایەکی وا دابمەزرێنین، کە هەموومان پێکەوە تیا کار بکەین، کە لەپاش بڕانەوەی شەڕیش هەر پایەداربێ و لەناو نەچێ. لەڕاستیدا ئەو کەلوپەلانەی کە لە فەرمانداریيدا بەکار دەهێنرێن و فەرمانداریيەکە بەهۆی ئەوانەوە سەر دەگرێ، سا بابەتی نیشتمانی بن، یان بابەتی فەرمانڕەواییيانە، لە ئەنجامی گەشەکردنەوە پەیدا دەبن. ئەوانە لە ڕۆژێکا دروست ناکرێن. لەوەیشا هیوایەکی گەورە نییە، کە ئەو کەلوپەلی فەرمانداریيە، دەمودەست، لەپاش بڕانەوەی شەڕ دروست بکرێن. هۆی ئەمەیش ئەوەیە کە تەوژمی هەستی نەتەوایەتیی نەتەوە تازە ڕاپەڕیوەکان، داڕووخانی کردەوە و ڕەوشتی باش، تێکچوون و داڕزانی یاسای ئابووری و کۆمەڵایەتی، کە تێکڕا لەپاش



بڕانەوەی هەموو جەنگێک ڕوو دەدەن، ماوەی دامەزراندنی ئەو جۆرە دەزگایە و دروست کردنی هەر جۆرە کەلوپەلی فەرمانداریيانە نادەن.

کەواتە هەر ئەبێ ئێستاکە ئەو دەزگا و دووکانە دابمەزرێ، کە هێزی مەترسیی گشت لایی سامناک لە ئارادایە. بێجگە لەوە، پێویستیشە، وای لێ بکرێ کە بتوانرێ بەئاسانی بخرێتە گەڕ. بۆ ئەمەی گیروگرفتە گشتییەکانی ڕۆژانەی پەیتا، پەیتا، پێ چارە بکرێ.

هەتاکو تێکۆشانی گشت لایی و ئامانجی هەمووان، پارچەکانی ئەو دەزگایە کۆ نەکەنەوە و تێکی نەخەن، بەو مەبەسەی کە دوژمنیان پێ بشکێنن، هەر قسەیەک بکەین لە بابەت (دروست کردن)ی کەلوپەلی جەنگەوە بۆ بەربەستکردنی زۆرانبازیی ئابووریی و گەشەکردن بەئاشتی لەناو فەرمانڕەواییيەکاندا، بەپڕوپوچ دادەنرێ. ئەوەیش هەر بەخەوێکی ڕووت دادەنرێ کە لە بابەت بەکارهێنانێکی تەواوی بازرگانیی دەرەوە قسە بکەین لەگەڵ پەرەپێدانیا کە لە پاش بڕانەوەی جەنگ پێک بێ. چونکە ئەگەر هەر لە ئێستاوە، کە لە گەرمەی شەڕ داین، خۆمان ڕانەهێنین بەوەوە کە بەیەکەوە فەرمان بکەین و تێ بکۆشین، بەڕێکەوپێکی و تێگەیشتن و ڕێزگرتنێکەوە، هەرگیز، پاش جەنگ، ئەو ئارەزوو و ئاواتانەمان سەر ناگرن.

ئاخۆ، هەروەک هەندێ لە سەرکردەکانمان دوارۆژیان بۆ خوێندوینەوە سبەینێ ئەوەمان بۆ جێبەجێ دەبێ کە لەگەڵ چین و ڕۆژهەڵاتی ئەوپەڕدا، پەیوەندییەکی گەورەی بازرگانی دازمەزرێنین، لە کاتێکا کە ئیمڕۆ لە توانامانداا نەبێ یارمەتیدانێکی سەربازانەی هونەرمەندانە گەشە پێ بکەین لەگەڵ چیندا؟ ئاخۆ دەتوانین ئەو هیوایە بکەین لە ڕووسیا کە دوارۆژێکیش بکرێتە ناو کۆڕێکی جیهانیی ئابووریی ڕێک و سازەوە، ئەگەر هەر لە ئێستاوە خۆمان ڕا نەهێنین بەوەوە کە لەگەڵ سەرکردە سەربازەکانیا و پێشەوا زرنگکارەکانیا لە کۆڕێکی گشت لاییدا یارمەتیی یەکتر بدەین؟ ئەوەی ئیمڕۆ لەسەری داماوین، بریتییە لە کۆڕێک بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان، پێویستە کۆڕێکی وایش بێ کە گشت لا تیا کارگوزاربێ، گشت لا پێکەوە، هەرچی پێڕەویی و ڕێوشوێنی. پێویستە بۆ کەڵکی جیهان دابنێن و بڕیاری لەسەر بدەن. نابێ کۆڕێکی وابێ کە هەرچەند فەرمانڕواییيەکی تیابێ. سەرکردەیەتی بخەنە دەست خۆیانەوە یاخود کار و فەرمانیان هەر بێتە سەر ئەوەی کە بەفریای فەرمانڕەواییيەکانی تردا بگەن، ئەگەر خۆیان ئەوەیان بەباش زانی. پێویستە کۆڕێکمان هەبێ بۆ سەر کردەیەتیی جەنگ، هەچ فەرمانڕەواییيەک تووشی زەبر و زەنگی جەنگ بووبێ، خۆی تیا بنوێنێ. دوور نییە بتوانین هەندێ شت لە

چینییەکانەوە فێر ببین، کە بەو هێزە کەمەوە هەیانبوو ماوەیەکی دوور و درێژ بەرەنگاری کردنێکی مەردانەیان نواند. هەروەها هەندێ شتیش لە ڕووسەکانەوە فێر ببین کە لەم دوایییەدا وایان پیشان دا، شتێک لە هونەری جەنگ دەزانن.

گرنگتر لەوانە هەموویان، ئەوەیە، کە ئێمە، وەک چەند نەتەوەیەکی یەکگرتوو، لەسەرمان پێویستە، کە هەر لە ئێستاوە ئەو بیروباوەڕانەمان دابڕێژین، کە دەمانەوێ لە دوارۆژدا لەسەریان بڕۆین، تا کاتێ کە هەنگاو بەهەنگاو دەڕۆینە پێشەوە و خەریکی ئازادکردنی خاکە داگیرکراوەکان ئەبین، ئەو بیروباوانەمان بەکاربهێنین. پێویستە کۆمەڵێکی گشت لایی دابمەزرێنین، هەر خەریکی ئەوە بێت کە چارەی ئەو گیروگرفتانە بکات کە لەگەڵ هەنگاوەکانی پێشکەوتنی لەشکرە سەرکەوتووەکەماندا پەیدا دەبن. ئەگینا ئەگەر وا نەکەین، خۆمان هەر وا دێتە پێش چاو، کە لەم ڕێککەوتنەوە دەگوێزینەوە بۆ ئەو ڕێککەوتن، کە بەهۆی ئەوەیشەوە تۆوی بۆڵەبۆڵ و وەڕس بوون دەڕوێنین بۆ دوارۆژ. سا ئەو بۆڵەبۆڵ کردن و وەڕس بوونە لە ڕووی ڕەگەزایەتییەوە ڕوو بدەن، یا لە ڕووی ئاینەوە، یاخود لە ڕووی زرنگکارییەوە، نەک هەر لەناو ئەو نەتەوانەدا ڕوو دەدەن کە دەمانەوێ ئازدیان بکەن لەدەست داگیرکەران، بەڵکو لەناو ئەو نەتەوانەیشدا ڕوو دەدەن کە ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکانیان لێ پەیدا بووە. جا هەر ئەم جۆرە وەڕس بوون و بۆڵەبۆڵ کردنەیە، کە بەدرێژایی ڕۆژگار هیوای لە دڵی پیاوە گەورەکان، خاوەن نیازە باشەکان کردۆتە دەرەوە.

## ئەمە جەنگی ئازادکردنە

ئەم جەنگە کە لە هەموو جێگایەکی جیهاندا بینیومە و هەڵگیرساوە، هەروەک (ستالین) دەڵێ، جەنگی ئازادکردنە. بۆ ئەو ئازادکردنی هەندێ فەرمانڕەوایی هەڵگیرساوە لە داگیرکردنی لەشکرە گەورەکانی ئەڵمانیا و ژاپۆن، هەروەها بۆ ئازادکردنی خاکەکانی تریش هەڵگیرساوە، لە مەترسیی ئەو دوو هێزە کە داگیریان بکەن. ئێمە هەموومان لەسەر ئەم کەینەوبەینە بڕیارمان داوە. ئاخۆ لەسەر ئەوەیش ڕێککەوتووین کە ئازادکردن واتاکەی لەمە بەولاوەترە؟ بام بەباری خۆی دا قسەی لێ بکەین: ئایا هەر (٣١) نەتەوەکە لەسەر ئەوە ڕێک دەکەون، کە کاری گشت لایمان لە ئازادکردندا، ئەوە دەگەیێنێ، کە هەر کاتێ هەموو نەتەوەکان لە باریاندا هەبوو فەرمانداریی خۆیان بکەن، سەربەستییان پێ دەبەخشرێ کە فەرمانداریی بەسەر خۆیاندا بکەن؟ هەروەها سەربەستیی ئابوورییان پێ



ئەبەخشرێ کە هیچ فەرمانداریەکی خۆیی نییە بێ ئەو سەربەستییە خۆی ڕا بگرێ؟

من بڕوام وایە، کە دانی ئەو دوو شێوەی سەربەستییە، نەتەوەکان، دەبنە نیشانە بۆ نیازپاکی و کردەوە چاکیی ئێمە، بۆ ناوبانگی بەرز و پیرۆزی ئێمە لەم جەنگەدا. بڕوایشم وایە، کە پێویستە ئەوەیش بخەینە پێڕەویی خۆمانەوە، کە لە پێناوی چە جۆرە سەربەستییەکدا شەڕ دەکەین. ئەگینا ئاشتیمان دەست ناکەوێ، من لەوە دڵنیام کەوایە. هەرچەندە لەوە دڵنیا نیم کە لە تواناماندا هەیە جەنگەکە ببەینەوە.

کە لە ٧/ ١٠/ ١٩٤٢دا لە (چونگ کونگ) بووم، وتارێکی ئاشکرام دا بەرۆژنامەکانی چین و بێگانەکان، دەستم کردبوو بەگێڕانەوەی ئەو ئەنجامانەی لە گەشتە جیهانییەکەما بۆ دەرکەوتبوون. ئەویش هەندیکە لەو شتانە: «بەناو سیانزە خاکدا گەڕام. گەلێک لە خاک و کۆمار و ڕێکخراوەکانی سۆڤیات و، خاکەکانی ژێر دەستی فەرمانڕەوایی سەرپەرشتیی کەرەکان و، خاکە داگیرکراوەکان و، خاکە پارێزاوەکانم چاوپێکەوت. سەرنجیشم دا لە گەلێک شێوەی جۆرجۆری ژیان، کە هەندێکیان پەسەند بوون، هەندێکیشیان نزیکەی پەسەند بوون، هەروەها لەگەلێک شێوەی فەرمانداریی و شیوەی ژێردەستیشم کۆڵییەوە. بەڵام چەند شتێکی دیاردیی کراوم هاتە بەرچاو، کە هەموو ئەو خاکانەی دیومن، لەگەڵ گشت کەسێکا کە لەو خاکانەدا قسەم لەگەڵ کردون، تیا هاوبەشن: ئەوانە هەموویان ئاواتەخوازی ئەوەن کە نەتەوە یەکگرتووەکان ئەم جەنگە ببەنەوە.

هەموویشیان دەیانەوی لە بڕانەوەی جەنگدا، هەلێکیان دەست بکەوێ و بەسەربەخۆییەوە بژین. هەموویشیان دوودڵن لەوەدا، لە شێوەیەکی کەم و زۆردا، کە فەرمانڕەواییە دیموکراتییە گەورەکانی جیهان ئامادەی ئەوەبن، لەپاش بڕانەوەی جەنگ، پشتیوانیی ئازادیی نەتەوەکانی تر بکەن. جا ئەم دوودڵییەوە کە وایان لێ دەکات لە پشت گرتنمان سارد ببنەوە.

ئێستاکە، بەبێ پشتگرتنێکی گشتیی ئەو نەتەوە و کەسانە بەبێ پشت گرتنێکی کارگوزارانەی ئەوانە، بردنەوەی جەنگ یەجگار ستەم و گرانە. هەروەها بردنەوەی ئاشتیش لە کۆڕی نەبووندا دەبێ لە ڕاستیدا ئەم شەڕە بریتیە نییە لە گیروگرفتێکی هونەرخوازانەی سووک، کە هێزێکی گەورە چارەی بکات. ئەم شەڕە، هەروەها، مێشکی تێگەیشتووانی دەوێ. فەرمانی ئێمەیش هەر ئەوە نییە کە بەڕێکخستنی هەستەکانی کۆمەڵایەتییەکانەوە خەریک بین. دەبێ، هەروەها، ئەو گیانە ڕاپەڕیوانەیش ڕێک بخەین، گیانی زۆرداریی و

داگیرکردن، کە تێکڕا لەناو سێ چواریەکی نەتەوەکانی جیهاندا هەن واتا لە ئەمریکای خواروو و ئەفریکا و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا و ئاسیادا. جا ئێمە ئەم فەرمانەمان بەجێ نەهێناوە. ئێستایش خەریکی بەجێهێنانی نین. بەڵام پێویستە بەجێی بهێنین... مرۆڤایەتی، بێجگە لە چەک، پێویستیان بە شتی تریش هەیە بیکەن بەچەک، بۆ سەرکەوتن لەم جۆرە جەنگەدا پێویستیان بەخەمخۆرییەک هەیە بۆ دواڕۆژ. پێویستیان بەو ئاینە هەیە کە ئەم ئاڵآیانەی لە ژێریاندا شەڕ دەکەن، ڕەنگەکانیان گەش و دڵخۆشکەر و پاک و خاوێن. لە ڕاستیدا، ئێمە وەک نەتەوەیەک، هێشتا بڕیارمان لەسەر ئەوە نەداوە، کە ئەو جیهانەی دەمانەوێ دابمەزرێ، لە دوای سەرکەوتن لە جەنگا، شێوەی چۆن بێ.

بەتایبەتی لێرە لە ئاسیادا، هەموو کەس وا هەست دەکات کە ئێمە بۆیەکا ویستومانە بێنە سەر دەستەی ئێمە، چونکە فەرمانداریی ژاپۆنی لە داگیرکەریی ڕۆژئاوا خراپتر دەبێ. ئاسیا خاکێکی وایە کە تۆماری فەرمانڕەوایی دیموکراتییەکانی ڕۆژئاوای بەدرێژیی و تێکەڵ و پێکەڵی تیایە، بەڵام چونکە دانیشتووەکانی لە بیرتان نەچێ کە هەزار ملیۆن کەسی تیایە – نیازیان وایە ئیتر لە ژێر چنگی بێگانەدا نەمێننەوە، سەربەستی و هەل، دوو وشەی وان کە وەک جادووکار لە نەتەوەکانی ئاسیا دەکەن. ئێمەش ژاپۆنییەکانمان بەرەڵڵا کرد، کە زۆردارترین داگیرکەرانی ئەم چەرخەن، ئەم دوو وشەیەیان لێ دزین، پاش ئەوە دەستیشیان کرد بەتێکدانیان بۆ مەبەسەکانی خۆیان.

زۆربەی دانیشتووانی ئاسیا، فڕیان بەسەر دیموکراتییەوە نییە و نازانن چییە. دوور نییە دیموکراتییەکەی ئێمەیان بەلاوە باش نەبێ، بۆیشی هەیە پێیان باش بێ. بەڵام ئەوەیش ئاشکرایە کە هیچیان ئامادەی ئەوە نین لە دیموکراتییەکەی ئێمە بخۆن ئەگەر لە ڕۆژی سێشەممەدا لەسەر سینییەکی زیو پێشکەشیان بکرێ. لەگەڵ ئەمەشا، هەموویان بەدڵ دەیانەوێ کە بڕیار لەسەر دواڕۆژی خۆیان بدەن، لە ژێر سێبەری ئەو فەرمانڕەواییانەدا کە خۆیان هەڵی بژێرن.

تەنانەت ناوی (پاکانەی ئەتلەسی)، مێشکی ئەو پیاو و ژنە ڕۆشنبیرانەی دەوروژاند، کە گفتوگۆم لەگەڵدا دەکردن. ئەوەیان دەپرسی، ئاخۆ ئەو کەسانەی مۆریان کردووە، لەسەرئەوە ڕێککەوتوون کە زریی بێ دەنگیش بگرێتەوە یان نا؟ هیچ چارە نییە کە دەبێ وەرامی ئەم پرسە بەڕاستی و ڕەوانی بدرێتەوە، نیازی خۆمانیان بۆ دەربخەین. پێویستیشە کە زۆر بکەونە ئەرک و ماندوێتییەوە تا بتوانین ئەو قسەیە لە دەممان بێتە دەرەوە کە ئەوان لێی دەکۆڵنەوە. چونکە ئەو وەرامە بۆتە گیروگرفتێکی گشت لایمان، کە



پێویستمان بەپێڕەوییەکی یەکگرتوو هەیە، پڕ واتابێ، بتوانین بەرەو ڕووی ئەو هەموو ملیۆن مرۆڤە پیشانی بدەین کە دۆست و سوێندخوارمانن.

من بەدڵ باوەڕ دەکەم کە هەندێ لەو پێڕەوییانەی ئەم جۆرە وەرامە بۆی دەچێ دەری بخات، بۆ زۆربەی ئەمریکاییەکان ئاشکرایە:

ئێمە بڕوامان وایە کە ئەم جەنگە پێویستە مەبەسی ئەوەبێ دەسەڵاتی هیچ نەتەوەیەک بەسەر نەتەوەیەکی تردا نەهێڵێتەوە. بۆ وێنە، بستێک لە خاکی چین، نابێ کەس فەرمانڕەوایی بەسەرەوە بکات، چینییەکان خۆیان نەبن. پێویستە ئەم قسەیە ئێستا بکرێ نەک دوای شەڕ.

ئێمە بڕوامان وایە کە ئەرکی سەرشانی جیهان ئەوەیە یاسایەکی وا بدۆزێتەوە کە کۆمەکی ئەو نەتەوە داگیرکراوانە بکات کە کەوتوونەتە ناو کەینەوبەینەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە. بۆ ئەمەی ئەوانیش ببنە نەتەوەی سەربەست و ئازاد و سەربەخۆ. پێویستیشە لەسەرمان کە پێڕەوییەکی وایان بۆ دابنێین بتوانن لەسەری بڕۆن، مەشق بەو فەرمانڕەواییانەیش بکەین کە خۆیان هەڵیان بژاردوون. هەروەها پێویستیشە چەند دەزگایەکی چەکدار دابمەزرێنین، کە لە ژێر سەرپەرشتیی هەموو نەتەوە یەکگرتووەکاندا هەڵبسوڕێ، پارێزگاریی بوون و یاسای ئەو فەرمانڕەواییانەیان بکات، تا جارێکی تر زۆرداریی داگیرکەرییان تووش نەبێتەوە.

هەندێک دەڵێن پێویستە واز لەم جۆرە قسانە بهێنین تا جەنگ دەبڕێتەوە. بەڵام لە ڕاستیدا پێچەوانەی قسەی ئەوان، ڕاستە. چونکە لە ڕاستیدا، تێکۆشانێکی ڕاست و دروستانە، کە لەم ڕۆوە دەست پێ بکات، بۆ چارەکردنی گیروگرفتی ئەو نەتەوانە، بەشێنەیی، کەڵکی خۆمانی تیایە، بۆ کاری جەنگەکەی خۆمان باشە. بام ئەوەیش بڵێین کە دوژمنەکان هەڵگێڕانەوەی کۆمەڵایەتی، هەموودەم بەدوای فەرمان دواخستن و تەگەرە تێدانی کاردا دەسوڕێنەوە، بیانووەکەیان ئەوەیە کە ئێستا لە جەنگ داین. چونکە کە شەڕ بڕایەوە، بۆی هەیە گۆڕانی باری کۆمەڵایەتییە کە یەجگار کەم دەربچێ، ئەوساکەیش کار لە کار دەترازێ و هەل لە دەست دەچێ.

پێویستە لەسەرمان کە بازرگانی ناو نەتەوەکان گەشەپێ بکەین، ڕێگای بازرگانیی بەهێزی وایشیان بۆ بکەینەوە، کە لە باریاندا هەبێ هەست و ئارەزووی هەموو نەتەوەکان بزوێنێ بەتەواویی بۆ ئەو ئاشتییەی کە ئێمە لە ئەمریکادا هەمان بوو.

ئێمە لەناو خاکە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، هەموودەم ئەوەمان لێ دەخوازرێ، کە بۆ چەند ماوەیەک واز لە سەربەستی کەسایەتیی خۆمان بهێنین لەگەڵ سەربەخۆیی ئابووریماندا. هەموویشی بۆ ئەوەیە کە دوژمنەکانمان لەناو ببرێن، ئەڵمانیا و هاوڕێکانی. پێویستە کە شەڕ تەواو بوو، ئەم سەربەستی و سەربەخۆییەی خۆمان بستێنینەوە. جا بۆ ئەمەی لەوە دڵنیا بین کە دەگەڕێینەوە سەر شێوە ئەمریکاییە کۆنەکەی خۆمان لە ژیاندا، هەروەها بۆ ئەمەی لەوە دڵنیابین کە بارستایی ژیانی ئێمە و هەموو لایەک لە ژین و گوزەراندا بەرز دەبێتەوە، پێویستە خەریکی ئەوە بین کە جیهانێکی وا دروست بکەین، هەرچی نەتەوەیەکی تیایە بەسەربەستی و ئازادیی و سەربەخۆییەوە بژی».

***

ئەم قسەی ئاشکرایە، گەلێک کەسی خستە سەر کەموکوڕیی دەرخستنی و لێدوانی. هەندێ لەو لێدوانانە ڕقی پیاوی هەڵدەساند و تووڕەی دەکرد. لەگەڵ ئەمەشا، زۆربەی ئەو کارەی کردی لە دڵ و دەروونی ئەم و ئەو، دڵمی زۆر خستە خۆشییەوە. ئەوەیش سەبارەت بەوە بوو، کە ڕاستیی هەستەکەی منی دەرخست لە بابەت بیروباوەڕی گشتییەوە، کە کاتێ هێز و هەڕەت دەستێنن و تەوژم دەدەن، بەبێ دەنگی و سەنگییەکەوە تەواو کار دەکەن لە دڵ و دەروونی هەمووان، بەتایبەتی لەپێش هەموو کەسێکا کار لە دڵی زۆر کەس لە سەرکردەکان و پێشەوانمان دەکەن لە بابەت ئەم گیروگرفتانەوە کە لەپێش دەمماندان. بێ گومان زۆری پێ ناچێ پاڵمان پێوە دەنێن کە لەبەردەم هەموو جیهاندا باوەڕەکانی خۆمان پێ لێ بنێین و ئاشکرایان بکەین. ئێمە، هەموومان، بەپەرۆشەوە ئارەزوو دەکەین کە ئامانجەکانی جەنگ دیاردیی کرێن. هیوایشمان وایە کە ئەو قسە زلانەی کردومانن، لەکاتی ئاشتیدا بچووکتریان لێ بیتەوە، تاکو لە تەنگ و چەڵەمەی پاکانە کردنی گران و نرخ زۆر خۆمان بپارێزین، واتا ئەو تەنگ و چەڵەمەیەی کە لە دامەزراندنی ئازادیی ڕاستەقینە و پاراستنی ئازادییەوە لەناو نەتەوەکاندا، پەیدا دەبێ.

ژمارەیەکی زۆر لە پیاوان و ژنان، لەکاتی گفتوگۆکردندا لێیان دەپرسیم: «ئەی لە بابەت هیندستانەوە چی دەکرێ؟» ئەم پرسە کە لە هەموو لایەکی ئاسیادا دووبارە دەکرێتەوە، هەر لە ئەفریکاوە هەتا دەگاتە ئەلاسکا، ئەوانەی دەمدین لێیان دەکردم.

من نەچوومەتە هیندستان. نیازیشم نییە کە لەم گیروگرفتە سەخت و گرانە بدوێم. ئەوەندە هەیە، لە ڕۆژهەڵاتدا هەمووی، یەک شێوەی هەیە، وا جوانە بیگێڕمەوە. چونکە لە قاهیرەوە تا هەموو لایەک کە پیایاندا گەڕام، ئەم شێوەیەم بەرچاو کەوت.



تێگەیشتووترین پیاوی چین پێی گوتم: «ئەگەر بێتو ئاواتەکانی هیندستان بۆ ئازادیی، بخرێنە ژێر لێوەوە و دوابخرێن بۆ ڕۆژێکی تر لە دوارۆژدا، نەک هەر بەریتانیای گەورە، بەتەنیا، بەڵکو خاکە یەکگرتووەکانی ئەمریکایش لەناو ڕۆژهەڵاتی ئەوپەڕدا لە ڕێزی کەم دەبێتەوە».

ئەم پیاوە تێگەیشتووە، دوژمنی داگیرکەریی بەریتانیا نەبوو، لەو ڕۆژەدا کە ئەم قسەیەی دەربڕیی. ئەو لەو کەسانە نییە، کە باوەڕ بکات بەداگیرکەری بەریتانیا، لەگەڵ ئەوەیشا لەو بابەتەوە ورتەیەکی نەکرد. ئەو ئەوەی پێ دەگوتم کە ئەگەر ئێمە کەینەوبەینەی ئازادیی هیندستان بخەینە پشتگوێ، ئەوەندەی نامێنێ کە لە هەموو ڕۆژهەڵاتا بەدناو ببین. ڕۆژهەڵاتییەکانیش کە حەز دەکەن پشتمان پێ ببەستن، لێمان کەوتوونەتە دوودڵییەوە. ئەوان، هەرچەند دەکەن، لە نیازی ئێمە دڵنیا نابن لە بابەت ئازادیی هیندستانەوە، لە بابەت هەستی ئێمەوە دەربارەی سەدان ملیۆن کەس لە نەتەوە ڕۆژهەڵاتییەکانی تر، کە لە پاش بڕانەوەی شەڕ، چۆن دەبێ؟ هەرچەند دەکەن، لە قسە پڕپێچ و پەناکانمانەوە، لە قسە دەمدەمییەکانمانەوە، لە مەبەستمان تێ ناگەن، ئاخۆ لەسەر ڕاستیی سەربەستی دەکەینەوە کە لە دڵی خۆمان دایە.

هەندێ لەو شاگردانەی کە پەنایان هێنابوو بۆ چین، کە هەزار میل لە نیشتمانەکانیانەوە دوور بوو، لێیان پرسیم: ئاخۆ لە پاش جەنگ خەریک دەبین (شانگ های) وەربگرینەوە یان نا. لە شاری (بێروت)یشدا لوبنانییەکان لێیان ئەپرسیم: ئاخۆ خزمەکانیان لە (بروکلین)دا دەسی یارمەی درێژ دەکەن کە هێزەکانی ئینگلیز و فەرەنسز بخەنە سەر ئەوەی لە پاش بڕانەوەی جەنگ لە سوریا و لوبنان بار بکەن، تا دانیشتوانی ئەم دوو خاکە بتوانن کاروباری نیشتمانەکانی خۆیان بەدەستی خۆیان هەڵبسوڕێنن سێیەکی لوبنانییە ئاوارەکان لە خاکە یەکگرتوەکانی ئەمریکادان. لە ڕاستیدا، چە لە ئەفەریکدا، چە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، چە لە خاکەکانی عەرەبەکاندا، هەروەک لە چین و هەموو ڕۆژهەڵاتی ئەوپەڕدا چاوم پێ کەوت، واتای ئازادیی ئەوەیە کە لەسەر پێڕەوییەکی دروست، یاسای داگیرکەریی (استعمار) بەڕێکوپێکی لەناو ببرێ. جا حەزی پێ بکەین، یان حەزی پێ نەکەین، ئەم قسەیە ڕاستە.

لە ڕاستیدا (کۆمۆن وێلثی بەریتانیا) کە بۆ نەتەوە ئازادەکان دامەزراوە، لە هەموو جیهاندا بەوێنەیەکی پەسەند دانراوە، وەک ڕێوشوێنێکی ڕێکوپێک خراو کە بەکاری بەدیهێنانی ئەم ئاواتانە بێت. جا سەرگرتنی ئەم تاقیکردنەوە گەورەیە، ئەبێ ببێتە هۆی

هاندانی خاکە یەکگرتووەکانی ئەمریکایش، کە پێڕەویی ئەم پێڕەوییە بکەن بۆ چارەکردنی گیروگرفتەکانی فەرمانداریی خۆیی (حکمی زاتی)، لە جیهاندا، کە دێنە بەردەمیان. ئەمەیش سەبارەت بەوەیە، کە لە جیهاندا هێشتا زۆر خاکی گەورە گەورە ماون، یاسای داگیرکەریی (نظامی استعمار) دەیانبات بەڕێوە. بەریتانیای گەورەیش، لەگەڵ ئەوەیشدا کە (یاسای کۆمۆن وێلث)ی هەیە[1]، هێشتا گەلێک خاکی داگیرکراوی خۆی لەژێر دەستدایە، کە پاشماوەی شاهەنشاهێتییەکەیەتی، یان فەرمانداریی‌یەکی خۆیی کزیان هەیە، یان هیچ فەرمانداریی‌یەکی خۆییان نییە. کەچی نەتەوەی ئینگلیز، بەملیۆن کەسی وای تیایە، چە لە ئینگلتەرا خۆیدا، چە لە خاکەکانی (کۆمۆن وێلث)دا، بەهەموو کوڵی دڵی خۆیانەوە، بەهونەرمەندییەکی یەجگار تەواوەوە، تێ دەکۆشن بۆ ئەوەی ژمارەی ئەم پاشماوەی خاکە داگیرکراوانە کەم بکەنەوە و، لەجیاتی یاسای (داگیرکەریی)، یاسای (کۆمۆن وێلث)یان تیا دابمەزرێنن.

هەر ئینگلیزەکانیش نین، کە خاکی داگیرکراویان لە ژێر دەستدابێ. فەرەنسزەکان هەتا ئێستاش داوای دامەزراندنی شاهەنشاهێتییەک دەکەن کە لە ئەفریکا و هیندی چینی و ئەمریکای خواروو و دوورگەکانی ئەم پەڕ و ئەوپەڕی جیهاندا جێگیربێ. هۆڵاندەییەکانیش هەتا ئێستا خۆیان بەسەرداری خاکی گەورە گەورە دادەنێن. لە دوورگەکانی هیندی ڕۆژهەڵات و زەوییەکان ڕۆژئاوادا. (پورتوگال)ییەکان و (بەلژیکا)ییەکانیش لەگەڵ گەلێک فەرمانڕەوایی تردا خاکی داگیرکراویان لە ژێر دەستدایە. ئێمە خۆیشمان، هەتا ئێستا، ئەو پەیمانەمان نەداوە بەنەتەوەکانی ناو دوورگەکانی هیندی ڕۆژئاوایی، کە ئازادییەکی تەواویان دەدەینێ. کەچی ئۆباڵی ئەوەیشمان خستۆتە ئەستۆی خۆمان. بێجگە لەوەیش هێشتا، داگیرکەریی ناوخۆمان ماوە، لەناو نیشتمانەکەی خۆماندا.

## داگیرکەریی خۆمان لە نیشتمانەکەماندا

لەناو ئەو داگیرکەرییانەدا[1]، کە لەناو جیهاندا هەن و لەمەیش ناوم بردوون، داگیرکەریی خۆیشمان هەیە. ئەم جەگە گەلێک ئاسۆی نوێی بۆ کردووینەتەوە – ئاسۆی نوێی خاک و زەوی و، ئاسۆی نوێی بیروباوەڕ. ئێمە نەتەوەیەک بوین، زۆرتر خوومان

(١) مامۆستا لێرەدا (یاسا) بۆ جۆری حوکم (ڕژێم) بەکاردێنێ.

(١) داگیرکەریی: ئیمپریالیزم (إستعمار).



دابووە پرۆژەکانی ناوخۆ و بەوانەوە خۆمان خەریک کردبوو. کەچی لە پڕ گۆڕاین و بووینە نەتەوەیەک، لەپێش هەموو شتێکا خوومان دایە ئەو خاکەکەی کەوتوونەتە پشت زرێکانەوە شارەکانی ڕووسیا و بۆرما و تونس و چین، لە پێش هەموو شتێکا، لەلایەن ڕۆژنامەکانمانەوە ناویان دەبرێ و لێکۆڵینەوەیان دەربارە دەکرێ. زۆربەی ئەو نامانەیش کە دێن بۆ خێزانەکانمان و بەپەرۆشەوە دەیانخوێنینەوە، لەو لاوانەمانەوە دێن کە کەوتوونەتە خاکەکانی ئاوسترالیا و، گینیای نوێ و، دۆڵی جۆگا و ئێرلاندە و، باکووری ئەفریکاوە. کاروباری ئێمە و کاروباری ئەوان یەک دەگرێ. دەبێ لەوەیش دڵنیابین، کە ئەوانە لە شەڕ بوونەوە و، لەم پەڕ و لەوپەڕی جیهانەوە هاتنەوە، بەو چەشنە ناگەڕێنەوە نیشتمانەکەی خۆیان کە ئەمریکاییەک لەلادێوە دەگەڕێتەوە. هەروەها ئێمەیش لەم بەرگەدا نابیننەوە. ئاخۆ مەبەس لەم قسانە چییە؟؛ مەبەس ئەوەیە کە ئێمە هەرچەندە شان بەشانی شەڕی جیهانیی یەکەم دەستمان کرد بەگەشەکردن و گەورە بوون، بەڵام ئێستاکە کەوتوینەتە گۆڕانێکی تەواوەوە. خەریکین لە نەتەوەیەکی هەرزەکارەوە کە هەر خەمی کاروباری ناوخۆی دەخوارد، ببینە نەتەوەیەکی تێگەیشتوو و پێگەیشتوو، کە کاروبارێکی فەرمانڕەواییانەی هەبێ و ڕێگایەکی جیهانیی گرتبێ.

ڕێگای جیهانی ڕاستەقینەیش، پێچەوانەی داگیرکەریی بێگانەیە، بام بیری فەرمانڕەواییە داگیرکەرەکەیش زۆر بڵند بێ. هەروەها پێچەوانەی ئەو جۆرە داگیرکردنەیشە کە جاروبار لەناو نەتەوەی فەرمانڕەواییەکە خۆیدا پەیدا دەبێ. ئازادیی وشەیەکە پارچە پارچە نابێ. جا ئەگەر بمانەوێ خۆشیی لێ وەرگرین و لەپێناویا خۆمان بەکوشت بدیەن، پێویستە لەسەرمان کە خۆمان ئامادەی ئەوە بکەین بیبەخشین بەهەموو کەسێک. سا ئەو کەسانە دەوڵەمەندبن، یان هەژار، لەگەڵمان دابن، یان لەگەڵماندانەبن، ڕەگەزیان هەرچۆنێک بێ، ڕەنگی پێستیان هەرچی یەک بێ، پێویستە ئازادییان پێ ببەخشین ئێمەیش ئەگەر دەروونمان زیندووبێ، ناتوانین لە بەریتانیا چاوەڕوانی ئەوە بکەین کە پێڕەوییەکی دروست دابنێین بۆ ئازادکردنی هیندستان، بێتو ئەگەر لەپێش ئەواندا لە کانی دڵمانەوە بڕیاری ئەوەمان نەدابێ و خۆمان ئامادە نەکردبێ بۆ ئازادکردنی گشت دانیشتووانی ئەمریکا. لەم جەنگەدا لەگەڵ چوارسەد ملیۆن کەس لە چینییەکان سوێندخواریمان کردووە. سێ سەد ملیۆن کەسیشمان لە هیندستاندا کردووە بەدۆستی خۆمان. هەروەها دانیشتووانی فیلیپین و جاوە و دورگەکانی هیندی ڕۆژهەڵات و باشووری ئەفریکایش شان بەشانی ئێمە شەڕ دەکەن. ئەم نەتەوانە، هەموو، پێکەوە، نزیکەی نیوەی

دانیشتووانی جیهان دەبن. زۆربەی ئەمریکاییەکان خزمایەتییەکی ڕەگەزییان لەگەڵ ئەوانەدا نییە. بەڵام ئێمە لەم جەنگەدا ئەوە فێر دەبین کە نە دابەش کردنەکانی ڕەگەزایەتی نە پەیوەندییەکانی نەتەوایەتی، ئەوانە هیچیان مرۆڤایەتی بەیەکەوە نانوسێنن. بەڵام بیرکردنەوە گشتییەکانیان و ئامانجە نزیکەکانیانە بەیەکتر، کە ناوەندیان خۆش دەکات و دەیاننوسێنێ بەیەکترەوە.

ئێمە ئەوە فێر دەبین کە نەتەوەیەک، بەڕەنگیا تاقی ناکرێتەوە، بەئامانجەکەیا تاقی دەکرێتەوە. تەنانەت ئەو دیوارە بەرزەیش کە (هتلەر) دایمەزراند بوو لە کۆڕی ڕەگەزایەتیدا لەلایەن ئامانجی دوولایی خۆی و (ژاپۆنییەکان)ەوەکە ناوی دانابوون بە(ئاریی)[1]، ڕووخا. ئێمەیش سوێندخوارانی سروشتیمان هەیە. لەسەریشمان پێویستە، چە ئێستا، چە لەمەوپاش، چارەنوسی خۆمان ببەستین بەچارەنووسی نەتەوەکانی ترەوە، بێ ئەمەی تەماشای ڕەگەز و ڕەنگیان بکەین، بەمەرجێ لەوانەبن کە ئازادیی بەمافێکی سەرەتایی دابنێن بۆ خۆیان و بۆ نەتەوەکانی تر. پێویستە هەر لە ئێستاوە و هەتا هەتا، لەگەڵ ئەو نەتەوانەدا واز لە ئایینی داگیرکەریی بهێنین، کە هەر ئەوە جیهان دەخاتە جەنگێکەوە کە هەرگیز بڕانەوەی نەبێ بام جارێکی تریش ئەوە بڵێمەوە کە نە ڕەگەز، نە ڕەنگ، هیچ کامێکیان بڕیاری ئەوە نادەن، کە لەم زۆرانبازییەدا چە نەتەوەیەک سوێندخوارە[2] و چە نەتەوەیەک دوژمن. لە ڕۆژهەڵاتیشدا وێنەیەکی ئاشکرا هەیە: ژاپۆنیا دوژمنمانە. چونکە دەستدرێژییەکی دڕندانە دەکات بۆ سەر ئەو فەرمانڕەواییانەی کە لە خۆی کزترن[3]. چونکە بیروباوەڕێکی داگیرکەریی هەیە، هۆگریان بوە، بۆ ئەوەی نامەردانە فەرمانڕەوایی بەسەر جیهاندا بکات و بیکات بەدیل، ژاپۆنیا لەبەر ئەوە دوژمنمانە کە هورووژمی زۆردارانەی نابەجێی کردۆتە سەر نەتەوەکانی دراوسێی، تا پێڕەوییە ناپوختەکەی خۆی بەئەنجام بگەیێنێ بۆ زەوی داگیرکردن و دەسەڵات بەهێزکردن.

بەڵام چین دۆستمانە. چونکە ئەویش وەک ئێمە هیچ خەوێک نابینێ بەخاک داگیرکردن و دەسەڵات زۆر کردنی نابەجێوە. چونکە ئەویش نرخ دەدات بەئازادیی و بایەخی پێ دەدات. چین سوێنخواری ئێمەیە، چونکە لە پێش هەموو فەرمانڕەواییەکدا دەستی دایە بەرەنگاری کردنی زۆرداریی و داگیرکەریی و دیل داریی. ئەم دوو نەتەوەیە، هەردووکیان

(١) ڕاستتر: ڕەگەزەکەیانی بە(ئاریەکان) دانابوو.

(٢) لێرەدا مەبەست (هاوپەیمان – متحالف)ە.

(٣) کزتر: لاوازتر، بێ هێز.



ڕۆژهەڵاتین. یەکێکیان دوژمنمانە، یەکێکیشیان دۆستمانە. نە ڕەگەز، نە ڕەنگیش فریان بەسەر ئەوەوە نییە کە ئێمە شەڕی بۆ دەکەین. نە ڕەگەز، نە ڕەنگ، هیچ کامێکیان بڕیاری ئەوەیان نەداوە کە شان بەشانی کامیان شەڕ بکەین. ئەمانە کەینەوبەینەیەکی وان، کە لەم شەڕەدا ڕەگەزی سپی فێریان دەبن. لە ڕاستیدا پێویست بوو هەر لە زوویەکەوە شارەزایان بوونایە. تەنانەت ژاپۆنیای دوژمنیشمان توانی لە بابەت ڕەگەزەوە خۆشی بەهەستمان بگەیێنێ. لە شێوەیەکی دڵ ڕەقانەدا، ئێمەی وریا کردەوە بۆ ئەو ڕاستییە کە ڕەگەزی سپی، ڕەگەزێکی هەڵبژێرراو نییە. هەر لەبەر پێشکەوتن و دەست ڕۆیشتوویییەکەشی نییە، کە کۆنن، کەوا خۆشی لە مافە سەرکەوتووەکانی خۆی دەبینێ لە پیاو کوشتندا. ئێمە ساڵ و نیوێک لەمەوپێش، بەچاوی سووک سەیری ژاپۆنیامان دەکرد، ئەمان گوت ئەگەر ببێتە دوژمنیش بایەخێکی نییە، بەڵام ئێستاکە بەدەمی خۆمان پێی لێ دەنێین، کە دوژمنێکی زۆر گەورەیە، پێویستە هەموو هێزەکانمانی بەرامبەر بوەستێنین چین سوێندخواریشمان، هەر بەو یادکردنەوەیە، کردەوە سووکییەکی خۆمانی بۆ دەرخستین، کە بۆ ئێمە کەڵکی هەیە. چونکە ئەمە پێنج ساڵ پترە، بەرەنگاریی ئەوانە دەکات، بێ ئەمەی چەک و فیشەکێکی ئەم چەرخەی بەدەستەوە بێت. هەتا ئێستایش نەتەوەی چین لە بەرەنگاریی کردنایە، کەچی ئێمەیش هەر خەریکی خۆئامادەکردنین بۆ ئەمەی هاوبەش بین لە بەربەرەکانی و زۆرانبازییدا. ئەو باری وێژەییەی ڕەگەزی سپیی تیا دەژی، خەریکی گۆڕانە. ئەو گۆڕانەیش هەر بەسەر باری ئێمەدا نایەت بەرامبەر ڕۆژهەڵاتی دوور، بەسەر ئەو بارەیشماندا دێت کە لەناو نیشتمانەکەی خۆماندایە.

ئەو کاتەی خاکە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئامانجی داگیرکردنی خاکەکانی دەرەوەی هەبوو، ماوەی زۆر بەسەردا ڕۆیشتووە. بەڵام ئێمە لەناو سنووری خۆیشماندا شتی وامان کردووە کە لە داگیرکەریی ڕەگەزایەتی دەکات.

چونکە هاونتیشمانە سپییەکانمان بەجۆرێکی وا راوەستان لە بەرامبەر قولەڕەشەکانی خۆماندا، مەگەر داگیرکەرییەکی یەجگار خراپ ئەو کردەوانەی لێ وەشابێتەوە. بەناوی ڕەگەزایەتییەوە، خۆیان بەرز دەکردەوە بەسەریاندا، ئارەزووی چەوساندنەوەی نەتەوەیەکی بێ دەسەڵاتیشیان دەکرد. پاکانەی ئەو کردەوانەیشمان بەوە دەکرد، کە دوارۆژمان بەچاک دەگەڕێ. جاروبارێکیش وا دەردەچوو. بەڵام داگیرکەری ڕاستەقینەیش هەر بەو ئەنجامانە دەگەیشت. ئەو باری وێژەییەیش کە لەوە پەیدابوو، هەر ئەو بارەیە کە پیاوە تێگەیشتووەکان ناویان ناوە «دەردی پیاوی سپی». بەڵام ئەو باری وێژەییە خەریکە

بگۆڕێ. چونکە ئەمریکاییە تێگەیشتووەکانی ئیمڕۆ، بەتەواوەتی بۆیان دەرکەوتووە، کە ئێمە ناتوانین بەرامبەر هێزەکانی داگیرکەرانی دەرەوە و بیروباوەڕەکانیان بجەنگین، تا لەناو خۆمان ئەو داگیرکەرییە لە شێوەیەکی تردا هەبێ. ئەم شەڕە، بەم جۆرە، بیروباوەڕی ئێمەی گۆڕیوە. ئەو ئازادکردنەی بەر قولەڕەشەکانی ئەمریکا کەوت چارەکردنێکی ناو جەنگ بوو. ئەوە کردەوەیەک بوو کە سەربازیی بەپێویستی دەزانی بەجێ بهێنرێ. ئەوەیش بەتەواوەتی ئاشکرا بووە، کە وای هەڵ دەگرت ئەم کارە لەو کاتەدا بکرایە، کە جەنگ لە ئارادا نەبوو. ئەبوو لە ڕێگایەکی دامەزراوەوە کاروباری ئەو قولەڕەشانە، بەرە بەرە، بخرایەتە بارێکی چاکییەوە، ئەبوو لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە پێ بگەیێنرانایە و خوێندەواریان تیا بڵاو بکرایەتەوە. کەچی بۆ ئەوەی ئەوە پێک بێت ئەبوو شەڕێکی دڕندانە بقەومێ، تا بکرێ بەبیانوویەک بۆ ئەمەی ئەم گیروگرفتە مرۆڤایەتییە بگاتە شێوەیەکی تەنگ و چەڵەمەوە. لە تاکە کاتێکا، بەرەڵڵاکردنی بەندە لە پێوەندەکانی، پێکهات. ئێمە بەهۆی ئەوەوە کە کەوتوینەتە گێژاوی ئەم زۆرانبازییەی ئیمڕۆوە، ئەوەمان بۆ دەرکەوتووە کە تەگەرە و بەرهەڵستەکان و قینەبەرییەکان، کە لە زۆر کۆنەوە پەیدابوون و ماونەتەوە بەرەو نەمان دەچن. چونکە پاراستنی دیموکراتییەکەمان لە دەست ئەو هێزانەی کە لە دەرەوە هەڕەشەی لێ دەکەن، لەناوی ببەن، کارێکی وای کردووە، کە تاوانەکانی دیموکراتییەکە خۆی، لەناو نیشتمانەکەماندا، بەشێوەیەکی یەجگار ئاشکرا کەوتوونەتە گەڕ، خەریکی کارن.

قسە ئاشکراکانمان کە دەریان دەبڕین لە بابەت ئەو ئامانجانەوە کە لەپێناویاندا شەڕ دەکەین، بەتەواوەتی زۆرداریی و دەستدرێژییەکانی خۆمان دەردەخەن، کە لەناو نیشتمانەکەماندا کردوومانن و ئەیانکەین. کە دەست دەکەین بەقسەکردن لە بابەت سەربەستی و هەل هەڵکەوتنەوە بۆ هەموو نەتەوەکان، قسەکان و کردەوەکانمان ئەوەندە لەیەکتری دوور دەکەونەوە، ئەوەندە بەئاشکرا یەکتری بەدرۆ دەخەنەوە، وەک بەچاوی سووک سەیری نەتەوەکان بکەین وا دەردەکەون، ئەمەیش کارێکە کە زۆری پێ ناچێ چەندوچوونمان لەگەڵ دەکرێ. ئەگەر ویستمان لە بابەت سەربەستییەوە قسە بکەین، پێویستە مەبەسمان سەربەستیی کەسانی تر بێ وەک سەربەستیی خۆمان. پێویستە مەبەستمان لە سەربەستی ئەوەبێ، کەس بۆ هەموو کەسێک بێ، چە لەناو سنووری خۆمان دابێ، چە لەناو سنووری نەتەوەکانی تردا. چونکە لەکاتی جەنگدا، ئەمە نرخی هەیە، ئەمە بایەخێکی پێ دەدرێ.



لە ڕاستیدا هەڕەشەی کەمایەتییەکانی ڕەگەز و ئاین، تەنانەت زرنگکاریش، کە لەکاتی جەنگدا پەیدا دەبن لەس دوو لاوە ڕوودەدەن. یەکەم: لەس زۆرەملێ کردنێکی گشت لایی تووڕەوە پەیدا دەبێ، کە دەیانەوێ ئەو کەمایەتییانە دوای ئەندازە و پێوانەی زۆربەی نەتەوە بکەون. دووەم: لە زیندوو کردنەوەی دوودڵی ئەو نەتەوانەوە پەیدا دەبێ، کە هەستی دەروونیان وروژێنراوە و لە ڕووی ڕەگەز و ئاینیشەوە کە جیاوازن لە نەتەوەکەی تر، هەموو دەم کردەوەکانیان بەزۆرداریی دەدەنە قەڵەم ئەوکاتە کەمایەتییەکان، تووشی ئەوەدێن، کە بەناوی شەڕ هەڵگیرساندنەوە بەدناو بکرێن، یاخود بەناوی ئەو شتانەوە کە لە شەڕ هەڵگیرساندن پەیدا دەبن وەک تێکچوونی کۆمەڵایەتی و ئاژاوە و پشێویی. بێجگە لەوە دەیشخرێنە ژێر لێکۆڵینەوە و پشکنین و پرسیارێکی تونگ و تیژەوە[1]، تا بزانرێ ئەو کەمایەتییانە بۆ کەڵکی خۆیان ئەمەیان کردووە یان نا.

لەو بارە دەروونییەدا کە لەکاتی جەنگدا هەموو لایەک دەگرێتەوە، هەموومان بەو شێوەیەوە ڕادێین کە دڵ لە مرۆڤی نائاسایی کرمێ بکەین، هەرچی کردەوە نەنگییەک دەدرێتە پاڵ ئەوانەی لەگەڵ دوژمندا ڕێک دەکەون و گەلەکۆمەکی دەکەن، ئەوەیش بەوانە دەگوترێ. چونکە ئەوانەی دوای کڵاوی بابردوو دەکەون، دوور نییە کە لەناو هەمووکۆمەڵایەتییەکدا دەربکەون. بۆ ڕاستیی ئەم قسەیە بەڵگەیەکمان بەدەستەوەیە. لەو جەنگەدا کە لەساڵی (١٨١٢)دا تێی کەوتبووین، لاوێک گیرا و بەدناوکرا[2] بەوەوە کە دوژمن ئاگادار دەکات لە کەینەوبەینە و ڕازی جەنگ،

هەر لەسەر ئەوەی کە دڵی لێ کرمی کرابوو: «لەبەرئەوەی کە قەمچییەکی درێژی بەدەستەوە بوو، چەند دوگمەیەکی پتر لە ئەندازەشی بەشەڕواڵەکەی خۆیەوە دووریبوو».
جا کە کاروبار تێک بچێ، کۆمەڵ، لەسەر خووە کۆنەکەی خۆی، داوای کەسێک دەکات کە تاوانی کەسێکی تری بخاتە ئەستۆ، لەپێش هەموو کەسێکیشا بەدوای کەمایەتییەکاندا دەگەڕێن. ڕەنگە ئەم جۆرە کردەوانە، هەموویان، لەم چەرخەدا، بەکردەوەی پڕوپوچ دابنرێن. کەچی جۆرە دەمارتوندییەک و خۆپەرستییەک لەگەڵ تەنگەتاوکردنێکدا ئەبینین، لەناو هەندێ خاکدا، کە جاران بەخاکی ڕۆشنبیر دادەنران. هەروەها هێرشێکی دڕندانەیشمان بەرچاو دەکەوێت کە لە (سامی)یەکان دەکرێت، وا خەریکە لە خاکەکەی خۆیشماندا دەست پێ بکات. چاک وایە هەموو دەمێک ئەوەمان لەبیردابێ کە ئێمە ئیمڕۆ ئەو جەنگە

(١) بەڵکو: توندوتیژەوە.

(٢) تاوانبار کرا بەوەوە... (أتهم به...).

دەکەین، کە دەمارتوندیی و خۆپەرستی و زۆرداریی لەناودا نەهێڵین، چونکە ئەگەر شەڕەکەمان دۆڕاند، بەشێکی زۆرمان لەو کردەوە بەدانە لەگەڵ دەکرێ. خۆ ئەگەر هاتوو ماوەمان دا بەو کردەوانە، کە لەناو نیشتمانەکەماندا پەرەبسێنن، کەس لەوە کەڵک وەرناگرێ دوژمنەکانی دەرەوەمان نەبن کە بەرامبەریان ڕاوەستاون لە شەڕدا. چونکە ئەو چەکەی شەڕی پێ دەکەین، بەو کردەوە خراپانەمان، یەجگار لە کەڵک دەکەون. نەتەوەکەی ئێمەیش، هەر لەیەک ڕەگەز و یەک ئایین و یەک کەلەپووری خوێندەواریی پێک نەهاتووە. لە ڕاستیدا بریتییە لە کۆمەڵەیەکی سی نەتەوەیی، کە ئایین و، باوەڕ و، ڕاستی پەرستی و، نیشتمانی مێژوییان جوێ جوێیە. بەڵام ئەو شتەی کە پێکیەوە بەستوون، پشت بەستنیانە بەدەزگا دیموکراتییەکانمانەوە، هەر وەک لە بەندەکانی (پەیماننامەی سەربەخۆیی)دا دیاریی کراوە و، لە (دەستوور)یشدا دان بەو مافانە دانراوە کە پارێزگاریی بکرێن بۆ خۆیان و بۆ نەوەکانیان.

لە ڕاستیدا دەستووریی یەکێتیی خاکەکانمان، سەربەستیی تیایە – سەربەستیی کەس لە خواناسیدا بەئارەزووی خۆی، لە فەرمانکردندا بەئارەزووی خۆی، ژیان و بەخێوکردنی منداڵەکانیشی بەئارەزووی خۆی.

ئینجا ئەگەر سەربەستی، بەهەموو کەس ببەخشرێ، پێویستە هۆی بنچینەیی بۆ دروست بکرێ، بۆ پاراستنی، بەو مەبەسەی کە هەتا دەتوانرێ پەرەی پێ بدرێ و بڵاو بکرێتەوە بەناو هەمووواندا. نابێ ماوەی کەسیش بدرێ کە ئەو هیوایەی ببێ، ناز و جیازی دەست بکەوێ، بۆ ئەمەی دەستدرێژیی بکات بۆ مافەکانی کەسانی تر. جا لەگەڵ ئەوەیشدا کە بیرۆکراتە زیان بەخشەکانمان و کۆڕە یاسادانەرەکانمان کە هەندێ جار لە گێژاوی گیانبازییدا نوقوم ئەبن، کاری خۆیان دەکەن؛ هەروەها لەگەڵ ئەوەیشدا کە یاسای بۆرەپیاوان گڕدەسێنێ، بەڵام لێرە، لە ئەمریکادا لە ماوەیەکی سەد و پەنجا ساڵیی تاقی کردنەوە و ڕاست کردنەوەی ئەو یاسایانەدا، توانیومانە شێوەیەکی سەربەستیمان دەست بکەوێ، کە لە هەموو شێوەیەکی ناو مێژوو دروستتر دەرچووە. ئەو بارە خراپانەیش کە تێیان کەوتوین و خەفەتمان پێوە خواردوون، خۆشبەختانە، باری دەمدەمی بوون، لەناکاو پەیدا بوون، کەم ڕوویان داوە، هەموولایەکیان نەگرتۆتەوە....

لە ناوەند ساڵەکانی (١٨٢٠) و (١٨٩٠)دا، زۆرتر لە (١٥,٠٠٠,٠٠٠) پانزە ملیۆن کەس ڕەویان کرد بۆ خاکەکانی گوێ ئاومان[١].

(١) گوێ ئاو: کەنار دەریاکان (السواحل).



دەبوو ژمارەیەکی زۆرتریش لەوە، لە (٢٤) ساڵەکەی پێش جەنگی دواییدا بگەیشتنایە خاکەکەمان. بەواتایەکی تر، خۆشیمان لە دوو سەد ساڵێکی ڕەوکردنی نەتەوەکانی تر دیی بوو خاکەکەی خۆمان کە چست و چالاکییان تازە دەکردینەوە، کە خوێنی تازەیان دەهێنایە ناومانەوە، کە تاقیکردنەوەی تازە و بیروباوەڕی تازەیشیان دەخستە نیشتمانەکەمانەوە. لێرەدا: ژمارەیەکی گەورە لە کۆمەڵەکانی کەمایەتییەکان کۆبوونەوە هەموویان لە بۆتەیەکا توابوونەوە، بۆ ئەمەی نەتەوەیەک دروست بکەن. لە ڕاستیدا نەتەوەیەکی بەهێزمان دروست کرد. چونکە ئەوانەی کۆچیان کردبووە نیشتمانەکەی ئێمە، بەسایەی شێوەی فەرمانڕەواییەکەمانەوە، لە هۆیەکانی پشێویی و ئاژاوە دوور خرابوونەوە، پێویستیان بەوە نەبوو کە هەمووددەم لە بەربەرەکانی و شەڕوشۆڕدابن لەگەڵ یەکتری، لەبەر ئەوە وەک هاوبەشێک هاتنە ناوەوە، ئەوانیش لەگەڵ ئێمەدا دەستیان دایە دامەزراندنی ساختمانی نەتەوەکە و پشت قایم کردنی. وایشم بۆ دەردەکەوێ کە بڵندیی شارستانێتییەکەمان لەوەوە پێک نەهاتووە کە شتومەکمان دۆزیوەتەوە، دامان هێناوە، یان پێشکەوتنە گەورەکەی پیشەسازیمان هێناوەتە کۆڕەوە، بەڵام لەوەوە پەیدابووە، کە ئەم هەموو نەتەوانەی لە ئەمریکادا کۆبوونەتەوە، بەبیروباوەڕ و ئاین و ڕەگەزی جوێ جوێوە، توانیویانە لێرەدا بەتەنیشت یەکەوە بژین، بەتێگەیشتنێکەوە لەیەکتری و بەڕێز لەیەکگرتن و یارمەتیدانی یەکترەوە گوزەران بکەن.

جا ئەگەر بمانەوێ پێچەوانەی ئەم یاسا ئەمریکاییە ببینین، هەر ئەوەندەمان بەسە کە سەیرێکی دەست درێژییە سەربازانەکەی[١] (هتلەر) و، ئۆتۆکراتییەکەی ژاپۆنیا و، دیکتاتۆرییە فاشیستییە رزیوەکەی ئیتاڵیا بکەین. لە ڕاستیدا چیرۆکی ئەم دە ساڵەی دواییەی ئەڵمانیا، بریتی بوو لە ئازاردانێکی ڕەگەز و ئایین پەرستانە،

دیکتاتۆرێک بەکاری دەهێنا، کە لەسەر زارییدا بانگی دەدا بۆ ئاشتی، بەڵام مەبەسی لەوە ئەوەبوو کە نەتەوەی ئەڵمان هان بداتە سەر ئازاردانی کەمایەتییەکان، ئینجا لەوێوە پاڵیان پێوەبنێ بۆ جەنگ. جا ئەم جۆرە ئازاردانە، نەتەوەی جەرمانی، بۆ چەند ساڵێک بەهێز کردەوە و خستیە سەر خۆ تازەکردنەوەی تەواو. لە ڕاستیدا، شیرازەی کۆمەڵایەتیی پچڕاند و کزی کرد. ئینجا کە شەپۆلی جەنگ پەنگی خواردەوە، زۆرتر لەوە دەچوو کە خۆ کشاندنەوە و خۆ پێچانەوەکەی ئەڵمانەکان کوتوپڕ و تەواو و لەناکاو ڕوویان دا. هەمووددەم

(١) دەستدرێژییە سەربازیەکەی...

لەو باوەڕەدابووم کە پاراستنی مافەکانی کەمایەتییەکان، بەگەرموگوڕیی و کوڵی دڵەوە، کردەوەیەکی وایە، کە تێگەیشتن و دڵتەڕیی دەیخوازێ. ئەمە بێجگە لەوەی کە هۆیەک لە هۆیەکانی بەزەیی پیاهاتنەوەی برایانە لە ئارادابووبێ، یان نەبووبێ یاخود هەستێک لە دڵمابووبی دەربارەی پشتیوانیی بێ دەسەڵاتەکان، لەلایەن دەسەڵاتدارەکانەوە، یان نەبووبێ. ئەویش لەبەرئەوەیە کە کەمایەتییەکان، بەرهەمێکی گەورەیان لێ پێک دێ لە خاکە دیموکراتییەکاندا، بەرهەمێکی وایش کە فەرمانڕەواییە دیکتاتۆرییەکان لە توانایاندا نییە پێشکەشی بکەن. چونکە فەرمانڕەواییە دیکتاتۆرییەکان، چاریان نییە، دەبێ لە کەمایەتییەکان بترسن و لەناویشیان ببەن. کەچی لە سنووری چاوپۆشیی نەتەوەیەکی دیموکراتیدا، کەمایەتییەکان دەبنە سەرچاوەیەکی بێ بڕانەوە، بۆ پەیدابوونی پێشنیازی نوێ، کە بیر و کردەوەی نوێیان لێوە پەیدا دەبێ. ئەوانەی سەرچاوەیەکی هەتا هەتایین هێزێکی تازە بەتازەیان لێوە هەڵ دەقوڵێ. تەنگەتاو کردنی کەمایەتییەکان لە بیرکردنەوەدا، لەگەڵ ماوە پێ نەدانیان کە بیروباوەڕەکانی خۆیان دەربڕن، لەوانەن کە کۆمەڵایەتی وشک بکەنەوە و تەڕیی لە گیانیا نەهێڵن، هەروەها تەگەرەیش بدەن لە پێشکەوتنی. چونکە زۆربەی نەتەوەکە، خۆیشی، هەر کەمایەتییەکانن کە دەیبزوێنن و دەیخەنە گەڕ. هۆشی مرۆڤایەتیش پێویستی بەبیروباوەڕی پێچەوانەی خۆی هەیە، بۆ ئەمەی لە ڕاستی و خواریی و خێچی خۆی تێ بگات.

ئێمەیش، ئێستاکە، لە هەموو کاتێک پتر، پێویستیمان بەوە هەیە، کە لە پێش هەموو شتێکا ئەو ڕاستییەمان بیر بکەوێتەوە کە هەرچەند سەربەستیمان لەوانە بارکرد کە خۆشمان ناوین دەرگای ئەوە لە خۆشەویستەکانمان دەکەینەوە، کە سەربەستیمان لە دەست بچێ.

شێوەی ژیانی گشتمان لە ئەمریکادا، وەک بەرگێکی قایم وایە، کە ورد چنرابێ. ئەو بەرگە لە گەلێک تانوپۆ پێک هاتووە. لە ماوی چەند سەد ساڵێکا، ژمارەیەکی بێ ئەندازە لە ژنان و پیاوان چنیویانە. ئەوانە سەربەستییان خۆش ویستووە. بەئەرکی سەرشان و خوێنی خۆیان توانیویانە بیچنن. ئەم بەرگەیش هەروەک باڵا پۆشێک وایە، چە هەژاربی، چە دەوڵەمەد، چە ڕەش بێ، چە سپی، چە رۆڵەی نیشتمان بی، یان رۆڵەی دەرەوە، هەموویانی پاراستووە. کەواتە بام کارێکی وا نەکەین ئەم بەرگە شڕوپڕ ببێ. چونکە کەس نازانێ، کە دڕا، لە کوێ و کەی، جارێکی تر گەرمی دەبێتەوە!...



## هەر یەک جیهانە

دەمێک نییە ئەوە ڕووی داوە کەمترە لە بیست و پێنج ساڵ، کاتێ کە نەتەوە سوێندخوارەکان سەرکەوتنێکی گەورەیان دەست کەوت بەسەر لەشکرە نهێنگر و دوژمنایەتییەکەی ئەڵمانیای شاهەنشاهێتیی ئەوسادا. لەگەڵ ئەمەیشا، ئەو ئاشتییەی کە پێویست بوو لە پاش ئەو جەنگە، دابمەزرێ، لەپێش هەموو شتێکا لەبەرئەوە دانەمەزرا کە فەرمانڕەوایی، سوێندخوارەکان رێک نەکەوتبوون لەسەر ئەو ئامانجە گشتییانەی کە بەکەڵکی دامەزراندنی ئاشتی بێن لەسەریان. هەروەها ئەو هیوایەیش برا کە ئاشتییەکی جیهانی دابمەزرێ. ئەمە ڕاستە کۆمەڵی گەلان (جامعة الأمم)[1] دامەزرێنرا. بەڵام بێ کەڵک دەرچوو. چونکە ژنان و پیاوان لەناو ئەو نەتەوانەدا، هیچ ئامانجێکی گشت لایییان نەدۆزیبۆوە کە لەسەری رێک بکەون، تەنیا شکاندنی دوژمنی گشت لایییان نەبێ. لەبەرئەوە دەستیان دایە دەمەقاڵێی پڕوپوچ لە بابەت شێوەی دامەزراندنیەوە. هەروەها (کۆمەڵی گەلان) بۆیەکا سەری نەگرت، چونکە لە بنچینەدا هیچ نەبوو ئەوە نەبێ کە چارەکردنێکی (ئینگلیزیی و فەرەنسی و ئەمریکایی) بوو هەر بۆ کەڵکی هەر سێکیان بوو، گیانی داگیرکەریی خۆیانیان تیا شاردبووەوە، لەژێر پەردەی زەرد و سوور و ڕازاوەی نوێدا. مێژووی تایبەتیی خاکەکەیشمان، هەروەک بۆم دەردەکەوێ، بەڵگەیەکی ترمان پێ ئەبەخشێ بۆ سەرنەگرتنی ئەو کارەمان. یەکێک لەو کەموکوڕییانەی هەمانە، وەک لە باری ئیمڕۆماندا دەردەکەوێ، ئەوەیە کە پێویستمان بەدامەزراوییەک هەیە لە زرنگکاریی دەرەوەماندا. هیچ کامێکیش لە هەردوو دەستە (حزب) گەورەکانمان، ناتوانێ ئەوە بڵێ، کە لەسەر پێڕەوییەکی دامەزراو و نەگۆڕاو ڕۆیشتووە، لە کۆڕی یارمەتیدانی جیهانیدا، تەنانەت لەو ماوە کەمەیشدا کە چل و پێنج ساڵەکەی ئەم دواییەی گرتۆتەوە. هەر یەکەیان کەشێکی خۆی هەبوو، کە ڕووکەشێکی جیهانیی بەخۆی دەدا -هەندێ جاریش ڕووکەشی داگیرکەریی بەخۆی دەدا. هەریەکەیشیان کەشی خۆی هەبوو، کە لا تریسکە ڕابوەستی و دوورەپەرێز خۆی ڕابگرێ. ئەو دەستەیەیش کە لە فەرمانداریدا نەبێ، وەک باوە لە زرنگکاریی ئەمریکادا پێشەواکانی ناو (کۆنگرێس)ی، خەریکی بەربەرەکانێی پێڕەویی ئەو دەستەیە دەبێ، کە جڵەوی فەرمانداریی بەدەستەوەیە. جا پێڕەوییەکە هەر چۆنێک بێ، ئەم هەر خەریکی بەرەنگاربوونی دەبێ.

---

(١) بەڵکو: عصبه الأمم.

جا بەدرێژایی ئەم ساڵانەی کە تێپەڕیون، زۆر کەس لە هەردوو دەستەکەدا پێیان لەوە ناوە، کە ئەگەر بمانەوێ ئاشتی و خۆشگوزەرانیی ئابووریی تاسەر لەناودا بمێننەوە بەتەنشت سەربەستییەوە، نەتەوەکانی جیهان، هەموویان، پێکەوە، پێویستە لەسەریان، کە ڕێگایەک بدۆزنەوە بۆ دامەزراویی ئابووریی و یارمەتیدانی گشت لایی. لە بڕانەوەی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، یەکێک لە ئەنجامەکانی ئەم ئارەزوانە کە لەژێر سەرپەرشتیی کردنی سەرەک (ودرۆ ویلسون)دا، دەردەکەوتن، پێڕەوییەک بۆ یارمەتیدانی فەرمانڕەواییەکان پیشان درا، بۆ ئەو مەبەسەی کە هەرچی نەتەوەیەک هەیە لە جیهاندا لە زۆرداریی سەربازانە بپارێزرێن، کە پشتی کەمایەتییەکان بگیرێ و بپارێزرێن، بە نەوەی نوێیش دڵنیاییەک ببەخشرێ کە لە توانایدا هەیە کاروباری خۆی بەدەستی خۆی هەڵبسوڕێنێ، بێ ئەمەی جارێکی تر بکەوینەوە ناو جەنگێکی واوە کە ئاگرەکەی وشک و تەڕ پێکەوە بسووتێنێ. بیری ئێمە هەرچۆنێک بێ دەربارەی ناوەڕۆکی دوور و درێژی ئەو پێڕەوییە، یاخود دەربارەی کارەساتەکانی، لە ڕاستیدا کردەوەیەکی بەجێی بەکاربوو، بۆ دامەزراندنی ئاشتیی جیهانی. بێ گومان ئەوە لە توانای ئێمەدا نییە، کە بەتەواوەتی ئەوە پیشان بدەین، ئەو پێڕەوییە تا چە ئەندازەیەک کاری دەکرد، ئەگەر بهاتایە ئەمریکا، دەستی پشت گرتن و یارمەتی و هاوبەشی کارگوزارانەی بۆ درێژ بکردایە.

بەڵام ئێمە لەوە ئاگادارین کە ڕێگایەکی پێچەوانەی ئەوەمان گرتەبەر. ئەوساکە بۆمان دەرکەوت کە ئەو پێڕەوییە بەتەواوەتی هیچوپوچ دەرچوو. پاشان خۆمان خستە ناو دوورەپەرێزییەکی یەجگار سەختەوە، دەربارەی جیهان. زۆر کەس لە پێشەوا نەتەوەییەکانیشمان، چە لە دەستەی دیموکراتییەکان، چە لە دەستەی کۆمارییەکان، دەستیان کرد بەگەڕان بەناو هەموو لایەکی نیشتمانەکەماندا، بڵاویان دەکردەوە بەناو نەتەوەدا، کە ئێمە بەچەواشەکراوییەوە تووشی جەنگ بووین، کە پێویستە ئیتر جارێکی تر خۆمان نەخەینەوە داوی زرنگکاریی جیهانییەوە کە هەر ئەوەی لێ دەوەشێتەوە جارێکی تریش شەڕێکی خوێنین هەڵبگیرسێنێتەوە. ئەوانە بەلایانەوە وابوو، کە خوا چوار دیواری سروشتی بۆ دروست کردوین، دەتوانین خۆمانیان پێ دوور بخەینەوە لە جیهان، کە ئێمەیش هیچ پێویستییەکمان نییە بەوەی کە خۆمان بەکاروباری دڕکاوییەوە خەریک بکەین، بێ ئەوەی هیچ کەڵکێکی بۆ ئێمە تیابێ واتا کاروباری جیهانێکی کۆن کە لەودیو سنوورەکەمانەوەیە.

ئێمە خۆمان لە بازرگانیی جیهانی تەواو کێشایە دواوە. باجی گومرگی وامان دانا، کە



هۆش پەسەندیان ناکات، دەستمان لە خاکی ئەوروپا کێشایەوە. هیچ خەمێکی دواڕۆژیشیمان نەخوارد. کەچی ئەڵمانیا خەریکی خۆ کۆکردنەوە بوو، سەرلەنوێ خۆی چەکدار دەکردەوە. ئێمە (کۆگرەی ئابووری لەندەن)مان تێک دا، کەچی دیموکراتییەکانی ئەوروپاش، فەرەنسایش لە دواوە خۆی دوا دەخست خەریک بوون لە پەرێشانییە ئابوورییەکەیان ڕزگاریان ببێ و ببوژێنەوە. لەگەڵ ئەوەیشا کەلوپەل گۆڕینەوەی فەرمانڕەواییە بێگانەکان، کە لە بارێکی دانەمەزراو دابوو، دانەمەزراوییەکەی هەروەک خۆی مایەوە و بووە بەرهەڵستێکی گەورە لە ڕێگای بووژانەوەی گشتیدا. بەم ڕەنگە ئەم کردەوەیەمان بووە هۆی ئەوەی کە هەلێکی ناوازەمان لە دەست بچێت، کە ئەگەر وامان نەکردایە، دەمانتوانی ببینە گەورەی ئەوانەی کە پشتیوانیی فەرمانڕەواییە دیموکراتییەکانیان دەکرد و گەورەیی و سەربڵندییان بۆ دەگێڕانەوە. هەروەها دەمانتوانی ئەو فەرمانڕەواییانە بەهێز بکەین، تا بتوانین بەرامبەر لەشکرە تاڵانکەرەکەی دوژمن بوەستن، کە خەریک بوو، لەودەمەدا، خۆی کۆ دەکردەوە. ئۆباڵی ئەمە هەر بەئەستۆی دەستەیەک لە دەستە زرنگکارەکانمان نییە. چونکە هیچ دەستەیەک لە هەر دوو دەستەکە[1]، نەهاتە پێشەوە، بەرامبەر کۆمەڵایەتیی ئەمریکا، مەردانە بوەستێ، لە شێوەی دەستەیەکی خاوەن ئامانجی جیهانیدا بوەستی، یاخود وەک دەستەیەک بوەستێ کە داوای تەنیایی و دوورەپەرێزی بکات. جا ئەگەر بتوانین بڵێین کە پێشەواکانی دەستەی کۆمار بوون (کۆمەڵی گەلان = عصبة الأمم)یان لەساڵی ١٩٢٠دا لەناوبرد، ناچار دەبێ ئەوەیش بڵێین کە پێشەواکانی دیموکراتی بوون، بوونە هۆی هەڵوەشانەوەی (کۆگرەی ئابووریی لەندەن) و سەرنەگرتنی لە ساڵی **١٩٣٣**دا.

من باوەڕم بە(کۆمەڵی گەلان) هەبوو. بەڵام حەز دەکەم پەنجە بۆ ئەوەیش بکێشم، کە سەرنەگرتنەکەی لە خاکی ئەمریکادا چۆن پێک هات. لێرەدا و لەم دەمەیشیدا، بەپێویستی نازانم چاکەکان و خراپەکانی بەندەکانی پێڕەوییەکانی کۆمەڵی گەلان دەربخەم. هەر ئەوەندەم دەوێ کە شێوەی سەرنەگرتنی (کۆمەڵی گەلان) لە ئەمریکادا دەربخەم. چونکە ئەو زۆرانبازییە نموونەیەکی تەواومان بۆ دەردەخات لە بابەت سروشتی پێشەوایەتییەکەوە، کە پێویستە لە خاکێکی وەک ئەمریکادا خۆمانی لێ دووربخەینەوە، بێتو ئەگەر وەک نەتەوەیەک، باوەڕ بەجیهانێکی ئازاد و سەربەست بکەین، کە دادپەروەریی بەسەریا زاڵ بێ، کە خۆشی لە ئاشتی وەربگرێ.

(١) هەردوو دەستەکە: هەردوو حزبەکە (دیموکراتی و جمهوری).

(سەرەک ویلسۆن)، لە (ڤەرسای)دا، لەسەر مەرجەکانی ئاشتی دەستی کرد بەگفتوگۆ کردن. هەروەها لە بابەت (پەیماننامەی کۆمەڵی گەلان)یشەوە گفتوگۆی کرد کەچی راوێژێکی بەئەندامە کۆمارییەکان کرد لە کۆڕی ڕیش سپی (مجلس الشیوخ)یاندا. هەروەها نەیشی کردن بەهاوبەش لەو گفتوگۆیانەدا. دەستی دایە ئەوەی کە بیری (کۆمەڵی گەلان)، هەر بۆ (دەستەی دیموکراتی) بمێنێتەوە. ئەم کردەوەیەی (ویلسون) بوو بەهۆی ئەوەی کە زۆر کەس لە (دەستەی کۆمار)، تەنانەت ئەو ئەندامانەیشی کە حەزیان بەبیروباوەڕی جیهانی دەکرد، بەرەنگاریی بکەن. لە پاش گەڕانەوەی (ویلسۆن) بۆ ئەمریکا، بیری (کۆمەڵی گەلان) و (پەیماننامەی کۆمەڵی گەلان) خرایە بەردەم (کۆڕی ڕیش سپییانی خاکە یەکگرتووەکانی ئەمریکا)، کە پەسەندی بکەن و بڕیاری لەسەر بدەن. ئیتر هەر ئەوەبوو، سامناکترین و ناخۆشترین بەشی مێژووی ئەمریکا ڕوویدا. ئەو کارەساتە، یەجگار گەورەبوو، یەجگار پڕ لە دەرد و ئازاربوو. لێرەدا ناتوانم بەدوورودرێژی لەو زۆرانبازییە بدوێم، کە ئەنجامەکەی ئەوەبوو، خاکە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، واز لە سەرکردەیەتیی جیهان بهێنێ و نەیکا. بەڵام ئیمڕۆکە بەپەرۆشەوەین کە لە هەندێ ڕووی گرنگی ئەو کارەساتە ناخۆشەوە بدوێین. لە پێش هەموو شتێکا، ئەوەی پەیوەندیی بەکۆڕی ڕیش سپییانەوە هەیە، کە پێیان دەڵێن (تیپی مردن) یان (ئاشتی نەزان) یاخود (کاوولکەرە دڵڕەقەکان) ئەوانە کۆمەڵێکی وان کە هیچ پەیوەندییەکیان بە (دەستە)یەتییەوە نییە. لە پێشەوایەتییەکەیاندا، ناوی وتاربێژی دیموکراتی: (جێمس. ئای. رید) جێگایەکی پەسند داگیر دەکات، کە هەروەک ئەو جێگا پەسەندە وایە کە ناوی وتاربێژی کۆماریی (بورا) داگیری دەکات. لەوپەڕیشەوە سەرەک (ویلسۆن) راوەستابوو، کەللەڕەقی پیشان دەدا و زۆری لێ دەکردن کە (پەیماننامەکە) بەچاک و خراپییەوە پەسەند بکەن و بڕیاری لەسەر بدەن. لەناو هەردوو لایشدا، کۆنەپەرستەکان (پارێزگارەکان = المحافظون) کۆبوونەوە، هەموو جۆرە کەسایەتییەک و بیروباوەڕێکیان تیابوو، جۆر جۆر و ڕەنگ ڕەنگ بوون، سەر بەهەردوو دەستەکانیش بوون کە (کۆمار) و (دیموکراتی)ن.

ئیمڕۆکەیش ئەوە نازانین، ڕەنگە هەر نەیشتوانین بزانین، کە ئەو پیاوەی ئەوەدەمە پێشەوایەکی کۆماریی بوو بەسەر کۆڕی ڕیش سپییانەوە، کە ناوی (هەنری کابوت لۆدج)ە و هەرچەند ناوی ئەبرێ، شکست و تێکچوونی (کۆمەڵی گەلان)مان دەکەوێتەوە بیر، ئاخۆ بەڕاستی بوو کە دەیویست (کۆمەڵی گەلان) بگرێتە خۆی لەگەڵ خۆپاراستنێکی



پەسەندا، یاخود ئەو خۆپاراستنەی بۆ ئەوە بەکاردەهێنا کە (کۆمەڵی گەلان) لەناو ببات؟!

لەگەڵ ئەمەشا ئەوە دەزانین، کە کاتێ ئەم کەینەوبەینەیە لە کۆڕی ڕیش سپییانەوە گەیشتە هەردوو کۆگرە زرنگکارییەکان کە لە ساڵی ١٩٢٠دا گیران، هیچ کامێکیان (پەیماننامە)کەی بەتەواوی پەسند نەکرد، هیچ کامێکیشیان (پەیماننامە)کەی بەتەواویی بەرپەرچ نەدایەوە؛ وەک سەرۆک لە نیشتماندا پیشانی دابوو. کۆگرەی دیموکراتی ئەو خۆپاراستنانەی لەسەر مێزی وتار گوتنەکەی خۆی بەرپەرچ نەدایەوە. بەڵام مێزی وتاردانی کۆمارییەکان، بەناوی دڵخۆش کردنەوە، بەندێکی پەیماننامەکەی گرتەخۆی. ئەوەندە ئاسانکاریی پیشان دابوو، کە لەگەڵ دۆستەکانی (کۆمەڵی گەلان)دا، کە لەناو ڕیزەکانی کۆمارییەکاندا بوون، بەتەواوەتی ڕێک دەکەوت. هەروەها ئەوانەی بەرەنگاریی (کۆمەڵی گەلان)یشیان دەکرد، جێگایەکی بێ وەییان لەوێدا بۆ خۆیان دۆزیبۆوە.

هەردوو دەستەکە، بەپێچوپەناوە قسەیان دەکرد. هیچ کامێکیان ئەوەی نەدیبوو بەخۆیەوە کە لە شێوەیەکی دامەزراو و راگیراودا بیروباوەڕ و کردەوەیەکی پیشاندابێ، دەربارەی یارمەتیدانی خاکە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەگەڵ فەرمانڕەواییەکانی تردا. ئەم بارە یەجگار بەوە تێکچوو، کە (وارین هاردینگ) ئەندامێکی کۆماریی، هاتە ناوەوە. ئەم پیاوە هەرچەندە ڕووخۆش و ژیرە، بەڵام هیچ بیروباوەڕێکی بنج بەستووی نییە. لەوێیشدا هیچ گومانێک نەبوو، کە (کۆکس) چونکە ناوی لە ڕستەی[1] دیموکراتییەکاندا بوو، بەتەواوەتی پشتی پەیماننامەکەی (ویلسۆن)ی دەگرت. کەچی پێڕەویی دەستەکەیشی ئەوەبوو کە دەرگای (خۆپاراستن)ی کردبووەوە. هەروەها زۆر کەس لە پێشەوا دیموکراتییەکان بەتوندیی بەرپەرچی پەیماننامەکەیان دەدایەوە. بەڵام هیچ کەس لەوە دڵنیا نەبوو، کە ئاخۆ (هادینگ) دەست دەکات بە بەرەنگاری کردنی (کۆمەڵی گەلان)، یاخود نیازی وایە ببێتە پشتیوانی، لە شێوەیەکی مام ناوەندیدا، بەمەرجێ هەڵبژێررێت بۆ کۆڕ. ئەوەی ئاشکرابوو، ئەوەیە کە ئەو هەستی بەوە دەکرد کە دەبێ کەمێک بەرەنگاریی (کۆمەڵی گەلان) بکات، چونکە لە دەست کردی دیموکراتییەکانە. لە گفتوگۆ تایبەتییەکانیشیا بەپێی دڵی ئەم و ئەو وەرامی دەدایەوە. لە بابەت (کۆمەڵی گەلان)یشەوە هیچ قسەیەکی دەرنەبڕی، هەتا ئەنجامی هەڵبژاردنەکان دەرکەوت، ئەوساکە گوتی: «کۆمەڵی گەلان ئێستاکە لە گیانەڵاو دایە».

(١) رستە: لیست، (قائمة).

لە ڕاستیدا وەک تیز پێکردنێک وابوو، کە هەڵبژاردنەکە، لە پێش هەموو شتێکا کەوتە سەر گەلێک کەینەوبەینەی جویّ جویّ چونکە کەینەوبەینەی یارمەتیدانی ئەمریکا لەگەڵ جیهاندا، کە کەینەوبەینەیەکی یەجگار گەورە بوو، خرایە ژێر تاقیکردنەوەوە، لە ژێر چنگی هەڵبژاردنێکا، کە دەستکاریی کردنێکی خۆ جێیی زاڵ بووبوو بەسەریا. ئەوەیش بەسایەی هەڵەی هەردوو دەستەکەوە ڕووی دا. (دەستەی دیموکراتی)، بەبیّ لێکدانەوە، ویستیان باری جیهانی بخەنە ژێر چنگی خۆیانەوە. هەروەها (دەستەی کۆمار)یش بیّ هۆشی لەو کەمتر نەنواند، دەستی کرد بە بەرەنگاریی کردنی (دەستەی دیموکراتی) لەو کەینەوبەینەیەدا. ئەودەمە هاتووە کە دەبیّ سەرلەنویّ، بڕیار بدەینەوە، ئاخۆ ئەمریکا لەناو کاروبارەکانی جیهاندا ئەو جێگا پەسەندە دەگرێت بۆ خۆی یان نا؟ پێویستە لەسەریشمان، کە جارێکی تر نەکەوینەوە بڕیاردان، هەر لەبەرئەوەی کە کەڵکی دەستەیی[1] وای پیّ دەویّ.

من دڵم بەوە زۆر خۆشە، کە ئاگادارم لەوە کە نەتەوەی ئەمریکا، هیچ کاتیّ، نە بەئارەزوو، نە بەهەڵە، کەمتەرخەمی نەنواندووە لەوەدا کە پێڕەوییەک دابنریّ و لەسەری بڕۆین بۆ پێکهێنانی یارمەتییەکی فەرمانڕەواییانە لەناو فەرمانڕەواییەکانی جیهاندا. دوورنییە، نەتەوەی ئەمریکا، بەباشتری زانیبیّ کە هەندیّ دەستکاریی بکریّ لە (ڕێککەوتنە بنج بەستکراوەکەی ڤەرسای)دا. بەڵام هەرگیز ئەوەی نەویستووە کە تێکۆشانی نەتەوەکانی تر بەچاوی سووک تەماشا بکات یان خۆی لێیان دووربخاتەوە. بەڵام لە ڕاستیدا، نەتەوەی ئەمریکا، ئەو پێشەوا و سەرکردانە چەواشەیان کرد، کە خۆیان هیچ بیروباوەڕێکیان نەبوو، بەزمانی (دەستە)کانیانەوە بیریان دەکردەوە، بەتەنگ کەڵکی (دەستە)کانیشیانەوە بوون.

جا ئەگەر خۆ کێشانەوەکەمان لە کاروباری جیهانی، لە پاش بڕانەوەی شەڕی دوایی جیهانی، بووبێتە هۆیەکی وا کە یارمەتیی هەڵگیرساندنی ئەم شەڕەی ئێستای دابیّ، کە یارمەتیی دانەمەزراوی ئابووری دابیّ لەم بیست ساڵەی دواییەدا -کە ئەوەیش ئاشکرایە کە وا بووە- بیّ گومان خۆ کێشانەوەیشمان لە گیروگرفتەکانی جیهانی و لە فەرمانەکانی سەر شانمان بەرامبەر چارەکردنی ئەو گیروگرفتانە، لە پاش بڕانەوەی ئەم شەڕی دووەمی جیهانییە، دەبێتە هۆی ڕوودانی سەرگەردانییەکی گەورە بۆ هەموو جیهان. تەنانەت

---

(١) کەڵکی دەستەیی: بەرژەوندی حزبایەتی.



تەنیایی و دووریی خاکەکەیشمان لە بەشەکانی تری جیهان، وەک بەکارنەیێت وایە، وەک نەبێت وایە.

لە بڕانەوەی شەڕی یەکەمی جیهاندا، یەک فڕۆکە هەڵنەسا و بفڕیّ، تا زریّی ئەتڵەسی ببڕیّ. بەڵام ئیمڕۆکە ئەو زریّ گەورەیە بووەتە ڕێگایەکی بەکارهاتوو. فڕۆکەکانیش بەسەریا فڕکە دەکەن، بەپێی ڕیّ و شوێنێک کە بۆیان دانراوە. زریّی بیّ دەنگ (المحیط الهادئ)یش بووەتە هێڵێکی فراوانتر لە زریّی بادا، ئەوروپا و ئاسیایش کەوتونەتە بن دەرگاکەی نیشتمانەکەمانەوە. کە جەنگ بڕایەوە لەسەر ئەمریکا پێویستە یەکێک لەم سیّ ڕێگایە بگری:

یەکێکیان نەتەوایەتییەکی تەنگ و تەسکە، کە ئەوەیش ئەبێتە هۆی لە دەست چوونی تا سەری ئازادیی خۆمان. یەکێکیشیان: داگیرکەرییەکی فەرمانڕەواییانەیە، کە ئەوەیش دەبێتە هۆی لەناوبردنی ئازادیی نەتەوەیەکی تر، دوور لە نەتەوەکەی خۆمان.

یەکەکەی تریشیان: دروست کردنی جیهانێکی وایە، کە هەلێکی وەک یەکی تیا هەڵ بکەویّ بۆ هەموو ڕەگەزێک، بۆ هەموو نەتەوەیەک. منیش لەوە دڵنیام کە نەتەوەی ئەمریکا، بەجۆرێکی تێکڕایی، ڕێگای سێیەمیان هەڵ دەبژێریّ. جا بۆ ئەمەی ئەم هەڵبژاردنە بێتە جیّ و سەربگریّ، پێویستە هەر بەتەنیا بۆ سەرکەوتنی ناو جەنگ تیّ نەکۆشین، هەروەها بۆ سەرکەوتنی ناو ئاشتیش تیّ بکۆشێین. پێویستیشە کە هەر لە ئێستاوە هەردوو سەرکەوتنەکە دەست خۆمان بخەین.

هەروەک بۆم دەردەکەویّ، بۆ دەستکەوتنی ئاشتی سیّ شت پێویستە ببیّ. یەکەم: پێویستە لە ئێستەوە ریّ و شوێنێکی وا دابنێین بۆ ئاشتی کە لەسەر بنچینەیەکی جیهانی دامەزرابیّ.

دووەم: پێویستە جیهان سەربەست بیّ، چە لە ڕووی زرنگکارییەوە، چە لە ڕووی ئابوورییەوە، بۆ هەموو نەتەوەیەک، بۆ هەموو مرۆڤێک. تا ئاشتی لەوێدا بتوانیّ دابمەزریّ.

سێیەم: پێویستە لەسەر ئەمریکا، دەستێکی کارگوزارانە و بەکەڵکی هەبیّ لە ئازادکردنی جیهاندا و لە پاراستنی ئاسایش و کامەرانیی جیهاندا.

منیش کە ئەڵێم پێویستە بۆ (ئاشتی) ڕێوشوێنێک دابنریّ کە لەسەر بنچینەیەکی جیهانی دامەزرابیّ. مەبەستی تەواوم ئەوەیە کە دەبیّ ئاشتی هەموو لایەکی جیهان

بگرێتەوە. ئەوەیش دیارە کە خاکە هەرە گەورەکان و زرێ هەرە گەورەکان هەریەکە بەشێکن لە هەموو سەر زەوی. من ئەوەم لە ئاسمانەوە بۆ دەرکەوتووە. ئینگلتەرە و ئەمریکا بریتین لە دوو بەش. ڕووسیا و چین و میسر و سوریا و تورکیا و عێراق و ئێرانیش، هەریەکە، بریتین لە بەشێک. ئەوەیش شاراوە نییە، کە ئاشتی لە هیچ بەشێکی جیهاندا دانامەزرێ تا ئاشتی لە هەموو بەشێکی جیهاندا دانەمەزرێ.

ئەمەیش هەر بەوە تەواو نابێ، کە پێشەواکانمان دەست بکەن بەوتار بڵاوکردنەوە، وەک لەکاتی (پەیماننامەی ئەتڵەسی)دا کردیان. لە ڕاستیدا، دامەزراندنی ئاشتی و بنج داکوتانی ئاشتی، لە پێش هەموو شتێکا، بەرێککەوتنی هەموو نەتەوەکانی جیهانەوە پێک دێ. چونکە ئەگەر سەرنەگرتنی لە یەک تێگەیشتن و پێکهاتنی فەرمانڕەواییەکان، کە لە پاش جەنگی پێشوودا ڕووی دا، فێری وانە (درس)یەکی کردبین، بێ گومان ئەم جەنگەش ئەوەمان فێر دەکات کە: تەنانەت ئەگەر سەرکردەکانی جەنگ، لە کاتی جەنگدا، بەدواڵەت لەسەر چەند بیروباوەڕ و ئامانجێکی گشتی ڕێک بکەون، هەر کاتی لەم بەر و لەوبەری مێزی ئاشتییەوە کۆبوونەوە، دەست دەکەن بەلێکدانەوەی قسەکانی پێشوویان، بەپێی ئارەزووی خۆیان. لەبەرئەوە، هەتا نەتەوەکانی ئەمریکا و بەریتانیای گەورە و ڕووسیا و چین و هەموو نەتەوەکانی یەکگرتووی تر، لە کاتی جەنگدا، بەشێوەیەکی دروست و تەواو لەسەر ئەوە ڕێک نەکەون کە بەئامانج و ئاواتی هەرە بەرزی خۆیانیان دەزانن؛ وەک ئەوانەی کە (پەیماننامەی ئەتڵەسی، ناوی بردبوون، بێ گومان ئەو بیروباوەڕ و ئامانجانە هەتا سەر تیزمان پێ دەکەن، هەروەک چواردە بەندەکەی (ویلسۆن) تیزیان پێ کردین. چوار جۆرە سەربەستییەکان، بەوە پێک نایەن کە ئەوانەی بۆ ماوەیەکی کەم دەبنە فەرماندار قسەیان لێوە بکەن. لە ڕاستیدا بەو جۆرە دێنە دی و بەڕاستی دادەمەزرێن، کە نەتەوەکانی جیهان لە شێوەی بوون و ڕووداودا دایبڕێژن.

کە دەیشڵێم پێویستە، لە پێناوی دامەزراندنی ئاشتیدا ئەم جیهانە سەربەست بکرێ، لە ڕاستیدا هەر ئەوە بڕیار دەدەم کە گرەوێکی گەورە دەستی پێ کردووە، هیچ کەسێک، تەنانەت (هێتلەر) خۆیشی پێی ڕاناوەستێتەوە. چونکە بە ژن و پیاوەوە، لە هەموو لایەکی جیهاندا، بەگورجی دەڕۆن بەرێگادا، چە بە لەش، چە بەهۆش، چە بەگیانیانەوە. لە پاش گەلێک سەدەی ناشێتی و نەخوێندەواری و ملکەچی بەد ڕەنگ، بەسەدان ملیۆن کەس لە ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا و ئاسیادا نووسراو (کتێب)یان کردۆتەوە. ئەو ترسانەی لەوەپێش هەیانبوو، نەیانماوە. ئارەزووی ئەوەیشیان نەماوە کە ببنە دیلی ڕۆژهەڵاتی بۆ



دەستکەوتی ڕۆژئاوایی. ئەوانیش پەییان بەو بردووە کە خۆشگوزەرانی مرۆڤایەتی لە جیهاندا بەندە بەکردەوەی خۆیانەوە لەگەڵ یەکتردا. بەتەواوەتی بڕیاریان لەسەر ئەوە داوە، هەروەها پێویستە ئێمەیش لەسەر ئەوە بڕیار بدەین، کە جێگا بۆ داگیرکەریی نەماوەتەوە لەناو کۆمەڵایەتییە تایبەتییەکەی خۆیاندا، لەوەندە پتر کە لە کۆمەڵایەتیی نەتەوەکان دایە. ئەو خانووە گەورەی کە لەسەر گردەکە دروست کراوە، لەناو چەند کۆلیتێکی قوڕدا جوانی و سامەکەی جارانی نەماوە.

جیهانە ڕۆژئاواییەکەمان و گەورەییە سەرزارییەکەمان ئێستاکە لە ژێر تاقیکردنەوە دان. لە ڕاستیدا لەخۆبایی بوون و خۆ هەڵکێشانمان ئاسیا دەخاتە ساردییەوە. لە ئاسیا و چین و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەرچی ژن و پیاو هەیە، ئێستاکە هەست بەهێزی خۆیان دەکەن کە دوور نییە دەستیان بکەوێ. ئەوانیش دەستیان کردووە بەپەی بردن بەوەی کە زۆربەی بڕیارەکانی دواڕۆژ دەکەوێتە دەست خۆیان. ئەوان ئەوەیان دەوێ کە ئەم بڕیارانە، هەموو نەتەویەک لە ژێر چنگی بێگانە دەربهێنێ، ئازادێکی وایش بن کە خۆشی لە گەشەکردنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و گیانی خۆیان ببینن. لە ڕاستیدا ئازادیی ئابووری، لە ئازادیی زرنگکاریی کەمتر نییە. ئەو ئازادییە، نابێ هەر ئەوەندە بێ، کە هەندێک لە بەرهەمی هەندێکی تر کەڵک وەربگرن، هەروەها دەبێ بەرهەمەکانی خۆیشیان، ماوە بدرێن کە بگەنە دەست مرۆڤ لە هەموو لایەکی جیهاندا. جا لەبەرئەوە تا ئەو ڕێگایە نەدۆزینەوە کە بەرهەڵستە نابەجێیەکانی بەردەم بازرگانیی جیهانی لەناو ببەین و هەڵبگرین، کە بوونەتە هۆی تەگەرەپێدانی کەلوپەل گواستنەوە و بەرهەمهێنانی، نە ئاشتی دادەمەزرێ، نە پێشکەوتن و گەشەکردنێکی ڕاستەقینە دێنە ناوەوە، نە دامەزراوییەکی ئابووریش پێک دێ. ئەوەیش دیارە کە لابردنی باجی گومرگ، کوتوپڕ لە پاش بڕانەوەی جەنگ، بێ ئەمەی هەمو لایەک لەسەر ئەوە ڕێک بکەون، لەوانەیە کە سەرگەردانییەکی گەورەی لێ پەیدا ببێ. بەڵام ئەوەیش ئاشکرایە، کە یەکی لەو سەربەستییانەی شەڕی بۆ دەکەین (سەربەستیی بازرگانی)یە. من ئاگام لەوەیشە، کە زۆر کەسی وا هەیە، بەتایبەتی لە ئەمریکادا، کە بارستایی ژیانمان لە ژوور بارستایی ژیانی هەموو شوێنێکی تری جیهانەوەیە، ئەم پرۆژەیە یەجگار تەنگەتاویان دەکات. ئەوانە باوەڕیان وایە، کە کارێکی وا، دەبێتە هۆی نزم کردنەوەی بارستایی ژیانمان لەوەیش بەولاوە هیچی تری لێ پەیدا نابێ. بەڵام ڕاستییەکەی پێچەوانەی باوەڕی ئەو کەسانەیە.

گەلێک هۆی تر هەیە کە گەشەکردنی ئابووریی ئەمریکای یەکگرتووی پێ پێک هاتووە.

بێ گومان زۆربی سامانی نیشتمانەکەمان و، ئەو سەربەستییەی کە دەزگاکانی زرنگکاریمان کەڵکی لێ وەردەگرێ، لەگەڵ ڕەوشت و خوی نەتەوەکەماندا، ئەمانە هەموویان دەستییان هەیە لە پەیدابوونی ئەم گەشەکردنەدا. بەڵام بەلای منەوە وایە کە گەورەترین هۆ ئەوەیە، خۆشبەختانە ئەمریکای یەکگرتوو وا هەڵکەوتووە کە گەورەترین زەوی هەبی لە جیهاندا، ئەو زەوییەیش هیچ بەرهەڵستێکی وای تیا پەیدا نەبووبێ، کە بەربەستی گۆڕینەوەی کەلوپەل و بیروباوەڕ بکات لەناو دانیشتووەکانیا. حەزیش دەکەم، ئەو ترسنۆکانە وریا بکەمەوە و ئەو ڕاستییەیان بۆ دەربخەم کە ناچارم دەری بخەم. بەپێی ئەو ژمارە گەورانەی کە دەستیاوە نیشتمانییەکانمان تۆماریان دەکەن لە بڕانەوەی جەنگدا، هەروەها لە جیهانێکیشا، کە بەهۆی گەشەکردنەکان و پوختەکردنەکانەوە لە پیشەسازی و گوێزانەوەدا، بچووک بۆتەوە، تەنانەت ناتوانین بارستایی ژیانی ئێستاکەیشمان ڕابگرین و بپارێزین، تاکو کەلوپەل و کوتاڵ و شتومەک، لە سەربەستییەکی زۆرتردا، بەرهەم نەیێ و نەگوێزرێتەوە بۆ هەموو لایەکی جیهان. ئەوەیش دیارە، کە ئەو قسەیە راستە کە دەڵێ: بۆ ئەمەی بارستایی ژیانی مرۆڤێک، لە جێگایەکی جیهاندا بەرز بکرێتەوە، پێویستە بارستایی ژیانی هەموو مرۆڤێک لە هەموو لایەکی جیهاندا کەمێک بەرز بکرێتەوە.

لە دواییدا، کە من دەڵێم، ئەم جیهانە ئەوەی دەوێ کە ئەمریکای پشت ئەستوور بەخۆ، بەتەواوەتی هاوبەش بێ لە پێش خستنی جیهاندا، لە ڕاستیدا ئەو بانگە دووبارە دەکەمەوە، کە نەتەوەکانی ڕۆژهەڵات داویانە بەگوێماندا. ئەو ڕۆژهەڵاتییانە دەیانەوێ ئەمریکای یەکگرتوو و هەموو نەتەوە یەکگرتووەکانی تر، هاوبەش بن لەگەڵیاندا، بۆ ئەمەی ئەم کارەسامناکە گەورەیە پێکەوە بەئەنجام بگەیێنن و بیبەنە سەر. ئەوانە وایان لە ئێمە ئەوێ، کە یارمەتییان بدەین لە دروست کردنی کۆمەڵایەتییەکی تازەدا کە لە نەتەوە سەربەخۆکان پێک هاتبێ، هەموویان ڕزگاریان بووبێ لە دەست زۆرداربیە ئابوورییەکانی ڕۆژئاوا و کردەوە خراپەکانی زرنگکاریی ڕۆژهەڵات. بەڵام ئەوانە، وەک هاوبەشانێک کە لەو یەکێتییە گەورە تازەیەدان، وایان لە ئێمە دەوێ کە نە دوودڵ بین، نە بێ دەسەڵات بین، نە بیسڵەمێینەوە. ئەوانە هاوبەشانێکی وایان دەوێ، کە بێ پەروا داوای لابردنی زۆر و ستەم بکەن لە جیهاندا، لە هەرلایەکیا ئەو زۆر و ستەمە ببێ و ڕووی دابێ.

دۆستە سوێندخوارەکانی ڕۆژهەڵاتمان، ئەوە دەزانن کە ئێمە نیازمان وایە هەرچی بەرهەمێکمان هەیە بۆ ئەم جەنگە کۆی بکەینەوە. بەڵام ئەوان وا لە ئێمە چاوەڕوانی دەکەن کە هەر ئێستاکە – نەک پاش بڕانەوەی شەڕ – ئەو هێزە گەورەیەی بەدەستمانەوەیە



بەکاری بهێنین بۆ دامەزراندنی سەربەستی و دادپەروەریی هەروەها هەندێ نەتەوەی تریش هەن، کە لە شەڕدا نین، بەڵام زۆر بەپەرۆشەوە چاوەڕوانی دەکەن، وەک سوێندخوارەکانی ڕۆژهەڵاتمان، کە هەنگاو بهاوێژین بۆ ناو گەورەترین هەلی بزوێنەری مێژوو – واتا هەلی دەستی یارمەتی درێژکردن، بۆ دروست کردنی کۆمەڵایەتییەکی تازەی وەها، کە هەرچی ژن و پیاوێک هەیە لە جیهاندا، ڕێگای ئەوەیان هەبێ، بژین و پێ بگەن و بەخۆرشتی سەربەستی و سەربەخۆییەوە.

برایەوە

١٩٦٥/١٠/١٤

# لەبەردەم دادگا

# ڕاسپۆتین

## چیرۆکی ژیان و کوشتنی ئەو کەشیشە داوێن پیسە فڕوفێڵبازەی
## کە ڕووسیای هێنابووە لەرزین

نووسینی: پاتریک هاستینگز

ئەم نووسراوە

لەم سەردەمەدا کە کوردەوارییەکەمان سەرگەردانی دەستی (زۆرداری) و (نەخوێندەواری)یە و، (ناپاکان) و (هەلپەرستان)یش بۆ کەڵکی ناپوختەی خۆیان ئەو زۆرداری و نەخوێندەوارییەمان دەخەنە کار... بەڵێ لەم سەردەمەدا، هیچ نووسراوێکم لەم نووسراوە باشتر نەدۆزییەوە کە پێشکەشی خوێندەوارانی کوردی بکەم. بەڕاستی چیرۆکی ژیانی (ڕاسپۆتین) کە لە لایەن نووسەری بەناوبانگی ئینگلیز (پاتریک هاستینگز)ەوە نووسراوە، جوانترین (پەند) و بەهێزترین (ئامۆژگاری)مان پێشکەش دەکات، لە بابەت ئەنجامی ئەو فەرمانڕەواییانەوە، کە فەرمانداریەکەیان لەسەر بنچینەی (زۆرداری) و (نەخوێندەواری) دامەزراوە؛ کە ئەنجامی ئەو جۆرە فەرمانڕەواییانەیش هەر بەوە دەگات لەناو لێشاوێکی کەتن و ڕیسواییدا لەناو بچن و سەرئەنگرێ بن؛ هەروەک فەرمانڕەوایی (ڕووسیای سەر بەچار)[1] لەناوچوو، کە ئەوەندە بنچینەکەی چرووک بوو، کەشیشێکی خوێڕیی داوێن پیسی مەیخۆری ڕازدز و ناپاک و چەواشەکار، لە ماوەیەکی کەمدا زاڵ بوو بەسەریدا و، هەموو ڕووسیای ئەوسای بەکەتن و ڕیسواییەکانی خۆی هێنایە لەرزین. چونکە هەروەک ڕووسەکان خۆیان دەیانگوت: (ڕووسیا کەوتبووە ژێر چنگی زۆرداری «چار = قەیسەر»ەوە. چاریش کەوتبووە ژێر چنگی «چار ژن»ەوە.[2]

بەڵام «چار ژن» و «ڕووسیا»یش هەموویان کەوتبوونە ژێر دەستی «زۆرداری» و «نەخوێندەواری»ی «ڕاسپۆتین»ەوە).

بەڵێ ئەو کەشیشە بەدکردارە ناوی (ڕاسپۆتین) بوو. ئەو هێز و دەسەڵاتە ناڕەوایەیشی لەوەوە سەند بوو، کە کوڕە بچکۆلە نەخۆشەکەی (شانشا) و (شانشا ژن)ی لە نەخۆشییە

(١) مەبەست: ڕووسیای قەیسەری.

(٢) مەبەست: ژنی قەیسەر.



گرنگ و گرانەکەی چاک کردبووەوە، کە هیچ پزیشکێکی جیهان بۆی چاک نەکرابووەوە!... کەواتە ئەو هەموو زۆرداری و کەتن و ڕیسواییییە، کە بەسەر خاکی ڕووسیادا هات، لەسەر دەستی (ڕاسپۆتین)دا، ئۆباڵی بەئەستۆی (چار) و ژنی (چار) بووە!...

هاوار و فەریادی زۆرلێکراوان و لێ قەوماوان لە لایەکەوە، ئامۆژگاریی ڕۆشنبیرانی کاربەدەستانیش لە لایەکی ترەوە، زۆر درا بەگوێی (چار) و ژنی (چار)دا... چار تا ئەندازەیەک نەرم بوو کە ئەو کەشیشە دوور بخرێتەوە لە کۆشکی شانشای. بەڵام (چار ژن) نەرم نەبوو!... لەبەر ئەوە باری ڕووسیا تا دەهات خراپتری لێ دەهات. بەڵام خودا لەسەر دەستی شازادە (یوسۆبۆف)دا کە لاوێکی خوێندەواری دادپەروەری نیشتمانپەروەر بوو، ڕووسیای لە دەست ئەو کەشیشە ناپاکە، (ڕاسپۆتین) ڕزگار کرد. کەچی (چار) و (چار ژن) لەبریتی پاداش، (یوسۆبۆف)یان بەخاووخێزانەوە دەربەدەر کرد و، لە گوندێکی خۆیدا جێ بەندیان کرد.[1]

بەڵێ ئەو خێزانە نیشتمانپەروەرە، بەم ئەنجامە ناسۆرە گەیشت، کە هەتا ئێستایش نەتەوەی ڕووس ئەو ژانە لە دڵی نەهاتۆتە دەرەوە. بەڵام خودایش لە تۆڵەی نەتەوەی ڕووسدا کە (یوسۆبۆف) نوێنەرێکی ڕاستەقینەی ئەو بوو، لەو کارەساتەدا چار و کەسوکار و خێزانەکەی تووشی لافاوی کۆمونیستەکانی ڕووسیا کرد، کە لە ساڵی ١٩١٧دا هەموویان لە شێوەیەکی دڕندانەدا کوژران. کەچی (یوسۆبۆف)ی مەرد و ئازا ڕزگاری بوو. بەڵام نەیتوانی لە نیشتمانەکەی خۆیدا بمێنێتەوە، بەئاوارەیی لە شاری (لەندەن)دا گیرسایەوە و، بێ پوول و پارە مایەوە.

جا ئەم نووسراوە کە ناوی (ڕاسپۆتین)ە، لە شێوەیەکی ڕەنگاوڕەنگ و پەسنددا چیرۆکی ئەم هەموو کارەساتانە پێشان دەدات کە لە ڕووسیادا قەوماون: وەک کوشتنی (ڕاسپۆتین) و لەناوبردنی (خێزانی چار) و چەندوچوونکردنی دادگایێکی ئینگلیز لەگەڵ کچە شا (ئێرینا ئەلیکسەندرۆفنا) و مێردەکەی (شازادە یوسۆبۆف)دا لە لایەکەوە، هاوبەشیی (مەترۆ گۆڵدوین مایەر)، کە فیلمی سینەمایی ئەم کارەساتانەی دەرهێنا بوو، لە لایەکی ترەوە؛ کە ئەنجامیش بەوە دەگات کچە شا (ئێرینا) و شازادە (یوسۆبۆف)ی مێردی لە تاوان پاک دەبنەوە و، بەڕووسووری و سەربەرزی و داوێن پاکییەوە لە دادگای ئینگلیز دێنە دەرەوە. بێجگە لەوە پارەیەکی (٢٥,٠٠٠) پاوەندییشیان دەست دەکەوێ لە تۆڵەی

(١) واتە: دەست بەسەریان کرد.

ئەو تاوانەدا کە هاوبەشیی سینەماکە بە ناڕەوا خستبوویە پاڵیان، بۆ کەڵکی ناپوختەی خۆی، کە گوایە (ڕاسپۆتین) داوێنی کچە شا (ئێرینا)ی پیس کردووە.

ئیتر ئەی خوێندەواری خۆشەویست، بۆ خوێندنەوەی چیرۆکەکە بەجێت دەهێڵم، کە هیوادارم کەڵکێکی زۆر و خۆشییەکی تەواوی لێ وەربگریت.

شاکر فتاح

سلێمانی: ١٩٦٥

## بەڵێ من کوشتوومە

(- بەڵێ من کوشتوومە... کولیچەی ژەهراویم دایێ... خواردی... بەڵام نەمرد... لەبەر ئەوە ناچار بووم بیدەمە بەر دەمانچە!.) لەو کاتەدا کە ئەم قسەیەی دەکرد و پێی دەنا لە تاوانی خۆی کە (ڕاسپۆتین)ی کوشتووە، هەرچی لەناو هۆڵی دادگاکەدا بوو، بەدادگەر و سوێنددراو و سەیرکەرانەوە، سەیری دەمی ئەو پیاوەی دەکرد... پیاوەکە بەژن و باڵای ڕێکوپێک بوو، سەر و شێوەی ڕازاوە بوو. کەچی لەگەڵ ئەو قسانەیشدا کە دەیکرد، دەموچاوی نەژاکا... ئەوەندەی تۆزێکیش نەپەشۆکا... بەپێچەوانەوە، زۆر مەند و لەسەرخۆ بوو... زۆر بەباشی خۆی ڕاگرتبوو لە بەردەم دادگاکەدا... ئنجا کە لە وەرامدانەوە بووەوە، لەسەرخۆ و بەهێواشییەوە، چووە سەر یەکێک لەو کورسییانەی کە بۆ ئاگالێبووەکان[1] دانرابوون... نەچوو بەداردا بکرێ و، نەخرایە سەر تەختی کارەبایی گیانی دەربکرێ و نەچوویشەوە ناو چەپەری تاوانبارییەوە، هەر هیچ نەبێ تێیدا ڕابووەستێ... لەوێدا لەسەر تەختی دانیشتنەکە مایەوە، سەیری چەندوچوونکردنی دادگاکەی دەکرد تا بڕایەوە... هەروەک لە قسەکانیدا هیچی وای نەگوتبێ کە پڕ بێ لە گوناهباری و دڵڕەقی و دڕندەیی، کە ترس و لەرز بخەنە دڵ و لەشیەوە، وا بوو!... کە دادگەرییەکەیش تەواو بوو هەر بەو چەشنە بێ پەروا، بەمەندی و بێ دەنگییەوە، لە دادگاکە چووە دەرەوە!... بێجگە لەوە، لە کاتی چوونە دەرەوەیشدا، نازی دەگیرا و ڕێزیشی لێ دەگیرا!... لەگەڵ ئەوەیشدا واتەکانی ئەو پیاوە، پەردەیان لەسەر تاوانێک هەڵدایەوە، کە لە گەورەترین تاوانەکانی مێژووی تازە دەژمێررێ... تاوانەکەی ئەمەندە گەورە بوو، کۆشکی شایانەی شانشاییێتییەکی هەرە

(١) واتە: بۆ شایەدەکان.



گەورە و هەرە بەهێز و دەسەڵاتی هێنابووە لەرزین... بەڵام چۆن لەرزینێک؟... کە لە کۆشکی شایانەوە، کەوتە ناو هەموو خاکی شانشاییێتیی ڕووسیاوە ئنجا ناو هەموو خاکەکانی جیهانەوە!...

## ئەو پیاوەی چاو بەستیی دەکرد

ئەوەیش لەو کاتەدا ڕوویدا کە (ئێرینا ئەلیکسەندرۆفنا یوسۆبۆف)ی کچە شا، دادی کرد لە دەست هاوبەشیی (مەترۆ گۆڵدوین مایەر) لای دادگا. تاوانباری کرد بەوەوە کە توانج و پلاری تێگرتووە و بەدناوی کردووە لە جیهاندا، بەهۆی دەرهێنانی ئەو (فیلمی سینەما)یەوە، کە هەندێ لەپێش شەڕی جیهانیی دووەمدا دەریهێنا بوو لە بابەت کوشتنی (ڕاسپۆتین) و ژیانیەوە. (ڕاسپۆتین)یش ئەو پیاوە بوو، کە کەسایەتییەکی سەیر و سامناکی هەبوو. چارەنووس و ڕۆژگاریش هێزێکی جادووگەرانەی پڕ پێچوپەنای پێ بەخشیبوو. تا وای لێهات ڕۆژێک لە ڕۆژان بووە خاوەن دەسەڵات بەسەر کۆشکی شایی چاری ڕووسدا... پاش ئەوە وایشی لێهات کە هەموو کاروبارێکی شانشاییێتیی ڕووسی کەوتە ژێر چنگەوە!... دەیانگوت (ڕاسپۆتین) کەشیش بووە. بەڵام لە ڕاستیدا هیچ کەسێک لە مێژووناسەکان نەگەیشتۆتە بنج و بناوانی ڕەسەنی (ڕاسپۆتین)... چونکە ناوی جێگای لە دایکبوون و جێگای پەروەردەکردنی (ڕاسپۆتین) زۆر بەنهێنی گیرا بوو، کەس نەیدەزانی چین؟... لەم بابەتەوە هەرچی زانراوە بریتییە لەوەی کە (ڕاسپۆتین) لە گوندی (بۆکروفسکۆ) لە (سیبەریا)دا لە دایک بووە... ناویشی (گریگۆری ئەفیمۆفیچ) بووە... کە هەرزەکار بووە، لەناو دەشت و دەرەکاندا چوارپێی دزیوە و فرۆشتوونی... ئەوەیش پێشەیەکی وا بووە کە دانیشتوانی (سیبەریا) بە بەدخووییەکی هەرە نەنگ و ناپەسندیان داناوە!... لە کاتی هاتوچۆکردنەکانیدا کەشیشەکانی یەکێک لە پەرستگاکانی دیوە و ئاشنایەتیی لەگەڵدا پەیدا کردوون. ئەوانە لە دەستەی سۆفییەکان بوون. ئەویش لەوانەوە ڕووکەشێکی سۆفییانەی وەرگرتووە. کەچی زۆری پێ نەچووە ئەو سۆفێتییەی گۆڕراوە و بووە بەداوێن پیسی و شێتوویتییەکی مێبازانەی ئاشکرا و بەرەڵڵا!... کەس تا ئێستا نەیتوانیوە هۆی ئەوە بدۆزێتەوە کە (ڕاسپۆتین) چی بووە وای لێکردووە کە لە ژیانێکی خوێڕییانە و گەڕۆکییەوە، بگوێزێتەوە بۆ ژیانێکی پڕ ئارام لە (مۆسکۆ)دا... (ڕاسپۆتین) کوتوپڕ لە پایتەختدا دەرکەوت و توانی خۆی بکوتێتە ناو کۆشکی شای چارەوە، لە ساڵی ١٩٠٧دا... زوو بەزوو (ڕاسپۆتین) بوو بەبابەتی گفتوگۆ و کەوتە سەر زمان بیروباوەڕی

پێچەوانەی یەکتریش دەربارەی ئەو بڵاوبووەوە: هەندێک وایان دەزانی (ڕاسپۆتین) پیرێکی پاک و پیرۆزە. ئەوەندە ڕێزیان لێ دەگرت و نازیان دەکێشا زۆری نەما بوو بیکەن بەخودا!... هەندێکی تریش بەکابرایەکی زۆڵ و ناچیزە و فڕوفێڵباز و بەدخووی سامناکیان دادەنا!...

لە ڕاستیدا سەر و شێوەی (ڕاسپۆتین) یەجگار ناشیرین بوو. چڵکنوپڵکن بوو. سەری قژن و تەپوتۆزاوی بوو. ڕەوشت و خووی خراپ بوو. پیاوی وەڕس دەکرد لە خۆی!... هەرچەندە لە ڕووکەشدا خۆی کردبوو بەپیاوێکی ئایینی، بەڵام لە ڕاستیدا مەیخۆرێکی وا بوو کە لە ئەندازە دەرچوو بوو. سەرخۆشی ڕیسوای کردبوو. لەگەڵ ئەوەیشدا خۆی وا پێشان دەدا کە هێزێکی نهێنیی پێیە، یارمەتی دەدات کە هەموو نەخۆشییەک چاک بکاتەوە. تەنانەت ئەو نەخۆشییانەیش کە دەرمانیان دەست ناکەوێت!... ئنجا بەهۆی ئەو هێزە جادووگەرییەوە کە هەیبوو، توانی چاو بەستی گەلێک کەس بکات و ئەو هێز و توانایییەی خۆی بباتە مێشکیانەوە!....

## خۆی دەکوتێتە کۆشکی شایی چارەوە[١]

هەروەک بۆی هاتبێ، چارەنووس کەوتبووە ژێر چنگیەوە، کاروباری بۆ هەڵدەسووڕاند. هەلێکی باشی دەست خست کە لەناو کۆشکی شای (سانت پەتریسبۆرگ)دا خۆی دەربخات. کوڕەکەی چاری ڕووس، لەوێدا نەخۆش کەوتبوو. دەردێکی وایشی گرتبوو کە هیچ پزیشکێک بۆی نەدەکرا چاکی بکاتەوە. هەر پزیشکێک شارەزا بووایە، لە هەموو لایەکی ئەوروپاوە دەهێنرایە سەر ئەو نەخۆشە، بەڵام کەسیان ڕازی نەخۆشییەکەیان بۆ دەرنەکەوت، کەسیان نەخۆشییەکەیان بۆ چارە نەکرا... دەردەکە کارێکی وای کرد لە شازادە بچکۆلە، ئەوەندەی نەما بوو بیکوژێ... جا لەو کاتەدا کە پزیشکەکان هەموویان دەستیان شتبوو لە نەخۆشەکە و پێیان دەنا لە بێ دەسەڵاتی خۆیان لە چاککردنەوەیدا، یەکێک لە کەنیزەکەکانی شاژن ئەوەی بۆ دەگێڕایەوە کە لە بابەت هێز و توانایی بێ ئەندازەی (ڕاسپۆتین)ەوە بیستبووی دەربارەی چاککردنەوەی هەموو دەرد و نەخۆشییەک، کە لە دەم ئەو کەشیشە نهێنگرە خۆیەوە دەیانگێڕایەوە!.

(١) لە ڕاستیدا ئەم زاراوەیە (شای چار) مانا و مەبەستەکە دەگۆڕێ، جا وا چاکترە بیگوتبا: کۆشکی شاهانەوە، یا: کۆشکی چارەوە.



شاژنیش کە لە گەرداوی ئەو خەم و خەفەت و هەناسەساردییەدا گینگڵی دەخوارد، وەک هەموو خنکاوێک وا بوو لە ئاودا کە دەست و پەلی بۆ پوشکەیەکیش دەبرد، کە دەستی پێوە بگرێ، بەڵکو لە دەست خنکان ڕزگار ببێ... زوو بەزوو ناردی بەشوێن (ڕاسپۆتین)دا هێنایان و بردیانە ژووری نوستنی شازادەوە!...

کەس نەیزانی (ڕاسپۆتین) چیی کرد. بەڵام هەموو کەس هەستی بەوە کرد کە لەو ڕۆژەوە (ڕاسپۆتین) پێی نایە ژووری نوستنی شازادەوە، نەخۆشییەکەی شازادە دەستی کرد بەچاکبوونەوە!... زۆری پێ نەچوو کوڕەکە ئازاری نەخۆشییەکەی لە کۆڵ بووەوە. تەنگوچەڵەمەی مردنی لەسەر لاچوو. بەرە بەرە نەخۆشییەکە کز بوو، تا بەجارێک نەما!... ئیتر (ڕاسپۆتین)یش توانی پڕ بەدەمی خۆی بڵێ: کە بەهۆی ئەو هێزە جادووگەرییەوە کە هەیەتی، توانی شازادە لە مەرگێکی ڕاستەقینە ڕزگار بکات!... ئەوەیش دیار بوو کە چار و ژنی چار، هەردووکیان لە ئەندازەبەدەر، ئەم چاکەیەی (ڕاسپۆتین)یان لە بەرچاو بوو. هەرچەندێکیان پێ کرا، دیاری و بەخشیشیان پێدا، سایە و پایەیشیان پێشکەش کرد!... بەم ڕەنگە (ڕاسپۆتین) لە شەو و ڕۆژێکدا گەیشتە پایەی هەرە بەرزی خۆشەویستی لە لای شانشا و شانشاژن.[١] کەچی لەوەپێش بریتی بوو لە فڕوفێڵبازێکی بەپەنگ و پەراوێز، وەک سەرسەری، لە کووچە و کۆڵانەکانی شاردا دەسووڕایەوە!...

ئەگەر ئەم کابرا چەپەڵە، هەر دڵی بەسامان و پایەدا بچووایە، کارێکی ئاسان دەبوو. بەڵام ئەو بابەتی لەوە گەورەتر و گرنگتری دەویست، بۆ هێز و دەسەڵات و فەرمانداری دەگەڕا!... ئەویش خونکاری بەردەست کەوتبوو، کە ماندوێتی و گیروگرفت کەڵەکە بووبوون بەسەریدا و بڕستیان بڕیبوو. هەروەها ژنی خونکاریشی بەرچنگ کەوتبوو، کە یەجگار خۆی بەدەستیاو پێدراوی دەستی (ڕاسپۆتین) دەزانی، کە کوڕەکەی لە مردن بۆ ڕزگار کردبوو. (ڕاسپۆتین) بەهۆی ئەو دووانەوە، کە بەکاری دەهێنان بۆ مەبەسی خۆی، زۆر لە ئاواتەکانی خۆی هێنایە دی!... شانشا و ژنەکەی هەردووکیان نەرم بووبوون بۆ (ڕاسپۆتین). هەرچییەکی پێ دەگوتن بەقسەیان دەکرد. لەبەر ئەوە چەند مانگێکی پێ نەچوو، (ڕاسپۆتین) بووە فەرمانداری هەموو خاکی ڕووسیا: هەر پێشنیازێکی پێشان دەدا، وەک فەرمان بۆی جێبەجێ دەکرا. هەر ڕاوێژێکی بۆ شانشا پێشان دەدا بەئارەزوویەک دادەنرا کە هەرگیز بەرپەرچ نەدەدرایەوە!... یاخود بەواتایەکی تر، کە ئەودەمە

(١) تەنیا (شاژن) مەبەست دەپێکی.

بڵاو بووبووەوە بەناو ڕووسیادا: (چار فەرمانداریی بەسەر ڕووسیادا دەکرد. چارژنیش فەرمانداریی بەسەر چاردا دەکرد، بەڵام ڕاسپۆتین فەرمانداریی بەسەر هەردووکیاندا دەکرد!...). هاوڕێکەیشمان ئەمەی بەهەل زانی. بەئارەزووی خۆی دەستی کرد بەپایە هێنانە خوارەوە و پایە هێنانە سەرەوەی فەرمانبەران. لە فرمان دەستی دەکێشانەوە فەرمانبەرانیشی دادەمەزراند. کەسانی ڕیسوا دەکرد. کەسانی بەرز دەکردەوە!... تەنانەت ڕووسیا وای لێهات، کەسێکی تێدا نەما، نە لە گەورە، نە لە بچووک، نە لە سەرکردە، نە لە زرنگکار دڵنیا بێ لە دوارۆژی خۆی، بەدەست تەڵەکەبازی و فڕوفێڵی ئەو چاوبەستکەرە سامناکەوە!... کەچی بەو هەموو دەسەڵات و گەورەیی و ناز و جیازەیشەوە کە دەستی کەوتبوون، هێشتا نەگۆڕرا بوو، هەروەک خۆی مابووەوە: بەسەرخۆشی و، بەسەر و شێوە چەپەڵەکەی و، بەقژە بژەکەیەوە دەجووڵایەوە!.

## ئەو پیاوکوژەی ڕاوێژی گشتی ڕزگاری کرد

ئەوەیش شتێکی ئاشکرا بوو، کە ئەم کردەوانەی (ڕاسپۆتین)ە قینی نەتەوەی هەڵساند بوو، چ لەناو کۆشکی شادا، چ لەناو هەموو ڕووسیادا!... ئەو قینەیش تا دەهات گڕی دەسەند، لە دڵی هەمووواندا. چونکە لە خۆیان دەترسان شتێکیان بەسەر بێت لەسەر دەستی ئەودا!. هەروەها لەوەیش ڕقیان لێی دەبووەوە، کە دەنگ وا بڵاو بووبووەوە، ئەم دڕندەیەی کە بەرگی کەشیشێکی پۆشیبوو، بریتی بوو لە ڕازدز (جاسوس) و سەرەتاتکێکەرێکی ئەڵمانی، بۆ ئەوە هاتبووە ناو ڕووسیاوە کە تێکی بدات!... کە چار لە تەخت بهێنێتە خوارەوە و خۆی بچێتە جێگاکەی!... ئیتر لەمەوە هەستی نەتەوایەتی بزووتەوە و ئاگری ئەم ڕقەی خۆش کرد!... لەگەڵ ئەمەیشدا، کەسێک نەبوو، بوێرێ دەستێک بۆ ئەم دێوە ببات. هیچ کەسێک نەبوو لێی نەترسێ!... کارەساتیش بۆ هەمووانی دەرخستبوو، کە ژەهر کاری لە هەناوی ڕاسپۆتین نەدەکرد. هەروەها گوللەیش کاری لە لەشی نەدەکرد!... هەموو لا بڕوایان وا بوو، کە ڕاسپۆتین هێزێکی چاوبەستکردنی موگناتیسی پێوەیە، خراپەی لێ دوور دەخاتەوە، لە هەموو زیان و ئازارێکیش دەیپارێزێ!... تەنیا یەکێک هەبوو بتوانێ خۆی لە دەست ئەو ترس و لەرز و سامە ئازاد بکات و، بەچاوێکی سووکیشەوە سەیرێکی ئەو هێزە چاوبەستکەرە بکات کە درا بووە پاڵ ڕاسپۆتین... لە دڵی خۆیدا بڕیاری دا (ڕاسپۆتین) بکوژێ و کوشتیشی!... بەڵام ئەو پشم و قینەی لە دڵی نەتەوەی ڕووسدا کۆ بووبووەوە بەرامبەر ڕاسپۆتین، هەروەها ئەو



سایە و پایەیەی ئەو کەسە هەیبوو کە (ڕاسپۆتین)ی کوشتبوو، ئەو کەسوکارە جوامێر و نەژادەیش کە ئەو کەسە هەیبوو... ئەمانە هەموویان بوونە پاڵپشتی ئەو لاوە و ڕزگاریان کرد لە دەست زەبروزەنگی چار. چار هەر ئەوەندەی لێ کرد، خۆی و ژنەکەی لە کۆشکی شای دوور خستەوە و، فەرمانی دا کە هەردووکیان لە گوندێک لە گوندەکانی خۆیاندا بمێننەوە، لەوپەڕی ڕووسیادا، هەرگیز لێی دەرنەچن!...

ئەو کوڕە و ژنەکەیشی هەر لەو ئاوارەییەدا مانەوە تا ئاگری شۆڕش هەڵگیرسا لە ڕووسیادا... ئیتر خۆیان دەرباز کرد... دەستیان کرد بەگەڕان بەناو ئەوروپادا، بێ سەر و پا دەسووڕانەوە دوایی لە یەکێک لە شارە گەورەکانی ئەوروپادا گیرسانەوە. بێ سامان و بێ سایە و بێ پایە، بەکوڵەمەرگی دەژیان!.

## کوشتنی ڕاسپۆتین لەناو فیلمی سینەمادا

چەند ساڵێک بەسەر ئەوەدا ڕۆیشت. چار و هەموو خێزانەکەی بەدەست شۆڕشگێڕەکانەوە کوژران. هەر کەسێکیش دەستی لەم مەرگەساتەدا هەبوو، یان لە ڕازی مەرگەساتەکە ئاگادار بوو، هەموو مردن... ساڵ لەدوای ساڵ تێپەڕی دەکرد. ماوەیەکی زۆری بەسەردا چوو. کەچی هاوبەشیی (مەترۆ گۆڵدوین مایەر)ی ئەمەریکایی ئەوەی بەبیردا هات کە لە مەرگەساتی ڕاسپۆتین فیلمێکی وا دەربهێنێ کە دڵ و دەروونی تەماشاکەرانی پێ بورووژێنێ. هەروەها سەرکەوتنێکی هونەرمەندانەیشی دەست بکەوێ بەتەنشت دەستکەوتنێکی پارەی باشەوە!... هاوبەشییەکە زۆر بەتەنگ ئەوەوە بوو کە فیلمەکە زۆر نزیک بەڕاستی بێ. خۆ ئەگەر گیرا، بەتەواوەتی لە ڕاستی بکات. لەبەر ئەوە کەسایەتییەکانی چار و چارژن و کوڕەکەیان و کەشیشە فڕوفێڵبازەکەیان تێدا پیشان دا. ئەوانەیش، هەموویان مردبوون. لەبەر ئەوە هاوبەشییەکە، لە هیچ بەرپەرچدانەوە و بیانوویەک نەدەترسا کە لێی بکرێ. ئەوەندە هەبوو کەسایەتییەکەی ئەو کەسەی ڕاسپۆتینی کوشتبوو، مابوو، لەگەڵ ژنەکەیدا. ئەوانیش چونکە زیندووبوون، هێشتا نەمردبوون، کەینەوبەینەکەیان بووبووە گیروگرفتێکی گەورە. هاوبەشییەکە هەرچەندی دەکرد، بۆی چارە نەدەکرا. دوایی وای بەباش زانی، کە دوو کەسی داهێنراو لە جێی هەردووکیان دابنێ: کەسایەتیی شازادە (چیکۆدیف)، کە هاوبەشییەکە وای دانا بوو ئەو (ڕاسپۆتین)ی کوشتووە!... لەگەڵ کەسایەتی کچە شایێک کە هاوبەشییەکە وای دانا بوو، دەسگیرانی ئەو کوڕە بووبوو، پاش کوشتنی ڕاسپۆتین شووی پێ کردبوو!... جا بۆ ئەمەی

چیرۆکەکە چاکتر دابڕێژرێ و، زۆرتر برازێنرێتەوە و، پتر هەستی تەماشاکەرانی سینەما ببزوێنێ، هاوبەشییەکە هەندێک دەستکاری کارەساتەکانی کردبوو. وای ڕێکخستبوو کە ڕاسپۆتین هێز و توانایی چاوبەستکەری خۆی خستبووە کار، تا توانیبووی کچە شایەکە تاو بکات و سواری ببێ!... هاوبەشییەکە ئەم کارەساتە هەڵبەستراوەی دەستی خۆیەتی، کە هیچ فرێکی بەسەر ڕاستییەوە نەبوو، کردبوو بەبنکەیەکی گرنگ لەو بنکە گرنگانەی کە کرابوون بەبنچینە بۆ گرێکانی چیرۆکەکە!.

## کچە شا هاوبەشییەکە تاوانبار دەکات

فیلمی سینەماکە[١] لە هەموو جیهاندا دەنگی دایەوە. زۆر بایەخی پێدرا و پەسند کرا!... بەڵام دوو کەس بەرەنگارییان کرد: (کچە شا ئێرینا ئەلیکسەندرۆفنا) و (کوڕە شا یوسۆبۆف)ی مێردی. ئەم دووانە هەردووکیان لەو کاتەدا بریتی بوون لە دوو ئاوارەی ڕووسی، کە پەنایان بردبووە بەر فەرمانڕەوایی بەریتانیا و، لە شاری (لەندەن)یشدا دادەنیشتن. زۆری پێ نەچوو، کچە شا سکاڵای خۆی بردە بەردەم دادگا، لە دەست هاوبەشیی (مەترۆ گۆڵدوین مایەر). بەوە تاوانباری کردبوو، کە بەهۆی ئەو فیلمەوە بەدناو بووە. چونکە مێردەکەی کە ناوی (فلیکس یوسۆبۆف)ە، ئەو ڕاسپۆتینی کوشتووە، بەڵام لە فیلمەکەدا بەناوی کەسایەتیی (چیکۆدیف)ەوە پێشان دراوە. جا لەبەر ئەوە، ئەو کارەساتەی لە فیلمەکەدا پێشان دراوە، دەربارەی دەست بردن بۆ داوێنی ئەو دەسگیرانە بەمەبەسی خراپ، بووە بەهۆی بەدناوکردنی کچە شا بەداوێن پیسییەوە، کە ئەمە شکاندوێتی لەناو ئەو کەسانەدا کە دەیناسن و، لە ڕێز و خۆشەویستییشیانی کەم کردۆتەوە بەرامبەری!... لەبەر ئەوە کچە شا جێی پێ لێژ بووە و تەنگەتاو بووە، نازانێ لەتاو داخی دڵی خۆی چی بکات!... هاوبەشییەکەیش، بەرپەرچی ئەو قسانەی دایەوە کە درابوونە پاڵی. وایشی لەسەر خۆی کردەوە، کە ئەو دوو کەسایەتییەی لەناو فیلمەکەدا پیشانی داون، لەناو ئەندێشەدا دروست کراون. هەردووکیشیان لە دەموچاو و سەر و شێوە و ڕەوشت و خوودا لە کچە شا و مێردەکەیەوە دوورن!... بێجگە لەوە ئەو کچە شایەی لەناو فیلمەکەدا دەرکەوتووە، دەسگیرانی ئەو کوڕە شا بووە کە ڕاسپۆتینی کوشتووە. بەڵام (ئێرینا ئەلیکسەندرۆفنا) لە کاتی کوشتنی (ڕاسپۆتین)دا ژنی شازادە بووە...

پشتیوان (محامی)ی کچە شایش، کە ناوی (سێر پاتریک هاستینگز) بوو، کە دانەری

(١) فلیمە سینەماییەکە.



ئەم نووسراوە و چیرۆک گێڕەرەوەی ئەم کەینەوبەینەیە بوو، وای هاتە پێش چاو کە تەنیا یەک لا هەیە لەم کەینەوبەینەیەدا، پاڵی پێوە بداتەوە و، پشتی سکاڵاکەی خۆی پێ بەهێز بکات، ئەویش ئەوەتا: کە (یوسۆبۆف)ە (ڕاسپۆتین)ی کوشتووە. جا چونکە هاوبەشییەکە، خۆی بەدەمی خۆی بڵاوی کردۆتەوە کە فیلمەکە لە سەرچاوەیەکی ڕاستەقینەوە وەرگیراوە کە لە ڕاستیدا ڕوویداوە، بێ گومان مەبەس لە کەسایەتیی شازادە (چیکۆدیف) ئەوە بووە کە وێنەیەکی بەئەندێشە دروستکراو بۆ (یوسۆبۆف) دابنرێ... کەواتە ئەو کچە شایش کە بەئەندێشە دروست کراوە لە فیلمەکەدا، مەبەسی هاوبەشییەکە، هەر (ئێرینا )ی کچە شای ژنی بووە!.

## لە کۆڕی دادگەریدا

بەڵام دادگا، هەر بەدەم ڕاستی واز ناهێنێ. نیشانە و بەڵگەی تەواویشی دەوێ... هەرچی نیشانە و بەڵگەیەکیش هەیە لە یەک شوێندا کۆ دەبووەوە. دەبوو بگاتە ئەو شوێنە. ئەویش بریتی بوو لەوەی کە وا لە هاوبەشییەکە بکەن ددان بەوە دابنێ کە شازادە (یوسۆبۆف) بووە (ڕاسپۆتین)ی کوشتووە!...

بەڵام پشتیوانی کچە شا، لە هاوبەشییەکە چاوەڕوانی ئەوەی نەدەکرد کە دان بەوە دابنێ. چونکە بەو دان پێدانانە بەرپەچی قسەکانی خۆی دەدایەوە، لە بەڵگەهێنانەوە و لەسەرخۆکردنەوەدا. کەواتە هیچ بۆ پشتیوانەکە نەمابووەوە، ئەوە نەبێ کە دادگاه بخاتە سەر ئەو باوەڕەی کە (یوسۆبۆف) بووە (ڕاسپۆتین)ی کوشتووە!... بۆ ئەوەیش هیچ ڕێگایەکی تر نەبوو، ئەوە نەبێ، کە شازادە کە وەک ئاگادارێک لە کەینەوبەینەکە بخرێتە پێش دەم دادگاکە. هەر بۆ ئەمەی کە ئەو دەستەی هەیبووە لە ڕوودانی مەرگەساتەکەدا، بیگێڕێتەوە. لەپێش دەم دادگایشدا، پێی لێ بنێ، بەئاشکرا، کە بەدەستی خۆی (ڕاسپۆتین)ی کوشتووە!...

پشتیوان (هاستینگز)یش بەجۆرێکی هونەرمەندانە و شارەزایانە ڕەنگی ڕشت بۆ گەیشتن بەئامانجەکەی خۆی... ڕۆژی تەماشاکردنی کێشەکە هات، لە بەردەم دادگادا. دادگا هۆڵەکەی پڕ بووبوو لەو کەسانەی کە بۆ سەیرکردنی ئەو دادگەرییە هاتبوونە ئەوێ. ئەوانە هەندێکیان ناسیاوی کچە شا و مێردەکەی بوون. هەندێکیشیان شارەزای چیرۆکەکە بوون و، ئاگاداری مێژوو بوون... لەناو هۆڵی دادگاکەدا، هەست و تاسە و تەزوو و دڵ و دەروون بزووتن، وەک هێزی کارەبا شەپۆلیان دەدا... هەرچی لەوێدا بوو. بەپەرۆشەوە چاوەڕوانی

دەکرد و سەرنجی دەدا، تا بزانێ لە دادگاکەدا چی ڕوو دەدا و سەرئەنجام بەچی دەگات!. لە هەموویان بەپەرۆشتر، پشتیوانی کچە شا بوو!. تەنیا دوو کەس مەندی و بێ دەنگی و بەجەرگی خۆیان ڕاگرتبوو. هەردووکیان دانیشتبوون، لە شێوەیەکی نەژادانە و گەورانەدا سەریان بەرز کردبووەوە. ئەو دوو کەسەیش کەس نەبوون، شازادە (یوسۆپۆف) و کچە شای ژنی نەبێ کە ناوی (ئێرینا) و خاوەنی سکالاکە بوو!.

## کچە شا لەسەر ناوچەوان بەرزیی خۆی دەکاتەوە

پشتیوانەکەی کچە شای خاوەن سکالا، کاری خۆی وا دامەزراند بوو، کە لەپێش ئەمەی چەندوچوونەکەی دادگا زۆری پێ بچێ، کچە شا بانگ بکرێتە بەردەم دادگا، تا قسەی خۆی بکات. پشتیوانەکە بۆیەکا پشتی بەکەسایەتیی کچە شا بەستبوو لەم کێشەیەدا، چونکە دەیزانی لە باریدا هەیە دڵی سوێنددراوەکان و گوێگرەکان نەرم بکات، بەزەییبیان پێیدا بێتەوە!...

کچە شا، هێواش، هێواش، هێمنانە و لەسەرخۆ، هەنگاوی نا و هاتە پێشەوە، تا گەیشتە بەردەم مێزی قسەکردن و ڕاوەستا. کە لێیان پرسی: ناوت چییە؟... بەلووت بەرزییەکی سروشتییەوە سەری بەرز کردەوە و گوتی:

– (ناوم «ئێرینا ئەلیکسەندرۆفنا یوسۆپۆف»ە... خاوەن شکۆم... یەکێکم لە شازادەکانی خێزانی شانشاییێتیی ڕووسیا... خوشکەزای شانشای دوایی ڕووسیام... لە ساڵی (١٩١٤)یشەوە ژنی شازادە «فلیکس یوسۆپۆف»م).

پاش ئەوە، زمانی کرایەوە، دەستی کرد بەڕۆشنکردنەوەی کێشەکەیان. لەسەرخۆ قسەی دەکرد. وشەکان ئاشکرا و دیاربوون. ئافرەتەکە زمان پاراو بوو...

کە پشتیوانەکەی بەو جۆرەی چاو پێ کەوت: نەشڵەژا و تێکنەچوو لە پرس و بەرپەچدانەوەی پشتیوانەکانی هاوبەشییەکەیش باکی نەبوو، دڵنیا بوو لە خۆی، کە بەئامانج دەگات... لە ڕاستیدا پشتیوانەکانی هاوبەشییەکە زۆر خۆیان ماندوو کرد، کچە شا بووروژێنن و سەری لێ بشێوێنن، تا بکەوێتە ناو ئەو داوانەوە کە بۆیان نابووەوە... بەڵام ئەو هەروەک خۆی مایەوە، لێڵ نەبوو، نەژاکا. تەنانەت لەوەیش تووڕە نەبوو، کە نوێنەرەکانی دوژمنەکەی ویستیان وای پێشان بدەن کە بۆ پچڕینی پارە لە هاوبەشییەکە ئەمە دەکات، نەک بۆ پاراستنی ناوچەوان بەرزی و ناوبانگی خۆی!...

بەم ڕەنگە کچە شا چیرۆکەکەی خۆی گێڕایەوە، گوتی: «من ژنی شازادە (یوسۆپۆف)م...



ئەو کەسەی (ڕاسپۆتین)یشی کوشتووە (یوسۆپۆف)ە کە بریتییە لە کەسایەتییە ڕاستەقینەکەی پاڵەوانی چیرۆکی ناو فیلمەکە، کە ناوی (چیکۆدیف)ە. (ڕاسپۆتین) نەیتوانیوە من تاو بکات و دەس بۆ داوێنم ببات. هەروەها نەیتوانیوە هێندەی سەرە نینۆکێک لە داوێن پاکی و ناوچەوان بەرزیی من بکاتەوە!... کەچی هاوبەشییەکە هاتووە منی لە فیلمەکەدا وا پیشانداوە، کە سووک ببم لە بەرچاوی کەسانی تردا، بەتایبەتی لە بەرچاوی ئەو کەسانەدا کە دەمناسن و دەیشزانن کە ئەو کەسەی ئەو کەشیشە دڕندە فڕوفێڵبازەی کوشتووە، کەس نەبووە، مێردەکەی من نەبێ!... ئەمە لە لایەکەوە... لە لایەکی تریشەوە هاوبەشییەکە لە جاڕەکانیدا کە بۆ ئەم فیلمەی داوە، وای بڵاو کردۆتەوە کە هەرچی کارەساتێکی ناو فیلمەکە هەیە لە ڕووداوەوە وەرگیراون!»).

## پیاوکوژەکە پێی لێ دەنێ، دوژمنەکە بەرپەچی دەداتەوە

کچە شا، توانی کار لە دڵی گوێگران بکات. هەروەها سەرنجی دادگەرەکان و سوێنددراوەکان و هەموو دانیشتوان ڕابکێشێ بۆ خۆی و، دڵیان نەرم بکات بەرامبەر خۆی!... لەگەڵ ئەمەیشدا دادگا، بەمە دڵنیا نەدەبوو، بڕیاری بۆ بدات... تەنانەت بەڵگەیەکی وا بەهێزیشی تێدا نەبوو، کە کەسایەتیی ئەو کەسە دیاردی بکات کە (ڕاسپۆتین)ی کوشتووە!...

لێرەدا (پاتریک هاستینگز) هەڵسایە سەر پێ و لە پشتیوانی هاوبەشییەکەی پرسی:

– ئایا نوێنەرەکانی هاوبەشییەکە باوەڕیان وایە، کە کوشتنی (ڕاسپۆتین) لەسەر دەستی شازادە (یوسۆپۆف)دا نەبووە؟...

ئەمە پۆپەی ئەو زۆرانبازییە بوو کە (هاستینگز) ڕێ و شوێنی بۆ دانا بوو و، ڕەنجی تێدا دابوو، کە هونەرمەندانە و شارەزایانە جێبەجێ بکرێ...

هەرچی لەوێدا بوو، واقی وڕما بوو... هەناسەی خۆیان گرتبوو، چاوەڕوانی ئەنجامیان دەکرد. پشتیوانەکانی هاوبەشییەکە، کەوتنە ناو ئەو داوەوە کە (هاستینگز) بۆی نابوونەوە...

نوێنەرەکەیان، بێ پێچوپەنا، دەمودەست وەرامی دایەوە گوتی:

– (ئێمە لەوەدا زۆر دڵکرمێین کە ڕاست بێ!...).

ئەوانە وایان دەزانی (هاستینگز) بەم وەرامەیان دەشڵەژێ سەری لێ تێکدەچێ... چونکە بەڵگەی وای لا نییە کە دادگاهی پێ دڵنیا بکات!... هیچ بەڵگەیەک لە ئارادا

نەبوو، ئەوە نەبێ کە شازادە (یوسۆبۆف)، بەدەمی خۆی پێ لەو تاوانە بنێ، کە (ڕاسپۆتین) بەدەستی خۆی کوژراوە!... بەڵام ئاخۆ پشتیوانەکە دەیوێرا مێردی کچە شا تەنگەتاو بکات؟... ئاخۆ شازادە دەیوێرا ئەوە بکات کە لە بەردەم دادگادا پێ لە گوناهی خۆی بنێ و بەدەمی خۆی بڵێ: من (ڕاسپۆتین)م کوشتووە؟!...

بەڵام (هاستینگز) باکی ئەوەی نەبوو کە لە دادگاه بخوازێ، ڕێی بدەن، گوێ لە ئاگا لێ بوویی شازادە (یوسۆبۆف) بگرێ!... شازادە (یوسۆبۆف)یش نەپەشۆکا، چالاکانە هاتە دەست و خۆی خستە ناو کۆڕی دادگاکەوە. لە شێوەیەکی مەند و زرنگانەدا هێواش هێواش ڕۆیشت تا گەیشتە سەر مێزی قسەکردنی ئاگا لێ بووەکان... لەوێدا ڕەپ ڕاوەستا. سەری بەرز کردەوە. کەسایەتییەکی بەجەرگانەی نوواند....

## جوانی و سامان و سایە و پایە

شازادە بنەچەی خۆی بۆ گێڕانەوە... کە یەکێک بووە لە نەوەی دوامین شانشایانی (تەتەر). کە خاوەنی کەلەپوری گەورەیی ئەوانە... کاتێ کە لەشکرەکانی ڕووس خاکەکەیانی داگیر کرد و تەختی شایی لە دەست هێنایە دەرەوە، (ئیڤانی سامناک) کە گەورەی ڕووسەکان بوو، کە چاوی کەوت بەشانشای (تەتەر) لە جەنگەکەدا بەزەیی بەکوڕەکەیدا هاتەوە، لەبەر ئەوە هێنایەماڵەوە لای خۆی و، کردی بەکوڕی خۆی و گەورەیشی کرد تا پێگەیی... دوورنییە لەو کردەوەیە مەبەسی ئەوە بوو بێ، کە دڵی هۆزەکانی (تەتەر) بداتەوە و، خۆی لایان خۆشەویست بکات.. بەمجۆرە شازادە کە لەژێر سێبەری (ئیڤانی سامناک)دا گەورە بوو، کە وەک کوڕێکی خۆی پەروەردەی دەکرد... شازادەکە ناوی خۆی نا (یوسۆبۆف)... کاتێ کە (ئیڤان) کەوتە سەرەمەرگەوە، چەند زەوییەکی یەجگار گەورە و فراوانی پێشکەش بەشازادە کرد، کە وەک دەڵێن لە ئەندازەدا نەبوون!. لە سەرەتای گرێی دووەمی سەدەی بیستەمدا، شازادە (فلیکس یوسۆبۆف)، کە ئێستا لەسەر مێزی ئاگالێبووەکاندا لەم کەینەوبەینەوە دەدوێ، تاکە جێگر و جێ نوشینی خێزانی شانشای (تەتەر) بووە، کە (ئیڤان) کردبووی بەکوڕی خۆی. لەبەر ئەوە هەرچی سامانێکی ئەو خێزانە بوو کە لەبن نەدەهات، بۆی مایەوە...

(یوسۆبۆف)یش لاوێکی بەهێز و هەڕەت بوو. لە دەموچاو و لەشولاردا جوان و شەنگوشۆخ بوو. لە کردەوە و ڕەوشتیشدا شیرین و پەسەند بوو... بێجگە لەوە دڵی مرۆڤی کێش دەکرد. زمان پاراو و زرنگ بوو... سامانەکەیشی ئەمەندە زۆر بوو، لە ژمارە



نەدەهات، لە ئەندازەبەدەر بوو، لەبن نەدەهات... سامان بەلایەوە هیچ بوو... هیچ مەبەسێکیشی نەبوو بۆی نەیێتە جێ!...

لە ساڵی ١٩١٤دا کچە شا (ئێرینا ئەلیکسەندرۆفنا) کە خوشکەزای (چار) بوو، کە جوانترین گوڵی ناو کۆشکی شای ڕووس بوو، کە کچێکی وایش بوو لەناو هەموو کچاندا دیار بوو، لە لایەن شازادە (یوسۆبۆف)ەوە مارە کرا... شازادە و کچە شایش هەردووکیان لە کۆشکی (مویکا)دا بەخۆشی و شادمانییەکی واوە دەژیان، کە هەموو کەس ئاواتی بۆ دەخواستن....

## پێویست بوو لەسەرم بیکوژم

پاش ئەوە شازادەی ئاگالێبوو قسەکانی خۆی خستە سەر کێشەکەی خۆی و (ڕاسپۆتین). ئەوەی پێشانی دادگادا کە خۆی یەکێک بووە لەوانەی لەپێش هەموو کەسێکدا پەرەسەندنی هێز و دەسەڵاتی ئەو کەشیشە خوێڕییە داوێن پیسەی پێ ناخۆش بووە!... ئەوەی پێ خۆش نەبووە، کە (ڕاسپۆتین) دەسەڵاتدار بێ بەسەر (چار)دا... پاش ئەوە دەسەڵات بستێنێ بەسەر هەموو خاکی شانشای ڕووسیادا!... کە ڕقی لە (ڕاسپۆتین) دەبووەوە و، بەچاوی سووکەوە سەیری دەکرد، لەبەر مەیخۆرییە بێ ئەندازەکەی و کردەوە نەنگەکانی، لە مێبازی و سەرسەرێتی و کەتنی داوێن پیسیدا!.

ئنجا کە قسە کەوتە ناو ناوانەوە و، دڵکرمێیی بەهێز بوو دەربارەی (ڕاسپۆتین) کە پیاوێکی ڕازدز و نهێنکاری ئەڵمانی بووە و، هاتووەتە ناو ڕووسیاوە بۆ ئەمەی تەخت و تاراجی (چار) تێک بدات و، هێز و دەسەڵاتی پێ نەهێڵێ... ئیتر شازادە (یوسۆبۆف) لە وزەیدا نەما، پشم و قین و بێزاریی خۆی دەرنەبڕێ بەرامبەر بە(ڕاسپۆتین)... گیانی نیشتمانپەروەریش ئەوەندەی تر ئاگری لەو پشم و قینەی لە دڵیدا خۆش کرد... ئەوەی زۆر پێ ناخۆش و گران بوو کە هەموو کەس لەو کەشیشە جادووگەرەی تەڵەکەبازە دەترسا و سامی دەکرد!... لەبەر ئەوە (یوسۆبۆف) لە دڵی خۆیدا بڕیاری دا: نیشتمانەکەی خۆی لە بەند و باو و بەدخوویی و گوناهباریی ئەو کابرایە ڕزگار بکات...

بێ ئەمەی تێک بچێ، بەمەندی و لەسەرخۆییەوە، شازادە لە هۆڵی دادگاکەدا دەنگی بەرز کردەوە و گوتی:

– (لەبەر ئەوە «ڕاسپۆتین»م کوشت... فرمانی نیشتمانیم ئەوە بوو بیکوژم... لەبەر ئەوە کوشتم!...).

پاش ئەوە، شازادە، ئەوەی بۆ دادگا گێڕایەوە کە چۆن ئەو کوشتنەی جێبەجێ کردبوو. گوتی:

ئەوەی دەزانی کوشتنی (ڕاسپۆتین) کارێکی ئاسان نییە... چونکە باوەڕی گشتی وا بوو: ژەهر کار لە لەشی ئەو ناکات... گوللەیش نایبڕێ... بەفڕوفێڵ چەواشەی هەموو کەسێکی کردبوو، کە مەرگ لەوەوە دوورە و هەرگیز نامرێ!...).

بەڵام (یوسۆبۆف) نەیویست خۆی ڕەنجەڕۆ بکات. بێ هیوا نەمایەوە... وای بەباش زانی، هەرچییەکی لە دەست دێ بیکات، تا ئەو کارە نیشتمانییەی خۆی دەگەیێنێت بەئەنجام!...

لەبەر ئەوە لەگەڵ چەند لاوێکدا یەکی گرت. کە لەناو کۆشکی شادا گەورەترین پایەیان هەبوو... هەموویان دەستیان کرد بەڕاوێژکردن و دانانی ڕێ و شوێنێکی وا کە بەوردی و وریاییەکی تەواوەوە ئاواتەکەی خۆیان بهێننە دی... دوایی لەسەر ئەوە ڕێک کەوتن کە (ڕاسپۆتین) بانگ بکەنە سەر شێوخواردن و ئاهەنگ و بەزموڕەزمێک لەناو کۆشکی (مویکا)دا... وە نەبێ بانگکردنی (ڕاسپۆتین)یش گران بوو بێ... چونکە هەر ئەوەندە بیزانیایە لە شێوەکەدا مەی زۆرە و بێ ئەندازەیە، خواردەمەنی ناوازەیش بەدەس بڵاوییەکەوە ئامادە کراوە، دوودڵی نەدەکرد زوو دەهات بۆ ئاهەنگەکە!...

یەکەم هەنگاوی گەلەکۆمەکێ کە ئەوە بوو، کە ژەهر بکرێتە ناو مەیەکان و خواردەمەنییەکانەوە، کە لەو شەوەدا پێشکەش بە(ڕاسپۆتین) دەکرێن!... جا هەروەک گەلەکۆمەکێکەرەکان لەوە ترسا بن، کە ئەو ژەهرانە کار لە جەرگ و هەناوی ئەو کابرا زۆرزانە، خاوەن هێزە نهێنییە نەکەن، چەند دەمانچەیەکی پڕ گوللەیشیان بۆ ئامادە کردبوو، تا ئەگەر ژەهرەکان نەیانکوشت بەو گوللانە گیانی لە لەشی بکەنە دەرەوە!.

## ژەهرەکە کاری لێ ناکات

کە ڕاسپۆتین لە شەوی دانراودا گەیشتە کۆشکی (مویکا)، بەڕێز و نازگرتنێکی گەورەوە پێشوازی کرا... ساز و ئاواز لەملا و لەولای کۆشکەکەدا دەنگی بەرز بووەوە. وای لە ڕاسپۆتین گەیاند کە بابەتی بەزموڕەزم و خۆش ڕابواردنی بۆ ئامادە کراوە، دەیانەوێ کامەرانی بکەن. دەنگی ئاوازەکانیش هەندێ جار ئەوەندە بەرز دەکرانەوە، کە دەنگە دەنگی گەلەکۆمەکێکەرەکانی دەشاردەوە، لە کاتی جێبەجێکردنی کارە نهێنییەکەیاندا. مەبەسیش لەوە ئەوە بوو کە ئەوانەی لەودیو کۆشکەکەوەن نەزانن لەناو کۆشکەکەدا چی



دەکرێ!... بۆ ئەمەی لە ڕاسپۆتین وا بگەیێنرێ کە ڕێزی زۆر لێ دەگیرێ، گەورە کۆشکەکە، کە شازادە (یوسۆبۆف) خۆی بوو، دەستی گرت و بردیە ژوورێکەوە لە نهۆمی خواروودا. خوانێکی تایبەتیی تێدا ڕازێنرابووەوە، بەخواردەمەنیی هەموو ڕەنگەوە، بۆ ئەمەی ڕاسپۆتین، هەر بەتەنیا خۆی خۆشیی لێ وەربگرێ، پێش ئەمەی لەگەڵ بانگکراوەکانی تردا کۆ ببێتەوە و هاوبەشییان بکات لە خوانە گەورەکەدا!...

شازادەیش تا پێی کرا کاری هەویر و بابەتی شیرینی و مەیی پێشکەش بەڕاسپۆتین کرد... ژەهرەکە خرابووە ناو هەموویانەوە ئەوەندەیش ژەهریان تێ فڕێ درا بوو، بەشی کوشتنی دە پیاوی دەکرد!... شازادەیش چاوی بڕیبووە دوژمنەکەی خۆی، دڵی دەستی کردبوو بەگورپە گورپ... بەڵام سەرسوڕمان و ترس و لەرزی گەیشتە ئەوپەڕی، کاتێ زانی ژەهرەکان هیچ کارێکیان لە لەشی ڕاسپۆتین نەکردووە!...

ئیتر (یوسۆبۆف) خۆی لە ژوورەکە کێشایەوە و خۆی گەیاندە یەکێک لە هاوڕێکانی، دەمانچەیەکی پڕ گوللەی لێ سەند و، دەمودەست گەڕایەوە ژوورەوە... بەڵام یەجگار زەندەقی چوو کە دی ڕاسپۆتین هێشتا هەر لەسەر خوانەکەیە، نان دەخوات!. کەچی هیچ ئازار و هاوارێکیشی پێوە دیار نییە. هەروەک ژەهرەکە نۆشی گیانی بوو بێ و گەشەی پێ کرد بێ وا بوو!...

شازادەیش دەستی کرد بەدەمانچە پێوەنانی (ڕاسپۆتین)ی بەسام!. تەنیا ئەو کاتە، کابرای دڕندە، بزووتەوە و هەستایە سەر پێ و دەستی کرد بەڕاکردن بەناو ژوورەکەدا. دوای شازادە کەوتبوو. قینی لێی هەڵسا بوو. دەیویست بیگرێ و ئازاری بدات... بەڵام جار بەجارێک هەڵدەئەنگوت... وەک گا دەیبۆڕاند... بەڵام گوللەیشی بەسەردا دەباری، گیرسانەوەی نەبوو!...

دوایی (ڕاسپۆتین) بڕستی بڕا... لاڵوپاڵ لێی کەوت بەسەر زەویدا... بەڵام شازادە (یوسۆبۆف) چاوی ڕێشکەوپێشکەی دەکرد. بڕوای نەدەکرد (ڕاسپۆتین)ی ئەنگاوتبێ!... جا بۆ ئەمەی لەوە دڵنیا بێ کە هەڵناسێتەوە سەر پێ، کوتەکێکی زەلامی هێنا و شلکوتی مەرگی ڕاسپۆتینی کرد... هاوڕێکانیشی گەیشتنە فریای... تا ڕاسپۆتینی وا لێ کرد ئێسک و پروسک و کەللەی بێ وەی نەمانەوە، هەموویان شکان!.

ئنجا کە گەلەکۆمەکێکەرەکان لەوە دڵنیابوون دوژمنە سامدارەکەیان مردووە و نەماوە، لاشەکەیان هەڵگرت لەگەڵ خۆیاندا و فڕێیاندایە ناو ڕووبارەکەوە، کە لەو کاتەدا ئەوەندە سەرماوسۆڵە بوو، ئاوەکەی دەیبەست و دەبوو بەسەهۆڵ!.

## بەرەنگاریکردنێک لە دادگادا

شازادە (یوسۆبۆف) کەوا بەو شێوەیە، مەند و لەسەرخۆ بەزمانێکی پاراو و، دەربڕینێکی پەسەندەوە، چیرۆکەکەی خۆی دەگێڕایەوە، دڵی دانیشتووانی ناو دادگاکەی کێش دەکرد و دەچووە دڵیانەوە!... کەچی پشتیوانەکانی هاوبەشییەکە ملیان نەدا، هەروا بەئاسانی خۆیان بدەن بەدەستەوە... وایان بەپێویست زانی کە پەلاماری ئەو چیرۆکە بدەن و مێشکی گوێگرانی لێ بووروژێنن، کە گومان بکەن لە ڕاستیی. ئەگەر بەپێویستیان زانی گومان بخەنە دڵیانەوە دەربارەی شازادە (یوسۆبۆف) خۆیشی، کە ئەو نەبووە ڕاسپۆتینی کوشتووە!... بەڵام ئەوان لەوەیش زۆرتریان کرد. وایان پیشان دا کە ئەو کەسەی ڕاسپۆتینی کوشتووە شازادە یوسۆبۆف نەبووە، هاوڕێیەکی بووە کوشتوویەتی، کە ئەو پیاوە زۆر لە پاڵەوانی ناو فیلمەکە دەچێ کە هاوبەشییەکە ناوی ناوە (چیکۆدیف)!... هەروەها دەستیان کردەوە بەبەرەنگاریکردنێکی هونەرمەندانەی تر... ئەوان ئەوەیان دەزانی کە بیروباوەڕی گشتیی ئینگلیزەکان حەز لە کەتنی کوشتن و بڕین و هەموو جۆرە تاوانبارییەک ناکات، بام لەپێناوی ئەوەیشدا ڕووی دابێ کە لە کەسایەتییەکی بەد و سامناکی وەک ڕاسپۆتین کۆمەڵایەتی ڕزگاری ببێ!... کەواتە سوێنددراوەکان لەوانەن کە ئەو کارە زۆر بەدڕندەیی بزانن، کە ڕاسپۆتین بەو جۆرە کوژرا بێ: کە ژەهریشی دەرخوارد درا بێ و، گوللەیشی پێوەنرا بێ و بەکوتەکیش شلکوتی مەرگی کرا بێ!... جا لەبەر ئەوە هەتا پێیان کرا، پرسیان کرد لە شازادە یوسۆبۆف و دەمەتەقێیان لەگەڵ کرد بۆ ئەمەی ناچاری بکەن لە بابەت دڕندەییی کەتنەکەی خۆیەوە زۆر قسە بکات!.

## ڕاسپۆتین لە سەرەمەرگدا

کۆمەڵی لەسەرخۆکردنەوەیش دەستی کردەوە بەزۆرانبازییەکەی خۆی. لە ئاگالێبووەکەی پرسی:

– (کەواتە تۆ دەتەوێ بیچەسپێنیتە دڵمانەوە کە بەدەستی خۆت (ڕاسپۆتین)ت کوشتووە؟!...).

دیسانەوە بەو مەندی و لەسەرخۆییە جوانەوە کە هەیبوو (یوسۆبۆف) وەرامی دایەوە گوتی:

– (بەڵێ من بووم (ڕاسپۆتین)م کوشت... بەفرمانێکی نیشتمانیم زانی بیکوژم... لەبەر ئەوە کوشتم!...).



– ئەمە ڕاستە، تۆ دەتەوێ تێمان بگەیێنی کە بەدەستی خۆت خواردەمەنیی هەویرکاریت داوەتێ کە پڕبوون لە ژەهر... ئەویش لێی وەرگرتوویت و خواردوونی؟...

– (بەڵێ من بووم خواردەمەنیی هەویرکاریی ژەهراویم پێشکەش کرد... ئەویش خواردنی... بەڵام پێیان نەمرد!... جا لەبەر ئەوە بوو کە من ناچار بووم بیدەمە بەر دەمانچە!...).

– بەڵام هەندێ لە سەرچاوەکانی مێژوویی ئەوە پیشان دەدەن کە ئەو کەسەی دەمانچەی بەڕاسپۆتینەوە ناوە تۆ نەبوویت، یەکێک لە هاوڕێکانت بووە!

– (نەء کەس ئەوی نەکوشتووە من نەبم!. چونکە کە زانیم نایەوێ بمرێ، لە ژوورەکە هاتمە دەرەوە و، دەمانچەی هاوڕێکەمم وەرگرت. پاشان چوومەوە ژوورەوە و دەستم کرد بەدەمانچە تەقاندن بەرامبەر (ڕاسپۆتین)... گەلێک گوللەم پێوە نا... کەچی هەروەک خۆی مایەوە، گیانی بەدەستەوە نەدا. لەجیاتی ئەوە، وەک گا بەلەسە بوو، دەیبۆڕاند بەسەرمدا و پەلاماری دەدام... ئیتر منیش ناچار بووم، کوتەکێکی گرانم لێ گرت بەدەستەوە و کەوتمە گیانی، تا شلکوتی مەرگم کرد... ئنجا مرد... ئێمەیش لاشەکەیمان هەڵگرت و فڕێماندایە ڕووبارەکەوە).

دوورنییە چیرۆکەکە ئەوانەی ترساند بێ کە لەوێدا دانیشتبوون و گوێیان لێ دەگرت... ڕەنگە ئەو کەسانەیش کە لەوێدابوون ئەو دڵڕەقییەیان زۆر پێ ناخۆش و ناشیرین بوو بێ، کە لەو کارەساتەدا ڕوویداوە... بەڵام هیچ کەسێک لەوە دوودڵ نەبوو، کە قسەکانی (یوسۆبۆف) دەیکرد، هەموویان، یەک بەیەک ڕاستبوون و، لە کانی دڵیەوە دەهاتنە دەرەوە...

(یوسۆبۆف) بەلەشولارە ڕێکوپێکەکەیەوە وەستا بوو. دەتگوت ڕمە و چەقیوە. ڕەق ڕاوەستا بوو. هیچ ئەندامێکی نەدەبزووتەوە... بەدەنگێکی لەسەرخۆ و مەندەوە دەستی کردەوە بەقسەکردن... گوتی:

– (لەوەپێش کەسم نەکوشتبوو... بەڵام فرمانی نیشتمانیم وا بوو کە (ڕاسپۆتین) بکوژم... جا لەبەر ئەوە بوو کوشتم!...).

## لە ناوەند پاڵەوانە ڕاستەقینەکان و پاڵەوانەکانی سینەمادا

کۆمەڵی لەسەرکردنەوەی هاوبەشییەکە، دەستی کردەوە بەتێکۆشان بۆ دەرخستنی ئەو جیاوازییە گەورەیەی کە لە ناوەند کەسایەتیی (چیکۆدیف) و شازادە (یوسۆبۆف)دا هەبوو؛ کە یەکەمیان (ڕاسپۆتین)ی لەناو فیلمی سینەماکەدا کوشتبوو. دووەمیشیان (ڕاسپۆتین)ی لە ژیانی ڕاستەقینەدا کوشتبوو. هەروەها کۆمەڵی لەسەرکردنەوەی هاوبەشییەکە، کچە شا (ئێرینا ئەلیکسەندرۆفنا)یشی تەنگەتاو کرد... وای لێ کرد ناچار بێ بڵێ: ئەو کچە شای کە لەناو فیلمەکەدا پێشان دراوە، نە لە سەر و شێوەدا لە خۆی دەکات، نە لە کردەوە و ڕەوشتدا. بێجگە لەوە، ئەوەندەیش لەگەڵ شازادە (یوسۆبۆف)دا تێکۆشا، تا ناچاری کرد، ئەویش بڵێ کە ئەو شازادەیەی لەناو فیلمەکەدا پیشان دراوە، نە لە سەر و شێوەدا، نە لە ڕەوشت و خوودا لە خۆی ناکات!... کۆمەڵی لەسەرکردنەوەی هاوبەشییەکە، وایانزانی بەهۆی ئەم کردەوە و کارەیانەوە توانیویانە، بنچینەی سکاڵاکەی کچە شا تێک بدەن و بیڕووخێنن. هەستیان بەوە نەدەکرد، ئەم کردەوە و کارەیان بەکەڵکی فرمانەکەی پشتیوانی کچە شا هاتووە... چونکە پشتیوانەکانی هاوبەشییەکە، هەرچەندیان کرد نەیانتوانی پێ لێنانی (یوسۆبۆف) بەکوشتنی (ڕاسپۆتین) کەم بایەخ بکەن، یاخود دڵی دادگای لێ کرمێ بکەن. دوایی بۆ دادگاه دەرکەوت کە (چیکۆدیف) و دەسگیرانەکەی، لە ڕاستیدا، لاساییی شازادە (یوسۆبۆف) و کچە شای ژنی ئەویان دەکردەوە. ئەو جیاوازییانەیش کە هەبوون لە ناوەند شازادە و کچە شای ڕاستەقینە و کچە شا و شازادەی ناو فیلمەکەدا، لە سەر و شێوە و ڕەووشت و خوودا، بایەخێکی ئەوتۆیان نییە... جا لەبەر ئەوە، هەر کارێ سەرشۆڕیی هێنا بێ بەسەر کچە شای ناو فیلمەکەدا، ئەو سەرشۆڕییەیشی هێناوە بەسەر کچە شای ڕاستەقینەدا!. دوایی، سوێنددراوەکان بانگ کران، کە بەجۆرێکی تایبەتی ئەو فیلمەیان پیشان بدرێ... نوێنەرانی هاوبەشییەکە وای هەڵدەگرت، کاروباری ئەو کەینەوبەینەیە لەوێدا ڕابگرن و ئیتر لەسەری نەڕۆن... کەچی بەپێچەوانەی ئەوەوە، دیسانەوە دەستیان کردەوە بەقسەکانی پێشوویان: کە دەموچاوی شازادە (یوسۆبۆف) زۆر دوورە لە دەموچاوی (چیکۆدیف)ەوە؛ بێ ئەمەی هەست بکەن بەخۆیان کە جارێکی تریش کەڵکیان بەخشییەوە بەکارەکەی پشتیوانی کچە شا... ئەوانە ناچاربوون چەند کەسێکی شارەزایان بانگ کرد، کە لەناو ئەوانەدا چەند کەسێک هەبوون شازادە (یوسۆبۆف) و ژنەکەیان دەناسی، لە ڕۆژانی گەورەییاندا. هەروەها شارەزای کەینەوبەینەی ناو کۆشکی شایی (چار)ی ڕووسیایش بوون.



## ئەو چەکەی پشتیوانانی هاوبەشییەکە دایان بەپشتیوانی کچە شا

ئاگالێبووەکان ئەوەیان چەسپاندە دڵی دادگاهەوە کە کەسایەتیی شازادە (یوسۆبۆف) و کچە شای ژنی، لە کەسایەتیی شازادە و کچە شای ناو فیلمەکە ناکەن... پشتیوانەکەی کچە شایش نەیویست بەرەنگاری قسەکانی ئەو ئاگالێبووانە بکات. ئەو هەر ئەوەندەی دەپرسی لە هەموو ئاگالێبوویەک کە:

– (کێیە لە هەموو شوێنێکدا ناوی دەرکردووە کە ڕاسپۆتینی کوشتووە؟...).

تا ئەم وەرامەیشی لێ وەرنەگرتایە، وازی لێ نەدەهانی:

– (شازادە «یوسۆبۆف»ە!...).

(کەواتە هەر کەسێک ئەم (فیلم)ە ببینێ، کەوا جارێ بۆ دراوە لە سەرچاوەی ڕاستییەوە وەرگیراوە و، وێنەیەکی ڕاستەقینەی کوشتنی «ڕاسپۆتین»یشی تێدایە، هەر ئەوەی لێ دەوەشێتەوە، کە پاڵەوانی کوشتنەکەی ببینێ، شازادە «یوسۆبۆف»ی بیر بکەوێتەوە، کە پاڵەوانی کوشتنی ڕاستەقینەی «ڕاسپۆتین»ە... هەروەها ئەوەیشی بیر دەکەوێتەوە، کە ئەو خانمەی ڕۆژێک لە ڕۆژان دەسگیرانی شازادە بوو و، پاشان بوو بەژنی ئەو، کەس نییە خاوەنی سکاڵاکە نەبێ، کە کچە شا «ئێرینا»یە!).

لەوێدا سوێنددراوەکان و دادگا هیچیان بۆ نەمایەوە ئەوە نەبێ کە ددانی پێدا بنێن، شیکردنەوە و لێکدانەوەکەی پشتیوانی کچە شا ڕاستە و دروستە و لە جێی خۆیایەتی!.

## تاوێک لەپێش بڕیاردانی دادگادا

سوێنددراوەکان ویستیان جارێکی تریش فیلمەکە ببیننەوە... جارێکی تریش پێشانیان درایەوە... ئنجا کە دادگا دەستی کردەوە بەکار، دادگەرەکە بەکورتی کارەساتەکانی بۆ گێڕانەوە لەگەڵ نوواندنی یاسا بەسەریاندا. پاش ئەوە دادگاه بڵاوەی کرد، تا سوێنددراوەکان لەناو خۆیاندا ڕاوێژ بکەن لەسەر کەینەوبەینەکە. هۆڵی دادگاکە، پڕ بووبوو لە دڵ پەشێوی و چاوەڕوانیکردن... هەموو کەس تەنگەتاو بووبوو بۆ زانینی ئەنجام... پڕ بەدڵ دەیانویست زوو بەزوو گوێیان لە بڕیاری دادگا بێ... (پاتریک هاستینگز) لەم ڕووەوە دەڵێ:

(بەدرێژایی ساڵان من پشتیوانیم کردبوو، هێشتا ئەوەندەی ئەمجارە خەم و پەژارە و گلاراوی دڵمی داگیر نەکرد بوو، لە کاتی ڕاوێژکردن و گفتوگۆکردنی سوێنددراوەکاندا، کە

لەناو خۆیاندا دەیانکرد... هەرچەندە ئەنجامی کەینەوبەینەکە فرێکی بەسەر منەوە نەبوو، چونکە من هەر پشتیوان بووم، بەڵام بۆ هەردوو لای کەینەوبەینەکە یەجگار گرنگ بوو، بەناسکترین تاوی ژیانیان دادەنرا... جا لەبەر ئەوە خەم و پەژارەی ئەوانیش بەناچاری گەیشتبوونە ناو دڵی منیشەوە... تەنانەت ئەمجارە لە خەم و پەژارەی ئاساییش زۆرتر بوون... چونکە بڕیاردانەکەی دادگا بەلای کچە شاوە یەجگار گرنگ بوو. چونکە ناچار بوو ناخۆشترین تاوی ژیانی خۆی بۆ هەمووان دەربخات. لەبەر ئەوە دۆڕاندنی سکاڵاکەی، ئەوەندە پێ گران دەبوو، کە لە توانایییدا نەدەبوو بەرگەی ئەو خەم و خەفەتە بگرێ!... هەرچەندە پرسکردن لە ئاگالێبووەکان و گفتوگۆکانیان ناوبانگی ئەوی پاک کردەوە، بەڵام ئەگەر بڕیاری دادگاکە چاکەی بۆ ئەو تێدا نەبووایە، لە باریدا هەبوو بەجارێک کچە شا بەدناو بکاتەوە و ناوبانگیشی خراپ بکاتەوە!.

جا لەو کاتەدا کە کەینەوبەینەی چرپە چرپ و هەڵهێنانی بڕیارەکە هەموو گوێگرانی گرتبووەوە، خۆم پێ نەدەگیرا، منیش بەسەرسوڕمانێکەوە لە خۆم دەپرسی: ئاخۆ لەو کاتەدا چی بەدڵی کچە شادا هاتبێ، کەوا بێ دەنگوسەنگ دانیشتبوو، چاوەڕوانی ئەنجامی دەکرد؟... چونکە کچە شا وەک خۆی بۆی گێڕاینەوە لە بەردەم دادگادا، لەو ڕۆژانەی ڕابردوویدا کە لە شاری (سانت پیتەر سبۆرگ)دا بووە، لەناو کۆشکێکی شایانەدا ژیاوە. کچە شایێکی وا بووە کە هەموو کەس ئاواتی خواستووە وەک ئەو بژی... چونکە ئەوەندە بەختیار بووە، هەرچی ئارەزوویەکی کردووە دەستی کەوتووە. بەڵام ئێستاکەیش وای لێهاتووە، پەنای هێناوەتە بەر خاکێکی بێگانەی وەکو (ئینگلتەرە)... نە سامانی بەدەستەوە ماوە و، نە هیوایشی هەیە جارێکی تر بگەڕێتەوە ئەو نیشتمانەی کە لێی ئاوارە بووە و تەفروتوونا کراوە!...).

### ٢٥٠٠٠ پاوەند دەدەن بەکچە شا:

سوێنددراوەکان هاتنەوە ناو هۆڵی دادگاکە... دادگەریش لەدوای ئەوانەوە هات... هۆڵەکە بێ دەنگوسەنگییەکی سامناک داگیری کرد... کچە شا و مێردەکەی لێ دەربچێ، کە لە جێگای خۆیاندا وەک بەرد ڕەق بووبوون، نەدەجووڵانەوە، هەر کەسێ لەوێدا بوو، چاوی بڕیبووە ئەندامەکانی دەسگای دادگاکە... دادگەرەکە لە سوێنددراوەکانی پرسی: (چیتان بڕیار دا لەناو خۆتاندا؟...). ئەوانیش هەموویان بیروباوەڕی خۆیان دەربڕی: کچە شا هەڵدەگرێ، دادپەروەریی لەگەڵدا بکرێ)... لەپاش ئەوە دادگەرەکە بڕیاری دا بەسەر



هاوبەشییەکەدا کە بیست و پێنج هەزار پاوەند بدات بەکچە شا، لە تۆڵەی ئەوەدا کە ناوی زڕاندووە!...

بۆ یەکەم جار کچە شا لە جێی خۆی بزووتەوە و ئاوڕی دایەوە لە پشتیوانەکەی خۆی و، سوپاسی یارمەتیدانی کرد... پاش ئەوە کچە شا و مێردەکەی لە دادگا چوونە دەرەوە. بەڵام هەروەک پێشووی خۆیان بەمەندی و بێ دەنگوسەنگی و زرنگییەوە چوونە دەرەوە... بێجگە لەوەیش ناوبانگی خۆیان پاک کردەوە و، سامانێکیشیان دەست کەوت!... مایەوە سەر هاوبەشییەکە. هەرچەندە تێکۆشا کە بڕیارەکەی دادگا هەڵبووەشێنێتەوە، بەڵام خواستەکەی پەسەند نەکرا و بەرپەچ درایەوە!.

# ڕاستە کوشتوێتی... یان تاوانبار نییە؟

ئەم کەینەوبەینەیە پانزە ساڵی خشت کۆمەڵایەتیی ئینگلیزی خەریک کرد بەخۆیەوە

نووسینی: ئەدگار لیست گارتن

ئەم نووسراوە

نووسراوی [ڕاستە کوشتوێتی... یان تاوانبار نییە؟]، کە دانەرەکەی نووسەری بەناوبانگی ئینگلیز [ئەدگار لیست گارتن]ە، پڕە لە پەند و ئامۆژگاری بۆ ئەوانەی کە گوێ دەدەنە یاسای خودایی و بەدوای دادپەروەریدا دەگەڕێن. هەروەها بۆ ئەوانەیش کە بڕوایان بەوە هەیە کە دەبێ [ژن و مێردی] لەسەر بنچینەیەکی خۆشەویستیی دوولایی و، نزیکیی ژین و گوزەران و تەمەن و، دڵ و دەروون و، ژیری و تێگەیشتن و، چێژگەی هەردوولا دابمەزرێ. ئەم چیرۆکە لەسەرێکەوە ژینێکی پڕ لە خۆشی و کامەرانیی ژن و مێردیی تێدایە، کە تا ماوەیەکی هەشت ساڵی دەخایێنێ، لە سەرێکی تریشەوە کەتن و ڕیسواییەکی ناکاو و، ئەنجامێکی پڕ ناکام و، مەرگەساتێکی بەسامی تێدا ڕوودەدات. مێردەکە لە ئینگلتەرەدا لە دایک بووە، ژنەکە لە ئەمەریکادا.

سروشتی ئەمریکاییەکانیش لە سروشتی ئینگلیزەکان گەلێک جیاوازە. ئەمان حەز لە بەرەڵڵایی و گۆڕین دەکەن. ئەوان حەز لە خۆپاراستن و نەگۆڕین دەکەن. تەمەنی [مایبریک] کە مێردەکەیە، دووئەوەندە پتربوو لە تەمەنی [فلۆرنس]، کە ژنەکەی بوو. مێردەکەی چەواشە بووبوو بەجوانی و شەنگوشۆخیی ژنەکەیەوە لە ڕوو و لەشولاردا، بێ ئەمەی لە ڕەوشت و سروشتی بخوێنێتەوە. ژنەکەیش چەواشە بووبوو بەسەر و سامان و سایە و پایەی مێردەکەیەوە، بێ ئەمەی لە تەمەن و ڕەوشت و پیشەی بخوێنێتەوە. بۆیەکا لەپاش هەشت ساڵ ژیانی ژن و مێردیی ڕێکوپێک و خۆش و پڕ لە کامەرانی، [فلۆرانس] پەڵی پچڕیوە و ناپاکیی لە مێردەکەی خۆی کردووە و، دڵداری و لنگبازیی لەگەڵ پیاوێکی تری ئینگلیزدا کردووە. داخەکەم نەنووسەر لە چیرۆکەکەیدا و، نەدادگایش لە چەندوچوون کردنەکەیدا، بەتەنگ ئەم کەتنەوە نەبوون و بایەخی پێویستیشیان پێ نەداوە. کەچی لە ڕاستیدا هەر ئەو کەتنە بووە کە بووە هۆی نەخۆشکەوتن و مردنی [مایبریک] لە داخی ئابڕووچوون و لە دەسچوونی دڵدارەکەی. من لەو باوەڕەدام کە ئافرەتەکە، ئەگەر لە



کوشتنی مێردەکەیدا تاوانباریش نەبێ، لە مردنی مێردەکەیدا تاوانبارە. کەچی نەبرای مێردەکە، نەدادگا، خۆیان لەم ڕازی مردنە نەگەیاندووە. بەڵکو بەپێچەوانەوە، دادگا دوای بەرەڵڵاکردنی ئافرەتەکەی بەسەرکەوتنێک داناوە بۆ [دادپەروەری]! ئەمەیش جێی داخە کە هەتا ئێستایش دادگاکانی جیهان بایەخیان نەداوە بەکەینەوبەینەی دەروونی، کە زۆر جاری وا هەیە هەر ئەوانەن دەبنە هۆی ڕوودانی کەتن و ڕیسوایی و نەخۆشی و تاوانباری، وەک لەم چیرۆکەدا دەردەکەوێ.

لێرەدا پێویستە ئەوەیش بڵێین کە ئەگەر [فلۆرنس] ئافرەتێکی سەرڕاست بوایە، پێویست بوو لەپێشدا خۆی لە مێردەکەی ئاشکرا بکردایە، کە گرفتاری ئەڤینی [برایەرلی] بووە و، دەیەوێ ژن و مێردییەکەی خۆی و ئەو هەڵبوەشێنێتەوە، تا بتوانێ شوویەکی تازە بەدڵداری تازەی بکات. جا ئەو ژیانە تاڵەی کە پاش هەشت ساڵەکە تووشی هات بەهۆی هوروژمە ڕەواکانی مێردەکەیەوە، هەروەها ئەو زیندانی پانزە ساڵییەی کە تووشی هات لەسەر دەستی برای مێردەکەیدا، کە بەدەرمان خواردووکردنی مێردەکەی تاوانباری کردبوو، لەبەردەم دادگاهدا، بام بەهەڵەی یاساییش دانرابێ بۆ دادگا، لەڕاستیدا [جەزرەبەیەکی دادپەروەرانەی خودایی] بوو، بۆ ئەو، لە تۆڵەی ناپاکی و داوێن پیسییەکەیدا، کە هەر ئەو کەتنەیش بوو -بەباوەڕیی من- بووە هۆی مردنی مێردەکەی...

[دادی خودایی] لە ژوور هەموو دادگایەکەوە کاری خۆی دەکات... کاشکی ئێمەیش هەر بایەخمان بە [دادپەروەری] بدایە، لە ژیانماندا، تا ئێستا ئەمەندە پاش نەدەکەوتین!...

ئەوەی شایستەی دڵخۆشبوون و ڕێزلێگرتنە، ئەوەیە کە [جوولەی دادپەروەری] لە دەمێکەوە لەناو جیهاندا پەیدابووە، چ بۆ تاکوتەرای کەسان، چ بۆ گەلان. لە گەلێک شوێنیشدا دادگای ڕاست و دروست پەیدابوون، کە سەر بۆ هیچ هێزێک دانانەوێنن، بۆ ڕاستی و دروستی و دادپەروەری نەبێ. یەکێک لەوانە ئینگلتەرەیە کە ئەمە نزیکەی سێ سەد ساڵە خەبات دەکات بۆ ئەم ئامانجە. لەم چیرۆکەیشدا کە نموونەیەکی ئەو جوولەی دادپەروەرییەمان بۆ دەردەکەوێ، هیوادارم کە لە خاکەکەی خۆیشماندا ئەو جوولەیە پەیدابێ. لەڕاستیدا [شارستانێتی]ی هەموو نەتەوەیەک بەڕاگرتنی دادپەروەری ئەندازەی دەگیرێ. چونکە ئامانجەکانی مرۆڤ لە ژیانیدا هەر لە ناوچەیەکی پڕ لە دادپەروەریدا دێنەدی. ئامانجەکانی مرۆڤیش هەر ئەوەتا کە دادی بپرسرێ و، مافی بپارێزرێ و، بتوانێ سەربەستانە، بێ وەی بەخۆشی و شادمانییەوە بژی. ئامانجەکانی گەلانیش هەر ئەمانەن. بەڵام دەبێ ئەوەیش بزانین کە نەتاکوتەرایانی کەسان، نەگەلان، بەم ئامانجە ناکەن، تا

خۆیان پاک نەکەنەوە لە کەتنی زۆرداری و خۆیشیان پەروەردە نەکەن بەڕەوشتی دادپەروەرانەوە. ئەمەیش [خوێندەواری] نەبێ چارەی ناکات. واتا فێربوونی زانست و خۆڕاهێنانیش بەچاکییەوە، لەگەڵ خۆ دوورخستنەوە لە خراپی.

ئێمەی کوردەوارییش کە تا ئێستا بایەخمان نەداوە بە [دادپەروەری] سزای خۆمان چێشتووە، کە ئەویش دیلیی دەستی بێگانەیە و دەستی خۆمان!.

جا ئەگەر بمانەوێ چێژگەی ژیانێکی چاکتر و پاکتر و جوانتر بکەین، پێویستە بایەخ بە [دادپەروەری] بدەین. بەڵێ (دادپەروەری). هەتا دەیشمێنین هەر [دادپەروەری].

شاکر فەتاح

سلێمانی: ١٩٦٦/٢/٢٧

## سەرەتای چیرۆکەکە

چیرۆکی (فلۆرنس مایبریک] کە بڕانەوەیێکی پڕ خەفەت و سزای هەیە، لە جیهانی نوێدا دەستی پێکردووە، لەساڵی ١٨٨١دا... لەو ساڵەدا [جێمس مایبریک] ڕابەرێکی گەورەی لۆکەفرۆشتن بوو، لە شاری [لیڤەرپوو]دا، بەهۆی کاروبارە گەورە و فراوانەکەیەوە هاتبووە سەردانی ئەمەریکا. ئەو کاتە لە سەرەتای تەمەنی چل ساڵەی دابوو لەشێکی بەهێز و توندوتۆڵی پێوە بوو، حەزی لە وەرزش دەکرد. ڕوویەکی خۆشیشی هەبوو. بێجگە لەمانەیش، هەموو، پیاوێکی سەرکەوتوو بوو، لە کار و فرمانەکانیدا، دەرامەتیشی یەجگار باش بوو.

لەو گەشتەیدا چاوی بەخانم «فلۆرنس شاندلەر» کەوت و ناسی، کە کچی کارگێڕی یەکێ لە پارەگۆڕینەوەخانە سەرکەوتووەکانی خاکی [ئالاباما] بوو. «فلۆرنس» لەو کاتەدا لە تەمەنی هەژدە ساڵی تێپەڕی نەکردبوو. کچێکی تەڕوبڕ بوو. شەنگوشۆخییەکی وایشی پێوە بوو، دڵی پیاوی کێش دەکرد و، فریوی دەدا بۆ ڕەگەزبازی، بەژنوباڵایەکی جوانیشی پێوەبوو لەگەڵ دەموچاوێکی وەکو گوڵدا... [مایبریک]یش دڵی بەم کچە داچوو. نەیشگەڕایەوە بۆ ئینگلتەرە بەناو ئاودا، تا ئەوی مارە کرد و لەگەڵ خۆیدا بردییەوە!... زاوا و بووک لە شاری [ئیجبریث]دا کە لە نزیک شاری [لیڤەرپوول] دابوو، لەناو خانوویەکی گەورەدا ژیان، کە پڕبوو لە هەموو بابەتێکی خۆش ڕابواردن، کە لەشکرێکی بچووکی دەسوپێوەندی پێوە خەریک بوو... ژیانی ژن و مێردییەکەیان بێدەنگ و سەنگ بوو، پڕبوو لە خۆشی و ئاسوودەیی... دوو منداڵیشیان بوو، کە بەچەشنی گوڵ ماڵەکەیان



ڕازاندبووەوە... لەبەرئەوە، ژیانەکەیان لە هیچی کەم نەبوو، پڕیش بوو لە ڕێکوپێکی و کامەرانی...

... بەڵام لەپاش هەشت ساڵێکی خۆش و بێدەنگ و سەنگ کە لەو ژیانەدا دەژیان، واتا لە سەرەتای ساڵی ١٨٨٩دا، ]فلۆرنس مایبریک] دەستی کرد بەجەربەزەیییەکی وەها کە ئەنجامی بەچاک نەدەهاتە پێش چاو، چونکە لە ناوەند ئەو و پیاوێکدا کە ناوی [برایەرلی] بوو ئاشنایەتی و دۆستایەتی دامەزرا، کە دوایی گۆڕاو بوو بەدڵداری. ئافرەتەکەیش ئەوەندە گرفتاری خۆشەویستیی پیاوەکە بووبوو، لە مانگی نەورۆز [مارت]ی ئەو ساڵەدا، بەدرۆ مێردەکەی خۆی چەواشە کرد و، بەبیانووی ئەوەوە کە لە شاری [لەندەن]دا نەشتەرکارییەکی گرنگی خزمێکی دەکەن، چووە [لەندەن]. لەوێ چووە ناو میوانخانەیەکی واوە بەرچاو نەکەوێ، تا سێ شەو و سێ ڕۆژی خشت لەگەڵ پیاوەکەی دۆستیدا بەدڵداری و لنگبازییەوە ڕایبوارد. [فلۆرنس] ئەودەمە لە تەمەنی بیست و شەش ساڵیدا بوو. کەچی مێردەکەی گەیشتبووە پەنجا ساڵی!...

## ماڵ کەوتە ئاژاوە

پاش ئەوەی [فلۆرنس] لە [لەندەن] گەڕایەوە، چووەوە سەر ماڵی خۆی. هەروەک ئەو سێ شەو و سێ ڕۆژەیشی بەبەزموڕەزمەوە ڕانەبواردبێ لە میوانخانەکەی لەندەندا وابوو!. ئێمە وای دادەنێین کە مێردەکەی بەوەی نەزانی بوو کە [فلۆرنس] لە ڕێگەی داوێن پاکی لایدابوو. بەڵام خۆ ئەوە ئاشکرابوو کە [مایبریک] لە ئەندازەی خۆی زۆرتر هۆگری ژنەکەی بووبوو. زۆرتریش دڵنەوازیی دەکرد. لەبەرئەوە توانج و پلاری توندوتیژی دەگرتە [فلۆرنس]. کە لە دواییدا گۆڕا و بوو بەدەمەقاڵی. پاشان گەیشتە لێدانی [فلۆرنس]ی پەری ڕوو کە دەمودەست چاوێکی و لووتی ئاوساند!... بێگومان فلۆرنس لەمە تووڕەبوو و هەڕەشەیشی کرد کە ماڵەکە بەجێ بهێڵێ... خۆ ئەگەر منداڵەکانی لە ئارادا نەبوونایە، دەمودەست ماڵەکەی بەجێ دەهێشت... پاش ئەوە پزیشکی خێزان هاتە ناویانەوە، ئاشتی کردنەوە و، ژیانیشیان گەڕایەوە سەر دۆخی جاران! ئەوەندە هەبوو، شەڕ وەستاندنەکە هەر بەسەرزاری بوو. لەژێرەوە پشموقین هەر لە دڵدا مابوو!... چونکە هەر ئەوەندە مانگێکی بەسەرداچوو، کە ئەو شەڕ و هەڵڵایە لە ناوەند هەردووکیاندا قەومابوو، نیشانەکانی نەخۆشییەک بە «مایبریک»ەوە دەرکەوتن، کە هەتا نەیکوشت لە کۆڵی نەبووەوە!...

ئەو نیشانانەیش لە ناوەند ڕشانەوە و سک ئێشەدا بوون. پاشان [مایبریک] چاک

دەبووەوە و، دەهاتەوە سەرخۆی، کەچی زۆری پێنەدەچوو ئێش و ئازارەکانی بۆ پەیدا دەبوونەوە... پزیشک لە دوای پزیشکیش دەهاتن و دەچوون. هەرچەندیان دەکرد، ئەنجامێکی تەواویان دەست نەدەکەوت. پاشان براکەی لە لەندەنەوە هاتە لای، لێی نەدەبووەوە. چونکە لەشی تێکچوو بووەوە و بەپەلە بەرەو نەمان دەچوو!...

## دوایی مایبریک مرد

ماڵەکە گەڕان. لە ئەنجامی پشکنیندا: «زەرنیخ»یان دۆزییەوە، لەناو قاقەزدا، بەپێچراوەیی، لەناو شووشەدا... هەندێکیشی لێ ڕژابووە سەر جلوبەرگ و ڕایەخ و ڕووی دۆشەک!... لە هەموویشی گرنگتر ئەوە بوو کە هەندێک شیکردنەوەی ساکاریان دەست پێکرد لەناو لەشی «مایبریک»دا لە ١١/٥/١٨٨٩دا مرد لە ١٣ی ئەو مانگەدا نێژرا. لە ١٤ی ئەو مانگەیشدا «فلۆڕنس»ی ژنی گیرا و خرایە بەندیخانەوە، بەو ناوەوە کە «مێردەکەی خۆی دەرمان خوارد کردووە کوشتویێتی هەروا بەئارەزووا!...».

## بیروباوەڕی گشتی فلۆڕنس تاوانبار دەکات

تاوانبارکردنەکە هەرچەندی کاریگەر بێ و، ببێتە هۆی بێدەنگ و سەنگی، یاخود شۆڕش هەڵگیرساندن، یان تووڕەبوون، خاوبوونەوە و بڕستبڕان، بەڵام زیندانی بەندیخانەکە بەزەییی بەکەسدا نایەتەوە... تاوانباری گیراویش هاواری بەکەسدا ناگات، بەو دۆست و کەسوکارانەدا نەبێ کە لەودیو شیشە ئاسنەکانەوە دەوەستن... [فلۆڕنس]ی بەسەزمانیش لەو جۆرە دڵخۆشکەرانە بێبەش بوو. چونکە لەو ناوەدا نەکەسوکاری هەبوو، نەدۆستیشی بۆ پێکەوەنرابوو، کە دڵی بدەنەوە و پشتگیریی بکەن و، هیوایش بخەنە دڵیەوە. کەسوکاری فلۆڕنس هەموو لەوپەڕی زرێ گەورەکەی ئەتڵەسییەوە بوون. واتا لە ئەمەریکا بوون. ناسیاوە ئینگلیزەکانیشی ڕووی خۆیان لێ وەردەگێڕا و، لچیان لێ هەڵدەقورتاند!... دوایی دەسگای یەکێک لە پشتیوانەکان دڵی پێی سووتا لە [لیڤەرپوول]دا... «سێر چارلس ڕاسل» بوو بەجێ نووشینی ژنەکە، تا لەسەری بکاتەوە. ئەم پشتیوانەیش گەورەترین پشتیوانی ئینگلیز بوو لەو سەردەمەدا. تەنانەت دەڵێن گەورەترین پشتیوان (محامی)یش بووە کە دادگاکانی ئینگلیز تا ئەوەدەمە چاویان پێی کەوتووە. دەنگێکی گەورەی بووە. بەهێز و هەرەتیشەوە لەسەر تاوانبارەکەی کردۆتەوە، سامێکی گەورەیشی هەبووە لەناو دڵی کەسانی تردا... ئەوانەی ئاگایشیان لە کەینەوبەینەکەی بووە، هەرچەندێ وریا و بەهێز بووبن، لەبەردەم چەندوچوونکردنی ئەودا



خۆیان پێ نەگیراوە... ئەو لەوانەیش نەبووە، کە دادگەرەکان خۆیشیان لە دەست سەرزەنشتکردن و هوروژمەکانی ئەو ڕزگاریان بووبێ... ئەگەر پێویستی کردبێ، گوێی نەداوەتە کەس، وەک هەورە تریشقە هوروژمی بردۆتە سەر بەرامبەرەکان و ئاگا لێبووەکان و پیاوانی تاوانبارکردن... ئەو بەتەنگ ئەوەوە نەبووە قسە بڕازێنێتەوە و، پێچوپەنا بکات لە قسەکردندا... ئەو چەکەی بەدەستیەوە بووە، هێز و هەرەتی بووە، نەک زمان ئارایی!.

لەبەرئەوە ئەو دەمەی پرسکردن و لێکۆڵینەوە تێدا دەکرا، بەچەشنی ئەوەی ڕۆن بکەیت بەسەر ئاگردا و گڕی زۆرتر تێبەر بدات، دوودڵیی کەسانی تریش تا دەهات دەبوو بەبیروباوەڕێکی بنج داکوتاو کە ئەو ئافرەتە بێگانەیە نەبێ، کەس ئەو کوشتنەی لە دەست نەهاتووە. تەنانەت لە شاری [لیڤەرپوول]دا کەس نەما کە بڕوای بەتاوانباریی ئەو ژنە نەبێ!... تەنانەت دەنگوباسی ئەم کەینەوبەینە سامناکەیش کەوتە ناو لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکانەوە وە سەر زمانی کۆمەڵانی نەتەوەوە. ئەوەتی ئینگیلتەرە هەبوو، هیچ کەینەوبەینەیەک ئەوەندەی ئەم کەینەوبەینەیە نەتەوەی بەخۆیەوە خەریک نەکردبوو، مەگەر کەینەوبەینەکەی «ئۆسکار وایلد» نەبێ کە لەوەپاش پەیدابوو!... لە بارێکی وایشدا یاسای ئینگلیز ڕێ دەدات بەتاوانبار کە داوا بکات کەینەوبەینەکەی لەبەردەم دادگایەکی تردا تەماشا بکرێ. چونکە بڕیاردان بەتاوانباری، یاخود بەبێ تاوانی بەرەو ڕووی سوێندخۆرەکان کراوەتەوە، کە ئەوانیش لە دانیشتوانی شارەکەن. بەڵام ئەگەر بهاتایە، کەینەوبەینەکە لە شاری [لیڤەرپوول]ەوە بگوێزرایەوە بۆ شاری [لەندەن]، ئەوە بۆ دڵنیاییی تاوانبارەکە لە دەروون خاوێنیی سوێندخۆرەکان نزیکتر دەبوو!... کەچی پشتیوانەکانی فلۆڕنس ئامۆژگارییان وا کرد کە دادگاکەی نەگۆڕێ، تا بێ تاوانیی ئەو، هەر لەو شارەدا دەربکەوێ کە تاوانبارییەکەی ئەوی گوێ لێ بووە!...

## بەڵگەکانی دەسگای تاوانبارکردن بەسەر تاوانباریی ژنەکەوە

نوێنەری دەسگای تاوانبارکردن، لە پیاوە هەرە گەورەکانی ئەوێ بوو. بەڵگە و نیشانەکانی تاوانەکەی لە شێوەیەکی ڕێکوپێک و ئاشکرادا پیشان دابوو:

نوخشەی ئەو نیشانانە «قاقەزی مێش کوشتن» بوو. کە ئەویش قاقەزێکی لینج بوو، بەڕووەکەیەوە چینێک زەرنیخ دانرابوو. لەپێش داهێنانی دەرمانپرژێنەکاندا کە بۆ کوشتنی مێش و مەگەز بەکاردەهێنرێن، لە کۆگای دەرمانەکانیشدا دەفرۆشران، بێ ئەمەی پێویستیی بەڕێدانی پزیشکێک بووبێ.

بەڵگەی دووەمیش ئەوە بوو کە «پوختەی گۆشت»ەکە هەندێک زەرنیخی تێکرابوو!...

بەڵگەی سێهەمیش ئەوەبوو کە ژنە تاوانبارەکە پێش مردنی مێردەکەی بەسێ ڕۆژ نامەیەکی نووسی بوو بۆ دڵدارەکەی خۆی کە ناوی [برایەرلی] بوو!.

بنچینەی تاوانبارکردنەکەیش لەسەر ئەوە دامەزرابوو کە قاقەزی مێش کوشتنەکە کراوە بەسەرچاوەی ژەهری زەرنیخ. کە ژنەکە بەهۆی ئەوەوە مێردەکەی خۆی دەرمانخوارد کردبوو... ژنەکە لە ٢٤/٤/١٨٨٩دا دەستەیەک لەو قاقەزی مێش کوژانەی لە دەرمان فرۆشێک کڕیبوو. لە دەرمان فرۆشێکی تر هەندێ لە دەستوپێوەندەکانیش چەند قاقەزێکیان لەو قاقەزانە دیبوو خرابوونە ناو جامێکەوە کە ئاوی تێدابووبوو، پەشتەماڵێکی درابوو بەسەردا لە ژووری نوستنی نەخۆشەکەدا!... نوێنەری تاوانبارکردنەکە لەوەدا هونەری نواندبوو کە مێژووی کڕینی ئەو دوو دەستە قاقەزی مێش کوشتنەی دواییەی بەستبووەوە بەودەمەوە کە تۆزێ لە پێش ئەوەدا نەخۆشەکە چاک بووبووەوە لەپاش ژەهرخواردنەکەی یەکەمی!...

بەڵام هێواشکە پێت بڵێم!... لەڕاستیدا هۆی گومانبردن بۆ ئەوە بەش ناکات لە رووی دادگادا... لە ڕاستیدا کڕینی قاقەزی مێش کوشتنەکە ڕاست دەرچوو... ئەو قاقەزانە پیاو دەخەنە سەر ئەو بیرەی [ئەو گومانە] کە ئافرەتەکە ویستویتی ژەهری زەرنیخیان لێ دەربهێنێ... بەڵام بەڵگەی وا بەدەستەوە نییە کە بەتەواوەتی ئەوە بچەسپێنێتە دڵەوە کە ئافرەتەکە، بەڕاستی زەرنیخەکەی لەو قاقەزانە دەرهێناوە. هەروەها بەڵگەی وایش بەدەستەوە نییە کە بەتەواوەتی ئەوە بچەسپێنێتە دڵەوە کە ئەو زەرنیخەی لەو قاقەزانە دەرهێنراوە بۆ چ مەبەسێک بەکارهێنراوە... هەرچی پوختە گۆشتەکەیشە، نیشانەی تاوانەکەی باشتر پێوە دیارە. ماوەی تاوانبارکردنی تێدا فراوانترە.

لە کورتی بیبڕنەوە: لە زۆربەی ڕۆژەکانی نەخۆشیی (مایبریک)دا بەشی دوایی ژنەکەی، خۆی، سەرپەرشتیی خواردەمەنی و دەرمانەکەی دەکرد. تا ئەم دواییەیە، کە ئەوە بوو ئافرەتە دەسوپێوەندەکانی نەخۆشخانە پەیدابوون، چاودێریی نەخۆشییەکەی (مایبریک)یان دەکرد... جا یەکێک لەو ئافرەتە نەخۆشکارانە چاوی لێ دەبێ کە [فلۆرنس] دەسکاریی شووشەکەی پوختەی گوشتەکە دەکات، ئەویش تۆزێ لەپێش ئەوەدا کە [مایبریک] شتێکی لێ بخوات!... نەخۆشکارەکەیش بەتەنگ ئەوەوە دەبێ کە لەو شووشەیە هیچ بەنەخۆشەکە نەدات... دوای ئەوە لە شێوەیەکی کیمیاییدا تاقیکردنەوە کرا: دەرکەوت کە لەو شووشەیەیدا لەتکە تۆوی خەرتەلەیەک زەرنیخی تێدابووە!...



## نامەی تاوانبارەکە بۆ دڵدارەکەی

بەڵام دوانامەی فلۆرنس کە بۆ دڵدارەکەی خۆی ناردبوو، پێی نەگەیشتبوو. چونکە فلۆرنس ڕووی لە یەکێک لە دەسوپێوەندەکانی ماڵەوە نابوو کە نامەکە فڕێ بداتە سنووقی پۆستەوە. بەڵام نامەکە لە دەست کارەکەرەکە کەوتبووە خوارەوە سەر زەوی. پیس بووبوو ئەویش چووبوو بەرگەکەی کردبووەوە و لێ دەرهێنابوو، بۆ ئەمەی بیخاتە بەرگێکی ترەوە. بەڵام پێش ئەمەی بیخاتە بەرگە تازەکەیەوە، شەرمی نەکردبوو لە خۆی نامەکەی خوێندبووەوە. بەڵام کە خوێندبوویشیەوە نەیخستبووە بەرگە تازەکەیەوە. دوایی نەیشی ناردبوو بۆ خاوەنەکەی. لەجیاتیی ئەوە دابوویە دەست براکەی [مایبریک] کە ئەوە بوو لەودەمەوە کە براکەی تووشی ئەو دەردە گرانە بووبوو، ماڵەوەی بەجێ نەدەهێشت، هەر بەتەنیشت براکەیەوە بوو... ئەم نامەیەیش ئەمەندە بایەخی سەندبوو کە پشتیوانە گەورەکە [ڕاسل] پاش ئەوە گوتبووی: ئەگەر ئەو نامەیە نەبووایە، نەیاندەتوانی فلۆرنس تاوانبار بکەن. ئەمەیش ناوەڕۆکی نامەکە بوو:

«... لەو ڕۆژەوەی کە لە [لەندەن] گەڕاومەتەوە، هەر خەریکی نەخۆشیی «م»م. وا کەوتۆتە سەرەمەرگەوە. پزیشکەکان دوێنێ کۆگرەیەکیان گرت. خەریکی بڕیاردانی ئەوەبوون کە تا چەند ڕۆژێکی تر بەرگە دەگرێ؟... ئەو لە ڕۆژی یەکشەممەوە لە گیانەڵا و دایە. منیش لەوە دڵنیام کە هیچ خەریکی پرس و لێکۆڵینەوە و پشکنینێک نەبووە. کەواتە ئەگەر لەبەرئەمە بچیتە دەرەوە، هیچ ئەوەی پێ ناوێ منیش خۆشەویستەکەم، تکات لێ دەکەم، کە هەر لە ئینگیلتەرەدا بمێنیتەوە، تا جارێکی تر دەتبینمەوە!...».

ڕەنگە پیاو لەمە سەری سوڕبمێنێ کە ئەم نامەیە بکرێ بەبەڵگەیەک بۆ تاوانبارکردن. بەڵام سەرسوڕماوییەکە نامێنێ، کە بزانرێ پزیشکەکان لە مێژووی نووسینی ئەم نامەیەدا، هێشتا بڕیاری ئەوەیان نەدابوو، کە [مایبریک] لە نەخۆشیی گیانەڵاو دایە یان نا. کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا [مایبریک] نەخۆشییەکەی یەجگار کاری لێ کردبوو تەنانەت، زۆربەیان بڕیاری ئەوەیان دابوو کە هیوای چاکبوونەوە گرینە. کەسێکیش لەو پزیشکانە بڕیاری ئەوەی نەدابووکە کەینەوبەینەی مردنەکەی بەندە بەدرێژبوونەوەی بەرگەگرتنەکەیەوە. هەروەها هەمووویشیان ئەوەیان پیشاندا کە ئەو لە ڕۆژی یەکشەممەدا نەکەوتبووە گیانەڵاوەوە، نەکەوتبووە سەرەمەرگەوە. بەپێچەوانەوە لەو ڕۆژەدا لەچاو نەخۆشییەکەی خۆیدا لەبارێکی ئاساییدا بووبوو!...

# قسەی براکەی مایبریک

ئاگاداری یەکەم براکەی [مایبریک] بوو. ئەمیش دانی بەوەدانا کە لە چارەکردنی نەخۆشییەکەی براکەی و نەخۆشکارەکەی ئەو، کەوتبووە گومانەوە. ئەویش ئەوەی بەبیرداهاتبوو کە ژنەکەی دەرمانخواردی دەکرد، لە شێوەیەکی سستدا!... هەروەها دانی بەوەیش دانا، لەپاش پرسی پشتیوانی ئافرەتە تاوانبارەکە، کە خۆی ئەو بیرەی خستبووە کەللەی نەخۆشکارەکان و کارەکەر و دەسوپێوەندەکانەوە. ئەم دان پێدانانەیشی لە سایەی هونەرمەندیی پشتیوانەکەوە بوو، واتا [سێر چارلس ڕاسل]، کە پەیتا پەیتا پرسی لێ کردبوو، بەلێکۆڵینەوەیش تەنگەتاوی کردبوو. زۆری پێنەچوو ئەم پرسەیشی لێ کرد:

– تۆ کە دڵت لێ کرمێ کردبوو، ئایا ئامۆژگاریی نەخۆشکارەکانت کرد، کە پێویستە خۆیان بپارێزن لە دەرمانخواردکردنی نەخۆشەکە و بەتەنگ پاراستنی ژیانیەوە بن نەوەک دەرمانخوارد بکرێ؟

– بەڵێ من ئەم ئامۆژگارییانەم کردن.

– ئایا ئامۆژگارییەکانت بەجۆرێکی وا کرد کە ئەوانە لێیی تێ بگەن: گومانێکی بەهێز لە ئارادا هەیە و، پێویستە زۆر ئاگایان لە نەخۆشەکە بێ کە دەرمانخوارد نەکرێ؟...

– بەڵێ کردم...

... بەم ڕەنگە [ڕاسل] بنچینەی ئەو تاوانبارکردنەی ڕووخاند. چونکە گومانی فرێ دایە ناو قسەکانی نەخۆشکارە ئافرەتەکەوە لە بابەت دەستکاری کردنی [فلۆرنس]ەوە لە پوختەی گۆشتەکەدا. چونکە دوورنییە کە بزووتنەوەکەی فلۆرنس بێ مەبەس بووبێ، دووریش بووبێ لە کەتنکردنەوە.

بەڵام ئەو گومانە خراپەی کە برای نەخۆشەکە خستبوویە ناو مێشکی نەخۆشکارە ئافرەتەکەوە وای لێ کردبێ کە ئەوە ببینێ کە دەیەوێ ببینێ، نەک ئەوەی کە لە ڕاستیدا هەبووە و ڕوویداوە!...

... هەروەها [ڕاسل] بەتەنگ ئەوەوە بوو کە پزیشکەکان بخاتە سەر قسەکردن لە بابەت کاریگەریی زەرنیخە و تا وای لێکردن پێ لەم ڕاستییانە بنێن:

یەکەم: زەرنیخ بۆ بەهێزکردنی دەمارەمێشکییەکان [اعصاب] بەکاردەهێنرێ...

دووەم: نەخۆشەکە خۆی ڕاهێنابوو بەخواردنی زەرنیخەوە، بۆ ئەمەی دەمارەمێشکییەکانی خۆی بەهێز بکات...



سێیەم: جاروبارێکیش دوو ئەوەندەی جارانی زەرنیخ دەخوارد...

چوارەم: فلۆرنس لای پزیشکەکە سکاڵای لەم کردەوەیەی مێردەکەی خۆی کردبوو. داوایشی لێ کردبوو کە کارێکی وا بکات ئیتر مێردەکەی ئەو زەرنیخە نەخوات!...

... هەروەها پشتیوانەکە توانی لە پزیشکەکان پێ لێنانێکیان پێ دەربڕی کە نیشانەکانی دەرمانخوارد بوون بەزەرنیخ هیچ لەگەڵ نیشانەکانی نەخۆشییەکی ناسراوی تر جیاوازیی نییە کە [مایبریک] خۆی ئەو نەخۆشییەی پێوە بووە و پزیشکەکان پێی دەڵێن:

کاتێ کە کەوتە پرس و لێکۆڵینەوە لە پزیشکە کیمیاییەکە، پێی لێنا کە هیچ بەڵگەیەک بەدەستەوە نییە کە ئەو هێندە زەرنیخە دۆزراوەتەوە لەناو لەشی مردووەکەدا، بووبێتە هۆی کوشتنی!... (GASTRO ENERIFTN).

هەروەها پشتیوانەکە بەرەبەرە دوواندی، تا دانی بەوەدانا کە برای مردووەکە، لە پێش تاقیکردنەوەی لەشی مردووەکەدا گومانە بەهێزەکانی خۆی بۆ دەرخستبوو... کە ئەگەر ئەو گومانانەی بۆ دەرنەخستایە، ئاگانامەی مردنەکەی وا پڕ دەکردەوە کە مردنەکە ئاساییە بووە و، بەهۆی هیچ کەتنێکیشەوە ڕووینەداوە... کە وای لێهات هیچ کەینەوبەینەکیش نەدەکەوتە سەر زمان!؟... کەس بەردی کوشندەی نەوەشاند پزیشک [ستیڤنس] نەبێ، کە بڕیاری یاسایی بەرەوڕووی ئەو کرابووەوە. ئەو وای دەربڕی کە بەڵگەی تاکانەی تەواو بۆ دەرمانخواردوویی بەزرنیخ ئەوەیە کە زەرنیخەکە بەڕاستی لە لەشی مردووەکەدا دۆزراوەتەوە. ئەگینا نیشانەکانی تری نەخۆشییەکە هەر لە نیشانەکانی نەخۆشییەکانی تر دەکات!... کەواتە بەڵگەیەکی زانستیی بەدەستەوە نییە بۆ قەومانی کەتنی کوشتنەکە. وا دیارە کابرای مردوو کە ڕاهاتبوو بەخواردنی زەرنیخەوە مردنێکی ئاسایی مردبوو. هۆیەکانی مردنەکەیشی هەر ئاسایی بوون!... بەم ڕنگە باری کەینەوبەینەکە گۆڕا. لەپاش ئەمەی کە هەموو شتێک پێچەوانەی ژنە تاوانبارەکە وەستابوو، ئێستاکە ئەو شتانە بۆ کەڵکی ئەو وەستاون...

## ژنەکە دوایی قسەی کرد

کاتی کە هەموو ئاگادارەکان لە دەربڕینی قسەی خۆیان بوونەوە [سێر چارلس ڕاسل] هەستایە سەرپێ و لە دادگای گەیاند کە ئافرەتە تاوانبارەکە دەیەوێ لە بابەت کەینەوبەینەکەوە هەندێ شت ڕۆشن بکاتەوە. دادگاهەکانی ئەوساکەیش ڕێیان دەدا بەتاوانبارەکان، کە ئەو جۆرە وتارە ڕۆشنکەرەوانە بدەن. کەچی ڕێ نەدەدران لە بابەت خۆیانەوە چییان ئاگا لێ بووە بیلێین. بەڵام لەپاش ئەوە بەچەند ساڵێک یاساکە، لەسەر ئەو بنچینەیە ڕاست کرایەوە... فلۆرنس هەستایە سەرپێ قسە بکات. وەک پەشۆکاوبێ وابوو. زمانی تێک دەچوو. کەچی سەری خۆی بڵند کردبووەوە. چاوەکانیشی بەئارام و دامەزراوییەکەوە دەیاننواڕی. ئەمەیش شتێکی ئاسایی بوو کە فلۆرنس بەو جۆرە تێک بچێ. چونکە چە کاتێک بوو خرابووە چەپەری تاوانبارییەوە. هەر بەوەوە خەریکبوو کە هەر کەسێ دەهێنرایە بەردەم دادگا سەیری بکات و گوێی لێ بگرێبەرامبەر دانیشتوانی هۆڵی دادگاکە ڕووبەڕوو دابنشێ، سەیری بکەن و سەیریان بکات. بەبەرچاوی خۆیەوە: کەینەوبەینەکەی چەندوچوونی تێدا بکرێ. هەر چاوەڕوانی ئەنجامی خۆیشی بێت کە بەند بوو بەدەم و لێوی ئاگاە لێبووەکانەوە لەگەڵ دەسگای تاوانبارکردن و سوێندخۆرەکان و دادگەردا!...

فلۆرنس لە پێش هەموو شتێکدا لە قاقەزی مێش کوشتنەکان دووا، کە لە ئەنجامی لێپرسین و لێکۆڵینەوەدا دەرکەوت، ئەو قاقەزانە بۆ کوشتنەکە بەکارنەهێنرابوون. بەڵام مابووەوە سەر ئەوەی کە بزانرێ ئەو قاقەزانە بۆ چ مەبەستێک بەکارهێنرابوون پێی لێنا کە لەشی تووشی لەش سووربوونەوە و لیر و زیپکە دەرهاتن بووبوو. کاتێ کە لە ئەمەریکا بووبوو ئەو دەرمانەی ونکردبوو، کە بۆیەکا ویستبووی، لەباتی ئەوە، قاقەزە مێشکوژەکان بخاتە ناو ئاوەوە، تا بەوشیلەیە لە شێوەیەکی نەرمونیاندا زیپکەکانی لەشی چاک بکاتەوە. لە پێش ڕۆژی سێهەمی مانگی گوڵان (نیسان)دا زۆر خەریک بووبوو بەچاککردنەوەی ئەو زیپکانەی لەشیەوە. چونکە دەبوو لەو ڕۆژەدا بچێتە ئاهەنگێکی هەڵپەڕین و سەماوە، کە بانگ کرابوو بۆ ئەوێ... بەڵام بابەتەکەی تر [فلۆرنس] لێی دوا و ڕۆشنی کردەوەوە لەوەیشتدا گوتی: مێردەکەی هەستی بەبرست براوییەکی گشتی دەکرد لە هەموو لەشی خۆیدا. لە پێش ئەوەیشدا خۆی وەها ڕاهێنابوو کە زەرنیخی بۆ ئەوە دەخوارد لەشی بەهێز بکات.



[تا ئێستایش ئاسن و زەرنیخ بەدەرمانێکی بەهێزکەر دادەنێن و بەکارهێنانیان بۆ ئەم مەبەسە باوە لەناو هەمواندا].

مێردەکەیشی هەندێکی لەو زەرنیخە دایە کە لەگەڵ پوختەی گۆشتەکەدا تێکەڵی بکات. جا لەبەرئەمەی، کە خۆیشی بەهۆی نەخۆشیی مێردەکەیەوە بەدەروون و بەلەش، لە ئەرک و ماندوێتی دابوو، بێ ئەمەی پرس بەکەسێک بکات ناچار بوو بەقسەی مێردەکەی بکات. چونکە هەروەک خۆی گوتی: لەو کاتەدا هیچ دۆستێکی نەبوو برای مێردەکەی حەزی لێ نەدەکرد. دڵی لێ پێس دەکرد. کەسانی تریش بەبێگانەیان دادەنا، پشتیان پێ نەدەبەست. لەبەرئەوە پێی نەدەکرا پشت بەکەس ببەستێ، یاخود ڕاوێژی پێ بکات. [فلۆرنس] کە لە قسەکانی خۆی بووەوە، ئەمەندە ماندوو بووبوو، هەرچەند لە پێنج وردیلە [دقیقە]یش پتر پێیەوە خەریک نەبووبوو، بەڵام لەتاو بڕستبڕانی دەمارەمێشکییەکانی، دانیشت و لاڵ و پاڵ لێی کەوت بەسەر تەختی دانیشتنەکەیدا... [سێر چارلس ڕاسل]یش کاتی ئەوەی هاتبوو کە ڕاست هەستێتە سەرپێ و، باڵا کەڵەگەتە سامناکەکەی خۆی دەربخات و، باڵاپۆشی پشتیوانییەکەیشی بەسەر شانەکانی خۆیەوە دابمەزرێنێ...

هەموو لایەک سەریان هەڵبڕی و چاویان تێبڕی. چاوەڕوانی ئەوە بوون کە گوێیان لە قسەکانی بێ تا بزانن چۆن لەسەر ئافرەتەکە دەکاتەوە...

## لەسەرکردنەوەیەکی مەردانە

پشتیوانی مەزن، خووی نەدایە قسە ڕازاندنەوە و درێژەدان بەقسەی پێشەکی، یاخود هەست بزواندنی ئەم و ئەو. ئەو هەر ئەوەندەی کرد: ڕووی کردە سوێندخۆرەکان و بەزمانێکی دروستی یاساییی ڕووت قسەی بۆ کردن. ئەوەی پێشاندان کە کاری ئەوان بریتییە لە بڕیاردانی دوو شت: [یەکەم]: ئایا مردنەکە لە ئەنجامی کوشتنەوە بووە بەزەرنیخ دەرخوارددان؟ جا ئەگەر دەڵێن بەزەرنیخ نەکوژراوە، ئەوا پێویست بەتەماشاکردنی ئەم کەینەوبەینەیە ناکات. [دووەم]: ئەگەر کوشتنەکە بەزەرنیخ دەرخوارددان پێکهاتووە، ئایا ژنە تاوانبارەکە ئەو زەرنیخەی دەرخواردی مێردەکەی داوە؟. جا ئەگەر ژنەکە ئەوەی نەکردبێ پێویستە لەسەریان تاوانبارەکە لەم تاوانە پاک بکەنەوە!...

پاش ئەوە پشتیوانەکە لای دایە سەر وتەکانی پزیشکەکان. بەدرێژی ڕۆشنی کردنەوە: کە هیچ بەڵگەیەکیان نەدۆزیوەتەوە بۆ ئەوەی کە مردنەکە بەهۆی خواردنی زەرنیخەوە پەیدا بووبێ. پاش ئەوە دەستی کردەوە بەقسەکردن گوتی:

«ڕەنگە ئەی سوێندخۆرە بەڕێزەکان، ئەوەیشتان بەبیردا بێت، کە ئەگەر ژهرەکە نەبووبێتە هۆی مردنی پیاوەکە، ئەی بەچی کوژراوە؟... بەڵام ئەوە بزانن کە ئەمە بابەتێکی ترە، فڕی بەسەر کەینەوبەینەکەی ئێمەوە نییە. کەواتە کەینەوبەینەکەی ئێمە بریتییە لەمە:

یان ئەوەتا بەبەڵگەیەکی تەواوەوە ئەوەمان بۆ دەربخرێ کە فلۆرێنس خۆی مێردەکەی خۆی دەرمانخوارد کردووە و کوشتویێتی. یاخود ئەوەتا بەڵگەتان لە لا نییە بۆ ئەوە کە مێردەکەی خۆی کوشتووە. کەواتە پێویستە ئەو ناوانەی لەسەر لاببەن!... چونکە پێویست وایە هەموو گومانێک بۆ کەڵک و چاکەی تاوانبار لێک بدرێتەوە... [یاسا] خۆی ئەمە دەڵێ... دەرخستنی تاوانیش لەسەر ئەو کەسەیە لەسەری پێویستە تاوانەکە بەتەواوەتی دەربخات کە ڕاستە... ئەگینا پشتیوان هەر ئەوەندەی لەسەرە کە ئەوە دەربخات بەڵگەکانی دەسگای تاوانبارکردن دروست نین. یاخود بەش ناکەن بۆ تاوان دەرخستن. لەگەڵ ئەمەیشدا ئەی سوێندخۆرە بەڕێزەکان من لە ئەندازەی مافی خۆم دەرباز دەبم و خۆم دەخەمە بەردەستتان کە لەم بابەتەوە مێشکتان ڕۆشن بکەمەوە. من ئەوە دەڵێم: بۆچ ئەوە ناگونجێ کە پیاوێکی نەخۆش، کە لە دەمێکەوە دەمارەمێشکییەکانی بەزەرنیخەوە ڕاهاتبێ، کە لە خۆراکی زەرنیخەکەدا هەڵە بکات، یاخود زۆرکردنی خۆراکەکە بەباش بزانێ، لەبەر هەر هۆیەک بێ؟... ئەی ئەوەیش ناگونجێ کە پیاوێکی وەها، ئەگەر لەشی تێکچوو و ئەندامەکانی لەڕ و لاواز بوون، خۆراکێکی ئاسایی کاری لێ بکات و بیکوژێت، کەچی هەر ئەو خۆراکە لە کاتی تەندروستییدا زیانی پێ نەگەیاندبێ؟... بەهەموو ڕەنگ سوێندخۆرە بەڕێزەکان، هەرچەند سەردەهێنم و سەر دەبەم، بەڵگەیەکی تەواو نادۆزمەوە لەو بەڵگانەی دەسگای تاوانبارکردن پێشکەشی ئێوەی کردووە، کردووە، کە بۆ ئەوە بشێ ئێوە بڕیاری تاوانبارکردنی ئەم ئافرەتەی لەسەر بدەن... منیش هەر ئەوەندە دەپرسم لە ئێوە: ئایا ئافرەتە تاوانبارەکە پێویستی بەقاقەزی مێش کوشتن هەبوو بۆ دەرهێنانی زەرنیخ، کە لە گەلێک جێگای خانووەکەدا چەند کۆمەڵێکی گەورە زەرنیخی لەبەردەمدا بوو، کە لەناو شووشە و پریاسکەدا دانرابوون، دەیتوانی دەریان بهێنێ و بەکاریشیان بهێنێ؟. سوێندخۆرە بەڕێزەکان! ئەگەر تاوانبارەکە پێویستایە ژهر بەکاربهێنێت، پێویستی بەوە نەدەکرد بچێتە بازاڕ قاقەزی مێش کوشتن بکرێت و خۆیشی بخاتە بەرچاوان، دڵی لێ پیس بکەن!.

پاش ئەوە پشتیوانەکە قسە ناوازەکانی خۆی بەم جۆرە دوایی پێ هێنا:

«سوێندخۆرە بەڕێزەکان! ئەوەیش بزانن کە من داوای بەزەیی پێداهاتنەوە و دڵ پێ



سووتانتان لێ ناکەم. بەو خودایە سوێند دەخۆم، کە ئێوە هیچ بیانوویەکتان نییە بڕیاری لەسەر بدەن، ئەو فرمانی یاسایە نەبێ کە یاسادانەری ژێر هەر بەزەیی پێداهاتنەوە و دڵسۆزییەکی پێویست بووبێ تێیدا داناوە: یان ئەوەتا بەڵگەی تەواوتان دەست بکەوێ و تاوانباری بکەن و بڕیاری بەسەردا بدەن، یاخود ئەگەر بەڵگەتان دەست نەکەوت بەرەڵڵای بکەن... ئیتر نەبابەتێکی ناونجی هەیە لە ناوەندیاندا، نە بەئارەزووی خۆیشتانە هەرچی دەکەن بیکەن!.

منیش هیچم ناوێ لە ئێوە ڕاگرتنی ئەو یاسایە و، بەکارهێنانی ئەو یاسایە نەبێ... چونکە لە بنجوبناواندا هەموو کەس پاک و بێگوناهە... بەبێ بەڵگەیش هیچ کەسێک بەخۆڕایی تاوانبار ناکرێت... بەمەرجێ ئەو بەڵگەیە تەواو بێ و هیچ گومانێکی تێدا نەمابێ!...».

## ڕابردوویەکی گەورە... بەڵام

هەر کەسێ قسەی هەبوو کردی. کەس نەمایەوە قسە نەکات، دادگەر نەبێ، کە دەبوو کارەساتی کەینەوبەینەکە، یاخود بڵێین کێشەکە بەکورتی بگێڕێتەوە، بێجگە لەوەیش دەسگای تاوانباری مابوو بیکات، ئنجا قسەی پشتیوان. بەڵام لێرەدا بەپێویستی دەزانین کە چەند وشەیەک لە بابەت دادگەرەکەوە بکەین. دادگەر [ستیڤن] پیاوێکی خاوەن چێژکەی وێژەیی بوو. بیروهۆشی ئەو گەلێک لە هی دادگەرەکانی تر فراوانتر بوو. بەدرێژاییی ئەو ماوەیەی کە بڕیاری دادگەرانەی دابوو، بووبووە نموونەی ئەو یاساناسانەی کە بەباشی بەندەکانی یاسای لێک دەدایەوە و، خۆی نەدەبەستەوە بەپیتەکانی یاساوە. پیاوە هەرە گەورەکانی هۆشمەندانی ئەو سەردەمە دۆستی ئەو بوون. ئەمەیش بۆ گەورەییی ئەو بەسە کە دۆستی هەرە دڵسۆزی «کارڵایل» بوو!... ئەوەندە هەیە، بەڕێکەوت لەوەدەمەدا کە ئەو کەینەوبەینەیە کەوتبووە ناوەوە [ستیڤن] دەستی کردبوو بەژینێکی تازە لە ژیانیدا. چونکە ئەو هۆشە دروست و کارگوزارەی کە هەیبوو، خەریک بوو لەسەر خۆی نەمێنێ. گەلێک جار تووشی گێژوویژی دەهات. بیری دەچوو بەملاو بەولادا. هۆشی پەخشان دەبوو. ئەندازەی لێ تێک دەچوو. بیرەکانی تێکەڵ و پێکەڵ دەبوون... کە دوای ئەو ڕۆژەڕەشە بەچەند ساڵێک، وای لێهات کە بەناچاری واز لە فرمان بهێنێ. ئێمەیش بۆیەکا بەو ڕۆژە دەڵێین ڕۆژی ڕەش، چونکە کارەساتەکانی کەینەوبەینەکە و وتەکانی ئاگاە لێبووەکانی، بەهەڵەیەکی زۆرەوە بۆ سوێندخۆرەکان کورت کردەوە و گێڕایەوە. لەوەدا: هەم

له گێڕانەوەی قسەکاندا، هەم له گێڕانەوەی کارەساتەکاندا له ڕاستی لایدا، که بوو بەهۆی ئەوەی کەینەوبەینەکە بەتەواوەتی بەر ئاوەژووی لێ بێ، پاش ئەوە داوای له سوێندخۆرەکانیش کرد که گوێ بدەنه هەندێ شت له سەیرکردنی کەینەوبەینەکەدا، هیچ بنجوبناوانێکیان نەبوو. تەنانەت له هەندێ ڕوویشەوە بێ واتا بوون. بەم ڕەنگە سوێندخۆرەکان بەهۆی دادگەرەکەوە له زۆر شت بەهەڵە تێگەیشتن، بەهەڵەیش ئاڕاستەکران!.

... سوێندخۆرەکانیش تا نزیکەی چل وردیلەیەک لەناو خۆیاندا کۆبوونەوە و دەستیان کرد بەڕاوێژکردن لەگەڵ یەکتردا... دوایی هاتنەوە ناو دانیشتووەکان و بڕیارێکیان دەرکرد که فلۆرنس تاوانبارە بەکوشتنی مێردەکەی، بەئارەزووی خۆی کوشتوویەتی، کە سزای ئەوەیش دەبێ ئەوە بێ کە ملی بەپەتا بگرێ تا دەمرێ!...

## دەنگدانەوەی بڕیارەکە

بڕیارەکە بەلای جیهانەوە ئەوەندە پێچەوانەی دادپەروەری و فەرمانی یاسابوو، ئەوەندە کارەساتێکی نەنگ و سزاوار بوو، بەجارێک دەرروونی هەموو لایەکی خرۆشاند. تەنانەت ڕۆژنامەی [تایمس]یش کە هەموودەم مەند و شۆخوشەنگ بووە، وتارێکی لە یەکەم لاپەڕەیدا بلاوکردەوە، پەلاماری ئەو بڕیارە ستەمکارەی دابوو!... پزیشکەکانیش گەلێک کۆبوونەوەیان کرد و، توانج و پلاریان گرتە ئەو بنچینە پزیشکییە پڕ لە هەڵانەی کە بڕیاری تاوانبارییەکەیان لەسەر درابوو!. دەسگا باڵاکانی کاربەدەستیی دادپەروەرییش کەوتنە لەرزین. چەند کۆبوونەوەیەکیش کرا لە ناوەند دادگەری دادگەران و دادگەر «ستیڤن» و جێ نوشینی گشتیدا. بەڵام ئەم هەموو ڕەنجانە بەباچوون!... چونکە ئەوەندەیان پێ نەکرا، کە بەربەستی پیشەسازەکان و دارتاشەکان بکەن، لە دامەزراندنی سێدارەدا بۆ ئەو ئافرەتە بەندییە کڵۆڵە سەرلێشێواوە!...

... دوایی لە ۲۲ی مانگی گەلاوێژ (ئۆگوست)دا، کە هەر حەفتەیەکی مابوو بۆ هەڵواسینی ئافرەتەکە، فەرمانێکی شاهنشاهی دەرچوو بۆ گۆڕینی بڕیاری [بەپەتداکردن] بە [فرمانی بەئەرک] تا ئافرەتەکە دەمێنێ لە جیهاندا...

کاربەدەستیی دادپەروەرییش ویستی کەتنی دادگەرەکان داپۆشێ گوتی سووککردنی سزای تاوانەکە لەبەرئەوە نییە کە ئافرەتەکە بێ تاوانە. چونکە ئەوە بەتەواوەتی دەرکەوتووە کە تاوانبارەکە ویستوویەتی مێردەکەی خۆی دەرمانخوارد بکات، بەڵام



لەبەرئەوەیە کە بەتەواوەتی بۆمان دەرنەکەوتووە کە ژەهرەکە بووە بەهۆی مردنی ئەو پیاوە!.

یاخود بەواتایەکی تر ڕاستکردنەوەی هەڵەی دادگەرییەکە بەهەڵەیەکی گەورەتر کرا. چونکە ئەوە وای دەگەیاند کە ئافرەتەکە بەوە تاوانبار کرابوو، کە خەریکی ئەوە بووبوو کەتنێکی کوشتن بکات. ئەم تاوانەیش لە کەینەوبەینەکەدا نەخرابووە پاڵ ئافرەتەکە. تاوانەکە هەر ئەمەندە بوو کە کوشتنەکە لەسەردەستی ئافرەتەکەدا کراوە، لەگەڵ بیر لێکردنەوە و بەکارهێنانی مەبەسی کوشتنیشدا... بەڵام [سێر ڕاسل] لە ڕەنج و تێکۆشانی خۆی نەکەوت بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵەیە. کەچی لە ساڵی ۱۹۰۰دا کە گەیشتبووە پایەی [دادگەری دادگەران]، مەرگ هاتە پێش دەمی و بەو ئاواتەی خۆی نەگەیشت!

ئەوەندەهەبوو لە ساڵی ۱۹۰٤دا دەروونی ئینگلیزەکان هوشیار بووەوە، دوایی لەو هەڵە گەورەیەی خۆی تێگەیشت. دەستی کرد بەشتنەوەی ئەو پەڵەیە لە ناوچەوانی خۆی. دەموودەست «فلۆرنس»ی بەرەڵلا کرد. بەڵام تازە ئافرەتەکە لە کەڵک کەوتبوو. نەهەرزەکارییەکەی جارانی مابوو. نەجوانییەکەی. نەهۆگرییەکەی بەژیانەوە. چونکە پانزە ساڵی خشت بوو، بەسەزمانە لەناو زینداندا بوو. ئاوی تاڵ و سوێری دەچێشت، کە چاکترین تەمەنی خۆی بەو سزا و ئاوازەوە بەخت کردبوو!...

ئێستاکەیش کە ئەم کەینەوبەینەیە دووبارە خراوەتەوە پێشەوە، بەهۆی ئەم نووسراوەوە، کە کارەساتەکانی کورت کراونەتەوە، کار لەوەدا نەماوە کە بیروباوەڕی گشتیی ئینگلیزەکان بەوەوە خەریک ببێ کە ئایا [فلۆرنس] مێردەکەی خۆی کوشتووە یان نا؟... ئەوان بەوەوە خەریکن کە بزانن: ئاخۆ تاوانەکەی چەسپیوەتە سەر یان نا؟...

... وەرامی ئەمەیش ئەوەیە: نەء، نەچەسپیوەتە سەری! بەڵام لەو سەردەمەدا ئینگیلتەرە هێشتا دادگای [هەڵوەشاندنەوە] و [چەندوچوون کردنەوە]ی نەناسیبوو لەبەرئەوە، ئەو بڕیارە پڕ شەرمەزارییە و، بابەتانی ئەو جۆرە بڕیارە، بوون بەهۆی ئەوەی کە [دادگاهی هەڵوەشاندنەوە] و [دادگای چەندوچوون کردنەوە] لە کەینەوبەینەکانی کەتندا دابمەزرێن. ئەوەیش بۆ ئەمەی مافی تاوانبارەکان بپارێزرێ. هەروەها بۆ ئەمەیش، کە جارێکی تر ناوچەوانی مەند و زرنگی دادپەروەریی ئینگلیز بەم جۆرە بڕیارە پەڵەی لێ نەکەوێ، کە ئەمەندە زۆرداری و ستەمکاریی تێدابوو، لە هەموو دادگاهەکانی جیهاندا وێنەی کەم بینرابوو!.(۱)

(۱) ئەم بابەتە لە گۆڤاری «کاروان»دا بلاوکراوەتەوە ژمارە (٥)ی شوباتی ۱۹۸۳.

# چارلسی یەکەم

ئەو شایە ئینگلیزەی کە لەبەردەم دادگادا چەندوچۆنی لەگەڵ دا کراو بڕیاری کوشتنی درا

نووسەری: سیرپاتریک هیستینگر

ئەم نووسراوە

بێجگە لە دادی مرۆڤ، (دادێکی خوایی)یش هەیە، کە هەموو دەم لە کاردایە و، هەموو دەمێکیش فریای داماوان و بێچاران و زۆرلێکراوان ئەکەوێ. نەخوازەڵا ئەگەر ئەو زۆرلێکراوانە نەتەوە بن. نەخوازەڵا ئەگەر ئەو نەتەوەیە خۆیشی خاوەن هۆش و دەروونی ئازاد بێ، یاخود خاوەن هۆش و دەروون ئازادەکان سەرکردەیەتی بکەن. جا خوا ئەو زۆرلێکراوانە ڕزگار ئەکات و، زۆردارەکەیش سەر ئەنگرێ ئەکات.

هەر کاتێ فەرمانداریش لە دەست نەتەوە دەرچوو، کەوتە ژێر چنگی فەرمانداریکی خۆپەرست و زەبر بەدەستەوە، شیرازەی کار تێک ئەچێ، یاسا نامێنێ. خوا ناسی بار ئەکات. ئاژاوە پەرەئەسێنێ. ژیانی گشتیش پڕ ئەبێ لە کەتن و ڕیسوایی و، دزی و درۆزنی و، کوشتن و بڕین و تالان و بڕۆ. نەخۆشیی ئەمێنێ و نە کامەرانی. سەرگەردانی و مالوێرانی تووشی نەتەوە دێن...

ژیانیش بەجارێک تاریک ئەبێ.

بەڵام خوا سروشتی ژیانی وا دامەزراندوە، کە زۆرداریی بۆ کەس ناچێتە سەر. کە زۆرداری بۆ کەس نامێنێ. کاتێک ئەزانیت خوای گەورە و خاوەن بەزەیی، سەرکردەیەک بۆ نەتەوە ئەڕەخسێنێ و ڕێگایشی پێشان ئەدات کە چۆن خەبات بکات بۆ ڕزگارکردنی نەتەوە لە تەنگانە و، چۆنیش تێ بکۆشێ بۆ ئاوەدانکردنەوەی نیشتمان.

(چارڵسی یەکەم) خونکاری ئینگلیزیش کە لە ساڵی ١٦٢٥دا هاتە سەر تەخت، یەکێک بوو لەو شاهەنشاهە زۆردارانەی کە هەموو مافەکانی نەتەوەی خستبوە ژێر پێوە و، لە پێناو دامرکاندنەوەی ئالۆش و خرۆشی خۆپەرستی و دەسەڵات پەرستی خۆیدا هەموو کەتنێک و هەموو تاوانێکی دەربارەی نەتەوەکەی خۆی ئەکرد. تا گەیاندیە ڕادەیەکی وەها کە لە وزەی نەتەوەی ئینگلیز دا نەما کە لەوە بەو لاوە باری زۆر و ستەمی ئەو بکێشێ.

خوای گەورە، یاخود پێویستیی کۆمەڵایەتیش، (بایم) و (کروموێل) و چەند



سەرکردەیەکی خواناس و نیشتمانپەروەر و سەر ڕاستی بۆ نەتەوەی ئینگلیز ڕەخساند. ئەمانیش مەردانە و ژیرانە و دادپەروەرانە بەرەنگاری زۆر و ستەمی (خونکار چارڵسی یەکەم) بوون. بەڵام نەتکا، نە پاڕانەوە. نە ڕاوێژ و گفتوگۆ کاری لە (چارڵس) نەکرد. دوایی (چارڵس) کردی بەجەنگ. خوێن ڕژا. بەڵام نەتەوە سەرکەوت. زۆرداریی سەر ئەنگرێ، بوو، (خونکاری زۆردار) گیرا و خرایە بەندیخانەوە. پاشان لەبەردەم (دادگای نەتەوە)دا چەندوچۆنی لە گەڵدا کرا و بڕیاری کوشتنی درا. ئنجا کەللەی پەڕێنرا. ئیتر لەو ساکەوە (داد) و (یاسا) و (نیشتمانپەروەری) کرانە (وانە) و فێری خونکارەکانی ئینگلیز کران. ئیتر لەو ڕۆژەوە دەسەڵاتی فەرمانداریی بەدەست نەتەوەی ئینگلیزەوە مایەوە تا ئێمرۆ. (نەتەوە) بوو بە(خاوەن شکۆ)، نەک (خونکار). بەڵام لەو ڕۆژەیشەوە تا ئێمرۆ خونکارەکانی ئینگلیز جارێکی تر پیاوێکی وەک، (چارڵسی یەکەم)یان تیا هەڵنەکەوتەوە. نەتەوەی ئینگلیزیش، لەو ڕۆژەوە هەر لە پێشکەوتندایە تا ئیمڕۆ.

بەڵێ وایە... خەباتی ژیرانە و مەردانە و دادپەروەرانە ئەنجامی وای لێ پەیدا ئەبێ، خوایش چاودێریمان ئەکات. بەرەڵڵامان ناکات. ئەمەیش چیرۆکێکە، لەو ڕۆژەوە جیهان پەیدا بووە تا ئیمڕۆ لەناو نەوەی ئادەم دا دووبارە ئەبێتەوە.

ئەم نووسراوە بەنرخەیش کە لەلایەن مێژوونوسی بەناوبانگ (سێرپاتریک هیستینگز)ەوە نووسراوە، چیرۆکی ئەم کەینە و بەینە گرنگ و گەورەیەمان بۆ ئەگێڕێتەوە. لە پاش کورتکردنەوەی لە لایەن پسپۆڕێکی تایبەتییەوە گۆڕیمانە سەرزمانی کوردی، جا هیوادارم کە خوێندەوارانی کورد کەڵکێکی زۆری لێ وەربگرن.

سلێمانی: ١٩٧٠

شاکر فەتاح

## کوشتن یان دەرمان دەر خوارددان[1] یاخود چەندوچۆن لەگەڵدا کردن؟

– له ڕۆژی ٢٠/١/١٦٤٩دا، شای ئینگلیز، چارلّسی یەکەم لەبەردەم دادگایەکی تایبەتیدا وەستا لە «ویست منستەر»دا کە هەر بۆ ئەو دروست کرابوو. بۆ ئەمەی چەندوچۆنی له گەڵدا بکرێ لەسەر ئەو کەتنانەی کە درابوونە پاڵی وەک؛ ناپاکی گەورە و گەلەکۆمەکێ کردن له ئاسایشی ئینگیلتەره و، دەستدرێژی کردن بۆ گەورەیی نەتەوە؟!.

خونکاریش لەپێش ئەو ڕۆژەدا بەمانگێک گیرابوو و دانرابوو له کۆشکی «کاریسبرۆک»دا له دوورگەی (وایت)دا. چونکه له هەر شوێنێکی خاکی ئینگیلتەره دا بوایە، ئەبوە هۆی پشێوی و ئاژاوە بۆ سەرکردەی لەشکر (کروموێل) و هاوڕێکانی...

پێش ئەمەی لەگەڵ خونکاردا چەندوچۆن بکرێ، گەلێک گفتوگوی جوێ جوێ له بابەت ئەنجامی ئەوەوە کرابوو. هەستی گشتیشی بەره و ئەو باوەڕە ئەچوو کە یاسای تازە هەتا خونکار مابێ بەهیچ کلۆجێک ناتوانێ هەنگاوێک بچێتە پێشەوە و، بەرەو بەدیی هێنانی ئامانجەکانی خۆی بڕوا... جا لەبەر ئەوە هەندێک وایان بەلاوە باش بوو، کەخونکار بەدزیەوە دەرمان خوارد بکرێ بکوژرێ. بۆ ئەمەی بەهۆی کوشتنی ئاشکرایی ئەوەوە، پشێویی و ئاژاوە پەیدا نەبێ!... هەندێکی تریش ئەوەیان پێ باش بوو، کە له هەلێک دا خونکار بدرێتە بەر دەمانچە و بکوژرێ...

بەڵام زۆربەی ڕاوێژکارەکان ئەوەیان بەباشزانی، کە پێشنیازی سێیەم بخرێتە کار، کە ئەویش بریتی بوو لەوەی خونکار بخریتە بەردەم دادگایەکی ئاسایی ئاشکرا، بەو ناوەوە کە پیاوێکی تاوانباری گوناهکاری بەدخووە بوو ئەمەی چەندوچۆنێکی وای لەگەڵ بکرێ، کە لەگەڵ گەورەی و سەر بەرزیی کۆڕی نەتەوە (پارلەمان)دا ڕێک کەوێ. بێجگەلەوە هەموو خونکارەکانیش فێری وانەیەکی وا بکات کە هەرگیز لەبیریان نەچێتەوە، کە ئەویش بریتییە لەوەی کە خونکارەکانیش بەچەشنی هەموو کەسێکی تر لەناو نەتەوەدا، ئەگەر تاوان و گوناهیان کرد، لێیان ئەپرسرێتەوە و چەندوچۆنیشیان لەگەڵدا ئەکرێ و سزایش ئەدرێن!... دوایی هەموویان چونە سەر ڕاوێژی سێیەم. چونکە لە ٢٧/١٢/١٦٤٨دا، (کۆڕی گشتی) بڕیارێکی دەرکرد کە لێژنەیەکی تایبەتی دروست بکرێ، بۆ ئەمەی هەر کاروبارێکی دەستووری و یاسایی پێویست بێ هەڵیسوڕێنێ بۆ پێشکەش کردنی خونکار بۆ بەردەم دادگا.

(١) ڕاستتر: دەرمان خواردن کردن.



بەڵام، پێش ئەمەی چیرۆکی چەندوچۆن کردنی دادگا لەگەڵ خونکار دا بگێڕمەوە، لەگەڵ ئەو هەڵگێر و وەرگێڕانە دا کە بەسەریا هاتن و، شێوەی نواندنی بڕیاری دادگا بەسەر خونکاردا...

پێویستە ئەو کارە ساتە دوورانەیشت بەکورتی بۆ بگێڕمەوە کە بونە هۆی پەیدابونی ئەم ئەنجامە و، خونکاریان بەم دەردەبرد...

ئنجا واکارەساتی پێشووی ئەم چیرۆکەت بۆ ئەگێڕمەوە. یاخود بەواتایەکی تر چیرۆکی ئەو کارەساتانەت بۆ ئەگێڕمەوە. چونکە ئەمیش لە ڕاستی دا چیرۆکێکە، کە هەموو کەرەستەکانی چیرۆکی تیایە، کە هەڵ ئەبەستریێن، بەهەموو گرێ و داونانەوە و کارەساتە ناکاوە دڵ بزوێنەکان و ئەنجامە بەهێز و هەڕەتەکانەوە!.

## هاوڕێی خراپ

(چارلس) لە شاری «دنفیر ملاین»، لە ١٩/١١/١٦٠٠دا لە دایک بووە. دووەم کوڕی خونکار (جێمسی یەکەم) و کوڕی هەرە خۆشەویستی بوو. ئنجا کە برا هەرە گەورەکەی، (هەنری) مرد، لەساڵی ١٦١٢دا، (چارلس) بوو بەخاوەن پەیمان (ولی عهد)، یاخود بوو بە(شازادەی ویلز)... کاتێ کە (چارلس) پێگەیشت، دەسەڵاتدارانی کۆشک دەستیان کرد بەبیرکردنەوە لەوەی کە لەگەڵ خێزانی شاهانی خاکی ئیسپانیادا ژن خوازی بکەن. واتا کچی شای ئیسپانیا بخوازن بۆ «چارلس» بەڵام شازادە «چارلس» پیاوێکی بەدخووی کرد بوو بەهاودەمی خۆی، پێیان ئەگوت:

«دوک بەکینگهام». ئەم کابرایەیش چارلسی خستە سەر ئەوەی کە گوێ نەداتە ڕەوشت و خووی شاهانە، هەر وەک یەکێک لە کەسان، سەرێک لە ئیسپانیا بدات و خۆی بەکچەشای ئیسپانیا بناسێ!...

جا لەوێ، لەشاری (مادرید)دا چارلس، هەرزەکاری بێ هۆشانەی وای نواندا کە کەموکوڕی و ڕەوشت کزیی خۆی دەرخست بۆ هەمووان. چونکە ئەوەندە بەپەرۆشەوە بوو بۆ چاوپێکەوتن و مێ بازی کردن لەگەڵ شا کچ دا، جارێکیان لە دیواری باخچەی کۆشکەکەی شاکچەوە بازی دایە خوارەوە بۆ ناو باخچەکە، کە شازادە کچ تیا ئەگەڕا، لەوکاتەدا، ئەویش هەر بۆ ئەمەی کە لەگەڵ دڵخوازە جوانکەی خۆی دا لە جێگایەکی بێ دەنگ و سەنگ و چۆڵ دا ڕابوێرێ، کە ئەوە بەپێی ڕەوشت و خووی ئیسپانیاییەکانی ئەو سەردەمە بەکارێکی نەنگ و ناپەسند دائەنرا!...

تەنانەت ئەمەندە دڵی چووبوو بەشا کچ دا، وای لێ هاتبوو، کەلەپێناوی دڵ ڕاگرتنی ئەو و دڵ ڕاگرتنی نەتەوەکەی ئەودا، لەلایەن کۆشکی شاهانای ئیسپانیاوە شەپازللە لە دوای شەپازللەی لێ بدرێ و قسە نەکات:

بۆ وێنە ماوەی دا بەوەی کە هاورێ ئایینییەکانی خۆی لە ئیسپانیا دەربکرێن، دەست و پێوەندەکانی تریشی بۆ ئینگلتەرە ڕەوانە بکرێنەوە، هەر خواست و ئارەزوو و «نازونووز»ێکی کاربەدەستانی ئیسپانیایش هەبوو، هەموی بۆ جێبەجێ کردن!... تەنانەت گەیاندیە ئەو ڕادەیەیش کە بەڵێنی دا شتی وایان بۆ بکات کە خۆیشی نەیزانی لە توانای دا نییە جێبەجێ بکات. وەک: هەڵگرتنی ئەو یاساسزا بەخشانەی کە دەربارەی (کاثۆلیک)ە کانی ئینگیلتەرە بەکار نەهێنران لە خاکی ئینگلیزدا، لە ماوەی سێ ساڵ دا؟... (ئەو کاتە دوژمنایەتییەکی توند هەبوو لە ناوەند دەسەڵاتدارانی ئینگلیزی پرۆتستاتی و کاثۆلیکەکان دا). کەچی لە دواییشدا، لەپاش ئەمەی ئەم هەموو ڕیسواییەیان هێنا بەسەر شازادەی بەریتانیادا، ئاشکرایشیان کرد کە ڕێ نادەن ئەم ژن خوازییە سەر بگرێ!...

دوایی بەریتانیا ناچار بوو، لەو شەپازللەیە واز بهێنێ!... بەڵام لە پاش دوو ساڵ، ڕاوێژکاری بەد کردار (بەکینگهام) ڕێوشوێنی دانایەوە بۆ شازادە، کە کچێکی تر بخوازێ. ئەو کچەیش ناوی شازادە (هەنرییتاماریا) بۆ، کە خوشکی خونکاری فەرەنسە بوو...

بەڵام لەم جارەدا ژن هێنانەکەی سەری گرت!...

## سەرەتای چامەکە... خوانەناسینە

لە مانگی نەورۆز (مارت)ی ساڵی ١٦٢٥دا خونکار «جێمس» مرد. چارڵسی کوڕی لە جێی دانیشت. نەتەوە کەدیی شا و زادەیەکی وا چۆتە سەر تەخت کە بووە بەزاوای «کاتۆلیک»ە فەرەنسییەکان کە ئینگلتەرە خۆی «پروتستانتی» بوو، ترسی لێ نیشت!... پاش ئەوە زۆری پێ نەچوو، خونکاری تازە کردەوەی وای نوواند کە گیانی زۆردارانەی پێشان ئەدا. بێجگە لەوە هەرچی مافەکانی نەتەوە هەبوو لەگەڵ بەندەکانی دەستووردا، هەموویانی خستە ژێرپێیەوە... لەبەر ئەوە لە ناوەند (کۆڕی نەتەوە) و (خونکار)دا زۆرانبازیی[1] دەستی پێ کرد. ئەویش کاتێک پەیدابوو کە (مۆنتاگۆ)ی گەورەی

(١) یان: ململانێ دەستی پێ کرد.



کەشیشەکان بەئاشکرا هاواری ئەکرد بۆ ئەمەی کە خونکارەکان مافێکی خواییان هەیە نابێ دەستی لێ بدرێ. لەسەر ئەوە (کۆڕی نەتەوە)یش بڕیاری بەسەرردادا کە لەناو (باڵاخانەی لەندەن)دا بخرێتە بەندیخانەوە!... هەروەها (کۆڕی نەتەوە) لە سەر ئەوەیش میچی گرت، کە خونکار، بەبێ پەسندکردنی کۆڕی نەتەوە نابێ هیچ باجێک دابنێ...(چارڵس)یش، لەسەر ئامۆژگاریی هاودەمە نەنگە ویستەکەی خۆی، (بەکینگهام)، هاتەسەر ئەوەی کە (کۆڕی نەتەوە)ی هەڵوەشاندەوە... هەروەها لە قینی کۆڕی نەتەوەیش کەشیشە بەندیی کراوەکە، (مۆنتاگۆ)ی لە بەندیخانە هێنایە دەرەوە و کردی بەسەر کەشیشی کۆشکی پاشایەتی!...

ئیتر لەوساکەوە خونکار وای لێ هات، ڕاوێژکارە بەدکارەکەی (بەکینگهام) تەپڵی تۆپێنی پێ ئەکرد. چونکە ئەم پیاوەبەد خووە چاوی بڕیبوە گەلێک شتی زل زل، کە بەهۆی جەنگەوە بۆی پێک بێ لە بەر ئەوە گەورەکەی خۆی و نیشتمانەکەی خۆی توشی ڕیزە هەڵمەتێکی جەنگی کرد، کە ئینگلیزەکان لە هیچیاندا سەرنەکەوتن. چونکە کەشتییەوانەکانی ئینگلیز لە فەرمانڕەوایی یاخیبوون، نەیانویست شەڕ لەگەڵ «هیکۆنوت»ەکاندا بکەن...

هەڵمەتەکەی بەریتانیایش بۆ سەر «کادش»، سەری نەگرت...

خونکاریش تا ئەهات زۆرتر دائەما لەسەر پارە، بۆ ئەمەی جەنگەکانی خۆی پێ ببات بەڕێوە... لەبەر ئەوە گەوهەرەکانی شا کڵاوی[1] خستە بارمتەوە. کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا، پارەیەکی ئەوتۆی دەست نەکەوت کە بتوانێ پێویستی خۆی پێ بەربەست بکات. ئیتر ئەوساکە ناچار بوو کۆڕی نەتەوەی کۆ کردەوە، بۆ ئەمەی ئەو پارانەی پێویستن، بڕیاریان لەسەر بدات!...

(١) شا کڵاو: تاج الملكى.

## شەپازللەی بەرامبەریی

بەڵام کۆڕی نەتەوەی تازەیش لە کۆڕی نەتەوەی پیشووکەمتر نەبوو، لە خۆڕاگرتن دا!... کۆڕی گەورەکان (لوردەکان)، نەخشەی فرمانەکانی ئەوەبوو کە (ئێرل بریستۆل)، ڕاسپێراوی پێشووی بەریتانیای بەرەڵلاکرد لە بەندیخانە، ئەم پیاوەیش بۆ یەکا خونکار فرێی دابووە بەندیخانەوە کەوێرابووی بەرەنگاریی (بەکینگهام) بکات و پلار لە خونکاریش بگرێ لەسەر ئەوەی کە بەئاشکرا ڕووی ئەدا بە(کاتۆلیک)ەکان و پەیماننامەیەکیشی شکاندبوو، کە تازە لەگەڵ ئیسپانیایەکاندا گرێی دابوو، بێ ئەمەی هیچ هۆبەک هەبێ لە ئارادا، مەگەر هەوەس و ئارەزووە ناپەسندە دەمدەمییەکانی پیاوەکانی هاودەمی نەبێ!...

(کۆڕی گشتی)یش بەمە وازی نەهێنا کە «کۆڕی گەورەکان»ی دەستە خوشکی ئەو شەپازللەیەی لە خونکاردا. هێنای شەپازللەیەکی توندتر و ئازایانەتری لێ دا. ئەویش بەم جۆرە بوو: کە هەشت پرسی ئاراستە کرد بووە (بەکینگهام) کە بریتی بوون لە هەشت بەدناوکردنی ڕەنگاوڕەنگ کە درابوونە پاڵی. خونکاریش لە نامەیەک دا وا وەرامی کۆڕی نەتەوەی دایەوە، کە (بەکینگهام) خۆی لە خۆیەوە، ئەو بابەتانەی نەکردووە، لەلایەن خونکار خۆیەوە، پێی گوتراوە ئەو فرمانانە بکات!... خونکار لەم وەرامەدا کەللە ڕەقی و سەرگەرمی خۆی نواند. بێجگە لەوەیش هێنای (سەرۆکی کۆڕی نەتەوە) و پرس کارەکەی خستە بەندیخانەوە، کە ناوی (سێرجون ئەلیوت) بوو!... دوایی، ئەوەندەی پێ نەچوو، دووبارە (کۆڕی نەتەوە)ی هەڵوەشاندەوە!

بەڵام، خونکار، بۆ دەسگیرۆیی: پارە، ئەبێ چی بکات، تا جەنگەکانی خۆی پێ ببات بەڕیوە؟. لە جیاتی یارمەتی (کۆڕی نەتەوە)، پەنای بردە بەر (دەستیاوی بەزۆر) یاخود بەواتایەکی تر (باجی ستەمکارانە) کە بەزۆر سەپاندی بەسەر نەتەوەدا... جا هەر کەسێ ئەو دەستیاوە یاخود ئەو باجەی نەدایە ئەگەر لە پیاوەگەورەکان بوایە ئەخرایە بەندیخانەوە. ئەگەر لە بۆرەپیاوانیش بوایە ئەکرا بەسەربازێک لە ناو کەشتی دا!.

(بەکینگهام)یش ئەو دەمە ناهەمووارەی هەڵبژارد بۆ ئەمەی ئینگلتەرە بکەوێتە جەنگێکی ترەوە لەگەڵ فەرەنسادا. خۆی بوو بەسەرکردەی هەڵمەتەکە. ئنجا لەپاش ئەمەی ئینگلتەرە تووشی شکانێکی ناشایستە بوو، خونکار لە ساڵی ١٦٢٨دا ناچار بوو (کۆڕی نەتەوە) کۆ بکاتەوە، تا چارەیەکی ئەو بارە بکات!. بەڵام ئەم (کۆڕی نەتەوە)یەیش،



دیسانەوە، ئامادەی ئەوەنەبوو کە ئەوەندەی تۆزێک لە مافەکانی خۆی، یاخود لە مافەکانی نەتەوە، بخاتە ژێر پێوە... ئەمیش سەردەمی خۆی بەم کارە دەست پێ کرد. کە (سکاڵای ماف)ی دەرهێنا، کە بەئاشکرا تیا نووسرابوو:

دەستیاوی بەزۆر سەندن لە نەتەوەکارێکی ناڕەوایە، هەروەها ئاشکراکردنی (بڕیاردانی هەڕەمەیی) (حکمی عرفی) لە کاتی ئاشتیدا ڕەوا نییە... بێجگە لەوانە دانانی سەربازەکانی فەرمانڕەوایی لەناو ماڵانی کەسانی تردا، بەزۆر، لە کاتی بێ جێگەییدا لەناو هەوارگەکانی سەربازیی دا، کارێکی ناڕەوایە. ئەم کارەیش هەر لە داهێنراوەکانی چارلس بوو!. خونکار تێ کۆشا کە ئەم (سکاڵای ماف)ە پەسند نەکات... بەڵام کە (کۆڕی نەتەوە) تەنگەتاوی کرد و بڕیارێکیشی ئاراستەی (بەکینگهام) کرد کە پڕ بوو لە گلەیی کردن و سەرزەنشت کردن... دوایی ناچار بو سکاڵاکە پەسند بکات... بەڵام لە ڕاستیدا پەسندکردنەکە هەر وەک هینەکانی پێشووی (بەسەر زاریی) بوو، پڕ بەدڵ نەبوو!... دڵسۆزیشی تیانەبوو!...

## کوشتنی ڕاوێژکاری خونکار

دوای ئەوە کارەساتی سامناک سامناک ڕوویان دا... (بەکینگهام)ی ڕاوێژکاری خونکار لەلایەن ئەفسەرێکی شۆڕشگێڕەوە بەر خەنجەردرا و کوژرا!... کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا (چارلس) لە زۆر و ستەمەکانی خۆی پاشگەز نەبووەوە. لە زرنگکارییەکەی خۆیشی نەگۆڕی!. ئەمجارەیش بەچەشنی جارەکانی تری، (کۆڕی نەتەوە)ی هەڵوەشاندەوە!. (چارلس)، ئەمە سێیەم جاری بوو کە (کۆڕی نەتەوە) هەڵبوەشێنێتەوە. بێجگەلەوە جەریمە کردنێکی زۆریشی خستە سەر پێشەواکانی ئەم کۆڕە. نوخشەی ئەو پێشەوایانە «ئیلیوت» بوو. ئنجا کە «ئیلیوت»، هەر چەندێکی کرد، ئەو پارەیەی بۆنەدرا، خرایە ناو بەندیخانە سامناکەکەی «باڵاخانەی لەندەن» ەوە!... کاتێ کە لەشی تێکچوو، چەند جارێک لە سەریەک، سکاڵای پێشکەشی خونکار کرد، کە بۆ ماوەیەکی چەند ڕۆژیی بەرەڵلای بکات، تا تەندروستی دێتەوە جێی خۆی... بەڵام خونکار هەموو جارێک بەرپەرچی سکاڵاکەی ئەدایەوە و نەی ئەهێشت بەرەڵلا بکرێ. بەسەزمانە (ئیلیوت) هەر لەناو بەندیخانەدا هێڵرایەوە، تا مرد!...

پاش ئەوە (چارلس) تا یانزە ساڵی خشت، لە مانگی نەورۆزی ساڵی ١٦٢٩وە تا مانگی گوڵان (نیسان)ی ساڵی ١٩٤٠ ئەو خاکەی بەبێ (کۆڕی نەتەوە) بەڕێوە ئەبرد!.

سالّ بەسالّ نەتەوەکە زۆرتر شارەزای ڕەوشت و خووی ڕاستەقینەی خونکار ئەبوو، کە نە لە مێژوو شارەزا بوو، نە لە ڕەوشت و خووی نەتەوەکەی خویشی!... تەنانەت نەتەوە وای لێ هاتبوو، کە ڕۆژ بەڕۆژ باوەڕی بەوە زۆرتر ئەهێنا کە پێویستی بەخەمخوارییەکی بەهێزتر هەیە بۆ ئەمەی خۆی لە دەسەڵات و زۆر و ستەمی خونکارەکان بپارێزێ. بازرگانێکی شاری (لەندەن) وای لێ هاتبوو هەرچەندە فەرمانداریی (چارلس)ی بەراوورد ئەکرد لەگەڵ خراپترین سەردەمی خونکارە زۆردارەکانی تورکیادا، زۆرداریی ئەوانی لەبیر ئەچووەوە!... لە ڕاستیشدا بازرگانەکە، بڕیارەکەی لە ڕاستی بەدەرنەبوو، زۆرداریشی تیانەبوو!... چونکە خونکار (چارلس) ئەمەندە خووی دابووە، لووت شکاندنی نەتەوە و داگیرکردنی مافەکانی و دەست درێژکردن بۆبابەتە پەرستراوەکانی گەیشتبووە ئەندازەی شێتی و لە کەس نەچوویی، کە هەر مەگەر (الحاكم بامر الله)ی (فاطمی)یەکان ئەو کردەوانەی نوواندبێ!... فەرمانی دا هەر دوکانێکی بازرگانی لە گەڕەکی (چیبساید)ی ئاوشاری (لەندەن) دابوو دابخرێ، هەر دوکانەکانی زێڕەنگەرەکان بهێڵرێتەوە... نەی ئەهێشت هیچ ساختمانێکی نوێ لەناو پایتەختدا دروست بکرێ، تاخاوەنەکەی باجێکی گەورەی بەخونکارنەدایە و ڕێ دانیشی لە خونکار وەرنەگرتایە بۆ دروستکردنی ئەو ساختمانە، ڕێ نەئەدرا!... لە ڕاستی دا (چارلس) هەر بۆ پارە بەپەرۆش بوو.

لە پێناوی دەست کەوتنی پارەیشدا، هەمو ڕێگایەکی ئەگرت، هەموو تاوانێکیشی ئەکرد!... تەنانەت بەهەندێ لە هاوبەشی (شرکە)ەکان مافی دەست بەسەرا گرتنی وای ئەدا، کە یاسا بەناڕەوای ئەزانێ. بەڵام چونکە بەرتیلی گەورە گەورەیان ئەدایە، ئەوکەتنانەی بەبێ پەروانەکرد. تەنانەت یاسایەکیشی دانا کە هەر کەسێ لە بیری بچێ و کەم تەرخەمی بکات لەبەکارهێنانی پاش ناوەکانی[1] سەر بەرزیی و شۆڕە سوارییدا بەرامبەر ئەو کەسانەی کە خاوەنی ئەو پاشناوانەن، سزایەکی یەجگار گرانی ئەدرێ کە بریتییە لەجەریمە کردنێکی زۆر... بێجگە لەوە ئەو باجانەیشی زیندوو کردەوە کە بەسەر ئەو کەلوپەلانەوە دانرابوون کە لەلایەن هەمووجۆرە کەشتییەکانەوە ئەگوێزرانەوە... ئەمانە و بەسەدان بابەتی وەک ئەمانە لە زۆر و ستەمی بەرەڵلا، لەلایەن (چارلسی یەکەم)ەوە ئەکران و ڕوویان ئەدا!...

(١) پاش ناو: نازناو، (لقب).



## کوشتنی هاوڕێی خونکار

تەنانەت (چارلس)، ڕاستەوخۆ، لە زۆربەی ئەو کەتنە زرنگکاریی و تاک و تەرایییانەیش تاوانبار بوو کە ڕوویان ئەدا. یەکێک لەوە کەتنانە ئەوەبوو: کە هانەی پیاوەکەی خۆی ئەدا کە خاکی (ئێرلاندە) بەهۆی ئاگر و ئاسنەوە بەڕێوە ببات. کە دووبەرەکی و بەربەرەکانییەکی وەها بخاتە ناو تاک و تەراکانی نەتەوەی (ئێرلاندە)وە کە بچن بەگژ یەکدا و کوشتاری سامناک لەیەکتر بکەن!... کە بەبیانوویەکی هیچ و پوچیشەوە بێ، سامانی کەسان تالان بکات!... کە هانەیش بدات ئازاری پرۆتستانتە سەر گەرمەکان، بدرێ کە بە(پاکی خواز) بەناوبانگ بوون... هتد...

پاش ئەوە خونکار دەستی کرد بەهەڵە گەورەکەی خوی: زۆری لە سکۆتلاندەییەکان ئەکرد کە پێڕەویی هەڵسان و دانیشتنە ئایینییەکانی (کاتۆلیک)ەکان بکەن، کە پێچەوانەی ئایینی خۆیان بوون!... ئەوانیش لێی وروژان و چوون بەگژیا. لەشکریان کردە سەری بۆ پەلاماردانی. (لەو کاتەدا ئینگلتەرە و سکۆتلاندە هەریەکەیان وەک فەرمانڕەواییەکی جیاوازبوون!...) لە ئەنجامی جەنگدا لەشکری (چارلس) شکا. لەبەر ئەوە ناچار بوو بۆ جاری چوارەم، (کۆڕی نەتەوە) کۆبکاتەوە تا پارەیەکی تەواوی بۆ بڕیار بدەن، بۆ ئامادەکردنی لەشکرێکی گەورەتر، تا بتوانێ سەرلەنوێ شەڕ بکاتەوە. بەڵام (کۆڕی نەتەوە) دەستی کرد بەچەندوچۆن کردن لەگەڵ خونکاردا، لەسەر ئەو هەموو کەتنانەی کە کردبوونی تا ئەودەمە، (چارلس)یش زووبەزوو دەستی کردەوە بەهەڵوەشاندنەوەی وەک لەوە پێش کردبووی... پاش ئەوە بەچەند مانگێک بۆ جاری پێنجەم کۆی کردنەوە... ئەمجارەیش لەبەر ئەوەیو، کە لەشکرەکانی سکۆتلاندەی سەرکەوتوو داوای تۆڵەیەی کە لێیان کەوتبوو!. ئیتر لەو ساکەوە (کۆڕی نەتەوە)ی تازە، دەستی کرد بەژیانێکی نوێ، هەمویان لەملا و لەولای پێشەوا نەتەوەییە ئازا و بەهێزەکەی خۆیان کۆبونەوە، کە ناوی (بایم) بوو... پاش ئەوە یەکەم دەستی خۆی لە دەست کردەکەی خونکار و نمونەی بەدخویی وەشاند، کە (ئیرل سترافورد) بوو... دای بەدادگا، چەندوچۆنی لەگەڵدا کرد و، بڕیاری کوشتنی بەسەردا دا.!

لەپێشدا خونکار خەریکی ئەوەبوو پیاوەکەی خۆی بپارێزێ بەڵام کە کار لە کارترازا و تەنگەتاو بوو، ئەوی لە پێناو خۆیدا بەکوشت داو، بەرەڵلایشی کرد سزای خۆی ببینێ!. بێجگە لەوەیش، ناچار بوو، لەسەر ئەوەیش لەگەڵیان دا ڕێککەوت، کە یاسایەکی

دەمودەست دەربهێنێ، کە لە دوا ڕۆژدا (کوڕی نەتەوە) هەڵ نەوەشێتەوە مەگەر کوڕی نەتەوە، خۆی، ئەوەی پێ خۆش بێ!. بەم ڕەنگە خونکار لە چەکە هەرە گەورەکەی خۆی ڕووت کرایەوە، هەڵمەتێکی گەورە و فراوانی کوڕی نەتەوەیش دەستی پێ کرد، ئەمیش بۆ پاککردنەوەی هەر لایەکی خاکی ئینگلتەرە بوو لەو پشێویی و ئاژاوە و زۆردارییانەی کە خونکار نابوونیەوە! قەلاتەکانی بەدکرداری و زۆر و سنەم یەک لەدوای یەک ڕووخان... لەسەر ئەوە ژیانی پێشەوا (بایم) کەوتە تەنگ و چەڵەمەیەکی سامناکەوە. چونکە خونکار و هاودەمەکانی خونکار، ناچارمان، نەنگ و ناشیرینتر چەکی لێ بخەنە کار و، گەلە کۆمەکێشی لێ بکەن، بۆ ئەمەی لە ناوی ببەن!. تێ کۆشان بۆ ئەوەی تووشی دەردی ڕشانەوەی بکەن، نامەیەکیان بۆ نارد بوو. خۆرەی ڕشانەوەیان بۆ تێ فڕێ دابوو!. بەڵام ئەوی نامەکەی کردبوەوە، یەکێک لە ڕاز نووسەکانی پێشەوا بووبووە، پێشەوا بەر نەکەوتبوو!. جارێکی تریش ویستبویان لە هۆڵی (ویست منستەر)دا بیکوژن، بەڵام خەنجەرەکە بەهەڵە بەر یەکێکی تر کەوتبوو!!.

## کوشتاری یاساوڵی ئاسنین

لەگەڵ ئەمانەشا هەمووی (بایم) و هاوڕێ سەر ڕاست و پاکەکانی وازیان لە مەردایەتی خۆیان نەهێنا، ئەوەندەی تۆزێکیش لە کردەوەکانی خۆیان پاشگەز نەبوونەوە!. تا ئەهات زۆرانبازیی ناوەند خونکار و کوڕی نەتەوە، تیینی ئەسەند. کە (چارلس)یش فەرمانیدا بەپیاوەکانی خۆی، تفەنگ بنێن بەو کۆمەڵە کەسانەوە کە بۆ خۆنوواندنێک کۆبوبونەوە، زۆرتر ئاگری ئەو زۆرانبازیەی خۆش کرد پاش ئەوە هەندێ یاساوڵی لە پیاوە جەربەزە چەک دارەکان، لە خۆی کۆکردەوە ڕێشیدان کە بەرەنگاری ئەو نومایش کەرانە ببن کە بێ چەک بوون و کوشتارێکی دڕندانەیشیان لێ بکەن.

(چارلس) ویستی دەروونی (بایم) بکڕێ. هێنای سەرۆکایەتی کاربەدەستی پێ بەخشی. بەڵام ئەم بەسەر بەرزییەکەوە دەستی نا بەڕوویەوە... سەرەک کاربەدەستی نەکرد...

(چارلس) لەمەیشدا شکاو فێڵەکەی سەری نەگرت!... دوایی خونکار هیچ چارەی نەما ئەوەنەبێ، کە چەنگی ئاشکرا کرد لەگەڵ کوڕی نەتەوەدا... بەیانییەکیان ناردی بەشوێن جێنشینی گشتیدا و پێی گوت (بایم) و چوار لە هاوڕێکانی بگرێ و بیانخاتە بەندیخانەوە، بەبیانووی ئەوەوە کەناپاکی یەکی گەورەیان کردووە لەگەڵ فەرمانڕەواییدا، بەهۆی ئەو «خووە ناپەسندەوە کە لەناو کوڕی نەتەوەدا گرتویانە!...»... بەڵام کوڕی نەتەوە



ئەو پێنج کەسەی نەدا بەدەستەوە!... خونکاریش دەمودەست، بەخۆی و کۆمەڵێکی سێ سەد، چوار سەد کەسیەوە لە لە هاوڕێکان و یاساوڵەکانی چووە سەریان کە خۆیان پڕ چەک کردبوو لە دەمانچە و شیر و خەنجەر. بێ باکانە، ڕووبەڕووی ئەندامەکانی کوڕی نەتەوە وەستاون و لێیش خواستن کە ئەو پێنج کەسە (ناپاکانە)ی بدەنە دەست!... بەڵام کوڕی نەتەوەیش، ئازایانە بەچەشنی خۆی، بەرامبەری وەستان و خواستەکەیشیان بەرپەرچ دایەوە!... ئیتر خونکار ناچار بوو خۆی کێشایەوە و دەستی کرد بەهەڕەشەکردن و چاو ترساندنیان، هەرچی هاتیشە سەر زمانی لەناو و ناتۆرە و لەجنێو پێی دان!... جا بەرامبەر بەم کردەوەیە، نەتەوەیش دەستێکی گەورە و ناوازەی وەشاند.

هەرچی دوکان و بازارێکی پایتەخت هەبوو، هەموویان، لە داخاندا، داخران. کە لە ڕۆژی دواییشدا خونکار بەناو شاردا تێپەڕیی، نەتەوە هەڕەشە و نەنگەویستیی خۆی بەرانبەرکردەوەکانی ئەو پێشان دا... هەستی گشتی هاتە جۆش... کوڕی نەتەوەیش ناچاری گواستنەوە بوو. هەر ڕۆژە لە شوێنێک کۆ ئەبوەوە. نەوەک خونکار دەستی لێ بووە شینێ و کوشتاری لێ بکات... لە هەموو لایەکی ئینگلتەرەیشدا کۆمەڵ کۆمەڵ خاوەن چەکەکان یەکیان گرت و لە فەرمانڕەوایی ڕاست بونەوە... لادێییەکانیش، بەخۆیان و چەکەکانیەوە پۆل بەپۆل ئەڕژانە ناو پایتەختەوە... ئەوەندەی نەمابوو، جەنگێکی خۆبەخۆیی لەناو نەتەوەدا بقەومێ، هەمودەمێ چاوەڕوانی ڕوودانی ئەکرا!...

جا لێرەدا خونکار پاشگەز بوەوە. دوور لە پایتەخت لەناو یەکێک لە کۆشکەکانی خۆیدا خۆی ماتکرد. ئەمە نیشانەیەک بوو بۆ هەڵاتن و شکاندنی. دەمودەست هەر پێنج پێشەواکانیش لە پەناگاکانی خۆیان هاتنەدەرەوە. بەسەرکەوتووییەکەوە گەڕانەوە ناو کوڕەکەی خۆیان. تا گەیشتنەوە ئەوێ هەر بەناو ئافەرین کردن و بژی بژیی نەتەوەی خوین گەرما ڕۆیشتن!... بەڵام زورانبازیی ناوەند هەردوو خاوەن دەسەڵاتەکان هەر ئەوەندە کز ئەبوەوە، زۆری پێ نەئەچوو، دووبارە تیینی ئەسەندەوە. هەرئەوەندە تۆزیک ئەوەستایەوە، دەمودەست دەستی پێ ئەکردەوە... چونکە کاتێ کە کوڕی نەتەوە سکالاکەی خۆی پێشکەشی خونکار کرد بەو (نۆزدە پێشنیازەوە) کە تیابوو، بۆ ڕاستکردنەوەی دەستوور و ڕووتکردنەوەی خونکاریش لە هەموو دەسەڵاتێکی کاریگەر، خونکار پەنای برد بوو هێز و، لەشکرەکەی خۆیشی بەرەڵڵاکرد بۆ نمایشکەرەکان، کە پشتیوانی کوڕی نەتەوەیان ئەکرد، تێیان بەربوون و پەلاماریشیان دان... لەسەر ئەوە کوڕی نەتەوەیش پارەیەکی باشیان تەرخان کرد بۆ پێکەوەنانی لەشکرێکی (ئازاد) لەو کەسانەی کە هۆگری ئازادی

بوون ژمارەیان ئەگەیشتە دە هەزار سەرباز... (هەر لەو کاتەیشدا خونکاریش کۆڕێکی نەتەوەی «ئازاد»ی پێکەوەنا لە هەوارگەی سەرکردەیەتیەکەی خۆی دا لە (ئۆکسفۆرد)دا!... ئابەم ڕەنگە جەنگی نەتەوەیی لە ناوەند هەردوو لەشکرەکەدا دەستی پێ کرد!...

## خونکار دەست تێخستنی فەرمانڕەواییە بێگانەکانی خواست

تا دوو ساڵ پتریش جەنگ بەلای هەردوولادا ئەچوو. هەر دوولا زیانێکی گەورەیان پێ گەیشت... بەڵام لە ساڵی سێ هەمدا ١٦٤٥، قسەی (لەشکری ئازادیی) سەرکەوت... پاش ئەوە لەسەر دەستی سەرکردە (کرۆموێل)[1]دا لە جەنگی (نازیبی)دا بەسەرکەوتنی دوایی شادبوو!... ئنجا دەستی کرد بە مەرج دانانی خۆی بەسەر لەشکرگای خونکاردا، هەر لەو کاتەیشدا نووسینگاکانی خونکاریان پشکنی، لەناو پەڕاوە تایبەتییەکانیا، چەند نامەیەکیان دەستکەوت، کە ئەبوون بەبەڵگە بەسەر خونکارەوە؛ کە لەژێرەوە داوای لە چەند فەرمانڕەواییەکی بێگانە کردبور کە بەلەشکرەوە بێنە ناو خاکی ئینگلیزەوە. بۆ ئەمەی یارمەتی بدەن لەشکاندنی نەتەوەکەی خۆی دا... جائەم نامانە کە ناپاکییە گەورەکەی خونکاریان دەرئەخست، بڵاوکرانەوە بەناو گەل دا!.

ئیتر لەوساکەوە، خونکار، تەنگی پێ هەڵچنرا، وەڕس بوو لە گیانی خۆی، هیچ ڕێگایەکیشی بوو نەمایەوە ئەوەنەبێ، کە هەڵ بێ بۆ ناو خاکی سکۆتلاندە و خۆی بدات بەدەست دوژمنەکانی خۆیەوە.

ئەوساکە مانگی بەختەباران (مایس)ی ساڵی ١٧٤٦ بوو. وا دیار بوو خونکار دۆزەخی سکوتلاندییەکانی پێ باشتر بو لە بەهەشتی ئەندامەکانی کۆڕی نەتەوەی ئینگلیز!... بەڵام سکۆتلاندییەکان لە ساڵی ١٦٤٧دا، خونکاریان فرۆشت بەکوڕی نەتەوەی ئینگلیز بەهەندێ پارە: ئنجا لە پاش شەش مانگ (چارلس) لە دەست کۆڕی نەتەوەوە کەوتە دەست لەشکری نەتەوە.

ئەمیش خونکاری لە کوشکەکەی خۆی دا دانا، کە ناوی (هامبتون کۆرت) بو... هەموو

(١) کرۆموێڵ- ئۆلیڤێر- Cromwell: ١٥٩٩-١٦٥٨، ئەندامی پەرلەمانی بەریتانی و سیاسەتمەدار بوو، ڕابەرایەتی بزاڤی ئۆپۆزسیۆنی کرد دژی دەسەڵاتەکەی شارلسی یەکەم و گیانی یاخیبوونی بەرپاکرد، سەرکردەیی گرتە دەست و بەسەر لەشکری مەلیکدا سەرکەوت، لە ١٦٤٩دا حوکمی ئیعدامی مەلیکی دا؛ ئێرلەندەی خستە ژێر دەسەڵاتیەوە و پەرلەمانی هەڵگرت و لە ١٦٥٣دا دیکتاتۆریانە حوکمی گرتە دەست.



جۆرە خەمخوارییەکی لەگەڵدا نوواند و ڕێزیشی لێ گرت... پاش ئەوە (کرۆموێل) و هاوڕێکانی دەستیان کرد بەگفتوگۆ لەگەلاکردنی، بۆ ئەمەی بگەنە ئاشتییەکی دادپەروەرانە کە کەڵکی بێ بۆ هەر دوولا. هەندێ مەرجی وایشیان خستە سەر کە زۆر دڵفراوانی تیانوواندبوو باشتریش بوون لەوەی کە ئەو هەڵی ئەگرت!...

بەڵام خونکاری کەللەبۆشی ناشی و نەزان، لەو هەموو کارەساتانەی کە ڕوویان دا، هیچ فێرنەبوو بوو. هەر خەریکی ئەوەبوو کە درێژەی پێ بدا و خۆی بەدەستەوە نەدا، کڕین و فرۆشتنیان لەگەڵدا بکات، بەو هیوایەی کە سکوتلاندەییەکان بگەن بەفریایا...، تەنانەت لە یەکێک لە کۆبوونەوەکانی گفتوگۆکردنەکان دا، بەتووڕە و تڕۆیی و ڕیسوا کردنێکەوە، مەرجەکانی لەشکری بەرپەرچ دایەوە!...

ئیتر لەوساکەوە، هەموو لایەک کەوتنە سەر ئەو باوەڕە کە لەگەڵ خونکاردا بەهیچ کلوچێک ناتوانن ڕێک بکەون!. ئیتر قسەی ئەوانە سەرکەوت کە ئەیانگوت کەڵک و چاکەی نیشتمان وای پێ ئەوێ کە چاو لە ناپاکی گەورەی هیچ کەسێک نەپۆشرێ، بەتایبەتی ئەگەر ئەو کەسەیش خونکار بێ!...

(چارلس) هەستی بەو شەپۆلانە کرد کە چارەنووسی ئەویان کێشی ئەکرد. لە خۆی ئەترسا بیکوژن. لەبەرئەوە لە تاریکە شەودا هەڵات و خۆی گەیاندە دوورگەی (وایت)!. لەوێ دا کەوتە گفتوگۆوە لەگەڵ سکوتلاندەییەکان دا. دوایی توانی بیانخاتە سەر ئەوەی کە لەشکرێک بنێرن بۆ یارمەتی. کە بچێ بەگژ (کرۆموێل)دا!... بەڵام پێش ئەمەی ئاواتەکەی بێتە دیی، جارێکی تریش کەوتەوە دەست خاوەن دەسەڵاتەکانی کۆڕی نەتەوەوە. بەڵام ئەمان ئەمەندە دڵ فراوان بوون، جارێکی تریش چەند مەرجێکی تازەیان خستەسەری بۆ ئاشت بوونەوە، کەچی (چارلس) لەبەرخۆبایی بوونی خۆی و، پشت بەستنی بەیارمەتیدانی سکوتلاندەییەکان کە گفتیان پێ دابوو، هەر پێشنیازێ کۆڕی نەتەوە پێشکەشی کردبوو، بەتووڕە و تڕۆیی و بێ شەرمییەکەوە بەرپەرچی دایەوە!... ئیتر پیاوانی لەشکر، لەوەبەولاوە خۆیان پێ نەگیرا، جاریکی تریش خستیانەوە ژێر چنگی خۆیان.

ئنجا لە دوورگەکەوە گوێزایانەوە بۆ کۆشکی (هیرست)، پاشان بۆ کۆشکی (ویندسور)، دوایی بۆ کۆشکی (هیرست)، پاشان بۆ کۆشکی (ویندسور)، دوایی بۆ کۆشکی (سان جێمس) تا ئامادەی بکەن بۆ چەندوچۆن کردن لەگەڵیا، لەبەردەم دادگاه دا!.

بەڵێ، کەینەوبەینە کە وای لێ هات. بیروباوەڕی لەشکر هاتەسەر ئەوەی کە دادگاه

چەندوچۆن لەگەڵ (چارلس)ی خونکاردا بکات، سزای خۆی بچێژێ... کاتێ کە هەندێ لە ئەندامە کۆنەپەرستەکانی کۆڕی گشتی، لە ئەندامە دوودڵەکان، هەڵیان دایێ و گوتیان: ئەم کردەوەیە ئەبێتە (باوێکی سامناک) بۆ دوا ڕۆژی ئینگلتەرە، (کرۆموێل) لەجێی خۆی ڕاست بوەوە و دەستی خۆی وەشاند، کۆڕی نەتەوەی لەو پیاوە دەم بەهاوارە ترسنۆکانە پاک کردەوە کەهەر هەڕاکرادنیان بەباش ئەزانی، لە کۆڕی خەبات دا...

هەر بەنووکە پێنوسێک کە بڕیارێکی پێ دەرکرد سەد و چل ئەندامی لێ دەرکردن!... کەسیشی لە کۆڕی نەتەوەدا نەهێشتەوە ئەوانە نەبێ کە پڕ بەدڵ ئەیانویست خونکار بخرێتە بەردەم دادگاه.

ئەمانیش دەمودەست بڕیارێکیان دەرکرد کە (دادگایەکی باڵا) بۆ ئەم مەبەسە دروست بکرێ لە شەست و پێنج کەس لە ئەندامانی کۆڕی نەتەوە و پیاوانی لەشکر و کەسانی تر.

کاتێکیش (کۆڕی ڕیش سپییان) واتا (لوردان) بەرپەرچی ئەم بڕیارەیان دایەوە، «کۆڕی گشتی» لە ڕۆژی ١٦٤٩/١/٤دا بریاریکی تەواوکەری ئەو بڕیارەیان دەرکرد؛ کە هەر فەرمانێک کۆڕی نەتەوە دەری بکات ئەوەندەی یاساخاوەن هێز ئەبێ. تەنانەت ئەگەر کۆڕی ڕیش سپییان یاخود خونکاریش پەسندی نەکەن ئەو بڕیارە بەهێز ئەبێ. ئنجا لەپاش دوو ڕۆژ ئەندامانی دادگاکە هەڵبژێرران لەژێر سەرۆکایەتی (میستەر جون و برادشو)دا. ئەندامەکانیشی بریتی بوون لە ژمارەیەکی گەورە لە سوێند خۆرەکان و ئەفسەرانی لەشکر کە سەرکردە (کرۆموێل) خۆیشی لەسەروو هەموویانەوە بوو.

## کۆبوونەوەکانی دادگا

لە ڕۆژی ١٦٤٩/١/٢٠دا خونکار کێش کرا بۆ بەردەم دادگا لەژێر چاودێریی (کولونیل ثۆملنسون)دا، لەناو هۆڵە گەورەکەی کۆشکی (ویست منستەر)دا، تا لەوێ چەندوچۆنی لەگەڵدا بکرێ... سەرۆکی دادگا و ئەندامەکانی دادگاکە هەموو لەبەر سنگی هۆڵەکەدا جێی خۆیان گرتبوو لە پێش دەمیان دا مێزێک دانرابوو، ڕایەخێکی تورکی بەنرخی بەسەردا درابوو.

شیر و داردەستیشی لەسەر دانرابوو، کە گرنگی و سامداریی دادپەروەرییان ئەنواند... خاوەن کارەکان زۆر بەتەنگ ئەوەوە بوون کە دەرگاکانی هۆڵەکە بەکراوەیی بمێننەوە، تا بەدرێژایی چەندوچۆن کردنە کە هەر کەسێ بیەوێ بتوانێ بێتە ژوورەوە و سەیر بکات!...ئنجا سەرۆکی دادگاه یەکەم کۆبونەوەی ددگاکەی کردوەوە هەڵسایە سەرپێ و



ڕووی کردە تاوانبارەکە، کە لە دانیشتنەکەیا دیاربوو، ڕێزی لە دەستەی داگاکە نەئەگرت. چونکە کڵاوەکەی لەسەری خۆی دانەگرتبوو! گوتی: «چارلس ستیوارت، خونکاری ئینگلتەرە!... «کۆڕی گشتی بەریتانیا» کە لە کانگای دڵی خۆی دا هەستی کردووە بەو سەرگەردانییانەی کە هاتوون بەسەر ئەم نەتەوەیەدا و، بەشی هەرە گەورەی ئەو سەرگەردانییانەیش ئۆباڵی بەئەستۆی تۆیە، بڕیاری داوە لە بابەت تاوانبارانی ئەم خوێن ڕشتنانەوە لێکوڵینەوە بکات. جا هەر لەبەر ئەمەیش لەگەڵ تۆدا چەندوچۆن ئەکرێ...»...

پاش ئەوە داواکاری گشتی (مدعی عام)، کە ناوی (میستەر کوک) بوو، هەڵسایە سەر پێ و ڕووی کردە سەرۆکی دادگا و دەستی کرد بەقسە کردن، گوتی: گەورەی خۆم!

من پێویستە لەسەرم کە (چارلس ستیوارت)ی خونکاری ئینگلتەرە بەدناو بکەم بەو تاوانانەوە کە نووسیاری ئەم کۆبونەوەیە بۆتانی ئەخوێنێتەوە... پاش ئەوە نووسیارەکە هەڵسایە سەر پێ و بریاری بەدناوکردنەکەی خۆنکاری خوێندووە. بەڵام خونکار هیچ بایەخێکی بەوبەدناوکردنانە نەدا... تا نووسیارەکە گەیشتە سەر ئەوەی کە بەشی دوایی بڕیارەکە بخوێنێتەوە، کە گوتی: «لەبەر ئەوە چارلس ستیوارت بەوە بەدناو ئەکەین کە زۆرداریشە و پیاوکوژیشە»... لەو کاتەدا خونکار بەدەنگێکی بەرزەوە، بەتیزێکەوە پێیان پێ کەنی...

پاش ئەوە سەرۆکی دادگا ڕووی کردە تاوانبار و پێی گوت؛ گەورەی خۆم، واگوێت لەو تاوانانە بوو کە دراونەتە پاڵت... ئەی وەرامی ئێوەییە؟...»...

خونکاریش لەوێ دا کەوتە وەرام دانەوە، کەوا دیاربوو، لەوە پێش باش خۆی بۆ ئامادەکردبوو: «من لەپێش هەموو شتێکا ئەمەوێ ئەوە بزانم، کە ئێوە بەچ ناوێکەوە منتان کێش کردۆتە ئێرە؟ ئێوە وەرامی ئەوەم بدەنەوە ئەوساکە منیش وەرامتان ئەدەمەوە»

سەروکیش وەرامی وادایەوە، گوتی:

«ئێمە بەناوی نەتەوەی ئینگلتەرەوە چەندوچۆنت لەگەڵدا ئەکەین، کە ئەو تۆی کردووە بەخونکار بەسەرخۆیەوە»...

هەر وەک ئەم واژەیە، تاوانبارەکەی بزواند بێ وابوو، ئەویش ڕاپەڕیی و گوتی: «ئینگیلتەرە ڕۆژێک لە ڕۆژان خونکاری خۆی هەڵنە بژاردووە و دایشی نەناوە. چونکە ئەو لە ڕاستی دا فەرمانڕەواییەکی خاوەن خونکارە، کە پشت بەپشت خونکاریی بۆ شازادەکان هاتۆتە خوارەوە. ئەمەیش هەزار ساڵ پترە کەوایە. کەواتە پێم بڵێن بەناوی چ دەسەڵاتێکەوە ئێوە چەندوچۆن لەگەڵ مندا ئەکەن؟!...»

ئنجا ئیتر سەرۆکی دادگا لە شێوەیەکی دروست و مەردانەدا وەرامی دایەوە. پێی گوت:

«گەورەی خۆم! بەشێوەی قسـەکانتا وادیارە کە تۆ چەندوچۆن لەگەڵ دادگادا ئەکەیت. ئەمەیش بارێکی پێچەوانەیە! جا ئەگەر تۆ وەرام نادەیتەوە، دادگا ئەزانێ کاری خۆی چۆن تەواو ئەکات ئەو کەسانەیش کە تۆیان کێش کردۆتەوە ئێرە ئەتبەنەوە جێگای خۆت تا ئەوی پێویستە دەربارەتی بکەن»... پاش ئەوە خونکار گوێزرایەوە بۆ دەرەوەی هۆڵەکە. بەڵام لەو کاتەدا کە بەرێگادا ئەرۆیشت بۆ بەندیخانە، چەند کەسێک بەدەنگی بەرزەوە گوتیان (خواخونکار بپارێزێ!). کەچی زۆربەی کەسان بەم جۆرە دەنگیان بەرز کردەوە، کە گوتیان؛ «هەر بژی دادپەروەریی!».

## خونکار هەڵە ناکات

لە پاش دوو ڕۆژ، واتا لە بەیانی **١٦٤٩/١/٢٢**دا، دادگا بۆ جاری دووەم کۆبووەوە. دووبارە خونکاریان هێنایەوە بەردەمی.

دووبارە سەرۆکی دادگا داوای لێ کردەوە کە قسەی خۆی بکات، خۆنکاریش هەر لەسەر قسـەی خۆی مایەوە کە ئەم دادگایە مافی ئەوەی نییە کە ئەو بخاتە بەر چەندوچۆن کردنەوە. هەروەها ئەوەیشی لێ پرسییەوە کە کێ ئەم مافەی داوە بەم دادگا ؟... پاش ئەوە ئەم دەمەقاڵێیە لەناوندیاندا ڕوویدا:

(خونکار): بەپێی یاسا خونکار هەڵەناکات... خوایش لە (تەورات)دا وای ئامۆژگاریی کردووە کە نەتەوە فەرمانی خونکارەکانی خۆیان بەجێ بهێنن.

(سەرەکی دادگا): تاوانبار مافی ئەوەی نییە کە چەندوچۆن لەگەڵ دادگا دا بکات!...

(خونکار): من تاوانبارێکی ئاسایی نیم... ئەمە لەکەیەوە کۆڕی گشتی بووەتە دادگایەکی یاسا بەکار هێنەر؟!.

(سەرۆکی دادگا): چاوەش، تاوانبار بکەرە دەرەوە کۆڕی دادگاکە دواخرا بۆ ڕۆژی دوایی... لە کۆبوونەوەی سێ هەمیشدا، (داواکەری گشتی) هەڵسایە سەر پێ و کوتی بەدادگا: «وادیارە خونکار گاڵتەت پێ ئەکات!...». پاش ئەوە ڕووی وەرگێڕایە خونکار و پێی گوت: «من لە تۆم ئەوێ وەرامێکی ڕاست و ڕەوان و تەواو بدەیتەوە بەرامبەر ئەو تاوانانەی خراونتە پاڵت. چونکە دادپەروەری بایەخ بە(کەس) نادات بایەخ بەداد ئەدات.

ئێستاکە پێویستە ئەم وەرامە بدەیتەوە: ئایا تۆ ئەم ناپاکییانەت کردووە کە پێیان بەدناو کراویت، یان نەت کردوون؟»... هەرچەندە دادگا خونکاری تێ گەیاند کە ئەگەر



وەرامێکی ڕاست و ڕەوان نەداتەوە، دادگا وای تێ ئەگات کە نایەوێ وەرام بداتەوە، بڕیاری خۆیشی لەسەر بنچینەی ئەمە دەرئەکات بەڵام خونکاری تووڕە و تڕۆ هەر ئەوەی لە دادگا ئەپرسییەوە کە بەچ ناوێکەوە و بەچ مافێکەوە چەندوچۆنی لەگەڵدا ئەکات؟!.

ئیتر ئەوساکە کۆبونەوە کە دوایی پێ هێنرا. تا لە ڕۆژانی **٢٤**و**٢٥**ی ئەو مانگەدا دادگا کە دووبارە کۆبووەوە. بەڵام ئەم جارە کۆبونەوەکانیان بەنهێنی ئەکرد. ئەوانەی ئاگایان لەو کەتنانەی خونکار بووبوو، قسەیان لێ وەرگیرا، کە ژمارەیەکی زۆریان لەو سەربازانەبوون کە لەناو لەشکری (کرۆموێل)دا بون.

ئەوانە هەموویان ئەوەیان دووبارە کردەوە کە خونکار هەموو دەمێک لەگەڵ لەشکرەکەی خۆیدا ئەسووڕایەوە لەوکاتانەدا کە بەرامبەر لەشکری کۆڕی نەتەوە شەڕیان ئەکرد... بەواتایەکی تر خونکار هاوبەش بووە لەو کەتنانەدا کە کوشتار کرا وە لەتاک و تەراکانی نەتەوەی خۆی و ژێردەستەکانی خۆی!...

## بڕیاری دادگا

جا لە ڕۆژی شەممەدا کە بەر **١٦٤٩/١/٢٧** ئەکەوت، دادگا دوامین کۆبونەوەی خۆی کرد، کە ئەمجارە بەئاشکرا بوو. کە خونکار گەیشتە ناو هۆڵەکە، نەتەوە بەجارێک قیژاندیان گوتیان «لەناوبردنی خونکار... دادپەروەری... لەناوبردنی خونکار!»... پاش ئەوە سەرۆکی دادگا هەڵسایە سەرپێ و وتارێکی درێژی دا، خونکاری بەدناو کرد بەو هەموو کەتنانەوە کە لە بڕیاری تاوانباری کردن دا ناویان هێنرابوو...

کاتێ کە خونکاریش ویستی قسەی پێ ببڕێ، سەرۆک پێی گوت:

«بهێڵە بام قسەکەم تەواو بکەم. تۆ تازە ئەو هەلەت لە دەستچوو قسە بکات!...»... بەڵام خونکار هەر لەسەر ئەو قسەیە میچی گرت کە «کۆڕی گشتی» بێ «کۆڕی ڕیش سپییان» مافی ئەوەی نییە خونکار بخاتە ژێر چەندوچۆنەوە!. ئەنجامی ئەم پەرچ دانەوەیەیش بەوە گەیشت: کە کەس بایەخی پێ نەدا!... کاتێ کە سەرۆکی دادگاه لە وتارەکەی خۆی بووەوە فەرمانی دا، نووسیارەکە ناوەڕۆکی ئەو بڕیارەی خوێندەوە کە دادگا دەری کردبوو. لە بڕانەوەیدا ئەمە نووسرابوو: «جا لەبەر ئەم هەموو کەتن و ناپاکییانە کە خونکار کردنی دادگا بۆی دەرکەوتووە کە «چارلس ستیوارت» پیاوێکی زۆردار و، ناپاک و پیاوکوژ و، دوژمنی نەتەوە بووە. بڕیاریشی وا داوە بەسەریا کە بەو جۆرە لەناو ببرێ کە کەللەی لە لەشی جۆی بکرێتەوە!...»... جا لێرەدا خونکار بانگی کرد گوتی:

«گەورەم، ڕێم بدە قسەیەک بکەم.» سەرۆکی دادگایش وەرامی دایەوە گوتی:

«گەورەم، لەپاش خوێندنەوەی بڕیار، هیچ مافێکت نییە قسە بکەیت... یاساوڵەکان، بچن بەندییەکەی خۆتان لەگەڵ خۆتاندا ببەن!...»...کاتێ کە خونکاریان ئەبرد بۆ ناو گالیسکەکەی بەندیخانە کۆمەڵانی نەتەوە لەشێوەیەکی دوژمنایەتی ئاشکرادا پێشوازی یان کرد... تەنانەت هەندێکیان تفیان کرد لە دەموچاوی و، لەگەلێک شێوەیشدا ڕیسوایان کرد!. کە گەیشتە ناو بەندیخانەیشەوە، هیچ جۆرە ڕێزیکیان لێ نەئەگرت، کەسیش بەزەیی پیانەئەهاتەوە... لەپاش دوو ڕۆژی تر منالەکانیان هێنایە لای بۆناو بەندیخانە، تا بۆ دوامین جار باوکیان ببینن و لێی جیاببنەوە بەڕاستی چاوپێکەوتن و جوێ بوونەوەکەیان ناخۆش و سزابەخش بوو!

## کوشتنی خونکار

لە ڕۆژی دوایی دا کە بەر ١٦٤٩/١/٣٠ ئەکەوت، لەپێش بەرەبەیاندا، خونکار لەناو بەندیخانەکەیا هوشیار کرایەوە.

ئەمیش جلوبەرگەکانی خۆی لەشێوەیەکی زۆر ڕێکوپێکدا لەبەر کرد، تەنانەت داوای ئەوەیشی کرد کە کراسەکەی بەگڕی ئاگرەکە گەرم بکەنەوە، نەوەک لەشی لە سەرمادا بێتە لەرزین و سەیرکەرەکان وابزانن ئەترسێ؟...

لە کاتی دەهەمدا بردیان بۆ «هوایت هۆڵ». لەوێشەوە بەناو ڕاڕەوە درێژەکەدا بردیان بۆهۆڵی کۆڕی کاربەدەستان. جامێک مەیی فەرەنسیی کۆنی خواردەوە... لەوێشەوە یاساوڵەکەی کەناوی (ثوملنسون) بوو بەخۆی و تیپێک یاساوڵەوە لە دوایەوە ڕۆیشتن بەناو باخچەکەدا، بەڵام بەهێواشی. کە هەرچی خونکاریش بوو، پەلەی لێ ئەکردن، کە گورج برۆن بەڕێگادا، ئەیگوت ئیستاکە بۆ ئەوە پێشتان کەوتوم کە شا کڵاوی ئاسمانیم دەست بکەوێ!... کاتێ کە ئەو کۆمەڵە کەسانە گەیشتنە ئەوپەڕی باخچەکە، خونکار بەسەر پەیژەیەکدا سەرکەوت بۆ سەرەوە، بۆ ناو هۆڵی کوشتن... لەوێدا لەناکاو بەرهەڵستێکیان هاتەبەر، کەهەر بەبیریشیاندا نەهاتبوو چونکە لەوێ وایان پێ گوتن کەهێشتا کەلوپەلی کەللە پەڕاندن تەواو نەبووە... (ئەو کەلوپەلەیش بریتییە لە پارچە دارێکی گەورە کە هەر لەبنی درەختی بڕاو ئەکات. ملی تاوانبارەکەی لەسەر دائەنرێ... پاشان پیاو کوژەکە تەوو زینەکەی خۆی لێ ئەدا ئەیپەڕێتێ!...)...

خونکاریش ئەو ماوەیەی بەوەوە ڕابوارد کە گفتوگۆی لەگەڵ سەرکەشیشی لەندەن دا کرد



و نوێژی کرد. ئنجا بە(کۆلۆنێل هاکر)ی گوت، کە سەرەکی یاساوڵەکان بوو: «پێیان بڵێ ئازارم نەدەن!...»... پاشان ڕووی کردە کەللە پەڕێنەکە و لێی پرسی: «ئایا قژە درێژەکەی من تەگەرە لە فەرمانەکەی تۆ ئەدا؟».

کە ئەوەی گوت پیاوکوژەکە و سەرۆکی کەشیشەکانیش پێکەوە قژی سەری خونکاریان لەملی لادا و خستیانە ناو کڵاوەکەیەوە!.

لەو کاتەدا گوێیان لە خونکار بوو بەچرپە بەیەکێک لەوانەی ئەگوت کە وەستابوو لەوێدا: «لەبیرت نەچێ!»... مەبەسی شاراوەی وشەکەی خونکار لەو دەمەدا و پاش ئەوەدەمەیش، زۆر کەسی خستە پرس کردن و لێکولینەوەوە. بەڵام بیر زۆرتر لەلای ئەوەدا ئەچێ کە خونکار ویستوێتی بیری ئەو پیاوە بخاتەوە کە بەڵینەکەی خۆی بهێنێتە جێ و بەکوڕەکەی خونکار بڵێ، کە گەورە بوو، ئەو پیاوکوژە ببەخشێ کە کەللەی باوکی پەڕاندووە!...

پاش ئەوە خونکار ڕووی کردە کەللەپەڕێنەکە و پەلەی لێ کرد کە زوو بەزوو کەلوپەلی کوشتنەکەی ئامادە بکات. ئنجا پێی گوت: «کاتێ دەستی خۆم بەم جۆرە درێژ کرد، تۆیش تەوورزینی خۆت بوەشێنە!.»... کاتێ کە خونکار گەردنی خۆی خستە سەر کەلوپەلی کوشتنەکە، بەپیاو کوژەکەی گوت: «چاوڕوانی دەستم بە!...»... لەپاش تاوێک خونکار دەستی خۆی درێژ کرد بەو جۆرەی کە پێشانی دابوو... ئنجا پیاوکوژەکەیش تەوورزینەکەی وەشاند لە ملی، بەیەک جار کەللەی لە لەشی جیا کردەوە!...

هەندێکیش تکایان کرد لاشەکەی خونکار لەکلیسای (هەنریی حەوتەم)دا بنێژرێ. بەڵام ئەوان بەگوێیان نەکردن. بیانووەکەیشیان ئەوەبوو، کە لاشەکە لەوێدا بێ وەی نامێنێتەوە. دوور نییە کە خوێڕییەکان لەو ڕۆژە پڕئاژاوانە دا دەستی بۆ ببەن!... جا لەبەر ئەوە لە ١٦٤٩/٢/٨دا، واتا لەپاش کوشتنی بەهەفتەیەکی تەواو لاشەکەی خونکاریان لەکلێسای (سان جۆرج)ی شاهی دا لە کۆشکی (ویندسور)دا ناشت.

## کەسایەتیی چارڵسی خونکار

بەم ڕەنگە چارلسی یەکەم چووە پەناگای مێژووەوە... جا ئەگەر کەسێک ئیمڕۆ لە مێژوو بپرسێ کەسایەتی چارلس چۆن بووە بەچاکە و خراپەیەوە؟. بێگومان وەرامەکەی لەم ڕاستیانە دەرناچێ:

چارلسی یەکەم وەک پیاوێک، زۆر بەتەنگ ئەوەوە بووە کە لەسەر فەرمانی ئایینیی بڕوات بەڕێوە. هەروەها چاودێریی کردەوەی پەسندی کردەوە. هەر چییەکیش فڕی بەسەر ڕەوشت و خووەوە بوو بێ توندوتیژی تیا نواندووە. یەجگار خۆشیی بەوێژە و هونەرەکاندا چووە... بەڵام وەک خونکارێک؛ بێبەش بووە لەو تێگەیشتووی و زۆرزانیییەی کە بۆ هەموو خونکارێک پێویست بووە.

یەجگار هۆگری ئەو «مافەخوایی»یە بووە کە بەئارەزووی خۆی فەرمانداری بەسەر نەتەوەکەی خۆی دا بنوێنێ. جا بەهۆی ئەم ڕەوشتانەیەوە دووچاری ئەوەبووە کە بەرەنگاری ئەو گێژاوە بەهێزە ببێ کە لەسەردەمی ئەودا هەموولایەکی ئینگلتەرەی گرتبووەوە، کە دوایی ئەمانەی لێ هاتەدەرەوە: «بزووتنەوەی ڕاستکردنەوەی کاروباری گشتی»، «خرۆشی دڵی (پاکی خوازەکان»یش بۆ ڕاگرتنی کردەوە و کاری باش لە ژیانی گشتی خۆیاندا»... پاش ئەوە «بڵند کردنەوەی قسەی دەستوور» و «بڕیاردانی دەسەڵاتی باڵایش بۆ دەستوور لە هەڵسووڕاندنی کاروباری ئینگلتەرەدا بەشێوەیەکی ببڕای ببڕای!...».(١)

تەواو

(١) واتە: بەشێوەیەکی هەمیشەیی. ئەم (ببڕای ببڕایی)یە لە خۆیدا مانای (أبدي) دەگرێتەوە، بەڵام مامۆستا بۆ ئەم ڕستەیەی بەکارهێناوە.

# سێر وڵتەر ڕاڵی

ئەو جەربەزەیەی ئەلیزابێت-ی شاژنی ئینگلیز حەزی لێ کرد و،
جێمسی یەکەم-ی خونکاریش بەکوشتی دا

نووسەری: سێر پاتریک هێستینگز
مێژووناسی بەناوبانگی ئینگلیز

ئەم نووسراوە

مێـژووی جیـهـان هەروا بووە: لەلایەکەوە فـەرمانڕەوایانی خراپ دامـەزراون، لەلایەکی تریشــەوە جــووڵەی دادپەروەری پەیدا بووە و، بەرەنگاریی کــردبوون بەڵام هەمــوو دەم سەرکەوتن هەر بۆ دادپەروەری بووە، نەک زۆرداری.

هەر فەرمانڕەوایەکیش لەسەر بنچینەی زۆرداری و نەخوێندەواری دامەزرابێ، نەتەوەی چەوساندۆتەوە و دایڕزاندووە.

هیچ بایەخێکیشی نەداوە بەپیاوانی زانا و تێگەیشــتوو، یان بەهونەرمەندان یاخود نیشتمانپەروەران و خوداناسان بەڵکو بەپێچەوانەوە بەرەنگاریی کردوون و، تەفروتووناى کردوون و، لەناوی بردوون چونکە ئەوی بەزۆرداری بووبێتە سەردار، چەند هاودەمێک و چەند کاربەدەستێکی هەلپەرست و، دوو ڕوو و، دز و، درۆزن و، بێ ئابڕوو و، ناپاکی لێ کۆ دەبێتەوە، لەبەر کەڵکی ناپوختەی خۆیان خرۆشی دڵی دادەمرکێنن ئیتر لەوە بەدواوە بەری ڕاسـتی و دروسـتی لێ دەگـرن و بەهەڵەیدا دەبەن و، هەزار کـەتن و ڕیسـوایی پێ جێبەجێ دەکەن!...

بەڵام بەرامبەر بەوە، جووڵەی دادپەروەری دێتە کایەوە...

بەرەنگارییـان دەکات وازیشیـان لێ ناهێنێ تا لەناویان دەبات چونکە خودای پاکی بێ هاوتا کـە بەتەنگ دادپەروەرییـەوەیە، زاڵ دەبێ بەسـەر زۆرداریدا، ڕێیـان لێ ون دەکـات، ســەریان لێ تێکدەدا کــاتێک بەخـۆیان دەزانن ســەر ئەنگرێیــان دەکــات و، تەخت و تاراجیشیان لە ناو دەبات.

هەر بۆ ئەمــەی کــەســانی وا بێنە ســەرتەخت کــە دادپەروەریی بڵاو بکەنەوە بەســەر ناوچەکەدا، تا نەتەوە لە ژیانێکی پڕ سروەت و ئاسایش و ڕاستی و دروستیدا پشوویەک



بدات جا ئەم نووسراوەیش کە لە مێژووی ژیانی پیاوێکی گەورە و بلیمەت و جەنگاوەر، زرنگ گـار و نووسـەر و بوێژ، جەربەزە و مـەرد و شـۆخ و شـەنگێکی وەک (سـێر وڵـتـەر ڕاڵی) پڕێتی لە کردەوە و کـاری ڕەنگاوڕەنگ و گـەورە گەورە، کـە ئەم پیـاوە پێشکەشی نەتەوەکەی خۆی، ئینگلیز و، فەرمانڕەواییەکەی خۆی، فەرمانڕەوایی بەریتانیـای کردووە هەروەها پڕیشـیـەتی لە سـەرگـەردانی و مـاڵوێرانی و مـەرگـەسـات، کـە بەدخـوازان و، دوژمنایەتی چاکی و پاکی و سەر بڵندی بەسەر (ڕاڵی)ی بەسەزمانیاندا هێناوە، لەسەر دەستی دوو خـونکـاری زۆرداردا، کـە یەک لەدوای یەکـەوە هاتوون، واتا: (ئەلیـزابێث) و (جێـمـسی یەکـەم) ئەم دووانە، هەر دووکـیـان ئاوێنەی زۆرداری بوو بوون و، بۆ کـەڵکی ناڕەوای خۆیان، دادگایەکانی ئینگلیزیان کردبوو بەیارییەکی دەستی خۆیان، گەمەیان پێ دەکرن، کە (ڕاڵی)یشیان هەر بەو دادگایانە لە ناوبرد! ئەم کەتنانە لە سەدەکانی شانزەهەم و حەڤدەهەمدا ڕوویاندا.

ئەو دەمە، ڕۆژی ڕازدز (جاسووس)و گەندە پیاو بوو، لە ئینگیلتەرەدا... ئەوانە چاویان بەرایی نەدەدا، پیـاوێکی وەک (ڕاڵی) هەڵبکەوێ و، بەرەنجی شانی خۆی سـەربڵندی بۆ خۆی و نەتەوەکەی خۆی پێک بهێنێ، نەوەک جێگایان لێ بگرێ!... ئەوانە یەک لەدوای یەک، هەر دوو خــونکاریان چەواشــە دەکــرد و، هانیـــان دەدان بۆ ئازاردانی (ڕاڵی)ی بەسەزمان، تا لە ساڵی (١٦١٨)دا بەکوشتنیاندا!... بەڵام (دادی خودایی) کەوتە کار... زۆری پێ نەچوو شـۆڕشی (بایم) و (کـرۆمـوێل)[(١)] و هاوڕێکانیـان لە نزیک سـاڵی ١٦٤٠دا هەڵگیرسا و، ئەو تەخت و تاراجەی لە ساڵی ١٦٤٩دا تێکدا ئەمە ئەو دەمە بوو کە خونکار [چارلسی یەکەم] لەسەر تەختی بەریتانیا بوو بەم ڕەنگە نەتەوەی ئینگلیز سـەرکـەوت و بوو بە(خـاوەن شکۆ) خـونکار (چارلس)یش لە سـاڵی ١٦٤٩دا کـەللەی پەڕێنرا.

ئیتر لە پاش ئەوە بەچەند ساڵێک شاهەنشاهانی بەریتانیای نوێ وا پەروەردە دەکران، کە بۆ (دادپەروەری) و (دیموکراتی) کڕنووش بکێشن ئیـتـر لەو ڕۆژەیشـەوە دادگـاکـانی بەریتانیا ڕوویان کردە چاکی و پاکی، تا گەیشتنە ڕادەیەکی وەها کە ناوبانگیان لە هەموو جیـهـاندا بەدادپەروەری بڵاوبووە وە ئینگلیـزەکـان (٣٠٠) سـاڵ پـتـرە خەبات دەکـەن بۆ

(١) بۆ ئەم ڕوداوانە بڕوانە: سـیـرپاتریک هستنگر، چارلی یەکەم، گۆڕینی شاکر فەتاح- چاپخـانەی کامەرانی، سلێمانی ١٩٧٠ هەر لەم زنجیرە وەرگیراوانە.

دادپەروەری. جا منیش هەر بەم نیازەوە ئەم نووسراوەم پێشکەشی (خوێندەوارانی کورد) کردووە، کە هیوادارم بەخودا، لە پەند و ئامۆژگاریەکانی ناوی، خۆشییەکی زۆر و کەڵکێکی تەواو وەربگرن و، هەموو دەم پشتی دادپەروەری بگرن.

شاکر فەتاح
سلێمانی: ١٩٦٦/٣/٢٦

## ژیانێکی شۆخ و شەنگ و مردنێکی شۆخ و شەنگ

ڕەنگە رووکەشی هەرە دەرکەوتووی ژیانی (سێر وڵتەر ڕاڵی)ئەوە بێ کە پڕ بوو لە بەرزبوونەوەی زۆر و نزمبوونەوەی زۆر... یاخود بەواتایەکی تر فڕین و کەوتنە خوارەوەی زۆری تێدا بوو.

ژیانەکەی پڕ بوو لە بابەتی ناوازە چونکە لەلایەکەوە خاوەنی شیر وەشاندن بوو، لەلایەکی تریشەوە خاوەنی پێنووس نوواندن بوو لە ڕاستیدا سەربازێکی سەرکەوتوو بوو مەلەوان و کەشتیەوانێکی هەڵکەوتوویش بوو هەروەها زرنگکارێکی توانا و، بۆیژێکی شارەزا و، چیرۆک نووسێکی داهێنەریش بوو... پڕ بەدڵ حەزی لە جەربەزەیی دەکرد حەزی لە ئازایەتی و پاڵەوانی و دەکرد هەروەها پیاوێکی شەنگوشۆخ و جوانیش بوو لە پیاوەتیشدا تەواو بوو جا (سێر وڵتەر ڕاڵی) بەهۆی ئەم کردەوە و ڕەوشتانەوە و ئەو شەنگوشۆخییەوە کە لەسەر و چاو بەژن و باڵایدا دیار بوو بەجۆرێکی وا چووبووە دڵی «ئەلیزابێث»ی شاژنی ئینگلیزەوە کە هەرگیز لە پێش ئەودا کەسێکی تر ئەو پایەیەی لەلای ئەو دەست نەکەوتبوو بەڵام هەر بەهۆی ئەو پایە بەرزییەیشەوە بوو کە تووشی دەردە سەرییەکی وا بوو کە لە دواییدا لە خراپترین شێوەدا کوژرا! جا هەروەک ژیانەکەی «وڵتەر ڕاڵی» کۆمەڵایەتی[1] ئینگلیزی گەشکەدار کرد، هەروەها مردنەکەیشی ئەو کۆمەڵایەتییەی گەشکەدار کرد چونکە مردنەکەی لە ئەنجامی چەند و چوون کردنێکی وا دا هاتە دی، کە لە هەموو چەند و چوون کردنەکانی ناو مێژوو سەرسوڕهێنەر تر بوو ئەنجامی چەند و چوون لەگەڵ کردنەکەی بەوە گەیشت کە بڕیاری کوشتنی درا؛

لەسەر ئەوەی کە بەناپاک بەدناویان کردبوو کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا هیچ بەڵگەیەک لە ئارادا نەبوو کە ئەو تاوانەی لەسەر بار کرد بێ.

(١) کۆمەڵ و کۆمەڵگەی ئینگلیزی...



بڕیاری دادگایش لەسەر هیچ بنچینەیەک دانەمەزرا بوو، لەسەر ئەو قسانە نەبێ کە دوژمنەکانی خۆی بۆیان هەڵبەست بوو ئەوەندە هەبوو، خونکار (جێمسی یەکەم) کە لە پاش «ئەلیزابیث»ی شاژنەوە هاتە سەرتەخت، لەو بڕیارە وازی هێنا بەڵام لەناو بەندیخانەی (باڵاخانەی لەندەن)دا هێشتیەوە، کە تەنیا بۆ دەست بەسەرداگرتنی سەرکردە و گەورەکانی نەتەوەی ئینگلیز تەرخان کرابوو...

جا (سێر وڵتەر ڕاڵی) دوانزە ساڵی خشت لەم بەندیخانەیەدا مایەوە بەڵام لە شێوەیەکی وایشدا لە بەندیخانە هێنرایە دەرەوە کە لە شێوەی چەند و چوون لەگەڵ کردنەکەی کەمتر سەرسوڕهێنەرتر نەبوو تەنیا لەبەر ئەوە لە بەندیخانە بەڕەڵاکرا کە خونکار ئارەزووی دەکرد بینێرێ بۆ هەندێ جێگا، بۆ ئەمەی سەرچاوەیەکی گەنج و سامانی بۆ بدۆزێتەوە!... بەڵام کەللە پەڕاندن لە پەنادا خۆی بۆ ئەو شاردبووەوە.

چونکە ئەنجامی گەشتەکەی بەوە گەیشت، بڕیاری کوشتنەکەی پێ نوێنرا[1] هەموویشی هەر لەبەر ئەوە بوو کە ئەو سامانەی خونکار جێمس ئاواتی بۆ دەخواست نەیتوانی بۆی پەیدا بکات!...

## بێ ڕێدانی شاژن، ژن دەهێنێ... ئەویش خۆی و بووکەکەی دەخاتە زیندانەوە؟

(سێر وڵتەر ڕاڵی) لە ساڵی ١٥٥٢دا لە دایک بووە، وایش دەردەکەوێ کە هەر لە منداڵییەوە حەزی لە جەربەزەیی کردووە.

هۆگری شیر و تیر بووە و، گرفتاری ئەڤینی زانست و پێنووسیش بووە.

لە فەرەنسەدا چەند ساڵێکی بەشەڕ و کوشتارەوە بەسەر برد لەوێدا وەک سەربازێکی سەربەرز و ئازا ناوی دەرکرد پاش ئەوە خوویدایە خوێندنی یاسا لە کاتی دەست پەرژانیشدا هۆنراوەی هەڵدەبەست. بەڵام ئەوەندەی پێ نەچوو، گەڕایەوە سەر ژیانە سەربازییەکەی. لە چەند شەڕێکی ناو (ئیرلاندە)دا بەشداریی کرد لەوێیشدا ئازایەتی و بەجەرگییەکی وەهای نوواند کە ناوبانگی پێ دەرکرد.

هەر ئەوەندە تەمەنی گەیشتە (٣٠) ساڵە، هاتە ناو (لەندەن)ەوە و دامەزرا، ئنجا هۆگری زرنگکاری بوو لەوێیشدا بەختیار بوو، سەرکەوت توانی لای ئەلیزابێث-ی شاژن خۆی شیرین بکات و جێگایەکی بەرێز بۆ خۆی بگرێ.

(١) ڕاستتر: بەسەردا جێبەجێ کرا.

لەگەڵ ئەوەیشدا کە دەگوترا: «ئەلیزابێث» خۆی تەرخان کردووە بۆ تەختی شاهییەکەی خۆی، شووی کردووە بەتەختەکەی خۆی بەڵام بەند و باو زۆر بڵاوبووبووە وە کە گەلێک دڵداریی هەیە لەگەڵ ئەم و ئەودا... ئەوەیش دەگوترا کە (سێر ولتەر ڕالی) بەهۆی دڵدارییەوە گەیشتبووە ئەو جێگایەی کە شاژن پێی بەخشیبوو!.

ڕاستیی ئەم قسەیەیش بەوەدا دەرکەوت، کە کاتێ (سێر ولتەر ڕالی) کچێکی مارە کرد، نە شاژن ئاگای لێ بووبوو نە بەفەرمانی ئەویش مارەی کردبوو... کە لەسەر ئەوە شاژن بەجۆرێکی وا ڕقی لێی هەڵسا، خۆیشی و بووکەکەیشی لە بەندیخانەی (تەلاری لەندەن)دا توند کرد!...

جا ئەم پشم و قینە لەوانە بوو کە لاوە جەربەزەکە لەناو ببات.

بەڵام بەوەی باش بوو کە «ئەلیزابێث» سەرلەنوێ دڵی بۆی نەرم بووەوە مێژوویش لەم کاتەدا، ئەم کارەی بۆ «شاژنی کچ» وا تۆمار کردووە کە «ژیری»یەکەی زاڵ بووبوو بەسەر «خرۆش و ئارەزوو»ەکەیدا! لەبەر ئەوە، ئەو لاوەی لە بەندیخانە هێنایە دەرەوە لەبەر کەڵکی گشتی... ئەوەیش بەم جۆرە ڕوویدا: کە کەشتییەوانەکانی کەشتیە گەورەکەی (دیفۆن) ئاژاوەیەکی سامناکیان نابووە وە لە (دارتسماوث)دا لەسەر ئەوە سەر کێشییان پیشان دابوو کە زۆرداریان لێ کرابوو، لە کاتی دابەشکردنی سامانی تالانیدا، کە لە کەشتییەکی (پورتوگال)ی گەورە داگیریان کردبوو... کاتێ کە کاربەدەستەکانیش چارەی ئەو ئاژاوەیان پێ نەکرا، پێش ئەمەی ئاژاوەکە بگۆڕێ و ببێتە شۆڕشێکی ئاگرین، ئەوەیان بیر کەوتەوە کە کەشتییەوانەکانی کەشتیی (دیفۆن) ئەمەندە (سێر ولتەر ڕالی)یان خۆش دەویست زۆری نەمابوو کە بیپەرستن لەبەرئەوە شاژنیش وای هاتە پێش چاو کە (سێر ولتەر ڕالی) لە هەموو کەسێک باشترە بۆ ئەمەی ئەو ئاژاوەیە بکوژێنێتەوە... بیرەکەی شاژنیش بەڕاست دەرچوو (سێر ولتەر ڕالی) توانی ئەم کارە بباتە سەر لەبەر ئەوە لاوی جەربەزە، توانی بگاتەوە پایەکەی خۆی و، خۆیشی لای شاژن ئەلیزابێث شیرین بکاتەوە!...



## گەشت دەکات بۆ جیهانی نوێ... بۆ ئەمەی شارەزێڕ[1] بدۆزێتەوە

جا ئەم ماوەیە بەگەشترین ماوەی ژیانی سێر ولتەر ڕالی دادەنرێ چونکە لەم ماوەیەدا دووبارە گەڕایەوە سەر جەربەزەییەکانی خۆی کە بەناوی ئەوە وە ناودەبران هێنای بەشێکی تەواوی کاتی خۆی بۆ ئەو جەربەزەییانە تەرخان کرد جا لە هەموو جەربەزەییەکانی سامناکتر و نزیکتر لە ئەندێشەوە، ئەوە بوو کە هوروژمی پێ بردەسەر ئەمەریکا، بۆ ئەمەی زێڕ بدۆزێتەوە!. چونکە چیرۆکێکی ئەفسانەیی کەوتبووە بەرگوێی: کە گوایە لە ئەمەریکادا شارێکی پڕ لە جادووهەیە لە (جیانا)دا[2] هەندێک پێیان دەگوت: (مانوا) هەندێکیش پێیان دەگوت (ئەلدۆرادۆ) واتا (پیاوی زێڕین پۆش) بەو ناوە وە ناویان نابوو کە گوایە پیاوێک هەبووە لەناو ئاوی زێڕدا خۆی شتووە، لەبەر ئەوەی کە ئەم کانە بەنرخە ناوازەیە یەجگار زۆرە لەو بەشەی جیهانی تازەدا!... جا ئەم چیرۆکە ئەفسانەییە هەر لەناو مێشکی جەربەزەی بێ باکدا هاتووچۆی دەکرد، تا خستیە سەر ئاوڕێژی ڕووباری (ئۆرینۆکۆ)[3] لە ئەمەریکادا، تا لەو ناوەدا شارە چاوبەست کراوە کە بدۆزێتەوە!. «سێر ولتەر ڕالی» لەو کاتەدا لە تەمەنی چل و سێ ساڵاندا بوو هەرچەند هەڵمەتەکەی بەئەنجامێک نەگەیشت و تێیدا سەر نەکەوت، بەڵام هەر چۆنێک بێ بیرە ئەندێشەییەکەی ئەوی بەهێزتر لێ کرد، تا وای لێ هات بوو بەباوەڕێکی تەواو لە دڵیدا... کەچی لە سەرێکی تریشەوە، ئەو نازەی هەیبوو لەلای ئەلیزابێشی شاژن لە دەستی دا، یەکێکی تری لە خۆی نزیک خستبووەوە، کە لەو بەهێزتر و تەڕ و تازەتر بوو!... ئەم لاوە تازەیە ناوی «ئێرل ئیسێکس» بوو !... جا لەبەر ئەوە، سێر ولتەر ڕالی، کە ئارەزووی جەربەزەیی[4] جەرگی سووتاند بوو و، ئارامی لێ هەڵگرتبوو و، سرەوتی لێ بارکردبوو، هەر تکایەکی لە شاژن دەکرد، شاژن گوێی خۆی لێ کەڕدەکرد!... تەنانەت ئەلیزابێث ئەمەندە کەنەفتی کردبوو، هەر چەند سێر ولتەر ڕالی مەترسیی پیشاندەدا لە هوروژمی ئیسپانیا بۆ سەر بەریتانیا، گوێی لە قسەکانی نەدەگرت!...

(١) شارەزێڕ: یا شاری زێڕ، کانی زێڕ.

(٢) جیانا: گیانای بەریتانی، کە ئێستا- گۆیانا- یەو پایتەختەکەشی شاری (جۆرج تاون)ە لە خوارووی ڕۆژهەڵاتی (فەنزەویللا) لە باکوری ئەمەریکای خواروو.

(٣) ئۆرینۆکۆ، ئەرینۆکۆ: ڕووبارێکە لە پێدەشتەکانی ناوەڕاستی وڵاتی فەنزەوێللاوە بەرەو ژووروی ڕۆژهەڵات دەڕژێتە ناو زەریای ئەتڵەسییەوە.

(٤) مامۆستا وشەی (جەربەزە)ی بۆ (مغامرە)داناوە.

## کەشتییەکانی ئیسپانیا تێک و مەکان دەدا، کەچی شاژن قینی لێی هەڵدەستێ

لەگەڵ ئەوەیشدا ترس و لەرز شاژن ئەلیزابێسی ناچار کرد کە گوێ لە چاوترساندنەکانی سێر وڵتەر ڕاڵی بگرێ جا هەر ئەوەندە پێی زانی ئیسپانیاییەکان بەڕاستی خۆیان ئامادە کردووە هوروژم ببەنە سەر ئینگیلتەرە، وێنەکانی گەلە کەشتییە گەورەکەی ئیسپانیای هاتەپێش چاو کە خەریکن هوروژم ببەنە سەر نیشتمانەکەی هەرچەندە پیرێتی کاری لە دەروونی کردبوو، بەڵام بیستنی ئەو دەنگە و هێنانە پێش چاوی وێنەکانی ئەو گەلە کەشتییە گەورەیە کە (ئەرمادا)[1] یان پێ دەگوت، گیانی زۆرانبازی لە دەروونی ئەلیزابێثدا بزوواند... جا لەبەر ئەوە شاژن بڕیاریدا کە لەپێش دوژمندا هوروژم ببات، دەمودەست هەڵمەتێکی گەورەی بۆ بەرەنگاری کردنیان ئامادەکرد هەر چەندە (سێر وڵتەر ڕاڵی)یش یەکێک بوو لە سەرکردەکانی ئەو هەڵمەتە، بەڵام بەسەرکردەی هەرە گەورە دانەنرا بوو چونکە شاژن ئالای سەرکردەیەتی دابووە دەست ئەو سەرکردەیەی کە لەگەڵ ئەودا بەربەرەکانێی دەکرد... واتا (ئێرلْ ئیسێکس)ی کردبوو بەسەری گەورەی سەرکردەکان کەچی لە هەموو ئەو کەسانەیش کە خۆیان لای شاژن شیرین کردبوو، بەتەمەن بچووکتر بوو!... ئامانجی هەرە گەورەی هەڵمەتەکەیش ئەوە بوو کە گەلەکەشتییە گەورەکەی ئیسپانیا لە (قادش)دا لەناو ببات بەڵام سەرکردە لاوەکەی هەڵمەتەکە، نەیویست ئەو فرمانە بخاتە سەر ئەستۆی خۆی، لەسەر زەوییەوە هوروژمی بردە سەر شارەکە لەبەر ئەوە (سێر وڵتەر ڕاڵی)یش هوروژمی بردە سەر ئەو گەلەکەشتییانە لەناو ئاوەکەدا هەر لەو کاتەدا کە (ئێرلْ ئیسێکس) لە شێوەیەکی یەجگار خراپدا شکا، سێر وڵتەر سەرکەوتنێکی گەورەی دەست کەوت، کە لە سەردەمی ئەلیزابێثدا، لەناو زریدا، هەر چەند سەرکەوتنێکی وا گەورە دەست زریوانی ئینگلیز کەوت بوو ئەوەندە هەبوو، کۆست کەوتوویی سێر وڵتەر لەگەڵ ئەم سەرکەوتنە گەورەیە نەبووە وە، تا بۆژۆی کرد بەخۆیەوە.

چونکە ئیسپانیاییەکان دەستوبرد ئەوکەشتییەی خۆیان سووتاند، کە پڕ بوو لە گەنج و سامانی پێویست بەگەلەکەشتییەکەیان.

لەبەر ئەوە، ئەوە بۆ ئینگلیزەکان نەچووە سەر کە ئەو سامان و گەنجەیان بەتالانی دەست بکەوێ جا لەبەر ئەوە ئەو هەڵمەتەیان بەسەرنەگرتوو دانا ئەوەیان بۆ وڵتەر تۆمار نەکرد کە

(١) ئەرمادا Armada: ئەو کەشتی گەلەبوو کە مەلیکی ئیسپانیا (فیلیپی دووەم) کردیە سەر بەریتانیا تا داگیری بکات، بەڵام گێژاو و گەردەلوولی دەریا لە ١٥٨٨دا تێکی شکاند و نوقومبوو.



ئەو هەموو گەلەکەشتییەی لەناو برد!... پاش ئەوە تا دەهات پشتم و قینی ئەلیزابێث لە ڕاڵی ئەستوورتر دەبوو کەچی ڕقی لە سەرکردەکەی هەڵمەتەکە «ئیسێکس» هەڵ نەدەستا!... جا لەبەر ئەوە وڵتەر لە خۆشترین کردندا لەلای شاژنی گەورەی خۆی نەگەڕایەوە سەر دۆخی جاران!...

## سەکردەی سەرنەکەوتوو داو دەنێتەوە بۆ (پاڵەوان)ەکەی یاریدەدەری خۆی

بەڵام لەگەڵ ئەمانەیشدا هەمووی، جەربەزەی کارامە ورەی بەرنەدا کۆڵی نەدا، هەر لەسەر کۆشش و تەقەلای خۆی ڕۆیشت، تا توانی شاژن بخاتە سەر ئەوەی هەڵمەتێکی زریوانی تازە بباتەوە سەر ئیسپانیاییەکان ئەمەیش سەبارەت بەوە بوو کە خونکاری ئیسپانیا لە ساڵی ١٥٩٧دا دەستی کردەوە بەدروست کردنی گەلە کەشتییەکی تازە، بۆ ئەمەی هەڵمەت بباتەوە سەر ئینگلتەرە ئەم جارەیش وا ڕێک کەوت کە وڵتەر خۆی بهاوێژێتەوە ناو جەنگێکی زریوانی بەڵام ئەم جارەیش کە دواجار بوو کارەساتی وای لێ ڕوو بدات، دیسانەوە نەکرایەوە بەسەرکردەی هەرە گەورەی گەلەکەشتییەکە دیسانەوە کرایەوە بەیاریدەدەری ئیسێکس لاوە نازدارەکەی لەمەڕ ئەلیزابێث!...

ئەم جارەیش ئیسێکس لە هەڵمەتەکەیدا شکایەوە کەچی ڕاڵی بەپێچەوانەی ئەو- بەش بەخۆی- سەرکەوتنی گەورە گەورەی سەر بڵندانەی دەست کەوت؛ هەر چەندە ئەو سەرکەوتنانە نەبوون بەهۆی ئەوەی هەڵمەتەکە- بەجۆرێکی گشتی- سەربگرێ!... شاژن ئەلیزابێث ئەم ئەنجامەی بەڕوویەکی گرژ و توندوتیژییەکی زۆرە وە بەرامبەری کرد... کەچی ئەو جامی پشم و قینەی بەسەر سەرکردەی هەڵمەتەکەدا نەڕشت، هەر بەسەر ڕاڵی بەسەزمانیدا ڕشت، بەبیانووی ئەوە وە کە بەهۆی پێشنیازی ئەوە وە بووبوو کە ئەو پرۆژەیە خرابووە گەڕ!... ئەم ڕەوشتەی شاژنیش سەرسوڕمانی پێ نەدەویست چونکە ئیسێکس لەژێرەوە دڵی ئەوی ڕەش دەکرد لە وڵتەر، کە لەپێش خۆیدا ئەو خاوەن ناز و جیاز بوو لەلای ئەلیزابێث...

بەتایبەتی لەبەر ئەوەیش کە قین هەڵسانەکەی لە «وڵتەر» دەبووە هۆی نەوەی کە لە «ئیسێکس» خۆش ببێ و، چاو لە هەڵەکانی بپۆشێ، کە ئۆباڵی سەرنەگرتنی هەڵمەتەکەیش لەپێش هەموو کەسێکدا بەئەستۆی ئەو بوو!... سەرگەردانیش- هەروەک قسەیەکی پێشینان دەڵێ- بەتەنیا دانابارێ کاتێک زانرا، زرنگکارێکی دوژمنی دڵ پڕلەقین دەربارەی ڕاڵی هاتەکایەوە و خۆی دایە پاڵ ئیسێکس پێکەوە داویان بۆ ئەو

بەسەرزمانە دەنایەوە ئەم دوژمنەیش ناوی «ڕۆبەرت سیسیل» بوو، کە لە دوای «لۆرد بیرجلی»ی باوکی، بوو بوو بەکار بەدەستی خاکی ئینگیلتەرە!.

## پاڵەوانەکە بەلای خونکاری تازەوە بەخوێنڕێژ دادەنرێ

ئەوەندە هەبوو هەڵگەڕانەوەی ئەلیزابێث و فڕوفێڵبازییەکانی ئیسێکس و سیسیل لە ناوچەی زرنگکاریدا پایەی ولتەریان زۆر هێنایە خوارەوە ولتەر هەروەک پێشوو بەسەرکردەیەک لە سەرکردەکانی زرنگکاری مایەوە... دیسانەوە هەر لەسەر ئەو بیروباوەڕە ڕۆیشت کە خۆی بۆ تەرخان کردبوون بەئەنجامیان بگەیێنێ... نامەکەیشی ئەوە بوو کە ئینگلیزەکان وریا بکاتەوە بۆ ئەمەی خۆیان لە مەترسیی ئیسپانیا ڕزگار بکەن، کە لەو کاتەدا خۆی بەدوژمنی هەرە گەورەی ئینگیلتەرە دەزانی... جا ئەم بانگ ڕاهێشتنەی سێر ولتەر ڕاڵییە لە ناوچەی زرنگکاریدا کەسێکی دەست نەکەوت کە گوێی لێ بگرێ تەنانەت بەیەک ئەنجام گەیشت، کە ئەویش توندوتیژ بوونی «ڕۆبەرت سیسیل» بوو بەرامبەر «ولتەر ڕاڵی»!...

زۆری پێ نەچوو ئەلیزابێث مرد (جێمسی یەکەم) لەپاش ئەو هاتە سەرتەخت ئەوەندەی ئەلیزابێث سەری گەورە دەبوو بەئازایەتی پیاوەکانی لەشکر و زرێوانەکانی خۆی، ئەوەندەیش جێمسی یەکەم ڕقی لە پیاوانی جەنگ دەبووە وە ئەو ئەوەی پێ خۆش بوو کە بەبێ وەی بژی لەبەر ئەوە ئەمە جێگای سەرسوڕمان نییە، کە پاڵەوانی و دلێری «سێر ولتەر ڕاڵی»، لەپێش چاو خونکاری نوێدا، بەپیاوکوژی و خوێنڕێژی دابنرێ!... جا ئەوەندەی جێمس پیاوێکی بێ وەی و دوور لە شەڕوشۆڕ بوو، ئەوەندەیش بەقسەی بەدگۆ و فڕوفێڵبازەکان چەواشە دەبوو جا لەبەر ئەوە ئەمە بۆ «ڕۆبەرت سیسیل» بەئاسانی پێک هات، کە خونکاری نوێ هان بداتە سەر ئەوەی کە «سێر ولتەر ڕاڵی» لە هەموو سایە و پایە گەورەکانی بێ بەش بهێڵێتەوە!...

بێگومان دوژمنەکانی «ڕاڵی»یش کە کەم نەبوون و ئەوەندەی نەمابوو لە داخاندا شەق ببەن کە ئەو ئەوەندە پایەی بەرز بووبووەوە و، ئەوەندە سەرکەوتن و ڕێز و خۆشەویستی دەدی بەخۆیەوە، لەم کاتەدا پەیێیان بەوەبرد کە سەردەمی گەورەیی و کامەرانی خەریکە لە دوژمنەکەیان بەسەر دەچێ... بەڵام بێگومان کەسیان ئەوەیان نەدەهات بەبیردا کە سەرئەنجامی «ڕاڵی» بەو سەرگەردانییە دەگات کە کارەسات دەری خست!... چونکە لە ساڵی ١٦٠٣دا (ڕاڵی) گیراو بەتاوانی (ناپاکیی گەورە)ەوە بەدناوکرا...



## ڕاڵی بەوەوە بەدناوکرا کە داوی ناوەتەوە بۆ خونکار بیکوژن![1]

بەنیشانەکاندا دیارە کە ڕێ پیشاندەری یەکەم بۆ ئەم بەدناوکردنە «ڕۆبەرت سیسیل» بووە، کە ئەوساکە بووبووە سەرەک کاربەدەستی (جێمسی یەکەم)!...

بەدناوکردنەکەیشی بریتی بوو لە دوو بەش: بەشی یەکەمی لەسەر ئەوە دامەزرا بوو کە دوو کەس لە کەشیشەکانی کلێسای کاتۆلیکی ڕۆمانی گەلەکۆمەکێیەکیان ڕێک خستبوو بەڵام ئەوەندە زیرەک نەبووبوون کە ئەو گەلە کۆمەکێیە ببەنە سەر و بیگەیێنن بەئەنجامێک... ئەوەیش بۆ هەموو کەس ڕوون بووەوە کە (ڕاڵی) ئاگای لەم گەلە کۆمەکێیە نەبوو و دەستیشی تێیدا نەبوو بوو! گەلەکۆمەکیەکەی دووەمیش «لۆرد کۆ بهام» دایمەزراند بوو، کە پێیان دەگوت: (یاساولی هەر پێنج بەندەرەکە) وایان دەگوت کە گوایە لەو گەلە کۆمەکێیەدا کوشتنی خونکاری تێدا بڕیار دراوە! هیچ نیشانە و بەڵگەیەکیش لە ئارادا نەبوو کە (ڕاڵی) دەستێکی لەو گەلە کۆمەکێیەدا هەبووبێ، ئەوە نەبێ کە جارێکیان «ڕاڵی» نامەیەکی ناردبوو بۆ (سیسیل)، ئەوەی تێدا نووسی بوو کە جاربەجارێک لەگەڵ «لورد کۆبهام»دا یەکتری دەبینن کەچی ئەم نامەیە هەرچی دڵ پیسی و فڕوفێڵبازییەک هەبووبێ لە دڵی(سیسیل)دا دەیبزوێنێ فێڵێکی وایشی دەخاتە دڵەوە کە گەلێک جار بەکار هێنراو بۆ ئەوەی لەدەم ئەوانەی بەناپاکی بەدناوکراون، قسە بهێنرێتە دەرەوە... دەمودەست (سیسیل) دەستی کرد بەدڵڕەش کردنی (کۆبهام) لە (ڕاڵی)...

وای تێگەیاند کە ڕاڵی دەڵێ، سەرکردەی ئەم گەلە کۆمەکێیە کۆبهامە... جا ئەم قسە هەڵبەستراوە کە بەدەم ڕاڵییەوە کرا قینی کۆبهامی هەڵساند ئەویش ویستی بەدناوییەکە لە کۆڵ خۆی بکاتەوە لە کاتێکی تووڕەبووندا ڕاڵیی بەدناو کرد بەوەوە کە ئەو سەرکردەی یەکەمی گەلە کۆمەکێکەیە، کە ئەو هانەدەری تەنیای گەلە کۆمەکێکەیە... کاتێ کە ئەم قسەیەیش گەیشتەوە بەڕاڵی، دەمودەست پەیی بەوە برد کە ئەگەر بێت و بتوانێ (لۆرد کۆبهام) بخاتە سەر ئەوەی ڕاستیی گەلەکۆمەکێکە بەتەواوی بڵێ، ئەنجامێکی گەورە و گرنگ دەهێنێتە بەرهەم بۆ خۆی!... لەو کاتەیشدا «کۆبهام» لە بەندیخانەی «تەلاری لەندەن»دا بەندکرابوو. بەڵام «ڕاڵی» هێشتا نەگیرابوو... بەهیچ کلۆجێکیش نەدەکرا خۆی بگەیێنێتە (کۆبهام) لەو تەلارەدا... بەڵام زیرەکییە بێ ئەندازەکەی ڕاڵی ئەوەی هێنا بەمێشکیدا، کە نامەیەک بەمیوەیەکەوە بپێچێتەوە و، فڕێی بداتە ناو پەنجەرەی

(١)ڕاستتر: بیکوژێ.

ژوورەکەی کۆبهامەوە، فیڵەکە، باش بوو، سەری گرت کۆبهامی بەندی نامەکەی ڕاڵی لە سەلکە میوەکە کردەوە و، خوێندیەوە ڕاڵی لە نامەکەیدا لێی پاڕابووەوە کە ئەو بەدناوییەی خستوێتییە پاڵی و لە بنج و بناوانیشدا دوورە لە ڕاستییەوە، لە کۆڵی بکاتەوە، هەرچی ڕاستییە ئەوە بلێ دەربارەی پەیوەندی ئەو بەبەدناوییەکەوە کۆبهامیش وەرامی ئەو نامەیەی بەدرێژی دایەوە ئەویش فێڵبازانە نامەکەی بۆ ڕەوانەکرد کە تێیدا نووسی بوو هەر بەدناوییەکی خستۆتە پاڵ ئەو دوورە لە ڕاستییەوە، هەرچییەکیشی گوتووە دەربارەی ئەو تووڕەیی و قین هەڵسان پێی کردووە... ئێستاکەیش لەو کردەوەیەی خۆی پەشیمانە؟...

## ئەو ناحەزەی کە پێی خۆش بوو ناحەزەکەی خۆی بیخاتە بەردەم دادگاوە

جا هەر ئەوەندە «ڕاڵی» ئەم نامەی پێ لێ نانەی دەست کەوت کە «کۆبهام» بەپێنووسی خۆی نووسیبووی و ڕازی بەدناوکردنەکەی خۆی تێدا دەرخست بوو، هەستی بەخۆی کرد: لە توانایدا هەیە بەهێزێکی دڵ و پشت بەخۆبەستنێکەوە ڕووبەڕووی دوژمنەکانی خۆی بوەستێ... بەڵام جەربەزەی زرنگکار بریتی بوو لە بۆیژێکیش بوێژەکانیش ڕەوشتیان وایە کە لەناو ئەندێشە و خەو و ئاواتی خۆیاندا گێژ دەخۆن لەبەر ئەوە، بەبیریاندا نایەت کە هەندێ کەسانی وا هەن کە بەدکاری لە دەروونیاندا بنج بەست بووە!... تەنانەت «ڕاڵی» ئەوەندە نوقمی ئەندێشە بوو بوو، پێی نەدەکرا ئەوە بهێنێتە پێش چاوی خۆی کە تا چ ئەندازەیەک «سیسیل» ڕقی لێ هەڵگرت بوو...

هەروەها تا چ ئەندازەیەکیش خونکار حەزی لە چارەی نەدەکرد کە ئەو پشم و قینەیش هەر لە ڕووی بەدگۆڕیی و بەندوباوەکانی «سیسیل»ەوە پەیدا بووبوون!... جا لەبەرئەوە «ڕاڵی» ئەوەی زۆر پێ گران بوو کە خۆی لەناو زینداندا دەدی وەک لە بانێک بەری بدەنە خوارەوە وابوو هەروەها ئەوەیشی زۆر بەلاوە سەخت بوو کە بیخەنە بەردەمی دادگاییێکی واوە کە زۆربەیان دوژمنایەتییەکی تەواویان لە گەڵیدا هەبوو دادگاکە بریتی بوو لە چوار دادگەر، لەگەڵ چەند ڕاوێژکارێکدا کە «ڕۆبەرت سیسیل» خۆیشی لە ناویاندا بوو!...

جێنشینی گشتی، «کووک» کەینەوبەینەکەی لە شێوەیەکی هونەرمەندانەدا پیشاندا چونکە لەبەر ئەوەی نیشانە و بەڵگەی دامەزراوی بەدەستەوە نەبوو کە تاوانەکەی پێ بنج بەست بکات، خووی دایە وتار ئارایی و یاری کردن بەوشە، هەر بەتەنگ زمان پاراوییەوە بوو... دەستی کرد بەناو و ناتۆرە نان لە تاوانبارەکە.

پێی دەگوت: «ناپاکێکی بەدخووە، لە ناپاکیدا دەستی هەیە».



پێی دەگوت: «ڕاڵی پیاوێکی نەنگەویستە هەر لەسەر ئەوەی کە دڵ ڕەش و ناپاک و زیان بەخشە وەک مار، هەموو دانیشتوانی ئینگلتەرە ڕقیان لێیەتی و حەزی لێ ناکەن!».

تا ئێرەیش «ڕاڵی» هەر لە خەوو ئاواتی بوێژانەدابوو لەوەیش دڵنیا بوو کە بەو بەڵگەیەی بەدەستیەوەیە و لە (کۆبهام) خۆی دەستی کەوتووە، بەسە بۆ ئەوەی لە دەست بڕیاری دادگا ڕزگاری بکات زۆری پێ نەچوو، نامەکەی کۆبهامی پیشانی دادگادا، کە ئەوەی تێدا نووساند بوو هەرچیی گوتووە لەوەپێش دەربارەی «ڕاڵی» لە ڕاستییەوە دوورە بەڵام (کووک) توانجی گرتە ئەم بەڵگەیە گوتی ئەم نامەیە بەزۆری زۆردارەکی و لە ڕێگای ناپەسەند و نەنگ و نارەواوە لە (کۆبهام) وەرگیراوە!... کەچی لە ڕاستیدا ئەوانەی لە کاتی چەند و چوون کردنەکەی دادگا لەگەڵ (ڕاڵی)دا لەوێدا بووبوون، توانیبوویان ئەوە بەتەواوەتی دەربخەن کە بارکردنی تاوانەکە لەسەر (ڕاڵی)، هەر لەوەپێشەوە بڕیار داربوو؛

بەجۆرێکی وا کە هەر چۆنێک بەڵگە پیشان بدات بۆ پاکانەکردن بۆ خۆی، بۆ ئازادکردنی گەردنی خۆی لەو تاوانە کە دابوویانە پاڵی، ئەو بڕیارەی هەر بەسەردا بدەن!...

## بڕیاردانی کوشتنی ڕاڵی... دادگەریی ئینگلیز ڕیسوا دەکات

لە ڕاستیشدا هەر ئەمە ڕوویدا چونکە لەپاش ئەمەی چەندوچوون کردنەکەی دادگا تەواو بوو، کە هەر بۆ ئەمە دەکرا نەتەوەی پێ چەواشە بکەن، تاوانەکە لەسەر «ڕاڵی» بارکراو، بڕیاریش بەسەریدا درا کە بکوژرێ و، لەشیشی پارچە بکرێ!... ڕەنگە لە هەموو قسەیەکیش ڕاستتر کە دەربارەی ئەم چەندوچوون کردنە، کرابێ هی ئەو دادگەرەبێ کە خۆیشی یەکێک بووە لە ئەندامانی ئەو دادگایە ئەم پیاوە لەپێش سەرەمەرگیدا ویستبووی دەروونی خۆی ئازاد بکات لەو گوناهەی کە لە دادگەرەکانی تردا کردبووی دەربارەی «ڕاڵی» گوتبووی: «لەوەتی دادگەریی ئینگلیز هەیە، ئەوەندەی، لە چەند و چوون کردن لەگەڵ سێر وڵتەر ڕاڵیدا، نەنگی و ڕیسوایی بەسەر خۆیدا هێناوە، کە لە هیچ دەمێکی تردا ئەوەندەی بەسەرخۆیدا نەهێناوە!...».

ئەوەندە هەبوو، ئەو بڕیارەی بەسەر ڕاڵیدا درا، دوایی بەم چەندوچوون کردنە سەرسوڕهێنەرە نەهێنا... چونکە خونکار «جیمس» وای بەباشزانی- لەبەر هۆیەک کە ڕەنگە بەهیچ کلۆجێک لە هیچ سەردەمێکدا نەزانرێ چییە- کە لەو کاتەدا، هەموو بەندییە زرنگکارەکان ببەخشێ... لەبەر فەرمانی وا دا «ڕاڵی» تا ماوە لە ژیاندا لە بەندیخانەی «تەلاری لەندەن»دا بمێنێتەوە!...

دووریش نییە کە کوشتن بۆ (ڕاڵی) لەم چاوپۆشینە خۆشتر و پاشتر بوو بێ... چونکە دوانزە ساڵی خشتی لە تەمەنی خۆی لە ناو زیندانە تەڕ و پڕ لە دەرد و نەخۆشییەکانی ئەو (تەلار)ەدا ڕابووراند![1] جا لە ماوەی ئەو دوانزە ساڵەدا «ڕاڵی» گەورەترین نووسراوەکانی خۆی نووسییەوە کە بریتی بوو لە: «مێژووی جیهان»!... گیانە کارامەکەی «ڕاڵی» بەو ژیانی ناو زیندانەیشەوە، هەر لە کارگوزاریدا مایەوە...

هەتا پێی کرا وازی لە کاروفرمان و باوداهێنان نەهێنا ئەو هەر بەو هیوایەی کە ڕۆژێک دێ ئازادی خۆی دەست دەکەوێتەوە، لە کاتی هەرە پڕتەنگ و چەڵەمەی خۆیشیدا، هەر وازی لە کاروفرمان و باوداهێنان نەدەهێنا!...

## بەندییەکە لەناو زیندانەوە زێڕی ئەمەریکای پیشانی خونکار دەدا

کاتێ کە (ڕاڵی) لەناو زینداندا بوو، توانی تا ئەندازەیەک لەسەر بنچینەی ڕاستی و ڕوودا و بیربکاتەوە... توانی پەی بەوە ببات کە سروشتی «جێمسی یەکەم» تا چ ئەندازەیەک پارەپەرستی و چاو چڵێسیی تێدایە تا چ ئەندازەیەکیش پاشگەزبوونەوە و هەڵگەڕانەوەی تێدایە.

جا بەهۆی ئەو بیرکردنەوەیەوە، ئەوە هاتە مێشکییەوە کە ئەو دوو جۆرە کردەوەیەی «جێمس»ە بخاتەگەڕ، بۆ ئەمەی ئازادی خۆی دەست بکەوێتەوە!... بیری «شاری چاو بەست کراو» هێشا لە مێشکی نەچووبووە دەرەوە! بنجی تێدا بەست بوو؛ کەچی لەتەک ئەو هەموو سەرگەردانی و ماڵوێرانییەیشی کە بەسەریدا هاتبوو! لەبەرئەوە تێکۆشا، تا توانی پڕۆژەیەک پێشکەش بە«جێمس» بکات لێیشی پاڕایەوە کە ماوەی بدات ئەو پڕۆژەیە بەدەستی خۆی جێبەجێ بکات... پڕۆژەکەیش هیچ نەبوو ئەوە نەبێ: کە بەدوای زێڕدا بگەڕێ، بەپێی ئەو ئەفسانە کۆنەی کە دەڵێ لە جێگایەکی وادا شارراوەتەوە، کە نزیکە لە ڕووباری (ئۆرینۆکۆ)وە، کە لە خاکی ئەمەریکادایە... جا بۆ ئەمەی خونکار زۆرتر هان بدات بۆ پەسەندکردنی پڕۆژەکەی، لەناو پڕۆژەنامەکەیدا بەڵێنی دا کە ئەرکی بەختکردنی پارە، بۆ ئەو کەسانەی لەگەڵیدا دەنێررێن، بۆ ئەو گەشتە، بخاتە سەر ئەستۆی خۆی بێجگە لەوە هەر زێڕێکیشی دەست کەوت لەو گەشت و گەڕانەدا، هەر بۆ خونکار خۆی بێنێتەوە!...

(١) ڕاستتر: ڕابووارد...



(جێمس)یش هیچ بەرپەچ دانەوەیەکی نەبوو لەسەر پڕۆژەکە ئەوە نەبێ، کە فەرمانڕەوایی ئیسپانیا، هەرچییەکی لە دەست بێت دەیکات، بۆ ئەمەی بەرەنگاریی هەموو بزووتنەوەیەکی جەربەزەییەکی ئینگلیز بکات، کە بیەوێ دەست بەسەر ناوچەیەکی وادا بگرێت کە بەخاکی خۆی دادەنا... چونکە لەو سەردەمەدا ئیسپانیا چنگی گرت بوو بەسەر هەموو خاکەکانی (ئەمەریکای باشووری)دا!... لەگەڵ ئەمەیشدا زۆری پێ نەچوو «جێمس»، لەپاش دوودڵییەکی دوورودرێژ کە نواندی لە بابەت ئەم پڕۆژەیەوە، لە دڵی خۆیدا بڕیاریدا کە ئەو کەڵک و چاکەیەی بەهیوایە لەم پڕۆژەیەوە چنگی بکەوێ گەلێک گەورەترە لەو تەنگوچەڵەمانەی ڕەنگە تووشی پڕۆژەکە بێن خۆ ئەوەیش دیارە کە ئەو لەم ڕەنج و تێکۆشانەی «سێر وڵتەر ڕاڵی»یەوە هیچ زیانێکی پێ ناگات بەپێچەوانەوە، ئەگەر هاتوو پڕۆژەکە سەری گرت، کەڵکێکی زۆری بۆ ئەو دەبێ!...

## خونکار پڕۆژەکە پەسەند دەکات، جەربەزەکەیش دەست دەکات بەجەربەزەیی خۆی

جا لە مانگی نەورۆز (مارت) ساڵی ١٦١٦دا، خونکار «جێمس» فەرمانێکی دەرکرد، ڕێیدا بە(وڵتەر ڕاڵی)، لە (تەلاری لەندەن) بێتە دەرەوە و، گەشتیش بکات بۆ دەرەوەی ئینگلتەرە، لەژێر چاودێریی یاساوڵەکاندا بەمەرجێ ئەم فەرمانە بەبەخشین و چاوپۆشین، یاخود بەرزگارکردن لە سزادان دانەنرێ بەپێچەوانەوە «ڕاڵی» وەک «ناپاکێکی بڕیار بەسەردا دراو» دادەنرێ، کە لە هەر تاوێکدا ئارەزوو کرا بگیرێ و بخرێتەوە ناو زیندان!... وا دەردەکەوێ «ڕاڵی»یش لەمەندە زۆرتری نەویستبێ چونکە بەم جۆرە سەربەستییە پڕکەم و کووڕی و بێ ڕێزییە وازی هێنا و، هەر بەند و مەرجێکیشی بۆ دانرابوو پەسەندی کرد... دەمودەست دەستی کرد بەجەربەزەییەکەی کە لە هەموو جەربەزەییەکانی ناو مێژوو سەرسوڕێنەرتر بوو! ئەو کاتە لە تەمەنی (٦٦) ساڵیدا بوو لەگەڵ ئەمەیشدا ئەم تەمەنە پەکی ئەوەی نەخست کە پڕۆژەکە ئامادە بکات و خۆیشی بۆ سەرکردەی ئەو پڕۆژەیە بسازێنێ کە هەر هیچ شتێکیش نەگوترێ دەربارەی، بەلای کەمەوە ئەوەندە دەگوترێ کە هەر ئەنجامێک دەهاتە بەرچاوی مرۆڤ دەربارەی ئەو پڕۆژەیە، بەهیچ کلۆجێک کەڵکی خاوەنەکەی خۆی تێدا نەدەبوو!...

(ڕاڵی)یش بەهۆی چەند دۆستێکییەوە کە دۆستایەتی خۆیان پاراست بوو لەگەڵیدا، توانی پارەیەکی وا پەیدا بکات کە بەشی پڕۆژەکەی بکات کەشتییەکی تایبەتی بۆ خۆی دروست کرد.

گەلەکەشتییەکی تریشی پێوە نووساند کە ژمارەیان گەیشتە (١٢) کەشتی، نزیکەی (١٠٠٠) کەس فرمانیان تێدا دەکرد.

سەیر ئەوە بوو «ڕالّی» ناوی کەشتییەکەی خۆی ناو نابوو:

«چارەنووس» چونکە چارەنووسەکە بەندبوو بەئەنجامی جەربەزەییەکەیەوە!... ئەم کەشتییە سەرکردەی کەشتییەکانی تربوو!.

## سەرگەردانی بەدوای ئەو کەسەوە بوو کە بۆ زێڕ دەگەڕا

ڕەنگە ئەوە شتێکی گرنگ نەبێ بۆ ئێمە کە لێرەدا بەدرێژی لە بابەت ئەم جەربەزەییەوە بدوێین لەم ڕووەوە هەر ئەمەندەی بەسە کە بلّێین: کۆست کەوتوویی هەر لەسەرەتاوە لەگەڵیدا بوو... «ڕالّی»و گەلەکەشتییەکانی لە ناوەڕاستی سالّی ١٦١٧دا دەستیان کرد بەگەشتەکەیان کاتێکیان زانی ئەمەندە تەگەرە و تەنگ و چەلّەمە و کارەساتی ناهەموار هاتنە بەردەمیان، «سێر ولّتەر ڕالّی» نەبێ، خواست و نیاز و ئارەزووی هیچ پیاوێک بەرگەی نەدەگرت... ئەو هەر بۆ ئەوە بەڕەلّلا نەبوو بوو کە فرمانێک بۆ خونکارەکەی خۆی ڕابپەڕێنێ.

لە ڕاستیدا ئەو لەو ڕێگایەدا بوو کە کامێکی ناو کانگای دلّی خۆی بەجێ بهێنێ کە ئەویش کامی جەربەزەیی و تەنگانەبازی بوو بێجگە لەوانە بۆ ئەوەیش بوو کە بیرێکی خۆی بهێنێتەدی کە بەدرێژایی ئەو چەند سالّانەی کە بەسەریدا تێپەڕی بوو وەک باوەڕێکی بنج بەست کراوی لێ هات بوو ئەو بیرەیش ئەوە بوو کە زێڕی «ئەلدۆڕادۆ» بدۆزێتەوە!...

پاش ئەوە لە سەروو ئەو بابەتەیش هەموویانەوە پەیی بەوە بردبوو کە گێڕانەوەی ئازادی سەربەستی و سایە و پایە و سەربەرزیی خۆی بەندن بەم جەربەزەییەوە!...

لە هەموو لایەکەوە سەرگەردانی ڕووی تێ کرد: تا و لەرزێکی وای تووش بوو ئەوەندەی نەمابوو بیکوژێ هەروەها کەشتییەوانەکانیشی سەرکێشییان زۆر دەنواند... سەربازەکانیشی لە کردەوەدا وایان پیشاندا کە هەلّیان نەدەگرت باوەڕیان پێ بکرێ، یاخود پشتیان پێ ببەسترێ!... جا لەدواییدا کە گەیشتە ڕووباری «ئۆرینۆکۆ»، بەناچاری دەستی کرد بەزۆرانبازی لەگەڵ ئیسپانیاییەکاندا... جا هەروەک چارەنووس بەم هەموو سەرگەردانییەیشەوە کە بەسەریدا هات وازی نەهێنابێ هەندێک دەردی سەریی تریشی هێنا بەسەریدا: «ڕالّی» هەرچەندی کرد کانە زێڕەکەی بۆ نەدۆزرایەوە لەسەردەمی



هەلّمەتەکەیشیدا کوڕە نازدارەکەی، خۆی، لە دەست چوو... پاش ئەوە دەکەوتە هەر زۆرانبازییەکەوە لەگەڵ ئیسپانیاییەکان و دانیشتوانی ئەو ناوچەیەدا تێیدا دەشکا!... دوایی هیچی بۆ نەمایەوە ئەوە نەبێ کە بڕیار بدات بگەڕێتەوە ئینگیلتەرە، بەتایبەتی لەبەر ئەوەی کە سەربازەکانی خەریک بوون، یەک لەدوای یەک، پشتیان لێ هەلّدەکرد و بەجێیان دەهێشت هەروەها پیاوەکانیشی سەرکێشییان لە ئەندازە تێپەڕاندبوو!...

## بڕیاردانی کوشتنەکەی لەپاش پانزە سالّ جێبەجێ دەکرێ

لە ناوەڕاستی سالّی ١٦١٨دا، واتا لەپاش دووسالّ کە بەسەر دەست پێ کردنی گەشتەکەدا تێپەڕی بوو، کەشتیی «چارەنووس»، بەتەنیایی و ئاوارەیی خۆی گەیاندە ناو بەندەری «پلایمووث»...

دۆستەکانی «ڕالّی» و ژنەکەی بەهەلّەداوان هاتنە لای هانەیاندا کە خۆی دەرباز بکات بۆ «فەرەنسە»، بۆ ئەمەی لە تۆلّەسەندنەوەی خونکار «جێمس»و پشم و قینی ئەو ڕزگاری ببێ جا لێرەدا ڕوویەکی تری کەسایەتی و دەروونی ئەم پیاوە دەردەکەوێ پێی ناشیرین بوو کە ژیانی خۆی بەکارێکی واوە ببڕێنێتەوە کە بەلّێن شکاندن و بێ گفتیی تێدا دیار بێ، یاخود ترسنۆکی و زۆرداریی تێدا دەربکەوێ.

لەگەڵ ئەوەیشدا کە «سێر ولّتەر ڕالّی» بێ کەس و بێ دەسەلّات مابووە وە، لەگەڵ ئەوەیشدا کە باش دەیزانی خونکار «جێمسی» بەلّێنی دابوو بەئیسپانیاییەکان کە لەبەر دلّی ئەوان سەری «ڕالّی» بپەڕێنێ، تا لەگەلّیاندا لە شەڕ بگیرسێتەوە، نەترسا و نەسلّەمییەوە بێ باکانە گەشتی کرد بۆ شاری «لەندەن»!...

خونکار (جێمس)یش لەوانە نەبوو کە سەری لێ تێک بچێ بۆ بەجێ هێنانی بەلّێنەکەی خۆی، کە دابووی بەئیسپانیاییەکان ئەو هەر بەوەوە خەریک مابوو کە چاکترین ڕێگا بدۆزێتەوە بۆ کوشتنی «ڕالّی»!... تەنانەت خونکار ئەوەندە بایەخی بەم کەینەوبەینەیە دەدا، لیژنەیەکی نهێنیی پێک هێنا بۆ لێکۆلّینەوەی ڕێگایەکی بەجێ و دۆزینەوەی چاکترین هۆ و بیانوو بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری کوشتنی «ڕالّی»!... لیژنەکەیش لەم کارە سەرسوڕهێنەرەدا خەریک ماو تێوەگلا پاشان لە لێکۆلّینەوە و ڕاوێژ کردنەکانی خۆی بووە وە لە ئەنجامدا گەیشتە ئەوەی کە بیانووی هەرە باش بۆ کوشتنی (ڕالّی) ئەوەیە کە ئەو بڕیارە جێبەجێ بکرێ کە پانزە سالّ لەوەپێش درابوو بەسەریدا، بەبیانووی ناپاکی هەرە گەورە وە کە درابووە پالّی!...

ڕەنگە تا ئێستا، لەوەتی جیهان هەیە و لە هەموو سەردەمێکی مێژوویشدا دادگا هیچ کەینەوبەینەیەکی وای نەدیبێ: کە تاوانبارەکە بەناپاکیی هەرە گەورە بەدناو کرابێ و، بڕیاری کوشتنیشی بەسەردا درابێ و، پاشان دوانزە ساڵ لەناو زیندانیشدا هێڵرابێتەوە، کەچی پاش ئەوە لە بەندیخانە بەڕەڵڵا کرابێ، هەر لەبەر ئەوەی کە گەنج و سامان بۆ گەورەی خۆی پەیدا بکات!...

پاشە جار کە نەیتوانیبێ ئەو گەنجینەیە بدۆزێتەوە، کەللەی پەڕێنرابێ!.

چارەنووسیش هونەری نوواند لە دەرخستنی چاو ئەندازی کوشتنەکەی «ڕاڵی»دا، بەجۆرێکی وا کە لەگەڵ ژیانی «سێر ولتەر ڕاڵی»دا بگونجێ... چونکە چارەنووس وای پێ خۆش بوو کە ئەو کوشتنە لە ڕۆژی دەرکەوتنی (کاروانی گەورەی شاری لەندەن)دا جێبەجێ ببێ.

چونکە لەو ڕۆژەدا، لە هەموو لایەکەوە هاونیشتمانان دەڕژانە ناو پایتەختی ئینگلیزە وە...

جا بەهۆی ئەوە وە، ژمارەیەکی هەرە گەورەی تاک و تەرایانی نەتەوە، چاویان لە کوشتنی ئەو پیاوە بوو، کە بەکردەوە و کارەکانی سەردەمی ژیانی خۆی، گەشکەداری کردبوون!.



## فهرست

**زرنگکاری** ........ 5
کۆماری ئەفلاتون ........ 7
یۆتۆپیا یاخود بەهەشتی سەرزەمین ........ 41
زرنگکاری ........ 59
بیروباوەڕی سەربەست لە زرنگکاریدا ........ 75
ئایینی کردەوە نەنگەکان ........ 115
نووسەرانی شۆڕش ........ 207
مێژووی ئەحمەد عرابی ........ 315
پەیمانی کۆمەلایەتی ........ 353
ڕیشیلیۆ ........ 385
شازادە ........ 409
هەر یەک جیهانە ........ 449

**لەبەردەم دادگا** ........ 601
ڕاسپۆتین ........ 603
ڕاستە کوشتوێتی... یان تاوانبار نییە؟ ........ 627
چارلسی یەکەم ........ 641
سێر ولتەر ڕاڵی ........ 663